بسم الله الرحمن الرحيم

تەصەووف چی یە ؟

PDF4Kurd

نوسینی
ئەمین شێخ علاء الدین
نەقشبەندی

ئەمینداریێتی گشتیی رۆشنبیریی و لاوان یارمەتی لەچاپدانی داوە

پێشکەش کردن

پێشکەش بێت بەدایك وباوكم

ئەو دایكو باوكەی گەورەترین

ئاواتیان دینداری و خوێنەواریی ئێمەبو

«الَمْ يَأْنِ للذِّينَ آمَنوا اَنْ تخشع قُلوبُهُمْ لِذكْرِ اللّه؟»

تەصەووف چیە؟

ڕێبازی نەقشبەندیلە تەصەووفداكامە؟

تەسەووف چ كارێكی كردوەتە سەری وێژەی كوردی ؟

- تەصەووف چۆن وە لەكەیەوە هاتوە ؟
- فەرقی فەلسەفەو تەصەووف چیە ؟
- فەرقی تەصەووفی ئیسلامی وە تەصەووفی بەرلەئیسلام چیە ؟

نوسینی
ئەمین شێخ علاء الدین
نەقشبەندی

تەصەووف چی‌یە

بەشی یەکەم

١ ـ چەن تێبینی.

٢ ـ گفتوگۆیێك لەگەڵی خوێنەواری کورد.

٣ ـ پێشەکی.

چەن تێ بینی یێك

نزیکەی حەفدەساڵێکە وردەوردە سەبارەت بەتەصەووف شتم خوێندوەتەوەو مەبەستم یادداشت کردوە ، وە کتێبی زۆریشم بەدەس هێنان کە لە پیٚ ڕستی پایانا بەیارمەتی خوا ناوەکانیان پێش کەش ئەکەم ، مەبەستم ئەوەتەبڵێم ئەوشتانەی کەنوسیومە بریٚجار دەسنیشانی سەرچاوەکەم کردوە ، بریٚجاریش وەکو باوەڕیکی خۆم نوسیومە ، ئەمەویٚ بڵێم زۆرجار لەو بەراوردانەدا ، گۆڕینەکان دەق بەدەق نین ، بۆچی ؟ چونکە لەڕاستیدا زۆریان شتێکن پاش بەرانبەرڕاگرتنی دەیان باوەڕ ، سەبارەت بە مەبەستێك ، وە تەتەڵەکردنو چنین و لەهێڵەك دانیان ، شیرەی مەبەستەکانم گرتوەو ، شتێکم لیٚ نوسیوە ، هەم ناوەرۆکەکەی شیاوی تیٚ گەیشتن وە خۆیندنەوەی خوێنەواران بێت ، وەهەم بەباشترین جۆر مەبەستەکەم روون کردبێتەوە ، وەکوبڵێین ووشەی فەنا ، یان ، تەوحید ، یان ، تەوبە ، دەیان باوەڕم موتالاٚ کردوە ، ئەوشتەم لیٚ هەڵبژاردوە کەنوسیومە ، شایەت دێڕێکی باوەڕی

ئەونوسەرەکەو دودێری هی ئەمی تر بەشێکی هی ئەوی تربێ ، تابوەتە شتێکی پاکو پوختەو شیاوی تێگەیشتن ، ئەوەشی دەق بەدەق بێت وا دیارە .

بەلاّم ئەوەی هەیە ئەوەی کەنوسراوە هەموی لەمسەرچاوانە وەرگیراوە کەلەپێ ڕستەکەدا نوسراون ، کتێبی واهەیە بگرە دێڕیکم لێ بەدەس هانی بێت هی وایشی هەیە چەنلاپەڕە .

بێگومان تێگەیشتنی خۆیشم لەمەبەستەکە ، هەم بەهۆی خوێندنەوەو هەم بەهۆی دیتنو بیستن ئەکەوێتە سەری باسەکان .

ئەمەسەبارەت بەباسی تەصەووف ، بەلاّم ئەو موناقەشەو وتووێژە بێگومان هی بیروباوەڕی خۆمە .

وەمێژوی ژیانی هەرکەسم نەنوسیبێت ئەوە دەستم نەکەوتوە .

مەبەستی دووهەم ، سەبارەت بە ڕێنوسە ، هەرچەن هەولّی خۆم داوە ، بەلاّم زۆرجاریش بەهۆی عادەت کردنی دەست بەڕێنوسی لەمەوپێشەوە ، بەتایبەت «**واوی عەطف**» ، ئەگەر لەوهەلّەیەی تیابو ، ببورن . ئەبێ ئەوەش بلّیم بڕێ واو هەیە ، هەرباوەڕم لەسەری ئەوەتە ئەبێ جوێ نەکرێتەوە لەپیتە پێشوەکە ، ئەویش لەکاتی «**وەصفی مورەککەب**» دا وەکو بلّیین «**شۆخوشەنگ**، **جەموجۆر**» ، لاموایە ئەبێ واوەکە بنوسرێت بەپیتی پێشەوە ، وە (**شۆخوشەنگ**) یان (**جەموجۆر**) ، بەدروست نازانم ، بەلاّم جوانو ناشیرین ئەوە جوێ بێت باشە .

برای کوردم ، لەم رۆژگارەدا کەزانیاریی زۆر والەپێش کەوتنا ، کامپیوتەرو ئەلکترونیك ، وەهەزاران جۆرە پێویستییەکی ژیان ، بەمێشکی مرۆڤ ئەکەوێتەکار ، سا ، یان هۆی ئاوەدان کاری ، یان وێران کارین ، ئەو ولاتانەی کەخۆیان خاوەنی ئەو زانیاری یە بەرزانەن ، چونکی زانیاریی بایەخی هەیە بەلایانەوە ، هەر ئەو ولاتانە زۆر بەگەرمی وان بەشوێنی ناسینی زانیاری تەسەووفەوە ، ئەیانەوێ ئەم زانیاری یە بناسن ، شایەد بکرێ لەوڕێگەوە خزمەتێ بکەن ، بەئاوات و داخوازەکانی خۆیان جا ئاواتی وێران کاری بێت ، یان خزمەت بە زانیاریی ، رۆژهەلات ناسان تەسەووف ناسانێکی وەکو ، نیکلسۆن ، وەجولدزیهر ، وە ماسینیۆن وصەدانی تر ، ئەمانە ، زۆر کۆلیونەتەوە و کتێبی تەسەووفیان تەرجومەکردوەو خۆیشیان نوسیویانە ، بەلام نوسینەکان هەرگیز لەدلسوزی و دلپاکی یەوە سەرچاوەی نەگرتوە چەندە خزمەتیان کردبێت ئەوەندەش شتی نارەوایان تاشیوە ، وەزۆریشی لە بەدگومانی ی خۆیان لەئیسلام وەناشارەزایی لەقولایی کارەکەوە سەرچاوەی گرتوە .

بەلام هی وایشیان بوە ، وەکو «**لیوبولدفایس**» کەپاشان ناوی «**محمد اسد**»ی بۆخۆی هەلبژاردوە کورنوشیان بردوە بۆهەق وراستی ، هەم موسولمان بون ، وەهەم سەبارەت بەو چەوتانە راوەستاون وەپەردەیان لەسەری کردەوەکانیان لاداوە .

محمد اسد کەخەلکی نەمسایە لە کتێبێکی خۆیا «**الاسلام علی مفترق الطرق**» لاپەرەی (**٥٢**) بەباشی ی پەردەی لەسەری چەوت کاری ئەو رۆژهەلات ناسانە لاداوە کە بەعەمدی ویستویانە ئیسلام وەتەسەووف بەدناوبکەن .

جا ئالەم چۆنیەتی رۆژگارەدایە ، تۆکە خۆت خاوەنی ئەم سەرمایە فیکری و مەعنەوی و زانیاری یەی ، لێت بوەتە رموزن ، وەدورت لی گرتوەو بە بێگانەی

سەیرئەکەیت ، لەکاتێکا تۆزیاتر لەهەموکەسێ شیاوی‌ئەوەیت لەم‌زانیاری‌یەبگەیت‌و لێی‌بکۆڵیتەوە کەچی بەپێچەوانەوە . هەرناتەوێ بزانیت چی‌یە ، بەلاّم بەڕاستی زۆر زیانێکی‌گەورەیە ، مرۆڤ لەشتێ نەگات ، وەلەبارەیەوە باوەڕ دەربڕێ ، وە لەوەش‌زیان‌بارتر ، بۆهەرخوێنەوارێ ، ئەوەتە (زانیاریێك) لەبن‌دەسیا بێت وەهەولّی ئەوەنەدا لێی‌تێ‌بگات ، کەواتە ئەی‌برای‌کورد ، ئەم‌زانیاری‌یە کەلەپوری‌تۆیە ، ئەم زانیاری‌یە لەگەورەپیاوانێکی وەکو ، باباتاهیری هەمەدانی ، پیرخدری‌شاهۆ ، پیرشالیاری هەورامان‌و هەرنەوەدونۆ پیرەکەی هەورامان ، لەشیخ عیسی وشیخ موسی ، شیخ حەسەنی‌گلّەزەردە لەشێخ ڕەشی‌شارەزورو لە شیخ مارفی‌نۆدێی ، لەمەولانا خالیدی‌نەقشبەندی ، لەکاکەئەحمەدی‌شیخ ، لەشیخ عوسمانی‌تەویّلەو شێخ عومەری‌بیارە ، وە لەصەدان و هەزاران سەربەرزو سەرەفرازی دنیاوقیامەت ، بۆتۆ بەجێ‌ماوە ، بۆچی لەم‌زانستە تۆراوی‌و لوتت لێ‌هەلّکردوە ، بەدەردی ڕۆژهەلاّت ناسان ئەخوات !!! بەلاّم بەدەردی تۆ ناخوات !!!؟.

نا برام ئەمڕۆ پێش‌کەوتوترین ولاّتانی جیهان لەچوارچێوەی **«پاراسایکۆلۆجی»** «PARAPSYCHOLOGY» **«علی هامش علم النفس»** دا ، یان «MYSTICISME» **«العلم الروحاني او المذهب الصوفي»** دا ، لەم زانیاری‌یە گرنگە ئەکۆڵنەوە ، کەواتە تۆیش هەولّبدە بزانی‌چی‌یە ، ئەوساکە ، ئەرچاك‌بو ، بکەوە شوێنی ، خراپ‌بو لێی‌دورکەوە ، بۆهیچکامیشی‌نەبو هەربۆ زیادە خوێنەواری‌و زیادە تێ‌گەیشتنیش‌بێت ، پێویستی هەمو وێژەوانێکە لەتەصەووف بگات ، تابتوانێ گوێ‌ڕاگرێ بۆسۆزی بابەتاهیرو مەولەوی ، یان بۆپەروانەی سوتاوی خۆشەویستی ، رابیعەی عەدەوی ، وە حەللاج ، وەابن العربي ، وەصەدان شاعیری‌کورد کە بەفارسی‌و عەرەبی شیعریان‌وتوەو لەگەلّی خوای خۆیانا ڕازونیازیان کردوە . یان هەزاران شاعیری عەرەب وتورك‌و فارس وزمانەکانی‌تر .

پاش‌ئەم‌گفتوگۆیە لەگەلّی‌ئێوەی خۆشەویستا ، ئەوەپیشەکیێك سەبارەت بەچۆنیەتی نوسینی ئەم‌کتێبەو بڕێ بەسەرهاتی خۆم کەبونەتە هۆی نوسینەکە پێش‌کەش ئەکەم .

پێشەکی

تەصەووف ووشەیێك نەبو بەلای منەوە بێگانە بێت ، لەرۆژێکەوە چاوم کردوەتەوە وە ئاوەزم بەزیان شکاوە ، وشەی تەوبەکردن ، سلوك کردن ، حال لێ هاتن ، کەشف وکەرامەت ، وە هەمو ووشەکانی تری تەصەووف ، کەم تازۆر ئەکەوتە گوێم ، بێگومان شارەزایی یەکانم لەو ووشانە زۆر سادەو ساکار ، وە رەوالەتی بون ، ووردە ووردە تەمەن چویە سەر ، بەلام بەپێی رۆلەیێکی خانەدانێکی تەصەووف ، زانینی من لەم رێبازەدا پێش نەئەکەوت ، چونکە بەراستی شاگردیی باوکمم نەئەکرد ، هەروەکو باقی رۆلەکانی تری خانەوادەکە ، بەتایبەت هاو تەمەنەکانی خۆم ، ئەوتی گەیشتنە هەروا بەچەشنێکی سادە ، مایەوە ، تا زی کەوتی ژیان واهاتە پێشەوە ، لەتەمەنی سێنزە سالیدا بوم ، دایکم خوابیبەخشێ رۆیشت بۆدیدەنی براکانی بۆ «**سوریە**» ، من لەوکاتەدا دووسال بو دەسم لەخوێندنی حوجرە ، هەلگرتبو وەلەمەکتەبا ئەمخوێند ، وەتازە چوبومە پۆلی شەش ، کاتی سەفەر پاییزبو تازە خوێندنگە کرابویەوە ، بەلای کەسەوە هیچ گرنگ نەبو من وبراکانم ثابت ومظهر برۆین بۆ دیدەنێکی ئاوا دوورودرێژ ، وەبۆماوەی سالێ ، یان زیاتر ، خوێندنەکەمان بنێین بەتاقەوە ، بەهەرحال ، پایزی (**١٩٤٤**)بو کەرۆیشتین ، پاش ئومانگ جا هاتینەوە ، کەهاتینەوە ئاخری بەهار بو ، مەبەستم ئەوەتە کەچوینە «**دیرالزور**» مالی خالۆکانم ، دیم خەلکی ئەوناوە ، زۆریان موریدو مەنسوبی باوکمن ، بەرادەیێك رێز لەئیمە ئەگرن هەرمەپرسە ، سەیرئەکەم ئیترمن لیرە ، نەك هەرتابێ وەکو منداڵێك هەلسم ودانیشم ، بەلکو ئەبێ وەکو پیاوێکی ماقولێم ، بەکورتی ی ئەم ئومانگە من ، ناوی شارم نەدی ، نەمزانی دنیا چ خەبەرە ، تاقەشەوێك «**خەتموتەهلیلە**»م بەجێ نەهێشت .

«**خەتم ذیکری تایبەتی نەقشبەندی یەکانە . تەهلیلەش ذیکری خوایە بەدەنگی بەرز ، کە لەزەمانی شیخ عومەری باوامەوە لەتەکیەکانی ئیمەدا کراوە**» بەلێ ، بەکوردیی لیرە ، خوای خۆم بەهەقناسی ، وەخوا ، ریازەت ، یان سەعادەتی ، ئیجباریی کردە بەشم .

لەم ماوەیەدا تا رادەیێك سەبارەت بەم ڕیٚ‌رەوە چاوم کرایەوە ، ئیمە لەوی‌ٚبوین جەنگی‌جیهانیی دوهەم دوایی‌هات ، وەشۆڕش لەدژی ئیستیعماری فەرەنسەش ڕوی‌داو سەرکەوت .

کە گەڕاینەوە بۆبیارە ، ئیتر‌من خووخدەم گرتبو بە خەتم‌و خانەقاو ئەوجۆرەشتانەوە ، وە هەرلەوی‌ٚ ناچار مێزەرێکی سپیشیان بەست بەسەرمەوە .

لەبیارەش ئیتر تازە نە دلم‌ئەهات و نەڕویشم‌بو لەوقالبە بێمەدەرەوە ، کەئۆمانگ‌بو ، خدەم پێوەگرتبو ، لەم‌کاتەدا ، لای مەرحومی مامۆستا مەلابەهاءالدین ، ئیمامی‌خانەقا ، کە خەلکی (دزاوەر) بو ، دەرسی تەجویدی‌قورئان ، وەلای جەنابی مامۆستامەلاکەریم ، دەرسی نەحوو صەرفم ئەخوێند ، حوجرەیێکم‌بو ، لەخانەقا ، لەبانی‌مەرقەدا ، وە بەهیچ‌جۆری‌ٚ توخونی ناوی مال‌و خێزان نەئەکەوتم ، تەنانەت ڕوم نەئەهات بڕۆم بۆمالی براکانی‌ترم ، تاڕۆژی‌ٚ لەوماوەیەدا ، لەخزمەتی باوکما بوم ، ماموستا مەلابەهاا تەشریفی هاورد ، وەزۆر تەعریفی منی‌کرد لای‌باوکم ، کەوا هەمیشە دێتە خەتم ، وە بەیانیان بەجەماعەت نوێژئەکات ، وە لەم‌جۆرەشتانە ، شێخ‌دیاربو زۆری پی‌ٚخۆشە ، ئەوشەوە بانگی‌کردم فەرموی تەمەسسوکی تەریقەت‌بکە ، واتە ببەرە سۆفی ، منیش دەس‌بەجی‌ٚ لەبەردەمیا دانیشتم وە «**تەلقینی» تەریقەتی کردم**» ، بەلام راستەکەی نەبەرلەوا ، وە نەلەپاش ئەو تەلقینەش ، کەئیستەش بەگەورەترین نۆشەی ژیانی خۆمی ئەزانم ، هیچم لی‌ٚحالی‌نەبو ، لەوەی کەئەوتری‌ٚ ، لەری‌ٚبازی تەصەووفدا دەستی خواپی‌ٚداوان ئەکەوێت ، وادیاربو خوا نەی‌کردبوە نەسیب ، وەکو ئەفەرمی‌ٚ «**ذلك فضل الله يؤتيه من يشاء**» لام‌وایە ، زۆرتری هی‌ئەوەبو من بەوجۆرەی بشی‌ٚ نەم‌ئەزانی چی‌بکەم ، ڕویشم‌نەبو هیچ‌بپرسم لەباوکم ، ئەویش تەمەنی‌گەورەبو لەهەشتاسالی‌ٚ زیاتربو ، جەنجال‌و قەرەبالغ و ئەوانەش فرسەتیان نەئەدا ، بی‌پەرژێتەوە سەری ئیمە ، بەهەرحالی‌ٚ ، من دەس‌کەوتێکم دەس نەکەوت ، جگە ئەوپەیوەندە ڕۆحی‌یە ، وەجگە . عەلاقەو هۆگرییێك بە پیاوچاکانو خواناسانەوە ، کە هەرئەوە خۆی ، هۆیێك‌بو بۆنەوەی من ئەم‌بەرهەمە بێرمەدەست ، واتە ئەم‌کتێبە ، ...

پاش‌سالی‌ٚ ، سەرلەنوی‌ٚ چومەوە مەکتەب ، وەلەپاشان ، هاتم بۆسلێمانی بۆخوێندن لە ناوەندیی‌دا ، سالی (٤٧ و ٤٨) .

لێرەدا ، چەن مەبەستێك هەیە ، کاتی گوتنی هاتوە

یەکەم :

هەمیشە باوکم ناوی باوکی خۆی ، حەزرەتی شیخ عومەر ضیاءالدینی ، لەسەر زمان بو هەمیشە باسی کەشف و کەرامەت و دەسەڵاتی مەعنەوی باوکی ئەکرد ، یان هی باوای حەزرەتی شیخ عوسمان ، بەڵام ، جگە ئەودوانە ، زۆر ڕێزی ئەگرت لەدووکەس ، وەهەمیشە ناوی ئەبردن یەکێ حاجی **(شیخ عبد الرحمن)** ی مامی ، کە نازناوی شیعرەکانی «**وەفا**» یە ، وە دەسەلاتی مەعنەوی لەرادەبەدەربوە ، وە هەروەها ، ئیمامی غەززالی ، وەزوربەی لەکاتی برێ باسی تەصەووفدا ، دەس نیشانی ئەکرد ، بۆ وتەکانی غەززالی ، جامنیش ئەم هەستە ، کاری تێکردبوم ، وە تائیستەش ئەم دوو زاتەم خۆش ئەوێ ، وە هەمیشە وان لەکونجی دلما .

مەبەستێکی تر ئەوەتە لەکاتی باسی کەشف و کەرامەتدا وتم بەلگەیێکم هەیە ، ئەویش بریتییە ، لە کاغەزێك ، کاتێ ئیمە لەسوریە بوین ، باوکم نوسیویەتی بۆ ئیمە ، نامەکە خەتی ماموستا سەیید مەزهەری **(عەلەوی)** یە کە کاتبی باوکم بو ، بەلام لە قەراغەکەیا ئەم چەن ووشەیە باوکم بەخەتی خۆی نوسیویەتی ، قبل کم ایام سمعت صوتا قال ابن عبدالخالق مریض ماادري أصحیح أم مناد غیر صادق أخبروني ، واتە دەنگێکم بیست گوتی کوڕی «**عبدالخالق**» نەخۆشە ، دا هەواڵم لێ بگێڕنەوە بزانم ئەودەنگە ڕاست بوە یام نا .

شتەکەش بەم جۆرە بو پیاوێکمان بوو ، ناوی حەمەی ئەولخالق بو ، کوڕێکی ڕاست گۆو بێ درۆو دەلەسەبو ، نوێژوڕۆژوویەکی ڕێکوپێکی هەبو ، باوکیشی هەر خذمەتی ماڵی باوکمی ئەکرد ، ئەم حەمەیە هەمیشە لەگەڵی منابو تەنانەت بۆحوجرەو بۆمەکتەبیش ، بەوبۆنەوە ، دەرسیشی خوێند ، تاپۆلی شەش ، کەڕۆیشتین بۆسوریە هات لەگەڵما ، هەر گەیشتینەئەوێ ماوەیێکی نەبرد ، حەمە توشی گرانەتێ یێکی خراب بو ، پزشکەکان فەرەنسەیی بون ، هاتن ، وە قەدەغەیان کرد ئەبێ پارێزی لێ بکرێت ، با خەڵکی تریش دوچار نەبن ، وەوتیان ئەمە پاش ئەوەندە ڕۆژ جا چاك ئەبێتەوە .

بەکورتی پاش ڕۆژێ ، یان ، دووڕۆژ ، حەمە عارەقی کردو چابویەوە ، کابرای فەرەنسەیی هەرئەهات و هەرئەچو ئەیوت ئەمە سەیرە چۆن وازووچاك بو .

بەکورتی ، پاش ماوەیێك نامەیێکی باوکم بەبەریدا هات ، بەریدی ئەوزەمانەو جەنگی جیهانی ی دووهەم ، هەمان نامە کە لەپێشاوتم ، مێژوی نامەکەش ، هەمان شەوبو کە حەمە عارەق کردو چابویەوە ، جائەمە لەروانگەی تەسەووفەوە هەم کەشفە هەم کەرامەت ، کەشفەکە ، ئەوەتە ئەودەنگە هاتوەتە گوێی ، یان خوا پیشانی داوەو ئیتر نەی ویستوە بڵێ بەچاوی خۆم دیم ، کەرامەتەکەش ، ئەوەتە دوعای بۆکردوەو چاك بوەتەوە ، بەرلەوەی کەپزشکەکان چاوە روانی چاك بونەوەی بن ، ئەگەربمەوێ کەرامەتی شێخ بنوسم ، کتێبێکی ئەوێ ، تەنانەت هەرئەوانەش بنوسم کەلەدەمی ماموستامەلا کەریمم بیستوە ، کتێبێکی ئەوێ ،

«بەراستی جەنابی ماموستامەلا کەریم کەماوەیێکی زۆر لەخزمەتی شێخ دابوە وەلەسەری دەستی شێخ دا تەمەسسوکی کردوە ، ئەوەندەی کەشف وکەرامەتی شێخی باوکمی لەبەرە ، بەشی یەك کتێب خۆزگە هەروا کەمەلاحامید وەشێخی سەرانی سەرگوزەشتی ژیانی شێخ عوسمان ، وە مەلاموحەممەدی باکی سەرگوزەشتی ژیانی شێخ عومەریان نوسیوە ، کە هاوچەرخو شاگردی ئەو بون ، بەوجۆرەش ، جەنابی ماموستا مەلا کەریم ، سەرگوزەشتی شێخی باوکمی ئەنوسی ، نەك بە کورتی ، بەڵکو بەوجۆرەی کەشارەزایەو خۆی دیوپەتی» .

شێخی باوکم تەنها ئاواتی ئەوەبو کەئێمە ڕێگەی تەصەووف لەدەس بەرنەدەین ، وەهەرگیز هیچ هەلیکی لەدەس نەئەدا ، بۆ ئامۆژگاری کردن ، دل گەرم کردن ، پالّ پێوەنانمان بۆگرتنەبەری ئەوشاریگەیە ، والیرەدا بۆنمونە ، سێ نامەی باوکم یەکێ بەعەرەبی ، یەکێ بەکوردی ، یەکێ بەفارسی ، کە بۆمنی نوسیون ئەخەمەپێش چاو ، کە زۆرشتی تیادا ڕوون ئەبێتەوە .

لای کەمی بەناوی بەلگەیێك بۆجۆری نوسینی شێخ بەوسێ زمانە ، چونکە هەرسێکی خەتی خۆیەتی ، وە دووهەم بۆدەرکەوتنی ئەمەی ئەوگەورەپیاوانە ویستویانە منالەکانیان چۆن بن ، وەچی یان لەوان ویستوە ، وە زۆر پەندی تر.

قوناغی سێهەمی سەردەرهاوردنی من لەزانیاریی تەصەووف ، بریتی بو لەنوسینی ئەوکتێبە فارسی یەی ، کەبەیارمەتی خوا پاشی چاپی ئەم کتێبە دەس ئەکەمە گورینی بۆکوردی ، کتێبەکەش بریتی یە لەچۆنیەتی پەیدابونی زانستە ئیسلامی یەکان ، جالەکاتی گەیشتنە بەشی تەصەووف دا ، کەوتمە سەرچاوەبشکنین و کتێب پەیدا کردن و کتێب خوێندنەوە ، بەڕاسی لەم ماوەیەدابو ، کەبەباشی تەصەووفم بەچەشنێکی قول و شارەزایانە ناسی ، بەتایبەت ، لەکاتی خوێندنەوەی هەرکتێبێکا ،

١٣ صفر ١٢٦٤

الى العضيد المخلص والدي أيمن [illegible]

بعد اهداء الدعاء والسؤال عن صحتكم عند ان وصلتم البوكمال
وجاء منه برقية احمد افندي بوصولكم هناك لحد الآن لم
نستلم منكم ولا من اخويكم كتاباً ينبئ باحوالكم
وصل سهواً رسلنا مكتوباً بالبريد ولم نر الجواب

ايضاً فالمطلوب منك ارسال المكتوب
صحتكم وعافيتكم على العموم وانما كتم حتى
يزول القلق الذي اصابنا من جراكم
تطمينكم ان والدتي زاهد و[illegible] ناجي
والاولاد من البنين والبنات كلهم في صحة
وراحة ويسلمون عليكم مع [illegible]

ولقد توفيت سعادت زوجتم [illegible] على اثر وضع الحمل في ٦ الجاري
وتركت ولداً ذكراً غفر الله لها ولنا اجمعين ونظراً للقدرة
اكتفينا بهذا المختصر فارجو السلام الى جناب اخي عبد الله
ان كنتم في دير الزور والى [illegible] كنتم في البوكمال وعلى [illegible]
صغيراً وكبيراً واقبلوا [illegible] واديه وفطه [illegible]
عن [illegible] ولا تكونوا في غائلة [illegible]

خالكم الحاج [illegible]

دەس نیشانی ئەکرد بۆ چەن سەرچاوەیێك ، ئەچوم ئەوانیشم سەیرئەکرد ، بەوجۆرە بۆم دەرکەوت ، تەصەووف دەریایێکی بێپایانەو زانیارییێکی گرنگەو ، ئێمە لەکوێو تەصەووف لەکوێ ، ئەرزوئاسمان لێك دورین .

بەتایبەت لەکاتی نوسینی ژیانی بەشێك لەگەورەپیاوانی تەصەووف دا ، عاشقی ڕێبازەکەیان بوم، وەئەگەر خوا بۆم بکات ئەمەوێ لەکتێبێکی جیاوازا، ڕاڤەی ژیانی سەرزنجیرەی تەریقەتەکان بنوسم، وەکو تەریقەتی شاذلی، رفاعی، قادری، نەقشبەندی، کوبرەوی، چەشتی، تیجانی، مەولەوی، سەهرەوەردی وەئەوانی تر، سابزانین، تەمەن تاکەی ماوە ئەدات . وە تاچ ڕادەیێ بۆم ڕێ ئەکەوێ. بەڕاستی من ئەمەویست، نوسینی ئەم کتێبە دانێم بۆپاشتر، بەڵام، چەن شتێك بونە هۆی دەس جوڵاندنەوەم لەم کارەدا. یەکەمیان : وابزانم ساڵی هەشتاویەك بو لەسلێمانی دا کۆبونەوەیێك کرا، بۆ خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی شیعری کلاسیك، منیش بانگ کرابوم، لەوێدا دیم بڕێ لەبرایان، سەبارەت بەتەسەووف باسیان کرد، وەزۆربەیان واتێگەیشتون تەسەووف، ئەبێتە شێخ یەتی، وە هەر کەموکوڕیێك لەکوڕەشیخی لەڕێ باوكو باپیر دەرچوە، هەموی گوناهی تەسەووفە، جائەو تاوانە هەروەکو ئەوەتە، تاوانی چەوتیو بەدڕەفتاری موسڵمانەکان، بکەینە گوناهی دینی ئیسلام، شایەد لەناوی هەموی ئەوخەڵکەدا چوار موسوڵمانی ڕێك وپێك دەس نەکەوتایێ، گوناهی ئیسلام چییە، تەصەووفیش هەربەوچەشنەتە، تەصەووف کاکڵەی ئیسلامە، تەصەووف موبەمو ئەنجام دانی ئیسلامە، بەدەرو، بەدەرون، بەئاشکراو بەنهێنی، ئیتر من ناوی خۆم بنێم سۆفی، وەفڕم بەسەری تەصەووفەوە نەبێ، گوناهی تەسەووف چییە. ؟ هەروەها هەستی ئەوەم لەوبرادەرانەکرد، کە، واچاوەڕوان ئەکرا ، ئەبێ تەصووف، وەکو زانیاریێکی ماددی، بەرهەمی ماددی هەبێت، وەشیاوی پەرە پێدان بێت، هەروەکو هەموهونەرێکی زۆر زۆرگەورە، لەناوی ملیۆنها کەسا یەك کەس ئەتوانێ بگاتە یەکێ لەدواپلەکانی ، هەروەکو سەیری زانیاریی فەلسەفە ئەکەین سەیرئەکەین لەصەدەیێکا جایەکێ بەناوی فەیلەسوف هەڵ ئەکەوێ، لەحاڵێکا، فەلسەفە هەرگیز ناگاتە ئاکامو دەس مایەیێکی، بێکەموزیاد، بەڵکو هەر سەیقەلی دەرەوەو، پاك کەرەوەی هەستو بیرو زانیاری مرۆڤەو زاخاودەری مێشك ، وەفەیلەسوفەکان تائیستەش هەر بەشوێنی خوادا ئەگەڕێنو هیچکام نەگەیشتونەتە ئاکام، ئەوەش بگاتەئاکام،

هەرخەیاڵەو پاش ماوەیێك یەکێ تری بۆتاین ئەبێ، هەرچی ئەوریساویەتی ئەم ئەیکاتەوە بەخوری، وەسەرلەنوێ تێ هەڵ ئەچێتەوە بەڵام صوفی یەکان هەموو خۆشحاڵ وسەربەرزن بەوەی گەیشتونەتە ڕاستەقینەی خواناسی، واتە «**عین الیقین**»، وەهەرچەن ڕەوشی جۆراوجۆریان پێشنیارکردوە، بۆگەیشتنە سەرلوتکەی ئاوات، بەڵام هەمویان هەر ئەگەنە ئەوسەرلوتکەیەو، هەموی ئەگەنە ئاواتی خواناسی، بەتایبەت، هەمویان هەر خولیێکیان هەیە، کەتاك و تەنیاو بێ هاوتاو بێ چونە، .

جالێرەدا لەسەری خۆم بەفەرززانی، مادام من تۆزێ شارەزاییم هەیە ئەبێ بۆچی ئەم هاوولاتی یانەم لەم زانستە گەورەیە، لەم بەرهەمە بەکەڵکە، شارەزانەکەم، بۆئەوەی ئەگەر دژی تەسەووف بون بزانن دژی چین، وە ئەگەر لاین گری تەسەووف بون بزانن لاینگری چین، نەك هەرشوێنی «**عاطیفە وە أحساس**» بکەون، یان ئەوەی شێخێکی خۆش ویست، تەسەوفی لاباش بێت، ئەوەش ڕقی لەکورەشێخی کەوت، تەسەوفیش بەخراب بزانێت .

لە هەموی گرنگ تر، ئەی هاوزوانی ئازیز، دوومەبەست هەیە، نابێ لەیادی بەریت یەکەم : تۆی خوێنەوار وە تۆی وێژەوان، ئەبێ بزانیت ئەدەبی کوردو ئەدەبی هاوسێ کانی کورد وەکوعەرەب، تورك فارس هیند، هەموی پڕیەتی لە ئەدەبی تەصەووف، پڕیەتی لەموصطەلەحالی تەصەووف، تۆئەگەر نەزانی تەصەووف چی یە، لەوکاروانەجێ ماوی، وەهەرگیز ناتوانی لەوئەدەبە ، بەتەواوی بگەیت، تەنانەت، کوردی یەکەی خۆیشت، بگرە زۆرجار خۆت وشەیێك بەکاربێریت وە بەوردی و بەقوڵیی لەواتاکەی تێ نەگەیت . کەواتە تۆ، هەم لەڕوانگەی وێژەوە وەهەم لەڕوانگەی زانیاری یەوە پێویستت بەگەیشتن لەتەصەووف هەیە، کەواتە لەسەرتە، بەرێکوپێکی لەتەسەووف بگەیت .

جامنیش لەم ڕوانگەیەوەبو، کاتێ سەیرم کرد تۆی کورد سەبارەت بەم زانیاری یە بەرزە هیچ بەڵگەو سەرچاوەیێکی کوردیت بەدەستەوەنیە، بەپێی توانایم هەوڵم دا کتێبخانەکەت بەم کتێبە بڕازینمەوە، هەوڵم داوە ڕونی کەمەوە تەصەووف چی یە، وەئەگەرتۆویستت، ببیت بەسۆفی، ئەبێ چی بکەیت، وە هەموقۆناغەکانم گوتووە. بەڵام، ئەوەی یەوی ببێتەسۆفی لەهەموی گرنگ ترئەوەتە ئەبێ مامۆستایێکی باش پەیداکات «**کەبەداخەوە نایابە**» یان، لەوکتێبانەدا کەباسی چۆنیەتی چلەکێشان و

ذیکرکردن‌و ئەوجۆرە شتانەی تیایە، مەبەستی‌خۆی بێرێتەدەست. بەڵێ مەبەستی‌من هەرئەوەتە خوێنەواری‌کورد لەم‌زانیاری‌یە بگات، وەبزانی چی‌یەوچۆنە، ئەگینا من نەخۆم بەمورشید ئەزانم، کەبمەوێ پڕۆپاگاندە بۆخۆم بکەم، وەنە ئەم‌زانینەشم هی تاقی‌کردنەوەو، زانین‌و بەسەرهاتی خۆمە، بەڵکو ئەوەی ئەیزانم، هی موتاڵاکردن و خوێندنەوەیە، وەخۆیشم لەهەموکەسێ زیاتر بەپێویستی چاك‌بون‌و رێی‌راست‌گرتنەبەر، ئەزانم، تەنها ئەو دڵ‌خۆشی‌یەم هەیە، ئەڵێم شایەد بەوەی، بەقەڵەم، خۆم لەو گەورەپیاوانە نزیك کردوەتەوە، لەپاشەڕۆژا خوا بم‌بەخشێ بەوان، وەبەڵکو ئەمە خوایە، **«موحەممەدی‌خۆشەویست»** درودی خوای‌لەسەر، لەبەرخاتری خۆشەویستەکانی، بەیەکێ لەپەیڕەوانی‌خۆی وەرم‌گریت.

بەباوەڕی‌من خواپێ‌داو کەسێکە خۆی بۆی دەس‌بدات وە لەم‌ڕێبازەدا سەرکەوێت، بگاتە، یەقینی تەواو، وە لەشاری بەقای پاش فەنادا، خانوێکی بەرچاوفەرەح‌و پڕلەگوڵ‌وگوڵزاری مەعنەوی بێرێتەدەس، وە دڵ‌ودەرونی تیا بحەسێنێتەوە.

هۆیێکی تری نوسینەکەم ئەوەبو باوباپیرانی من، چونکە خۆیان خاوەنی زانیاری‌یەکەبون هەولیان نەداوە بنوسن، وەکو ئەوەی بڵێن ئەوەی نەخۆشە با بێت دەرمانی دڵی‌بکرێت، چونکو بەراستی تەصەووف کردەوەیە، نەگ‌گوفتار، وەکو خۆیان فەرمویانە **«فِعلٌ وَلَیسَ بانفِعال»**، بەڵام من‌وتم، مادام کاکڵەکەو جەوهەرەکە لەدەس دەرئەچێت، لای کەم بەڵکومن بتوانم بەنوسین ئەوەی بۆم ئەکرێ بینوسم، وە دەس‌نیشانی سەرچاوەکان بکەم، بۆ ئەوبرایانەی، لەئایندەدا ئەیانەوێ باشتر لەم‌بارەوە بنوسن، وەبەڵکو خوا ئەم تێکۆشانەم بەکردەوەیێکی پەسەند بۆحسێب‌کات.

تاقە مەبەستێکم کەماوە بیلێم ئەوەتە، هەولم‌داوە نوسینەکەم جۆری‌بێت خەڵك بەئاسانی لێی‌تێ بگات، واتە ناوەڕۆك نەکەمە قوربانی ووشەو یاری‌کردن بەووشە، بەڵکو هەولم‌داوە کاری‌بێت خەڵك لەزانیاری‌یەکەبگات. وەبەو زمانەبێت کەخەڵکی لەناوی‌خۆیانا بەکاری دێرن.

نامەکان ١ / ٢ / ٣

تێبینی سەبارەت بەم سێ نامەیە . (١، ٢، ٣ :)

دوو نامەیان هی بەروارێکە کە من لە سلێمانی ئەمخوێند (١٩٤٨) وە ئەو شێخ فەرەجە ، کە باوکم هەواڵی پرسیوە، شێخ فەرەجی ئاسنگەرە کە خزمی دایکمە وەحاجی برایم زاوایان بو .

باسی مەعاشیش لە نامە عەرەبی یەکەدا ئەوەتە شێخ مانگانەی ئەدا بە ژنەکانی بۆ ئەوەی دادگەریی شەرعی پێش چاو گرتبێ وە هیچ کام زیاد نەبەن .

جا من نووسیبووم ئایا ئەم مانگانەیەی لە سلێمانی ئەدرێتە من لە سەری مانگانەکەی دایکمە ؟ شێخ لە وەڵاما ئەفەرمێ: نا... خەمت نەبێ، لە مانگانەی دایکت نیە، وە ئەوەش بەپێی رەفتاری تۆ هێشتا کەمە.

باقی باسی ماینەکەش ڕوونە ؛ ماینێکی باشیان بۆهانی بو زۆریێ لەبراوخزمان داوایان کردبو ، هەرچەن من خۆیشم لەوێ نەبوبوم ، بەڵام دای نابو بۆمن .

ئەوەش هەرلوتفی خۆی بو ئەگینامن هیچ چاکی یێکم لەخۆما نەئەدی .

نامەفارسیەکەش ، مێژوی ١٩٤٩ م یە ؛ کەمن دەستم لەخوێندن هەڵگرتبو وەلەئەحمەدئاوادابوم سەرگەرمی کشتوکاڵ بوم ، وە هەرسێ نامەکە هەرئاموژگاری یەو هەر پاڵپێوەنانە بۆ ڕێگای خۆش بەختی ، ڕێگای دانش وئەدەب وەبەخەتی خۆیەتی .

ئەمین نەقشبەندی

کوری عزیزم نوری چاوم وەم ائیتی چاوت

باج اگر دنیای علم و عمل و صلاحت بو اکم

تا عزت گشت بکیر حزشیت مرور

بە ام نرمەم معصومی لیزاب لە ما مخمود

ست
بلای صرا و دکورە تره نعی بکه اولاد معاییر

لە دەس بدر بخی کسب اخلاق حسنه بکه

بالای خدا وله لای خلق هەر امحترم

و محترم مرئیت ولە قیامتا سرداری فی

ابتدا ازی لطفی خدا و همت شرالی

بیسه ترحیدت دکم و بینایی جهزکه

صلاحیت خدتم بو روانی بکه عزیزم بشیوو

دابار و اولادی دعا بلایم هم یاد دعای

چاوک برایم و اوالی

امرم عبدالله

عبدالکریم

بسمه سبحانه وتعالى

کوڕی عەزیزم نوری چاوم ئەمین چاوت ماچ ئەکەم دوعای عیلم و عەمەل و صەلاحت بۆ ئەکەم ، کاغەزت گەیشت بەخەبەری خۆشیت مەسروربوم ، کوڕم مەعصومی ی بۆ ئینسان لەهەموچت بەلای خواوە گەورەترە سەعی بکە ئەووەلەن مەعصومیت لەدەس دەرنەچی کەسبی ئەخلاقی حەسەنە بکە تالای خواو لەلای مەخلوقی خوا موعەززەز وەموحتەرەم بژیت ، وەلەقیامەتا سەر دانەخەیت ئیتر حەواڵەی لوطفی خواو هیمەتی شێرانی پێشەی تەوحیدت دەکەم وە بەینابەین خەبەری سەلامەتی خۆتم بوڕەوانەبکە ، عەزیزم شیخ فەرەج وەئەهل و ئەولادی وە حاجی برایم هەمویان دوعای خێریان بۆ ئەکەم وەئەحواڵیان ئەپرسم ، والسلام ١٩٤٨ م

علاء الدین

هو

فرزندی نور بصرم امین الدین اگر دولت [illegible]

سعادتم مرحمت شد از طلب از ثبت معارف

دارالخلافه رفتی باشید فقرا شأن اهم وارثان

موارث علم احادیث بکتب مستشرق و اخلاق

بکتب انبیاء و بیان کتب ادب و [illegible]

از هر کار بهتر است عمر ضایع مکن و خدا

[illegible] از خدمت مردمان کتاب [illegible] الله از همه

بهتر و در منفعت هر کدام اخلاق [illegible] خود

[illegible] دار کرامت [illegible] صحبت

[illegible] زمان روز آخر [illegible]

[illegible] که [illegible] از همه [illegible]

[illegible] با [illegible]

[illegible] از [illegible] که [illegible]

[illegible]

بسمە سبحانە وتعالی

کوڕم وەنوری‌چاوم ئەمین چاوت‌ماچ ئەکەم وەدوعای زیادبونی خۆش‌بەختیت بۆئەکەم ان نشاء الله لەبەدەس‌هێنانی ئینسانیەت وە زانیاری وەرەوشی‌چاك‌داسەرکەوتوئەبی منی‌فەقیر هەمو بەیانی‌و ئێوارەیێك فەرامۆشت ناکەم ئومێدەوارم تێکۆشی بۆبەدەست‌هێنانی خۆش‌بەختی‌و رەوشی‌بەرز ئەوەبزانە کەسی‌ئەدەب وەخۆش‌ناوی لەهەموکاری‌باشترە ، تەمەنت بەفیرۆدامەنی خوای گەورە «جل جلاله» لەخۆت مەرەنجێنە ، بی‌گوناهی‌بەلای خواوە لەهەموشتی‌باشترە هاوڕێ‌کان هەرکامیان رەوشیان‌چاك‌نیە دوری‌یان لێبگرە «المجاوره مؤثره» فەرمویانە هاوڕێی چاك چاکت‌ئەکات وەهاوڕێی خراپ خراپت‌ئەکات ، مەخلوقی‌ئەم‌رۆژگارە زۆربەیان دوارۆژیان لەبیربردوەتەوە وەتەمەنی بەنرخی‌خۆیان بەشتی‌هیچ‌وپوچ ئەبەنەسەر بەهۆی‌نەزانی‌یەوە ئەومردوە دارزیوانە یان‌لەبیربردوەتەوە کەکەس بەحاڵیان نازانی وەبی‌هەوالانە خۆیان لەخۆش‌بەختی بی‌بەهرە کردوە وەبەهەشتی‌جاویدانەیان گۆڕیوەتەوە بەم دووڕۆژەعومرە ان شاء الله کوڕی من تۆ بەپێچەوانەی ئەوانەوە تێئەکۆشی ، فەرمویانە ، لەکی‌وە فێری ئەدەب بویت گوتی لەبی ئەدەبانەوە «وائەئەوەی ئەوان کردویانە من نایکەم» «ئەمین» لەکی‌وە فێری دین‌داری بویت وتی‌لە بێکاران‌و بی‌دینانەوە .

ئیتر ئەوەی‌کەسە حەرفی بەسە .

علاء الدین

١٩٤٩

(كورتەیێك لە ژیانی نوسەر)

– بسمه سبحانه وتعالى

ولدى وفرحة قلبي المسعود وقرة عيني محمد امين اهدى اليك الدعوات الخيرية التي تكون سبب طول عمرك ومزيد عزك وسعادتك ، وأقبل عينيك إن تسئل عنا بحمده تعالى سالمين مفرحين ونسئل الله تعالى صحتك وفتح باب العزة والسعادة عليك ، وصل مكتوبك اخذناه بيد المحبة لأنه كان نصف المواصلة ، فاعلم إن المعاش الذي تأخذه من الحاج عبد الله الشالى هو من راتبي ، ومعاش أمك على قاعدته ، مثل السابق ، وماهو ناقص ، وإنى أعطيتك بالمحبة هذا المبلغ الذي تاخذه ، بكمال المحبة والرافة ، وماهو قابل في مقابلة حركاتك واوصافك الذي نسمعه ونشكر الله على هذه الاوصاف والاخلاق الذي نسمعه من الواردين ، فياولدى انى علمت انك ماتحب الفرس التى اعطيناكها فعلى هذا فبدلناها بالتى هى احسن ، فجابولى فرسا من طرف المكريان فطلبوها منى اغلب الاولاد وبنى الاخوان فانى اعطيتها بيد محمد عبد الخالق ليخدمها لك وهي تسوى خمسة فرسان مثل فرسك الاحمر وهي تميل لونها الى البياض ، فادام تكون انت على الاخلاق المحمودة تكون اسبق من اخوانك فى قلبى ، وهو يتولى الصالحين . ويدعون لك بالخير جميع الاولاد والاهل والمحبين . وصلى الله على سيدنا محمد وعلى اله وصحبه اجمعين .

(١)
خادم المحاسن النبوية الشريفة
علاء الدين

---

(١) مەحاسن بەعەرەبی بەموی ریش ئەڵێن لێرەدا مەبەست لەچەن تاڵ موی ریشی پێغەمبەرە درودی خوای لەسەر . کە لەکاتی خۆیا سوڵتانی عوسمانی وابزانم (عبد الحميد) ی دووهەم بوە . بەدیاری بەفەرمانێکی ڕەسمی داویەتی بە حاجی شێخ ئەحمەدی مامی باوکم کە ئێستە چەن تاڵێکی لەبیارەیەو چەن تاڵێکی لە تەوێڵە . جا باوکم نوسیویە : خادم المحاسن النبوية : مەبەستی لەم چەن تاڵە موو وە پیرۆزەیە .

ئەمین شێخ علاء الدین نەقشبەندی

«بە پێنوسی خۆی»

نوسەر، ئەمین کوڕی شێخ عەلادینی بیارە، کوڕی شێخ عومەری شێخ عوسمانی نەقشبەندی‌یە.

لە گوندی بیارە، لە بەرەبەیانی ڕۆژی یەکشەممەی ٢١ / ١٢ / ١٩٣١ میلادیی وە شەعبانی (**١٣٥٠**)ی کۆچیی‌دا لەدایك بوە.

دایکی، ناوی رابیعە، کچی شێخ ئەحمەدی عیززی، خەڵکی (**دیر الزور**)ە لەسوریە.

هەر لە منالی‌یەوە لە خانەقای بیارە دا، کە ناوەندێکی گەورەی بڵاوکردنەوەی تەصەووف وە شەریعەتە لای مامۆستا مەلاکەریم، مودەریسی بیارە، وە مەلابەها، ئیمامی خانەقا خوێندویەتی.

خوێندنی سەرەتایی لە مەکتەبی بیارە، وە ناوەندیی، لەسلێمانی خوێندوە.

پاش پشودانی ساڵی ١٩٤٨ بەهۆی ئەوەوە بەدەستوری باوکی، سەرپەرستی‌ی براو خۆشکانی لەخۆی منال‌تری گرتوەتە ئەستۆ، دەستی لەخوێندن هەڵگرتوە، وە دەستی کردوەتە کشتوکاڵ‌و باخ‌داریی لە ئەرزو ئاوی ئەحمەدئاوا ی نزیکی سەرچاوەی زەڵم دا، کە موڵکی باوکی بوەو داویەتی بە نوسەرو براو خۆشکەکانی واتە «**ثابت، مظهر، أدیبە**».

لەساڵی (**١٩٥١**)دا زەماوەندی کردوەو نەجیبە خانمی کچی مەحمود خانی دزڵی مارەکردوە، کە ئیستە چوار کوڕو کچێکیان هەیە.

«**ئەمیر، بێ‌وەی، ئازاد، ئاریز، ڕەنگین**» وە دوو کوڕەزای هەیە، کۆچەر وە ماردین، کە کوڕی ئەمیرن.

نوسەر تاساڵی ١٩٦٢ سەرگەرمی کشتوکاڵ‌و باخ‌داریی بوە وە لەم پیشەیەدا باش شارەزا بوە، کاتی بێ‌کاریی‌و پشودانی بە خوێندنەوە، یان ڕاوکردن بەو ناوچەیەدا، یان ئەسپ‌سواریی بردوەتەسەر، وە بست بەبستی هەورامانی ئەم دیوو ئەودیو گەڕاوە، بەم بۆنەوە هەست‌و ڕەوانی، لەگەڵی سورشتی ناوچەکەو جوانی‌ی مەڵبەندەکەدا شێلراوە.

لەساڵی ١٩٦٢ دا کە ناوچەکەی بوەتە جێگەی ئاژاوە، بەجی‌ی هێشتوەو چوەتە دزڵی.

پاش ساڵێ لەوێوە باری‌کردوەتە مەحمودئاوای دووڕۆ، تاساڵی ١٩٦٧، پاش ناکام‌بون لە ئاواتی ئاسایش وە لەبەری خوێندنی مناڵەکانی چوەتە کرماشان.

لە کرماشان خۆیشی سەرلەنوێ تی‌هەڵ‌چوەتەوە بۆ خوێندن، وە ئیعدادیی لەوێ تەواوکردوەو پاشان باری کردوە بۆتاران، لەوێش لە زانکۆی «**الآداب**» دا لیسانسی وەرگرتوە، لەم ماوەی خوێندنەدا بەدەمی خوێندنەوە کاریشی کردوە بۆئەوەی نانی بێ‌منەت بخوات، وە هەرگیز بەناوی پەناهاوەرەوە موچەو مانگانەی وەر نەگرتوە لە ئێران، وە لە (**٦٢**) وەوە تا شەصت‌و حەوت بە تۆزە تۆزەی بەرهەمی باخەکەی ژیاوە کە ساڵانە داویەتە ئیجارەو پارەکەی خەرج‌کردوە، پاشان لەساڵی ١٩٧٨دا کە وردە وردە ئاژاوە لەئێراندا کەوتوەتەوە، باری کردوە بۆ شاری سنە، وە لە ساڵی (**١٩٧٩**)دا، کە ئاگری ئاژاوە بڵێسەی سەندوە، گەڕاوەتەوە بۆ داوێنی دایکی نیشتمانی خۆشەویست.

سەیر ئەوەتە هەموی ئەم کۆچانەی لەمانگی ئەیلول‌دا بوە.

ئیستە کاربەدەستی میری‌یەو منداڵەکانیشی لە دەرەوەی وڵات سەرگەرمی خوێندنن.

لە ساڵەکانی هەشتاو دوو وە هەشتاوسێ دا لە بەشی فارسی‌ی دانشگەی بەغدا دا بەشێوەی **«محاضرە»** دەرسی گوتوەتەوە.

نوسەر لەساڵانی ١٩٧٠ و ٨١ ٨٣ دا چوە بۆ حەج وەسێ‌جار حەجی کردوە.

لە ساڵی (**١٩٨١**)دا دیوانێکی لە شیعرەکانی خۆی بەناوی (**بەرهەمی ژیان**)، بە کوردیی سۆرانی‌و هەورامی‌و فارسی چاپ‌کردوە، وە نازناوی بی‌وەی هەڵبژاردوە بۆخۆی.

ئیستەش بەشی دیوانێکی‌تر شیعری هەیە، هەروەها نوسراوەیێکی فارسی‌هەیە کە نزیکەی حەوصەد لاپەڕەیە، سەبارەت بە چۆنیەتی بەدی‌هاتنی (**علومی ئیسلامی‌ی**» وە سەبارەت بە چۆنیەتی بەدی‌هاتنی یەکە یەکەی زانیاری‌یەکانی ئیسلامی‌ی باس ئەکات، کە چۆن وە لەکەیەوە هاتونەدی، وە سەبارەت بەچی‌یە، وە گەورەپیاوانی ئەو زانیاری‌یانەش ئەناسێنێ، ئیستە خەریکە وردە وردە ئەیکاتە کوردیی.

لێکۆڵینەوەیێکی بەدەستەوەیە سەبارەت بە **«شارەزورو شارەزوری‌یە کان»** کە بەرکولێکی لە بەرگی دەیەمی گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عیراق دەستەی کوردی دا لە چاپ دراوە، هەروەها قەصیدەی بوردەی گۆڕیوەتە سەری کوردیی کە ئەویش وا لەخوبی ئامادەکردنا.

ئەمەتا ئیستەش ئازیز ترین بەرهەمی ژیانی خۆی، وە ئاواتی گەورەی تەمەنی، واتە کتێبی **«تەصەووف چی‌یە»**تان پێش‌کەش ئەکات.

کەواتە نوسەر، سەردەمی منالی‌و نوجوانی‌ی خۆیی لە بیارە، وە جوانی‌و پی‌نانە پیاوەتی‌ی لە ئەحمەدئاوا، وە لە ٣٢ ساڵەوە تا ٤٩ ساڵەی لە هەورامان‌و کوردستان‌و کرماشان‌و تاران‌دا داوەتە سەر، وا شەش ساڵیشی لە پایتەختی خۆشەویستی عیراقی مەزن دا بردەسەر، بزانین ڕۆژگار لەبەشی دوایی تەمەنا، چ داهاتوێك ئەکاتە بەشی.

هەر جۆر وە هەر چۆن وە هەرچی بێت هەر لەخودا بەزیاد بێت.

«هەرچی لای خۆشەویستەوە بێت خۆشە» خودا عاقیبەت خێرمان کات.

«هەر خۆش‌بن».



وێنەی شێخ عەلائەددینی بیارە کە نوسەر لە بەردەمیایە
وە بڕێ لەکوڕەکانی وە دەستو پێوەندی بەدەوریان

وێنەی نوسەر
لەبەردەمی باوکیا
لە تەمەنی سێ ساڵیدا .
ئەم وێنەیە ساڵی ١٩٣٤ م
لەبیارەدا گیراوە .

تەصەووف چی یە

«بەشی دوهەم»

١- تەسەووف چییە ؟ چۆن وە لە کەیەوە بەدیهاتوە ؟

٢ - تەسەووفی بەر لە ئیسلام کامەو چۆنە ؟

٣ - تەسەووفی ئیسلامی کامەو چۆنە ؟

٤ - فەرق لەنێوانی فەلسەفەو تەسەووفدا چی یە ؟

٥

ماوەیێکی زۆربو بۆهەلێك ئەگەڕام بۆم دەست بدات بەڵکو تائەوڕادەیەی لەوزەو توانامابێت ، بۆ خوێنەواری کوردی ڕوون بکەمەوە کەتەسەووف چی‌یە ؟ ئامانجوئاکام لەودا ئەبێ‌چی‌بێت ؟ بۆکوێ ئەڕوات؟ وەزۆرپرسیاری تریش کەهەرلەم بابەتەوە سالهای‌سال سرنجی‌خوێنەواری کوردی ڕاکێشاوە .

جامن ئێستە نامەوێ هەریەك‌سەر خۆم بکوتمە ناوباسەکەوەو هەرنایش‌کرێ لەناکاێکا پەردە لەسەر هەمو ڕازو نهێنیەکانی ئەم باسە گرنگە هەلدەینەوەو یان بەجارێکا هەموپرسیارەکانمان کەڵەکە کەینە سەر یەك‌و جالەپاشان دەسکەینە شی‌کردنەوەو باس‌لی‌کردنیان ، بەڵکو من لام وایە هەروردەوردە لەناوباسەکاناخۆی هەموشتێك دێتەپێشەوەو ئێمەش بەئەندازەی توانایی خۆمان هەم‌بەبەڵگەی «**ئاوەزیی**» واتە «**عەقلی**» وەهەم بەدەس‌ڕاکێشان بۆسەرچاوە نوسراوەکان ، وەهەم بەپشت‌بەستن بەبڕێ شارەزایی‌و سەرگوزەشتی‌خۆیشم ، هەوڵ ئەوە ئەدەین بەڵکو بەرهەمو دەساوردێك پێش‌کەشی خوێنەواری کوردبکەین کەئەویش هەروەکو خوێنەوارانی هەمو زوانەکانی‌تر ، لەم‌مەبەستە گرنگە شتێك تێ‌بگاتو ، بڕێ لەم نهێنیانەی بۆڕوون بێتەوە ، وە سەرچاوەکان بناسێ ، بەلکو ژیرەکانو پشت‌بەخۆ بەستوانی کوردیش بتوانن لەم‌ڕێبازە ئاگاداربن وەزانیاری خۆیان‌یان پێ‌دەوڵەمەندو بەهێزبکەن .

جا هەروەکو وتمان ئێستە بۆبڕێ‌پرسیار زوە ، وەکو ئەوەی بڵێین ئایا «**تصوف**»

هەرتەصەڤی ئیسلامی یە یان لەوەوبەریش تەسەووف هەربوە؟ یان بڵێین بۆچی بەم ناوە ناونراوە ، وەئەم جۆرە باسانە ، بەڵام بەباوەڕی من جارێ ئەوە بەپێویست ئەزانم کە بتوانم بۆئێوەی خۆشەویست ڕیشەو سەرچاوەی باسەکە ڕوون کەمەوە ، تاوردەوردە مەبەستەکان یەکە یەکەدێنە پێشەوە .

بێگومان لەڕۆژێکەوە کە «ئادەمی زاد» ، یان بەواتایێکی تر ، ئەم گیاندارە ئاوەزدارە ، لەم سەرزەوی یەدا چاوی کردوەتەوە ، وە لەڕۆژێکەوە ئاوەزومێشکی مرۆڤ خراوەتەکار بۆگۆڕینو چاککردنی ژیان واتە بۆ «**تَطَوّر**» ، بێگومان یەکەم هەنگاوی ئەوگیاندارە ئاوەزدارە ئەوەبوە ، کەورد بێتەوە : ... لەچی؟ لە هەموشتێ لەهەرچی شتێك دا دەوروبەری ئەوی گرتوەو هەموشتێك کەئازارێکی پێ ئەگەیێنێ ، وەیان سودو بەر هەمو قازانجێکی هەیە بۆی ، لە هەرشتێك کەمەترسی هەبێ بۆی ، یاخۆ بیێتە هۆی ئارامی و دڵگەرمی و دڵخۆشی وەبکرێ خۆی بخاتە پاڵیو پەنای پێ بەرێت .

بۆنمونە ، گیان دار بێگومان پێویستی بەئاو هەیە بەڵام ئاویش هەمو جۆرێکی هەیە ، ئاوی تاڵ ئاوی سوێر ئاوی شیرین ئاوی کوشندە ئاوی ڕەوانو بەکەڵك کەوابو ئەبێ ئەم گیاندارە هەموی ئەمانەی تاقی کردبێتەوە وەجەورو ئازاری تاقی کردنەوەکەشی کێشابێت ، تابۆی دەرکەوتوە کامی بەکەڵکەو کامی بێ کەڵك ، کامی زیان ئەگەیێنێتو کامیشی سودی هەیە ، وەئەم تاقی کردنەوەیەی چینی پێشوو ماوەتەوە بۆ ڕۆڵەو نەوەکانیان ، ئەوانیش تاقی کردنەوەی تازەیان خستوەتەسەر ، تابەم چەشنە ، ئالوگۆڕ ، وە «**پێش کەوتن**» واتە «**تَطَوّر**» ، وەهەروەها مێژو ، دروس بوە ، بەڵام پاش ئەمە شتێ گرنگ تر دێتە پێشەوە کە بریتی یە لە «**دۆزینەوەی سەرچاوە**» : سەرچاوەی هەمو شتێکی باش یان خراب ، ئەمەش هەم بەهۆی «**غەریزەوە**» وەهەم بۆ مەبەستی کەڵك وەرگرتن لە چاك وەخۆدورخستنەوە لەخراب .

بۆنمونە ، ئادەمی زاد کە لەدەشتو پێبنارا لەناو ئاوەکانا ، ئەوئاوانەی کەوان بەدەوروبەریا ، دی ، چەن جۆر ئاوهەیە ، ئاوی دەریا کە سوێروتاڵەو ناخورێتەوە ، ئاوی گەڕاوەکانیش کە ناخورێتەوە بەڵام بۆ مەلەکردن گەرموخۆشەو ، برینداروگەرۆڵەکانیش کەئەڕۆنە ناوی چاك ئەبنەوە ، وەئاوی چەمەکانو سەرچاوەکان شیرینوخۆشن ، جا دیارە ئەبێ بکەوێتە شوێنی ئاوی چەم تا وردەوردە سەیر ئەکات سەرچاوەیێکی هەیەولەبن بەردێکا یان لەقەد پاڵێکا هەڵ ئەقوڵێتو

دێتەدەر ، ئیترلێرەدا دۆش داماوەو هیچی‌تری پێ نەکراوە ، کەبزانێ سەرچاوەی ئەم سەرچاوەیە لەکوێ‌وەدێت هەروەها بۆگەڕاوەکەش ، بەڵێ زانیویەتی کە بریندارو گەڕ چاك‌ئەکاتەوە ، بەڵام چۆن وەبۆچ لەوێشا هەر پەکی کەوتوە ، وە لێرەوەیە کە بیرکردنەوە لەدایك ئەبێتو مرۆڤ ئەیەوێ بیربکاتەوە کەخۆی کێیەو ، چی‌یەو ، لەکوێوە هاتوەو ، بۆکوێ ئەڕوا ، سەرچاوەی هەموی ئەم‌شتانە ئەرۆنەوەکوێ ، وە کەم کەم بیرکردنەوەی قوڵ‌تر دەس پێ‌ئەکات ، وەکو ئەوەی مرۆڤ باڵدارو گیان لەبەری‌تر ئەبینێ وە پەیدابونو لەدایك‌بونی جۆراو جۆربەدی‌ئەکات لەدایك‌بونی باڵدار وگیان لەبەری‌تر ئەبینێ، ئەبینێ هەمویان لەهێلکە پەیدابونو ئەیشکێنێ سەیرئەکات دووجۆرە «مادە» ی تیایە ، وەئەگەریش ویستی ئەیخوات ، نەگیانی‌دیارەو نەگیان‌لەبەرێ ، کەچی ئەگەر دەستی‌لێ‌نەدات هەرئەو دوئاوە دورنگە ئەبنە یەك باڵدارو ئەدات لەشەقەی باڵو دەستی کەسی پێناگات ، جا بیرئەکاتەوە ئایا **«باڵدارەکە لەهێلکەکە بوە یان هێلکەکە لەباڵدارەکە»**؟ وەئایا ئەو ڕەوانوگیانە لەکوێ هێلکەکەدا بوە لێرەشا دوبارە هیچ وەڵامێکی دەس ناکەویتو هەر بەوداخەوە سەرئەنێتەوە ، مشتێ دانەویلەی وشك یان گوێزو بادامو بەری درەخت ئەشارێتەوە پاش ماوەیێك بۆخۆی ئەبێتەوە بەشتە پێشوەکە ، وەبۆی دەرئەکەوێ ئەم دانە گوێزەتە کە ئەبێتە ئەو درختە گەورەیە ، بەڵام پاش ساڵهای ساڵ ، کەچی گەنمەکە هەرپاش چەن مانگێ ئەبێتەوە بە ، دە بەرانبەری خۆیو پێ‌ئەگات ، ئەوەبۆچی ئەو وایەو ئەمیان وانیە ، خۆ هەردوکی لەگیرفانی ئەوابون ؟ ، ئەی داخۆ گوێزەکە لەدارەکەبوە یان دارەکە لەگوێزەکە ئەی داخو ئەوەل جارو یەکەم گوێزو یەکەم گەنم چۆنو لەچی‌ڕوابن ؟ لێرەشا دوبارە هەر لوتی ڕەق‌ئەبێتو ناگاتە هیچ ، ئیتر هەر بەم‌چەشنە سەیرئەکا برێ لەهێلکەو ، برێ‌بەزکی‌دایکو ، برێ بەتۆو ، دێنو ئەرۆن جاپاشان مەرگ دێتە پێشەوە ، مەرگی هەمو گیان‌لەبەرێ هی ئادەمی‌زاد ، یان وشك‌بونی دارودرەخت یان مەرگی باڵدارو هەموگیان دارانی‌تر ، لێرەشا سەروکار لەگەڵ ڕەوانا پەیدائەکات ، ڕەوان‌چی‌یە لەکوێ‌وەدێ چۆن ئەڕوا بۆکوێ‌ئەڕوا بۆنابینرێ؟ سەیرئەکا لێرەدا لەهەمو کاتێك داماوترو لێ‌نەهاتوترەو هیچی‌لێ تێ‌ناگات ، بەڵێ ئەم هەستی سەرچاوە زانینەو ئەم هەستی بۆسەرچاوە گەڕانەتە کە ئەبێتە ماخۆلیا بۆ ئادەمی‌زاد ، یان بۆ **«گیان‌لەبەری‌ژیر»** ، گیان‌لەبەری‌ژیر ، واتە ئادەمی‌زاد لێرە بەم‌لاوەیە کە ئەکەویتە سەوداو خولیای سەرچاوە دۆزینەوە ، مرۆڤ ئەیەوێ بزانێ

خۆی کێیە لەکوێوە هاتوە چۆن هاتوە بۆکوێئەڕوا ، ئایا سەرچاوەی هەموی ئەم بەدیهاتو ڕوداوانە هەریەکێکە ؛ یان هەرشتێکو بەدی هێنەرو سەرچاوەی خۆی هەیە ؟ مرۆڤ پاش ئەوەی دەوروبەری خۆیی بشکنی سەرێکی هەڵبڕیو سەیری گەردونی کردسەیری هەڵهاتنو نیشتنی خۆرو مانگو ؛ جوانی ئەستێرەو پرشنگ وەشاندنی ئەوانی کرد ، سەیری شینیی ئاسمانو جوانیی سورشتی کرد ، هەروا ترسولەرزی هەورەگرمەو بومەلەرزەو تەقینەوەی **«بورکان»** چوەدلیەوە لیژەدابو **«گیانداری بەئاوەز»** وە خاوەن بیروژیر ، کەوتە شوێنی شوێنەوارو ڕێچکەی دۆزینەوەی **«سەرچاوەی ئەم سەرچاوانە»** ، ئایا ئەمە چۆن نەترسێکە کەهەموی ئەم هێزانەی بەدەستە ، ئەمە چۆن نەترسێکە کەهەموی ئەم مەترسییانە نایترسێنن ؟ داخۆ خۆی چەن جوان بێت کەئەم هەموە جوانیەی دروس کردوە ؟ داخۆ شتیواهەبێ یان هەرمن خۆم بۆخۆمی دروس ئەکەم ؟ ئەیئەگەر نیە سەرچاوەی ئەم هەموە سەرچاوەیە ، وە بەدیهێنەری ئەمهەموە ژیانو گیانو ترسو ئارامییە کێیە ؟ ، ئایا ئەوهێزە گەورەیەیە ؟ ئەگەر هەبێت داخۆ من چۆن ببمە دۆستو خۆشەویستی ؟ چۆنی لەخۆرازی کەم ؟ چی بکەم پێی خۆشەو چی لەلاخراپە ؟ خۆزگە لەکوێبێت ؟ چۆنی بەدیکەم ؟ چۆن لێم خۆشنود ئەبێت؟ چۆنی بدۆزمەوە؟ داخۆ ئەگەر ئەوبیەوێت ئەکرێ ئیتر من نەمرم ، داخۆ ئەگەر ئەو منی خۆش بوێت ئەکرێ زاڵم کات بەسەر هەمو دوشمنو کۆسپێکا ؟ داخۆ چی لەمن ئەوێت ؟

بەڵێ گیانداری ژیرو ئاوەزدار بەمچەشنە کەوتە بشکنینو لێکۆڵینەوە وەبویە سەوداگەری **«دۆزینەوەی خاوەنی ئەمهەموەسەرچاوەیە ، خاوەنی ئەم هەموەهێزە خاوەنی ئەم جیهانە ڕنگاورنگەو ئەوئاسمانە بەرزو بەرینەجوانوشینە»** . بەڵێ سەوادی دۆزینەوەی هەڵچەرخێنەری ئەم چەرخو گەردونە وەتیکۆشان بۆ خۆلی نزیك کردنەوە لەمسەرچاوەی ڕوناکی و گیانە ، وە هەوڵدان بۆ بەجیهێنانی هەمو فەرمانێکی ئەمگەورە پیرۆزە وەلە هەمو گرنگتر دڵنیابون لەوەی بەڕاستی ئاوا هێزێکی گەورەو یەك گرتوهەیە ، ئەمانە بویە پیشەی زۆرێك لەئاوەزدارانو ژیرانو هەڵکەوتوانی چینەکانی مرۆڤ کە وردە وردە لەپەرەسەندنو زۆربونابون ؛ جابرێك لەوئادەمیزادە هەڵکەوتوانە لە دورێگەوە بەجیاوازی کەوتنە بشکنین بڕێکیان لەخەڵك دورئەکەوتنەوەو لەئەشکەوتو جەنگەڵەکانا ، یان لەبنەبەردی لوتەی شاخەکانا ئەمانەوەو بیریان لەسوروشت وەچۆنیەتی بەدیهاتنی ئەمجیهانەیان ئەکرد

وەبەخواردنی بەری درختە کێویەکانو گژوگیاکان قنیاتیان ئەکرد تاوەکو زۆری وایان بو لەڕێگەی «**إشراقەوە**» واتە دەرکی جیهانی پشتسورشتەوە «**ماوراء الطبیعة**» ئەگەیشتنە مەرامی خۆیانو بەمرازی خۆیان شادئەبون وەئیتر ساتێ لەوژیانەیان نەئەگوڕیەوە بە هەموی ژیان ، یان هیواشیبو یان شێتئەبو وەیان بەر لەگەیشتن بەوئاواتە ئەمردو سەری ئەنایەوە .

جائەمە ئەبێتە بناغەیێك بۆ «**تەسەووفکۆن**» وە بەرەبەرە هەر بەردەوامە تائەگاتە سەردەمی ئیسلام .

دەستەی دوهەمیش ئەیانەوێ لەڕیگەی ئاوەزو عەقڵو زانیاریو لێکۆڵینەوەوە بگەنەئاواتو «**هەڵسووڕێنەری**» ئەمجیهانە بناسن وەبەمانەش ئەڵێن «**فەیلەسوفەکان**» بەڵام ئەودەستەی دوهەمە لەگەڵ هەموزانیاریکیانا تائیستەش هەربەمراز نەگەیشتونو هەرسەرگەردانن وەهەریەکەی ئەوەیپیشو بەدرۆ ئەخاتەوە وەتاوەکوئیستە نەیانتوانیوە ڕیگاییکی زانیاری بۆناسینی خاوەنیجیهان بدۆزنەوە کەلەداهاتودا باسیانئەکەین جا ئەم هەوڵو تێکوشانە بۆدوزینەوەی سەرچاوەی سەرچاوەکان وە هەڵسوڕێنەری کاروباری گەردوونو گیاندارانـ وەهەوڵو تەقەلادان بۆ خۆنزیك کردنەوە لەم سەرچاوەیەوە ئەنجامدانی هەرشتێك کەئەو پێی خۆشبێت ، وەدەس لەهەموشتو هەموکەسێ هەڵگرتن تائەوکاتەی کەبەتەواوی بەومرازە بگەنو لەوهێزە تێگەنو لەخۆیانی ڕازیکەن ، وەپشت بەو زیاتر پشت بەکەس نەبەستن ، وەهەوڵ بۆ دڵنیابوون لەبوونو لەچۆنیەتی ئەوهێزە ، بریتییە ، لە «**تەسەووف**» کەوابو هیچ درۆنیە ئەگەر بڵێین «**تەسەووف**»لە سەرەتای هاتنی مرۆڤەوە لەسەرەتای بەدیهاتنی ئاوەزو ژیرییەوە ، هەربوە ، چونکو هەموی بریتییە لەشەیدابون بەشوێنی سەرچاوەی سەرچاوەکانو بەشوێنی هەڵسوڕێنەری نەناسراوی ئەمگەردونەدا ، وە تێکۆشانە بۆناسینی «**ئەودیوی هەموی ئەم شتانەی کە ئەیانبینین لە گیاندارو بێ گیان . بۆچی ؟ بۆگەیشتن بەباوەڕی تەواو واتەبە «یەقین»** بەئارامیی دڵوگیان .

بەڵی ، تەسەووف ئەوتێکۆشانەیە ، بەڵام ئایا تەسەووفی ئیسلامی کامەو چۆنە ؟ وەئایا کامی لەگەڵ ئەو تەسەووفانەدا یەکێکەو کامیجیاوازە ؟ ئایا گەورەپیاوانی تەسەووف لە ئیسلاما چییان ویستوەو ویلوسەرگەردانی چی کە بوون کەلەوانیترا نەبوبێت ؟ ئایا سلوك چییە؟ تەریقەتچییە ؟ ئەمانە لەمزانیاریە گرنگەدا بەکوێیان گەیاندوە ؟ ئایندەی ئەمزانیاریە بەکوێئەگات ڕێڕەوی سۆفییەکان

بۆگەیشتن بەم ئاواتە چۆن بوە ؟ شتە بەکەڵکەکانی ئەم ڕێڕەوە لەڕوانگەکانی ئاینیو، کۆمەلایەتیو، ژیان، وەهەروەها مرۆڤایەتیەوە چی یە ؟ وە زیانەکانی بۆهەموی ئەمانە چین ؟ ڕێڕەوی ڕاستی تەسەووف کامەولارێو هەڵەکانیشی کامەتا ؟ فەرق نێوانی فەلسەفەو تەسەووف چی یە ؟ ئەمیان لە چ ڕێگاییکەوە ئەیەوێ بگاتە ئاوات و مراز، ئەویان لە کام ڕێگاوە؟ ئەمانە هەموی ئەومەبەستانەن کەلەداهاتودا ئەگەرخوا بۆی کردم وەئێوەش تاقەتتان گرتو شوێنی باسەکە کەوتن واوردە وردە باسی لیوە ئەکەینو بەپێی توانایی شی ئەکەینەوە.

ئێمە لەپێشا وتمان کەمرۆڤ بەناوی گیان لەبەرێکی خاوەن ئاوەزو زۆر تی ئەکۆشا بۆ دۆزینەوەی ئەوسەرچاوە وهێزە نادیارو نەناسراوەی کە کاروباری ئەم جیهانە هەڵ ئەسوڕێنێ، وەئایا هەڵسوڕێنەرو بەدیهێنەر هەریەکێکە؟ وەئایا مرۆڤ بەم مێشکو توانای بیرکردنەوەیەوە ئەتوانێ پەی بەناسینی ئەوهێزەو ئەوسەرچاوە بەرێت وەئایا ئەوسەرچاوەیە یان ئەوهێزە ئەتوانێ مرۆڤ جاویدان بکات؟ ئەتوانێ خۆشیوچاکەی- بۆ دابین کات وە لە کۆسپو دەردی سەر لای دات... وەهەزاران پرسیارو ئاواتی تر کە بەمێشکی مرۆڤا تی ئەپەڕی.

جائەم مەشرەبو هەستی بیرکردنەوەی سەرەتایی یە کە لە سەرەتای بونی ئادەمی زادەوە ئەبێ هەر بوبێ، بە مەرجێك ئەتوانین ئەمە بە سەرچاوەی تەسەووف دابنێین کە تەسەووف تەنها پەیوەندی بەیەك دەستە، یان یەك چین لە مرۆڤەوە هەبێت، یان لە قوناغێکی تایبەتی ژیانا، وە لەیەك شوێنی ئەم جیهانەدا هاتبێتەدی.

وە لە هەموی گرنگ تر، ئەگەر داخوازو ئاواتەکانی **(تەسەووف ئیسلامی)**ش هەر ئەمانە بێ، وە تەنانەت هەمو مرۆڤە گەورە بەناوبانگەکانی تەسەووفی ئیسلامی، خۆیان واتای تەسەووفیان هەر وەك یەك لێکدابێتەوە، وەکو بۆنمونە، کە لە بارەی یاسای ئیسلامەوە، کە سەبارەت بە ئیمان ڕێکوڕاست ئەڵێ چی یە، وە سەبارەت بە ئیسلامیش هەروا، وە لە هەر مەلاو خوێنەوارێکی ئایینی بپرسیت ئیمان چی یە، خێرا وەلامت ئەداتەوە: باوەڕ بە خواو پێغەمەران، بە مەلایکان بە کتێبە ئاسمانیەکان بەڕۆژی زیندوبونەوە وە موقەددەر، هەروا سەبارەت بە ئیسلامیش، بەلام تەسەووفی ئیسلامی چونکو مەبەستێکی تامو مەزەکردنی ڕۆحی یە وە برێ شێوازو ڕێچکەیە کە هەرچەن دواکەشی هەموی هەر بگاتەوە بە یەك وەك بڵێین بگاتە دواپلەی نزیکی لە خوا وە هەست بە تەواوی باوڕەوە **«حق الیقین»** یان **«عین الیقین»**

یان بڵێین «بەقای پاش فەنا» هەستی ی پاش نیستی ، لەگەڵ ئەوەشا هەر باغەوانێکیان سەبارەت بە میوەی باغەکەی خۆی باس ئەکاتو هەر گوڵێکیان بۆنی تایبەتی خۆی ئەدا بە لووتماناو هەر سەرچاوەیێکیان تامو مەزەی گەوارای خۆی ئەدا لە چەشتگەمان.

جا لەبەر ئەوەتە کە تا ئیستەش هەر پاڵەوانو کەڵەمێردێکی ئەم گورەپانە گرنگە ، بەو جۆرەی کە خۆی شارەزایە ، پێمان ئەڵێ کە تەسەووف چی یە ، لەگەڵ ئەوەشا کە وەسفەکان جۆراجۆرن ، کەچی هەموویان ئەتوانن یەك ئاکامو ئامانجمان بۆ دەرخەن ، کە ئەبێتە: خواناسینێك ، بەتەواوی باوەر.

ئێمە ئەمانەویست بڵێین کە تەسەووف لەکەیەوە بەدیهاتوە وەوتمان ئەر بەو جۆرەی لێك بدەینەوە کە روتمان کردەوە ، وا هەر لە سەرەتای ژیانی مرۆڤەوە تێکۆشان بۆ ناسینی شتە نادیاریەکان «**ما وراء الطبیعة**» «**ئەودیوی سورشت**» ، هەر بوە ، بەلام راستەکەی یۆنانیەکان توانیان ئەم تێکۆشانە بخەنە قاڵبێکی زانیارانەوە ، وە کەم کەم مرۆڤە هەڵکەوتوەکانی یۆنان ، ناوێکیان دۆزیەوە بۆ ئەم تێکۆشانە ، وە ناویان نا «**فەلسەفە**» ، ئەوەش بەوجۆرەبو کە ، هەروەکو ئەزانین وشەی فەلسەفە وشەیێکی یۆنانیە وە لە دوو وشەی فیلۆس واتە دۆستداری ، یان «**مەحەبەت**» وە «**سوفیا**» واتە «**حیکمەت**» پێك هاتوە ، کەتێکرا ئەکاتە «**دۆستداری حیکمەت**» یان (**حیکمەت ویست**) ، ئەمەش گوایالە سەرەتادا لە سەردەمی فیثاغورس دا بە حوکەما ، واتە زانیاران وێژراوە ، ئەوەش بەوچەشنەبوە ، ئەم مرۆڤە بەرزە pythagoras(٦٠٠) بەر لە (ز) وتویەتی «**من ناتوانم بەخۆم بڵێم حەکیم ، بەلام من ویستیاری حیکمەتم**» ، کەواتە فەیلەسوف ئەبێتە «**حیکمەت ویست**» وە فەلسەفەش «**حیکمەت ویستی ی**» جا لەو سەردەمەو ، لەوە پێشتریشەوە شەیدایی بە شوێنی زانینا شێوەیێکی زانیارانەی وەرگرتو مەکتەبەکانی فەلسەفەش یەك لە شوێنی یەك پێك هاتن ، وە کەڵە مەردانی وەکو سوقراط «٤٦٨-**٣٩٩**» ق م مامۆستای افلاطون و لە پاشان ئیفلاطون «**٤٣٠- ٣٤٧**» ق م وە بەشوێنیا ئەرەسطو «**٣٨٤- ٣٢٢**» ق م وصەدان زانای تریش چاویان لەم جیهانەدا کردەوەو گەلێ لە زانیاری کۆڵینەوەو ئەوانیش رۆیشتن وە فەلسەفەش تا ئەمرۆیش هەر بەردەوامەو فەیلەسوفی تازەش بە شوینیانا ، چ لە جیهانی ئیسلاماو چ لە پاشانیش ، لە ئەوروپاو ئەمریکادا ، وە هەریەکەی رێچکەی تایبەتی خۆیان ، بۆهەڵبەستن بەکێوی «**ما وراء الطبیعة**» ناسیندا ، یان باشترە بڵێین، گەردون بەدیهێنەرو گەردون

هەڵسورێنەر ناسیندا یان روونا کتر بڵێین خواناسینا، گرتەبەر بەڵام هەرچەن زۆریان حەوت پێڵاوی ئاسنیشیان لەم رێگەدا دری، بەڵام بەداخەوە هەرچەن زۆریان بە پلەی یەکەمی باوەڕ «واتە» «**علم الیقین**» گەیشتن بەڵام هیچکام بە پایەی «**عین الیقین**» یان «**حق الیقین**» هەر نەگەیشتن، جا بۆچی نەگەیشتن؟ ئەوە باسێکە کە بە پێی توانا بۆتانی باس ئەکەم، وە ئێمە کارمان بە کام دەستە لەو فەیلەسوفانە وەکام مەکتەبیانە؛ ئەوەشتان هەر بۆ باس ئەکەم، فەلسەفەش لە سەرەتادا لەچی دواوەو بەچی وێژراوە، ئەوەش هەر روون ئەکەمەوە. بەڵام لەوە زیاتر، هەم پەیوەندێکی بە باسەکەی ئێمەوە نیە، وە هەم دەریایێکی ئەوەندە بێ پایانە کە خۆی بەتەنها پێویستی بە خوێندنەوەی صەدها کتێب و نوسینی دەها کتێبی هەزار لاپەڕەیی هەیە.

بەڵام باسەکەی خۆمان، باسی زانینی تەسەووف، ئەوەندە شیرینە، وە ئەوەندە بۆ خوێنەواری کورد بە پێویستی ئەزانم، دەستمان لە هەمو باسێکی‌تر پێ هەڵئەگرێت، وەتا ئەورادەیەی پەیوەندی بە تەسەووفەوە هەیە، هەروەك لە سەرەوە وتم، کورتە پەنجەیێکی بۆ ئەکێشین.

ئێمە ئیستە ئەپرسین، ئایا فەلسەفە لە سەرەتادا لەچی‌دواوە؟

لە یۆنانی پێشودا وتەی «**فەلسەفە**» یان «**حیکمەت**» هەمو جۆرە زانیاریێکی ئەگرتەوە، واتە هەرچی تێگەیشتنی «**نەزەری وەعەمەلی**» یان «**نەزەری وەعیلمی**»، بەکوردی ئەیێتە «**هەمو بینینو زانینێ**». «**ئۆگوست کۆنت**» لای وایە فەلسەفە «**نەزەری‌یەیێکی گشتی‌یە سەبارەت بە زانیاری**» «**١٧٩٨— ١٨٥٧**» ز «**فیلیسپن شالیە**» ی فەرەنسەیی، ئەڵێ ئەتوانین بڵێین کە فەلسەفە زانیاری، یان لێکۆڵینەوەیێکە لە ژیانی دەرونیی وە پەیوەندی، بە ژیانی گشتی، وە جیهانی یەوەیە، «**کتێبی ڕێڕەوی ناسینی زانیاریەکان**». «**ابن خلدون**» ئەڵێ تێبینی فەیلەسوف سەبارەت بە «**الحیات**» بیر کردنەوەیێکە لەهەستی‌ی بە هەمو مانایێ. برێ‌تر لەزانایان ئەڵێن «**فەلسەفە سەرەتا کەی هەوڵە بۆزانین ناوەندی‌یەکەی زانین وەناسینی ڕاستەقینەی هەمو بونێکە لەهەموی جیهاندا، وە پایانەکەشی گوفتارو کردارێکە کە ڕێ‌کەوێت لەگەڵ زانیاری‌دا**» خاوەنی کتێبی «**تأریخ الفلسفة العربیة**»، کە ئەم وتارە دوایینەیە گێڕاوەتەوە خۆیشی ئەڵێ: کەوابو فەلسەفە سەردەرهێنانە لەو زانیاری‌یانەی کە بەهۆی ئەوانەوە سەردەرکەین لەهەستی‌ی، تاوەکو لەئاکاما لەرێی ئەوزانیاری‌یانەوە ڕوەو ئامانجی بەرز بڕۆین.

ئیفلاطون، بەزوانی سوقراطەوە، ئەڵێ «**ئەوکەسەی کە بویە خاوەنی «حیکمەت» زانیاری، ئەوە ئارەزوی‌نەفسی ئەبێتە خزمەتکاری ئاوەزی. بەڵام ئەوەی لەزانیاری دووربێت وا ئاوەزی ئەبێتە خزمەتکاری ئارەزووی**».

بەهەرحاڵ فەلسەفە بەیەکێ لە بەدی‌هاتە زۆر بەرزو جوانەکانی زانیاری مرۆڤ دائەنرێت، بەڵام وەنەبێ هەروەکو بەشەکانی تری زانیاری تەنها بەدی هاتیلك بێتو هیچی‌تر، بەڵکو بیر کردنەوەیێکە کە بەرچاوی دەرونی ئێمە، سەبارەت بەزانیاری روونا‌کترو پاکتر ئەکاتەوە.

فەلسەفە بە چەشنێکی گشتی بینشێکە، سەبارەت بە جیهانی ژیان، وە سەرنوێشتی مرۆڤ، وە پایەو پلەی مرۆڤ لە جیهاناً، وە کارکردێك کە مرۆڤ ئەتوانێ بێکاتە سەری جیهان.

بە چەشنێکی تایبەتی تریش ئەتوانین بڵێین فەلسەفە بیر کردنەوەیێکی رەخنەگرانەیە سەبارەت بەکاروبار وە گیروگرفتی ئەم‌جیهانە بۆدۆزینەوەی رێگای چارەسەرکردنیان، هەروەها فەلسەفە ئەتوانێ کەهەموی ئەم «**تعریف**»انە بگرێتەبەرو صەدانو هەزاران لێك‌دانەوەی تریش، کە هەر لەسەردەمی فەیلەسوفە لەمێژینەکانی یۆنانەوە تاسەردەمی، کانت‌و، دیکارت‌و، هیگل‌و، هەموی کەڵەمەردانی ئەم‌رێگایەوە بۆی دانراوە.

بەڵام لام‌وایە ئەم پێناساندنەی کە دەسمان بۆکێشان بتوانن دەری‌خەن کە ئەبێ فەلسەفە چی‌بێت وەلە چی بکۆڵێتەوە. جا لە داهاتودا سەبارەت بەوە باس ئەکەین کە بۆچی فەلسەفە ناتوانێ لەبارەی خواناسی‌یەوە بگاتە ئەوپەری ئاوات. واتە «**عین الیقین**»، وەلەو گرنگتریش «**حق الیقین**» وە بۆچی تەسەووف توانیویە بگاتە ئەو مەرزو سنورە، وە کام جۆرە فەلسەفە تا رادەیێك پەیوندی بە تەسەووفی ئیسلامی‌یەوە هەیە، وە چۆن؟ وە ئایا فەلسەفەی کۆن هیچ کارێکی کردوەتە سەری‌تەسەووفی ئیسلامی یام‌نا؛ وە لەگەڵ وڵامی هەموی ئەو پرسیارانەشا کە لە ناوونیشانی وتارەکەمانا نوسراوە. وە هەروەها لێك‌دانەوەی (**یەقین**) چی‌یەو بەکوردی ئەبێتەچی.

بەشی سێهەم
تەصەووف چی یە

١ - بۆچی فەلسەفە ناگاتە «عين اليقين» .؟

٢ - تەصەووفی ئیسلامی ی چی یە،
لەکەیەوە دەستی پێ کردوە ؟

٣ - ئامانجی تەصەووفی ئیسلامی ی چی یە، وەئایا
لەگەڵی ئایینی ئیسلامدا هیچ جیاوازی یێکی هەیە ؟

٤ - تەصەووفی ئیسلامی ی، لەزمانی
گەورەپیاوانی تەصەووفەوە.

٥ - سەرگوزەشتی غەززالی وەکو خۆی گوتویە.

٦ - وەڵامی بیستوچوار پرسیاری تر.

«بۆچی فەلسەفە ناگاتە پلەی عَیْنُ الیقین» وە «حقُّ الیقین»؟

لەپێشان باڕوونی‌کەینەوە کە «یەقین» چی‌یەو چەن پلەی هەیە.

زانایان بۆ «دڵنیایی» واتەیەقین سی‌ پلەیان داناوە،

أ - عِلْمُ الیقین

واتەدڵنیایی وەباوەڕ لەڕێگەی زانیاری یەوە.

وەکوئەوەی تۆ ئەچیتە شارێك وە ناشارەزایت ئەتەوێ بڕۆیتە چاخانە، یان چێشت‌خانەیێکەوە بە پرسیارکردن، یان بە خوێندنەوەی سەردرگای ئەوشوێنە، وا بۆت دەرکەوت کەئەمە شوێنی خواردن، یان خواردنەوەیە، بەمەئەڵێن «عِلْمُ الیقین»، واتە دڵنیابون بەهۆی زانیاری‌یەوە، چونکە بەپرسیار، یان بەخوێندنەوە، بۆت دەرکەوت کەئەبێ ئەمە چاخانە بێ. بەڵام ئەم باوەڕە ناتەواوە،.. بۆ؟ چونکە بگرە ئەم نوسینە هی ماوەیێکی کۆن، یان تازەی لەوەوپێش‌بێت وەئیستە ئەم شوێنە کرابێتە شتێکی‌تر، یان هەر بەتاڵ بێ.

ب - عَیْنُ الیقین

لەقۆناغی دوهەمدا ئەڕۆیتە ناوەوە وە بەچاوی‌خۆت ئەبینی کە خەڵك خەریکی خواردن وەخواردنەوەن لێرەدا بەچاو دیت، کەواتە دڵنیاییەکەت زیاتربو وەبوە «عین الیقین» واتە بەچاوی‌خۆت دیت.

بەلاّم ئایا تەنها ئەمدیتنە وات لیٚئەکات بزانی تامی ئەوخواردنانە چۆنە، بەتایبەت کەتۆ نەزانی خواردنەکان چین، وادانیٚ، نوسرابیٚ خواردنی «چینی» ئایا ئەمدیتنە ئەتوانیٚ تیٚرت‌کات، برسیوتینوییە کەت لابات؟. یان بزانیٚت تامومەزەی خواردنی چینی چۆنە؟ ئایاشتیٚك تانەیچیٚژی ئەکریٚ لەزەتی لیٚبەریت؟.

کەوابو، لەمقۆناغەدا زانیاری‌یەکەت زانیاری‌ییٚکی دیتنی‌یە، واتە، «عین الیقین»ە.

ج – قۆناغی سیٚهەم
دیٚتەپیٚشەوە کەئەبیٚتە «حق الیقین»

واتە، ئەوپەری تی‌گەیشتن ئەوپەری دلٚنیایی‌و زانیاری، کەئەویش بەخواردنی خواردنەکە وەتام‌و مەزەکردنی جۆری خواردنەکان، وەتیٚرونەسەل بون پەیدا ئەبیٚ، بۆیەئەبیٚتە ئەوپەری دلنیایی‌و زانیاری چونکە بە تام‌و مەزە کردن‌و تیٚربون هاتوەتەدی، جا، بەم جۆرە تی‌گەیشتنە ئەوتریٚ «حق الیقین». واتەباوەری راستەقینە.

جالیٚرەدایە کە ئەپرسین ئایا فەلسەفە کەپشتی ئەبەستیٚ بەرادەو بردو توانایی زانیاریی مرۆڤەوە، ئەتوانیٚ سەبارەت بەناسینی راستەقینەی، هەلٚسورینەرو بەدی‌هیٚنەرو بەریٚوەبەری ئەمجیهانە، یان روناك‌تربلٚیین، سەبارەت بەناسینی راستەقینەی «خودا» بگاتە ئەوپەری ئاوات‌و زانیاری، واتە «حق الیقین»؟

لیٚرەدا ئیٚمە هەم خۆمان بەهەمو دلٚنیاییٚکەوە ئەلیٚین... «نا»وەبیرو باوەری خۆیشم دەرئەبرم، وەهەم بیروباوەری کەلٚەمیٚردانی ئەم گۆرەپانەش وەکو «غەززالی» دەر ئەبرین.

جالەپاشان هەم دیسان ئەرۆینەوە سەر باسی تەسەووف، وەلەپیٚشا دەس بۆبریٚ فەلسەفەی نزیك‌بەتەسەووفیش رائەکیٚشین.

ئیٚستە ئەپرسین بۆچی فەلسەفە، واتە «بردو توانایی ئاوەزی مرۆڤ» ناتوانیٚ بگاتە ئەوپەری ئاواتی خواناسی؟ هەروەکوتمان فەلسەفە پشت بەئاوەزی مرۆڤەوە ئەبەستیٚ، ئاوەزی ئادەمی‌زادیش

أ – هەرچەن بێت، هەر بڕێکی دیاریکراوی هەیە، وەکو هەمو هێزێکی تر، ئاخرەکەی ئەگاتە شوێنێك کە لەوەبەولاوە بڕناکات، وەکاری خواناسیش لەرادەی «حق الیقین» دا بێ‌پایانە، کەواتە شتێ رادە بۆدانراو چۆن ئەتوانێ شتێ بێ‌رادەبناسێ.؟ شتێ پایان‌دار چۆن شتێ بێ‌پایان بناسێت؟.

ب – ئاوەز تەنها کاتێك ئەتوانێ شت‌بناسێ وە بەخەڵکیشی بناسێنێت کەبتوانێ لەچواردەوری ئەوشتە، وە لەناوەرۆکی ئاگادار بێت، واتە «عەقل‌محیط‌بێت» بەسەری ئەوشتا تابتوانێ بیناسێ وەبەخەڵکیشی بناسێنێت، دەی ئاوەزو عەقڵی مرۆڤ چۆن بتوانێ هەموی «کەون وەکائنات» وەهەروەهابەدی‌هێنەری هەموی‌جیهانەکان‌و ئەستێرەکان‌و ئەوانەش کەتیایانائەژین یان ناژین، هەروەهالەکەیەوە هاتون چۆن‌و چەنیان چی‌یە، هەموی‌بناسێ وبیان گرێتەبەر ئادەمیزادێك بەتەمەنێکی دواهاتووەوە، وە ئاوەزێکی سنوردارو دیاریکراوەوە، چۆن دەست بداتە ئەم زانیاری‌یە بەرینو بێ‌پایانە. ؟

ج – زانیاری «ماوراء الطبیعة» واتە، ئەودیوی سوروشت، زانیاری‌یێکی «مەعنەوی» یە، واتە پەیوەندی بەرەوان، یان شتێکی ویجدانیات وەدەرونی‌یە، وە لەبازنەی «مادە» بەدەرە، ئەم مرۆڤە چۆن لەبەشی مادەیی مرۆڤایەتی، بۆناسینی بەشی (مەعنەوی) یان رەوانی مرۆڤ، وەجیهان کەڵك وەرگرێ؟.

کەواتە ئەوشتەی کەوا لەپشتی‌پەردەی هەستو هەست‌پێ‌کردنەوەیە چۆن ئێمە بە ئامرازی هەست‌پێ‌کردن بیناسین؟. هەستی ئاشکراو ناسراوی مرۆڤ پێنج‌هەستە، دیتن، چەشتن، لێك‌کەوتن، بیستن، بۆن‌کردن، ئەم هەستانە

کە تەنها ئامرازێکن وان بەدەستی‌عەقڵەوە بۆشت‌ناسین، چۆن بتوانن شتی ئەولای خۆیان هەست‌کەن وبیناسن؟ کەوابو ئەگەر ئێمە بەم‌ئامرازانەی کەوان بەدەست ئاوەزمانەوە بگەرێین بۆشتی پشت‌سوروشت، وەشتێ نەسەرەتای دیاری بێتو نەپایانی، ئایا کارێکی ژیرانەیە؟ وە ئایا کارێکی شیاوە؟

کەواتە : ئەبێ ئێمەش بەچەکی خۆی، چەکی پێویستی ئەو زانیاری‌یە، بڕۆینە مەیدانیەوە، کەبریتی‌یە لەرێگەی، «رەوان» واتەمەعنەویات، جا رێگەی فەیلەسوفەکان، رێگەی ئاوەزو هەستەکانە، بۆ دۆزینەوەو ناسینی. ڕاستەقینەی

خواناسی ی، وەرێگەی سوفی گەریش ڕێگەی «مەعنەویاتە» کەبریتی یە لە ڕەوان، یان بەواتای سوفی یانە، «تەزکیەی نفس»، واتە پاك کردنەوەی ئاوێنەی دەرون، تائەوڕادەیەی کەنورو ڕوناکی «خوا»، واتە «هەل سورینەری کەون و کائیناتی» تیادادەرکەوێ، کەئەونورەی تیادرەوشایەوە «کەئەبێتەئیشراق» وە دڵ بەخۆشەویستی خوا گەرم داهات، واتەکاتێ کەدڵ، کەدەرونی مرۆڤ بەنوری خواگەرمو ڕووناك داهات، جائەوکاتەیە، ناسین وەزانین وە دڵنیایی، ئەبێتە زانینی «حق الیقین»، واتە باوەڕی تەواو، وەئەوەش بزانە، گەورەپیاوانی ڕێگەی خواناسی، وەك پەیامبەران وەك دۆستەکان وەهاوەڵانی پیغەمبەر، وەمرۆڤە پاکەکانی پاش ئەوانیش، بەملیونها کەس بوە، کە گەیشتونەتە ئەو باوەڕە ڕاستەقینەیە.

جالێرەدا ئێمە ئەپرسین، دەی کەوابو ئێمە کە ڕێگەی سوفی یەتیان نەگرتوەتەبەر، یان تەنانەت ئەوانەی کەهەر موسوڵمان نین، یان هەر ناوی ئیسلامیشیان نەبیستوە، ئایا ئەمانە چۆن خوابناسن؟ وەئایا ئەتوانن بیناسن؟

ئایا ئەکرێ جگە سۆفی، وەجگە مەردانی ڕێگەی مەعنەویەت، کەسی تر باوەڕی بەخوا نەبێ؟.

لەوەلاما ئەڵێین وانیە، زۆری واهەیە بەر لەئیسلام بوە، یان ئیستەش نازانێ ئیسلامیش چی یە، وەباوەڕی بەخوایش هەیە وەزۆریك، لەوفەیلەسوفانە هەر لەئیفلاتونەوە تائەگاتە کانت خوایان ناسیوە بەلام، ئێوە مەبەستەکەتان لانەشێوێت، ئێمە ئەڵێین ناسینەکەی ئەوان «علم الیقین»ە واتە لەڕێگەی ئاوەزەوە، لەڕێگەی بیرکردنەوەی دروستەوە، لە ڕێگەی سرنجی عەزەمەت وگەورەیی ئەم جیهانی هەستی یەوە، گەیشتونەتە باوەڕی زانیارانە، وەزانیویانە کەخوایێك هەیە، هەروەکو کەتۆ لە خوێندنەوەی سەردرگای کتێب خانەیێك ئەزانی ئەوە کتێب خانەیە «علم الیقین»، وەلەدیتنی کتیبەکان باوەرت ئەگاتە «عین الیقین» واتە موشاهەدە وە چاوپی کەوتن، بەلام بەخوێندنەوەی کتێبەکان جائەگەیتە «حق الیقین»، ئەوزانیارانە، وەزۆرێ لەم خەڵکەش، هەموی ئەگەنە «علم الیقین»، واتە باوەڕ لەڕێگەی زانیاریەوە بەلام، ناتوانن بگەنە باوەڕی ڕاستەقینە چونکە ئەوچەکە، ئەو ئامرازە، ئەو هۆیەی، وابەدەستی ئەوانەوە، چەکی ناسینی «حەواسی پێنج لانەیە»، چەکی ئاوەزو بیرکردنەوەیە، چەکی مێشکە، چەکی بیرو میشکو ئاوەزیش، هەر ئەوەندە بڕئەکات، وە بوردو توانایی لەوە زیاتر ناڕوات، بەلام لەدەرونی ئێمەدا

چەکێکی زۆر بەهێزترهەیە، کەئەگەر خوابیکاو بۆمرۆڤ بکەوێتەکار، زۆر باش بۆی دەرئەکەوێ، کە لەپشتی پەردەی ئەم جیهانی مادەوە، بێگومان هەستی وەبوونێکی کەش هەیە کە بونی ڕاستەقینە ئەوبوونەیە.

من لە داهاتودا، پشت بەخوا لەوباسە ئەدوێم، کە چۆن مرۆڤ ئەتوانێ لەڕیگەی ئەم هەستی پێنج لانەی ئیستەوە، وەلەڕێگەی ئاوەزی ڕێکو «مەنطق» یەوە، پەی ببا بە بونی خوا واتەقۆناغی «علم الیقین»، وەتائەوشوێنەی بۆمبکرێ، بەدەلیلی عەقلی باوەڕی خۆم دەرئەبڕم.

وە داوەری کردن، سەبارەت بەو باوەڕانە، ئەدەمەوە دەس خۆتان.

جاپاش دەربڕینی باوەڕ سەبارەت بەتوانای ئاوەز بۆناسینی خوا، تارادەی ناسینی زانیاری، سەرلەنوێ باسی کارکردی بڕێ لەفەلسەفەی کۆن بۆسەری تەسەووف ئەکەین.

وەلەپاش هەموی ئەوانەیە، کەئەبێ هۆشی ئێوە ئامادەبوبێت بۆباسی تەسەووفی ئیسلامی، وە هەر ئەوکاتەشە کەنۆرەی باسەکەمان ئەگات وەدێتەپێشەوە.

وتمان ئایا ئەکرێ لەڕێگەی ئاوەزەوە بگەینە ئەوەی کەئەم جیهانە، «واتە هەموی کەون»، ئەبێ هەڵسوڕێنەرو بەڕێوەبەرێکی هەبێ ؟ لەوەڵاما وتمان ئەکرێ ،... بەڵام ئەوزانینە والەڕادەی تێگەیشتنی زانیاری‌دا ؛ واتە «علم الیقین» ، جا چۆن ؟

هەروەکو وتمان مرۆڤ هەرلەسەرەتای ژیانەوە حەزی‌کردوە ، ئەگەر بۆی بکرێت سەرلەهەموشتێ دەرکات ، وەهەموشتێ بزانێ ، «حب الاطلاع» ، وەئەم خوویە ، خوویێکی دەروونی‌ی ، مرۆڤە ، «بۆنمونە» ، منالێ لەتەمەنێکی دیاری‌کراوا ؛ واتە پاش‌سێ‌ساڵ ئەکەوێتە پرسیارکردن ، لە باوكو دایك وەئەوەندە ئەپرسێ کە هەراسانیان ئەکا ، ، بۆچی ؟ چونکە هەرچی‌شتێ ئەبینێ بۆئەو تازەیەو نەناسراو ، ئاوەزیشی کراوەتەوە ، بەڵام سەرمایەی زانینی کەمەو ناتەواو ، جاهەرئەپرسێ‌و ئەپرسێ تا پاش‌تەمەنێك ، ئیتر تۆزێ تێ‌ئەگاتو خۆیشی ئەکەوێتە خوێندنەوەو تاقی‌کردنەوە ، جا لەمناڵێدا یەکێ لەوشتانەی زۆرجار منداڵ ئەیپرسێ ئەڵێ ئەومانگە چییە ؟ هی‌کێ‌یە ؟ کێ‌دروسی‌کردوە ؟

ئێمەی باوکودایك ، بەپێی سەرمایەیێك کەباپیرانمان بۆیان جێ‌هێشتوین ، وە پێی‌ئەوترێ زانیاری ، وەڵامی منالەکانمان ئەدەینەوە ، بەڵام، خەڵکی زۆر لەمێژین ، ئەبوایێ خۆیان ، وەڵامی‌خۆیان بدایێتەوە.. ، بەوچەشنە، بشکنین دەستی‌پی‌کرد ،

وەمەکتەبە جۆراوجۆرەکانی فەلسەفە پێك‌هات، وەپەیامبەرانیش ئەنێردران، بۆ ڕێبەرایەتیو شارەزایەتی، **بۆنمونە** کەئاینی عیسی، لەرۆژئاوادا باوی‌سەند، فەلسەفەی کزکرد، بەهەرحاڵ، دووڕێگەی خواناسی، پەیدابو، یان هەر بڵێین دووڕێگە هەبوو، ڕێگای ئاین لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست‌دا، وە فەلسەفەش لە رۆژئاوای رۆژهەلاتیدا ،لە بەشی پیشوودا ، ڕێگای پەیامبەران، وائاشکرایەو، بناغەکەشی بەسەر موعجیزەوە دانرابو، کە لەرێگەی پیشان‌دانی موعجیزەوە، باوەڕ بەخەڵك پەیداکەن، بەڵام فەیلەسوفەکان، لەرێگەی لێکدانەوەو ئاوەزەوە، کە گەورەترینیان، ڕێگای ئەرەسطوبو، «**العلة الفاعلية والعلة الغائية**»، کەئەکرێ بەخوێندنەوەی فەلسەفەی ئەرەسطو، خۆتان سەیری‌کەن، جالەسەردەمی ئیسلامیشا هەرلەرێ‌رەوی فەلسەفەوە «**فارابی**»، باس، یان سەرچاوەی «**واجب وە مومکین**» ی بەدی هێنا، لەپاشان «**ابن سینا**» ڕێکوپێکتری‌کردو کردیە سەرچاوەیێك بەناوی «**واجب الوجود**» بەپێی ئەوفەلسەفە، خوایێکی هەڵسوڕێنەرو بەدی‌هێنەری کەون «**واجب الوجود**» ە ، وەباقی دروس‌کراوەکان «**ممکن الوجود**» ن ، واتە ، بەردەوام‌بونی کەون بێ‌خواناکرێ وەبێ‌ئیمەئەکرێ هەروەها «**کندی**» سەبارەت بەدرووس‌بون و دواهاتنی جیهانەوە باوەڕی‌تایبەتی‌هەیە، وەبڕێ ڕێگای‌تری فەلسەفە، بەچەشنێکی گشتی، باسێکی‌ترهەیە کەبریتی‌بێ لەوەی چونکی‌ئەم‌جیهانە خاوەنی «**رژێم**» نیظامێکی ڕیکوپێکە، کەواتە، ئەبێ ڕێك‌خەرێکی هەبێ، یان بڵێین، «**سبب ومسبب**»وە «**مسبب الاسباب**»، یان «**اثر وەمؤثر**» واتە «**شوێنەوار وەخاوەن‌شوێن**»، کە بەکوردی ئەبێتە، شوێن هەڵ‌کردن، یان شوێنەپێ، کەئەمەش بەشێکی زانیاری «**کەلام**» بو، بۆ ئەوەی، باوەڕ بەبونی «**خوا**» لەرێگەی ئاوەزەوە ببەنە دڵی ئەوانەی کەباوەڕیان نەبو، یان، کەم باوەڕبون .

جائەمە سەرگوزەشتێکی زۆرزۆرکورت‌و کەمتر لەچاوپیاخشانە وەمێژولکەیێکە لە میلونەمێك لەو باوەڕانەی کەلەرێگەی ئاوەزەوە ویستویانە بگەنە «**خواناسی‌ی**» (**زانیارانە**)، یان (**زانیاری**)، کەهەروەکو وتمان ناوی‌نراوە بە علم الیقین.

جامنیش ئەمەوێ بەش‌بەحاڵی‌خۆم، هەر لەم ڕێ‌ڕەوەوە ڕێ‌ی، خوێنەواری کورد رۆشن کەمەوە وەبەپێ‌ی ئەم سەردەمەی خۆمان، واتە سەردەمی «**مادده**»، یان سەردەمی زانیاری‌نوێ، هەر لەرێگەی ئاوەزەوە، بڕێ لەگەڵی خوێنەواری کوردا بدوێم، وەباوەڕێکی تایبەتی خۆیشم هەیە بیخەمە بەرچاوتان.

من هەرچەن‌وتم، تەنها باوەڕی خۆم دەرئەبڕم بەڵام ئەم‌مەبەستە چونکو پەیوەندی بەباسەکەمەوە هەیە، نیشان‌کردی ئەکەم، ئەویش پەنجەڕاکێشانە بۆکتێبی بڕێ تازەی «**الله يتجلى في عصر العلم**» نوسینی «**جون كلوز مونسما**» کەلەسالی ١٩٥٨ داچاپ‌کراوە بەزۆر زوانیش (**ترجمة**) کراوە John Glover Monsma – ئەم کتێبە بریتی‌یە لەبیروباوەڕدەربڕینی چل‌پسپۆڕو کارناسی پایەبەك ، کە ناوی‌شەهادەو پایەی زانیاری هەریەکەیان نیوەلاپەڕەیێکی گرتوەتەوە، کەهەریەکەی کارناسو پسپۆڕی زانیارییێکی زانینەکانی ئەمڕۆن، وەهەریەکەی لەڕشتەی زانیاری خۆیدا، باش ڕوونی کردوەتەوە وەئەڵێ ئەوەی بۆی‌دەرکەوتوە، ئەوەتە، ئەو کارە، بێ‌بونی ڕێبەرو دروس‌کەرو ئەندازیارێکی تایبەت، هەرگیزنەبوەو نابێ، جائەمەخۆی بەڵگەیێکی‌زۆرگەورەیە بۆخوێنەوارانی زۆربەرزو خوێنەواری ئەمڕۆ، کەئەتوانن خۆیان سەیری‌کەن.

جادێمەوە سەرباسەکەی خۆم.

من‌ئەڵێم ئێمە دوو ڕێگەمان لەپێشایە، سێ‌هەمی‌نیە ئەویش ئەوەتە، باوەڕمان‌بێتەسەرئەوەی ئەم‌گەردوونە، یان لەڕێگەی هەڵ‌کەوتەوە واتە بە«**صودفە**» دروس بوبێت، کەهەروەکو ماتریالیەکان واتە باوەڕکردوان بە«**ئەصالەتی‌مادده**» ئەڵێن.

یان ئەبێ دروس‌کرابێ، واتە ڕێك‌خەری هەبێت، بێگومان جیهان هەیە، وەئەوەتا هەستی‌ئەکەین، بێگومانیشە لە(**مادده**) دروس‌بوە، نابێ بڵێین هیچە، جا بەرلەوەی ئەوان، بەروکی ئێمەبگرن بڵێن دەی‌باشە جیهان کەهەیەو کەماددەشە. وەهەڵکەوتیش‌نیە، دەی‌چۆن‌دروس‌بوە؟ ئێمە ئەڵێین ئەی‌ئەگەر جیهان هەشەو لەماددەیشە وەبەهەڵکەوتیش ئاوا ڕێك‌کەوتوە، دەتۆبڵێ، چۆن‌بوە کەی‌بوە، مادده چۆن‌بوە، ؟ وەهەڵکەوت چۆن ئەم‌هەمو گەردونەو، ئەم‌هەموە گیان‌لەبەرەی دروس‌کردوە، ،؟ واتە چۆن هەرلەخۆوە ئەم هەموە ڕێکی‌یە درووس‌بو؟

دیارە کەئاوەز ئەوەستێ، وەوەڵامی‌نیە، چونکە مرۆڤ کەشتێکی نەناسی وەلەسەرەتاو دوادواییکەی ئاگادارنەبو وەئاوەز، بەهەرچواردەوریا نەسوڕایەوە، خۆی چۆنی‌بناسێ وەبەمنی چۆن بناسێنێ.؟

فەرق ئێمەی باوەڕدارو، ئەوانی بێ‌باوەڕ، ئەوەتە من ئەڵێم، ئەمە تەلەفزیۆنە ئەشی بینم، کەواتە هەم هەیەو هەم‌دروسیش کراوە، هەم وەکوتۆئەڵێیت لە (**ماددەیە**)، بەڵام نەئەزانم چۆن دروس‌کراوەو نەئەیش‌زانم دروس‌کەرەکەی کێ‌یەو

خەڵکی کوێبەو دایك‌وباوکیان ناوی‌چییە، وە نە نەناسینی‌من ئەبێتە‌هۆی‌دروس‌نەکرانی . ئایا نەناسینی دروس‌کەر، ونەزانینی چۆن‌دروس‌بون ئەبێتە هۆی «انکار»وە باوەڕنەکردنی‌تۆ، بەتەلەفزیۆن وە پێم بڵێیت ، مادام تۆنازانی چۆن دروس‌بوە، ئیترئەمە هەرلەخۆیەوە دروس‌بوە، چونکە، ماددەیە، ئەی‌تۆ چۆن ئەتوانی بۆمنی بسەلمێنی، کەئەم‌شتە جوانە، هەروا لەخۆیەوەبوە، وەئەم ماددە هەر بەرێ‌کەوت لەخۆیەوە بوە بەتەلەفزیۆن.

نمونەی‌تر ئەوەتە، تۆ لەچۆڵیکا لەماڵەکۆنێکا هەیکەلێکی جوان‌داتاشراو، یان پارچەشیعرێکی جوان‌نوسراوی مەعناداری بەرز، بدۆزیتەوە، وەبڵێیت، مادام نازانم کێ‌نوسیویەتی، ئەمە هەرلەرێگەی ڕێکەوتەوە، بوەتەشیعر، یان‌بوەتە هەیکەل.

یان، لەبیابانێکا ڕێت‌کەوتە کۆشکو تەلارێکی ڕووخاو، یان نەروخاوی چۆڵ، هەربەوەی نەزانی کێ دروستی‌کردوە، ئەبێ مل‌بادەیتو «انکار» بکەیت، بڵێیت ئەمە هەر بەرێ کەوت دروس‌بوە؟

جا مرۆڤ، ئاوەزی خۆی بکاتە داوەر ئایا دروس‌کردنی هەیکەلێ، یان نوسینی پارچە شیعرێك، یان دزوس‌کردنی دەسی‌ماڵێ، نارەحەتە، یان دروست کردنی، ئادەمی‌زادێك کەهەموی ئەمانە دەس‌کردی ئەون؟ ئادەمی‌زادێك کەصاروخ، دروس‌ئەکا، کە گەیشتوەتە ناومانگ، وە لەوەلاتریش ئەڕوات، کە ئەم‌هەمو «اختراعاته» ی ئەمڕۆ هی‌ئەوە؟

دەی بۆبڵێین هەیکەلێ لەرێگەی ڕێکەوتەوە دروس‌نابێ، تەلەفزیۆنی دەس‌کردی ئینسان بەرێ‌کەوت دروس‌نابێ، پارچەهەڵبەستێکی بەرز کەلەسەرچاوەی مێشکی‌ئینسانەوە هاتوە، لەخۆیەوە بەرێ‌کەوت نەچوەتە سەری ئەوپارچە کاغەزە بەڵام ئادەمی‌زادەکە خۆی کەخاوەنی ئەم‌هەموە ئاوەزەتە، کە (موختەریعو) فەننانو نوسەرە، هەروا لەخۆیەوە وەکو قارچلك هەڵ‌تۆقیوە، بۆچی؟ چونکە «ماددەیە»؟؟؟ ئەمەش بەجێگەی خۆی، ئەی میشولەیێك ئەی‌فیلێك ئەی ئەم‌هەموە تەنظیمات وڕێکو پێکی‌کردنەی جیهان‌و گیان‌لەبەران و گژوگیاو خواردن‌ومیوەو گوڵ‌و جوانی‌سورشتە؟ ئەم‌هەموە کائناتەو تیشکی ڕۆژە، **«کە بوونی داغی هەرلەبێتەهۆی نەبونی گیان‌دار وەنەبوونی داغی هەرئەبێتە هۆی نەبونی گیان دار»** وەکو **«لەکورەی‌مانگدا»** !!!، هەروا بەرێ کەوت هەمویان هاتنەدی، یان هەرمادام من‌عەقڵم پێ‌ناشکێ چۆنەوچۆن‌بوە ئیتر هەر لەخۆیەوە بوە؟

دەی خۆ عەقڵم بەماددەکە ئەشکێ، وەخۆم لەماددەم، دەی چۆنم وەچۆن ئەبم؟ دەی مادام نازانم ماددە چۆن بوە، کەواتە ماددەیش وجودی نیەو منیش هەرنیم، چونکە نەئەزانم ماددەچۆن بوە نەئادەمی زاد یان هێلکە، ئەم هێلکەیەی، کە بە هەزارجۆر ئەی خۆین، وە بەمەکینەیش هەڵدێت وەگیانی تیایە، مادام من نازانم ئەوگیانەی کامەو چۆنە، هەزار کەڵە شێرو ماریشی لێ دەرپەڕێ باوەڕی پێ ناکەم.

جائەمانەی کەوتمان هەموی لەژێرسایەی دووباوەڕا کۆئەبنەوە.

ا – ڕێکوپێك کراوو ڕێکوپێك کەر، واتە «**مونەززەم**» وە «**مونەززیم**»

ب – خاوەن شوێنو شوێنەوار، «**ئەسەر وە موئەسسیر**» چونکو مادام شتی ڕێکوپێك هەبو بێ گومان هێزێك وەئاوەزێك ڕێکی خستوە، وەمادام شوێنەپێ وەشوێنەوارهەبو خاوەن شوێنو شوێنەواریش هەیە وەهەرگیز لەریگەی هەڵکەوتەوە، نەخانوێك لەدەشتێکا هەڵئەتۆقێ وەنە لەناو بەفرو قوڕو لمێکا، جێگای پێی کەرویشکو کەوو، وڵاخێك بە ڕێکەوت دروس ئەبێ.

جائەوشتەی کەمن بەئاوەزی خۆم ئەمخەمە سەری ئەم ڕوونکردنەوەیە، مەبەستێکە ئەگەریش لەمەوبەر وترابێت، من نەبیستومەو نە خوێندویشمەتەوە، کەئەویش باسی... «**زەوجییە**»تە، واتە جووت، یان، جووت بون. یان «**نێرومێ**»، دیارە وشەی «**نێرومێ**» واتەجووت، هەموو بیستومانە، وەلەقورئانی پیرۆزیشا چەندین ئایەت ووشەی «**ازواج**» ی تێدایە، واتە نێرومێ، بەڵام مەبەستەکەی من شتێکی ترە، ئەویش هەرلەم ڕێ ڕەوی پەی بردنەیە بە «**خالیق**»، واتە دروس کەر، واتە هەڵسوڕێنەری جیهان، ئەویش ئەوەتە، بە «**فەرزی مەحاڵ**» وتمان وا لەملیاردها ساڵی لەمەوپێش، لەرێگەی ڕێکەوتەوە لەم سەرزەوی یەدا نێرێك، بەهەمو پێویستێکی نێرینەیی یەوە دروست بو، یان، مێ ینەیێك دروس بو، «**ئەڵبەت بەرێکەوت**»!!!!، ئایا چ ئاوەزو چ عەقڵێك ئەیگرێ، هەر لەوکاتو سات وجێگەو ڕێگەیەدا، قووت، لەوبەریشیەوە، مێ یەکەی، یان نێرەکەی، یان بڵێین، جووتەکەی، ئەویش هەر **بەرێکەوت**» دروس بو؟ عەقڵ ئەیگرێ؟

جا با بپرسین، ئایا ئەم ژن وپیاوە هەربەپانزە شانزە ساڵەیی هەڵ قورتیان، یان بەمناڵی؟ یان بە «**دەڵەمەیی**» وەیان بەتۆمی؟ ئەرتۆم بوون لەکام زکا پەروەردەبوون؟ ئەردەڵەمەبون چون ژیان؟ ئەرپێویستی بەگەرمای وەك زکی دایکە، ئەم گەرما یەك

جۆرە چۆن پێك هات، باشە بەهەرحاڵ، ئەرمناڵ بوون کێ شیری دانێ کام شیر، کام خواردن؟ !!! وەچۆن گەورەکران جاهەروا سەیری «**موستەلزمات**» ی، واتە پێویستی نێرینەیی و هەرچی بۆنێربوون لازمە، هەروا لەخۆیەوە، وەهەرچی بۆمێ بوون پێ ویستە هەروا لەخۆیەوە، وەهەرچی بۆجوت گیری، منداڵ دان، پەیدابون، مەمکو شیردان، لازمە، هەموی ئەم لەملا ئەو لەولا، هەردو بەرێ کەوت، وەلەیەك کات و لەیەك شوێنا پێك هاتن!!! توخوا ئەمە چ عەقڵێ ئەبێ وەری گرێ؟

جا تابگاتە هەزاران هەزار نێرومێ، لە هەزارن هەزار گیان لەبەر، لەهەزاران هەزار شوێنی سەرزەویدا، هەروەها لەملیاردها جۆری درەختو گیاو ڕووەکو میوەدا.؟

ئەمە جوتی ئەمانە هەمویان بەبێ وەستا، بەبێ موهەندیس، بەبێ دروس کەر هەموی لەرێگای هەڵکەوتەوە هاتەدی؟ توخوا هەر، یەك چرای قوتولە، یان درگایێکی دارین یان جەرەوجێگاجەرێك، ئەکرێ لەخۆیەوە دروس بێت کەچی ئەم هەموە جوتە، هەریەکەی جوتی خۆی، لەرێگەی هەڵکەوتەوە، دورس بێت،؟ ئەمە چییە؟ واللە چونکە من عەقڵم پێ ناشکێ چۆن دروس بوە!!!

بابە عەقڵی منوتۆ بۆئەوە دروس نەکراوە کەبتوانین دروس کەری خۆمانی، بەتەواوی پێ بناسین واتە «**عین الیقین**» یان «**حق الیقین**»، لەکاتێکا ناتوانین چۆنیەتی پەیدابون و بەدی هاتنی «**مادده**»شی پێ بناسین، چۆنیەتی خۆمانو ئەرزوئاسمانیشی پێ بناسین لەکاتێکا، کەهەین، ئایا دروس کردنی «**تەنهاچاوی گیان لەبەرێك**» یان «**دڵ**» یان، «**مێشك**» یان، هەرئەندامێکی گرنگی ئەوان، بیرلێ کردنەوەی، بۆمانی دەرناخات، کەناکرێ لەرێگەی هەڵکەوتەوە هاتبێتەدی؟.

جا بەم زانینە ئەوترێ تێگەیشتن لەرێگەی ئاوەزەوە پەی بردن بەوەی کە هەڵسورێنەرو دروس کەرێك هەیەلەرێگەی مێشکو لێك دانەوەی ئاوەزەوە. واتە «**عیلم الیقین**».

جا خواناسیی زانیاران وەفەیلەسوفان وەتێگەیشتوانی بەرلەئیسلام و دوای ئیسلام، تێگەیشتوانی ئیسلام و غەیری ئیسلام، لەئیستەو لەکۆنەوە، ئەم جۆرە تێگەیشتنەیە، بەڵام رێگەی تەسەووف کە بەیارمەتی خوا، باستانی بۆئەکەین، بۆئەوەتە کەبەگرتنەبەری ئەورێگایە بگەینە (**عین الیقین**) وەشایەد (**حق الیقین**). وەبۆئەوەتە بەگیانودڵ بگەینە باوەری ڕاستەقینە وەخۆت بیچێژی وەبەگیان

تامی بکەی، وە «**اطمئنان**»، دلنیایی دەروني بەدەست بێریت، وەئەم بەدەستهێنانی باوەری تەواوە بەخودا ، بۆیە لەمڕێگایەوە دەست ئەدات چونکەخوا خۆی ئەیەوێ، چونکە بەگرتنەبەری ئەوڕێگە تایبەتە، ڕێگەی (**مەعنەوی‌یات**) مرۆڤ ئەوەندە پاك‌ئەبێتەوە ئەگاتە ڕادەیێك شیاوی ئەوە ئەبێت خوای‌گەورە، لەڕێگەی (**موکاشەفە**) ، کەشف ودەرخستن یان موشاهەدە، چاوپی‌کەوتن بەچاوی دەرون چاوی‌بەصیرەت، یان ئیشراق درەوشانەوەی نوری خوا لەدەرونا، باورەکەی ببێتە باوەڕێکی «**عین الیقین**» یان «**حق الیقین**» وەئیتر هیچ‌گومانێ ڕوونەکاتە دەرونی.

لێرەدا وشەیێك هەیە گوتنی پێویستە، ئەویش‌ئەوەتە ئەگەرباس لە«**تەطەوور**»، گێڕانەوە بکەن، کارناکاتە سەری نێرومێ، وەجیهازی پێویست بۆ «**زك‌وزا**» مەیمونێ ئەگەریش ببیتە «**ملکة الجمال**» نێرەکەی ئێرەومێیەکەی مێیە، وەدروس‌کەرێ لەیەکی‌جیا کردونەوە.

ئێمە هەوڵی ئەوەماندا ڕووني کەینەوە ئەکرێت لەڕێگای بەکاربردنی هێزی ئاوەزەوە بگەینە ئەوەی کەئەم «کەونە» لەڕێی هەڵکەوتەوە وابەم‌جۆرە پێك‌نەهاتوە، بەتایبەت بەشی‌گیان‌داران، بەتایبەت دەسمان بۆ ئەو مەبەستە ڕاکێشا، کەچۆن نێرێکو مێ‌یێك کەهەمو ئەندامێکی لەشیان بۆ جوت‌گیری وە سکوزا، یان بەردەوام بونی ژیان، دروس‌بوە، چۆن هەر لەڕێگەی «**صودفە**» وە، واتە هەڵ‌کەوت، هەم مێ‌وە هەم نێریش، دروس‌بو، لەهەموی گرنگ‌تر، ئینسانێك ئەوەندە ڕێکوپێکە کەخۆی شت «**ئیختیراع**» ئەکات، چۆن ئەکرێ بەهەڵ‌کەوت دروس بوبێت، ئەویش مێ بەجیا بەهەڵکەوت، وە لەهەمان کاتوساتو جی‌وشوێنا، نێرەکەشی، هەر بە «**صودفە**» دروس‌بو؟

جاوتمان فەیلەسوفەکان هەرلە مێژەوە هەوڵیان‌داوە بۆناسینی خاوەنی ئەم «**کەونە**»، وصەدها باوەڕیان دەربڕیوە، بەڵام چونکو پشتیان بەئاوەز بەستوە، ئاوەزیش وزەو توانایو بردی، دیاری‌کراوی هەیە، جگە ئەوەی بتوانن بگەنە ئەوەی خواهەیە، ئیترلەوەلا نەیانتوانیوە چی‌دی بڕۆن، ئەمانەش باوەڕی وەکو «**مثل**» ی‌ئیفلاطون، وە یان «**واجب الوجود**» وەئەو جۆرە باوەڕانەیان خستوەتە قاڵبێکی مەنطق‌یەوە، وەکو ئەوەی وتمان باوەڕی شوێنەوار وەخاوەن شوێن، «**أثر ومؤثر**» یان «**حادث ومحدث**» واتە بەدی هاتوبەدی هێنەر، ئەمانەش لە ڕێڕەوی زانیاری «**کەلام**» ەوە، کەزانیاری‌یکی

ئیسلامی یە، بۆی چون، بگرە ئەم تێکۆشانەی موسوڵمانانی زانیاری کەلام، ئەو ئایەتە بگرێتەوە کەخوا بەپەیامبەر ئەفەرموێ: «**اُدْعُ إلى سَبِيلِ رَبِّكَ بِالحِكْمَةِ والمَوْعِظَةِ الحَسَنَةِ وَجادِلْهُمْ بِالَّتِي هِيَ أحْسَنْ**» واتە خەڵك بانگ کە بۆلای خوا پەرستی لەرێگەی زانیاریو ئامۆژگاری باشەوە، وەلەگەڵ ئەوانا بەباشترین جۆر باسو لێکۆڵینەوە بکە.

لەگەڵ ئەوەشا زانیارانی کەلام، گێرەوکێشەیێکی زۆریان هاوردە سەر رێگەی باوەڕی سادەو پاکو بێ ئالایشی ئیسلام، وەگرێ کوێرەی زۆریان تێخست، بەڵام ئەوپەڕی ئەم باوەڕەش، هەرباوەڕی «**عیلمی**» بو، بەلأم فەرقی ئەمان لەگەڵ فەیلەسوفە پێشوەکانا ئەوەبو، کەئەمان ئەیانەویست راستی ئاینی ئیسلامیش بسەلمێنن نەك تەنها هەر بونی خوایێك.

جا مەبەستەکە تا ئەم رادەیەی پەیوەندی بەباسەکەی ئیمەوەبو، لەبەر ئەوە تەنها پەنجەیێکمان بۆراکێشا، بۆئەوەی کە بڵێین بۆیە فەلسەفەی کۆنو تازە، یان تەنانەت زانیاری کەلام، کە زانیارییکی ئیسلامی یە، ناتوانن کانگەو سەرچاوەی «**تصوف**» بن، چونکی بردو توانایی ئەوان بەسراوەبە «**ئاوەزە**» واتە عەقڵەوە، وە وەکو وتمان عەقڵیش لەگەڵ هەمو بایخێکی دا، هەر سنوردار وە رادە دارە، کەواتە عەقل تەنها ئەتوانێ بمان گەیێنێتە «**علم اليقين**» ئیتر چۆن کاری کردوەتە سەر تەصەووف، کە «**عين اليقين**» وە «**حق اليقين**» ە بەلأم بێ گومان فەلسەفەی کۆن، سەرچاوەیە بۆ فەلسەفەی ئیسلامی، نەك بۆ تەصەووفی ئیسلامی، هەروەها سەبارەت بە تەصەووفەکانی پێش ئیسلامیش، چ «**صيني**» چ «**هيندی**» چ «**فارسي**» چ «**یۆنانی**» هیچکام ناتوانن سەرچاوەبن بۆ تەسەووف ئیسلامی، چونکی تەصەووفی ئیسلامی هەروەکو لەئایندەدا روونی ئەکەینەوە هەر لەئاینی ئیسلامەوە سەرچاوە ئەگرێت، وەهەر لەزەمانی «**پەیامبەریشەوە**» درودی خوای لەسەربێ دەستی پێکردوە.

وە هەمو ئەزانین، چ فەلسەفەو چ رێ ڕەوەکانی تەسەوفی ئەو وڵاتانەش، لە ئاخرو ئۆخری سەدەی دوهەمی کۆچی دا، بەڵکو لەصەدەی سێهەمدا گۆڕانە سەر زوانی عەرەبی، «**حوذەیفەی**» یەمانی کە هاوڕێی پەیامبەرە «د. خ» لەکوێ، یۆگای چینو رێ ڕەوی «**ئەسکەندەرانی**» ئیفلوطین لەکوێ، کەپاش صەدها ساڵ «**تەرجومە**» کراون بە عەرەبی، بەلأم بۆ روون کردنەوەیێکی زۆرتری باسەکەمان، ئەپرسین، فەلسەفەکەی وەچۆن هاتوەتە ناو موسڵمانەوە؟ وە لە چ خولێکا؟

هەروەها باوەڕی کارتێ کردنی، تەسەووفی گەلانی تر بۆسەری تەسەووفی ئیسلامی، چۆن وەبۆچی پێك هاتوە؟

ئەوەی کەبۆمان روون بوەتەوە، کتێبە کانی فەلسەفەی یۆنان لەسەردەمانی هارون الرشید «٧٦٦- ٨٠٩» زاینی بەڵکو لەسەردەمی مأمونی کوری هارون دا «٧٨٦- ٨٣٣» گۆڕاونەتە سەرزوانی عەرەبی- بروانە کتێبی «**أعلام الفلسفة العربية**» هەرچەن لە دوادوایی دەسەلاتی ئەمەوی یەکان، لەشاما برێ کتێبی کیمیایی لەیۆنانیەوە گۆڕاونەتەوە سەرعەرەبی، بە تایبەت لە رۆژگاری دەسەلاتی خالیدی کوری یەزیدی کوری مەعاویەدا. بروانە کتێبی «**الفهرست**» ی «**ابن النديم**» بەلام هەروەکو ابن الندیم «٩٣٦- ٩٩٥» ز «٣٨٥» کۆچی مردوە ئەڵێ گومانی تیانیە کە گۆرینی کتێبەکانی فەلسەفە بۆسەری زوانی عەرەبی، لەسەردەمانی عەبباسی یەکانا دەستی پی کردوە، وەکتێبی «**أعلام الفلسفة العربية**» یش هەر ئەم باوەرە تازە ئەکاتەوەو دانی پیائەنێ. کەواتە ئەبێ بڵێین نەفەلسەفەی کۆنی یۆنانی، بەتایبەت فەلسەفەی ئەرەسطو وە ئیفلاطون، وەنەفەلسەفەی تازەی «**ئیفلوطین**» کەبەناوی فەلسەفەی اسکندرانی، یافەلسەفەی ئیفلاطونی تازە، بەناوبانگە، کەسەرچاوەکەی، لە ئیفلوطین «٢٠٣- ٢٧٠» زوە سەرچاوە ئەگرێت، مادام کە لە سەدەی سێ هەمی «**هجري**» دا کراونەتە عەرەبی، ناتوانن کاریان کردبێتە سەر تەسەووفی ئیسلامی، کەسێ صەدەی لەوەپێش دەستی پی کردوە.

ئەم باوەرانە زۆر تری لەرۆژهەلات ناسەکانی ئەورووپاو ئەمریکاوە سەرچاوە ئەگرێت، ئەویش زۆرتری بەهۆی لەیەکچونی برێ لە وتارو باوەرێکەوەیەکە تاك وتراك لە گوفتاری کەڵەمەردانی رێرەوی تەسەووف لەگەلێ گەورەپیاوانی گۆرەپانی فەلسەفەدا لەیەك ئەچن، بەتایبەت فەلسەفەی ئیفلاطونی تازە. بروانە کتێبی «**تاريخ الفلسفة العربية**» نوسینی حەننا فاخوری وەدوکتور خلیل، بەم فەلسەفە تازەیە ئەڵێن فەلسەفەی «**ئەسکەندەرانی**» یان فەلسەفەی «**ئیفلوطین**» دیارەئەگەر بێتو ئێمە باسی ئەو لەیەك چونانەش بکەین ئەوەخۆی پێویستی بە لێکۆڵینەوەی باوەری، لای کەمی دەکەس لە فەیلەسوفەکان ودەکەسیش لە صوفی یەکانی ئەوێت، کە هەم لەوزەی باسەکەیشمان بەدەرەو هەم خویشی بەتەنها هەزار لاپەرە باسی ئەوێت، کە پێویستیکیشی نیە، چونکی ئێمە لەملاوە رووغان کردەوە، وەوتمان بەر لەگورینی

فەلسەفە بۆزوانی عەرەبی، لای کەمی بەدوصەد ساڵ تەسەووف ئیسلامی دەستی پێ کردوە.

جاوتمان ڕۆژهەڵات ناسان، ئەولەیەك چونە تاکو تراکەیان کردوەتە بەڵگە کەئەڵێن «**رابیعەی عەدەوی یە**» بناغەی مەحەبەت «**واتەخۆشەویستی**» کردوەتە سەرچاوەی تەسەووفی خۆی، کەوتوویەتی خودایا من لەترسی جەهەنەم نیە، بەڵکو هەربۆ خۆشەویستی وەرەزامەندبونتەلێم، کەمن بەندەگی تۆئەکەم «**١٨٥** هـ».

جائەڵێن ئەمجۆرە خۆشەویستیە لەهی «**راهبە**» کان، واتە ڕەبەنەکان ئەکات، یان برێ باوەری «**حلول**» یان «**ریازەت**» کێشان وەهی تریش کەلەهی هیند ئەچی یان باوەری «**ئیشراق**» واتە دەرکەوتنی نوری خوداوەند، لەرەوشی یۆنانیەکان ئەچی، وەهی تر.

ئەمجۆرە هەڵسوکەوتو رەوشو باوەرانە، کەبرێکی لەهیندی وەبرێکی لەفارسی وەبرێکی لەیۆنانی وەبرێکی لەمەسیحی ئەچێ: لەناوی کردارو گوفتاری سوفی یەکانا بەرچاو ئەکەون.

بەڵام کاتێ کەئێمە ئەبینین گرنگترین ڕێرەوی تەسەوف: لەهەڵسوتیشتی پەیامبەری گەورەو یارانی بەوە، وە لە دەستوراتی قورئانو ڕێرەوی ئیسلامەوە، وەساڵەها بەر لەگورینو نوسینەوەی ئەو فەلسەفەو وشانەوە، دەستی پێ کردوەو سەرچاوە ئەگرێت، چۆن ئەبێ بکەوینە ئەوگومانەوە کە بگرە تەسەووفی ئیسلامی لەوانەوە سەرچاوە بگرێت، جاشتێکی تر دێتە پێشەوە ئەویش ئامانجو ئاکامە، کەهەرگیز بەرهەمو ئاکامی ئەوری رەوانە یەك نین هەروەکو کەسەرچاوەکانیان لەیەك جیان.

بۆچی؟

بێگومان بنەرەتی باوەر لە تەسەووفی ئیسلامیدا ئایینی «**ئیسلامە**» باوەر کردن بەتاکو تەنیایی خودا «**توحید**» باوەر بە «**ریسالەت**» واتە بەپەیام هاوردنی پەیامبەر لەلای خوداوە، ئەنجامدانی فەرزەکان بەرێکوپێکی، وەدەرنەچون لەچوارچێوەی «**شەریعەت**» وەلانەدان لەرێرەوی مەردایەتیو پیاوەتیو پیاوچاکی، وەهەموردوشێکی پەسەند، وە بەکورتی، بە «**ظاهیرو باطن**» واتە بەئاشکراو بەنهێنی، پەیرەوی کردن لەدەستوراتی قورئان وەپەیامبەر، لەلایێ مرۆڤە هەرەگەورەکانی ڕێرەوی تەسەووف، بۆمانی دەرئەخەن کەتەسەووف ڕێرەوێکی ڕاستەقینەی ئیسلامە، بەڵام نەك هەر

بەرواڵەت وە «ظاهیر»، بەڵکو لەکانگەی دڵیشەوە وەبە پەنامەکی؛ ئەویش بۆ نزیک بونەوە لەخوا هەروەکو وتمان بۆگەیشتن بەپلەی «عین الیقین»، «حق الیقین» وە بۆ بەدی هێنانی دەستوراتی قورئان کەلەمەوپاش یەکە یەکە دەسیان بۆئەکێشین وە لێیان ئەکۆڵینەوە. واتە لەو ئایەتانەی بونەتە سەرچاوەی تەسەووف هەروەکو پەیامبەر ئەفرموێ «الاحسان أن تعبد الله کأنك تراه فان لم تکن تراه فإنه یراك» واتە ئیحسان بەوە ئەڵێن خوا جۆرێك بپەرستیت وەکو ئەوەی کەچاوت لێیەتی ئەگەر تۆچاوت لەو نیە ئەوچاوی لەتۆیە، جا بەمە ئەڵێن مەقامی ئیحسان.

جا ئەمەلەکوێ وەئەوە لەکوێ فەیلەسوفێك لەرێگەی ئاوەزەوە باوەڕێکی بۆ خۆی سەلماندبێ ئەویش لەرۆژگارێکا کەناوی ئیسلام هەرنەبوە وە صەدان ساڵ بەر لەهاتنی ئاینی ئیسلامیش، مەبەستێکی تریش دەربارەی بەهەڵەداچونی ڕۆژهەڵات ناسەکان، سەبارەت بەناسینی تەسەوفی ئیسلامی؛ هەر لەو بەشی لەیەك چونی برێ شتی تەسەووفی ئیسلامی، لەگەڵ «رەبەن گەری» گاورەکان؛ یان هەڵسونیشتی، گۆشەگیرانی ولاتانی تر، یان وتاری فەیلەسوفەکاندا، جگە لەڕوونکردنەوەکەی ترمان ئەوەتە.

ئیمە وتمان تێکۆشان بۆناسینی «ماوراء الطبیعة» خوو خدەیێکە؛ بگرە لەهەمو مرۆڤێکی ئیستەوکۆنیشا بوبێت وەهەیە؛ جابرێ کەس ئەوەندە چوەژێری باسەکە تاگەیاندوویەتە رادەیێك هەموکاتی خۆی؛ وەژیانی خۆیی بۆ تەرخان کردوەو بوەتە گۆشەگیریك، ئەگەر لەکاتی ئاینی مەسیحا بوبێت بوەتە «رەبەن»، لەوەو پێشیش بەناوێك ناوتراوە وەکو «تەرکی دنیا کردو» یان «عەودال». کەجیایە لەوشەی «ئەبدال»ی صوفی گەری، وەئاینی ئیسلامیش بیرکردنەوەی لە ئەرزو ئاسمان وەچۆنیەتی دروس بونیانی لاپەسەندە، «الَّذِینَ یَذْکُرُونَ اللهَ قِیاماً وقُعُوداً وَعَلی جُنُوبِهِمْ وَیَتفکَّرونَ فی خَلْقِ السّمٰاواتِ والأَرْضِ رَبَّنا ما خَلَقْتَ هذا باطلاً سُبحانَكَ فَقِنا عَذابَ النّار» (سورة آل عمران) خوا، ج رەزامەندی خۆی دەرئەبرێ سەبارەت بەوبەندانەی، کەبیر ئەکەنەوە لەدروس بونی کەون؛ ئەفەرمێ ئەوانەی کەلەهەموکاتا لەهەڵسانو دانیشتنیشا خوایان لەیادناچێ وەبیر ئەکەنەوە لەچۆنیەتی دروس بونی کەون. خوایا ئەمانەت بەگاڵتە دروس نەکردوە گەورەیی هەربۆتۆیە؛ بمانپارێزە لەسزای ئاگر، جا بەتەنها بوونی ئەم خووخدەیە: نایێتە بەدی هێنەری ئەوباوەرەی بڵێین، تەسەووفی ئیسلامی درێژەی ئەو تەسەووفانەیە؛ «تەنها ئەکرێ بڵێین» مرۆڤ لەرۆژێکەوە بوە هەرشەیدابوە بەشوێنی

ناسینی «ماوراء الطبیعة» دا، ئیتر لەیەك چونی «ئارادەیێك» ئامانجەكەیە وهیچی تر.

ئەگینا تەسەووفی ئیسلامی تەنها هەر لەئاینی ئیسلامو ڕێرەوی «**موحەممەدی**» یەوە سەرچاوە ئەگرێت.

ئەبێ ئەوە لەیادنەبەین كە پێویستیەكانی جێگەژیان وەچۆنیەتی ژیان، هەروەها ساختمانی لەش، وەبیر كردنەوەی گیانلەبەران سەبارەت بەشتی لەیەكچو، ئاكامی لەیەكچونی ئەبێت «**وەپێویستی بەلاسایی كردنەوە نیە**»، بۆنمونە، باوەڕی مرۆڤ سەبارەت بە جوانی سوروشت، سەبارەت بەهەمو جوانیێك، هەمو بۆنێكی خۆش، «**سەبارەت بەئەوین**» زۆرجار لەیەك چوەو لەیەكیش ئەچێ، زۆركات ئامانج وەئاكام «**لە عیشق مەجازیدا**» واتە خۆشەویستی نێوانی نێرومێ، لەناو هەموی گەلاندا لەیەك چوە. لەیلاو مەجنونی لەناو عەرەبا، یان ڕۆمیو جولێتی لەناو ڕۆژئاواییانا مەموزین وە شیرینو فەرهادی لەناو ئیمەدا، وە سەدان خۆشەویستی‌ی لەم جۆرە لەم سەرزەوی‌یەدا پێك‌هاتوە، هیچی لاسایی كردنەوە لەوی‌تر، یان درێژەو دوابەشی ئەوەی‌پێشو نیە، كەچی هەر سەرچاوەیێكی هەیەو، دورونزیكیش هەر ئامانجێكی بوە، كە پەیدابونی ئەوینێكی توندە لەناو دو مرۆڤی نێرومێدا.

هەروەها چۆنیەتی ژیانی هاوچەشن وە «**ظروف**» وە «**ئەوضاعی**» هاو وێنە، وەناوانو «**بیئەی**» لەیەك چونیش، بگرە ڕووداوو بەرهەمو داهاتی لەیەكچوو بێرێتەدی، جا ئەو «**زروفو**» «**بیئە**» یەی كە تەسەووفی ئیسلامی تیایانا زیاتر لەكاتی ترگەشەی كردوەو باوی سەندوەو «**هەمە جاگیر**» بوە، بگرە ئەوەش هەر لەو زروفە چوێت كەئەو جۆرە تەسەوفە تایبەتەی لەو ولاتانەشا هاوردبێتەدی، بەلام هەروەكو وتمان چونكو تەسەوفی ئیسلامی لەسەرەتای ئیسلامەوە دەست پی‌ئەكا، وەبەوردی پەیڕەوی ئەكات لەڕێرەوی ئیسلام، خۆی ڕێبازو ئامانجێكی جیاوازی هەیە. ئیمە تائیستە گەیشتینە ئەوەی كە هەر لەسەرەتای بوونی ئینسانەوە لەڕووی زەویدا مرۆڤ هەولی‌داوەبۆ خواناسی، وەبەگیانودل كۆشیوە بۆ ئەوەی لەچەنو چۆنی بەدی‌هاتنی جیهان، وەئاكامی‌ژیان سەردەربێنێت، بەلام ئامرازی دەستی مرۆڤ بۆگەیشتن بەم‌ئاواتە، تەنها ئاوەزی خۆی بوە. ئاوەزیش دیارە لەگەل هەمو بەكەلك بونیدا، سنورداروو چوارچێوەیێكی هەیەو بڕدێكی هەیە، وەلە وزەی خۆی بەولاوە ناتوانێ بڕوات‌كەواتە ئاوەزی ئینسان پاش تەواوبونو دواهاتنی بڕدو توانایی خۆی ڕائەوەستێ.

لێرەدایە پەی ئەبەین بەگرنگی بەکاربردنی هێزی دەروونی، بۆخواناسی، بۆ پەیبردن بە رازو نهێنیەکانی ئەولای سورشت وماددە، جا لێرەدایە کەپایەی بوڵەندی تەسەووفان بۆ دەرئەکەوێت، ئێمە وتمان کە تەسەووفی ئیسلامی هەرچەن شتی وای هەبێت کە لە تەسەووفی گەلان، یان رێڕەوو ئاینەکانی جیهانبچێت، هیچ کاتێ لەوانەوە سەرچاوەی نەگرتوە، وە تەسەووفی ئیسلامی لەزەمانی پەیامبەرەوە «د- خ» دەستی پێ کردوە وە ئەوجۆرە رەوشو فەلسەفەو هەڵسونیشتانە پاش سێ «صەدە» لەهاتنی ئیسلام، جا «بەعەرەبی» تەرجومەکراون و موسڵمانان لێیان ئاگاداربوون، واتە کاتێ ئەو شوێنەوارانە لەناو موسڵمانا ناسراون، کەتەسەووفی ئیسلامی چەندین قۆناغی خستوەتە پشت سەری، وەدەها صوفی بەناوبانگ هاتونە ئەم جیهانەوەو رویشتون و «تالیفاتیان» لە تەسەووفدا، کە ئیستە سەرچاوەن، بۆ ئێمە نوسراوەتەوەو، بناغەی تەسەووفی ئیسلامییان ئەوەندە بتەو دارژاندوە، کەهەتاهەتایە هەر لەبتەو بونایە.

پاش ئەم پێشەکیە کورتەیە، کە ئێتر دەس ئەکەینە باسە بناوانیە کەمان، وەئەتوانین بڵێین تا ئیستە هەرچیمان نوسیوە هەموی هەر پێشەکی بوە وەلەمەولایە کەئیتر ئەپرسین:

تەصەووفی ئیسلامی چیە؟

لەکەیەوە دەستی پێ کردوە؟

ئامانجی تەسەووفی ئیسلامی چیە؟

ئایا بەڕاستی تەسەووفی ئیسلامی لەگەڵ ئاینی ئیسلامی هیچ جیاوازیێکی هەیە؟

جا لێرەدایە من سەیری خۆم ئەکەم کەسەبارەت بە وەڵام دانەوەی تەواوو بێ کەموکوڕی ئەم پرسیارانە چەن بچوکو بێدەسەڵاتم، وە هەر چەن سەرچاوەی زۆرم بەدەستەوەیە وەخوێنم لەناو خێزانێکی صوفی مەسلەکا چاوم کردوەتەوە، وە لەم پەنجاساڵەی تەمەنا بەخزمەتی زۆرێك لەشارەزایانی ئەم رێگایە گەیشتوم، لەگەڵ ئەمانەشا ئەڵێم، چۆن وەلەکوێوە دەستی پێبکەم، بەڵام ئومێد بەخوا تائەوێ کە

لەتوانامابێت هەوڵ ئەدەم بۆ ئەوەی کاتێ کەدوایی بەنوسینەکەهات، وەکاتێ کەخوێنەواری کورد لەخوێندنەوەی نوسراوەکان بویەوە– ئیتر بەباشی بتوانێ وەڵامی ئەوپرسیارانە بداتەوە کەوان لەسەرەتای کتێبە کەدا.

جا سادەست لەدەستو قەوەت لەخوا.

ئیستە لەیەکەم پرسیارەوە دەستپێ‌ئەکەین ئایا تەصەووفی ئیسلامی چی‌یە وەئایا تەصەووف وەشەریعەت هەریە کێکن یان جیاوازن؟

ئەگەر یەکێکن ئەم چی‌یەو ئەوچی؟

ئیمە ئیستە کەدەست ئەکەینە باسەکەمان ئیتر بەناوی کەسێکەوە باس‌ئەکەین کەباوەری بەبونی خوای‌گەورە هەیە وەباوەری بەئاینی ئیسلام هەیە بەڵام ئەیەوێ بزانێت تەصەووف ئەتوانێ چ خدمەتێ بەبتەوکردنەوەی باوەرەکەی بکات، وە تاچ رادەیێك ئەتوانێ لەخوای گەورەوە نزیکی کاتەوە، وەچۆن دەروی رووناکی لێ‌ئەکرێتەوەو ئەگاتە پایەی بتەوی «**یەقین**» واتە «**عین الیقین**» و «**حق الیقین**».

هەروەکو لە سەرەتادا وتمان «**تەصەووف**» بریتیە لە «**ذەوق**» واتە چەشتن وە «**ئیشراق**» واتە هەڵ‌هاتنو تابشی نوری خوداوەند لەناودڵاندا وە ئەگەر بێتو بمانەوێ لە رێگەی ئاوەزو «**بورهان**» وسەلماندنی زانیاریوە بۆی برۆین کارمان ئەبێتە کاری رۆژهەلأت ناسەکان: وەسەری دەزوەکەمان لێ‌وون ئەبێت، وەهەموی ئەکەینە گرێ کوێرە، هەروەکو ئەوەی کەبێین لەرێگەی زانیاریەوە لەبارەی «**وەحی**» وە «**میعراج**» وناردنی پەیامبەران بکۆڵینەوە وای لێ‌دێت، ئیمە وەنەبێ بایەخ وەنرخ بۆ زانیاری دانەنێین، بەڵام زانیاری راستودروست بەوە ئەڵێن کەدان بنێت بەسنورداری زانیاری‌دا، وەبزانێت کەئاوەز وە «**عیلم سنورێکی هەیە، وەنابێ لەبەرەی خۆی زیاتر پێ راکیشێت**»، کەواتە سنوری ئاوەز وەزانیاری ناتوانێ لەچوارچێوەی «**تاقی کردنەوەی ماددەیی**» بترازێت، وەهەرچی کە لە سنوری رواڵەتی ماددە تاقی کردنەوە دەرچو ئیتر لەوزەی زانیاریو ئاوەز بەدەرە.

بەڵام تاقی کردنەوەی تەصەووف ئازمونێکی «**رۆحی**» واتە رەوانی‌یە، وەکاری بەکاری‌ماددەوە نیە.

ئەتوانین بڵێین، «**عیلم**»، لەزەوی، لەماددە، وەلەکاری پێنج هەستکەرەکان «**حواس خمسة**» ئەکۆڵێتەوە، بەلأم گۆرەپانی گەردشی تەسەووف‌وا لە کەونو ذەوقو رۆحو هەستی دەرونی‌و ئیشراقی نوری خودایدا وە بەرزتر ئەفرێت.

تەسەووف تانەی چێژێت ناتوانی هەستی پێ بکەیت، کەوابو تەسەووف ئازمونی ڕەوانە نەك «**نەظەریەیکی عیلمی**».

لێرەدا دێینە سەر ئەوەی کەئایا تەسەووف هەر پەیڕەوی یە لە ئاینی ئیسلام؟ کەواتە لەگەڵ شەرعا فەرقیان چی یە.

وەڵام ئەوەتە بەڵێ تەسەووفی ئیسلامی هەرپەیڕەوی یە لەئاینی ئیسلام،

بەڵام شەریعەت ئەوەی کەئەیەوێ لەمرۆڤ، ئەوەتە، کەبەپێی دەستوری شەرع، سپاردەکانی ئەنجام دات، وەکوئەوەی بۆ نوێژکردن پێویست نیە بیروهۆشت نەڕوابە لایێکا، بەڵکومادام سپاردەکەت ئەنجام دا، لەکوڵت کەوتوە، بەڵام تەصەووف، وردەوردە وات لێ ئەکات، لەهەموی نوێژەکەتا، چرکەیێك بیرت بەملاولادا نەڕوات، هەرئەوەش نیە بەڵکو لەهەموی کاتی نوێژەکەتا، لەنوروبەرەکەت وەهەزاران بەرهەمو دەس کەوتیش بەهرەمەندبیت. کەوابو، ئەتوانین بڵێین، پەیرەوی لەشەریعەت، پەیڕەوی یە لەدەستوری ئیسلام بەجۆرێکی ڕەواڵەتی، بەڵام تەصەووف سەرەڕای ئەو ڕواڵەتیەش پەیڕەوێکی دەرونی و وجدانی شە لەئیسلام، وەئەنجامدانی حەقیقەت و جەوهەرو کاکڵی ئیسلامە، بەدەرودەرون، بەدڵ وبەگیان. بەبارێکی ترائەوانەی کە ئیمانەکەیان تەقلیدی یە، وەیەقینەکەیان یەقینێکی عیلمی یە بەئیمان ویەقینەوە پەیڕەوی ئەکەن لەشەریعەت، بەڵام صوفی یەکان ئیمانەکەویەقینەکەیان (عين اليقين)ە کەواتە، بەئیمانێکی یەقینی وکامڵ ترەوە پەیرەوی شەرعن.

کەوابو، فەرقێك نیە، بەڵکو پەیڕەوی صوفی یەکان گەرم ترو دەرونیترە.

چۆن.. هەروەکو ئەڵێن.. شەرع ظاهیربینە. واتە ئەگەر تۆ ویستت دزی، یان درۆ، یان خراپەیێك، بکەیت، وەماوەیێکیش هەستو بیرت بەوکارە دژانەی ئاینەوە مەشغوڵ بو، مادام تۆدەستت نەدایە کارەکەو ئەوکارەت نەکرد «شەرعا» بە تاوانبار دانانرێت قانوونیش هەروایە، بەڵام تەسەووف وات لێ ئەکات «**ئەوەی دژی ئاینە، ئەوەی بەزیانی خەڵکەهەرگیز بەدڵتا تێ نەپەڕێ وەخەیاڵی نەکەیت، بەڵکو جگەئەوەش هەمیشە بیر لە ئەنجامدانی کردەوەی چاك بکەیتەوە**». وە دڵودەرونت ئەبێتە هیلانەی «**خۆش ویستی**».

بەپێی شەرع، تۆ لەسەرتە، دەستورەکانی خوای گەورە وەکو نوێژ، زەکات، حەج، ڕۆژو، ئەمانە ئەنجام دەیت، بەلاّم تەسەووف وات لێ ئەکات کەساتێ لەیادی

خوداوەند غافڵ نەبێ، وە زۆریش لەم کردوەیەت خۆشنودبێت وە لەذذەتی لێ بەرێت. وەگەشەی پێ بکەیت.

ئەنجامدانی فەرمانی خوداوەند بۆ موسڵمانانی تر، جۆرێکە لەفەرمانبەری بۆپاداش، یان لەترسی سزادان، چونکی ناسینی خوداوەند ناسینێکی **«عەقلی»، یان عیلمی یان ئیوری»** یە، بەڵام چونکی ناسینی **«خواناسان»** ناسینێکی **یەقینی**یە، ئەیتە فەرمانبردن بۆ خوشەویست کە لەپێش هەموشتێکا هەر لەبەر خۆشەویستیە. وەمرۆڤ لەئازاری خوشەویست دڵخۆشە نەك لەنەوازشو کەرەمیشی.

لێرەدایە ئەپرسین کەئایا ئەم ڕێ ڕەوەی تەسەووفە لەگەڵ فەرمانی خوداوەند وەدەستوراتی قورئانا ڕێك ئەکەوێت یان هەر ڕێرەوێکی تایبەتە؟

بێ گومان ڕێ ڕەوی تەصەووف، ڕێ ڕەوی گەورەپیاوانو کەڵەمێردانی ڕێگای خوداذۆستیو خوداپەرستی یە وەئەگەرپێتو لە ڕوانگەی ئاینەوە لەرەوشو کرداری شامەردانی ئەم ڕێگایە بکۆڵینەوە، وەبیان دەین لەمەحەکی تەقواو پارێزگاری سەیر ئەکەین کردارو گوفتاریان، سەری موێك لە ڕێگەی شەریعەت لانادات.

جائێمە لەداهاتودا دەس نیشان ئەکەین بۆ ئەو ئایەتە پیرۆزانەی قورئانی مەزن، کە ئەم ڕێگابەرزەیان خستوەتە بەردەمی مرۆڤ، وەئەم خەلاتە جوانەیان تایبەت کردوە بۆ ئادەمی زاد، وەسەبارەت بە **«نەفس» «قەلب» «ذکر» «تەوبە» «سلوك» «طریقەت»** «وەباس ئەکەین، تا وردە وردە بۆمان دەرئەکەوێت کەتەصەووف چۆن جەوهەری ئیسلام وەشەریعەتە، وەچۆن مرۆڤ ئەگەیێنێتە سەرمەنزڵی مەقصود.

وەسەبارەت بەزۆر مەبەستی تر باس ئەکەین کە وردە وردە خۆیان دێنەپێشەوە، وە بەیارمەتی خوا تێ ئەکۆشم هەر بەئایەتی قورئان ڕوونی کەمەوە، چۆن خوداوەندی گەورە، کەخۆی فەرمانئەدا بە بەندە هەڵکەوتوو وەلەخۆبردووەکانی، بۆئەوەی ئەم ڕێگایە بگرنەبەرو بەری نەدەن تا ئەگەنە مەرام، وەانشاءالله بۆتانی ڕوون ئەکەینەوە کەپایەی مرۆڤی خواناس چەن بەرزەو ئەگاتە کوێ، وەهیممەتی مەردانی ئەم ڕێگایە چۆن جێگەی سەربەرزی کۆمەڵی مرۆڤە.

وەچۆن **«نیکرانی ذات»** **«لەخۆبوردن»** دروشمی دەستی پێشەوایانی جیهانی تەصەووفە. وە گوێ ڕائەگرین بۆ گوفتاری زۆرێك لەوپێشەوایانە کە لەروانگەی خۆیانەوە تەسەووفیان بە ئێمە ناساندوە وەپێیان ئەڵێن کەسۆفی بەکێ ئەڵێن، هەروەها باسی خزمەتی گرنگی ئەم ڕێ ڕەوشتان بۆ ئەکەین بە جیهانی ئەدەب وەزانیاری.

لێرەدا هەربۆسەلماندنی ئەوەی کە ئەم رێ‌ڕەوە رێ‌ڕەوی راستینی ئیسلامە، دەس نیشان ئەکەین بۆ وتەیێکی «ابن سینا» لەکتێبی «الأشارات والتنبیهات» دا کە ئەڵێ:

زاهید، بەوکەسە ئەڵێن کە دەستی هەڵگرتبێت لەسەرمایەو سامانی دنیایی وەلەرابواردن، وەپشتی تێ کردبێ.

عابید، بەوکەسە ئەڵێن تەمەنی خۆی تەرخان کردبێت بۆ نوێژو هەمو جۆرە فەرمان بەرداریێکی تری خوداوەند.

عاریف، بەڵام عاریف بەکەسێ ئەڵێن کەبەردەوام هەستو بیرو سرنجی خۆی کردوەتە لای «عظمەت» خوداوەند وەئەیەوێ خوداوەند بەلوطفی خۆی دڵودەرونی روون کاتەوە، وەنوری‌خودا لەدەرونیا بدرەوشێتەوە، جاری‌جار، وارێك ئەکەوێت کە هەموی ئەم ناوانە بەجارێکا بۆ یەك کەس کەخاوەنی هەموی ئەم «صیفاتانە» بێت بەکار ئەبرێت، واتە ئەکرێت کە یەك کەس، هەم زاهید بێت وەهەم عابید وەهەم عاریف، وە بەوکەسە ئەوترێت «صوفی».

لێرەدا بەباشی بۆمان دەر ئەکەوێت کەبەکێ ئەوترێ صوفی.

ئیمە تائیستە ئەوەمان بۆروون‌بویەوە کە رێڕەوی «تەصەووف»هەوڵو تێکۆشانێکە بۆگەیشتن بەپلەی خواناسی لەرێگەی هەستی‌دەرونەوە، وە ئەم‌هەستەش هەروەکو لەئایندەدا رونی‌ئەکەینەوە، هەم بە «ذەوق»واتە چەشتن لەرێگەی دەروونەوە نەك زوان وەهەم بە «موشاهەدە»واتەچاوپێ‌کەوتن «نەك‌چاوپێ‌کەوتن‌چاوی‌سەر» بەڵکو بەچاوی دەروون کە پێی ئەوترێ بەصیرەت هەست‌ئەکرێ،

وە ئەم دیتنو چەشتنانەش کەصەدها جۆری‌هەیە ئەوە خۆی ئەبێتە هۆی دڵنیاییو ناسینێکی راستەوخۆی گومان‌لێ‌نەکراو، بەجۆرێك کە ئیتر باوەری مرۆڤ بەخوایەتی‌خوا ئەگەر نەگاتە پلەی «حق الیقین»بێ‌گومان ئەگاتە پلەی «عین الیقین»وە دەرون لەگومان ئەکەوێت و ئینسان دەس لە دڵەراوکێو بشکینو دوودڵی هەڵ‌ئەگرێ وە بەمرازی خۆی ئەگات. جالێرەدا چەن‌پرسیارێ دێنەپێشەوە،

أ: سەبارەت بەوکەسەخۆی ئەپرسین، ئایا پاش‌ئەوەی کەباوەر بویە باوەرێکی تەواو وەمرۆڤ هیچ گومانێکی لەخوایەتی خوادا نەما وەکەوتەسەر رێ‌ڕەوی خواناسی، ئیترمرۆڤ هەروەکو لەوەپێش ئەمێنێتەوە..؟ ئایا کرداری ئەگۆرێت؟ ئایا

بیروباوەڕی سەبارەت بە هەڵسونیشت لەم جیهانەدا چی بەسەردێت ؟ **«لەمە سەبارەت بەرەفتاری ئەومرۆڤە»** ،

ب : بەڵام سەبارەت بەرێڕەوێك کەئینسان پاش دڵنیایی تەواو وە گومان لێنەکراو ، واتە **«عین الیقین»** وە موشاهەدە ، یان **«حق الیقین»** واتە **«ذوق»**وەچەشتن ، وە بەهرەداربون لە تابشی نوری خوداوەندی ئەیگرێتەبەر ، کەئەویش بریتی‌یە لەرێڕەوی **«تەسەووف»**پرسیاری زۆریتر بۆئیمە دێنەپێشەوە .
وەکو ئەوەی بپرسین :

یەکەم :

تەسەووف چۆن بناسین واتە **«تەعریف»**وە پێناسێکی رێکوپێکی تەصەووف کامەتا ، ئایا لەروانگەی گەورەپیاوانی تەصەووف ، وەلەروانگەی زانیارانی ئەم رێڕەوەوە ، تەصەووف چی‌یە ؟ چۆن تەصەووفان پێ‌ئەناسن ، وەصوفی‌کێیە ؟ بەکێ ئەتوانین بڵێین صوفی .

دووهەم :

ئایا چۆن بزانین رێڕەوی تەسەووفی ئیسلامی دەق‌بەدەق لەگەڵ دەستورو فەرمانی قورئانو **«سونەتی**پەیامبەر» یەکێکە ؟

سێهەم :

رێڕەوی تەصەووف چی‌یە چۆن ئەکرێ پەیرەوی لێوە بکەین ، بەچی دەسبت پێ‌ئەکات پایانی کامەو ئاکامی بەکوێ‌ئەگات ؟

چوارەم :

چۆن‌بزانین کە تەسەووفی‌ئیسلامی هەر لەسەردەمی پەیامبەرەوە بوە ، بەڵگەمان‌چی‌یە ؟

پێنجەم :

ئایا ئەم رێڕەوانە **«طەریقەتانە»**لەیەك جیان یان‌هەموی بۆیەك‌ئامانجە ؟

شەشەم :

ئایاشێخ‌یەتی وەئیرشاد یان **«شێخ‌بونو موریدبون»** لەگەڵ تەسەوفدا هەریەکێکن یان لەیەك جیاوازن ؟ وەچۆن ؟

حەوتەم :

لە «اصطلاح» ی تەصەووفدا بەکێ ئەوترێ شێخ ؟

هەشتەم :

صوفی بەکێ ئەڵێن وە «**متصوف**» بەکێ ئەوترێ ؟

نۆهەم :

کارکردی تەسەووف بۆسەری وێژەی هەموی ئەو زوانانەی کەتەسەووف لەناویانا گەشەی کردوە وەدەس ڕاکێشان بۆ وێژەی تایبەتی تەسەووف بەتایبەت عەرەبی ، کوردی ، فارسی وە هی‌تریش وە چەندین پرسیاری تریش کەبگرە لەکاتی لێکۆڵینەوەو شی‌کردنەوەی باسەکەماندا بێنەپێشەوە ، من تی‌ئەکۆشم ئائەوڕادەیەی بۆم بکرێت و بتوانم ، بۆ خوێنەوارانی خۆشەویستی ڕوون کەمەوە وەبەوردی وەڵامی پرسیارەکان بخەمە پێش چاویان .

لام‌وایە لەپێشا پێویستمان بەڕوونکردنەوەیێکی زانیارانەی «**ئیمان**» ، واتە باوەڕ ئەبێت چونکە پەیوەندێکی ڕاستەوخۆی بەباسەکەمانەوە هەیە ، کەوابو ئەڵێن باوەڕ دوجۆرە .

یەکەم : باوەڕی «**تقلیدی**» واتە شوێن‌کەوتن ، یان «**لاسایی‌کردنەوەی لەخۆ گەورەتر ، بەتایبەت دایك‌وباوك ، لەوەتە ئەبینین منال ، یەك‌سەر ئاینی باوکودایکیان وەرئەگرن وەشوێنی‌ئەکەون .**

دووهەم: باوەڕی «**ئیستیدلالی**» واتە باوەڕ بەپێی بەڵگەو سەلماندن ، وەپرسیارو لێکۆڵینەوە .

جا باوەڕی ئیستیدلالیش ئەبێتە دووجۆر

أ : لەڕێگەی بەڵگەی ئاشکراو «**ئاوەزپەسەندەوە**» بەڵگەیێ کەئەکرێ لەڕێگەی یەکێ یان هەموی هەست‌پێ‌کەرەکانەوە هەست‌بکرێ ، وە ئاوەز پەسەندی بکات .

ب : لەڕێگەی هەستی دەرونی‌یەوە ، هەروەکو وتمان دیتنو چەشتنی دەرونی ، واتە «موشاهەدە ذەوق کە بەرهەمی «**ئیشراق**» واتە تابشی نوری خوداوەندییە ، کە

ئەم جۆرە باوەڕە هەروەکو ئێمان باوەڕی ڕێڕەوی تەسەووفە ، کەوابو لەمەولا باسی ئێمە سەبارەت بەم جۆرە باوەڕە ئەبێت واتە «ئیمانی شهودی» لەڕێگەی دەرونەوە ، کە هەمان «تەسەووف»ـە .

مەبەستێکی گرنگی تریش هەیە کەئەبێ ڕوونی بکەینەوە ئەویش ئەوەتە ، موسوڵمان هەرئەوانەنین کەڕێڕەوی سوفیەتیان گرتبێتەبەر ، بەڵکو هەروەکو وتمان هەم ئیمانی تەقلیدیش هەیە وەهەم ئیمانی ئیستیدلالی ، کەئیستیدلالی لەڕێگەی تاوەزەوە ، وەبەهۆی هەست کردنی «پێنج حەواسەوە» ئەبێ وە ئەمانیج و ئاکامی هەموی ئەم ئیمانانە ، پەیرەوی کردنی «ظاهیری»یە لە «شەریعەت» ، یان ، ئەکرێ بڵێین پەیرەوی یە لە «ظاهیری شەرع» ، بەڵام «ئیمانی شهودی» واتەباوەڕکردنی دیتوەمزەکردنی دەروونی ئەوە ، بە پەیرەوی کردن ئەبێت «لەظاهیروباطنی شەرع» یان بە «ظاهیروباطن» ، واتە بەئاشکراو پەنامەکی ، وە لەدەرەوەو لەدەرونا پەیرەوی کردن لەڕێڕەوی ئیسلام ، کە بە پەیرەوی ظاهیرەئەڵێن شەریعەت بەمی تریش ئەوتری طەریقەت ، وە تەریقەت ڕێڕەوێکە بۆگەیشتن بەحەقیقەت وە حەقیقەتی ئیسلام بریتی یە لەپەیرەوی کردن لەئاینی ئیسلام لەئاشکراو لەپەنامەکیشدا واتە هەم بە لەش و زوان و گوفتار و کردار هەم بەگیان و دڵ و دەرون ! جائیستە باش ڕوون کردنەوەی مەبەستی «ئیمان» واتە باوەڕ ، هەرچەن لەداهاتودا بەوردی باسی چونیەتی ئەو باوەڕە ئاشکراو نهێنیە ئەکەین ، بەڵام بۆنمونە ، خوای گەورە لەدوا ئایەتی سورەی «الكهف» دائەفەرمون «فَمَنْ كَانَ يَرْجُو لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلاً صالحاً ، وَلا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا» لێرەدا هەر تەنهالەم ئایەتەدا ئەگەر بەچاوی خیرەد سەیرکەین ، ئەو پەرستنی ئاشکراو نهێنی یەمان بۆدەرئەکەوێ ، یەکەم ، خوداوەند چاوپی کەوتنی خۆیانیان پەیوەند داوە بەکردەوەی چاکەوە ، کردەوەی چاکەش بێ گومان «هەمولاگرە» واتە هەم ئەنجامی فەرضەکان ئەگرێتەوە وەهەم هەموکردەوەیێکی چاك ، بەڵام ئەومەرجەی کە خوای گەورە بۆکردەوە چاکەکانی داناوە لەهەموی گرنگترو سرنج ڕاکیش ترە کە ئەفەرمێ «ولا يُشْرِك .. هتد» . موسوڵمان نابێ لەکاتی ئەنجامدانی ئەوکارە چاکانەدا وەلەکاتی ئەنجامی دەستورەکانی خوادا ، شەریك وە هاوبەش بۆخوا دانێ ، شایەد ئێمە بپرسین بڵێین من کەهاتو نوێژم کرد ، حەجم کرد ، زەکاتم دا چاکەم کرد ، چۆن شەریکم بۆخودا داناوە ، وەڵام ئەوەتە کە ئەبێ لەکاتی ئەنجام دانی ئەم کارانەدا باوەکو بەئاشکرایش ئەنجام درابن ، ئەبێ تۆ بۆخوات ئەنجام

داێ ، واتە «ریاءی تیانەبێ ، فیز بەسەرکەسا نەکەی ، منەت بەسەرکەسا نەنێیت ، «سوء استفادە» لەوکارە چاکە نەکەیت ، ئەگەر کردت ئابێ بەتەمای پاداشەکەی بی ، کەچاوپێکەوتنی خوایەو گەیشتن بەخوایە ، وە ئەگەر کردت ئەوە شەریکت بۆخوا قەرارداوە ، واتەپەرستشەکەت ظاهیرەکەی بۆخوایەو نهێنیەکەشی بۆ ئەوەتە بەپیاوچاك بزانرێیت ، جا گرتنەبەری رێ‌رەوی تەسەووف بۆئەوەتە مرۆڤ وای لێ‌بێت ، کە پەرستشەکەی تەنها بۆخوابێتو بەس ، پاش ئەم روونکردنەوەیە ، ئەگەرێمەوە بۆسەری وەڵامی ئەوپرسیارەی کە لەسەرەتای باسەکەدا پرسیان ، **«ئایا پاش‌گەیشتن بەباوەڕی تەواو ، ئەومرۆڤە هەروەکو لەوەوپێش ئەمێنێتەوە ؟ ... هتد»**

بێگومان مرۆڤ لەهەرکارێك وە لەهەرمەبەستێك کە دڵنیابو وەباوەڕی گەیشتە پلەی چاوپێکەوتن ، یان چەشتنو مەزەکردن و تاقی‌کردنەوە ، ئیتر ناتوانێ بەپێچەوانەی ئەوراستەقینەیە هەنگاو هەڵگرێ .

بۆنمونە : ئایا کەس ئامادەئەبێ کە دەستی‌خۆی بدا بەئاگرەوە ؟ بێگومان ئامادەنیە ، بۆچی ؟ چونکی بۆی دەرکەوتوە کە ئەسوتێ ، یان لەکاتی سەفەرا کە گەیشتە بیابانێکی وشکوڵم‌دار یان ماهوسەختێکی کوێستانێکی گەورە ، ئایا ئامادەئەبێ روی ئوتومبیلەکەی تێ‌کا ؟ بێگومان .. نا ، بۆچی ؟ چونکی لای‌روونە کەرێگانیە ، وەهەستی ئاوەز پاڵی‌پێوەئەنێ کەبێهودە خۆی ماندو نەکات ، بەهەرحاڵ ، پاش دڵنیابون لەهەرمەبەستێ چاك یان‌خراپ ، خۆش یان ناخۆش ، ئیتر هۆش‌وبیر وە ئاوەز ، بەباری راستەقینەکەدا هەنگاومان پێ‌هەڵ‌ئەگرێ .

جا کەوابو مرۆڤ ئەگەر لەرێگەی خواپەرستی‌یەوە گەیشتە پلەی خواناسی ، ئیتر هیچ‌کاتێ ناتوانێ لەو راستەقینەیە ، لەو کامەرانی‌یە ، لەو پایەوپلە باڵایە ، دەس هەڵگرێ ، وەبۆهەمیشە ئەبێتە رێبوارێکی تێکۆشەر لەورێگا مەزنو پڕ لەکامەرانیەدا بۆگەیشتن بە مەنزڵی **«مەقصود»** .

پاش ئەم روونکردنەوەیە ئەڵێم ئێمە کەهەموی باسەکەمان بۆ ناسینی رێ‌رەوی تەسەووفە ، لە ئایندەدا ئەگەرێینەوە بۆسەری باسەکەمان وەدەس ئەکەینە وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە راستەوخۆ پەیوەندی‌یان بەباسەکەمانەوە هەیە .

بۆ نمونە ئەپرسین .

یەکەم : تەسەووف چۆن «تەعریف» ئەکرێت وە یەکێ ئەوترێ صوفی ؟

ئێمە لەپێشا وتمان چونکە تەسەووف مەبەستێکی «ذەوق» ، واتە مەزەکردنە وەشتێکی دەرونیو مەعنەوی یە ، ناتوانین بەوجۆرەی دەس ئەدات بۆ وشەی «ئیسلام» کە بریتی یە لە ئاینوشەریعەت وەیاساو «قانون» تایبەتی ئاشکرای هەیە ، تەعریف دانێین هەر بەوجۆرەش بۆتەسەوو وفیش چوارچێوەو «تەعریف» ی دیاری کراو دانێین ، بەڵام خۆناکرێ هەروا دەستیشی لێ هەڵگرین ، کەوابو بۆناسینی صوفی وە تەصەووف پەنائەبەینە بەر ئاستانەی کەڵەمەردانی ئەم رێ ڕەوە خۆیان ، وە لەزوانی ئەوانەوە پەنجە بۆ وەڵامەکە رائەکێشین ، بەتایبەت هەروەکو زوتر بەڵێنمان دا نوسینەکەی ئیمام «غەززالی» لەکتێبی «المنقذ» دا ئەکەینە کوردی بۆتان .

لێرەدا دومەبەستی تریش هەیە کەئەبێ سەرنجێکیان بدەین :

یەکەم : ناسینێکە کە هەریەکە لەگەورەپیاوانی ڕێ ڕەوی تەسەووف سەبارەت بەناساندنی «صوفی» وەتەسەووف وتویانە ،

دوهەم : بیروباوەڕی کارناسانو نوسەرانو لێکۆڵەرانێکە کە لەکتێبەکانی خۆیانا باسیان کردوە . هەرچەن ئەگەر بێتو بیروڕای هەموی ئەو گەورەپیاوانە بنوسین ، خۆی تەنها پێویستی بەکتێبێکی جیاوازە ، کەوابو ، ئێمە برێ لەوبیروڕایانە دەس چن ئەکەین وە بەیارمەتی خوا لە داهاتودا پێش کەش تانی ئەکەین ، بەڵام ئەبێ ئەوەش بزانین کە ئاکامو ئامانج لەهەموی ئەو بیروڕایانەدا هەریەکێکە ، بەڵام هەرکام لەوان لەڕوانگەی خۆیانەوە باوەڕیان دەربڕیوە ، لەپاشان دەس ئەکێشین بۆ باوەڕی برێ لێکۆڵەرانو کارناسانو نوسەرانی باسی تەسەووف .

ئەم جۆرەکەسانە هەرچەن خۆیان سوفی نەبون بەڵام بەهۆی خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە بونەتە پسپۆر لەم ڕێ ڕەوەدا ، پاش ئەوەش باوەڕی خۆیشم هەرئەنوسم ، وەبەیارمەتی خوا وەڵامی پرسیارەکانی تریش ئەدەمەوە .

ئومێدەوارم بەنوسینی ئەوبیروڕایانە بتوانم تارادەیێك ئەرکی سەرشانم سەبارەت بەناساندنی تەسەووف بۆخوێنەواری کورد بەجێ بێنم ، هەرچەن ئەرکێکی زۆرگرنگوگرانیشە ، وەهەروەکو دوکتور «زکی مبارك» لەبەرگی یەکەمی کتێبەکەیا

«**التصوف الاسلامي في الادب والاخلاق**» پاش حەوت‌ساڵ لێکۆڵینەوە پێی‌دێت ، وەئەڵێ ، ئەرکی ناسینی تەسەووف لەوزەی تەنها یەك‌کەس بەدەرە ، وەخۆی سەبارەت بەئەنجام‌دانی ئەوسپاردەیەبە ناتەوان ئەزانێت ، جامنیش هەرچەن خۆم لەناوی خێزانێکی ئاینی «**تەسەووف مسلك**»دا چاوم‌کردوەتەوە وەزۆربەی تەمەنیشم لەگەڵ دۆستان‌و شارەزایانی ئەم رەێگایەدا بردوەتەسەر وەئێستەش زیاتر لەصەدوبیست سەرچاوەی چاپ‌کراوو چاپ‌نەکراوی عەرەبی‌و فارسیم لەبەردەستایە ، سەرەڕای ئەوەش هەرئەنجام‌دانی بێ‌کەموکوڕی ئەم سپاردەیەم لاگرنگە .

لەگەڵ‌ئەوەشا بەیارمەتی‌خوا هەوڵی خۆم‌ئەدەم ، وەداوای‌لێ بوردنیش ئەکەم ،

٥ «وتەی گەورە پیاوان»

هەموی سەروەرانی ڕێگای تەصەووف ، باوەڕیان لەسەر ئەوەتە کەتەصەووف بریتی‌یە لە **«زانیاری خوانامی»** واتە **«حیکمەت»** ، زانیاری خوانامی ئەوزانیاری‌یەیە کەئەبێتە هۆی خۆش‌بەختی لەهەردوجیهان‌دا ، وەکو خوا ئەفەرمێت **«وَمَن يُؤْتَ الحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْراً كَثيراً»** ئایەتی «٢٦٩» البقرة ، هەروەها خوا لە سورەی جومعەدا ئەفەرمێ **«هُوَ الَّذي بَعَثَ في الأُمِّيِّنَ رَسُولاً مِنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آياتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الكِتابَ والحِكْمَةَ»** کەواتە ئەوەی‌یەوێ دەستی‌بگاتە حیکمەت واتە **«خوانامی»** یان زانیاری‌دەرونی ، بێ‌گومان ئەبێ خۆی برازێنێتەوە بە پەیڕەوی‌کردن لە **«شەریعەت»** ، وە بە پاك‌کردنەوەی دەرونیش لەهەموشتێکی ناپەسەند .

جائەگەر کردار دەق‌بەدەق شەریعەت دەرهات وە دڵودەرون پاك‌کرایەوە لەهەرچی‌شتێ ناپەسەندو دژی باوەڕی ئیسلامە ، وەگسکی‌لێ‌درا ، وائەودەرونە شایستەیی ئەوە پەیدائەکات کەنوری هەق تیا بدرەوشێتەوە ، پەیامبەر ، درودی‌خوای لەسەربێت ، ئەفەرمێ **«قَلْبُ المُؤْمِنِ عَرْشُ اللهِ»** یان **«عَرْشُ الرَّحْمٰنِ»** .

عطاءاللهی ئەسکەندەری ،کەیەکێکە لەگەورەپیاوانی ئەم ڕێگەپیرۆزە لەکتێبی **«حِكَمُ العَطائِيَّة»**دا ئەفەرمون : جابەڵکو روناکی‌خودایی رویکردە دەرونت ، بەڵام کاتێ دی ئەودەرونە خاوێن‌نیە سەرلەنوێ روی لێ‌وەرچەرخاندو گەڕایەوە ، کەواتە تۆ دەرونت پاك‌کەرەوە لەهەرچی‌شتە **«واتە دڵی‌مرۆڤ جگە لەیادی‌خوا هیچی‌تری تیانەبێت»** جائەوکاتە خوا پڕی‌ئەکات لە **«ئەسرارولەئەنوار»** واتە لەنهێنیەکانو لە روناکی‌یەکان .

خوا لەسورەی **«نازعات»** دا ئەفەرمێ . **«وأمّا مَنْ خافَ مَقامَ رَبِّهِ وَنَهَى النَّفْسَ عَنِ الهَوَىٰ فإنَّ الجَنَّةَ هِيَ المَأْوىٰ»** گەیشتن بە بەهرەو خەڵاتی خوانامی دەس‌کەوتی خاوێن‌کاری **«نەفسە»** واتەدەرون .

وتراوە زانیاری تەصەووف لەهەرچی زانینە پیرۆزترو گەورەترە ، ئەمەش بۆچی ؟ چونکە زانیاری ناسینی خوای گەورەیە ، بێگومان زانینێ کەهی خواناسی بێت لەهەرچی زانیاری یە گرنگ تروپیرۆزترە ، وە بەرهەمیشی لەهەموبەرهەمی بەکەڵك ترە ، وەخاوەنی ئاوا زانیاریێك ، لەهەرزانایێکی تر بەرێزترە ،

صوفی بە کەسێك ئەڵێن لەرێڕەوی تایبەتی تەصەووفەوە تێ ئەکۆشێت پلە بەپلە باوەری زیادبێت و لەخوا نزیك بێتەوە تائەگاتە دواپلەی باوەر ، وەدڵی ئۆقرە ئەگرێت ، هەروەکو خوای گەورە لەسورەی «الفتح» دا ئەفەرمێ «هُوَ الَّذِي أَنزَلَ السَّكِينَةَ فِي قُلُوبِ الْمُؤْمِنِينَ لِيَزْدَادُوا إِيمَانًا مَّعَ إِيمَانِهِمْ» ئەمەش ئەگەر بەتێکۆشان نەبێت دەس ناکەوێ «وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَانِ إِلَّا مَا سَعَىٰ وَأَنَّ سَعْيَهُ سَوْفَ يُرَىٰ» سورەی «والنجم» ، ئەوکەسەش بەدڵوگیان وەبەپاکی تێ ئەکۆشێت بۆنزیك بونەوە لەخوا ، خوا خۆی ئەیێتە رێ بەرو رێ پیشان دەری ، «وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا» ئاخری سورەی «عنكبوت» .

زانیاری تەصەووف ، یان زانیاری «معنوی» ، بۆدوناسین تێ ئەکۆشێت ، کە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە ، ناسینی خۆی وەناسینی خوای گەورە ، چونکە یەکێ خۆی نەناسێ چۆن ئەتوانێ خوای خۆی بناسێ ؟ وەئەگەر توانی خۆی بناسێت رێگەی خواناسیشی بۆخۆی هەموارو ئاسان کردوە ، «مَنْ عَرَفَ نَفْسَهُ فَقَدْ عَرَفَ رَبَّهُ» ، بێگومان خۆناسی کارێکی ئاسان نیە وە باسی خۆناسی بەتەنهاخۆی پێویستی بەکتێبێکە ، بەلاّم بۆنمونە ، مرۆڤ ئەبێ بزانێت کەخۆی بەندەیەو دروس کراو ، بەرانبەر بە «خالق» ، وەبەرانبەر بەهەموکەسێکی تر ، سپاردەی لەسەرە هەروەها دەربارەی خۆیشی هەرسپاردەی لەسەرە ، سەبارەت بەدایکو باوکو ژنومنداڵ ، بەهاوسێ وهاوولاتی .. هتد .. مرۆڤ ئەبێ رۆژانە سەیری دەرونی خۆی بکات ، کە لەم سپاردانە کامی جێ بەجێ کردوە ، وەلەکامی لای داوە ، زیانی سەبارەت بەخۆی ، بە خەڵك ، چی بوە ، وەکەڵکی کام بوە ، وەئایا سەبارەت بەسپاردەکانی خوا ، کە دروس کەرو رۆزی دەریەتی ، چۆن هەستاوە ، رەوشی چاکەی چی یە ، تازیادی کات ، رەوشی ناپاکی کامە تالای بات ، وەلەم بابەتە ..

جاهەرکەس بەم چەشنە خۆی ناسی وەهەستی چاکەی لەدەرونی خۆیا بزواندو پەروەردەی کرد ، وەهەستی ناچاکی و ناپاکی لەدەرونا گسك داو نابودی کرد ، ئەوساکە ئامادە بێ پەیدائەکات بۆخواناسیش ، ئەوەتا کەئەڵێ ئەوەی خۆی ناسی خوایش ئەناسێت ، وەئەوەی خۆی ناسی چارەی هەمودەردێکی دەرونی کراوە ، بەلاّم کەسێ کەلوتی بەئاسمانەوەبێت ، وەلەخۆی بایی بێت وەنەتوانێ سەرنجێکی دەرونی خۆی بدات ، ئیترچۆن بتوانێ خوابناسێ ؟

خوا ئەفەرمێ «**سَنُرِيهِمْ آيَاتِنَا فِي الآفاقِ وفِي أنفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أنَّهُ الحَقُّ**» سورەی «**السجدە**» یان هەرلەم بارەوە ئەفەرمون «**وَفِي أنفُسِكُم أفَلا تُبصِرُون**»؟ سورەی «**ذاریات**».

ئەبو سولەیمانی دارانی : کەیەکێکە لەگەورەپیاوانی رێگەی تەصەووف ئەڵێت «**دڵی صۆفی مەنزڵی خوای گەورەیە ، ئەوشتەش کەخوای دی نامرێت ، کەواتە دڵی صۆفی هەرگیزنامرێت**»

پێشەکی نوسانی کتێبی «**التعرف لمذهب أهل التصوف**» لەنوسینی «**ابو بكر محمد الكلاباذي**» کەلەساڵی «٣٨٠» کۆچی (٩٩٠) زاینی دا فەوتی کردوە ، واتە دوکتور «**عبد الحليم**» وەهاوڕێکەی ئەڵێن .

هەرهەنگاوێك کەصوفیەکان هەڵیان گرتوە هەنگاوەکەشیان نەمرە ، هەروەکو دڵیان کەنەمرە ، بۆچی ؟

چونکە هەرهەنگاوێکیان کەهەڵ گرتوە ، هەربۆ خوایان هەڵ گرتوە .

جالەبەرئەوە صوفیەکان خۆیان لەسەرئەوباوەرەن ، کە خۆشەویستو هەڵبژاردەو «وەلی» خوان ، وەهەروەها پارێزەری کەلامی خوایشن .

پرسیویانە لە شیخ مەعروفی کەرخی ، «**خۆشەویستی چۆنەو چی یە**» ؟ فەرمویانە ، «**ئەی برام خۆشەویستی شتێك نیە خەڵك بەدەرس بیڵێنەوە ، خۆشەویستی لەلایەن خۆشەویست خۆیەوە بەدەرس ئەوترێتەوە ،**» کەواتە هەرئەم خۆشەویستی یە گەرمەیە ئەبێتە هۆی ئەوەی صوفی ، روو لەهەرلایێك بنێ ، جگەخوا هیچ نابینێ ، «**فَأيْنَمَا تُوَلُّوا فَثَمَّ وَجهُ اللهِ**» سورەی «**البقرە**» ئەم خۆشەویستی یەش بەپەیرەوی کردن لەفەرمانی خوای گەورە بەدەست دێت کە لە رێگەی پەیامبەرەوە (د . خ) بە ئێمە گەیشتوە کە ئەفەرمێ «**قُلْ إنْ كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللهُ**» سورەی «**آل عمران**» .

لای صوفی هەرچی وا لەم جیهانەدا ئاوێنەیێکە کە خوای گەورەی تیابەدی ئەکات ، وەجگە لەشوێنەوارو «**ئایات**» توانایی و میهرەبانی خوانەبێت هیچی تێدا نابینێت .

ذو النون میصري «٢٤٥» کۆچی کەیەکێکە لەکەڵەمەردانی ئەم گۆرەپانە ، لەم بارەوە ئەفەرمێت .

«**ئەی خوای گەورە قەت گوێم نەداوە بەدەنگی گیانلەبەرێك یان بەخشەی گەڵای دارێك ، یان بەخورەی ئاوێك ، یان نەوای پەلەوەرێك ، یان دەنگو ئاوازێکی خۆش ، یان هاژەی ئاڵگەی ئاوێك گرمەی هەورێك ، کە هۆیێك وە**

بەڵگەیێك نەبوبن لەسەر پیشاندانو دەرخستنو دەربڕینی تاکوتەنیایی تۆ وەلەسەرلەوەی کەتۆ خوایێکی بێ وێنەی وە وێنەتنیە» هەروەکو لەپێش ترا دەسمان بۆکێشا ، کوشتنی نەفس گەورەترین سپاردەی هەر ڕێ ڕەوێکی ڕیگەی تەصەووفە ، بۆچی ؟ چونکە سەرکێشیو لاڕێ ڕەوی نەفس ، «**واتە هەستی دەروونی مرۆڤ**» گومانی تیانیە هەروەکو لەزوانی یوسفەوە خوا خۆی ئەفەرمێ ، «**اِنَّ النَّفْسَ لَأمَّارَةٌ بِالسّوء**» .

وەخوا خۆی ڕەزامەندی بەرانبەر بەو بەندانەی دەرئەبڕن ، کەجڵەوی نەفس ئەگرن «**وَنَهَى النَّفْسَ عَنِ الهَوَى**» ، کەوابو صوفی تێ ئەکۆشێت بەرادەیێك جڵەوی هەستی ناپەسەندی خۆی ڕاگرێت ، تاوای لێ دێت کرداری ئەبێتە کردارێکی خوایی وە خواپەسەند . «**عَبْدِی کُنْ رَبّانِیاً تَقُلْ لِلشَّيْءِ کُنْ فَیَکُون**» «حەدیثی قودسی» .

«**جونەید**» .. ماموستای ماموستایانی شاریگەی تەصەووف ئەفەرمێ .

«**صوفی وای لێ دێت هەرچی جوڵانەوەیێکی ئەبێت بەوجۆرەئەبێت کەخوایی خۆشە ، وەهەرگیز سەرپێچی ناکات لەفەرمانی هەق ، بەچەشنێك هەستی لاڕێگری خۆی ئەکوژێت ، وەهەتاهەتایە لەناوی هەستی فەرمانبەردارێدا ئەمێنێتەوە**» .

بەڵێ صوفی ڕاستەقینە ڕەوشی مرۆڤگەرایەتی ئەگۆڕێت بەڕەوشی خودایی ، وە ئەم پایەبەرزەیەی بەشەر کەس ناتوانێ پێی بگات جگە لەڕێ ڕەوی «**تەصەووفی ئیسلامی یەوە نەبێت**» .

فەناو تیاچونی صوفی لاشەلەناولاشەدا «**یان لاشە لە ڕێگەی ویستی لاشەدا خۆی تیابیات**» ئەوەنیە ، وەتیاچونی ڕۆح بۆ ڕۆح «**یان لەناو ڕۆحدا**» نیە ، بەڵکو ، فەنای ویستنایەلەویستنا ، وەفەنای ڕەوشەلەرەوشا وە «**صفات لەصفات**» دا ، واتە ، ویستی خۆت تیائەبەی بۆ ویستی خودا ، ڕەوشت ئەبەیتەسەری ڕووشی ئەوەصیفاتت ئەکەیتە صیفاتی خودایی ، وەصیفاتی ، بەشەری خۆت تورئەدەیت ، هەروەکو صوفی یەکان خۆیان ئەڵێن «**فانِیاً عَنْ اوصافِهِ باقِیاً بأوصافِ الحَق**» ، واتە چۆنیەتی خۆی تیابردوە وە هەر چۆنیەتی خودای لاماوەتەوە .

تەصەووف هەڵفڕینو پەروازو بەرزبونەوەیە ، ڕووەو ، «**کمال**» ئەوەندە ئەڕوات تائەگاتە پایەی بەرزی لەبەرکردنی خەڵاتی «**مەوصوف بە سیفاتی خودایی**» هەروەکو لەحەدیسی قودسی دا ئەفەرمون «**کُنْتُ سَمْعَهُ الذي یَسْمَعُ بِهِ وبَصَرُه الذي یُبْصِرُ بِه ، الخ**» واتە خوائەفەرمێ ، ئەوبەندەیەم کەڕەفتاری وای لێ هات ، ئیترمن ئەبمە هەستی بیستنی ئەو وەهەستی بینینی ئەو هتد» ..

کلاباذی ... کەیەکێکە لەگەورەپیاوانی تەصەووف ئەفەرمێ ، پایەی فەنابون لەویستی‌جیهان «**مقام الفناء عن ارادة الدنیا**» لەوتاری «**عبد الله بن المسعود**» کەیەکێکە لەیارانی پێغەمبەر «د.خ» دەرئەکەوێ. عبدالله وتویەتی من هەرگیز بەخەیالْا نەئەهات. لەناوی یارانی‌پەیامبەردا کەسێ هەبێت کە ... ویستی دنیای‌هەبێت ، تائەوکاتەی ئەو ئایەتە هاتەخوارەوە کەخوانەفەرمێت «**مِنْكُمْ مَنْ يُرِيدُ الدُّنْيا وَمِنْكُمْ مَنْ يُرِيدُ الآخِرَة**» ... سورەی «آل عمران» جا ، کلاباذی ئەفەرمێ «**عبد الله بن المسعود**» لەوکاتەدا لەمەقامی «**فانی عن ارادة الدنیا**» دابوە ، واتە بەهیچ‌جۆرێ ویستی دنیا لەدرونیا نەبوە .

توێژەرانی کتێبی «**التعرف لمذهب اهل التصوف**» ئەڵێن ، صوفی‌یەکان لەکورەی خۆشەویستی خوداوەندا سوتاون ، خووخدەیان بوەتە خووخدەی ئەوەهەڵسونیشتیان بەوجۆرەیە کە خواپێی‌خۆشە ، لەسەرخوانی نیعمەتی پەروەردە بوون ، وەزبانیان بەیادی ئەوو ناوبردنی‌ئەو بردوەتەسەر ، خودایش دەرونی لەهەموئالایشێك پاك کردونەتەوە . وەدای‌شۆربون لەهەمو ناخاوێنێك وە هەڵی‌بژاردوون بۆخۆی ، پایەی بەرز کردون‌و خۆشی‌ویستون‌و رازی‌بوەلی‌یان ، دەرگای نهێنیەکانی لی‌کردونەتەوە ، بە بەخشندەیی‌خۆی لەهەموزانیارییێکی ، چەشتن‌وزانین‌و بینین ، بەهرەمەندی‌کردون «**واتقوا الله ويُعلِّمُكُم الله**» سورەی «**البقرة**» .

صوفی‌کەسێکە هەرچەند ئاگای‌هەیە لەخۆشیی بەهەشت ، لەگەڵ ئەوەشا بۆ نزیك‌بوونەوە لە خاوەنی بەهەشت‌ئەکۆشێ ، نەك بۆبەهەشت ، هەروەکو یەکێ لەگەورەپیاوانی جیهانی‌تەصەووف ئەڵێ بەموریدێکی «**ئەگەر بەهەشت‌ئەوێ بڕۆبۆلای ابنُ مُدَيْن، کەعالم بوە**» ، ئەگەریش خاوەنی بەهەشت‌ئەوێ ، وەرەبۆلای‌من ، لە کتێبی «**نفح الطیب**»دا ئەڵی رێگەی گەیشتن بە بەهەشت رێگەی شەریعەتە ، وەرێگەی گەیشتن بەخوا ، رێگەی تەصەووفە ، واتە رێگەی «**حقیقەت**» .

رابیعەی عەدەویە : باڵندەی پەرسوتاوی رێگەی «**مەحەببەتی**» خودایی ئەڵێ ، خودایا من نە لە ترسی دۆزەخ تۆئەپەرستم وە نە بۆ پاداشی بەهەشت ، بەڵکومن ، هەر لەخۆشەویستیدایە کەکورنوشی بەندەیی بۆ گەورەیی‌تۆ ئەبەم .

دوکتۆر «**زکی مبارك**» لەسەرەتای کتیبەکەیا «**التصوف الاسلامي**» کە لەکتێبەسەرچاوەکانە ئەڵێ : ئەمە کتێبێکە لەتەصەووف‌دا وەتەصەووف لەخۆبوردنە «**نکران الذات**» ، لەپاشان ئەڵێ ، من‌وام‌ئەزانی ، تەصەووف پەیوەندی لەگەڵ

ئیشارات ، وە ڕێ‌ڕەوو نەریت (تقالید)ەوە هەیە ، بەڵام‌ئیستە بۆم‌دەرکەوتوە کەبەستراوە بە دڵو دەرونو گیانەوە ...

ابو نصر السراج :... کەلە (٣٧٨) کۆچی‌دا فەوتی‌کردوە لەکتیبی «اللمع» دا کەیەکێکە لەسەرچاوە گەورەکانی تەصەووف ئەڵێ ، «ابراهیم بن المولد الرقی» سەبارەت بەناساندن واتە «تعریف» ی تەصەووف زیاتر لە صەدوەڵامی داوەتەوە .

هەروەها یافعی لەکتیبی «نشر المحاسن الغالیة» دا ، ئەڵێت ، سەبارەت بەناساندنی وشەی «تەصەووف» پتر لەهەزاروەڵام دراوەتەوە .

مەبەست ئەوەتە کەبۆ پەردەلادان لەسەری ئەم ڕازە ، وە پەی بردن بەم نهێنیە ، وەبەم جیهانە بێ‌پایانە ، وەئەم دەریای‌بێ‌بنوکەنارە ، زۆرباس‌کراوەو زۆر وتراوە .

«شیخ احمد الشرباصی» : کەیەکێکە لەنوسەرانی ئەم‌چەرخە وەئوستاذی ئەزهەریوە ، لە زنجیرە وتارەکانی «الثقافة الاسلامیة» دا لەمارسی «١٩٦١» دا لەبەشی «التصوف عند المستشرقین» دا ئەڵێت .

تەصەووف ڕێ‌ڕەوێکی ڕەوشی کۆمەڵایەتی‌و دەرونی‌یە ، کەبۆخۆی سەرەتاو ، ڕێ‌ڕەوو «بورهان» وبەڵگەو ، مەردانو ، قارەمانانو ، کتێبو ، سەرچاوەو ، کەڵکو ، سودو ، کانگەی ، تایبەتی خۆی هەیە .

هەروەکو لەمەوبەریش وتمان ، لەبەرئەوەی کە جیهانی تەصەووف جیهانێکە ئەگەرکەسی‌پێیەوێ بەتەواوی لێی‌تێ‌بگات ، ئەبێ‌خۆی بێتە گەشت‌کەرو گەڕۆکی ئەوجیهانە ، وەکو هەمو جیهان و زانیاریێکی نەناسراوی‌تر :... بەڵام هێشتا ناسینی جیهانی‌تەصەووف لەزانیاری‌یەکانی‌تریش نەناسراوو داپۆشراوترە ، بۆچی؟ چونکە تەصەووف هەم‌دیتنەو هەم‌چەشتن ، هەم .. تابشی نوری‌هەقە بۆسەری‌دەرون واتە «ئیشراق» ، وەهەم مەقامو ئەحواڵە . مەقام هەروەکو پایەوپلەی ئیشی دنیای وایە ، وەکوبڵێن فیسارکەس ، مودیرە یان ، مولاحیظە ، واتە خەلاتێکی دەوام‌دارتری خوداوەندی‌یە کەلەڕێگەی خواپەرستی‌و ذیکرو پارێزگاری «تەقوا» وە ، بۆصوفیەکان دەست‌ئەدات ، بەڵام حاڵ ، هەرچەن ئەویش هەرشتێکە لەم‌بابەتە ، بەڵام بەردەوام‌نیە ، واتە گۆڕان لەحاڵێکەوە بۆحاڵێ زوو زوو دەست‌ئەدات وەبگرە چەن‌جاریش هەرئەوحاڵە بڕواتوبگەڕێتەوە ، بەڵام مەقام دامەزراوە کەگۆڕانیش

بۆلای سەروترەوە ئەڕوات، سامەگەر خوانەخواستە کارێکی ناپەسەندی لێ ڕوبدات، وەئەوپلەوپایەیەی لەدەست بدات.

جا مەبەست ئەوەیە، صۆفی چۆن ئەتوانێ کەسی تر تێ بگەیێنێت لەوجیهانەڕەنگاوڕەنگەی خۆی، لەکاتێکا ئێمە ئەگەر بمانەوێ مەزەی میوەیێك باس کەین بۆکەسێك کەئەومیوەیە نەخواردبێت، نازانین چۆنی بۆباس کەین و تێی گەیێنین، چۆن بڵێین تامی هەرمێ یان هەنجیر چۆنە، ئەگەر بڵێین شیرینە، خۆشەکرو هەنگوین و خورمایش شیرینن، بەڵام هەریەکەش تامی خۆی هەیە، کەی ترشی هەنارو سرکەوسماق ئەبنەیەك:؟ جا ئەگەر شتێ، هەم چەشتن و هەم دیتن، وەهەم تابشی نوربو، هەم حالومەقام، وەهەمویشی لەڕێگەی دەرونەوەبو، واتە«مەعنەوی»بو، دەی ئیتر چۆن ئەکرێ ئەم جیهانە بەکەسی تر بناسرێت، تاخۆی سەرنەکێشێتە ناوی ئەوجیهانە وە.

«مورید‌ێکی شیخ محی الدین ابن العربی» «۱۱٦٥ - ۱۲٤۰» هاتەلای شیخ، وتی، خەڵك ئازارم ئەدەن وەباوەڕ بەم ڕێرەوەمان ناکەن. شیخ فەرموی ئەگەرکەسێك داوای بەڵگەی کرد بۆناسینی ئەم ڕێگایە، تۆش لێی بپرسە، بەچی با ئەزانێت کەهەنگوین شیرینە، بێ گومان ئەڵێ چەشتومە، بڵێ، کەواتە ئەمیش تانەی چەشتی نای زانێ.

شتێکی تر هەر سەبارەت، بەگرانی ناسینی جیهانی تەصەووف ئەوەتە، ئەوانەی کەخۆیان مەستی شادی وخۆشی ئەوجیهانەن، وە سەرگەرمی چنینی گوڵوبەرهەمی ئەوباغ و باغچەیەن، وەمەدهۆشی بۆن وشنەی ئەومەڵبەندەشیرینەن، وەگومی ناوگۆمی لوطف وکەرەمی خوداوەندن، وەحەیران وسەرگەردانی عەزەمەتوگەورەیی و پاکی وڕووناکی وە بەندەنەوازی و میهرەبانی خوای گەورەن، کەی ئەیان پەرژێتە سەری ئەوەی باسی ئەوجیهانەو ئەوژیانەی خۆیان بۆئێمەبکەن، وە چۆنی بکەن، جگەئەوەی، کەبڵێن ئەم جیهانەمان خۆشە، ئەم میوانە نایابن، وەهەرکەس مەردە بابێت خۆی لەم خۆشی وشادی یە بەهرەمەندبێت و خۆی بێ بەش نەکات، جگەئەوە ئەتوانن چی بڵێنو چی بکەن ؟؟.

مەبەستێکی گرنگی کەش بۆنەناسراوی جیهانی تەصەووف ئەوەتە، بۆچۆنیەتی ئەوخۆناسینو ڕێگاناسینە، کەزانیارانی ئەوڕێگایانە ویستویانە بەئێمەی بڵێین زۆرتری

بەزوانی ئیشارەو کینایە، یان بەجۆرە وتەیێك دواون، کەوەکو زوانی تایبەتی خۆیان وەهایە، کەوابو ئەکری بلێین، هەریەکە لەوگەورەپیاوانە بەزوانی پایەوپلەو کاتوساتی خۆیان، لەگەڵ ئێمەدا دواون، کەوابو بەزوانی حاڵی خۆیان، یان، بەدەس هەڵنەکاندنو ئیشارەت، یان بەزوانێك کە تارادەیێك ئێمەش لێی تێ بگەین، ئێمەیان بانگ کردوە، بۆ سەرکێشانەناوی ئەوجیهانە شیرینەیان، وەهەرکەسەی بەزوانی حاڵی خۆی، وەلەپایەی خۆیا، باسی ئەوشوێنەی بۆکردووین کەخۆی تیایەو، باسی ئەو چەشتنو دیتنەی کردوە کەبەشی خۆیەتی و، خۆی لێی بەرخوردارەو لێی بەهرەمەندە، کەوابو ئەتوانین بلێین، ئەکرێت بەرادەی هەرچی گەورەپیاوان و زانایانی ئەم ڕێگایە هەیە، «تەعریف» وەپێ ناس، بۆتەصەووف دابنێین.

جالەگەڵ ئەوەشا ئەبێ بزانین کە هەدەفو ئامانجی هەموی ئەمانە هەریەکێکە، وەهەموی هەرباس لەخۆشی و لەگەورەیی و لەراستی وچاکی ئەم ڕێگایە ئەکەن، بەلاّم بە «تەعبیر» واتە لێك دانەوەو راگەیاندنی جۆراوجۆر، ئامانج یەکێکە، هەموی بانگ کردنە بۆسەر ڕێگەی خواناسی وخوادۆستی، وەباسی خۆشی ومەزنی ئاکامی کارەکەیە، بەلاّم هەریەکەی بەوزوانەی کەئەی زانی باسی ئەوشتەمان بۆئەکات کە دیویەتی و چەشتویەتی و لێی بەهرەمەند بوە، وەهەرکەسەی لە «حال ولمەقامیکا» دێتە وتارو بانگەواز، کەخۆی تیایا بەرخوردارە.

جائیستە باگوێ ڕاگرین بۆ «تەعریف» واتە ناساندنی تەصەووف لەزوانی برێ لەگەورەپیاوانی ئەم شارێگەوە، هەروەکو لەپێشاوتمان تائیستە هەزاران «تەعریف» کراوە ئێمەش وابڕێ لەوتەعریفانە کەنزیکترن لەرادەو وزەی پەی پێ بردنی ئێمەوە، ئەی خەینە بەرچاوتان، وەخۆیشتان ئەتوانن لەناو ئەوکتێبە سەرچاوانەدا کەهەم لەم بەشەداو هەم لەکۆتایی کتێبەکەدا، پێش کەش تانی ئەکەین، لەباسەکە بگەن.

ئەبێ ئەوەش لەیادنەبەین هەریەکێ لەم گەورەپیاوانە دەهاجار سەبارەت بەپێ ناسی تەصەووف باسیان کردوە وە صەدها کتێبیان نوسیوە، بەلاّم ئەمەی کەئەینوسین نمونەیێکی زۆربچوکە لەبەشێکی کەم لەوتاری ئەو گەورەپیاوانە.

شیخ مەعروفی کەرخی:

کەلەسالی دوصەدی کۆچی دا فەوتی کردوە، لێیان پرسیوە تەصەووف چی یە

لەوەلاّمدائەڵێت. «تەصەووف پەیڕەوی‌کردنە لەحەقایق، وەدوورەپەرێزی‌کردنە لەوشتەی کەبەدەستی خەڵکە».

ئەبوسولەیمانی دارانی :

ئەڵێت، تەصەووف بەوەئەڵێن صوفی شتی‌وای‌بەسەرادێت جگەخوانەبێت کەس سەری لی‌دەرناکات، هەروەها لەگەڵ‌خوای‌خۆیا والەحاڵێکا جگەخوانەبێت کەس‌نای‌زانێت.

ئەبوتورابی نەخشەبی :

ئەڵێت، صوفی‌کەسێکە هیچ‌شتێ لێلی‌ناکات، وەهەموڵێڵێک بەو ڕوون‌ئەبێتەوە «٢٤٥» هجری‌فەوتی کردوە.

بشرالحافی :

ئەڵێت، صوفی‌بەکەسێ ئەڵێن کەدڵودەرونی پاك‌بوبێتەوە «١٥٠ - ٢٢٧» کۆچی ٧٦٧ - ٨٤١» میلادی

بایەزیدی‌بەسطامی :

«١٨٨ - ٢٦١» کۆچی، ئەڵێت صوفیەکان وەك‌منداڵێك وەهان کەخواخۆی پەروەردەکردنیانی گرتوەتەخۆی «وان‌لەپەنای‌خوادا» .

ئەبویەعقوب‌ئەلسوسی :

ئەڵێت، صوفی کەسێکە هەرچی‌ێکی‌هەبە بیبەن بێزارنابێت، وەلەڕێگەی گەیشتن بەموورادیشا قەت کۆڵ‌نادات.

ئەبولحەسەنی‌نوری :

کەلەساڵی (٢٩٥) کۆچی‌دا دواکۆچی‌کردوە. ئەڵێت، صوفیەکان،خێڵێکن کەدڵیان گسك‌دراوە لەزیانەکانی ئادەمی‌زادیەتی، وەلەئافەت‌و نەخۆشی «نەفس»، چاك‌بونەتەوە، وەلەدەس ئارەزوو ویستوخواستی دەرون ڕزگارن، وە گەیشتونەتە بەرزترین وەپێش‌ترین پلەی خوادۆستی، وەمادام کەدەسیان‌هەڵگرتوە لەهەرچی‌شتە جگەخوانەبێ، کەوابو ئیتر نەخاوەن‌شتن، نە کەسیشیان‌کردوەتە خاوەنی‌خۆیان

«نەهیچیان هەبو نەهی کەسیشن» جونەید: کەلە «٢٩٧» هجری وە «٩١٠» میلادی دا لەدنیادەرچوە، ئەڵێت، تەصەووف بەوە ئەڵێن کەخودا هەرچی پەیوندت هەیە لەگەڵ «نفسی» خۆتا لێ بڕێت، وەپەیوەندت بدات بەخۆیەوە «لەگەڵ خوتا» بتمرێنێ وەلەگەڵ خۆیا زیندوت کاتەوە».

هەروەها ئەڵێت، تەصەووف بەوەئەڵێن کە لەگەڵ خودادابیتو هیچی تر، واتە «جگەخوا پەیوەندت بەهیچەوە نەبێت».

هەروەها ئەڵێت، «صوفی وەکوزەوی وەهان، کە هەزارشتی ناپاکی بخەیتەسەر، ئەو جگە لەشتی پاك هیچی لێ نارواێت، وەهیچ دەرنادات».

هەروەها ئەڵێت، «صوفیەکان پەیوەندیان تەنها لەگەڵی خوادایە، وەجگەلەخوایش کەس نایانناسێت». جونەید، مامۆستای مامۆستایانی ڕێڕەوی صوفیەتی لەپێناسێکی تۆزێ درێژترا ئەڵێت.

تەصەووف بریتیە لە پاككردنەوەی دەرون بەچەشنێك کەهەرگیز ناپاك نەیێتەوە «ناپاکی بۆنەگەڕێتەوە»، وە هەرگیز زەبونی ولاوازی ڕوی تێ نەکاتەوە، بەچەشنێ بۆهەمیشە لەخووخدە «حەیوانی» یەکانی مرۆڤ دەس بەرداربێت، وەئاگری «بەشەری یەتی» بکوژێتەوە، وەدوری بگرێت لەئارەزوی «نەفس»،وە نزیکی بکات لەئارەزوی «رۆحی» ، وە دڵ بدات بەزانیاری راستەقینە (مەعنەوی) وە هەتاهەتایە جگەلەچاکە هیچ کردەوەیێکی نەبێت، وەئامۆژگاری چاکەی هەموکەسێ بکات، وەپەیڕەوی بکات لەڕێڕەوی ئیسلام ڕێڕەوی پێغەمبەری گەورە.

حوسەینی حەللاج:

کەلە، «٣٠٩ کوچی / ٩٢٢ زاینی لە دنیا دەرچوە» ئەڵێت صۆفی، تاكڕەوە، نەکەس ئەتوانێ بیگرێتەخۆی وەنە ئەویش کەسی گرتوەتەخۆی.

ئەبوبەکری شیبلی:

(٨٦١ – ٩٤٥) زاینی، ئەڵێت، تەصەووف بریتیە لەدانیشتن لەگەڵ خودادا بەبێ هەم «واتە بێ پێویستی هیچی تر».

هەرئەو ئەڵێت، صوفی دەستی لەخەڵك بەرداوە «بچڕاوە لەخەڵك»، وە بەستراوە

بەخودناوە، هەروەکو خوا ئەفەرمێ بەموسی «واصطنعتك لنفسي» بەم جۆرە بچڕیویە لەهەموکەسێ، لەپاشان فەرمویەتی «لن ترانی».

ئەبولحسەنی حەصری:

ئەڵێت، صوفی کەسێکە دەستی هەڵگرت لەئافاقی جیهان، ئیتر ناگەڕێتەوە بۆلایان وە کە ڕوی کردە لای خودا ئیتر ڕوی وەرناگێڕێت، وەهیچ ڕوداوێك ناتوانێ کاری تێ کاتو حاڵی بگۆڕێت.

هەرئەو ئەڵێت، صوفی بەکەسێك ئەڵێن، لەم جیهانەدا دڵی بەهیچ ئارامو ئوقرە نەگرێت بەخوانەبێت، وە کەسێکە کە کاری خۆی دابێتە دەستی خوا، خوایێك کەخۆی ئەزانێت چی بۆ داناوە، «لەپاشان لەپرسێت» ئایا تۆ کەپەیڕەویت نەکرد لەحەق ئەوە ناگەیێنێت کەپەیڕەویت کردوە لەگومراهی؟

ئەبوسەعیدی ئەبولخەیر:

«٣٥٧ – ٤٤٠» کۆچی، ئەڵێت، صوفی بەکەسێك ئەڵێن، هەرچی لەسەردایە لای بات، وەهەرچی لەدەستدایە بیدات، واتە هەرچی لەویستی خراپ وەخراپەکردن لەسەریایەتی دەری کات، وە مشت قوچاو نەبێت وە لەبەخشینی سامانو سەرمایە بەهەژاران دریغ نەکات. بەکورتی «دڵ پاکو بەخشندەبێت».

بەخشندەیی لای هەموی ڕێ ڕەوانی ڕێگەی تەصەووف بەیەکێ لەپایەکانی ئەو ڕێگایە دانراوە «لەکاتی خۆیا بەبیارمەتی خوا باسی ئەکەین» بەکورتی مەبەستیان ئەوەتە، مرۆڤ بەردەو کۆیلەی سامان نەبێت، بەڵکو ماڵو سامانەکەی بەردەی ئەوبن.

شیخ عبد القادری گیلانی:

«٤٧٠ – ٥٦١» کۆچی، لەم بارەوە ئەفەرمون، ماڵی دنیا لەڕێگەی حەڵاڵەوە پەیدەدەست، بەڵام، لەناوی دڵا دای مەنێ بەڵکو لەناوی دەبستابێت.

ئەمانە هەموی بۆئەوەتە مرۆڤ تێ کۆشێت بۆئەوەی خوو خدەی دورندەیی وەجانەوەری لەمێشکو دەروندا دەرکات وە پێ ئاخنێت لەخدەی ئینسانی وەمەڵەکوتی تائەبێتە ئینسانێکی فریشتە خوو.

لە محمد بن علي القصاب:

ماموستای جونەیدیان پرسی، تەصەووف چی یە؟... لەوەلاما وتی، بریتی یە

لەڕەوشتێکی چاك لەمرۆڤێکی چاك لەکاتوزەمانێکی چاکا بەرانبەر بەچاکان ئەکرێت.
لەسەمنون یان پرسی، تەصەووف چی یە ؟ وتی تەصەووف ئەوەتە **(نەبیتە بەندەی کەس وەکەسیش نەکەیتە بەندەی خۆت)**.

عمرو بن عثمان المكي:

(٢٩٨) کۆچی فەوتی کردوەوتی، تەصەووف ئەوەتە بەندەی خودا لەهەموکاتێکا کردەوەیێك بکات، لەوکاتەدا ئەوکردەوەیە لەهەموکردەوەیێك باشترو پەسەندتربێت.

ئەبی نەصر ئەلسەرراج:

«٣٧٨» کۆچی مردوە ئەڵێت. صوفی یەکان ئەوانەن کە خواناسن وەلەدەستورو فەرمانەکانی شارەزان، وە رەفتارئەکەن بەودەستوورانەی کەخوا شارەزای کردوون لێی، هەرشوێنی ئەوشتانەئەکەون کەخوا شارەزای کردوون لی یان، ئەوشتانە ئەنجام ئەدەن کەخوابۆی داناون، ئەوەشیان دەس کەوتوە کەبۆی گەڕاونو وێڵی بوون، وەدەسیان هەڵگرتوە لەهەرچی شتێکی تر کەبەدەست دێت.

ذوالنون میصری:

لە «**٨٦٠ میلادی ، ٢٤٥ کۆچی**» فەوتی کردوەئەڵێت. نیشانەی خواناس سێ شتە، یەکەم روناکی خواناسی ی ئەو نابێتەهۆی کوژاندنەوەی «**نوری وەرعی**» «**وەرع بریتی یە لەپاریزکردن لەهەموحەرامێك، تەنانەت گومان لی کراویش**» دوهەم، هەرگیز بەزانیارییێکی دەرونیی باوڕناکات کەپێچەوانەبێت لەگەڵی «**ظاهیری شەرعا**»، سێ هەم، زۆری نیعمەت وکەرەمی خوا لەگەڵیا، نابێتەهۆی شکاندنی پەرژینی خەڵك، «**واتە دەسەلات وای لی ناکات پێ لەبەرەی خۆی دربێرکات وەدەس دربێژکات بۆسەری خەڵك**».

سهل بن عبد الله التستري:

(٨١٦ - ٨٩٦) ز، ئەڵێ صوفی کەسێکە دەرونی «پاك بوبێتەوە لە لێڵی وئالایش وە پڕبوبێ لەپەندوزانین وە بەسترابێت بەخواوەو لەخەڵك بچڕابێت، وە «**زێڕوخاك بەلایەوە یەك سان بێت**».

ذوالنون: ئەڵێت، لەنزیکی شامدا ژنێکم دی «**کەخۆی لەخواناسان بو**» لێم پرسی ئەی خۆشکە خوات لی رازی بێت، لەکوێوە دێیت ؟ وتی لەلای کەسانێکەوە «**تَتَجَافَىٰ جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا**» ئایەت لەسورەی «**سوجدە**» ئەڵێ لەپاشان

پرسیم ئەی بۆکوێ ئەڕۆیت ؟ وتی بۆلای «رِجالٌ لا تُلهيهم تجارةٌ ولا بيعٌ عن ذكرِ الله» ئایەت لەسورەی «النور» ئەڵێ گوتم تۆخوا باسیانبکەیۆم ژنەکە بەشەش هۆنراوەی جوان باسیان ئەکات بۆی کەئەمە سەرەتای هۆنراوەکەیەتی، «قوم همومهم بالله قد علقت،..... هتد» جائەوەش ئاسانلێکی تری صوفی‌یەکانە، بەزوانی قورئان.

ئایەتی یەکەم خوا باسی خواناسانێک ئەکات، کەزۆربەی کاتی خۆیان (بەتلیەت، لەشەوانا، لەکاتی حەسانەوەیە) بەیادی خوا ئەبەنەسەرو، ئانوون، وەئەفەرمێ ئەنێشتیان بێزارە لەپاڵ کەوتن و ڕاکشان لەسەرنوێن. ئەمە سەبارەت بەشەوو بەکاتی حەسانەوەو خەو.

ئایەتی دوهەمیش هەر خوای گەورە باسی ئەوبەندانە ئەکات کە کاروکاسبی نایبەهۆی ئەوەی کەخوا لەیادبەرن، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشا کە کاسبی خۆیان ئەکەن، خواپەرستیش ئەکەن و یادی خوائەکەن و خوایان لەبیرناچێتەوە.

جاباسی ئەم جۆرە ذیکرو یادوپەرستشە، لەکاتی باسی ووشەی (ذیکر)دا، بەدرێژی بۆتانی ڕوون ئەکەینەوە.

یوسف بن الحسین:

ئەڵێت. لەناوی هەمو «ئومەتێك» دا بڕێکیان هەڵبژاردەی ئەو ئومەتەن، ئەوانە خوا هەڵیان ئەبژێرێت بۆخۆی وەلەخەڵکیان ئەشارێتەوە، وەئەگەر لەناوی ئومەتی موحەمەدا ئەوهەڵبژێراوانە هەبن بێ گومان «صۆفی‌یەکانن».

ئەبوسەعیدی خەرراز : کەلە «٢٦٨» کۆچی‌دا فەوتی‌کردوە ، ئەڵێ صوفی کەسێکە خوداوەند دەرونی خاوێن‌کردوەتەوە وەپڕی‌کردوە لەنور ، وەکەسێکە کە بەیادکردن و ناوبردنی خوا ئەگاتە ئەوپەڕی خۆشی و کامیابی .

جەعفەر ئەل‌خولدی : کەلە «٣٤٨» کۆچی‌دا لەدنیادەرچوە . ئەڵێت ، تەصەووف بەوەئەڵێن نەفس بخەیتە ژێرباری بەندەگی ، وەدەرچی لەهەمو ویستێکی بەشەری ، وەبەهەمو هەستێکەوە ڕوبکەیتەخواناسی .

شبلی : «٨٦١ - ٩٤٥»ز ، ئەڵێت ، سەرەتای تەصەووف خواناسینە و ئاکامەکەشی خوا بە تاك زانینە ، «توحید» .

بۆڕوونکردنەوەی ئەم باوەڕە ئەڵێن گەورەیی خوابەتاکزانین لەوەدا دەرئەکەوێ کەخوا بەپێغەمبەر (د.خ) ئەفەرمێت «قل هو الله احد» ... هتد. واتە بڵێ خوا تاکە «هەریەکێکە». مەبەست ئەوەیە کەسێ کە خوای بەتاکزانی «جگەخوا، نەکەس ئەپەرسێ وە نەلەکەس ئەترسێ».

ئەبوبەکر ئەلکەتتانی: کەلە «٣٢٢» کۆچی دا کۆچی کردوە، ئەڵێت: تەصەووف «ئەخلاقە» ئەوکەسەی ڕەوشی لەتۆ بەرزتربێت ڕووناکی و پاڵێوراویشی لەتۆزیاترە.

شاهی نەقشبەند «محمد بهاء الدین» (١٣١٧ – ١٣٨٩) ز (٧١٧ – ٧٩١) ئەڵێت: ئەم ڕێڕەوەی ئێمە سەرانسەری «ئەدەبە».

لە ئەبامو حەممەد ئەلجەریری: یان پرسی تەصەووف چی یە؟ وتی، (**پەیڕەوی کردنە لەهەمو ڕەوشتێکی پەسەند وەدورکەوتنەوەیە لەهەمو ڕەفتارێکی ناپەسەند**)

لەکتێبی تذكرة الأولياى عطاردا: بەزوانی «**ابو الحسن نوري**» یەوە ئەڵێت، تەصەووف نەڕەسمە «**واتە دابونەریت**» وەنە زانیاری یە، بەڵکو «**ئەخلاق خودا وەندی یە**» چونکە ئەگەر ڕەسم بوایە بەتێکۆشان ئەهاتەدەست، وەئەگەر زانیاری بوایە بەخوێندن فێری ئەبوین، بەڵام ڕازانەوەیە بەڕەفتاری خوداوەندی، وەکەسیش ناتوانێ لەڕێگەی خوێندنو تێکۆشانەوە بێتەخاوەنی ئەو ڕەفتارە، مەگەر بە پەیڕەوی کردن لەڕەفتارەکە.

هەروەها نوري: ئەڵێت، تەصەووف بریتی یە لەئازادیی وە سەخاوەت وە جوامێری وەخواپەرستنی بێ «**تەکەللوف**» واتە بەشەوقو مەیلو ئارەزو.

شیخ محمد امین الکردي (ئەربیلی)، کەلە (١٩١٣)ز فەوتی کردوە لەکتێبی «**تنویر القلوب**» دا ئەڵێت، شەریعەت درەختە، تەریقەت لقوپۆیەکەیەتی وە «**حەقیقەت**» بەرهەمەکەی، وە حەقیقەتیش خواناسی یە لەڕێگەی دەرونەوە کە بریتی یە لە «**تەصەووف**».

ئەبوبەکری کەتتانی: جارێکی تریش ئەڵێ، «**التصوف صفاء ومشاهدة**» واتە تەصەووف پاکی یەو دیتن، بەڵێ بەڕاستی لەم دوو ووشەکورتەدا هەم (هق)

باس‌کراوه هەم (ئاکام) ، مەبەستو «غایە»کە (موشاهەدە)یە واتە دیتن ، یان ، «عین الیقین» ، چاوپی‌کەوتنی نهێنیەکانی ، «ماوراء الطبیعة» کە لەم‌ڕێگایەوەنەبێ دەس‌نادات ، وە هۆیەکەش بۆگەیشتن بەم‌ئاکامە پاکی‌دەرونە واتە«صفاء» ڕێگەی‌تەصەووفیش ڕێگەی خاوێن‌کردنەوەی دەرونە کەواتە «التصوف صفاء ومشاهدە» خاوێنی‌یەو دیتن .

ئەم‌ڕێگەیەش هەرچەن لەئاییندەدا بەدرێژی باسی‌لی‌وە ئەکەین بەڵام بەکورتی ، لە «تەوبە»وە دەس‌پی‌ئەکات واتە دەس‌هەڵگرتن لەهەموکارێکی‌زشت «الاخلاق المذمومە» لەپاشان «مجاهدە» واتەتێکۆشین ، بۆ ڕازاندنەوەی‌دەرون ، بەهەمو ڕەوشتێکی‌پەسەند «الاخلاق الحمیدة» ، لەپاشان پەیوەندی‌دڵ‌برین ، لەهەرچی‌شتی هەڵخلەتێنەرە ، وەکو دەسەڵات‌و سامان ، «بێگومان‌پەیوەندی‌دەرونی ، نەك تەرکی دنیاو تەرکی کاسبی ، وەبونەبار بەسەری‌خەڵکەوە» ، وەڕووتانەئاستانەی خاوەن‌و دروس‌کەری ئەم‌جیهانەیە ، کە«ذاتی» الله‌یە ، خوایش بڕیاری‌داوە هەرکەسێ کەوابو ، ئەیخاتەسەری ڕێگاو ، ئەبێتە ڕێ‌پیشان‌دەری ، وە نوری‌خۆی ئەخاتەدڵیەوە «والَّذِينَ جَاهَدُوا فينا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنا» سورەی «عنکبوت» «وهو یتولیٰ الصالحین» .

ئیمامی‌غەززالی : لەساڵی «١٠٥٩ – ١١١٤»ز (٤٥٠ – ٥٠٥) کوچی‌داوایوە ، کەیەکێکە لەپیاوە هەرەگەورەکانی ڕێگەی خواناسی وەیەکێکە لەدانشمەندە هەرەگەورەکانی ئیسلام وەخاوەنی دوصەد تاچوارصە «تالیف» بووە ، ئەم‌گەورەپیاوە بەشێوەیێکی عیلمی‌وزانیارانە ، ڕێ‌ڕەوی تەصەووفی ڕوون‌کردوەتەوە ، وە بەباشی سەلماندویەتی چۆن (شەریعەت‌و طەریقەت) هەردو یەك‌ڕێگان وەئامانجو ئاکامو بەرهەمیان هەریەکە . وەڕونی‌کردوەتەوە کە ڕیگەی‌شەریعەت ڕێگەی «ظاهر»ی ئیسلامە وە ڕێگەی تەصەووف ڕیگەی دەرونی و نهێنی‌یەتی ، ئەم‌کەڵەمێردە لای‌وایە تەصەووف جگە بۆمەردی مەیدانی خۆی‌نەبێت بۆکەس ئاناسرێت ، وە هەرکەس‌بیەوێ لەڕێگەی خوێندن‌و باس‌کردن و بشکنینەوە ، شتێکی‌لی‌تێ‌بگات سەری‌خۆی‌ئێشێنێ ، بەڵکو هەرکەس بیەوێ لی‌ی تێ‌بگات ، زۆربەباشی ئەتوانێ وەکوپیاو ، چاکی‌لێ‌بکات‌بەلاداو ، بێتەمەیدانەوە تاوەکو زۆرباش دڵی‌ئاوێخواتەوەو لی‌ی‌تێبگات ، جا ، کە تێی‌گەیشت ، ئیتر ئەوڕێگایە بەرنادات وئەویش ئەبێتە

بولبولێکی ئەوباغچەیەو هەنگێکی ئەوگوڵەشیرینانەو ، پەروانەیێکی باڵ سوتاوی ئەوروناکی یە .

غەززالی ئەڵێت ، زانیاری دەرونی زانیاریێك نیە هەرگیز فێربکرێت ، چونکە قەت کەس ناتوانێ وشە پەیدابکات بۆ ئەو حاڵ و مەقام و دیتن و بیستن و چەشتنانە ، کەوابو ئەگەرباس کرا ، سەر لە وێژەریش و بیستیاریش ئەشێوێنێت .

غەززالی ئەفەرمێ ، ئەم زانینە کەس ناتوانێ بیزانێت خاوەنی خۆی نەبێت ، وەلایشی وایە ئەوکەسەی لەوتەێنیانە سەردەربێرێت ، نابێ باسیان بکات بۆکەسانێك کە سەریان نیە لەناوی ئەوکارەدا ، وەشتیان لێ حاڵی نەبوە .

وامن لێرەدا بەشێکی بچوك لەبیروڕای ئەم مەردەگەورەیە بۆئەوەی کە تامومەزەجوانەکەی خۆی لەدەس نەدات هەربەعەرەبیەکەی ئەینوسمەوە .

غەززالی لەکتێبی «إحياءُ علومِ الدّين» دا سەبارەت بەرێڕەوی تەصەووف ئەفەرمێ .

«الطريق تقديم المجاهدة ومحو الصفات المذمومة وقطع العلائق كلها ، والاقبال بكنه الهمة على الله تعالى ، ومهما حصل ذلك «اي متى حصل ذلك» الكاتب . كان الله المتولى لقلب عبده والمتكفل له بتنويره بانوار العلم واذا تولى الله امر القلب فاضت عليه الرحمة ، واشرق النور في القلب ، وانشرح الصدر وانكشف له سر الملكوت ، وانقشع عن وجه القلب حجاب الغرة بلطف الرحمة ، وتلألأت فيه حقائق الامور الالهية» .

ئەبێ ئەوەش بزانین ئەم زانینەی کەغەززالی دەس نیشانی ئەکات ، وەئەڵێ پەردە لەسەری دڵی پیاوچاکان ، «وەلی» لائەچێت ، لەگەڵی زانینی پەیامبەران دا لێك جیان ، زانینی پەیامبەران «وەحیە» ، وەهی پیاوچاکان ئیلهامە ، وە چەنوچۆنی کەشف و کەرامات و وەحی وە ئیلهام وەئەوجۆرە شتانەش ، لەداهاتودا بەپێی توانایی خۆم باس ئەکەم ، هەروەها خۆیشتان ئەتوانن لەکتێبەکانی ئیمامی غەززالی دا وەکو «**المنقذ من الضلال** ، وە **احياء علوم الدين**» هەروەها کتێبی «**الرسالة القشيرية**»ی عبد الكريم بن هوازن وە «**التعرف لمذهب اهل التصوف**» ی ابو بكر محمد الكلاباذی وە «**قوت القلوب**»ی ابی طالب المكي «٣٨٦» هجری وە «**اللمع**» ی ابی نصر السراج «٣٧٨» هجري وە «**مەکتوباتی ئیمامی رەببانی**» وە «**تذكرة الاولياء**»ی عەتتار وە دەها کتێبی لەمێژینو کۆندا ، یان کتێبی «**المواهب السرمدية** ، وە **تنوير القلوب**»ی «**شيخ محمد امين اربيلي**» وە «**التصوف الاسلامي**» زەکی موبارەك کەتازەترن وەهی تریش

بخوێننەوە بەڵام چونکە کتێبەنوێکانیش هەر دەستیشان ئەکەن بۆ ئەوسەرچاوەکۆنانە وەنوسەرەکانیشیان خۆیان لەوزانیاری‌یە بێ‌بەشن ، کەواتە بەکەڵک‌تر وایە ، هەرسەیری کتێبە سەرچاوەکۆنەکان بکەن .

جا ئەمەتە چۆنیەتی ڕێگای صوفیەتی ، وەهەروەکو وتمان ، هەموی ئەم‌ڕێ‌ڕەوانە ، وەئەم‌باوەڕانەی کە خرانەبەرچاوتان ، بریتین لە پەیڕەوی‌کردن لەڕێ‌ڕەوی «قورئان» ، بەڵام ، پەیڕەوی کردنێکە بە دڵوبەگیان نەک‌تەنها بەلەشو بەزمان ، وەهەمویش هەر یەک‌شت ئەگرێتەوە ، ئەویش «گەیشتنە بەپلەی خواناسی وەبەدەست‌هێنانی ڕەزامەندی‌هەق» .

بۆ چاوکرانەوەیێکی زیاتر، سەبارەت بەڕێڕەوی تەسەووف، بەپێویستی ئەزانم بەکورتی شیرەی نوسراوەیێکی هەڵوی بەرزەفڕی ئاسمانی دانشوینش، ئیمام موحەممەدی غەززالی‌تان بخەمە پێش‌چاو، کتێبەکەش بریتی‌یە لەکتێبی «المنقذ من الضلال» .

غەززالی لەم کتێبەیا هەم سەرگوزەشتی ژیانی‌خۆی بەکورتی باس‌کردوە، وەهەم باسیان بۆئەکات کە چۆن کەڵکەڵەی ڕێگەی سۆفیەتی کەوتوەتە سەری وەچۆن بەئامانجو ئاکام، وە ئارەزوی دڵی خۆی گەیشتوە، غەززالی لەئەمەی‌خۆیا دوکاری گرنگی ئەنجام داوەکە، ئەگەر بە ڕێبەرو پێشەنگی ئەم دوو ڕێگایەی نەزانین، بێ‌گومان یەکێکە لەهەرە پیاوەبەرزەکانی ئەم دوو ڕێگایە .

یەکەم :

نوسینی سەرگوزەشت‌و چۆنیەتی خۆی، وە پیشاندانی بیروباوەڕی دەرونی، وەچەنوچۆنی ڕێڕەوی ژیانی، تائەگاتە ئاکام .

دوهەم :

ڕون‌کردنەوەی ئەوەی کەشەریعەت وەتەسەووف لێک جیانین، وەتەسەووف بریتی‌یە لەڕۆحو لەحەقیقەتی شەریعەت، ئەمەش، هەم‌لەم‌کتێبەدا، وەهەم لەکتێبەکانی تریدا، بەتایبەت «احیاء علوم الدین» دەری بڕیوە .

لەبارەی ڕوون‌کردنەوەی لێک‌جیانەبونی شەریعەت وە تەسەووف، چەن گەورەپیاوێکی تری ڕێگەی تەسەووف، وەکو «عبد الکریم قشیری» «٣٧٦ — ٤٦٥»

کۆچی خاوەنی کتێبی «الرسالة القشيرية في علم التصوف»، کە لەچاپدەری کتێبەکە، ئەڵێ «الامام العالم، الجامع بين الشريعة والحقيقة ...»، وە هەروەها «هجيری» بغداديە کەلەساڵی «٤٦٥» کۆچی «١٠٧٢» زاینی‌دا کۆچی کردوە.

وە «أبو النصر السراج» خاوەنی کتێبی «اللمع» کەلەساڵی «٣٧٨» کۆچی‌دا لەدنیادەرچوە، کەدوکتۆر عبد الحليم وە طه عبد الباقي، لەچاپدەرانی ئەم کتێبە، سەبارەت بەم کتێبە ئەڵێن «اكبر موسوعة صوفية عرفها التاريخ» یە، ئەم چەن کەڵەمێردەو چەن گەورە پیاوێکی تری ئەم ڕێبازەن کە بە نوسینی کتێبە بەنرخەکانیان ڕوونیان کردوەتەوە چۆن «شەریعەت وتەصەوفی ئیسلامی» هەر یەکێکن وە جوێ نین لەیەک.

غەزاڵی وە هەروەها ئەم گەورە پیاوانەی تریش کە دەستیان بۆ کێشان بەباشی ڕوونیان کردوەتەوە کە شەریعەت ئەگەر بە «هش وبێحەقیقەت» دابنرێت گیانی ئەوشەریعەتە، کە حەقیقەتی ئیسلامە، بریتیە لە «تەصەوف» وەهەرکەسیش وای ئەزانێ ڕێی لێ ون بوە وەلەڕێ لای داوە.

ئیمام «أبو حامد محمد بن محمد» ی غەزاڵی، «٤٥٠ – ٥٠٥» کۆچی، بەشێکی گرنگ لەتەمەنی، سەرۆکی مەدرەسەی نیظامی بەغداد بوە، واتە، سەرۆکی گەورەترین ئەوسەندی زانست لەجیهانی ناسراوی ئەوسەمەدا، وە بەدرس وتنەوەو دانانی پتر لە دوصەدکتێب خزمەتی زۆری بەئیسلام کردوە، وەئەگەر بمانەوێ سەبارەت بەگەورەیی ئەم پیاوە باس کەین، خۆی پێویستی بەنوسینی کتێبێکە، بەڵام ئێمە لێرەدا مەبەستمان تەنها ئەوکتێبە چکۆلەیە کە هەم سەرگوزشتی ژیانی خۆی تیانوسیوە، وەهەم چۆنیەتی گرتەبەری ڕێگەی تەصەوف، وەهەم باوەڕ دەربڕینەتی سەبارەت بەم ڕێڕەوە، جائەوەتا ئێمەو ئەوەش چەکیدەیێک لەکتێبی «المنقذ»

غەزاڵی لەسەرەتای کتێبەکەدا لەوەڵامی پرسیارکەرێک‌دا کە سەبارەت بە «زانیاری بەچەشنێکی گشتی» پرسیاری لێ‌کردوە ئەڵێ: من لەناوی گێجاوەی، دەستەکانو ڕێڕەوو ڕێبازو بوارەکانی زانیاری‌دا، ئازاری زۆرم کێشاوە بۆئەوەی بتوانم ڕێگایێکی ڕاست بدۆزمەوە، وەبتوانم خۆم لە نشێوی‌و لێتەو زەلکاوی شوێن‌کەوتنی «تقلید» دەربێنم، وەبگەمە ئەوپەڕی‌و بەرزایی «دیتو چاوپێکەوتن».

درێژە ئەدا بەباسو ئەڵێ: هێشتا تەمەنم نەگەیشتبوە بیست ساڵان هەتائێستە کە وام لەپەنجا ساڵدا، هەوڵم داوە بۆتێگەیشتن، وە داومە لەگێجاوی دەریای بێبنی زانین، وەئەم تێکۆشانەشم تێکۆشانی ترسەزاوورانەو دڵەڕاوکێیانە نەبوە، بەڵکو تێکۆشانی نەترسانەبو، بەجۆرێك کەڕوم ئەنایە هەرتاریکاییێك پەلاماری هەموگیروگرفتێکیم ئەداو خۆم ئەخستە هەمو دەردیسەرییێکەوە، وە لەیەکە یەکەی باوەڕەکان «مەذهەب»ەکان ئەکۆڵیمەوە، وەئەمەویست نهێنی هەمویانم بۆدەرکەوێ، بۆئەوەی بەباشی تێبگەم وە بزانم کامیان ڕێگایان ڕاستەو کامی چەوتە، تاوەکو خۆم لەڕێگا ڕاستەکەوە بڕۆم.

«باطنی»یێك نەبو سەرم دەر نەهاوردبێ لەباطنی، وە «ظاهیری»یێك نەبو تێنەگەم لەبەرهەمی ئەم ظاهیرییەتەی، فەلسەفییێك نەبو نەکۆڵمەوە لەفەلسەفەی، «متکلم»یك نەبو نەکۆشم بۆئەوەی سەردەربێنم لەباس کردن و لە«موجادلە»ی، صوفییێك نەبو بەوردی هەوڵ نەدەم بۆتێگەیشتن لەسەرچاوەی «صفا»ی، «متعبد»ێك نەبو کونوقوژبنی ئاکامی پەرستشەکەی نەبشکێنم، زەندیقێکی پەك کەوتوم نەدی تێ نەکۆشم بۆئەوەی لەوەبگەم چی وائەوەندە ڕوی داوەتێ، وە ئەو زاورەی داوەبەو، کە لە خوانەترسێت و باکی نەبێت و بۆخۆی بێخەم پاڵی لێبداتەوە، **«باطنی و ظاهیری و هەموی ئەوانەی کەوتران هەریەکەی لەسەردەمانێکا مەدرەسەو ڕێگاو تولەڕێیك بون کەلەناوی ئیسلاما هاتونەتەدی وە دەوریان بوە» «نوسەر».**

غەززالی لەپاشان ئەڵێ، من ئەم کارانەم بۆیە هەرلەمناڵی یەوە ئەکرد چونکە تێئەکۆشام

بۆ بەدەست هێنانی ڕاستەقینەو کاکڵەی مەبەست، ئەمەش بەدەستی خۆم نەبو، خودا وای دروست کردبوم وە منیش کاری بشکێنو لێکۆڵینەوەم ئەوەندە درێژە دایێ تاگەیشتمە ڕاستەقینەو، لەزەلکاوو لیتاوی «تقلید» دەرچوم.

ئەڵێ: من لەدڵی خۆما ئەموت منئەمەوێ لە کاکڵەی زانیاری بگەم وە بیدۆزمەوە، لێرەدابو بۆم دەرکەوت زانیاری باوڕپێکراو، «یقین» بەشتێك ئەڵێن کەمرۆڤ بەچاوی خۆی بیبینێت و هەستی پێبکات، جا کەزانین گەیشتە ئەم پلەیە ئیتر هیچ گومانی تیانامێنێت و دڵ نوقرە ئەگرێتو ئۆخەی ئەکات، «بەوموجەی، ئەوکارە هەڵەی تیانەبێت» هەڵە، وەکوئەوەی کەسێ بێت لەبەرچاوتەوە بەرد بکات بە زێڕ، یان گاڵۆکت بۆبکات بەمار، ئەمەیان بەچاو دیوتە ئەبێ باوەڕیشت پێی هەبێت،

بەڵام نابێ ئەگەر ئەوکەسە وتی، سێ زۆرترە لەحەوت، من بڵێم چونکە ئەم کەسە بەردی کردوە بەزێڕ وە گاڵۆکی کردوە بەمار، ئەبێ باوەڕیشی پێبکەم کە سێ زۆرترە لەحەوت...

نا.. لێرەدا نابێ هەڵەبکەین، بەڵکو هەر ئەبێ سەرمان سوڕبمێنێ لەوەی چۆن ئەوبەردەی کرد بەزێڕو گاڵۆکی کرد بەمار، وەهیچی تر.

بەڵام ئەوزانینەی کەخۆم بەدەستی بێنم، وەفێری ئەبم وەبیزانم، ئیتر لەوەدا گومانم نیە، چونکە زانینەکە هی خۆمەو خۆم بەدەستم هێناوە.

بۆم دەرکەوت هەرزانینێك نەگاتە ئەمپایەیە لەباوەڕ، ئەوە زانینی باوەڕپێنەکراوە، وە «یەقین نیە»، جامن بۆگەیشتن بەوزانینەو بەو باوەڕە، بەرلەهەموکەسێ، خۆم بشکنی، سەیرم کرد من خۆم جگە لەوزانیاریی هەستپێکراوو ئاشکرا، ئیتر لەوزانینە «یەقینی» یە بێبەهرەم...

لەپاشان بەشێوەیێکی فەیلەسوفانە باسی چۆنیەتی تاقیکردنەوەی ئامرازەیی «حەواس» «هەستپێکەرەکان» ئەکات کەچۆن یەکێکیان لەگۆڕەپانی ئەم زانینەدا کزۆلو ناتەوانی وەهیچیان لەدەست نایێت، لەپاشان درێژە ئەدا بەباسو ئەڵێ، تاگەیشتمە ئەوەی وتم ئەوەتا پێغەمبەری گەورە درودی خوای لەسەر ئەفەرمێ، «ئەم خەڵکە ئێستە وەکو نوستو وەهان، کاتێ کە مردن جا لەوساکە بێداردەبنەوە» بۆم ڕوونبویەوە واچیارە ناکرێ هەمو ئومێدێکی خۆمان بۆزانین وە تێگەیشتن بخەینە سەر توانای «حواس».

من هەر بەمجەشنە لەخولیای گەیشتن بە «یەقین» دابوم وە لەناوی دەروناوێك بەزوان، هەمیشە لە وتوویژەو پرسیارو وەلامدابوم، تا لەکۆتاییدا خوای گەورە چارەی بوناردم وە لەو نەخۆشیو ناسازییە ڕزگاربوم، وەبۆم دەرکەوت کە ئاوەزی مرۆڤ جێگای باوەڕەو، هەرئاوەزە کە ئەبێتە ڕێنیشاندەری مرۆڤ بۆخستەکاری توانایی دەرونی بۆگەیشتن بەهەوارگەی باوەڕی تەواو.

ئەمەش خۆبەدەستی خۆم نەبو بەڵکو بەنورێك بو کە خوا بەکەرەمی خۆی خستیە دورونەوە. غەززالی لەمبارەوە ئەڵێ، سەبارەت بە «شرح الصدر» لەپەیامبەری گەورەیان پرسی، فەرموی «نورێکە خوا ئەیخاتە دەرونەوە»، لەپاشان ئەڵێ مەبەستم لەم پێشەکییە ئەوەیە، مروڤ ئەبێ تێکۆشێت تائەگاتە هەوارگەی ئاوات.

ئەڵێ پاش ئەوەی خوا ڕزگاری کردم وەئەو ڕوناکییەی خستە دەرونمەوە، لێکم دایەوە، وە تێکۆشەرانی ڕێگەی زانیاریم داتا بەچوار گرۆ.

یەکەم: زانایانی «**کەلام**» ئەمانە خۆیان ئەڵێن خاوەنی بیروڕان وەخاوەن «**تەزەروەن**».

دووەهەم: «**باطنی**»یەکان ئەوانیش باوەڕیان لەسەر ئەوەیە کە ڕێڕەوی «**تەعلیم**» واتەفێربون دروستە، وەسەرچاوەی زانیاری بەلای ئەوانەوە، «**ئیمامی مەعصومە**» کەئەبێ لەوەوە بەهرە وەرگرێت.

سێهەم: «**فەلسەفی**» یەکان، کەلایانوایە ڕێڕەوی «**مەنطیقو بورهان**»یان گرتوتەبەر.

چوارەم: سۆفی یەکان ئەمانیش خۆیان بە نزیکانی خواو خاوەنی **(موشاهەدە)** واتە: **(شت‌بینین بە دیدەی دەرون)**. وە **(موکاشەفە)** واتە: **(پەردە لەسەر دیدەی دەرون لابراو)** ئەزانن.

لەدڵی‌خۆما وتم ڕێگەی زانیاری لەمانە بەدەر نیە، کەواتە ئەبێ یەکەیەکە ئەم‌ڕێگایانە تاقی‌کەمەوە تابزانم چیم دەس ئەکەوێت.

لەزانیاری «**کەلامەوە**» دەستم‌پی‌کرد، پاش بشکنینی ئەم زانیاریە وە لێکۆڵینەوەیێکی ورد لەگۆشەو کەنارەکانی وەخوێندنەوەی هەموکتێبەکان، تەنانەت دانانی چەن‌کتێب لەم زانیاری‌یەدا، بۆم دەرکەوت زانیارێکە ئەتوانێ بگات بەئامانجی خۆی، بەڵام ناتوانێ من بگەیێنێتە ئامانج و ئاوات، چونکە ئەم‌زانیاری‌یە بۆپاراستنی ڕێڕەوی ئەهلی «**سونەت**» دانراوە لەدەستی بیروڕای «**بیدعەت**» واتە پاراستنی دانەویلەی «**دین**» لەخەوش وخاڵی خەیاڵی پوچ، وە دانەی زیان‌باری تاڵ.

غەززالی پاش لێکۆڵینەوەوباسێکی‌زۆر، ئەڵێ من ناڵێم ئەم زانیاری‌یە بەدەردی کەسی‌تری نەخواردوە بەڵکو ئەڵێم ئەو «**یەقینەی**» من ئەمەویست نەم‌توانی لەڕێگەی زانیاری «**کەلامەوە**» بەدەستی‌بێرم.

بۆزانینی ئەم زانیاریەش قۆڵم لێ‌هەڵماڵی وە هەرچەن کاتم‌گیرابو بە دەرس‌وتنەوەی سێصەد دەرس‌خوێنەوە، لەگەڵ ئەوەشا لە هەردەمێکا کاتێکم دەست کەوتایە، بێ‌ئەوەی پێویستم بەماموستا هەبێت کتێبی فەلسەفەم موتاڵە ئەکرد وە خوا بۆی‌کردم بتوانم بە هەموجۆرێ لەم زانیاری‌یە بگەم، سەرنجم‌دا لەگەڵ ئەوەشا ڕێڕەوی فەلسەفە زۆرن وە تولەڕێی زۆریشی لێ ئەبنەوە ، بەڵام ئەبنە سێ دەستەی سەرەکی، «دەهری»یەکان، «سروشتی یەکان»، «ئیلاهی»یەکان،

دەهری‌یەکان لایان وایە جیهان هەروا کەئیستە هەیە هەربوەو هەرئەبێ وەگیان لەبەرانیش هەروابوون «گیان لەبەر لەتۆو، تۆو لەگیان‌لەبەر»، کە ئەمانە لە ڕوانگەی ئاینەوە، «زەندیق»ن، «ئەگەرێ بڵێین زەندیق ئەبێتە، خوا نەناس، ملحد «نوسەر».

سروشتی‌یەکان، ئەوانەن کە سەبارەت بەهەمو جۆرە گیان‌لەبەرێك ئەکۆڵنەوە چ «ڕەوۆك» چ «ڕووەك»، «حەیوان‌ونەبات»، ئەمانە ئەوەندە گیان‌لەبەر هەڵئەدزنو لەچۆنیەتی ژیانیان ئەکۆڵنەوە، بۆیان دەرئەکەوێت کە دامەزراندنی ئەم ژیانە ڕێکوپێکە بێ‌دامەزرێنەرو موهەندیس نابێت وەئەمە ئەبێتە هۆی باوەڕیان بەدروس‌کەرو هەڵسوڕێنەری جیهان‌و گیان‌داران، بەڵام ئەمانە بەهۆی زۆر چونە بنجوبناوانی مەبەستەوە، باوەڕیان دێتە سەرئەوەی زیندوبونەوەی مردوی دارزیوو پتورکاو لەگەڵی ئاوەزی ئەواندا ناگونجێ وەناڕواتە مێشکیانەوە لەش کەپتورکاو گیانی لێ‌دەرچو تازە جارێکی‌تر گیانی بچێتەوەبەر، جائەمانەش هەرچەن باوەڕیان بە دروس‌کەرێك «خالیق»هەیە، بەڵام باوەڕیان بە «دوارۆژ» وەزیندوبونەوە نیە، لەبەرئەوە کە نەبەتەمای پاداشن وە نە لەسزای دوارۆژ ئەترسن، جڵەوی نەفسی بۆشل ئەکەنو چۆنیان پێ‌خۆشە وا ئەژین، کەواتە ئەوانیش لای ئێمە هەر بە «زەندیق» دائەنرێن، چونکە موسوڵمان بەکەسێ ئەوترێ، باوەڕی بەخواو بەدوارۆژ وە زیندوبونەوەی پاشی‌مەرگ هەبێت.

ئیلاهی یەکان، ئەمانەش لەفەیلەسوفەکانی دواترن وەکو «سوقرات» کە مامۆستای «ئیفلاتون»ە وە ئەویش مامۆستای ئەرەستۆیە، ئەرەستۆش ئەوکەسەیە کە «مەنطق»

داناو زانیاریەکانی خستە قالبێکی زانیارانەوە لەپاشان بەرپەرچی باوەڕەکانی ئیفلاتون‌و ئەرەستۆیشی دایەوە .

غەززالی لەپاشان لەبارەی ئەو زانیاری‌یانەوە کە فەلسەفە ئەیان‌گریتەوە باس ئەکات‌و دەستەبەندی‌یان ئەکات ، وە ئەڵێ «شەش» بەشن . «ریاضیات، منطق، طبیعي، إلاهي، سیاسی، ئەخلاق.» وە چەتو چۆنو کەڵکو زیانی ، «ماددی‌ومەعنەوی» هەرکامیان بەجیا باس ئەکات ، «لەپاشان پیشانی ئەدات کە لەم زانیاری‌یانەش ، نەك تەنها ناتوانن مرۆڤ بگەیێنە هەوارگەی ئاوات‌و «یەقین» ، بەڵکو برێ‌جار ئەبنە هۆی کزکردن‌و لاوازکردنی باوەڕیش» ، سەبارەت‌بە رێ‌ڕەوی «تەعلیم» ، وە دڵەخورپی‌کانی ئەم‌ڕێگایەش ، ئەڵێ ، پاش‌ئەوەی لەلێکۆڵینەوەی فەلسەفەدا بۆم‌دەرکەوت کە ئاوەزی مرۆڤ توانایی ئەوەی نیە لەهەرچی زانینە سەر دەرکات‌و هەمو شاراوەو نەناسراوێك بناسێت کەوتمە لێکۆڵینەوەو بشکنین، کتێبەکانی «تەعلیمی»یەکان، کە لایان‌وایە لەرێگەی «ئیمامی مەعصومە»وە ئەکرێ سەر لەهەمو نەناسراوو نەزانراوێك دەرکەیت، غەززالی، بەدوورودرێژی لەرێرەوو بیروباوەرەکانی ئەمانیش ئەکۆڵێتەوە، وەبەڵگەی بەکارو بەکەڵك بۆ بەپەرچ دانەوەیان دێرێت، وەروونی ئەکاتەوە کەبناغەی باوەری ئەمانە، لەهەمویان شل‌ترو لاوازترە، لەپاشان ئەڵێ لەزانینی ئەمانەش شتێکم دەس‌نەکەوت، کە دەردێ دەرمان کات، لەهەموی سەیرتر ئەوەیە ئەگەربلێیت، دەی ئەوئیمامە مەعصومەتان کامەتا تا زانینەکەی لێ‌وەرگرین، دۆش‌دائەمێنن وە وەڵامیان‌نیە؛ چونکە «غائبە» .

لەپاشان ئەڵێ، سەرم لەوکەسانە سوڕ ئەمێنێ باوەڕی بێتە سەرئەوەی کەئەبێ لای ماموستایێکی تایبەت فێری زانیاری بیت؛ کەچی ماموستاکەش دیارنەبێتو غائب بێت؛ باسەکە زۆربەردەوامە وەبەڵگەی زۆری پیشان‌داوە کەلەم کورتەباسەدا بۆمان ناگەرێتەوە .

٥

ڕێگەی صۆفی‌یەکان :

غەززالی ئەڵێ کاتێ لە لێکۆڵینەوەی زانیاری‌یەکانی‌تر بومەوە، کەوتمە لێکۆڵینەوەی ڕێ‌ڕەوی «**تەصەووف**» وە بۆم دەرکەوت ئەم‌ڕێگایە دوبەشە، هەم زانیاری‌یە وە هەم کردەوە، ئەوەی کەکردەوەیە بریتی‌یە لە بڕینی ڕێگەی «**وەرزاندنی‌نەفس**» وەپاك کردنەوەی لە هەمو ڕەوشێکی ناپەسەند، وەهەمو «**صیفەتێکی**»، «**خدەیێکی**» نارەواو ناپاك، تاوەکو دەرون «**دڵ**» بگاتە ڕادەیێك کەجگە لەخودا هیچی‌تری تیانەبێت، وە بڕازێنێتەوە بە «**ذیکری الله**»، یادی خوا .

جا کەزانیم ڕێگەی کردەوەکە ئەوەندە سەختە لەپێشا دەستم دایە ڕێگای زانینەکەی، کە لام‌زۆر ئاسان‌تربو، بەم جۆرە دەستم‌کردە خوێندنەوەی کتێبەکانیان وەکو «**قوت القلوب**» ی «**أبي طالب المكي**» وە کتێبەکانی «**حارث المحاسبي**» وەنوسراوە بەکەڵکەکانی «**جنید**» وە «**شبلی**» وە «**أبي یزید البسطامي**» خوایان لێ ڕازی بێت، بەم‌چەشنە لەهەرچی زانیاری خوێندنەوەی ئەم دەستەبێت تێ‌گەیشتم، وەئەوەی کەبکرێت لەڕێگەی خوێندنەوەوە بەدەست‌بێت بەدەستم‌هێنا، پاش‌ئەوە، بۆم دەرکەوت ئەوەی کەزانیاری ڕاستەقینەی ئەمانەبێت، ناکرێ لەڕێگەی خوێندن‌و دەرسەوە دەس‌کەوێت، بەڵکو بریتی‌یە لە «**چەشتن**» وە «**حاڵ**» وەگۆڕانی «**صفات**» جا غەززالی بۆ نمونەی ئەم بەراوردەی خۆی ئەڵێت، بێ‌گومان ماوەزۆرە لەنێوانی ئەوەیدا کەبزانین تەندروستی چۆنەو بەچی ئەڵێن، لەگەڵ‌ئەوەدا کەخۆمان تەندروست‌بین، یان، تێری بەچی ئەڵێن، لەگەڵ‌ئەوەدا کە خۆمان تێربین، یان ئەوەی، لەڕێگەی زانیاری پزشکی‌یەوە بزانین ڕادەی گەیشتنە پلەی سەرخۆشی لەڕوانگەی زانینەوە کامەتا، وەسەرخۆش بەکێ ئەڵێن، لەگەڵ ئەوەدا کە یەکێ‌خۆی سەرخۆش‌بێت چونکە «**سەرخۆش خۆی لەبارەی زانیاری سەرخۆش بونەوە، نەی‌خوێندوەو هیچ نازانێت‌و کەچی سەرخۆشیشە، بەڵام ئەوزانیارەی کەسەرخۆش‌نیە، ئەزانێ پلەی سەرخۆش‌بون کامەتاو، کەچی چۆنیەتەکەی نازانێ، مەگەر خۆیشی سەرخۆش بێت**».

یان پزشکێکی نەخۆش کەزۆر باش ئەزانێ تەندروستی بەچی ئەڵێن وەتەندروست کێ‌یە، کەچی خۆیشی نەخۆشە، هەربەم‌چەشنە ماوەزۆرە لەنێوانی ئەوەی‌دا کە ناوەڕۆك‌و مەرج‌و هۆکانی «زهد» بزانیت، لەگەڵ ئەوەیدا کە خۆت «زاهد» بیت، وەڕووت وەرگێڕابێ لەسامانو پایەو پلەی دنیایی.

بەم‌چەشنە بۆم‌دەرکەوت صۆفی‌یەکان دارای «حاڵن» نەك خاوەنی‌گوفتار، یان بڵێین صوفیەتی حاڵ‌وکردارە نەك‌وتەوگوفتار، منیش ئەوەی کەهی خوێندنەوەو زانین‌بو لێ‌بوبومەوە وەمابویەوە سەری بەدەست‌هێنانی ئەوەی کەلەڕێگەی خوێندن‌و خوێندنەوەوە بەدەست نایێت بەڵکوبەسلوك «ڕێ‌گرتنەبەر» وەچەشتن، ذەوق، ئەبێ دەس‌کەوێت، وەبۆم ڕوون بوبویەوە کە خۆشبەختی دوارۆژ، مەگەر بە «تەقوا»، وە جڵەوگرتنی «نەفس» لەئارەزوەکانی، دەس‌کەوێت ئەمەش بەوە دەس‌ئەکەوێت، پەیوەندی دڵ ببریت لەئارەزوی دنیایی، واتە بێزاربون لە مەنزڵگەی لەخۆبایی‌بون، وەرونانە مەنزڵگەی جاویدانی، وەڕونانە لای‌خوا، بەهەمو توانایێکەوە، وە ئەمەش بێ‌گومان سەرناگرێ ئەگەر پشت هەڵ‌نەکەی، لەسامان بەیەکەوەنان‌و پایە بەدەست‌هێنان، وە ڕاکردن لەدەستی ئەوشتە دنیایی‌یانەی کەدڵیان‌پیوە ئەبەسترێ، وەمرۆڤ خەریك‌ئەکەن بەخۆیانەوە..

من کە ئەمانەم بۆڕون‌بویەوە ئاوڕێکم لەخۆم‌دایەوەو سرنجێکی خۆم‌دا، سەیرئەکەم کەخۆم ئاقورقوڕاگە چەقیوم لەم شتانەدا، سەیرم‌کرد گوایا چاکترین کارم دەرس‌وتنەوەیە، لێم‌کۆڵی‌یەوە ئەبینم من سەرگەرمی بڕێ زانیاری وەهام کە هیچ گرنگ‌نیەو کەڵکێکیشی بۆ دوارۆژم‌تیانیە، وەکاتێ لە «نیەتی» ئەم دەرس‌وتنەوەیەم، وردبومەوە دیم، مەبەستم بۆ ڕەزامەندی خوا نیە، بەڵکو بۆئەوەیە کە ناوبانگ و پایەو پلەو سامان بەدەس‌بێرم، جا لەشوێنێکا ئەمە باشترین کارم‌بێت، وای بەحاڵی کردەوەکانی ترم، !! لێرەدابو سەیرم‌کرد خۆم لە لێوارەی هەڵدێرگەو پەرت‌گەو سەرەو لێژەیێکادی کە ئەم‌کێشن بۆناوی‌ئاگر.

بەم‌چەشنەبو، بڕیارم‌دا، بەغدا بەجێ‌بێڵم وەسەری خۆم هەڵگرم، بەدورو درێژی باسی فەراهەم‌کردنی پێشەکی ئەم دەرچونە وەخۆدزینەوە لەخەلیفەو گەورەپیاوانی بەغدا ئەکات، پاشان ئەگاتە ئەوەی ئەڵێ، پاش بڕیاردان هەرچی ماڵ‌وسامانم هەبو هەموم بەخشی‌یەوەو دەستم‌پێوەنا، وەبەشی ماڵومناڵیشم

لێ‌جیا کردەوە، ئەوەندەی کەپێی بژین، وەڕوم نایە «**شام**» نزیکەی دوساڵ لەوێ مامەوە وە بەوجۆرەی لەکتێبی صوفیەکانا خوێندبومەوە ڕۆیشتم لەگۆشەیێکا کە کەس نەم‌ناسێ، دەستم‌کردە خواپەرستی، وەتێکۆشان، بۆ پاک‌کردنەوەی «**نەفس**» «**دەرون**»: وە پالاوتنی دڵ بە «**ذیکری**» الله، وە زۆرجاریش ئەرۆیشتمە منارەکەی مزگەوتی شام، وە دەرگاکەیم لەسەری‌خۆم دائەخست، ماوەیێکیش چوم بو «**قدس**» وەلەمزگەوتی «**الاقصی**» دا سەرگەرمی هەمان ذیکرو فیکرو ڕیازەت‌و خۆپاڵاوتن بوم، پاشان ڕێ‌کەوتم بۆ مەککەومەدینە وەڕوم نایە حیجاز، پاش ماوەیێک سەرلەنوێ کەڵکەڵەی ماڵومناڵ کەوتەوە سەرم وەهاتمەوە بۆ دیدەنیان، بەڵام ئیتر هەر بەکەنارەگیری مامەوە، وەسەرگەرمی کاری پاک‌کردنەوەو پالاوتنی دڵ‌ودەرون‌بوم، غەززالی ئەڵێ ئەم حاڵی خۆپالاوتنەم دەساڵ درێژەی‌کێشا وەلەم ماوەدا ئەوەی کەئەم‌دی لەشتە نهێنیەکانی ئەم‌ڕێ‌ڕەوە، لە ژمارەو حیساب نایێت وەقەت باس ناکرێت، ئەڵێ:

ئەوەی بۆم‌ڕون‌بویەوە، ئەوەتە، بە یەقین صوفیەکان ڕێبواری ڕێگای ڕاستی خوا ویستی‌و خواپەرستین، بەتایبەت ڕەوشیان ڕەوشێکی ستایش کراوە، وەڕێگایان ڕاست‌ترین ڕیگا وە ئەخلاقیان پاکترین ئەخلاقە، بەڵکو لە کانگەی دڵەوە ئەڵێم، ئەگەر ئاوەزو ژیری هەموی‌ژیران وە «**حیکمەتی**» هەموی «**حکما**» وە زانینی هەموی ئایین‌ناسەکانی ئیسلام، بکەیتەوە یەک‌و بیان‌خەیتەکار، ناتوانێ ڕێ‌ڕەوێ لە ڕێڕەوی ئەوان. چاکتر بدۆزێتەوەو پێشنیاری‌کات، چونکە هەمو هەڵسونیشتێکی ئەوان لەنهێنی‌و ئاشکرایدا، لەنوری «**نبووەت**» وەرگیراوە، وەباشتر لەنوری «**نبووەت**» هیچ نورێک‌نیە، بۆ ڕوناک‌کردنەوەی ڕێگەی خۆش‌بەختی.

بەکورتی بڵێین، مرۆڤ چی‌ئەتوانێ بڵێ دەربارەی، ڕێ‌ڕەوێک، کە یەکەم مەرجی ئەورێگایە پاک‌کردنەوەبێت، پاک‌کردنەوەی چی؟ پاک‌کردنەوەی دەرون، لەچی؟ جگەلەخوا لەهەرچی‌شتە، کلیلی ئەم‌ڕێگایە چی‌یە؟ لێ‌بڕانی «**دڵ**» بۆ ذیکری خوا، بەویەڕی توانایی یەوە، دواپلەیشی چی‌یە «**فەنا**» بون لەیادی خوادا «**واتە خۆت لەیاد بچێتەوە وەتەنها یادی خوابکەیت**» بەڵام ئەبێ ئەوەش بزانین لەکاتی بڕینی ئەورێگایەدا زۆر دەس‌کەوتی‌تر هەن، گومانی تیانیە کەدەستی ئەورێبوارە ئەکەون، کە لە پەردە لەسەر دیدەی دەرون هەڵ‌گیران «**موکاشەفە**» و چاوپی‌کەوتن «**موشاهەدە**» وە دەس پی‌ئەکات، تائەگاتە شتی زۆرگرنگ‌و سەرسوورێنەر .

لەسەرەتای گرتنەبەری ڕێڕەوی تەصەووفدا، تەنانەت هەر لەکاتی بێداریشدا ڕێبوارانی ئەمڕێگایە، چاویان ئەکەوێ بە فریشتەکان، وەبە ڕەوانیپاکی پەیامبەران، بەجۆرێك کە دەنگیان ئەبیستو کەڵکیان لێوەرئەگرن، پاشان کەوردە وردە «حاڵی سالیك واتە ڕێبوار» پێشکەوت، ئەگاتە پایەوپلەو شوێنی وا، کە هیچزوانێ توانایی باسی ئەوشتانەی نیە، چونکە وشەیێکی دەسناکەوێت کەئەوشتانە بگەیێنێتو بۆ ئەو مەبەستانە دەستبدات، وە ئەگەر کەسێ بیەوێ ئەوشتانە باسکات، بێگومان ئەکەوێتە هەڵەوە، وە بۆی ناکرێت، بۆچی؟ وەڵام بۆنمونە....

یەکێ لەوشتانە، یان لەو پایانەی کە ڕێبواری ڕێڕەوی تەصەووف پێی ئەگات پایەی «قورب»ە واتە نزیکی لەخوایگەورە، بڕێك لایانوایە ئەمە «حولولە» واتە دابەزینی ڕەوانی خۆشەویست لەناو لەشی ویستیاردا، بڕێك لایانوایە ئەمنزیکییە «ئیتحادە» واتە بەیەکبونی گیانی هەردولا، خۆشەویست و ویستیار «خوداوبەندە» بڕێك بەم حاڵی «قورب»ە ئەڵێن «وصول» واتە گەیشتنەلای خۆشەویست، یان «وەحدەتی وجود».

کەچی ئەمانەش هەموی هەڵەیەو هیچ کامی نیە، چونکی وشەیێك وە «تەعبیرێ» نیە بۆ پیشاندانی ئەو حاڵەتە، غەززالی ئەفەرمێ ئێمە باسی ئەم هەڵانەمان لەکتێبی «المقصد الأسنى» دا کردوە، وەئەڵێ منخۆم سەبارەت بەمحاڵە ئەمشیعرە ئەڵێم، کەئەڵێ:

(وكان ما كان مما لستُ اذكُرُهُ
فظنّ خيراً ولاتسأل عن الخَبَرِ

بەلام منخۆم سەبارەت بەمباسە دەسڕائەکێشم بۆپارچە شیعرێکی حەزرەتی شاهی نەقشبەندبهاءالدین محمد کە لەهەووەڵ شیعری سەرەتای قەصیدە کەدا ئەفەرمێ:

لە عەینی خامۆشیو بێدەنگیدا، خاوەن دنگو خاوەن گوفتارم، هەروەکو خەتی کتێب، خەتی نوسین.

یان مورشید ، جگەئەوەی کە رێبەر وە ماموستا وەپزیشکی دەرونن ، بۆئەوەی موریدی بگەیێنتە پلەی یەقین ، خۆیان مەبەست و مەقصود نین ، بەڵکو مەبەست و مەقصود هەر خوای گەورەیە ، بەلاَم رێزلی گرتن و بەگوی کردن و خۆش ویستنی ماموستاو پزیشك کارێکی شیاوو پێویستە ، وە بەبێ ئەنجام دانی سپاردەو یاسای رێزگیری وەگوێرادێری بۆ مورشید وە پیری تەریقەت ، هیچ کەس ناتوانێ بگاتە مرازو ئاوات ، وە ئەوەی کەبایزید فەرمویەتی هەرکەس پیرو رێبەرێکی نەبێ ، شەیتان ئەیێتە رێ بەری ، هەر بۆئەوەتە کە بۆرێگەی خواناسی ی ، چ رێگای شەرعی ظاهیر ، وەچ رێگەی نهێنی مەعنەوی ، ئەگەر ماموستاو رەهنمات نەبو ، وا شەیتان دەرفەتت تێ ئەبات و رێگا ون ئەکەیت وەسەرت لێ ئەشێوێت ، ئەگینا بۆئەوەنیە کە ئەو مەلاوشێخە خۆیان بینە مرازو مەقصودو مەرامی صوفی یەکان ، بەڵکو ئەو رێبەرانە هۆو ئامێری خواناساندنن بەخوازیاران .

ئێمە لەپێرست کردنی پرسیارەکان دا ، پرسیاری چوارەمان ، بریتی یە لەوە ، کە **«تەسەووف بەچی دەست پێ ئەکات وە پایانی کامەتا ؟»** لەوەلاَما ئەڵێین ، تەسووف بە تەوبەکردن ، واتە پاش گەز وەدەس هەڵگرتن لەخرابکاری ی ، دەس پێ ئەکات ، ئەڵبەتە بەومەرجەی ئەو دەس هەڵگرتنە بۆهەمیشەبێت ، وە هەتاهەتایە ئەوکەسە نەگەرێتەوە سەر کەچ رەوی ، پاش ئەم تەوبەکردنە ، ئەگەر تەوبەکە ، لەسەر دەستی مورشیدا نەبو وە هەر بەیێی خۆتو خودای خۆت بو ، ئەوە بەردەوام ئەبێت لەسەر **«تەقوا»** واتە خۆپاراستن لە هەمو خرابەیێك وەپەیرەوی کردن لە خواپەرستی بەهەمو مەعنایێك ، واتە ئەنجامی فەرزو سونەت وە زیادە نوێژەکان وەشەونوێژ وە **(ذیکر)** واتە ناوی خوابردن و یادی خواکردن ، جا ، یان بەزوان یان بەدڵ ، یان بەهەردوکی ، وە تارادەیێك قورئان خوێندن ، دوری گرتن لەرەذائل واتەهەستی ناپەسندی دەرونی ، وە دوری گرتن لەئەنجام دانی ئەوهەستە ناپەسەندانە ، وە خەبات **«موجاهەدە»** بۆ زاڵ بون بەسەر هەستی ناپەسەندی دەرونا ، وە جێ نشین کردنی هەستی پەسەند **«صیفاتی حەمیدە»** لەشوێنی ناپەسەندەکانا ، گرتنەبەری رەوشو کرداری باش لەگەڵ موسوڵمانان دا ، بەڵکو لەگەڵی هەمو مرۆڤێك دا ، تەنانەت لەگەڵی هەمو گیان لەبەرێکدا ، تێ کۆشان بۆ بەدەست هێنانی نانی حەلاَل وەماڵی حەلاَل ، وە بەخشینی ئەو نان و ماڵە حەلاَلە بەپێی فەرمانی شەرع ، واتە بەرلەوا تێرکردنی زکی خۆتو باوکودایکو ماڵوخێزانت لەپاشان بێ بەش نەکردنی ئەوانەی پێویستیان بەیارمەتی یە ، لەخزمو هاوسێ و دورترو دورتر ، **«وەئەمانەش هەموی فەرمانی خودان بۆهەمو موسوڵمانێك»** .

بەردەوام بون لەسەری ئەم رەوشە پەسەندانە وەلەسەری ئەو خواپەرستی یە

بەربڵاوە ، وەلەسەرچونی تائەودەمەی خوا خۆی دەروی ڕەحمەتت لێ ئەکاتەوەو دڵودەرونت بەڕووناکیی خۆی ڕووناك ئەکاتەوەو ئایەتی «**واتقوا اللە ویعلمکم اللە**» ، یان «**والذین جاهدوا فینا لنهدینهم سبلنا**» ، یان «**واسجد واقترب**» لەخۆت ودەرونتا هەست ئەکەیت یانئەوەتە خواخۆی ڕێگای نزیكبونەوەو مەنزڵبڕینت پیشانئەدات ، یان هیدایەتت ئەدات بۆلای ماموستاو ڕێبەرێك ، وەئەمە بۆزۆرکەس پێشهاتوە .

یانئەوەتە کە ئەم تەوبە کردنەت لە سەردەستی مورشیدو ڕێبەرێکا ئەنجام ئەدەیت ، کە ئیتر ئەو ڕێبەرە شارەزایە ، خۆی هەروەکو ماموستایێکی دڵسۆز کە وردە وردە بە «**تەدریج**» دەرس بڵێتەوە بەشاگردیێ ، هەروا ئەبێتە ڕێنماو ماموستات .

بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەوماموستایە بەرلەهەموشتێ دەرسی ذیکر بەوشاگردە پیشان ئەدات ذیکری نهێنی ، یان ئاشکرا ، بۆ نمونە ذیکری نەقشبەندییەکان ذیکری «**خەفی**» واتەنهێنی ، یان ، دەرونییە ، وەذیکری قادرییەکان ، ذیکری «**جەلی**»واتە ئاشکرایە ، کەهەردوکی هەر بەپشتبەستنە بەئایەتی قورئان ، وە هەردوجورەکەی لەقورئانا ئەمری پێکراوە ، هەروەکو کە ئەفەرمێ «**واذکر ربك فی نفسك تضرعا وخیفة**...»سورەی ئەعراف «٢٠٤»یان کە لەمەقامی دوعا کردن ، واتەلەخواپارانەوەدا ئەفەرمێ ، «**ادعوا ربکم تضرعا وخفیة**»ئایەتی «٥٥»سورەی ئەعراف ، لەئایەتەکەدا ئەفەرمێ (**فی نفسك**)واتەلەدەرونا ناوی خوابەرە ، لێرەدا ئەفەرمێ «**وخفیة**»واتە بەپەنامەکی لەدەرونیخۆتا ناویخوابەرە ، «**الذین آمنوا وتطمئن قلوبهم بذکرالله الابذکرالله تطمئن القلوب**» رعد «٢٧» «**الذین یذکرون الله قیاما وقعودا وعلی جنوبهم** ...» ال‌عمران (**١٩١**)کەواتە پەروەردەکردنی خوازیاری ڕێڕەوی تەسەووف بەیەکێ لەم دوو ڕەوشە دەس ئەکاتە ذیکر بە «**نهێنی**، **یان بەئاشکرا**» لەبناغەشا ، ئەم تەریقەتانە هەرلەمەوە سەرچاوە ئەگرن ، ئەمەش وەکو دووڕەوشی تەدریس وایە کە هەریەکەی لەئیختراعی کەڵە پسپۆڕو ماموستایێکەوە هاتبێت ، کەلەجیهانی خوێندنی مەکتەبو دانشگەی ئەمڕۆشدا زور بەرچاو ئەکەوێت ، یان خۆ لەڕەوشی موعالەجە «**دەرمان کردن**» ، یان «**عەمەلیات**» دا هەیە ، مەبەست وەهەدەف وە ئامانج وەنیشانە ، هەر یەکێکە ، بەڵام لەڕێگەی جوراو جورەوە بەپێی شارەزایی پسپۆڕو ماموستاکان ئەگۆڕرێت ، هەدەف هەر خواناسین وەخوا لەخۆڕازی کردن وە

گەیشتن بەپلەی بەقای پاش فەنا وەمەلبەندی عەینول یەقینە ، بەڵام لەڕێ ڕەوی جۆراو جۆرەوە ؛ وەکو کوردی خۆمان ئەڵێن هەموی ئەوڕێگایانە بو (بانە) ئەڕۆن ؛ مەبەست گەیشتنە بە (بانە) ، جاهەریەکەی لە ڕێگاییکەوە کەلای وایە نزیکترە ؛ جا تەریقەتی نەقشبەندی جگە لەذیکرە رابیطەشی هەیە ، (رابیطە) لە وشەی «ربط»ی عەرەبیەوە هاتوە ، واتە پەیوەندان وەپێکەوە بەستن ، لە ناوەڕۆکدا هەوڵ و تێکۆشان بۆ پەیوەند دانی دڵی موریدی تازەکارە بە خوای گەورەوە ئەمەش بەجورێك ئەبێت ، مورید خۆی هەوڵ بدات کەلەدەرونەوە خۆ ببەستێت بە مورشیدەوە ؛ بوچی ؟... چونکو هەروەکو وتمان مورشیدی «**کامیل وە موکەمیل**» «**واتە هەم خوی پێ گەیشتێ وەهەم بتوانی خەلکیش پێ بگەیێنێ**» ؛ دیارە ئاوا کەسێك پلەی بەقای پاش فەنای دەس کەوتوە ؛ کەسێکیش کەوابو دیارە لەدەرونەوە پەیوندە بە رۆحانیەتی رێبەری گەورەوە واتە حەزرەتی موحەممەد درودی خوای لەسەر ، بێ گومان ڕۆحی ئەویش بێ واسیطە پەیوەندە بەنورو لوطفی خوداوە ؛ هەروەکو وایری کارەباییك هەریەکەی بەستراوە بەمەرکەزێکی بەهێزترەوە تا ئەگاتە سەرچاوەکەی ؛ وە ئەگەر بێتو گلۆپێ یان دینەموێکی بجولێ ، بەبێ (**موحەوویلە**) بدرێت لەسەرچاوەی کارەباکە ئەسوتێت وە خۆی بۆناگیرێت ؛ هەروا ئەو موریدە تازەکارەش هەم خۆی توانایی ئەوەی نیە خۆی یەکسەر لەدەرونەوە پەیوەند بدات بە رۆحانیەتی پەیامبەرەوە یان بەنوری خوداوە ، وەهەم شارەزایش نیە ، چۆن ئەوکارە بکات ، کەواتە لەڕێگەی رەبطی دەرونی خۆیەوە بەدەرونی مورشیدیەوە پەیوەند لەگەڵی سەرچاوەی نورا ، واتە خوای گەورەدا ئەکات ، وەئەو مورشیدە خۆی سەرچاوەی نورنیە بەڵکو وەکو موحەوویلە . سەبەبو وەسیلەیە بۆنەقلی ئەونورە لەمەرکەزی بەرزەوە بولای خوازیاری تازەکار ، بە شێوەیێکی تریش ئەتوانین بڵێین هەروەکو لەڕەوشی دەرس وتنەوەی کۆن دا ، مەلاگەورەکان دەرسیان ئەوتەوە بەموستەعید ، ئەویش بە لەخوی خوارتر ، هەتا ئەهاتە سەری ئەوکەسەی تازە دەست ئەکاتە ئەلفوبێ ؛ ئەویش هەربەوچەشنەیە ، جا چونکە شتەکە شتێکی مەعنەوی و ڕوحی یە ، ناتوانم بەم جورە نەبێ باسی بکەم ؛ ئەگینا ئەمانەشتێکی ماددی بون باسمان کردن ، بۆ نزیك کردنەوەی بیری خوێنەر لەباسەکە.

کەواتە لەسەر ڕەوشی برێ لە تەریقەتەکان وەکو نەقشبەندی یەکان دوو جۆرە تێکۆشان هەیە بۆ تەزکیەی نەفس ؛ واتە پاك کردنەوەی دەرون ، یەکێکی ذیکری

خودایە، سا یان بەدەنگی بەرز یان بەنهێنی لەدەرونا، یەکێکیش یارمەتی خواستنە لەرۆحی موڕشید کەئەبێتە پیوەند دانی ڕوحی خۆت، یان دڵودەرونی خۆت بەدەرونی موڕشیدەوە، لەورێگەوە پەیوەندانی دەرونە بەسەرچاوەی ڕوناکی‌یەوە. جا ئەو موڕشیدەش، سا یان لەوکاتی رابیطەداءیان وەکو لەپێشا وتمان بەهوی **(تەوەججوە)** **واتە روی دەرون تێکردنی موڕشید بۆدەرونی موریند، هەزاران کاری سەیر لەگەڵ دڵا ئەکرێت بێ‌ئەوەی گوێ‌و زوان دەخالەتیان هەبێت. وە دەرون ئەبەسرێت بەجیهانی مەعنەویاتەوە‌، وە هەزاران ڕازو نهێنی لە جیهانی مەعنەوی بۆمرۆڤ دەرئەکەوێت. حەزرەتی شێخ‌عوسمان سیراج الدینی نەقشبەندی، واتە شێخ‌عوسمانی (تەوێڵە)**، لەم بارەوە دوبەیتی‌یێکی هەیە زور دڵ‌نەوازو بەجێ، کەئەفەرمێ.

هەرجا کە مەن‌و دوست بەهەم باز رەسیدیم
ئەزنیش بەدئەندیش لەبێ خویش گەزیدیم
بێ واسیطەیی گوش‌و زەبان ئەز طەرەفێ دل
بسیار سوخەن بود کە گوفتیم‌و شەنیدیم

واتە هەرکاتێ یان لەهەرشوێنێکا من‌و خۆشەویستم گەیشتین بەیەك، لەترسی ئازاری باوەڕ ناپاکان لێوی خومان گەست، وە بەبێ ئەوەی کە گوێ‌و زوان بەکار بیرین، هەر لەرێگەی دڵەوە، زۆر قسەوباسمان‌بو کە گوتمان وبیستمان. سەید عەبدول‌رەحیمی مەولەوی، کە زۆرتری شیعرەکانی لە سەرچاوەی تەسەووفەوە هەڵ ئەقوڵێن، هەرچی کەئەڵێ ساقی مەیم‌بدەرێ بێ‌گومان هەر ئەم داخوازە مەعنەوی‌یەتە، کە لەموڕشیدی خۆی شیخ‌عوسمانی تەوێڵەی کردوە، وە ویستویە تی موڕشیدەکەی لەدەرونەوە تەوەججوهی لێ‌بکات. مەولەوی لەیەکی لەشیعرەکانیا پاش باسی پێشەکی‌یەك بۆ داخوازەکەی، ئەڵێت.

ڕۆ جە شەو فێشتەر زارو زەلیلم
ساقی! سا جامێ ئەمجار دەخیلم

پاشان ئەڵێت:-

ساق سا دەخیل وە فەریادم ڕەس
وە ڕووی نازەوە جام گێرە وە دەس
دەور دەرە وە ناز چون هەردەجاران
پێم دە یەك مەنی سەباو ئێواران!

پاشان ئەڵێت:-

ساق! ئامانەن ئەشوو جە ویرت
وە فەریادم ڕەس تۆ بەشق پیرت

تا دوایی شیعرەکە،.. مەولەوی لێرەدا لەپیری خۆی داوا ئەکات وە سوێندیشی ئەدات بەعیشقی پیری خۆی، پیری مورشیدەکەی. کە ئەوشەوە ئەوی لەبیر نەچیت وە بێ بەهرەی ئەکات لەبادەی مەحەببەت. بەیارمەتی خودا ئەگەر گەیشتینە سەرباسی کارکردی تەسەووف بۆسەر ئەدەب، بەتایبەت بۆسەری ئەدەبی کوردی، ئەم مەبەستانە، شی ی ئەکەینەوە، دیوانەکەی مەولەوی پڕیەتی لەتەسەووف هەروەکو دیوانی مەلای جەزیری، یان مەحوی، وەزۆریك لەشاعیرانی کورددوبارە هەرلەبارەی ئەوەججوهو کارکردی مورشیدەوە بۆ پێگەیاندنی موزید، شیعرێکی تری مەولەوی هەیە کەبۆ شێخ عوسمانی نوسیوە، لەشوێنێکیا باسی لاوازی بوبی هێزیی کشت و مەزرای دەروونی خۆی ئەکات بۆ مورشید، داوای یارمەتی لێ ئەکات. ئەڵێت،

حەیفەن تۆ میراو سەر جۆی بادە بی
وە هەرکەس وە قەد کەفاف دادە بی
من کشتم ڕوو زەرد هام فەردانم بۆ
دانەم ڕوو سیای هام دەردانم بۆ
سا هۆرکەر با بێ جۆجۆ جۆگەی مەی
وەسەر کشتم دا پەی پەی پەیاپەی
بەڵام پا شەرتە گەشێوە کەرۆ
چی ئاخرەوە داناوێ وەرۆ

مەولەوی ئەڵێ بە مورشیدەکەی، حەیفە تۆ میراوی سەرجۆگەی بادەی مەحەببەتی خودابیت، وە مەزراکەی من، لەناوی مەزرای هاوڕێ کانما، ڕوزەردو لاواز بێت، دە توخوا جۆگەی مەی هەڵکە بۆمەزراکەم بەڵکو لەم دوادوایی تەمەنەوە (داناوێ) بخوات، وەگەشەیێ بکات، داناو ئاخرین ئاوێکە کە ئەدرێت بەگەنم، بۆئەوەی کە دانەکەی پڕبێت و قەڵەو. لێرەدا هەرچەن تۆزێ لەمەبەست دورکەوتمەوە لەهەمان کاتیشا خۆی کرۆکی مەبەستەکەیە. کەواتە موریدی تازەکار، پاش تەوبە کردن، چ لەسەر دەستی مورشیدا بێت چ لەبەینی خۆیو خودای خۆیدابێت، دەس ئەکاتە ڕێگەبرین، وە یەکەم پلەی پاش تەوبە،دەس کردنە بەذیکر، یان برێ جار هەم ذیکریش وە هەم رابیطە. ئێمە لەئایندەدا چۆنێتی ئەنجامدانی ئەم ذیکرو رابیطەیەش باس ئەکەین، واتە چۆن ذیکر بکات یان چۆن رابیطە بکات،

لەمەودوا، ڕێبواری ڕێگای تەسەووف، ئەبێ دەس بکاتە پاك کردنەوەی دەرون وە ئەمەش بە خەبات کردن وە بەربەرەکانێ کردنە لەگەڵ خواستە ناپەسەندەکانی دەرونا، گرنگ ترین شتێك کە هەستی ناپاکی دەرون واتە هەستی «نەفسی ئەمارە بالسوء»چارە ئەکات، ریازەت کێشانە، کە پێی ئەوترێ «چلەکێشان» یان «خەلوەت» یان ڕیازەت، کە لەناوەرۆکا هەموی هەر یەکێکە، وەلەژێری چەتری خەبات، واتەموجاهەدەدایە «وَالَّذِينَ جَاهَدُوا فِينَا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنَا» یان هەروەکو وتمان، پەیامبەری گەورە درودی لەسەر کاتێ کە لە غەزوەیێك گەڕاونەتەوە، فەرمویانە لە جیهادی بچوك گەڕاینەوە، جا کاتی جیهادی گەورەیە، عەرزیان کرد جیهادی گەورە کامەتا ؟ فەرموی جیهادە لەگەڵ نەفسا، جا ئەم موجاهەدە، تەسەووف، ڕێ ڕەوو ڕەوشی تایبەتی بۆداناوە، ئەویش کەنارەگیری یە لەخەڵك، وە تەرخان کردنی شوێنێکی بێ دەنگو چۆڵو پاکو پوختەیە، بۆئەوەی ئەو ڕیازەت کێشە لەوێدا شەوورۆژ بداتەوە دەمی یەك ‌ڕ سەرگەرمی خواپەرستی بێت، جا ماوەی هەرجارە دانراوە بە چل ڕۆژ، هی واهەیە بە شوێنی یەکا چەن جارێك چلە ئەکێشی، ئەویش بەپێی قەناعەت و متمانەی دڵی خۆی، یان،بە،بۆدیاری کردنی مورشیدەکەی ئەبێت، کە ئایا ئەم ڕاهێنان و پەروەردەکردنە تاکەی پێویست ئەبێ، هەروەکو پارێز وە دەرمان کردنی نەخۆشێك کە دوکتۆرەکەی ئەزانێت تاکەی پی‌ویستە، یان بگرە خۆیشی هەستی لەش ساغی بکات و دەس لەدەرمان و پارێز هەڵگرێت، ئیتر ئەم

زەحمەت کێشانە وەنەبێ هەتاهەتایە پێویست بێت، بەڵکو بگرە ساڵێ یان دەسالیش یان زیاتریش پێویست بکات جا ئەم چلەکێشانە بریتی یە لەبەرۆژوبون. وە بەربانگ کردنەوە بەشتێکی زۆرکەم وەکو پیاڵەیێ ئاوو چوار پێنج دانە خورما، یان بادام یان مێوژ وە بەردەوام بون لەسەری ذیکروفیکرو خواپەرستی ونوێژکردن سا یان بەجۆرێکەکە ئەوکەسە بیەوێ، وە یان زۆرتری لەسەردەستی مورشیدایە کە ئەوذیکرانەی بەپێی پێویست بۆدیاری بکات، هەروەکو دەرمانی دوکتورەکە.

ئەگەر بەبێ مورشیدیش بو «هەرچەند زۆر مەترسی دارە بەبێ مورشید چلەکێشان» وا هەرجۆرێ خوا بۆی کردو لە نوسراوەو کتێبا خوێندبویەوە بەوجۆرە چل ڕۆژ ئەبانە سەر، وە بێ گومان بێ بەهرە نابێت وە لەمەسائلی مەعنەوی شتی یەقینی بۆ دەرئەکەوێت، ئاوردە وردە ڕێگای خۆی بەرەو ئاواتی بەرز، ئاواتی ڕوناك بونەوەی دەرون بەنوری حەق، ئەبڕێت. دیارە زۆر ذیکرکردن، ئەویش هەر بە دەستوری قورئانە وە هەروەکو لەمەوپێش باسمان کرد ذیکر لەقورئان دا هەم بۆ ناوی قورئان هاتوە «إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ» حجر ئایەی «٩» هەم بۆنوێژ هاتوە «يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَاةِ مِنْ يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَىٰ ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ» سورەی جمعە ئایەی «٩» وەذیکر بۆ یادکردن وناوبردن و خوێندنیش هاتوە، وە «تأكيد» کراوە لەسەر زۆری ی ذیکرو بەردەوام بون لەسەری، «فَوَيْلٌ لِلْقَاسِيَةِ قُلُوبُهُمْ مِنْ ذِكْرِ اللَّهِ» «يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تُلْهِكُمْ أَمْوَالُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ» «وَاذْكُرْ رَبَّكَ كَثِيرًا» «فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ» «يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيرًا» «الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَامًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمْ»، وە دەیان ئایەتی تر لەقورئان دا، کە لەموسوڵمانی ڕاستەقینە داوا ئەکات، بەنهێنی وئاشکرا بەشەووبەڕۆژ بەهەستان و پاڵکەوتن و دانیشتن، بەردەوام بێت لەسەری ناوی خوابردن و یادی خوا کردن و سەبارەت بەخوای گەورە گفتوگۆکردن، وە نمونەیێکی ئەو چلەکێشانەش لەئایەتی «٥١» سورەی «بقرە» دا دێتەدەست، کە خوای گەورە ئەفەرمێ «وَإِذْ وَاعَدْنَا مُوسَىٰ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً» کە موسی ڕۆیشتوە بۆکێوی «طور» بۆ ڕازونیاز لەگەڵ خودای خۆیا وە بۆوەرگرتنی «تورات»، هەروەها مەبەستی چلەکێشان یەکێکە لەکارە ناسراوو دیاری یەکانی ئەهلی تەصەووف، وە بێ گومان چل ڕۆژ بەڕۆژوبون وە دورکەوتنەوە لە دەنگەدەنگو قەرەباڵغ، وەکەنارەگیری و زۆرزۆر کەم خواردن و شەووڕۆژ ناوی خوابردن و یادی خوا کردن، کارێکی زۆر ئەکاتە سەری دەرونی مرۆڤ، هەروەکو وتمان بگرە

ئەم کارەش چەن جارێك ئەنجام بدرێت یان هەر یەك جار بێت، بەڵام تێکرا ئەوانەی کە ئەم رێگایە ئەدەنەبەر، لەپاشان لەهەموی ژیان دا ئیتر دوری ئەگرن لە زیادەرەوی، واتە «ئیفراط وە تەفریط» لە هەموشتێکا بۆنمونە هەروەکو لەوەوبەریش وتمان ئیتر هەڵپە ناکات بەشوێنی سامانو جاهو مەقامی دنیایی دا، لە خواردنا لە پۆشینا تەنانەت لەگوفتارا، لە دەنگ بەرزکردنەوەی قسەکردنا، رێگەی مامناوەندی ئەگرێتەبەر خوا لەقورئانا بەموسوڵمانان ئەفەرمێ «وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا .....» ئایەی «١٤٣» سورەی نیساء .

مەردی گۆڕەپانی تەسەووف مەردانە لەسەر رێگەی خۆی وە لەسەر ذیکرو فیکری خۆی وە خواپەرستیێکی رێکوپێك بەردەوام ئەبێت، وەپلەبەپلە رێگەی سەختی تەسەووف ئەبرێت ، ئەگاتە هەر مەقامێك چاوی لەهەوارگەو مەنزڵەکەی پێشی خۆیەتی، وە سەیری ئەو هەوارگەیانە ناکات کە جێی هێشتون، بەڵکو هەر بەرزەفڕی ئەکات واتە «طەموحە»، تائەگاتە پلەی بەقای پاش «فەنا» لەوەولاش وەنەبێ هەموی وەك یەك بێت لەویشا هەر «ئیمتیاز» وەخەڵات وە دەسکەوتی مەعنەوی هەیە هەر مەگەر خودا خۆیو ئەو کەلەمەردە خۆشبەختانە چەندو چۆنی بزانن، ئیمامی غەززالی سەبارەت بەیەکێ لەم دەسکەوتو شادبونانەدا کە بەسەری خۆیا هاتوە ئەفەرمێ «وَكَانَ مَا كَانَ مِمَّا لَسْتُ أَذْكُرُهُ فَظُنَّ خَيْرًا وَلَا تَسْأَلْ عَنِ الْخَبَرِ» واتە لەوەی رویدا رویدا لەوجۆرەشتانەی کە لەگوتن نایێن تۆ هەر ظەنی خەیرت بێت ئیتر مەپرسە کە چۆنبو.

لێرەدا بۆ روونکردنەوە ئەکرێ بڵێین پلەو مەقامەکانی تەسەووفیش هەروەکو دەرس خوێندنی مەکتەبو دانشگەکان وایە، کە لە پۆلێکەوە بۆپۆلێکی باڵاتر ئەڕوات ، ئەو ساڵە ئەکۆشێت بۆ وەرگرتنی شەهادەی ئەوپۆلە بەڵام پاش بەدەسهێنانی شەهادەکە قەت خۆی بەشاگردی ئەو کلاسە دانانێت وە سەرلەنوێ بۆ وەرگرتنی دانشنامەی پۆلی باڵاتر تێ ئەکۆشێت، جا کە قوناغێك لە خوێندنی تەواوکرد بڵێین سەرەتایی بری تێ ئەئەکۆشێت بۆ ناوەندی، لەپاشان بۆئانوی لەپاشان دانشگەو باڵاترو باڵاتر، کە دوکتورای گرت ئیتر دوا قوناغە بەڵام هەیشە بەوەش دانامرکێ سەرگەرمی لێکۆڵینەوەو موتاڵاکردن ونوسینەوە دەرسوتنەوەیە، وەهەر بۆ بەرزترو بەرزتر ئەڕوانێ، هەردولا هەر زانیارین ئەم جیهان ناسییە ئەو خاوەنی جیهان ناسییە، ئەم ناسینی جیهانی سورشتو بینراوو ئاشکراو پایاندارە، ئەوناسینی جیهانی دەرونو نهێنیو بێپایانە، ئەم خوردو خۆراکی لەشەو ئەو خوردوخۆراکی رۆحە .

جاڕێواری شارێگەی تەسەووف پاش گەیشتن بەمراز، وە شادبونەوە بەجیهانی یەقینیتەواو وەدامرکانی دڵ بەنوری خوایگەورە، ئەویش ئەگەڕێتەوە بۆ ژیانی ساکاری خۆی،بەڵام ئەوساکە زۆری لەگەڵ جاران‌فەرقە،ئیستە خاوەن باوەڕێکە باوەڕی یەقینی،دڵی دامرکاوو دامەزراوە ئەوکاتە ئایەتی «رِجالٌ لاتُلْهِيهِمْ تِجارةٌ ولا بَيْعٌ عَنْ ذِكرِ الله» بەسەریانا «تەطبیق» ئەبێت ئەگەر بەرەواڵەت قسە لەگەڵ خەڵك ئەکات، دڵی هەر لای خودایە بەڵکو دڵی هەر سەرگەرمی ذیکری «لا اله الا الله» یە ئەبنە «اُولئكَ الَّذين امتَحَنَ اللهُ قُلوبَهُمْ لِلتقوى» جا هەروەکو وتمان پلەو مەقام هەن لەڕێگەی قارەمانانی ڕێڕەوی تەسەووف‌دا ئەو پلەو مەقامانە هەریەکەی ناوونیشانی خۆی‌هەیە کە لەکاتی گەیشتن بەباسی مەقامەکان‌دا باسیان ئەکەین ، گەورەپیاوانی ئەم‌ڕێگایە سەبارەت بەمەقامەکان باسیان کردوە بڕێکیان هەرباسی قۆناغە گەورەکانیان کردوە وەکو سەبارەت بەخوێندنی ئەمڕۆ بڵێین سەرەتایی‌و ناوەندی‌و ئانوی وجامیعی بەڵام بڕێکیان پۆلەکانیشیان باس‌کردوە بڕێکیان تەنانەت لەڕشتەو لقەکانیش دواون، لەبارەی «ڕێگاکانی گەیشتن بەخواوە» لە تازەترین کتێبی بەکەڵکو زانیارانەی تەسەووف‌دا کتێبی «حقائق عن التصوف» نوسینی عبد القادر عیسی کە بێ‌گومان ئەویش لە سەرچاوەکان وەریگرتوە ئەڵێت «طریق الوصول الی الله. التوبة، المحاسبة، الخوف، الرجاء، الصدق، الاخلاص، الصبر، الورع، الزهد، الرضا، التوکل، الشکر» هەروەکووتم ئەمە ئیشارەو پەنجەکێشانێکە بەیارمەتی‌خودا لەپاشان بەوردی باسیان ئەکەین بەڵام چونکە وتمان لەم‌باسەدا چۆنیەتی دەس‌پی‌کردنی ڕێڕەوی تەسەووف وەدواهاتنەکەی باس ئەکەین پەنجەیێکمان کێشا بۆ مەقامەکانیش .

لێرەدا ئەبێ ڕوون کەینەوە کە بەلای زۆربەی شارەزایانی تەسەووفەوە، مەقامی «اِحْسان» بالاترین پلەیێکە کەڕێڕەوانی تەسەووف ئەیگەنێ، کەئەوەش بۆ ئەوکەسانە دەس ئەدات کە پلەی بەقای پاش فەنایان هێناوەتە دەست، ئەوەش بەوجۆرەیە کەپێغەمبە درودی‌خوای‌لەسەر ئەفەرمێ، «الاِحْسانُ اَنْ تَعْبُدَ اللهَ كأنَّكَ تَراهُ فَاِنْ لَمْ تَكُنْ تَراهُ فَاِنَّهُ يَراك» بڕێکیان مەقامی «تەوحید» بەبالاترین مەقام دائەنێن، لام‌وایە ئەویش هەر لەوەوە سەرچاوەی گرتوە، کە کەڵەمەردانی ئەم‌شاڕێگایەلەو کاتو ساتەدا باسیان‌کردوە، کە خۆیان لەوپایەدابوون، وەبرێکی‌تر بۆ مەقامی تەسەووف «دەوائر» یان داناوە وە ئەڵێن کە بیست دائرەیە لەدائرەی «عالمی ئیمکان»وە

دەس پێ ئەکات وە دواپلەکەی، دائرەی بیستەم **«اللاتعینیە»** یە، وە هەروەها **(ویلایەتی صوغری)** وە **«ویلایەتی کوبری»**، ئەمانەش هەرناون بۆ مەقام و پلەیێك کە ڕێبواری ڕێ ڕەوی خواناسی پیائەڕوات و لەدەست کەوتی ئەوانە، کەواتە ئەم وردەکاری یە بۆ کانی خۆی کاتی باسی مەقامات.

شتێکی زۆر گرنگی تریش سەبارەت بە گەیشتن بەخوا ئەوەتە، کە خوێنەر وای تێ ئەگات ئەمە گەیشتنی **«ذات»**ە بە **«ذات»**، واتە گەیشتنی ذاتی ئینسان بە ذاتی **«خالیق»**، چونکە ئەم باوەڕە ناشایستەیەو، بەڵکو کوفرە، ڕێگەی گەیشتن، ئەم ڕێگایانەیە کەوتمان وەکو تەوبە، موحاسەبە، خەوف، ڕەجاء... ئەمانە هەموی زانیارێکی دەرونین، وە، بەذەوق، واتەچەشتنی دەروون هەست ئەکرێن، نەك بە **«حەواسی خەمسە»**، چونکە هەروەکو وتمان ئەم گەیشتنە گەیشتنی چەشتنی دەرون وە هەست کردنی دەرونی یە.

ابن عطاء اللەی سکەندەری، کە یەکێکە لە گەورەپیاوانی ڕێ ڕەوی تەسەووف لەایقاظ الهمم دا ئەڵێت **«وصولك الى الله، وصولك الى العلم به، والا فجل ربنا ان يتصل به شيء او يتصل هو بشيء»**، هەروەها ئیمامی غەزالی لە کتێبی، رَوْضُ الطالبین دا ئەڵێت، **«مَعنى الوصولِ هُو الرؤية والمشاهَدة بِسِرّ القلبِ في الدنيا، وبِعَينِ الرأس في الآخرة. فليسَ مَعنى الوُصولِ اتّصالُ الذّاتِ بالذّات. تَعالى اللهُ عَنْ ذلِكَ عُلوّاً كبيراً»**. کەواتە تەصەووف بە تەوبەکردن دەس پێ ئەکات وە بەو مەقامانەدا تێ ئەپەڕێت تائەگاتە مەقامی **«بەقا»** لەوەلاش دەس کەوتی وەکو مەقامی **(احسان)** یان **«تَوحید»** یان **«قُرب»** یان **«عُبودیەت»**ی دەس ئەکەوێت، کە ئەم پایانە هی **«وەلی»** یە، واتە ئەوەی گەیشتە ئەومەقامەبەرزە، وەلی یێکە، کە مەقامەکەی مەقامی **«توحیدە»** ئەمانە ئەکرێ مورشیدبن ئەشکرێ ئیرشادنەکەن، یان پێیان نەسپێررابێ کەئیرشاد بکەن، بەڵام مورشیدی ڕاستەقینەش، کەسێکە کە مەقامی بەقای پاش فەنای دەس کەوتبێ، هەم خۆی کامیل بێت هەم موکەممیل، واتە بتوانێ خەلکیش پێ بگەیێنێ، چونکە هەیە خۆی کامیلە، بەڵام ناتوانێ خەڵك پێ بگەیێنێ وەپایەی ماموستایەتی پێ نەدراوە، واتە موکەممیل نیە. ئەمەبو سەرەتاو پایانی ڕێڕەوی تەسەووف.

«ئێستە ئەم پرسیارەمان دێتە پێشەوە ئایا شتە بەکەلکەکانی ئەم ڕێڕەوە لەڕوانگەی ئاین و کۆمەلایەتی و ژیانی مرۆڤەوە چی یە؟»

«وە ئایا تەسەووف هیچ زیانێکی هەیە بۆ ئاینی ئیسلام، یان بۆ کۆمەڵایەتی وە ژیانی مرۆڤ» ؟.

ئێمە کەوتمان صوفی ڕاستەقینە بەکەسێك ئەڵێین کە بە ئاشکراو ڕەواڵەت وە بەنهێنیو پەنامەکی پەیرەوی قورئانو سوننەت بێت، کەواتە ئەخلاقی صوفی ئەبێتە ئەخلاقی قورئانی، وە گوفتارو کرداری ئەبێتە گوفتارو کرداری موحەممەدی ی، کە بەڕاستی ئەو گوفتارو کردارەش، بەرزترین ڕەوشە بۆمرۆڤێکی تەواو، ئەوەندەی ڕەهنمایی، بۆچاکترژیانی مرۆڤ لەقورئانا هەیە، وەئەوەندە زات نانەبەر بۆ چاکە کردن لەقورئانایە باوەڕمەکە لەهیچ سەرمەشقێکی ئەخلاقی ی جیهان دا بەرچاو کەوێت، خوای گەورە بە پێغەمبەری ئیسلام ئەفەرموێ «وَإِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ» واتە بەڕاستی تۆ خاوەنی ڕەوشو خولقێکی بەرزی، لەبارەی ڕەوشی بەرزەوە خوای گەورە لەئایەی (١٩٨) سورەی ئەعراف دا ئەفەرمێ بەپێغەمبەر درودی خوای لەسەر، (خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْمَعْرُوفِ وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ) سەیری ئەم ڕەوشە بەرزە، دوبارە خوا لە سورەی ال عمران ئایەی ١٥٩ دا ئەفەرمێ «فَبِمَا رَحْمَةٍ مِنَ اللَّهِ لِنْتَ لَهُمْ، وَلَوْ كُنْتَ فَظًّا غَلِيظَ الْقَلْبِ لَانْفَضُّوا مِنْ حَوْلِكَ، فَاعْفُ عَنْهُمْ وَاسْتَغْفِرْ لَهُمْ وَشَاوِرْهُمْ فِي الْأَمْرِ، فَإِذَا عَزَمْتَ فَتَوَكَّلْ عَلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُتَوَكِّلِينَ» سەیری لەم تەنها ئایەتەدا چەن ڕەوشتی بەرزی تیایە، نەرمونیانی ی، دووری گرتن لەتوڕەیی و دڵڕەقی، ستایش کردنی بەخشینو گوزەشت، تەنانەت لەخوایش داوای بەخشینی موسوڵمانان، فەرمان دان بۆپرس کردنو ڕاوێژکردن بەموسوڵمانان تەنانەت با پێغەمبەریش بێت پاشان گرتنەبەری خوی تەوەککول بەخودا، واتە پشت بەستن بەخوا، جا ئەمانە تە ئەخلاقی موحەممەدی کەئەبێ پیاوی موسوڵمان پەیڕەوی لیوە بکات، خوا ئەفەرمێ «قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ وَالَّذِينَ هُمْ عَنِ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ» یان لەئایەی حەفتاودوی سورەی فورقان دا کەئەفەرمێ «وَالَّذِينَ لَا يَشْهَدُونَ الزُّورَ وَإِذَا مَرُّوا بِاللَّغْوِ مَرُّوا كِرَامًا» تعریفی ئەوموسوڵمانانە ئەکات بەدرۆ شاهیدی نادەن، وەئەگەر دوچاری قڕەو قسەی ناشیرین بون خۆیانی تێ ناگەیێنن، وەپیاوانە بەلایا تیئەپەڕن.

یان لەسورەی قصص ئایەی (٥٥) دا ئەفەرمێ «وَإِذَا سَمِعُوا اللَّغْوَ أَعْرَضُوا عَنْهُ وَقَالُوا لَنَا أَعْمَالُنَا وَلَكُمْ أَعْمَالُكُمْ سَلَامٌ عَلَيْكُمْ لَا نَبْتَغِي الْجَاهِلِينَ». وتیان، بە (ذالنونی میصری) کە

یەکێکە لەگەورە پیاوانی تەصەووف، کێ خەموخەفەتی لەهەموکەسێ زۆر ترە، وتی «ئەوانەی کەتوندخوو رەوش چەوتن» پێغەمبەر درودی خوای لەسەر ئەفەرمێ «السَّخِيُّ قَرِيبٌ مِنَ اللهِ قَرِيبٌ مِنَ النَّاسِ قَرِيبٌ مِنَ الجنةَّ بعيدٌ مِنَ النَّارِ، والبَخِيلُ بَعِيدٌ مِنَ اللهِ بَعِيدٌ مِنَ النَّاسِ بَعِيدٌ مِنَ الجنَّةِ قَرِيبٌ مِنَ النَّارِ» هەروەهافەرمویەتی «الجاهِلُ السَّخِيُّ أَحَبُّ الى اللهِ مِنَ العابِدِ البَخِيل».

محمد بهاء الدين نەقشبەند، سەر زەنجیرەی نەقشبەندی، فەرمویەتی، ئەم ڕێگایەی ئێمە سەراسەری ئەدەبە. بێگومان ئەم پەنجە ڕاکێشانانە نمونەیێکی زۆر زۆر بچوکن لەوهەموە ئایەتو حەدیثو فەرمودەی گەورە پیاوانەی ڕێڕەوی تەصەووف، وەئەگەر بێتو سەبارەت بەڕەوشی بەرزی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر وە گەورەپیاوانی دین بنوسین، بەصەد کتێب دوایی نایێ، مەبەست ئەوەتە ڕەوشی ڕێبواری ڕێگەی تەسەووف، ڕەوشی قورئانو موحەممەدە، وەقەت لەو ڕەوشە بەرزتر وجودی نیە، جا ئایا ئەم ڕەوشە بەرزانە بەکەڵك نین؟

ئایا دەستور دان بە خوێندن، کە یەککەم ئایەتی قورئانە «إقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ، خَلَقَ الإنْسانَ مِنْ عَلَقٍ، إقْرَأْ وَرَبُّكَ الاكرمِ الَّذِي عَلَّمَ بالقلمِ عَلَّمَ الانسانَ ما لَمْ يَعْلَم» ئایا ئەمە کەمە کە یەکەم دەستوری خوایگەورە لەئاینیپیرۆزی ئیسلاما دەستورە بۆخوێندن؟ یان کە پێغەمبەر درودیخوای لەسەر ئەفەرمێ، هەتاچین هەربڕۆن بەشوێنی خوێندندا، یان ئەفەرمێ هەموشتێ فێربن تەنانەت ، سیحر، یان . کە ئەفەرمێ هەر لە منداڵییەوە هەتا مردن هەر خەریکی خوێندنبن، یان کەخوای گەورە ئەفەرمێ «هل يستوي الذين يعلمون والذين لايعلمون»؟

ئایا خۆێنەوارو نەخوێنەوار ئەبنەیەك؟ ئەڵێ فەرقیان وەکو فەرقی کوێرو چاوساغ وایە، مەبەست ئەوەیە بەلایئیسلامەوە خوێندن سەرچاوەی خۆشبەختییە وە موسڵمانان تەشویق ئەکات بۆ خوێنەواری وە ڕەوشی بەرز.

ئیسلام فەرمانئەدا بەڕێزگرتن لەدایکوباوك، ئەڵێ ئێوە ناتەوان و منداڵ بون ئەوان ئێوەیان بەخێوکرد، ئێوەش لەکاتی ناتەوانی ئەواندا بەزەییتان بێتەوە پیایاندا وە ئوف مەکەن بەدەسیانەوە ڕێزیان لێبگرن، وە فەرمانبەرداریی دایکوباوکی خستوەتە ڕیزی فەرمانبردن لەخودا.

خوای گەورە لەچەن جێگادا فەرمان ئەدا بۆ ڕێزگرتنی باوکو دایك وە لە سێ جێگادا ئەفەرمێ «ووصّینا الإنسان بوالدیه» وە ئەفەرمێ «أن اشکرلی ولوالدیك».

چ ڕەوشێك هەیە لەم ڕەوشانە بەرزتر، خوا ئەفەرمێ خوا خۆشی لە لوت بەرزانو بەدەماران نایەت، ئەفەرمێ: ئاخر ئێوە چیتان لەو خەڵکەی تر زیاترە، مەگەر لەو شاخانە گەورەترن یان زەوی تان شەق کردوە؟ بەکورتی ڕوشێکی بەرز نیە خوا دەستوری پێ نەدابێت وکارێکی ناشیرین نیە قەدەغەی نەکردبێت، جا سوفی یەکان، کە ئیمانیان ئیمانێکی بەقینی یە، دڵیان بەنوری خودا ڕوناکە، وە هەمیشە وان لە پەیوەندیێکی دەرونی ی لەگەڵ خوای گەورەدا، بێ گومان ئەبێ لەهەموکەسێ پاکترو چاکترو روناکترین، چی هەیە لەوە باشترو بەرزتر، کەدەرونی مرۆڤ ڕازابێتە وە بەهەمو پێناسێك، واتە «صیفەتێك» ی پەسەند وە پاككرابێتەوە لەهەمو ڕەوشێکی ناپەسەند، ئیمە زوتر وئمان پەیرەوی شەرع بەکەسێك ئەڵێن کە کردارێکی پێچەوانەی شەرع نەکات، بەڵام صۆفی بەکەسێك ئەڵێن تەنانەت خەیاڵی خرابەش بەدڵیا تێ نەپەرێ، ئەو کە غەرقە لەمەحەبەتی خودادا، ئەو کە بەهرەمەندو کامیابە لەئەنواری هەق، ئەو کە لەحظەیێك ناوی خوا لەدڵیا ون نابێت، ئەو کەشەیدای ئەوهەموە نیعمەتو بەرەکەتەیە کە ڕژاوە بەسەریاو، بەسەری وجودیا کەفەسەر ئەکات، ئیتر کەی ئەی پەرژێتە سەر خرابەو خرابەکردن، ئەو لەخۆشی ی دیداری ئەنواری خودای گەورە بەچاوی دەرون، تەنانەت خۆشی ی بەهەشتی لەبیر چوەتەوە، کەی ئەی پەرژێتە سەرئەوەی بەخیلی ی بەخەڵك ببات، بۆ سەروەت وسامانی ئەم حیبیانەو پایەو پلەی دنیایی، جا کەسێ کە حەسودی ی نەما، بەخیلیو مشت قوچاوی نەما، هەستی تۆڵەو کینەتۆزی نەما، نەفسی کوژرا، بەجۆرێك، نەك تەمابکاتە سامانی خەڵك بەڵکو سامانی خۆیشی بەهی خوداو مەخلوق خودا بزانێت، ئاوا کەسێك جگە لەچاکەو باشە بۆگەل چی تری لێ ئەوەشێتەوە، سوفی دوژمنی عیلمی بێ عەمەلە، بەڵکو بەلای ئەوەوە عیلم ئەبێ عەمەلی لەگەڵ بێت، ئەگینا سودی زانین بە بێ کردەوە ئەبێتە چی؟

بەڵێ ئەمانەبون شتە بەکەڵکەکانی تەسەووف، تەسەووف کوورەیێکە خاك ئەکاتە زێڕ، خامو کاڵ لەکوورەی حەقیقەتدا قاڵ ئەکا ئەیکاتە گەوهەر، نەزان زانا ئەکات، ڕێگر ئەکاتە ڕێبواری ڕێگەی هەق، پاشان ئەیکاتە ڕێبەری ڕێگای

خواناسی ، چی‌هه‌یه له‌وه‌چاتر که‌سێك که هیچ‌خرابه‌یێکی لی‌نه‌وه‌شێته‌وه‌و هه‌مو چاکه‌یێکی لیٚ بوه‌شێته‌وه ، دیاره ئه‌مه‌ش ، ته‌ربیه‌ت‌و په‌روه‌رده کردنی ئه‌وێت ، تا مرۆڤ بیێته مرۆڤی ڕاسته‌قینه‌"ئه‌و مرۆڤه‌ی که ئه‌گه‌ر جڵه‌وی نه‌فسی نه‌گیرێت ، به‌هیچ شتیٚ ڕازی نابێت ، مه‌گه‌ر «العیاذ بالله» به‌خوایی ، !!!!

مه‌گه‌ر فیرعه‌ون داوای خوایی نه‌کرد ؟ مه‌گه‌ر له‌درێژی مێژودا هه‌زارانی وه‌کو جه‌نگیزو هیتله‌ر نه‌هاتن ، که مرۆڤ کوشتن‌و ئاوخواردنیان به‌لاوه یه‌ك بو ؟ ئایا ئه‌مانه هه‌مو مرۆڤ نه‌بون وه نه‌یان ئه‌زانی خودانین ، وه‌ڕۆژیٚ ئه‌بیٚ که‌ئه‌مرن وه‌ئه‌بنه هیچ ؟ هه‌روا که‌بون ، ئایا بۆ وابون ؟ چونکه هه‌ستی مرۆڤ ویستی وه خواپه‌رستی ئه‌وانه په‌روه‌رده نه‌کرابو وه گوم‌ڕا بوبون ، وه بوبونه گورگی هار ، که‌واته مرۆڤ ئه‌بیٚ به‌ڕه‌وشی باش په‌روه‌رده بکرێت تا ئه‌بێته مرۆڤی ڕاسته‌قینه ، مرۆڤی چاك زۆرن ، وه له هه‌مو هۆزو هه‌مو ڕێڕه‌وو هه‌مو خولێکی مێژودا پیاوچاك زۆربوه‌و ، زۆریشه ، به‌لاٚم ، به‌رزترینی ئه‌وانه صوفی‌یه‌کانن ، ئه‌ویش له‌به‌ر ئه‌وه‌ته باوه‌ڕه‌که‌یان یه‌قینی‌یه ، وه ده‌رونیان به‌نوری خوای‌گه‌وه ڕوناکه ، وه‌کو فارس ئه‌ڵێن ؛

«محمد دیده‌ن‌و موسی شه‌نیده‌ن
شه‌نیده‌ن که‌ی بوه‌د مانه‌ند دیده‌ن»

واته موحه‌مه‌د چاوی پی‌که‌وت و موسی ده‌نگی بیست بیستن چۆن ئه‌بێته چاوپی‌که‌وتن . جامه‌به‌ست ئه‌وه‌ته ئیمانی صوفی ئیمانی شوهودی‌یه ، واته چاوپی‌که‌وتن ، واته به‌چاوی ده‌رون هه‌ستی نوری خودا کردن ، وه‌ئیمانی خاوه‌ن باوه‌ڕان ئیمانی عیلمی‌و ئیستیدلالی‌یه ، که‌واته بی‌گومان صوفی‌یه‌کان زۆرتر ئه‌بیٚ له‌خوا بترسن ، وه‌زوورتریش خوایان خۆش بوێت ، وه زۆرتریش فه‌رمان‌به‌ری ده‌ستوره‌کانی بن .

جابگره هی‌وایش بێت پیاوچاك بێت ، ته‌نانه‌ت باوه‌ڕیشی به هیچ‌نه‌بێت ، به‌لاٚم هه‌رگیز ئه‌و پیاوچاکی‌یه ناگاته قوله‌پوپه‌ی چاکی ، وه بی‌که‌موکوری نابێت ؛ وه به‌ته‌واوی له هه‌وای‌نه‌فس پاك نابێته‌وه ، هیچ‌نه‌بیٚ ئه‌یانه‌ویٚ پێیان بڵێن پیاوچاك ، به‌لاٚم پیاوچاکی‌ی که بۆخوابوو وا له‌هه‌مو خه‌وشێك پاکه‌و بێگه‌ردوخاکه . چونکه بۆخوای ته‌نهاو تاکه .

ئەوەی بەدرێژایی مێژوو لەڕەوشی گەورەپیاوانی تەسەووفدا دەرکەوتوە ئەوەتەکە جوامێری و لەخۆبوردن و بەخشش و میهربانی و خزمەت بەخەڵك وەهەزاران خووخدەی باشی تر هی ئەوان بوە ، بەومەرجەی ئێمە ڕەوشی ، خۆبەشێخ زان «**مُتَشَيِّخ**» وە خۆبەصوفی زان «**مُتَصَوِّف**» نەکەینە هی ئەوان ، چونکە «**كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ رَهِينَة**» هەموکەسێ سەبارەت بەکردەوەی خۆی لێی ئەپرسنەوە وەحیسابی لەگەڵ ئەکەن وە کردەوەی خۆی هی خۆیەتی نەك کردەوەی کەسوکاری،نە کردوەی باوکی حەزرەتی ئیبراهیم ، کەبت پەرست بو ، بوە هی ئیبراهیم کە پێغەمبەر بو ، وە نەکردوەی کوڕی نوح کە کافربو ، بوە هی نوح کەپێغەمبەربو ، وە نەکردەوەی ناشیرینی ژنی «**لوط**» بویە نوکول بۆ «**لوط**» کە پێغەمبەری خودابو ، ئایا ئێستە ڕەوشی ئێمەی موسوڵمانی ئەم زەمانە ، گوناهی ئاینی ئیسلامە ؟ ئایا دەستوری قورئان بەم جۆرەیە کە ئێمە ئەیکەین ؟ ئایا ئەکرێ بڵێین چونکە ئەم موسوڵمانانە ئاوا کەچ ڕەفتارو نالەبارن ، کەواتە ئاینی ئیسلامیش ئاینێکی باش نیە ! ! ! ناء ، خرابەکە ئێمەین ، نەك ئاینەکە .

نمونەیێکی تری ڕەفتاری ناپەسەندی مرۆڤ ، ڕەفتاری ئەوە بەرانبەر بەقانون ، ئایا هەموکەسێ نازانێ ئەگەر دزی بکات قانون ئەیکاتە زیندانەوە ؟ بۆچی هی واهەیە گوێ ئەداتە قانون وە دزی ناکات ، هی وایش هەیە ، دەجاریش کراوەتە حەبس هێشتا هەر عار نابێت؟ خۆ هی وایش هەیە دەوڵەمەندیشەو دزیش ئەکات بەلاَم دزی یەکان جۆراوجۆرن وەفەرقیان هەیە ، دوری بۆنەڕۆین ، ئایا قانونی مرور «**هاتوچۆ**» بۆ قانجازی هەمولایێ نیە ؟ ئایا ئەگەر پەیرەوی ی لێوە بکەین لە صەدا هەشتای زیانی جادەو ڕێگاکان کەم ناکات ؟ دەی بۆ نایکەین ؟ چونکە «**إِنَّ النَّفْسَ لَأَمَّارَةٌ بِالسُّوء**» کەواتە نەفس وەهەستی ناپەسەندی دەرون ئەبێ ڕاست بکرێتەوە ، ئەبێ پاك بکرێتەوە ، ئەویش پێویستی بەموجاهەدەو تێکۆشان و لەخۆبوردن و زانیاری و ماموستایی هەیە ، بۆچی هەر سەبارەت بە هەڵسونیشت وە شارستانیەتی ، فەرق زۆر زۆرە لەنێوانی گەلانی جیهاندا ؟ چونکە برێك پێش کەوتوترن ، یانێ خوێنەوارتر یانێ بەتەجرەبەتر ، یانێ تێکۆشتر ، جا بەرزترین پایەی پەروەردە ، پەروەردەی دەروونی ی یە ، سەرچاوەکە ڕوون بو لای خوارو هەر ڕونە مەگەر بەزۆر لێڵی کەبت ، بەلاَم سەرچاوە کە لێڵ بو هەتائەڕوات هەر لێڵە ، سەرچاوەی ژیانی مرۆڤ دڵ و دەرونیەتی ، دڵ و دەرون کە پاك کرایەوە ، کردەوەو ڕەفتاریش پاك وجوان ئەبێ ، تەسەووف هەوڵ ئەدا دەرون پاك کاتەوە لەهەمو

خەوشیێ ، لەهەمو باوەڕێکی ناشیرینو ناپەسەند ، بەرادەیێك تاوای لیێدێت شایستەی ئەوە ئەبێت کە نوری خوای تیادا دابەزێت ، دڵێکیش بە نوری خودا رۆناك‌بو ، هیچ‌زیانێکی بۆمرۆڤ تیادا بەدی ناکرێت ، جا بێریە بەرچاوی خۆت ، من پاك ، تۆ پاك ، ئەو پاك ، ئەو پاك ، ئەم جیهانە ئەبێتە چۆن بەهەشتێك ، کەس ترسی دزی ، خەیانەت ، درۆ دوورویی ، بێ‌ناموسی ، نەبێت ، هەموی ، هەموکەسیێ بەبرا بزانێت ، وە لەرێیێ خوادا ئامادەبێ بۆخزمەت بەئینسان‌و ئینسانیەت ، ئەوە چۆن جیهانێکە ؟

جاجیهانی تەسەووفی ڕاستەقینە ئەوەیە ، وەهەر سوفی مەسلەکێك وانەبو ئەوە سوفی‌نیەو دەس‌بڕە ، ئەوەی بیەویێ خەڵك بکاتە بەندەو کۆیلەی خواستی خۆی هەرگیز بەوە ناوتریێ سوفی ، یان شیخ ، یان قوطب ، بەڵکو دوشمنی دینە ، دوژمنی ئیمان‌و ئاینە ، دوژمنی مرۆڤە ، ئەوەش قۆڵی لیێ هەڵ‌کرد ، بۆخزمەتی خەڵك ، لە قانجازی خۆی بورد بۆسودی مەردوم ، بەتایبەت بۆ فەقیروهەژار ، ئەوەتە ئیسلامی دروست‌کار ، پێغمبەر ئەفەرمیێ «سَيِّدُ الْقَوْمِ خادِمُهُم» .

مەقامی (تەجرید وتەفرید) کە مەقامی ئەولیای گەورەو مورشیدە پایەبەرزەکانن ، لەبارەیانەوە ئەڵێن ، «التَّجْرِيدُ اَنْ لاَ تَمْلِكَ ، والتَّفْرِيدُ انْ لا تُمْلَكَ» و اتە (تەجرید) ئەوەتە خۆت بەخاوەنی هیچ سامانێکی دنیا نەزانیت ، ئەوەش هەتە بەهی خوای بزانیت ، وە تەفرید ئەوەتە ، کەس نەتوانیێ بتکاتە بەندەی خۆی بەڵکو تەنها هەر بەندەی خوابیت هەروەها نەبیتە بەندەی سەروەتو سامانی دنیایی ..

پرسیاری هەشتەمان لەزنجیرە وتاری دوانزەهەم دا ئەڵێت ، «رێڕەوی ڕاستی تەسەووف کامە ، وەفەرق لەنێوانی صوفی وە موتەصەوویفدا چی‌یە ؟»

هەروەکو لەدرێژایی باسەکەدا بۆمان دەرکەوت رێڕەوی ڕاستی تەصەووف بریتی‌یە ، لە هەوڵ‌و تێکۆشانێکی بێ‌وچان ، لەرێگەی بەدەس هێنانی ڕەزامەندی خوادا ، ئەنجام‌دانی فەرمانەکانی خوای گەورە مویەمو ، هەم بەئاشکراو بەرواڵەت وە هەم بەنهێنی‌و پەنامەکی ، هەروەها گرتنەبەری رێبازی تایبەتی خواپەرستی‌یێکە کە پێی ئەوتریێ تەریقەت ، جا هەرکام لە تەریقەتەکان بێت ، هەدەف لەتەسەووف ، بەرلەهەموشتیێ بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خودایە ، وەرێگای ڕاستیشی رێگایێکە

موبەمو لەگەڵ شەریعەت‌دا بگونجێت ، وە ئەمەش فەرمودەی هەموی گەورەپیاوانی ئەم ڕێبازەتە ، وە لامڕوایە پێویست بەناوبردنی کەس ناکات ، جا ئەگەر کەسێ لەمڕەوشە لای‌دا ، بێ‌گومان گومڕایەو وێڵ‌ ، وە ڕێ‌ڕەوی ڕاستەقینەی وون‌کردوە ، هەچ دەس‌کەوتێك ، وەکو بەدەس‌هێنانی مەقامەکان کە دەستی ڕێبواری ئەم‌ڕێبازە ئەکەوێت وا دەس‌کەوتێکەو خەلاّتی خوای‌گەورەیە ، ئەو مەقام‌و پایانە‌ٔهەوارگەو مەنزڵی ڕێگەی ڕەزامەندی خوای‌گەورەن ، نەك ئەمەی کە خۆیان هەدەف‌بن ، بەڵکو ئەتوانن مژدەی پەیتاپەیتاو خۆشیێك بن، کە دەستی ڕێبوار ئەکەون ، بۆئەوەی دڵنیاتربێت کە بەهەڵە نەچوەو ڕێگاکەی ڕێگاێکی دروستە ، کورنوش بردن بۆکەعبە ، کورنوشە بۆ خاوەنی کەعبە ، نەك بۆکەعبە ، جا ئێمە کەئەڵێین ڕێ‌ڕەوی ڕاستی تەسەووف خواپەرستی‌یە بەلەش‌و بەڕۆح بەدەرو بەدەرون ، مەرجێکی هەیە ، ئەویش ئەوەتە کە سەرەڕای پەرستشی دەستور پێ‌دراوی شەرع ، خۆیاراستنو پەرستشی زیادەیشی هەبێت ، بەجۆرێك بگاتە رادەیێك کەتەنها چرکەیێك یادی خوای‌گەورە لەدڵی دەرنەچێ ؛ وە هەمیشە لەنێوانی «خەوف‌و رەجا» دا بێت ، کە ئەویش حاڵێکە لە ئەحواڵی تەسەووف ، واتە لەنێوانی (ترس‌وئومێد)ابێت ، ترس لەخوای‌گەورە ، ترسی ئەوەی کە بەوجۆرەی خوا شیاوی پەرستشە ئەم‌بەندەیە نەیتوانیێت ئەو بپەرستێ ، وەشێوەی بەندەیی بەجێ‌هانیبێت ، هەروەها ئومید بە لوطفو کەرەمی خودا ، بەجۆرێك خوا ئەوەندە گەورەو بەخشەندەیە کە تەنانەت لە کەچ‌ڕەوان‌و گوناەبارانیش خۆش‌ئەبێت ، وە «اَرْحَمُ الرّاحمینە» ، «هوش دەردەم» کەیەکێکە لە یانزە مادەی ڕێ‌ڕەوی نەقشەبەندی‌یەکان ، بریتی‌یە لەوەی ، کە مرۆڤ لە هەمو هەناسەیێکا هۆشی بەلای خواوە بێت ، «دەم» واتە نەفەس ، «هەناسە» ، جا ئەوهۆشەیش بریتی‌یە لەوەی کەسوپاسی خوابکات بۆ هەمو هەناسەیێك ، بەڵێ صوفی ڕاستەقینە ئەوەتە تەنها چرکەیێك ، تەنها هەناسەیێك ، لەخوا غافڵ نەبێ ، وەسوپاسی خوایش بەجێ بێرێت ، بگرە ئەم‌کارە بەلای ئێمەوە نەشیاو بێت ، بەڵام بۆئەوانەی کە بونە ڕێبواری ئەو ڕێبازە ، ئەم‌کارە بەلایانەوە شیاوە ، چونکە ئەگەنە رادەیێك کە «جیسم» واتە لەش ، وە (ڕۆح) ، لەیەك‌کاتا هەریەکەی بەجیا سپاردەی خۆی ئەنجام ئەدات ، وە سەری لێ‌ناشێوێت ، زۆربەئاسانی ، مرۆڤێکی بەخواگەیشتو ، ئەتوانێ بەدەم وەدەس سەرگەرمی ئەنجامی کاری ڕۆژانەی‌بێ ، وە چرکەیێکیش دڵ‌وەدەرونی

لەخوا غافڵ نەبێت . «رِجالٌ لاتُلْهِيهِمْ تِجارةٌ ولابَيْعٌ عَنْ ذِكْرِ الله» «وَلاتُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنا قَلْبَهُ عَنْ ذِكْرِنا واتَّبَعَ هَواه» «يا أَيُّها الَّذِينَ آمَنُوا ، لاتُلْهِكُمْ أَمْوالُكُمْ وَلاأَوْلادُكُمْ عَنْ ذِكْرِ الله» .

«الَّذِينَ يَذْكُرونَ اللهَ قِياماً وَقُعُوداً وَعَلى جُنُوبِهِم ...» هەموی ئەم ئایەتانە پیشان دەری ئەوحاڵەتەن ، کەواتە ئەمەتە ڕێڕەوی ڕاستی تەسەووف ، بەڵام سەبارەت بەنیوەی دووهەمی پرسیارەکە کە ئەڵێت «فەرق لەنێوانی صوفی و متصوف داچی یە» ؟

ئەبێ بڵێین ، ... لەمەوبەر باسمان کرد ، کە مورشیدی ڕاستەقینە بەکێ ئەڵێن ، کەواتە هەر لەو ڕوانگەیەوە ئەڵێین ، بۆمان دەرکەوت کە صوفی بەکێ ئەڵێن ، هەروەها لەبەشی سەرەتایی ئەم پرسیارەدا بۆمان دەرکەوت کە سوفی ڕاستەقینە بەکێ ئەڵێن ، بەڵام سەبارەت بە «مُتَصَوِّف» ئەبێ بڵێین «متصوف» بەوکەسانە ئەڵێن، بەناو خۆیان بەپیاوی خودا دائەنێن ، وە بەناوکە فریان نیەبەسەری تەسەووفەوە ، موتەسەووف بەوکەسانە ئەڵێن کە جلوبەرگی شێخ ، یان سوفی ودەرویش ئەکەنە بەریان ، کردەوەی ڕەواڵەت وئاشکرایان وەکو کردەوی ئەوان وایە ، ڕەفتارو کرداری ظاهیری یان هەروەکو پیاوی خوای ڕاستەقینە وایە ، ئەوەی لە قاڵبی شێخیەتیدایە ، وا کردەوەی شێخانە ئەکات ، ئەوەش لە پۆشاکی صوفیەتی و دورویشی دایە ، کردەوەی ئەوان ئەکەن ، بەڵام لەڕاستیەکەیا ، وە لەدەرونەوە مەبەستیان دەس برین و خۆهەڵکێشان و کەڵکی ناڕەوا وەرگرتنە لەوپۆشاك و کردارانەی ، کە وەکو «تمثیل» لاسایی کردنەوە ، ئەنجامی ئەدەن ، بەدرۆ هایو هوی ئەکەن وە حاڵ دێرن لەخۆیان ، یان شیخ نوما کانیان ، لاسایی شێخە گەورەو ڕاستەقینەکان ئەکەنەوە ، جا بەمانە ئەوترێ «موتەصەووف» وە «موتەشەییخ» ، واتە خۆبەصوفی کردو یان خۆبەشێخ کردو ، بێگومان چاوی وردی ڕاست بینان وەترازوی شەریعەت ئەتوانێ ئەمانە لەیەك جیاکاتەوەو بیان دات لە سەنگی مەحەك ، زۆری وایش هەیە خۆیان ئەدەن لە شێتی ی ، کەپێیان ئەوترێ «مەجذوب» بەناوی «مەجذوب» ی ڕاستەقینە ، کە لەپاشان باسی ئەکەین ، بەڵام زۆریان هەر فێری مفت خۆری و تەمەڵی بوون ، خۆیان کردوە بەسەرباری کۆمەڵ ، تەنانەت تەکلیفی شەرعی یان لەسەری خۆ لابردوە ، نە شێتیکن برۆنە شێت خانە ، وەنە ئەڕۆنە ژێری باری خواپەرستی ، یان کاروکاسبی ، خەڵکی ساویلکەیش لەخۆیانەوە کەشفو کەراماتیان بۆئەتاشن ، تەنانەت ئەگەر درۆیش بکەن و دەس بڕی ی بکەن ، ئەڵێن ئەوە بۆیە وائەکەن کەس نەیان ناسێت ، بێگومان

ناسینی ئەمانەش ئاسانە، چونکە ناسینی شێت شتێکی گرنگ نیە، وە یەکێ لەپێ ناسەکانی ئەوەتە قانجازو زیانی خۆی نەزانێت، وە ناسینی موسوڵمانیش ئەوەتە دەستورەکانی شەرع ئەنجام بدات، جائەگەر لەم دوحاڵە بەدەربون، واتە ئەویان ئەگەر بەشوێنی پارەوەرگرتن وزكلەوەراندنا رۆیشت شێت نیە، ئەمیشیان ئەگەر فەرمانی شەرعی پشت گوێ خست کەی ئەتوانێ خواپەرستی ڕاستەقینە بێت.

کەواتە (**موتەصەووف**) وە (**موتەشەییخ**) بەوکەسانە ئەڵێن کە لەدڵودەرونەوە نەکەوتونەتە شوێنی خواپەرستی، تەنها بەرواڵەت وەلاسایی کردنەوە بۆقانجازی خۆیان وەبۆدەسبرین وەخەڵك خەڵەتاندن، خۆیان ئەبەنە سەر شێوەی خواناسان و خواپەرستانی ڕاستەقینە. وە جلوبەرگ و هەڵسونیشتێکی «**تەمثیل**» وەلاسایی کردنەوەیان هەیەو هیچی تر.

پرسیاری دەهەم لەزنجیرە پرسیارەکانی وتاری دوانزەهەم دا ئەلێت «چۆن ئەگەین بە قۆناغی «**یەقین**» وەچەن ڕیگەو ڕەوش هەن بۆ «**سلوکی**» گرتنەبەری، ڕێگەی یەقین.

لەوەلامدا ئەڵێین گەیشتن بەپلەی یەقینی خواناسی ی بۆ ڕێبوارێکی موسوڵمانی ڕیگەی تەسەووف، تەنها لەڕێگەی «**تەزکیەی نەفسە**»وە واتە، پاككردنەوەی دەرونەوە دەست ئەدات، پاك کردنەوەی دەرونیش، لەڕێگەی خواپەرستێکی گەرم، وە خۆڕازاندنەوە بە پێناسی پەسەند، وە دوری ی گرتن لە پێناسی ناپەسەند وە بەردەوام بون لەسەری ذیکری خوای گەورە ئایا بەزوان یان بەدڵ، بە چاودێری مورشید، یان بەبێ مورشید، وە سەرەتای کار ئەبێ بە تەوبە دەس پێ بکات، وەمرۆڤ هەتاهەتایە ئەو تەوبەیە بیاتەڕێگاوەو لەسەر ئەو ذیکرو پەرستشە گەرمەیە هەر بەردەوام بێت، تاخوا لەخۆی ڕازی ئەکات، خوایش کە لەیەکێ ڕازی بو نوری خۆی ئەخاتە دەرونیەوە، کە نوری خودایش لەدەرونا درەوشایەوە، ڕازی جیهانی مەعنەوی دەس ئەکاتە درەوشانەوەو دەرکەوتن، حاڵی دەرون وە پلەیەومەقامی مەعنەوی دەس ئەدەن، وە ئیتر دەرون خۆی هەموشتێکی بۆدەرئەکەوێ، بەو چاوی دەرونە ئەوترێ «**بەصیرەت**»، چاوی دەروون کەکرایەوەو پەردە لەسەری «**ئەسرار**»، لابرا، باوەڕ ئەبێتە باوەڕی «**عَیْنُ الیَقین**» مرۆڤ کەخۆی شتێ بەچاوی خۆی دی، باوەڕکوا لەوە گەورەترو ئاشکراتر. ڕێگەو ڕەوشەکانیش هەروەکو وتمان «**ذیکر**»ە بەزوان یان بەدڵ، بەتایبەت ذیکری «**الله**» یان «**لا اله الا الله**» کەپێشی ئەڵێن «**نەفی** وە

ئیسبات» لا اله **(نەفی)** الا الله **«ئیبات»**، هەروەها **«موراقەبە»** ئەویش بریتی‌یە لەوەی بەدەستی بەدەس‌نوێژەوە لەشوێنێکی خاوێنو بێ‌دەنگا پاش پاڕانەوەو داوای لێبوردن **«استغفر الله»** کردن، ڕوی دەرون ئەکەیتە بەر دەرگای‌خودا بۆماوەیێکی زۆر، واتە تابۆت‌بکرێت، سەعاتێ، یان دەسەعات، هەرچی‌بۆت‌کرا، وەزۆرکەس بەم‌چەشنە کەوتونەتە بەرکەرەمی خوداو نوری خوا لەدەرونیانا درەوشاوەتەوە. ئەبێ ئەوەش بزانین‌موراقەبە کە بریتی‌بێت لەوەی کە خوا بە چاودێری‌کەرو **(ناظیر)** ی هەڵسونیشتی خۆت بزانی، ئەوە یەکێکە لەڕفتارو ڕەوشی صۆفی‌یەکان، ئەمەشیان کە بەتایبەت دانیشیت وە لەدەرونەوە چاوەڕوانی کەرەم‌و بەخشەندەیی خوابیت، ئەوە تێکۆشانێکە بۆ بەرهەم وەرگرتن لە **«موراقەبە»**. بەکورتی موراقەبە هەم ئەوەتە کە خوا بە **«ناظیر»** ی هەموکردەوێکت بزانی، وەهەم چاودێری کردن و پاڕانەوەیە بۆئەوەی بەر کەرەمی خوا بکەویت هەروەها پەروەردە بون بە دەستی مورشیدێکی **«کامل وە مکمل»**، واتە پێ‌گەیشتو وپێ‌گەیێنەر، بەڕاستی نەزەری مورشیدی کامیل کیمیایەو ئاوی حەیات، لەهەموی ڕێگاکان زوتر پیاو ئەگاتە مراز، چونکە مورشید **(ئەت‌بات، بەلاّم خۆت (ئەبێ بگەیت)**، دیارە شارەزاییك یەکێ بیات تا پیاو خۆی ڕێگا بدۆزێتەوە فەرقی‌زۆرە.

یان، کەڵك وەرگرتنە لە هەموی ئەم ڕێگایانە، واتە هەم هەردوجۆری ذیکر، ئاشکراونهێنی وە **(الله)** وە **(لا اله الا الله)**، وموراقەبە، وە دەست دانە داوێنی مورشید، وە چونە خەڵوەت و چلەکێشان، بەکورتی لەیەکێ لەم ڕێگایانەوە یان برێك، یان لەهەمویانەوە، ئەکرێت مرۆڤ بە گەیشتنە پلەی **(یەقین)** شادبیێت. پرسیاری یانزەو دوانزەو چواردەو شانزەو حەڤدەو هەژدەو نۆزدە کەبەشوێنی‌یەکدا دێن، بریتین لە.

«پاش گەیشتن بەپلەی یەقین خووخدەی مرۆڤ وە هەڵسونیشتی چی‌بەسەردێت؟»

«مرۆڤ لەم زانیاریە گرنگەدا گەیشتوەتە چ‌پلەییێك؟»

«بەیرەوی نهێنی‌و ئاشکرا «ظاهیرو باطین» لەشەرع چۆن ئەکرێت؟»

«کردەوە بەرزەکانی صوفیەکان کامەنا وە ئەخلاق صوفی ڕاستەقینە چۆنە؟»

«ڕێرەوی صوفیەکان بۆگەیشتن بەم ئاواتە چۆن‌بوە؟»

«ئایا ڕێبازەکان «طەریقەتە» کان لەیەك جیان؟ وە تەریقەت بەچی‌ئەڵێن؟»

«ئایا شیخیەتی و ئیرشادکردن، یان، شێخ بونو موریدبون لەگەڵی تەسەووف‌دا هەریەکێکن یان جیاوازن، وە چۆن؟»
«لە «اصطلاح» ی تەسەووف‌دا بەکێ ئەڵێن شیخ وە بەکێ ئەڵێن وەلی؟»

جا چونکە ئەتوانم بڵێم لەدرێژایی باسەکەدا تارادەیێکی زۆر بەهەموی ئەم پرسیارانە وەڵام‌دراوەتەوە ئیتر پێویست نیە بەدورو درێژی وەڵامیان بدەینەوە وە نایش‌کرێ دەسیان لێ هەڵگرین بەڵکو هەریەکەی لە چەن دێرێکا وەڵامیان ئەدەینەوە پرسیاری «سێزە» نەبێت، کەپرسیارە لەبارەی «**پێناسە پەسەندەکان**» «**صفاتی حمیدە**» وە پێناسە ناپەسەندەکان (**صفاتی رەذیلە**)، ئەوە بەجوێ وەڵامی ئەدەینەوە، ئەمەش دەقی وەڵامی پرسیارەکان.

بۆ وەڵامی پرسیاری یانزە ئەڵێین پاش‌گەیشتن بەپلەی یەقین ئیتر ئەوکەسە ئەبێتە پیاوێکی‌تر ؛ یەکەم شت ئەوەتە «ریا» وە ڕودەربایسیی لە خواپەرستیەکەیا نامێنێ ، دوەەم ، چونکە ئەزانێت خوای‌گەورە چاوی وا بەهەمو هەڵسونیشتێکیەوە ، ئیتر بەتەواوی‌ی دوری‌ی ئەگرێ لەهەرچی گوناهە ؛ بەڵکو لە هەرچی ڕەفتاری ناشیرین‌و ناپەسەندە ، ئایا ئەکرێ بەبەرچاوی خاوەن ماڵەوە دزی‌بکرێت ؟ ئەکرێ بەبەرچاوی خەڵکەوە بێ‌ناموسی‌ی بکرێت ؟ بەکورتی ، هەم لەخۆشی ئەو بەهرەو بەراتەدا کە خوا ئەیداتە ئەو بەندەیە ، وەهەم بەهۆی ئەوەوە چرکەیێك لەخودا «**غافل**» نیە ، کردارو ڕەفتاری ئەوانەی کە ئەگەنە پلەی یەقین ئەبێتە کردارو ڕەفتاری «**موحەممەدی‌ی**» وە لەسوننەتی پەیامبەری گەورە پەیڕەوی ئەکەن ، وە هەروەکو لەپێشا وتمان ، ئەگەر بەترازوی شەرع کێشانەیان کەن مویێ سەرناکەن .

وەڵامی‌پرسیاری دوانزەش ئەوەتە مرۆڤ لەم زانیاریە گەورەیەدا ئەگاتە رادەیێك کە تەنها مەقامی پێغەمبەرەکان لەمەقامی ئەوان باڵاترە ، لەم جیهانە «ناسوتی» بەوە ئەگەنە جیهانی «**مەلەکوتی**» وە دەسیان ئەگاتە داوێنی جیهانی «**لاهوتی**» ، واتە هەرچەن بەناو ئادەمی‌زادن بەڵام لەناوکەدا ، مەلاییك صیفەتن «**عَبْدِي كُنْ رَبَّانِيًّا تَقُلْ لِلشَّيْءِ كُنْ فَيَكُونُ**» بەڵێ مرۆڤ کە خوانەخواستە شوێنی شەیتان کەوت ، ئەبێتە شەیتان صیفەت . شوێنی خوایش‌کەوت ڕەوشتی ئەبێتەڕەوشێکی خودایی وەخودا پەسەند ، بەڵکو ئەبێتە «رَبانی» ، جا کە گەیشتە ئەو پایە وپلەیە ، ئیتر نە بۆ بەهەشت ئەکۆشێ وە

نە لەترسی دۆزەخ‌دا خوائەپەرستیٚ ، بەڵکو هەر لەبەر ئەوەی خوا پێی‌خۆشە ، فەرمان بەرداره ، وەجگە ڕەزامەندی‌ی خوا ، بیر لەهیچی‌تر ناکاتەوە . جا ئەو پایەبەرزانە جۆراوجۆرن ، مەقامی «ئیحسان» «ڕەضا» «تەفرید» «تەجرید» «تەوحید» «قورب» «عوبودییەت» وەزۆرئاشکرایە ئەم چەن‌شیعرەی حەزرەتی شیخ‌عومەری بیارە «ضیاء الدین» ئیشارەیە بۆلای ئەومەقامانە ، وەدەرئەکەویٚ ، ئەوان لەو پایەبەرزە مەعنەوی‌یانە بەهرەمەند بوبن . کەئەفەرمون .

فەقیهی مەدرەسەی «تەوحید»م ئەمڕۆ
فەریدی دائرەی «تەفرید»م ئەمڕۆ

لەپاشان ئەفەرمویٚ:
لە تەنیها نیە هیچ‌کەس ڕەفیقم
چرای کاروانی ڕیٚ «تەمجید»م ئەمڕۆ

لەپاشان ئەفەرمیٚ :—
عەلایق دەردی بی‌دەرمانە «فەوزی»
ڕەئیسی عەسکەری «تەجرید»م ئەمڕۆ .

ئەمانە لەپایە هەرە بەرزەکانی تەصەووفن جا صوفیێك ئەکریٚ فەرمانی ئیرشادی هەبێت وەئەکریٚ هەر خەریکی خواپەرستی بێت ، ئەکریٚ مورشیدبێت وە بەهەموی ئەم پایانەش نەگەیشتبیٚ ، جگە ئەمانەش پایەی ، «غەوثیەّت» یان «قوطبیەّت» یان «ئەبدال» وە «ئەوتاد» وە هی‌تر ، ئەمانەش وەکو پایەی «مەغور»ی دەوڵەت ، سپاردەیان لەسەرەو «لی‌پرسراون» وە لەبازاری مەعنەویات دا سپاردەیان پی‌سپێرراوە ، واتە هەم خاوەن‌مەقامن وە هەم «مأمور» کە ئەوەش خۆی پێویستی بە باسێکی تایبەتە ؛ بەلاّم هەموی ئەمانە لە چوار چێوەی تەصەووفدا یەك ئەگرنەوە ، وە هەمویان ئەبیٚ وەلی‌بن وە لەپایەی «عَینُ‌الیقین» تی‌پەڕی‌بن ، وەهەمویان خواناس وخواخوازو موسوڵمانی ڕاستەقینەبن . لەوەلاّمی پرسیاری چواردەهەم‌دا ، بۆ پەیرەوی‌ی نهێنی‌وئاشکرا لەشەرع ، ئەڵێم ئێمە ئەوەتا ئەبینین ؛ بەناو هەمومان موسوڵمانین واتە ئەوەی باوکودایکی موسوڵمان بێت خۆبەخۆ لەناوی سەرژمێری

خەڵکی وڵاتدا ناوی ئەویش بەموسوڵمان ئەنوسرێت ، هەروەکو هەمو ئاینێکی تریش کەئەوانیش هەروەهان ، بەڵام مرۆڤ کەتەمەنی گەیشتە پانزەساڵ ، سپێرراوی خودای لەسەرە، ئەگەر ئەنجامیدا وا بەندەیێکی فەرمانبەرەو ، ئەنجامیشی نەدا سەرکێشو لاڕێگرو گومڕایە ، بە ئەنجامدانی فەرمانەکان ئەبێتە موسوڵمان بەڵام تا لەدڵا باوەڕی بەهێزنەبێ پێی ناوترێ «مؤمن» چونکە ئیمان باوەڕە ، وەباوەڕیش بە زۆرەملێ ناچێتە دەرونەوە «**لااِكْراهَ في الدّين**» «**قُلْ لَمْ تُؤمِنوا وَلٰكِنْ قولوا اَسْلَمْنا وَلَمّا يَدْخُلِ الاِيمانَ في قُلوبِكم**» ئایەتی (١٤) سورەی (**حجرات**) .

برێ لە خەڵکی دەوروپشتی (**مكة**) وتیان ئێمە ئیمانمان هاوردوە ، خوا ئەفەرمێ ، ئەی (**محمّد**) بڵێ ئێوە موسوڵمانن بەڵام هێشتا ئیمان لەدڵتانا دانەمەزراوە ، کەواتە ئیسلام جیایەو ئیمان ، واتە ، باوەڕ جیا ، ئیسلام کردەوەیە بەڵام ئیمان باوەڕەو والەدەرونا «**في قلوبكم**» .

جا هەرکاتێ کردەوەی موسوڵمانانە وەئەنجامی سپاردەکان لەگەڵ باوەڕی دەرونا یەکی گرتەوە ئەوە موسوڵمانێکی «**مؤمن**» واتە خاوەن باوەڕە . جگە ئەوەش شتێکی تر دێتە پێشەوە ، ئەویش «**نيّة**» ، واتە قەصدی مرۆڤە ، چونکە بگرە هەرچەن ئیمانیش بێتەپاڵی ئیسلامەکەوە بەڵام چونکە باوەڕەکە باوەڕێکی عیلمییە بگرە هێشتا جاری وا هەیێت «**نفس**» دڵەراوکێ «**وەسوەسە**» بخاتە دەرونەوە وە پەرستشەکە تێکەڵی برێ هەستی ناڕەوا بکات ، وەکو «**رياء**» روپامایی ، یان «**عُجب**» لەخۆڕازیبون ، یان «**كِبْر**» ، خۆ بەزل زانین ، یان برێ لەو پەرستشە بەغەفڵەت

ئەنجامبدرێ ، بۆ نمونە ، ئێمە زۆرجار ئەڵێین «**لاحَوْلَ وَلاقوةَ اِلاّ بالله**» ، بەڵام ئەم تەنها وشەیە ئەگەر بەباوەڕەوە بوترێ هۆی خۆشبەختیە ، وەهۆی دامەزراندنی ئیمانی مرۆڤە ، واتە (هیچ هەوڵو کۆشش و توانایێك بەدەرد ناخوات ئەگەر ویستی خوای لەسەرنەبێ) جائەگەر ئەم وشەیە بێتە باوەڕێکی دەروونیی وە لە سەرچاوەوە هەڵقوڵێت ، وە بەڕاستیی مرۆڤ باوەڕی لەسەر ئەوەبێت کە هیچ هەوڵو تەقالایێك هیچ نیە ، مەگەر ویستی خوای لەسەر بێت ئەوە چەنگرنگە ؟ کەواتە ظاهیرو باطینی عیبادەت لەمەدا دەر ئەکەوێ ، هەروەها سەبارەت بە گوناەکردنیش هەر بەوجۆرەیە ، بۆنمونە ئەگەر کەسێ بیەوێ گوناهێك بکات مادام ئەو گوناهەی

نەکردێت ، شەرعەن لێپرسراوە نیە ، وای‌دانێین چو بۆدزی ، کەوتەرێگا تا ئەوشوێنە ، بەڵام لەرێدا پەشیمان بوەوە ، یان لەنزیکی ئەوشوێنەدا لێی کەوتنە گومان ، وە دزی‌یەکەی سەری نەگرت ، مادام کە دزی‌یەکەی نەکردوە ، شەرعەن تاوان‌بار نیە ، بەڵام کارکردی تەصەووف وەخواپەرستی‌ی ڕاستەقینە ئەوەتە ، وائەکات لەمرۆڤ کەهەرگیز خەیاڵی شتی ناشیرین نەکات‌و بیریشی لێ‌نەکاتەوە ، پاکی لە باطنی گوناه «ئەوەتە» مرۆڤ لەدڵ‌و دەرونیشەوە پاك‌بێت وە لەدڵ‌و دەرونیشەوە موسوڵمان‌بێت ، لەم‌بارەوە لەسورەی ئەنعام ئایەتی (١٢٠)دا خوای‌گەورە ئەفەرمێ ، «**وَذَرُوا ظَاهِرَ الإِثْمِ وَبَاطِنَهُ**» ، واتە دەس لەگوناه هەڵگرن ، چ ئەوەی ئاشکرایەو چ ئەوەشی کە نهێنی یە ، ئایەتی‌قورئان سەبارەت بەگوناهی نهێنی ، یان هەستی ناڕەوای‌دەرون ، زۆرزۆرن وەکو ئەوەی کەئەفەرمێ .

«وَإِنْ تُبْدُوا مَا فِي أَنْفُسِكُمْ أَوْ تُخْفُوهُ يُحَاسِبْكُمْ بِهِ اللهُ» «البقرة» «٢٨٤» ، «وَلَقَدْ خَلَقْنَا الإِنسَانَ وَنَعْلَمُ مَا تُوَسْوِسُ بِهِ نَفْسُهُ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ» «ق» «١٦» ـ «قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ» «اعراف» «٣٣» «ولاتَقْرَبُوا الْفَوَاحِشَ ماظَهَرَ مِنْهَا ومابَطَنَ» «انعام» «١٥١» .

وە دەیان ئایەتی‌تر ، کە هەمویان ئەوەئەگەیێنن ، نەچاکەو نەخراپە ، هەر ئەوەی ناگیرێتەپێش‌چاو ، کە ئاشکرایەو بەرەواڵەتە ، بەڵکو «**قەصد**» وە «**نیەت**» ، وە باوەڕی دەرون حسیبە ، بەڵێ ئەگەر نیازو ویستی‌دەرون پاك‌نەبو کردەوەی‌ڕواڵەت ئەبێتەچی ؟

، گرنگی‌ی ئەم‌کارە لەوەدایە ، هەستی دەرون ئەکرێ لەخەڵك بشارڕێتەوە ، چونکە کەس چوزانێ خەڵك لەدەرونا بیرلەچی ئەکاتەوە ، ئایا حەسودە ، ئایا دووڕویە ، ئایا کینەجۆیە؟ مەر خوابزانێت ، کەواتە کەسێ کە لەدەرونەوە دەستی لەوهەستە ناپەسەندانە هەڵگرت ، دیارە باوەڕی بەخوا هەیە بۆیە ئەکۆشێت ، تەنانەت بەخەیاڵیش خەیاڵی خراپەنەکات ، جا صوفی‌ڕاستەقینە کە باوەڕەکەی ئەبێتە باوەڕێکی یەقینی‌ی ، دیارە ئەبێ لەهەموکەس زیاتر لەخوابترسێت وە پارێزبکات ، وە دەرو دەرونی یەك‌بێت «**جا ئەوەتە پەیرەوی‌ی نهێنی‌و ئاشکرا ، واتە «ظاهیر وباطین» ، لەشەرع**» .

سەبارەت بەکردەوەی بەرزی صوفیەکان زۆرمان باس کرد وەهەر ئەو گوفتارانەی کەسەبارەت بەناساندنی صوفی وتەصەووف لەسەرەتای باسەکان وتمان هەرئەوە خۆی گەورەترین نمونەیە بۆ رەوشی بەرزی صوفی یەکان، ، دووبارەیش ئەڵێین یەکێ لەپایە بناغەییەکانی تەصەووف، «ایثارە» واتە لەخۆبوردن، یان قانجازی خەڵك خستنە بەری قانجازی خۆت، بۆنمونە ئەتوانین پەنجەراکێشین بۆ خەباتی شیخ محی الدین عەرەبی لەدژی «صەلیبی» بە داگیرکارەکان، هەروەها تێکۆشان و جیهادی شیخ «نەجم الدین کوبری» لەدژی مەغولەکان، جەنگیز کە گەمارۆی شاری «خوارەزم»ی دا پەیامی نارد بۆ شیخ نەجمووددین کە ئەوو چەن هەزار کەسێك کە جوی یان ئەکاتەوە، ئەبەخشێنرێن، بەومەرجە ئەو لەشار بڕواتە دەرەوە، بەلام ئەم ذاتە گەورەیە لەتەمەنی هەشتا ساڵیدا وتی خۆمو ماڵومناڵم وەکو هەموی دانیشتوانی ئەم شارە واین، یان ئەوەتە دەس لەکوشتاری هەمو دانیشتوانی شار هەڵگرێت، یان گیانی ئێمە لەهی ئەم خەڵکە عەزیزتر نیە، جەنگیز بۆی نەکرا دەس بەرداری شارەکە بێت، پەلاماری شاری دا وە شیخ نەجمودین تا دواهەناسەی شەڕی کرد، وەبەدەستی داگیرکاران کوژرا.

ئەم ڕوداوە لەساڵی (٦١٨) کوچی دا ڕوی داوە وە شێخ نەجموددین سەرزەنجیرەی تەریقەی «کوبرەوی یە»یە، ئەمانە نمونەبون هی خەباتی گەورەپیاوانی تەصەووف، هەروەها گەورەپیاوانی ئەم ڕێبازە هەمیشە دەس کراوەو بەخشندەبون، هەمیشە خاوەنی گوزەشت و لێبووردن بون، قەت بۆ تەماعی دنیا دڵی کەسیان نەیێشاندوە، پەنای بێکەسان و هەتیوو لێقەوماوان بوون، ڕوخۆش و قسەخۆش و خۆش زمان بون، زۆربەیان دانشمەندو دانش پەروەربون هەمیشە لاین گری خوێندن و خوێنەواران بون وە ڕێزیان لەعولەما گرتوە و زۆربەیان خاوەن قەڵەم و نوسەرو زاناو داناو ئەدیب و هونەروەر بوون، ئەدەبیاتی جیهان پڕیەتی لە شیعرو هونەری ئەو گەورەپیاوانە، شیعرو نوسینیان تامو مەزەیێکی تایبەتی هەیە، هۆنراوەیان نوری خودای لێ بەدی ئەکرێ، وە گەشە ئەدا بەباخچەی دەرونی خاوەن دڵان، هەمیشە ناوبژی کەری هەمو چینەکانی گەلان بون، هەر لە ئاژاوەی ناوخێزانێکەوە ناوبژی یان کردوە تائەگاتە سەری ئاژاوەی ناوی دەوڵەتان، یان دەوڵەتان و گەلان، وەلاپەڕەی مێژوو پڕیەتی لەم باسو سەرگوزەشتانە، بۆنمونە ژیانی شێخ (عبیدالله)ی نەحرار کە یەکێکە لەگەورە پیاوانی نەقشبەندی پڕیەتی لەم ناوجی کاری یە بەداخەوە

ئەوشتانەی کەمن خۆم بیستومە زۆرتری هی ئەوکارە بەرزانەیە کە قارەمانەکانیان باوباپیرانی خۆمن، وە ئەگەر ترسی ئەوەم نەبوایە ئەبێتە خۆ هەڵکێشان، بەشی کتێبی سەرگوزەشتم ئەنوسی، جا هەر بەم بەراوردە سەیری کردەوەو خزمەتی هەزاران گەورەپیاوی ئەم مەڵبەندە بکە.

بەراستی مێژوی جیهانی ئیسلام، ئەگەر ژیانی گەورەپیاوانی تەصەووفی لێ لابەی خەزێنەیێکی زۆرگەورەی لێ لابراوە، ئەبێ ئەوەش بزانین هەموی خاوەن مەذهەبەکان ئەوانیش هەر لە گەورەپیاوانی تەصەووفن وەهەمویان لاینگرو خوازیاری ڕێبازی ڕاستەقینەی تەصەووفن، بەڵێ ئەمە بەشێکی زۆر زۆر کەمە لە ڕەوشە بەرزو پەسەندەکانی کەڵەمەردانی ڕێبازی تەصەووف.

سەبارەت بەپرسیاری شانزەهەم باسی ڕێڕەوی صوفیەکان بۆگەیشتن بەئاوات، زوترکرا، وەئەبێتە دوبارەکاری.

لەوەڵامی پرسیاری حەڤدەدا ئەڵێم، هەدەف وە ئاوات بۆهەموی تەریقەتەکان هەریەکێکە، واتە هەمویان تێ ئەکۆشن بۆئەنجامدانی فەرمانی خوا بە ئاشکراو بەنهێنی، وە بەهۆی هەستپێکەران واتە «حەواس» وە بە زوان و گیان، بەدەرو بەدەرون، بۆگەیشتن بەپلەی یەقین، بەپلەی ئیمانی تەواو، بەپلەی خواناسیی ڕاستەقینە، کەواتە نیشانە «هەدەف»، یەکێکە، بەڵام ڕێبازەکان جیان، واتە هەر سەرزەنجیرەیێك لە گەورەپیاوانی تەریقەتەکان وەکو «بایەزیدی بەسطامی، عبد القادر گیلانی، بهاء الدینی نەقشبەند، احمدی ریفاعی، عومەری سەهرەوەردی، نەجمودینی کوبری، ئەبولحەسەنی شاذلی، جلال الدینی رومی، وە هەروەها دەیان گەورەپیاوی ڕێبازی تەصەووف کە گەیشتونەتە پلەی ئەوەی ببنە سەرزنجیرە، هەرکامەی ڕێڕەو وە ڕەوشێکی تایبەتیان داناوە بۆ پەیرەوانی خۆیان، وە ڕچەیان بۆکوتاون تا لەهەوارگەی «فەنا» تێیان پەڕاندون وە گەیاندونیانەتە مەنزڵی «بەقا»، وە هەرکامەی ذیکرو فیکرێکی تایبەتی خۆیان هەیە، وە هەمویشی هەروا لە چوارچێوەی ئیسلامی ڕاستەقینەو ذیکری خوای گەورەدا، کەواتە هەدەف یەکێکە بەڵام ڕچەو ڕێبازو ماموستاو دەلیل و ڕێپیشاندەران جیاوازن، وە هەمویشی هەر وا لەچوار چێوەی خواپەرستیی ڕاستەقینەدا، بۆنمونە، پەیرەوانی حەزرەتی شیخ عبدالقادر لاینگری ذیکری جەلی، واتە دەنگی بەرز، وە پەیرەوانی بهاءالدین

نەقشبەند لایەنگری ذیکری خەفی ، واتە ذیکری نهێنی ئەبن ، هەمویشیان بۆ تەزکیەو پاککردنەوەی دەرون ئەکۆشن لە هەستی ناپەسەند ، وە ئەوشوێنانەی لەدەرونا ئەبێ پاك کرێنەوە پێیان ئەوترێ (**لطائف**)، لەطائیف شوێن و مەڵبەندێکن لەدەرونا ، ئەکرێ بەرابەریان بگرین لەگەڵ «**حەواس**»ی پێنج لانەدا ، چۆن ئەمان هۆی هەستی دەرەوەی مرۆڤن ، ئەوانیش هۆی هەستی دەرونی مرۆڤن ، جا بەیارمەتی خوا لە چوارچێوەی ناساندن و لێکۆڵینەوەی ڕێبازی نەقشبەندی دا سەبارەت بە (**لەطائف**) ، وە هەموی ئەوشتانەی کە لەبازاڕی ئەم تەریقەتەدا مامەڵەو ئاڵوگۆڕیان پێ ئەکرێت بەوردی باس ئەکەم.

سەبارەت بە وەڵامی پرسیاری هەژدە ، ئەڵێم ، بەڵێ شیخیەتی وەئیرشادکردن ، یان شێخبون وە موریدبون ، لەگەڵ تەسەووفدا هەریەکێکە ، بەڵام بەیەك مەرج ، بەومەرجەی شێخیەتی ڕاستەقینەو موریدیەتی ، یان دەروێشایەتی ڕاستەقینەبێت ، ئێمە وا بەدرێژی باسی بازاڕی تەسەووفمان کرد وەباسی هەدەفی تەسەووفمان کرد ئەگەر دیتان ئەوشێخ وموریدە ، یان ئەوشێخ ودەروێشە بەڕاستی سەرگەرمی خواپەرستین وە هەدەفیان خواناسی یە ، بێگومان ئەوە ناوەڕۆك وکاکڵەو کرۆکی تەسەوفە ، ئەگەریش مەبەست مەبەستێکی دنیایی و ئاغەو نۆکەری و فەرمان دەری و فەمان بەری یە ئەوە تەصەووف لەمانە بێزارو بەری یە ، کردەوەیان بەترازوی شەرع ، بەترازوی ویجدان و عەقڵ و مەنطیق کێشانەکە ، ئەگەر ڕێك دەرهات ، وا تەصەووفە ، ئەگەریش سەری کرد وادەس برینە .

بەکورتی ، ئیرشاد وەشێخ بەتی کردن ، ئیرشادە بۆ خواناسی لەڕێبازی تەصەووفەوە ، ئەگەروابو وا پربەپێستی خۆیەتی ، وە ناووناوکە کەوتونەیەك ، ئەگینا تەصەووف لەوان بێزارە ، وە وشەی مورید ، لە موریدی ی خوداوە هاتوە «**الطالب الی الله**» نەك موریدی شێخ بێت ، ئەبێ موریدی خودا بێت ، وەشێخ ماموستاو ڕێ بەروسەروەرێکە بۆ پیشاندانی ئەورێگە بەکەڵکە ، وە شارەزاو بەلەدێکە کە مرۆڤی ناشارەزا ڕانمایی ئەکات ، تا ئەیگەیێنێتە ئاوات و مراز ، کەواتە ئیرشادی مەشایخ لەبناغەدا هەرهەمان ئیرشادی تەصەووفە.

لەوەڵامی پرسیاری نۆزدەدا ئەڵێم ، لە«**ئیصطلاح**» ی تەصەووفدا بەکەسێ ئەڵێن شێخ ، کەئیرشادبکات ، وە زوتر مەرجەکانی مورشیدمان باس کرد ، وەیەکێ

لەمەرجەکانی ئەوەتە، وەلی بێت، بەڵکو خاوەنی «ویلایەتی کوبری» بێت، وەگەیشتبێتە پلەی «بەقا» ی پاش فەنا، ئەم جۆرە گەورەپیاوانە، ئەگەر ڕوخسەتی ڕێنمایی و ماموستایی دەرونیان بەلای مورشیدێکی گەورەوە پێ‌درا، وا ئەبنە مورشید بەلام ویلایەت دەس‌کەوتنێکە هەر لەسەرەتای تەسەووفەوە دەس ئەکەوێت، جا ویلایەت پایەی هەیە، ویلایەتی (صوغری) ویلایەتی «کوبری» ویلایەتی «علیا» کە هەریەکەی بۆ دەستەیێك لە خۆشەویستانی خوایە، هەروەکو لەپێشاوتمان زوتریش

نوسیومانە کە مەولەوی ئەفەرمێ
وەلی کەسێکە عارفٌ باللە
ماأمکنْ لەذات لەصیفات ئاگاه
بیکێشن بەسەنگ هەرسێ تەقوادا
بەترازوی شەرع مویێ لانادا

کەواتە وەلی بەو موسوڵمانە پاك و هوشیارو خواپەرستە پارێزکارە ئەڵێن، کە لە ذاتو صیفاتی خوا، بەپێی توانایی خۆی ئاگاداربێت، وە خاوەنی هەرسێ تەقواکە بێت، واتە خۆی بپارێزێت لە کوفر لە گوناه، لە هەڵپەکردن وخۆکوشتن بۆماڵی دنیا. ئەمە لای کەمەکەیەتی ئانەگاتە گەورەترین پایە کە ویلایەتی عولیایە وە پەیامبەرانی ئەگەنێ، وە ویلایەتی خاصة هەرهی پەیامبەری گەورەیە وەدەستی هیچ مرۆڤێکی ناگاتێ.

بەکورتی هەموشێخێکی ئیرشاد ئەبێ گەیشتبێتە پلەی «ویلایەتی کوبری» بەلام هەمو وەلی‌یێك ناتوانێ ببێتە مورشید.

واتە هەمو مورشیدێکی ڕاستەقینە وەلییە، بەلام هەمو وەلییێك ناتوانێ ببێتە مورشید چونکە وەکو وتمان مورشید مەرجی تریشی هەن کەئەبێ ئەومەرجانەشی تیابێت تابتوانێ ئیرشاد بکات.

زۆرجار سەبارەت بە «صیفاتی حەمیدە وە صیفاتی رەذیلە» واتە پێ‌ناسە پەسەندەکان و پێ‌ناسە ناپەسەندەکانی مرۆڤ باسمان‌کرد، وەوتمان مرۆڤی سۆفی مەسلەك تێ‌ئەکوشێت پێ‌ناسە ناپەسەندەکانی بگۆڕێت بە پێناسی پەسەند، تا ئەوپێناسە پەسەندانە ئەبنە خووخدەی مرۆڤ وەئیتر ناچێتەوە سەر خدەی نارەواو ناشیرین، بەڵکو ئەبێتە دژی هەمو رەوشتێکی ناشیرینو چەوت، گومانی تیانیە هەروا

بەگاڵتە ناکرێت کە مرۆڤ ڕەگوڕیشەی حەسوودیی لەدەرونی خۆیا هەڵکەنێ ، چونکە ئەو پێناسە بوەتە خدەو بەرەگو ریشەی دەرونا چوەتە خوارەوە ، حەسودیی بریتییە لەوەی مرۆڤ حەزبکات بەوەی کە نیعمەتی مرۆڤێکی تر لاچێت ، واتە حەزکردن بە «**زەوالی نیعمەت لەخەلکی تر**» ئەوە حەسودییە ، وە ئەمەش پێناسێکی ناپەسەندە ، بێ ئەوەی بەخۆمان بزانین بوەتە خووخدە بۆمان ، وەحەز لەسەر کەوتنو پێشکەوتنو خۆش بەختیی خەڵکی تر ناکەین ، وە ئەمانەوێ هەرچی خۆشیو چاکە بۆخومانی تەرخانکەین ، واتە زۆربەی ئادەمیزاد ، نەك تەنها هەرپێی خۆشە خۆی لەهەمو کەس جوانتر ، دەوڵەمەندتر ، دەنگ‌خۆشتر ، خوێنەوارتر ، وە بەدەسەڵات‌تر بێت ، بەڵکو حەزیش ئەکات کەس نەگات بەقولەپێیا ، وە ئەو کەسەیش کە لەشتێکا لەو زیاترە ، لێی داماڵرێت وە موحتاجی ئەم‌بێت ، ئەم پێناسەئەگەر ماوەی بدرێتێ مرۆڤ ئەگەینێتە رادەی ئەوەی ئەربۆی‌بلویت داوای خوایی بۆخۆی ، وە کزیو بەندەییو لاوازی بۆخەلکی‌تر بکات ، بێگومان مرۆڤ لەم پێناسە ناپەسەندانەدا هەست بەپێناسەکانی خۆی ناکات ، وە هەر عەیبی خەڵکی لەبەرچاوە ، جا (**تەسوڤ**) تێ ئەکۆشێت کە ڕیشەی ئەم‌پێناسانە لە دلودەرونی مرۆڤ‌دا هەڵکێشێت ، جائەمە چۆن‌ئەکرێت ؟ دیارە بە «**موجاهەدە**» واتە خەبات لەدژی هەستە ناپەسەندەکانی «**نەفس**» کە بەپێی ئایینی ئیسلام ، هەروا کە «**جیهاد**» لەدژی کوفروکافران فەرزە هەروایش (**جیهاد**) لەدژی ویستەناپەسەندەکانی دەرونیش فەرزە هەروا کەزوتریش وتمان ، جارێك کە پێغەمبەری گەورە درودی خوای لەسەر لەجیهادێك گەرانەوە ، فەرمویان لە جیهادی «**ئەصغەر**» واتە بچوك ، گەراینەوە ، جا نۆرەی جیهادی «**ئەکبەر**» ە عەرزیانکرد جیهادی ئەکبەر کامەتا ئەی پێغەمبەری‌گەورە ، فەرموی جیهادە لەگەل نەفسا ، واتە لەگەڵ دەرخواستی نارەوای دەرونا ، بێگومان بەربەرەکانیو خەبات لەدژی خواستی نارەوای دەرون زۆر گرانە چونکە هەروا بەگاڵتە سەرناگرێت .

جابەپێی رێرەوی تەسەووف ، وەبەپێی دەرمانێك کەتەسەووف بۆ ریشەکەن‌کردنی ئەو دەردانەی دەرون دای‌ناوە ، بەرلەهەموشتێ مرۆڤ ئەبێ دەردەکان بناسێت ، واتە بەژبانی خۆیا بچێتەوەو دەوری‌بکاتەوە ، تا یەکە یەکە نەخۆشیو عەیبەکانی دیاری ئەکات ، هەروکو وتمان مەسەلەن تێ فکرێت بزانێت ، خۆی هەستی خۆبەزل‌زانیی هەیە ، هەستی ناوی‌خەڵك‌بردن «**غەیبەت**» کردنی

هەیە ، هەستی **«حسودی»** واتە حەزنەکردن بە سەرکەوتنی خەڵك وە حەزکردن بەدوا کەوتنیانی هەیە ، وەهەزاران دەردی تر کەئیستە ڕێکیان دەستیشان ئەکەین ، جا کە ئەودەردانەی ناسین ، یەکەم هەنگاو بۆچارەکردنیان ، بەر لەهەموشتێك **(تەوبە)** کردنە ، واتە بڕیارێکی پیاوانە دان ، بۆ دەس هەلگرتن لەهەموی ئەو خراپی یانە ، وە بڕیاردان لەسەری ئەوەی نەگەڕێتەوە بۆسەریان ، دیارە هەروەکو وتمان یەکەم هەنگاوی تەسەووفیش هەر ئەم **(تەوبە)** کردنەیە وە یەکەم **«مەقام»** واتە پلەوپایەی تەسەروفیش پایەی **«تەوبە»** یە ، جا پاش ناسینی دەردەکان واتە پێناسە ناشیرینەکان ، وەبڕیاردان لەسەری دەس لێ هەڵگرتنیان ، قوناغی جێ نشین کردنی پێناسە جوانو بەکەڵکەکان دێتە پێشەوە ، واتە ، تەنها ئەوەنیە ، **(بۆنمونە)** خۆت لەدەستی مشت قوچاوی و چنۆکی ڕزگار کەیت ، بەڵکو ئەبێ خۆیشت لەسەری بەخشەندەیی ڕابێریت بەجۆرێ لەگەڵ چارەکردنی هەرنەخۆشیێکی دەرونی دا بکۆشیت بۆئەوەی پێناسە چاکەکەی پێچەوانەی ئەو ، لەدەرونتا جێ گیر کەیت ،

دیارە ئەم کارە زۆرگرنگو سەختە وەپێویستی بە تێکوشانێکی زۆر وە **(موحاسەبە)** وە پیاچونەوەی ڕەوشو کردار ئەبێت ، وەئەبێ مرۆڤ دان بنێ بەوەدا کە ئەوپێناسە نارەوایەی هەیە وە ئەیەوێ خۆیی لەدەست ڕزگارکات ، وە پێنامی چاك وەپەسەند بکاتە جێ نشینی ، جا لەگەڵ ئەم تێکۆشانەشدا ، دەرمانێکی بەکەڵك کە پێویستە بۆ دەرمانی ئەم دەردانە ، گرتنەبەری ڕێگای بخواناسیێکی تەواوە ، وە هەروەها بەردەوام بون لەسەری **«ذیکر»** ئەوانەی خۆیان خاوەن **«نور»** ن وەدڵیان رونالك بوەتەوە ، هەرئەوان باش ئەزانن ئەو ذیکرە چ دەرمانێکی گرنگە بۆچارەی پێنامی خراب وەناشیرین کەلەدەرون دا جێ گیربوە ، ناوی خوای گەورە بردن چ بەزوان وە چ بەدڵ هەروەکو ئاگربەردەیتە خەرمانی درکودال ، ئاوا دەرون لەخەوشی هەستە ناپەسەندەکان پاك ئەکاتەوە ، بەڵێ بەم چەشنە زۆری پێ ناچێ هەروەکو کە نەخۆشێك بەهۆی دەرمانی بەکەڵکوباش چارە ئەکرێت ، یان ، باغوبێستانێك لەدرکو هەرزو گیای زیان بار بژارئەکرێت وە هەروەکو خانوو ناومالێك کە لەخەوشوخاڵو تەپوتۆز پاك ئەکریتەوە وە شتەبەکەلکەکان لەو باخو مالەدا گەشە ئەکەنو دەرئەکەون ، هەربەوچەشنە دەرونی سۆفی ڕاستەقینە لە خەوشی پێناسە ناشیرینو ناپەسەندەکان پاك ئەبێتەوەو ، وەکو درەختێکی باش بەخێو کراوو بژارکراوو

ئاودراو، دەس ئەکاتە بەرھەم دان، وە میوەگرتن، وە خاوەنەکەی ئەحەسێتەوە، دیارە ئەوەش بەبێ رەنجو تەقەلا نابێت.

ئیستە بزانین «پێناسی ناپەسەند» کە ئەبێ لەدەروونا ریشەکەن کرێن کامەن، وە ئەو پێناسە پەسەندو چاکانەی کەئەبێ ببنە جێنشینی ئەوان کامەن.

«پێناسه ناپەسەندەکان»

١ – «حەسەد» پی ناخۆشی، خۆشی خەڵك، وەحەزکردن بەتیاچونی نیعمەتێك کە خوابەخەڵکی داوە.

٢ – «ریا» رویامایی کردن، وە خواپەرستی بەرەواڵەت بۆئافەرین کردنی خەڵك وە هەڵخەڵەتاندنیان. «ولا یُشْرِكْ بِعِبادَةِ رَبِّهِ اَحَداً».

٣ – «کِبْر» خۆت لەخەڵکی تر بەباشترو گەورەتر زانینە،

٤ – «عوجب» لەخۆبایی بون وەخۆپەسەندی ی.

٥ – «نِفاق» دووڕوویی کردن وە خەڵك لەیەك هەڵتانو یەکنەبونی زوانو دڵ.

٦ – «بُخْل» مشت قوچاوی و چنوکی «رەزیلی».

٧ – «کِذْب»، درۆزنی ی، وەدرۆکردن.

٨ – «غەیبەت» لەپشت ملە ناوی خەڵك بردن بەشتێك کەئەگەر لەروودا باسی کەیت ئەوکەسە پێی ناخۆش بێت.

٩ – «خەیانەت» تەماع کردنە شتێك کەدرابێتە دەست، جا ئەوشتە چ قسەیێکی نهێنی بێت یان گیان دار یان بێ گیانێك بێت.

١٠ – «بێ وەفایی» چاکە لەبەرچاونەبون یان جەزای چاکە بەخراپەدانەوە.

١١ – «غورور» چاوسوربون وەبێ باکی لەکاتی دەسەڵات داری دا.

١٢ – «جاه تەڵەبی ی» تێ کۆشانی نارەوا بۆ بەدەس هێنانی پایەوپلەی دنیایی وە دانەمرکان بەومەقامەی کەهەتە.

١٣ – «بێرەحمی ی» بەزەیی نەهاتنەوە بە خەڵکا.

١٤ – «تەظاهور» وەکو ریا وایە، بەڵام ئەم زۆرتری بۆکاروباری دنیایی یە، وەئەو بوعیبادەت، «بۆ نمونە» کاری چاك کردن نەك بۆچاکەکردن بەڵکو بۆئەوەی پێی بڵێن پیاوچاکە «لەنجامی کاری رەوا، بو گەیشتن، بە دەس کەوتنی نارەوا».

١٥ – (وەقاحەت) بێ شەرمی وە بێ ئابرویی.

١٦ – «بەنەفشورە» لەخۆبۆ رق لەخەڵکە وە بەکەسێ نالێ چاك «وەدان بەهیچ چاکەیێکا نانێت .
١٧ – (جەزای چاکە بەخراپە) ئەویش هەروا بەناوەکەیادیارە.
١٨ – (طولی لەمەل) بیرنەکردنەوە لەمردن، وە وابزانیت لەمردنا ئەکەویتە پاشی هەمو کەسێك.
١٩ – (ترس نۆکی) دژی ئازادیو شەجاعەت.
٢٠ – (بێ باوەڕی ی) خەڵك وەکوخۆت زانین، وە باوەڕبەکەس نەکردن . بەدگومانی ی ، دڵ پیسی ی.
٢١ – (غەزەب) تورەیی وەزووهەڵچون (عەسەبی ی)
٢٢ – (قینەبەری) لەرقی خەڵکا زیانێ لەخۆتو لەخەڵك دان.
٢٣ – (خەدەی تۆڵە کردنەوە) چاوپۆشی‌نەکردنو لەهەڵەی خەڵك نەبوردن، وەنەبەخشین . وەنەبونی گوزەشت .
٢٤ – (بێ قسولی ی) بایەخ بۆبەڵێن دانەنان ، واتە وەفابە وەعدە نەکردن .
٢٥ – (قەطعی صیلەی ڕەحم) دوری‌گرتن لەخزموکەسوکار ، بەتایبەت ، باوکو دایکو براوخوشکو ژنومنداڵ . وەخزمی نزیك.
٢٦ – (شەیدایی ماڵوسامان) ئەوەئاشکرایە . (حرص) پارەکۆکردنەوە .
٢٧ – (هەڵەوەڕی و زۆروتن) یان (لەغو) .
٢٨ – (نەمیمە) قصەی ئەم بۆئەو گێرانەوە ، وەخەڵك بەگژیەکادان.
٢٩ – (انتقاد) رەخنەگیری ، کەبری‌کەس لەباتی‌ئەوەی بۆعەیبی‌خۆیان بگەڕێن وەچارەی کەن،هەمیشە رەخنە لەهەموشتێ وەهەمو کارێ وەهەمورەفتارێ ئەگرن .
٣٠ – (اشکبار) فەضلی‌خۆدان بەسەری‌خەڵکی‌ترا ، ئەتوانین بڵێین لەگەڵ (تەکەبور)دا یەك ڕیشەن.
٣٢ – (کوفری نیعمەت) بەبەشی‌خوا نارازی‌بون «لَئِنْ شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ وَلَئِنْ كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيدٌ» .
٣٢ – (حُبُّ الذّات) (خودخواهی ی) (خوویستی ی)
٣٣ – (تۆمەت لەمەولەودان) اتهام، کە لەگەڵی ، (انتقاد) وە (غەیبەت)دا لەیەکەوە نزیکن .

٣٤ – **(لەجاجەت)** : واتە تەسلیمی حەق نەبون وەخۆبەدەستەوە نەدان لەبەرابەری هەقوراستی دا.

٣٥ – **(ساردوسری لەسەر خواپەرستی)** وە کەم شەوقی بۆ عیبادەت.

٣٦ – **(تەمەللوق)** چاپلوسی ، وە بە خەلکا هەل'دان **(مەدحی درۆ)** .

٣٧ – **(اصرار لەسەر گوناه)** لێرەدا ئەبێ بلێم گوناه خۆی گوناهە ، وەگوناەکار تاوانبارە ، بەڵام فەرق هەیە لەنێوانی کەسێکا کە بکەوێتە ناوی گوناهێکەوەو دڵەتەپەی پێ بکەوێتو پەشیمانی ی رووی تێ کا ، لەگەل ئەو کەسانەدا کە (اِصْرار) یان لەسەر گوناه بێت ، وەکوئەوەی **«نەظەر»** حەرامە ، بەڵام ئەگەر بەهەڵەو ڕێکەوت بو بەدەستی خۆت نیە ، جا کەدوبارەو سێ بارەت کردەوە ئەوە تاوانە وە ئەبێتە **(اِصْرار)** کە هەرگیز شێوەی پیاوچاکان نیە ئەمانە بەشێك بون لە **(صیفاتی رەزیلە)** یان پێ ناسی ناپەسەند.

بەرانبەر بەهەریەکێ لەم کردەوە ناپەسەندانە ، کردەوەی شیرینو پەسەند هەیە ، وەکو ئەم کردەوانەی خوارەوە .

١ – **(پێ خۆش بونی خۆشیو سەرکەوتنی خەڵك)**. وە بیر کردنەوە لەوەی کەحەسودی جگە لەزیان بۆخۆت سودیکی نیە ، وە خوا خۆی چاك ئەزانێت ، وە هەمو شتێ بەنۆرەیەو هەموکارێ کاتو ساتی خۆی بۆدانراوە . ئەڵبەتە ئەگەر حەزبەوە بکەیت ، تۆیش ئاوا لە نیعمەتیخوا بەرخورداربیت ، ئەوە **(غیبطە)** یە وە خراب نیە ، بەڵام پێ خۆش بونی (زەوالی نیعمەت) لەخەڵکی تر ، ئەوە خرابە وەخوا لە سورەی «نساء» ئایەتی (**٥٤**)دا ، ئەفەرمێ **«أَمْ يَحْسُدُونَ النَّاسَ عَلَى مَا آتَاهُمُ اللهُ مِنْ فَضْلِهِ»**.

واتە بۆچی حەسودی ئەبەن بەپێغەمبەر؟ یان«ئەوەتا حەسودی ئەبەن بەپێغەمبەر «کەئەو حەسودی بە شتێکی ناپەسەندە.

٢ – خواپەرستی هەر لەبەر ئەنجامدانی دەستوری خودا وە چاکەکردن لەبەرئەوەی کە چاکە چاکەو خوایش پێی خۆشە .

٣ - **(تەواضُع)** وە خۆبەزل نەزانین، وەلێك دانەوەی ئەوەی هەمومان بەندەی خواین وەهەمومان لەئادەمین **«كُلُّكُمْ مِنْ آدَمَ وَآدَمَ مِنْ تُرَاب»**، **«اِنَّ اَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللهِ اتقاكم»**

٤ – (**خۆبەکەمزانین**) وەسەیری عەیبو کەمو کوڕی خۆکردن، بەهەمو بارێکا.

٥ – (**خەیرخواهی**) وە خەڵك ئاشتکردنەوە.

٦ – (**بەخشەندەیی**) وەمشتکراوەیی.

٧ – (**راستگۆیی**) ، وە درۆنەکردن.

٨ – لەپشتمله چاکەی خەڵك گوتن.

٩ – (**ئەمینداریی**)وە خەیانەت لەئەمانەت نەکردن.

١٠ – (**وەفاداریی**)وەچاکە لەبەرچاوبون.

١١ – (**لەخواترسیی**) وە لە تۆڵەی خواترسان.

١٢ – (**رازیبون وەدامرکان بەبەشیخوا**) وە دوریگرتن لەوەی کەخەڵك بکەیتە پەیژە بۆسەرکەوتنی خۆت ، دوریگرتن لەوەی کەلەسەر حیسابی خەڵك بگەیت بەپایە، وە باوەڕلەسەرئەوەی کە ئەبێ بە تێکۆشانی ڕەوا مافیخۆت بێرێتەدەست ، واتە بەورادەیە کە زانستو ئامادەییو کارناسیو توانایت هەڵئەگرێت ، نەك لەتواناییو زانستی خەڵك بۆسودی خۆت کەڵكوەرگریت .

١٣ – (**خاوەن بەزەیی**)وەبەتەنگی بیچارەو لێقەوماوان وە بێدەسەڵاتانەوەبون، وە خەمیخەڵك خواردن .

١٤ – (**چاکەلەبەرچاکە کردن**) نەك بۆ خۆهەڵکێشان لەناوی خەڵکا ، واتە بۆ «تەظاهور» نەبێ ، هەر لەدەرونەوە ئەوچاکە کردنە سەرچاوە بگرێت واتە «إخلاص» .

١٥ – (**شەرمو حەیا کردن**) وە خاترگرتن وە لەرویخەڵکا دامان ،(نەك ئامادەبون بۆ مافڤەوتان)بەڵکو برێجار دەس لەبرێ مافی بچوك هەڵگرتن ، وە بایەخدانان بۆ دۆستیو برایيو گەورەو بچوکیی.

١٦ – (**خۆشویستن**) وە دڵفراوانیو میهرەبانی .

١٧ – ئەدەب کردن ، وە گەورەو بچوكفامین ، وە حەیا کردن لەخواو لەبەندەکانی.

١٨ – (**جەزای چاکە بەچاکە**) تەنانەت برێجار جەزای خراپەی بەهەڵەکراوو ، لەرێی نەفامیوەکراو، وە هیلەخۆت بچوکتر ، بەچاکەدانەوە.

(**لەبەرچاوبونی مردن**) وە لەشوێنەواری لەمێژین وردبونەوەو هەروەکو کە لەزۆرشوێنی قورئاندا خوایگەورە سەرگوزەشتی وەکو فیرعەون،قەومی عاد،

قەومی نوح وە ثمود،قەومی لوط،ئەگێڕێتەوە کەئێمە لەوجۆرە سەرگوزەشتانە عیبرەت وەرگرین وە لەخۆمان بایی نەبین . پێ‌هاتن بەوەی کەمردن ، هەروا کەهەمیشە لەهەمو کەسێکی‌ترەوە نزیکە ، لەتۆیشەوە نزیکە ، نەك لات‌وابێت ئەبێ خەڵك بمرێت بەڵام‌تۆ هەر پایەداربیت.

بەکورتی ئەوەندە نەروی بەپیری دنیاوە وابزانیتە مردنت بۆنیە، بەڵکو رۆیشتنی خۆیشت لە پێش‌چاوبێت ، هەروا کەمەرگی دوژمنانت بەلاوە نزیکە.

٢٠ – **(شەجاعەت)** وەباوەڕ لەسەرئەوەی ، ئەوەی خوانەیکات ناکرێت ، وە مرۆڤ نابێ بەرانبەر بەناهەق وەستەم دەم‌بقوچێنێ ، بەڵکو ئەبێ تەنها لەخوابترسێت وە تەنها بوهەقو حەقیقەت سەرلەبەربێت.

٢١ – **(نابێ مرۆڤ دڵ‌پیسو ناباوەڕ بێت)** هەرچەند کە ساوێلکەیی‌و دەبەنگیش ناپەسەندە ، بەڵام بێ‌باوەری‌و دڵ‌پیسیش هەرناپەسەندە ، خوائەفەرمێ **«ان بعض الظن اثم»** واتە برێ‌جار بەدگومانی‌ی گوناهە . هەروەها ئەفەرمێ **«یا ایها الذین آمنوا ، ان جائکم فاسق بنبا فتبینوا ، أن تصیبوا قوما بجهالة فتصبحوا علی ما فعلتم نادمین»** سورەی **(حجرات)** ئایەتی (٦).

کەوابو بەدگومانی‌و ناباوەری خرابە هەروەهاش برێ‌جار خۆش‌باوەڕیش هەرباش‌نیە، بەتایبەت سەبارەت بە **«فاسق»** واتە موسوڵمانی کەچ‌ڕەفتارو باوەڕدانەمەزراو .

٢٢ – **(ئارامی‌و لەسەرخۆیی)** وە دووری‌گرتن لە تورەیی‌و دڵی‌خەڵك‌ئیشاندن، چونکە زۆرجار تورەیی کاری‌وائەکات کەلەودوا پەشیمانی هیچ کەڵکی نابێت ، کەواتە بەرگری‌کردن لەتورەیی شتێکی‌پەسەندە وەخۆگرتن‌و بەسەری‌خۆدا زاڵ‌بون کارێکی پەسەندو پێناسێکی شیاوو باشە.

٢٣ – **(رقەبەری نەکردن)** وە گوزەشت‌و لێ‌بوردن وە چاوپۆشی وە زیان‌لەخۆنەدان لەرقی ئەموئەو .

٢٤ – **(بەخشین وە لێ‌بوردن)** ، چونکە تۆڵەکردنەوە هەمیشە، تۆڵەکردنەوەی‌تری بەشوێنەوەیە ، وە هەتاهەتایە لەکۆڵی مرۆڤ نابێتەوە ، ئەمە بەو مانایە نیە کەدەس لەماڵی‌خۆتو ماف‌خۆت هەڵگری بەڵکو خوای‌گەورە لەئایەتی (٤٥) سورەی مائدەدا ئەفەرمێ **«ان النفس بالنفس والعین بالعین»** بەڵام سەبارەت

بەکوشتنەوەی قاتیل لەئایەتی (١٧٨) سورەی (البقرة) دا ئەفەرمێ «... **كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِصَاصُ فِي الْقَتْلَى ، الْحُرُّ بِالْحُرِّ وَالْعَبْدُ بِالْعَبْدِ وَالْأُنْثَى بِالْأُنْثَى ، فَمَنْ عُفِيَ لَهُ مِنْ أَخِيهِ شَيْءٌ فَاتِّبَاعٌ بِالْمَعْرُوفِ وَأَدَاءٌ إِلَيْهِ بِإِحْسَانٍ**...» کەواتە باوەکو مرۆڤ خاوەن مافیش بێت ، وە تۆڵەکردنەوە هەقی خۆی بێت ، بەخشینەکە لای خوا پەسەندترە . وەسوفی مەسلەکیش کە بەشوێنی چاکترا ئەگەڕێ ئەبێ لەهەستی ناپەسەندی تۆڵەسەندنەوە دەس هەڵگرێ، تەنانەت تابۆی ئەکرێ ئەگەر لە مافی خۆیشی، نەك مافی «وەرەسە» وخەڵکی تر، چاوپۆش بێت پەسەندترە. کەواتە «عَفْو» لەپێناسە زۆر پەسەندەکانە.

٢٥ – «**بەردەوام بونو سوربون لەسەر بەڵێن**»، ئەم هەستە، یەکێکە لەگەورەترین پێناسە پەسەندەکان، وەهەر کەسێ بەڵێنی نەبو بەپیاوی پیاوانە دانانرێت، جائەگەر ڕێبواری ڕێگەی تەسەووف بو، ئەوە باشتر ئەبێ لەسەر بەڵێنی خۆی بڕوات.

٢٦ – (**دیدەن کردن**)، وسەرلێدانو بەدەمی خزمو کەسو کارەوەبون، واتە «**صیلەی ڕەحم**» یەکێکە لەو پێناسە چاکانەی کەڕێبواری ڕێڕەوی تەسەووف ئەکۆشێت بۆئەوەی لەدڵودەرونی خۆیا سەقامگیری کات.

٢٧ – ئیمە زوتر وتمان کە (**زوهد**) یەکێکە لەپایە بناغەییەکانی ڕێڕەوی تەسەووف زوهدیش پێچەوانەی هەوڵوتێکۆشانە بۆ کۆکردنەوەو پێکەوەنانی سامان، بێگومان کاسبیو سەرمایەی حەڵاڵ بەدەستهێنان کارێکی باشە بەلاّم «**اِنْهِماك**» واتە خۆپڕوکاندن بۆ بەدەسهێنانی سامان، دژی ڕەوشی صوفی یەکانە وە «**زوهد**» دەرمانێکە بۆلەناوبردنی هەستی «**اِنْهِماك**».

٢٨ – (**کەم گوتن**) وە خۆتێ هەڵنەقوڵتاندنی شتێك کەڕاستەوخۆ پەیوەندی بەمرۆڤەوە نەبێت، ڕەوشی پەسەندی سوفی یەکانە، ئەوان ئەڵێن تا پرسیارت لێ نەکراوە مەڵێ، کەپرسیارت لێکرا بەئەندازەی پێویست بڵێ، چونکە کەم وێژی، وەبێدەنگیو بێڕەنگی، لەڕەوشەبەرزەکانی خواناسانە، بەلاّم هەڵەوەڕیو زۆربلێیی «**لەغو**» ڕەوشێکی ناپەسەندەو لە قورئانیشا نەفرینی لێکراوە. وەستایش کراوە لەوانەی خۆیانی لێ لائەدەن «**قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ وَالَّذِينَ هُمْ عَنِ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ**».

٢٩ – (قسەی **لەم، لای ئەونەکردن**) وە خۆهەڵنەقوڵتاندنە کاروباری خەڵك، یەکێکی تر لەپێناسە پەسەندەکانە.

٣٠ – هەروا کەرەخنەگیری.ی هۆی دڵئازاری‌یە، بێ‌گومان سەرنەنانە سەری خەڵك، هۆی بێ‌دەردی‌سەری‌و سەرسوکی‌یە، رەخنەی دڵسۆزانەو دروس‌کەر «النَّقدُ البِنّاء» بەکەڵکە، بەوشەرتە، بۆ «تظاهر» وە خۆهەڵکێشان وە خۆپیشان‌دان نەبێت، وە بەومەرجەی بەپێی دابورەوشی خۆی بێت، بەڵام رەخنەگرتن وە «اعتِراض» لای رێبوارانی رێ‌رەوی تەسەووف، ناپەسەندەو، دورەپەرێزی لی‌ئەکەن.

٣١ – چەندە بەزۆر خۆسەپاندن بەسەری خەڵکا ناشیرینە، ئەوەندەش خۆبەکەم زانین بەڵکو خۆبە هیچ زانین بەلای سوفیانەوە پەسەندە، بەتایبەت بەرانبەر بە گەورەیی خوای گەورە، ئەوان ئەڵێن گەورەیی هەربۆخوا چاکە، ئێمە بەندەی‌ێکین هەرچەندەش خاوەن دەسەڵات بین، دیسان هەر رۆژی تیائەچین، دیسان هەر بەندەی‌ێکین کە بەرانبەر بەچزەی مێشولەو گازی‌مێشێك ئەپەشۆکێین کەواتە «ئیستیکبار» بۆبەندە نەهاتوە وە کەسێ سەرەتای خاك‌بێتو پایانی هەر خاك، خۆ بناسێت باشترە تاخۆی لی‌بگۆرێت.

٣٢ – **(شوکری نیعمەت)** خوا لە سورەی ئیبراهیم ئایەتی (٧) دائەفەرمێ **«لَئِنْ شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ، وَلَئِنْ كَفَرْتُمْ إِنَّ عَذَابِي لَشَدِيد»**.

٣٣ – **(نوکرانی ذات)** یان ایثار. بەوە ئەڵێن دەست لەقانجاز وەیان ئاسایشی خۆی هەڵگرێت لەرێی خۆش‌بەخت کردنی خەڵکو دابین کردنی خۆش بەختی‌و کامەرانی‌و قانجازی خەڵکا، ئەم خۆبەخت کردنو دەس لەخۆشی خۆهەڵگرتنە یەکێکە لەپێناسە پەسەندو تایبەکانی پەیرەوانی تەسەووف، خوای‌گەورە لەئایەی (٩) سورەی «حەشر» دا ئەفەرمێ **«وَيُؤْثِرُونَ عَلَى أَنْفُسِهِمْ وَلَوْ كَانَ بِهِمْ خَصَاصَةٌ»** خوای‌گەورە لە تەعریفی ئەنصارا، یان‌بری لە موهاجیرین‌دا کە یارمەتـــــی برامو‌سوڵمانە بێ‌دەسەڵاتەکانی خۆیانیان داوە. ئەفەرمێ. **«هەرچەند خۆیان ئیحتیاجیان‌بو بەوشـانە وەپێویستیان‌بو پێ‌یان لەگەڵ ئەوەشا فەضلی برادینی یەکانیان ئەدا بەسەری خۆیان‌دا»**.

٣٤ – **(دیفاع لە حەق)** یەکێ لەهەستە پەسەندەکانی دەرون ئەوەتە، دیفاع لەهەق ببێتە جی‌نشینی تۆمەت لەمولەودانو خەڵك‌تاوان بارکردن.

٣٥ – خۆبەدەستەوەدان وەتەسلیم‌بون بەرانبەر بەهەق وەبە **(واقیعیەت)**.

٣٦ – گەرمو گوری‌و شەوق لەسەری خواپەرستی.

٣٧ – **(واقیع بینی)** هەوڵدان بەگوفتارو کرداری خەڵك بەوجۆرەی کەهەڵئەگرێ نەزیادو نەکەم.

وەنەبێ ئەمانە هەموی پێناسە پەسەندو ناپەسەندەکان بن، بەڵکو زۆر شتی ترهەن ئەگەر بێتو بیان ژمێرین لەژمارە نایێن. بۆنمونە «**پاکی ی دەرون وەناپاکی ی**» مرۆڤ دڵپاك بەهەموجۆرێ ئەکرێ دڵی بێرێتەجێ بەڵام چ بکەی لە ناپاك؟ «**حەیاداری ی**» و **بێحەیایی**» بێ «**ئیعتیادی**» بەرانبەر بە «**تەوەککول**» دڵەتەپەو دڵەورکێ جەزەع بەرانبەر بە «**صەبر**».

دڵ ئیشاندنی خەڵك و دڵنەوایی خەڵك، «**تەقوا**»و پارێزکاری و نەپرسینەوە لەحەرامو حەلاڵ، چاکەکردن لەگەڵ خەڵك و خراپەکردن، بەشێوەیێکی گشتی ی ئەمانە بەشێکی هەرە دیاری و گەورەی ئەو هەستە دەرونی و پێناسانەن کە مرۆڤی خواناسی راستەقینە ئەبێ تێکۆشێ بۆلابردنو داماڵینوەرداماڵینی ناپەسەندەکان، لەدڵو دەرون داو جێ نشین کردنی پێناسە پەسەندەکان لەجێگای ئەواندا، جا ئەومەردەی کە خوابۆی بکات سەرکەوێت، وە ئەم ئەرکە گرنگە بباتەرێگاوەو ئەو خذمەتەگەورەیەی بۆگیانی خۆی لێ بوەشێنێتەوە، وە لەولایشەوە لەرێگەی ذیکرو فیکرو پەرستشو سلوکی رێبازی تەریقەتو ریازەتی پێویستی «**جیسمی وروحی**» یەوە، دڵودەرون، وە «**لەطائفە**»کانی پاکو «**نورانی**» و روونالك کاتەوە: وا ئەبێتە مەردی دینو دنیا، بەناو **(بەشەرە)** بەڵام لەهەقیقەتدا مەلائیکەیەو لە خۆشەویستانی خوایە. ئەگەر ئەمەشی بۆنەکرا خۆ هەروا بەمفتە نابێتە مەردی مەیدانی تەسەووف.

ئەمە بو، بەکورتی، باسی «**صفاتی حمیدە**» وە «**صفاتی رەذیلە**» واتە پێناسی چاکو رەواو پەسەند: وە پێناسی ناڕەواو ناپەسەند: لە روانگەی تەصەووف ئیسلامی یەوە.

☐

یەکەم : سەرچاوەی وشەی **«صۆفی»** لەچی‌یەوە هاتوە ،

دووەم **«مەقام‌وەحاڵ»** لەڕوانگەی تەسەووفەوە بەچی ئەڵێن .

«صۆفی» .

وشەی صۆفی هەر لەصەدەی یەکەمی کۆچی‌یەوە کەوتوەتە ناوەوە : **«حَسَن البصري»** کەخۆی یەکێکە لە گەورەپیاوانی زانیاری‌ی ئیسلامی‌ی وە تەسەووف؛ وە لەساڵانی «٢١ - ١١٠» کۆچی دا، واتە «٦٤٢ - ٧٢٨» م دا ژیاوە ئەڵێت .

لەکاتی تەوافی کەعبەدا چاوم‌ دەوت بە سوفیێك دەستم‌برد وەخەرجی‌یێکم دایێ؛ بەڵام لێی وەرنەگرتم ، وە گوتی من‌خۆم چوار **«دانیق»**م پی‌یە وە ئەوە بەشی خەرجیم ئەکات **«دانیق شەش‌یەکی دیرهەمێکە»**، **«نوسەر»** .

هەروەها «سُفیان الثوري» کەئەویش یەکێکە لە گەورەپیاوانی زانیاری‌ی «حەدیث‌و کەلام‌و تەسەووف» وە لەنێوانی ساڵانی «٧١٥ - ٧٧٨» م وە «٩٧ - ١٦١»ك ژیاوە ئەڵێ **«ئەگەر ئەبوهاشمی‌صوفی نەبوایێ، فەت بۆم ڕوون‌نەئەبویەوە کە ((ریا)) چی‌یەوچۆنە»** واتە ئەو بۆی ڕوون‌کردوەتەوە، کە وابو ناوی **«صوفی»** هەر لەسەرەتای ئیسلامەوە بوە، وە بەوپیاوچاکانە وتراوە کە ڕێگای **«زوهد»** وە پارێزکاری‌و خواپەرستی‌ی ڕاستەقینەیان گرتوەتەبەر .

بەڵام سەبارەت بەوەی کەبۆچی بەم‌خواپەرستە پارێزکارو زاهیدانە وتراوە **«صوفی»** وە ئەم‌وشەیە لەکوێوە هاتوە ئەڵێم، ..... بەرلەهەموشتێ ئەبێ بزانین ئەم‌جۆرەناوانە وەکو ناوی منداڵێك‌نیە هەرکە لەدایك‌بو دایكوباوکی دانیشن وە ناوی بنێن بەڵکو هەروەکو کەزانیاری‌ی قورئان‌خوێندن پەیدابوە وردە وردە ناوی قورئان‌خوێنەکان نراوەو پی‌یان وتراوە **«قُرّاء»** یان ئەوانەی کەحەدیسیان کۆکردوەتەوە بە **«مُحَدِّث»** ناویان‌دەرکردوە، یان **«فەقیە»** وەبەم‌جۆرە‌یان وەکوپیشەو زانیاری‌یە تازەکانی ئەم‌چەرخە کە هەرشتێکی تازە ئەدۆزرێتەوە ناوی پیشەو خاوەن پیشەکەیان ناوەو ناوی میکانیك‌و کارەبایی، وە ئەبارەچی هاتوەتە ناوانەوە، وە دەستەیێك

دانەنیشتون تاناوی کارناسی کارەبا بنێن«**کارەبانی**» جا هەربەوجۆرەش بە شارەزای ڕێگەی شەرع وتراوە «**فقیه**» وە بەوەی کەئەڕوا حەج ئەکات، وتراوە «**حاجی**» بەوانەش کە لە کاروباری خواپەرستیدا شێوەی شەونەخەوتن و شەونوێژکردن وە خواپەرستی گەرم وە لەگۆشەیێکەوە بەکاروباری خواپەرستیەوە سەرگەرم‌بون وەخۆنەپڕوکاندن بۆماڵی دنیاوە باقی شێوەی خواپەرستی ڕاستەقینەی «**زاهیروباتین**» یان گرتوەتەبەرەوە خواپەرستیەکەیان، هەروا کەبەکردەوە ئەنجامداوە هەروایش لەدڵەوە خۆیان‌داوەتە دەستی‌خوا، واتە «**تَوَکُّل**» وە پەرەستشیان لە «**ریا**» پاك‌کردوەتەوە وەسەرگەرمی ذیکرو فیکر بوون بەمانەش وتراوە «**صوفی**»، هەرچەن ناوی‌تریشیان لێ‌نراوە، وەکو «**زُهّاد**، **فُقراء**، **غُرباء**، **اَلشِکَفتیهْ**، **الجوعیّة**» ئەمە بۆچی‌بوە چونکە صوفیەکان خاوەنی هەموی ئەم‌پێناسانە بوون پشتیان لەدنیا هەڵکردوە کەواتە زاهیدن، ماڵ‌وسامانیان پێکەوە نەناوە ئەر ماڵیشیان بوبێت بەهی‌خوایان زانیوە، وە خۆیان بەموحتاجی خوا زانیوە پێ‌یان‌وتراوە «**فقیر**»، هەمیشە جیهان‌گەردیی یان‌کردوە پێ‌یان‌وتراوە «**غورەباء**» لە ئەشکەوت وبن‌بەردەکانا سەرگەرمی خواپەرستی بوون بۆئەوەی کە دوربن لە هەراوەمەزات وقاڵەوسەرە پێ‌یان وتراوە «**شکەفتیە**» واتە ئەشکەوت نشین، ئەوەندەیان نەخواردوە کەتێربن، پێ‌یان‌وتراوە «**جوعیّة**»، وەزۆرتری پۆشاك‌و سیپاڵیان لەخوری بوە واتە«**صوف**»، پێ‌یان‌وتراوە «**صوفی**»، وە چونکە زاهید یان عابید یان غەریب یان فەقیر بگرە هەرکامەی پێناس بۆیێت بۆبەشێك لەحاڵ‌و ئەحواڵی «**صوفی**» کەواتە کام‌وشە توانیبێتی بەسەری‌ئەوانی‌ترا زاڵ‌بێت، وە هەمویان بگرێتەوە، ئەوە ماوەتەوە ئەویش بریتی‌یە لەجلوبەرگوسیپاڵ، بێگومان هەموی ئەمانە لەبارەی جلوبەرگەوە کۆشیون بەرگی سادەترو بێ زەرقوبەرق‌تر بکەنە بەر، کەئەویش هەر سیپاڵی خوری‌ی بوە، کە بەعەرەبی بوەتە «**صوف**»؛ وەوشەی صوفی‌ی بوەتە ناوێکی هەمیشەیی بۆهەمو سۆفی‌مەسلەکێك چونکە هەموی ئەوانە لەو بەرگەدا بەشداربون جا ئایا بەڕاستی «**صوف**»، واتە خوری، پۆشاکی بێ‌عینوانی‌و بێدەماری‌بو؟ «**ئەبوموسای‌ئەشعەری**» کە لە«**٦٥٧**»م دا فەوتی‌کردوە وە لە یارانی پەیامبەرە لەمەدحی پێغەمبەری گەورەدا درودی‌خوای‌لەسەر ئەڵێت، ئەوەندە بێدەماربو پۆشاکی خوری ئەکردەبەری وەسواری «**گوێ‌درێژ**» ئەبو، «**حَسَن البَصري**» ئەڵێت من چاوم‌کەوتوە بە حەفتا کەس لەوانەی کە لەشەڕی بەدردا، بەشداری‌یان کردبوو هەمویان لیباسی خوری‌یان ئەکردەبەر.

وە لەهەموی سەرچاوەکانا ئاشکرایە کە ئەصحابی «**صفه**» واتە ئەصحابە زۆر خواپەرستە بێ‌نەواکان، پۆشاکیان هەر خوری‌بوە، هەروەها زۆرجار لەشیعری مەدحی خواپەرستانا هاتوە کە لەبەربێ‌دەماریی خۆیان، هەر لیباسی خوری‌یان کردوەتەبەر

یان لەزەمی دەس‌برەکانا هاتوە، وەوتراوە کە پۆشاکی‌خوری ئەکەنەبەر بۆئەوەی بڵێن ئێمە زاهید وەخواپەرستین، کەواتە،زۆر ئاشکرایە کە پۆشاکی صوف پۆشاکی بێ‌دەماریو دوری‌گرتن لەزەرقوبەرق دنیابوە بۆیە بوەتە ناوێکی هەمیشەیی بۆ رێبوارانی رێگەی تەسەووف.

بێ‌گومان برێ لە رۆژهەڵات ناسان،یان لێ‌کۆڵەران بیریان لەوەش کردوەتەوە کەبگرە ئەم‌ناوە لە وشەی «**صەفا**» یان «**ئەصحابی صەففە**» یان «**سوفیای**» یۆنانی یەوە هاتبێ، واتە حیکمەت، کە بە یونانی‌ی بەحیکمەت ئەڵێن «**سوفیا**»، بەڵام لەپاش‌لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەی زۆر بەتایبەت لەروانگەی ری‌زوانەوە،روون‌بوەتەوە کە دروست‌ترین باوەر، هەرئەوەتە کە ناوی «**صوف**» بۆیە بوەتە هی رێبوارانی ئەم‌رێگایە چونکە پۆشاکی «**صوف**» پۆشاکێك‌بوە هەرلەمێژینەوە براوە بەباڵای ئەوکەسانەدا کەبونەتە خاوەنی ئەم‌خدەیە، وە سەرچاوە گەورەکانی تەسەووف، ئاخرەکەی هەر هاتونە تەوە سەری‌ئەم‌باوەرەی کەوشەی تەسەووف هەرئەگەرێتەوە بۆسەری پۆشینی لیباسی خوری،بەتایبەت لەروانگەی ری‌زوان‌و ئاڵوگۆری وشەوە،نە صەفا وە نە صەففە وەنە صوفیا، نابەصوفی، هەروەها زوانی یۆنانی، پاش‌ئەوەی کەوشەی صوفی، بوە بەباوو ناسراوە، بەصەدەیێك،جا لەناوی ئیسلاما ئەم‌زمانە ناسراوەو گوێزراوە بەعەرەبی، زۆرتری «**ئەبورەیحانی‌بیرونی**» «**٣٦٢ – ٤٤٠ ك**» «**٩٧٣ - ١٠٤٨**»م، ئەم‌باوەرەی هەبوە، بەڵام زۆرتری سەرچاوەکان وەکوکتێبی «**اللمع**» هی «**ابو نصر سراج**» کەلە «**٣٧٨**» کۆچی‌دا کۆچی‌کردوە، هەروەها تائەگاتە سەری **دوکتور زەکی موبارەك**» لەچەرخی خۆمانایە، هەمویان لەسەری ئەوباوەرەن کە سەرچاوەی ئەم‌ناوە، هەرئەگەرێتەوە بۆسەری لەبەرکردنی پۆشاکی هەژارانەی خوری،کە تائەم دواییە پۆشاکی هەژاران وبێ‌دەماران هەرلەخوری‌بوە، وە دوری‌یان‌گرتوە لەپۆشاکی حەریرو رەنگاورەنگ، ئەگەربڵێم سەبارەت بەم ناونانە، شتەکە براوەتەوە نەبراوەتەوە بەڵام ئەمەیان هەم لاین‌گری‌زۆرەو، هەم لەهەمویشی زیاتر هەڵئەگرێت، بەتایبەت لەروانگەی «**قەواعیدی زمانەوە**» بەتایبەت هەرلەبەرئەوەش کە بەناوبانگە پۆشاکی پێغەمبەران زۆربەی هەرخوری‌بوە.

وە من‌خۆیشم هەر لەسەرئەوباوەرەم کە سەرچاوەی ناوبردنی ری‌رەوانی رێگەی تەسەووف، هەر لەوشەی صوفەوەهاتوە، سەیرترلەهەموی ئەوەتە فارسەکان بە صوفی‌یان وتوە «**پەشمینەپوش**» واتە «**پەژم**» «**خوری**» پۆش، واتە ووشەی صوفەکەیان بەپەشم داناوە، وەحافظ زۆرجار لەشیعرەکانیا بەصوفی‌یەکان ئەڵێت «**پەشمینەپۆش**».

(پشمینه‌پوش) تندخو ازعشق نشنیدست بو
از مستیش رمزی بگو تا ترك هوشیاری كند

جگە لەناوی مەقام، ناوی دەرەجاتیش لەقورئاندا هاتوە، کەئەویش هەرئەکرێت بەمەقامی دانێین، لەسورەی ئەنفال ئایاتی دوو تا چوار، خوای گەورەئەفەرمێ، «إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ، وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَاناً وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ، الَّذِينَ يُقِيمُونَ الصَّلاَةَ وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ، أُوْلَئِكَ هُمُ الْمُؤْمِنُونَ حَقّاً لَّهُمْ دَرَجَاتٌ عِندَ رَبِّهِمْ وَمَغْفِرَةٌ وَرِزْقٌ كَرِيمٌ».

لەم ئایەدا، یەکەم، دەرئەکەوێ کەباوەڕ، واتە «إيمان» سێ پێ ناسی هەیە، گوفتار وە ئیعترافی زمانی ی، کەناوبردنی خودایە (ذكر الله)، باوەڕ، کە «وَجِلَتْ قلوبهم» بێت کردەوەکەش هەم بەئەنجامی نوێژ، وەهەم بەبەخشندەگی، «يقيمون الصلاة ومما رزقناهم ينفقون» پاشان دێتەسەری بابەسەکەی خۆمان واتە مەقام وەدەرەجەیێك کەخوا ئەیداتە بەندەی سەربەرێ و بەندەیی قلم، کەئەفەرمێ «أولئك هُمُ المؤمنون حقاً، لهم دَرجاتٌ عِندَ ربهم، ومغفرة ورزق كريم» هەم پایەوپلەو هەم بەخشینی گوناهانی لەوەوپێش وەهەم ڕۆزیی حەڵاڵ، هەروەها خوای گەورە ئەفەرمێ، (نَرفَعُ دَرَجاتٍ مَنْ نَشاءُ)، سورەی «ئەنعام» ئایەی (٨٣) سەبارەت بەحەزرەتی ئیبراهیم.

وەلەسورەی یوسفیش دا سەبارەت بە حەزرەتی یوسف کە خوا پلەی بەرزکردوەتەوە بەسەری براکانیا، لەئایەی (٧٦) دا هەرئەفەرمێ (نَرفَعُ دَرجاتٍ مَنْ نَشاءُ)، وە هەم دیسان دەربارەی یوسف ئەفەرمێ «ذَلِكَ فَضْلُ اللهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشاءُ».

ئەم لوطفەی خوای گەورە سەبارەت بەم دوپەیامبەرە، وە بەرانبەر بەهەمو پەیامبەرەکانی تریش، مەبەستێکمان لەتەسەوفدا بۆڕوون ئەکاتەوە، ئەویش مەبەستی مورید وە مورادە، لە ڕێڕەوی تەسەووف دا ئەڵێن دوجۆر ڕێبوارهەیە مورید وەموراد، مورید ئەوکەسانەن بەرەنجی خۆیان پێ ئەگەن، وە موراد ئەوانەن کە خوائەیەوێ پێش یان خات، واتە هەڵبژاردەن هەروەکو پەیامبەران، کەبڕێکیان هەر زکماکی بەپەیامبەری هاتونەدونیاوە، وەکو حەزرەتی عیسی، یان وەکو حەزرەتی یوسف، بەکورتی ئەوەتە پێگەیشتنیان هی ڕەنج وخواپەرستی نیە، بەڵکو هەرلەبناغەدا خودای گەورە هەڵی بژاردوون هەروەکو سەبارەت بەیوسف فەرموی «ذلك فضل الله يؤتيه من يشاء»، هەر لەنێوانی ئەوپەیامبەرە هەڵبژێراوانەشا، فەرق هەیە هەروەکو کەئەفەرمێ، «تِلْكَ الرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ، مِّنْهُم مَّن كَلَّمَ اللّهُ وَرَفَعَ بَعْضَهُمْ دَرَجَاتٍ...» (٢٥٣) البقرە.

پایەوپلەکانی مەقامی تەصەووفیش هەرئەڕۆنەوە سەری ئەم سەرچاوەڕونەی قورئان، مەبەست لێرەدا ئەوەتە کە پایەوپلەی نزیك بونەوە لەخوای گەورە، زۆرە، تەنانەت لەناوی پەیامبەرانیشدا بڕێکیان پایەی تایبەتیان هەیە، بەڵام لەڕوانگەی تەسەووفەوە هەروەکو وتمان «مەقام» بەپلەوپایەی ڕێبواری ڕێگەی تەسەووف ئەوترێ، وەزۆربەی خاوەن پلەو پایەکان خۆیان ئەم مەقامانەیان، بە (دە) مەقام داناوە، بەڵام هی وایش هەیە هەریەکێ لەومەقامانەشی کردوەتە (دە) قۆناغ کە ئەبنە (صەد) قوناغ، وەکو «شیخ الاسلام عبد الله ئەنصاری هەرەوی» (٣٩٦ — ٤٨١) ك، (١٠٠٦ — ١٠٨٩)م کە لەکتێبی «منازل السائرین» دا، مەقامەکانی کردونەتە (دە) بەشەوە، وەئەوانیشی هەریەکەی کردونەتە دەپلە کەلەئاکامدا ئەبنە (صەد) مەقام..

هی وایش هەیە ئەوصەدەشی هەریەکی کردوەتە دەقۆناغی تر کەئەکاتە هەزارقۆناغ هەروەکو کەابی بکرالکتانی کەهاو چەرخی جونەیدە وە یەکێکە لەگەورەپیاوانی ڕێگەی تەصەووف ئەڵێت «ان بین العبد والحق الف مقام من نور وظلمة»، ابوالمواهب عبد الوهاب کەبەناوبانگە بەئیمامی (شەعرانی) کە ٩٧٣ م لەقاهرەدا دواکۆچی کردوە، لەکتێبی «الیواقیت والجواهر»دا ئەڵێت، ئەبێ مرۆڤ «٢٤٩٩٩٩» پلەی ڕۆحیی ببڕێت تائەگاتە مەقامی «مونفەریدین».

هەروەها «حەکیم الترمذی محمد ابن علی» کە لە (٣٢٠) ك دا لەجیهان دەرچوە بەجۆرێکی تر ناوی مەقامات ئەبات، واتە بۆهەرجۆرە ڕێبوارێکی ڕێگەی خواپەرستی مەقامێك دائەنێ، وەئەیان کاتە چواربەشەوە مەقامی صادیقین، مەقامی صیددیقین، مەقامی موقەررەبین، مەقامی مونفەریدین، جائەمە وای لێ دێت لەفلانپلەوە تافلانپلە هی صادیقینە، لەوەلا تافلان شوێن هی موقەررەبینە،... هتد...

وەشێخی ئیشراق سەهرەوەردی حەڵەب (١١٩٠ —م) ئەیانکاتە پێنج پلە کەئاخرپلەی ئەبێتە مەقامی «تەوحید»، کە لەودوا ڕێبوار ئەگاتە «نورالانوار» کەدواپلەی گەورەپیاوانی ئەم ڕێگانە وەکەم کەس لەگەورەپیاوانی گەیشتونێ.

بەڵام «شیخ سیراجی طوسی» لەکتێبی اللمع دا، ئەڵێت، مەقام بەوچۆنیەتە ئەڵێن کەبەندەیێکی خودا لەلاین خوداوە خەڵاتی ئەکرێت، وەکو مەقامی صابیرەکان، مەقامی موتەوەککلین، هەرکاتێ یەکێ لەم مەقامانە بویە خەڵاتی کەسێك لەوەدا

ئەمێنێتەوە تائەوکاتەی خوابیەوێ پلەیێکی بالآتری بداتێ وەلەوپلەوە بڕواتە پلەبالآکە، وەئەمباوەڕە باوەڕی بەشی‌هەرەزۆری ڕێبوارانی ئەم‌ڕێگاتە.

جائەگەر من بمەوێ یەکەیەکەی ئەم‌مەقامانە ڕوون‌کەمەوە ئەبێ کتێبێکی وەکوکتێبە (۱۱٦) لاپەرەییەکەی شیخ عبد اللەی‌هەرەوی کەباسمان‌کرد، یان‌کتێبێکی وەکو کتێبە حەوصەد لاپەرەییەکەی «ابنُ القیِّم الجوزیە» «٦۹۱ - ۷٥۱»ك واتە «مدارج السالکین» بنوسم، بەلآم بەیارمەتی خودا، هەول‌ئەدەم بۆڕوون‌کردنەوەی ئەو «۱۰» مەقامەی کەلەهەمویان بەناوبانگترن، وە لەڕاستیدا بناغەو سەرچاوەی هەمومەقامەکانن.

مەبەستێکی تریش کەلە باسی‌مەقامەوە نزیکە، بەلکو هەردوێکەوە ناوئەبرێن، مەبەستی «حال»ە، ئەویش چونکە لەگەلی ووشەی «مقام» دا وەکو دوانە، وان، وە لێك جوێ‌نابنەوە، ناچارین بەرلەباس‌کردنی ئەو «۱۰» مەقامە باسێکیش لەووشەی «حال» بکەین، حال‌و مەقام هەرچەن ناویان پێکەوە دێت، وەبرێ‌کەسیش لای‌وایە هەر یەك شت بن، راستیەکەی ئەوەتە کەلەیەك جوێن، وەهەریەکەی بۆخۆی شتێکە.

حال، بەوجۆنیەتانەئەوترێ کەبەسەری‌ڕێبوار، واتە «سالیك» ی‌ڕێگەی تەصەووف‌دا دێن، جیاکردنەوەی حال لەمەقام لەوەدایە، حال خۆی‌دێت بێ‌ئەوەی بەدەستی‌ڕێبواربێت، واتە «خودادادە» یە، جا، یان نوروبەرەکەتە، یان جۆنیەتێکی تایبەتە کە خۆی‌دێتو خۆیشی‌ئەڕوات، برێ‌جار تەنهاچرکەیێك دەوامی‌هەیە، جاری‌وایش‌هەیە دەوامدارترە، جاری‌وایش‌هەیە نیشتەجێ ئەبێت، جائەگەر حال، سەقامگیربو وەمایەوە، وائەبێتە مەقام، هەر لەسەرچاوەی پێشودا سەبارەت بە بەشەکانی حال ئەلێت، «المحبَّة، الغیرە، الشَّوق، القلَق، العطَش، الوَجْد، الدَّهش، الهیَمان، البَرق، الذّوق» ئەمانە هەموی حالن، ئیمامی غەززالی لەکتێبی «المنقذ من الضلال» دا باسی‌ئەوەئەکات کە لەسەرەتای دەسکردنە سلوکی ڕێگەی تەسەووف‌دا برێ‌جار نوورێك لەدلی‌مرۆڤدا ئەدرەوشێتەوە وەخێرا ناپەیدائەبێت، هەتاوەکو چەن‌جارێك، کەهەرجارەی زیاترئەمێنێتەوە تائاخرەکەی سەقامگیرئەبێت، برێکی‌تر لەشارەزایانی ئەم‌ڕێگایە حالەتی (صەفا، سرور، غەیبە، موکاشەفە، موشاهەدە، موعایەنە، قەبض، بەسط، سوکر، صەحو)، ئەمانەیان بە (حال) داناوە لەڕاستیدا ئەم‌جۆنیەتانە هەمویان بۆصوفی دەس‌ئەدەن، وە هەریەکەی خۆی پێناس وجیهانێکی (مەعنەوی)

خۆیان هەیە، لەکتێبی (الرسالة القشيرية)دا ابوالقاسم عبد الكريم بن هوازن القشيري لەمبارەوە زۆری نوسیوە. وەلەزوانی گەورەپیاوانیکی وەکو شیخ معروف الكرخي، وەسری سقطی، وە جونەیدیشەوە زۆرشتی گێراوەتەوە، جالەڵێت، «الاحوالُ مواهب، والمقامات مكاسب» «الاحوال، الحزن، الالم، السرور وغيرها».

یان ئەڵێت «الأحوال تأتي من عين الجود، والمقام يحصل ببذل المجهود» هەروەها «جونەیدی بەغدادی»کە لە(٢٩٧) ك (٩١٠)م لەدونیادەرچوە، ئەفەرمێ «الحال نازلة تنزل بالعبد في الحين، فيحل بالقلب، فيصفو الوقت في حال الصوفي ويزول»بەمجۆرە چۆنیەتی حاڵ‌ومەقام روون‌بویەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشا سەیرئەکەین برێ‌جار بیروڕای ڕێبوارانی ئەمڕێگایە سەبارەت بە حاڵ‌ومەقام لەیەك‌جوێن، واتە برێکیان حاڵێك لەوحالأنە بەمەقام دائەنێن، برێکی‌تریان بەحاڵی‌ئەزانن، بەڵام شارەزایانیان، سەبارەت بەمدوباوەڕی‌بە، ئەڵێن، بەڵێ حاڵی‌واهەیە لەپێشا حاڵە، بەڵام ئەمێنێتەوەو سەقامگیرئەبێت‌و ناڕوات، وەمادام کەمایەوە ئیتر ئەوە حاڵ‌نیە وەمەقامە، جاهەرئەوەتە بوەتەهۆی ئەودووباوەڕی‌بە.

دوو چۆنیەت، یان دوویایە هەن، کەوان لەرێگەی ڕێبوارانی تەسەووف‌دا سەبارەت بەوانیش بەپێویست ئەزانم هەرئیستە باس‌بکەم چونکە چۆنیەتی ئەوانیش لەباسی حاڵ‌ومەقامەوە نزیکە، ئەو دوچۆنیەتەش بریتین لە «تەلوین» وە «تەمکین» کە ڕێبواری ڕێ‌ڕەوی تەسەووف لەمدوحاڵەتەش بەهرەمەندو بەرخوردارئەبێت جا سەبارەت بەمانیش وتراوە کەتەلوین، حاڵە، وەتەمکین مەقامە، تەلوین، ناوی‌خۆی وابەخۆیەوە واتە «گۆڕانی‌ڕەنگ»کە ئەبێتە گۆڕانی حاڵی سۆفی لەحاڵێکەوە بۆحاڵێکی‌تر، ئەبولقاسمی قوشەیری کەناومان‌برد ئەڵێت، (التلوينُ صفةُ أرباب الأحْوال، والتمكين صفة اهل الحقائق، فما دامَ العبدُ في الطّريقِ فهوَ صاحبُ تلوين، لأنه يرتقي من حال الى حال، وينتقل من وصف الى وصف، ويخرج من مرحل ويحصل في مَرْبَعٌ، فإذا وصل تمكّنَ»

ئەڵێت. (شیعر)

مازلتُ انزلُ في ودادكَ منزلاً

تتحيّرُ الألبابُ دونَ نزولِهِ.

ئەڵێت (صاحبُ التلوين ابداً في الزّياده وصاحبُ التمكينِ وَصَلَ ثم اتّصَلَ ، وإمارةُ اِنّه اتّصَلَ ؛ اِنّهُ بالكليّة عَنْ كليتِهِ بَطَلَ) ، لەپاشان هەر قوشەیری سەبارەت بەناساندنی «نەفەس» کەئەویش حاڵەتێکە لەحاڵاتی تەصەووف وەلەکوردی خۆماندا زۆرجار بەکاربراوە ، کەئەڵێن فلانکەس دەمونەفەسی باشە ، یان «هانام بەو دەمو نەفەستە» ، ئەڵێت ،

(النَفَسُ ترويح القلوب بِلَطائِفِ الغيوُب ؛ وصاحبُ الأنفاسِ أرقّ وأصفى من صاحب الأحوال ، فكان صاحب الوقت مبتدئا وصاحب الأنفاس منتهيا وصاحب الأحوال بينهما)

فالأحوال وسائط والأنفاس نهاية الترق ، فالأوقات لصاحب القلوب والاحوال لأرباب الارواح ، والانفاس لأهل السرائر) لێرەدا پێم باشە بڵێم «أبن الوقت وصاحب الوقت» ئەوانیش لەتەصەووفدا هاتوون «أبن الوقت» جۆرێکە لە «تەلوین» واتە زووزوو ئەگۆرێت وە قوشەیری لێرەدا مەبەستی ئەوەیانە چونکە ئەڵێ «فكان صاحب الوقت مبتدئا» بەڵام صاحب الوقت بەو وەلیە ، وەبەوگەورەپیاوە ئەوترێ کەپایەی لەهەموپایەکان گەورەترە کەبگرە «قطب» زەمانی خۆی بێت . «ابن الوقت» هی سەرەتایە بەلأم «صاحب الوقت» هی دوایلەیە .

لەپاشان ئەڵێت (وقالوا أفضلُ العبادات عَدُّ الأنفاس) لێرەدا ئەبێ بڵێم «هۆش دەردەم» کەیەکێکە لە «یانزە» پایەی سلوکی رێگەی نەقشبەندی یەکان ، هەرئەم «عَدُّ الأنفاس» ، واتەهەناسەژمێری ، یان یەك هەناسە لەخودا غافڵ نەبونە .

بەم جۆرە ئیستە ئەتوانین حاڵ ومەقامی صوفی یەکان لەیەك جوی کەینەوەو بیان ناسین ، بەڵام هەروەکو لەپێشاگوتم ، باسی یەکەیەکەی هەرحاڵ ومەقامێك بێگومان پێویستی بەنوسینی کتێبێك ئەبێت ، ئومێدەوارم ، خۆم ، یان هەر خوێنەوارێکی تری شارەزای کورد ، بتوانین ئەم ئەرکە بەرینەرێگاوە تا ئاوا کتێبێك بخرێتە کتێبخانەکانەوە ، ئەویش بۆروون کردنەوەیێکی زیاتری خاوەن دڵانی خوداپێ داوان .

تەصەووف چی یە

بەشی چوارەم

مەقامەکان

١ – تەوبە ،	«توبه»
٢ – ئینابە ،	«إنابه»
٣ – زوهد ،	«زهد»
٤ – قەناعەت ،	«قناعة»
٥ – وەرع	«ورع»
٦ – صەبر ،	«صبر»
٧ – شوکور ،	«شکر»
٨ – تەوەککول ،	«توکل»
٩ – تەسلیم ،	«تسلیم»
١٠ – رەزا ،	«رضا»
١١ – موحاسەبە ،	«محاسبه»
١٢ – خەوف‌ورەجا	«خوف ورجاء»
١٣ – فەقر ،	«فقر»
١٤ – صیدق	«صدق»
١٥ – موراقەبە	«مراقبه»
١٦ – ئیحسان	«احسان»
١٧ – قورب	«قرب»
١٨ – ئیخلاص	«اخلاص»
١٩ – فەنا	«فنا»
٢٠ – بەقا	«بقاء»
٢١ – تەوحید	«توحید»
٢٢ – تەجرید	«تجرید»
٢٣ – تەفرید	«تفرید»
٢٤ – تەنزیه	«تنزیه»
٢٥ – عوبودیەت	«عبودیة»

ئارامگەی بەهائوددین وا لەگۆشەی باخێکی پڕ لەدرەختی گەورەی توو قەیسی داوەوە هەردوو لاکەی مزگەوتە وەخەڵك دێن بۆزیارەتی.

ئەلوفسین چەن وێنەیێکی گرتوە لەو ئارامگەیە بەیارمەتی خودا ئێمەش لەمکتێبەدا چاپیان ئەکەین.

هەروەهالەهەمان کتێبائەڵێت، ئارمینیوس وامبری کە ئەویش ڕۆژ هەڵات ناسێکی مەجەری یە «A. WAMBEY، ١٨٣٢ – ١٩١٣» کەئەویش هەر لەصەدەی نۆزدەدا چوەتە بوخارا ئەویش ئەڵێ هەمیشەو بەردەوام خەڵکێکی زۆر تەنانەت لە چینەوە دێن بۆزیارەتی مەرقەدی بەهائوددین نەقشبەند، وە بوخاراییەکان دابیان وایە ڕۆژانی چوار شەممە دێن بۆزیارەت وە خەڵکێکی زۆر هەر شەو تابەیانی لەنزیکی مەرقەدا سەرگەزمی نوێژ وە خوداپەرستین، وە لە تەنشتی مەرقەدا مزگەوت‌و خانەقاو موسافیر خانەیشی تیایە. لە کتێبی الحدائق الوردیة وە لەکتێبی الانوار القدسیه دا کە ڕوو نوسێکە لەحەدائق، ئەڵێ کاتێ کە بەهائوددین لەدنیا دەرچو لەباغێکی خۆیا نێژرا وە هەر دەس‌بەجێ ئارامگەیێکی زۆر بەشکۆ بەسەری گۆڕەکەیەوە وە مزگەوتێکی گەوزەش لە تەنشتی‌دا دروس‌کرا وە پادشایان‌و گەورە پیاوانی ئەو مەڵبەندە مەوقوفاتێکی زۆریان تەرخان کرد بۆ بەڕێوە بردنی مێوان‌و زیارەت کەرانی ئارامگەو مزگەوتەکە.

نوسەرو توێژەری کتێبی قودسی‌یە ئەڵێ بەهائوددینی نەقشبەند جگە لە ڕیسالەی قودسی‌یە چەن ڕیسالەیێکی تریشی هەیە کە لە کتێبخانەکانی جیهان‌دا پارێزراون وەکو الاوراد البهائیه وە «اوْرادِ صَغیر» ئەوراد ئەلبەهائییە«شەرحی زۆری جیاجیای لەسەرنوسراوە، هەروەها ریسالەی (**الواردات**) ە کە نوسخەیێکی لە کتێبخانەی ئەیاصوفیە دا هەیە، هەروەها کتێبی «**دلیل العاشقین**»، لە تەصەووف دا وە «**حیات‌نامە**» کە پەندو ئامۆژگاری یە.

ووشەی نەقشبەند:

سەبارەت بە ووشەی نەقشبەند زۆر باس کراوە: لەپێشا ئەبێ بڵێم ئەم ووشەیە نەقشبەندە، نەك نەقشبەندی، نەقشبەندی بۆ ئێمە مانانە،وە یێ‌کەی هی نیسبەتە.

ئەم ووشەیە فارسی یە واتە ئەوکەسەی کە نەقش ئەکات **«پێناسێکی مورەککەبی فاعیلی»** یە، وەکو بڵێین وێنە گەر، نەقش زۆر تری بۆ هەڵ کەندنە لەسەری بەردودار، بەڵام ئیستە بەوکەسانەی بەدەست وێنە ئەکێشن ئەڵێن **(نەققاش)** ووشەی نەقش بەتەنها عەرەبی یە وەبۆ شت نەخش‌ونیگار کردن هاتوە بەڵام بەهۆی پاش‌بەندی **(بەند)** ەوە **ووشەیێکی فارسی لێ دروس کراوە، ڕەنگ گەر، وێنەگر، شت هەڵکەن. «العِلْمُ فِي الصِّغَرِ كالنَّقْشِ عَلى الحَجَرِ».** جا ئەگەر بەهائوددین، ناوەکەی **«نەقشبەندی»** بوابێ ئەمانگوت بگرە باو باپیری نەققاش بوبن، سەرگوزەشتی باپیریشی ڕووناکە، خۆیشی ئەوەتا لەڕوژێکەوە چاوی کردوەتەوە هەر سەرگەرمی گرتنەَ بەری ڕێبازی تەصەووف بوە.

کەواتە هەر بۆچونە مەعنەوی یەکە دروستە، واتە بەهائوددین نەققاشی دەرون بوە وە نەقشی **(الله)** ی لەدەرونی خۆیو موریدەکانیا چەسپاندوە وە ئەوەتا رێ رەوەکەشی سەیر ئەکەین هەموی کۆششە بۆ ئەوەی مەذکور کە خوابێت هەمیشە لەدەرونا بێت، شاعیرێکی نەقشبەندی ئەڵێت.

اَیْ بِرادَرْ دَرْ طريقِ نقشبند
ذِكْرِ حَقْ را دَرْ دِلِ خودْ نەقشْ بَنْدْ

واتە، ئەی برادەری ڕێگەی نەقشبەند ذیکری هەق لەدەرونی خۆتا نەخش بکە، هەڵی کەنە. برێك گوتویانە نەقشبەند دێیێکە لە بوخارا، وە بە هائوددین خەڵکی ئەوێیە، ئەوە هەر زۆر لە ئاوەزەوە دوورە، یەکەم گوندی وا نەبوەو نیە، دووەەم ژیانی ئەو ڕوناکەو دیارە لەکوێ لەدایك بوە، سێ‌هەم ئەگەر گوندی وا هەبوابێ ئەبوابێ بەهائوددین ناوی نەقشبەندی بوابێ نەك نەقشبەند.

کەواتە هەر ئەوەتە کەڕەوشی ذیکری نهێنی ڕەواج داوە کەئەبێتە هۆی بەردەوام بونی **(مەذکور)** یان **«موسەممّا»** لەدەرونا وە لە دەرونا نەقش ئەبەستێ.

مەبەستێکی‌تر هەیە پێویستم زانی‌ی ڕوونی کەمەوە ئەویش ئەوەتە یەکێ لە ناوەکانی شاهی نەقشبەند **«محمد بهاء الدين الأُوَيْسي البُخاري»** یە، بوخاری، ڕووناکە واتە خەڵکی بوخارایە، بەڵام ئووەیسی چی‌یە؟ گوایا برێك گوتویانە هی ئەوەتە

ڕەوشی ئەو لە تەصەووف‌دا وەکو ڕەوشی **«وەیسی‌قەرەنی»** بوە. نوسەری کتێبی **(تاریخ تصوف درکردستان)** سەبارەت بە ڕوون کردنەوەی واتای ئەم ووشەیە، قامکی ڕاکێشاوە بۆکتێبی **«تاریخ السلیمانیه»**. گوایا لەم مێژوەدا وا نوسراوە.

ڕاستەکەی ئەوەتە ئەو مەشایخانەی کە لەلایێنی ڕۆحانی‌یەتی مەشایخانی فەوت کردوەوە،یان مەشایخێکی دور دەستەوە کەنەتوانن بەخزمەتیان بگەن، پەروەردە کرابن، بەوانە ئەڵێن **(ئووەیسی)**، واتە هەروا کە حەزرەتی وەیس نەبو بە نەصیبی کە بەخزمەتی پێغەمبەر بگات وە هەر لەدورەوە موسوڵمان بو وە لەبەرەکەتی ڕۆحانی‌یەتی حەزرەت بەهرەمەندو بەرخورداربو، هەروا ئەو مەشایخەیش ئەکرێ لەنورو بەرەکەتی گەورە پیاوێك بەرخوردار بێت، بائەو گەورە پیاوەش فەوتی کردبێت یان لەو کەسەوە دوور بێت.

جا چونکە شاهی نەقشبەند زۆرجار فەرمویەتی وە لە سەر گوزەشتەکانی ژیانیشیا نوسراوە کە ڕۆحانی‌یەتی **(خواجە عەبدول خالیق غەجدەوانی)** پەروەردەی کردوە،وە ئەمیرکولال هەروەکو باسمان کرد تا ئەو شوێنەی بۆی کرا پەروەردەی کرد وە لەوەولا خواجە عەبدول خالیق گەیاندویەتە ئەو مەقامە بەرزە، کەواتە **«ئووەیسی مەشرەب»** ە وە بەو بونەوە پێی ئەڵێن، **«بەهائوددین ئەل ئووەیسی»**.

هەر لەبەری ئەمەیشە، کە ئەڵێن شاهی نەقشبەند زەنجیرەکەی بە **(دە)** واسیطە ئەگاتە پێغەمبەر، چونکە بەینی ئەو وە غەجدەوانی لائەبەن کە بریتین لە ئەمیرکولال، سەمماسی، عەلی رامتینی، مەحمودی ئەنجیر فەغنەوی، عاریفی ریوگەری، ئەم هەموو پیرە دەست بەدەست ئەکەونە نێوانی (بهاء الدین) وە غەجدەوانی جا کە مادام ڕۆحانی‌یەتی غەجدەوانی بەهائوددینی پەروەردە کردبێت یەکسەر غەجدەوانی‌ی ئەبێتە مورشیدی بەهائوددین جا ئەمەتە مەقامی ئووەیسی، ئەم مەقامی ئووەیسی‌یە وە نەبێ تەنها هی بەهائوددین بوبێت بەڵکو سەبارەت بە شێخ حەسەنی خەرقانیش هەروایە، وە مەشهورە کە ڕۆحانی‌یەتی بایەزیدی بەسطامی‌ی پەروەردەی کردوە شێخ حەسەن لە **«٤٢٥»** ك دا فەوتی کردوەو. بایەزید لە **«٢٦١»**ك دا.

هەروەها مەشهورە کە بایەزید پەروەردە کراوی ڕۆحانیەتی ئیمام جەعفەری صادیقە کە لە **«١٤٨»** ك دا فەوتی کردوە.

تەنانەت بڕێك لایان وایە دوو بایەزید هەن، یەکێکیان لەڕۆژگاری ئیمام جەعفەرا بوبێت، مەبەستی من ڕوون کردنەوەی ئەم وشەی «ئووەیسی» یەتە، ئەگینا ئەو گەورە پیاوانە مەبەستیان ئەوەبوە ڕوبکەنە خوا خوایش لەهەمو شوێنێ حازرە وەخۆی بەندەی خۆی هیدایەت ئەدات «**واتقوا الله ویعلمکم الله**» **ئەو پیرانەش کۆتاپی یان نەکردوە کەسێ مورشیدێکی وەکو ئەمیرکولال بلێت ئەوەی کە زانیم وە توانیم دریغم نەکرد وە تۆم لەپێستی بەشەری یەت دەرکرد، پاشان خۆی ئەتوانێ ڕێگای خۆی دیاری کات، وە لای خوایش هیچی پێ ناچێت کە ڕۆحی گەورە پیاوێك بکاتە مەئموری پەروەردە کردنی گەورە پیاوێکی‌تر، یەکێکی‌تر لەو گەورە پیاوانەی کە شاهی نەقشبەند پێی‌گەیاندن خواجە یەعقوبی چەرخی‌بو کە لەسالی (٨٥١)** دا لەدنیا دەرچوە، ئەویش شابازێکی ڕێگای هیدایەت وە ئیرشاد بوە وە صەدان تێکۆشەری ئەو ڕێبازەی گەیاندوەتە مراز.

کورتە فەرمودە کانی شاهی نەقشبەند، هەم لەبارەی ئیشارات‌و ئەسراری تەریقەتەوە وەهەم لەبارەی ڕێنمایی‌و ئیرشادەوە بۆئەوە دەست ئەدات دنیایێکی پێ ڕوون بکرێتەوە.

ئەوەی بیەوێ زیاتر لەم ڕێبازی نەقشبەندی یە بگات وە گەورە پیاوەکانی باشتر بناسێت ئەتوانێ سەیری ئەم کتێبانە بکات.

١ - کتێبی قودسیە کە کەلیماتی بەهائەددینی نەقشبەندە وە ئەحمەدی طاهیری عیراقی، بەزمانی فارسی لەچاپی داوە، باشی‌ی ئەم کتێبە ئەوەتە دەست نیشان ئەکات بۆ زۆر سەرچاوەی تر.
٢ - ریسالەکانی تری شاهی نەقشبەند کە چەن‌لاپەڕەیێ لەمەوبەر ناومان بردون.
٣ - مەکتوباتی ئیمامی ڕەببانی کە زۆرگرنگ وقولە.
٤ - نەفەحات ئەل ئونس ی، جامی.
٥ - ڕەشەحات عەین‌ول حەیات، «**فخر الدین علي کاشفي**»
٦ - «**انیس الطالبین وعدة السالکین**» ئارشیفی میللی هیند.
٧ - الحدیقه الندّیه في آداب الطریقة النقشبندیة. محمد بن سلیمان البغدادي لەمیصر چاپ‌کراوە.
٨ - حبیب السیر (**خواندمیر**)
٩ - مناهج‌السیر «**ابو الحسن زید المجددي**» (**١٩٥٧**)م لەدهلی لەچاپ دراوە.

١٠ – المواهب السرمدية في مناقب النقشبندية
١١ – تنوير القلوب في معاملة علام الغيوب هەردوكی هی شیخ محمد امین الکردی یە.
١٢ – الحدائق الوردية في اجلاء النقشبندية نوسینی عبد المجید الخانی.
١٣ – الانوار القدسية في مناقب السادة النقشبندية هی محمد الرخاوی یە، کە ڕوونوسێکە لە (الحدائق).
١٤ – اسرار التوحيد في مقامات الشيخ ابو سعيد.
١٥ – رياض المشتاقين نوسینی مەلاحامیدی بێسارانی خەلیفەی شیخ عوسمان سیراجوددین، دەستخەتەو بەفارسی نوسراوە.

نوسەری کتێبی قودسی یە ئەڵێ بەداخەوە ئەوەی سەبارەت بە نەقشبەندی نوسراوە زۆرتری وا لە کتێبخانەکانی ئەوروپاو ئەمریکادا، ناوی ڕۆژهەڵات ناسێك ئەبات ئەڵێ جوانە مەرگێ بوە کە ناوی «ماریژان مولە» بوە، ئەڵێ ئەم لاوە زۆر لەبارەی نەقشبەندییەوە کۆڵیویەتەوەو نوسیویەتی ئەڵێ لەساڵی (١٩٦٣) م دا لە گۆڤاری موطالەعاتی ئیسلامی لەپاریس دا سەبارەت بە لێکۆڵینەوە کانی ئەو لاوە مەبەستێك لە چاپ دراوە هەمو شتێکی تیا باس کراوە (REVUEDES ETUDESISLAMIQUES) من بۆیە ناوی ئەم کتێبانەو ئەم مەبەستانەم نوسی ی شایەد لە ئایندەدا جوانەکانمان غیرەت بیان گرێ وە لەو نوسراوانە کەڵك وەرگرن، وە زۆرێك لە نهێنی یە کانیش ڕوون کەنەوە.

جارێکی تریش ئەڵێم ئەو کتێبە تازەی قودسی یە نوسینی ئەحمەدی طاهیری عیراقی، لەبارەی ناوبردنی سەرچاوە دیاری کردنەوە سەبارەت بەنەقشبەندیی باشترین مەصدەرە.

تەصەووف چی‌یە

بەشی هەشتەم

کاری تەصەووف لە ئەدەبی کوردی‌دا

پێشەکی

مەبەست لە نووسینی ئەم بەشە لەگەڵی کتێبی **«تەصەووف چییە»** دا بێگومان ، چەن شت بوو .

یەکەم ئەوەی بڵێم تەصەووف یەکێکە لە هۆ گەورەکانی دەولەمەند کردنی ئەدەبی ئیسلام وە فەرهەنگیی ئیسلامیی ، چونکو ئەگەر تەصەووف نەبوایە ، ئەم هەموو شۆرە لەکوێ ئەبوو ؟ عیشق هەر عیشقی مەجازی بوو گۆرانی گوتن بەقەدو باڵای ئەو جوانانەدا کە ماوەیەکی سنووردار دڵی مرۆڤ بەخۆیانەوە سەرگەرم ئەکەن وە زۆرجار پاش نیشتنەوەی ئاگری ئارەزووەیان هاتنی پیریو ، ناشیرین بوونی شێوە ، ئەو ئەوینەش رووەو کزی چوە ، زۆر جاریش ئەو دڵدارانە پاش بەیەکگەیشتن لێک جیا بوونەتەوەو هەریەکێ بە لایەکا چوە .

جا ئەوە لەکوێو ئەم عیشقە ئەبەدیو پیرۆزە لەکوێ ، کە پیری ، گەشتری ئەکاتەوەو مردن گەرمتری ئەکات ، وە تامو چێژو ، مەزەی ، هەتا دێت زیاتر ئەبێ .

بەکورتیی ، تەصەووف ، بوبە زاخاو دەرو ، جەلا دەری ئیستیعدادو دەروونی خاوەن دڵان ، وە صەدانی وەکو حەللاجی بردە بەر پەت وەقەنارەو ، کەچی تاهات شۆری عیشقیان گەرمتربوو ، هەروەها پیریی ئەو ئاگرە گەشتر ئەکاتو خامۆشی ناکات .

ئەوەتە صەدان وەکو رابیعەو ، أبن الفارضو محی الدین عەرەبیو عەبدولقادری گەیلانیو ... لە ناوی عەرەبا ، هەروەها عەططارو سەنائیو مەولانای رۆمی لەناوی فارسەکاندا گەیاندە قەلە پۆپەی شیعری تەصەووف ، وە گەنجینەی ئەدەبی عەرەبیو فارسیی پرکرد لە گەوهەری گرانبایە . جا هەرچەن ، بەشی ئەدەبی کوردیی ، تا ئەوڕادەیە نەبوە ، بەڵام بێ بەشیش نەبوە تا ڕادەیەکی زۆر ، هەم موصطەلەحاتی عەرەبیو فارسیی تەصەووفی هاوردە ناوی ئەدەبی کوردی ، هەم برێ موصطەلەحاتی تازە داتاشراو ، هەم برێ لەو موصطەلەحاتە کراونەتە کوردی وە

تائێستەش وان بەسەری زارەوەو ، بەسەری نووکی قەڵەمی نووسەرانەوە . شایەد برێ جار ئەوکەسەی ئەو ووشانە بەکار دێرێ نەزانێ ئەگەر تەصەووف نەبوایە ، ئەو ووشەیە نەئەبوو .

هەروا کە ڕەوشی پاك ، وەکو دەس پاکی ی‌و ، چاوپاکی ی ، وەکو ئەدەب ، وەفا ، ئیخلاص ، زوهد ، وە قەناعەت ، وە زۆر خدەی باشیشی ڕەواج پێ دابێت . جا ئەم باسە هەرچەن خۆی بەشێ نی‌یە لە ڕێڕەوی تەصەووف ، بەڵام بەرهەمێکە لەبەرهەمەکانی ، کەوابوو بە پێویستم زانی ، بەکورتی ، پەنجەیەکی بۆ ڕاکێشم .

بێ‌گومان شیعر هەست دەربڕینە ، سەبارەت بەو شتانەی ، کە خاوەن شیعر تیایانا ئەژیت ، ئەوەی لە دەشت‌و صەحرادا ئەژیت شوێنەپێی ژیانی دەشت نشینان ئەوەی لە شاخ‌وکێوا ئەژیت شوێنە واری سوروشتی کێو نشینان یان هەرجۆرە ژیان‌و هەڵسونیشتنێك کە باوبێت ، ئەوشتانە لەشیعری نووسەرا بەدی ئەکرێن ، سا ، یان پیاهەڵدانە ، یان لۆمەو ، توانجە یان هەر جۆرە هەست دەربڕینێ .

هەرواش لە هەروڵاتێ ، یان هەر پلەو قۆناغێکی مێژوودا ، برێ‌شت ئەبن بەباو ، وەکو شانازی کردن بە هۆزو تایفەی خۆوە ، توانج گرتن وە سەرزەنش کردنی هۆزەکانی تر ، وەکو بەر لەئیسلام ، لە جەزیرەی عەرەبیدا ، یان مەدح کردن و پیاهەڵدانی خەلیفەو سولطان‌و ئەمیرەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە سەرەتای ئیسلام بەم‌لاوە ، یان وەکو باسی جوانی ی ئافرەت‌و سوروشت وە هەمو جوانی‌یەك بەدرێژایی مێژوو . یان وەکو باسی ڕابواردن‌و مەی‌خواردن‌و هەموجۆرە شتێك لەو سەردەمەدا باوبێت ، یان وەکو شیعری سیاسی کەئێستا بوەتە باو وە هەوڵ ئەدەن سەردەمی دەس پێ‌کردن‌و ئاڵا هەڵگری پەیدا بکەن وە تەنانەت توانج ئەگرنە ئەوانەی لەم سەردەمەدا خۆیانی لێ لابدەن ، جا هەر بەم جۆرەش پاش ئەوەی ڕێڕەوی تەصەووف ، بەناوی ڕێڕەوێکی تایبەتی خواپەرستی‌ی جی‌گیر بوو ، ئەدەبی تایبەتی تەصەووف کەوتە گروگاڵ‌و وردە وردە جێگەی خۆی کردەوە .

بێ‌گومان شیعر بەهرەیەو ، شتێکی خوا داوە وە کەس ناتوانێ بەزۆر ببێتە شاعیر ، جا بەو بۆنەوە خۆ هەموو صۆفیەکیش نەیتوانیوە شیعر بڵێ ، باوەکو ئەویش هەروەکو هاوکارو هاو ذەوقەکەی خۆی خاوەنی حاڵ‌و وەجد‌و مەقاماتی تەصەووفیش

بوبێت ، هەروا کە هەموو شاعیرێ نەیتوانیوە صوفی بێت‌و خۆی بخاتە ریزی شاعیرە صۆفییەکانەوە ، بۆچی ؟ چونکە لەو جیهانەی ئەوان ناشارەزا وە بێگانە بووە .

کەوابوو ئەدەبی صۆفی ، هەروەکو هەموو ئەدەبێکی تر ، بەشی شیعری هەیەو پەخشان‌و تەئلیف ، واتە کتێب دانان‌و ، کاغەز نووسین‌و هی‌تر وە لە ناوی ئەمانەشا هەبوە لەهیچکام لەم بەهرەو هونەرانەدا دەستی نەبوە ، هەیش بوە لەیەکێ یان لە هەموویانا بەهرەمەند بوە .

جا ، صوفیە عەرەبەکان وە هەروەها فارسەکان یان تورك‌و موسوڵمانە کانی‌تر هەر لە مێژەوە لەم مەیدانەدا هەنگاویان ناوەو ، هەروەکو وتمان صەدانی وەکو رابیعەی عەدەوییە (١٣٥ی‌ك) ، حەللاج‌و ابن الفارض‌و محی الدین عەرەبی‌و عبد القادر گیلانی ، خۆیان نواندوە .

هەر وەکو لەناوی فارسەکانا مەولانا جلال الدین رۆمی ، سنائی ، فرید الدین عطار ، جامی ، حافظ .. وە زۆری‌تر گەنجینەی ئەدەبی تەصەووفیان پڕترو ، دەوڵەمەندتر کردوە .

بێ‌گومان صۆفیە کوردەکانیش یەکێ بوون لەم بەشانە ، بەڵام بەداخەوە کەلێنێکی گەورە کە لە کۆشکی ئەدەبیاتی تەصەووفی ئێمەدا هەیە ، ئەوەتە ؛ تا ، دە قەرنیش کە لە ئیسلام تێ پەڕیوە ، بەو جۆرەی بشێ زمانی کوردی بۆ خوێندنەوەو ، نووسین بەکار نەبراوە ، وە گەورە پیاوانی تەصەووف بەهۆی گرەویدەیی یان بەزمانی قورئان ، هەوڵیان نەداوە بە زمانی خۆیان بنوسن ، بەتایبەت کیانێکی ئەوتۆی دامەزراوو بەردەوامیان نەبوە تاوەکو بیر لەوخاڵەش بکەنەوە هەرچەند باباطاهیر (٤١٠ك - ١٠١٠م) ، تەقریبەن بە شاعیرێکی صۆفی کورد دائەنرێت بەڵام زمانەکەی ئەویش هی بەشێکی کەم بوە لەکوردەکان وە لەنزیکی عەجەمەکانا ، ژیاوە وە لەم ماوەیەدا زۆر دەس‌کاریی شیعرەکانیشی کراوە وە زۆر لەووشە ڕەسەنەکانی لابراون‌و گوڕاوەتە سەری شێوەی فارسی .

بەکورتی‌ی هەوڵی زۆر دراوە بۆ بەفارسی کردنی شیعرەکانی ، وە تارادیەکی زۆریش ئەو هەوڵە سەری گرتوەو سەر ئەشێوێنێ لە توێژەران ، لەگەڵ ئەوەشا هێشتان هەر شێوەی لۆری‌یەکە ، جێژی ناوی شیعرەکانی باباطاهیرە ، پاشان جەزیری‌و خانی‌و فەقێ تەیران‌و زۆری‌تر ئەبینین کە بۆنی تەصەووف لەشیعرەکانیانا ، دەماغی خاوەن ذەوقان ئەبزوێنێ‌و ، ئارامی‌ی ئەداتە ویجدانیان . لێرەدایە دووبارە بەداخەوە

سەیر ئەکەین لەودەمەدا کە وردە وردە لەم دواییەدا لەناوی ئەردەڵانەکان زمانی هەورامی ئەیەوێ ببێتە زمانی ئەدەب وەپیرەکانی هەورامانیش ئەیکەنە زمانی تەصەووف ووتا رادەیێکی زۆر لەناوی هۆزە تیژرەوە ئایینی‌یەکان ، وەکو عەلیاللەهییە کانا جیٚی خۆی ئەکاتەوەودائەمەزرێت‌و چامەی ئایینی‌ی پیٚ ئەوترێ ، شێوەی سۆرانی بەهۆی دەسەڵاتی بابانەکانەوە دێتە مەیدانەوەو خۆی دەرئەخات وە بەرلەوانیش مەلای جزیری‌و خانی‌و فەقێ‌تەیران وە هاوچەرخەکانیان ، ئەمانەش گەشە ئەدەن بەشێوەی کرمانجی ، بەتایبەت لەمەیدانی تەصەووفدا ، قارەمانێکی وەکو جزیری خودنمایی ئەکات وەئیتر زمانە کوردی‌یەکان کەم‌کەم هەروەکو ئێستە هەن ، ئەکەونە گەشە کردن‌و خۆپیشاندان‌و جیٚی خۆ کردنەوە .

بەداخەوە رۆژ بەرۆژ کەفوکوڵی تەصەووفیش لەناوی کوردەکانا روو ئەکاتە نشێوی‌و لاواز بوون ، دیارە ئەو لاوازی‌یەش بەو جۆرە نەبووە ،

هەر لە کوتوپرێکا چرای تەصەووف بکوژێتەوە ، بەڵام تازمانەکە وای لیٚ‌هاتوە ، کتێبێکی پیٚ بنووسرێت وە گەورە پیاوانی مەیدانی زانیاری سڵی‌ی لیٚ‌نەکەن‌و لەوە نەترسن ئەوەی ئەینوس لە موستەوایەکی جیهانیدا بەرقەرار ئەمێنێتەوە .

ئیتر تەصەووف دەس ئەکاتە کزی‌و نشێوی ، تەنانەت ئەتوانین حاڵەتێکی **«موخەزرەمی»** لەشیعری برێ لەو شاعیرانەدا ببینین ، کەهەمە بەعەرەبی وە فارسی شیعریان گوتوە ، هەم بە کوردی ، بەتایبەت لەناوی هەرە گەورە پیاوانی تەصەووف‌دا ، وەکو حەزرەتی مەولانا خالید ، مەولەوی مەحوی وەزوتر جزیری وەلەپاشان شێخ‌عومەری بیارە ، لەکاتێکا شاعیرە دەس رۆشتوەکانی ئەو خانەدانە وەکو حاجی شێخ عبد الرحمن **«وەفا** ، **یان** ، **بولوەفا»** برای شێخ عومەر کە شیعرە فارسی‌یەکانی شان ئەدات لەشانی بەرزترین شیعری شاعیرە صوفی‌یەکانی فارس ، کەچی شیعری کوردیی نەبوە .

تا ئەوەی لەم صەدەیەدا ئەبینین شاعیرە کوردەکان چ غەیرە صۆفی وەکو نالی ، یان ، صۆفی وەکو مەولەوی مەحوی لەسۆرانی‌و هەورامی‌دا ، دەس ئەکەنە شیعر بەزمانی خۆ گوتن ، بەڵام لەکرمانجی‌دا ، جزیری‌و فەقێ‌تەیران ، زوتر پێشی ئەوان کەوتون .

جا بەم بۆنەوە ، هەروەکو وتم ، کاتیٚ کە نووسین بە کوردیی کەم‌کەم دەس ئەکاتە گەشە کردن ، لەو لایشەو بازاری تەصەووف کە بەهاتنی مەولانا خالید لە

لایەکەوە ، وە بە هاتنی شیخ مارفی نۆدیٚ بۆسلێانی لەولاوە گەیشتبوە قولەپۆپەی بڵاوبوونەوەو پەرەسەندن ، کەمکەم دەس ئەکاتە پاشەکشێ ، جا بەو بۆنەوە سەیر ئەکەین تەمەنی شیعری تەصەووفی کوردی زۆر کورتە وە ئەو جۆرەی کە بشێ عومرێکی دریژو بەرهەم داری نەبووە ، وە وەکو رۆڵەیەکی زیرەکی خوێنەوارد دێتە پێش‌چاو کە زوو جوانەمەرگ بێت‌و بیبێتە داخ بۆ دایك‌و باوك‌و کەس‌و کارەکەی .

بیریە پێش‌چاو ئەگەر مەولانا خالید وە نەقشبەندی‌یەکان وە هەروا بەرزنجی‌یەکان خۆیان‌و نەتەوەو موریدو قوتابیەکانیا بەکوردیی شیعری تەصەووفیان بنووسیایە ، هەر تەنها ئەوە خۆی چۆن بازاری شیعری تەصەووف پر ئەکرد لە کاڵاو کووتاڵ‌و شتی بەنرخ‌و رەنگاورەنگ ، بەڵام گوناهی کەس نی‌یە ، هەر سەردەمەو بابەتی خۆی داخۆ پاش چەن صەدەیەك گلەیی چ بابەتێك لەئێمەش بکرێت کە ئێستە لەبیری ئێمەدا نی‌یەو رێمان لیٚ‌ی نەکەوتوە .

شایەت بۆ زۆرشت لەم بابەتانەی کەئێستا باوە ، گاڵتەمان پێبکەن‌و توانج‌و تانەمان تیٚ‌بگرن ، یان دەس خۆشیان بکەن .

بەکورتی‌ی لەگەڵی ئەم هەمووە کەم‌تەمەنیەی شیعری تەصەووفی کوردی‌یەدا ، من بۆم ناکریٚ لەهەموو گۆشەو کونج‌و کەلەبەرێکی ئەم مەبەستە بکۆڵمەوە ، چونکی نووسینەکەی من تەنها ناساندی مەبەستەکەیە ، بەناوی بەشێك لە کتێبەکەم «تەصەووف‌چی‌یە» ، جا مادام ، تەصەووف ، یان بەکار بردنی موصطەلەحاتی تەصەووف لە زمانی کوردی‌دا ، بەتایبەت شیعری کوردیدا جۆرە پێوەندێکی بە باسەکەمەوە هەیە ناچاربووم چەن سەرچاوە یەکی شیعری کوردی وەکو «نموونە» هەڵبژێرم کە بریتی بێت لە دیوانی جزیری‌و مەولەوی‌و مەحوی ، وە شیعرەکانی شێخ عومەری بیارە ، تابزانم تا چرادەیە شوێنەواری تەصەووفیان تیایە ، کە ئەوەتا بەچەشنێکی گشتیی دەسیان بۆ رائەکێشم .

بەڵام توێژینەوەی تایبەتیان لەروانگەی تەصەووفەوە پێویستیی بەتێکۆشانێکی تایبەتە ، بەتایبەت دیوانی جزیریی مەزن ، کە لەمەو پاش کەمیٚ چەن‌و چۆنی هەرکامیان لەروانگەی تەصەووفەوە عەرز ئەکەم ، وە ئێوەی خوێنەواری کوردیش پاش خوێندنەوەی ئەم کتێبەی من ، وە هەروەها دەس نیشان کردنی ئەو هەموو سەرچاوانە ، بەڵکو بتوانن بە رەنجێکی زۆرو تێکۆشانی پیاوانە ، هەرکامەی لە گۆشەیەکەوە لە شوێنەوارەکان بکۆڵنەوەو شتی تازەش لە کەلەپوری شاراوە دەربخەن .

لێرەدا ، بۆ بەراوردێك ئەڵێم گەورە پیاوێكی وەكو غەززالی «٤٥٠ – ٥٠٥ **كۆچی ى**» ، لە كتێبی «**المنقذ من الضلال**» دا ، لەكاتێكا دەس نشان ئەكات بۆ ئەو كتێبەسەر چاوانەی تەصەووف ، كە خوێندونیەتەوە سەیر ئەكەین ئەویش هەر ئەم سەرچاوانەی خوێندونەتەوە كەئێستا لەبەردەستی ئێوەدان وە منیش كەڵكم لێ وەر گرتون ، ئەویش تەصەووفی لەو سەرچاوانەوەوەرگرتوە ، وەكو ، قوتُ القلوب ، اللّمع،ریسالەی قوشەیری ، هتد .. بێ گومان ئەوكاتە بۆ ئەو ، سەرچاوە هەر ئەوانە بوە ، بەڵام ئێستا هەم ئەوانەش هەیەو هەم سەرچاوەی زۆری تریش .

جا سەرچاوەی تەصەووف ، هەر لەپایانی صەدەی دووهەمی كۆچی یەوە بەزمانی عەرەبی ، بەشێوەی كتێب لە بەردەستا بوە ، ئەوانەش یەكێكن لەم سەرچاوانەی كەمن وە هەمو نووسەرێكی تریش تائێستەش بەهرەیان لێ وەر ئەگرن .

بەڵام سەبارەت بەزمانی كوردی ، ئەوەتا ئەم كتێبەی من ، ئەبێتە یەكەم كتێبێكی لە چاپ دراوی هەمو لایەن گری تەصەووف ، مەبەست ئەوەتە سەیر كەن لەم بارەیەوە چەندە جێ ماوین !!!!!.

مەبەستم ئەوە نی یە لە زانیاریی یە كەیدا جێ ماوین ، چونكە هەروەكو وتم ، گەورە پیاوانی تەصەووفی كورد هەروەكو بۆ بابەتی تریش باو نەبوە بۆ تەصەووفیش باو نەبوە ، بەكوردی كتێب ، یان شیعر بنوسن ، بەڵكو بەعەرەبی و فارسی نوسیویانەو زۆریش نوسراوە .

چەن و چۆنی نوسینی شیعرو ئەدەب وەكتێبی تەصەووفی نوسەرانی كورد ئەویش هەر باسێكی ترە ئەمێنێتەوەبۆ برایەكی تر كە بەیارمەتی خوا لە داهاتوودا ، روونی كاتەوە ، كە كوردان بە عەرەبی و فارسی و توركی ی وە شایەت زمانی تریش لەبارەی تەصەووفەوە چی یان نووسیوەو ، چ بەرهەمێكیان بوە .

هەروەكو گوتم ، من شیعرەكانی :

١ – جزیری ، ئاخری صەدەی دەهەمی كۆچی ی ، واتە «١٠٠٠» ك .

٢ – مەولەوی ، «١٢٢١ – ١٣٠٠ ك» .

٣ – مەحوی «١٨٣٢ – ١٩٠٦» .

٤ – «**شێخ عومەر**»م خوێندنەوە «١٢٥٥ – ١٣١٨ ك» .

وه بۆم دەرکەوت جزیری بەڕاستی شاعیرێکی صۆفی‌یەو خۆیشی گەییشتوەتە مەقامی کەماڵ لە تەصەووفدا ، وەهەمووی دیوانەکە ، یان لە صەدا ، نەوەدی دیوانەکەی تەصەووفە ، سا یان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ تەصەووفە ، یان پاش لێوردبوونەوەی دەر ئەکەوێ باس لە تەصەووف ئەکات ، نەك ڕاستەوخۆ ، بەڵام دیارە باس باسی تەصەووفە ، یان عیشقی مەجازی‌یە ، کە سەری لەتەصەووفەوە دەرچوە ئەمانەش بە دوو جۆرە ، یان لەئاکامی خوێندنەوەدا بۆت ڕوون ئەبێتەوە ، ئەم کەڵەمەردە شێوەێی لە سلوكو ڕێرەوی تەصەووفت بۆ ڕوون ئەکاتەوە بێ ناوبردن لە تەصەووف ،یان هەر بەناو،ناوی تەصەووف ئەبات وە موصطەلەحەکانی ئەکاتە کار ، بەجۆرێك ، کە لەپاشان ئەینوسم .

مەلای جزیری

جا سەبارەت بە جزیری مەزن ئەڵێم.

١ – ئەوەی بۆم دەرکەوت وە زۆر روونە ئەدەبی صۆفی‌یەکانی ئێران، وەکو حافظو جامی، شوێنەواریان بە ڕووناکی‌ی لە شیعرەکانی جزیری دا دیارە.

٢ – موصطەلەحاتەکانی زۆرتری موصطەلەحاتی تەصەووفێکن کە حافظ بەکاری هێناون کە هەروا ئەمیش بەکاری بردوون.

٣ – خۆیشی پێی دێت کە گەییشتوەتە کەمال بەلاّم شتی‌واش بە دەستەوە نی‌یە کە (کامیلو موکەممیل) بووبێت، واتە خانەقاو تەکیەو خەلیفەی بووبێتو ئیرشادی‌کردبێت، وەکو مەولانا خالید، یان هەروەکو لە مێژووی ژیانی شێخ‌عومەر وە لەشیعرەکانیا بەدی ئەکرێت.

بەلاّم وایش نی‌یە وەکو مەولەوی‌و مەحوی بە دەمی خۆیان سەبارەت بە پێ نەگەییشتوویی‌و موحتاج بەمورشید بوون، لە ووتەکانیا بەدی بکرێت، وە لەکاتی باسی هەرکامەدا لەڕوانگەی تێ‌گەییشتنو هەڵسەنگاندنی خۆمەوە دەس‌نیشان ئەکەم بۆ پایەی هەرکامەیان.

کەواتە ڕادەو پلە هەیە بۆ شیعری تەصەووف، مەولانای ڕۆمی (**١٢٠٧ – ١٢٧٣م**) سەر هەڵقەو دامەزرێنەری ڕێڕەوێکی تایبەتی تەصەووفە کە تەریقەتی مەولەوی‌یە....

جا کەسێ پایەی مەعنەویی وابێت کە نموونەی ئەو لەم جیهانەدا نەگاتە بیست سی‌کەسێ وەخۆی ڕێبازی تایبەتی تەصەووفی هەبێت وەشاعیرو مەلاچاکیش بێت بێ‌گومان ڕەمزو کینایەو ئیشاراتی زۆرگرنگ‌و نەناسراوو نهێنی لە شیعرەکانیا بەدی ئەکرێت، هەر وەکو لەشیعری محی الدین عەرەبی‌دا ڕموزاتی بە جۆرێکی‌تر هەیە کە سەر لە ناشارەزایان ئەشێوێنێ کە بیریان بۆ شتی وەکو وەحدەتی وجوود ئەڕوات.

یان لەشیعرەکانی شێخ‌عبدالقادری گەیلانیدا کە شابازی ئاسمانی تەصەووفە، خۆی واپیشان ئەدات ناشارەزایان ئەڵێن ئەمە ئەگەر وابێ، دەسەڵاتی بۆ خوا نەهێشتوەتەوە، لەکاتیکا خۆی بەبەندەیەکی زارو موحتاجی قاپی هەق زانیوە، وە پیاوی راستەقینەی خوا بوە، مەبەستم ئەوەتە شیعرەکانی جزیری، هەرچەن هی صۆفی‌یەکی کامیلە، بەڵام دیارە کە لە سنووری خۆی بەولاوە نەچوە.

بەڵام بەڕاستی من بۆم دەرکەوت گەورەپیاوێکی تەصەووفە، هەروەها بۆیشم دەرکەوت هەروەکو برێك بۆی چوون، ڕاستە لە عیشقی مەجازی‌یەوە چوە بۆعیشقی حەقیق، وە ئەوەش زۆرجار لە تەصەووف‌دا ڕوو ئەدات.

ئێمە لەمەوپێش گوتمان، مورید هەیەو موراد هەیە، وە بۆ هەردولا هەیە لەعیشقی مەجازی‌یەوە بگەنە حەقیقی، وە جەزیریی لەشیعرەکانی خۆیا شتی‌وای درکاندوە، وەکو ئەوەی کە ئەڵێ:

عاشق کێ‌یە هاتی ژ مەجازی‌بە حەقیقەت
صورەت نەشناسی‌و بەمەعنی نە فەناگرت
تەنها نە لەمن لامیعی حوسناتە شەفەق‌دا
عالەم بەخۆ وی حوسن‌و جەمالی دە خوداگرت

من گومانم نیە سەر زەنجیرەی تەریقەتە کان هەمویان موراد بوون.

موریدیش دوجۆرن هەیە لەعیشقی مەجازی‌یەوە ئەڕوات، واتە ئەوینی ئافرەتێك، وای لێ‌ئەکات ئەکەوێتە سەری ئەو لێك دانەوەیە، ئەم جوانی‌یە خودا داویە بەو ئافرەتە، وە هەموو جوانییێك هەر خودا ئەیدات، وردە وردە عاشقی ئەم سەرچاوەی جوانی‌یە ئەبێت کە خودایەوە ڕوو ئەکاتە عیشقی حەقیقی.

بریکیش دەست ئەکاتە خوا پەرستیو پاریزکاریی‌و ذیکرو فیکر تا وردە وردە نووری خودا لە دەروونیاندا ئەدرەوشێتەوە.

ئەبێ ئەوەش بزانین ئەوانەی کە بەتەواوی پی‌گەیشتن، وە تەواویی لەطائفیان پاك بوەوە هەرچەن بەرەوالەت جیسمانین بەلام بۆ کارناسانی خۆی ئاشکرایە ئەبنە پارچەیێك لەنوور.

ئەتوانم بۆنمونە دەست‌نیشان بکەم بۆ شیعری برێ لەو عاشقە حەقیقیی‌و مەجازی‌یانە. حافظ ئەڵێت:

الایا ایها الساقی ادر کاسا وناولها

که عشق ئاسان نمود اول ولی افتاد مشکلها

واتە عیشق لەپێشا خۆی ئاسان‌پیشان‌دا بەلام لەپاشان پربوو لە دەردی سەر، کەواتە لە عیشقە ئاسانە کەوە کەعیشقی مەجازی‌یە دەستی پیێ کردوە، وە چوە بۆ حەقیقی‌یەکە کە سەختە

بەلام شیخ عبد الرحمن کوری شیخی‌سیراجەدین ئەڵێت.

عَجَبْ دَرْ مَنْ‌یَزِیدِ عشق عاشق ازچەرو گفتە

که عشق ئاسان نمود اول ولی افتاد مشکلها ؟!!

«وفا» عین صفای من شُدەست‌و باز می‌گوید

الا یاایها الساقی ادر کاساً وناولها.

ئەڵێ سەرم سرماوە چۆن عاشق لە مەزادی عیشقا گوتویەتی، عیشق لەپێشا خۆیی ئاسان پیشان‌داو کەچی لەپاشان پری‌بو لە دەردی سەری، واتە، ئەبێ عاشق حەزبکات لەو دەردی سەری‌یە.

جا ئەڵێ، «وەفا» ئەوەتا خۆی یەك پارچە بوەتە صەفای مەی، واتە ئەوەندە مەستی عیشقە، خۆی بوەتە مەی کەچی هەر ئەڵێ.

الا یاایها الساقی ادر کاساً وناولها.

ئەگەر لەیادتان بێت لەباسی مەقامی بەقای پاشی فەنادا گوتمان

گەورە پیاوانی تەصەووف ئەڵێن ئەوەی «فەنای» تی‌پەرکرد، تازە ئیتر ناگەرێتەوە دواوە، واتە بۆ هەتاهەتایە خۆشەویستی خوایەوە ئەکەونە داخواز لە خوای گەورە،

خوایش نازیان‌ئەکێشێ، هەرچی داوابکەن ئەیان‌داتێ، ئەوان هەر چی‌یان‌بوە داویانە بەهەق، دیارە هەقیش لەوان سەخی‌ترە، هەرچی‌یان‌بوێ ئەیان‌داتێ.

جا ئەوەتا شێخ عبد الرحمن ئەڵێ باوەکو من بووم بە یەکپارچە مەی، هەر ئەڵێم ساقی بۆم تێکە جا ئەو مەیە، مەقام بێ‌یان،دەردی سەر، وەکو ئەڵێن ئێش‌بێ،یان، نۆش،مادام لای خۆشەویستەوەیە هەر خۆشە.

ئەویش مەقام پاش‌مەقام وەلوطف پاش‌لوطف، ئەی‌رژێنێ بەسەریانا.

نموونەیەکی تری شیعرێکی جەلال‌الدین رۆمی‌یە کەئەڵێ (**عشق اَوَلْ سَرکَش‌و خونین بوَدْ**) واتە عیشق هەر لە سەرەتاوە سەرکێش‌و خوێناوی‌یە، واتە، وەکو عیشقەکەی حافظ نی‌یە لە مەجازی یەوە دەستی پی‌کردبێت کە شتێکی ئارەزوی نەفسی‌و شەهوانی بێت.

هەر لەم بارەوە لە ریسالەی قوشەیری‌دا ئەڵێ یەحیای کوری مەعازی رازی «**٢٥٨ ك** – **٨٧٤** ز» نوسی‌ی بۆ بایەزیدی بەسطامی «**٢٦١ ك ٨٧٧** ز»، ئەڵێ لای ئێمە ئەوەی پێکێك لەشەرابی مەحەبەت بخواتەوە بەعومری تینوی نابێت، بایەزید لە وەلاما ئەلێ زۆر سەرم سرماوە لە ناتەوانی‌یو لاوازیی حاڵت، لێرە لای ئێمە هی‌واهەیە ئاوی هەرچی دەریاکانە هەموی هەڵ‌ئەلوشی‌تو، هێشتا هەر داوای ئاو ئەکات.

هەروەها برێ لەشاعیرە صۆفی‌یەکان وتوویانە.

عَجَبْتُ لِمَنَ يقولُ : ذُكِرَتْ رَبّي
فَهل اَنْسى فاذكر ما نسيت؟
شَرِبتُ الحبَّ كاساً بعد كاس.
فما نَفَدَ الشرابُ ولا رويتُ.

بەکورتی ئەم باسی شەرابی عیشقە کە لەشیعری صوفی‌دا هاتوە دەریایێکی بێ‌پایانە، قوشەیری ئەڵێت (غەیبە)، **واتە بێ‌حاڵی‌و بێ‌هۆشی‌ی،کەم‌ترو سوك‌ترە لەسوکر، واتە مەستی، چونکە مەستی، بە بەرەکەت‌و** «واريد» یکی زۆر بەهێز نەبێت دەست نادات، ئەڵێ ئەگەر «**غەيبە**» لە خەوف‌و رەجاوە سەرچاوە بگرێت، مەستی،جگە بۆ خاوەن وەجدەکان نەبێ دەست نادات. ئەمە دەست‌نیشانە بۆ ئەم‌باسی مەستی‌و مەیی تەصەووفە.

له کتێبی «الرمز الشعري عند الصوفيه» دا، کەساڵی - ١٩٨٣ - بۆ سێ‌هەم‌جار له چاپ دراوەتەوە، دوکتور عاطف جودت نصر، بەدرێژی لەم بارەوە باسی کردوە.

ئەوەی کتێبی «ترجمان الاشواق»ی محي الدین عەرەبی بخوێنێتەوە، جا ئەزانێ ئەم گەورە پیاوانه مەبەستیان له بەکاربردنی ئەم ووشه نەناسراوانه چی‌بووە، وه بەئاسانی‌ی بۆی دەرئەکەوێ مەبەست چی‌یه. «جزیری» زۆر جار لەشیعرەکانیا باسی جوانان ئەکات وه زۆرجاریش بەناوی ئافرەت باسی ئەو جوانانه ئەکات، کەچی ئەڵێت من به سەگی بەری دەرگات قوبوڵ‌کە ئایا عەقڵ ئەیگرێ «جزیری» بەکچێ بڵێت به سەگی بەری دەرگات وەرم‌گره؟!.

ئەمه هی ئەوەته که عیشقه حەقیقی‌یه کەی لەو شێوەو قیافەدا تەصەوور ئەکات، یان که باسی مەیو سەرخۆشی ئەکات،ئایا مەی‌و سەرخۆشی لەگەڵی جزیری عالیمو خوداپەرستا ئەگونجێ؟!.

دیاره ئەو مەیه شەرابی حەقیقەته که له شیعری شاعیرانی عەرەبی وەکو ابن الفارض وه فارسی وەکو حافظ وه هەموی ئەوانی تردا ئەبینرێت.

بەداخەوه شتێ‌هەیەکەقەت ڕوون‌نابێتەوە، ئەویش‌زەنجیرەی مێژووی‌شیعرەکانی «جزیری‌یه» تابزانین‌کام شیعری‌هی‌جوانی‌ی‌و، کامی‌هی‌پیری‌و، کامی‌هی‌سەرەتای‌دەس پی‌کردنی‌تەصەووف‌و، کامی‌هی کاتی‌کامل‌بوونیەتی، مەگەرسابەسەلیقەی خۆمان‌بۆی‌بچین ئەویش ناکرێ بەشتێکی دروست‌وبێ چەن‌وچۆن وەرگیرێت.

من لەشیعری «خانی‌ی» ی نەکۆڵیومەتەوە، بەڵام‌بەوجۆرەی دوکتۆر عیزەدین موستەفابۆی‌چوه، (احمدی‌خانی - شاعراً ومتفکرا فیلسوفا ومتصوفا).

موصطەلەحاتی تەصەووف لەشیعرەکانیاهەیە، بەڵام‌ئەمەناتوانێ دەری خات‌کەپیرو قەڵەندەرێکی تەصەووف بوه بەڵکویشان ئەدات دوورنەبوه لەوجیهانەو، شارەزایی‌هەبوه، جائایاخۆی‌خاوەن دەسەڵات‌بوه؟ هەروا فەقێ تەیران‌و، ئەوانی‌تریش.

مەبەست ئەوەته ئەوەی شارەزایی له موصطەلەحاتی تەصەووف دا نەبێ لەو شیعرانه ناگات وەئێستا ئێوه ئەگەر لەتەصەووف هەر ئەم کتێبەی بەر دەستیشتان هەبێت، زۆرشتی‌ی لێ‌تێ‌ئەگەن.

بەلاّم بەداخەوە سەبارەت بە جزیری چونکە موصطەلەحاتی فارسیشی زۆر کردوەتەکار، شتی وای هەیە ئێمە باسمان نەکردوە، دەس نیشان بۆ بڕێکی ئەکەم..

هەر وەکو گوتم مرۆڤ کتێبێکی وەکو (ترجمان الاشواق) نەخوێنێتەوە کە محی الدین عەرەبی خۆی شەرحی لەسەری شیعری خۆی کردوە، نازانێ ئەو هەرەگەورە پیاوانە مەبەستیان لەو ووشە نەناسراوانەو، لەو رەمزو، ئیشارانە، چی بووە؟.

مەلای جزیری جگە ئەوەش ئەکرێ بەئالاّ هەڵگری شیعری تەصەووفی کوردی دابنرێت، نازانم چۆن بوە بە ئالاّهەڵگری شیعری کلاسیکیش دانەنراوە!!.

چونکە کام کەرەسەی پێویست بۆ کۆشکی شیعری کلاسیك هەیە مەلا دروستکردنی ئەم کۆشکە گەورەیەدا بەکاری نەهێنابێ؟

بەراستی ئەگەر بێتو من موصطەلەحاتە صوفی یە بەکارهاوردوەکانی جزیری لێرەدا بنوسمەوە مەگەر دیوانەکەی بنوسمەوە، چونکە بەدەگمەن قەسیدەیێك ئەدۆزیتەوە لەو بەرهەمە بێبەش بێت، سا یان زۆر یان کەم.

سەبارەت بە بەکارهێنانی موصطەلەحاتی تەصەووفی فارسیش هەم هەموی ئەوانەی سەبارەت بەجزیری نوسیویانە، وەکو زفنگیو هەژار موکوزیانی هەروەها جزیری خۆیشی پیشانی ئەدەن کە حافظو، سەعدیو، جامی ی، کاریان کردوەتە سەری جزیری وە لە شیعرەکانیا بەئاشکرا باسیان ئەکات.

سەبارەت بە موصطەلەحاتی حافظ سەیرئەکەین ئەم موصطەلەحاتە بەکاربراون.

خەرقەی زەرق، خەراباتی موغان، مەدەدو رۆحی (فیض القدس) پیری موغان، موطیمی غەیبی ی، میحرابی دوعا «لەباتی ئەبرو» صوفی خەلوەت نشین، پیری عیشق، خانەی خەممار، موغ بەچە، مەی فرۆش، خەرابات، طامات، قولزم دەری مەیخانە جام، شاهید، جامی جیهانبین، جامی جەم جەمو، ئەسکەندەر، موڵکی عیشق، خەرقە، جەذبەی دڵ، عاشق سوختە، سیاەچردە، پیری طەریق، خسروخوبان، ئەطوارعیشقو مەستی ی، عەیبی رەندان مەکە، سەرچەشمەی ئاوی حەیوانی حەقیقەت، مەسئەلەگۆ، وە هی تر، شایەد ئیستە بڕێ لەم ووشانە بۆ ئێوە ناسراو بن، بەڵام کاتێ ئەبینین ساڵهای ساڵ بەر لەجزیری تەنانەت بەر لەشاعیرو صۆفی یە فارسەکانی تریش حافظ بەکەم کەسە زۆرێك لەم موصطەلەحاتەی خستوەتە جیهانی شیعرەوەو جیهانی تەصەووفەوە، دەرئەکەوێ ئەوەی پاش ئەو بەکاری بردبێت لەوەوە

وەری گرتوە هەروەکو موصطەلەحاتی عەرەبی تەصەووف هەرکەسەو کەرەسەیێکی لیێ زیادکردوە تابوەتە ئەم جیهانە بەربڵاوەی ئیستە. جزیری زۆرێك لەو موصطەلەحاتەی کردونەتە کوردی، یان خۆی شتی تازەی بەکوردی گوتوە، ئەویش لەویدا ئەبێتە پێشەنگ.

جزیری بڕێجار دەق بەدەق شیعری حافظی هاوردوە وەکردویە بەکوردی، حافظ «٧٢٦ - ٧٩٢ ك». جزیری ئەڵێت.

عەنقا نەشکارا کەسە داڤان تو چین‌ڤەر

داڤا کۆ لەعەنقا تۆ ڤەدی بادی هەواگرت.

ئەڵێ باڵداری عەنقا «**باڵندەیێکی خەیاڵیە**»، کەس ناتوانێ بیخاتە داوی خۆیەوەو بیگرێت کەواتە داوەکەت لابە، چونکە هەحت دەست‌ناکەوێ. دیوانی «**زفنگی**».

حافظ دەق بەدەق ئەم‌شیعرە، گوتویەتی.

برو این‌دام برمرغ دگرنه

که عنقارا بلنداست ئاشیانه

برۆ ئەو داوەت بنێرەوە بۆباڵدارێکی‌تر

چونکە عەنقا هێلانە بەرزەو بەتۆ ناگیرێت

جەزیری هەر لەو پارچە شیعرەدا ئەڵێت.

ئەو کەبکی خەرامان کو دکوزی لی ڤەبوهات

شاهێن قەضایێ بەتەغافول ژخوە ڕاگرت

حافظ گوتویەتی:

دیدی آن قهقهۀ کبك خرامان حافظ

که زسر پنجۀ شاهین قضا غافل بود!

واتای هەردو شیعرەکە ئەوەتە چاوت لەوکەوە جوانەبو بۆخۆی ئەی‌خوێند، وە ئاگای لە تەقدیر نەبو، کەچی شاهینی قەزا لە کوتوپڕا دای بەسەریاو بردی.

جزیری ئەڵێ:

شەربەتا وی جاموطاسی یارکو تێ‌بێت ئینعیکاس

بێت مەژی فەیضەك ژکاسێ ئابی‌حەیوان ئەوبخویە

حافظ ئەڵێ:

ما درپیاله عکس رخ یار دیده‌ایم
أی بی‌خبر ز لذّت شُربِ مُدام ما

مەبەست لەهەردو شیعر ئەوەتە ئەم شەرابەی ئێمە شەرابێکە کەوینەی ڕومەتی یاری تێدایە کەواتە جگە خۆمان کەس نازانێ چ جۆرە بادەیێکە.

مەلا ئەڵێ:

تۆ بنێ ماهی نەوو دەستی قەضایی هەی‌هەی
نە لەزەرعی فەلەکی بەلکە لەعومری مە ب داس

حافظ ئەڵێ:

مزرع سبز فلك دیدم‌و داس مه نو
یادم ازكشته خویش آمدو هنگام درو

جزیری ئەڵێ:

مەست‌و هۆشیار هەمە کەچ کولەهن ڕەقص‌وسەماتین
ئەز نەزانم چ نەسەق کەیفە نەزانم چ شەرابە

حافظ گوتویە:

چه ره بود این‌که زد در پرده مطرب
که می‌رقصند باهم مست‌و هوشیار

مەبەستم ئەوەتە جزیری بەرادەیێك شارەزایی هەبوە لەتەصەووف‌دا هەروا کە موصطەلەحاتی عەرەبی تەصەووفی بەکار بردوە هەروەهایش موصطەلەحاتی فارسیشی بەکار هانیوە، کەواتە لەهەردولا شارەزابوە.

جا هەرچەن فەریدەدینی عەتتار وجەلالەددینی ڕومی «مەولەوی» ئەکەونە پێشی حافظ و جامی ی، بەڵام موصطەلەحاتی حافظ بۆ شارەزایانی خۆی ئەکرێت لەوانی‌تر جوێ بکرێتەوە، کەبریتین لەمانەی جزیری بەکاری بردون، بێگومان جزیری پاش دان‌نان بە گەورەیی حافظ دا ئەڵێ «ئێوەی کورد» کە من‌تان هەم چ پێویستتانە بەحافظ.

گەر لوئلوئی مەنثور ژ نەظمی تۆ دخوازی
وەرە شیعری مەلی بێنە،تە ب شیرازێ چحاجەت

بەشێوەیێکی تێکڕایی موصطەلەحاتی هەمە جۆرەی تەصەووف لەدیوانی جزیری‌دا هەر دوایی نایێت وە هەموی چەندین جار دوبارە کراونەتەوە.

وەکو شیخ، زاهید، صۆفی، وەحدەتی وجود، وەحدەتی موطلەق، جەبەرووت، موشاهەدە، رەفعی حیجاب، ویرد، ئەوراد، مورشید، سولوك، ویلایەت، ژەنگی‌دڵ، قیدەم حودوث، تەنزیە، قەلب، لامیع، شاهی موڵکی دڵبەری، جاذبیە، ئیرشاد، عاریف، فەنا، بەقا، ساقی، ئەزەل، قەدەح، بادە، مەدەد، فەیض، جەوهەر، عونصور، **(استقص)**، ئیشراق، حال، قال، پەرهێزی‌دڵ، تەقوا، لائح، مورید، موراد، هاوهو، کەشف‌و شوهود لاهوت، ئەسرار، ئەنوار، ئێمەی دەرویش، **«مەدەرویشان»** عیلمی ئەهلی‌حاڵ، جەلال، جەمال، مەحو، ناروجەذبە، خەلوە، شەککو یەقین، ذیکر، مەقاماتی طەریق.

ئەمانەو دەیان موصطەلەحی‌تر، ئەمە جگە ئەو شێوانەی کە تێکڕای شێوەکە دەست کێشانە بۆمەقامیٚ یان حاڵیٚ لەحاڵ‌و مەقامی تەصەووف.

من لێرەدا سەبارەت بەو موصطەلەحاتە نامەویٚ پەنجە ڕاکێشم بۆلاپەرەو شوێنی یەکە یەکەی ئەمانە چونکە هەرکامەیان دەیان‌جار دووبارە کراونەتەوە دووهەم ئەم نووسینەی من توێژینەوە لەشیعری تەصەووفی جزیری نی‌یە، تەنها مەبەست ئەوەتە بڵێم بەم ناوو نیشانانە، تەصەووف کاری کردوەتە سەری شیعری کوردیی کە لەوانە شیعری جزیری‌و ئەوانی ترە وە بۆ نمونەش ئەوەتا بریٚ لەو شیعرانەی کە دیارە باس باسی تەصەووفە.

مەلای جزیری لەم هۆنراوەدا زۆرباش پیشان ئەدات کەچۆن بەهۆی **«تەوەججوە»** وە یارمەتی مەعنەوی مورشیدیەوە گەیشتوەتە مرازو ژەنگی دڵی پاك بوەتەوەو ئەو دڵە مسەی ئەو،بەهۆی نەظەری مورشیدیەوە کە وەکو ئیکسیر وایە بوەتە زێڕی پاك، **«ووشەی ئیکسیر لەبازاڕی تەصەووف دا هەمیشە بەواتای لوطفی مورشید بەکاربراوە)**.

ئیکسیر گوایا ماددەیێکی کیمیائی‌یە کە ئەگەر بیدەی لەمس ئەیکات بەزێڕ. جا ئەڵێ:

قەلبیٚ مە شوبهی زێڕ ژ فەیضاتە جەلا گرت
ما ڕوو سیەهو صیفر صیفەت ڕەنگی صەفا گرت

ئەڵێ : دڵی ئێمە کە وەکو مسی ڕەنگاویی بو، واتە بەهۆی گوناهەوە ڕەنگ گرتبوی، **«کَلاَّ بَلْ رانَ عَلى قُلوبِهِم» «١٤» «المطففين»**. ئەودڵەم بەهۆی ئاوردانەوە، **«تەوەججوه»** ی تۆوە بویە زێڕی پاك.

واتە دڵی منی ڕوورەش بەهۆی فەیضی بەرەکەتی تۆوە بویە زێڕ.

تەشبیە ب جەدوەل مە دنیڤ ئاتەشی عیشقێ
دلێ قەڵبی حەقیقەت بت‌و ئیکسیری هەما گرت

ئەڵێ، وەکو جۆگەلەیێکی ناوی ئاگر وام، یان ئەڵێ وەکو پڕگارێکی ناوی ئاگری عیشق وام، ئەم ئاگری عیشقە وای سوتاندوم‌و تواندومیەتەوە کە گۆڕاومی، بەجۆرێ کە حەقیقەتە پێشوەکەی گۆڕیوم وە کردومیەتە شتێکی‌تر، واتە بوینەتە مەردی مەیدانی خودا ناسی‌ی، وە حەقیقەتە قەڵبە دەرد نەخواردوەکەی جارانم بوەتە حەقیقەتێکی بەکەڵك وە دەردبخۆر.

بێگومان ئاگر زۆرجار قەلبی مادده ئەکات بەشتێکی تازە، بەجۆرێ کەئیتر ناگەڕێتەوە بۆ حاڵەکەی لەوەو پێش، وەکو ئەوەی کە دار ئەکات بە خەڵووز یان بە ئاگر کە هەرگیز نابێتەوە بەدار.

جا، مەلا، خۆ بە لەشولار هەر هەمان مەلایە ئەوەی کە گۆڕاوە بێ‌گومان حەقیقەتە مەعنەویی‌یەکەیەتی، بەچی‌گۆڕاوە؟ بە ئاگری عیشق کە وەکو ئیکسیر وایە، ئەگەر بیدەی لەمس ئەیکات بەزێڕ.

بو بەچی ؟ بو بە زێڕی پالاوتەکراوی پاك ، تەصەووف چی‌یە لەمەزیاتر ، ەصەووف ئەوەتە دەروون لەپێناسی ناپەسەند پاك ئەکاتەوە وە ئەی‌ڕازێنێتەوە بە ێناسی پەسەند ، ئەم کارە کەی ئەکرێت ؟ پاش سوتان لە ئاگری عیشق خوادا . ەڵێ :

سالیك کێ‌یە هاتی ژمەجازیی ب حەقیقەت
صورەت نەشناسی‌یو بەمەعنی نەفەناگرت

ڕاتە ، ئەو ڕێبواری ڕێگەی تەصەووفە کێیە لەعیشق مەجازی یەوە گەیشتبێ ەعیشق حەقیق ، وە لە هەموشتێکی ئەم جیهانی تەصەووفە تێنەگەیشتبێت وە لە صورەت‌و مەعنای مرۆڤ نەگەیشتبێت وە نەگەیشتبێتە فەنا .

واتە هەرکەسێ لەسلوکی ڕێگای تەصەووف دا واتە ڕیگای عیشق خودایی‌دا لەعیشق مەجازی یەوە هاتبێ بۆ حەقیقی‌ی لە هەموشتێ ئەگات هەم لە ڕەواڵەت «صورەت» وە هەم لەنهێنی‌ی «مەعنا» ، وە ئەیشگاتە فەنا ، کە لەپاش هەموی ئەو پایانە دێت .

زفنگی‌و هەژاریش بۆی چوون ، هەر یەکەی بەجۆرێ بەڵام هەموی لەیەکەوە نزیکەو تێ‌ی گەیشتون .

تەنها نەلێ لامیعی حوسناتە شەفەق‌دا

عالەم بخوە وێ حوسن‌و جەمالێ دخوە داگرت

ئەڵێ وەنەبێ ئەم ڕوناکی‌ی جوانی‌ی تۆیە تەنها لە دەرونی مندا درەوشابێتەوە بەڵکو هەرچی جوانی‌ی وا لەم جیهانەدا هەموی لە جوانی‌ی تۆوە یەو ، لە ڕووناکی‌ی تۆوە دنیا ڕوناکە .

تەیغونێ ددەستێ تە زەهی دەولەت‌و ئیقبالێ

سوێسکە ، یان هەر باڵدارێکی بێ ئازارو بێدەست ، مادام بکەوێتە ناوی داوی تۆوەو بگاتە دەستی‌تۆ ئەوە شانسێکی گەورەیە ، بەجۆرێك ئەبێتە «هوما» یێك بۆخۆی .

هوما ، باڵندەیێکە کە بەرەمزی پیرۆزی و خۆش بەختی دای ئەنێن .

ئەمەش هەر دەست‌نیشانە بۆئەوەی مورشید ئەتوانێ مورید بگوڕێت وە خاوێنی کاتەوە هەروەکو لەباسی ئیکسیرەکەدا گوتمان ، لێرەشا ئەڵێ سوێسکەی زەبون ئەگەر بکەوێتە داوی تۆوە ئەبێتە هوما .

ووشەی قەلب‌و قەڵب‌و ئەمانەش جیناسەو ووردەکاریی شیعری‌یشی تیایە .

جانێ خوە مەکر دانەیی داڤا کو ڤە دایی

ئاهو صیفەت ئەو پێ‌حەسیا ڕاهی خەطا گرت

ئەڵێ : منیش ئامادەبوم گیانی خۆم بدەم ، بەو مەرجە ببمە نێچیری تۆ ، واتە ، بۆ ئەوەی وەکو باڵندە بێچارەکە ، کە لەداوی تۆدا بوبویە هوما ، منیش ئاوا ئامادەبوم گیانم بخەمە مەترسی‌یەوەو بکەومە داوتەوە ، بەڵام بەو نیازەت زانی‌و لات‌داو بۆی دەرچوی . واتە چۆن ئاسکێك لە داویك سڵ بکات ئەو لەم دانەی منە کە گیانم بێت سڵی‌کرد .

عەنقا نەشكارا كەسە داڤان تۆ بچین ڤەر
داڤا كو لعەنقا توڤەدی بادی هەوا گرت

ئەڵێ ، تۆ بە هەڵەدا چویت کە ویستوتە گیانی خۆت بدەیت بەو مەرجەی ئەوت دەست کەوێ ، ئەو وەکو عەنقا وایە هەروا بەگاڵتە نابێت بەداوەوە واتە ، گیان هەر هیچ‌نیە بۆ گەیشتن بەو مرازەو بەو سەعادەتە کە بریتی‌یە لە گۆڕانی **(ماهی‌یەت)** وە لابردنی بەشی حەیوانی‌ی ئینسان ، وە دەرخستنی بەشە ئینسانی‌یەکەی وە بونی بە مرۆڤێکی ڕۆحانی‌و مەلائکی‌ی. ئەڵێ.

هەرکەس سەحەری طالبی تشتەك ب چەمەن هات
هن سوسن‌و هن سونبول‌و هن زولفی دوتاگرت

واتە ، ئەو خەڵکەی سبەینێ زوو ڕوبان کردە ناوی باغ‌و چەمەن ، هەرکامەی خوازیاری شتێ بون ، هەرکەسەو شانسی خۆی ، هی‌وای‌بو گوڵی دەست کەوت‌و هی وایشی‌بو خاوەن گوڵ ، کە فەرقیان زۆرە .

ئەمەش هەر ئەچێتەوە سەری باسی داوەکە واتە مەیلی خودا خۆیەتی ، هەموی هەر ئەڕۆن بۆباغ بۆ بەهرەمەندبون لە بەرهەمە جۆراو جۆرە کانی ، کەچی هی وایان هەیە زوڵفی یاری دێ بەدەستەوەو هەتا هەتایە کامەرانە ، هی وایش هەیە تەنها گوڵێکی‌،دەست‌کەوت ئەبێت‌،کە هەر تاوێکەو ئەبڕێتەوە . «**ذلِكَ فَضْلُ اللهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشاء**» .

جا ئەڵێ ، سەحەرێکیان منیش وەکو ئەم خەڵکە چومە ناوی باغ بەهەزار ئارەزووەوە .

دەستی مە سەحەر گرت‌و برین سەیری حەبیبی
فی‌الحال رەقیبی ژ حەسەد لەرزەووتا گرت .

ئەڵێ ، من لە خوشبەختە کانم چونکە کاتێ چومە ناوی باغ ، خۆشەویست هات‌و دەستی گرتم‌و بردمی بۆ گەڕان بەوناوی باغەدا ڕەقیبیش هەر کە ئەمەی دی ئەوەندەی پێ ناخۆش‌بو دوچاری تاولەرز بو .

لێرەدا دوو مەبەست هەیە ئەمەوێ دەسیان بۆ ڕاکێشم یەکێکی سەبارەت بە ووشەی «**رەقیب**» کە زۆر جار لەشیعری کۆنی فارسیداو هەروا لە شیعری کوردیشا هاتوە ؛ زۆرکەس وای تێ‌ئەگات ڕەقیب ئەوکەسەتە ، ئەویش وەکو تۆ خوازیاری

ئەو یارەو ئەو جوانەیە ، جا چونکە لە تەکی تۆدا ڕقەبەریٚ ئەکات ، دوشمنی تۆیە ، لەکاتێکا شتەکە وا نیە ، بەڵکو ئەوەتە، جاران، بەتایبەت لەناوی میرزادەو شازادەو گەورە ماڵەکاندا باوبوە کە کەسێکیان کردوەتە ، **(مەغور)** پێ‌سپێرراوی چاودێری کردن‌و پاراستنی کچان تەنانەت هی کوڕانیش ، **«لەلە»** یش هەر شتێکە لەو بابەتە ، کە هەم ئاگای لەو کیژانە بوە وە هەم فێری ڕەوشی بەرزی کردون وە هەم لە کاتی مەترسیدا گیانی پاراستوون، جا ئەم چاودێری کارانە زۆرجار بونەتە موی لوتی کیژان وە ڕێگەی جموجوڵیان لێ‌بڕیون ، جاری وایش بوە لەڕێگەی ئەوانەوە سکالأی خۆش‌ویستن وە ئەوین دراوە بە خۆشەویستان ، جا ئەگەر ئەو **«موراقیب»**ە ناوچاو درژو بەد ڕەفتار بو بێت وا بوەتە کوسپ بۆ هەمو جموجوڵێکی ئەو کیژانە .

کەواتە ئەم ڕەقیبە لە چاودێری کردنەوە هاتوە نەك لە مونافەسەو ڕقەبەریٚ کردنەوە .

لێرەدا مەبەستی جزیری نەمر، لە ڕەقیب نەفس‌و شەیتان، وە یان هەستی پێچەوانەی خودا پەرستی‌و خوداناسی‌یە ، مەبەست لە هەموی ئەم باسە ئەوەتە جزیری پیشان ئەدات خۆی موراد بوە ، لەبەرئەوە خۆشەویست خۆی فەیضی ڕژاندوە بەسەریا واتە نوری خودا تەجەللای کردوە لەدڵیاو ئەکسیری داوە لە مسی دەرونی ، وە لەکاتێکا ئەم عاشقێکی مەجازیی بوە خودا خۆی ئەمی ڕاکێشاوە بۆناوی عیشقی حەقیقی .

شیعری پاش ئەویش هەر ئەوە ئەگەیێنیٚ ئەڵیٚ ، چاوت لیٚ‌بو ئەو کەوە بیٚ‌چارە کە ئاگای لەم دنیایە نەبو وە بۆخۆی قاقای لیٚ‌ئەداو ڕای ئەبواردو سەرگەرمی عیشقی مەجازیی بو ، چۆن شاهینی قەدەر هات‌و فڕاندی‌و بردی .

لەولاوە گوێی هی‌واهەیە گیانی ئەکاتە دانە بۆئەوەی بێن شکاری بکەن وە ببەن . . . ! ! ! ! بۆچی . .؟ چونکە ئەوەی ئەویارە شکاری بکات لە تەیهو ، واتە ، سوێسکەوە ئەبێتە هوما، کەچی یار وەکو ئاسکی ڕەمیدە ئەدا بەلایاو نایەویٚ‌و شکاری ناکات باوەکو ئامادەیش‌بێت گیانی پێش‌کەش کات ، بەڵام کەیار خۆی ویستی، باوەکو ئەم هەر بەتەمایش نەبوە دێت قۆڵیٚ ئەکا بە قوڵیاو ئەیبات ، چاودێری کەریش باهەر شەق بەرێت .

تەشبیهێکی تری ئەوەتە ئەڵیٚ ، ئەو کەوە باوەکو ئاگای لەهیچ نەبو خۆی بۆ تیاچون ئامادە نەکردبو، لەولای لابەلاوە شاهین هات‌و بە ئارەزوی خۆی شکاری

کرد ، مەبەستی ئەوەتە بڵێ مادام کەوتبێتە داوی ئەو خۆشەویستە خۆشبەختەو هوما مانەندە ، ئەمەش دەست نیشانە بۆ ئەودڵە بێ‌هەوالأنەی کە ئاگایان لەدنیا نیەو شکار ئەکرێن وە گرفتاری ئەوینێك ئەبن کە هەرگیز بیریان لێ نەکردوەتەوە جا ئایا ئەوینی مەجازبێ ، یان حەقیقی .

ئەوەتا ئەڵێ :

لەو کەبکێ خەرامان کو د کۆزێ ل قەبوهات
شاهینێ قەضابێ ب تەغافول ژ خوە راگرت
زینهارکەسێ دەست ب‌بت ئەرقەمێ سەروێ
بێ عیشوەیێ لەعلان نە ب تەسلیم ژهاگرت

ئەڵێ ، خۆ ئەمە بەزۆر نیە ،زینهارە ئامان صەد ئامان ، نەکەی ئەوەندە بێ‌ئەدەب بیت بتەوێ بەبێ ئیجازەو بەبێ ویستی خۆشەویست دەست ببەی بۆ دوو پەلکەی یار ، لەولاوە گوتمان ، ئەرۆنە ناوی باخ هی‌وای هەیە زوڵفی‌یار دێت بەدەستیەوە بەلأم خۆیشی گوتی یارخۆی بەئارەزوی خۆی هات‌و قوڵی‌کرد بەقوڵما ، جا ئەڵێ ئەمە بەزۆر نابێت وە نابێ لە مەیدانی ئەدەب بڕۆیتە دەرەوە وە وابزانیت خۆت ئەتوانی بگەیت بە مراز ، نە بەداونانەوەو گیان بەخشینە ، وە نە بەزۆرە‌بەڵکو بە ئەدەب کردن ، وە رەویەو رەوش زانینە ، جا ئەڵێ ئەگەر بەبێ‌پرس وە بەتەرکی ئەدەب دەست‌بەریت بۆ پەلکەی ئەو بالأ سەروە ، ئەو پەلکانەی وەکو ماری ژەهراویێ ئەدەن بە دەستتەوەو سەرو گیانیشت تیائەچێت ، لێرەدا رێبوار ئەڵێ ، باشە چارە چی‌یە ؟ ئامادەبوم گیانم بکەم بەدانەو بیخەمە سەری رێگای ئەو ، نەی‌خواردو بەلایا تێ‌پەڕی ، چومە باغیش لای لێ‌نەکردمەوە ، خۆیشم دەست‌بەرم وەکومار بدات بەدەستمەوە ، کەواتە چارەم چی‌بێت ؟ ئایا دەست هەڵگرم ؟ .

ئەڵێ ... ناء ... بەڵکو تۆ هەر لەسەری ئەدەب‌و تێکۆشان‌و هەوڵی خۆت بەردەوام‌بەو صەبر بکەرە پیشەی خۆت ، ئەوەی صەبری کرد ، هەرچەن صەبر تاڵە بەلأم بەرهەمەکەی شیرینەو رۆژێ ئەبێت بەمراز بگات ، زووتر گوتمان صەبر یەکێکە لە قۆناغە هەرە گەورەکانی تەصەووف هەرکەس بەو قۆناغەدا تێ‌نەپەڕێ لەبازاڕی تەصەووف‌دا هیچی بەهیچ نابێت ، مەگەر موارد وە مەجذوب بێت .

ئەمەش دەست ڕاکێشانە بۆ مەقامی صەبر ، وە مەبەستی ئەوەتە بڵێت ئەی موریدێك کەتۆ وەکومن موارد نەبویت کەیار خۆی دەست کات بەقوڵتاو بت‌بات ،

تۆیش ئەگەر لەسەری موریدی‌یەکەت بەردەوام بویت وە صەبرت کرد ئاخرەکەی تۆیش ئەگەیتە مراز .

حافظ ، سەبارەت بەم بەرهەمی صەبر کردنە دوو شیعری جوانی‌هەیە ، ئەڵێ :

آنکه رُخسار تُرا رنگِ گلُو نسرین داد
صبرو آرام تَواندْ بِمَنِ مسکین داد

واتە ، ئەوەی ئەو ڕومەتە جوانەی داوە بەتۆ ئەتوانێ صەبرو ئارامیش بداتە منی بیچارە .

یان ئەڵێ :

این همە شَهدوشَکرَه کزْ سُخَنَمْ می ریزد
اَجرْ صبری‌است کە زان شاخ نباتم دادند .

ئەڵێ ، ئەم هەموو شەهدو شەکرەی کە لەوتاری من ئەڕژێت ، پاداشی صەبرێکە ، ئالەو نەباتە دراومەتێ .

ئەمانەش هەر تەصەووفەو هەر هەمان قۆناغی صەبرە .

جەزیریی مەزنیش چەن شیعریك لە ئاخرا ئەفەرمێ .

شیعراتە مەلا سیحری شەکەر ڕێژە بە موعجیز
زانم ژ لەبێ لەعل ، تە ، ئەڤ لەفظ ئەدا کرد .

واتە ، مەلا ئەم شەکرەی کە لەشیعری سیحراویی تۆ ئەبارێت ، هی خۆت‌نیە ، یان لەخۆتەوە نیە بەڵکو هی ئەو لێوە ئاڵانەی یارە کە لەزمانی تۆوە هەڵ‌ئەوەرێن ، هەروەکو حافظ گوتی ، هی‌خۆم نیەو هی ئەو نەباتەیە .

لێرەدا هەردوکیان ئەڵێن خودا ئێمەی هانیوەتە گوفتار وە بەهۆی لوطفو فەیضی خواییەوە ، ئاوا گۆڕاوین وە بنیادەمەکەی جاران نین ، بەڵکو بوینەتە زێڕی پاكو بوینەتە شەکرو هەمو شیرینیو جوانی‌یێکمان دەست کەوتوە .

ئەم جۆرە شیعرانەی جزیریی بابەتێکن لەتەکی ئەوەشا یەکپارچە تەصەووفە ، ڕاستەوخۆ باسی تەصەووف ناکات بەڵکو بەئیشارەو بە کینایە ئەی‌گەیێنێ ، بەلاّم بۆ شارەزایان زۆرباش ڕوونە کە تەصەووفە ، هەروا کەتۆزێ شیمان کردەوە .

ئیستە دەست ئەکێشین بۆ برێ لەو شیعرانە کە ڕاستەوخۆ تەصەووفە ، وەکو :

پیری موغان ژ شیشەیی دامە سەفینەکی مەیی
شوکری خودێ کو قولزمەك من ژخوەرا قەبالەکر .
خضری برەمزو موعجیزی مەستیمە دی ددینگژی
هات پیالەیێك ددەست ئەشکەرە صەد پیالەکر .

پیری تەریقەت لە شیشەیێکا واتە لەدڵی خۆی جامێکی گەورە کە بەئەندازەی گەمییێك ئەبو شەرابی عیشق خۆی دەرخوارد دام .
واتە پیری تەریقەت روی دڵی تێکردم وە دەرونمی پڕکرد لە نورو بەرەکەت ، کەواتە شوکور بۆ خودا کە منیش توانیم بەشیخۆم وەرگرم ، بەشێك ئەوەندە زۆرە کە بەقەدەری دەریایێکە ، واتە منیش بومە خاوەنی مەڵبەندو دەریا .

شیعری دووەمی ئەڵێت ، ئەو خضرە خاوەن رەمزو موعجیزەیە کەدی من وا مەستی بادەی پیری تەریقەتم وە بزمەتە خاوەنی دەریاو مەڵبەند ، ئەویش نەك پیاڵەیێك صەد پیاڵەی بۆ تێکردم .

بێگومان ئەگەر مەبەست لەپیری پێشو مورشید بێت مەبەست لەم خضرە پێغەمبەرە ، درودی خوای لەسەر واتە ئەویش بە بچوکی خۆی وەری گرتم .

هەروەکو لە پێشا گوتم ئەگەر بێتو بەوردیی لەدیوانی جەزیریی بکۆڵینەوە باوڕم وایە تاکە قەصیدەیێك پەیدا ناکەین ئیشارەیێکی بۆ تەصەووف تیانەبێت قەصیدەی وایشی هەیە وەکو ئەمەی کەپاش ئەم چەند ووشەیە دێت سەرپاك فەلسەفەی وجودەو تەوحیدەو تەصەووفە . وەکو کە ئەڵێت .

هێ دبەر (**قالوبلی**) یی بەڵکو ئەڤ عالەم نەبو
چەرخو دەوراندەوری گەردون گونبەدی مینا نەبو .

واتە ، هێشتا ئەم جیهانە دروس نەکرابو ، یان بەر لە بەدیهاتنی ئەمجیهانە وە بەر لە قالوابلی ، واتە بەر لەدروس بونی ئەرواح کە خوا لێیانی پرسی (**أَلَسْتُ بِرَبِّكُمْ قَالُوا بَلَىٰ**) ، ئەوانیش گوتیان (**بَلَىٰ**) ، واتە بەڕێ والله تۆ ڕەبی ئێمەی . (**أعراف**) (۱۷۱) .

عەرشو کورسیی هێژ دمەخفیبون دکەنزا قودرەتێ
حوسنی حەق بو ئستوائی لامعا عشقێ هەبو .

واتە هێشتا عەرشوکورسی لەپشتی پەردەی غەیبەوە بون ، بەڵام جوانیی هەق وە تیشکی عیشقی حەقیقیی ئەوکاتەش هەربوەو وەکو ئیستە وابوە .

نەهتبون حوکمی صیفاتان ئەو ژذاتی «لَمْ یَزَلْ»
عاشق‌و مەعشوق یەك‌بون شەمع‌و هەم پەروانەبو .

جوانی‌و ئەوین قەدیمن وە لێك جویٚ نەبون بەلاٚم پاش بەدی‌هاتنی ئەم‌جیهانە ، واتە «**حادیث**» ئەوانیش کە پەیوەندیان پەیداکرد بە حەوادیثەوە ، واتە ، تازە بەدی‌هاتەکانەوە ، ناچار لێك جویٚ بونەوە وەئەمەش ویستی‌خودابو .

یەك د ذاتی سوڕ شرینان بوٚ جەمال‌و حوسن‌و سوڕ
یەك د قەلبیٚ ئەهلی‌دلٚ نارو جەلال‌و جەذبە بو .

ئەلیٚ جا پاش دەرکەوتنی جیهان وە پاش ئەوەی ئەو صیفەتانە لێك جویٚ بونەوە ، جوانی‌یەکە بویە هی جوانان وە لەواندا درەوشایەوە ، وە عیشق‌و ئەوین‌و خوٚشەویستیش بویە ئاگرو (**جەذبە**) و کەوتە دلٚی ئەوین‌داران‌و عاشقانەوە .

عاشق‌ومەعشوق «**الحق**» هەردو مرئاتی یەکن
لەو د ئەصلیٚ جەمع‌دا ئەصلی قەدیم ئایینەبو .

کەواتە ئەم عاشق‌ومەعشوقە کە لە بناغەدا هەردوکی یەکیٚ‌بوەو لێك جویٚ نەبوە ئیستەش ئاوێنەن بوٚیەکتر ، لەمدا ئەو بەدی ئەکەیت وە لەودا ئەم ، واتە ، ئەو پەیوەندەیان هەر نەپچڕاوەو ئیستەش وەکو ئاوێنەن بوٚ یەکتر .
پاش ئەم چەن‌شیعرە دێتەوە سەری تەصەووف وە ئەوەی کە گوتی پێشەکی‌بو بوٚئەوەی بلٚیٚ .

جەذبەئو سەیراسلوکی بیٚ مەحەببەت نابتن
جەهدەیا بیٚ عشق‌وحوب چەندی کوکر بیٚ فەیدەبو .

ئەلٚی ، سەیروسلوکی تەریقەت ، واتە ریٚ‌گرتنە بەری ریٚگای خوا پەرستی‌ی بەبیٚ عیشق‌و پەیوەندی روٚحی‌ی سەرناگرێت ، ئەوەی بیەویٚ ئەم ریٚگایە بداتەبەر ئەبیٚ وەکو عاشقێکی دلٚ‌لەدەس‌داو بێت ئەگینا هیچی بەهیچ نابێت ، «**دیارە عاشق ئەبێتە خەبات‌کارێك ئامادەیە سەرو مالٚی خوٚی لەرێی گەیشتن بەخوٚشەویستا دانیٚ**» .

سالکین عشق یەکایەك حەوجە نینن از دبیم
جامەیا پیری طەریق سەر ژنك شەهزادە بو

پیی ناویٚ من باسی یەکایەکی ئەوهەموە گەورە پیاوانەی تەریقەت بکەم چونکە شتەکە لەدرێژایی ڕۆژگارا ئەوەندە تاقی کراوەتەوە بوەتە بەدیهی و ئاشکرا .

کەواتە پیری تەریقەت ، (خەرقە) کە خەلاٚتێکە مورشید ئەیدات بەوکەسەی ئیتر ئەویش ئەگاتە پایەی ئیرشاد،ئەوخەلاٚتە هەروا لەخۆڕایی نایداتە خەڵك ، بێگومان تا ، وایان لیٚ نەهاتبیٚ شیاوی ئەو خەلاٚت و ئیجازەیە بن ئەو مورشیدەیش ئیجازەیان نادات ، بەتایبەت خەلاٚت لای سەروەرەوە واتەشازادەوە دێت مەبەستی ئەوەتە شتەکە خودایی یەو لای پێغەمبەرە وە خەلاٚت دێت ، وەروخسەت ئەدرێت .

ڕەنگ‌وڕەنك ئەهلی مەقاماتی طەریقیٚ چۆنە سەیر
هن جەلاٚل و هن جەمال و سەرمەیان ئەڤ بادەبو

ئەوانەی ڕێبواری ڕێگەی تەصەووفن هەریەکەی بەجۆریٚ مەقاماتی تەریقەتیان بڕی و چونەسەر بۆسەری لوتکەی ئاوات ، ئەڵیٚ برێك لە بواری جەلال وەبریٚ لە بواری جەمالەوە ڕۆیشتن ، لەبەشی موصطەلەحاتدا گوتمان ئەوانەی ئەگەنە فەنا،یان وان حاڵی جەلال‌دا یان جەمال‌دا،ئەوانەی لە ڕێبازی جەمالەوە خوا ڕێگای پیشان داون کە برۆن بۆمەنزڵی بەقا،وا بەئاسانی ی ئەگەنە بەقا ، بەلاٚم ئەوانەیان لەڕێگای جەلالەوە ڕیٚیان دراوە زۆریان هەر لەفەنادا ئەمێننەوە یان ماوەی مانەوەیان زۆرەو هۆشێکیان بەلای خۆیان‌و دنیاوە نامێنیٚ وە لەفەنای هەق‌دا غەرقن ، جا ئەوانەن بریٚجار سەبارەت بەوشتانەی کە خۆیان تیایا ئەژین شتی‌وا لە ئەسرارو نهێنی‌یەکان دیٚ بەدەمیان‌دا برێك بەشێت ئەیان‌دەنە قەڵەم وەبریٚ بەکافریان ئەزانن وەکو مەنصوری حەللاج‌و ذاالنونی میصری‌و بایەزیدی بەسطامی و زۆری تر ، لەکاتێکا ئەو لەوکاتەدا هۆشێکی بەخۆیەوە نیەو ئەو شتەی ئەیڵیٚ وەکو ئەوەی لەزمانی خۆشەویست دەرچیٚ وە زمانی خۆی نەبێت ئاوایە ، برێکیشی ئەسوتیٚ‌و بەرگە ناگریٚ ، جا ، جزیری ئەڵێت بریٚ لەڕێگەی جەلالەوەو برێك لەڕێگەی جەمالەوە ئەڕۆن بۆ بەقا ، وە سەرمایەی هەردو لاٚیشیان یەك سەرمایەیە ، کە بریتی‌یە لە بادەی مەحەببەت .

ئیتر ئەوەیان خودا خۆی ئەیزانیٚ بۆچی برێکی لەجەمالەوە ئەڕوات وبرێکی لە جەلالەوە.

ئێك ژوان پەروانەبو سوهت‌و فغانەك ژی نەهات
ئێك ژوان تەشبیهی گۆیینیٚ ب ئاهو ناڵەبو

ئەڵێ دەستەیێك لەو عاشقانە،سوتاو دەنگی لێ‌وە نەهات ، واتە کوڕانە سوتاو گەیشتە مراز ، فەنابون سوتانە،سوتانی پێناسی ئینسانیی ئەو کەسەیە کە ئیتر هەتا هەتایە ناگەڕێتەوە سەری ئەوپێناسانە ، نەفسی ئەممارە فانی ئەبێت وە پێناسە مەلەکوتی‌و خودا پەسەندەکانی ئەمێنێتەوە واتە (باقی باللە) واتە جگە فەرمان بەرداری هیچی نامێنێ .

بەڵام دەستەکەی‌تر ئەوانەی لە جەلالەوە رۆیشتون ئەو فانی‌یە عاشقانەن کە هەر لەمەڵبەندی فەنادا ئەسوتێن‌و ئەبرژێن وە وەکو باڵداری ناوی‌داو هەر پەلەفرێ ئەکەن ، ئەوانە وەکو باڵندەی «گۆیین» ئەبێ هەربناڵن ، واتە ، هەر شەطەح بڵێن .

وادیارە گۆیین تاق‌تاق‌کەرە یان ئەوجۆرە بوومەتە کە شەو تابەیانی ئەناڵێنێ وە هوم هوم ئەکات .

بەڵام ئیمە بۆ ناڵین ، ئەڵێین وەکو کۆتر ئەناڵێنێ .

ئاورێن ئەسوەد عیونان عاقڵان سەودا دکن
گەزمەیا عاشق ڤـدڵ کەفتی ژ چەهڤێن شەهلەبو

ئەڵێ ، ئاگری چاورەشان عاقڵ شێت ئەکەن ، واتە ئاگر بەرئەدەنە گیانی عاشق ، بێگومان مەبەستی ئەو مورشیدەکەی خۆیەتی .

پاشان ئەڵێ ئەو تیرەش کە ئەدات لە دڵی عاشق هی نەرگس‌چاوانە ، لێرەدا ئەبێ بڵێم پێوەندی مورید بە مورشیدەوە وای لی‌دێت ، ئەومورێدە مورشیدەکەی خۆی بە جوان‌ترین وە کامیل‌ترین ئینسانێك ئەزانێت کە بەرخوردارە لە هەرچی پێناسی باش‌و پەسەندە ، لێرەدایە فەنای مورید لەمورشیدا پەیدا ئەبێت ، واتە خۆی لە یاد ئەچێتەوە وە تەنها مورشیدی لەیادە وە زۆرجار وای لی‌دێت ، ئەو موریدە خۆی بە مورشیدەکەی خۆی ئەزانێت ، هەروەکو لە قوناغی فەنا فی‌الله دا دەست ئەدات .

بەڵام ئەم فەنا فی‌الشیخ ە لە قۆناغی سەرەتایی سلوك دا دەست ئەدات بە پێچەوانەی فەنای حەقیقی‌ی ، کەوا لەدوا قۆناغە کانی سلوك‌دا . ئەوانەی کە لە قۆناغی فەنای خوادا ئەمرن ، یان بەرگەی ئەوعیشقە ناگرن‌و تیائەچن، ئەوەتە شەهیدی عیشق ، کە زۆرجار لە شیعری صۆفی‌یەکانا ئەبینرێ وە لەبازاری تەصەووفدا بەناوی شەهیدی عیشق ناو نراون وە پایەیان بەرزە .

پاشان ئەڵێت .

عاشق و مەعشوق دا واصل ب یەکبن بێ حجاب
مەحو بوو (بالذات) عاشق لەو دعشقێ پەردەبو

ئەو لەپێشا باسی فەناو بەقای کرد ، جا ئەڵێ ، لە بەقادا عاشق بەچی باقی یە واتە چی لاماوەتەوە ؟ هەر تەنها خودا ، کەواتە عاشق و مەعشوق هەروەکو لە ئەزەل دا جوێ نەبون وە حادیث واتە جیهانی دروس کراو جوێی کردنەوە وە بونە ئاوێنە بۆ یەکتر، ئێستە کە عاشق سەرلەنوێ خۆی لەو دنیا ماددی یە پاك کردەوە شایستەیی ئەوەی پەیدا کردوە بتوانێ سەرلەنوێ بێ پەردە بە چاوی دڵ نوری خودا ببینێ وە لەناوی دەرونی خۆیا هەستی بکات چونکە لەوەو پێش ویستو خواستی نەفسانی و شەهوانی و شەیتانی بوبونە پەردە ، ئێستە بە خەبات و تێکۆشانی ئەو رێبوارە ئەوانە هەموی سوتان وە تیاچون، کەواتە پەردەکە لابراوەو نوری خودا لەدەرونی ئەو خۆش بەختەدا درەوشاوەتەوە هەروەکو پێغەمبەر درودی خودای لەسەر فەرمویەتی «**قَلْبُ المؤمنِ عَرْشُ الرَّحمن**» .

ئەڵێ ، مادام عاشق پێناسی نەفسانیی خۆیی نەهێشت ئیتر پەردەیێ نەماوە، وە هەمیشە لە دەرونی خۆیا هەستی نوری خودا ئەکات ، وە خۆیشی ئەبێتە پارچەیێك لەنوور .

ئەڵێ :

لەو دعشقیدا فەنابو تابیێت باقی ب دوست
عاشق فانی نەبو واصل ، حەتا باقی نەبو

ئەڵێ ، ئەو لەوعیشقەدا بۆیە تیاچو بۆئەوەی ئیتر لە تەکی دۆستا بمێنێتەوەو جاویدان بێت ، وە لەناوەرۆکا ئەو تیاچونە خۆی زیندو بونەوەیە، بەشە ماددیی و نەفسی یەکەی تیائەچێت وە بەشە رۆحی و مەعنەوی یەکەی جاویدان ئەبێت زوتر گومان ئەوەی لە پلەی فەنا تێپەری تازە ناگەرێتەوە بۆسەری کرداری ناشیرین و ناپەسەند، وەکو ئەڵێن (**بمرە بۆژیان**) ئەمە مردنی نەفسە بۆژیانی رۆح، مردنی خدەی حەیوانیی ئینسانە ، بۆ ژیانەوەی خدەی مەلەکوتی و رەبیانی .

جا ئەڵێ عاشق وەنەبێ تەنها بە گەیشتنە پلەی فەنا ئیتر پێ گەیشتبێ ناء ، بەڵکو ئەبێ لە فەنایش تێپەڕیو بگاتە بەقا .

ئەڵێ عاشق فانی تەنها بەفەنا نەگەیشتوەتە مراز ، بەڵکو ئەبێ بگاتە مەنزلی بەقایش جا گەیشتوەتە مراز .

نوقطەئێ علم‌وسەوادێ حەرف‌و نەقشی عالەمی
سەر ددن مەعنایەکێ ئەصلی سەوادی نوقطەبو

لێرەدا دەست ئەکێشێتەوە بۆ فەلسەفەی وجود وە ئەصلی وجود ، ئەڵێ هەرچی زانیاری‌و هەرچی ئەم نەقش‌و نیگارەی دنیایە وە هەرچی جوانی‌و بونە هەموی یەك واتای هەیە ئەویش ئەوەتە کە هەموی لەیەك خاڵ‌و لەیەك سەرچاوەوە هەڵ ئەقوڵێت وە لەیەك نوقطەوە دێت کە بریتی‌یە لە ذاتی هەق خۆی وەئەو خۆیەتی کە ئەم هەموە جوانی‌و نەقش‌و نیگارو خەلائقەی هاوردوەتە بازاڕی وجودەوەو دروسی کردون وە هەموی لەیەك خاڵەوە هاتونەدی .

هەر یەکەو ، دێ یەك ببینێت ئەووەڵ‌و ئاخریەکە
(لاجرم) نابێ دووبێ نیدێ ببینێت هەر هەبو

واتە ، خوا یەکێکەو بەڕاستی‌ی خوایش هەر ئەبێ یەکێ بێت چونکە کەبونە دوو ئیتر ئەوە خودا نی‌یە ، هەروەکو خودا خۆی لە قورئانا لەسورەی «ئەنبیا» (٢٢) دا ئەفەرمێ ، (لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلَّا اللَّهُ لَفَسَدَتَا) واتە ئەگەر جگە الله خوایێکی تر هەبوایە دنیا وا نەئەما فاسیدئەبوو تێك ئەچو .

جا مەلایش ئەڵێ خوا هەر یەکەو ئەبێ یەکیش بێت ئەووەڵ‌و ئاخر هەرئەوە وەخودا (واجب الوجوده) وە ئەم جیهانە بەبێ خاوەن‌و ڕێك‌خەرو بەڕێوەبەر هەرگیز نەئەهاتەدی وە دەوامی نەئەبو .

هەرچ دەعوایێ دعشقی‌دا «مەلی» ثابت کری
عەینی دەعوایێ د (نفس الامر) دیسا شەهدەبو

ئەڵێ ئەم‌شتانەی مەلا رونی کردنەوەو باسی کردن لەشتە نهێنی‌یەکانی عیشق،ڕوون کردنەوەو سەلماندنی پێ‌ناوێ چونکە لەراستیدا شتەکە خۆی هەروایەو ڕاستەقینەیە ، بەلام شتێ‌هەیە ئەوەی چاوی دەرونی کرابێتەوە وا بەئاسانی‌ی ئەیبینێ‌و ئەیزانێ ، ئەوەش ژەنگ رووی دەرونی گرت وا چاوی دەرونی بەسراوەو هیچی لێ نازانێت .

«بەڕاستی من سوپاسی خوا قەت تەواو ناکەم» .

یەکەم : بۆئەوەی خستمیە سەری ئەم ڕێگایە ، کە ، کەڵکەڵەی لێکۆڵینەوەی تەصەووفی خستە سەرم ، وە لەمجیهانە شیرین و بەرینەدا چاوم کرایەوە .

دووهەم : بۆئەوەی بەهۆی لێکۆڵینەوەی ئەم بەشە ئەدەبی یەوە ، جزیریم ناسی و دیوانەکەیم بشکنی ، بەڕاستی جزیری ئەگەر هی ئێمە نەبوائی ئیستە لەجیهاندا پلەوپایەیێکی تری هەبوو ئیستەش سوپاس بۆ ئەوانەی هەر یەکەی لە ڕوانگەیێکەوە لەم دیوانە کۆڵیونەتەوەو چاپیان کردوە .

بەڕاستی ئەگەر بەشێوەیێکی صۆفی یانەو بەتەواوی لەهەمو دیوانەکە بکۆڵرێتەوە لامۆایە چەن بەرابەری دیوانەکە توێژینەوە ئەبات . خۆزگە بۆ شارەزائیکی چابوك و بەتین و دڵسۆز ئەم کارەی بکردایێ .

مەلا زۆرجار باسی بادەو خۆشەویست و مەستیی ئەکات زۆر جار بەناوی **«تولە»** واتە ، سەگ ، ناوی خۆی ئەبات ، دیارە ئەمانە ڕەمزە ، مەبەست لەساقی مورشیدە ، مەبەست لەبادە ئەو نوروبەرەکەتەیە کە لە مورشیدەوە یان ڕاستەوخۆ لەلایەنی خوداوە دەستی بەندە ئەکەوێت برێکی دەست کێشانە بۆحال وەکو ووشەی سوکور،یان بۆ مەقام،وەکو باسی فەناو بەقاو مەحوو ئەو جۆرە شتانەی لەو مامەلەی تەصەووفەدا دێتە ڕێگای ڕێبوار .
وەکو ئەم چەند دێرەی کە ئەڵێ .

بادە مە نوشی ژدەست چومەژخو مامە مەست
قەطرە بە بەحری گها بەحر ب عەینی خوما
گوش بە عامی مەدە تەرکی مودامی مەدە
أكثرهم في غمی اغلبهم في عمی .
حەرف ژیەك بونە فەصل گەریبەری وان ب ئەصل
حەرف دیێت یەك خەتەك کونەما نوقطە نەما .
وەحدەتی موطلەق مەلا ، نورە دقەلبان جەلا
زۆر دقی مەسئەلی ئەهلی دڵان شوبهەما

لێرەدا ، بادەو مەستی و قەطرەو بەحرو خەت و حەرف و نوقطەو وەحدەتی موطلەق و نورو قەلب و جەلاو شوبهەمان لە مەسئەلەدا وە ئەهلی دڵان ؛ هەموی

موصطەلەحاتی تەصەووفە وەپەنجە ڕاکێشانە بۆلای تەصەووف وە ئەو خوێنەوارەی باش لەتەصەووف نەگات بەباشی‌ی لە مەبەستەکەش ناگات .

ئەڵێ .

صوفی‌یێ خەلوەنشین بێنە سجود
هەردو برهێن تەنە میحرابێ دوعا
عەرضی کی‌دیێ بکرم صورەتێ حال
کە تویی قیبلەیێ ئەربابێ دوعا
ژ دوعائیێ قەدەحەك دەردەستە
هەر سەحەر مەستێ مەیێ نابێ دوعا
گولێ ئیقبالێ ژ گولزاریێ قەبول
م چنی‌بو د شەکەر خوابێ دوعا

لەئاخرا ئەڵێت :

ژ ئەزەل یەك جهەتی‌ی دایە «مەلێ» هەر مە ئیخلاصە ژ ئەسبابێ دوعا لێرەدا ، صۆفی ، خەلوەنشین، میحرابێ‌دوعا ، صورەتی‌حالێ ، قیبلەی ئەربابێ دوعا ، قەدەح ، شەکەرخوابێ دوعا ، یەك‌جیهەتی‌ی ئەزەلی‌ی، ئیخلاص ، ئەمانە هەمویان پەنجەڕاکێشانە بۆ موصطەلەحات وە ڕەوشی تەصەووف ، وە زۆرێك لەم موصطەلەحانە زووتر حافظ بەکاری بردون ، وە خوی زۆر لەو موصطەلەحانەی کردونەتە کوردی‌و ئەدەبی کوردیی پێ دەوڵەمەند کردوە .

ئەگەر من بمەویێ پەنجە ڕاکێشم بۆ هەموی ئەو شیعرانەی جزیریی کە تەصەووفیان تیایە مەگەر قامك ڕاکێشم بۆ هەموی دیوانەکە .

کەواتە وا هەر بەگوزەر پەنجە ڕائەکێشم بۆ ئەو شوێنانەی گومانی تیانیە ، باس‌باسی تەصەووف ، یان فەلسەفەی تەصەووف ، یان فەلسەفەی وجود ، وە تەوحید وە ئەوجۆرە مەبەستە گرنگانەیە .

بەپێی دیوانەکەی زفنگی‌ی .

لاپەرەی ٥٩ تا ئاخری قەصیدەکە . کە سەرەتای قەصیدەکە ئەڵێ .

دەستی قودرەت کو هلاڤیت ژ بەژناتە نیقاب .

لاپەڕەی ٦٦ تائاخری قەصیدەکە . سەرەتاکەی ئەڵێت .

للهالحمد ، ژیاریٚ مە د دەست جامە لەبالەب

ژ لەبێ نوشی پەیاپەی ددلٚئیلهامە لەبالەب .

جگەئەوە ئەم پارچە هۆنراوەیە هەموی صوفیەتی یە ئەوەش دەرئەخات کەمەلا موراد بوە ، ئەوەش لێرەدایە کە ئەڵیٚ .

قەدەحەك تازە ژ عیشقیٚ د «ئەزەل» دامە،حەکیمی

ژ دنوشین هەیوەهەی هیٚ ب خوە جامامە لەبالەب

بەراستیی ئەم پارچە هۆنراوەیەی مەلا ، لەڕوانگەی صوفیەتیەوە یەجگار بەرزە پڕیەتی لە موصطەلەحات .

بەتایبەت لەنزیکی دوا هێنان بە قەصیدەکەدا کەئەڵیٚ .

تە دزانم تە دبینم کەتوئی نوری وجودی

«الله الله» ژ چ نورە د سەرایامە لەبالەب

لێرەدا مەلا بۆی دەرکەوتوە وجود ، واتە ، هەستیی ، یان بوون هەموی نوری خودای تیا ئەدرەوشێتەوە ، واتە ، ئەو تیشکە نەبوایێ وجودێك نەدەبو هەستکەریٚ نەبو تا هەستبکات بە هەستیی وە هەموشتیٚ نەناسراوو داپۆشراو بو .

بەڵام لێرەدا هەستی نورێکی تایبەت ئەکات لەناویماڵی خۆیا ، بەڵام ئایا مەبەستی جزیری خانو بوە ؟ .

مەبەستی جزیری لەو خانووە دەرونی خۆیەتی وە بەر لەجزیریش زۆر جار ، «سەرا» واتە خانوو ، بۆ دڵ بەکار براوە ، یان وشەی وێرانەو ، وێرانەماڵ ، مەولەویش هەرشتێکی وای هەیە کەباسی سەردانی پیریخۆی ئەکات لەدەرونی ، وەئەڵیٚ .

غەیری تۆ ئازیز لەم زەمانەدا

کیٚ بیٚ گوزەرکات بەم وێرانەدا

بەڵیٚ ، بۆ خودا پیٚداوان،دڵ مەنزڵو مەڵبەندی نوری خودایە ، ووشەی نور لەقورئاندا زۆرجار هاتوە وە واتای زۆری هەیە وە باسمان کردوە .

لێرەدا ئەتوانین سەبارەت بەو شیعرەی جزیری دەس نیشانی ئەو ئایەتە بکەین کە ئەفەرمیٚ «اللهُ نورُ السَّماواتِ وَالأرْضِ» سورەی نور ، ئایەتی «٣٥» یان ئەو حەدیثەی کەئەفەرمیٚ «قلب المؤمن عرش الرحمان» لە لاپەڕەی ١٠٥ دا ئەڵیٚ .

عەقدی ئیحرامی دعشقیدا کو پیری عیشق بەست
دی چ غەم گەر خەرقی رەهنی خانەیی خەممار بت

ئیحرامی عیشق ، پیری عیشق ، رەهنی خەرقە لای پیری مەیفرۆش ، هەموی تەصەووفەو ، موصطەلەحاتی حافظە ، زۆر جاریش حافظ لەشیعرەکانیا بە بارمتەدانانی خەرقەی خۆی لە مەیخانەدا شانازیی کردوە ئەمانەش هەموی ئیشارات‌و کینایاتی تەصەووفە .

لام وایە ئەمە مشتێ بێت لەخەروار وە گوڵێ بێت لەگوڵزار،کە بەسە بۆئەوەی بتوانین بڵێین ، بەراستی پیری جەزیر سەرهەڵقەی رەندان‌و سەرقافڵەی قەلەندەران وە ئاڵاهەڵگری شیعری تەصەووفی کوردیی وە سەرکاروانی شیعری کلاسیکی کوردیی وە تاکە سوارەی مەیدانێکە کەم سوارچاك ئەتوانێ ئەسپی هونەری تیا تاوبدات .

لێکۆڵینەوەی دیوانی جزیری ئەوەی بۆمن دەرخست لەناوی شاعیرە کوردەکاندا ، ئەوانەی بەکوردیی شیعریان نوسیوە،تەنها جزیریی ئەتوانێ شاعیرێکی تەصەووفی تەواو بێت،واتە هەموی دیوانەکەی،لەگەڵی ئەوەشا بەهەمو هونەرێکی شیعریی رازاوەتەوە،لەهەمان کاتا سەرتاسەری دیوانەکەی تامو مەزەو چێژی گیان بەخشو بۆنی خۆشی تەصەووفی لێ نابڕێت ، وە هیچی کەم نیە لە دیوانی شاعیرە صوفییەکانی نەتەوەکانی دەوروبەری خۆی .

دووهەمی ئەوەتە بڵێم ئەگەر بێتو تەصەووف لە دیوانەکەی لابەرین وەکو ئەوەتە گیان دەرکەین لە لەشی گیان لەبەرێك ، بەم جۆرە بۆمان دەرئەکەوێ تەصەووف تاچ رادەیێ کاری کردوەتە سەری ئەدەبی کوردیی ، وە تا چ رادەیێك دەوڵەمەندو بەپێزی کردوەو بەرزی کردوەتەوە ، بۆئەوەی بیگەیێنێتە شوێنی شیاوی خۆی.

سید عبد الرحیم «مەلەوی»
«١٢٢١ - ١٣٠٠» ك

مەولەوی گومانی تیانیە صوفی مەسلەك بوە ، چونکە موریدی شیخ عوسمان سیراجوددین بوە ، مەولەوی جگەئەوەی کە [illegible] ... [illegible] زۆری بوە ، لە عەقائد وە عیلمی کەلام [illegible] «اَلْفَضِیلَة» کە زیاترە لە سێ هەزار شیعری عەرەبی ، وە (ال[illegible] لەدوو هەزارو چوارصەد شیعری کوردی پیشاندەری هێزی [illegible] زانیاری مەولەوین ، وانەزانن ئەم دووکتێبە هەروا شیعری سادەن بەڵکو خوینەواری ئەوێت لە عەقائدو کەلامدا لێیان تێبگات ، بەڵام بەڕاستیی جەنابی مامۆستا مەلاکەریم هەروەکو کە هەمیشە هۆی خێرو بەرەکەت بوە وە خزمەتی کردوە بە زانیاری لە هەمو ڕوویێکەوە ، هەردوکی شەرح کردون ، فەضیلەکەی چاپ کراوەو مەرضیەکەش لەژێری چاپایە .

لەتەکی ئەم هەموە پەیوەندەی مەولەوی بە عیلمو [illegible]سەووفو مەشایخەوە ، لەگەڵ ئەوەشا ناتوانم بڵێم مەولەوی شاعیرێکی صوفی بوە ، واتە ، گیانی خۆی تەرخان کردبێت بۆ تەصەووف ، چونکە نەخۆی گەیشتوەتە پایەی کەمالێك کە بەناوی ڕێبەر وە مورشیدێك بناسرێت ، وە نە شیعرەکانیشی بەوجۆرەن کە هەر صۆفیەتی بێت ، یان بڵێم هەر باسێکی کردوە بردویەتەوە سەری تەصەووف وەکو مەلای جزیری ، بەڵکو لە موناسەبات [illegible]ەروا کە بۆ پیری خۆی شێخ عوسمان نامەی نوسیوەو باسی صۆفیەتی تێدایەو دیارە لە زانیاری تەصەووفدا شارەزایە ، هەروایش بۆ دۆستانی دنیایی خۆی شیعری نوسیوەو بەتەواوی دور کەوتوەتەوە لەدنیای صۆفیگەری .

شیعرەکانی مەولەوی هەرگیز ئەوە ناگەیێنن کە خۆی لە گۆڕەپانی تەصەووفدا گەیشتبێتە مراز وە لەبەهرەی صۆفیەتیدا کەفەرێژ ئەکات ،بەڵکو شیعرەکانی هەمیشە پیشاندەری ئەوەن کە مەولەوی دەسەوداوێنی مورشیدەکەیەتی کە لوطفی لەگەڵ بکات ، وە قەت ناتوانێ خۆی بە خاوەن دەسەلات دابنێ ، واتە ، وەکو مەلای

جەزیری وابێت ، کە لەگەڵی ئەوەشا حافظی خۆش ویستوە کەچی ئەڵێ من ئیتر شاگرد نیم بەڵکو قارەمانو قەلەندەرم ، وە ئەی کورد تۆکە منت هەیە ئیتر ئیحتیاجت نیە بە حافظی شیرازی .

کتێبەکانی تری مەولەوی هەرچەن هەموی ستایشی خودایەو تێ‌کۆشانە بۆدامەزراندنی ئایین وە بتەوکردنەوەی باوەری ئیسلامی ی ، وە هەرچەن لەوانیشدا لاین‌گری ئەکات لەتەصەووف وە بە دەرمانی دامەزرانی باوەری ئەزانێت ، لەگەڵی ئەوەشا تەصەووف نیە ، چونکی شیعری ئاییتی جیایە ، باسی تەصەووف خۆی باسێکی جیاوازە لەناوی چوار چێوەی ئاییندا ؛ بۆ نمونە لە تەصەووف‌دا باس باسی حاڵو مەقامو موشاهەدەو موکاشەفەو ئەنوارو ئەسرارو فەناو بەقاو مەستی‌و مەحوو صەحوو ئەوجۆرە شتانەیە .

مەبەستم ئەوەتە بڵێم مەولەوی هەرچەن هەم مەلاچاکبوەو هەم موریدو خەلیفەی شێخ عوسمان لەگەڵ ئەوەشا بۆخۆی جیهانێکی جیاوازی هەیە کە نە لەجیهانە تەواو صوفی‌یەکەی جزیری ئەچێت وەنە لەجیهانی **(مەحوی)** .

مەولەوی بۆخۆی دنیایێکی فەقیرانەو گوندنشینانەو بەڵکو دەوار نشینانەیشی هەیە ، مەولەوی زەگوریشەی تێک‌ئالاوە لەگەڵی جوانی‌ی سورشت‌دا هەرچی هەوارگەی جوانی ناوچەی هەورامانو تاوگۆزیو کوردوستانی سۆرانە هەموی دیوە لەتەکی خێڵەکاندا گەرمیانو کوێستانی کردوە ، شاعیری سوروشتەو پەروەردەی دەستی سوروشت ، سوروشتی جوانو بێ‌وێنەی کوردوستانی رەنگین .

لێرەدا بە خوێنەواران ئەڵێم ، ئەی‌خوێنەواری بەرێز، لاموایە ئەوەی بە بەهاران ، بە هاوینان بە پاییزانو زستانان‌دا ، گوندەکانو شاخو داخو دەشت‌و دەرو جەنگەڵەکانی کوردستان نەگەرابێ ، شەو لەو هەوارانەدا رۆژی نەکردبێتەوەو لەسەری لوتکەی شاخەکانەوە چاوی بە شەبەق نەکرابێتەوەو قاسپەی‌کەوو جریوەی چۆلەکەی کوێستان لەخەو هەڵی نەستاندبێ ، بەشەوا بۆنی شەوبۆی کوێستان ، زاخاوی مێشکی نەدابێت ، ئەوگیا بۆن خۆشانەی نەکردبێتە سەرینی ژێری سەری ، بەرۆژا لەداوێنی بەفراودا گوێی شل‌نەکردبێ بۆ نەغمەی ئاوو هەزاران جۆر دەنگی پەلەوەرو گیان‌لەبەر ، بەسەر لوتکەی هەرەبەرزی شاخە هەرە بەرزەکانەوە ، گیای **(بەرزەڵنگی)** دەست‌کە نەگرتبێ وە پڕ بەهەردوو سیەکانی ئەو بۆنەی هەڵ نەمژیبێ ،

گیای چنوورو لۆو سورەهەلاّلّەی نەکردیێتە باقەو نەیخستبنە تەنشتی باقەی هەلاّلّە برەم (شلێرە) بەدەستی خۆی ، قارچك (کارگ) و پیچك‌و کاشمەو کەرەس‌و بەناو بەرەزاو شنگ‌و هالّەکۆك‌و رێواس‌و تەرلەژەرەژان‌و چوزەبەنای نەکەندبێت وە نەی‌خواردبێت وە تاموەزەی هەموی نەکردبێت ، لە لارەسێبەری ئێواران‌و دەمەو بەیاناندا لە سێبەری کاوو سەختی کوێستانان‌دا ، شیرین‌خەوی نەکردبێت ، وە شنەی پای‌کاوان ماندویی لە لەش دەرنەکردبێت‌و نەی حەساندبێتەوە بلوێری شوانەی هەردەویلّ ئاورشێنی رۆحی نەکردبێت ، باورکەن زۆر دوورە لەئینصاف ، ئەگەر بیەوێ سەبارەت بە جوانی‌ی سوروشتی کوردستان بدوێو شیعربنوسێ ، چونکە هەرچی بلّی‌و هەرچی بنوسێ هەر ناتەواوەو دەست هەلّبەس .

ئەوەی من‌گوتم تەنها باسی هەردو چیای چۆلّبوو ، جا وەرە سەیری ژیانی ناوی باخ‌و ناوی کشت‌گەو مەزرا ، ژیانی خێوەت نشینان ، ژیانی گوندنشینان ، بەتالّ‌و شیرینیەوە بە خۆش‌و ناخوشیەوە ، نوستنی سەری خەرمانان‌و چەرداخی کشت‌وکالّ ، وەرە سەیری جوانیی پاییزی باخ‌ودەشت ، سەیری گەردەلولی بەفری کوێستانان‌و ژیانی ئەو گوند نشینانەی شەش‌مانگ لەسالاّ لەگەلّی بەفرو سەرمادا هاودەم‌و هاوەلّن وەرەسەیری هەزاران جۆر گەران‌و ژیانی تایبەتی کاروکاسبی گوندنشینان ، هەزاران خۆشی راوو شکاری گیان‌دارانی جۆراو جۆر ، وە صەدان دیمەنی جۆراوجۆری ئەوجۆرە ژیانانەی کە زۆربەی شارنشینان لی‌یان دوورن .

مەبەستم ئەوەتە،ئەوەی بیەوێ ، ئەوەی ئەینوسێ ، وە ئەەی بەیادگار لەخۆی جی‌ی دێلّی ، دەست هەلّبەست‌و بی‌گیان‌و بی‌رەونەق نەبێ ، ئەبێ هەولّبدات لەژیانی خەلّکی ولاّتی خۆی ، وە لە هەمو بەشەکانی ژیانا بەشداریی بکات ، تاوەکو ئەوەی ئەینوسی هەروەکو نوسینەکانی مەولەویی جاویدان ، وە پڕ لە کاکلّەو گەوهەربێ .

مەولەویی زۆرباش لەهەموی ئەم ژیانانەو صەدان جۆری ژیانی‌تر شارەزابوە ، وە گیانی لەگەلّی سوروشتی ولاّتەکەیا هەلّشێلراوەو تیك هەلّچوە ، لەبەری ئەوە هیچ پارچە شیعرێکی نیە شوێنەوارێکی جوانی‌ی سوروشتی تیا بەدی نەکەیت ، ئەمە بەشێکی ژیانە تایبەتەکەی مەولەوی بو،جگە ئەمە ، مەولەویی پەیوەندێکی بەربلاّوی بەخەلّکەوە بوە ، وە لەگەلّی دۆست‌و ئاشنادا بە زمانی هۆنراوەو شیرین‌کاریی ئەدەب دواوە ، بەناوچەکەدا زۆر گەڕاوەو زوو زوو دیدەنی کردوە لە دۆستەکانی .

شین ئەکات بۆ کۆچی ناسراوان وە ئەیان لاوێنێتەوە ، شیعرەکانی هۆی دڵدانەوەی لەشوێن جێ‌ماوانی کۆچ کردوانە ، هەروا کە لەشیوەنی دۆستاندا بەشداری کردوە ، لەشادیی ئەوانیشا بەشداربوە وە بەشیعری جوان وای پیشان‌داوە وەکو ئەوەی خۆی لەناوی زەماوەندەکەدا بوبێت وایە ، مەولەوی جگە لەوە پەیوەندی گەرمی بوە لەتەکی مورشیدی خۆیا شێخ‌عوسمان سیراجوددین ، لەتەکی مورشید زادەکانیشیا پیوەندی گەرمی بوە وە شیعری بۆ نوسیون تەنانەت لە دەرونیشەوە خۆی‌داوە بەدەستیانەوە وە ئەم نزیکی‌یە هەم لەهۆنراوەکانیا وە هەم لە تەئلیفە کانیا بەدی ئەکرێت .

لە پێشەکی‌ی عەقیدەکەیا ئەڵێ یارمەتی مەعنەوی حاجی شێخ عەبدولرەحمان ئەو ورەیە دامێ بتوانم روو بنێمە ئاوا کارێکی گرنگ .

هەروا پاش فەوتی شێخ عوسمان بوەتە موریدی شێخ بەهائوددین ، لێرەدا لەتەکی مەحویدا ئەبنە هاوموریند ، جگە ئەودوبرایە پەیوەندێکی رۆحی‌ی گەرمی لەتەکی شێخ‌عومەر ضیائوددین دا بوە کە برای باوکودایکی‌ی شێخ بەهائوددینە ، وە بەتەمەن بچوکتربوە لە شێخ بەهائوددین .

لە پێشەکی‌ی «**الفضیلە**» دا ئەڵێ ، شێخ بەهائوددین ئەمری پێ‌کردم کە ئەم کتێبە دانێم .

مەولەوی پاش فەوتی شێخ بەهائوددین دووساڵ ماوە وە پەیوەندی لەتەکی شێخ عومەردا هەر بەردەوام‌بوە ، بەڵام لەوکاتەدا چاوی کوێربوە وەئیتر گلوگوێزی پیروموریدیی نەماوە .

مەولەوی جگە ئەم دووجیهانە ، واتە دنیای سوروشت وە دنیای مەعنەوی‌یات ، پەیوەندێکی گەرمی لەگەڵی دووجۆرە خەڵکی‌ترا هەبوە .

دەسەیێکیان دۆست‌و رەفیق‌و هاوشان‌و هاو پایەی خۆی بون وەکو ئەحمەدبەگی کۆماسی‌و شێخ مۆمنی سازانی‌و شێخ حەسەنی‌سازانی‌و شێخ یۆسفی نۆسمەیی‌و شێخ‌عەبدوڵلای داخی‌و شێخ عەزیزی جانەوەرەیی‌و ئەحمەد پریسی‌و مەلا عەبدولرەحیمی نجارو دەیان دۆستی‌تر کە بەداخەوە ناویان نازانین .

جگە ئەو دۆستە هاو مەشرەبانەی خۆی ، وە لەوانیش زیاتر پەیوەندێکی گەرمی لەگەڵی بەگزادە جافەکانا بوە ، ئەوان رێزیان لەمەولەوی گرتوە ئەویش رێزێکی زۆری ئەوانی لابوە ، بێگومان ، هۆزی تاوگۆزی لەژێری چەتری فەرمان‌رەوایی

جاف‌دا ژیاون ، مەولەویش ئەو مافە بۆ میرەکانی جاف قایل‌بوە ، مەقامی ئەدەبی‌و مەلاچاکی‌ی مەولەویی بوەتە هۆی ئەوەی زۆرتر تێکەڵ بێت لەگەڵیانداو تەنانەت لەتەکی ژنە شاعیرەکانی جافەکاندا شیعریان بۆ یەکتر نوسیوە ، هەروەها هەرکاتێ گەورەیێکی جاف کۆچی کردوە مەولەویی شینی بۆکردوە ئەو شیعرەی هەر لەپێش چاودایە کە لەکۆچی قادربەگی کەیخسرەوبەگ‌دا نوسیویەتی کە لە گۆرستانی سەیید خەلیلدا نێژراوە وە داوا لەخاوەن مەقامەکە ئەکات کە ئاگای لە قادربەگ بێت ، وەئەڵێ .

یاخەلیل ئامان کێ عادەت کەردەن
تۆشە وەدەرگای کەریمان بەردەن

ئەوەتا مەحمود پاشای جاف کەشکۆڵەکەی خۆی بەشیعری مەولەوی رازاندوەتەوە .

ئەمانە جگە ئەو هەموە مەلاو فەقێیانەتە کە ڕەوشە جوان‌و قسەخۆشەکانی مەولەویی رای کێشاون بۆلای خۆی .

کەواتە ژیانی مەولەویی ژیانێکی هەمەڕەنگەو **(ڕەنگین‌کەوان)** ، مانەندە .

وە لەهەموی دیاریی‌تر لەشیعری مەولەوی‌دا شوێنەواری جوانی‌ی سوروشتی کوردوستانە .

ئیستە دێینە سەری ئەوبەشەی کە تەصەووف کاری کردوەتە سەری شیعرەکانی مەولەویی وە کەمیش نیە .

لە یەکەم پارچە هۆنراوەدا کە بە **«ئیمشەو ئەنیانێ جەسەی زەبونم»** دەست پێ ئەکات وە باسی خەم‌و پەژارەی خۆی ئەکات ئەگاتە ئەوەی ئەڵێت .

ساقی ساجامێ ئەمجار دەخیلم .

وە داوای بادە ئەکات لەساقی‌و ئەڵێ

بدەر پێم نۆش‌کەم چون هەردە جاران .

پاشان داوای سازو سەمتورو چەنگ ئەکات وە ئەڵێ شیعری خۆم بەم سازانەوە بۆبڵێن ، دوبارە لەساقی ئەپاڕێتەوە کە مەولەویی لەیاد نەچێت وەئەڵێ .

ساقی ئامانەن نەشو جەویرت
وە فەریادم ڕەس تۆ بەشقی پیرت

دیارە مەولەوی پیاوی ساقی‌و سازو دەفی مەجازیی نەبوە شەراب خۆرو شەراب خوازیش نەبوە ؛ بەتایبەت ساقی سوێند ئەدات بە عیشقی پیری ، واتە مورشیدە کەی ، بێگومان ئەم جۆرە شیعرانە چ لە عەرەبی‌و فارسیدا چ لەکوردیی‌شا مەبەست هەر شەرابی مەعنەوی‌یەو ساقیش مورشیدەو مەستیش هەمان سوکری تەصەووفە کە باس‌کرا .

ئەم جۆرە شیعرانە تەصەووفێکن ، لەعەینی ئەوەدا وان لە پەردەدا وان لەعەینی ئاشکرایی‌دا ئەویش بەو بۆنەوەیە کە خاوەنەکەی ناسراوەو دیارە ئەهلی ئەوکارانە نیە کەواتە ئاشکرایە مەبەستیشی چی‌بوە .

لە لاپەرەکانی (٣١ – ٣٢) دا ، کە ئەڵێ

ئەی گردمەوجودێ جەتۆ گرت مایە .

لە شیعرەکانی جەزیری‌و مەحوی ئەچێت کە بۆنی وەحدەتی وجود ئەدات ، وە ئەوەندە لەگەڵی شیعرەکانی جزیری‌دا لەیەك ئەچن باوەڕم هاتوەتە سەری ئەوەی مەولەویی شیعرەکانی جزیریی خوێندوەتەوە ، ئەمەش نەك هەر سەبارەت بەم مەبەستەی ئیستە ، بەڵکو بۆ وردەکارییێك کە لە شیعرەکانی فەضیلەدا هەیە ؛ بۆنمونە ، مەلای جزیریی ئەڵێت .

ژ سیرڕا لامەکان واجب تەنەززول کرد ئیمکانی
فاین العلم این العین واین الاین اذ لااین

مەولەویی ئەڵێت
مَتی مَتی ؟ حتّیٰ اَتی عَلیّه
مِنْ اَیْنَ اَیْنُ ینتمی الیه

لە بارەیێکی ترەوە مەحویی ئەڵێ .
غەیری وەحدەت لەوجودا نیە ، کەثرەت وەهمە
سادە تیکراری یەکە مەنشەئی ئەوهامی عەدەد

جزیریی ئەڵێ .
یەکبو ئەلیف یە نوقطەکر یەك شکلی‌دی لیٚ زێدە کر
هەردەم پەیاپەی صفرەکر بالاٚ ببالاٚ ڕوتبەدا

لە رووێکی ترەوە مەولەویی ئەڵێ .
پەنهان بیێ تەنها وەحدەت مەوج مەوەرد
پەی شناسایی ظهورێوەش کەرد

جزیری ئەڵێت ،
بەحرا وجودی جوشی هات نورێك تەنەززول‌بو ژ ذات
هاتن تەعەیون تێك صیفات ئەشیا ظهور عیلمی‌یەدا

دیارە بیرو باوەری عەقائدی ئیسلامی ی بەتایبەت لەزانیاریی کەلام‌دا هەر لەمێژەوە لەناوی موسوڵمانان‌دا باوبوە ، وە هەر کامەی بەجۆری تێکۆشاون ، بەدەلیلی عەقڵی و نەقڵی ی ، وجودی خوای گەورەو **(واجب الوجودی)** یەتی ئەو بسەلمێنن وەنەبێ دەست‌کردی جزیریی یان مەولەویی بێت مەبەستم تارادەیێك لەیەك‌چونی دارشتنی وتەکانە ، بەتایبەت ئەگەر هەموی گوتنەکانی هەردولایان بەرانبەر بگرین ، دیارە ئەوەش لەوزەی ئەم نوسینەی ئیستەی‌من بەدەرە،بەلام بۆیە خستمە بەری‌چاو بۆئەوەی بزانرێ ، شایەد کەسێ پەیدابوو وە ئەم‌کارەو ئەم بەراوردەی کرد .

هەر لەم قەصیدەیەی مەولەوی‌دا ووشەکانی وەحدەت ، ناسووت ، جەمال ، جەلال ، فەنا ، بەکاربراوە .

لە لاپەرەی **(٣٩)** دا ئەڵێ ئەم شادی‌یەی من هی‌بادەی وەصڵی تۆیە ، کەواتە تۆ هەر لەم بادەی وەصلەم بۆتێکە با لەطائفەکانم هەمویان زیندو بنەوە ، جا ئەڵێ .
ساپێمدەر دەی‌دەی ، پەی‌پەی ، نەو مەی مەی
لەطائف مەردەم یەکسەر بکەر حەی

لە لاپەرەی (٤٨) دا قەصیدەیێکی بۆ مورشید وە مورشیدزادەی خۆی شێخ‌بەهائوددین نوسیوە ، ئەڵێ .
ساقی ئینە بەزم وەصڵی یارانەن
چەرخیچ هەرئەوچەرخ هەردە جارانەن
دەورێ دەر وە بەزم وە پیاڵەوە
ژەنگی دڵ وەزاخ مەی بماڵەوە

جامی'مان جەدەس تۆ هەم سەندەبۆ
فرصەتەن نەصیو نەك نەمەندە بۆ

ئەڵێ ، ساقی ئەمە بەزمی وەصڵی یارانە کەواتە خولێك بدەو جامێکمان بۆتێکە لەو مەیەی کە ژەنگی دڵ لائەبات ، «واتە رەین» لائەبات .

(**کلا بل ران علی قلوبهم ماکانوا یکسبون**) ، (**مطففین ١٤**) جا ئەڵێ نەکا عومر بەدەمیەوە نەمابێ ، با لەخزمەتی تۆیشا ئەی تازە مورشید بەرەکەتیکمان پی گەیشتێ هەروا کە لەباوکتەوە پێمان گەیشتوە .

لەلاپەرەی «٦١ – ٦٤» لەتەکی خوای خۆیا رازونیاز ئەکات وە داوای لێبوردنی لێ ئەکات ، لەم قەصیدەشا ووشەی تەصەووف زۆر بەکارئەبات ، وەکو . هەوای نەفس ، چەن تەزبێحێکی ذیکر ، رێگەی حەقیقەت ، مەحبوبی حەقیقی ی ، مەوطینی ئەصلی ی ، هەوای مەجازیی ، کیبرونیاز ، وە زۆر شتی تر .

لە لاپەرەی (٦٧) دا شیوەن بۆ چۆڵبونی ماوای ئازیزەکەی ئەکات ، مەولەوی هاتوتە سەیری هەواری چۆڵی یاران ، لەکاتی باسی ئەوشتانەدا گوایا کاتی خۆی لەو هەوارانەدا بون وەئیستە نەماون ، ئەڵێ پەرەی گوڵی مەعاریف وەریوەتە سەری گڵ . چەمەن لەسۆزی بولبول چۆڵە ، کوا ئەو نەزەرەی پیرم لێرەدا و کوا هەڵقەی ذیکری «خەق» ، واتە ذیکری نهێنی نەقشبەندی یەکان ، کواناڵەی هەزار رەنگی صۆفی یەکان ... هتد .

لە لاپەرەی حەفتادا باسی وەلوەلەی دەفی شای دەروێشان وە جۆشی سەمتوری گۆرانی ی بێژان ئەکات ، ئەڵێ ، ئەمانە سازکەن بەڵکو تۆوی ئارەزوی دڵ بەئاوی بارانی چاو سەوزکەمەوە وە بەئاهی هەناسەم سەرلەبەیان گوڵی رووی ئازیز بپشکوێنم . هەر لەپاش ئەمە سەرلەنوێ لەم پارچە شیعرەیشا هەر داوای دەفی دەروێشی ئەکات ، ئەڵێ ، دەروێش بەم دەفەت هەم پەندی خەڵك دادەو هەم لۆمەو سەرزەنشی من بکە ، بڵێ دەهەستە ، شەو دەست لەخەو هەڵگرەو دەست بکەرە خواپەرستی ، چونکە تەنها ئەوانەی کە بێدارن وە وان لە خواپەرستیدا ئەکەونە بەری پەرتەوی تەجەللای هەق ، چونکە تەجەللا بۆ نوستوان وە غافڵان نیە بۆ دڵ بێدارانە ، ئەڵێ شایەد ئەمشەو نوری خودا درەوشایەوەو تۆ نوستبوی وە لی ی

مەحرومو بێبەش بویت وە هەتا هەتایە بویە داخ بۆت . ئەم باسەی مەولەویش لەوێوە سەرچاوەی گرتوە . کە ئەڵێت .

واچە هەی دڵەی ئەبلەی بێخەبەر
هۆرێز ساتێ تەرك خاوی‌شیرین کەر
نەوا میهمان‌بۆ تۆ نەوینی کەس
خەفەت‌بۆ پەرێت تا ئاخرنەفەس

لە لاپەڕەی «٧٣ – ٧٦» ستایشی مەرحومی شێخ حەسەنی مەولاناوا ئەکات کە یەکێکە لەپیرانی تەریقەتی قادری ، وە لەساڵی «١١٣٦ك» دا ، فەوتی کردوە «**دیوانی‌مەولەوی ماموستامەلاکەریم**» ، موصطەلەحاتی تەصەووفی زۆری تیایە ، مەولەوی زۆر لە موصطەلەحاتی گۆڕیوەتە سەری شێوەی هەوارمی . ئەڵێ :

بولبوڵی گوڵشەنی بێ نام‌ونەنگی‌ی
تەزەروی سەرچڵ باغچەی بێڕەنگی‌ی
نوختەی ئینتیهای دائیرەی تەمام
نەی ، دەسی نەی‌چی ، توتیی دیای‌جام
یانەی‌دڵ وەفەیض رای‌مەولا ناوا
تەواری تەڕلان ، لان مەولاناوا

واتە ، ئەی بولبوڵی گوڵشەنی (**بیناوی**) ، صۆفیەتیی خۆی بێناوی‌یەو ، (**بێڕەنگی**)یە . ئەی باڵندەی باغچەی (**بێڕەنگی‌ی**) واتە ئەی ئەوکەسەی بەشوێنی ناوبانگ‌و زەرق‌وبەرقی دنیادا نەگەڕاوی .

ئەی نوختەی پایانی تەواوی دائرەکان ، لەبەشی ڕێبازی نەقشبەندی‌دا ، باسی ئەو دائرانەم کردوە ، بەدائیرەی ئیمکان دەست پێ ئەکات وە بە لاتەعینی تەواو ئەبێت .ئەی ئەوکەسەی کە وەکو بلوێری دەستی نەی‌چی وەهای ، هەم خۆتت داوەتە دەستی بلوێژەن ، واتە دەستی خاوەنت ، بەکورتی‌ی خۆت تەسلیمی خوداکردوە ، کە تەسلیم پایەیێکی تەصەووفە ، واتایێکی تری ئەوەتە ، وەکو کە بلوێر ئاورشێن‌کەری هەست‌و رەوانە ، تۆیش ئاوا کارئەکەیتە سەری دەروون ، وە نەفەسی خودایت تێدایە ، وە وەکو توتی‌ی لەئاوێنەدا سەیری خۆی ئەکات تۆش ئاوا هەم عەیبی خۆتت لەبەرچاوەو هەم ئاگات لەپشتی سەری خۆتەو خاوەن کەشفی .

ئەی ئەوکەسەی کە ماڵی دەرونت بە فەیضی خودا سواغ دراوەو بریسکەی‌دێ ، وە هەروەکو «**بازی**» تەرلان ، لە گوندی «**مەولاناوا**» دا لانەت کردوە .

سەبارەت بەشیعری یەکەمی مەولەوی کەئەڵێ

بولبوڵی گوڵشەن بێ نام‌و نەنگی

تەزەروی سەرچڵ باغچەی بێ ڕەنگی .

مەولانا جەلالوددین شیعرێکی هەیە پڕ بەپێستی ئەم موصطەلەحەیە کە ئەڵێ ،

عشقهایی کز پی رنگی بود

عشق نبود عاقبت ننگی‌بود

ئەڵێ ئەو عیشقانەی کەبۆ بەدەست هێنانی ڕەنگێ بێت ، واتە بۆئەوە بێت پێی بڵێن صۆفی ، یان شێخ یان پیاوچاك ، یان هەرجۆرە دەست‌کەوتێکی دنیایی ، ئەوە عیشق نیە وە ئاخرەکەی نەنگی‌و ئابرو چونە ، جابۆیە مەولەوی بەشێخ حەسەن ئەڵێت

مەلی سەرچڵی باغی بێ‌ڕەنگی .

هەروەها موصطەلەحاتی‌تریشی تیایە .

لێرەدا مەبەستێك هەیە بەپێویستی ئەزانم بینوسم ، ئەویش ئەوەتە ، جەنابی مامۆستا مەلاکەریم لای‌وایە برێ ووشەی هەورامی «**نی‌ی**» ئیضافەی نیە ، لەبەری ئەوە لە دیوانەکەدا نەینوسیون ، هەروەکو لەم شیعرانەدا کە لەباتی ئەوەی بنوسێ (**بولبولی گوڵشەن**) نوسیویە «**بولبول گوڵشەن**» یان لەباتی «**نەی دەسی نەی‌چی**» نوسیویەتی: نەی دەس نەی‌چی یان لەباتی «**تەواری تەرلان**» نوسیویە «**تەوار تەرلان**» .

من بە چەن بەڵگەیێك لام‌وایە جگە لەو شوێنانەدا کە بەهاوردنی ئەو نی‌یە کێشی شیعرەکە تێك بچێت ، ئەگینا هاوردنی ئەو نی‌یە جوانترەو هەقی خۆیشیەتی . بەڵگە کانیشم ئەمەنە .

یەکەم من خۆم هەورامیم وە هەمو شوێنێکی هەورامان گەراوم لهون ، تەخت ، دزڵی ، ژاوەرۆ ، هەمویشیان ئامۆشۆی بیارەیان کردوە ، هیچکام بەبێ ئیضافە قسە ناکەن جارجار (واوی) ئیضافە جار جارەیش (نی‌ی) ئیضافە بەکار دێرن . واوەکەیش بەم جۆرەیە (**نەیەو دەسو نەیچی**) (**بلبلو گوڵشەنی**) (**تەوارەو تەرلانی**) .

ئینەوە سەری باسەکەی خۆمان. لەلاپەرەی «٩٣» دا، لە بارەی جەلال وە تەجەللاوە باسی کردوە وە پیشان ئەدات، حاڵەتی جەلال حاڵەتی تورەیی و قەهرە

«**سەیری ووشەی جەلال بکەن هەرلەم کتێبەدا**»، جا ئەڵێ «**بسم الله**» تۆکەوای لە جەلال دا دە بەدەرە بەری تیرەکانت.

لە لاپەرەکانی «**٩٤ تا ٩٦**» دا، سەرلەنوێ باسی دەف و ساقی و مەی و نەی و ئاهەنگ و موطریب ئەکات، بەڵام ئەمانە ئامادە ئەکات بۆ رۆیشتن بۆزیارەتی حەزرەتی غەوث لە بەغدا، وە ووشەی خوشوع وە دوعایش بەکار ئەبات کەهەموی بابەتی صۆفیەتی و ووشەی بەکاربراوی صۆفیەتی یە.

مەولەویی لە لاپەرەی «**١٠٥**» بەولاوە سەبارەت بەپیری باس ئەکات وە ناسك کارێکی زۆری بەکار بردوە، ئەڵێ، ناوچاوانم ئارەزوی زیارەتی ئەژنۆم ئەکات وەئەمەش کرنوش بردنە بۆ جەنابی پیری.

بەکورتی ئەیباتەوە سەری ئەوەی کەئیتر وادەی تۆبەی یەکجاریی یە، وە باسی سەرکەشی یەکانی خۆی ئەکات وەئەڵێ ئەمانە هەموی هی سەرچڵی و لاویی بون وەئیتر وادەی تۆبەمە، خودایا تۆیش ئەم تەوبەمە لێ قوبوڵ کەیت.

وتمان تۆبەش یەکێکە لەمەقامەکانی تەصەووف. لەلاپەرەی «**١١٩**» بەولاوە لە نامەیێکدا بۆ شێخ موحەممەد جەسیم ناو، سکاڵا لە دەستی دووریی ئەو ئەکات وە ئەڵێ، جیهانی زانیاریی بێخاوەنەو مەدرەسەکان چۆڵن. لەم نامەیەدا موصطەلەحاتێکی زۆری صۆفی‌گەریی بەکاربردوەو برێ یاسای تەصەووفیشی هاوردوەتە ناوەوە.

وەکو تەقدیس، تەمجید، تەوحید، «**کشف الغطا**» هەرچەند لێرەدا ناوی کتێبێکە بەڵام حاڵەتێکیشە کە بەسەری دڵی رێبواردا دێت وەشتی پشت‌پەردەی پیشان ئەدەن، وە پاشان باسی تەسلیم ئەکات، واتە رازی‌بون بە تەقدیری خودا، کە مەقامی تەسلیم یەکێکە لەمەقامە باڵاکانی صۆفیەتی ی، ئەڵێ:

هەر شێری جەشیر شێران شیر وەردەن
گەردەن پەی زەنجیر تەقدیر کەچ کەردەن

«تەوبە» :

هەروەکو وتمان ، مەقام هەیەو حالْ هەیە ، مەقام بەوچۆنیەتە بەردەوامە ئەڵێن ڕێبواری ڕێگەی تەصەووف تیا ئەمێنێتەوە تا هەرکاتێ خوای گەورە بیەوێت ، وە ئەوکەسە «**استعداد**» وە «**قابلیەت**» ی هەڵگرێت بۆ مەقامێکی باڵاتر ، هەروەکو چۆنیەتی ئیستەی کاربەدەستێکی سپێرراوو فەرمانبەری میری کە لە پایەیێکەوە «**تەرفیع**» ئەکەن بۆ پایەیێکی باڵاتر ، حاڵیش ، خۆشیو ناخۆشیێك ، وەیان گەرمیو ڕووناکیو بەرەکەتێکە ، زوو تێپەڕ ، دێتو ئەچێت وە ڕێبوار خۆی هەستی ئەکات ، ئەویش ئەکرێت «**تەشبیهی کەین**» بە پاداش ، وەیان «**تەشویق**» وە ئافەرینێك ، وەیان ، دڵخۆش کردنێکی زوانیی ، یان ماددی ، کە لەگەڵ کاربەدەستێکی میریدا ئەکرێت ، کە ئەو شتە خۆی پایەو پلە نیە ، بەڵام ، ئەکرێ موژدەیێك وە دڵخۆشیێك بێت بۆ ئەو کاربەدەستە ، لەئاکامدا لەو دڵ خۆش کردنو ئافەرین کردنانەوە بۆی دەرکەوێت ، کە میری لێی ڕازییەو ، وائەوەدا پایەی باڵاتری بدرێتێ .

جاوتمان مەقام زۆرن ، بەڵام ، دەمەقام هەن ، ئەکرێ بڵێین وەکو بنجو ڕیشە ، وەیان ساقی درەختێکن هەمو مەقامەکانی تر ئەبنە لقو پۆپیان ، ئەگەر بێتو باوەڕی هەمو پیاوە گەورەکانی ڕێگەی تەسەووفیش بگرینەپێش چاو ، کەبڕێك لە حاڵەکانیان بەمەقام ناساندوە ، مەقامە بەناوبانگەکان لەپانزە مەقامیش زیاترن وائیستە یەکەیەکەی ئەو دەپانزە مەقامانەتان «**بەوچەشنەی ئەوگەورەپیاوانە خۆیان وتویانە**» پێ ئەناسێنین ، وە باسیان ئەکەین .

پێشەنگی هەمو مەقامەکان ، مەقامی «**تەوبە**» یە ، بێگومان ، هەر مەقامەی خۆی شوێنەوارو (**صەلاحیەتو**) چوارچێوەیێکی هەیە ، مەگەر ئەو کەسە خۆی هەستی پێبکات کە وا لە مەقامەکەدا ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا هەر ئەو گەورە پیاوانە خۆیان ، بڕیجار بڕێ شتیان درکاندوە ، سا یان بە نووسین وە یان بە گوتن ، ئەوانەمان بەدەستەوەیەو ، هەروەها «**ظاهیری شەرعی**» ئەوشتەش ، لەگەڵی ئایاتی قورئانی یێکدا کە لەوبارەوە هاتون .

بەباوەڕی گەورەپیاوانی ڕێگەی تەصەووف ، «**تەوبە**» ئەبێتە پەشیمان بونەوەو دەس هەڵگرتن لەکاری دژی فەرمانی خودا ، بەپێی دەستوری قورئان تەوبە فەرزە

لەسەری هەمو موسوڵمانێك ، لە سورەی نوردا ، خوا ئەفەرمێ. «وتوبوا الی اللهِ جمیعاً ایُّها المؤمنونَ لعلکُم تُفلِحون» کەوابو لەسەری هەمو موسوڵمانێکە تەوبە بکات ، چۆن تەوبەیێك ؟ «یاایُها الّذینَ آمنوا توبوا الی اللهِ توبةً نصوحاً» بەکورتی ی«نەصوح» ئەبێتە تەوبەیێکی بێگەڕانەوە ، تەوبەیێك لەکانگای دەرونەوە هەڵقوڵێت وە لەپەشیمانییەکی ڕاستەقینەوە سەرچاوەبگرێت ، واتە ئەبێ تۆلەدڵودەرونەوە بگۆڕێیت تاخوایش یارمەتیت بدات ، هەروەکو کەئەفەرمێ «انَّ اللهَ لایُغیِّرُ مابِقَومٍ حتّی یُغَیِّروا ما بِأنفُسِهِمْ» ، «ئەبوطالیب ئەلمەککی» «٣٧٨»ك لەکتێبی «قوت القلوب» دا «٣٠» لاپەڕە هەر لەسەری باسی تەوبە چوەجا چۆن دیارە کە تەوبە فەرزە ئەوە ئایەت بۆ ئەنجامدانی کە لە پێشا وتمان ، کەواتە بوە فەرز ، ئەی ئەگەر تەوبە نەکەین ؟ ئەوەتا لەسورەی حوجورات ئایەتی «١١» دا ئەفەرمێ «وَمَنْ لَمْ یَتُبْ فاولئكَ هُمُ الظالمون» کەواتە تەوبەنەکەر بەپێی دەستوری قورئان «ظالم» و لەزومرەی ستەمکاران دائەنرێت. هەر بەپێی ئایەت خوای گەورە هەم تەوبە قوبوڵ ئەکات وەهەم گوناهی تەوبەکاریش ئەبەخشێت جونکە ئەفەرمێ «انَّ اللهَ یُحِبُّ التوّابین» وە من لەوەوپێش لەکاتی باسی ئەوەدا کە تەصەووف ڕێڕەوێکی ئیسلامییە هەموی ئەوئایەتانەم نوسیون وەپێویستی بەدوبارەکردن نیە ، جا بزانین گەورەپیاوانی تەصەووف تەوبە چۆن باس ئەکەن ، وە بەلایانەوە تەوبە چۆنەو چەندپلەی هەیە ، ئەم گەورەپیاوانە ئەڵێن ، تەوبە بناغەی هەمو حاڵو مەقامێکە وەهەرچی حاڵو مەقامە کە باس ئەکرێت بەهرەو ئاکامو ئەنجامی تەوبەن ، زەوی چ دەورێك ئەبینێ لە دروس کردنی خانوو بەرەدا ، کە بە بێ زەوی خانوو ناکرێتەوە ، تەوبەش بۆ حاڵو مەقام واتە ، چونکە بە بێ تەوبە هیچ حاڵو مەقامێك دەس ناکەوێت ، جا تەوبە سێ پلەی هەیە.

١ - «تەوبە» : «وانّی لغفّارٌ لِمَنْ تابَ وآمَنَ وعَمِلَ صالحاً» «غافرُ الذّنبِ قابِلُ التّوبِ»
٢ - «انابە» : «وجاء بقلب منیب» .
٣ - «أوبە» : «نعم العبد انه أوّاب» .

تەوبە ، خۆی بەشێوەیێکی تێکڕایی ، دەس هەڵگرتنە ، بە شێوەیێکی ئاشکراو نهێنی لەهەرچی موخالەفەی شەرعە ، واتە هەرچی خوایێ ناخۆشە وەدەس پێکردن ، وئەنجامدانی هەرچی خودایێ خۆشە بەپێی شەرع بە ئاشکراو نهێنی.

جا هەروەکو وتم سیٚ پلە دانروە بۆ ئەم پەشیمانی یە، ئەوکەسەی تەوبەکەی لەترسی «عەذاب»، واتە ئازاری‌خودا، وە بۆ وەرگرتنی پاداشی خۆشی‌ی ئەم‌دنیا وەیان بەهەشت، لەودنیادابو، ئەوە «تەوبە»ی‌کردوە: وە «تائب»ە ئەوکەسەش، هەرلەبەرشەرم‌لەخودا، وەلەبەرئەوەی خودا چاوی لەکردەوەکانیەتی، وە لە هەموشتێکی ئاگادارە تەوبەی‌کرد ئەوە «مونیبە» کەوتوەتەبەشی «إنابە» وە ئەوکەسەش، کەهەر لەبەر دان‌نان بەعەظەمەتی خوادایە کەنزیکی خواپەناکەوێتو، هەموچاکەیێکیشی لیٚ ئەوەشێتەوە، ئەوە کەوتوەتە بەشی «ئەوبە» وە بە «أوّاب» ناوبراوە.

جاصوفی یەکان باسێکی تریشیان هاوردوەتە ناوەوە لەبارەی ئەوەوە کە مرۆف ئەبیٚ لە چ شتێك تەوبەکات، قوشەیری «٤٦٥» ك، لەزوانی ذوالنون میصریەوە کەیەکێکە لەگەورەپیاوانی تەصەووف ئەڵێت: تەوبەی‌خەڵك بریاردانە بۆ دەس‌هەل‌گرتن لە گوناەکردن، بەڵام تەوبەی پیاوچاکان، ئەوەتە دەس لە «غەفلەت» هەل‌گرن، واتە بکۆشن بۆ ئەوەی، هەرگیز، وەبۆ تاقە چرکەیێکیش، خوایان لەبیرنەچێت.

«عبد الله التیمی» کە یەکێکە لە گەورەپیاوانی تەصەووف، ئەڵێت، ماوە زۆرە، لەنێوانی تەوبەیێکو تەوبەیێکی‌ترا، بریٚ کەس، بریارئەدەن دەست‌هەڵگرن لە گوناە، هی‌وایش هەیە بریارئەدات دەست‌هەڵگرێت لە هەڵەو لە «غەفلەت»، بەڵام هی وایش هەیە، تەوبە ئەکات لەوەی کە چاوی لەچاکەی خۆی‌ بێت، واتە ئەکۆشێت لە پەرستشو چاکەکانی خۆی ورد نەبێتەوە، وە بەهیچیان دانێت.

«سهل ابن عبد الله» «٨١٨ – ٨٩٦»م، ئەڵێت، تەوبە ئەوەتە، گوناهانی خۆت لەبیرنەبەریەوە.

واتە هەمیشە گوناهی‌خۆت لەپێش چاوبێت، بۆ ئەوەی بکۆشیت بەچاکەو پەرستش، تۆڵەی بکەیتەوە.

بەڵام «جونەید» ئەڵێت، تەوبە ئەوەتە گوناهانت لەبیربچێتەوە، جا ئەوەی «سەهل» بۆ صوفی‌تازەکارە کە چاوی لە کردەوەی ناشیرینی پێشویەتی‌و: بەگەرمیش سەرگەرمی پەرستشە، بەڵام ئەمەی «جونەید» کە ئەڵێت گوناهانت لەبیربچنەوە، واتە، ئەوەندە غەرقی خواپەرستی‌بیت، نەك هەر گوناە ئەنانەت خۆیشت

لەبیربچێتەوە جائەمەش هی پێگەیشتوانو گەورەپیاوانی ئەو ڕێگاتە، ئەوەش ئەگەیێنێت تازە مادام تەوبە تەوبە بێت، خوا، گوناەکاری بەخشیوەو ئیتر یادکردنی ناوێت بەڵام «رُوَیْم ابن اَحْمَد» هاوچەرخی جونەید ئەو، باوەڕێکی تری هەیە، ئەوئەڵێت، ئەبێ تەوبە بکەیت، لە «تەوبە» جائەموتارە، ئەگەر ظاهیرو ڕواڵەتەکەی سەیرکەین، پێچەوانەی شەرعە، چونکە وتمان تەوبە فەرزە دەی چۆن تەوبە بکەین لە فەرز ؟ وەکو ئەوەتە تەوبە بکەین لەنوێژ، بەڵام، مەبەستی «رویم» سوفییانەیە ئەڵێ نابێ هەرچاوت لە تەوبەکەت بێت، وە بیکەیتە ورکە بۆخۆت، وە وا بزانیتە، کارێکی گرنگت ئەنجامداوە، ئەوە وەسوەسەی شەیتانە بۆئەوەتە لە خودا غافڵت کات بەڵکو ئەبێ تەوبە بکەی لەو باسیتەوبەیە، وە لە پاداشی چاکیی تەوبە وەلەوەی کەتۆ ئەم کارەت ئەنجامداوە، جا تەوبە لەخەیاڵی تەوبە بکەو، هەر سەرگەرمی خواپەرستیی بە.

بەمچەشنە بۆمان هەیە بڵێین، تەوبە سنورو دیوارو بڕگەیێکە، لە نێوانی ژیانی پێش تەوبەکردن، واتە پێش پەشیمانبونەوە لە کردەوەی ناپەسەندەوە ژیانی تازەی دوای تەوبە کردن، ژیانی خواپەرستیو بەپێی فەرمانی شەرع جوڵانە وە.

ئەیشتوانین، چەن مەرجێکی بۆ دانێین، وەکو ئەوەی پەشیمانبونەوەو شەرمەزاریی یەلە کردەوەی لەوەپێش، وەلە سەرکەشیکردنو لاڕێگرتن لە فەرمانی خودای گەورە،لەپاشان بڕیاردانە لەسەری نەگەڕانەوە بۆلای ئەو کردەوە چەوتانە، سێهەم، دەسبەجێ دەستکردنە بە پەیڕەویکردن، بە دڵو بە گیان، لە فەرمانیخودا، بە باشترین شێوە،وە تەوبەش،هەروەکو قامکان بۆکێشا سێپلەی سەرەتاییو ناوەندی و پایانیی هەیە کە بریتین لە تەوبە،ئینابە،ئەوبە،ئەوەی لە ترسیسزاو بۆپاداش پاشەگەز بو ئەوە خاوەنی تەوبەیە،ئەوەش لەبەر شەرمەزاریی خۆی، وە لەبەر ئەوەی کەخوا بە حاضر ئەزانێت، وە ڕوی نیە گوناە بکات وە دەس لە خرابە هەڵئەگری وە تەوبە ئەکات،ئەوەش خاوەنی «ئینابە» یە،ئەوەش، هەر لەبەر ئەوەی بەندەیخودایەو، لەخۆشەویستیی خودادا تەوبەئەکات و چاوی نە لەپاداشیبەهەشتو نەلەسزایجەهەنەمە ئەوەش خاوەنی «ئەوبە» یە: وئایەتی «نِعْمَ العَبْدُ اِنَّهُ اَوّاب» بۆئەوجۆرەبەندانەیە، کەخوا دەربارەی بڕێ لەپەیامبەرەکان فەرمویانە، «سەرەڕای هەمویئەمانەش» تەوبە مەقامێکی گەورەی گەورەپیاوانی شارێگای تەصەووفە، وەخەڵاتو بەراتی تایبەت. وپێناسو شوێنەواری خۆی هەیە،

کەمەگەر هەرخوا بیزانێت‌و ئەوبەندە سەربەرزو خوشبەختانەی کە ئەو خەڵاتە ئەکرێن، «**شیخ الاسلام عبد الله الانصاري الهروي**» «٣٩٦ – ٤٨١» ك، لەکتێبی «**منازل السائرین**» دا ئەڵێت، «**ولایتمُّ مقام التوبة، الا بالانتهاء الی التوبة مما دون الحق ثم رؤیة علة تلك التوبة، ثم التوبة من رؤیة تلك العلة**» واتە مەقامی‌تەوبە بەتەواوی نەبوەتە هی کەسێك، مەگەر ئەوکەسەی گەیشتبێتە ئەوەی، جگە خودا تەوبەی لەهەموشتێ کردبێت واتە دەستی لەهەموو وەسیلەو هەموشتێ بەردابێت، وە تەنها دەستی بەخواوە گرتبێت، لەپاشان دەستیشی هەڵگرتبێ لە هۆی تەوبەکردنەکە، کە گوناەکردن بێت، یان تەنانەت وجودو هەستی‌ی‌و بوونی خۆیشی، لەپاشان تەنانەت ئەو هۆیەشی لەبیربردبێتەوە، ئەبێتەچی ....؟ ئەبێتە ئەوەی مەقامی‌تەوبە لەبیربردنەوەو، لەیادچونەوەی هەموشتێك جگەذاتی خودا، ئەمە خۆی «**فنای‌نەفس وەبەقا بەخودایە**» جابۆیە وتراوە مەقامی‌تەوبە، چونکە هەربریتی نیە لە بچران لە خرابەو بەسران بە چاکەوە، بەڵکو دواپلەکەی ئاوای لێ‌دێت کەوترا.

«**ابنُ القیّم الجوزیة**» «٦٩١ – ٧٥١» ك کەلەکتێبی «**مَدارِجُ السالکین**» دا شەرحی لە «**مَنازِلُ السّائِرین**» کردوە، سەبارەت بەشەرحی ئەم‌مەقامە، وە مەقامەکانی‌ترەکتێبێکی هەزار لاپەڕی هەیە جا سەبارەت بە مەقامی «**تەوبە**» ئەڵێت «**والذي ساقَهُم الی ذلك سلوك وادي الفناء في الشُّهود، فلایَشْهَدُ مع الحق سیّاً، ولاوسیلة ولارسما البتة** » لەپاشان ئەڵێ «**ونحنُ لاننکرُ ذوقَ هذا المقام، وأنّ السالك ینتهي الیه ویجد له حلاوةً ووجدا ولذة لایجدها لغیره البتة، وأنّما یُطالبُ اربابه والمشمرون الیه بأمر وراءه وهو أن هذا هو الکمال، وهو أکمل من حال من شهد افعاله وراها ورأی تفاصیلها مشاهدا لها صادرة عنه بمشیئة الله وارادته ومعونته فَشَهدَ عبودیته، مع شهود معبوده، ولم یَغِبْ في شهود العبودیةِ عن المعبود، ولایشهودِ المعبود عن العبودیّةِ، فکلاهما ناقص، والکمال أن تَشْهَدَ العبودیةَ، حاصِلةً بمَنّة المعبود وفضله ومشیئته، فیجتمع تلك الشهودان، فان غیبت بأحدهما عن الآخر فالمقام مقام توبة، وهل الغیبة عن العبودیة الاهضم لها ...؟**».

بەکورتی ناوەرۆکەکەی هەرئەچێتەوە سەر باسی تەوبە لەتەوبەکردن، واتە، فەنابونی بەندە، لە ذاتی‌هەق‌دا، وە بەقاومانەوەی ذاتی‌هەق، جا ئەڵێ، ئەوەی ئەو گەورەپیاوانی ڕێگەی تەصەووفەی خستوەتە سەری ئەم مەبەستە، ئەم گرتنەبەری ڕێگەی فەناتە، ئاواتی گەیشتن بە «**شهودە**» (**شوهود، واتەدیتن،**

وەهەست‌کردنی نوری هەق ، بەچاوی بەصیرەت ، بە چاوی دەرون) ئەڵێ ، بۆ بەدەست‌هێنانی خۆشی‌ی شوهودە،وا ئەم خەڵکە شێوی فەنای داوەتەبەرو ئەو ڕێگایە ئەپێوێ ، جا هاتو ئەوان گەیشتن بەو ئاواتە ، (**فلا يشهد مع الحق سببا**) ئیتر سەبەب‌و وەسیلەیێك نابینرێت ، وە پێویستی بە دەلیل نیە چونکە گەیشتوەتە «**مەدلول**» «**ولا وسيلة ولارسماً**» ، **البتة**» بەهیچ جۆرێ پێویست بەهیچ وەسیلەیێك نامێنێ .

(**وەسیلەبۆیێش لەشوهودە ، کەبویەعَیْنُ‌الیقین وەسیلەی بۆچی‌یە ؟**) جائەڵێ ، خۆئێمە «**إنکاری**» ذەوق ، واتە چەشتنو مەزەکردنی ، ئەو مەقامە ناکەین ، وە لێمان ڕوونە ڕێبواری تەسەووفی ئەگاتێ ، وە شیرینی‌و خۆشیەکەی ئەچەشێ ، لەذەت‌و خۆشییەکی‌وەها کەلەهیچ‌شتێکی‌ترا نابینی ، بەڵام ئەوکەسانەی کەخوازیاری ئەم‌ذەوقەن ، وەئەوانەی کەقۆڵیان بۆی‌کردوەبەلادا ، ئەوان ، بەمە ڕازی‌نابن‌و دانامرکێن ، وەبۆ لەوەبالاترەکەی ئەکۆشن ، کە بریتی‌یە لە «**کەمال**» واتە «**دوایلەی خواناسی‌ی**» ، وە ئەو حاڵە تەواوترو بەرزترە ، بەلای ئەوانەوە ، کە پێی‌ئەگەن‌و ئەیزانن ، وە بە باشی‌ی چەندو چۆنیەتیەکەیان ، بەدرێژی بۆدەرکەوتوەو ، بە چاوی خۆیان دیویانە ، ئەو چەن‌و چۆنەی کە بەپێی خواستی خودا خۆی‌و بە یارمەتی‌و ویستی‌ئەو ، ڕووئەدات ، «**لەبارەی حاڵی‌ئەو کەسانەوە ئەڵێت**» بەندەگی خۆی لەگەڵ خودایی‌و پەرستراوی ئەودا ، پێکەوە هەست ئەکات ، وە لەوکاتەشا ، هەرگیز بەندەیی خۆی ، بەرانبەر بەو پەرستراوە ، لەیادناچێت ، وە هەروها بە چاوپێ‌کەوتنی پەرستراو ، لەوکاتەدا کە ئەو بەندەیێکەو وا لە لەذەتو خۆشی چاوپی‌کەوتنا ، هەرگیز ئەم‌نزیکی‌یە نابێتەهۆی لەیادبردنەوەی گەورەیی خودا ، هەروەهاش نابێتەهۆی لەیادبردنەوەی بەندەیی‌و بچوکی‌ی‌خۆی . بەڵام لەڕوانگەی مەقامی «کەمال»ەوە ، هێشتا ئەم‌حاڵەش هەر کەمال نیەو ، کەموکوری‌ی تیایە ، بەڵکو کەمال ئەوەتە ، ئەو بەندەیە هەر لەوکاتەدا بزانێت کە ئەم بەندەیی‌یەو ئەم نزیکی‌یە بە «**فەضل‌و کەرەم‌و ویست‌و خواستی خوا خۆی پەیدابوە**» واتە «**بەئازایی بەندە نیەو بە فەضلی خودایە**» ، خودا ئەفەرمێ «**قُل لاتَمُنّوا عليَّ إسْلامَكُمْ ، بَلِ الله يَمُنُّ عليكُمْ أنْ هَداكُم للايمان (حجرات)**» ، هەروەها ئەفەرمێ «**وهو الّذى يَقْبَلُ التَّوبَةَ عَنْ عِبادِه ، ويَعْفُو عَنِ السَّيِّئات**» ، بەڵێ کەماڵ ، ئەوەتە کەبەندە زۆرباش بزانێت ئەم پایەی بەندەیی‌یە ، لە(**فەضل**)و کەرەمی خاوەن بەندەکەوە ، واتە خوای گەورەوە ، دەستکەوتوە ، جائەگەر ئەم خۆشەویستی‌و پی‌زانینە گەیشتە ڕادەیێك خۆت لەیادچوەوە ، تەنها خودات لەیادابو ، جا بەو مەقامە ئەڵێن ، مەقامی «**تەوبە**» ئایا ئەم خۆلەیادچونەوە ، ئەوە ناگەیێنێت کە ئیتر تەوبەو گوناهو بەهەشت‌و جەهەنەم‌و هەموشتێك لەیادچوەتەوە . وە هەر خوا ماوەتەوەو فەضلو کەرەمی ..؟

بەم‌چەشنە دیمان تەوبە ، لەروانگەی شەرعەوە ، ئەوەتە ، لەسەری هەمو موسولمانێکە تەوبە بکات ، واتە : دەس‌هەلگری لەخیلافی‌شەرع ، وەقەرزو قولەی خەلك بداتەوە وە بەردەوام بێت لەسەری خواپەرستی‌و چاکەکردن ، بەلام لەروانگەی تەسەووفەوە ، هەم ئەم مەرجانەیشی هەیەو ، هەم لەوە زیاتریش ، بەلکو چاکەو پەرستشەکە ئەگەیێنێتە کاری وای لی‌ئەکات هەول‌و تێکوشانێکی بەردەوام‌بدات بو گەیشتن بە مەقامی **«عین الیقین»** ، وە ئیمانی کامیل ، وە ناسینی خوا بەبی پەنابردن بە دەلیل ، چونکەئاشکرایە **«مەدلول»** کە خودایە ، ئەگەر بەچەشنێکی ذەوق ، وەموشاهەدەی بەصیرەت ناسراو هەست‌کرا ، ئەوبەندەیە ، ئەبێتە یەکی لە بەندە خوش‌بەخت‌و خواناسەکان ، خواناسینێکی وەها ، هیچ‌هوێك وە هیچ نەفس‌و شەیتانێك ، وەهیچ لارێگرو خوانەناسێك ، وە هیچ نوسراوەو باوەرێکی **«ئیلحادی»** ناتوانی کاری تێ‌کات ، وە بو چرکەیێك لەخودا دوری‌خاتەوە .

ئەوساکە ئەوجورە حالە خوابی‌داوەیە ئەبێتە مەقامێك کەپێی ئەلین «تەوبە» وە یەکێکە لە مەقامە هەرەگەورەکانی تەسەووف .

إنابە :-

لای بری لەگەورەپیاوانی رێرەوی تەصەووف ، بەتایبەت لای نەقشبەندی‌یەکان ، **«إنابە»** یەکێکە لە مەقامەکان ، ئەوکەسەش خاوەنی «إنابە» بێت پێی ئەوتری **«مونیب»** ، بی‌گومان لەزوربەی کتێبەکانی تەصەووف‌دا ووشەی «انابە» هاتوە ، بەلام لێرەدا مەبەستم **«مەقامە»** ، کەبرێکیان لەکاتی پێرست کردنی مەقامەکانا ، ناوی مەقامی إنابەیان هانیوەو بریکێشیان ناویان نەهانیوە ، بونمونە **(شیخ عبداللەی دهلوی)** کە مورشیدی مەولاناخالیدی نەقشبەندی‌یە لەکتێبی **«ایضاح الطریق»**دا یەکەم مەقام بەمەقامی تەوبە ناوئەبات ، وە دوهەم مەقام بەمەقامی «إنابە» دائەنێت .

لەکتێبی **«مُعْجَم مُصْطَلَحات الصّوفیە»** دا ، ئەلی ، ئینابە بریتی‌یە لەگەرانەوە لە **«غەفلەتەوە ، بوذیکر»** واتە گەرانەوە لە حالەتی لەیادبردنەوەی خودا ، بوسەری حالەتی یادکردنەوەو ناوبردنی خودا ، هەروەها ، ئەلێت دەست‌هەلگرتە لەهەموشتی ،

وەگەڕانەوە بۆلای خودا ، ئەڵێت ، مونیب ، بەوکەسە ئەڵێن ، جگەخودا پەنایێکی تر وەکەسێکی تر شك نەبات پەنای بۆبەرێت و، بگەڕێتەوە بۆلای خودا ، **«خۆیشیان بەوانەی دەس لەخراپە هەڵئەگرن و ئەگەڕێنەوە بۆلای خودا ، هەرئەڵێین ، فلانەکەس گەڕاوەتەوە»** واتە لەخراپەوە گەڕاوەتەوە بۆچاکە ؛ لەگومڕایی و وێڵی و سەرگەردانی یەوە بۆسەری ڕێگای ڕاست ، لەلای خەڵقەوە بۆلای خالیق ، جا ئەم گەڕانەوەیە کاتێ صوفی یانەیە ، جۆرێك بگەڕێتەوە ، خۆی لەبیر بچێتەوە وەهەر خودای لەیادبێت .

هەر لەم کتێبەدا ئەڵێت، ئەڵێن ئینابەی بەندە سێ جۆرە ، ئینابە بەنەفس ، بە دڵ ، بەڕۆح ، ئینابەی نەفس ، ئەوەتە تەرخانی کات بۆخزمەتی خودا ؛ واتە ئەنجامدانی هەرچی سپاردەیە ، ئینابەی دڵ ئەوەتە ، جگەخوا هیچی تری تیانەیێڵێ واتە ، تەرخان کردنی دڵ بۆیادی خودا ، وەگسك ذانی لەهەرچی شتی ترە ؛ ئینابەی ڕۆحیش ، بەردەوام بونە لەسەری **«ذیکر»** واتە ، ناوی خودا بردن و یادی خودا کردن بەجۆرێك نەپەرژێتەوە سەرهیچی تر وەپەنا نەبات بەکەسی تر ؛ وەکەس نەکاتە هاوشانی خودا لەدەرونا .

سیخ عومەری سەهرەوەردیش «٥٣٩ – ٦٣٢»ك ، لەکتێبی ، **«عوارف المعارف»**دا پێناسی ئینابە هەربەوجۆرە باس ئەکات کەباسمان کرد ، هەروەها ، ئەڵێت ، مونیب ، بەوکەسە ئەوترێ کە گەڕابێتەوە لەهەرچی شتێ سەرگەرمی کا بەخۆیەوەو خودای لەبیر باتەوە، بۆلای خودا خۆی، هەروەها ئەڵێت «مونیب» کەسێکە کە جگە خوا کەس شك نەبات ، واتە هیچ کەس بەکەسی خۆی نەزانێت خوانەبێت ، لەپاشان ئەڵێت ئەوەی پێویستە بۆدامەزراندنی **«ئینابە»** ئەوەتە ئەوکەسە مەقامی تەوبەی بڕیبێت ؛ تەوبەش دانامەزرێت تاوەکو **«موجاهەدە»** خەبات وتێکۆشانی بەندە ؛ خەباتێکی دامەزراو نەبێت ؛ خەباتیش ، بەبێ بەدەس هێنانی پلەی **«صەبر»** دەست ناکەوێت .

«شیخ عبدالله الأنصاری الهروی» (٣٩٦ - ٤٨١) ك ، ئەویش سەبارەت بەئینابە ؛ ئەپێشا دەس بۆئەم ئایەتە ڕائەکێشی کەئەفەرمێ **«وَأَنِيبُوا إِلَى رَبِّكُم»** جا ئایەتەکە ئەڵێت **«وَأَنِيبُوا إِلَى رَبِّكُم وَأَسْلِمُوا لَهُ مِنْ قَبْلِ أَن يَأْتِيَكُمُ الْعَذَابُ ثُمَّ لَا تُنْصَرُونَ»** (زمر) «٥٤» واتە بگەڕێنەوە بۆلای خوا وە لەخوداپەرستی دا ئیخلاصتان هەبێت ، بەرلەوەی کاتی سزادان بگات و هیچ کارێکتان لەدەست نەیێت ، جائەڵێت .

(ئینابە) سێ شتە .

گەڕانەوە بۆلای خودا بەنیازی ڕێی چاك گرتنەبەر وەبۆ چاك بوون ، وە

عوزرهێنانەوە بۆلەوەوبەرت ، گەرانەوە بۆلای خودا بەشێوەی وەفا ، وە بەردەوام بونیش لەسەری ئەو وەفایە ؛

گەرانەوەی دەس بەجێ ، وەلەدەرونەوە ، وەبۆ وەلامی ئەوداوا کردنەی کەخودا ئەفەرمێ «وأنیبوا» ... هتد ..

زوهد :

یەکێکە لەمەقامەکانی تەصەووف. ووشەی زوهد تەنها جارێك لەقورئانا لەسورەتی یوسف دا هاتوە کەئەویش پەیوەندیکی بەم زوهدەوەنیە «وَشَرَوْهُ بِثَمَنٍ بَخْسٍ دَرَاهِمَ مَعْدُودَةٍ وَكَانُوا فِيهِ مِنَ الزَّاهِدِينَ» زوهد، بەرەوالەت ئەتوانین بلێین: چاوتێری و بەکەم رازی بونە «الزَّهِيد: الشَّيْءُ القليل» وە بە بەشی خۆ دامرکان، وە خۆنەپرو کاندنە بۆ بەدەست هێنانی سەرمایەو سامان، ئەیش توانین بلێین بایسی داتەنانە بۆدنیا، وە دەس هەل گرتن و پشت گوێ خستنی دنیایە، نەك هەرسامانو سەرمایە، بەڵکو مەقام و مەنصەبیش، یان هەول دان بۆئەوەی ناوت بەچاك دەرچێت؛ زوهد، یەبێ خۆش ویستنی فوقر: واتە «هەژاری» وە بەبێ: بە بەشی خۆدامرکان واتە «قەناعەت»: رێك ناکەوێت، جا: گەورەپیاوانی رێزەوی تەسەووف زۆرباسیان لەبارەی زوهدەوە کردوە، وە «زاهید»: یەکێکە لەوپێناسانەی، کەئەبێ لەمرۆڤێکی صوفیدا هەبێت، ئیستە ئێمە، ئەگەرێینەوە بۆ سەرەتای ئەم خدەیە لەئیسلاما، تەنانەت بەرلەئیسلامیش...... ؛ هەروەها ئەروانین بزانین گەورەپیاوانی تەسەووف سەبارەت بەم مەقامە چی ئەفەرمون.

ئەوەی لە لێکۆلینەوەی کتێبە مێژوییەکانی تەصەووف دا رووئی ئەکاتەوە، ئەوەمان بۆدەرئەخات کە پشت لەدنیاهەل کردن و کەنارەگیری و خۆدوورخستنەوە لەکێشەکێشی مالوسامان پێکەوەنان...؛ بەرلەئیسلامیش لەناوی عەرەبەکانا هەربوە؛ هەروەها لە ئاینەکانیشا، وەکو ئایینی عیسایی یەکان، هەرباوبوە، وە لەسەرەتای هاتنی ئیسلام دا، کەسانێکی وەکو «وەرەقەبن نوفل» وە «سەطیح» وە «قەس بن

ساعده»: وەزۆری تربون، بەتایبەت لە «ئەحناف»، واتە پەیڕەوانی حەزرەتی ئیبراهیم، باوا گەورەی پێغەمبەری خۆمان: درودی خودایان لەسەر، زۆرکەس بون، کە «زاهید» بون، زاهید: بەو واتایەی کەوتمان، کەم تەماعی و کەنارەگیری و خۆنەپڕوکاندن بۆسامان و پلەوپایە: لەناوی یارانی پەیامبەریشدا، بڕێك بەزاهید ناسراون، وەکو، «بیلال» «ابوذر» وە «سلمان»، وەئەصحابی صەففە، وەزۆری تر، بێگومان لەقورئاندا، ئایەت زۆرە بۆئەوەی، هەرچەن دنیاخۆشەو خوشیی حەلاڵیش، ناپەسەندنیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا، خۆشی ی ئەودنیا زۆرترو بەردەوامترو بەکەڵك‌ترە، وەکوئەوەی کەئەفەرمێ «یاأیُّها النّاسُ إنَّ وَعْدَ اللهِ حَقٌّ فَلا تَغُرَّنَّكُمُ الحَياةُ الدُّنيا ولايَغُرَّنَّكُم بِاللهِ الغَرورُ – (فاطر) «٥»، یان «وَماهَذِهِ الحياةُ الدُّنيا إلاّ لَهْوٌ وَلَعِبٌ، وإنَّ الدّارَ الآخِرَةَ لَهِيَ الحَيَوانُ لَوْكانوا يَعْلَمون» (العنكبوت) (٦٤)، «المالُ وَالبَنونَ زينَةُ الحياةِ الدُّنيا وَالباقياتُ الصّالحاتُ خَيْرٌ عِنْدَ رَبِّكَ ثَواباً وَخَيْرٌ أملاً»، الكهف، (٤٦)، وەزۆرئایەی تریش، هەروەها حەدیثی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر، سەبارەت بە بێ‌بایخی دنیا زۆرە، «هەروەکوگوتم فەرمودەیش بۆکاروکاسبی حەلاڵ زۆرە» بەلام، زوهد ئەوەناگەیێنی کە بێکاردانیشیت بەڵکو ئەوەتە... هەم دڵت نەکەیتە جێگەی ئاوات و خوزگەی سەرمایە وەهەم دەس‌کەوتەکەت حەڵاڵ بێت وە هەم بەکەمیش ڕازی‌بیت وە ناشوکورنەبی: جا لەپاش زەمانی پەیامبەر زۆرێك لەگەورەپیاوان، بە «زاهید»، ناوبانگیان دەرکردوە وەکو (حسن البصری) کە لە (١١٠) ك، وەفاتی‌کردوە لەپاشان (ئیبراهیم بن ئەدهەم) کە (١٦١) ك وەفاتی‌کردوە داوود الطائی (١٦٥) ك، وە فەضیل بن عەیاض، (١٨٧) ك، وەشەقیق ئەلبەلخی (١٩٤) ك، وەزۆری تریش پێغەمبەری گەورە: سەبارەت بەزوهد، ئەفەرمێ، «إزْهَدْ في الدنيا يُحِبَّكَ اللهُ، وازْهَدْ في ما في أيْدي النّاس يُحِبّوك»، (ابن ماجه)، حەزرەتی عەلی ئەفەرمێ «الزُّهْدُ أنْ لاتُبالي مَنْ أكَلَ الدُّنيا مِنْ مُؤمِنٍ أوْ كافِر».

جونەیدی بەغدادی ئەڵێت «الزُّهْدُ إسْتِصْغارُ الدُّنْيا وَمَحْوُ آثارِها مِنَ القَلْب»، ئەبوسولەیمانی دارانی، ئەڵێت «الزهد ترك مايشغل عن الله»

سری سەقطی ئەڵێت «لايَطيبُ عيشُ الزّاهد إذا اشْتَغَلَ عَنْ نَفْسِهِ ولا يَطيبُ عَيْشُ العارِفِ إذا اشْتَغَلَ بِنَفسه» یحی بن معاذ ئەڵێت، (لايبلغُ احدٌ حقيقةَ الزُّهد حتّى يكون فيه ثلاث خصالٍ، عَمَلٌ بلا علاقه، وقولٌ بلا طمع، وَعِزٌّ بلا رياسه).

«بشرالحافی» ئەڵێت «الزّهدُ مُلكٌ لايسكنُ إلاّ في قلبٍ مُخلٍ».

هەم‌دیسان «سری‌سەقطی» ئەڵێت «الزّهدُ، أنْ لاتأخذَ مِنْ أحدٍ شيئا، ولاتسئل أحداً شَيئاً، ولايكُنْ معَكَ وَتُعطي مِنهُ أحداً شيئاً».

هەمیسان (جونەید) ئەڵێت، «الزّهد خلوّ الايدی مِنَ الأملاك، والقلوب من التّتبّع»، ئەگەرپێتو هەرچی گەورەپیاوانی ڕێگەی تەصەووف وتویانەسەبارەت بەزوهد بینوسین، خۆی ئەبێتە، کتێبێك بەناوی «زوهد»، بەڵام ئەوەی کەدەستگیرمان ئەبێت، ئەوەتە، زوهد باوەڕێکە والەناوی‌دەرونا، تەنانەت تەنها بەکردەوەش دەست‌ناکەوێت، وەکوعیبادەت وایە، بۆچی نوێژ ئەگەر بەئیمانەوە نەبێت، وە لەقەناعەتی دەرونەوە، بۆپەرستش نەکرێت، کەی نوێژی ڕاستەقینەیە، بۆنمونە، بگرە بۆ ڕیایی‌وڕوپامایی بێت، بۆئەوەبێت خەڵك بەچاکی بزانن‌و باوەڕی پێ‌بکەن.

جا لەم‌بارەوە، ئیمامی غەززالی باسێکی درێژی هەیە لەکتێبی (إحياء العلوم دا)، ئەڵێ ئەوەی ڕقیەتی لەدنیا، هۆشوبیری وابەلای ئەو ڕق‌لێ‌بونەوە، ئەوەش دنیای خۆش‌ویستنە هۆشی وابەلای ئەو خۆش‌ویستنەوە، زوهدئەوەتە، تۆ هۆشت تەنها بەلای خواوە بێت، ئەمەش، هەروەکو تەوبە لەتەوبەکردنەکە، ئەبێتە، زوهد لەزوهد.

پاش لێك‌دانەوەی وتاری پێغەمبەری گەورە، وەگەورەپیاوانی ڕێگەی تەصەووف، ڕوون ئەبێتەوە زوهد ئەوەتە، خوشەویستی دونیاو بەدەس هاتەکانی دونیا لەهەموجۆرێکی، سەرمایە، مەقام، مەنصەب، لەدڵ‌دەرکرێت، چونکە بەلای ڕێبوارانی تەصەووفەوە، دڵ‌ودەرون تەنهاجێگەی خۆشەویستی خودایە وهیچی‌تر، هەروەکو لەپێشاوتمان، ئەوەی پیەوی نوری‌خودا لەدڵیا جێ‌نشین بێت، ئەبێ لەهەموخەوشێ پاکی کاتەوە، یەکێ لەوخەوشانە، خۆش‌ویستنی سەرمایەو سامان‌و مەقامە، بەڵام تێکۆشان بۆبەدەست‌هێنانی نانی‌حەڵاڵ، ئەوە پیویستە، واتە سەرمایەی حەڵاڵ بێرە دەست، بەلام دڵی‌پێوەمەبەستە، هەروەها، لەهەژاری‌ی عەیبوعارت نەیێت، چونکە یەکێ لەپایەکانی زوهد، هەژاری‌یە، لەکورتەی باسەکەدا ئەڵێین، زوهد لەڕوانگەی تەصەووفەوە، هەروا کە کردوەو باوەڕێکی پەسەندە، هەروایش پایەو مەقامێکە، کەبەشوێنی پایەومەقامی (تەوبە) دا، دێت، وەصوفیەکان، لەڕوانگەیێکی تایبەتەوە سەیری (زوهد) ئەکەن، هەروەکو، کە (إبنُ

جا ئەم خۆپاراستنە تەنها بۆ شت خواردن نیە، بەڵکو بۆ گوتن وەهەڵسوکەوتیشە، وە لەهەموی گرنگتر، خۆتێ هەڵنەقوڵتاندنە لەهەرکارێکا کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەتۆوە نیە، هەروەها وەرع ئەوەتە شتێك کە لەصەداصەد نەیزانیتو دانشمەندو زانانەبیت تیایا، وەڵامی نەدەیتەوە بەڵکو ڕێکوڕاست بڵێیت من ئەم شتە نازانم، نەوەکو دەمارت ڕێگەت نەداتو بەنەزانی بنیشیتەمل وەببیتە کەوچکی هەموشلەیێك، سەبارەت بەم کارە پێغەمبەری گەورە درودی خودای لەسەر ئەفەرمێ «مِنْ حُسْنِ إسلامِ المَرْءِ، تَرْكُهُ مالا يَعْنيه»، هەروەها ئەفەرمێ «مِلاكُ دينِكُمْ الورع»، هەروەها ئەفەرمێ بە ئەبوهورەیرە «كُنْ وَرِعاً تَكُنْ اَعبَدَ النّاس» هەروەها ئەفەرمێ «دَعْ مايَريبُكَ إلى مالا يُريبُكَ»، ئەبو بەکری صیددیق ئەفەرمێ «كُنّا نَدَعُ سبعين بابا مِنَ الحلال مَخافَةَ اَنْ نَقَعَ في بابٍ مِنَ الحرام»، **جورجانی لەکتێبی تەعریفاتدا ئەڵێت «وەرع خۆپاراستنە لەشتی گومانلێکراو لەترسی ئەوەدا دوچاری شتی حەرام نەبیت».**

کتێبی معجم مصطلحات الصوفية، لەباسی وەرع دا ئەڵێت، **«وەرع ئەوەتە مرۆڤ هەرگیز لەڕاست زیاتر هیچ نەڵێت چ پێی خۆش بێت وە چ پێی ناخۆش بێت»** هەروەها ئەڵێت، ئەوانەی ئەهلی وەرعن سێ دەستەن دەستەی یەکەمیان ئەوانەن خۆیان ئەپارێزن لەشتی گومانلێکراو، گومانلێکراویش ئەوەتە کە ئەکەوێتە نێوانی حەڵاڵی تەواو وەحەرامی تەواو، نەئەمەونەئەو، دەستەی دوهەمیش ئەوانەن هەرشتێ کەدڵیان بۆی لێنەداو پێی خۆش نەبو پارێزی لێ ئەکەن، بەڵام ئەوجۆرە کەسانەش، کەسانێکن ئەوەندە لەخوداوە نزیکن کە گەیشتونەتە ئاوامەقامێك، کەدڵیان بۆحەرام لێناداتو بێزارەلێی، دەستەی سێ هەمیش ئەوکەسانەن کە بە «عارِيف» ناوئەبرین وەگەیشتونەتە دواپلەی بەندەیی و خوداپەرستی، وەئەوانە پارێزئەکەن لەهەرچی شتێك کەغافڵیان کات لەخودا وەبیان پەشۆکێنێ بەخۆیەوە، وەئەوەش دواپلەی وەرعە. ئیبراهیم بن ئەدهەم ئەڵێت، وەرع دەس هەڵگرتنە لەهەرچی شتی گومانلێکراوە وەلەهەرچی شتێك کەپەیوەندی ڕاستەوخۆی بەتۆوە نەبێت، وە لە «فزولی» کردن، واتە خۆهەڵقوڵتاندنە کاری خەڵك، شێخ مەعروفی کەرخی، ئەڵێت **«وەرع ئەوەتە زمانت بپارێزیت لەپیاهەڵدانو ستایش کردن، هەروەها بیپارێزیت لەناوونۆتکەنان بەخەڵکەوەو ناوی خەڵك بەخراپ بردن».**

کەوابو وەرع بوە سێ بەشەوە بۆسێ دەستە، وە بەچەشنێکی گشتی ی، خۆپاراستنە لەهەموشتێکی گومانلێکراو لەترسی ئەوەدا دوچاری حەرام نەبیت،

لەم بارەوە پێغەمبەر دروودی خودای لەسەر ئەفەرمێ «إنَّ الحلالَ بيِّنٌ وإنَّ الحرام بيِّن وبينهما امورٌ مشتبهات لا يَعلَمُهنَّ كثيرٌ من الناس، فمَن إتقى الشُّبهات فَقَدْ إستبرأ لدينه وعِرضه، وَمَنْ وَقَع في الشُّبهات وَقَعَ في الحرام، كالراعي يرعى حول الحمى يوشك ان يرتَع فيه، الاَ وَانَّ لِكلِّ مَلْك حِمىً الاَ وَانّ حِمىَ الله مَحارِمُه» «صحيح البخاري».

سوفیانی ئەوری ئەڵێت «هیچ شتێك لەوەرع ئاسانترنیە ئەویش ئەوەتە هەرچی کەخودڵ بوی لێی مەبکەو دەستی لێ هەڵگرە» کەواتە ئەم مەقامی وەرعەی کەصوفیەکان ئەیکەنە پیشەو خدەی خۆیان، سەرچاوەکەی، لەخوخدەو فەرمایشو دەستوری پێغەمبەری گەورەوە هاتوە وەصوفیەکان موبەمو پەیرەوی لێ ئەکەن؛ تائەبێتە خووخدەبۆیان، وە کەبویە خووخدە، ئەبێتە مەقامێك لەمەقامەکانیان.

وەصوفیە ڕاستەقینە پێ گەیشتوەکان وەرعیان ئەگاتە ڕادەیێك، تەنانەت لەپیشان دان و دەربڕینی کەشفو کەرامات پارێزئەکەن و خۆیان لائەدەن، واتە لەهەمان کاتا کە خاوەن کەرامەتن وەخوای گەورە پڕی ئشتیان بۆڕوون ئەکاتەوەو ئەیخاتە پێش چاویان ئەوان لەترسی ئەوەی مەبادا ببێتە هۆی غورووری نەفس وەخۆهەڵ کێشان نای درکێنن، هەرلەم بارەوە گەورە پیاوانی تەصەووف ئەفەرمون «لا كَرامةَ إلاّ لِحِكمة»، واتە ئەگەر زەرورەت و حیکمەتێك نەبێت پێویستی بەپیشان دانی کەرامەت نیە، .وەهەرکەسێك پێی خۆش بێت کەراماتێك کەخودا بەوی پیشان داوە خێرادەری بڕێت یان پێی خۆش بێت خەڵك باسی کەراماتەکەی بکەن، ئەوە فری بەسەری شارێگەی تەصەووفەوە نیە.

«ئەبوطالب المکی» لەقوت القلوب دا ئەڵێت؛ قال بعض الصّوفية «مَنْ اَحَبَّ اَنْ يعرِفَ وَرْعهُ غير الله تعالى فَلَيسَ مِنَ اللهِ في شيٍ».

بەڵێ (وەرع) خۆپاراستنە لەگوناه، لەشتی گومان کراو لەحەڵاڵ بونیا؛ لەوەی بەزمان بەکردەوە ئەگەر کارێ ئەنجام دەیت، با کاری چاکەیش بێت، جگە بۆرەزای خوا بۆهیچی تر بێت. ئەوکەسەی کەلەدڵ و دەرونەوە وای لێهات ئەوپێناسانەی کەوتمان لەدڵ و دەرونیا هاتەدی وەبویە، خووخدەی، واگەیشتوەتە مەقامی (وەرع).

«قەناعەت»

لەکتێبی «مُعْجَم مُصطلحات الصّوفيه»دا ئەڵێت. قەناعەت بریتی یە لەدامرکان و

رازی‌بون، بەرادەیێك ، لە خواردەمەنی کەهەرئەوەندەبێت ژیانی پێ‌بروات بەرێ‌گاوە؛ «والله‌بەرگری‌بکات‌لەبرسیەتی»، هەروەها دامرکان بەشتێکی کەم لەپۆشاك‌و ژێرەخەرو زەخیرەی‌مال، وەئەوەتە کە فەضلی کەم بدەیت بەسەری زۆردا.

هەرلەم‌کتێبەدا ئەگێرێتەوە ئەلێت، پێغەمبەری‌گەورە درودی‌خوای‌لەسەر ئاموژگاری ئەبوهورەیرەی کرد فەرموی، ئەگەربرسیەتی زۆری‌بۆهانیت کولێرەیێك و گۆزەیێك ئاو پەیدا کەو خوای‌ئەکرد دنیاویران‌ئەبو.

هەروەها پێغەمبەر فەرمویەتی «القناعةُ كنزٌ لا يفنى» واتە قەناعەت گەنجێکە هەرگیز دوایی نایێت. «ابو عبد الله خفيف» ئەلێت، قەناعەت ئەوەتە، نەرۆی بەشوێنی ئەوەیدا کە خۆت نیتە، وەدامرکێیت بەوەی کەخۆت هەتە.

(محمد بن علي الترمزي)، ئەلێت «القناعة رضا النفس بما قسم لها من الرزق»، واتەقەناعەت‌ئەوەتە نەفس‌رازی‌بێت بەو بەشەی‌کەخواداویەتی.

لەروانگەی تەصەووفیشەوە برێك لە گەورەپیاوانی ئەم‌رێگەیە، وەکو قوشەیری، قەناعەتی‌بەمەقام داناوە، برێکیشیان ئەلێن، پلەی «قەناعەت» بۆمەقامی «رەزا» وەکو «وەرع»، واتە بۆمەقامی «زوهد»، واتە، «قەناعەت»، خۆی‌مەقام‌نیە، مەقامی «رەزا» یش بەبێ‌گەیشتنە پلەی «قەناعەت» دەست‌نادات، گۆیا (وەرع) یش مەقام‌نیە بەڵکو پێشەکییە بۆمەقامی (زوهد) وەزوهد، بەبێ (وەرع)، دەست‌نادات.

لەپاشان ئەلێن، قەناعەت دژی حیرصە، حیرص بریتی‌یە لەخۆبرۆکاندن‌و شەونانەسەری‌رۆژو، رۆژنانەسەری‌شەو بۆمال‌وسامان‌پێکەوەنان، قەناعەتیش دژی ئەوەتە، واتە دامرکان بەوبەشەی خودائەیدات، وە تێکۆشان بەرادەیێکی‌پێویست، بۆبەرێوەچونی‌ژیان، بێگومان رێ‌رەوی، رێگەی تەسەووف، بەتایبەت ئەوانەی بگەنە مەقامی «ویلایەت»، ئەبێ «قانع» بن وە قەناعەت لەدل‌ودەرونیاندا جێگەی کردبێتەوە ئەگینا پەیرەوی‌یان نەکردوە لەسونەتی پەیامبەری گەورە ئەوەش پەیرەوی نەکا لەکرداروگوفتاری (محمد) درودی‌خودای لەسەر چۆن‌ئەکری وەلی‌بێت.

ئەوەش بۆتێمە دەرکەوتوە؛ ئەوەتە، دەوڵەمەندی‌و سامان‌داری رێگایێکە دوایی نایێت، ئەوەی هەزاری‌هەیە سەیرئەکا هەیە ملیۆنی‌هەیە، ئەوەش ملیۆنی‌هەیە سەیرئەکا هەیە دەملیۆن‌و صەدملیۆن، هتد...، وەسامان هەرگیز دوایلەی‌نیە،

جائەگەر قەناعەتت بو، وا هەرلەسەرەتاوە دڵت ڕەحەتە، قەناعەتیش نەبو، وا تارۆژی مردن هەر خەم وخەفەتی زۆرترو زۆرترەو کاتێکیش ئەزانیت ڕۆیشتی وەهەموی بەجی ما، جابۆیە گوتراوە «**فقیرٌ کلّ ذی حرصٍ غنیٌّ کلّ مَنْ یَقْنَع**» ئەوەی هەر هەڵپەیەتی، بۆسامان پێکەوەنان، ئەوەهەژارەو بێ دەس، بەڵام ئەوەی قانع بو ئەوە دوڵەمەندەو بەدەسەڵات.

صەبر:

صەبر، ئەبێتە ڕازی بون وە خۆگرتن بەرانبەر بە موصیبەت وەبەلا، بێگومان هەرواگاڵتەنیە، مرۆڤ بتوانێ لەکاتی لێ قەومان و بەلاو نەهات و موصیبەتدا بەبەشی خوا ڕازی بێت و هیچ پێی ناخۆش نەبێت و پێی تێك نەچێ وەبڵێ: «**هەرچی لای خواوەهات خۆش هات**»، بەڵام گەورەپیاوانی تەصەووف ئەگەنە ئەوپایەو لەوە بالاتریش، وەوایان لێ دێت، فەرق بەلاو نیعمەتیان بەلاوە نامێنێ، ئەڵێن هەردوکی خەلاتی خودایە، بەرانبەری بەلا هیچ تێك ناچن، وە ئەوبارەگرانە بەوپەری ڕووخۆشی یەوە هەڵ ئەگرن، بەرانبەر بەنیعمەتیش ئەوپەری پێزانین وسوپاس ئەنجام ئەدەن با ئەو نیعمەتە زۆریش بچوك بێت.

غەززالی لە (**ئیحیا**)دا وە (**ابو طالب المکي**) لە **قوت القلوب**)دا بە درێژی لەسەری باسی ئەم مەقامە ڕۆیشتوون، هەروەها عەبدولقادرعیسی لە کتێبی (**حقائق عن التصوف**) دا، خوای تەعالا لەزۆرشوێنی قورئاندا ستایشی کردوە لەوکەسانەی کە صەبر ئەکەنە پیشەیان.

ئەفەرمی «**اِنَّمَا یُوَفَّی الصَّابِرون اَجْرَهُمْ بِغَیْرِ حِساب**» ئەفەرمێ «**اولئِكَ یُؤتَوْنَ اَجْرَهُمْ مَرَّتَینِ بِمَا صَبَرُوا**»، ئەفەرمێ «**واصْبِروا اِنَّ اللهَ مَعَ الصَّابِرین**»، لەسورەی والعصردا، ئەفەرمێ «**والعَصْرِ اِنَّ الإنسانَ لَفِی خُسْرٍ اِلاَّ الذینَ آمَنوا وَعَمِلوا الصَّالِحاتِ وتواصوا بالحَقِّ وتواصـــوا بالصَّبْر**» واتە ئەوانە زیانانا کەن وەسەرکەوتون کەخاوەن ئیمان و کردەوەی چاك و

لاین‌گیری هەقو خاوەن‌صەبرن «صەبروتەقوا» زۆرجار لەقورئانا پێکەوە هاتون «**ومن یتق ویصبر**» (**وان تصبروا وتتقوا فان ذلك من عزم الامور**) «**والصابرین في البأساء والضراء وحین الباس اولئك الذین صدقوا واولئك هـــم المتقون**» ئەم مەقامە بۆیەگەورەیە چونکە هەربۆخودایە وەلەبەر ئەوەکەمرۆڤ خۆی‌ئەگرێت لەکاتی موصیبەتداولەکورە دەرناچێت زوربەی گەورەپیاوانی ڕێگەی‌تەصەووف لەسەری‌ئەوەن کەمەقامی صەبر گەورەترە لە مەقامی‌شوکور ئەڵێن، صەبرحاڵێکە بەرانبەر بە بەڵاو موصیبەت، بەڵام شوکور حاڵێکە بەرانبەر بەنیعمەت، وەدیارە هەڵگرتنی‌باری بەڵا سەخت‌ترە تائەنجامدانی سپاردەی سوپاس، لەبەرئەوەتە خوای‌تەعالا هەم ئەفەرمێ «**اولئكَ یُوتَوْنَ اَجْرُهُمْ مرّتَیْنِ بِما صَبَرُوا**» بەڵام، بەرانبەربەشوکور نەی‌فەرمووە (مرّتین)

هەروەها ئەفەرمێ، «**اِنّمَآ یُوَفّیَ الصـــــــــــــابرون اجْرَهُمُ بغیرِ حساب**»، لەلایێکی‌ترەوە، خوای‌تەعالا سەبارەت بەشوکور، بەندەکانی خۆی، کەدایکوباوکن بەش‌داریان ئەکات وە ئەفەرمێ «**اَنِ اشْكُرُ لی وَلِوالدیْكَ**»، بەڵام بۆصەبر کەس ناکاتە شەریك وەئەفەرمێ «**ولِرَبّكَ فاصبِرْ**»، یان «**واصْبِرِ لِحُكْمْ رَبّك**»هەروەها یەکێکی‌تر لەگەورەیی مەقامی‌صەبر ئەوەتە کە مەقامی پێغەمبەرە ئولول‌عەزمەکانە کەئەفەرمێ «**فاصْبِرْ كَمَا صَبر اولو العَزْمِ مِنَ الرّسُل**» بەکورتی، لەزیاتر لە نەوەد شوێندا لەقورئاندا خوای‌گەورە ستایشی لەبەندەی صابر، وە لە خدەو ڕەوشی صەبر کردوە، وەفەرمانی داوە بەوەی کەبەندەکانی صەبر بکەنەپیشەیان، عطاء: لە ابن العباس، ئەگێڕێتەوە، ئەڵێت پێغەمبەر درودی‌خودای لەسەر، ڕابورد بەلای دەستەیێك لەیاراندا کە حەزرەتی عومەریشیان تیابو، فەرموی ئایا ئێوە بەڕاستی خاوەن ئیمانن،؟، کەس وەڵامی نەدایەوە عومەر فەرموی بەڵێ ئەی‌پیامبەری‌خودا، پێغەمبەر فەرموی بەچییا دیارە، عومەر عەرزی کرد، لەکاتی‌خۆشی‌و نیعمەتدا سوپاسی خودائەکەین، وەلەکاتی بەڵادا صەبر ئەکەین، وەڕازین بەقەزاوقەدەر، پێغەمبەر فەرموی بەخوداقەسەم ڕاستەئێوە خاوەن ئیمانن.

«**ابو طالب المكی**» لەقوت القلوب‌دا ئەڵێ، جاری‌واهەیە کە صەبرو شوکور هەدوکیان بەشێوەی «حاڵ» خەڵاتی بەندە ئەکرێن، وە جاری‌وایش‌هەیە، مەقامن، کاتی‌واش‌هەیە مرۆڤ خاوەنی مەقامی صەبرەو خاوەنی حاڵی شوکور بەجارێکا،

ئەویان بەحاڵێ ئەمیان بەمەقام، کاتیوایش ئەبێت خاوەنی مەقامی شوکرەو خاوەنی حاڵیصەبریشە، ئەویش بەهرەیێکی خودایی‌یە، «**ذٰلِكَ فَضْلُ اللهِ يُؤتِيهِ مَنْ يَشاءُ**» هەروەها ئەڵێت، «**الصّابِرُ العارِفُ افضلُ من الشاكِرِ العارِفِ**» ئەمەش بۆچی‌یە، چونکە صەبر هیحاڵەتی هەژاریو بیدەسەڵاتی‌یە وەشوکور هیحاڵەتی دەوڵەمەندیو دەسەلاتداری‌یە، وەحالەتیهەژاری بەلایخوداوە لەهی دەولەمندی پەسەندترە. جائەڵێت ئەگەربێتو فەزڵی شوکور بدەین بەسەری صەبردا وەکوئەوەتە فەزڵی دەوڵەمەندی بدەین بەسەری هەژاریدا،وەئەمەش لەگەڵ ڕێرەوی تەسەووفدا ناگونجێت، بێگومان گەورەپیاوانی ڕێڕەویتەصەووف ئەبنە خاوەنی ئەممەقامە پەسەندە، وەگەورەترین سودی ئەممەقامە سەرلێنەشێوانو تێکنەچونە بەرانبەر بەرووداوی سەختونالەبار، وەئەوگەورەپیاوانە کەپێناسی صەبر ئەبێتە خوو خدەیان، هیچ رووداوێکی سەخت شپرزەیان ناکاتو سەریانلێناشێوێنێت وە وایانلێدێت نەلەسەرکەوتنا لەخۆبایی‌ئەبن وەنە لەگرفتاری‌دا ئەپەشۆکێن وەیەکڕەنگو یەکدەنگ دامەزراوو پایەدارن.

سەبارەت بەناساندنیمەقامی صەبر، ذوالنون المصری، ئەڵێت «**الصَّبْرُ هو التّباعُدُ عَنِ المخالفات، والسّكون عِنْدَ تجرّعِ غُصص البليّة، واظهار الغِنَى عِنْدَ حُلولِ الفَقْرِ بساحة المعيشه**»

وە جورجانی لەشەرحی ریاض الصالحین‌دا ئەڵێت، «**الصّبر هو ترك الشّكوى من اَلَمِ البلوى لِغَيْرِ الله**».

شوکور :

شوکور، واتە سوپاس کردنو ڕەزامەندی پیشان‌دان وە پیێهاتنو باسکردنی نیعمەتەکانی خودا، هەرچەن کە نیعمەتێکی زۆرکەمو بچوکیش‌بێت، ئەمەوشەیە حەمدو سەنایش ئەگرێتەوە، حەمد هەروەکوشوکور، سوپاسوڕەزامەندی پیشان‌دانە، سەنایش ستایش‌کردنە.

شوکور یەکێکیترە لەمەقامەکانی تەسەووف، هەروەکو سەبارەت بەمەقامەکانی تریش‌وتمان هەموی ئەم پێناسانە لەقورئان، یان لەگوفتارو کرداری پەیامبەری

گەورەوە هاتون وە بوئەوە هاتون کە موسوڵمانان پەیرەوی‌یان لی‌بکەن، بەڵام تەصەووف ئەم پەیرەوی‌یانە ئەگەیێنێتەرادەیێك کەبینەخوو خدەیێکی هەمیشەیی‌و زۆرگەرمو بەتینی مرۆڤی موسوڵمان، جاکەبویە خدە، بەرهەمی مەعنەوی تایبەتی خۆی هەیە کە صۆفی خۆی هەستی‌پی‌ئەکات‌و دەرون‌و ڕەوانی لەززەتی لی‌ئەبات، لەقورئاندا ئایەتی‌زۆر سەبارەت بە شوکور هاتوە وەخوا خۆیشی ئەوێناسەی بۆخۆی داناوە، ئەویش بەرانبەر بەکردەوەی چاکی بەندەکانی خۆی، وەکوئەوەی کە لەسورەی (**البقرە**) **ئایەتی** (**١٥٨**) ئەفەرمی «**وَمَنْ تَطَوَّعَ خَيْراً فَإِنَّ اللهَ شاكِرٌ عَليمٌ**» هەروەها لەسورەی (**النساء**) ئایەی (**١٤٧**) دا ئەفەرمی «**وكانَ اللهُ شاكِراً عليماً**».

خوای گەورە داوای لەبەندەکانی کردوە کە سوپاسی‌بکەن وەئەفەرمی «**إِعْمَلُوا آلَ داوودَ شُكْراً وقليلٌ مِنْ عِبادِيَ الشَّكور**» (**السباء**) (**١٣**) یان کەئەفەرمی «**فَاذْكُرُونِي اَذْكُرْكُمْ، واشكروا لي ولاتَكْفُرُون**» خودای‌گەورە پاداشی بەرزو بی‌پایانی داناوە بۆئەوکەسانەی کەسوپاسگوزارن وەبەبەشی خوارازین، وەئەفەرمی «**وَسَنَجْزِي الشّاكِرِين**»، وەئەفەرمی «**لَئِنْ شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ**» سورەی ئیبراهیم ئایەی (**٧**).

خودای‌گەورە پاش‌ئەوەی ڕوونی‌ئەکاتەوە کە هەم پێی‌خۆشە شوکری‌بکەین وەهەم جەزای چاکەی ئەو شوکرەمان ئەداتەوە؛ ئەفەرمی: شوکوربکەن بۆخۆتانی‌ئەکەن نەیشی‌کەن خۆتان زیان ئەکەن، وەئەفەرمی «**وَمَنْ يَشْكُرْ فَإِنَّما يَشْكُرُ لِنَفْسِهِ**» (**القمر**) باش پێمانی‌ئەسەلمێنی کەهەرچی‌نیعمەتە لە ئازایی ئێمەوەنیە وە لەلوطفوکەرەمی خوداوەیە، بەتایبەت، نیعمەتی ئیمان‌وئیسلام کەئەفەرمی «**وَلٰكِنَّ اللهَ حَبَّبَ إِلَيْكُمُ الايمانَ وَزَيَّنَهُ فِي قُلُوبِكُمْ**» حجرات «**٧**» ئەمە نیعمەتێکە گەورە، لەپاشان سەبارەت بەونیعمەتە ئەفەرمی، «**فَضْلاً مِنَ اللهِ وَنِعْمَةً**»، واتەئەمە گەورەییوچاکەیێکەو نیعمەتێکە کەخوا لەگەڵ موسوڵمانی کردوە، لەپاشان لەئایەی (**١٧**) ئەم‌سورەتەدا، ئەفەرمی، «**يَمُنُّونَ عَلَيْكَ اَنْ اَسْلَموا**» واتە منەت‌ئەنێن بەسەرتا، ئەڵێن ئێمەئیسلام‌بوین، «**قُلْ لاتَمُنُّوا عَلَيَّ اِسْلامَكُمْ**»، ئێوە منەتم بەسەرا مەنێن کەبونەتە موسوڵمان؛ «**بَلِ اللهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هداكُمْ لِلايمانِ اِنْ كُنْتُمْ صادقين**» ئەگەر ئێوە ڕاست‌ئەکەن موسوڵمانن؛ کەواتە خوامنەت‌ئەنی بەسەرتانا کەهیدایەتی‌داون بۆ موسوڵمان‌بون.

خودائەفەرمی «**وَلَوْلا فَضْلُ اللهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ ما زَكَىٰ مِنْكُمْ مِنْ اَحَدٍ اَبَداً**» نور (**٢١**)،

هەروەها ئەفەرمێ «**وَما بِكُمْ مِنْ نِعْمَةٍ فَمِنَ اللهِ**»سورەتی (**نەحل**) «٥٣»، وەلەسورەی والضّحی دا ئەفەرمێ «**وَأَمّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ**» واتە ئەبێ پێی بێیت وە ئیعتیراف بکەیت بەنیعمەتی خودا، نەك خۆتی لێ وێل کەیت وەدەم بنوقێنی، جا خوای گەورە هەم ئەفەرمێ هەموی ئەم نیعمەتانە هی خودایە وەلەسەری بەندەیشە بۆهەمویان ستایش بکات، وەهەم ستایشی ئەوبەندانەی ئەکات کەسوپاسیان کردوە وپێی هاتون بەنیعمەتەکانی، بەم بۆنەوە، سەبارەت بە حەزرەتی ئیبراهیم لەسورەی (**نەحل**)، ئایەتی (١٢٠) و(١٢١) دا، ئەفەرمێ «**لَمْ يَكُ مِنَ المشركين، شاكراً لأنعُمِه**». واتە هەم موشریك نەبو هەم سوپاس گوزاربو، وەسەبارەت بەحەزرەتی نوح ئەفەرمێ «**إنَّهُ كانَ عبداً شَكوراً**». جائایا ئەم شوکرە لە ڕوانگەی زمانەوە چی یە وە لەڕوانگەی تەسەووفەوە چی یە؟.

لەڕوانگەی زمانەوە وتمان پێ هاتن و سوپاس کردنە، بەرانبەر بەکردەوەیێکی چاك کە لەگەڵی ئینساندا کرابێت، «**عرفان الجميل**»، بەڵام، لەڕوانگەی تەصەووفەوە شتەکە قوڵترە ئەویش ئەوەتە، هەم بەزمان وەهەم بەلەش وەهەم بەدڵ سوپاس بکەیت، تەصەووف ئەڵێت، بۆهەمو نیعمەتێ سوپاسی تایبەت هەیە. وەتەنهائەوەنیە بەدەم بڵێیت خودایا شوکور، وەتەواو، بەڵکو شوکری زمان ئەوەتە ذیکری پێ بکەیت، وە خراپی پێ نەڵێیت، شوکری لەش ئەوەتە: پەرەستشی پێ بکەیت وەگوناهی پێنەکەیت، کاسبی حەڵاڵی پێ بکەیت وە بەشوێنی حەراما هەنگاوێ هەڵنەگریت، سوپاسی دڵ ئەوەتە ذیکری خودای پێ بکەیت، ئەوەتە جگە لەخودا ڕێگەی هیچی تری تیانەکەیتەوە، هەروەها شوکری سامان و سەرمایە ئەوەتە، لەڕێگەی خودادا خەرجی کەیت، وەنەیکەیتە گەنج و نەقدینەو لەبانکابیمرێنی. صوفی یەکان ئەڵێن، یەکەم ووشەی قورئان، حەمدوسەنای خودایە کەسورەی «**الحمد**» ە وە وخودا ئێمە ڕێ نمونی ئەکات کە سوپاسی بکەین وە دان بنێین بە «**صیفەتە**» کانیا، وەکو «**الرحمن**: **الرحیم مالك یوم الدین**»، گەورەترین نیعمەت بەلای صوفی یەوە، واتە بەلای موسڵمانی ڕاستەقینەوە، نیعمەتی «**ئیسلامە**»، چونکە تۆخۆت ئاگات لەهیچ نەبوە وە داوات نەکردوە وەخودا هەر بەلوطفی خۆی بەئیسلام دروستی کردویت وە هیدایەتی داوی بۆئیسلام.

هەروەها بەلای گەورەپیاوانی ڕێڕەوی تەسەووفەوە شاکربوون خۆی پێویستی

بە شوکرە ، چونکە ئەوە خۆی گەورەترین نیعمەتە ، واتە نیعمەتی شاکربون بۆچی؟ چونکە ، ئەوەی شوکرئەکات خودا خەیرو بەرەکەتو نوروورەحمەتی زیادئەکات «لَئِنْ شَكَرْتُمْ لَأَزِيدَنَّكُمْ» ، تۆیش کەخوا خستویتیە سەری ئەو ڕێگەچاك وقانجازە؟ هەرئەوەخۆی نیعمەتە وەئەبێ شوکری لەسەربکەیت.

صوفیەکان ئەڵێن ، باشترین ذیکر لاالەالااللە یە ، وەباشترین ستایش الحمدللەیە ، قوشەیری ئەڵێ ، شوکری لەش ئەوەتە ئەندامەکانت تەنها بۆرێگەی ڕەزامەندی خودا بەکار بێرت ، وە دڵیشت جگە لە ذیکرو ناسینی خودا بەهیچ مەشغولْ نەکەیت ، وە زمانیشت جگەستایشی خودا بەکاری نەبەیت ، وە دڵیشت جگە لەذیکرو ناسینی خودا بەکاری نەبەیت ، وەسەرمایەشت بۆئەوەبێت لەڕێگەی چاکەو خزمەتی موسوڵمانانندا خەرجی کەیت.

(ابو طالب المکی) ئەڵێت ، سەرەتای شوکور ئەوەتە دانبەوەدابنێیت هەرچی نیعمەتە هەمووی هی خودایە. لەکتێبی (مدارج السالکین دا) ، ئەڵێت ، قال السیّد(شوکورئەوەتە ئەوەی خوداداویە بە بەندە وەکو (حەواسەکان) هەموی بۆئەوانە بکاتەکار کەخودا بۆئەوانەی دروس کردوون.)(ابو عثمان) کەیەکێکە لەسوفیەکان ، ئەڵێت «شُكْرُ العامّة على المَطْعَمِ والمَلْبَسِ ، وشُكْرُ الخواصِّ على مايَرِدُ عَلى قُلُوبِهِمْ مِنَ المَعانى» واتە شوکری موسوڵمانان بۆخۆراكو پۆشاکێکە کەخودا ئەیان داتێ ، بەلام شوکری پیاوچاکان بۆئەو مەعنەوییاتەیە کەخوا ئەیرژێنێتە دەرونیانەوە؟ جا ئەومەعنەوییاتە ئەومەقامە بەرزانەن ، کەیەکێ لەوانە مەقامی شوکورە ، وەهەرکەس کەخودا ئەو خەلاتەی کرد ساتێك لەسوپاس وشوکرانەی خودا غافڵ نیە ، وەخۆی ئەگەڕێت کە شتێ بدۆزێتەوە تاشوکرانەی لەسەربکات ، بۆئەوەی کەخودائەونیعمەتەی زیادکات بەتایبەت نیعمەتی بەصیرەتی دەرون وەپایەی یەقینی خۆی.

••

تَوَكُّل :

یەکێکی تر لەمەقامەکانی تەصەووف «تەوەککوله» ، هەروەکو وتمان مەقام بەپایەوپلەی بەندە ئەڵێن بەلای خوداوە ، جاصوفی یەکان بایەخێکی زۆریان، بۆ «تەوەککول» داناوە .

لەابراهیم الخواص ، کەیەکێکە لەگەورەپیاوانی تەصەووف پرسی یان ، تەصەووف تۆی گەیاندەچی؟ لەوەڵاما وتی گەیاندمیە «تەوەککول» .

تەوەککول ، واتە یەکێك کردنە وەکیل وەنوێنەر،یان چارەنوسی خۆدانەدەستی کەسێك ، بێگومان ، لیرەدا ، مەبەست ئەوەتە ، بەهۆی خواپەرستی و لەخواترسی و خواناسی یەوە ، مرۆڤ بگاتە ئەوقەناعەتەی کەچارەنوسی هەردوجیهانی خۆی ، بداتە دەستی خودا ، وەجگەلەخودا پشت بەهیچێکی تر نەبەستێت،دیارە هەروا بەسادە مرۆڤ وای لی نایەت باوەڕی بێتە سەر ئەوەی کەچارەنووسی خۆی لەژیانا بداتەدەستی خودا ، وەخۆی هەروەکو مردوی بەردەستی مردوشۆر ، یان هەروەکو نەخۆشی بەردەستی دوکتۆر بداتە دەستی خودا ، وەهەموجۆرە ورکەو دودڵی و وەسوەسەیێك لەدەرون دەرکات .

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا ئەفەرمێ (وَمَنْ يَتَوَكَّلْ عَلَى اللهِ فَهُوَ حَسْبُهُ) سورەی (الطلاق) ئایەی (٣)، واتە ئەوەی پشت بەخوا ببەستێ یان کاری خۆی بداتەدەستی خودا ، خوداخۆی ئەبێتە پشتیوانی یان چارەسەرکەری کاروباری ، جا خوداخۆی بۆمان دەرئەخات کە تەوەککول ، کردەوەی خاوەن باوەڕانی ڕاستەقینە واتە مۆمنانە ، کەئەفەرمێ «وَعَلَى اللهِ فَلْيَتَوَكَّلِ الْمُؤْمِنُونَ»سورەی ئبراهیم ئایەی «١١» وەدەستورو فەرمانیش ئەدات بەخاوەن باوەڕان ، کەببنە خاوەن تەوەککولیش ، کە ئەفەرمێ «وَعَلَى اللهِ فَتَوَكَّلُوا اِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ» سورەی مائدە «٢٣» ئاکامی ئەم تەوەککولەش ئەوەتە ، مرۆڤ ئەبێتە خۆشەویستی خودا کەئەفەرمێ «اِنَّ اللهَ يُحِبُّ المتوكِّلين» سورەی (آل عمران) (١٥٩) .

بەلام ئایا تەوەککول ، چۆنە؟ بەمچەشنەبێت کەوتمان ئەبێ مرۆڤ کاروکاسبی نەکات ، هەرپشت بەخودابیەستێت ، هەروەها نەڕواتەلای دوکتۆر ، بۆچارەسەری نەخۆشی ، بلێ خودا چاکم ئەکاتەوە ، ؟ ناء.... ،

نەشەریعەتی ئیسلامی، وەنەفەرمودەورەفتاری پێغەمبەر وەنەکردەوەی سوفی یەکان، هیچکامی وادەستورنادەن، بەڵکو بەلای هەموانەوە تەوەککول، باوەڕێکەو والەدەرونا، تۆ ئەبێ هەوڵبدەیت باورەکەت چاك کەیت...، چۆن؟...، تۆ کەنەخۆش کەوتی پێویستی پەنابەریتە بەر «ئەسباب» ئامێر، واتە دوکتۆرو دەرمان، بەڵام، باوەرت لەسەر ئەوەنەبێت کە «شفاء»، واتە چاك بونەوت بەدەستی دوکتورە، بەڵکو ئەبێ داوای شیفا لەخودابکەیت، ئەوەی لەدەستی تۆدێت ئەیکەی، وەباوەرت لەسەرئەوەبێت «شیفا» ئەبێ خودا بیدات. هەروەها بۆکاروکاسبی و کشتوکاڵ تۆ هەوڵ ئەدەیت بەڵام باوەرت لەسەر ئەوەبێت «رازق»، وەرۆزی دەر هەرخودایە، ئەگەر وانەبوابێ ئەبوابێ هەرچی هاوکارە، وەکویەك دەرامەدیان بوابێ، یان، هەرچی پزیشکە خۆیان نەخۆش نەکەوتایێن، یان، هەموکەسێ بە فلاندەرمان لەفیسارەنەخۆشی چاك بوابێتەوە، جا کەباوەرت هاتەسەری ئەوەی رۆزی دەرو پارێزەرو شیفادەر، هەرخودایە ئەوکاتەش تۆ سەرنویشت و چارەسەرت ئەدەیتەدەستی خودا، نەبەهیچ کۆسپێك پەکت ئەکەوێت، وە نەبەهیچ دەسکەوتێك لەخۆت بایی ئەبیت.

ئێمە زۆرجار بەدەم ئەڵێین بسم الله، توكلتُ علی الله، وَلاحَوْلَ وَلاقُوَّةَ اِلاّ بالله، بەڵام ئەگەرباش لەواتای ئەم وشانە وردبینەوە، وەباوەرمان پێیان هەبێت، هەرئەوە خۆی بەسە، بۆئەوەی بەراستی ی خواناس بین، وە خاوەن باوەر، وەصوفی بین. ووشەی بەناوی خودا، واتە کارەکەم بەناوی خوداوە دەس پی ئەکەم، ئەمەخۆی، خۆناسینە بەناوی بەندەیێك وە (الله) ناسینە بەناوی خودای خۆت «توكلتُ علی الله»، واتە پشتم هەر بەخودا بەستوەو سەرنویشتی خۆم داوەتە دەستی ئەو.

«ولاحول ولاقوة الا بالله»، هیچ هەوڵ و تێکۆشان و هێزێك، بە بێ ویستی خودا، هیچەو شتی لی ناوەشێتەوە. شارەزایانی رێگەی، تەصەووف سێ پلەیان، بۆتەوەککول داناوە، سەرەتایی، ئەویش وەکو کەسێکە کەهەرچی کاروباری خۆیەتی، دابێتیە دەستی نوێنەرێکی دلسۆزو بەرەحم وبەویجدانی خۆی.

مام ناوەندی یەکان، ئەوانیش، وەکو منداڵێکن ساوا، کەهەرچی یان بوێت هەرپەنا بۆدایکیان ئەبەن، وەجگەلەو هۆگری کەس نین، وەبەتەمای کەسیش نابن. دواپلە: ئەوانیش کەسانێکن کە وەکونەخۆش، لەبەردەستی پزشکابێت، خۆی داوەتە

دەستی ئەوپزیشکە لەشی هەڵئەدڕێ گورچیلەی ئەبڕێ هەرچی ئەکات نەخۆشەکە خۆی داوەتە دەسی، ئەوانیش بەوجۆرەن. کەواتە خاوەن تەوەککول، بەوەئەڵێن پەنائەباتە ئەسباب، بەڵام لەدەرونیشەوە باوەڕی لەسەرئەوەتە ئەم ئامێرانە، بەبێ خواستی خودا، نەئەتوانن زیانی پی بگەیێنن نەقازانج.

(ابن عجيبه) کەیەکێکە لەگەورەپیاوانی تەصەووف، ئەڵێت، «**تەوەککول، بریتی یە لەباوەڕی دەرون، بەخودا، بەجۆرێك مرۆڤ وای لێ بێت، پشت بەهیچ شتێك نەبەستێ بە خوا نەبێت، وە بۆ هەموو کارێکی پشت بە خوا ببەستێت. خۆی بداتە دەستی خودا، لەسەر ئەو باوەڕە بێت کە خوا زانایەو خەبەرداره لەهەموشتێك، وەباوەڕی لەسەرئەوەبێت کە کاری خۆی ئەگەر بە دەستی خودابدات لەوەجێگەی متمانەترە کە بەدەستی خۆیەوەبێت.**

قوشەیری، خوای لێ خۆش بێت، ئەڵێت، جێگای تەوەککول، والەدڵا، وەهەوڵ وتێکۆشان هیچ دژی و پێچەوانەیێکی نیە لەگەڵ تەوەککولێکا کە لەدەرونا جێگیربوە، مەرج هەرئەوەتە باوەڕی مرۆڤ لەسەرئەوەبێت هاتونەهات بەدەستی خودایە».

«ترمزی» حەدیثێك ئەگێڕێتەوە، عەرەبێك دێتە خزمەتی پێغەمبەر درودی خودای لەسەر ئەڵێ، ئەی پەیامبەری خودا وشترەکەم هەروا، تەوەککول بەخودا بەرەڵا کردوە، ئایا هەروا وازی لێ بێرم، ؟ فەرموی..... نا... بیبەسەرەوە لەپاشان تەوەککولت بێت. قوشەیری ئەڵێت، تەوەککول، باوڕهاوردنە بەوەی کەبەدەستی خودایە، وە دڵ نەبەستن بەوەی کەبەدەستی مەخلوقە، (**ئەبوعەلی دەققاق**) ئەڵێت، (**تەوەککول**) پێناسی خاوەن باوەڕان (**مؤمنین**) ە وە (**تەسلیم**)، ، پێناسی ئەولیایە، وە (**تەفویض**)، **کاری «مُوَحِّدِین»** ە «**سَهْلِ بْنِ عَبْدُ الله**»، ئەڵێت، خاوەن تەوەککول، سێ سپاردەی لەسەرە، نە داوای هیچ لەهیچ کەسێ بکات، وە نەدەس بنێت بەروی ئەوەوە شتێکی بۆدیرێت، وە نەهیچ شتێك پاشەکەوت کات و بێخاتە لاوە بۆدوارۆژ.

بەکورتی قازانجی تەوەککول ئەوەتە، مرۆڤ هەمیشەدڵنیایە، وەلەدڵەخورپەی هەمو پێش هاتێك ئەکەوێت، ئەزانێ خوا چاوی لێ یەتی وەلەحاڵی ئاگادارە، خۆی رازقە خۆی شیفابەخشە، خۆی حافیزوپارێزەرە«**اَرْحَمُ الرَّاحِمِین**» ە لەخۆی بۆخۆی دڵسۆزترو دەس ڕۆیشتوترو زاناترو تەواناترە، ئەوەی ئەو نەیەوێ ناکرێت وەئەوەی بیەوێ کراوە، کەواتە پەنا ئەبا بەئەسباب، بەڵام دڵ وباوەڕی ناداتە ئەسباب ئەزانێ ئامێر نیە کارئەکات، بەڵکو خودا خاوەنی ئەوو ئامێرەکانیشە.

بەڕاستی تەوەککول ، گەورەترین هۆی دڵخۆشی‌و دڵدامەزراوی‌و ئازایی‌و چاونەترسی‌یە ؛ مرۆڤ خۆی لای‌کەس سوك‌ناکات ، چونکە هیچ‌کەس بەخاوەنی ئایندەو خۆشبەختی‌و سەرکەوتنی خۆی دانانێت وەجگە لەخوانەبێ باکی لەکەس‌نیە ، وە جگە بەخودانەبێت ئومیدی بەکەس‌نیە ؛ لەوانە نابێت ، کە هەر تاێك‌گرتی، خێرا دەستەپاچەبێت چونکە ئەزانێت شیفاومردن هەربەدەستی خودایە ، ئەوەش ئەو نەیویست ناکرێت ؛ وەمرۆڤ وای لێ‌دێت هەر لە بەرئەوەی فەرمان لەدەستوری خوداو لەشەرع بیات ، دەست‌ئەداتە ئامێری هەرکارێك ، واتە بەظاهیروئاشکرا دەست‌ئەداتە ئامێر ، بەڵام لەدەرونا هەرپشتی بەخوابەستوەو ، داوای‌هیچیش لەخواناکات چونکە مادام خۆی‌داوەتە دەستی‌خودا ، خودا خۆی چی چاك‌بێت بۆئەو خۆی ئەی‌زانێت وە کام‌ڕێگەو کام‌پێش‌هات باشە ئەو ئەیزانێت کەواتە داوای‌چی لەخودابکات ؛ کەخۆی‌نەزانێت چی‌باشەبۆی ، وەبۆچی‌خۆی نەداتە دەستی ئەوکەسەی کەلەخۆی دڵسۆزترە بۆی ، وزاناو تەوانایشە .

لێرەدایە بەپێویستی‌ئەزانم قامك ڕاکێشم بۆ ئەو دوشیعرەی خۆم ، کەلەپێشەکی دیوانی شیعرەکانما نوسیومە کەلەگەڵ ئەم‌حاڵەدا باش ڕێك‌ئەکەوێت وەدوایی‌بێرم‌بەباسی تەوەککول .

«لەگەڵی خودای‌خۆمدا»

«بەغەیری‌لوتفی‌تۆ قەت طالیبی‌گەنج‌و گوهەر نابم»
«کەلوتفت‌بو نیەفەرق گەدابم یاوەکو شابم»

«نەزانم کامە باشەبۆم ئیتر داوا لەتۆ چی‌بکەم»
«کەوابو کامەباشەبۆم خوا وابی خوا وابم»

تەسلیم :

یەکێکی‌تر لەمەقامەکانی تەصەووف مەقامی تەسلیمە ، لەکتێبی (**مُعجَم مصطلحاتِ الصّوفية**)دا نوسینی د . عبد المنعم کەلە(١٤٠٠)ك‌دا چاپ‌کراوە .

ئەڵێت ، «**التسليم الانقياد لأمر الله تعالى وترك الاعتراض فيما لايلائم وقيل هو الثبات عند نزول البلاء من غير تغيير في الظاهر والباطن**» .

کەوابو «**تەسلیم**» خۆدانەدەستی خودایەو دەس هەڵگرتن لەرەخنەگرتن لەهەرچی ئەوەی دێت بەسەرتاو ئەیبینیت‌و ، لەوەئەکات کەبەقانجازی تۆنەبێت ؛ یان ، نەگۆڕانە لەدەرو لەدەرون‌دا لەکاتی دووچاربونی کۆسپو نەهاتی‌دا .

«**شیخ‌الاسلام ، عبدالله أنصاری هروی**» لەکتێبی «منازل السالکین» دا باسی مەقامی تەسلیم ئەکات ، وەسێ پلەی بۆدائەنێت .

لەقورئان‌دا لەئایەتی (٢٢) سورەتی ئەحزاب دا ، ووشەی تەسلیم هاتوە ، کەئەڵێ ، (**وَلَمَّا رَأَى الْمُؤْمِنُونَ الأَحْزَابَ قالوا هذا ماوَعَدَنَا اللهُ وَرَسُولُهُ وَصَدَقَ اللهُ ورسولهُ، وَمازادَهُمْ إلاّ ايماناً وتَسْليماً**) .

لێرەدا زۆرباش دیارە کەتەسلیم ، واتە چارەنوسی خۆسپاردن بەخودا ، پاش ئیمان دێت ، وە تەسلیم ئەوەتە ئادەمی‌زاد خۆی ئەداتە دەستی ئەوشتە ، یان‌ئەوکەسەی باوەری پی‌هانیوە .

بۆنمونە ، ئەڵێن ئیشی‌پزشك چاك‌کردنەوەو دەرمان‌کردنی نەخۆشە ، پاش پەیدابونی ئەم باوەرەتە ، لەدەرونا مرۆڤ وا لی‌ئەکات ، خۆی بخاتە بەردەستی پزیشك وەهەرچی ئەوئەیکات ئەم بەلایەوە پەسەندەو ، چەنەبەحەنەی لەگەڵ‌ناکات ، تەنانەت ، ئامادەیە ، پزیشك بی‌هۆشی‌خات‌و زکی‌هەڵ‌درێت ، جائەوە تەسلیم‌بونە بەپزشك وەچارەنوسی خۆدانە دەستی ئەو دوکتۆرە .

لەکتێبی (**قوت القلوب**)دا ، لەزمانی **سری‌سەقطی‌یەوە ئەڵێت** ، **ثلاثة** ، **يستبين‌بهن اليقين** ، «**القيام بالحق في مواطن الهلكة ، والتسليم لأمر الله عند نزول البلاء ، والرضاء بالقضاء عند زوال النعمة**» واتە سێ‌شت‌هەن کە خاوەن باوەری تەواو ، یان باوەری تەواو ؛ واتە یەقینیان ، پی‌ئەناسرێت ، ئەنجامدانی سپاردەی‌هەق لە کاتی تیاچون وەمەترسی‌دا ، واتە ، بامەترسی‌تیاچون وەفەوتانیشی هەبێت ئەوکەسە هەر ، لاینگری‌ی هەق‌ئەکات ، هەروەها چارەنوسی‌خۆت‌دانە دەستی‌خودا لەکاتی دوچاربونی بەڵادا ، وەرازی‌بون بەوەی کەخوائەیکات‌و خوا کردویەتی لەکاتی لەدەست‌دانی نیعمەتدا .

واتە، بازیانیکیش‌بکەیت وەئەوەی‌هەتە لەدەستی‌بدەیت ، هەرڕازی‌بیت بەوەی‌کەخوا‌کردویەتی .

لەکتێبی «**قوت القلوب**» دا ، لەکاتی باسی «**تەوەککول**»دا زۆرجار باسی (**تەسلیم**) دێرێتە گۆری ، وە پەیوەندیان ئەدابەیەکەوە ، بۆنمونە ، لەشوێنێکا باسی‌سێ‌جۆر

لەتەوەککول ئەکات ، ئەڵێت ، هەیە هەرلەبەر گەورەیی و عەزەمەتی خودا تەوەککولی هەیە بەخودا ، واتە ، بۆچاوەدێری پاداش وترس و خۆشەویستی ی نیە ، هەیشە لەبەر خۆشەویستی خودایە ، واتە ، خوای خۆش ئەوێت ، لەبەرئەوە تەوەککولی بەخودا هەیە ، هی وایش هەیە ، لەبەرئەوەتە خۆی بەخودا **(تەسلیم)** کردوە ، کە هەم بەتەمای پاداشەو هەم لەسزائەترسێ .

جائەلێ جۆری تەوەککول لەبەرعەزەمەت ، لەهەموی گرنگ‌ترو بالاترە ، لەشوێنێکی‌ترا ئەڵێت ، مرۆڤ کە نەزانێت چی باشەبۆخۆی ، چۆن خۆی ببێتەسەرپشك ، شایەد ئەوەی هەڵی ئەبژێرێت ، بەزیانی بێت ، وەئەوەی خۆی لێ لائەدات ، بەقازانجازی بێت .

خوائەفەرمێ «**كُتِبَ عَلَيْكُمُ الْقِتَالُ وَهُوَ كُرْهٌ لَكُمْ وَعَسَى أَنْ تَكْرَهُوا شَيْئًا وَهُوَ خَيْرٌ لَكُمْ وَعَسَى أَنْ تُحِبُّوا شَيْئًا وَهُوَ شَرٌّ لَكُمْ ، وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ**» **(البقرة)** کەواتە تەسلیم بون بۆفەرمانی خاوەن‌فەرمان ، کەخوای‌گەورەیە ، وەرەزابون بەبەشی ئەو دابەش‌کەرە پێویستە .

هەر لەشوێنێکی‌تری ئەم‌کتێبەدا ئەڵێت ، وأعلى التوّكل ، التوّكلُ عليه في الاستسلام للأحكام .

بەکورتی لەزۆرشوێنی ئەم‌کتێبەدا سەبارەت بە ، «**تەسلیم**» باس ئەکات ، بەڵام بەجیاوازی باسی‌تەسلیم وەکومەقامێکی جیاواز ناکات ، هەروەها «**ئەبونەصر**» سەرراج ، لەکتێبی «**اللمع**» دا ، لەکاتی لێك‌دانەوەی «**عیلمی‌ظاهیر وە عیلمی‌باطین**» دا ، ئەڵێت عیلمی ظاهیری‌شەرعی ، دەستوراتی عیبادەتە بەظاهیر ، بەڵام عیلمی‌باطین ، پەرستشی دەرونی‌یە ، وەکو مەقامەکان‌و حاڵەکان .

وە «**٣٤**»ناو لەناوی حاڵ‌و مەقام باس‌ئەکات ، بەبێ جیاکردنەوەیان لەیەك ، کە کامی‌حاڵەو کامی‌مەقام ، جا یەکێ لەوناوانە «**تەسلیمە**» ، بەڵام لەکاتی راڤەو لێکۆڵینەوەدا ، تەنها لەحەوت‌مەقام لەمەقامەکان‌و یانزەحاڵ لەحاڵەکان ئەکۆڵێتەوە ، لەکتێبی نەقشبەندی‌یەکانا وەکو «**مەکتوباتی ئیمامی‌رەببانی**» واتەشیخ ئەحمەدی فاروقی ، کە بەناوی «**مُجَدِّدُالألف‌الثانی**» بەناوبانگەوە لە **(٩٧١)** ك‌لەدایك‌بوە وە لە «**١٠٣٤**»دا کۆچی‌کردوە ، یان لەکتێبی «**ایضاحُ الطَّریق**» کەهی «**شیخ‌عبدالله**»ی دهلوی مورشیدی مەولاناخالیدی نەقشبەندی‌یە وە لەساڵی «**١١٥٨**» ك‌دا لەدایك‌بوە وەلە «**١٢٤٠**»ك‌دا ، دواکۆچی‌کردوە ، لەوکتێبانەدا هەمویان ئەڵێن ئەبێ رێبواری رێگەی تەصەووف لەو دەمەقامە تێپەرێت ، جا ئەگاتە مراز ، وە مەقامی **(تەسلیم)** یەکێکە لەومەقامانەی کەناویان‌بردون ، هەروەها مەلاحامیدی بێسارانی کەلەدەوروبەری **(١٢٢٥)**ك لەدایك‌بوەو لەدەوروبەری **(١٣١٠)**ك لەدێی «**بیارە**»

لەدونیادەرچوە ، ئەویش هەم لەزمانی ئەوانەوە ، وەهەم‌خۆیشی مەقامی «**تەسلیم**» بەیەکێ لەو دە مەقامانە دائەنێت ، کەئەبێ رێبواری رێگەی تەصەووف بیان‌برێت تابگاتە مراز ، لەکتێبی «**قُدسِیّة**»دا ، کەبریتی‌یە لەفەرمودەکانی شاهی‌نەقشبەند واتە (**محمدبن‌محمد**) بهاءالدین البخاری(**نەقشبەند**) ، کەلە گوندی «**قەصری‌عاریفان**» ، لەنزیکی شاری بوخارادا ، لەسالی (**٧١٧**)ك‌دا هاتوەتەجیهانەوە لەسالی (**٧٩١**) کۆچی‌دا ، هەرلەوگوندەدا دواکۆچی‌کردوە ، وەنوسەری‌کتێب یەکێکە لەجێ‌نشینەبەناوبانگەکانی شاهی‌نقشبند ، بەناوی «**محمدپارسا**» کە لەسالی(**٨٢٢**) ك کۆچی‌کردوە ، لەم‌کتێبەشا ، چەن‌جارێك سەبارەت بەمەقامی تەسلیم باس‌ئەکات ، وەلەشوێنێکا ئەڵێت ، تەسلیمی رێبواری رێگەی تەصەووف ، لەپێشا تەسلیم‌بونە بەمورشید ، بەوجۆرەی ، رێبوار واتە «**مورید**» چارەنوسی خۆی ئەداتە دەستی‌مورشید ، هەرچی مورشیدبیکات بەلای‌موریدەوە پەسەندو خۆشە ، ئەگەر هاتو رێبوار بەم‌حاڵەتە راهات ، وە پایەی‌بەرزبوەو ەو بویە خاوەن مەقام،جا کاتێ ئەوە ئەگات ، کەهەست‌ونیست‌و چارەنوسی دینودنیای خۆی ئەداتە دەستی‌خوای‌گەورە ، وەکاتێ کەئەوحاڵەتە بویە خووخدەی ، وەهەست‌وبیرو باوەری لەسەری ئەو چارەنوس‌بەدەستی‌خواسپاردنە دامەزرا ، ئەوساکە بوەتە خاوەنی مەقامێکی گەورەی خوداپەرستی‌و بەندەیی‌خودا بەناوی مەقامی «**تەسلیم**» .

«الرِّضا»

لەکتێبی «**اللمع**»دا ، ئەڵێت ، رەزا مەقامێکی پیرۆزە ، لەکتێبی «**رسالة القشيرية**»دا ئەڵێت ، صوفی‌یەکانی عیراق‌و خوراسان سەبارەت بە رەزا هاوباوەر نەبون، خوراسانیەکان بە مەقام دایان ئەنا ، وەئەیان‌گوت رەزا پایانی مەقامی تەوەککولە ، مەقام بونیش ئەوە ئەگرێتەوە ، کەمرۆڤ ، بەرەنجی‌خۆی دەستی کەوێت ، بەلام عیراقیەکان ، باوەریان لەسەری ئەوە بوە کە رەزا یەکێکە لە ئەحواڵ ، وە بەهۆی تێکۆشانی بەندەوە نایێتەدەست ، بەڵکو چۆنیەتێکە کەخۆی دێتە دڵ‌ودەرونەوە هەروەکو حاڵەکانی‌تر

قوشەیری خۆی ئەڵێت ئەکرێ ئەم دوباوەرە پێکەوە کۆ کەینەوە وەبڵێین ، سەرەتای رەزا مەقامە ، وە بەهۆی کۆششی بەندەوە دەست‌ئەکەوێ ، بەلام

دواپلەکانی ئەگاتە رادەیێك هەر بەخششی خودائی یە وە دەستکەوتی بەندە نیە ، بەکورتی ی ، رەزا بریتی یە لەرەزامەندی و پێ خۆش بون وە دڵخۆش بون لەئاکامی کارێك ، رەزامەندی خودا لەبەندە ئەوەتە لەکردەوەی رازی بێت ، بەوبۆنەوە نورو بەرەکەت و پاداشی رەزامەندی خۆی برێژێت بەسەریا ، رەزامەندی بەندەیش ئەوەتە ، هەرچی بەسەرا دێت لەخۆشوناخۆش چوون لای خواوە هاتوە خۆش بێت ، جگەلەگوناەکردن و لەرێ لادان ، چونکە ئەوە سەرکێشی یە لەفەرمانی خودا ، لێرەدا مەبەست لەرازی بون لەخۆشی و ناخۆشی هەژاری و دەوڵەمەندی یە تەنانەت ئەبێ کۆس کەوتن ، وەمنداڵ پەیدابون جەوروئازارو پاداشی بەلاوە یەکسان بێت ، بێگومان لەم بارەوە بیروباوەری زۆر پیشان دراوە ، وەهەر گەورەپیاوێك بەپێی حال ومەقام وەچۆنی یێك کەبۆخۆی دەستی داوە لێکی داوەتەوە ، تەنانەت لێك دراوەتەوە ئایا ئەکرێ ئەم باوەرانە پێچەوانەبن لەگەڵ دەستوری شەرع دا ؟

خوای گەورە سەبارەت بەپاداشی بەندەکانی خۆی ، بە ئەهلی بەهەشت ئەفەرمێ «رَضِيَ اللهُ عَنْهُمْ» ، بەهۆی کردەوەی چاکیانەوە ، خودا لێیان رازی بوە ، وە ئەم پاداشەگەورەیەی داونەتەوە ئەوانیش بەرانبەر بەم پاداشەگەورەیە ، «وَرَضوا عَنْهُ» ، ئەوانیش لەخودا رازی بون ، بێگومان ، ئەم ئاکامە هی کردەوەی ئەم جیهانەتە ، بەندەی سەربەفەرمان و بەندەگی قام خاوەنەکەی لێی رازی ئەبێت ، بێ گومان ، یەکێ لەم قامینە ، وەلەم بەندەیی ئەنجامدانە ، رەزامەندی یە بەجەورو بەچاکەی سەروەر ، مادام ئەم دەمی بە نارەزایی نەکردەوە ، وە گەردەن کەچ بو خودای لێ رازی ئەبێت لێیشی رازی بو پاداشی چاك و گەورەی ئەداتەوە کەسێ کەبەجەوریش رازی بوبێت ئیستە بەم پاداشە گەورە چۆن رازی ترنیە ،؟ کەواتە ، ئەبێتە «رَضِيَ اللهُ عَنْهُمْ ، وَرَضُوا عَنْهُ ، ذٰلِكَ الفَوْزُ العَظِيم» (مائدة) «١١٩» ، کەواتە ئەوبەندە خواپەرستە مەقامی رەزای دەس کەوتوە کە خودای گەورە ، بەناوی فەوزی عەظیم ناوی ئەبات واتە ، سەرکەوتنێکی زۆرگرنگ .

یان ئەفەرمێ «وَمِنَ النَّاسِ مَنْ يَشْرِي نَفْسَهُ ابْتِغاءَ مَرْضاتِ الله» (البقرة) «٢٠٧» ، یَشْری ، واتە ئەیفرۆشێت واتە دای ئەنێت ، وەدەستی لێ هەڵ ئەگرێت ، واتە ، ئەفەرمێ هی واهەیە لەرێگەی بەدەس هێنانی رەزامەندی خودادا تەنانەت دەست لەخۆیشی هەڵ ئەگرێت .

جا ئەمەیان بۆبەدەست‌هێنانی ڕەزامەندی خودایە ، کەئاکامی ئەویش هەروەکو وتمان ئەبێتەهۆی بەدی‌هاتنی ڕەزامەندی بەندە ، رَضِيَ اللهُ عَنْهُمْ وَرَضوا عَنْهُ ، «**شیخ سەرراج**» لەکتێبی «**اللمع**»دا ئەڵێت ڕەزا ئەوەتە کەبەندە خۆی بداتە دەستی خودا وەکو خۆمان ئەڵێین «**هەرچی لای خوداوەهات خۆش هات**» .

(**جونەید**) ئەڵێت ، ڕەزا ، لەدەست‌دانی ویستی بەندەیە . (**قەنناد**) ، ئەڵێت ، ڕەزا ڕازی‌بونی بەندە بە قەزاوقەدەری تاڵ ، واتە زۆرناخۆش .

لە ریسالەی قوشەیری‌دا ئەڵێت ، ڕەزا ، دەرکردنی هەمو نەگەویسی‌وکینەیێکە لەدەرونا ، بەجۆرێك دەرون وای لێ‌بێت جگەخۆشی‌و سرورو ڕەزامەندی هیچی‌تری تیانەبێت «**ابنُ الخفیف**» ، ئەڵێت ، ڕەزا ، دامرکانی دەرونە بەهەمو فەرمانێکی خودا ، وە ڕێك‌کەوتن‌وقایل‌بونی دەرونە بەهەرچی شتێ خودا بیەوێت .

«**ابن عطا**» ئەڵێت ، ڕەزا بریتی‌یە لەدامرکانی دەرون بەویستی «**قەدیم**»ی ، خودا ، چونکی ئەوەی خوداخۆی هەرلەئەزەلەوە (**لەمێژەوە**) ، هەڵی‌بژاردوە بۆبەندە هەرئەوە چاکە ، وەنابێ بەندە بەو هەڵبژاردنەی خودا نارازی‌بێت . خوا خۆی ئەفەرمێ ، «**وَعَسى اَنْ تَكْرَهوا شيئاً وَهوَ خيرٌ لكم ، وَعَسى اَنْ تُحِبّوا شيئاً وَهُو شَرٌّ لَكُم**» یان‌ئەفەرمێ ، «**فَعَسَى اَنْ تَكْرَهوا شَيْئاً وَيَجْعَلَ اللهُ فيهِ خَيراً كثيراً**» (**١٩**) «**نساء**» .

بەکورتی دێینەسەری ئەوەی بڵێین ، ڕەزا مەقامێکی زۆرگەورەی دەرونی‌یە‌کە پاش پاك‌کردنەوەی دەرون لەهەموخەوشێك ، وەرەنجوتێکۆشانێکی زۆر بۆئەم‌پاك‌کردنەوە ، وەرازاندنەوەی دەرون بەهەمو پێناسێکی باش‌و پەسەند ، دەستی مەردی ئەو گوڕەپانە ئەکەوێت ، لای زۆربەی گەورەپیاوانی تەسەووف ، وەکو «**قوشەیری**» وە «**سەرراج**» وە «**شیخ عومەری‌سەهرەوەردی**» مەقامی ڕەزا بەگەورەترین ، وە بەدواپلەی مەقامەکان دانراوە ، وەپاش باسی مەقامی ڕەزا ئیتر دوایی دێرن بەباسی‌مەقام ، وەدەس‌ئەکەنە باسی حاڵ .

ئەم گەورەپیاوانە ئەڵێن ، مەقامی‌ڕەزا ، لەمەقامی صەبر گەورەترە ، بۆچی ، چونکە ئەم مەقامە کاتێکە مرۆڤ گەیشتوەتە پایەیێکی مەعنەوی ئەوتۆ کەهەرچی خودا ڕازی‌کات ئەو پێی‌خۆشە تەنانەت بەسەرهاتی ناخۆشی ژیانیش ، وە ئەو ناخۆشیانەش هەر بەزەردەخەنەوە سرنج‌ئەدات ، وەبەخێروبەرەکەتی ئەزانێت ،

تەنانەت مەرگیش ، بۆنمونە ، بیلالی حەبەشی خودای لێ ڕازی بێت لەکاتی سەرەمەرگدا پێ ئەکەنی و خۆشحاڵ بو ، وە ئەیوت «**لۆخەیش کەئەمرم ، وەسبەی ئەڕۆمە خزمەتی پێغەمبەرو هەمو خۆشەویستەکانی تر**» .

هەروەها پێغەمبەری گەورە درودی خودای لەسەر زۆرجار ئامۆژگاری هاوڕێیانی خۆی کردوە ، بەگرتنەبەری ڕەوشی ڕازی بون بەقەزای خودا ، (**ئەبوعەلی دەققاق**» فەرمودەیێکی دەربارەی ڕەزا هەیە لامۆایە زۆربەجێیە کەئەفەرمێ «**لَيْسَ الرِّضَا اَنْ لاتُحِسَّ بِالبَلَاءِ ، انَّمَا الرِّضَا اَنْ لاتَعْتَرِضَ عَلى حُكْمِ القَضَاءِ**» واتە ڕەزا ئەوەنیە هەربەڵایێکت بێ بەسەرا هەستی پێ نەکەیت وە بەخۆت نەزانێت ، بەڵکو ئەوەتە ڕازی بیت وەرەخنەنەگریت ، وەکو ئەونەخۆشەی کە هەست ئەکات بەئێشی دەرزی یان چەقۆی «**عەمەلیات**» ، بەڵام ڕازیشەو پێی خۆشە چونکە هی دوکتۆرێکە ئەیەوێ چارەی نەخۆشی یەکەی بکات .

لەمانە تێپەڕین ، ئەوەی دەرونی پڕبێت لەخۆشەویستی خودا ئیتر چۆن ئەتوانێ نارازی بێت لەوەی کەخودا ویستویەتی .

ئەم ڕەزامەندی یەش ئەوەناگەیێنێ ، بەندە هەوڵ نەدات بۆئەوەی خودا بەڵای لێ دورخاتەوە بەڵکو بۆئەوەتە ئەگەر دوچاری بەڵابو ناشوکری نەکات و نارازی نەبێت ئەگینا خودا ئەفەرمێ ، «**اُدْعُونِي اَسْتَجِبْ لَكُمْ**» سورەی «**غافر**» «**٦٠**» ، یان ئەفەرمێ ، «**هُوَ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الاَرْضَ ذَلُولاً فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا مِنْ رِزْقِهِ**» «**الملك**» **(١٥)** .

کەواتە بۆت هەیە داوابکەیت لەخوا دوچاری بەڵات نەکات ، بۆت هەیە هەوڵی ژیان و کاسبی بدەیت ، وە ئەم ڕەزامەندی یە نابێ لەسنوری شەرع تێپەڕێت ، واتە ، دیفاع لەماڵ و ناموسی خۆت نەکەیت ، هەرکەس هەرچیت لێ ئەکات بیکات ، ناء ، ... بەڵکو بۆ ڕەزامەندی لە بەسەرهاتە ، وەرەخنەنەگرتن لەفەرمانی خودا لەگەڵ تێکۆشان دا بۆئەنجامدانی هەرچی خودا پێی خۆشە وە دەس هەڵگرتن لەهەرچی خودا پێی ناخۆشە ، وە هاوردنەپێش چاوی ئەوەی کە دەردی سەرو بەڵای خودا هی نەگەویسی نیە ، وەژیانی پێغەمبەری خۆشەویست ، گەورەترین بەڵگەیە بۆمان ، بەتایبەت ، کاتێ سەیرئەکەین ئەو ئەڕوات بۆ بانگ کردنی خەڵك بۆلای ئاینی ئیسلام ، کەچی خەڵکی «**طائف**» ، بەجۆرێ ئەیدەنە بەری بەرد ، کە قاچی خوێناوی ئەبێت ، یان ئەوەی کە قاسمی کوڕی فەوتی کرد وە حەزرەتی حەمزە ،

وەصەدان کەس لەیارانی بەدەستی (**موشریك**)ەکان کوژران . جا لەگەڵی هەموی ئەمانەشا ئەوەتە لە ڕۆژەکەی طائف‌دا ئەفەرمێ «**إنْ لَمْ تَكُنْ ساخِطاً عَلَيَّ فَلا اُبالي**» ئەی‌خودا هەرتۆ ڕقت لەمن‌نەکەوتبێ ئیترمن گوێ نادەم .

لەکۆتاییدا ئەڵێم ڕەزا، یەکێکە لەگەورەترین مەقامەکانی تەصەووف ، کە مەقامی خاوەنی «**ویلایەتی‌کوبرا**» یە، واتە، وەلی‌یە هەرەگەورەکان وە دواپلەی پاك‌کردنەوەی نەفسە، کە بە نەفسی «**لوّامە**»دەس‌پێ‌ئەکات، پاشان «**مُلهَمَه**» پاشان «**مُطمَئِنَّه**»جا «**راضِیَه**» و لەئاخرا «**مرضیه**» کە لەباسی «**نەفس**» دا باس‌کراوە.

وە خوائەفەرمێ «**یاأَیَّتُها النَّفسُ المُطْمَئِنَّة ارْجِعي إلی رَبِّكِ راضیةً مَرْضیةً**» «**الفجر**»، وە ئەمەش هەر دەست‌کێشانێکە بۆلای ئەوانەی ئەگەنە ئەم مەقامەی کەلێرە لەم‌جیهانەدا «**نەفسیان**». واتە بەهەمو گیانێکیانەوە فەرمان‌بەردار بوون وە بەفەرمانی خودا دڵ‌خۆش‌و ڕازی‌بون، لەپاشان لەو جیهانیش‌دا بەپاداشی، ڕازی‌کران، وەڕازی لی‌بونی خودا بەرخوردارو بەهرەمەند ئەبن. جا گەورەپیاوانی شارێی تەصەووف، پاش ئەم مەقامە ئیتر لەوحاڵانە بەهرەمەندئەبن کەخودا ئەیەوێت وە هەرڕۆژەی بە نیعمەتێك بەرخورداریان ئەکات‌و هەرکاتە دەرونیان بەکەرەمێك وە بەئاوی ڕەحمەتێك گەشە پێ‌ئەداتو دەماغیان بەبۆنێك خۆش‌ئەکات، کەمەگەر هەرخودا خۆی‌و ئەوبەندە تێکۆشەرە خەبات‌کارە پارێزکارانەی لەچەندوچۆنی تێ‌بگەن. لەکتێبی مُعجَم‌مصطلحات الصوفیەدا، پلەی ڕەزا ئەکاتە چوار بەشەوە، (**ڕەزای**) «**مُحسِنین**» «**شُهَداء**» «**صِدّیقین**» «**مُقَرَّبین**»، جائەڵی ڕەزای موقەررەبین ئەوپایەتە کەپێی ئەڵێن «**الرُّجوعُ مِنَ الخَلقِ الی الحقّ**»، ئەبێ ئەوەش‌بڵێم ئەم‌پێناسە، بۆ صۆفی، بەچەشنێکی گشتی هاتوە، کەئەڵێ صوفی بەکەسێ ئەڵێن، لای خەڵك بەرئەدات وە ئەگەڕێتەوە بۆلای «**خالیق**».

«**موحاسەبە**»

ئەمەوێ بیرمەوەیاد، وتمان برێ لەگەورەپیاوانی تەصەووف مەقامی‌وا هەیە بەحاڵی دائەنێن یان برێ مەقام بەحاڵ، وەبرێکیان لایان وایە زۆربەی مەقامەکان لەسەرەتادا حاڵن، واتە شتێکی دانەمەزراوو دانەمرکاون،تا کەم‌کەم لەدەرونا ئەو

وزعه کەبویە شتێکی دامەزراو ئەوە مەقامە، مەبەستم ئەوەتە برێك حاڵو مەقامیش هەیە، برێکیان هەر باسیان نەکردوە، وە بەلایا تێ‌پەڕیون. وەکوئەوەی بەبەشێك لەومەقامە دای‌نین، وەکو (إنابە) بیکەنە قۆناغێك لەتەوبە، هەروەها سەبارەت بەموحاسەبە، کە کاریگە، تەنها بۆ قۆناغێك پێویست‌نیە بەڵکو بۆهەموی تەمەن پێویستە، بزانین موحاسەبە چی‌یە، وەبۆچی‌پێویستە، موحاسەبە، بریتی‌یە لەلۆمەکردن‌و سەرزەنش‌کردنی «نەفس»، وە گومان‌کردن‌و دودڵی‌ی، لەنەفس، وەبریتی‌یە لە پیاچونەوە بەکردەوەی رۆژانەدا بۆئەوەی بزانین ئایا لەماوەی ئەو شەوو رۆژەدا،یان بەیانی‌تانیوەڕۆ، ئیمە تاچ‌رادە خوداپەرستیمان‌کردوەو بەدەستوری خودا جوڵاوینەتەوە، وە لەخوداغافل‌نەبوین، هەروەها بزانین چەن هەڵەو چەن غەفلەت وە خودانەخواستە چەن گوناهمان بوە، بۆئەوەی ئیتر هەڵەنەکەین وەدەروێمان لەسەری‌کردەوەی چاك دامەزرێت، وەئەم رەوشە بۆسۆفی زۆرپێویستە وەئەبێتە هۆی سەرکەوتنی، بەڵام ئەگەر پەیرەوی لەم‌رەوشەنەکات، کاتێ‌بەخۆی‌ئەزانێت کارلەکارترازاوەو زۆر دواکەوتوە، پایەی موحاسەبە بەسەری بەدگومانی‌و بێ‌باوەری بەنەفس دائەمەزرێ، وەلەسەری ئایەتی «انَّ النفسَ لَاَمّارَةٌ بالسُّوء «یوسف»، جا مادام نەفس،واتە هەستی دەرونی مرۆڤ،روەو چەوتی‌و گومراهی بروات. پێویستە کە مرۆڤ هەگیز جڵەوی بۆشل‌نەکات‌و زووزوو سەیری بەرپێی‌خۆی‌بکات نەکا نەفسی هەڵی‌دێرێت وەملی‌بشکێنێت.

جاهەجگە ئەو ئاگادارکردنەی نەفسی سەرکێش، ئەبێ بەنامەی ئەعمالی نەفسیشا بڕۆینەوە بزانین هەروا کە نەمان‌هێشتوە خراپەبکات، ئایاچاکەی‌چی‌بوە، وە چ تۆشەیێکی چاکەی بەدەست‌هێناوە، هەروەکو کەخودای‌گەورە لەسورەی‌حەشر ئایەی (۱۸) دائەفەرمێ: «یاأیُّها الَّذینَ آمَنوا، اِتَّقوا اللهَ وَلْتَنْظُرْنَفْسٌ ماقَدَّمَتْ لِغَدٍ، واتَّقوا اللهَ اِنَّ اللهَ خَبیرٌ بِما تَعْمَلونَ»، کەواتە مرۆڤی خاوەن باوەر، هەم‌ئەبێ لەخودا بترسێت وە هەم‌ئەبێ لەکردەوەی خویشی بکۆڵێتەوە بزانی چ تۆشەیێکی ئامادەکردوە بۆدوارۆژی، وەئەبێ بزانێت، باخۆیشی لەکردەوەی خۆی نەکۆڵێتەوە «اِنَّ اللهَ خَبیرٌ بِما تَعْمَلونَ»، خوائاگای لەهەموی‌هەیە. گەورەپیاوانی تەسەووف ئەڵێن، ئەوەی ئەمرۆی باشترنەبێ لەدوێنێ‌ی ئەوە زیانی‌لێ‌کەوتوە، ئەوەش هەمیشە لەزیادکردنانەبێ ئەوە خۆی، کەم‌کردنو کورت‌هاوردنە، هەروەها بەردەوام‌بوون لەسەری‌کار ئەوەخۆی زیادکردنە.

کەوابو پەروەردەکردنی نەفس لەسەر لۆمەیخۆی، وەدودڵی و باوەڕپێنەکردنی وەپیاچونەوە بەکردارو گوفتاری ڕۆژانەدا، مرۆڤ ئەپاڵێوێ و قاڵی ئەکات، وە وردە وردە وای لێئەکات، عەیبی لێئەبڕێت، وەصوفیەکان لەمڕەوشەدا دەستی باڵایان هەیە، وەخەباتی سوفیەکان لەم ڕەوشەدا ئەبێتە هوی پایەبوڵەندیو نزیکبونەوەیان لەخودایگەورە وە پێشکەوتنیان لەڕێڕەوی تەصەووفدا.

«خەوف وە ڕەجا»

کتێبێکی تەصەووف نابینرێت مەگەر بەدەگمەن، کە باسی خەوفو ڕەجای تیانەبێت، وە ئەم دوناوەش بەشوێنی یەکدا دێن، زۆربەیان بەمەقام ناویان بردون وە بڕێکیشیان بەحاڵ، بۆنمونە، دووکەس لە گەورەپیاوانی تەصەووف کە هاوچەرخیش بوون، وە خاوەنی دووکتێبی سەرچاوەی تەصەووفن، یەکێکیان، (ابی طالب المکی)، کەلە (٣٨٦) ك دا ئەمدنیایە بەجێ هیشتوە، وەخاونی کتێبی «**قوت القلوب**» ە کە لەسەرچاوە هەرەگەورەکانی تەصەووفە ئەویشیان (**عبدالله بن‌علی السراج**)ە کە لە (٣٧٨)ك دا، دواکۆچی کردوە، ئەبوطالیب بەناوی مەقام باسی خەوف وەرەجا دەکات، وە عبدالله سراج بەناوی حاڵ باسیانئەکات، هەروەکو زوتریش باسمانکرد زۆرجار مەقامێك لەپێشا ئەکرێ حاڵبێت، ئەگەرسەقامگیربو ئەبێتە مەقام، جا ئەو دو باوەڕیە لەوەدا دێتەدی، ئەگینا هەردوکیان،هەروەها، هەموی گەورەپیاوانی تەصەووفەکانێ کەباسی چۆنیەتی خەوفو ڕەجا ئەکەن،...، قامك ئەکێشن بۆ لای ئایەتو حەدیثەکان، هەمووی هەریەك شتەو یەك چۆنیەتە.

هەرچەن هەروەکو وتمان، ئەمدوناوە وەکو دوانە، هەمیشەپێکەوە دێن، بەڵام هەریەکەی بۆخۆی شتێکەو لێكجوێن، وا لەپێشا باسی خەوف ئەکەین، وەلەگەڵ زۆربەی گەورەپیاوانی ئەم ڕێبازەدا، ئێمەش بەناوی مەقام ناویئەبەین.

مەقامی خەوف:

خەوف کوردی یەکەی ئەبێتەترس، وەخەوفو رەجا، ئەبێتە ترس وئومید، سەرچاوەی ئەم چۆنیەتەی کەئەبێ لەدەرونی هەمو موسڵمانێکا جێ گیربێت وە بۆصوفی یەکان ببێتە خووخدە، لەقورئان وسونەت وحەدیثەوە سەرچاوەی گرتوە، سەبارەت بەهەردو حاڵەکەی، خوای گەروورە ئەفەرمێ (وَيَرْجُونَ رَحْمَتَهُ وَيَخَافُونَ عَذَابَهُ» (إسراء)(٥٧)، واتە ئومیدیان بە بەخشندەیی خودا هەیە، وە مەترسییان لەسزادانی هەیە، یان ئەفەرمێ «يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفاً وَطَمَعاً»، ئەپارێنەوە لەخودا هەم لەترساو هەم بۆ دەسکەوت وپاداش، سجدە «١٦» هەروەها لەسورەی (انبیاء) ئایەی (٩٠) دا، ئەفەرمێ «إِنَّهُمْ كَانُوا يُسَارِعُونَ فِي الْخَيْرَاتِ، وَيَدْعُونَنَا رَغَباً وَرَهَباً وَكَانُوا لَنَا خَاشِعِينَ»، واتە ئەو پەیامبەرانەی ناومان بردن ئەپارانەوە، وە روویان ئەهانی بۆمان هەم بەئومێدی رەحمەت وەهەم لەترسی سزا، کەواتە، باسی ترس وئومێدی بەندە، دەربارەی خودای گەورە، زۆرجار لەقورئان دا باس کراوە، وەستایش کراوە لەهەردووحاڵەکەی، واتە مرۆڤ هەم ئەبێ لە خوا بترسێت، وە هەم ئەبێ ئومێدیشی بەبەخشندەیی هەبێت، وەنابێ لەرەحمەتی خودا نائومێدبێت، چونکە خوا ئەفەرمێ «لاتَقْنَطُوا مِنْ رَحْمَةِ اللهِ، إِنَّ اللهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعاً، إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ» زُمر «٥٣»، بەڵام ئایا ئەوئومیدە خۆی بەسەوەئیتر ئادەمی زاد ئەبێ بێخەم پاڵی لێ بداتەوە؟ هەرگیز، ئەوە کاری شیاو نیە بەڵکو موسڵمان ئەبێ ئەوەندەی ئومێدی هەیە دە ئەوەندەش ترسی هەبێت، وەبەراستی ترسی صوفیەکان لەهەموکەس زیاترە، چونکە بەراستی عالیمو دانشمەندی راستەقینە ئەوانن کە جگە لەکەسبی عیلم ودانشی ئاشکرایی و بەرواڵەت، خاوەنی زانستی مەعنەوی و دەرونین، وەئەگەر ئیمانو باوەری عالیمانو دانشمەندان باوەرێکی زانایانەیە واتە «عِلْمُ الْيَقِين»، باوەری سوفی یە خواناسەکان «عَيْنُ الْيَقِين» بەڵکو، «حَقُّ الْيَقِين» ە، جائەوەتە ترسەکەی ئەوانیش لەهەموترسێ زیاترە، کە خوا ئەفەرمێ «إِنَّمَا يَخْشَى اللهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاءُ»، واتە لە ناوی بەندەکانی خودادا، عالیمەکان، لەهەمویان زیاتر لەخودا ئەترسن، جائەمە بۆچی یە؟ چونکی بەراستی ی خودا ئەناسن وە خاوەن یەقینن، ئەبێ ئەوەش بزان کە پێش رەوو سەرقافڵەی ئەم دانشمەندە لەخواترسانە، پێغەمبەری گەورەیە، درودی خودای لەسەر،

کەسەرەڕای ئەو هەموە مەقامەگەورەیەش ، لەهەموکەسیٚ زیاتر لەخودا ترساوەو ، لەهەموکەسیش زیاتر پارێزی کردوە لە هەڵە وە لە هەموو هاوڕێکانی زیاتر خوداپەرستی ی کردوە. هەر بەم‌بۆنەوەیە کەئەفەرمیٚ «**شَيَّبَتْنِي هود وأخواتها**» واتە سورەی (**هود**) وەسورەتەکانی تری کەوەکو ئەون ، منیان پیرکردوە ، کەبریتی بن لەسورەتەکانی «**واقعه ، واذا الشمس ، وعَمّ**» بۆچی؟ چونکە ئەوەندە باسی هەرەشەی خوداوەندیان تیایە ، هەروەها باسی غەزەبی خودا ، کەلەهۆزە گومڕاکانی گرتوە ، وەکو هۆزەکانی عادو ثمود ، جا لە جێگایێك ئەوهەرەشلنە ، پێغەمبەری گەورەیان پیرکردبیٚ ، ئەبیٚ ئێمە چۆن لەخۆمان نەترسین.

جا لەبەرئەوەتە هەردو حاڵەتە کەی‌پێکەوە پێویستە ، هەم ترس هەم‌تومید ، (**سهل بن عبد الله**) ، کەیەکێکە لەگەورەپیاوانی تەصەووف ، ئەڵێت خەوف‌و رجاء وەکو نێرو میٚ وەهان ئەگەر پێکەوەنەبن ، بەرهەمیان نابێت ، بەڵام کەپێکەوەبون ، تەقوایان لیٚ‌ئەبیٚت ، تەقوایش بۆئاخرەکەی ، باوەڕی تەواو ، واتە (**یەقین**) لیٚ‌پەیدائەبیٚت ، خوای‌گەورە لەزۆرشوێنی قورئان‌دا لەبەندەکانی ئەخوازیٚ ، وەیان دەستوریان‌ئەداتیٚ ، کەلەخودابترسن ، بۆنمونە ، ئەفەرمیٚ «**وَخافونِ إنْ كُنْتُمْ مؤمنين**» ، آل عمران (**١٧٥**) ، ئەگەرراست خاوەن‌ئیمانن ئەبیٚ لەمن‌بترسن ، هەروەها ئەفەرمیٚ «**فإيّايَ فَارْهَبُون**» نحل (**٥١**) (**وَإيّايَ فَارْهَبُون**) بقرة «**٤٠**».

یان ئەفەرمیٚ «**وَفِي نُسْخَتِها هُدىً ورحمةً للّذِين هُم لِرَبِّهِم يَرْهَبُون**» أعراف (**١٥٤**) ، وەپێغەمبەر (**د**) ئەفەرمیٚ (**اَنا اَخْوَفُكُم لِلّهِ تَعالى**). لە ، کتێبی «**مُعْجَم مُصطلحات الصّوفيه**» دا ، ئەڵیٚت ، (**خەوف**) بریتی‌یە لەشەرم‌کردن لەگوناەکردن ، وەلەوشتانەی کەخوا پێی‌ناخۆشە ،

هەروەها لەوتاری صوفیەکانا هاتوە ئەڵێت ، ئەبیٚ مرۆڤ لەنەفسی‌خۆیشی بترسێت ، نەکا هەڵیٚ‌دێرێت بەڵکو ئەبیٚ لەخۆی زیاتربترسێت تا لەدوژمنی ،

هەروەها ئەڵێن ، ئەوەی ئەبیٚ لێی‌بترسێت تەنها خودایە ، وەجگەخودا هیچ‌کەس شایستەی لیٚ‌ترسان نیە ، ئەمەش بەو واتایەتە ، ئەگەر مرۆڤ هاتو بەڕاستی لەخودا ترسا ، ئیتربۆچی لەکەسی‌تر بترسێت ، چونکە ئەو پەنای‌بردوە بەخودا ، ئەوەیش پەنای‌برد بەخوا لەکەس‌ناترسیٚ بەڵکو خەڵك لەوئەترسن. هەروەکو خودائەفەرمیٚ «**فلا تَخافوهُمْ وَخافونِ إنْ كُنْتُمْ مؤمنين**» آل عمران (**١٧٥**).

جا نیشانەی ئەم لەخواترسانە چی یە؟ خۆ هەر وابەدەم ناکرێت کابرابڵێت من لە خودائەترسم، گەورەپیاوانی تەصەووف ئەڵێن لەخوداترسان، بەفرمێسك ڕژاندن نیە، بەڵکو ئەوەتە کەمرۆڤ دەست لەگوناەو لەخراپەبکێشێت، چونکە ئەوەی بە ڕاست لەخوداترسا، چۆن سەرپێچی ئەکات لەفەرمانی خودا، وەهەرئەم خۆلادان لەگوناهەتە کەمرۆڤ ئەبات بۆلای وەرع، واتە حەلاڵ وحەرام لێك دانەوە، لەپاشان بۆلای تەقوا واتە پارێزگاریی لەهەرچی خرابەیە وەئەنجامدانی هەرچی چاکەیە لەڕوانگەی ئیسلامەوە. کەواتە لەخواترسان وائەکات لەمرۆڤ پارێز بکات لەهەرچی شتی گومان لێ کراوە لەبەر خاتری فەرمانی خودایێك کە لە بونی ئەوو لەخوداوەندیی ئەوداهیچ گومانێك نیە.

بەم چەشنە ئەبینین صوفیەکان بەجۆرێك ترسی خودا لەدڵیاندا جێ گیرئەبێت کەئەبێتە ڕەوشێکی هەمیشەیی، وەهەرئەوەش ئەبێتە هۆی ئەوەی کەتەنها چرکەیێك لەترسی خودا غافڵ نەبن، وەئەو حاڵەتە ئەبێتە مەقامێك بۆیان، وەئەبێتە هەوێنێك کە ڕۆحوگیانیانی پێ ئەگیرسێت، ئەبوسلیمانی دارانی، ئەڵێت **«هەردڵێ کەترسی لێ دورکەوتەوەویران ئەبێت»** **«ابن عَجیبَة»** کەیەکێکە لەکەڵەمەردانی ڕێگەی تەصەووف، ئەڵێت، **(خەوف)** سێ پلەی هەیە، پلەی سەرەتایی، ئەوموسوڵمانانەن کە لەترسی سزاءیان، لەدەست دانی پاداشە، ئەترسن لەخودا.

پلەی ناوەندی ئەوانەن لەترسی گلەیی خوداو لەدەست دانی نزیکی خودایە کەئەترسن، بەڵام ترسی گەورەپیاوان لەوەتە بەبێ ئەدەب دانرێن، وەلەدیداری خودا بەچاوی بەصیرەت لەم جیهانە، وەچاوی سەر لەوجیهاندا بێبەش و ناکام بن، **(کتێبی)** **«معراج التشوف الی حقائق التصوّف»**.

بەڵام هەروەکو وتم ئەم ترسە ئومێدیشی تێکەڵ ئەبێت وەئەبێتە **(خەوف ورەجا)** و وجیهانێکی مەعنەوی لێ دەردێت کەمەگەر هەرئەوانە بزانن چەندە مەزن و بەتامە کە بەخەباتی مەردانەیان توانیویانە بگەنە ئەوپایە بەرزە مەعنەوی یە، بەجۆرێك کەخوالەبارەیانەوە بفەرمێ **«یَرْجونَ رَحْمَتَهُ وَیَخافونَ عَذابَه»** بۆتێگەیشتنی زۆرتر لەم بارەوە، ئەتوانن سەیری کتێبی قوت القلوب، وەرسالەی قوشەیری وإحیاء عُلوم الدّینی غەززالی، وصەدان کتێبی تری تەصووف بکەن.

لەکاتی باسی خەوف دا قامکمان کێشا بۆ ڕجایش، وە گوتم هەمیشە ئەم دوناوە

پێکەوە دێن، واتە ترس‌وئومێد، مەرجی باوەڕ بۆهەرموسوڵمانێك ئەوەتە کە هەم لەخوابترسێت وەهەم ئومێدی بە بەخشندەیی و کەرەمی‌خودا هەبێت، هەروەکو ئەفەرمێ «وَيَرْجونَ رَحْمَتَهُ وَيَخافونَ عَذابَهُ» اسراء (٥٧) یان ئەفەرمێ «تَتَجافى جُنُوبُهُمْ عَنِ المَضاجِعِ يَدْعونَ رَبَّهُمْ خَوْفاً وَطَمَعاً» (سجده) (١٦) لەم دوئایەتەدا دە رئەکەوێت چۆن هەردوو حاڵەکە پێویستە (يَرجونَ رَحْمَتَهُ) ئومێدیان هەیە بەرەحمەتی‌خوداءویخافون عذابە، وەئەترسن لەسزای‌خودا، هەروەها ئەفەرمێ (خَوْفاً وطَمَعاً) لەترسی‌سزای، وەبەئومیدی‌بەخشندەیی، یان‌بەئومێدی‌رزامەندیی»بەئومێدی نزیك‌بونەوە لەخودا، زۆرجار گەورەپیاوانی تەصەووف خەوف‌ورەجا، واتە، ترس‌و ئومیدیان بەدووباڵ لێك داوەتەوە بۆئیان، ئەگەر بەم‌دوباڵەنەبێ ئیان ناتەواوە، وئەمەش ئەوە ئەگەیێنێت ئەبێ ئەم دوباڵەشی وەکو دولای ترازو ڕێك‌بن وەسەرنەکەن.

ئێمە باسی «خەوف» واتەترس لەخودامان کرد، کەواتە ئەبێ باسی ئومیدەکەیش بکەین، یەکەم، ئەوەتە «قُلْ ياعِبادِيَ الَّذينَ أَسْرَفوا عَلى أَنْفُسِهِمْ، لاتَقْنَطوا مِنْ رَحْمَةِ اللهِ، إِنَّ اللهَ يَغْفِرُ الذُّنوبَ جَميعاً، إِنَّهُ هُوَ الغَفورُ الرَّحيمُ»، (زمر) (٥٣).

واتە ئەی‌محمد، بڵێ بەوبەندانەی کە گوناهی‌زۆریان کردوەو جڵەوی نەفسیان بەرداوە، بڵێ هیوابڕاو مەبن لە ڕەحمەتی خودا، بڵێ خوا هەموگوناهێك ئەبەخشێ وەخودا بەخشندەیەو میهرەبانە.

یان ئەفەرمێ «إِنَّ الَّذينَ آمَنوا والَّذينَ هاجَروا وَجاهَدوا في سَبيلِ اللهِ اولئك يَرجونَ رَحمةَ اللهِ واللهُ غَفورٌ رَحيمٌ» (بقرة) (٢١٨) (اولئكَ يَرْجُونَ رَحمةَ اللهِ)، ئەوانە رجایان‌کردوە، داوایان‌کردوە، ئومێدەواربون بەخودا، کەخوارەحمیان پێ‌بکات، خوابیان بەخشێت، خوایش‌بەخشندیەو میهرەبان، لەکتێبی «حقائق‌عن التصوف»دا ئەڵێت رجا، جیایە لە تەمەنێ، واتەئومێدەواربون، وە ڕجاکردن جیایە، لەئاوات‌خواستن، چونکە ڕجائەوەتە، ئەوەی لە دەستی‌دێت لەخوداپەرستی‌ی، ئەیکات، وە داوائەکات لەخوداکە(قوبوڵی‌کات)، واتە وەری‌گرێت، بەڵام ئاوات هیچ‌کارێ ئەنجام‌نادات خەبات ناکات، سەرەڕای‌ئەوەش پاداشی لەخودا ئەوێت.

بەم‌بونەوەیە خودا ئەڵێت، ئومێدەواربون بەخۆڕایی نابێت، ئەبێ ئەوەی لەسەرتەبیکەیت وەئومێدەواربیت خودا لێت‌وەرگرێت، وەکوکەئەفەرمێ «فَمَنْ كانَ يَرْجو لِقاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلاً صالحاً وَلايُشْرِكْ بِعِبادَةِ رَبِّهِ أَحَداً» «الكهف» (١١٠).

بەم بۆنەوەیە ڕێبوارانی ڕێگەی تەصەووف ، ئەوەندە بیر لەم دووحاڵەتە ئەکەنەوەو هۆشی پێ ئەدەن تائەبێتە خووخدە بۆیان ، وەئەڵێن ئەو بەندەیەی بیەوێ ڕێگەی تەصەووف بگرێتە پێش ئەبێ خاوەنی ترسو ئومێد بێت ، نەئەوەندە ترسەکەی زاڵ بێت بەسەری ئومێدا ، کەهیوابڕبێت ، وەئومێدی نەمێنێت بەکەرەم و بەخشندەیی خودا ، نە ئومێدو ڕجاکەیشی بگەیێتە ڕادەیێك ، ترسی نەمێنێت و جڵەوی نەفسی بۆشل کات بەجۆرێ کەنەفسی گومرا بێت و لە هەڵەتێك هەڵی دێرێت .

بەڵکوئەبێ بەدوباڵی خەوف و ڕەجا بدات لەشەققەی باڵ و خۆی بگەیێنێتە سەری کێوی یەقین ، وە ڕەزامەندی خوا بێرێتە دەست .

«فقر»

یەکێکی تر لەپلەوپایەکانی تەصەووف ، «فوقر»ە یان «فەقر» ، (فەقر) واتە ، هەژاری وە بێ دەسەڵاتی و نەبوونی ، ئەم کردەوەیەش ، بریتی یە لەوەی کەمرۆڤ چونکە بەندەی خودایە نابێ عاری بێت لەهەژاری ، بەڵام ئەم هەژاری یە ، بەو واتایە دێت کە بەندە ، دەربارەی خوای گەورە ، خۆی بەهەژار بزانێت ، وەچۆن ، هەژارێکی تر ، چاوەڕوانی دەستی دەوڵەمەند ، وە بەخشەندەکانە ، ئەمیش ئابەوچەشنە ، چاوەڕوانی کەرەمی خوابێت ، وەخۆی بەموحتاجی دەرگای هەق بزانێت ، باوەکو خاوەن سەرمایەش بێت وە ئەمەخۆی دان نان و پێ هاتنە ، بەوەی کە خوای گەورە لەسورەی فاطر ئایەی (١٥)دا ئەفەرمێ : «**یاأیُّها النّاس أنتمُ الفُقَراءُ إلی الله والله هُوَ الغَنِيُّ الحَمید**» ، یان ئەفەرمێ «**وَالله الغَنيّ وَأنتُمُ الفُقَراء**» (٣٨) (**محمّد**) .

کەواتە ئەوەی بەرانبەری خوای گەورە خۆی بەهەژارو بێ دەسەڵات و خوازیار وە «**موحتاج**» نەزانێ ، بەپێچەوانەی فەرمانی قورئان هەستاوە ، دووهەمی ، عارنەهاتنە لەهەژاری واتە کۆشش بۆیان بۆئەوەنەبێت هەژاری و نەبونی بەعەیب و عار بزانیت ، وەبۆ دەوڵەمەندبون تێکۆشیت ، تا لەم نەنگە ڕزگاربیت بەڵکو تێکۆشێت

بۆدابین‌کردنی ژیان‌بێت جا ئەم خدەیە ، لەرێی مەنطق‌و عەقلێشەوە زۆر پەسەندە ، وەئەوەتا ، قانونەکانی ئەم‌چەرخەش ، کە دەست‌کردی دەستی ئادەمی‌زادو بەرهەمی هۆش‌و بیری مرۆڤە ، تێدەکۆشن کەسامان وەسەرمایە ، بەچەشنێکی هاوبەشی‌و دادگەرانە دابەش‌کرێت ، چونکە لەڕاستەقینەو واقیعییەت‌دا هەمومان بەندەی‌خواین ، وەبەلای خوداوە کەس لەکەس زیاترنیە ، جگە بەخواپەرستی‌و پارێزکاری نەبێت ، «إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللهِ أَتْقَاكُمْ» ، وەنافەرمێ «أَغْنَاكُمْ» ، واتە بەرێزترینی بەندەکان بەلای‌خوداوە خواپەرست‌ترین وەخۆپارێزترینی‌ئەوانە ، نەك‌بفەرمێ دەوڵەمەندترینی ئەوانە ، وەئەوەی فەضلێکی هەبێت ، خوداویەتێ ، وەخوای‌گەورە بەفەضل ناوی ناوە ، نەك «ئەکرەم» ، واتە بەرێزتربێت ، هەروا ئەکرێ کەسێ لەکەسێ دەنگ‌خۆش‌تر ، یان جوانتر بێت ، ئەکرێ دەوڵەمەندتر یان ئەولادی زۆرتربێت ، کەواتە ، نابێ مرۆڤ ، بەم فەضلەبنازێ بەچەشنێك خۆی هەڵ‌کێشیت وەفیزبکات بەسەری ئەوانی‌ترا ، بەڵکو ئەبێ سوپاسی خودای لەسەربکات‌و تێ‌کۆشێت تائەو فەضلە بەئارایش وەزیوەری تەقواو خواپەرستی ...یتەوە ، ئەبێ جوانی ، یان دەسەڵات وە دەوڵەمەندیەکەی ، بەهەژاری بۆدەرگای‌خودا ، وەبەشوکرانەی خوا برازێنێتەوە ، تاوەکو ، هەتا هەتایە ، لەونیعمەتانە بەرخورداربێت ، نەك بەفیزو دەمارو لوت‌بەرزی‌و فەضل‌فرۆشی ، تاشیرینی‌کات ، وە کارێکی لێ‌بکات خەڵك قیزی لێی‌بشێوێتەوە .

جا ، سەرچاوەی هەژاری تەصەووف لێرەوە ، وەلەو ئایەتە پیرۆزەوە ، سەرچاوە ئەگرێت ، وە صوفی‌یەکان هەرگیز تێ‌ناکۆشن بۆسامان پێکەوەنان ، وەئەگەر خودایش سامانی دانێ هەرخۆیان بەهەژارو نەدار ، دائەنێن بەم‌دەست کاسبی‌حەڵاڵ ئەکەن ، بەودەست لەکارو کردەوەی چاك‌و بەکەڵکا خەرجی ئەکەن ، ئەگەر دەستیان دەوڵەمەندبێت دڵیان هەژارە ئەگەر رزق‌حەڵاڵ بێت‌بەپیریانەوە ، دەری‌ناکەن بەڵام ناڕۆن بەپیری دەوڵەمەندی‌یەوە ، بەڵکو هەژاری‌یان لاپەسەندترە ، تادەوڵەمەندیی ، هەروەکو کە پیغەمبەری گەورە ئەفەرمێ «**الفقرفخري**» یەکێ لەناوی خواپەرستە زاهیدەکان ، لە سەرەتای‌ئیسلام‌دا ، واتە صوفی مەسلەکەکان ، «**فوقەرا**» بوە ، ئەمەش هی‌ئەوەبو بەشوێنی سامانا نەئەگەڕان ، وەئەگەر کارو کاسبی‌یێکیان هەبوایێ ، بەم‌دەس ئەهاتەدەستیان وەبەودەست خەرجیان‌ئەکرد .

لەکتێبی «**مُعجم مُصْطلَحات الصّوفیه**»دا، ئەڵێت، «**اَلفَقْرُمَقامٌ شریف. وسُمِّيَ الصّوفیةُ فُقَراءَ لِتَخَلّيهِمْ عَنِ الأَمْلاكِ، وَحقيقَتُهُ اَنْ لايَسْتَغْنِيَ العَبْدُ الاّ بالله ورسمه عَدَم الأسباب كُلّها. والفَقيرُ نَعتُهُ السّكون عِنْدَ العَدَم. والبَذْلُ والأيثار عِنْدَ الوُجود**» واتە، بۆیە بەصوفی یەکان، گوتراوە «**فوقەراء**» چونکە ئەکۆشاون بۆئەوەی بینەخاوەنیماڵ وسامان وەبەراستی، بەندە نابێ هانا بوکەسی بەرێت بۆخوانەبێت، وەنابێ تەنانەت بەشوێنی سەبەبیشابگەرێت بۆدەوڵەمەندبون، وسەرمایە بەدەست هێنان. فەقیر ئەگەر نەیبو بۆخۆی دامرکێت، ئەگەریش هەیبو. بیبەخشێت، وەلەخۆی بگرێتەوە بۆخەڵك، واتەقانجازی خەڵك بخاتە پێشی خۆیەوە.

لە ریسالەی قوشەیری دا سەبارەت بەناساندنی (**فەقیر**)، هاتوە، ئەڵێت، فەقیرئەوەتە نێی خۆی بپارێزێت وە فەرزەکانی خۆی ئەنجام بدات. «**ئەبوبەکرئەلمیصری**» ئەڵێت. فەقیر بەوە ئەڵێن خاوەنی ماڵ وسامان نەبێت. وحەزیشی لی نەکات، «**أباعبدالله الحصري**» ئەڵێت، «**أبو جعفر الحداد**»م، دی، بیست ساڵ لەسەری یەك، ئیشی ئەکرد رۆژی بەدینارێك، وە بەرۆژویش بو، وەهەمورۆژێ ئەوەی دەستی ئەکەوت ئەیبەخشی یەوە بەسەری هەژاراندا.

بەراستی ئەم سەرگوزەشتانە ئەوەندەزۆرن لەنوسین نایێن، کورتەکەی ئەوەتە، صوفی مەسلەکان دژی کاسپی حەڵاڵ نین، بەڵام دژی ماڵ پێکەوەنانن، وەهەرکام توانییان ئەم پێناسە بکەنەخدەیان واپایەی (**فَقْر**) یان دەست کەوتوە، ئەم کردەوەیەش لەدەستوری قورئان، وە رەفتاری پێغەمبەرەوە سەرچاوە ئەگرێت.

خوای گەورە لەسورەی تەوبە، ئایەتەکانی «**٣٤**، **٣٥**» دا، ئەفەرمێ، «**والّذينَ يَكْنِزونَ الذَّهَبَ والفِضَّةَ وَلايُنْفِقونَها في سَبيلِ اللهِ. فَبَشِّرهُمْ بِعَذابٍ اَليمٍ،.. يَوْمَ يُحْمىٰ عَلَيها في نارِ جَهَنَّمَ. فَتُكْوىٰ بِها جِباهُهُمْ وَجُنوبُهُمْ وَظُهورُهُمْ، هذا ما كَنَزتُمْ لأَنْفُسِكُمْ فَذوقُوا ما كُنتُمْ تَكْنِزونَ.**»

ئەوانەی زێروزیو، واتە دراوو سەرمایە کوئەکەنەوەو لەرێی خوادا خەرجی ناکەن، واتە بەشی هەژارانی لێ نادەن، موژدەی عەزابێکی سەختیان بدەرێ،.. رۆژێك ئەبێ ئەو دراوو زێروزیوانە بەئاگری جەهەننەم سورئەکرێنەوەو ناوچاوانو لەشویشتی خاوەنەکەیانی پێ داخ ئەکرێت و پێیان ئەڵێن، دەبچۆن ئەوە سزای پارە کۆکردنەوە کەتان.

هەروەها خوائەفەرمێ، «**تِلْكَ الدّارُ الآخِرَةُ نَجْعَلُها لِلّذِينَ لايُرِيدونَ عُلُوّاً في الأَرْضِ وَلافَساداً وَالعاقِبَةُ لِلْمُتّقِينَ (قصص)**(٨٣)، دواڕۆژی سەرفرازی لەبەهەشتاو لەوجیهان دا بۆئەوکەسانەیە، کەبەشوێنی گەورەبون، وەلەخەڵك زیاتربون، وەبەخاوەن ماڵو مەقامی بەرزبونا، ناگەڕێن، وەدوری ئەگرن لەفەساد، وەدواڕۆژو سەوکەوتن بۆ پارێزکارانە. پێغەمبەری گەورە ئەفەرمێ «**اللّهُمّ اجْعَلْ رِزْقَ آلَ مُحَمّدَ قوتاً**»، خودایا داوات لێ ئەکەم، ڕۆزی خانەدانی موحەممەد، بکەیتە «**قوت**»، واتە «**ژیوار**» واتە هەرئەوەندەیان هەبێت، پێی بژێن و لێیان نەمێنێتەوە، کەئەبێتە ئەو (**فەقرە**)ی کەباسی ئەکەین.

هەروەها ئەفەرمێ، «**حُبُّ الدّنْیا رَأْسُ کُلِّ خَطِیئَةٍ**»واتە خۆش‌ویستنی دنیا سەرچاوەی هەمو هەڵەیێکە، جا ئەم ئامۆژگاری‌یانەتە، بونەتە سەرچاوەی ئەوەی گەورەپیاوانی ڕێبازی تەصەووف: هەژاری‌یان بەلاوە خۆشتربێت، وەئەگەریش هاتو خودا پێی دان، یان میراث و کەلەپورێکیان بۆگەڕایەوە، یان خاوەن دەسەڵاتێك یارمەتی دان، یان بەرەنجی شانی خۆیان دەست‌کەوتیان هاتەدەست، دڵی پێوە نابەستن وە لەرێگەی خوادا خەرجی ماڵومنداڵو، هەژارو لێ‌قەوماوی ئەکەن وەقەت دەوڵەمەن‌بون ناکەنە ئامانج، وە لەکاتی بێ‌دەسەڵاتیشا جگە لەخوا، پەنا بۆکەس نابەن.

دوایی باس بەم‌حەدیثە دێرین، کە لەپەندێکا پێغەمبەری گەورە بەیارانی خۆی فەرموە.

«**طوبی لِمَنْ شَغَلَهُ عَیْبُهُ عَنْ عُیوبِ النّاس وَانْفَقَ الفَضْلَ مِنْ مالِه، وَأَمْسَكَ الفَضْلَ مِنْ قَوْلِه**».

خۆش‌بەختی ئەوکەسانەی لەباتی‌ئەوەی بۆعەیبی خەڵك بگەرێن، عەیبی‌خۆیان دێرنە پێش‌چاو، ئەوەی لەخواردنی خۆیان زیادە ئەیبەخشن (**واتە سامان کۆناکەنەوەو سەرمایە پێکەوە نانێن**)

وەجگەلەقسەیێك کەناچار هەرئەبێ بوترێت، ئیتر زیادە گۆیی نەکـــا، واتەسەرمایە کۆنەکاتەوە بەلکوخەرجی‌کات، بەڵام قسەراگرێت وزۆربڵێ‌نەبێت.

«صِدْق»

یەکێکی تر لەمەقامە هەرە بەرزەکانی تەصەووف کەهی ئەوانەتەخاوەنی **«ولایەتی کوبْرێ»ن** مەقامی صیدقە، **«صیدق»**واتە ڕاستی ی **«صادق»**. ڕاستگۆ وەڕاست وێژ.

شارەزایانی ڕێگەی تەصەووف وەهەروەها زانا ئاینی یەکان، زۆر لەم وشەیە کۆڵیونەتەوە وەڕاڤەی زۆریان لەسەر نوسیوە، لەکتێبی **«معجم مصطلحات الصوفیه»** دا ئەڵێ، **«هُوَ اِستواءُ السِّرِ والعَلانِیَة، وَذلكَ بِالاِستقامَةِ مَعَ اللهِ تعالی ظاهِراً وباطِناً، وتِلْكَ الاِسْتِقامةُ بِاَنْ لایَخْطُرُ بِبالِهِ اِلاّ الله، فَمَنْ اِتَّصَفَ بِهذا الوَصْف، اَیْ اِستَوی عِندَهُ الجَهْرَ والسِّرَ، وَتَرَكَ مُلاحَظَةَ الخَلقِ بِدوامِ مُشاهَدةِ الحَقِّ یُسَمّی صِدّیقاً»**.

واتە، ڕاستگۆیی بریتی یە لەڕاست ویستانی نهێنی و ئاشکرای مرۆڤ ڕاست ویستانی لەگەڵی خودای خۆیا بە دەرو بەدەرون، بەنهێنی و بەئاشکرا، وەهەرکەسە وای لێ هات کەنهێنی وئاشکرای وەکو یەکی لێ هات وەلەبەرئەوەی کەهەمیشە خوای خۆی لەپێش چاوە ئیتر هەرخوای مەبەستە، جا کەوای لێ هات پێی ئەوتری «صدّیق» واتە ڕاستگۆ.

«صِدّیقیة» صیددیقیەش گەورەترین پایە یێکە کە وەلی یەکان ئەیگەنێ واتە، لەخواری پیغەمبەری یەتیەوە «صیددیقیەتە، وەژورتر لەصیددیق پێغەمبەرییە، بەپێی نوسینی سەرچاوەی پێشو، ئەم مەقامە بەسەری شەش پایەوە دامەزراوە «ئیسلام، ئیمان، صەلاح، ئیحسان، شەهادە، مەعریفە، وەئەمەش کرۆکی مەقامی **«مَنْ عَرَفَ نَفْسَهُ فَقَدْ عَرَفَ رَبَّهُ»** یە، وە هەرکەس گەیشتبێتە ئەم مەقامە، لەسێ پلەی زانیاری وەباوەر، واتە **«علم الیقین، عین الیقین، حق الیقین»** تێ پەریوە. وە صیددیق لەڕوانگەی تەصەووفەوە، بەکەسێ ئەوتری کە نهێنی باوەری «بوئاشکرا بوبێت، وەبە ڕوناکیی یەقین، خوای گەورە ئەوشتانەی لە نهێنی یەکانی خۆی بۆئاشکرا کردبێت کە بەلای خەڵکی ترەوە نهێنی و داپۆشراوو نەزانراون. ووشەی صیدق ووشەیێکە دژی ووشەی **«کذب»** واتە **«درۆ»** وە **(نیفاق)**، واتە دوو ڕوویی، وە لای هەرکەسێك وەهەردەستەیێك یەكمەبەست بەچەند جۆر گێڕانەوە.

ڕاستی «هەرچەند ووشەیێکەو «بەزمانادێت، بەڵام ئەبێ هەم بەگوفتار هەم بەکردار وەهەم بەدەرون واتەبەدڵ وەویستی دەرونیش ئەنجامبدرێت، بۆنمونە، من بەڵێن

بدەم بۆکارێك کاتێ «صادیق»، واتە ڕاستوێژەیان ڕاست کردارم، کەئەوبەڵێنەم بێرمەدی، وەپەیڕەوی لێ بکەم، ئەگینا، بەڵینەکەم درۆبو، خوای گەورە لەقورئانا بەزۆری باسی (صِدْق) (صادِقْ) (صِدّیق)ی کردوە، وە ستایشی خاوەنی صیدق کردوە، هەروەها برێ مەبەستی تریشی خستوەتە تەنشتی صیدق، وەباسی کردوە. وەکو «مدخل الصّدق، مخرج الصّدق، ومقعد الصّدق، ولسان الصّدق، وقدم الصّدق».

ئەفەرمێ «وَقُلْ رَبِّ اَدْخِلْنِي مُدْخَلَ صِدْقٍ» «وَاَخْرِجْنِي مُخْرَجَ صِدْقٍ»، بەزوانی حەزرەتی ئیبراهیمەوە ئەفەرمێ «وَاجْعَلْ لِي لِسانَ صِدْقٍ في الآخَرين» یان ئەفەرمێ «وَبَشِّر الَّذينَ آمَنو اَنَّ لَهُمْ قَدَمَ صِدْقٍ عِنْدَ رَبِّهِم» یان ئەفەرمێ «اِنَّ المُتَّقِينَ في جَنّاتٍ وَنَهَرٍ في مَقْعَدِ صِدْقٍ عِنْدَ مَليكٍ مُقْتَدِرٍ» ئەمە خۆی هەرئەم مەقامەتە کەئێمە باسی ئەکەین.

خوای گەورە «صیدق»، واتەراستی ی، بەپێناسی بەندە خۆشەویستو هەڵبژێرراوەکانی دائەنێت، لەسورەی بەقەرە «۱۷۷» دائەفەمێ «اولئكَ الَّذينَ صَدَقوا وَاولئكَ هُمُ المُتَّقون»، لەسورەی زمر «۳۳» دا ئەفەرمێ «وَالَّذی جاءَ بالصِّدْقِ وَصَدَقَ بِهِ اولئكَ هُمُ المُتَّقون» لەپاشان لەستایشی زۆرگەورەی ڕاستگۆیاندا لەسورەی حوجورات «۱۵» دائەفەرمێ «اِنَّمَا المومنونَ الَّذينَ آمَنوا باللهِ وَرَسولِهِ ثُمَّ لَمْ يَرْتابوا. وَجاهَدوا بِاَمْوالِهِمْ وَاَنْفُسِهِمْ في سَبيلِ الله. اولئِكَ هُمُ الصّادِقون».

واتە ئەوموسوڵمانانە کە خاوەنی ئەوهەموە پێناسە باشانە بن، واتە خاوەن باوەڕبەخوداو بەپەیامبەربن وەلەباوەڕەکەیانا دودڵ نەبن، وەبەماڵ وبەگیانیان خەبات بکەن لەرێگەی خوادا، ئەوانە «صادقن» بەڕاستی خەباتێکی زۆری ئەوێت تا مرۆڤ وای لێ بێت شایستەبی ئەوە پەیدابکات کەخەڵاتی، صەداقەت وەرگرێت. لەسورەی، حەشردا ئایەتی (۸) ئەفەرمێ «وَيَنْصُرُونَ اللهَ وَرَسُولَهُ، اولئكَ هُمُ الصّادِقون» هەروەهالەسورەی آلی عمران ئایەتی (۱۷) دا، لەکاتی پێ ڕستکردنی پێناسەکانی خۆشەویستانی خوادا ئەفەرمێ، «الصّابرين والصّادقين والقانِتين والمنفقين والمُستغفرين بِالأَسْحار».

گوتمان، صیدق ڕاستی یە وصادق ڕاستگۆیە، بەلام «صیدیق»، بەکەسێ ئەوترێ کەڕاستی و ڕاستگۆیی بوبێتەپیشەی، وەبەمانە ئەوترێ، خاوەنی مەقامی صیدق، لەموسوڵمانانداء بەر لەهەموان حەزرەتی ئەبوبەکر بویە خاوەنی ئەم

پایە بەرزەیە، ئەبێ ئەوەش بزانین کە پێغەمبەرانیش کەپایەیان لەمپایەیە باڵاترە خاوەنی ئەم پایەیەش بون، هەروەکو کەخوای گەورە لەسورەی مەریەم ئایەتی (**٤١**) ئەفەرمێ «**واذكر في الكتاب ابراهيمَ انّه كان صدّيقاً نبيا**»، «**واذكر في الكتاب ادريسَ انّه كانَ صدّيقاً نّبياً**» ئایەی (**٥٦**) هەمان سورە وە «**يوسفُ ايها الصّديقُ**» لەسورەی یوسف ئایەی (**٤٦**) دا، هەروەها لەسورەی یاسیندا ئەفەرمێ «**هذا ماوَعَدَ الرّحمٰن وصَدَقَ المرسَلون**»، یان لەسورەتی مائدەدا سەبارەت بەدایکی حەزرەتی عیسی ئەفەرمێ «**وامّه صِدّيقة**»، هەروەها لەسورەی نیساءدا سەبارەت بەخۆشەویستانی خۆی ئەفەرمێ.

«**وَمَنْ يُطعِ اللهَ والرّسولَ فاولئكَ مَعَ الذينَ انعمَ الله عَليهمْ مِنَ النبيّينَ والصّديقينَ والشّهداء والصّالحينَ وَحَسُنَ اولئكَ رَفيقا**». لێرەدا سەیرئەکەین «**صِدّيقين**» پاش (**لەنبیا**) وەپێش شهدا ناویان هاتوە، هەروەها لەسورەی حەدیدا (**١٩**)، کەئەفەرمێ «**والّذينَ آمنوا بالله وَرُسلِهِ اولئكَ هُمُ الصّديقونَ والشّهداء عِندَ ربّهم لَهُمْ اَجرهُمْ ونورهُمْ**».

لێرەشا هەر لەپێشی شوهەدادا ناویان هاتوە وەئەڵێ هەمپاداشیان هەیە وهەم «نوور».

مەبەست ئەوەتە ئەم مەقامە مەقامێکی زۆر گەورەو پیرۆزە، وەپاش خەبات و پەرستش و راستی و دروستی، وە تێپەربون لەهەزاران ئازمون وەهەڵسەنگاندن جائەبێتە خەڵاتی خودا پێیداوان.

چونکە هەروەکوتمان، خۆ تەنها هەر بەڕەواڵەت ڕاستگۆیی ڕووت نابێتە هۆی گەیشتن بەپلەی صەداقەت، بەڵکو ئەبێ مرۆڤ لەکانگەی دەرونیشەوە هەستی پاك بێت، وەخواستی پیرۆز، دووروەکان (**موناڤیقەکان**) لەزەمانی پێغەمبەردا ئەهاتن وەئەیانگوت بەڕاستی توپێغەمبەری، بەڵام ئایائەکرێ بەمانە بوترێ صادیق چونکە قسەی ڕاستیان کردوە؟ دیارە، ناوترێ، بۆچی چونکە لەدەرونەوە باوەڕیان بە وتەکەی خۆیان نەبوە، وە دوو ڕوویی یان کردوە، جابۆیە خودا بەپێغەمبەری گەورە ئەفەرمێ «**إذا جاءَكَ المنافقونَ قالوا نَشهدُ انّكَ لَرسولُ الله، والله يَعلَمُ انّكَ لَرسولُه واللهُ يَشهدُ انّ المنافقينَ لَكاذبونَ**»، بەڵێ وتەکەی ئەوان ڕاستبو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا درۆزن بون، چونکە زوان و دەرونیان یەکی نەبو.

جا ئەمپێناسە بەرزەیە لەپێناسەکانی خودای گەورەشە، بۆیە ئەکرێت، بەمرۆڤێکی خواناسی ڕاستەقینە بڵێین، ڕەوشی خودایی هەیە، خوای گەورە لەسورەی نیسادا ئەفەرمێ «**وَمَنْ اَصْدَقُ مِنَ اللهِ حَديثاً؟**»، یان ئەفەرمێ «**وَمَنْ اصدَقُ مِنَ**

الله قیلاً»، یان کەلەسورەی ئەحزاب دا ئەفەرمێ «**قالوا هذا ماوعدنا الله ورسوله وصدق الله ورسوله**».

خوای گەورە ئەفەرمێ من نزیکم لەڕاستگۆیان ئێوەش لەوانەوە نزیك بن، وەنزیکی یان لێ بکەن، بێ گومان ئەم نزیکی یە بۆئێمە قانجازی تیایە بۆیە خودائەفەرمێ نزیکی بکەن لە «**صادقین**»، خوائەفەرمێ «**یاأیها الذین آمنوا، اتقوا الله وکونوا مع الصادقین**» کەواتە ئێمەش پێویستە نزیکی یان لێ بکەین، بەڵکوئێمەش بتوانین بکەوینە سەری ڕێگای ئەوان و لەو نیعمەتە بەهرەوەر بین، لەکتێبی «حەقائق عن التصوف دا» لەزمانی عەللامە (**ابنُ أبی شەریف**) ەوە ئەڵێت، «**صوفی یەکان ئەڵێن «صیدق»، ئەوەتە نهێنی و ئاشکرا، وە دەروودەرونی مرۆڤ، وەکویەك وابێت، بەچەشنێك ئەحواڵی بەندە کردەوەی ئەوبەندەیە نەخاتەدرۆوە، وەکردەوەشی ئەحواڵی دەرونی ئەو نەخاتە درۆوە**».

بەکورتی ئەگەر ڕێبواری ڕێگەی تەسەووف، خۆی بەپێناسی «**صیدق**» ڕازاندەوە، وەدەرو دەرون و گوفتارو کرداری هەموی وەکویەك ڕاست و بێ درۆ بو ئەوە ئەتوانێ خێراو زوو بگاتە پایە بەرزەکانی (**ئیمان**)، چونکە بەڕاستی، «**صیدق**»، هێزێکی یارمەتی دەرو پاڵ پێوەنەرە بۆپێش کەوتن لەم ڕێبازەدا، وەپێناسێکی پێویستە بۆهەمو مەقامێکی ڕێبازی گەیشتنە خوای گەورە.

مرۆڤ ئەبێ لە بەربەرکانێ کردنی خۆیدا لەگەڵ هەستێ ناپاکی دەرون و دڵەڕاوکێ یێکا کەشەیتان ئەیخاتە دەرون، ڕاست بێت.

لەدەرکردنی خۆشەویستی ی دنیاو دەس کەوتە دنیایی یەکان لەدەروندا ڕاست بێت.

لەتێکۆشاندا بۆ بەدەست هێنانی زانیاری وەڕاست کردنەوەی کردەوە چەوتەکانی ڕاست بێت.

بەکورتی، لەهەموهەنگاوێکی ژیانیا لەگەڵی خواداڕاست بێت و خودای لەپێش چاوبێت، ئەگەر توانیی وابکات و وا بێت وائەتوانێ ڕەزامەندیی خوابێرێتە دەست و لەزومرەی «**صیددیقین**» بێت، ئەگەریش بۆی نەکرا، وا پەکی کەوتوەو هەرگیز بەدرۆو چەوتی ناگاتە هیچ هەوارگەو پلەیێکی خوداناسی، «**شیخ مەعروفی کەرخی**» ئەفەرمێ «**ماأکثر الصالحین وأقل الصادقین فی الصالحین**»، واتە «**صالح**»

وەخواپەرست زۆرن ، بەڵام لەناوی ئەواندا **(صادیق)** کەمە ، پێغەمبەری گەورە ئەفەرمێ ، **«دَعْ مایُریبُكَ اِلی مالا یُریبُكَ فَإنَّ الصِّدق طُمأنینةٌ والكذبُ ریبَةٌ»** شتی گومان لێکراو دەس لێ هەڵگرە بۆشتی گومان لێ نەکراوو ، راست و دروست ، جائەبێ بزانیت کە «**صیدق**» گومان لێ نەکراوودڵنیایی یە ، وەدرۆیش گومان لێکراوە . هەروەها ئەفەرمێ **«آیةُ المنافِق ثلاث ، اِذا حَدَثَ کَذَبَ واذا وَعَدَ اَخلَفَ واِذا اِئتُمِنَ خانَ»** .

عەلامەت و نیشانەی «**مونافیق**» سێ شتە ، ئەگەر قسەی کرد درۆئەکات ئەگەر بەڵێنی دا بێ قەولی ی ئەکات وەئەگەر ئەمانەتێکت لادانا ، خەیانەتی لێ ئەکات ، کەواتەصادیق ئەبێ پێچەوانەی مونافیق بێت واتە درۆنەکات خیلافی بەڵێنی نەکات وەخەیانەت لەئەمانەت نەکات .

کەواتە ڕاستی یەکێکە لەگەورەترین پێناسی ڕێبوارانی ڕێگەی تەسەووف وەئەوەندە لەڕاستی دا ئەکوڵێن ، تاڕاستی ئەبێتە خدەیان ، وە چۆن ڕاستی ی بەپێویست ئەزانن بۆگوفتاریان هەروا بەپێویستیشی ئەزانن بۆکردارو ئەحواڵیان ، ابن قیّم الجوزیّه ، لەکتێبی مَدارِجُ السّالکین دا وەهەروەها **(أحمد الشّرباصی)** ، لەأخلاقُ القران دا ، زۆر لەسەری باسی **(صیدق)** وە مەقامی «**صیدیقین**» ڕۆیشتون ، هەروەها قوشەیری لە ڕیسالەکەیدا ، وە عبد القادر عیسی لەکتێبی **(حقائق عن التصوف)** دا ، بەدرێژی باسی ئەم مەقامەیان کردوە ، وە هەروەها غەززالی لە «**اِحیاءُ علوم الدّین**دا» ، وەهەمویان لەسەری ئەوباوەڕەن ، کەپاش مەقامی ئەنبیا مەقامی «**صیددیقینە**» .

لەکۆتایی باس دا ، قامك بۆ فەرمودەیێکی جونەید ڕائەکێشم کەئەفەرمێ «**حَقیقةُ الصِّدقِ اَن تُصَدِّقَ فِي مَواطِنَ لایُنْجیكَ مِنْها اِلاّ الکِذْب**» واتە ، کاکڵەی ڕاستی ی ئەوەتە ، لەکاتێکا ڕاست بڵێیت ، گیرت کردبێت ، وەجگە لەدرۆ هیچ شتێك ڕزگارت نەکات ، حالێرەشا هەرئەبێ ڕاست بڵێیت وەئەمەتە ڕاستی ڕاستەقینە .

«مراقبة» :

موراقەبە یەکێکە لەو وشانەی کە لەناوی صوفی یەکانا باوە ، بڕێ لەگەورەپیاوانی ڕێبازی تەصەووف موراقەبەیان بەیەکێ لەحاڵەکان داناوە ، شیخ سەرراج لەکتێبی

«اللمع»دا ئەڵێت «المُراقَبَةُ حالٌ شريف» ، هەروەها ، هەمئەو ، وە هەم «ئەبولقاسمی قوشەیری» ، پەنجەیان بۆئەم ئایەتە ڕاکێشاوە ، «وكانَ اللهُ عَلى كُلِّ شَيْءٍ رَقيباً» ئەحزاب (٥٢) .

موراقەبە بریتی‌یە لەوەی کە ڕێبوارانی ڕێبازی تەصەووف هەمیشە بیرلەوە ئەکەنەوە کە خودای گەورە ، «موراقەبە»یان ئەکات ، واتە خوای‌گەورە هەڵسونیشت‌و کردەوەی بەندەکانی‌خۆی ئەگرێتە ژێری چاودێری ، هەروەکو ئەفەرمێ «ألَمْ يَعلَموا أنَّ اللهَ يَعلَمُ سِرَّهُمْ وَنَجواهُمْ ، وَأنَّ اللهَ عَلّامُ الغُيوب» ؟ تەوبە (٧٨) ، واتەئایا نازانن کەخودای‌گەورە ئاگاداره لەهەمو نهێنی‌یکیان وەهەروەها لەهەموچپەو سرکەیێکیان وەخوا ئاگای لەهەموشتێکی نادیاری‌و شاراوەیە ؟ ئەم‌گرتنەژێرچاودێری‌یە لەزۆرشوێنی قورئان‌دا بەصەراحەت هاتوە ، هەروەها مەبەستی مەلائکەی سەری‌شانیش ، بەڵام ئێمە چونکو هەموشتێ بەپێی ئاوەزو زانیاری‌و تێ‌گەیشتنی خۆمان لێك‌ئەدەینەوە ، ناتوانین بزانین مەلائکە چۆنەو چۆن‌ئاگایان لەهەڵسونیشتی‌ئێمەیە ، کەچی ئەگەر بڵێین مانگە دەست‌کردەکان ئەتوانن لەهەزاران‌کیلومەتر دوری‌یەوە بچوکترین‌شت ببینن ، خێرا باوەڕمان هەیە ، بۆچی ؟ چونکەشتەکە ماددی‌یەو لەپێش‌چاوە ، هەرچەن خۆیشمان نایزانین ئەم‌کارە چۆن ئەنجام ئەدرێت ، یان هەرجۆرە کارێکی جاسوسی‌و چاودێری ئەلکتریکی‌و ئەلکترونیکی‌و لێك‌دانەوەی کامپیوتر ، کە هەموی ئەمانەش دەست‌کردی خۆمانن ، دەست‌کردی ئادەمی‌زادن بەڵام لەوەدا کۆڵین باوەڕمان بێت بەوەی ئەوکەسەی کەمنی دروس‌کردوە ، منێك کەئەم هەموە شتانە دروس‌ئەکەم ، بتوانێ بەوجۆرەی بیەوێت من‌بگرێتە بەرچاودێری‌و ئاگای لەهەڵسونیشتم بێت .

بەڵام سوفیەکان ، شەووڕۆژ لەحاڵی موراقەبەدان ، واتە باوەڕیان لەسەرئەوەتە خوای‌گەورە ئاگای لە هەمو هەنگاوو هەموکردارو گوفتارێکی ئەوانە ، ئایا کەسێك لەسەرئەوباوەڕەبو ، کە والەژێری چاودێری‌دا ، ئەتوانێ هەنگاوێکی لار بنێت ، وە وتەیێکی ناشیرین بێت بەدەمیا ؟ لەسورەی (زُخْرُفْ) (٨٠)دا خوای‌گەورە ئەفەرمێ «أمْ يَحْسَبونَ أنّا لانَسْمَعُ سِرَّهُمْ وَنَجواهُمْ؟ .... بَلى وَرُسُلُنا لَدَيْهِمْ يَكْتُبون» هەروەها ، لەسورەی (الملك) (١٣)دا ئەفەرمێ ، «وَأسِرّوا قَوْلَكُمْ أوِ اجْهَروا بِه إنَّهُ عَليمٌ بِذاتِ الصُّدور» . وە لەسورەی (بەقەرە) (٢٣٥) دا ئەفەرمێ «وَاعْلَموا أنَّ اللهَ يَعْلَمُ ما في أنفُسِكُمْ . فَاحْذَروهُ وَاعْلَموا أنَّ اللهَ غَفورٌ حَليمٌ» .

واتە ئەبێ بزانن تەنانەت ئەو خەیاڵەو ئەوشتەش وا لەدەرونتانا ، خودا ئەیزانێت ، کەواتە لەخودا بترسن ، لەپاشان دڵخۆشیان ئەکات ، وەئەفەرمێ ئەگەر واتان لێهات ، بونە خاوەنی ئەمخدەیە ، خودا بۆکردەوەی لەوەپێشتان بەخشندەو میهرەبانە .

یان ئەفەرمێ «**أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى**» (العَلَق) (١٤) .

یان فەرمویانە ، بەهارون وبەموسی درودی خوایان لەسەر ، «**قَالَ لَا تَخَافَا إِنَّنِي مَعَكُمَا أَسْمَعُ وَأَرَى**» (طه) (٤٦) .

هەروەها دوبارە سەبارەت بەو مەلائکانەی کەچاودێری کردنی بەندەکانیان پێ سپێرراوە ، ئەفەرمێ ، «**وَإِنَّ عَلَيْكُمْ لَحَافِظِينَ كِرَامًا كَاتِبِينَ ، يَعْلَمُونَ مَاتَفْعَلُونَ**» سورەی «**إنفطار**» . ئایەتی لەمچەشنە زۆرزۆرە بەڵامگرنگ ئەوەتە ئێمە پەیرەوییان لێبکەین ، جا صۆفیمەسلەکان لەحاڵی موراقەبەدا ، ئەبێ موبەمو پەیرەوی بکەن لەم رێنمونییانە ، وە بیانکەنە پێناسو خدەی خۆیان ، بێگومان مرۆڤ کەوای لێهات ئەهەمو لارێو بەدکارییێك دەست هەڵئەگرێ ، وە گەردەن کەچ ئەکات بۆ فەرمانی خودا ، وەبەم چەشنە حاڵی «قورب» ی ، بۆ دەستئەدات ، کەبریتییە لەنزیکی خوایگەورە ، برێ لەگەورەپیاوانی تەصەووف لایانوایە حاڵیموراقەبە پاش مەقامی «رەضا» دەست ئەدات ، برێکیشیانلایان وایە پاش مەقامی «**ئیحسان**» دەستئەدات ، بێگومان هەردوکی ئەکرێت ، وەئەکرێت لەپێش ، یانلەپاشی مەقامەکانی تریشەوە دەستبدات ، بێگومان هەرکام لەوانە ، ئەوباوەرەی دەرخستوە کە بەسەریخۆیا هاتوە ، بەتایبەت ئەگەر «**موراقەبە**»بە حاڵ دانرا ، وەهەروەکو گوتمان حاڵیش خودا دادەیە ، کەواتە ئەکرێت ، لەگەڵی مەقامەکانا دەستبدا ، وە هەروەکو وتمان خۆیشی پێشەنگێکە ، بۆ حاڵی «**قورب**» کە لەپاشا باسی ئەکەین .

بەڵام ئایا ئەم موراقەبەیە چۆن ئەکرێت وە چ ئاکامێکی هەیە ؟ وەئایا هەر ئەمحاڵەتەیە کەوتمان یامنا؟ .

بەلای نەقشبەندییەکانەوە ، موراقەبە خۆی رەوشو «**سلوکێکە**» ، بۆپێگەیشتن ، بێگومان بەدەستوری مورشید ، چونکە مورشید وەکو پزشك بۆهەر نەخۆشێك دەرمانێ دائەنێت کەخۆی بۆئەو نەخۆشەی بەچاكبزانێت ، یان وەکو ماموستا ، ئەزانێت شاگردەکانی ئیستیعدادیان چەندە وەهەرکامەی لەچ جۆرە زانیارییێکدا خودا بەهرەی داوەتێ . ئەویش رێنمایی ئەکات بۆلای ئەوجۆرە

زانیاری‌یە ، وە دڵ‌گەرم‌و دڵ‌خۆشی ئەکات بۆفێربونی ، یان وەکومهەندیسێك کەهەرشتەی بۆجی‌و شوێنی‌خۆی دانێت ، جائەگەر مورشید دەست‌نەکەوت مرۆڤ ناچار رێگە ئەگرێتەبەر ، سابەڵکو خودا خۆی کەچارەسازە ، چارەیێکی بۆبکات .

جا ئەوجۆرە موراقەبەیە ، بریتی‌یە لە وەی کەمرۆڤ تەوبەکردوی رێبواری رێگەی تەسەووف ، لەشوێنێکی پاك وبی‌دەنگا بەدەستی بەدەست‌نوێژەوە روەو قیبلە دانیشێت ، پاش‌ئەوەی بەهەمو گیانێکیەوە لەسەر ئەوباوەرەتە کەخوا ئاگای لەهەمو حاڵێکیەتی ، وە هەناسەیێك نادات خوای‌گەورە ئاگای لی‌نەبێت ، لەم‌حاڵەدا لەدڵەوە لەخودا ئەپارێتەوە کەنورو بەرەکەتی‌خۆی برژێنێت بەسەریا وەهیدایەتی بدات ، وەئاگادارو رێ‌نومای بێت ، کەلەم‌رێگەیەدا سەرکەوێت ، بەکورتی‌ی هەم خوا بەئاگادار زانین ، وەهەم چاوەروانی کردنی نورو کەرەمی خودا ، بەتایبەت ئەگەر لەوکاتەشا قورئان بخوێنرێت چاکترە .

جا زۆرکەس هەن هەر لەرێگەی موراقەبەوە ئەگەنە ئەوپەری ئاوات .

گەورەپیاوانی رێ‌رەوی تەسەووف سەبارەت بەحاڵی موراقەبە زۆریان فەرموە ، بەڵام کاکڵەی مەبەست ئەوەتە ، ئەوەی خوای بەچاودێری‌کەری گوفتارو کرداری خۆی بزانێت ، قەت رووی‌نابێت بەپێچەوانەی دەستوری خوای‌گەورە هەنگاوی‌بنێت ، ئایا ئەکری لەبەرچاوی خەڵکەوە کاری‌بکەیت دژایەتی‌بێت لەگەڵی ئەوخەڵکەدا ؟ یان کردەوێك بکەیت کەبەلایانەوە شورەیی بێت ، یان‌بەبەرچاوی خاوەن‌ماڵەوە دزی‌بکەیت ؟ .

دەی‌من کەباوەرم لەسەری ئەوەبێت خوای‌گەورە ئاگای لەگوفتارو کردار ، وەئاگای لەهەستی دەرونمە ، چۆن برۆم بەپێچەوانەی خواستی ئەوەوە هەڵسورێم ، ؟ جا مرۆڤ ئەرخودا بۆی کردو وای‌لی‌هات ، بی‌گومان هەڵسونیشتی نهێنی‌و ئاشکرای جوت‌ئەبن لەگەڵ فەرمانی خوادا ، وەئەوەی خودا پیی‌خۆش‌بێت وائەکات ، ئەوەیش خوا نەیویست نای‌کات ، وەئەمە خۆی گەورەترین خەڵات‌و دەست‌کەوتە بۆهەرموسوڵمانێك ، وەئەوانەی رێبواری‌رێگەن بەرهەمەکەیان دەست‌ئەکەوێت ، وەبەهرەی وایان دەس‌ئەکەوێت ، بەخەیاڵی‌کەسانەهاتبێت .

••

واته هەر مەردێ بادەی مەعنەوی لەدەستی پیرانی تەریقەت نوشیبێ، کەوەکو شێر وان، گەردەنی کەچ کردوە بۆ تەقدیری خودا وە ڕەزایە بەقەزا، وە خوێ تەسلیم کردوە. بەڵام مەولەوی ئەم باسی رەزابون بە پێش هاتەی بۆکردوە؟، بۆئەوەتە لەپێشا باسی لەکوێربونی خۆی کردوەو ئەڵێ چاوم نابینێ تا موطالەعە بکەم، ئەوەتا کتێبەکان بێ نازن وە ئیتر ئەو مەولەوی یەی، بە چەپوڕاستا نامەی بۆ ڕۆم و عەجەم ئەچو، ئەوەتا پەکی کەوتوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا کێ ئەتوانێ «ململان» بکات لەتەکی شێری تەقدیرا، بەڵکو ئەوەی بەڕاستیی پیاوەو پەروەردە کراوی دەستی مەردانە، ئەبێ ڕازی بێت بە ویستی خوداو ناشوکری نەکات، وە ئەڵێ هەرچی لەلای خۆشەویستەوە هات خۆشە.

ئەڵێ جگە ئەمەش کەمن بەم بەشەی خودا ڕازیم، خۆ ئەگەر بێتو خودا کەرەمی بێت وە دیدەی دەروم ڕوون کاتەوە خۆ ئەوە نوری عەلانورە، نەك تەنها بە کوێری یەکە ڕازیم، بەڵکو پێشم خۆشە، جا ئەڵێ.

دیدەی سەر ئەرشی دیدەی سیڕ کافێن
ئێد دای مونافێن ئەو دەوای شافێن

دیدەی سەر ئەگەر بڕوات مادام دیدەی سیڕ ڕووناك بێت بەسە، چونکە دیدەی سەر شایەد ببێتە هۆی دوچاربونی گوناە خۆ دیدەی سیڕ هەرهی دیدتنی نوری خودایەو هۆی کامەرانی یە، لێرەدا مەبەست لەسیڕ، هەروەکو لەباسی لەطائف دا، بەتایبەت لەبەشی نەقشبەندی کتێبەکەدا، بە درێژی باسم کردوە، لەطیفەیێکە لە لەطائفی دەرون، ئەگەر هاتو پاك بویەوەو ڕووناك بوەوە وەکو چاو وایە ئەویش هەستی پێ ئەکرێت، وە ئەوانەی کە خۆیان ئازمونیان کردوە ئەزانن شتێکی شیاوو ئاشکرایە.

دوبارەی هەر سەبارەت بەم دو دیدەیە واتە دیدەی دڵ وە دیدەی سەر ئەڵێ.

ئێد وەظیفەی گڵ ئەو لەطیفەی دڵ
ئەو چون مەنزڵەن، ئێد بێ چون مەنزل
ئەو بەقاش نیەن فەناش تاقی یەن
ئێد عەطای تاقی و، باقی و لاقی یەن

ئەڵێ چاوی سەر هی جیهانی خاکی یە، واتە جیهانی ماددە «گل» بەلاَم ئەو هی دنیای مەعنەوی یاتە، زوتریش گوتمان لەطائف هی عالەمی (ئەمر) ن وە لەشی مرۆڤ هی عالەمی خەلقە ئەڵێ چاوی سەر وەکو مەنزڵ وەخانو وایە، بەتایبەت کاتێ کە خەڵك سەیری یەکتر ئەکەن وێنەی ئەوەی بەرابەری وا لە ناوی چاو یا، جائەڵێ چاوی سەر وەکو خانو وایە بەلاَم چاوی دەرون کەبریتی یە لەدڵ «بێ چون مەنزلە»، بێ چون، واتە خودا، چونکە خودا بێ مانەندە، «لیس کمثله شیء» ئایەتەو زوتر دیاری مان کردوە، ئەڵێ دڵ مادام پاك بو بەڕێزترە، بۆچی؟ چونکە جێگای خودای بێ مانەندە، زوتریش چەن جارێ نوسیمان «قلب المؤمن عرش الرحمن» (حەدیث)، واتە دڵی خواپەرستانی راستەقینە مەنزڵی خودایە، ئەڵی چاوی ماددی نامێنێتەوەو رۆژێ ئەبێ تیائەچی بەلاَم چاوی دەرون کە کرایەوە خەلاَتێکی بەردەوامو نەبڕاوەیە. لێرەشا، باسی سیرر، لەطائف، بەقا، فەنا، وە زۆر شتی تەصەووفی تیایە.

هەروەکو ئەزانین مەولەوی لە دوایی تەمەنیا چاوی کوێر بوە، جا بەم جۆرە دڵ خۆشی خۆی داوەتەوە، ئەگینا خۆیشی زانیویە چاو چ نیعمەتێکە وە لەسەرەتای باسەکەدا تێر خۆی لاواندوەتەوە، بەلاَم بڵێ چی کەخودا نەیداءکەواتە باشترین شت رەزابونە بەقەزا وە صەبرکردن بەرانبەر بە روداوی سەخت، ئەگینا لای خوا هیچی پێ ناچی هەم چاوی سەر ساغ بێت و هەم چاوی دەرون رووناك.

مەولەوی زۆر جاری تریش داخی خواردوە بۆ ئەو چاو لەدەست دانەی وە خۆی لاواندوەتەوە.

مەبەستێکی تر لەم هۆنراوەدا بەدی ئەکرێت ئەوەتە وادیارە لەو دوا دوایی عومرەیشا بەو جۆرەی کەبشێ مەولەوی لە رێبازی تەصەووف‌دا بەمراز نەگەیشتوە، چونکە ئەو تەزکی یەی قەلبە سەرەتای کاری صۆفیەتی یە، دووهەم ئەگەر بەمراز بگەیشتایێ ئەیوت شوکور ئەوەتا چاوی دەرونم روونە باچاوی سەرم هەرنەبێ. ئەمەش لەوەدا دەرئەکەوێ کە ئەڵێ ئەگەر بێت‌و هەوری لوطفی خودا بیارێ بەسەری دەرونا ئەم خەمەم لەبیر ئەباتەوە، شیعرەکە بەکوردی ئەبێتە.

باریێ ئەگەرهەور ئەلطافی باری
بۆ مەدەد کاری بەدڵدا باری
دیدەی سەر ئەرچو دیدەی دڵ کافی
ئەم دای مونافی ئەو دەوای شافی

مەولەوی لە قەصیدەیێکا کە سەرەتاکەی ئەڵێ «**چەرخ هەرئەو چەرخەن تاتاوەردو بەرد**» لەکاتی باسی بێبەقایی ڕۆژگاردا ئەڵێ، کاتێکت زانی نۆرەی مەرگی ئێمەش هات، جا لە مورشیدەکەی ئەپاڕێتەوەو ئەڵێ، مادام وایەو چونکە منیش وا ئاخری تەمەنمە.

بەقوربانت‌بم ساقی بگەرە فریام لەم سەرچاوەیەی کە تۆکراوێتە میراوی وە دابەشی ئەکەیت بەسەری خاوەن کشتەکاندا وە هەرکەسەی بەوجۆرەی هەڵبگرێت بەشی ئەدەیت، ئاگات لە منیش بێت چونکە کشتەکەم هەم تینویەتی وە هەم دوادوایی یەتی، بەڵکو فریای کەوی داناوێکی بدەیتێ، جا (**داناو**) بەو ئاخر ئاوە ئەڵێن کە ئەدرێت بەدەغڵ، لەکاتێکایە شیرەی پڕکردوەتەوەو خەریکی گەیشتنەو پاشان نۆرەی دروێنەیە.

دیارە ئەوەی لە تەصەووف دا پێ‌گەیشتبێت ئیتر پێویستی بەمورشید وە یارمەتی مورشید نامێنێ وە بۆخۆی ئەبێتە ئوستادو ڕێبەر، بەڵام ئەوەتا مەولەوی پەنا بەمورشید ئەبات‌و ئەڵێ.

حەیفەن تۆ میراو سەرجۆی بادە بی
وە هەرکەس وقەد کەفاف دادەبی
من کشتم ڕوزەرد هام فەردانم‌بۆ
دانەم ڕوسیای هام دەردانم بۆ
ئەرصەد کشتەکەم ئاخر کارشەن
هەفتەکەی ئاخر نۆ وەهارشەن
ساهۆرکەر بایێ جۆجۆ جوگەی مەی
وە سەر کشتمدا پەی‌پەی پەیاپەی
بەڵکیم ئینە خوان گەشێوە کەرۆ
چی ئاخرەوە داناوێ وەرۆ

دەقی ئەم شیعرانە تۆزێ لەگەڵی دیوانەکەی مامۆستا مەلا کەریمدا فەرقی هەیە کە کاتی خۆی ئەم قەصیدەیەم لەڕووی نوسخەیێکی دەستخەتەوە نوسیوەتەوە.

لەم شیعرانەدا مەولەوی ئەیەوێ بە «**مەی**» ئاوی مەزرای ڕوحی بدرێت نەك بەئاو، ئەڵێ جۆجۆ جۆگەی مەی، وە هەرچەن بە مورشیدەکەی ئەڵێ میراو، بەڵام ئەڵێ میراوی سەرجۆی بادە، هەروەها کشتی ڕوزەردو دانەی ڕوسیا ئەمانەش مەبەست شتێکی مەعنەوی یە، بەڕاستی‌ی جوانی ڕازاندوەتەوەو باش مەبەستەکەی گەیاندوە.

لە لاپەڕەی (**٢٥٦**) دا، باسی پارچە بلورێك ئەکات کە سەرگوزەشتی خۆڵی گێڕاوتەوە بۆ مەولەوی کە چۆن پارچە بەردێکی بێ‌نرخو بێ‌قابیل بوە بەڵام پاش‌ئەوەی خراوەتە کورەوەو سورکراوەتەوەو پاڵێوراوەو تڵپو شتە خراپەکانی لێ لابراوە، ئەوەتا بوەتە ئەو بلورەی کە ئەدرەوشێتەوەو بوەتە هاودەمو هاونشینی گەورەپیاوان وە بوەتە گوڵی مەجلیس.

زۆرێك لە گەورە پیاوانی تەصەووف ڕایان گەیاندوە کە ئەم پایەوپلەی مەعنەوی وە گەیشتن بە پلەی «**عین الیقین**» ە، هەروا گاڵتە نیە وە ڕەنجی ئەوێت، مەولانا جەلال‌وددینی ڕومی، ئەڵێ.

حاصِلِ عُمْرَمْ سە سُخن بیش نیست.
خام بُدَمْ پُختە شُدَمْ سوختَمْ.

ئەڵێ، ئاکامی تەمەنم لە سێ ووشە زیاتر نیە، ئەویش ئەوەتە کاڵ بوم، یان خام بوم، برژام، یان پێ‌گەیشتم، وە سوتام، (**کاڵی‌ی، برژان، سوتان**) مەبەست ئەوەتە گەنج بەبێ ڕەنج دەست ناکەوێ، لێرەدا هەرچەن موصطەلەحات بەکار نەبراوە بەڵام پیشان ئەدات کە کورەی سلوكو دژکاری لەتەکی داخوازی ناپەسەندی نەفس وە بەردەوام بون لەسەری خوا پەرستی‌و ذیکرو شەونوێژو ڕاستڕەوی‌پیاوی خامو ناکامڵ وە بێ‌کەڵك ئەکاتە پیاوێکی پیاوانەی بەکەڵكو بەدەردخواردو.

جا مەولەوی بەخۆی ئەڵێت، ئەڵێ ئەی «**مەعدومی**»، ئەگەر تۆیش وەکو یارانت ڕەنج نەکێشی وە پێ‌نەنێیت بەسەری وجودی خۆتا واتە «**نکران الذات**» وە خەبات «**موجاهەدە**» نەکەیت، چۆن ئەگەیتە پایەی هاوڕێ پێ گەیشتوەکانت.

ئەڵێ ئەوەی دوبارە لە دایك نەبێتەوە هەرگیز ناگاتە خۆشبەختی‌ی‌و کامەرانی‌ی.

ئەم دوبارە لە دایك بونەش قەلەپۆیەی تەصەووفە ، واتە ، ئەم وجودەی ئیستەی فەنا ئەبێت وە وجودی تازەی دێتەوە کایە ، کە ئەبێتە ، بەقای پاش فەنا ، واتە ژینی سەرلەنوێ یان مانەوەی هەتا هەتایە. واتە مەرگی ، ژیانی ماددی ، یان ژیانی حەیوانیو شەهوانیو نەفسانی‌ی ، وە بەدنیا هاتنی ، ژیانی مەعنەوی‌و ڕۆحی‌ی.

لە لاپەڕەی (٢٦٤) بەولاوە نامەیە بۆ خزمەتی مورشیدی خۆی واتە شێخ عوسمان سیراجوددین ، کە بەناوی حەکیمی‌دەرد ، ئاودێری سەوزەی ئارەزو ، زانا بەهەمو ڕازونیاز ، مورشیدی میراو سەرجۆی بادەی لەیل ، دەست‌گیری ڕێگای هات‌و نەهات ، جلەوکێشی ذەوق ، بەزم‌ئارای مەجلیس ، ناوی ئەبات وە داوای یارمەتیی لێ ئەکات وە لێی‌داوا ئەکات کە لای پێغەمبەر درودی خودای لەسەر، تکای‌بۆبکات شایەد ڕۆژی قیامەت ڕوزەرد نەبێت.

وە ئەو ناوانەو ئەو بانگەوازانە هەموی کەرەسەی بەکاربراوی تەصەووفن ، وە هونەری مەولەوی‌ی لەوەدایە کردونیەتە خۆماڵی‌ی.

لە لاپەڕەی (٢٩٨) بەولاوە نامەیێکی ترە بۆ شێخی سیراجوددین ، کە یەکپارچە تەصەووفە ، وە باسی مەقاماتەو موصطەلەحاتە.

ئەڵێ ، ئەی شێخە دەوڵەمەندەکە لە بەهرەی سەرمەدیی دا ، ئەی‌جێگەو ماوای جیلوەی حەقیقەتی موحەممەدیی ، ئەی ئەوکەسەی کە لەشەو هەوارگەی فەنا تێ‌پەڕیوی وە لە هەردەی بەقادا مەنزڵت گرتوەو بەیەکجاریی بارت لێ‌خستوە ، مەبەستی ئەوەتە فەنا تەنها بۆ پشودانەو بەقا بۆ مانەوەی هەمیشەیی‌یە ، ئەی ئەوکەسەی خودا تۆی کردوەتە خاوەنی پێناسی مورشیدی‌و ڕێبەرایەتی وە هەروەها نوری خۆیشی لە دەرونتا جی‌گیر کردوە وە بەنوری خۆی خەلاتی کردویی ، ئەی جی‌نشین‌و نوێنەری پێغەمبەر ، ئەو پێغەمبەرەی کەخودا لەشەوی میعراج‌دا پێی‌فەرمو **(ادن)** واتە نزیکتر بەرەوە ، ئەی ئەوکەسەی کە شارەزای هەر حەوت قۆناغە ڕێگاکانی گەیشتن بەخودای.

ئەوەی شیاوی گوتنە سەبارەت بەم حەوت «**طەور**»یان حەوت شاری عیشق،یان حەوت مەقامە،زۆر باس کراوە ، هەروکو لەباسی مەقاماتدا باسم‌کردوە ، بڕێك لە گەورەە پیاوان وەکو «**سەرراج**» لەکتێبی «**اللمع**» دا مەقامەکانی بە حەوت مەقام داناوە ، تەوبە ، وەرع ، زوهد ، فەقر ، صەبر ، تەوککول ، ڕەضا . مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی لەشیعرێکا لە ستایشی عەططار دا ئەڵێ.

هفت شهر عشق‌را عطار گشت
ما هنوز أندر خم يك كوچه‌ايم

واته عه‌تتار هه‌ر حه‌وت شاره‌كه‌ی عيشق گه‌ڕاكه‌چی ئێمه هێشتا هه‌ر واين له پێچی كۆڵانێكا، فه‌ريدودديني عه‌تتار له (٥٨٦) ك، دا، له‌دنيا ده‌رچوه. له‌كتێبی (**التصوف وفريدالدين العطار**) دا، نوسينی (**د. عبد الوهاب عزام**) كه له‌ساڵی «**١٣٦٤ك ١٩٤٥م**» دا، له‌چاپ دراوه، له زمانی عه‌تتاره‌وه باسی ئه‌م حه‌وت وادی‌يه ئه‌كات كه‌بريتين له.

١- وادی الطَّلَب
٢- وادی العشق
٣- وادی المَعْرِفه
٤- وادی الاستغفار
٥- وادی التَّوحيد
٦- وادی الحيره
٧- وادی الفقر و الفناء

عه‌تتار، له كتێبی «**منطق الطير**» دا، ئه‌ڵێ هه‌ركه‌سێ ئه‌م حه‌وت شيوه‌ی بڕی،ئه‌وه له فه‌نا تێ‌په‌ڕيوه، به‌ورده‌و به‌دورو درێژی باسی هه‌ر كامه له‌و مه‌قامانه‌ش ئه‌كات. كه‌خۆی جيهانێكی به‌رينی ته‌صه‌ووفه. جه‌نابی ماموستا مه‌لا كه‌ريم له لێك‌دانه‌وه‌ی ئه‌وه‌دا كه مه‌وله‌وی به‌شێخی سيراجه‌ددين ئه‌ڵێ.

(**به‌ڵه‌د نه‌سارای ئه‌طواری هه‌فته**)، به‌كورتی په‌نجه‌يێكی كێشاوه بۆ ئه‌و حه‌وت جۆره ته‌زكی‌يه‌ی ده‌رونه‌ی كه له ياسای نه‌قشبه‌ندی يه‌كانا هه‌يه، كه بريتين له، له‌طيفه‌ی قه‌لب، رۆح، سيرر، خه‌وفی ئه‌خفا، له‌عالـه‌مي ئه‌مر، وه له‌طيفه‌ی نه‌فسی وه له‌طيفه‌ی (**قالب**) يان له‌ش، كه له چوار عونصور پێك‌هاتوه، گوتمان چوارعونصوريش بريتين له، ئاوو، ئاگرو، خاك‌و هه‌وا.

جا پێنج له‌طيفه‌ی ئه‌مر وه دوو له‌طيفه‌ی خه‌لق ئه‌وه بۆيه هه‌ر حه‌وت هه‌نگاو يان هه‌رحه‌وت طه‌وری ڕێگا بڕينی سلوك، بڕێكيش له گه‌وزه پياوانی صۆفی‌گه‌ری وتويانه ته‌ريقه‌ت بريتی‌يه له بڕينی دوو هه‌نگاو مه‌به‌ستيان ئه‌م دوو جيهانی خه‌لق‌و ئه‌مره‌يه، هه‌رچه‌ند ئه‌وه‌ش وتراوه «**خُطْوَتانِ وَقَدْ وَصَلْتَ**» به‌ڵام ئه‌مه‌يان بۆ بڕينی دوو

قۆناغی «**فەنا**»یە هەروەکو شاهی نەقشبەند فەرمویەتی ، هەرچەند گوتویانە فەنا جۆری زۆرە ، بەلاَم هەموی جۆرەکانی لەم دووبەشەدا کۆ ئەبنەوە : یەکێ فەنای لەشی طەبیعیو ماددی «**لەشی ظولمانی**» وە یەکێ فەنای لەشی ڕۆحیو نورانی .

ئەم دوانەش هەر ئەبنەوە بە عالەمی خەلقو ئەمرەکەی کە باسمان کردن . جا ئایا ئەو بۆچونەی جەنابی مامۆستا بێت»یان حەوت مەقامەکەی سەرراج یان حەوت شاری عیشقەکەی عەتتار ، مەولەوی ڕوو ئەکاتە پیری خۆیو ئەڵێت ، ئەی ئەوکەسەی کە شارەزای دەشتی هەرحەوت ئەطوارەکەی ، پاشان ئەڵێ : ئەی واسیطەی ڕێگەی نێوانی دوومەنزڵی «**عیلموعەین**» ، واتە ، تۆ خەڵك لەباوەڕی ، «**عیلم الیقین**» ە وە ئەبەی بۆ «**عین الیقین**» ، واتە لەئیمانی «**تەقلیدی**» یەوە ئەیان بەی بۆ ئیمانی «**یەقینی ی**» ، ئەڵێ تۆ خاوەنی هەردو باڵی خودا پەرستییت ، کە عیلمی ظاهرەو عیلمی دەرون ، بێگومان هەرکەسێ خاوەنی ئەم دوو زانیاری یە بێت خۆش بەختە وە خاوەنی دوو نورە ، واتە «**ذوالنورین**» ە ، جا ئەو ئەڵێ بەشێخ عوسمان ذولنورەین ، واتە وەکو خەلیفەی ئیسلام عوسمانی ذولنورەین ، ئەڵێ ئەی ئەو پیرەی کە پاك بوی تەوە لە گەردی ناسوتی ی ، واتە لە دنیای ماددەو طەبیعەت دوری ، وە گەیشتویتە مەنزڵی مەلەکوتی ی ، ئەڵێ ئەی ئەوکەسەی دڵی بەنەوای جەبەروتی ی خودا»واتە بەهێزیی و تەوانایی خودا ئاوەدان بوەتەوە ، ئەی ئەوکەسەی تێراوی لە سەرچاوەی سەراوی لاهوتی ی ، زوتر باسی لاهوتو جەبەروتو ناسوتم کردوە ، ئەی ئەوکەسەی بە لەش لای ئێمەی وە بەرۆح لای خودای ، ئەمە ئەبێتە «**الخلوه فی الجلوه**» ، کە لە بەشی نەقشبەندی دا باسم کردوە ، وە دائرەی جیهانی مەعنەوی یەت لەتۆدا کۆ بوەتەوە ، یان ، ئەڵێ هەمودائرەکانت بشکنیوەو تەواوت کردون ، «**سەیری دائرەکان بکەن لەبەشی نەقشبەندی**» دا .

پاشان ئەڵێ ئەی ئەوکەسەی لە «**تەلوین**» تێپەڕیوی وە لەسایەی «**تەمکین**» دا حەساویتەوە ، تەلوین پایەی ڕێڕەوانەو تەمکین پایەی دامەزراوانو پێگەیشتوانە ، پاشان ئەڵێ : خودا ڕەوانت شادکات ئامین .

مەولەوی پاشی ئەم هەموە پێشەکی یە ، جا ئەڵێ بەمورشیدەکەی ، نامەکەت گەیشت وە دڵو دیدەی ڕوون کردەوە .... هەتاد ... لێرەدا چەن مەبەستێك ڕوون ئەبنەوە .

یەکەم : هەروەکو لەپێشا گوتمان ، دەرئەکەوێ تاچ ڕادەیێك تەصەووف

کاری کردوەتە سەری ئەدەبی کوردی، وە تاج رادەنێ ئەم ئەدەبەی دەوڵەمەند کردوەو رازاندویەتەوە دیارە ئەگەر تەصەووف نەبوایێ ئەم هەموە شۆرو حاڵەو ئەم هەموە ناسك کاری یەش نەئەبو.

دووهەم:

بۆمان دەرئەکەوێ یەکێ ئەوترێ مورشید، یەکەسێ ئەوترێ خاوەنی ئەو پێناسانە بێت کە مەولەوی هەڵیداون بەراستی ی کەسێکی وەکو شێخ عوسمان ئەگەر ئاوا نەبوایێ، چۆن عەللامەکانی رۆژگاری خۆی وەکو مەولەوی، مەلاحامیدی بێسارانی ی، مەلاعوسمانی باڵخی، مەلای نودشی وە صەدان لە گەورە پیاوانی ئەو دەمە رێگای هەورامانیان ئەدایە بەرو هەڵقەی ئیرادەتی ئەو پیرەیان ئەکردە گوێ، لەکاتێکا ئەمانە هەرکەسەی لە مەڵبەندی خۆیاندا کەڵەمەردو دانشمەندو هەڵکەوتوی ناوچەکە بون، حەزرەتی سیراجوددین وەنەبێ لەکەسبی دانشی ظاهیری دا گەیشتبێتە پایەی مەلاچاکی ی، بەلاّم ئەوەی گەیشتە مەقامی ویلایەت خودا خۆی چاوی دەرونی روون ئەکاتەوە، مەبەستم ئەوەتە بڵێم خۆ مەولەوی خۆی موریدبوەو بەڵکو لە خەلیفە بەناوبانگە کانی شێخ عوسمان بوە وە لەعالمە بەناوبانگەکانی ئەو رۆژگارە بوە بەلاّم چونکە لەدەرونەوە نەگەیشتوەتە پلەی کەمال، پاشی شێخ عوسمان بوەتە موریدی شێخ بەهائوددینی کوری شێخ عوسمان، وە لەو کاتەشا هەر پێی دێت، جگە موریدێك نەبێ ئیتر نەگەیشتوەتە پلەی کەمال.

سێهەم:

لەم قەصیدەیەدا زۆرێك لە موصطەلەحاتی صۆفی گەری باس کراوە، کە سوپاس بۆخودا من زوتر هەموپانم لەکتێبەکەدا باس کردوە، لەگەڵی ئەوەشا لێرەشا هەر قامکێکم بۆ راکێشاون.

مەولەوی لەزۆر شوێنی ترا بەپێی موناسەبات باسی مەقام وە حاڵەکانی هاوردوەتە ناوەوە، وەکو ووشەی جەمال، جەلال، خەوف رەجا، عیشق، مەیو بادەو زۆرشتی تر، بەلاّم ئیتر خۆ ناکرێ هەموپان دەس نیشان کەین هەر ئەوەی کە گرنگ بو بەرادەی پێویست باسمان کردن.

هەروەکو ئەزانین زۆری تر لەشاعیرە کوردە کان کەم وزۆر شوێنەواری صۆفیەتی ی لە شیعرەکانیاندا بەدی ئەکرێت، داخۆ چەندەش شیعری جوانو هەستی پاکی

دەرونی شاعیرە کانمان بەهۆی نەنوسرانەوە، یان بەهۆی تیاچونەوە لەدەست دەرچوبن.

ئەوەتا هەروەکو ماموستا مەلا کەریم باسی کردوە مەولەوی مالّی سوتاوەو هەرچی بوە هەموی تیاچوە، ئیستە ئیمە قەدری نیعمەتی چاپ و کتێب خانەی میری و غەیرە میری گەورەی جیهان نازانین، هەروەها قەدری چیمەنتۆو ئاسن و پاکوتەمیزی و داودەرمانی فەوتاندنی مشك و گیان لەبەر نازانین، چونکە مەگەر هەرخوا بزانێ لە رابوردودا دلّۆپەی باران و مشك و نەبونی کتێب خانەی رێك وپێك وچاپ خانە، ئەمانە چەندین سەرمایەی گران بایی یان لەدەست دەرکردوین.

جا تالآنی خێلّ و عەشرەتەکان وە پەلامار بردنە سەری یەکی هۆزەکان وە شەرە گەورەکانی ناوچەکە ئەمانەش با بوەستێ کە ئەمانەش ملیۆنها گەوهەری شەوچرای نایابی ئەدەب و زانیاری یان فەوتاندوە.

مەغۆلەکان ئەوەندە کتێب یان هەلّ رژاندە «**دیجلە**» کەرەنگی ئاوی ئەم شەطە گەورەیە رەش هەلّگەراوە، کتێبێك ئیستە وا لە کتێب خانەی «**شێخ عەبدولقادری گەیلانی**» دا خاوەنەکەی لەسەری نوسیوە ئەم کتێبەم لەناوی ئاوی دیجلەدا لەشوێنێکا دەرهانی؛ ئەوەندە کتێبیان هەلّ رژاندبو وەکو دورگەیێکی لێ هاتبو وە ئەم کتێبە کەوتبوە وشکی ی، ئێستەش شوێنەمای تۆزێ تەربونی پێوە دیارە.

ئەوکتێبە ئیستەش هەیە، ئەتوانن سەیری کەن. بەلّێ بەداخەوە سەرمایەی زۆری زانیاری و هونەرو ئەدەبی ئێمەیش و جیهانیش بەو هۆیانەوە تیاچون لەگەلّی ئەوەشا ئەگەر هەولّ بدرێت وە دلّسۆزی بکرێت لام وایە لەزۆر کونوقوژبنا لەناوی مالآن و کتێب خانەکاندا وە لە پەراوێزی کتێبەکاندا هەروەها لەکتێب خانەکانی ئەمریکاو ئەوروپادا یان لەمیصرو تورکی یەدا ئەگەر کەسێ بێت بگەرێ بەشوێنی شوێنەوارە کانماندا شتی نایابی زۆر ئەدۆزرێتەوە، ئەو کارانە سپاردەیێکی پیرۆزو گرنگن کەوا بەئەستۆی خوێنەوارە لاوو بەتینەکانمانەوە کە لە ئایندەدا ئەو ئاواتە بێرنەدی.

«مەحوی»

مەلا موحەممەدی کوڕی مەلاعوسمانی باڵخی، «١٨٣٢ - ١٩٠٦»م.

وەکو ئەزانن بۆ پەی‌بردن بە کارکردی تەصەووف لە ئەدەبی کوردی دا، بۆهەر شێوەیێك شاعیرێکم هەڵ بژاردوە.

جەزیری بۆ کرمانجی‌ی ژوروو، مەولەوی بۆ هەورامی، مەحوی بۆ کرمانجی خوارو

شێخ‌عومەر ضیائودینیش بە ناوی مورشید وە پیرێکی بەناوبانگی تەریقەت کە شاعیریش بوە.

سەبارەت بەژیانی مەحوی لام‌وایە ئەوەی دەربارەی ژیانی ئەو لەپێشەکیی دیوانەکەیا، ئەوەی جەنابی مامۆستا مەلا کەریم وە کاکەحەمەی کوڕی مامۆستا، کە ئەوانیش بیروباوەڕی نوسەرەکانی تریان لەپایانی دیوانەکەدا باس کردوە وا لە خوێنەر ئەکات تارادەیێك لە ژیانی مەحوی شتێکی لێ حاڵی بێت.

مەبەستی من لەم نوسینەدا تەنها ڕوون کردنەوەی پەیوەندی نێوانی مەحوی خۆیو تەصەووفە، هەروەها، تەصەووف تا چ ڕادەیێ لە شیعری مەحوی‌دا ئەدرەوشێتەوەو هەستی پێ ئەکرێت.

یەکەم :

سەبارەت بە شەخصی مەحوی خۆی ئەوەی بۆ هەمولایێ ڕوونە، مەحوی مەلاچاك بوە وە لەناوی خێزانێکی صوفی مەسەلەك‌و ئاینی‌ی‌دا چاوی کردوەتەوەو ژیاوەو، هەم مەلاو مەلازادەیە هەم خۆیو باوکی گرەویدەو دڵبەستەی تەصەووف بون.

بەلام ئایا مەحوی تا چ ڕادەیێ لە مەیدانی تەصەووف‌دا پێش کەوتوە ئەمەیان هەم لە سەرگوزەشتی ژیانیا نوسراوە وە ئەوەی بۆ یەکێکی وەکو من بەوجۆرەی مەحوی خۆی لە شیعرەکانیا درکاندویەتی، دەرئەکەوێ، مەحوی نەگەیشتوەتە پایەی کەمالی تەریقەت، کە بریتی بێت لە ئیرشادی موطلەق، بەو جۆرەی لە ئیصطیلاحی صوفی‌یەکاندا هەیە.

هەروەکو بەناوبانگەو هەروایش کەهەمو نوسیویانە، مەحوی خەلیفەیێ بوە لە خەلیفەکانی شێخ بەهائوددینی کوڕی شێخ عوسمانی نەقشبەندیی، لە ناوی شارەزایانی ئەم بازارەدا خەلیفە بۆ نوێنەری شێخ بەکار ئەبرێت، وە بەو کەسەی کە لە جێگای شێخدا دائەنیشێ ئەڵێن جێ‌نشین وە جێگەدار وە بەو کەسەش کە لەرێبازی تەریقەتدا پێگەیشت بێ، ڕوخسەتی ئیرشادی موطلەقی ئەدرێتێ وە پێی ئەڵێن مورشید.

جا خەلیفەیش تا خەلیفە فەرق هەیە، خەلیفە هەیە ڕوخسەتی ئەدرێت تەنها بۆئەوەی بە نوێنەرایەتی مورشید تەعلیمی تەریقەت بکات، وە کوئەڵێن تەوبەی مورید دائەدات، وەکو ئەوەی کەسێك ئەیەوێ ڕێگەی تەصەووف بگرێتە بەر ئەگەر دەستی نەگەیشتە شێخ یان وائەبێ شێخ خۆی حازرە بەڵام ئەینێرێتە لای خەلیفە کە تەعلیمی بکات، جا ئەو موریدە تازەکارە ئەرواتە لای خەلیفە وە **(تەمەسسوك)** ئەکات واتە ئەبێتە پەیڕەو، ئەو خەلیفەیەش بە نوێنەرایەتی شێخ بەر لە هەموشتێ تەوبەی ئەوکەسە دائەدات واتە ڕێ‌نمایی ئەکات کە یەکەم هەنگاو هەڵگرێ‌کەبریتی‌یە لە تەوبە کردن‌و پەشیمان بونەوە لە کردەوەی ناپەسەندی لەوەو پێش وە پەیمان‌دان بۆ گرتنەبەری ڕێگەی باش‌و پەسەندی‌لەوەو پێش، پاشان یەکەم دەرسی تەریقەتی پێ‌ئەڵێ، وە ئەڵێ تەریقەت چی‌یەو هەدەفی چی‌یەو لەمەولا ئەبێ چی‌بکات وە ڕەوشی ذیکر یان رابیطە یان موراقەبەو خەتم‌و تەهلیلەو هەمو جۆرە خواپەرستی‌یێکی پیشان‌ئەدات وە ئەڵێ، وا من لە وەکالەتی فلان شێخەوە تۆم قوبوڵ‌کردی، ئەویش ئەڵێ وامنیش ئەو شێخەم بە مورشیدو مامۆستای خۆم قوبوڵ کرد وە بومە موریدو شاگردی.

بێگومان ئەوەی ئەکرێتە خەلیفە، خۆی، قۆناغە سەرەتایی‌یەکانی تەواو کردوەو ئارادەیێ لە تەصەووفدا چاوی کراوەتەوە، یەکێ لەسپاردەی هەمو خەلیفەکان ئەوەتە پرسیار، یان سکاڵای موریدەکان چ لەبارەی کاروباری سلوك وە پێش‌کەوتنی کاری دەرونیەوە بێت، یان هەر کارێکی‌ترەبێ‌گەیێنێتە مورشید وە وڵامیان بۆ وەرگرێتەوە، بەکورتی‌ی واسیطەی نێوانی ماموستاو شاگردە وە لەهەردولایان نزیکە.

دوهەم:

خەلیفەیش هەیە لەوەش باڵاترە، واتە ئیجازە ئەدرێت بە نوێنەرایەتی شێخ **«تەوجەجوە»** بکات، واتە ڕووی دڵ بکاتە دەرونی موریدەیارمەتی لە ڕۆحی مورشید

وەرگرێت وە دڵی موریدی پیێ پاکو ڕووناک کاتەوە وە ئەگەر دەردێکی دەرونی ی هەیە چارەی کات.

گرنگ ئەوەتە ئەم کارتێکردنو دەس کاری یە هەم موریدی هەستی پیێ ئەکات کە، چی بۆکراوە هەم خەلیفە، خۆ ئەگەر ئەو تەوەججوهە مورشید خۆی بی کات بە هێزو پێزترو بەکەڵک ترو بەکارترە.

قۆناغی سێهەم:

ئەم قۆناغە، بەدەگمەن وە لە دەیان هەزار خەبات کارو گیان فیدا کارا یەکێکی ئەیگاتێ، پایەی روخسەتی جیابونەوە لە مورشیدە، واتە مورید لە مەقامی فەنا تیێپەڕیوەو گەیشتوەتە بەقا، وە لەو گورەپانەشا تا ئەوەی خودا کردبێتیە نەصیب پێش کەوتیێ وە بۆخۆی بوبێتە مەردی مەیدان جا ئەوە ئیتر ئیجازەی ئیرشادی موطلەق ئەدرێتیێ وە ئەبێتە مورشید وە ماموستاو ڕێبەر.

هەروەکو لە کتێبەکەشا نوسیومە مورشیدیش دوو جۆرن هەیە کامیلەو هەیشە کامیلو موکەممیلە، کامیل ئەوەتە خۆی گەیشتوەتە بەقا بەڵام توانایی ئیرشاد واتە ماموستایی و دەرس گوتنەوەو ڕێبەرایەتی نیە، بەڵام کامیلی موکەممیل ئەوەتە هەم خۆی پیێ گەیشتوەو هەم ئەتوانیێ شاگردو مورید ڕێبەرێی بکاتو بیان گەیێنێتە لوتکەی مراز، جا، ئا بەو جۆرە ئیجازەیە ئەڵێن ئیجازەی ئیرشادی موطلەق بۆ نمونە هەروەکو چۆن مەولاناخالید لەلایەنی شێخ عەبدوڵلای دیهلەوی یەوە ئیجازەی درابو یان بەو جۆرەی کە مەولانا خالید ئیجازەی شێخ عوسمانی تەوێڵەو برێ لە گەورە پیاوانی تری داوە، جا ئەوانەی گەیشتنە ئەو مەقامە ئیتر پیێیان ناوتریێ خەلیفە، بەڵکو ئەبنە مورشید، تەنانەت ئەگەریش پیێیان بگوتریێ خەلیفە واتایێکی تری هەیە، وە بەواتای جیێنشینو جێگەدارە، وە جگە ئەوەش خۆ هەر تەنها گوتنو نوسینەکە نیە، بەڵکو لە کردەوەی ئەوکەسەشا هەست ئەکریێ، چونکە ئیتر ئەوکەسە خۆی دەست ئەکاتە ئیرشادو خەڵک پیێ ئەگەیێنیێو ئەبێتە خاوەنی موریدو خەلیفەو کەراماتو تەئثیراتی مەعنەوی، ئەم جۆرانە بی گومان وان لەمەقامی بەقادا جا لەوەو دوا خۆیو بەختی خۆی تاکویێ بڕوات وە لەدەریای مەعنەوی یات دا چی دەست کەوێت، ئەوەیان مەگەر خۆیانو خودای خۆیان بیزانن.

لەناوی ئەم پایە بەرزانەش دا هەڵ ئەکەوێ ئەوەندە پایەبەرزە خۆی ئەبێتە سەر زنجیرەی تەریقەتێك وە ئەبێتە عەبدولقادری گەیلانیی یان ئەبێتە بەهائوددینی نەقشبەند یان ئەحمەدی ڕیفاعیو مەولانای ڕۆمیو عومەری سەهرەوەردیو غەززالیو عەرەبیو ئەوانیتر.

ئیستە دێینەوە سەری باسی مەحوی وە ئەڵێم مەحوی بەهۆی مەقامێکی عیلمییەوە کە بویەتی، وە بەبۆنەی ئەوەوە کە باوکێشی خەلیفەی شێخ عوسمان بوە بێگومان خەلیفەیێکی ماقوڵو خاوەن مەقامبوە؛ بەڵام مورشید نەبوە، چونکە هەم خۆی شتی وای نەگوتوە، هەم هەروەکو گوتمان ئەگەر مورشید بوایە شیخەکەی؛ واتە حەزرەتی بەهائوددین ئیجازەی ئیرشادی ئەدایێ، هەم خۆی ئیرشادی ئەکردو ئەویش خەلیفەو موریدی ئەبو وە شوێنی دیاربو وە هەم مەحوی خۆی بەدەمی خۆی هاواری بێکەسیو بێدەسی ئەکات لە گۆڕەپانی تەصەووف دا، هەروەکو کە ئەڵێ:

چبکەم نەئەوکەسەم کە کەسم بێ لەلا بەکەس
خۆشم نەگەیمە ئەوکەسە ئەو منبکا بەکەس

هەروەها ئەڵێ:

لە ناکەس کارییا خاکم بەسەر ڕۆیی بەبا عومرم
خوا تۆ بمژێنە تا لەبەر قاپی کەسێ ئەمرم
بە ضایع چو لە «**مالا یعنی**» یا وەقتم هەمو، یەعنی
دەبێ وەقتێ لە «**بوالوقت**» ی بخوازم دا تیابمرم

یان کەئەڵێ:

کەدایەی خاکت ئاخر هەردەبێ بگرێتە باوەش خۆی
بکە خاکێ بەسەرخۆتا لە قاپی «**بو ترابێ**» زوو
بەتابی عەکسی ئەو دیدارە دڵ سوتا موزەککایە
کەتانت ڕاگرە سازوبە جیلوەی ماهتابێ زوو
دەنی طەبعیی بەجارێ عالەمی داگرت ئەوا «**مەحوی**»
دەرەنگە ئیلتیجابە بەر ڕەئی عالی جەنابێ زوو

هەروەها لەچەن شوێنێکی تری ئەم دیوانەشا، مەحوی سکاڵای بێدەسەڵاتیو بەمراز نەگەیشتن ئەکات؛ واتە، نەئێمە بەڵگەیێکمان بەدەستەوەیە مەحوی گەیشتبێتە پایەی

کەماڵی تەصەووف، نەخۆیشی شتیٚ‌وای گوتوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەبینین شەیدایە بە شوێنیٚ کەسێکا کە دەستی بگرێت وە بیگەیێنێتە مراز.

ئەوەی بە دەستمانەوەیە ئەوەتە مەحوی یەکێکە لەخەلیفەکانی شێخی بەهائوددین، وە خۆیشی داخیەتی کە بۆی نەکراوە بگاتە ئەو شوێنەی ئەبواێ بیگاتیٚ.

ئەم چەن شیعرە، بێگومان زۆر رووناکن وە پێویستی بە لێك‌دانەوە نیە، جگە ئەو موصطەلەحانەی کە بەکاری بردوون، وەکو «**بول‌وەقت**» یان «**بوتوراب**»، هەرچەن لە بەشی موصطەلەحاتا باسیان کراوە، لێرەشا ئەڵێم بولوەقت ئەبێتە مورشیدی پایەبەرز، واتە خاوەنی کات‌و چەرخی خۆیەتی، بەڵام «**ئیبن‌ولوەقت**» بە موریدو، وەبەو رێبوارانە ئەڵێن، رۆڵەی کاتن نەك خاوەنی کات، واتە هەردەمەی وان لە کات وەمەقامێکاو، دانەمەزراوون، وان لە گۆڕان‌و پێش‌کەوتنا، لەم پلە بۆ ئەوپلە جا ئەمە هەروەکو تەمکین وە تەلوین وایە، خاوەنی تەمکین ئەو گەورە پیاوانەن کە پیٚ گەیشتونو دامەزراون وە خاوەنی ویلایەتن، بەڵام خاوەنی تەلوین هەروەکو ئیبن‌ول‌وەقت وا لە گۆڕاناو جاریٚ رێگا ئەبرێت‌و نەگەیشتوەتە مەنزڵ. جا (**مەحوی**) ئاواتی خواستوە بۆ، بولوەقتیٚ کە فریای کەوێت، هەرواکە ویستویەتی پەنابەرێتە بەر قاپی بوترابێك، بوتوراب واتە خاوەن ئاستان، یان گەورە پیاوانی تەصەووف، یان، حەزرەتی عەلی، کە سەرزنجیرەی رەێبازەکانی تەصەووفە.

جالێرەدا مەبەستێك لە ژیانی مەحوی‌دا هەیە سرنجی راکێشاوم، وە نەیشم دیوە هیچ‌کام لە توێژەرانی ژیانی مەحوی باسی لێوە بکەن ئەویش ئەوەتە هەروەکو ئێمان مەحوی سکاڵا لەدەستی بیٚ‌کەسی ئەکات، وە بۆکەسیٚ ئەگەڕیٚ دەستی بگرێت، جا، کەسیٚ مورشیدێکی وەکو شێخی بەهائوددینی هەبێت چۆن ئەم سکاڵایە ئەکات؟، لێرەدایە بۆمان دەرئەکەویٚ ئەم سکاڵاو هاوارە هی ئەو ماوەیەتە کە مەحوی مورشیدەکەی لەدەست‌داوە، وە لەدەست‌دانی مورشیدە کە (**فەراغ**) واتە بچڕان‌و بۆشایی‌یێکی گەورەی خستوەتە ژیانی مەحوی‌یەوە، وە ئەم ماوەیەش کەم نیە بەڵکو خۆی عومرێکە. ئەم ماوەیە بیستوشەش ساڵە شێخی بەهائوددین لەساڵی «**١٢٩٨**» ك دا لە دنیا دەرچوە وە مەحوی لەساڵی «**١٣٢٤**» ك دا لێرەدایە ئەپرسین کەواتە چۆن‌بوە مەحوی ئەم هەموە ماوەیە بەبیٚ مورشید ماوەتەوە؟

بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە ئەبێ چەن ساڵێ بگەڕێینە دواوە.

سەیر ئەکەین مەحویی مەلاچاکەو پێگەیشتوەو خەتیبی مزگەوتی ئیمامی ئەعظەمە لەبەغدادا، وە لام‌وانیە لەم کاتەدا سەرگەرمی صۆفیەتی ی بوبێت، بەڵکو سەرگەرمی ئەو دانشەبوە کە پێویستی مەلاچاکێك بوە.

مەلای کورە مەلایەو خوێن گەرمەو بەبۆنەی خۆی‌و باوکیشیەوە ڕێز لێ گیراو. ئەگەریش سەرگەرمی صوفیەتی بوایێ بێگومان پاش تەواوکردنی مەلایەتی، یان ئەچو بۆهەورامان بۆ خزمەتی شێخی بەهائوددین، یان لای باوکی دەستی ئەکردە سلوك، بەلام ئەم مەلا گەنجە بەناوبانگە کە ئیستە لەشارەکەی خۆیا ئەندامی دادگایەو موچەخۆری میری‌یەو لەجیهانی صۆفیەتی‌و مەلایەتی تۆزێ دورە، لەساڵی «١٨٦٨» م دا باوکی لەدنیا دەر ئەچێت، بەلام مەحویی بەهۆی مەلاچاکی‌و لیاقەتەوە ئەبێتە جێ‌نشینی باوکی وە دەست‌ئەکاتە «تەدریس» لەم لایشەوە شێخ بەهائوددین بۆ حورمەت لێ‌گرتن وەبۆ چۆڵ نەبونی شوێنەکەی مەلاعوسمان؛ وە هەروەها بۆ سەرپەرشتی ی موریدەکانی، مەحویی ئەنێتە جێگای باوکی لە تەریقەتیشا؛ بەلام جێ‌نشینی ی تەریقەتەکە وەکو مەلایی‌کە نیە سەبارەت بە کاروباری مەلایی‌یەکە مەحویی ئامادەیی بوە، خۆی مەلابوە؛ بەلام تەریقەتەکە پێویستی بە سلوك وە تەزکی‌یەی دەرون وە ڕەنجی بێ‌شمارە، لەولایشەوە دەرس‌وتنەوەو ئەرکی ماڵ کەوتوە بەسەری مەحویی‌دا، لەئاوا حاڵێکا بێ‌گومان مەحویی هەر ئەوەندەی پێ‌کراوە کە کاروباری خانەقاو ئەرکی ماڵ بباتە ڕێگاوە، بەم جۆرە دەر ئەکەوێ بەوجۆرەی بشێ مەحویی نەیپەرژاوەتە لای صوفیەتەکەوە، جا تا تۆزێ دامەزراوەو تۆزێ چوەتە ساڵەوەو کەوتوەتە بیری‌ئەوی سلوك بکات مورشیدەکەی لەدنیا دەرئەچێت، لەم کاتەدا تەمەنی نزیکەی پەنجاساڵێك بوە وە ئیتر بێ‌مورشید ئەمێنێتەوە لەولایشەوە جێ‌نشینی شێخی بەهائەددین کەشێخ حیسامەدینی کوری بوە، لەتەمەنی بیست ساڵ‌دا بوە، بگرە مەحویی مەلاچاکی پەنجا ساڵە نەیتوانیبێ دڵی‌خۆی ڕازی کات بەوەی ببێتە موریدێکی شەیدای شێخ‌حیسامەدین ؛ لام‌وایە هەر ئەوەی پێ‌کرابێ بێ‌وەفایی نەکات وە پەیوەندی دۆستی ی لەگەڵ نەبڕێت، هەروەها لام وایە ئەم قەصیدەیەشی سەبارەت بە جێ‌نشینی ی شێخ حیسامەدین لەجێگەی شێخی بەهائەددینا نوسیبێ کە ئەڵێ.

دڵی بردم بەشۆخی ی،دوڵبەرێکی تازە،سەر لەنوێ
موبارەك بێ لەدڵ،سەودایێکی کەی،کەوتە سەر،لەنوێ
کەچ ئەبرو دیدەئاهو شۆرشیین‌خو فیتنەجو تورکێ
خورۆش‌و شۆروشیی خستە ناو ئەهلی نەظەر لەنوێ
لەئاخرا ئەڵێ .
بەشێوەی شکلی‌شیرینی وەکو کاکۆڵی موشکینی
پەشێوی کردوە ئەحواڵی مەحوی‌ی دەربەدەر لەنوێ
لێرەدا مەبەستێکی گرنگ هەیە کە شیاوی باسە ، ئەویش ئەوەتە لەم خولی بێ‌مورشیدی‌و دڵتەنگی‌ی مەحوی‌یەدا ، شێخ عومەر ضیائوددین ، برای باوکودایکی‌ی شیخ بەهائوددین ، ئیرشادی کردوە ، وە بەشاهیدی هەموی گەورەپیاوانی ئەودەمە وە هەموی مەلاچاکانی ئەورۆژگارە ، هەروەها بەشایەتی کەسێکی وەکو کاك ئەحمەدی شێخ‌و مەلاقادری بیارەو هەزاران دانشمەندو خوداناسی ئەو رۆژگارە ، هەڵکەوتوترین مەردی مەیدانی تەصەووف لە خانەدانی شێخ سیراجەددینا ، حەزرەتی شێخ‌عومەر بوە ، وەبە «**صاحب الوقت**» وە «**مجدد القرن**» دانراوە ، واتە خاوەن دەسەڵاتی مەعنەوی‌ی وە تازەکەرەوەی صەدەی پانزەهەمی کۆچی‌ی بوە ، صەدان موریدی وەکو «**شيخ محمد امين الكردي**» لەمیصر وە شیخ «**قاسم القيسي**» لە بەغدا ئەڵقەی ئیرادەتی ئەوذاتەیان کردوەتە گوێ ، وە ئەوەتا ریزی ناوی برێ لە خەلیفەکانی ئەم ذاتە ، هەم یادی مەردانی دوو ، وەهەم لە بنەماڵەکاندا جەنابی ماموستا مەلاکەریم ناوی نوسیون .
ئەڵێم سەیر ئەوەتە چۆن‌بوە جەنابی مەحوی ، لەکاتێکا ئەو هەموە سکاڵایە لەدەستی حاڵی پەرێشانی خۆی کردوە ، چۆن خۆی نەگەیاندوەتە بیارەو لەو سەرچاوەی تەصەووفە بەهرەمەندبێت ؟ جا لام وایە هۆی ئەم کارە چەن شتێ بوبێت ، لام واتە پەیوەندی مەحەببەتی شێخ بەهائوددین جۆرێ بوبێت نەیتوانیبێ لەدڵی دەرکات ، موریدیش تا بەتەواوی پەیوەندی دەرونی لەگەڵ مورشیدی پێشودا نەبرێت ، لەمورشیدی تازەی بەهرەمەند نابێت .
دووهەم ، دورنیە تەعەصعوب ئەوکارەی کردبێ . سێ‌هەم بگرە لایێ موریدەکانیشی لەپێش‌چاو گرتبێ ، چونکە ئەو تەنها خۆی حسێب نەبوە ، شایەت ئەگەر ئەوکارەی بکردایێ هەم خزمەکانی دەردی سەریان بۆ دروس بکردایێ ،

هەروا کە جارجار سکاڵای کردوە لەدەسیان ، هەم ئاژاوەو دوو دەستەیی بکەوتایێتە ناوی صوفی یەکانەوە .

بەکورتی ی هەرچی بوەو هەر جۆر بوە ، مەحوی ماوەی «٢٤» ساڵ هەستی تەنهایی و بێدەسەڵاتیی کردوە ، وە ئەم حاڵەشی لە شیعرەکانیا بەئاسانی ی هەست ئەکرێت .

دیوانەکەی مەحوی هەروەکو کە پەنجەی بۆ ڕائەکێشین وە دیاریی ئەکەین پڕیەتی لەشوێنە دەستی تەصەووف ، وە بۆنی خۆشی ئەوجیهانە ئەدات لەدەماغی خاوەن دڵان وە ئەوانن ئەتوانن هەستی ئەوبۆنە خۆشەو ئەو نورو بەرەکەتە بکەن ، لەگەڵی ئەوەشا باوەری من لەسەری ئەوەتە مەحوی شاعیرێکی صۆفی بەو مەعنایە نی یە هەمو هەست و نەستێکی خۆی تەرخان کردبێ هەربۆ تەصەووف وەکو «ابن الفارض» یان جەلالەدینی ڕۆمی یان مەلای جزیری ، بەڵکو شاعیرێکی زۆر بەدەسەڵاتی گۆرەپانی هونەری شیعرەو دیوانەکەی ڕازاوەتەوە بەهەمو جۆرە هۆنەرو مەبەستێك ، وە تەصەووفیش کاکە بەشانەی خۆیی بۆدانراوە .

سەبارەت بەموصطەلەحاتی تەصەووف سەیر ئەکەین هەم موصطەلەحاتی عەرەبیی بەکاربردوە هەم موصطەلەحاتی فارسیی ، وەبرێ جاریش لەو موصطەلەحانەی گوریوەتە سەری زمانی کوردیی . لە لاپەڕەی «٣» دا ووشەی ناخودا وە باخودا ، ی بەکارهێناوە .

لەم بەحری فیتنە بەڵکی نەجاتت بدا خودا
داوێنی باخودا بگرە بەردە ناخودا

لێرەدا دڵ گەرم کردنی مرۆڤ بۆئەوەی داوێنی باخودایێك ، پیاوی خودایێك بگرێ بەڵکو لە دەریای ئاشوبی ئەم جیهانە رزگار بێت ئەوە خوێ تەصەووفە ، تەصەووف پاڵ بە ئینسانەوە ئەنێت بۆ بەدەست هێنانی مورشید .

لە لاپەرەی «٥» دا ئەڵێ .

تازوڵمەتی وجودە ، تەریکی لە نوری عیشق
سێبەر نەما هەتاوە کە مەحوی نەما خودا

ئەمەش تەصەووفێکی ئاشکرایە ، هەم لە بەکاربردنی موصطەلەحاتی زوڵمەتی وجود ، نوری عیشق ، هەم لە مەفهومەکەدا ، چونکە ئەوە ئەگەیێنێ ، تاوەکو ئەم وجودە ناسوتی یە ماوە واتە تاحاڵەتی ماددە پەرستی و شوێن کەوتنی داخوازی

ناپەسەندی نەفس بمێنێ ئەوە نەفسی ئەوکەسە پاك نەبوەتەوە ، بەڵام ئەوکەسەی توانی‌ی تاریکی‌ی وجود ، واتە تاریکی‌ی خۆ ویستی‌و خۆ بەزل زانی‌ی لابردەوە نوکرانی ذاتی کردە پیشە،واتە بویە خاوەنی «**ایثار**» ، وا لەرونا کی‌ی نوری خودا «**نوری عیشق**» بەهرەمەند ئەبێت .

ئەڵێ ئەمانە نەما ئەوە سێبەر نەماوە سێبەر هی‌چی‌یە ؟ هی ماددەیە ، کە سێبەر نەما ، دیارە هەتاوە ، کە وجود، واتە لەشی نەفسانی‌و حەیوانی‌ی نەما ئەوە «**فەنا**» بوە لەذاتی خودادا، واتە خۆی لەبیرچوەتەوە وە هەستە ناپەسەندەکانیشی توڕداوە ، چی لەبیرە ؟ خودا .

واتە ئەگەر مەحوبی توانی‌ی خۆی وە وجودە ناسوتی‌و هەستە حەیوانی یەکەی نەفسی ئەممارەی خۆی توڕدات ؛ ئیتر ئەوکاتە هەر خودای لەیادەو هیچی تری لەیادنیە ؛ تەنانەت خۆیشی .

هەر لەو لاپەرەیەدا گوم بوانی چۆڵی مەحەبەتی خودا،ئیصطیلاحی عەرەبی‌و فارسی‌یە کە ئەم گۆڕیویەتە سەری کوردی .

لە لاپەڕەی شەش‌دا ، سۆزی عیشق ، جەلالی خەیاڵی ئەوم لەدڵ ، هەم موصطەلەح هەم مەفهومەکەش تەصەووفە وەکو گوتمان «**قلب المؤمن عرش الرحمان**» حەدیثە .

جا ئەڵێ ئەمە وەکو ئەوە وایە ئاسمانێك لەناوی دانە کونجی‌یێك دا جی‌ی ببێتەوە ، دیارە بەرەواڵەت شتی‌وا ناگونجێ ، بەڵام لەگەڵی ئەوەشا تێکۆشانی صۆفی بۆگەیشتن بەو ئاواتەیەڕۆژێ بێتە پێشەوە دەرونی ئەو شایستەبی ئەوە پەیدا بکات کە نوری خودای تیا بدرەوشێتەوە .

لەلاپەڕەی (٧) دا ، موصطەلەحی «**کاری دڵتوێنەوە**» بەکار دێنێت «**بەس کاری دڵتوینەوە مەحوبی لەپێشتە**» موصطەلەحێکە کردویە بەکوردی ، لەناوی صۆفی مەسلەکاندا موجاهەدە ، واتە خەبات مەشهورە ، مەبەست ئەوەتە پەیرەوی کردنی مویەمو لە قورئان و سونەت ، هەروا گاڵتە نیە ، هەر ئەوەتە ئەڵێن ، صیراطی موستەقیم ، واتە ڕێگەی ڕاستی ئیسلامی‌ی گرتنەبەر ، لە موباریك‌ترو لەئەڵماس تیژترە ، وە هەر لەبەر سەختیی ئەوڕێگاتە کە ئەگەر هیدایەتی خودا لەپاڵا نەبێت سەر ناگرێت ، «**اهدنا الصراط المستقیم**» سورەی (حەمد) .

زۆر جار لەباوکم بەرەحمەت بێ ، بیستومە ئەیفەرمو رۆلە ، ئەوەی بیەوێ لەم ڕێگایەدا بەهرەیێکی دەست کەوێ ، ئەبێ خوێنی خۆی بکات بەئاو ، کە کینایەبو لە رەنجو خەباتی بەردەوام .

لە لاپەڕەی «٨»دا ئەڵێ .

هەتاهەق ناصیرە هەر هەقە مەنظور
وەکو مەنصور ئەگەر بمکەن بەدارا
نەگەیمە ئەو جوانەو گەیمە پیری ی
مەدەد یاپیری پیرانی بوخارا

باسی مەنصوری حەللاج وە هەقگوێی مەنصور ، هەروەها ووشەی پیر ، کە بۆ مورشیدە ، وە پیری پیرانی بوخارا کە شاهی نەقشبەندە ، وە ووشەی شێخ وزاهیدو عیشق کە لەم پارچە شیعرەدا هاتون ، هەموی پەنجە ڕاکێشانە بۆ تەصەووف .

پاشان باسی «**بولوەفا**» ئەکات ، بێگومان مەبەستی مەحوی حاجی شێخ عەبدولرەحمانی شاعیرە کوڕی شێخ عوسمانی تەوێڵە کە نازناوی لەشیعردا بولوەفایە .

وا بەناوبانگە شێخ عەبدولرەحمان مورادبوە ، وە لە هەرسێ براکەی تری لەتەریقەتا ، دەس ڕۆیشتوتر بوە ، بەڵام لەتەمەنی «**٣٤**» ساڵیدا لەساڵی «**١٢٨٥**» ك دا لە دنیا دەرچوە .

لە لاپەڕەی «**١٣ – ١٦**» دا ووشەی تەصەووفی زۆری بەکار هێناوە ، ئەڵێ .

کە هەڵگرسا لەنوری بادە شەمعی حوسنی جانانە
نەچێتە سەر طەریقەی حەزرەتی پەروانە، دڵ چبکا ؟

یان لە پایانی غەزەلەکەدا کە ئەڵێ .

لە هەرجێیێك هەڵێ خورشیدی عیشقی گوڵ ڕوخان مەحوی
ئەگەر عەقڵی بێ ، لەوجێگە ئاونگی عەقڵ چبکا

ووشەکانی ، نوری بادە ، تەریقەی حەزرەتی پەروانە، خورشیدی عیشق گوڵ ڕوخان ، هەمویان ، موصطەلەحاتی تەصەووفن ، لێرەدا ئەبێ بڵێین ، خۆ موصطەلەحاتی تەصەووف ئەوە ناگەیێنێ ، ئەو وشانە لە وتووێژی ترا بەکار نابرێن ، زمان هەر زمانە ، بۆنمونە ، صەبر ، تەوەککول ، یان عیشق یان بادە یان دڵ ، یان بەقا، فەنا ، لەطیفە وە ئەوانی تریش ، هەموی بەکار ئەبرێن ، بەڵام لێرەدا

شێوەیێکی تایبەت پەیدا ئەکەن وە ئەخرێنە قالْبێکی‌ترەوە کە بۆ کارناسی خۆی دیارە ، حەب وە حوبوب ، لای پزیشك شتێکەو لای خاوەن کشت‌وکالْ شتێکە ، دەرزی ، لای پزیشك شتێکەو لای خەیات واتایێکی‌تری هەیە .

بەڕاستی لەوردەکاری شیعرو ووشەئارایی‌و نازك کاریدا ، مەحوی دەستێکی بالْای هەیە وکو ئەلْێ ... «**هەر بەخۆی ئەکەوێ**» .

لە لاپەڕەی (١٦) دا ووشەی دەروێش ، سوبحە ، کەشفی‌تاریکی‌ی ، نوری عومر .

هەروەها لە لاپەڕەی «١٨» دا ، جونون ، ئادابی‌عیشق دوبارە مەنصور وە «**أنا الحق**» ، هەموی موصطەلەحاتی تەصەووفە ، لەپایانی قەصیدەکەدا لەلاپەڕەی «**١٩**»دا ئەلْێ .

دلْ لە ئیدراکی حەقیقەت بێ‌بەشە بێ‌داغی عیشق
مەحوی‌یا ، دانا دەبێ بەم چاوە بینایی بکا
تێکڕای شیعرەکە ، بەلْکو هەموی قەصیدەکە تەصەووفە .

مەحوی ئەلْێ دەرکی حەقیقەت ، واتە گەیشتن بە یەقینی خوداناسی‌ی ، وە حەقائق مەعنەویی ، بەبێ گرتنەبەری ڕێگەی عیشقی خودا ، واتە ڕێگەی تەصەووف ، ڕێك ناکەوێت واتە دلْێ عیشقی تیانەبو ناتوانێ دەرکی حەقیقەت بکات ، جا لێرەدا ، ئەلْێ ، داغی عیشق ، داغ ، یان داخ‌کردن بۆ زۆرشت باوبوە ، بۆ ئازاردان ، خەلْکیان داخ کردوە ، بۆچارەی نەخۆشی ، ئینسان‌و حەیوان ، داخ کراون ، وە لە هەموی باوتر چوارپێ‌و مەروماڵات ، داخ کراون بۆئەوەی دیاربێ خاوەن دارن ، وە خاوەنەکەیشیان دیاربێ‌یە .

مەشهورە ئەلْێ مەرگی فلان داخی‌نا بەدلْانا ، داخ بەدلْی کردین ، لێرەدا ، بۆخەفەتیش بەکار ئەبرێ ، یان ئەلْێن ، داغی دلْی (**لالە**) ، لالە ، مەبەست لە گولْی شەقایقە ، ئەوە تا ، بنی پەڕەی گولْی شەقایق مۆرێکی ڕەشی پێوەیە ، ئەلْێی داخ کراوە ، جا ئەلْێن ئەمە داخی عیشقە نراوە بە دەرونی شەقایق‌دا ، بەلْام لەبازاری تەصەووف‌دا ، داغی‌عیشق مەبەستە لەوەی ئەوکەسە عاشقی کەسێکە،وە ئەوە، ئەوکەسە دیاری کردوەو ئەو دلْەی داغ کردوە بۆ خۆی ، بەکورتی‌ی نیشانەی

مورشیدداری و بێمورشیدی‌یه ، دیاره ئه‌وکه‌سه‌ش ماموستاو ڕێبه‌رو به‌ڵه‌دو شاره‌زا که‌وته پێشیه‌وه وا گومانی تیانیه که ئه‌گاته مراز .

مه‌حوی ئه‌ڵێ‌: **دڵ له‌ئیدراکی حه‌قیقه‌ت بێبه‌شه بێ داغی عیشق** «که‌وابو ئه‌گه‌ر دڵ ، داغی عیشق پێوه‌بو له‌ئیدراکی حه‌قیقه‌ت بێبه‌ش نیه‌و چاوی کراوه‌ته‌وه‌و بینایی هه‌یه‌و که‌شفی حیجابی بۆ بوه‌و خاوه‌نی موشاهه‌ده‌و بینینه .

«**مه‌حوی‌یا ، دانا ده‌بێ به‌م چاوه بینایی بکات**» واته به‌چاوی دڵ.،.هه‌رکه‌س خۆی به‌دانا ئه‌زانێ ئه‌بێ هه‌وڵ بدات چاوی دڵی بکرێته‌وه ئه‌گینا شێت‌و بێعه‌قڵیش ، ته‌نانه‌ت ، حه‌یوانیش چاوی سه‌ری هه‌یه‌و شت ئه‌بینێ . که‌واته به‌صه‌ر،یان چاوی سه‌ر،هه‌موی تێدا به‌شدارن ، ئه‌وه به‌صیره‌ته ، واته چاوی ده‌رونه که ته‌نها‌ی داناکان وه گه‌وره پیاوانه ، که‌واته پیاو ئه‌وه‌ته به‌چاوی ده‌روون ببینێ .

له لاپه‌ره‌ی «٣٦» دا ، ئه‌ڵێ .

گه‌ر عاشق له خونی‌جگر قوم‌ده ده‌م مه‌ده

مه‌ی‌خواره خام کاره هه‌تا هاوو هو ده‌کا

ئه‌مه‌ش هه‌ر په‌نجه ڕاکێشانه بۆ عیشقی حه‌قیقی وه‌ته‌صه‌ووف ،

گه‌وره‌پیاوانی ته‌صه‌ووف زۆرجار ئامۆژگاری موریدی تازه‌کار ئه‌که‌ن که ئه‌گه‌ر هاتو دڵگه‌رمی‌و نورو به‌ره‌که‌ت ده‌ستی‌دا ، ئه‌بێ خۆی بگرێت وه ده‌نگی لێ به‌رز نه‌بێته‌وه و نه‌گریت‌و هاوار نه‌کات ، ئه‌ڵێن هه‌تا خۆی بگرێت وه هاوارنه‌کات به‌هره‌ی زیاتری ده‌س ئه‌که‌وێ ، ئه‌وه‌تا ئه‌وانه‌ی پێ‌ئه‌گه‌ن‌و ئه‌بنه مورشید،یان پیاو ماقوڵی ڕێباز ، ئارامی‌و له‌سه‌رخۆیی ێیکی تایبه‌تیان هه‌یه،جا نمونه‌که‌ی له عیشقی مه‌جازی‌و مه‌ستی مه‌جازی‌دا هاوردوه ته‌وه ئه‌ڵێ ئه‌وه‌ی تازه فێری مه‌ی‌خواردن بوبێت به تۆزێ مه‌ی سه‌رخۆش ئه‌بێ ، به‌ڵام ئه‌وه‌ی له مه‌ی خواریدا ده‌وامی بو هه‌روا به‌گاڵته سه‌رخۆش نابێت .

له یادتانه له‌باسی بایه‌زیدی به‌سطامی دا گوتمان له‌وه‌ڵامی ئه‌وکه‌سه‌دا که گوتبوی ئێمه پێکێکمان خواردوه‌ته‌وه هه‌تاهه‌تایه مه‌ستی‌کردوین ، بایه‌زیدگوتی ئێمه ده‌ریایێك هه‌ڵ ئه‌لوشین هێشتا هه‌ر تینومانه‌و تێراو نابین .

له لاپه‌ره‌ی (٣٤) دا هه‌میسان باسی مه‌نصور وه ذاالنونی کردوه جه‌نابی ماموستا مه‌لاکه‌ریم ئه‌ڵێن مه‌به‌ست له (ذاالنونی) پێغه‌مبه‌ره ، دیاره ئه‌وه‌ش بۆچوونێکه،به‌ڵام

من لام‌وایه مادام باسی مه‌نصور کراوه که‌صۆفییێکی لی‌ قه‌وماوی ده‌ستی صۆفی نه‌ناسان‌بوه ، مه‌به‌ست له‌م ذوالنونه‌یش ذوالنونی میصری‌یه که سه‌رقافڵه‌ی ته‌صووفی میصره (٢٤٥ك) له دنیا ده‌رچوه .

ئه‌ویش هه‌روه‌کو حه‌للاج ئازار دراوه‌و زیندان کراوه‌و ده‌ربه‌ده‌ری زۆری کێشاوه .

له لاپه‌ره‌ی (٣٤ – ٣٥) دا ووشه‌ی پیری موغان‌و ، موغ‌به‌چه ، رێگه‌ی طه‌له‌ب‌و مه‌ولاناو داغ به‌دڵ‌و جه‌رگ دا نانی ، کردوه که‌هه‌موی موصطه‌له‌حاتی ته‌صه‌ووفه پیری موغان موغ‌به‌چه له‌ووشه به‌کاربراوه‌کانی خواجه حافظه ، پیری موغان له‌بناغه‌دا به سه‌رۆکی دینی‌ی زه‌رده‌شتی‌یه‌کان وه هه‌روه‌ها بۆ خاوه‌ن مه‌یخانه‌ش به‌کاربراوه ، موغبه‌چه واته مه‌ی‌گێڕیان شاگردو به‌رده‌ستی پیری موغان .

به‌ڵام له ته‌صه‌ووف‌دا مه‌به‌ست له‌م پیره پیری ته‌ریقه‌ته‌و ئه‌و باده‌یه‌ش باده‌ی مه‌عنه‌وی‌یه که به‌هۆی مورشیده‌وه ئه‌درێته رێبوارو مه‌ستی ئه‌کات ، وه لام‌وایه مه‌به‌ستی مه‌حوی له مه‌ولانا لێره‌دا جه‌لالوددینی رۆمی بێت هه‌رچه‌ن له‌فارسیدا مه‌ولانا بۆ مه‌لا به‌کاربراوه به‌ڵام له ئه‌ده‌بی‌یاتدا زۆرتری بۆ جه‌لالوددین رومی وه بری‌جار بۆ مه‌ولانای جامی‌ی به‌کاربراوه . رێگه‌ی طه‌له‌بیش ، هه‌مان سلوکی ته‌ریقه‌ته . له لاپه‌ره‌ی (٥١)دا ، که ئه‌ڵێ ، مه‌حه‌ببه‌ت مه‌ذهه‌بت بێ وه مه‌یکه‌شی‌ی مه‌شره‌بت‌بێ ، دیاره یه‌کێ له‌ناوه‌کانی رێڕه‌وی ته‌صه‌ووف رێبازی مه‌حه‌ببه‌ته باسی مه‌ی‌که‌شی‌و مه‌ی‌خواردن و مه‌ستی‌مان کرد .

له لاپه‌ره‌ی (٥٥) دا له‌پایانی قه‌صیده‌یێکا ئه‌ڵێ .

دڵه عه‌رشی خودا مه‌حوی خه‌جاڵه‌ت‌به له‌به‌ر غه‌فڵه‌ت

که بۆته بوت‌که‌ده‌ی بێ به‌رهه‌مه‌ن یا ده‌یری بێ‌راهیب

زوتریش وتمان ئاواتی صۆفی ئه‌وه‌ته دڵی ببێته جێگه‌ی نوری خودا وه‌یادی خودا له‌دڵی دوور نه‌که‌وێته‌وه به‌ڵکو گوتمان دڵ ده‌بێته جێگه‌ی مه‌ذکور واته خودا،یان (موسه‌مما) واته خودا ، چونکه کاتێ نوری خودا له‌دڵا دره‌وشایه‌وه ئیتر ذیکروئیسم پێویستی‌نیه ، خاوه‌ن ناو خۆی حازره .

هه‌میسان ئه‌و حه‌دیثه‌ش دێته‌وه یاد که‌گوتمان «**قلب المؤمن عرش الله**»یان حه‌دیثێکی قودسی‌ی که خودا ئه‌فه‌رمێ ئه‌رزو ئاسمانه‌کان جێگای منیان تیا نابێته‌وه به‌ڵام دڵی به‌نده‌ی خاوه‌ن باوه‌ر جێگه‌ی منی تیا بوه‌ته‌وه .

جا ، مەحوی گلەیی لەدڵی خۆی ئەکات ، ئەڵێ ئەی دڵ تۆ ئەبوایێ ئیستە جێگەی خودا بوایەیت کەچی تۆ خەجاڵەت نات‌گرێ بویتە بوت‌خانەی بێ بوت‌و دەیری بێ‌ڕاهیب ، واتە هەم چۆڵیت وەهەم وەکو مزگەوتیش قەدرت نیە کە پەرستگەی موسوڵمانانە ، وە ئەمەش هەموی دەردی غەفڵەتە ، لەباسی نەقشبەندی‌دا گوتمان تەواوی کۆششی صۆفیەکان بۆ ئەوەتە لەخودا غافڵ نەبن ، تەنانەت بۆ تاکە چرکەیێکیش ، جا ئەڵێ حەیف نیە شوێنێك بکرێت ببێتە جێگەی خودا،ئیستە بووبێتە جێگەی غەفڵەت لەخودا ؟

لە لاپەڕەی (٦٧) دا ئەڵێ .

لەناوا باسی تۆبەی تۆبو ئەمڕۆ ئەی ستەمگەر شۆخ
بخە ئەم تۆبە پاشی کوشتنی‌من تۆبی‌یو پیرت

ووشەی تۆبەو تۆبەکردن‌و پیرو ئەمانە لەموصطەلەحاتی تەصەووفن ، ئەمە جگە لەجوانی‌ی جیناسەکانی شیعرەکە .

لە لاپەڕەی (٧٠) دا ئەڵێ :

لەپێ حەرامە زرەی سیلسیلەی موقەددەسی عیشق
بی بەشێرو مەگەر ، هەڵگری لەدنیا دەست

ئەڵێ زەنجیری پیرۆزی عیشق خودایی هەروا بەگاڵتە ناکرێتە پێ ، مەگەر ئەوکەسە ئەوەندە مەرد بێت دەست لەدنیا هەڵگرێت ، بێگومان شێر کە زنجیر کرا ئیتر هەرچەن بە لەش‌و قەوارە شێرە بەڵام تازە دنیا بەوچی چونکە تازە بەسراوەتەوەو دەستی لەدنیا هەڵگرتوە ، جا واتە خۆ هەمو منالێ یان مرۆڤی بێ‌وره‌و زەبون ناتوانێ نەفسی خۆی زنجیرکات‌و دەس لە هەوەس‌و ئارەزوی دنیایی هەڵگرێت سامەگەر ئەوکەسە شێری مەیدان بێت تابتوانێ زنجیری موقەددەسی عیشق بخاتەپێی خۆی چونکە ئەوەی جیهانی تەصەووفی گرتە گەردەن ئیتر بە زەرق‌وبەرقی دنیا ناخلەتێ . بەڕاستی‌ی وردەکاریی زۆریشی تیایە .

لە لاپەڕەی (٨٣) دا ئەڵێ .

مەحفوظی تۆ،ڕوو لەخودایی،لەدێوو دەد
بۆ حیرزی تۆ دەبێتە زرێ نەسجی عەنکەبوت

لەسەرەتای تیپی دال دا ، غەزەلێکە لەسەرەتادا ئەڵێ «**دڵی سوتا بەحاڵی زاری طیفلی دڵمو چاری‌کرد**» بەڕاستیی مەحوی ئوستادی ئەدەبە. دەك گوڕت پڕ لەنور. لەدواییدا ئەڵێ:

دڵی بێبارە مایەی کارە هەرکەس کاروباری خۆی
لە دونیادا مووەففەق‌بو بەدڵ تەفویضی باریی کرد

ئەمەش دەست‌نیشانە بۆ مەقامی تەوککول. هەروەها کە ئەڵێ.

جونونی نەو ظوهورە مەحویا دێوانەگیی مەنصوور
کەدێوانان هەمو مائیل بەبەرد ئەومەیلی داری‌کرد
لەگەڵ هەموی جوانیی وشەکاری‌و تەناسوبی نێوانی مەنصورو

جونون کە موراعاتی نەظیریشی پێ ئەڵێن، شتەکە بەستراوە بەجیهانی تەصەووفەوە ، وەفەنای صۆفی وای‌کرد لەمەنصور.
هەر پاش ئەم غەزەلە ئەو غەزەلەیە کە ئەڵێ «**چ خەیاڵێکە لیقامێ بەفەناچونی جەسەد**».
واتە خەیاڵی خاوە تۆ بتەوێ بگەی بەخودا تا دەست لەخۆت هەڵ نەگری واتە ئەبێ لە من‌من وە خۆم‌خۆم دەست هەڵگری چونکە خۆپەرستی لەگەڵ خودا پەرستی‌دا ڕێك ناکەوێ. «أنانیّەت» وە «ئیثار» لە یەك دەرونا پێکەوە نایان کرێت ، وە ئەمەش خۆی کرۆکی تەصەووفە.

دوبارە باسی داغ‌و جێگە دەمی تێغ ئەکات کە ئەبێ بە دڵەوە بێت واتە شوێنە دەستی مورشیدی کامیل و موکەممیل. ئەڵێ ئەودڵەی بەداغی‌عیشق مۆر نەکرابێ لە دادگای عیشق‌دا ئەی دۆڕێی چونکە بەڵگەیێکی بێ مۆرو ئیمزای پێیە.

پاشان دەست بۆ باسی وەحدەت ئەکێشێ ئەڵێ

غەیری وەحدەت لە وجودا نیە،کەثرەت وەهمە
سادە تیکراری یەکە مەنشەئی ئەوهامی عەدەد

مەبەستی مەحوی ئەوەتە سەرچاوەی وجودی ئەو جیهانە هەر خودا خۆیەتی هەروەکو ئەگەر یەك نەبواپێ هەزار وە میلیاریش نەدەبون ، ئەڵێ سەرچاوەی فەیضی وجود ئەو یەکەتە (أحد)ە وە هەموی لە خۆیەوەیە.

باسی وەحدەتی وجود زۆرکراوە هەر کەسەی بە باریکا بۆی چوە بەلاَم هەر بۆچونە ، نەك ساغ کردنەوەیێك کە هەتاهەتایە پایەدارو تەکان نەخواردو بێت ئەوەی صۆفیەکان خۆیان مەبەستیان بوە لەگوتنیا ، مەگەر خۆیان لێی تێ بگەن ، ئەوەتا کە کەوتوەتە دەمی فەلسەفەو ظاهیر بینانو زانایانی لە تەصەووف بێ هەوال، هەزارلێ لێ ئەکەنەوە، ئەوەندەیان چلۆ پۆپی دەست هەلبەست لێ کردوەتەوە ساقو لاسکە ئەصلی یەکەیان وون کردوە .

بەراستیی بۆ چاوکرانەوە لە مەبەستی ئیشاراتی شاعیرە صۆفی یەکان وەبری لەرموزاتو شەطەحات خویندنەوەی کتێبی «تَرْجمانُ الأشْواق» ی شێخ موحی ددینی عەرەبی ی زۆر سودمەندە چونکە خۆی شەرحی لەسەری شیعری خۆی کردوە .

لەپاشان مەحوی خۆی ، خەمی ئەو باوەرە چەوتانەو ئەو ئەوهامانە ئەیگری وەئەترسی لەوەی خەلك ئەم باسی وەحدەتی ئەوەش بەوجۆرە وەحدەتی وجودە بزانن خێرا لائەکاتەوە بۆ سەری باسی تەوحیدو ئەلێ .

مەحویا بابەسی بێت شیرکی تەشەبیوث بەمو بەو
بگرە بەس ، دامەنی تەوحیدی (هو الله أحد)

مەحوی ئەیەوی بلێت ، هەرچەن سەرچاوەی هەموی وجود تەنها ذاتی خودا خۆیەتی بەلاَم ئەوخودایە ، خودایێکە لە هەموان جودایە تاكو تەنهایەو خالیقی تەوانایە ، نە لەکەس بوەو نەکەسیشی لێ ئەبێت نەکەسیش ئەتوانی ببێتە هاوشانی «لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يولَدْ وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُواً أحَدْ» (سورەی ئیخلاص) .

لە لاپەرەی (١١٦) دا ئەلێ .

«**بەردەری مەیکەدەیەو بەس لەوەلا نیمە مەلاذ**». بێگومان مەحوی، یان مەلای جزیری، یان مەولەوی، یان هەمو شێخو مەلاو خودا ناسی، دژی مەی وە مەیکەدەیە ، کەوابو کاتی کە لەم بارەوە باسی کرد ، دیارە مەبەست شەرابی عیشقی خودایی یە ، وە وەرگرتنی بەهرە لە ریبەرو مورشید، جا بەراستی ی حالەتی وا دەست ئەدات بۆ ئەو ریبوارانە ، هەر دەقی بەدەق لە سەرخۆشی ی ئەچێت وە ئەوکەسە هۆشی لە خۆی نیە ، کە بە زمانی ئەهلی سلوك هەر سوکری پی ئەلێن ، وە لە موصطەلەحاتدا باسم کردوە .

له لاپەڕەی (١١٧) دا ئەڵێ .

شوکری هەق، بەردەری هەر فەقرە ئیقامەتگاهم
بەردەرو باری نەسولطانو نەشا نیمە مەلاذ
بەڵکە لەو ڕێ‌یەوە من پەی‌بەمە عیمرانی بەقا
مەحویا غەیری خەراباتی فەنا نیمە مەلاذ

زوتر باسمان کردوە کە (فەقر) مەقامێکە لە مەقاماتی تەصەووف ، وە مەنزڵێکە لە ڕێگەی گەیشتن بە(فەنا) وە فەنایش مەنزڵێکە لە ڕێگەی گەیشتن بە مەڵبەندی (بەقا) ، هەروەها پێغەمبەر درودی خودای لەسەر ئەفەرمێ ، (**الفَقْرُ فَخْرِى**) جا مەحوی ئاواتی خواستوە کە بیانگاتێ. هەروەها خەرابات کە بەمەیخانە ئەڵێن ، موصطەلەحێکی تەصەووفە لەفارسیدا ؛ کە مەبەستی تەکیەو بارەگاو خانەقای پیرە .

لەلاپەڕەی (١٣٥) دا ئەڵێ .

ببە لەمن درەختی (منی‌ی) لەعنەتە بەڕی
یەعنی بکە لەکیبرو ئەنانیەت ئیحتیراز
هەرکەس تەکەللومی بە (أنا الخیرہ) وەك بلیس
ئەمرو سبەی خیطابیە ، یاأیّها البراز)

تۆزێ لەمەوپێش گوتمان ئەنانی‌یەت وە خۆپەرستی‌ی و تەکەببور لەو پێناسە ناپەسەندانەن کە صۆفی تێ‌ئەکۆشێ لەدەرونی خۆیا ڕیشەکەن یان کات ، هەروەها ئاشکرایە شەیتان بەهۆی ئەنانیەتەوە بو کەوتی (أنا خیر منه) واتە من لەئادەم چاکترم بەو بۆنەوە بو لەعنەتی لێکراو لە بەهەشت دەرکرا کەواتە درەختی (منی‌ی) واتە (ئەنانیەت) لەعنەتە بەری ئەمەرێکی نیە جگە نەفرین مەحوی لەڕوانگەی صۆفیەتی‌یەوە ئامۆژگاری ئەکات کە ئەبێ مرۆڤ خۆی لەکیبرو ئەنانیەت دورخاتەوە ، مەبەستم ئەوەتە بڵێم شیعرەکان لە سەرچاوەی تەصەووفەوە هەڵ قوڵیون.

له لاپەڕەی «٢٠٣» دا ، ئەڵێ .

بەبێ یارێ مەچۆرە مەعرەکەی ئەسفەندیاری نەفس
کە لەم مەیدانەدا هەر پیرەزالە ڕۆستەمی بێزاڵ

مەبەستی ئەوەتە بەبێ رەهنومایی‌و یارمەتی مورشید مرۆڤ خۆی تەنها ناتوانێ بڕواتە مەیدانی پاك کردنەوەی «**نەفس**» ، لە بەشی تەزکیەی نەفس‌دا لە بەشی لەطائف‌دا لەباسی نەقشبەندی دا گوتمان پاك کردنەوەی نەفس لە هەموی لەطائفەکانی تر سەخت‌ترە ، جا لێرەدا مەحوی دەست بۆ ئەو مەبەستە رائەکێشی‌و ئەڵێ ، پاك‌کردنەوەی نەفس لەپێناسی ناپەسەند،هەروا بەگاڵتە ناکرێت وە ئەوەی یارو یامەتی‌دەری نەبێت ئەم‌کارەی بە تەنهایی بۆناکرێ ، وە بەبێ شارەزا ئەم رێگایەی بۆ نابرڕێت .

جا لێرەدا باسی شەری رۆستەم لەگەڵی ئەسفەندیاری پاڵەواندا کە ئەگەر زاڵ یارمەتی رۆستەمی نەدایێ دەرەقەتی ئەسفەندیار نەئەهات ، شیرین‌کاری‌و موراعاتی نەظیرو موناسەباتێکی جوانی شیعریشە کە لە چوارچێوەی کارەکەی من بەدەرە ، بەڵام بۆئێرە زۆر بەجی‌و جوانە .

لە لاپەرەی «**٢٠٨**» دا ئەڵێ .

رێگەی هودا طەریقەتی عیشقە دە (**مەحویا**)
وەرن‌و پیابڕۆن و (**صَلّوا علی الرسول**)
هەر ئەم طەریقە بوو،بە هەموو صەحبی گرتیان
رۆیین پیا هەتا گەینە مەرتەبەی وصوول

بە ئاشکرا ئەڵێ

ئەم‌رێگەی تەصەووفە کە بە
رێگەی عیشق بەناوبانگە ،

سەرچاوەکەی لە پێغەمبەرو یارانی‌یەوە هاتوە ، وە ئەوان لەم رێبازەوە گەیشتونەتە مراز ، ئێوەش ئەگەر ئەتانەوێ بگەنە مراز ئەبێ ئەم رێگەی عیشقە بگرنەبەر ، وە لەو رێبازی ئەوانەوە بڕۆن ،

لە لاپەرەی «**٢٢٥**»دا ئەڵێ .

دەزانم بادی‌یەی عیشقە خەتەرناك ،
کەچی هەرچوم ئەگەر مام‌و ئەگەر چوم

تۆزیٚ لەمەوپێش گوتی ئەوەی بیەویٚ بگاتە مراز ئەبیٚ ڕیٚگەی عیشق بگریٚتەبەر ، سەرلەنویٚ ئەڵیٚ وانەزانن ئەم ڕیٚگای عیشقە زۆر سوكو ئاسانە بەڵكو خەتەرناكە ، زوتریش هەرگوتی وەكو ئەوە وایە برۆیتە شەری ئەسفەندیاری پاڵەوان ، ئیستە ئەڵیٚ مادام ڕیٚگەی رزگاری‌و بەمراز گەیشتن هەر تەنها ئەم ڕیٚگایە بێت ، وامنیش دەست لەدەست‌و قەوەت لەخودا رۆیشتم ، باوەكو پر لە مەترسی‌یەو ، وەكو ئەڵێن لەمو باریكترو لە ئەڵماس تیژترە ، بەڵام مادام ڕیٚگەی ڕاستە ، وا ڕۆیشتم .

لەلاپەرەی «٢٢٩»دا ، ئەڵیٚ :

لە حەفتا تی‌پەریم‌و حەفتەییٚك بۆدین‌و بۆدنیا
بە كاری خۆم‌و كاری كەس نەهاتم ، وەی چ بیٚكارەم
چ خۆش‌وەقتی‌بو ئەو وەقتەم لەگۆشەی بیٚكەسی‌دا بوم .
وەكو هایم لە دەشتی ناكەسیدا ئیستە ئاوارەم
نەشەیتان‌و نەدەوران‌و نەخزمانم بەمن ناكەن
ئەوەی نەفسی خەسیسم (**مەحویا) كردوویە دەربارەم**

مەحوی سكاڵا لە دەستی نامورادی‌و بی‌كەڵكی خۆی ئەكات ، ئەمەش لە چ تەمەنیكا ؟ لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا ، وە لە كاتگای دڵەوە پێی دیٚت،كە،لە نەبەردی نیٚوانی خۆی‌و نەفسی‌دا شكستی خواردوە بیٚگومان پی‌هاتن بە كەم‌وكوری‌و بە هەڵەدا خۆی گەورەترین پیاوەتی‌یە ، وە لەدەستی هەمو مەردیٚك نایێت ، مەحوی سەبارەت بەم نامورادی خۆیە ، ئاوات بۆ رۆژگاری لاوی‌و بەر لەوەی ببیٚتە صۆفی ئەخوازیٚ ، چونكە ئەوەی مورشیدی نەبو بیٚكەسەو ، ئەوەش دەستەو داویٚنی مورشیدبو ئیتر كەس‌دارە ، جا ئاوات بۆ ڕۆژگاری بی‌كەسیەكەی ئەخوازیٚ ، ئەڵیٚ ئەوسا بیانوم بی‌كەسی‌بو بەڵام ئیستە ئیتر گوناهی خۆمە كە نەم توانی بەسەری نەفسا زاڵ‌بم جا وادیارە زۆر گلەیشی لە خزمانی بوەو هەروا ، لەدەوران ، بەڵام تاوانی گەورە بەشی نەفسی خۆیەتی ، بەڵیٚ «إِنَّ النَّفْسَ لَأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ» سورەی «**یوسف**» .

مەبەستی ئیٚمە ئەوەتە ، شیعرەكان هەموی دەست نیشانە بۆیاساو ڕەوشی صۆفی گەری .

لە لاپەرەی «**٢٣٤**»دا ئەڵیٚ .

دەرسی عیشقم هەرلەکن پەروانە یا بولبولێ بوە
بێگەمێ یا نەیگەمێ هەر مەشقی ئوستادێ دەکەم
کوشتنی ئەسفەندیاری نەفسە بەستەی رای پیر
گەر مەدەدکا یا نەکا لەوشاهە ئیمدادێ دەکەم

عیشق و بولبول و پەروانەو ئوستادو نەفس و پیرو ئیمدادو مەدەدو شاو ، هەموی ئەمانە موصطەلەحاتی تەصەووفە ، سەرەرای ئەوە لێرەشا هەر هاواری لەدەستی ئەسفەندیاری نەفسە ، وە بەئاشکرا داوا لەپیرەکەی ئەکات ئەڵێ من خۆم ئەم نەفسەم بۆ چار ناکرێت وە ئەبێ تۆ یارمەتیم بدەیت ، وە بەناوی «**شاوە**» لە مورشیدەکەی ناو ئەبات ، ئەوە، هەم پیشان‌دەری بەرزیی پایەی مورشیدەکەیەتی ، وە هەم ئیخلاصی خۆی بۆ ئەومورشیدە .

هەر لەم بارەوە لە لاپەڕەی «**٢٤٤**» دا ، ئەڵێ .

ئەم خەڵقە کە وا تێگەییون گەیونە مەقصود
ریشگاوێکی مەحضە بەدەردی من‌وتۆ چون
بۆ جیلوەیی بێچونی ، نیە قووەتی چونم
«**لاحَوْلَ وَلاقُوَّةَ**» ، کەمن حەولە بۆچون
بێچونە عەدەم ، پەی بەسوراغی دەمی نابەی
فائز ببە بەم‌گەوهەرە ، لەوبەحرە ، بە ڕۆ چوون .

ئەڵێ : من هێزی ڕۆیشتن‌و ڕێگابڕینم تیانیە بەورادەیەی کە بتوانم خۆم بگەیێنمە تیشکی بێوێنەی هەق ، لەگەڵ ئەوەشا من هەوڵی خۆم ئەدەم وەئەوەی خوا نەیویست سەر ناگرێت .

هەمیسان بەخۆی ئەڵێت تا خۆت تیا نەبەیت وە نەفست فەنا نەبێت ناگەیتە ئاواتی ئاوی ژیانی ئەودەمە ، ئەگەر ئەتەوێ ئەومرواری‌و گەوهەرەت دەست کەوێت ئەبێ خۆت نوقم کەیت لە دەریای هەستیی دا .

شیعرەکانی تری ئەم قەصیدەیە ئەوانیش هەر ئیشاراتی تەصەووفەو موصطەلەحاتی صوفیەتی‌یە ، وەکو فەنا ، زاهید ، صۆفی .

له لاپەڕەی (٢٦٢) دا ستایشی ئەدەبکردن ئەکات وە ئەڵێ .

خودا بیدا ئەدەب «جُرْزُ الأمان» ێکە عەطی‌یەی ڕەب
چبو جەرگی بڕی غەیری ئەمەی نامەی دڕبی خوسرەو

ئەدەب سەرمەشق تەصەووفە وە زۆرباسیان لێوەکردوە لە لاپەڕەی «٢٧٢»دا ووشەی سیاچەردەی بەکار هێناوە ، کە ئەبێتە ڕەش‌تاڵە ، ئەم ووشەیە لەپێشا حافظ ، پاشی ئەو مەلای جزیری ، وە ئیستەش مەحوی بەکاری هێناوە ، وە ئەڵێ .

ئەگەرچی من‌گەدام ئەو شا لەعورفی عیشقدا مەحوی
بەسە نیسبەت لەبەینا من سیابەخت ئەو سیاچەردە

لە لاپەڕەی «٢٨٤»دا ئەڵێ .

بەسەر دڵدا لە قاپی فەیضەوە دێ نەشئە پەی دەر پەی
چ غەمزەی دیدە مەخمورێکە ئەم‌شەو کون‌ئەکا سینە

ئیشارەیە بۆئەوەی ئەوشەوە مورشیدەکەی ڕوی دڵی تێ‌کردوەو لە فەیضو بەرەکەتی بەرخوردار بوە .
لە لاپەڕەی «٢٨٧» تەوە تا «٢٩٠» قەصیدەیێکە هەموی تەصەووفە ، بەم شیعرە دەست پێ‌ئەکات .

دەوای ئەم نەفسە مەلعونەت ئەوێ هەردەردە وەك جیوە .
کە هەڵێ کوشتنی ئەو ڕۆحی مەحضی ئەم جەوهەری زیوە .

جارێکی‌تر ، هەرسکاڵایە بەدەستی نەفسی نەکوژراوو چارنەکراوەوە ، ئەڵێ نەفس وەك جیوە وایە تا نەکوژرێ خێر ناداتەوە ، بەڵام کەکوژرا یەك‌پارچە ژیانە واتە ڕۆحێکی نایاب‌و پاکە .
لەباقی شیعرەکانی‌ترا ناوی مەقامات‌و حاڵ‌و طەورو ، روح‌و جارێکی‌تر دێوی‌نەفس . وە هی‌تر ئەبات ، هەموی ئیشارات‌و موصطەلەحاتی تەصەووفە . هەمیسان لە لاپەڕەی «٢٩١» دا ئەڵێ .

ئەمینی ، شێتی‌یە (مەحوی) لەمەکری نەفسی ئەمارە
مەگەر ڕەحمی خوا دەمبەستی کا ئەم مارە ئەنگێوە

لە لاپەڕەی (٣١٧) دا ئەڵێ .

کێوی غەم وادی جەفا طەی‌کردنە ، ئەشراطی‌عیشق
باکی هەورازو نشێوت کەی‌دەبێ گەر ڕەهرەوی

پاش چەن دێڕێ ئەڵێ .

باسی چبکەم ، بێ‌کەرانە ، بەحری پڕتەشویری عیشق
تاقە قەترێکی فتوحاتە نمێکە مەثنەوی

ئەڵێ ئەگەر ڕاست تۆ ڕێ ڕەوی ڕێبازی عیشق ، واتە سالیکی ڕێبازی تەصەووف ، نابێ خەمی دەردی سەرت هەبێت چونکە گەنجی گەیشتن بەخوداو بە باوەڕی «عین الیقین» هەروا ئاسانو بێڕەنج دەست نادات .

جا ئەڵێ ئەم دەریای تەصەووفە دەریاییێکی ئاڵۆزو بێ‌کەنارە ئەوەتا بۆنمونە ، کتێبی «فتوحات المکیة» ی «شیخ محی الدین العربی» نەیتوانیوە باسی دڵۆپێ لەو دەریایە بکات ، یان دیوانی مەثنەویی جەلالەدینی ڕۆمی نمێکە لەو دەریا ، ئەم دوکتێبە هەم دورودرێژترین وە هەم سەختو پڕ ئیشارەو ڕەمزو کینایە ترینی کتێبی تەصەووفن ، محی الدین لە «٦٣٨» ك دا وە جەلالەدین لە (٦٠٤)ك دا ، لەدنیادەرچون ، باقی قەصیدەکە هەموی ڕموزو موصطەلەحاتو مەفهومی تەصەووفە .

لەلاپەڕەی (٣٤٣) دا جارێکی‌تر هەر سکاڵای بەمراز نەگەیشتن دەکاتو ئەڵێ .

هەر گفتوگۆمە کەچی هەر دەڵێمو تێ ناگەم
هەر جوستوجۆمە کەچی هەر دەڕۆمو پێ‌ناگەم
چاوم ڕواوو گوشەیێ ئەو ئەبر وەم نەدی
دڵ بو بە بەحری عولومو لە ئەلفەوبێ ناگەم

لێرەدا ئەوە ئەگەیێنێ لە دانشی ظاهیریو شەرعی‌دا بوە بە بەحر بەلام لەدانشی مەعنەوییدا هێشتا لە ئەلفو بێ‌کەی نەگەیشتوە ، چونکە ئەم شەیدای موشاهەدەو

چاوپێ کەوتنە ، ئەوەتە ئەڵێ ئەو ئەبرۆمە نەدی ئەم خوازیاری «عین الیقین» بوە ، کە دەستی نەداوە ، بۆی .

لە لاپەڕەی (٣٦١) دا ئەڵێ .

بکە سەیری فتوحات،ئەر گەرەکتە تۆ فتوحی ڕۆح
کتێبی دڵ موتاڵا کردنە،بڕوانە (مەکتوبات)

تۆزێ لەمەوپێش باسی کتێبی فتوحاتمان کرد ، کتێبی مەکتوباتی ئیمامی ڕەببانی ، ئەویش سێ بەرگە ، گرنگ ترین وە سەخت‌ترین کتێبی تەصەووفە ، لە ڕێبازی نەقشبەندی‌دا لام وایە ئەوەی بتوانێ بە تەواوی لە مەکتوبات بگات لەم‌پەڕو ئەوپەڕی تەصەووف حاڵی‌بوە ، بەتایبەت لە ڕێبازی نەقشبەندی‌یەکاندا .

خاوەنی ئەم کتێبە ئیمامی ڕەببانی شێخ ئەحمەدی موجەدیدە ، کە لەساڵی «١٠٣٤» ك دا لەدنیا دەرچوە .

بێگومان ئەمانەش هەر تەصەووفن .
لە لاپەرەی «٣٩٨»دا بەباشی‌ی باسی شێوەی گرتنەبەری ڕێبازی نەقشبەندی پیشان ئەداو ئەڵێ .

ئیخلاص ئەگەر بێ (فبها) گەرنەبێ دەبێ
کەسی بکەی بەتەزکی‌یەی ئەخلاق‌و نەفسی دون
وابەستەیە بەصوحبەتی کامیل‌ترێ لە خۆت
ذیکری دەوام‌و تابیعی سونەی سەنی‌یە بون
هەر ئەم خیصاڵەیە کە صەحابی کیرامی پێ
فائیز بەمەرتەبەی (رضی الله)وو (رضوا)ن
هەر بەم طەریقە پی‌گەیبون گەیونە خودا
ئەو ذاتە عاریفانە کەداناوو تێ گەیوون
ڕوو کەینە ئەم طەریقە بە ئازانە مەش برا
تاکەی ئەسیری مەغلەطەی ئەفسانەوو فسون
ڕێگەی سەعادەتی ئەبەدیی تۆ لەسەر منە
بیدەم نیشان‌و دام ، لەسەرتۆ بەڕێوە چون

تا ئاخری قەصیدەکە دڵگەرم کردنو ورە نانە بەرە بۆگرتنەبەری ڕێبازی تەصەووف لەسەری ڕێ ڕەوی نەقشبەندی‌یەکان ، شیعرەکان ئەوەندە ڕونن پێویست‌یان بە توێژینەوە نیە ، گرنگ ترین شت ئەوەتە ئەڵێ ، ئیخلاص ، تەزکی‌یەی نەفس . بونی مورشیدی کامیل ، وە بەردەوامبون لەسەری ذیکر ، ئەمانە مەرجن بۆگەیشتن بەمراز .

لە لاپەڕەی (٤٦١) بەولاوە تا (٤٦٧) مەدحی حەزرەتی مەولانا خالیدە کەئەویش باسی پێ‌ناوێت کە تەصەووفە .

بەم جۆرە سەیر ئەکەین مەحوی یەکێکە لە گەورە پیاوانی مەیدانی شیعری تەصەووفی کوردی ؛ هەروەها زۆریش ڕوونە ئەوەی لەتەصەووف وموصطەلەحاتی شارەزا نەبێت ، ناتوانێ لەم گەنجینە گەورەیە تێگات ، بەڵام لاموایە ، پاش خوێندنەوەی ئەم کتێبەی بەردەست‌تان زۆرێك لە مەبەستەکانی ئەم دیوانەو کتێبو دیوانەکانی‌تری تەصەووف تێگەن .

شێخ عومەری بیارە، ضیائەدین

حەزرەتی شێخ عومەری بیارە کوڕی شێخ عوسمان سیراجەدینە، ئەم ذاتە گەورەیە هەرچەن لە زەمانی باوکیا، هەروەکو شێخ بەهائەدین، برای باوکودایکی ی، شێخ عومەر، لە ئیجازە نامەکەی شێخ عومەردا نوسیویەتی، گەیشتوەتە پایەی ئیرشادی موطلەق، واتە بەقای پاش فەنا، لەگەڵ ئەوەشا پاش فەوتی باوکی، هەر پەیوەندی بچوکایەتی لەخزمەتی کاکیا نەبڕیوە، تا ئەو کاتەی کە حەزرەتی بەهائەدینیش ئیجازەی ئیرشادی داوە، وە لەدێی بیارەدا دەستی کردوەتە ئیرشاد، هەروا کە جەنابی مامۆستا مەلاکەریم لەهەمو تەئلیفێك دا کە باسی شێخ عومەر هاتبێتە پێشەوە، باسی کردوە، وە هەروەها کە شێخ موحەممەد ئەمین کوردی، لە کتێبی «المواهب السرمدیه» دا نوسیویەتی، وە خۆی موریدی شێخ عومەر بوە، پاشان چوەتە قاهیرە وە لە ئەزهەرا بوەتە ئوستاد، وە طەریقەی نەقشبەندی لە میصرا بڵاو کردوەتەوە، وە هەروەها کە مەلا حامیدی بێسارانی لەکتێبی «ریاض المشتاقین» وە مەلا مەحمودی باکی لەکتێبی «نورالناظرین فی مناقب ضیاء الدین» دا نوسیویانە، هەرچەن هەرچوار کوڕەکەی حەزرەتی سیراجەدین، هەمو شابازی ڕێگەی تەریقەت بون، وە هەرچوار، واتە، شێخ موحەممەد بەهائەدین، حاجی شێخ عەبدولرەحمان «وەفا»، شێخ عومەر ضیائەدین، وە حاجی شێخ ئەحمەد، کامیل وە موکەممیل بون، وە هەرچەن حاجی شێخ عەبدولرەحمان دەسەلاتی مەعنەوی لەڕادە بەدەر بوە، لەگەڵی ئەوەشا حەزرەتی ضیائەدین، گوڵی سەرتەڵی هەمویانە، چونکە لە هەمویان زیاتر خزمەتی کردوە بەعولومی ئیسلامی وە تەریقەی نەقشبەندی.

هەرچەن ئەم شێخانی نەقشبەندی یە، لەناوی توێژەکانی مەردومدا، بەرلەهەموان، پەیوەندی ڕۆحی و ئیخلاصی ڕاستەقینەیان لەتەکی عولەمادا، لەپاشان لەتەکی هەژاراندا، پاشان لە تەکی چینەکانی تری خەڵکا بوە، بەڵام هیچکام لەو مەشایخانە بەشێوەیێکی ڕەسمی ی مەدرەسەیان دانەناوە کە لەسەری ئەرکی خۆیان مودەرریسی بۆ بێرن وە تا ئەورادەیە پەرەی بدەنێ بەو جۆرەی کە ضیائەددین

کردویەتی ، بەڵێ هەموویان خاوەن خانەقا بون وە خانەقاکانیان پڕی بوە لە مەلاچاك ، وە کوڕەکانی خۆیان و خەڵکی تریش دەرسیان بەلایانەوە خوێندوە ، بەڵام حاڵەتی مەدرەسەیێکی سەربەخۆی نەبوە ،...تا ، زەمانی شێخی ضیائەدین ، جا ئەوذاتە بینای مەدرەسەی دروس کردوەو مودەرریسی تایبەتی بۆهانیوە ، کە بریتی بێت لە مەلاقادری بیارە ، بەناوبانگ بە مەلای گەورە ، وە بۆئەوەی پیشانی بدات چۆن ئەبێ ڕیز بگیرێت لەعولەما ، کچی خۆیشی داوەتێ وە کردویە بە زاوای خۆی وە صەدان تەلەبەی خستوەتە بەردەستی ، یەکێکی تر ، لەکارە گرنگە کانی شێخ عومەر دروس کردنی نانەوەخانەی تایبەت بوە لەناوی خانەقادا ، کە شەوو ڕۆژ نانی تیا کراوەو بەخۆڕایی دراوە بەخەڵك وەزۆر جار خۆی بەدەستی خۆی لەو فڕنەدا نانی کردوەو فەقێ و مەلاو صۆفی و هەژارانی ئەوناوە بردویانە.

وەکو شارەزایان ئاگادارن ئەوەی ئەو دەمە بۆخەڵك زۆر گرنگ بوە وە تاوەکو ئەم دوایی یەش ئێمە لەیادمانە ، گرنگ‌ترین ئاواتی هەر خێزانێك ئەوەبو کە «**ژەمەن**»ی هەبێت واتە ، بەشی تانوخشەی بەهار ، دەغڵ لەماڵیا هەبێت ئیتر پێخۆر هەبو باشەو ، نەبو ، نەبو ، سکالاو ورکە هەرهی ژەمەن‌بو.

جا ، بۆ فەقێ ، گرنگ ترین شت ئەوەبو شوێنی نوستنی هەبێت کە بریتی‌بو لە مزگەوت یان حوجرەی فەقێ.

مامۆستایێك بیگرێتە خۆی کە دەرسی پێ بڵێت. خەڵکی گوندەکە بڕۆنە ژێری باری دابین کردنی ، نان ، ئەمەش بەوجۆرەبو ئێواران فەقێ ، ماڵەو ماڵ ئەگەڕا «**راتو**» یان «**راتبە**» ی ئەکرد وە هەرماڵەی نانێکیان ئەدا ، یان زیاتر. کەواتە ئەر دێکە گەورە بوایە فەقێی زۆوتر ئەیانتوانی بمێننەوە بچوکیشی بوایێ وا کەمتر. بە ئەندازەی نانەکان.

ئیتر پێ‌خۆر مەگەر بەدەگمەن دەستی بدایێ. کەواتە شوێنی نوستن ، مەلا بۆ دەرس گوتنەوە ، دابین بونی نان ، ئەمانە گرنگ ترین شتێ‌بون کە بۆ خوێندنی فەقێکان پێویست‌بو.

مەبەستم لەم ڕوون کردنەوە ، بۆ بەراوردی گرنگی‌ی خزمەتی شێخ عومەربو بە عیلم وە عولەما ، شێخ عومەر هەروەکو گوتمان بەناوبانگ‌ترین مەلای ئەو دەورو بەرەی هانی ئەوپەڕی ریزی لێ‌گرت ژیانی دابین کرد نانەوە خانەیێکیشی دانا هەرکەس تا ئارەزوی لێ‌یە بەخۆڕایی کولێرە ببات ، هەرچەن خانەقایێکی گەورەیشی دروس کردبو بەڵام بۆئەوەی فەقێکان بەئارامی و بەئاسایش سەرگەرمی خوێندن بن

پێنج شەش ژوری گەورەی بۆ فەقێکان دروس کردبو جگە ژوری تایبەتی مودەرریس بۆ دەرس گوتنەوە.

ئەمە جگە ڕازاندنەوەی کتێب خانە یێکی نایاب و دەوڵەمەندو پڕ لە کتێبی باش. جا، لێکی دەرەوە بزانە ئاوا کارێ لەو کاتو سەر دەمەدا چ خزمەتێکی گەورە بوە بەزانیاری، بێگومان بەئەندازەی دانشگەیێکی ئەم ڕۆژگارە خذمەتی کردوە.

هەر لەبەری ئەم خزمەتە گەورەتە کە لە زەمانی شێخ عومەر بەملاوە، کەمتر بنەماڵەی ئایینی ی لە کوردەواریدا هەیە، پرشنگێکی خوێنەواریی «بیارە» ی بەر نەکەوتبی، سا یان ڕاستەوخۆ لە بیارە خوێندویەتی، یان لای مەلایێك خوێندویەتی کە لە بیارە تەواوی کردوە، یان لای فەقێی ئەو مەلایانە.

ئەم خزمەت بەعولەماو گەرم بونی مەدرەسەیە هەم لەزەمانی شێخ نەجمەدینی کوڕی شێخ عومەر، وە هەم لە زەمانی شێخ عەلائەدینی کوڕی شێخ عومەردا، هەر بەردەوام بو، واتە تا سالی «١٩٥٤» ی، ز، وە وەزعی نانەوا خانەکەش، لە زەمانی باوکما کە من ئەمدی، گەرمتر نەبوبێ کزتر نەبو، وە هەژاران، تەنانەت خەڵکی تری ناوی دێ هەرکەس ئارەزوی لێ بوایێ ئەهات و کولێرەی خۆڕایی وەر ئەگرت.

وە لە زەمانی شێخ عەلائەدینا، پاش فەوتی مەلا قادری بیارە لەساڵی «١٣٣٧» دا، کە ساڵێك لەپاشی فەوتی شێخ نەجمەدین بوە. شێخ عەلائەدین مودەریسی هەڵکەوتوی دڵخۆش کردون وە هاوردونیەتە بیارە بۆ تەدریس لەپێشا مەرحومی شێخ مەلا طاهای بالیسان کە عالێکی بەناوبانگ بوە، پاشان جەنابی ماموستا مەلا کەریم، خودا دەس بگرێت بە تەمەنیەوە، پاشان جەنابی ماموستا شێخ موحەممەدی کوڕی شێخ مەلاطاهای بالیسانی، لەبیارەدا تەدریسیان کردوە.

بێگومان من مەبەستم نوسینی مێژو نیە، بەڵکو چونکە لە شیعرەکانی شێخ عومەر، بەناوی شیعری مورشیدێکی زۆر پایەبەرز، ناو ئەبەین، پێویست بو ئەو ذاتە بناسرێت، تاوەکو باشتر بایی شیعرەکانی بزانین، هەروەها هەر بۆ ئەو ناسینەو بۆ سەردەرکردنی ئیوە لە ئیجازەی ئیرشادی موطلەق، وە دانانی مورشید بەوەدا، کە ئەو ئیجازە دراوەتە گەیشتوەتە مەقامی بەقای پاش فەنا، لێرەدا ئەو ئیجازە نامەیەی کە بە شێخ عومەر دراوە، ئەویش چاپ ئەکەم و ئەیگۆڕمە سەری کوردیی، هەر وەکو

له بەشی نەقشبەندی یەکەدا زنجیرەی ئیجازەکانم چاپ کردوە، تا دەرکەوێ چۆن ئەم تەریقەتە دەس بەدەس هاتوە تا ئاخرمورشید، شێخ عومەر ضیائەدین لە سالی (١٣١٨) ك دا لە بیارەدا لە دنیا دەرچوە وە لە نزیکی خانەقاو مەدرەسەکەدا دەفن کراوە.

شێخ نەجمەدینی کوری «١٢٨٠ – ١٣٣٧» ك وە شێخ عەلائەدینی کوری «١٢٨٠ – ١٣٧٣» ك لەم لاو لەولایەوە بە خاك سپێرراون. ئەم دوو کورەی شێخ عومەر هەردوکیان خاوەنی ئیجازەی ئیرشادی موطلەق بون لەلایەنی باوکیانەوە. حەزرەتی ضیائەدین مەشهورە بەوەی، کە گەورەترین پیاوی تەصەووفی رۆژگاری خۆی بوە وە بەناوی موجەددیدی صەدەی چواردەهەمی کۆچی ناوبراوە.

ئەمذاتە بە کوردیو عەرەبیو فارسی شیعری هەیە وە لەنوسینی پەخشانی فارسیدا بێ وێنەبوە، مەلامەحمودی باکی ی شیعرو نامەکانی کۆکردوەتەوە وە لە کتێبێکا بەناوی «**نورالناظرین**» کە دەستخەتەو فارسییە، نوسیویەتی، جەنابی مامۆستا مەلا کەریمیش برێ لەوانەو بڕێکی تر لە شوێنەوارەکانی شێخ عومەری لە یادی مەردانی دوو دا، لەچاپ داوە، بەلام هێشتا بەوجۆرەی کە بشێ نوسراوەکانی شێخ عومەر کۆنەکراونەتەوە.

زۆربەی شیعرەکانی شێخ عومەر تەصەووفن، بەتایبەت چەند قەصیدەیێکی کە عەرەبییە، شارەزای تەصەووف وە زمانی عەرەبی ئەوێت تا لێیان تێبگات، سەرەتای یەکێ لەقەصیدە عەرەبییەکانی بەم جۆرە دەست پێ ئەکات.

قَدْلاحَ لِیَ الآنَ مِنَ اللَّوْحِ کتابی
مافَصَّلَ لی کُلَّ کِتابٍ وَخطابِ

لەسەرەتای قەصیدەیێکی ترا ئەڵێ:
وَلَمْ أَرَ فِي الافاق مأوى خَلاالهوی
ونفسی بە رَبَّتْ وفیە ترَکَّتْ

ئێمە لێرەدا لەشیعری شێخ عومەر بەناوی شیعری مورشیدێکی زۆر بەدەسەلات ئەکۆڵینەوە، هەرچەن زووتر گوتمان شیعرەکانی جزیری هی گەورە پیاوێکی تەصەووفە، بەلام هەم شێوەی زمانەکە جیاوازە، هەم جزیری، نە لە شیعرەکانیا،

وەنە لەو نوسینانەدا کە لە بارەیەوە نوسرابون، بەڵگەیێکم نەدی بڵێ کە ئیرشادی کردبێت و خاوەن موریدو خەلیفەو خانەقا بوبێت، بەم جۆرە ئەتوانین بڵێین کامیل بوە بەڵام موکەممیل نەبوە، یان بڵێین لە فەنادا ماوەتەوەو نەچوەتە بەقا. مەگەر بەڵگەیێکی نوێمان دەست کەوێت.

بەڵام ئەوەتا سەبارەت بە شێخ عومەر، هەم بەڵگەی نوسراو وە هەم شایەتی زیندو هەیە بۆئەوەی کە تاقانەی ڕۆژگاری خۆی بوە، وە هەم شیعرەکانی زۆرباش دەری ئەخەن چ پایە بەرزێ بوە لەتەصەووفدا. وەکو دیمان مورید لەپیری خۆی داوای یارمەتی و بەرەکەت ئەکات وە بەدەستی نەفسی ئەممارەوە گیری کردوە، بەڵام مورشید لە خذمەتی پێغەمبەر وە لەحوزوری خودا داوای بەش ئەکات، یان سوپاسی ئەو بەشەی ئەکات کە وەری گرتوە. مورید لە کەموکوڕی و بێدەسەڵاتی ئەدوێ بەڵام مورشید کەمالات لەگوفتاریا ئەدرەوشێتەوە.

بەداخەوە شیعرە کوردی‌یەکانی شێخ عومەر ضیائەدین، کەمن، لەگەڵ ئەوەشا تەنها قەصیدەیێکیان، بەڵکو تەنها شیعرێکیشی بەسە بۆئەوەی بزانرێ چ پایەیێکی بەرزی مەعنەوی هەبوە؛ هەرچەن ئەوەی گەورە پیاوانی عیلم و تەصەووف سەبارەت بە پایە بەرزی ئەم ذاتە پێی هاتبن زۆر زیاترە لەوەش کە خۆی فەرمویەتی.

ئەمەش نمونەیێکی شیعری کوردی شێخ عومەر ضیائەدین.

لە نەشئەی فەیضی عیشقی فەخری عالەم دڵ موصەففایە
عەجەب باڵایە ڕوتبەی عیشقم و نەفسم تەوەللایە

مەقامی عاریفان بێزەحمەت و ڕەنج و مەشەققەت دیم
لەزومرەی عاشقانم بۆیە عالەم لێم تەبەڕرایە

لە هەرچی ڕودەکەم وەك ڕۆژ عەیانە چی ڕموزاتە
«لەطائف» سەربەسەر موستەغریقی ذیکری هواللە یە

لە بامی عەرشەوە پەردەی حیجابم لادرا یەك سەر
ڕموزاتی حەقایق شوعلە بەخشە دڵ تەسەللایە

له مەیخانەی حەقیقەت بومە ساقی مەجلیسی ڕەندان
له حەلقەی دائرەی عوششاق لەبەس جێگەم موعەللایە

کەسێ شوغلی مەحەببەت بێ دەبێ وەصلی بەهەق تەحقیق
صەراحەت پێت دەڵێم خاڵی لەهەر نوکتەو موعەممایە

له موژدەی ئەم خەلاتە خوا بەتۆی‌دا موذنیبی ڕوڕەش
دەبێ ڕۆح کەی فیدای شوبباکی ڕەوزەی ئەو شەهەنشایە

لام وایە زۆر بەباشی‌ی دیارە شاعیر چی ئەفەرمێ وە مەقامی چی‌بوە لەگەلێ ئەوەشا من لام وایە کاتێ کە قەصیدەی دوهەمی گوتوە، هەروا ئەو قەصیدە عەرەبی‌یەی کە سەر دێڕە کەمان نوسی «**قدلاح لی الان**»، لەو کاتەدا پایەو مەقامی هێشتا لەمەی ئیستەش بەرزتربوە، لەم قەصیدەیەدا پیشان ئەدات گەیشتوەتە بەقای پاش فەنا، ئێمە زوتر گوتمان ئەوەی لەفەنا تێ پەڕی تازە هەرگیز ناگەڕێتەوە بۆلای خرابە چونکە کانگەی ئەو لاری گرتنە نەفسە،که نەفس فانی‌ی بو ئیتر ئەو کەسە قوتاربوە جا ئەوەتە شێخ عومەر ئەڵێ:

لەدەس تەزویری نەفس‌و مەکری شەیتانی لەعین دەرچوم، وەئەڵێ لەطائف هەموی سەرگەرمی ذیکری هوالله یە، هەروەها زۆرباش دەری ئەخات کە موراد بوە، بەوەدا کە ئەڵێ مەقامی عاریفان بێ زەحمەت‌و ڕەنج‌و مەشەققەت دیم، ئەڵێ بەڕاستی‌ی ڕوتبەی عیشقم بالآیەو ئەڵێ، لەبانی عەرشەوە واتە بە خواستی خودا، پەردەی سەری چاوی بەصیرەتم لابراو هەرچی ڕموزات‌و ئیشاراتە هەموێم لەپێش‌چاو ڕوونە، وە دڵم‌شادو خۆشبەختەو بومەتە ساقی‌ی مەجلیسی ڕەندان ئەو ساقی‌یەی کەزوتر حافظ و هەروەها مەلای جزیری‌و مەولەوی‌و مەحوی و ڕێبوارانی ڕێگەی تەصەووف دەستەو داوێنی ئەبن وە هانای بۆدێرن کە بێ‌بەشیان نەکات. جا ئەم خەلاتە بەنرخ‌و بێ‌دەردی سەر بەدەست هاتوە، بە هی پێغەمبەری ئەزانێ درودی خودای لەسەر وە خۆی ئەکاتە قوربانی مەرقەدەکەی.

بەلاّم لەم قەصیدەیەدا کە ئیستە ئەینوسم هەموی موصطەلەحەکانی، هی ئەو مەقامانەن کە گەورە پیاوانی تەصەووف لەکاتی بەقادا دەسیان ئەکەوێت، وە هی

سەرقافڵەی سەرقافڵەکانە وە هی ئەوپەری پیگەیشتنی تەصەووفە، کە مەگەر کەسانێکی وەکو حەزرەتی عەبدولقادری گەیلانی یان بەهائەدینی نەقشبەند وە ئیمامی ڕەببانی شتی وایان درکاندبێ، کە ئەفەرمێ.

فەقیهی مەدرەسەی تەوحیدم ئەمڕۆ
فەریدی دائرەی تەفریدم ئەمڕۆ

ڕەزا نابم کە ئەغیار بێنە مەجلیس
کە چەوگانی قەضای تەبعیدم ئەمڕۆ

نیە بۆئەو نیشانە تابناسرێ
بەخۆی من دافیعی تەردیدم ئەمڕۆ

لە تەنزیها نیە هیچ‌کەس ڕەفیقم
چرای کاروان‌سەرای تەمجیدم ئەمڕۆ

چلۆن‌کا حەمدی باقی عەبدی فانی
بەعیصیان ماوەڕای تەحمیدم ئەمڕۆ

عەلایق دەردی بێ‌دەرمانە **(فەوزی)**
ڕەئیس عەسکەری تەجریدم ئەمڕۆ

من لە باسی موصطەلەحاتە کاندا باسی مەقامەکانی تەوحید تەفرید ، تەجرید وە تەنزیهم کردوە وە هەموی ئەم مەقامانە دەس‌کەوتی مەڵبەندی بەقایە . ئەم قەصیدەیە لەگەڵی ئەوەشا کە بەرزیی پایەی مەعنەویی شێخ عومەر ئەگەیێنێ ، وردەکارییەکی زۆر وە تەناسوب لەنێوانی مەبەستەکاندا دەرئەخات .

فەقیە ئەڵێ مەدرەسەی هەبێت ئەڵێ فەقیهی مەدرەسەی تەوحیدم ، یان لەزانیاریی تەوحیدا فەقیهم ، هەروەها تاقانەی دائرەی تەفرید ، لێرەدا فەریدو تەفریدی خستوەتە یەك ، ئەوەی کە ئەڵێ چەوگانی دەستی تەقدیرم ، واتە وەکو

گاڵوکێك که خاوەن گاڵوك خواستەکانی خۆی بەو ئەنجام ئەدات ئەمڕۆ ئەو گاڵوکی دەستی ئەقدیرە ، واتە دەستوری خوادای گەورە لەرێگەی ئەمەوە ئەنجام ئەدرێت .

ئەڵێ نیە بۆ ئەو نیشانە تا بناسرێ ، ئیشارەیە بۆ ئایەتی **(لیس کمثلەشی)** ئەڵێ شتی وانیە بڵێم خودا وەکو ئەوە وایە وە ناسینی عیلم وە ئیستیدلال وە تەقلید هیچ‌کامی ناگاتە **(عین الیقین)** ئەڵێ ئەوەی بیەوێ بەشێوەی عەینول یەقین خوا بناسێت بابێتە لای‌من تا یەقینەکەی بکەمە عەینی‌ی ، وە کارێکی لێ‌بێت بەچاوی بەصیرەت وە موکاشەفە شتی وا ببینێ ئیتر تەردیدو گومانی نەمێنێ ، **«بەخۆی من دافیعی تەردیدم ئەمرۆ»** .

ئەڵێ لەم جیهانەدا لەمەقامی تەنزیهدا کەسم ناگاتێ وە هەروەکو چرا ، کاروان‌سەرای تەجیدم ڕوناك کردوە .

ئەڵێ چۆن فانی ئەتوانێ سوپاسی باقی بەجێ بێرێت ، فانی ماوەیێك هەیەو تیائەچێ ، یان ئەتوانین بڵێین ئەو مەقامی فەنای بریبی کەی ئەتوانی حەمدی خودا تەواوکات ، ئەو خودا ، ئەم‌بەندە ، ئەو ئەزەلی‌وئەبەدی ئەم حادیث‌و فانی .

ئەڵێ گوناەو عوصیانیشم ئەوەندە زۆرە تەنانەت ڕوی حەمدو ئەنایشم نیە ، بۆچی ؟ .

چونکە تاوان‌بار ئەبێ سزا بدرێ ئیستە نەك هەر سزانەدراوە بەڵکو ... خەلاتیش کراوە ، کەواتە چۆن بتوانێ بەوجۆرەی کە بشێ حەمدی ئەوخودا میهرەبانە بکات .

عەلایق ، واتە دڵ بەستنەوە بە دنیاو دەس‌هاتە دنیایی‌یەکانەوە ، ئەڵێ ئەمە دەردێکی بێ‌دەرمانەو کەس ناتوانێ دڵی لە زەرق‌و بەرقی دنیا بپچرێ ، بەلام ئەو لێرەدا خۆش‌حاڵە کە فەرماندەی هەموی ئەوکەسانەتە کەدڵیان لەدنیا بەرداوە .

گوتمان یەکێ لە واتاکانی تەجرید ، خۆش‌ویستنی دەس‌کەوتی دنیایی لە دڵ دەرکردنە ، ئەڵێ من دنیام لەدڵ دەرکردوەو فەرماندەی لەشکەرێکم کە هەموی وەکومن دڵیان لە زەرق‌و بەرقی دنیا بەرداوە ، واتە خۆشەویستی‌ی دنیا نیە لە دڵیان ئەگەر هەیە سەرزاری‌یە وە دڵیان تەنها جێگەی خۆش‌ویستنی خودایە .

جائەمە سەرەتایێ بو بۆ پیشان‌دانی ئەوەی کە تەصەووف تا چڕادەیێك ئەدەبی زمانی کوردیی دەوڵەمەند کردوە .

ئومێدەوارم ئەم بەشە لە ئایندەدا خۆی ببێتە (مەوضوع) بۆ خوێنەواران و توێژەران‌و ڕوناك بیرەکانمان ، بەشکو بتوانن بەرهەمی گەیشتوترو بەتامترو کامل‌تر پێش‌کەشی ئەدەبی کوردیی‌و فەرهەنگی کوردەواری بکەن .

هەرخۆش‌و سەرکەوتوبن بە خوام سپاردن

ئەمەش وێنەی ئەو ئیجازەنامەیە کە
شێخ موحەممەد بەهائوددین بۆ شێخ
عومەر ضیائوددینی برای نووسیوە :

الحمد لله [illegible] على [illegible] الكتاب [illegible] المؤمنين [illegible] رسول الكريم [illegible] على [illegible] بالحق الصواب وصلى الله

عليه سيدنا ومولانا [illegible] محمد [illegible] الذين [illegible]

[illegible] از آنجا که فقیر [illegible] باوجود عجز و تقصیر [illegible] و اجازه حضرت والد ماجد [illegible] اجازه [illegible] در طریقه علیه نقشبندیه مجددیه [illegible]

[illegible] حضرات [illegible] کرام و اولیاء عظام [illegible] ارشاد نشسته ام طالبان این نعمت عظمی [illegible]

[illegible] بقدر استعداد خود [illegible]

ظاهری و [illegible] سعادت [illegible]

[illegible] حضرت [illegible] و تهذیب اخلاق [illegible] بوده

و [illegible] خود [illegible] تفاوت [illegible] غالب [illegible]

[illegible] بوده و [illegible] اجازه حضرت [illegible] بهره یاب [illegible] حضرت [illegible]

کامل و نسبت خویش با فقیر [illegible] ادب و [illegible] و صدق و اخلاص [illegible] همواره

مسرور بوده [illegible] حضرات [illegible] کرام [illegible] حضرت [illegible]

مریدان و در تعلیم طالبان [illegible] و تبلیغ احکام شریعت و طریقت [illegible] شریعت [illegible] حضرت [illegible]

طریقت [illegible] اوقات [illegible]

[illegible] است [illegible] ادب [illegible] عزیز [illegible] صحبت [illegible]

[illegible] و [illegible]

[illegible]

[illegible]

ئەمە وێنەی ئیجازە نامەیێکە کە
شێخ موحەممەد بەهائوددین نوسیویەتی
بۆ شێخ عومەر ضیائوددینی برای .

بسمه سبحانه و تعالی

الحمد لله الذي انزل على عبده الكتاب، وهدى المؤمنين بارسال رسوله الكريم اليهم على طريق الحق والصواب. وصلى الله على سيدنا ومولانا حبيبه وخير خلقه محمد واله وصحبه الذين هم نجوم الهدى لأولى الألباب.

اما بعد، گزارش ميرود ازانجا كه فقير بى‌بضاعت، باوجود عجز و تقصير، حسب الأمر و اجازهء حضرت والد ماجد قدس سره، «مجاز و مأذون مطلق» در طريقهء عليهء نقشبنديه بوده و هستم، به أمر ظاهرى و باطنى مشايخان كرام و اولياى عظام قدس الله اسرارهم بر سجادهء ارشاد نشسته‌ام. طالبان اين نعمت عظمى و غواصان بحر توفيق از عشق اين جواهر نفيسهء كبرى كه وصول به درجهء حق اليقين‌است، دست توسل به‌ذيل اين خادم درويشان زده و ميزنند، و باهريك به قدر استعداد خود معاملهء ظاهرى و باطنى معمول شده و ميشود، لاسيما برادر والاگهر، در درياى ارادت، مصباح زجاجهء سعادت، مركز دائرهء صداقت، كوهء بصيرت، وقوهء بصر، عزيز الوجود خجسته سير شيخ عمر حفظه الله الملك الاكبر است، كه در عصر حضرت والد ماجد قدس سره مدت بر سلوك استقامت داشته و تهذيب اخلاق نموده، و استعدادا بر امثال و اقران خود بر مثال تفاوت شمس و سائر كواكب غالب گرديده «و الحمد لله شرف نعمت بقاى بعد از فنا يافته» و مراتب و مقامات عليه‌را طى نموده، و به خلعت اجازهء حضرت ايشان و سائر مشايخان قدس سرهم بهره‌ياب گرديده.

على هذا نظر رأفت و شفقت حضرت پير در حق وى بمنّه كامل، و نسبت اخوّتش بافقير به سه جهت حاصل‌است. يكى نسبى، و يكى حسبى، و يكى عهدى. فقير نيز از كمال ادب‌و ارادت و صدق رضاى خاطر عزيزش همواره مسرور

بوده. اگرچه قبول خاطر بزرگان زودتر شده بود، باز هم به نیابت مشایخان کرام قدس الله اسرارهم، محض اتمام داب سعادت ان عزیزرا از قبول نمودن مریدان و تعلیم طالبان و تبلیغ احکام شریعت و طریقت مجاز و مفوض نمودیم که بر وفق شریعت غرّای حضرت سید الانام علیه و علی اله الف صلاة و سلام و اداب طریقت مشایخان قدس الله اسرارهم به تربیت طالبان اوقاترا صرف نماید، و طالبان‌را از خلفا و مرید و محسوب و منسوب از صغار و کبار و ادنی و اعلی نیز وظیفهء عین‌است که حسن ادب و اطاعت اوامر و نواهی و قبول نصایح مشفقانه ان عزیزرا آویزهء گوش هوش داشته صحبت و شرف خدمتش غنیمت وقت خود شمرند، و از عجز ور نجش خاطرش بپرهیزند، چنانچه از زهر قاتل بپرهیزند، که رد و قبولش رد وقبول حقیر و حضرت پیر دستگیر و سائر مشایخ عظام و اولیای کرام‌است.

ز یك شاخیم اگر شیرین اگر تلخ
ز یك بزمیم اگر هشیار اگرمست

(ذلك فضل الله يؤتيه من يشاء، والله ذو الفضل العظيم. اللهم اجعله للمتقين اماما، ولاحول ولاقوة الا بالله العلي العظيم. وصلى الله على سيدنا محمد وآله وصحبه اجمعين. واخر دعوانا ان الحمد لله رب العاملين.)

٥ ذی القعده ١٢٩٤ هـ
(جێگەی مۆری)
محمد العثمانی النقشبندي

فقیر در درون دل شیخ عمر سلمه الله در دنیا وعقبی قبول نمودم، بل در میان جان جای داده‌ایم. همین نوشته سنداست. حق سبحانه وتعالی قبول فرماید.
(ئیمزای)
محمد العثمانی

مەبەستی من لێرەدا دەست نیشانە بۆ ئەو مەقامی بەقای پاشی فەنایە، کە ئەو کەسەی نەیگاتێ ناتوانێ مورشیدی کامیل وە موکەممیل بێت.

(بسمه سبحانه وتعالى)

الحمد لله الذي انزل على عبده الكتاب وهدى المومنين بارسال رسوله الكريم اليهم على طريق الحق والصواب ، وصلى الله على سيدنا ومولانا حبيبه وخير خلقه محمد واله وصحبه الذين هم نجوم الهدى لاولى الالباب .

لەپاشان شایانی گوتنە بەهۆی ئەوەوە منی هەژارو بێسەرمایە ، سەرەرای هەمو ناتەوانییێکم ، بەپێی ئەمری باوکی بەرێزم ، پایەی بەرزتر بێت ، لە رێبازی نەقشبەندی دا روخصەت و ئیجازە دراوم ، وە بە فەرمانی ئاشکراو نهێنی مەشایخانی پایەبەرز و ئەولیای گەورە پایەیان بەرزتربێت ، بە سەری سەججادەی ئیرشادەوە دانیشتوم ، خوازیارانی ئەو نیعمەتە گەورەیە ، وە مەلەوانانی دەریای سەرکەوتن ، لە خۆشیی بەدەست هێنانی ئەو گەوهەرە گرانبەهایەدا ، کە بریتی یە لە گەیشتن بە پایەی «**حق الیقین**» ، دەستەو داوێنی ئەم خذمەت گوزاری دەرویشانە بوون وە ئەبن ، وە لەتەکی هەرکام لەواندا بەپێی ئیستیعدادی خۆیان مامەڵەی دەرو ذەرونی یان لەگەڵ کراوەو ئەکرێت ، بەتایبەت برای زۆر بەنرخ دورری دەریای ئیرادەت ، تیشکی چلچرای سەعادەت ، ناوەندی جەغزی راستگۆیی ، دەلاقەی بەصیرەت وە نوری چاوان بەرێزو پاكرەوش **(شیخ عومەر)** ، خوای گەورە بیپارێزێت ، کە لەرۆژگاری باوکی سەروەرماندا ، ماوەیێکی دورو درێژ سەرگەرمی رێ گرتنەبەر ، وە پەروەردەکردنی رەوشی خۆی بوە ، وە ئیستیعدادی ، بەپێی هاوەڵانی خۆی ، وەکو ماوەئەلەنێوانی هەتاوو ئەستێرەکانی ترا ئاوا بوە ، ئەوەندە ئامادەیی ئەم بالاتر بوە ، وە (**سوپاس بۆخوا سەربەرزبوە ، بە نیعمەتی بەقای پاشی فەنا**) ، وە مەقامە بەرزەکانی بریوە ، وە بەخەلاتی ئیجازەی باوکیان وە باقیی مەشایخان بەهرەمەند بوە .

لەبەرئەمە ، سوپاس بۆخوا ، حەزرەتی پیر دەزبارەی ئەو نەزەری رەحم و شەفەقەتی هەبوە ، وە پەیوەندی لە تەکی منیشا لە سێ لاوە هەیە، یەکێکی هی بنەماڵەیی و خانەوادەیی ، دوهەمی لەبارەی رەوش و ئەخلاقەوە ، سێهەمی پەیمانی تەریقەت ، «**کە هەردوکیان موریدی ، شیخ عوسمانی باوکیان بون**» ، هەرچەن هەروەکو گوتم ، گەورەپیاوانی تەریقەت قوبوڵیان کردوە لەگەڵ ئەوەشا ، بە نوێنەرایەتیی مەشایخانی سەروەر خوا پایەیان بەرزترکات ، بۆ بتەو کردنەوەیێکی زیاتری داپی خۆش بەختیی ، منیش ئەو عەزیزەم ئیجازەدا ، کە مورید «خوازیار» پەروردە

کات ، وە ویستیاران لەم ڕێبازەوە بگەیێنێتە مراز ، وە لە ڕاگەیاندنی دەستوری شەریعەت وە تەریقەت‌دا سەربەخۆیە ، وە خۆی ئەتوانێ بەپێی شەریعەتی سەروەری هەمولاێی ، هەزارسلاوی لەسەربێت ، وە بەپێی دابی ڕێبازی مەشائیخان ، خوا پایە بەرزتریان کات ، خوازیاران پێ‌بگەیێنێ وە سەرگەرمی پەروەردە کردنیان بێت .

لەسەری هەموی خوازیاران ، چ خەلیفەکان وە چ موریدو مەحسوب‌و مەنسوب ، گەورەو بچوك ، تازەکارو پایەبەرز ، سپاردەیێکی زۆرپێویستە کەڕێزی لێ بگرن ، وەفەرمودەکانی ، چ دەستور بە ئەنجام دانی کارێ بێت ، چ دەستور بە دورکەوتنەوە لەرفتارو گوفتارێ بێت ، بەگوێی بکەن ، وە ئامۆژگاری‌یەکانی ئەو خۆشەویستە ، بکەنە گۆشەوارەی گوێی هۆش‌و بیریان ، خۆیان بەسەربەرز بزانن ئەگەر ، هەلی نزیك بونەوەو خزمەت کردنی ئەویان بۆ دەست بدات ، وەخۆیان لە دلێ ئیشاندنی ئەو بپارێزن ، بەوجۆرەی کە خۆیان لە زەهری کوشندە ئەپارێزن چونکە وەرگرتن ، یان دەرکردنی ئەو ، هەرکەسی وەرگرت یان دەری‌کرد ، وەرگرتن‌و دەرکردنی منی هەژارو حەزرەتی پیری دەست‌گیر **(واتە باوکی : حەزرەتی شێخ عوسمان)** وە باقی‌ی مەشائیخانی پایە بەرز ، وەئەولیای بەڕێزە .

لە یەك دارین ئەگەر شیرین بین یان تاڵ
لەیەك کۆڕین چ وشیار بین‌و چ مەست

«ذلك فضل الله یوتیه من یشاء والله ذو الفضل العظیم ، اللهم اجعله للمتقین اماما ، ولاحول ولا قوة الا بالله العلي العظیم ، وصلی الله علی سیدنا محمد واله وصحبه اجمعین ، واخر دعوانا ان الحمد لله رب العالمین» .

ذی القعدة ١٢٩٤ هـ
جێگەی مۆر
محمد العثمانی النقشبندی

سەرچاوەکان
المصادر

١ – القرآن الكريم
٢ – إبن العربي حياته ومذهبه .
آثين بلاثيوس ، ترجمة د . عبد الرحمن بدوي
٣ – إحياء علوم الدين ، محمد بن محمد بن محمد الغزالي .
٤ – أخلاق القرآن ، د . أحمد الشرباصي .
٥ – الإسلام والتصوف ، نيكلسون ، الترجمة الفارسية .
٦ – أعلام الفلسفة العربية ، د . كمال اليازجي ، د . أنطوان كرم .
٧ – الأعلام ، الزركلي .
٨ – الفاظ الصوفية ، د . حسن محمد الشرقاوي .
٩ – الأنوار القُدسية في مناقب السادات النقشبندية ، محمد محمد ماضي الرخاوي .
١٠ – الأنوار القدسية في معرفة القواعد الصوفية ، الامام عبد الوهاب الشعراني .
١١ – ايضاح الطريق ، الشاه عبد الله الدهلوي . (مخطوطة) .
١٢ – إيقاظ الهمم وشرح الحكم ، احمد بن محمد بن عجيبة .
١٣ – بين التصوف والحياة ، عبد الباري الندوي .
١٤ – تاريخ الفلسفة الاوربية ، يوسف كرم .
١٥ – تاريخ الفلسفه في الاسلام ، ج . دي بور ، ترجمة محمد عبد الهادي ابو ريده .
١٦ تاريخ الفلسفه العربية ، حنا الفاخوري ، د .خليل الجر .
١٧ – تاريخ الفكر العربي الى أيام ابن خلدون ، عمر فروخ .
١٨ – ترجمان الأشواق ، الشيخ محي الدين العربي .
١٩ – التصوف الإسلامي ، د . زكي مبارك .
٢٠ – التصوف الاسلامي ، من البداية حتى نهاية القرن الثاني ، د . عبد الرحمن بدوي .
٢١ – التصوف وفريد الدين العطار ، د . عبد الوهاب عزام .
٢٢ – التصوف عند المستشرقين ، د . محمد الشرباصي .
٢٣ – التصوف ، ابو عبد الرحمن السلمي .
٢٤ – تذكرة الأولياء ، فريد الدين العطار .
٢٥ التعرف لمذهب أهل التصوف ، ابو بكر محمد الكلاباذي .
٢٦ – تفسير روح البيان ، اسماعيل حقي البرسوي .
٢٧ – تفسير الجلالين ، جلال الدين محمد ، جلال الدين عبد الرحمن .
٢٨ – تفسير نامي ، ماموستا ملا كريمي بياره .
٢٩ تفسير راهنما ، زين العابدين راهنما ، فارسي .
٣٠ – تنوير القلوب ، محمد أمين الكردي .
٣١ – جواهر المعاني ، علي حرازم .
٣٢ – حقائق عن التصوف ، عبد القادر عيسى .
٣٣ – الحلاج موضوعاً ، د .كامل مصطفى الشيبي .

٣٤ – دراسات في الفلسفة الدينية والصوفية والعلمية ، د . عبد القادر محمود .
٣٥ – ديوان الحلاج . د . كامل مصطفى الشيبي .
٣٦ دائرة المعارف الاسلامية ، ترجمة إبراهيم زكي خورشيد ، أحمد الشنتاوي ، د . عبد الحميد يونس .
٣٧ – رحلة الى الحق ، فاطمة البشرطية .
٣٨ – الرسالة القشيرية ، عبد الكريم هوازن القشيري .

٣٩ – رسالة طب القلوب ، الشيخ علاء الدين الشيخ عمر ضياء الدين النقشبندي .
٤٠ – رسائل ابن العربي ، الشيخ محي الدين العربي .
٤١ – الرمز الشعري ، د . عاطف جودة نصر .
٤٢ – رياض المشتاقين ، ملا حامد البيساراني (مخطوطة) .
٤٣ – زبدة خلاصة التصوف ، الشيخ عز بن عبد السلام .
٤٤ – شرح الحكم العطائيه ، محمد بن ابراهيم النفري .
٤٥ – شطحات الصوفية ، عبد الرحمن بدوي .
٤٦ – صحيح مسلم ، حديث نبوي .
٤٧ – صحيح البخاري ، حديث نبوي .
٤٨ – طهارة القلوب والخضوع لعلام الغيوب ، عبد العزيز الدريني .
٤٩ – الطبقات الكبرى ، الإمام الشعراني .
٥٠ – عوارف المعارف ، الشيخ عمر السهروردي .
٥١ – الغنية ، الشيخ عبد القادر الكيلاني .
٥٢ – الفتوحات المكية ، الشيخ محي الدين العربي .
٥٣ – فصوص الحكم الشيخ محي الدين العربي .
٥٤ – الفلسفة الاخلاقية الافلوطينية عند مفكري الاسلامي د . ناجي التكريتي .
٥٥ – الفلسفة الصوفية في الاسلام . د .عبد القادر محمود .
٥٦ – فلسفه علمى و روش تحقيق: فيليسين شاله ، ترجمة فارسى يحي مهدوى .
٥٧ – الفتح الرباني والفيض الرحماني ، الشيخ عبد الغني النابلسي .
٥٨ – الفتح الربانى الشيخ عبد القادر الكيلاني .
٥٩ – الفهرست ، لإبن النديم .
٦٠ – فرهنگ عميد ، فارسي .
٦١ – فرهنگ خيام ، فارسي .
٦٢ – قوت القلوب ، أبو طالب المكي .
٦٣ – القدسية ، كلمات محمد بهاء الدين نقشبند .
٦٤ – القاموس ، فيروز آبادى .
٦٥ – قوانين حكم الاشراق ، جمال الدين محمد ابو المواهب .
٦٦ – القول الحقيق في رد من تفسق بأسم أهل الطريق ، الشيخ علاء الدين الشيخ عمر ضياء الدين النقشبندي .
٦٧ – اللمع ، أبو نصر سراج الطوسي .
٦٨ – مدخل الى الفلسفة ، جون لويس ، ترجمة دار الحقيقة بيروت .
٦٩ – مقدمة إبن خلدون ،
٧٠ – المدخل الى التصوف الاسلامي ، محمود ابو الفيض المنوفي .
٧١ – مدارج السالكين ، ابن قيم الجوزية .
٧٢ – المرشد الى آيات القرآن الكريم ، محمد فارس بركات .
٧٣ – مرصاد العباد من المبدء الى المعاد ، الشيخ نجم الدين الرازي .
٧٤ – معجم آيات القرآن الكريم ، د . حسين نصار بركات .
٧٥ – معرفة الله والمكزون السنجاري ، د .أسعد أحمد .
٧٦ – مع الفيلسوف ، د .محمد ثابت الفندي .
٧٧ – المعجم الصوفي ، الدكتوره سعاد الحكيم .

٧٨ – معجم مصطلحات الصوفية : د. عبد المنعم الحفني .

٧٩ – مصباح الهداية ومفتاح الكفاية ، عز الدين الكاشاني .

٨٠ – مفتاح الغيوب شرح رسالة طب القلوب ، الشيخ حسين الخالدي .

٨١ – مكتوبات الامام الرباني . الشيخ احمد الفاروقي .

٨٢ – المنقذ من الضلال : الامام محمد بن محمد بن محمد الغزالي .

٨٣ – منازل السائرين ، شيخ الاسلام الهروي .

٨٤ – المنجد ، لويس معلوف .

٨٥ – المواهب السرمدية في مناقب السادات النقشبندية ، محمد أمين الكردي .

٨٦ – نشأة الفلسفه الصوفية وتطورها ، د. عرفان عبد الحميد فتاح .

٨٧ – نشأة التصوف الاسلامي ، د. ابراهيم بسيوني .

٨٨ – نصوص ودروس : (١٦) التصوف الاسلامي ، د. البير نصر نادر .

٨٩ – نعت البدايات وتوصيف النهايات ، محمد فاضل بن مامين .

٩٠ – نفحات الحق : فاطمة اليشرطية .

٩١ – نور الناظرين ، ملا محمد باكي ، (مخطوطة)

٩٢ – وفيات الاعيان : ابن خلكان .

٩٣ – الوصايا : الشيخ محي الدين العربي .

٩٤ – یاداشتەكانی خۆم ، لەماوەی حەفتە سالْدا.

٩٥ – نزیكەی ، بیست وردەكتێب وەسەرچاوەی‌تر.

فهرست

ل	- پێڕست -	
٣	پێشکەش کردن	١
٧	بەشی یەکەم	٢
٩	چەند تێبینی	٣
١١	گفتوگۆیێك لەگەڵی خوێنەواری کورد	٤
١٣	پێشەکی	٥
٢٨	کورتەیێك لەژیانی نوسەر	٦
٣٣	بەشی دووەم :	٧
	تەسەووف چی‌یە ؟	
	چۆن وە لە کەیەوە بەدی‌هاتوە ؟	
	تەسەووف بەر لەئیسلام کامەو چۆنە ؟	
	تەسەووفی ئیسلامی کامەو چۆنە ؟	
	فەرق لە نێوانی فەلسەفەو تەسەووفدا چی‌یە ؟	
٤٥	بەشی سێهەم :	٨
٤٧	بۆچی فەلسەفە ناگاتە «عین الیقین»	٩
٦٣	تەسەووفی ئیسلامی‌ی چی‌یە وە لەکەیەوە دەستی پێ کردوە ؟	١٠
	ئامانجی تەسەووفی ئیسلامی چی‌یە ، وە ئایا لەگەڵی ئایینی ئیسلامدا هیچ جیاوازی یێکی هەیە ؟	
٧٤	تەسەووفی ئیسلامی‌ی لە زمانی گەورە پیاوانی تەسەووفەوە	١١
٨٨	سەر گوزەشتی غەزالی وەکو خۆی گوتویە .	١٢
١٠٢	وەڵامی بیستوچوار پرسیاری تر .	١٣
١٨٢ - ١٨٤	پێناسە ناپەسەندەکان وە پەسەندەکان	١٤
١٩٠	وەڵامی دوو پرسیار	١٥
	یەکەم : سەرچاوەی وشەی سۆفی لەچییەوە هاتوە ؟.	
١٩٣	دووهەم : مەقام وە حاڵ لەڕوانگەی تەسەووفەوە بەچی ئەڵێن ؟	
١٩٩	بەشی چوارەم :	١٦
	مەقامەکان .	
٢٩٥	بەشی پێنجەم :	١٧
	حاڵەکان .	

١٨	بەشی شەشەم :	٣٢٩
	موصطەلەحات .	
١٩	بەشی حەوتەم :	٣٨٣
	تەریقەی نەقشبەندی	٤١٦
	دائرەکان .	
٢٠	باسی یانزە ووشە ، یان یانزە ڕەوشی «تەریقەی نەقشبەندی» .	
٢١	زەنجیرەی نەقشبەندی .	٤٣٥
٢٢	بۆچی وە لەکەیەوە ئەم ڕێبازە ناونراوە نەقشبەندی .	٤٤١
٢٣	ژیانی بەهائوددینی نەقشبەند .	٤٤٧
٢٤	بەشی هەشتەم :	٤٥٧
	کاری تەسەووف لە ئەدەبی کوردیدا .	
٢٥	مەلای جزیری	٤٦٤
٢٦	سید عبدالرحیم «مەولەوی»	٤٨٩
٢٧	مەحوی	٥١٠
٢٨	شێخ عومەری بیارە . ضیائەددین	٥٣٥
٢٩	سەر چاوەکان	٥٥١
٣٠	پێرست	٥٥٥

إحْسان :

ئیحسان یەکێکی ترە لەمەقاماتی تەصەووف ، ئیحسان لەڕوانگەی زمانی عەرەبی یەوە ، بەچاکەکردن ئەوترێ ، بەڵام لەقورئانا بەچەن واتایێك هاتوە ، چونکە چاکە ، لەڕوانگەییێکەوە ، بۆ ڕوانگەیێك فەرق ئەکات ، لەڕوانگەی دینی ئیسلامەوە ، نوێژکردن ئیحسانە ، صەلەوات دان لەسەری پێغەمبەر ئیحسانە ، کەبگرە لەڕوانگەیێکی دوور لەدینەوە ، یان غەیرەئیسلامەوە ، ئەوجۆرەشتانە هیچ نەگیرێنە پێش چاو ، لە قورئاندا ، ئەفەرمێ «مَنْ جاءَ بِالحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثالِها» ئەنعام (١٦٠) ئەفەرمێ «وَأَحْسِنوا إِنَّ اللهَ يُحِبُّ المُحْسِنِين» (بقرە) (١٩٥) «وبِالْوالِدَيْنِ إِحْساناً» بەقەرە (٨٣) «والَّذِينَ جاهدوا فينا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنا وَإِنَّ اللهَ لَمَعَ المُحْسِنِين» (عنکبوت) (٦٩) «وأَحْسِنْ كَما أَحْسَنَ اللهُ إِلَيك» (قصص) (٧٧) «إِنَّ اللهَ يَأْمُرُ بِالعَدْلِ وَالاِحْسانِ وَإِيتاءِ ذِی القُرْبىٰ» (نەحل) (٩٠) «هَلْ جَزاءُ الإِحْسانِ إِلاَّ الإِحْسان» (الرحمن) (٦٠) هەموی ئەم کردەوانە ، لەچوارچێوەی چاکەدا کۆبونەتەوە ، هەرچەن هەمویشی یەك جۆرنیە ، بەڵکو لەکاتی بشکنینی سەرچاوەی مەبەست و هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتەکاندا ، ئەبینین ، برێکی ، بەواتای بەخشەندەگی ، برێکی بەواتای نوێژ وە عیبادەت کردن ، یان خزمەتی دایکوباوك کردن ، وەچاکە کردن لەگەڵیان دا هاتوە ، بەڵام هەمویشیان بەدژی خراپە،دائەنرێن ، هەروەکو خودا خۆی بۆمانی روون ئەکاتەوە کەئەفەرمێ «فَأُولَئِكَ يُبَدِّلُ اللهُ سَيِّئاتِهِمْ حَسَنات» (فرقان) «٧٠» «وَأَقِمِ الصَّلاةَ طَرَفَيِ النَّهارِ وَزُلَفاً مِنَ اللَّيلِ إِنَّ الحَسَناتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئات» (هود) «١١٤» لێرەدا هەم دەرکەوت مەبەست لەحەسەنات نوێژە وەهەم دژی و پێچەوانەیی (سَيِّئات) ە .

کەواتە وشەی ئیحسان لەڕوانگەی زوانەوە بەچاکە ئەڵێن ، وەلەڕوانگەی قورئانەوە بە زۆر کردەوەی پەسەند ئەڵێن ، کە بەخشندەگیش هەرلەوانە ، بەڵام ئایا لەڕوانگەی تەصەووفەوە مەبەست لەئیحسان چی یە؟

لەڕوانگەی تەصەووفەوە مەبەست ئەگەڕێتەوە بۆسەری فەرمودەیێکی پێغەمبەر ، درودی خودای لەسەر ، کەلەوەڵامی حەزرەتی (جبرەئیل) دا ، فەرمویانە . لە سەرگوزەشتێکی ژیانی پیغەمبەردا ، هەیە ، جارێکیان جیبرەئیل ، لەشێوەی بەنی ئادەمێکا دێتە خدمەتی پێغەمبەر ، وەسەبارەت ، بەئیمان ، وەئیسلام ، وەئیحسان ، پرسیار ئەکات دیارە ئەم پرسیارەش بۆئەوەبوە ، ئەو خەڵکەی بەدەوری پێغەمبەری گەورەدایە ، لەم پرسیارو وەڵامە کەڵك وەرگرن ، وە

لەدین و ئایینەکەیان باشتر شارەزابن ... بەکورتی : دواپرسیاری جیبرەئیل ، پرسی «ئیحسان» بەچی ئەڵێن ، پێغەمبەر دروودی خودای لەسەر ، فەرموی «**اِلاحْسانُ اَنْ تَعْبُدَ اللهَ كَاَنَّكَ تَراه . فَاِنْ لَمْ تَكُنْ تَراهُ فَاِنَّهُ يَراكَ**» جیبرەئیل فەرموی راستە ، جا کە هەستاو رۆیشت ، وە یارانی پێغەمبەر پرسیاریان کرد ، ئەم میوانە کێ بو ، ئێمە نەمان ناسی ، وەهیچیشی لەوەی نەئەکرد سەفەری بێت ، واتە تەپوتۆزاوی نەبو ، وەزۆر پاکوپوختەبو ، پێغەمبەر فەرموی ئەوە جیبرەئیل بو ، هاتبو تا ئایینی ئیسلامتان باشتر بۆرروون کاتەوە ، ئیتر کەسیش ، نەیدی یەوەو ناپەیدابو ، ئەگەرێینەوە سەری مەبەست ، سەبارەت بەوحەدیثە مەشهورە ، «**اِلاحْسانُ اَنْ تَعْبُدَ اللهَ كَاَنَّكَ تَراهُ ، فَاِنْ لَمْ تَكُنْ تَراهُ فَاِنَّهُ يَراكَ**» ئیسلام کردەوی ظاهیر وە بەرواڵەتی موسوڵمانانە ، وەکو نوێژو رۆژو حەج وزەکات وەهەموپەرستشێك : ئیمان ، هەم باوەرە کەوالەدەرونا ، وەهەم کردەوەکانە ، چونکە باوەرت بو کردەوەکانیش ئەنجام ئەدەیت : بەڵام «**ئیحسان**» کرۆك و ناوەرۆك و کاکڵەی : یان بڵێین «**حەقیقەتی ئیمان**» و«**ئیسلام**» ، هەردوکیانە ، ئیحسان ئەوەتە ئەو خواپەرستی یەت بەباشترین جۆر ، بەتەواوترین چەشن ، بەدڵ و بەگیان بەلای زیادەوە ، ئەنجامی دەیت ، دیارە ئەم جۆرە پەرەستشە کاتێ ئەنجام ئەدرێت مرۆڤ لەهەمو هەنگاوێکا ، بۆی روون بێت خوای گەورە چاوی لێ یەتی وەئەوکردەوەیە ، وە ئەوپەرەستشە ، هەربۆئەوی ئەنجام ئەدات و بوکەسی ترو بۆهیچی ترنا ... ئایا لەکاتی نوێژدا مرۆڤ ئەگەر دڵنیابێت : کەوالەحوزوری خوادا وەزۆرباش دڵنیابێت خودا چاوی لێ یەتی و ، ئەمیش ئەم نوێژە بۆئەو ئەکات ، ئایا ئەمە ئەبێتە ئەوجۆرە نوێژەی : کە پەلەپەل بکرێت و بەنی ئادەم هوش وخەیاڵی بەهەزار لادا پرژو بڵاو بوبێتەوە ؟ .

بێگومان نوێژو پەرەستشێك ، بەراستیی پەرەستشە ، کە لەپایەی ئیحسان دا ، ئەنجام درێت ، واتە ، لات وابێت ، تۆچاوت لەخودایە ، ودڵنیابیت ئەگەریش تۆ چاوت لەونیە ، خۆئەو بێگومان چاوی لەتۆیە ، جائەو جۆرە نوێژو عیبادەتەیە کە «**خوشوعی**» تیایە ، وە خودای تەعالی ، ئەو خوداپەرستانە ، بە «**مُفْلِح**» ، واتە سەرکەوتوو ، وەرزگاربوو ، ناو ئەبات ، وەئەفەرمێ «**قَدْ اَفْلَحَ المؤمنونَ ، الذينَ هُمْ في صَلاتِهِمْ خاشِعُونَ**» (**المؤمنون**) «۲» یان ئەفەرمێ : «**اَلَمْ يَأْنِ لِلَّذينَ آمَنوا ، اَنْ تَخْشَعَ قُلوبُهُمْ لِذِكْرِ الله ، وَما نَزَلَ مِنَ الحق..؟**» (۱٦) **حديد.**

بەم چەشنە دەرکەوت ئەو موسوڵمانانەی کە نوێژو پەرستشەکانیان «**خوشوع**»ی تیایە ،

واتە، ئارامیو خۆبەبچوكزانینو دڵپاكیو لەخوا ترسان، ئەوانە، دەستەی ڕزگارە كانن، وە هەروەها دەركەوت، كەخوا پێیخۆشە پەرستش بە خوشوعەوە بێت

كەئەفەرمی، «**أَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ آمَنُوا، أَنْ تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ**» ئایا ئیتر كاتیئەوە نەهاتوە ئەیموسوڵمانان كە لەدەرونەوە «**خوشوع**» پەیدا كەن.. بۆخوداپەرستی؟..

بەڵام ئەپرسین ئەم خوشوعە چۆن بەدەست دێت، دیارە بەوەی كە لەكاتی پەرەستش دا، خودا بە «**حاضر وە ناظر**» بزانیت، واتە زۆرباش باوڕت لەسەر ئەوەبێت، خودا لەهەمو شوێنێكا ئامادەیە ، وەچاوی لەهەمو كردەوەیێكە، كەئەمەش خۆی مەقامیئیحسانە، جا كەبویتە خاوەنی ئەم مەقامە، بەرهەمو دەست هاتی ئەو مەقامەش وەرئەگری ئەویش. ئەوەتە هەرچی خواپەرستیتە، هەموی بەباشترین چەشن ئەنجامی ئەدەیت، وەبەوپەری خۆشیو دڵكراوەییو ڕەزامەندیو پاكوپوختەیی یەوە، وە بەبێ كەموكوڕی، كە ئەبێتە «**خوشوع**».

كەواتە بەرهەمو دەرامەدو دەستكەوتی (**ئیحسان**) ئەبێتە (**خوشوع**) لەعیبادەتدا، وەئەبێتە ئەوەی ئەو خوداپەرەستی‌یە، تەنها بۆخودا خۆی ئەنجامبدرێت، وبەرهەمو دەسكەوتی خوشوعیش، سەركەوتنو ڕزگاری‌یە «**قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ**» وەچیهەیە لەم مەقامە گەورەترو چاكتر، وە پێچەوانەكەی (**ئیحسانیش**) ئەبێتە، خوداپەرستی بێكاكڵەو بێحەقیقەت، وە بێجەوهەر، كەئەمجۆرە دەسكەوتە بەرزانەی تیانیە، وەبگرە تیاچون وە فەوتانیشی تیابێت، وەسەری لەخوداپەرستی، پرلەریایی‌یەوە دەرچێت، وە خودانەخواستە ببێتە «**شیرك**» چونكە، خوداپەرەستی لەگەڵئەوەشا كەپەرەستشە ئەگەر لەصەداصەد

بۆخودانەبێت، ئەوە شەریك بۆخودا قەراردانە، كە خودائەفەرمێ «**فَوَيْلٌ لِلْمُصَلِّينَ الَّذِينَ هُمْ عَنْ صَلَاتِهِمْ سَاهُونَ. الَّذِينَ هُمْ يُرَاؤُنَ**»، (**سورەیماعون**)، واتە جەهەننەم، یان سزای گەورە، بۆئەوانەی، كەلەنوێژا كەمتەرخەمیی ئەكەن، یان نوێژو پەرستشەكانیتریان بۆ ریایی‌یە، واتە، بۆ خۆبەچاكپیشاندانە، كەواتە، هەرچەن لایخۆی نوێژیكردوە، كەچی نەك هەرنوێژەكەیشی لێوەرناگیرێت، بەڵكو (**وەیلیش**) بۆئەوە، ئەمجۆرە نوێژە ئەبێتە پێچەوانەی (**خوشوع**)، جا ئەكرێ نوێژێكیش هەبێت بۆریایی نەبێت، بەڵام خوشوعی تیانیە، دیارە ئەویش ناگاتە خوداپەرستیی

فەرمان بەردارن، وە نزیکی یێکی تارەزاییشە لەوبەندانەی کە لە خوداوە دوورن، یان کەچ ڕەفتارن، یان هی وایشیان هەیە تەنانەت باوەڕیشیان بەخودانیە.

مەبەست ئەوەتا بەندە هەرجۆربێت، خودا لەوەوەنزیکە، بەلأم گرنگ ئەوەتە بەندە لەخوداوە نزیك بێت، سەبارەت بەتیکرایی نزیکی، خوا خۆی ئەفەرمێ «**وَلَقَدْ خَلَقْنَا الإِنْسانَ وَنَعْلَمُ ماتُوَسْوِسُ بِهِ نَفْسُهُ وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الوَرِيد**»ق(١٦).

واتە، ئێمە بەنی ئادەممان دروس کردوە وەئاگادارین لەهەموو دڵەراوکەیێکی دەرونی ئەو، وە لەڕەگی وەریدی خۆی نزیکترین بەو، ئایا نزیکی ی لەمەنزیك تر هەیە؟.

سەبارەت بەوکەسانەش وان لەسەرەمەرگا، ئەفەرمێ بەوکەسانەی لەنزیکی مردووەکەوەن «**وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْكُمْ وَلٰكِنْ لاتُبْصِرُونَ**»، «**واقعة**» (٨٥)، واتە ئێمە لەئێوە نزیکترین لێی، بەلأم ئێوە ئاگادار لەو نزیکی و چۆنیەتەنین، وەنایبینن،

بەلأم ئەم حاڵی قوربەی، کە لەتەسەووف دا هەیە، حاڵی نزیکی بەندەیە لەخودا بەهۆی خوداپەرستی و خودا ویستی و خەبات و تێ کۆشانەوە، بەجۆرێك ئەگاتە رادەییێك ئەوبەندەیە زۆرجار خۆی لەیادئەچێتەوە وە هەرخودای لەیادە، کەئەبێتە «**فەنای نەفس**» وە «**بەقای خودا**» جائەوەتە، ئەمحاڵەتە ئەگاتە شوێنێکی وا باریکوناسك، کەخاوەنی ئەوحاڵە، تۆمەتی کوفریان لێ ئەدەن، وە حاڵەکەیان بەناوی (**حولول**) یان «**إتحاد**» یان «**وەحدەتی وجود**» ناو ئەبەن، شتەکەش هەرلەوەوە سەرچاوە ئەگرێت لەوحاڵی (**قوربە**)دا، ئەوکەسە سەبارەت بەحاڵەکەی خۆی، شتێك ئەڵێت، کە لەقاموسی ڕێزمان و گوفتاری ساکاری ئێمەدا ناگونجێ، وەبرێ جاریش لەچوارچێوەی شەرعیش دا جێگەی ناکرێتەوە، کەچی لە ڕاستەکەشیا ئەوخاوەن حاڵە، کارێکی خیلافی نەکردوە، بەڵکو ئاگادارانە، یان ناتاگا، لەبارەی ئەوچۆنیەتەوە شتی وا هاتوە بەدەمیا، کەقەت لەکاتی هۆشداری دا نایڵێ، وەبەگوناهی ئەزانێت، سەبارەت بەمحاڵەتی قوربە شاهی نەقشبەند **محمد** بهاء الدین، لەقەصیدەییێکا شیعرێکی بەفارسی هەیە کەئەفەرمێ:

ئەی زاهیدێ ظاهیربین ازقورب چەمی پورسی
ئودەرمەن و مەن دەروەی چون بوو بەگولاب ئەندەر

واتە ئەی زاهیدی ظاهیربین، تۆسەبارەت بە (**قورب**) چی لەمن پرسیار ئەکەیت.

ئەولەمنەوەو من لەوەوە ئەوەندە نزیکین وەکو بۆنی گوڵاوو ئاوی گوڵاو.

بێگومان بۆنەکە، لەئاوەکە جیایەو، هەرکامەی شتێکە بۆخۆی، وەئەوبۆنە جەوهەرێکە، کەچی لەعەینی کاتیشا تێکڵاوی ئاوەکەیە.

ئەگەر ئەمچۆنیەتە لەروانگەی قورئانیشەوە سەیرکەین خودا لەرەگی «**وەریە**» نزیکتربێت ئەونزیکی یە چۆنە؟ بێگومان ئەم نزیکی یە، نزیکی ی (**عیلمی**) خودایە، چونکە نزیکی ذات لەذاتەوە نیە، وەئەگەر وای بزانین کوفرە، بەڵام ئەمجۆرە هەستانە، هەستی بەصیرەتە، واتە چاوی دەرون، نەك هەستی «**پێنج حەواس**»، بۆنمونە، نزیکی ی منداڵی کورپە لەدڵی دایكو باوکەوە، خۆمنداڵەکە ناچێتەدەرونەوە، بەڵام خۆشەویستی وەخەمخۆری ئەو منداڵە، بەجۆرێ ئەچێتە کانگەی دەرونەوە، ئەگەرپەنجەیێکی گەرم بێت ئارام لەوباوکو دایکە هەڵ ئەگیرێت.

دەلیلی قورئانی ی بۆ ئەم جۆرە تێکوشانەش ئەوەتە ، خودابەپێغەمبەر ئەفەرمێ ، «**وَاسْجُدْ وَاقْتَرِبْ**» (عَلَق) (**١٩**) کەواتە سوجدەبردن ، واتەنوێژکردن ، یەکێکە لەو هۆ بناغەییانەی کە بەندە ، لەخودا نزیك ئەکاتەوە ؛ هەروەها سەبارەت بەحەزرەتی موسی لەسورەی (**مەریەم**) ئایەی (**٥٢**) ئەفەرمێ «**وَنَادَيْنَاهُ مِنْ جَانِبِ الطُّورِ الأَيْمَنِ وَقَرَّبْنَاهُ نَجِيًّا**» .

ئەفەرمێ «**السَّابِقُونَ السَّابِقُونَ اولئكَ الْمُقَرَّبُون**» بەڵام ئایائێمە بەچی نزیك ئەبینەوە لەخوای گەورە ؟.

هەروەکو لەپێشاوتم ، ئەوەتا بەپێغەمبەر ئەفەرمێ (**وَاسْجُدْ وَاقْتَرِبْ**» . یان هەر بەپێغەمبەر ئەفەرمێ «**وَمِنَ اللَّيْلِ فَاسْجُدْ لَهُ وَسَبِّحْهُ لَيْلاً طَوِيلاً**» «**الانسان**» «**٢٦**» جا لەسورەی (**سبأ**) (**٣٧**) دا ، ئەفەرمێ ، «**وَمَا أَمْوَالُكُمْ وَلاَاولادُكُمْ بِالَّتِي تُقَرِّبُكُمْ عِنْدَنَا زُلْفَى ، اِلاَّ مَنْ آمَنَ ، وَعَمِلَ صالِحاً فَأُولئِكَ لَهُمْ جَزاءُ الضِّعْفِ بِمَا عَمِلوا . وَهُمْ فِي الْغُرُفاتِ آمِنُونَ**» . ئەفەرمێ ، وەنەبێ ماڵومنداڵتان بتوانێ ببێتە هۆی نزیك بونەوەتان لەخودا ، بەڵکو باوەری دامەزراوو کردەوەی باشە کەنزیکتان ئەخاتەوە ، وە ئەبێتە هۆی پاداشی چەن بەرابەرو جێگەی خۆش لەبەهەشتا . بەکورتی خوداپەرستی و کردەوەی باش ، بەتایبەت نوێژی زۆرکردن ، ئەبێتەهۆی حاڵەتی (**قورب**) ، واتە ،

ئەوپەڕی نزیکی ،..وەگەورەترین مەقام ، واتە پایەو پلەی بەندە بەلای خوداوە «**مەقامی مەحمود**»ە کە هی پێغەمبەری گەورەیە درودی خوای لەسەر ، خوای گەورە لەکاتی موژدەدانی ئەم مەقامەدا بەپێغەمبەر ئەفەرمێ ، شەونوێژو نوێژی زیادە بکە بەڵکوخودا لەوجیهانا مەقامی مەحمودت خەلات کات . «**وَمِنَ اللَّيلِ فَتَهَجَّدْ بِهِ نافِلَةً لَكَ عَسَىٰ اَنْ يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقاماً مَحْمُوداً**» (٧٩) (اسراء) .

جادەربارەی موسوڵمانان خوای گەورە لەحەدیثیکی قودسیدا ئەفەرمێ . «**مَنْ عادى لي وَلِياً فَقَدْ اٰذَنْتُهُ بالحَرْبِ ، وَماتقرَّبَ اِلَىَّ عَبدي بِشَيءِ اَحَبَّ اليَّ مما افتَرَضْتُ عَلَيْهِ . وَمايزال عَبدي يَتقَرَّب اليَّ بالنَّوافِلِ حتّى اَحبَّهُ ، فَاِذا اَحبَبْتهُ كنتُ سَمْعَهُ الّذي يَسْمَع به وَبَصَرهُ الذي يَبْصِرُ بِهِ وَيَدَه الّتي يَبْطِشُ بِها ... هتد .**» واتە هەرکەسێك دژایەتی بکات لەگەڵی خۆشەویستانما خۆی حازرکات بۆشەڕ لەگەڵی منا ، وە بەندەکانم ، بەهیچ شتێك لەمن نزیك نابنەوە بەئەندازەی ، بەجێ هێنانی فەرزەکان ، بەندەکانی من بەئەنجام دانی زیادەنوێژ ئەوەندە لێم نزیك ئەبنەوە تا ئەبنە خۆشەویستم ، جا کەخۆشم ویستن ئیتر ئەبمە ئەو هەستی بیستنەیان کەپێی ئەبیسن ، وەئەوچاوەی کەپێی ئەبینن ، وەئەودەستەی کەئەنجامەکار .. هتد ... لێرەدا مەبەست ئەو وشەی نزیکی یەتە ، کە بەهۆی زیادەنوێژو خواپەرستی یەوە دەست ئەکەوێت ، وەئەوکەسە ئەبێتە خۆشەویستی خودا ، بەرادەیێك دەسوچاووگوێی ئەو ، هێزێکی وایان تێ ئەکەوێت ، وەکوئەوەی خواهێزیکی تایبەتی جیاوازی دابێ ..

لەکۆتایی دا ئەڵێم «**قورب**» حاڵێکە هی گەورەپیاوانی ڕێبازی تەصەووف وەهی ئەوانەیە کە گەیشتونەتە مەقامی «**ویلایەتی کوبری**» ، وبریتی یە لەئەوپەڕی نزیکی بەندە لەخوای گەورە ، وەلەخۆشەویستی ی بەندە بەلای خوداوە ، وەخۆشەویستی ی خودا بەلای بەندەوە ، بەرادەیێك برێ جار ، خاوەنی ئەم حاڵە خۆیو جیهانی لەیاد ئەچێتەوە ، وەجگە لەو خۆشەویستیی خودایەو لەونزیکی یەی خۆی ئاگای لەهیچی تر نامێنێت «**ذٰلِكَ فَضْلُ اللهِ يؤتيهِ مَنْ يَشاءُ**» زۆرجار لەگەڵی ئەم وشەی «**قورب**»ەدا وشەی «**بوعد**» واتە ، دووری هاتوە ، کەئەبێتە پێچەوانەی نزیکی لەخودا ، وە (**بوعد**) واتە دوریی ، هی ئەوکەسانەتە کە گومراهن وەلەخوداوە دورن ، وەخودانەناسن ، بێگومان ئەوەی وابو جێگەی جەهەننەمە وەدوژمنی خودایە .

إخْلاص :

یەکێکی تر لەمەقامەکانی تەصەووف ، مەقامی ئیخلاصە ، لێرەدا مەبەستێك هەیە شایەد نەم گوتبێت ئەویش ئەوەتە ، هەرکاتێ خووخدەی رێبواری رێگەی تەسەووف هاتەسەری هەرکام لەم حاڵەتانە ، وەئەم حاڵە بویە خووخدەی ، وا بوەتە خاوەنی ئەومەقامە ، واتەئەگەر حاڵەتی پەشیمانبونەوەی لەگوناه وەبەردەوام بونی لەسەرگوناەنەکردن ، بەوچەشنەی لێ هات کەلەباسی تەوبەدا باسمان کرد ، جائەکرێت ئەوکەسە بگاتە مەقامی تەوبە ، هەروەها دەربارەی زوهدو وەرع و صەبرو شوکرو ئەوانی تریش ، بەڵێ خاوەنی مەقامی زوهد کەسێکە هەرچی ئەوپێناسانەیە هەموی تیا بەدی هاتوەو بوەتە بەشێك لەخووخدەی ، پاشان یەکەیەکە خووخدەکانی بەهەوڵ وخەبات و خواپەرستی و شەونەخونی ئەگۆڕێنە سەری پێناسی مەقامەکان ، وەئەبێتە خاوەنی ئەو مەقامە ٪ وەکەسێ نەبوبێتە خاوەنی هەموپێناسێکی صەبر ، وا نەگەیشتوەتە مەقامەکەیشی ، ئەمە جگە ئەودەستکەوتە مەعنەوی یانەیە کە دەستی ئەکەوێت ، وەجگەخۆیوخودا نەبێت کەسی تر نازانی چیەو چۆنە .

لێرەدا باس باسی مەقامی ئیخلاصە ، واتە پەرستنی خودا هەر بۆخودا وە بەهەمو دڵێکەوە ، دوور لە خۆهەڵکێشان وە خۆ بەچاكزانین ، مەبەست ئەوەتە جگە لەوەی کە ئەوکەسە موسوڵمانەو بەندەیێکی خاوەن باوەڕە وە هەمو دەستورەکانی خوداو سونەتەکانی پەیامبەر ئەباتە رێگاوە ، جگە لەهەموی ئەمانەش ، ئەبێ پەرستشەکەی پاكبێت وە لەریایی دووربێت وەهەر بۆ رەزامەندی خودابێت ، تەنانەت ، هەروەکو رابیعەی عەدەوی یە ئەڵێت ، نەلەترسی جەهەننەم وە نەبۆ پاداشی بەهەشت بێت ، لێرەدا مەبەستێك هەیە روون کردنەوەی پێویستە ، ئەویش ئەوەتە ، نابێ واتێبگەین ئەم پیاوچاکانە لە جەهەننەم ناترسن وە بەهەشتیان ناوێت بەڵکو لەهەموکەسێ زیاتر لەجەهەننەم ئەترسن وە بە پاداشی بەهەشتیش سەربەرزن ، بەڵام ، مەبەست ئەوەتە ، ئەمان ئەڵێن ئەگەر بەهەشت و جەهەننەمێکیش لەناوا نەبێت ، ئەوان ئەوەندە خودایان خۆش ئەوێت ، پێویست بەهەڕەشەی جەهەننەم وپاداشی بەهەشت نیە ، ئەوانەش نەبوایێ هەر لەبەر خۆشەویستی خودا ، وەلەبەر

عەزەمەتی خودا وەلەبەرئەوەی ، خۆیان بەبەندەی خودا ئەزانن ، هەر خودایان ئەپەرستو هەر گەردەن‌کەچی فەرمانی خودابون .

«ئەبولقاسم»ی قوشەیری ، ئەڵێت ، «ئیخلاص ئەوەتە پەرەستشەکەت تەنها هەربۆ خودابێت وەبۆ ئەوەبێت لەخودا نزیك‌بیتەوە ، نەبۆ ئەوەت‌بێ کە لەلای خەڵکەوە شتێکت دەس‌کەوێ نەبۆ ئەوەت‌بێت خەڵك ستایشت‌بکەن‌و خۆشیان‌بوێت وە بە پیاوچاکت بزانن ، یان بۆ هیچ‌بابەتێك لەم بابەتانە ، بەڵکو جگە لەنزیك‌بونەوە لەخودا هیچت لەدلا نەبێت» بەکورتی پەرستش‌و کردەوەی‌چاکت بۆ خالیق‌بێت ، نەك بۆمەخلوق ، خوای‌گەورە لەسورەی زومەردا سێ‌جار فەرمان ئەدا ، بە پەیامبەری‌گەورە درودی‌خودای لەسەر کە لەخوداپەرستی‌دا موخلیص بێت ، ئەفەرمێ **«قُلْ إِنِّي أُمِرْتُ أَنْ أَعْبُدَ اللهَ مُخْلِصاً لَهُ الدِّين»** «**قُلِ اللهَ أَعْبُدُ مُخْلِصاً لَهُ دِينِي**» «**فَاعْبُدِ اللهَ مُخْلِصاً لَهُ الدِّين** ، **أَلا لِلّهِ الدِّينُ الخَالِصْ**» هەروها لەسورەی «**البيّنه**»دا ، بە هەمومان فەرمان ئەدات کە پەرەستشە کانمان پاك‌وخاوێن‌و بێ‌ریاو روپامایی‌بێت «**وَمَا أُمِرُوا إِلاّ لِيَعْبُدُوا اللهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّين**» .

خودای‌گەورە ئەو ریایی‌و رووپامایی‌یە ، بە هاوبەش‌دانان بۆخودا ، دای‌ئەنێت کە لەسورەی (**الكهف**) (١١٠) دا ئەفەرمێ «**فَمَنْ كَانَ يَرْجُو لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلاً صَالِحاً وَلاَ يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَداً**» ئەوەی ئەیەوێ بەحوزوری خودای‌خۆی بگات،کردەوەی چاك بکات ، وەکەس نەکاتە هاوبەشی خودا لەپەرەستشەکانیا . کەواتە ریایی ، شەریك بۆخودا دانانە ، «**موسلم**» حەدیثێك ئەگێرێتەوە کەپێغەمبەر درودی خودای‌لەسەر فەرمویەتی «**إِنَّ اللهَ لاَيَنْظُرُ إِلى أَجْسَامِكُمْ وَلا إِلى صُوَرِكُمْ وَلَكِنْ يَنْظُرُ إِلى قُلُوبِكُمْ**» ، ئەمەش دەس‌نیشانە بۆئەو خوداپەرستی یانەی کەبەلەش ئەنجام‌ئەدرێن، وەکو نوێژ،یان حەج،یان هەرچی‌تر کە بە لەش ئەنجام‌ئەدرێن،جائەفەرمێ ، دڵ‌حسێبە ، ئایا ئەم خوداپەرەستی‌یە بۆئەوەتە خەڵك مەدحی‌بکەن،خەڵك خۆشیان‌بوێت،خەڵك بەچاکی‌بزانن ، یان‌هەر بۆرەزامەندی وە ئەنجامی‌فەرمانی خودا ئەنجامی‌داوە .؟

(**إبنُ عَجيبه**) خوای‌لێ‌رازی‌بێت ، ئەڵێت ، ئیخلاص خاوەنی سێ‌پلەیە، واتە موخلیصەکان سێ‌دەستەن . یەکەم خوداپەرستێکە کەلەودا موسڵمان چاوەروانی پاداشە ، وەکو لەش‌ساغی‌و رۆزی زۆری ئەم‌دنیا ، وە بەهەشت‌و حۆری ئەودونیا ، برێکی هەربۆ پاداشی ئەو دنیایە برێکیش کە هی‌بەندە خاوەن‌پایەکانە ئەوەتە بۆهیچ

پاداشێکی هەردوجیهان‌نیە بەڵکو بۆیە خودائەپەرستن بۆئەوەی سپاردەی بەندەیی خۆیان بەجێ بێنن، وە لە خۆشەویستی‌ی خودادایەو ئارەزومەندبونی دیداری خودای‌گەورە لەوجیهان‌دا.

بەڵێ گەورەترین ئاواتی صوفی‌یەکان ئەوەتە ئەوەندە تێکۆشن لەرێگەی ئیخلاصەوە بگەنە بەرزترین پلەوپایەی بەندەگی بەلای‌خوداوە، وەبۆئەوەی خوداپەرستن، بەئاواتی شادبون بەحوزوری‌هەق، بێ‌ئەوەی پاداشێکی‌تریان مەبەست‌بێت. جائەگەر خوداپەرستیی صوفیەکان بەم‌جۆرەنەبو ئەوە هەرگیز بەئاوات‌ناگەن‌و بەمەقامی «ئیخلاص»، شادنابن، گەورەپیاوانی ئەم‌ڕێبازە ئامۆژگاریی ڕێبوارانی ڕێبازی تەصەووف ئەکەن کەهۆشیان لەخۆیان‌بێت، ئەگینا نوچی‌ئەدەن‌و هەڵ‌ئەدێرن وە ڕنجیان ئەدرێت بەئاوا، لەهەموی‌گرنگتر ئەوانیان لەدووشت ترساندوە.

یەکەم:

لەخۆڕازی‌بون‌و لەخۆبایی‌بون بەوەی ئەم پەرستشەیان بەلاوە شتێکی عەجایب بێت‌و وابزانن کارێکی گەورەیان کردوەو خوا ئەبێ پاداشیان بداتەوە، چونکە لای گەورە پیاوانی تەصەووف، وایە هەرچاکەیێك لە مرۆڤ ڕووئەدات، ئەوە فەضلی خودایە وەئێمە ئەبێ سوپاسی خودا بکەین کە هیدایەت‌و یارمەتی داوین بۆئەنجامدانی ئەو کردارە چاکەو ئەو پەرستشە «**وَلَوْلَا فَضْلُ اللهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ مَازَكَى مِنكُمْ مِنْ أَحَدٍ**» سورەی‌نور (٢١)، جائەگەر (**مورید**) بەوجۆرەی‌کرد، وەخۆی لەدەستی لەخۆبایی‌بون‌و لەخۆڕازی‌بون ڕزگارکرد، وەخۆیی باش‌ناسی، وا خۆی لەنوچ‌دان‌و پێ‌هەڵ‌کەوتن‌و هەڵدێران ڕزگارکردوە.

دووهەم:

مەترسی‌دوهەم، چاوەڕوان‌بونی پاداشە بەرانبەر بەخوداپەرستی‌و کرەدوەی‌چاك، بەتایبەت پاداشی دنیایی، وەکو بەچاك‌ناوبانگ‌دەرکردن‌و دەوڵەمەندبون‌و بونەپیاوی‌گەورەو شێخ‌ومورشیدو ئەم‌جۆرەشتانە، یان بەتەمای بەدەست‌هێنانی

مەقامی مەعنەوی و کەشف و کەرامات، نابێ خواپەرستی بۆ هیچ کام لەمانە بێ، چونکە وای لێ دێت ئەوکەسە خودای بۆخودایی و گەورەیی خودا نەپەرستوە، بەڵکو بۆ دەست کەوتی دینیو دنیایی بوە، لەکتێبی **(حقائق عن التصوف)** دا، لەزمانی شیخ ئەرسەلانەوە ئەگێڕێتەوە ئەو هەمیشە لە ئامۆژگاری یەکانیا، موریدەکان وەهەمو ڕێبوارانی ڕێگەی تەسەووف ئاگادارکردوەتەوە.

وەبەموانەی کەجگە ڕەزامەندی خودا ئاواتی تریان بوە ئەڵێت «**ئەی دیلی دەستی ئاواتوئارەزو ئەی دیلی دەستی پەرستش، ئەی دیلی دەستی مەقامات وکەشف و کەرامات، تۆ لەخۆت بابی بوییت**» لێرەدا ئەبێ بڵێم، «**دیلی دەستی پەرستش، واتە چاوی هەر لەپەرستشەکەیو تۆێژوڕۆژوەکەیەتی وە بەشتێکی گرنگی دائەنێ وەهەر بەتەمایە دەست کەوتیان لێ بەدەست بێرێت**».

برێ لەم گەورەپیاوانە ئەڵێن، ئەم چاو لەمەقام بونە ئەوەی خرابە، ئەگەر مەقامەکەی هاوردە دەست، وەکوئەوەتە ئەو بۆ مەقام بەدەست هێنان خواپەرەستی کردبێت، ئیتر لەگەڵ بەدەست هێنانیا دلی دائەمرکێت لەکاتێکا ئەو بۆخۆشەویستی وە بوعەزەمەتی خودا وەئەنجامی بەندەیی، خوای پەرسیوە، یان ئەوەتە مەقامەکە بەدەس نایێرێت وەهەر هەوڵی بۆئەدات، ئەمەش ئەوەئەگەێنێ لەباتی ئەوەی هەوڵ بدات، بوگەیشتن بەخودا هەوڵی داوە بۆگەیشتن بەمەقام، مەقام ئەبێتە غایەو مەقصود نەك خودا. جا لەبەرئەم وردەکاری یانەتە کە بونی مورشید وە ڕاهنما پێویستە، بۆئەوەی لەم ڕێگە سامناکەدا ماموستاو ڕێنماییکی هەبێت پلەبەپلە ڕانمایی بکات لەکوێوە بڕواتوچی بکات.

بەبونی مورشید یان نەبونی، دووشت پێویستە لەسەری ڕێبواری ڕێگەی ئەم جۆرە پەرستشە گەرموبەتینە، ئەویش ئەوەتە هەمیشە ڕێبوار چاوێکی لەعەیب و هەڵەو

کەموکوڕی یەکانی کردەوەکانی خۆی بێت، بۆئەوەی ئیتر هەڵەی تر نەکات، دووهەم، خوازیاری ئەم ڕێگایە، ئەبێ وردبێتەوە کەخوا چەن گەورەیەو، وەچۆن خاوەنی هەموی نیعمەتەکانەو چۆن ئێمەی بەندە هەرچی بکەین هێشتا ناتوانین سوپاسی ئەو هەموە نیعمەتانە بەجێ بێرین، هەروەکو خۆی ئەفەرمێ «**وَمَا قَدَرُوا اللهَ حَقَّ قَدْرِهِ**»، سورەی «**زومەر**» **(٩٧)** لەپایانا ئەڵێن، ئیخلاص: بریتی یە لەبژارو

پاككردنەوەی كردەوەكان وەپەرستشەكان لەهەرچی خەوشوخاڵو دركوداڵە، تابگەینە ئەو ئاكامەی خواپەرستیان، نەبۆ پاداشی خەڵكبێت كە لێیان رازی‌بن یان خذمەتیان بكەن یان بەچاكیان بزانن، نەمنەت، نەسەری خەڵك بنێین نەسەری خالیق، وە نە بۆ پاداش، بەڵكو ئێمە خواپەرستیان تەنها بۆ ئەنجامدانی فەرمانی خودایێت وەبۆ بەجیٚ‌هێنانی شێوەی بەندەیی‌بێت، بێگومان خودای‌گەورە هیچی لا ون‌نابێت، لەهەموبەخشندەیێ بەخشندەترە، وەلەهەمو میهرەبانێك میهرەبان‌ترە.

وەرێبوارانی راستەقینەی رێبازی تەصەووف پەرەستشەكەیان بەم‌جۆرەیە، وەلەوكاتەدا كە وان لەم‌حاڵەدا، مەقامیان گەیشتوەتە مەقامی ئیخلاص.

فَنَا وَبَقَا:

فەناوبەقا دەریاییٚكی بیٚ‌كەنارو بیٚ‌بن‌و بیٚ‌پایانی زانیاریی تەصەووفن، ئەم دوو بەسەرهاتە مەگەر پیاوە هەرە گەورەكانی تەصەووف باسیان لە بارەیەوە كردبێت، لام‌وایە زۆرتریشی لەبەری‌ئەوەتە چونكە لەدواپلەی ئەم‌رێبازەدا جا رێبوار ئەم‌چۆنیەتەی بەسەرادێت، لەبەرئەوە هەموكەسیٚ ناتوانیٚ لەبارەیانەوە باس‌بكات، بەتایبەت بەوجۆرەی كە ئیمامی رەببانی، لەمەكتوباتدا ئەفەرمیٚ، هەرئەم فەنایە خۆی چەن‌ئاڵوگۆری تیایەو چەن شیوو كەندەلاٚنی تیٚ‌ئەكەوێت، وئاخرەكەشی دەریاییٚكی بیٚ‌پایانە، بەوبۆنەوە بریٚ بیروباوەری داونەتە دواوە، وەئەڵیٚ، خاوەنی ئەوباوەرانە نەگەیشتونەتە پایانی‌مەنزل وەلایان‌وابوە فەناهەرئەوەتە.

لەكتێبی قودسیّە دا كەبریتی‌یە لەفەرمودەكانی شاهی نەقشبەند وە خواجەموحەممەدی پارسا نوسیویەتی، ئەڵیٚ یەكەم‌كەسێك كەلەبارەی ئەم‌دوو (**عیبارەتەوە**) واتە بەقاوفەناوە، باسی‌كردوە شیخ‌أبوسعید احمدبن‌عیسی الخرّاز بوە كەلە (**۲۷۷ یان ۲۷۹**) كۆچی‌دا دواكوچی‌كردوە.

لەسەرچاوەكانی‌ترا من‌نەم‌دیوە هیچ‌كامی‌تر بڵێن یەكەم‌كەس كیٚ‌بوە لەم‌بارەوە باسی‌كردوە. بەڵام‌زۆریان‌فەرمودەكانی خەرراز یان سەبارەت بەفەناوبەقا نوسیوە.

وادەرئەکەوێ خەررازسەبارەت بەتەصەووف زۆری نوسیوەوەخاوەنی تەریقەتیش بوە وە دوکتۆر عیرفانیش باسیبڕێ سەرچاوەئەکات لایانوایەبایەزید زوتر باسی فەنای کردبێ بەلاَم ئەوەی شیاوی وتنە، بایەزید مەقامەکەی فەنابوە نەك ئەوەی بەنوسین خۆی سەبارەت بەفەنا شتی دەربڕێت وەکو باوەڕدەربڕینەکەی خەرراز.

بەهەرحال فەنا، واتە فەوتان وتیاچون، **«كُلُّ مَنْ عَلَيْهَا فَانٍ»** وە بەقا ئەبێتە مانەوە **«العاقِبَةُ خَيْرٌ وَأَبْقى»** «**ابن العربي**» سەبارەت، بەووشەی بەقا ئەلێ، بەردەوامی ی وەدرێژەپێ دراوبی، وەجاویدان بون، ئەگەیێنێ. کە لەمەفهومی ئەبەدی یەتەوە نزیکە، بەلاَم بەرانبەریش نیە لەگەلی ئەزەلی یەتدا **«ئەزەلی یەت»** واتە هەربوە **«ئەبەدی یەت»** هەرئەبێ.

جائەلێ، بەرانبەرە لەگەلی **«نەفاد»** دا، واتە تەواوبون و دوایی هاتن وەهیچی لێ نەمانەوە دا دێت. خوا ئەفەرمێ **«وَما عِنْدَكُمْ يَنْفَدُ وما عِنْدَ اللهِ باقٍ»**. کەواتە، دەرئەکەوێ بەقاو نەفاد لەعەرەبیدا لەدژی یەك دێن فەنایش تیاچونە، نەك شوێنەما نەمانی تەواووکوژانەوە، ئەوەش ئەمرێت فانی یە بەلاَم ئیسك وپروسکی ئەمێنێ.

لێرەدا بەوجۆرەی من خۆم بۆم ڕوون بویەوە فەنا دوو بابەتە، بابەتێکی ئەوەتە کەبەدەستی بەندەیە، وەئایا بەندە لەسلوك و خۆپێ گەیاندن و خۆوەرزاندن و نەفس کوشتنا، تاچ ڕادەیێك زال ئەبێ بەسەری فەنا کردن و لەناوبردنی هەستەناپاك و ناشایستەو ناپەسەندەکانی دەرونی خۆیا، وە بەقا کەشی بریتی یە لەوەی تاچ ڕادەیێك ئەتوانێ، هەستی چاك وپەسەندوباش بکاتە جێ نشینی هەستە خرابەکان، ئەمربەمەعروف و نەهی لەمونکەری، تاچ ڕادەیێك پێ گەیاندوەو بوەتە خووخدەی، نەفس و شەیتانی تاچ ڕادەیێ دورخستوەتەوەو ویستی خودادۆستی ی و خواپەرستی ی لەدەرونا گەشە پێ دابێت، تاریکی ی تاچ ڕادەیێ لەدلی دورخستبێتەوەو ڕووناکی ی لەدلا جێ گیرکردبێت، چەن لەشەیتان دورکەوتوەتەوە چەندلەخوا نزیك بوەتەوە، لەپاشان چەن خۆیو هەموی جیهان و هەموی ئەم چاك و خراپانەشی لەبیربردوەتەوەو، خووخدەی داوەتەهەق، بەجۆرێك مەحەببەتی ذاتی هەق، وەبێزاری و دەرچون لەخەلق، وای لێ کردبێت هەرنەزانێ خۆی کێیەو چی یە، وە جگە لەخودا هەموشتێکی، تەنانەت ناوی خۆیشی، لەیاد چوبێتەوە، جا لەهەرکام لەوپێناسانەدا

گەیشتبێتە رادەیێك خرابەكانی لەصەداصەد نەمانێ، وەلەیادی چوبێتەوە، وا لەوپێناسەدا گەیشتوەتە پایەی فەنا، ؛ وەئەمی تریشیان كە لەدەرونا دای مەزراندوە، یان لەدەرونا ماوەتەوەو جێگیربوە ،لەوشتەدا گەیشتوەتە بەقا، یان بڵێین ئەوشتە پەسەندەی گەیشتوەتە بەقا، ،،،،،،داكۆكی بۆ ماڵ‌وسامان بەدەست هێنان، ئەوهەستەی گەیشتوەتە فەنا، وە بەهیچ جۆرێ ئارەزووی داكۆكی ی نەماوە، لەبەرانبەرا قەناعەتی گەیشتوەتە ئەوپەری، بەجۆرێك لوقەنانێكی بێت، بۆێخۆر ناگەرێ، وەهۆشی هەروالای خواپەرستی. كەواتە قەناعەتەكەی گەیشتوەتە بەقا واتە (**بەقای قەناعەت وەفەنای حیرص**). نمونەی دووهەمی فەناوبەقا بریتی یە لە مەقامە مەعنەوییەكەی، ئەم فەناوبەقایە،یان خەڵاتەو خوا دادەیە، نەك شتێ بێت رێبوار بتوانێ بەدەستی بیرێت، وەكوئەوەی بڵێن ئەگەر ئەوەندە ذیكرت كرد یان ئەوەندەساڵ ریازەتت كێشا، یان گەیشتیتە فلان مەقام، ئیتر بێگومان ئەگەیتە فەناو پاشانیش بەقا، بەم جۆرە نیە، بەڵكو زۆری واهەیە هەموی تەمەنیشی لەم رێگەدا بردوەتەسەرو ئەو حاڵەتانەشی بەسەرا نەهاتوە، یان هی واهەیە هەر لەحاڵی فەنادا ئەمێنێتەوەو بەقای بۆنابێت، هەروەكو شاهی نەقشبەند. ئەفەرمێ، چەندین شێوەی هەیە، هی واهەیە، لای وایە فەنا هەرئەوەتە، لەكاتێكا هێشان سەرەتای كارە، لەكاتی باسی كەمالیشدا وتم، لای شاهی نەقشبەندوایە، ئەوانەی كە كاملن ئەگەر لەروانگەی جەلالەوە بەكەمال گەیشتبن، وا هەتاهەتایە هەرلەحاڵی فەنادا ئەمێننەوە، كاریشیان نابێ بەسەری پەروەردەكردنی مورید (**رێبوارە**) وە، وە لەدەریای (**حیرەت**)دا لەفەنادا جێ ئەگرن. مەبەست ئەوەتە ئەم بەقاوفەنایەیان، لای من جیاوازە لەو بەقاوفەنا كە، چونكی لەوی ترا وەكو لە ریسالەی قوشەیری، یان، لە (**اَلتَّعَرُّفُ لِمَذْهَبِ اَهْلِ التَّصَوُّف**) یان زۆرێك لەسەرچاوەكاندا باس ئەكات، ئەكرێت مرۆڤ لەیەك پێناسا فەناوبەقای بۆبێت، بۆنمونە لەریسالەدا ئەڵێ، «**وَمَنْ زَهَدَ فِي دُنْیاهُ بِقَلْبِهِ یُقالُ فَنِیَ عَنْ رَغْبَتِهِ، فِاذا فَنِیَ عَنْ رَغْبَتِهِ فیها بَقِیَ بِصِدْقِ اِنابَتِهِ. هتد**» جا ئەمە لەكوێ ئەوە لەكوێ كەحاڵەتی جۆراو جۆری مەعنەوی و كەشفی بەسەرابێت و هەمو «**حەظظێكی**»، واتەبەشێكی دەرونی و نەفسی لەم جیهانەدا نەمێنێ خۆیشی لەیادبچێت وەهەستوشوعوری لانەمێنی وەفەنابێت و هەرخودای لەیادبێت، لەپاشان، فەناكەیشی وەخۆیشی لەیادبچێت، تەنهاخودای لەیادبێت، وەكو ئەوەی، كابرایێ چوبۆلای بایەزید وتی چیت ئەوێ، وتی هاتوم بۆلای بایەزید، وتی بایەزید كامە، بایەزید كێیە؟

منیش بۆی ئەگەڕێم، لەوکاتەدا ئەوبایەزیدیشی لەیادنەماوە، جابڕێ شەطەحات، واتەقسەی بێمەعنا، یان کەس لێ حاڵی نەبو، یان خیلافی شەرع، لەزمانی ئەوکەسانە دێتەدەر ئەوانەی لەم حاڵانە ناشارەزان، بێبەزەیی یانەو، نادادگەرانە، تاوانباریان ئەکەن بەکوفرو ئیلحاد، یان ئەڵێن تەصەووف حولول، یان (**اتحاد**) یان (**وەحدەتی وجود**) ی تیایە، لەکاتیکا کەهاتنەوە هۆش هەزار استغفار وپەشیمانی ئەکەن.

ئەگەر بۆیان بگێڕنەوە کەشتی وایان گوتوە، جا لەبەری ئەوەتە ئەڵێن ڕێبواران هەمو لەخواداوائەکەن، فەنایان کەم بێت، هەرچەن فەنا بە(**مەرحەلەو**) قۆناغ و هەوارگە دانراوەوبە «**تەلوین**» ، نەك بەمەنزڵ: بەڵام (بەقا)، مەنزڵەو جێگەی تەمکینە. هەروەکو مەولەوی بەشیخی سیرا جوددین ئەڵێ:

> جە شەوهەوارگەی فەنا ویەردە
> پای هەردەی بەقا باتاغگە کەردە

واتە ئەی ئەوکەسەی کە لەشەوهەوارگەی فەنائیەڕبوی وەلەهەردی بەقادا مەنزڵت گرتوەو دامەزراوی. ئیستە ئەگەڕێینەوە سەری ریسالەی قودسیە بزانین شاهی نەقشبەند چی ئەفەرمێ. ئەفەرمێ گوتویانە فەنا بریتیە لەدوایلەو دواقۆناغی (**سَیْرٌ اِلَیَ الله**). (**واتەڕۆیشتن بۆگەیشتن بەهەق**). وە بەقا بریتیە لەسەرەتای دەس پێ کردنی «**سیرفي الله**»، واتە گەیشتن بەمراز وەئیتر بەهرەمەندبون لەنوری هەق، وە بەرخورداربون لەوکەمالات ودەس کەوتانەی کە لەو نزیکیە، دەس ئەکەوێ.

لەپاشان ئەفەرمێ «**سَیْرٌاِلَیَ الله**» کاتێ تەواوئەبێت کە ڕێبوار لەمەڵبەند «**وەتەن**» ی هەمیشەیی خوی، وەلەهەموبەشێکی ئادەمی زادی بەت. بێتەدەرەوەو، خۆی دامالێ. وە لەرێبازی ئاواندا روبکاتە خواو، رووەو خودای خۆی کورانە ڕێگە ببرێت: وە دەشتی زیندەگی. بەهەنگاوی ڕاستی شەق کات، تائەگاتە کەعبەی ئاوات. بۆرووون کردنەوە ئەڵێم مەڵبەند یان وەتەن بەجێ هێشتن، دەس نیشانە بۆئەوقاڵبی ماددی جیسمە کەگیانی تیایە، واتە بەهیچ جۆری هۆشی پاراستنی طەبیعی، یان پێوەندی طەبیعی بەخۆیەوە نەمێنێ، بۆنمونە: وەکوسەرخۆش، یان نوستو، لێرەدا ئەم شیعرە نوسراوە کەئەڵێ. «**اِلَیْكَ یامُنْیَتِی حَجّی وَمُعْتَمَرِی، اِذْ حَجَّ قَوْمٌ اِلَی تُرْبٍ وَاَحْجَارِ**» ئەڵێ: ئەم «**سیر فی الله**» واتە ڕێگابڕین بەیارمەتی خودا. وە بەیارمەتی

نوری‌خودایە، پاش «**فنای مطلق**» کەبریتی‌یە لەفەنای «**صیفات وذات**» واتە فەنای «**پێناسەکانی مرۆڤ وە مرۆڤ خۆی**»،کاتێ دێتەدی‌کە «**وجودی‌حقّانی**»، واتە وجودی ڕاستەقینە، بکەنەخەڵاتی، تا بەو وجودە حەققانی‌یەی، بەرزبێتەوە بۆجیهانی ڕازانەوە بەپێناسە خودایی‌یەکان، وە ڕەوش هاتنەسەری ڕەوشی خودایی، «**واتە ڕەفتارو کرداری ئەبێتە ڕەفتارو کرداری خودایی**» خوا چۆنی پێ‌خۆشە وائەبێت، وەپێناسەکانی خوا، ئەوەی کەبۆ بەنی‌ئادەم دەس‌ئەدات لەودا ئەدرەوشێنەوە، جا ئەمەتەئەو پایەی کەخوا ئەفەرمێ «**بی‌یسمع وبی‌ینطق، وبی‌یبصر وبی‌یبطش، وبی‌یمشی، وبی‌یعقل**» لێرەدا ذات‌و صیفاتی فانی‌بوی ئەوکەسەی کەوالەحاڵی فەنادا، ئەمجارەیان لەناوی نوری هەق‌دا ئەدرەوشێتەوە وە «**تەصەرروفی جەذبەی هەق**»واتە بەکارگرتن وهەڵ‌سوڕاندنی ئەو، وەراکێشان بۆلای خۆی واتە بۆلای خودایە زۆرئەسێنێ بەسەری دەروونی بەندەدا، ئەمەش وەکو ئاسنێك بخرێتە کورەیێك هەرچەن حاڵەتی ئاسنی خۆی لەدەست‌نەداوە وەهەرچەن نەیش‌بوەتە ئاگر، بەلام، (**صیفەت**)، واتەپێناسی ئاگر کە سوتاندن‌بێت بوەتە هی‌ئەمیش، یان هەر چڵێ‌دار،لەکاتێکا کەدارە وە خاوەنی‌پێناسی خۆیەتی، کە کەوتە ناوی ئاگرەوە خۆی‌ئەبێتەئاگر، کە کوژاندنەوە نەدارەو نەئاگر، ئەمە هی‌چی‌بو؟ هی کارکردی ئاگرەکەیە لەودا، بەلام فەرق لێرەدا ئەوەتە ئەم نزیکی‌یە نزیکی‌ی ماددی، یان نزیکی ذات لەذات «**واتە کەس لەکەس**»؛ نیە، بەڵکو، فەنایێکی مەعنەوی‌یە، کەنمونەی بچوکی فەنای دایکوباوك، یان خۆشەویستانێکی زۆرخۆشەویستە، کە لەخۆشەویستەکەدا، وای‌لی‌دێت ڕەوش‌وهەڵسونیشتیان وای‌لی‌دێت ئەوخۆشەویستە چی‌بکات، یان‌چی‌پی‌خۆشە، ئەمیش وا ئەکات، مەبەست لەوحاڵەتی فەنایەبو، بەلام حاڵەتی ئاگر بۆسەری ئاسنی‌سارد کەئەیکات بە ئاسنی سورەوە بو،بەبێ‌ئیرادەو ویستە «**لاارادی**» یە، چونکە خۆئاگر ویستی‌نیە، هەروەهاناسنەکەیش، بەلام لێرەدا ئەم‌بەندەیە ویستی هەیە، ویستی‌ئەوەتە لەخوانزیك‌بێت؛ خوا لەخۆی ڕازی‌کات، فەرمانی‌خوا بەجێ‌بێری، ئەفەرمێ، «**وَاسْجُدْ وَاقْتَرِبْ**»، لەکێ «**واقترب**»، خوا نەجیسمە نەمادە، نەذاتی‌ئەو جێوشوێن‌و شێوەی‌هەیە «**لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ**»، یان کەئەفەرمێ «**وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ**»، کەواتەنزیکی‌هەیە، هەرچەن ماددی نیە، وەزۆرنزیکیش، کەبریتی‌بێت لەڕەگی «**وەرید**»؛ مەبەستم ئەوەتە، کاتێ سۆفیەکان ئەڵێن، فەناو نزیکی‌ی، وانەزانرێ ئەم نزیکی‌یە حاڵەتی ماددەیی هەیە، هەروەها نەوترێ چۆن، ئەو «**صیفاتانە**»، پێناسانەی

خودا خەلاّتی بەندەئەکرێن، ئەمەویٚ بڵێم وەکو ئاگرەکە، یان وەکو خۆشەویستی یەکە، یان، وەکو ڕووناکی، کەپێناسی هەتاوە بەلاّم مانگ لەوەوە بەشی وەرگرتوە، خۆ نزیك‌تر ئاوێنە، چۆن لەتیشکی ڕۆژ بەهرە وەر ئەگرێ، بەلاّم ئەم بەهرەوەرگرتنە، کەیە؟ کاتێ کەهیچ بەرگرێك لەنێوانا نەما، ئەگەر هەربویە مانگ‌و ڕۆژ خۆیان، خۆ کەئەرز کەوتەبەین، ئیتر ئەوپەیوەندە ئەپچڕێ، شتی مەعنەویش، شتی مەعنەوی، ئەکەوێتەبەینی، کەسێکت زۆر خۆش بوێ، چوارجنێوت بداتێ، یان بەجۆرێ هەڵسێ، دژی ویستی تۆبێت، دڵت ئێشێ، دیارە کاتێ ئێمە نافەرمانی خودابکەین ئەوەئەبێتە «ڕەین»، واتەژەنگ، بەسەری دڵەوە، وە لە خوامان دورئەخاتەوە، کاتێ دڵ حەسەدو کینەو خۆبەزل زانین‌و ئەوجۆرە پێناسەناپەسەندانەی تیابو، ئەبنەهۆی دووری، پێچەوانەکەشی ئەبێتە هۆی نزیکی ی، وە ئاوێنەی دڵ لەشاراوەیی دەرئەخات، وە لەژووری تاریك دێرێتیەدەرەوە، بۆبەری تیشکی هەتاو، ئەوهەتاوە کە لیی‌دا، ئەویش برێ لەپێناسەکانی هەتاوەکەی ئەبێتەبەش، لەکاتیکا هەتاو خۆی لەوی نەداوە بەڵکو پێناسی‌هەتاو، کەڕوناکی‌و گەرمی‌یە، لیٚیان داوە، ئەگینا هەتاوەکە ملیونهاکیلومەتر لەوئاوێنەوە دوورە. هەموی ئەمڕافەیە بۆئەوەبو وانەزانرێ ئەو فەنایە فەنای ذاتە لەذات‌دا، وە ئەونزیکی‌یە نزیکی لەشێك یان «**جیسمیکە لەجیسمیکەوە**» بەڵکو نزیکی‌یێکی مەعنەوی‌یە.

لێرەدا ئەڕۆینەوە سەری فەرمودەکانی، بەهائوددینی نەقشبەند، وتمان «**تەصەررۆفی جەذبەی‌هەق**»، پەڕوباڵ ئەکێشێ بەسەری دەرونی‌بەندەدا، وەدەرونی ئەو ڕێبوارە پاك‌ئەکاتەوە لەهەرچی گومان‌و دودڵی‌و بیری ناشایستەیە، وەهەمو ئەوهەستانە فەنا ئەبن‌و ئەسوتێن، وەپێناسەکانی خودا خۆی لەدەرونی بەندەدا کارئەکەن، وەئەبنە خاوەن ماڵ، وە وای لیٚ‌ئەکەن ئەوکەسە هەرگیز لەخۆیەوە ناتوانێ کاروباری دەرونی خۆی هەڵسوڕێنی، واتە فەرمانڕەوای دەرونی‌ئەو، ئیتر ئەوپێناسە تازانەن کەپێناسی خوداوەندن وە لەدەرونی ئەوبەندە پاك‌و خۆش‌بەختەدا، مەنزڵیان گرتوە، جا لەم‌کاتەدا هۆی‌ناسینی ڕاستودروستیی ئەم فەنایە، ئەوەتە ئەو بەندەیە بەرێکوپێکی ی فەرمانەکانی خودا ئەنجام‌ئەدات وە خواخۆی ئەیپارێزێتو یارمەتی‌دەریەتی، وەئەگەر هاتو ئەوبەندەیە فەرمانەکانی خودای بەجیٚ‌نەهێنا، ئەوە هی نادروستیی‌ی فەناکەیەتی، لێرەدا، قامك ڕائەکێشێ بۆ فەرموودەیێکی ئەبووسەعیدی خەرراز کە فەرمویەتی «**كُلُّ بَاطِنٍ يُخَالِفُهُ ظَاهِرُهُ فَهُوَ بَاطِلٌ**» واتە ئەوکە سەی لەدڵەوە هۆگری

خودایە، ئەبێ لە ڕەفتاریشا پەیڕەوی لەدەرونی بکات، وەفەرمان بەرداربێت، پاش بڕێ باس کردن سەبارەت بە وردەکاری یەکانی فەنا وە حاڵی جۆراوجۆری سالیکەکان، کەبۆچی لەوحاڵەدا وائەبن وەلەوکاتەدا وایان بەسەردێ، کەنوسین یان لێرەدا بەزیادەئەزانم، ئەفەرمێ، خاوەنی بەقاوفەناکان، پاش ئەوهەموە ڕەنج و ماندوبونەی کەکێشاویانە، ئەگەنە دڵنیایی ویجدان، وەسروری چاوپی کەوتن، وەلەکانی ئەم بە مراز گەیشتنەشا، وان لەوپەڕی بێ مورادیدا، واتە هیچ داخوازێکی تریان نیە،...وەکو داخوازی **«مەقام وەکەرامات»**، بەڵکو لێرەدا خۆیان لەدەرخواستی مەقام وکەرامات و ئەوجۆرەشتانە دوورئەخەنەوە، وە پارێزیان لێ ئەکەن، وە بە بەدی هێنەری، پەردەو دیوار **لەنێوانی** خۆیان وخوادا، دایان ئەنێن، وە «**مەشرەبی دڵ**»، واتە لەئارەزوی دڵدا هەرچی ئارەزوی «**جیسمی وڕۆحی**» یە واتە ویستی لەشورەوان، هەموی تیائەچێت، وەگەیشتن بەپلەی فەنا نیشانەی گەیشتنە بە «**حەقیقەتی مەحەبەتی ذاتی ی**»، لەپاشان ئەفەرمێ: فەنا خەلاتێکی تەواوە وەتایبەتی خواخۆیەتی، وەسونەتی خوایی، واتە «**ڕەوالی کاری هەمیشەیی خوا**» بەوجۆرەبوەو بەوجۆرەیە، کە هەرگیز ئەوشتەی بەشێوەی خەلات دابێتی بەبەندەکانی، لەوانی ناسێنێتەوە، جا هەربەم بۆنەوەیە، وتراوە «**الفانی لایُرَدُّ اِلی اَوصافِهِ**» واتە فانی ی ناگەڕێنرێتەوە بۆسەری پێناسەکانی لەوەوپێشی، واتە، مادام خوا ڕزگاری کردوە لەپێناسی ناشیرین وە ئەوپێناسانەی بەنوری خوداسوتاون وەتیاچون، تازە زیندوبونەوەو گەرانەوەیان نیە، وەئەوبەندەیەی لەومەقامە تێ پەڕی خوا لەدنیاوقیامەتدا خۆش بەختی کردوە. هەر لەم بارەوە ذوالنونی میصری ئەفەرمێ. «**مارَجَعَ مَنْ رَجَعَ اِلاّ مِنَ الطّرِیقِ، وَما وَصَلَ اِلَیْهِ اَحَدٌ فَرَجَعَ عَنْهُ**» واتەهیچ کەسێ پاشی فەنا نەگەڕاوەتەوە بۆسەری پێناسی ناپەسەندی لەوەوپێشی، ئەگەر کەسێ گەڕابێتەوە، لەڕێگەدا گەڕاوەتەوە «واتە، **ئەوشیرودۆڵ و بەرزوهەڵەتانەی، وتم شاهی نەقشبەند ئەفەرمێ وان لەڕێگەی ئەهلی فەنادا، وەئیامی ڕەببانی لەمەکتوبات دا قامکیان بۆئەکێشی**» جائەڵێ ئەوەی لەڕێدا لێی نەقەومابێ، وە گەیشتبێتەمەنزل، تازە گەڕانەوەی بۆنیەو ڕزگاربوە.

جا سەبارەت بەم باسە، بەهائوددینی نەقشبەند ئەفەرمێ، «**وجودی فەنا بوو هەرگیزناگەڕێتەوە بۆ وجودی بەشەری یەت**» «**ئەولەشەی یان ئەوگیانەی، فەنای بەسەراهات، تازە ناگەڕێتەوە بۆچۆنیەتە ئادەمیزادیەتەکەی جارانی، ئەڵێ، مەقامی (فەنای موطلەق)**، هەرچەن خەلاتی خودایی یە، لەگەڵ ئەوەشا ئەم مەقامە بە «**تەدریج**» پلەبەپلە و،

وردەوردە، بەپێی. بەدیهاتنی مەرجەکانی دێتەدی، وەمەرجی گەیشتن بە «فەنای موطلەق» ئەوەتە، ئەوکەسە بەهەمودڵ و توانایێکیەوە رووبکاتە خودا، رووکردنێك کە لەخۆشەویستی ی دەرونی ی، وەدوری گرتن لەهەرشتیێ کەخوا پێی ناخۆشە سەرچاوە بگرێت.

وەمەبەست لەم فەنایە، فەنای لایێی ئادەمی زادبونی ئەوکەسە، وە خووخدەکانیەتی، وە دەرکەوتن و هەڵهاتنی دەسەڵاتی خوداوەندی وە حەقیقەتە، «لێرەدا، دەس ڕائەکێشن بۆباسی سوربونەوەی ئاسن کەباسیان کرد» ئەڵێ ئاسن لەگەڵ ئەوەشا هەموشتێکی لەئاسنی ی نەکەوتوە بەڵام چونکە لەکورەدا سوربوەتەوە پێناسەکانی ئاگری وەرگرتوە، لێرەدا دەس بۆئەم شیعرە فارسی یە ڕائەکێشیێ، کەئەڵێ:

تونونەشەوی وەلیکن ئەرجەهد کونی
جایی برەسی کەزتو توئی بەر خیزەد

ئەڵێ، بەڵی دیارە تۆبەندەیت، وەقەت نابیتەئەو، بەڵام ئەگەر تی کۆشیت، تۆیش ئەبیتە شتی بۆخۆت.

جائەفەرمیێ، ڕێگاو دەسەڵات و بردی ئاوەزو زانیاری، تا، کەناری دەریای فەنا بڕئەکات، ئیتر لەوەولا، سەرسوڕمان و پەرێشانی یە، سەیرئەوەتە، ئەم بەهرەو ئەم خەڵاتە دوایی نایێت، وە نەبڕاوەیە، وەهەردەمەی جۆرەدەس کەوت وپێش کەوتنێکی هەیە، وەهەتاهەتایە هەربەردەوامە، وەلەوەولای جگە بۆئەوکەسانە نەبێت کە لەو بەهرە بەرخوردارن وەخۆیان ڕێبواری ئەورێگەی خۆش بەختی یەن، بۆکەسی تر نەزانراوەو نازانریێ، وەباسیش ناکریێ.

ئەفەرمیێ لێرەدا سەرەتای چاوپی کەوتنی جیهانی وەحدەت، وە وەحدانییەت دەس پی ئەکات.

لێرەشا برێ وردەکاری تر باس ئەکەن سەبارەت، بەجیهانی وەحدەت وەوەحدانیەت، کە ئێمە لەباسەکەمان دوور ئەخاتەوە، لەبەرئەوە بەپێویستم نەزانی، لەپاشان ئەفەرمیێ، پاش گەیشتن بە دەرەجەی (**فناف الله، وە بقابالله**)، وەنەبێ هیج جۆرە سپاردەیێك لەسەری ئەوکەسە لابرێت، بەڵکو ئەوبەندەیە هەروەکو لەوەوپێش ئەبێ سپاردە ئایینی یەکانی بەجی بێرێت.

ئەڵێ ئیبراهیمی شەیبانی کە لەپیاوەگەورەکانە ئەفەرمیێ، «**عِلْمُ الفَنَاءِ والبَقَاءِ يَدورُ عَلى إِخْلاصِ الوَحْدانِيَّةِ، وَصِحَّةِ العُبُودِيَّةِ، وَماسِوى ذٰلِكَ مَغالِيط وزندقة**» واتە، زانیاری ی

بەقاوفەنا بەسەری ئیخلاصی خواناسیو خوابەیەكزانی وە ئەنجامدانی رەوشی بەندەگییەوە هەلّئەسوڕێ، هەرچی لەمە بەدەربو دەس بڕینو، زەندەقەیە جا وشەی فەنای فەنایش، لەكاتی باسی فەنادا دێتە پێشەوە، وە ئەلّێن ئەبێ ڕێبوار فەناكەشی فەناكات، وە لەیادی بەرێتەوەو تیایبات، لەمبارەوە ئەفەرمێ فەنایفەنایش ئەوەتە، هەروەكو «وجودی جیسمانی» فانی بوە، واتەهەستەجیسمانییەكانی مرۆڤ تیاچوون، وجودی ڕۆحانیشی فەنابێت، هەروەكو وتمان دەرخواستی ڕۆحانیشیێ نەمێنێ، وەكوپێخۆش بونی مەقامی مەعنەوی، وەكەشفوكەرامەت، تەنانەت پاداشی بەهەشت، وەئەمدەرخواستە ڕۆحییانە، بۆئەوەی چاوپێكەوتنی جەلالیخودا وەكەشفی عەظەمەتی خوداوەندی بەسەریدلّودەرونا، دنیاوقیامەتی لەبیرباتەوە، ئەوكاتە پایەومەقامی مەعنەویش ئەبێتە هیچ بەلایەوە، عەقلّو نەفسیش فەنائەبن، جا ئەوكاتەیە كە فەناكەیشی فەنا ئەبێت، واتە هەستی لایئەوەش نامێنێ، كەخۆیگەیشتوەتە مەقامیفەنا، وەئەممەقامە هۆیسەربەرزی یەو سەرەفرازی، جا هەرلەمكاتەدایە كەزمانی دێتەگوفتاری هەق وەلەشی وەكوخۆلّ ئەكەوێتە سەریزەوی، وەسەری بەندەگی ڕاستەقینە شۆڕئەكاتەوە، وەئەمفەنایە هەموی بریتییە لەسەرسورمانو وبێنیشانی، واتە «**خۆبەهیچزانی**».

لەشاهی نەقشبەندیانپرسیوە، فەنا چەنجۆرە یان چەنبارە، ئەفەرمێ، فەنا تەنها دووجۆرە، هەرچەن وتراوە كەجۆری زۆرە، بەلاّم، لەگەلّئەوەشا هەموی دێنەوە ژێری فەرمانو ناوی چوارچێوەی ئەمدووجۆرە.

یەكێكیان، فەنایە لە «**وجودی تاریكی طەبیعی**»، واتە ئەمهەستییە چاولیّكراوەی كەلەپێشچاومانە، دوهەمی، فەنا، لە «**وجودی ڕوناكی ڕوحانی**» ئەمەش، نیشانەیە بۆئەوحەدیثەی كەئەفەرمێ «**ان لله سبعین الف حجاب من نور وظلمة**»، هەرچەن پەردەكان، یانشیوو شورەكانی ئەمڕێگایە، حەفتاهەزاریش بن، بەلاّم وان لەدووچوارچێوەی ڕووناكیو تاریكیدا.

جا برێ لەگەورەپیاوان وە كەلەمەردانی كۆلّنەدەر سەبارەت بەم دووپلەگەورەیە فەرمویانە. «**خُطْوَتانِ وَقَدْ وَصَلْتَ**» تەنهادووهەنگاوە ئیترگەیشتویتەمەنزلّ، بەلّێ ئەوەی مەردبێت، وایە هەر دووهەنگاوەو ئەگات.

شاهی نەقشبەندیش ئەفەرمێ **«ئەم حیجابە بریتی یە لە وجودت، لای بە، واگەیشتی، «دَعْ نَفْسَكَ وَتَعالَ»**

ازتو تا دوست رە بسی نیست توی
در راە تو خاشاکو خسی نیست توی.

ئەڵێ ماوەی تۆ تادۆست **«واتەخودا»** ڕێگایێکی زۆرنیە هەر تەنها خۆتی خۆت وەنەبێ درکودالێ بەسەری ڕێگاوەبێت هەرخۆتی خۆت **«خۆت لابەرە واڕێگات پاککردەوەو گەیشتی»** کەبریتی یە لەم فەناکردنە. ئەڵێ، گەیشتنی **(خۆش ویست بە خۆشەویست) «موحیب بە مەحبوب»** کە دواقۆناغی حاڵەکانە، پاش ئەم فەناو بەقایە دەس ئەدات، وەبەرلەفەنا هەرگیز دەست نادات. هەروەها لەحاڵی فەنایشا **(وصول)** گەیشتن هەردەست نادات، بەڵام پاش فەنا وەپاش دامەرزان لەبەقادا، ئیتر خۆش ویست **«موحیب»** ئەگاتە ئاواتی **«وصول»**.

وجود، واتە هەستی موخیب، کە بەهۆی گەیشتن بەخوشەیست **(مەحبوب)** بەقای پەیدا کردوە، **«واتە بوەتە خاوەنی مانەوە»** ئیتر بەرگەی زاڵ بونی **«تەجەللای هەق»** ئەگرێت، واتە نوری تەجەللای هەق نایسوتێنێ، بەڵکو گەشەیشی پێ ئەکاتو تینوتاوی تێ ئەکەوێت.

کەواتە، هێزوتوانایی، بەمرازگەیشتوانی، دیتن **(موشاهەدە)**، ئەپارێزرێتو تیاناچێت، هەروەها تێکەڵی کردنی خەڵکیش کاریان تێ ناکاتو نایان گۆرێت، وە هیچ هۆیێکی ئەم جیهانە، ناتوانێ سەرگەرمی کا بەخۆیەوە، وەکارێکی لێ بکات کەپەیوەندی لەگەڵی خۆشەویستدا بپچرێنێت، چونکە لەناوەرۆکدا هەموشتێ هەربەدەستی خۆیەتی، نە شوهودی هەق، واتە، دیتنی هەق **«بەچاوی دەرون»**، ئەبێتە هۆی ئەوەی، پەیوەندی لەگەڵی خەڵق بپچرێت، وەکو ئەوکاتەی کە لەحاڵی فەنادابوە، وە نە تێکەڵی ی خەڵق ئەبێتە پەردەی نێوانی ئەوو خودا، وەکو ئەوکاتەی کە نەگەیشتبوە فەنا، بەڵکو هەرکام لەم دوانە، واتە هەم خەڵق وە هەم خالیق، لەمەقامی خۆیانا، وە بەش بەحاڵی خۆیان، ئەبینێ بێ ئەوەی ببنە پەردە بۆیەکتر، لێرەدا فەناوبەقای ئەوکەسە یەکیان گرتوەتەوە، لەفەنادا باقی یەو لەبەقادا فانی یە.

ئەفەرمێ جالەمەولا سەرکەوتن هەر دوایی نایێ ، وە بەمەقامانە ئەڵێن «سَیْرٌ فی اللّٰه» واتە بەرخورداربون لەخودا ، وە ئەمپایە ئەوەندە بەرزە هەرچی مەقاماتی مەعنەوی لەوەوپێشە وەکو تەنهاقوناغێکی سەرەتایی ئەممەقامەتە ، بەڵکو وەکو هیچ وایە ، «شیخ فەریدوددین عەتتار» کەنزیکەی (٦٠٠) ك لەدنیادەرچوە ، سەبارەت بەممەقامە ئەفەرمێ .

آندررەحق جمله ادب بایدبود ، تاجان باقیست درطلب بایدبود،
دریکدم اگرهزار دریابکشی ، کم بایدکرد وخشك لب بایدبود،

واتەئەبێ ئەدەب بکەیتە پێشەت ، بۆبرینی رێگەی هەق ، وهەتا گیانیشت اتیایە لەسەری مرۆڤە ، لەتێکۆشان نەوەستی| ئەگەر لەهەر دەمێکادەریایێك نۆش کەیت ، ئەبێ بڵێیت کەمەو ، دەمت وشك بێت .

مەبەست ئەوەتە : پاش گەیشتن بەو مەقامە، ئەوەی ئەدەب کردنەو داخوازکردن ، وە هەتا لەوبادەیە بۆت تێکەن ، هەربڵێیت بابێ «ساقی بۆم تێکە .

حاجی شیخ عبد الرحمن نەقشبەندی ، کوڕی شیخ عثمان سیراج الدین ، کە ...ێکە لە کەڵەمەردانی گورەپانی تەصەووف ، وە شاعیرێکی بەرزە ، وەدیوانە ...ەکەی لە یادی مەردانی ژمارەدووی ماموستامەلا کەریمدا چاپ کراوە ، لەمبارەوە شیعرێکی هەیە کە ئاشکرایە دەس کێشانە بۆ ئەو مەقامە وەدیارە خۆی لەومەقامەدابوە ئەڵێ :

(عجب درمن یزیدعشق عاشق ازچەروگفتە،کەعشق آسان نمود اول ولی افتاد مشکلها)؟
(وفا عین صفای می شداست وبازمی گوید،الا یا ایها الساقی ادر کاســـــا وناولها)

ئەڵێ سەرم سورماوە لەوعاشقەی کەلەمەزانی عیشق دا هاوارێەتی بەدەستی دەردی سەری عیشقەوە ، وە ئەڵی عیشق لەپێشا خۆی ئاسان پیشان ئەداو کەچی گرفتاریی زۆری بەشوێنەوەبو ، جائەڵێ منی عاشق ، بەپێچەوانەی ئەوعاشقەوە ، واتە حافظ ، ئەوەتە (وەفا) یەکپارچەو سەرتاپا بوە بەمەی ، لەگەڵ ئەوەشا هەر هاوارئەکەم ، ئەڵێم «اَلاٰ یا اَیُّهَا السّاقی اَدِرْ کاْساً وَناوِلْها» واتە ئەی بادەگێڕێکێکی کەم بۆتێکە ، جا ئەوە دەس راکێشانە بۆمەقامی بەقای پاش فەنا : کە بەندە لێ هاتوو هیمەت بولەندو کۆڵ نەدەرو خوا پێ داوەکان ، دەسیان کەوتوەو : کەوتونەتە ناوی ئەونازونیعمەتە ، ساقی ئەلەست نازیان ئەکێشێتو بۆیان تێ ئەکات لەبادەی

مەحەببەت ، مەقامپاش مەقام وەرئەگرن ، لەگەڵ ئەوەشا هەموگیانیان هەر بادەی مەحەببەتە ، کەچی هەرئەڵێن ، «**الا یا ایها الساقی ادر کاسا وناولها**» لێرەدا دەس ئەکێشین بۆبڕێ بیروباوەڕی تری گەورەپیاوانی تەصەووف سەبارەت بە (**فەناوبەقا**) ، لەکتێبی (**التعرف**)دا ، (**تاج الاسلام کلا بادی**) (**٣٨٠ك / ٩٩٠م**) ئەڵێ ،

الفناء اَن یَفنیٰ العبد عَنِ الحُظوظ فلایکونَ لهُ في شيءٍ مِنْ ذلك حظ : وَیَسقط عَنْهُ التمیز» .

والبقاء الذي یعقبه «**هو ان یفنی عماله ویبق بما لله**» ، ئەڵێ ، قال البعض ، ان یکون کل حرکاته موافقات الحق دون مخالفاته «**فانیا عن المخالفات باقیا بالموافقات**» واتە ، فەنا بەوەئەڵێن ، ئەوبەندەیە لەهەرچی شتەو هەرچی بەشە دەستهەڵگرێت هەم لەعەقڵوهۆش هەم لەداخوازی دنیاوقیامەت لەهیچ شتێکا بەشی نەمێنێ ، وە تەمیزی نەمێنێ . واتە نەتوانێ قانجازو زەرەری دینیو دنیایی لێك بداتەوە .

بەقایش کەبەشوێنی ئەوادێت بریتی یەلەوەی ئەوەی هی خۆیەتی لەیادی بچێتەوە وەتەنهائەوەی بۆخودایە ، لەیادی ئەوەدابێت .

یان هەرچی هەڵسانو دانیشتنیە هەموی بەوجۆرەبێ کەخوایێ خۆشە وە موخالەفەتی نەکات .

دەس لەهەمو کارێکی پێچەوانەی ئەمری خوا هەڵگرێت وە هەرچی خوا پێی خۆشە ئەنجامی دات .

ئەڵێ : یکون فانیاً عَنْ اوصافِهِ باقیاً بِاَوصافِ الحق .

پێناسەکانی خۆی لەناوبەرێ وەپێناسەکانی خودای بمێنێتەوە . هەروەها ئەڵێت : «**فناءٌ عن تعظیم ماسوی الله وبقاءٌ في تعظیم الله**» ، جگەخودا کەس بەگەورەنەزانێ وەتەنها خوابەگەورەبزانێ ، کتێبی «**التعرف**» ئەویش ، لەزوانی خەررازەوە : ئەڵێ «الفناء هو ذهاب حظ العبد من الدنیا والاخرة ،» جائەڵێ ، دەس هەڵگرتن لەبەشی دنیا دەس هەڵگرتنە لە هەمو پاداشێکی دنیایی ، وەکو سامان یان مەقام وەپاداشی ئەودنیایش بریتی یە لە بەهەشتو ئەوجۆرەشتانە ، جائەبێ هۆشی هەربەلای خۆشەویستی خوداو ڕەزامەندیی خوداوەبێت وە هەردوجیهان پشتگوێ بخات .

لەپاشان ئەڵێ «مِنهُمْ مَنْ جَعَلَ هذه الاحوال کلّها واحدةً وانْ اختلفت عباراتها ،» هی واهەیە هەموی ئەم حالانە واتە ، ئەم حاڵە دووجۆرو دووناوانە هەر بەیەك حاڵ

ئەزانێت ، فەناو بەقا ، جەمع و تەفرەقە ، غەیبەت و شوهود سوكروصەحو ، هەر بەیەڵكشت دائەنێ واتە فەنا بەقایەو جەمع تەفرەقەیەو غەیبە شوهودەو سوكور صەحوە .

لەپاشان ئەڵێ گەورەپیاوانی وەكوجونەیدو خەررازو نوری ، ئەڵێن ، ئەوانەی كەفەنایان تەواوكردو لێبونەوە تازە ناگەڕێنەوە بۆسەری حاڵی پێشی فەنا ، وەئەبنەپیاوێكی ترو جیهانێكی تریان هەیە ، واتە هەربەپاكی و بە نزیكی ئەمێننەوە ، دیمان شاهی نەقشبەندیش هەرلەسەری ئەوباوەرەبو .

قوشەیری ئەڵێ : «الفناءُ سقوطُ الاوصاف المذمومةِ ، والبقاء ، قِيامُ الاوصافِ المحمودةِ .»

فەنا تیاچونی پێناسی ناپەسەندەو بەقا دامەزراندنی پێناسی پەسەندە .

لەكتێبی (**مَدارجُ السالكین**) دا زۆر بەدورودرێژی سەبارەت بە بەقاوفەنا باسی كردوە ، ئەم كتێبەخۆی بریتی یەلەباسی مەقامەكان لەبەرئەوە بەدرێژی و بەشێوەیێكی زانیارانە باسی كردوە ، ئەوەی یەوێ لەم باسانە باش بگات ئەبێ سەیری كتێبەكانی (**معجم** ، **ومصطلحات** ، **والفاظ**) الصوفيه ، وە مدارج السالكين وەمنازل السائرين ، ومعجم الصّوفی ئەلفاظی محی الدین عەرەبی بكات ، ئەمەش كورتەیێكی كورت لەباسەكەی (**مدارج**) ، ئەڵێ ئەبێ ئەوەی وەلی و عاریفە ، خاوەنی ئەم چوارپێناسەبێت ، كە لەچوار چێوەی وشەی فەرق و جەمع وە كەثرەت و وەحدەت دا كۆبونەتەوە .

ئەبێ فەرق بخەن لەنێوانی ئەوشتەی خواپێی خۆشەو خوا پێی ناخۆشە ، وەفەرمان ئەدا بەكردنی ، فەرمان ئەدا بەنەكردنی ئەوانەی خۆشەویستی خودان ئەوانەش دوژمنی خودان ، وە ئەمەش بزانن ، خوا یەكێكەو پێناسەكانی زۆرن ، ئەوەش كەثرەتە لەوەحدەتدا .

جەمعی ئەو فەرقەش ئەوەتە بزانن هەموی ئەمانە وان لەژێری فەرمانی قەضاوقەدەری خواو ویستوئارەزوی ئەوا ، كەوابو ئەبێ ئەمانیش چی خواپێی خۆشە وابكەن وەلەچی بێزارەنەیكەن پاش باسێكی درێژ ، ئەڵێت دواپلەی خۆشەویستی بریتی یە لە یەك گرتنەوەی ویستی (**موحیب**) لەویستی «**مەحبوب**»دا ، وە فەنای «**ئیرادە**»ی «**موحیب**» لە ئیرادەی ، «**مەحبوب**»دا . ئەڵێ ئەم «**اتحاده**» واتە یەك گرتنەوەی

ویستە وەئەم فەنایە «فەناو اتحادی» خۆشەویستە تایبەتەکانە، ئەڵێ فەنای ئەمانە ئەوەتە لەپەرستنی خۆشەویستا فانین وە بێزارن لەپەرستنی کەسی تر لەو ئەترسن ولەکەسی تر ناترسن ئومیدیان بەوەو لەوداوا ئەکەن ئومیدیان بەکەس نیەو لەکەس داوانا کەن، پشتیان بەوبەستوەو بەکەسی تر، ئەوەی گەیشتە ئەم فەنایە ئیتر خۆش ویستن و رق لێ بونو لاین گیری و دوژمنی کردنی هەرلەبەری خوائەبێت، وەئاینی ئەو بەنهێنی و ئاشکرا هەربۆخودایەو بۆ پێغەمبەری خۆشەویست، وە خوا وپێغەمبەریان لەهەموکەسێ، تەنانەت لەعەزیزترین کەس خۆشتر ئەوێت.

کاکڵەی ئەم فەنایە فەنایە لەنەفسی خۆی لەرێگەی رەزامەندیی خوادا، وەئاکامی هەموی ئەمانە، ئەوەتە کە لا اله الا الله بەوپەری زانین وتێگەیشتنەوە بەکردەوەو بەقەصد بێرنەدی.

وە ناوەرۆکی ئەم (نەفی وئیسباتە)ی لا اله الا الله ئەوە خۆی بریتی یە لەفەناو بەقا چونکە بەوشەی لا اله، پەرستنی هەموشتێکی داوەتە دواوەو نەفیی کردوە وە بە وشەی الا الله خوایەتی خوای هێشتوەتەوەو بەقای خوای ناسیوە، وە بەم چەشنە هەر درێژەئەدات بەباس.

لە «ئەلفاظ الصوفیە»دا، زۆرشت ئەڵێ کە هەر لەوسەرچاوانەی وەرگرتوە، لەگەڵ ئەوەشائەڵێ.

فەناوبەقا، بەیەکترەوە بەسراون ئەمیان ئەویان تەواوئەکات. ئەڵێ ئەوەی دەستی لەزەرقوبەرقی دنیا هەڵگرت ئەوە فەنای دنیاکەیەتی کەواتە «لەوەلا بەراستی وهەق تیایائەژیت ئەوەش بەقاکەیەتی، ئەوەش هەقیقەت باڵی کێشابەسەریا و چاوی بەشوێنی کەسی ترو هیچی ترەوە نابێت، جێگەدار واتە بەدیل وەجێ نشینی بۆخودا دائانێ وەجگەخوا گوێ بەکەس نادات، کەواتە لەخەڵق فانی بوە وە بەهەق باقی یە.

لەکتێبی «معجم مصطلحات الصوفیە»دائەڵێ.

فەنا گۆرینەوەی پێناسی ئادەمی زادی یەتە، بەپێناسەکانی خودایی، بەوجۆرەی هەرکام لەپێناسە ناپەسەندەکان لائەبات پێناسێکی خودایی ئەکاتەجێ نشینی، تاوای لی دێت «یکونُ الحقَّ سمْعَهُ وبَصَرَهُ، کما نَطَقَ بِهِ الحدیث» خوا ئەبێتە هێزی بیستن

وبینێی ئەو، وەکولەحەدیثیقودسیدایە، ئەڵێ نیشانەی دامەزرانی ئەمفەنایەش ئەوەتە؛ دەستهەڵگری لەهەڵمەتدان بەملاو بەولادا وەلەئومیدەواربون بەموبەو بۆبەدەستهێنانیقانجاز وەخۆپاراستنلەزیان، بەلکو ئەبێ جگەخوا پەنابۆکەس نەبەی وەداوالەکەسنەکەی ئەربەوجۆرەت لێهات وافەناکەت تەواوە. هەروەکو وتم باسەکە زۆردوورودرێژە، کورتەکەی ئەوەتە لەپێشا باسم کرد وادووجۆر فەناهەیە، یەکێکیان «خەلاتێکەو خوائەیدات ئەویشبریتییە لەحاڵوئەحواڵێك کەبەسەری خاوەنمەقامەکەدا دێت مەگەر هەر خوا بیزانێت وەبڕێ لەبارەیەوە باسمانکرد، دووهەمیش «تێکۆشانەکانی بەندەیە بۆئەوەی شایستەبێ ئەومەقامە پەیداکات ئەویشبریتییە لە خۆڕازاندنەوە بەو هەموە پێناسانەی کەباسکران، ئەبێ مرۆڤ ئەوهەموەپێناسە ناپەسەندانە فەناکات وەلایانبەرێ وە پێناسە پەسەندەکان بەدەستبێڕیتو بیانهێڵێتەوە»بەقایان بداتێ»تاشایستەبێ نزیکیی لەخوا پەیدائەکات وەخودا لەپێشا لەهەوارگەی فەنادا ئەیکاتە مێوان تاماوەیێك لەپاشان بۆهەتاهەتایە لەمەنزلی بەقادا جێگەورێگەی تایبەتی ئەداتێ، وەبەناوی یەکێ لەخۆشەویستان لەمانومردنا لەونازونیعمەتو ڕێزوپایەیە بەرخوردار ئەبێت.

«ذلك فَضْلُ الله يُؤْتِيهِ مَنْ يَشاء».

«تَوْحيد»

(تەوحید) لەڕوانگەی ئیسلامەوە بریتییە لە خودا بەیەكناسین، واتە ئەوکەسەی شیاوی پەرستشەو ئەبێ کورنوشی بۆبەریت، وە بەدیهێنەری گیانداران و بێگیانەکانە وە بەدیهێنەری وێنەو کەونە هەموی، ئەوەی ئێمە عەقڵمان پێی بشکێتو ئەوەش لەوزەی ئاوەزی ئێمەدا نەبیت، بێوێنەو بێنمونەیە وەهەروەکو خۆی ئەفەرمێ «لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ»، «تەوحید» ئەوەتە بەزوان بڵێیت «لااله الاالله» وە بەدڵیش باوەڕت لەسەری ئەوەبێت، کە، کەس خودانیەو شیاوی پەرستشنیە «الله» نەبێت، خودا خۆی فەرمان ئەدات، وەئەفەرمێ «قُلْ هُوَ اللهُ أَحَدٌ اللهُ الصَّمَدُ. لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يولَدْ. وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُواً أَحَد» لەبارەی خودایگەورەوە لەپێغەمبەر پرسیارکرا، جا، وەحی، «سروش» هاتەخوارەوە، وەئەمسورەتەی هانی بۆوەلامی ئەو پرسیارە.

بێگومان «**تەوحید بەرانبەر، بەشیرك یان بەکوفر وە ئیلحاد هاتوە**»، شیرك واتەهاوبەش بۆخودا دانان، سا، یان یەکێك یان دووسێ یان‌هەزار، کوفر دژی باوەڕە، کوفر داپۆشینی شتی‌ڕاستە، کوفر بەنمەك‌حەرامی‌و نمەك‌نەناسی‌ی، واتە کوفری‌نیعمەتیش ئەوترێت. شیرك هاوبەش دانانە بۆخودا، وەکو ئەوانەی (**بوتە**)کانیان دائەنا بەشەریك بۆخودا، واتە ئەمان پەنایان‌ئەبرد بەوان، کەئەوانیش پەنا بەرن بەخودا یان، ریایی‌کردن، لەخوداپەرستی‌دا، وەکو ئەوەی نوێژو چاکە بۆئەوەبکەی خەڵك بەچاکت بزانن، ئەوەخۆی شیرکە، واتە شەریك بۆخودا دانانە، یان‌بڕێ‌جار یارمەتی داواکردنی ڕاستەوخۆی لەپیرو مورشیدو پیاوچاکێکی زیندو یان مردو، ئەوەش هەرشیرکە، وەکوئەوەی بڵێیت: ئەی‌پیاوچاك یان ئەی مەرقەدی فڵان، فڵان‌شتم لەتۆ ئەوێت، ئەمە ئەگەر بەونیازە بێت کەئەو پیاوچاکە، یان ئەو خاوەن مەرقەدە، کارەکەت بۆبکات، ئەوە هاوبەش بۆخودا دانانە، بەڵام ئەگەر بەو نیازەبێت ئەو بەندەیێکی خۆشەویستی خودایە، ئەویش داوات‌بۆبکات لەخودا ئەوەئەکرێت، لەگەڵ‌ئەوەشا ئەبێ باوەڕت‌لەسەری ئەوەبێت خودالەخۆیشتەوە نزیکە، ئەبێ ئەوەش‌بزانین ئەوپیاوچاکە، یان ئەو خاوەن‌مەرقەدە گوناهی لەسەر نیە، چونکە ئەوچ‌بکات، کەتۆخۆت نەزانی، بەپێی فەرمانی خودا هەڵسوڕێیت، شتەکە زۆرناسکە، وەئەبێ لەکاتی زیارەتی پیاوچاکانی زیندو، یان مردودا، مرۆڤ زۆر هۆشیاربێت، تابەخۆڕایی نەبوێتە موشریك وەئاگای لەخوێ نەبوێت.

«**ئیلحاد**» خودا نەناسین‌و، دان بەوجودی خودادا نەنانە، وەزۆر، بەنی‌ئادەمی وا هەن لایان وایە، ئەم کەونە، وەئەم هەموە گیان‌دارانە، هەروا لەڕێگەی هەڵکەوتەوە • هاتونەتەدی، وە هەرلەخۆیەوە، ئەم جیهانەو ئەم‌کائناتە، هەڵ‌ئەسوڕێ، وە ڕێك‌خەرو هەڵسوڕێنەرێکی نیە، بەڵێ لەکاتێکا باوەڕناکات بەوەی بزمارێك، وەیان جەڕو جێگا جەڕیك، لەخۆیەوە بەڕرێکەوت دروس‌بێت، کەچی لای‌وایە خۆی وەبەدەنی‌خۆی، بەوهەموە دەسگا سەرسوڕێنەرەوە، هەرلەخۆیەوە بەهەڵکەوت، دروس‌بوە، بەڵێ ملیونها کەس ئابەم‌جۆرە سەرلێ‌شێواون، وەئەڵێن، چۆن فرۆکە، یان تەلەفزیۆنێك لەخۆیەوە دروس ئەبێ، بەڵام لەم‌لایشەوە لایان‌وایە دروس‌کەری فرۆکەوتەلەفزیۆنەکە کەئادەمی‌زادە هەرلەخۆیەوە بەهەڵکەوت دروس‌ئەبێت، !!!!

کەواتە، «**تەوحید**» بریتی‌یە لەپێهاتنی بەزوان وەبەباوەڕ بەوەی کەخودا یەکێکە، «**لاالە الاالله**» وە باوەڕیش لەسەری ناوەکانی‌خودا، وەکو رەحمان، رەحیم، صەمەد، خالیق، وە **۹۹** ناو هەن کەناوی خودان، هەروەها باوەڕە بە «**صیفات**» ی خودا، واتە پێناسەکانی، کەبڕێ لەو پێناسانە هەرهی‌خودا خویەتی، وەکەسی تیابەشدارنیە، وەکو «**خالق**، **محیی**، **ممیت**، **مبدئ**، **معید**، **عالِمُ الغَیْب**،» بەلام، پێناسی‌وای‌هەیە کەبەندەکانیشی تیایانا بەشدارن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا لەچۆنیەتی‌شتەکەدا فەرق‌هەیە، وەکو «**رب الشیْ**» واتەخاوەنی‌شتێك، ئەڵبەت‌چۆنیەتی خاوەن بون، فەرق‌هەیە، ئەوجۆرەی خودا خاوەنی‌منە، من خاوەنی خانوەکەی خۆم نیم، من پاش‌ماوەییێك ئەمرم، وەخانوەکەم ئەبێتە هی واریث، بەڵام خودا نامرێ، وەهەتاهەتایە خاوەنی‌هەموشتێکە، چ‌ئەوشتە مابێت یان‌مردبێت، یان، کەریم، واتە سەخی کەناوی خودایە، وەپێناسیشەبۆی، وە مروڤ‌وایش‌هەیە کەریمە، بەڵام ئەم‌بەخشندەیی‌یە لەکوێ، وەئەو لەکوێ، پێناسی وایش‌هەیە هی‌بەندەیە کەخودا لەوجۆرە پێناسانە دورە، وەکوپێناسە ناپەسەندەکان، وەکوحەسودیی یان هەرکردەوەییێکی ناشیرین.

کەواتە «**تەوحید**» هەم دان‌نانە بەوجودی‌خالیق وەهەڵسوڕێنەری ئەم‌کائناتەدا، وەهەم ئەوەتە بە تاکوتەنهای بزانین، کەهەر خوی خاوەنی هەمو جیهانێکە وەهاوبەشی‌نیە، وەهەم خاوەنی پێناسی تایبەتی خۆیەتی، وەهەم هیچ‌شتێکی‌تر لەوێنەی ئەو نیەو نابێت.

لەقورئانی پیرۆزدا «**ئایاتی‌تەوحید**» زۆرن، لەکتێبی، «**المعجم الصوفی**» «**د. سعاد حکیم**» دا کەکتێبێکی هەزارو سێصەد لاپەڕەیی‌یە، وەهەموی بریتی‌یە، لە «**مصطلحات**» ی، شیخ محی الدینی عەرەبی، لەم‌کتیبەدا لەباسی ووشەی، «**تەوحیدا**» «**۳٦**»، ئایەتی نوسیوە وەئەڵێت شیخ محی الدین ئەم سی‌وشەش‌ئایەتەی نوسیون وەتیایانا پیشانی‌داوە کەخودای‌گەورە لەسی‌وشەش داڕێژراودا، ووشەی تەوحیدی داڕێژاوە، کەهەریەکەیان بەجوری شێوەی تەوحید ڕوون ئەکەنەوە، (**شیخ محی الدین**)، بۆهەرکامێ لەوتەوحیدانەش ناوێکی تایبەتی داناوە، کەنوسینەوەیان بەپێویست‌نازانم، ئایەتەکان بەم چەشنەن

١ «والهكم اله واحد لا اله الا هو الرحمن الرحيم»
٢ «الله لااله الا هو الحى القيوم»
٣ «ا . ل . م . الله لا اله الا هو الحى القيوم»
٤ «لا اله الا هو العزيز الحكيم»
٥ «شهدالله انه لا اله الا هو ، والملائكة واولو العلم قائما بالقسط»
٦ «الله لا اله الا هو لِيَجْمَعَنَّكُمْ الى يوم القيامة»
٧ «ذلكم الله رَبُّكم لا اله الا هو خالق كل شئ فاعبدوه» .
٨ «إِتَّبِعْ ما اوحى اليك من ربك لا اله الا هو واعْرِضْ عَنِ المشركين»
٩ «لاَ اله الا هو يحْيِي ويُمِيت»
١٠ «وما أُمروا إِلاَّلِيَعْبُدوا إِلهاً وحدا لا اله الاهو سبحانه عما يُشْرِكون»
١١ «فان تَوَلّوا فَقُلْ حَسْبِي اللهُ لا الهَ الاّ هوَ عَليهِ توكّلْتُ وهو رَبُّ العرش العظيم»
١٢ «حتى اذا ادركه الغرق قال آمَنْتُ أَنّه لا اله الا الّذى آمَنَتْ به بنوا اسرائيل»
١٣ «فاعلموا انما انزل بعلم الله ، وان لا اله الا هو فهل انتم مسلمون ؟»
١٤ «وهم يكفرون بالرّحمان قلْ هو رَبِّي لا اله الاهو عَلَيْهِ توكّلْتُ واليه مَتابِ»
١٥ «انْ انذِروا أنّه لااله الا أنا فَاتَّقونِ»
١٦ «انّهُ يعلم السِّرَّ وأخْفى ، اللهُ لااله الاهوَ له الاسماء الحسنى»
١٧ «وانا اخترتُك فاستمعْ لما يُوحىٰ انّنى انا اللهُ لا الهَ الاَّ انا فاعبدْنى» .
١٨ «انما الهكم الله الذي لا اله الا هو وسع كل شئ علما»
١٩ «وما أَرسلنا مِن قبلك من رسولٍ الا نوحي اليه انّه لا اله الاَّ انا فَاعْبُدونِ» .
٢٠ - «وذا النون اذ ذَهَبَ مغاضباً فظنّ ان لَنْ نَقْدِرَ عليهِ فنادَى في الظُلُماتِ انْ لااله اِلاّ أَنتَ سُبْحانَكَ اِنّي كُنْتُ مِنَ الظالمين» .
٢١ - «فتعالى اللهُ الملكُ الحَقُّ لااله الا هو ربُّ العرشِ الكريم» .
٢٢ - «لا اله الا هو رَبُّ العرشِ العَظيم» .
٢٣ - «الله لا اله الا هو له الحمد فى الأُولىٰ والآخرة ولهُ الحُكْمُ واليهِ تُرْجَعون» .
٢٤ - «ولاتَدْعُ مع الله الهاً آخَرَ لا الهَ الا هُوَ كلُّ شيْءٍ هالكٌ الاّ وَجْهَهُ» .
٢٥ - «هل من خالق غيرُ الله يَرزُقُكُمْ مِنَ السماءِ والارضِ لا الهَ الاّ هُوَ» .
٢٦ - «انّهم كانوا اذا قيل لهم لا اله الا الله يَستَكْبِرون» .
٢٧ - «ذلكمُ اللهُ رَبكُمْ له الملك لا اله الا هُوَ اليهِ المصير» .

٢٨ — «شديدُ العقابِ ذی الطَّوْلِ لا اله الا هو اليه المصير» .

٢٩ — «ذلكمُ اللهُ ربكمْ خالقُ كلِ شيٍ لا اله الا هُوَ فأنّى تؤفكون» .

٣٠ — «هو الحيُّ لا اله الا هو فادعوه مخلصين له الدين الحمد لله رب العالمين» .

٣١ — «لا اله الا هو يحيي ويميتُ رَبُكم وربُّ ابائِكُم الأولين» .

٣٢ — «فَاعْلمَ انه لا اله الا الله واستغفر لَذَنْبِك وللمؤمنينَ والمؤمنات» .

٣٣ — «هو الله الذی لا اله الا هو عالِمُ الغَيْبِ والشّهادةِ هو الرّحمن الرّحيم» .

٣٤ — «هو الله الذی لا اله الا هو الملكُ القُدّوس» .

٣٥ — «الله لا اله الا هو وَعلى اللهِ فَلْيَتَوكّلِ المؤمنون» .

٣٦ — «ربُّ المشرقِ والمغربِ لا اله الا هو فاتّخِذْهُ وكيلا» .

بەم‌چەشنە سەیرئەکەین قورئانی‌گەورە خۆی ئیلهام دەرو فەرمان‌دەری «تەوحیدە» وە هەر قورئانە ڕێ‌پیشاندەرە بۆیەکتاناسی‌ی .

«**تەوحید**» درۆشمی‌ئاینی‌ئیسلامە ، گەورەپیاوانی ئیسلام وڕێبەرانی مەذهەبە سەرەکی‌یەکان وەکارناسانی زانیاریی «کەلام» هەمویان تێکۆشاون بۆئەوەی ، یەکتاناسی‌ی ، بچەسپێنن لەدەرونی موسوڵمانانەوە ، وە بەباشی‌ی لەپێناسەکان‌ولەناوەکانی‌خودا بکۆڵنەوەو ڕاڤەی‌کەن ، تاهیچ‌جۆرە پرسیارو ورکەو دودڵی‌یێك لەدەرونی مرۆڤی‌موسوڵمان‌دا جێگەی نەبێتەوە .

ئێمەوتمان سەرەتاو سەرچاوەی «**تەوحید**» ووشەی «**لا الەالاالله**» یە ، واتە هیچ‌کەس خوداو پەروەردگارو شیاوی پەرستش‌نیە «**الله**» نەبێت ، تائێرەی ئەم‌باسە ، پەیوەندی بەهەمو موسوڵمانێکەوە هەیە ، بەڵام کاری سوفی‌یەکان ، وردەکارییێکی تایبەتە ، هەر لەم‌وشەی تەوحیدەدا ، واتە لە «**لاالەالاالله**» چۆن ، وەبۆچی ؟ .

ئێمەوتمان بناغەی تەصەووف ، وەتێکۆشان‌و خەباتی تەصەووف ، بەردەوام‌بونە لەسەری (**ذیکر**) ، وە ئەم‌ذیکرەش لێرەدا مەبەست گوتنی «**الله**» یان «**لاالەالاالله**» یە ، چونکە وتمان ذیکر بەمەعنای ، قورئان ، وەنوێژ ، ویادکردنیش ، هاتوە بەڵام ذیکری مەبەست ، لەتەصەووف‌دا هەمان «**الله**» واتە ناوی خودابردن ، وەیان «**لاالەالاالله**» واتە «**تەوحید**» ە .

وە لەدابی تەسەووف‌دا بەم‌ذیکری «**تەوحید**»ە ئەڵێن ، ذیکری «**نەفی‌وەئیسبات**» ،

واتە کەئەڵێ «لاالە» ئەمەنەفی ئەکات ، واتەهیچ خودایێك نیە ، جا ، کەئەڵێ «الا الله» ئەوە «إثبات»ە ، واتە ئیسباتی ئەکات تەنها «الله» خودایە .

جا ئەم گوتنەش ، هەروا سادەنیە بەڵکو بەشێوەی تایبەتی خۆی ئەنجام ئەدرێت ، کە لەباسی ، ووشەی (ذیکر)دا بەدرێژی باسی ئەکەم ، بەکورتی ئەبێ ، کەئەڵێ (إله) ، تەواوی هۆش‌وبیروهەستی کۆکاتەوە ، سەری ئەوەی ، کە کەس شیاوی‌پەرستش‌نیە ، وەکەس هیچ‌بەدەس‌نیە ، وەکەس ، وجودی «ئەزەلی‌و ئەبەدی» نیە ، کەس خاوەنی‌پێناسی‌خودایی‌نیە ... هتد «الاالله» جگە «الله» ، ئەم‌وشەیە ، چ بەذیکری ئاشکراو بەزمان «ذیکری‌جەلی» ، وەچ‌بەذیکری دەرونی‌و پەنهانی وەلەدڵدا ، «ذیکری‌خەفی» ، هەزاران‌و هەزاران وەشایەد ملیۆنها وملیۆنها جار ئەوترێتەوە تائەگاتە رادەیێك ، رێبواری رێگەی تەصەووف ، فەنائەبێت ، کەپێی‌ئەڵێن ، «فەنای‌نەفی‌وئیسبات» ئەوەندە بیرلەوەئەکاتەوە کە هیچ‌شتێك‌نیە ، وەهەموشتێ شیاوی‌نەمان‌و فەوتان‌و تیاچونە «الله» نەبێت ، ئەو نەبون‌وتیاچونە ، ئەبنە راستەقینە ، وە تەنها «الله» ئەمێنێتەوە ، جا لەم کاتەدایە ، کە شتی‌سەیری نهێنی ، لەنهێنی‌یەکانی وجود «هەستی» وەلە «ئەسراری‌غەیب» ، وەلە بەهرەی خوداوەندی ، وەلەپایەی‌بەرز ، وە لەوشتەی کە لەنێوانی سوفی‌مەسلەکاندا بە(نور)وبەرەکەت ، وەخەڵاتی‌گەورەی خوداوەندی ناسراوە دەست‌ئەدات ، وەبریێجار ، ئەوکەسانەی کەخۆیان ، ون‌ئەکەن ، وە بەهەموجۆرێ هیچ‌شوێنەوارێك لەخۆیانەوە ، هەست‌ناکەن ، تەنانەت شوێنەوار لەکەون‌و کائیناتیش هەست‌ناکەن ، هەر «الله» یەو «الله» لەبارەی ئەوحاڵەی خۆیانەوە بریێشت ئەڵێن ، کە بەلای ناشارەزایانەوە ، لایان‌وایە رێبواری رێگەی تەسەووف ، باوەری لەسەر(وەحدەتی وجود)یان (حلول) «اتحاد» ، لەکاتێکا هیچکامی‌نیە ، تەنها دەربڕینی ئەوحاڵی تیاچون‌و ون‌بونەیە ، واتە «فەنا» ، بەڵام پاشان رێبوار ئەگەرێتەوە «بۆسەری» حاڵەتی «بەقا» واتە مانەوەی خۆی ، یان «البقاءبالله» کە مانەوەی هەموشتێك بەسراوە بەخواستی‌خوداوە . «ئیمامی‌رەببانی» . شیخ‌ئەحمەدی فاروقی کە بە ناوبانگە ، بە «موجەددید» ، واتە ، تازەکەرەوەی تەریقەت ، لەهەزارەی دوهەمدا ، «المجدد للألف الثانی» ، کەپاشی شاهی نەقشبەند «محمدبهاءالدین» ، گەورەترین مەردی مەیدانی تەصەووفە ، بەتایبەت لەتەریقەی نەقشبەندی‌دا ، لەکتێبەکانیا ، کە بەناوی «مەکتوباتی ئیمامی‌رەببانی» بەناوبانگە ، سەبارەت بەم‌حاڵەتی «فەنای‌تەوحید» ە ، بەوردی‌باسی‌کردوە ، وە ئەو وردەکاری‌یە ، بۆکەسێ‌باشە کەبیەوێ ئەورێگایە بگرێتەبەر ، بەڵام‌ئێمە لێرەدا ، مەبەستمان ئەوەتە بزانین تەصەووف‌چی‌یە ،

نەك ئەوەی بزانین چۆن ببینە صۆفی ، کەواتە هەر ئەوەندە بەسە ، کە بزانین «**تەوحید**» گەورەترین پایەی تەصەووفە وە هەموێش کەوتن و خوداناسی و بەهرەمەندیێکی تەصەووف ، لە تەوحیدەوە سەرچاوە ئەگرێت ؛ لە ڕێبازی تەوحیدناسی یەوە ،

بەچەشنێکی گشتی ی ئەڵێین ، «**لاالٰهالاالله**» تەوحیدی «**الوهیەتە**» ، واتە «**اله**» بەتاك و تەنهادانان ، وە ئەوەی کە ئەڵێین کەس شیاوی پەرستش نیە وە کەس (**خالیق**) وە (**هادی**) واتەری بەروری نوما نیە ، کەس ڕەحمان و ڕەحیم وە (**محی ومیت**) وهتد .... نیە واتە خاوەنی ئەوپێناس وناوانە نیە ، ئەمەش «**تەوحیدی ربوبیەتە**» ، واتە تەوحیدی

خودایەتی «**خاوەن بون**» ، وە ئەوەش کە بەندە خۆی بداتە دەستی خودا ، وە جگە ئەو کەس نەپەرستێت ، وە تەوەککولی هەر بە خوا بێت و وخۆی تەسلیمی ئەو بکات ، وە جگە بۆ نزیکی ی لەو ، وە پارێزگاری لە ڕێگەی ئەودا ، ئاوات و ئامانجێکی نەبێت ،

ئەوەش «**تەوحیدی عوبودی یەتە**» ، واتە تەوحیدی بەندەگی و بچوکی و غوڵامی خۆت بۆ خودا . ئەبێ ئەوەش بڵێم پێناسی گەورەپیاوانی تەصەووف بۆ ڕوون کردنەوەو ناساندنی «**تەوحید**» ، ئەوەندە زۆرە ، لە ژمارە نایێ ، وە بۆخۆی پێویستی بە کتێبێکە ، بەڵام ئەبێ ئەوەش بڵێم ئەوناساندنەش هەوەکو ناساندنی تەصەووفەکەیە ، واتە هەرکامەی

ئەوشتەی فەرمووە ، کە خۆی زانیویەتی ، وە برێکی لەوزەی ناسینی ئێمەدا نیە ، تەنانەت گەورەترین عالیمو دانشمەندێك ، کە شارەزاییێکی تەواوی لە تەصەووف دا نەبێت لێی تێناگات ، ئەوەی من بۆم ڕوون بویەوە ، ئیمامی ڕەببانی «**لە مەکتوباتدا**» لە هەمویان جوانتر وە ڕوون تر کۆڵیویانەتەوە ، وە خویشیان ئەفەرمون ، برێك لە گەورە پیاوانە نەگەیشتونەتە دواپلەی تەوحید ، لەبەری ئەوە ، هەر ئەوەندەیان فەرمووەکە لێیانزانیوە ، تەنانەت سەبارەت بە حەزرەتی شیخ محی الدین عەرەبیش ،

هەروا ئەفەرمێ ، وە ئەفەرمێ من خۆیشم لەسەرەتادا ، وام بۆدەرئەکەوت ، وە وام ئەزانی ، ئەمە دواپلەی مەقامی تەوحیدە ، بەڵام ئیستە کە بەلوطفی خودا (**لەو پایە**) بەرزتر بومەتەوە ، ئەزانم هەم خۆم ، لەوەوبەر بەهەڵەداچوم ، وە هەم زۆرێك لەگەورە پیاوانی تەصەووف ، کە تائەوپایە خودابەشی داون کە باسیان کردوە ، هەروەها هەم لە کتێبەکانی شیخ محی الدین وە هەم لە مەکتوباتیشدا ناوی چەن جۆرێك لە تەوحید

ئەبەن ، وەکو «**تەوحیدی ارادی**» «**تەوحیدی شوهودی**» وە لە هەموی بەرزتر «**تەوحیدی وجودی**» ، کە ئیمامی ڕەببانی سەبارەت بەم تەوحیدەیانە ، کە زۆر وردەکاری ئەکات وە کەسێکی ئەوێت لێی تێبگات .

تەجريد، ئەبێتە، روتاندنەوە داماڵین، شت پێوەنەهێشتن. تەفريد، بەتاك دانان، بەتاك زانین، «رَبِّ لاتَذَرْنی فَرْداً وأنْتَ خَيْرُ الوارِثين» «انبياء» ٨٩ بەلاَم لەروانگەی تەصەووفەوە، قۆناغ، یان چۆنیەتێکن کەبەسەری «ساليك»، رێبواری رێگەی تەصەووف دا دێن، ئەم قۆناغانە، وەکو تەوحيد، تەنزيە، تەجريد، تەفريد، وەزۆر شتی تری لەم چەشنانە، هی ئەو وەلی یانەن، کە لەقۆناغی فەناتی پەڕیون، وەلەمەنزڵی بەقادا، جی گیربوون، وەهەردەمەی لەدەسکەوت و خەڵات و پایەیێك لەم پایەبەرزانە، لەلای خواوە خەلاّت ئەکرێن، وەبەهۆی پاکی و بەندەگی خۆیانەوە دەسگیریان ئەبێت.

لەکتێبی (مَدارِجُ السّالكين) دا لەبەشی فەناو بەقادا، پەنجە بۆ تەجريدو تەفريد رائەکێشی وەئەڵێ، ئەم فەناوبەقایە، حەقیقەتی «تەوحيد» ن، وحەقیقەتی «بەراء وەولاء» وە «مەحووەئیسبات» وە «تەجريدوەتەفريد» ە.

ئەڵێ «فيتجرد عن عبادة ماسواه، ويفرده وحده بالعبادة، فالتجريد نفي والتفريد اثبات، ومجموعهما التوحيد».

ئەڵێ: ئەوبەندەیە خۆی دائەماڵێ لەپەرەستنی هەموشتێ جگەخوا، وەبەتەنها ئەوئەپەرستێ، کەوابو «تەجريد» لابردن و داماڵینە، واتە «نەفی» یە وە «تەفريد» ئیسباتە، لەویانا لائەبات و دەرئەکات و دائەماڵێ، واتەجگەلەپەرستنی خوا هەموشتێ درئەکات و دای ئەماڵێ، لەم یان دا کەتەفریدە «ئیسبات» ە واتە دامەزراندن و دامرکاندنی بەندەگی و پەرستنە بۆخوا، واتەدڵ و دەرون تەنها خوائەپەرستن وە ئەو بەتەنها کەسێك دائەنێن شیاوی پەرەستنە. لەشوێنێکی تری ئەم کتێبەدا باسێکی تری هەیە کە ئەویش هەر پەنجەراکێشانی تیایە بۆلای «تەفريد»، ئەوباسەش هەرلەبەشێکی تری باسی فەناو بەقادایە، ئیمە عەرەبیەکەی ئەنوسین بۆئەوەی ئێوە ئاگادارکەین لەپێشەکیەکەی، تائەگاتە سەری باسی تەفریدە کە کەپەیوەندی بەباسەکەمانەوەهەیە، ئەڵێ. «وَانّ اولی النّاسِ باللهِ وَرُسُلِه وكُتُبِهِ ودينِه، اَصْحابُ الفَرْقِ في الجَمْعِ، فيقومون بالفَرْقِ بَيْنَ ما يُحِبُّهُ اللهُ ويُبْغِضُه، ويامُرُ بِهِ وَيَنْهى عَنْهُ، ويُواليه ويُعاديه عِلْماً

وشهوداً وإرادةً وعملاً، مع شهودهم الجمع، لذلك كله في قضائه وقدره ومشيئته الشاملة العامة، فيؤمنون بالحقيقة الدينية والكونية، ويعطون كل حقيقة حظها من العبادة.

فحظ الحقيقة الدينية، القيام بأمره ونهيه، ومحبةٌ ما يحبهُ، وكراهة ما يكرهه، وموالاة من والاه، ومعاداة من عاداه، واصل ذلك الحبُّ فيه والبُغضُ فيه.

وحظ الحقيقه الكونية. «افرادُه» بالافتقار اليه، والاستعانة به، والتوكل عليه، والالتجاء اليه، (وافراده) بالسؤال والطلب والتذلل له، والخضوع والتحقق بانه ماشاء كان، ومالم يشأ لم يكن... ولا يملكُ أحدٌ سواهُ لهُمْ ضراً ولا نفعاً ولا موتاً ولا حياةً ولانشورا».

بەڵێ: بەم جۆرە سەبارەت بەبەشی **«حەقیقەتی کەونی یە»، لەخواپەرەستیدا پەنجە ئەکێشی بۆ ئەمباسی «تەفریدە»**، ئەڵێ، ئەبێ خوابەتەنها کەسیێ دابنیێ کەبەندەکان کەڵکیان لێ بکەوێت، وەخۆیان بەرانبەری ئەو، بەهەژاردابنێن، وەداوای، یارمەتی لێ بکەن «**ئەم کەڵک لێ خستن وهەژاری یە. تەنهابۆ مادده، سەرمایە نیە، بۆ هەموجۆرە کەڵک لێ کەوتنێکەو شیاوی داوای یارمەتی لێ کردنێکە**» ئەڵێ هەرئەوە، داوای یارمەتی لێ ئەکرێ، پشتی پێ ئەبەسرێ، پەنای بۆ ئەبرێ، داوای لێ ئەکرێ و هەرئەوە شیاوی ئەوەتە، مرۆڤ خۆی بەرانبەری ئەو، بەزاروزەبون دانێت، وەئەبێ باوەری ئەوریبوارە لەسەری ئەوەبێت، ئەوەی ئەوویستی کراوەو، ئەوەیشی کەنەیویست ناکرێت، وەجگەئەو، کەس ناتوانێ زیانی بگەیێنێتی و قانجازی بگەیێنێتی وژیانی پێ بەخشێتو، پاش مردنیش زیندوی کاتەوە، جائەمانە هەموی لەچوارچێوەی (**تەفریدا**) یە، ئەم، تەنها ئەو، تەنهائەوە، ئەبێتە تەفرید، تەنهائەو ئەتوانێ قانجازت دەست خات، تەنهائەو ئەتوانێ زیانت لێ دات، تەنهائەوشیاوی پەرەستینە، هتد...

لەکتێبی «**المعجم الصّوفي**» دائەڵێ. «**التفريدُ مرحلةٌ يَصِلُها السّالِكُ بَعْدَ التّجريدِ، فإذا جَرّدَ السّالِكُ عَنْ قَلْبِهْ وَسِرِّهِ الكَوْنَ والسّوى، افْرَدَ الواحد**».

واتە، تەفرید قۆناغێکە کەرێبوار پاش تەجرید ئەیگاتێ، ئەگەر رێبوار هەموی ئەم جیهانە وەهەرچی، جگەخودایە، لەدڵ و دەرونی خۆی لای برد وەتوری دا، ئەوکاتە، ئەوتەنهاخودایەی بەتاک وتەنهادانادوە، «**افرد الواحد**». خوای بەتاک داناوە.

لەکتێبی «**اللمع**» دا، ئەڵێ، تەفرید بریتی یە لە بەتاک وتەنها دانانی خوا لەوەدا هەرئەوە کەدروس کراو تازەبابەتی یەتی بەسەرانەهاتوە، وەهەرئەویشە هەرگیزاوهەرگیز هەربوە، جابەم چەشنە راستەقینەی «**فەردانیەت**»، هاتوەتەدی.

هەرلەوکتێبەدا ئەڵێ، برێ لەگەورەپیاوانی تەصەووف وتویانە، «**لەناوی موسوڵمانانی خاوەن‌باوەڕدا «موحد»**، واتە خوابەیەکزانان، زۆرن، بەڵام خوابەتاکزانان لەناوی «**مُوَحّدِین**»، دا، کەمن. ئەمەش دەقی‌وتنەکەیە «**الموحدون لله من المؤمنین کثیر، والمفردون من الموحّدین قلیل**».

لەپاشان‌ئەڵێ، (**تەفرید**) بریتی‌یە لەوشتەنەبینیانەی، بۆرێبوارانی دەرون‌پاك دەرئەکەون، وەخوایەتی خوایان بەتەواوی بۆدەرئەخات، واتە بەودەرکەوتنە کەبۆدڵ دەرئەکەوێ، ئەڵێن، «**التجرد للقلوب**»، لەکتێبی «**معجم مصطلحات الصوفیه**» دائەڵێ، تەجرید بریتی‌یە لەپاك‌بونەوەی دڵودەرونی بەندە لەهەموشتێ، جگەلەخوا، واتە ئاشکراو دەرەوەی خۆی داماڵی، لەهەرچی جۆرە داواکردنێکی ماددی‌هەیە، وەدەرونی‌خۆیشی داماڵێ لەهەرچی داواکردنێکی مەعنەوی‌هەیە. لەم‌جیهانە چاونەبرێتەهیچ، وەئەویشی کەهەیە ئەگەر لەدەستی‌دا، داوای بژاردنەوەی‌نەکات، واتەبیرلەوە نەکاتەوە، خوا پاداشی‌بداتەوە نەلەم‌جیهان‌ونەلەوجیهان، بەڵکو ئەوەیشی‌هەیە ئەگەرلەدەستی‌دا، یان‌ئەو پەرەستن‌و کارەچاکانەیشی‌کەئەیکا، بۆپاداشی‌نەکا، نەلەم‌دنیاونەلەودنیا، وەداوای‌بژاردنەوەی لەخوانەکا، نە لەم‌دنیاو نەلەودنیا، بەڵکوهەرچی‌هەیە بەهی خوای‌بزانێت وەهەرچی‌ئەکا لەنچاکەو بەندەگی‌و پەرەستین، هەربۆخوای‌بکات، نەك‌بۆهیچی‌تر، هەروەها لەکانگەی‌دڵەوە داخوازی مەقام‌و پاداش نەکات، وەئەوخەلاتانەی کەئەکرێت‌و ئەومەقامانەی ئەیگاتێ، دڵیان‌نەداتێو هۆشی هەرلای‌خوابێت. ئەڵی تەفریدیش ئەوەتە، خواپەرەستی‌یەکانی تەنها هەر بۆخوابێت، نەلەخۆی‌بابی‌بێت، واتە بۆنەفسی‌خۆیی کردبێت، وەنەبەتەمای سوپاسی خەڵك‌بێت، کە خەڵکی‌کردبێتە شەریکی‌خوا لەعیبادەتا، واتە نەخۆی‌ونەخەڵك نەکاتە هاوبەشی خواپەرەستی‌یەکەی، وەهەرتەنها بۆخوابێت، نەدڵی بەکەس‌بکرێتەوە، وە نەلەکەسیش دووری‌بگرێت‌وبترسێ، دڵی هەربەخوابکرێتەوەو، تەنهالەخوایش‌بترسێت. لەکتێبی «**الفاظ الصوفیه**» دا ئەڵێ.

خاوەنی (**تەفرید**) ئەوەتە والەگەڵی‌خوادا، پەنای هەربەخوایە، پەرەستنی‌هەربۆخوایە، هەرچی‌ئەکالەرێی خوادایە، ئەمەش هەڵوێستێکی (**فەرید**) ە، ئەویش ئەوەتە جگە خوا کەسی‌تری‌لەگەڵ‌نیە.

وە **(تەجرید)**، ئەوەتە بەهەموجۆرێ پشت‌لەجیهان‌و هەرچی‌لەجیهان‌دایە هەڵ‌کات، وەگوێی‌نەداتێ‌و چاوەڕوانی سەرمایەوپاداشی نەبێ، نەبوئیستەو نەبۆئاینده، **«تەجریدی»** ئەو بریتی‌یە لەوەی کە لەکانگای‌دەرونەوە خۆی‌داماڵێ لەویست‌ونەویستی ئەوحاڵ‌و مەقامانەی کەهەیەتی، نەداوای هی‌تربکات، نەلەوەی‌کەهەیە ناسوپاسی‌ی بکات، ئەوەی خوابۆی‌ئەکات وەخوائەیدا ئەوەی‌بەلاوە چاك‌بێت‌وبەوەدامرکێ.

ئەڵێ تەفرید بەتاك‌دانانی خوایەو، تەجرید داماڵینی دڵودەرونە لەداوا کردن.

لەپاشان ئەڵێ، تەجریدو تەفریدو تەوحید هەموی وشەی جۆراوجۆرن بۆ یەك‌واتا، وەیەك‌مەعنا، ئەوەی ئەتوانێ لێکیان جوێ کاتەوە، ئەو خواپێ‌داوو خەڵات‌کراوانەن کەخوا لەم‌خەڵاتانە بەرخورداریان ئەکات.

لەدوایی‌دا ئەم‌لێك‌دانەوەیشە ئەنوسم کەلەزۆربەی کتێبەکاناهاتوە، ئەڵێن وتراوە **«التَّفْرِيدُ اَنْ لا تَمْلِكَ. والتَّجرِيدُ اَنْ لا تُمْلَكْ»**، واتە، تەفریدئەوەتە، جگەخوا هیچ‌شتێکی‌تر نەت‌کاتە بەندەی‌خۆی، واتەبەندەی سامان‌و سەرمایەو پایەو مەقامی دینی‌و دنیایی نەبیت، تەنهابەندەی‌خوابیت.

وەتەجریدیش ئەوەتە هەوڵ‌نەدەی بیتەخاوەنی ماڵ‌و مەقامی دینی یان دنیایی، وە داخوازی‌بەخاوەن‌بون‌بەلەدڵ‌داماڵی، واتە ئەوەی هەتە بەهی‌خوای‌بزانی وەلەورێ‌یەدا خەرجی‌کەیت کەخواپێی خۆشە، وە قەت لەدڵاجێگەی نەکەیتەوە، دڵ جێگەی خۆش‌ویستنی‌دنیاوقیامەت نیە، بەڵکو ئەبێ لەهەمو خوازو داخوازێ دای‌ماڵی، جگە لە خۆشەویستی‌ی خواو ڕەزامەندیی خوا هیچی‌تری تیانەیێڵی.

تنزیه:

تەنزیه: — وشەیێکی عەرەبی‌یە، بەواتای دورخستنەوە،وە بە پاك پیشان‌دانی شت لەهەمو لەکەو عەیبێکە، لێرەدا مەبەست لەتەنزیهی خوای‌گەورەیە، بێگومان خوای گەورە پێی‌ناوی‌ئێمە لەعەیب‌دوری‌خەین، ئەوخۆی بێ‌عەیبە بەڵکو دورخستنەوەی

نیسبەت‌دانی عەیب‌وکەموکوڕی‌ خوایش هەرکاری‌ئێمەنیە، چونکە نیسبەت‌لێدانی عەیب‌وکەمایەتیش هەڵ‌ناگرێ، هەروەها تەنزیە، بەرانبەر تەشبیە دێت، کەئەمیش پەیوەندێکی بەباسەکەمانەوە هەیە، چونکە مەبەست ئەوەتە خوای‌گەورە تەشبیە بەهیچ‌شتێ ناکرێت «**لَیْسَ کَمِثْلِهِ شَیْءٌ**»، «**شوری**» «١١».

جا لەڕوانگەی تەصەووفەوە، شتەکە ناسکەو جیاوازی هەیە، لەم‌لێك‌دانەوەی زمانەوانی‌یە.

هەروەکو سەبارەت بەتەوحید، یان تەجریدو تەفرید، یان ووشەکانی‌تری بازاڕی تەصەووف، وتمان، ماوەهەیە لەنێوانی ئیمانێك‌وئیمانێکا، ئیمانی تەواو دامەزراو لەسەری (**عین الیقین**) و (**حق الیقین**)، تائیمانێکی دانەمەزراو، هەروا فەرق هەیە لەنێوانی تەوحیدی وەلی‌یێك‌و موسوڵمانێکی باش‌دانەمەزراودا، یان تەوەککول یان صەبر،.. لەڕوانگەی صوفییێك‌و کەسێکی ترەوە هتد... جا هەربەوجۆرەش تەنزیە کردن تاتەنزیەکردن، فەرق هەیە، ئەگینا ئێمە هەرچۆن بیرکەینەوە خەڵك بێ‌دین‌بێت یان دین‌دار، خوا هەروەکو خۆی وایە، ئێمە دەستە دەستە دێین‌و ئەڕۆین، ئەو هەربەردەوامە، بوەو هەر ئەیش‌بێت صەدسالی پاش‌ئەمڕۆ ئەمانەی‌کەهەین، تاقمان نەماوین، خوایش هەروەکوخۆی، خوایێکی ئەزەلی‌و ئەبەدی‌یە، بەڵام مەبەست لەم تەنزیهی تەصەووفە، دامەزراندنی ئەم باوەڕەتە لەکانگەی دەرونا، زۆرکەم لەنوسەرانی کتێبەکانی تەصەووف، خۆیان‌داوە لەم باسە، بەڕاستیش صوفیەکان بەدەگمەن باسیان کردوە، چونکە لەوەناچێت بریتی‌بێت لەحالێکی‌تایبەت، بەڵکو عەقیدەو باوڕێکە، کەئیمانی موسوڵمان بتەوترئەکاتەوە. کەوابو لێرەدا مەبەست ئەوەتە مرۆڤ دین‌دامەزراوو باوەڕتەواو ئەبێ لەکانگەی دڵەوە باوری لەسەری ئەوەبێ کەخوا لەئەزەلەوە هەربوە، ئەزەل وشەیێکە بەرانبەر بە ئەبەد، ئەزەل بۆ بێ‌سەرەتایی ڕابوردویە، ئەبەدیش بۆ بێ‌پایانی‌ی داهاتویە، باوەڕ کەلەسەری ئەوەبو خواهەربوە، کەواتە خوا مونەززەهە لە تازەبەدی‌هاتن (**حادث**) ئەمەبویە تەنزیە لە (**حادِث**)، خوا وەکو هیچ‌شتێ‌نیە وە هیچ‌شتێ‌نیە وەکو خوابێت، ئەمەتەنزیهە لەتەشبیە، وە ئەمەتە کە خواخۆی لەسورەی شوری ئایەتی یانزەدا ئەفەرمێ «**لَیْسَ کَمِثْلِه شیء وَهُوَ السَّمیعُ العَلیم**» هیچ‌شتێ نیە وێنەی ئەوبێت، وەئەو ئەبیسێتوزانایە، کەواتە تەصەوور ناکرێت، یان برێ لەموشریکەکان‌و ئەوانەی لەدژی پێغەمبەربون برێ‌پێناسیان بۆخوا

دائەنا، وەکو ئەوەی بلێین، کوڕی هەیە، یان بلێین، فەقیرە، یان هەرجۆرە شتێ لەم بابەتانە، ئایەتی (١٨٠) صافات ‌ هاتەخوارەوە «**سُبْحانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمّا يَصِفونَ**»، واتە ئەی‌موحەممەد خوای‌تۆ خوایێکی بەرزە، وەدورە لەوپێناسانەی کە ئەوجۆرە کەسانە بۆی‌دائەنێن، واتە هاوسەرو هاوجۆرو هاوجینسی‌نیە، «**لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يولَدْ وَلَمْ يَكُنْ لَه كُفُواً اَحد**»، بەڵێ عەلیم، واتەزانا، سەمیع بیستیار، بەصیر بینا،.. هتد.. بەڵام ئێمە هەرگیز نازانین ئەو زانایی‌و بیستن‌ودینەی خودا چۆن‌چۆنیە، وە ناتوانین تەصەووری بکەین، کەواتە ئەوەتەنزیهە، ئێمەتەنزیهی ئەکەین لەوەی بزانین چۆن ئەبیسێت‌وئەبینێ، جا ئەم تەنزیەکردنە خۆ وەنەبێ ئەگەر نەیکەین نابێ، بەڵام مەبەست دڵی‌خۆمان‌و باوەڕی خۆمانە، ئەبێ لەو خەیاڵانە پاکبێتەوە، ئەگینا خوا پێویستی بەتەنزیهی ئێمەنیە، ئەوخۆی مونەززەهەو دوورە لەو جۆرە پێناسی ئێمەیە، کەواتە، تەنزیە دامەزرانی هەموی ئەم‌باوەڕانەیە لەدەرونی ڕێبواردا، هەروەها لەدڵ‌و دەرونی خۆتا دورخستنەوەی‌خودا لەهەرچی جۆرە پێناسێکی ئادەمی‌زادی‌یە، وە ئەو خۆی تا کوتەنهایە هەرلەقەدیمەوە هەرلەئەزەلەوە، بەناوو بەپێناس‌و بەذاتی خۆی، بەوجۆرەی کەخۆی ویستویەتی (**لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يولَدْ وَلَمْ يكُنْ لَه كُفُواً اَحَد**). کەواتە ئێمە هەرگیز ناتوانین، ذات‌و پێناس‌و ناوەکانی‌خودا، بەوجۆرەی کەهەن بیان ناسین، سەبارەت بە ناوەکانیش، ئەوانەی کە هەر ناون وەکو اَللّٰه یان اِلٰه بەپێی عەقلی خۆمان لێکیان ئەدەینەوە، ئەبێتە کەسێك کەشیاوی ئەوەتە بینە غولام‌و بەندەی، وە بێ‌پەرەستین. رَبّ ئەوەتە خاوەنی ماڵ‌و گیان‌و ژیانمانە، یان پێناسی‌تری وەکو ڕەززاق‌و کەریم وسەمیع، ئەم جۆرە ناوانەشی ئەوەندەئەزانین کەرەم، بۆ بەخشەندگی‌یەو ڕەززاق بۆ ڕۆزی بەخشینەو سەمیع بوبیستیاری‌یەو، بەم‌جۆرە، ئەگینا چەنوچۆنی نازانین، بەڵام سەبارەت بە ذاتی‌خوا، وەئەوشتەی کە خاوەنی ئەم ناوو پیناسانەتە، هەرئەوەتە، ئەزانین ڕاستە کەخاوەنی ئەم ناوو پێناسانەتە، باقی‌تری هەرئەوەتە کەخۆی فەرمویەتی، لَيْسَ كَمِثْلِه شَيْءٌ، وَسُبْحانَ اللهِ عَمّا يَصِفون وَسُبْحانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمّا يَصِفون، کەواتە هیچ‌شتێ وەکوئەونیە، وە ئەو دورە لەوپێناسانەی کە نەفامان‌و خوانەناسان بۆی دائەنێن، وە لەوپێناسانە «**مونەززەهە**» وەصوفی‌یە گەورەکان لەمەقامە هەرە باڵاکاندا، ئەم چۆنیەتەی کەباسمان‌کرد، لەدڵ‌ودەرون‌و، ڕەوانیان‌دا جی‌گیربوەو دامەزراوە، وە چۆنیەتی ئەم‌خەڵاتەو، بەرهەم‌و تام‌و چێژەکەی وە دەست‌کەوتە مەعنەوی‌یەکانی مەر هەرخۆیان بیزانن.

«عبودیه»

«عوبودی‌یەت»، کوردی‌یەکەی ئەبێتە بەندەیی، غولامی‌ی، کۆیلەیی، بەلام لەڕوانگەی تەصەووفەوە مەقامی گەورەپیاوان و ئەولیاکانە.

(عوبودی‌یەت)، بەرانبەری **(روبوبی‌یەت)** دێت، کەبریتی‌یە لەخوایەتی، یان، خاوەنیەتی.

بێگومان ئێمە هەمومان بەندەین، واتە عەبدی خوداین چ بەندەیێکی لاڕێ‌گرو چەوت، وە چ، بەندەیێکی ڕاست‌وپاك‌و خواپەرست، بەندەیی وەکو بڕێ پێناس‌نیە. بە هەڵسان‌بەکارێ جابێتە عەبد، وەکو **«مؤمن»**، خاوەن‌باوەڕ، ئەگەر باوەڕی نەبو مؤمن نیە، یان موسوڵمان ئەگەر ئاینی موسوڵمانیی قوبوڵ نەکرد موسوڵمان نیە، کەچی عەبد بیەوێو نەیەوێ **(عەبدە)**.

بەڵام ئەم بەندەیی‌یەی کەئێمە سەبارەت‌بەو باس‌ئەکەین، قوڵ‌تریشە لە تەنها موسوڵمان‌بون‌و باوەڕ هاوردن، بەڵکو لەڕوانگەی تەصەووفەوە مەقامێکی هەرەبەرزە، چونکە تەنهابەندەیی ڕووت نیە، بەڵکو هەستانە بەسپاردەی بەندەیی، بەوجۆرەی کەخوایپێ‌خۆشە.

لەڕوانگەی زمانەوانی‌یەوە ئەو وشانەی کە لە **(عەبد)**ەوە سەرچاوە ئەگرن واتە، لەخێزانی ووشەی **(عەبد)**ەوە، جیائەبنەوە وەکو، عیباد، عابد،ئەعبود، نەعبود، هتد.. لە دووصەد وشە زیاتریان، لەقورئانی پیروزدا هاتوە.

عوبودی‌یەت، کە مەقام، وەیان، پلەیێکە کە پیاوە پێ‌گەیشتوە گەورەکانی تەصەووف ئەگەنێ، **هەمو** حاڵ‌و مەقامەکانی تریش ئەگرێتەبەر، چونکە هەمویان لەچوارچێوەی بەندەییو خواپەرەستیدا کۆئەبنەوە، ئەوەی خاوەنی زوهدە، یان تەوەککول، یان خاوەنی باوەڕە، بێگومان هەم ئەبێ بەندەبێت وە هەم بەجێ‌هێنەری نەریتی بەندەیی، واتە **«عیبادەت»**. بەلام ئایا ئەوەی خاوەنی عوبودی‌یەتە کێ‌یە؟؛ وە ئەم عوبودی‌یەتە چەن‌جۆرە یان چەن‌پلەیە؟.

یەکەم‌شت سەیرئەکەین خوای‌گەورە کەناوی مەقامی پێغەمبەرەکان ئەبات وەرەزامەندیی سەبارەت بەوان پیشان‌ئەدات بەووشەی **«نِعْمَ الْعَبْدُ»** دەست پێ‌ئەکات، واتە **(چاکترین بەندە)**، جا ئەوچاکترینە، بریتی‌یە لەعوبودی‌یەت، یان

کەسەبارەت بە پێغەمبەری گەورە کە باس ئەکات، ئەفەرمێ «**سُبْحانَ الَّذي أَسْرَى بِعَبْدِهِ**» (١٧) (١) یان ئەفەرمێ «**فَأَوْحىٰ إِلى عَبْدِهِ ما أَوْحى**» (٥٣) (١٠) «**أَنْزَلَ عَلى عَبْدِهِ الكِتابَ**»، (١٨) (١)، وە زۆرشوێنی ترکە بەعەبد ناوی (**محمد**) ئەبات، دروودی خوای لەسەر، یان کەسەبارەت بە ئەیوب وەسولەیمان ناوئەبات، «**نِعْمَ العَبْدُ إِنَّهُ أَوَّاب**» «**ئەفەرمێ، وەهەروەها سەبارەت بەزۆریك لەپێغەمبەرەکان**».

ئەمانە هەموی پێشاندەری پایەی (**عەبدی یەت**)، واتە بەندەیی یە بەلای خواوە.

نیشانەیێکی تر بۆئەوەی کەهەمو عەبدێ عەبدێ نیە ئەوەتە کاتێ شەیتان هەرەشەئەکات وەئەڵێ ئەرومە بن کلێشەی بەندەکانت، وە فریویان ئەدەم، خوای گەورە ئەفەرمێ، ئەوەی کەبەراستی بەندەی من بو، تۆ دەرەقەتی نایێت، وەهیچت بۆنا کرێ، جائەوانە، ئەوگەورەپیاوانەن، کەخوایان ناسیوە وئیمانیان دامەزراوە وەبریتین لەوەلی یەکان، وەپیاوە زۆر خواپەرستەکان، جا خوا، بەشەیتان ئەفەرمێ «**إِنَّ عِبادي لَيْسَ لَكَ عَلَيْهِمْ سُلْطان**»(١٥)(٤٢)، واتە ئەوەی بەتەواوی بەندەی من بێت، تۆ ناتوانی لەرێ لای دەی.

هەروەها لەشوێنێکی ترا ئەفەرمێ «**إِنَّ الأَرْضَ يَرِثُها عِبادِيَ الصَّالِحون**». هەروەها لەباسی بەندەی چاکا ئەفەرمێ «**التَّائِبونَ العابِدونَ**»(٩)(١١٢) (**یان**) (**تائِباتٌ**) **عابِدات**» (٦٦) (٥).

لێرەدا باسی ئەوانەتەکە خواپەرەستی ئەکەن، واتە بەندەیی بەجێ دێرن، وە لەزۆر شوێنی تری قورئاندا ستایشی بەندەی چاكوخواپەرست کراوە، کەبەراسیتی شێوەی بەندەیی خۆیانیان، بردوەتە رێگاوە، بابزانین لەروانگەی سەرچاوەکانەوە ئەم بەندانە چەن جۆرن، وەسەبارەت بەو مەقامە چی وێژراوە، وەئەم وشەی عوبودی یەتە لە کتێبەکانی تەصەووفدا چۆن لێك دراوەتەوە.

(**قوشەیری**) لەریسالەدا، لەم بارەوە باسی کردوە وە نمونەیێکی زۆر لەباوەڕی گەورەپیاوانی تەصەووف سەبارەت بە عوبودی یەت نوسیوە.

ئەڵی، لە «**ئەباعەلی دەققاق**» م بیست، ئەی فەرمو، عوبودی یەت تەواوترە لەعیبادەت، واتە، لەپێشا، «**عیبادەت**»دیت لەپاش ئەو «**عوبودی یەت**»، **لەپاش ئەو** (**عوبودە**)، ئەڵێ عیبادەت کاری موسڵمانانێکی سادەو تێکرایی یە، عوبودییەت هی

هەڵبژێراوانە، بەڵام (**عوبودە**) پلەی تایبەتی تایبەتەکانە، واتە هی خواناسە هەڵبژێراوەکانی ناوی هەڵبژێرراوانە.

هەروەها ئەڵێ، لێم‌بیست ئەیگوت عیبادەت هی‌ئەوانەیە خاوەنی «**عِلمْ اليقين**»بن، عوبودی‌یەت هی‌ئەوانەیە خاوەنی «**عَيْنُ اليقين**»بن، بەڵام عوبودە هی‌ئەوانەتە کەخاوەنی «**حَقّ اليقين**» بن.

هەروەها ئەڵێ، «**عوبودە**»، دەس‌هەڵگرتنە لە «**إختيار**»، واتە (**هەستی ویستونەویست**»، دەربارەی هەرچی کە لەوکەسە ڕووئەدات.

لەزمانی ذا النونەوە ئەڵێت، عوبودی‌یەت بریتی‌یەلەوەی، ببیتە بەندەی خوا بە هەموجۆرێ وە لەهەموحاڵێکا، هەروا کەئەو خاوەنی‌تۆو خودای‌تۆیە بەهەموجۆری وەلەهەموحاڵێکا. ئەڵێ «**جەریری**» وتویەتی، بەندەی نیعمەت زۆرن، بەڵام بەندەی خاوەن نیعمەت کەمن، «**واتە خەڵك زۆریان کۆیلەی سەرمایەو سامانو دەس‌هاتو دەس‌کەوتەکانی تری ئەم‌جیهانەن، وەکوپایەو پلەی دنیایی، بێ‌گومان ئەمانە هەموی لەچوارچێوەی نیعمەت‌دان، بەڵام ئەوانەی ئەبنە کۆیلەی خاوەنی ئەم‌نیعمەتانە کە خوای‌گەورەیە، کەمن**».

پێغەمبەر درودی خوای‌لەسەر ئەفەرمێ، بەدبەخت ئەوکەسانەن، ئەبنە کۆیلەی، درەم‌ودینارو پۆشاك‌وکوتاڵ.

هەروەهائەڵێ «**عبد الله بن منازل**»، وتویە، بەندە بەندەی خوایە، تا ئەو کاتەی خزمەتکاری تایبەت بۆخۆی ڕائەگرێت، ئەوکاتەی خزمەتکارێکی بۆخۆی‌گرت، ئیتر لەچوارچێوەی بەندەیی خوا دەرچووە وەدەستی لەنەریتی بەندەیی هەڵگرتوە. ئەڵێ، وقیل «**العُبودية شُهودُ الربّوبيه**»، واتە بەندەیی ئەوەتە، چاوی بکەوێتە خوایەتی، واتە ئەگەرزانی خوایەتی کامەتاو چۆنە، ئەزانێ بەندەیی ئەبێ چۆن بێت.

وە دەیان باوەڕی‌تری گەورەپیاوانی تەصەووف، کە قوشەیری پەنجەی بۆکێشاون.

لەکتێبی «**الفاظ الصّوفيه**» دا ئەڵێت، صوفی‌یەکان ووشەی «**عەبد**» بەکارئەبەن، بۆمەقامی (**عوبودی‌یەت**) هەروەها کە ووشەی «**رب**» بەکار ئەبرێت بۆ مەقامی «**روبوبی‌یەت**».

ئەڵێ، عوبودی‌یەت دانراوە بۆبەندە صالحەکان، کاتێ کە خوا ئەم‌خەڵاتەی دایەبەندەیێك خۆی سەری ئەخات، وەهەرچی ئارەزوی نەفسە لەوی‌دورئەخاتەوە، وەهەوای نەفسی لەناوئەبات، ئەوکاتە لەناوی نازو نیعمەتی خۆیا ئەم‌دیوو ئەودیوی پی‌ئەکات، ئەیخاتە نیعمەتێکەوە تەنانەت خۆیشی‌لەیاد ئەچێتەوە، وە خوانەبێ، هیچی‌تری لەیادنامێنێ، وەبیری لای‌هیچی‌ترنیە.

وە ئەمانەن خوا دەربارەیان ئەفەرمێ «**نِعْمَ العَبْدُ إِنَّهُ أَوَّابٌ**».

لەکتێبی «**معجم مصطلحات الصوفیه**» دا، سەبارەت بە «**عەبد**»«**عوبودە**»، «**عوبودیەت**»، باس‌ئەکات. ئەڵێ عەبد کاتێ‌عەبدی ڕاستەقینەیە، دڵی‌ئەو جگە خوا هیچی‌تیانەبێت، جائەوکاتە پێی‌ئەوترێ «**عبد الله**»، هەروەکو لەقورئانا دەربارەی حەزرەتی‌عیسی درودی خوای‌لەسەر ئەڵێ، «**قَالَ إِنِّي عَبْدُ اللهِ آتَانِيَ الكِتَابَ وَجَعَلَنِي نَبِيًّا**» (**مریم**)(**٣٠**).

ئەڵێ، خوای‌گەورە باشترین ناوێك کە بەبەندە چاکەکانی خۆی فەرموە، ووشەی «**عەبد**» ە. وەکو «**عِبَادٌ مُكْرَمُونَ**» وە «**نِعْمَ العَبْدُ**».

ئەڵێ، کاتێ کەپێغەمبەر، درودی خوای‌لەسەر بەهۆی شەونەخەوتن وشەونوێژ کردنەوە پێی ئاوسابون، لێ‌یان‌پرسی، ئەی پەیامبەری گەورە، تۆمەگەر خودا خۆی موژدەی نەداویتێ کە گوناهی ئایندەو لەوەپێشی بەخشیوی؟ ئیتر بۆ وائەکەی بەخۆت؟ لەوەڵاما فەرموی «**أَفَلا أَكُونَ عَبْداً شَكُوراً**»؟ ئایا بەندەیێکی شوکرانە بژێرنەبم؟

پێغەمبەرئەفەرمێ، خرابوەدەستی‌خۆم، بەوێ، پێغەمبەرێکی‌پادشابم، یان پێغەمبەرێکی (**عەبد**) بەندە، بەڵام من‌خۆم ئەوەم هەڵبژارد وە بە جیبرەئیلم گوت ئەوەم‌پی‌خوشە پێغەمبەرێکی بەندەبم. جائەمەتە مەقامی بەندەیی.

سەبارەت بە عوبودە ئەڵێت، (**عوبودە**) بریتی‌یە لەخواپەرستیێك کەبەهۆی گەورەیی خوا وە خۆشەویستی‌خوا وەشەرم‌کردن لەخواوە ئەنجام‌بدرێت، وە ئەم‌پایەیە لەپایەی عوبودی‌یەت بەرزترە کەئەویش لەپایەی عیبادەت بەرزترە، ئەڵێ عیبادەت بە لەش ئەنجام‌ئەدرێت، وە شوێنی عوبودی‌یەت ڕۆحە واتە ڕوح ئەنجامی ئەدات، بەڵام عوبودە، بە «**سیرر**» ی مرۆڤ ئەنجام ئەدرێت، «**باسی‌سیرر**» لەکاتی باسی تەریقەتی نەقشبەندی‌دا ڕونی‌ئەکەمەوە، لێرەدا ئەڵێم «**سیرر**»، یەکێکە لە

لەطائف، واتە «**حەواسی مەعنەوی**» کەبریتین لە «**قەلب**، **رۆح**، **سیرر**، **خەفی**، **ئەخفا**»، جائەڵێ مەقامی حەزرەتی ئەبوبەکر، ئەم مەقامەبوە، چونکە خواپەرستی یەکەی ئەو هی «**گەورەیی وعەزەمەتی خوابوە**»، لێردا دەس نیشان ئەکات بۆ ئەوحەدیثەی ئەفەرمێ، «**لم یفضّلکم ابو بکر بکثرة صیام ولاصلاة، وإنما فضّلکم بشئٍ وقر في صدره، وذلك عظمة الله واجْلالُه**»، ئەوسەرچاوە پاشان ئەڵێت: عیبادەت پیشەی هەمو موسوڵمانانە بەچەشنێکی تێکرایی، بەلاّم عوبودی یەت هی هەڵبژێراوانە، ئەویش ئەوەتە ڕەزات لەسەری ڕەزای خوابێت هەرچی ئەوکردی ئەوەت لاباش بێت.

عوبودە وەعوبودی یەت، لەڕوانگەی زمانی عەرەبیشەوە بریتی یە لەوپەڕی بەندەگی کردن وخۆبەبچووك زانین بەرانبەر بە سەروەری خۆت. «**قاموسی فیروزئابادی وە موئجید**».

تەصەووف چی یە

بەشی پێنجەم

حاڵەکان

١- قەبض ، «قبض»

٢- بەسط ، «بسط»

٣- مەحوئیسبات ، «محووإثبات»

٤- صەحوسوکور ، «صَحووسکر»

٥- غەیبەوشوهود ، «غَیبەوشهود»

٦- شەوق ، «شوق»

٧- ئونس ، «اُنس»

٨- وەجد ، «وَجد»

٩- جەلال ، «جَلال»

١٠- جەمال ، «جَمال»

١١- کەمال ، «کمال»

١٢- مەحەبەت ، «مَحبة»

١٣- لەوائیح ، طەوالیع ، لەوامیع ، «لَوائح ، طَوالع ، لَوامع»

١٤- جەذب ، «جَذْب»

١٥- وارید ، «وارِدْ»

قبض وبسط :

قەبض وبەسط، دوحاڵن، لەوحاڵانەی کەدێنە ڕێگەی ڕێبواری تەصەووف، واتای ئەم دووووشەیە لەڕوانگەی تەصەووفەوە، بریتی‌یە لەگیرانی دەرون وە کرانەوەی دەرون، واتە: قەبض نارەحەتی‌و نائارامی‌و دڵ‌تەنگی‌یە، وە بەسط دڵ‌کرانەوەوخۆشی‌یە وە لەهەردوکیان‌دا مرۆڤ ئەگاتە ئەوپەڕی خۆشیی، یان ناخۆشیی.

لەکتێبی، «**الفاظ الصّوفیه**» دا، ئەڵێت «**قەبض**» لەزاڵ‌بونی حاڵی «**خەوف**»، پەیدائەبێت وە «**بەسط**»، لەزاڵ‌بونی حاڵی «**ڕەجا**» دا، ئەگەر صوفی ترس ڕوی‌تێ‌کرد بەهۆی هەڕەشەیێکی خوداوە کەلەقورئاندایە، ئەوە حاڵەتی «**قەبض**» ڕوی تێ‌ئەکات، ئەگەریش سرنجی بەڵێنی پاداشی بەهەشت‌وڕەزامەندیی خودایشی‌دا، «**بەسط**»، واتە دڵ کرانەوە ڕووی تێ‌ئەکات.

بڕێکی‌تر لایان‌وایە لەوکاتەدا ئەگەرخودا پێناسی «**جەلالی**» بۆئەوبەندەیە خستەڕوو ئەوە دووچاری دڵ‌گیریی ئەبێت، وەئەگەر پێناسی «**جەمالی**» خستەڕوو، ئەوا دڵ‌کراوەیی ڕووی‌تێ‌ئەکات. ماوە، لەنێوانی قەبض‌و بەسط‌دا هۆی جۆری ئەو بەرەکەتەیە کەئەباریێ بەسەری دەرونا، هی‌وای‌هەیە ئەبێتە هۆی دڵ‌کرانەوە هی‌وایشی‌هەیە ئەبێتەهۆی دڵ‌گیریی.

برێ‌جار ئەودڵ‌گیرانە لەمەترسیی لەدەست‌دانی دەس‌کەوت‌ونیعمەتێکی دوروونی‌یەوە سەرئەدات، واتە ئەو ڕێبوارە حاڵێکی خۆشی هەیە، لەوحاڵانەی مەگەر خۆیو خودابیزانن، جا لەمەترسیی لەدەست‌دانی ئەوحاڵەدا «**قەبض**»، واتەدڵ‌گیری ڕووی‌تێ‌ئەکات، هی‌وایش‌هەیە بەئومێدوئارەزوی بەدەست‌هێنانی دەس‌کەوت‌و بەهرەیێکی دەرونی‌یەوە، وە بەئارەزوی گەیشتن بەوشتەی کەخۆشی‌ئەوێت دڵ‌کراوەیی، واتەبەسط ڕووی تێ‌ئەکات.

«**شیخ‌ئەبول‌حەسەنی شاذیلی**» **(١١٩٦– ١٢٥٨)** م ئەڵی «**قەبض**» تاریکاییێکە لەژێری ئەونورەوە پەیدائەبێ کەلەدڵەوە کشاوە، وە (**بەسط**) نورێکی خودا داوە کە دڵ‌ودەرون دائەپۆشێ، بەواتاییێکی‌تر «**بەسط**» نوری‌عەلانورە «**وەقەبض**» تاریکاییێکە

لەژێری نوردا، ئەبولقاسیمی قوشەیری، وە شیخ عومەری سەهرەوەردی لەریسالەو لە (**عوارف المعارف**)دا لەمبارەوە زۆری لەسەرچوون.

قوشەیری ئەڵێت «**قەبض وبەسط**» دوحاڵن لەپاش سەرکەوتن لەحاڵی «خەوف وەرەجا»، دەستی ڕێبوار ئەکەون، وە «**قەبض**»، بۆعاریف وەکو خەوف واتە بۆ شاگردی تازەکار، وەبەسط بۆ مرۆڤی کارامە «**عاریف**»، وەکو رەجا بۆ تازەکار وایە، هەروەها ئەڵێت حاڵەتەکانی «**هەیبەت وەئونس**»، وان لای ژوروی «**قەبض وبەسط**»ەوە، واتە «**هەیبەت**» والای ژوروی «**قەبض**». وە «**ئونس**» وا لای ژوروی بەسط، واتەئونس لە بەسط تەواوترە، هەروەها ئەڵێ خاوەنی خەوف ورەجا بۆئاینده ئەڕوانن، وەئاینده‌یان لە پێش چاوە، واتە یان لەئاینده‌ئەترسێ یان ئومیدی بەئاینده‌یە، بەڵام خاوەنی «**قەبض وبەسط**» لەو حەلەدا خاوەنی حاڵەکەیە سایان دڵ کراوەو شادمانە یاخۆ دڵ داگیراوو پەرێشانە. لە کتێبی (**عوارف المعارف**)**دا** شێخ عومەری سەهرەوەردی ئەفەرمێ، قەبض وبەسط، دووحاڵی شەریفن. ئەڵێ گەورەپیاوانی تەصەووف سەبارەت بەمدووحاڵە بەئیشارە واتە **قامك** کێشان باسیان کردوە وە لەژێری پەردەدا، من نەمدیوە کە بەئاشکرایی و بێ پەردە لەمبارەوە باسی بکەن، لەبەرئەوە من پێم خۆش بو بەدرێژی لەبارەی ئەمدوحاڵەوە بنوسم.

ئەڵێ «**قەبض وبەسط**» کاتێکی تایبەتی خۆیان هەیە نە لەوەوپێش وەنەلەوەوپاش ڕووئەدەن وە ئەوکات و سەردەمەیان لەسەرەتای دەست پێ کردنی حاڵی «**المحبّة الخاصّة**» دایە، نەك لەپێشی دەست پێ کردنی حاڵی «**المحبّة الخاصّة**» دا، وەئەوەی گەیشتبێتە مەقامی «**المحبّة العامّة الثابتة**» بەفەرمانی «**ئیمان**»، نەقەبض و بەسط واتەدڵگیراوی و دڵ کراوەیی، وە نەخەوف ورەجا، واتە «**بیم وئومید**» ی نامێنێ، بەڵام شتێکی ئەبێت کەهەر لەحاڵی دڵ گیران ودڵ کراوەیی ئەکات وە لای وایە ئەوچۆنیەتە دڵگیران ودڵکراوەیی ڕاستەقینەیە کەچی لەڕاستەکەشیا ئەونیە، بەلکو جۆرە خەفەتیك ڕووی تی ئەکات لای واتە دڵگیرانی ڕاستەقینەیە، وە جۆرە سرورو نیشاطێك ڕووی تێ ئەکات لای وایە دڵ کرانەوەی ڕاستەقینەیە، سەرۆکی تەریقەتی (**سەهرەوەردیی**) لەپاشان ئەفەرمێ ئەم خەفەت و نیشاطە لەمەڵبەندی نەفس وە لەگەوهەری نەفسەوە سەرچاوەئەگرن، ئەمەش تێکۆشانێکە لەنەفسەوە بۆهێشتنەوەی پێناسەکانی خۆی، وەئەگەر پێناسی فەرمان بەخرابەدان لەنەفسامابێت

واتەپێناسی «أمَّارَةٌ بالسوء»،ئەم جموجوڵ و خەفەت گەیاندنە لەنەفسەوە گڵپەئەسێنێ، وە ئەوجۆرە خۆشی‌وشادی‌یە ناتەواوەش کەباسمان‌کرد بەرزبونەوەی شەپۆلی نەفسە لەکاتی ئاڵۆزبونی دەریای سروشت‌دا «واتەطەبعی‌دەرون» دا، جائەگەر ڕێبوار لەحالی «الْمَحَبَّةَ العامَّةَ» وە بەرزبوەوە وەگەیشتە سەرەتای «الْمَحَبَّةَ الخاصَّةَ»، جائەوکاتە ئەورێبوارە ئەبێتە خاوەن دڵ وەئەبێتە خاوەنی «النَّفْسُ اللَّوامَة»، واتەسەرزەنشی‌کەر«واتەنەفسێك کە لۆمەی خاوەنی‌ئەکات ئەگەربیەوێ کارێکی ناشیرین بکات، جالێرەدایە کە قەبض‌وبەسطی ڕاستەقینە دەس‌پێ‌ئەکات وە بەنۆرە دەرونی مورید ئەگرن، چونکە لەپایەی ئیمانەوە چوەتە پایەی «ئیقان»، واتە «یەقین» وەلە باوەری ڕاستەقینەوە ئەگاتە حاڵی «الْمَحَبَّةُ الخاصَّةَ»، جائەوکاتە خوای‌گەورە تاوێك دڵی‌ئەگریت وەتاوێ دڵی‌ئەکاتەوە. لەپاشان‌ئەفەرمێ، قەبض هی‌دەرکەوتنی پێناسی نەفسە وەزاڵبونی ئەوپێناسە لەدەرونا، وەپەیدابونی‌بەسط هی‌پەیدابونی پێناسی قەلبە، وەنەفس مادام گەیشتەقۆناغی «سەرزەنش‌کەری»، بڕێ‌جار سەرئەکەوێ وە بڕێ‌جار ژێرئەکەوێ، وە قەبض‌وبەسطەکەی لەوەوەیە خاوەنی‌دڵ والەژێری پەردەی‌نورانییەوە ئەویش هی‌ئەوەتە کەخۆی بەخاوەن‌دڵ ئەزانێت، واتە دڵی‌خۆی بەشتێکی «مەوجود»، دائەنێت، وە خاوەنی‌نەفس والەژێری پەردەی تاریکی‌یەوە چونکەخۆی بەخاوەن‌نەفس دائەنێ واتە «اِعْتِراف» بەوجودی نەفس ئەکات.

بەڵام ئەگەر پایەی بەرزبویەوەو لەوپەردانە چویەدەر، واتە لەپەردەی دڵ ڕزگاری‌بوو هاتەدەر ئەوکاتە هیچ‌حاڵێك ناتوانێ داگیری‌کات وەئیتر لەژێری فەرمانی قەبض‌وبەسطیش دەربازئەبێت، ئیتر نە دڵ ئەگیرێت‌و . . . . نەدڵ‌ئەکرێتەوە چونکە ئەو،لە «وجودی‌نورانی» کەبریتی‌بێت لەدڵ، ڕزگاری بوە وە «قورب» واتە نزیکی‌ی بێ‌پەردەی‌دڵ‌ونەفس،بۆی دەست‌ئەدات، جائەگەر جارێکی‌تر لەپاش «فەناوبەقا» «نەمان‌ومان» گەڕایەوە، ئەگەڕێتەوە بۆلای «وجودی‌نورانی»، کەبریتی‌یە لەدڵ،سەرلەنوێ قەبض‌وبەسط دەست‌پێ‌ئەکاتەوە بەڵام ئەگەر نەگەڕایەوە بۆلای وجودی‌نورانی کەوتمان بریتی‌یە لەدڵێکی‌ڕوناك وەهەر لەفەناوبەقادا مایەوە، ئیتر (قەبض‌وبەسط) شوێنی نامێنێ.

شێخ‌عومەر لەزمانی (فارس) ناوێکەوە ئەڵێت. لەپێشا قەبض لەپاشان‌بەسط، لەپاشان نەقەبض‌ئەمێنێ‌و نەبەسط، چونکە قەبض وبەسط، هی وجودن، بەڵام

کەوجود فەنابو وەتیاچو وە بەقا هەربەخودابو ئیتر دڵگیرانودڵکرانەوەیێك نیە. چونکەخاوەندڵ هەست بەدڵی خۆی ناکات.

پاش ئەمەش حەزرەتی سەهرەوردی تۆزیکی تریش لەوردەکاری ئەمباسەئەڕوات، لاموایە من بەشی پێویست، یان زیاتریش لەسەری ڕۆیشتم.

لێرەدا مەبەست ئەوەبو بزانین «**قەبض وبەسط**»، کەهەمیشە لەدەمی ڕێبوارانی ڕێگەی تەسەووف ئەبیسترێ بریتی یە لەدووحاڵی دڵگوشان وەدڵکرانەوە کەلەڕێبواری ڕێگەی تەصەووف رووئەدەن لەو دڵگیرانەداوەکەسە ئەوەندەبێزار خەریکە خۆی بکوژێتەوە لەوحاڵەکەیشیا ئەوەندە خۆشحاڵە لەهیچ کوێدا ڕێی نابێتەوە.

مَحْوْ إثبْات، صَحْوسُکرْ، غَیْبة وشُهود:

ئەم سێ مەبەستەش کە هەروەکو خەوف وڕەجا یان قەبض وبەسط سەبارەت بە دوحاڵەتی پێچەوانە هاتون، لەوحالانەن کە بەسەری ڕێبوارانی ڕێگەی تەصەووف‌دا دێن، وائیستە تۆزێ لەبارەیانەوە باس ئەکەین.

سەهرە وەردی، لە (**عوارف المعارف**)دا ئەڵێ، مەحو بریتی یە لە نەمان و لاچونی پێناسەکانی نەفس، وە ئیسبات بریتی یە لەوبەهرەیەی کە بەهوی یادەی (**مەحەبەتەوە**) خۆشەویستی خوداوە دەس ئەدات، یان «**مەحو**» بریتی یە لەکوژانەوەو سڕانەوەی دابی کردار لەڕوانگەی فەناوە، کەبڕوانێ بۆنەفسی خۆی، بەڵام، ئیسبات دامەزراندن و سەقامگیربونی دابی کردارە بەوشتەی کەخودا پێی داوە، یان خودابەشی داوە «**لە**»**وجود**»، لەهەستی ئەو، کەواتە ئەو هی خودایەنەك هی خۆی بێت، چونکە خودا پێناسەکانی ئەوبەندەیە سڕیوەتەوە وە ئەوپێناسانەی خەلات کردوە کەخۆی ویستویەتی.

وە بەرانبەر بە صەحو وسوکر ئەفەرمێ، سوکر ئەوەتە کە حاڵ فەرمانڕەوایی ئەکات

لەعەینی بێکاری و لێنەهاتوییدا بەڵکو بەکارم هەروەکو عەلاماتی ناوی‌حیساب، هتد. تائەگاتە سەرئەوەی ئەفەرمێ.

ئەی زاهیدی ظاهیربین من چۆن تۆ تێ‌ئەگەیینم لە «**قورب**» جگە ئەوەی بڵێم وەکو بۆنی ناوی گوڵاو وایە، لێرەدا شاهی‌نەقشبەند سەبارەت بە پایەی «**قورب**» ئەفەرمێ وەکو بۆنی خۆشی ناوی گوڵاو وایە، کەلەناوی هەمو «**ذەررە**»یێکی ئاوەکەشا هەیەو کەچی دوشتی لەیەك جیاوازیشن، لەوێدا ئاوەو بۆنی خۆش، لێرەدا «**بەندەیەو**» «**تەجەللا**» ی‌خوا. «**نوسەر**»

غەززالی لەپاشان ئەفەرمێ: بەکورتی ئەوەی لەرێگەی «**ذەوق**» چەشتن وە هەست‌پێ‌کردنی دەرونی‌یەوە، بەهرەمەند نەبوبێت، هەرگیز، جگە لەناو، ناتوانێ هەست‌بکات بەناوکە بە «**حەقیقەتی‌نبوەت**»، یان بە «**کەراماتی‌ئەولیا**» وە ئەم‌حاڵە یەکێکە لەدەس‌کەوتەکانی ڕێبواری ڕێ‌ڕەوی تەسەووف.

غەززالی پاش باسێکی وردو بەکەڵك سەبارەت بە «**حقیقەتی‌نبوەت**» باسی دەرونی پاك ئەکاتو دەس‌ئەکێشێت بۆ ئایەی «**یَوْمَ لایَنْفَعُ مالٌ وَلابَنُونَ إلاّ مَنْ أتَیٰ اللهَ بِقَلْبٍ سلیمٍ**» وەئەڵێ دەرونی «**سەلیم**»، بەو دەرونانە ئەڵێن پاك کرابنەوە لەهەمو خەوشێك، وەتەنها هەر یادی خودایان تیا سەقامگیر بوبێت، وەئەڵێ ئەوانەی کەخوا ئەفەرمێ «**فی قلوبهم مَرَضٌ**» ئەوانەن کەدەرونیان پاك نەبوبێتەوە: دیارە «**قلب**» لێرەدا، ئەوپارچە گۆشتە نیە کەوا لەسینەدا: بەڵکو هەستی دەرونی مرۆڤە، کەهەروەکو ئەندامانی لەش کە دڵیش یەکێ لەوانە: دوچاری نەخۆشی ئەبن، هەروایش هەستی دەرونی مرۆڤ: دوچاری نەخۆشی ئەبێ: وە هەروا کەئەوان بەدەرمان دەرمان‌ئەکرێن، دەرونیش دەرمانی تایبەتی خۆی‌هەیە: کە گرتنەبەری ئەم ڕێ‌ڕەوە، باشترین دەرمانی دەردی دەروونی‌یە.

زوتریش وتمان بەدەردی دەرونی ئەوترێ «**صیفاتی رەزیلە**»: خوو خدەی ناپەسەند: وە بەڵێمان داوە باسیان‌بکەین، ڕێ‌ڕەوی تەصەووف ئەکۆشێت بۆ گۆڕینی ئەوخووخدە بەخۆوخدەی باش «**صیفاتی حەمیدە**».

غەززالی لەکۆتایی کتێبی «**المنقذ**»دا سەبارەت بەکەڵکی هەرەگەورەی ڕێ‌ڕەوی تەصەووف ئەڵێ: کەڵکی‌ئەم زانیاری‌یە ئەوەتە ڕاستەقینەو «**یەقین**»یە: وەخاوەنی باوەڕی بێ‌ئالایش‌و بێ‌چەنوچۆن، هەم لە خودا ئەترسێت هەم ئومێدواریش ئەبێت بەپاداش «**خوف وەرجا**»: وەئەم حاڵەتە ئەبێتە دیوارێك لەنێوانی ئەوو سەرکەشی‌کردن

لەفەرمانی خوادا، وەئەگەر هاتو هەڵەیەکیشی کرد هیچ بێباوەڕی نابێت، چونکە مرۆڤی خاوەن باوەڕ قەت ناکەوێتەوە شوێنی «نەفسی ئەمارە». واتە هەستی کەج ڕەوی لەدەرونا، وە بەتەواوی دوری ئەگرێ لە سەرکەشی ولاڕێگری.

لێرەدا بەشەکەی ئەمجارەمان دوایی پێ دێنین وەئیتر لەمەولا بەیارمەتی خوای گەورە وا ئەکەوینە وەڵامدانەوەی هەموی ئەوپرسیارانەی کەهێشتان وەڵام نەدراونەتەوە.

تائێرە توانیمان زۆرشت سەبارەت بەناسینی تەسەووف ڕوون کەینەوە وە وەڵامی زۆرێك لە پرسیارە سەرەتایی و بناغەییەکان بدەینەوە، ئەو پرسیارانەی کە کردبوماننە درۆشمێك، واتە تەسەووف چی یە؟ تەسەووف چۆن وەلەکەیەوە هاتوە؟ فەرقی نێوانی فەلسەفەو تەسەووف چی یە؟ تەسەووفی بەرلەئیسلام کامەوچۆنە؟

ئاکام وەئامانج لەتەسەووف داچی یە؟

ئەمانە پرسیارێکن کەلەسەرەتاوە ئائیستە کرابونە درۆشم وە وەڵامی هەموی درایەوە، بەڵام لەمەولا زۆر پرسیاری تریش دێنە پێشەوە کە بەیارمەتی خودا وەڵامی ئەوپرسیارانەش ئەنوسین.

جائەمەش ئەوپرسیارانەی کەلەمەودوا وەڵامیان ئەدەینەوە، بەڵام نەك بەتەرتیب، بەڵکو هەرجۆرێ پێویست بکات

١ – تەسەووفی ئیسلامی لەکەیەوە دەست پێ ئەکات؟ وەئایاهەر لەڕۆژگاری پەیامبەرەوە «دروودی خوای لەسەر» تەسەووف هەربوە؟

٢ – چۆن بزانین کەتەسەووف دەق بەدەق لەگەڵ ئاینی ئیسلامایەو جیاوازنیە وەلەئیسلامەوە سەرچاوە ئەگرێت؟

٣ – ڕێڕەوی تەسەووف چی یە وەچۆن پەیرەوی لێ بکەین؟

٤ – تەسەووف بەچی دەست پێ ئەکات وەپایانی کامەتا؟

٥ – شتە بەکەڵکەکانی ئەمڕێڕەوە لەڕوانگەی ئاینی و کومەڵایەتی و ژیانی مرۆڤایەتی وە چی یە؟

٦ – ئایا تەسەووف هیچ زیانێکی هەیە بۆئاین، یان بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی، وەبەتێکڕا بۆ ژیانی مرۆڤ؟

٧ – ئەو ئایەت وحەدیثانەی کەپیشاندەرو ڕوونکەرەوەی ڕێڕەوی تەسەووفن کامەن؟

٨ – ڕێڕەوی ڕاستی تەسەووف کامە، وەفەرق لەنێوانی صوفی و موتەصەوویف دا چی یە؟

٩ – هەر لەسەرەتاوە باسمان لەیەقین کرد، ئایا کەڵکی گەیشتن بەپلەی یەقین چی یە؟

١٠ – چۆن ئەگەین بەپلەی یەقین وە چەن ڕێگەو ڕەوش هەن بۆ (سلوکی) ڕێگەی یەقین؟

١١ – پاش گەیشتن بەپلەی یەقین خووخدەی مرۆڤ وەهەڵسوڕنیشتی چی بەسەردێت؟

١٢ – مرۆڤ لەم زانیاری یەگرنگەدا گەیشتوەتە چ پلەیێك؟

١٣ – (پێناس)ی: صیفاتی ستایش کراو «حمیدة» چی یە. وە (پێناس)ی صیفاتی ڕەزیلە «ناپەسەند» کامە؟

١٤ – پەیڕەوی نهێنی و ئاشکرا «ظاهیرو باطین» لەشەرع، چۆن ئەکرێت؟

١٥ – کردەوە بەرزەکانی صوفیەکان کامەنا وەئەخلاقی صوفی ڕاستەقینە چۆنە؟

١٦ – ڕێڕەوی صوفیەکان بۆگەیشتن بەم ئاواتە چۆنبوە؟ «جگەئەمانەش برێ پرسیاری تایبەت دێنەپێشەوە. وەکو.

١٧ – ئایا ڕێڕەوەکان «طەریقەت»ەکان لەیەك جیان؟ وەتەریقەت بەچی ئەڵێن؟

١٨ – ئایا شێخ یەتی وەئیرشادکردن، یان شێخ بون و موریدبون، لەگەڵ تەسەووف دا هەریەکێکن یان جیاوازن. وەچۆن؟

١٩ – لە «إصطلاح» ی تەسەووف دا بەکێ ئەڵێن شێخ واتە «مورشید» وەبەکێ ئەڵێن، وەلی؟

٢٠ – کەشف وەکەرامات، چین وەچۆن لەیەك جیائەکرێنەوە؟

٢١ – ذیکر، رابیطە، لەطائف، قەلب، تەوبە، سلوك، جەذبە، حال، مەقام، تەوەججوە، ڕیازەت، نەفس، شەطەحات، موشاهەدە، موراقەبە، ذەوق، ئیشراق... هەتەد... ئەمانە چین وەچۆنن.؟

٢٢ – مەبەستێکی گرنگ هەیە ئەویش بریتی یە لە «ئەدەبی تەسەووف» یان کارێك کەئەم ڕێڕەوە کردویەتە سەری (وێژەی) زوانەکانی ئەم ناوچەیە بەتێکڕایی، وەزمانی کوردی بەتایبەت.

٢٣ - وشەی صوفی وە تەصەووف لەچیەوە سەرچاوەی گرتوە؟ ئەم پرسیارانە پرسیارێکن لە داهاتودا وەڵامیان ئەدەینەوە وەبێگومان لەکاتی شیکردنەوەو لێکدانەوەیانا شتی تازەی زۆریتریش ڕوون ئەکرینەوە.

ئێستە یەکەم پرسیارمان ئەکەین ، وەئەڵێین تەصەووفی ئیسلامی لەکەیەوە دەستی پێکردوە.؟

ئێمەئەمەو پێش ڕونمان کردەوە کە تەصەووفی ئیسلامی هیچ جیاوازیێکی لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیدانیە بەڵکو سەرەڕای ئەوەش ، کە موبەمو ئەبێ پەیرەوی بکرێت لە «ظاهیری شەرع» ، ئەبێ بەتەواوی پەیرەوی بکرێت لە کردارو گوفتاری پەیامبەری گەورەش ، وەجگەئەوەش ئەبێ هەوڵ بدرێت کە لەدەرونیشەوە ، پەیرەوی بکرێت لە ئاینی ئیسلام ؛

وە لەدەرونیشەوە صوفی خۆی بپارێزێت لەهەمو کارێکی ناپەسەند ، وەپاش هەموی ئەمانەش ئەبێ سوفی بگاتە پایەیێک کەپەرستشەکانی تەنها بۆئەوە نەبێ کە ئەمە سپاردەیێکی خواییەو لەسەریەتی کەئەنجامی بدات ، بەڵکو ئەبێ لەوپەرستشە خۆشنودبێت وەگەشەی پێبکات و ئاواتی بۆ بخوازێ ، هەروەها سوفی ئەگاتە رادەیێک کە جەورو ئازاریشی بەلاوە ئاسانە ، بەڵکو چونکە ئەو جەورو ئازارە هی خوایە ئەویشی هەروەکو پاداش وشاباش ، بەلاوە خۆش و شیرینە «قُلْ لَنْ يُصِيبَنَا إِلاَّ مَا كَتَبَ اللَّهُ لَنَا» ؛ کەواتە پەرستش وای لێدێت ، ئەبێتە ئاواتو ئارەزو ، ئەبێتە ئامانج.

بۆنمونە ئەڵێم ئەگەر لەتافی لاویدا تۆ کەسێکت خۆشویست ئایا پێویستی بەوەهەیە کەئەوکەسە بەتۆ بڵێ ، وەرە منت خۆش بوێت ، یان بڵێت ئەگەر تۆمنت خۆش بوێت فیسار پاداشت ئەدەمەوە؟ بێ گومان هەرگیز ، چونکە تۆخوا خواتە ئەو بت دوێنێ ، ئەو وەڵامت بداتەوە ، یان کارێکت پێ بسپێرێت ، یان داوای شتێکت لێبکات.

جائەمە «**عیشقی مەجازی**» یە ؛ واتە خۆشەویستی دەس هەڵبەسو نەفسی ، وەئێرەتی ؛ «**وەقتی**» ، وەرەسەیری خۆشەویستی جاویدانەی بێپایان و ، دوانەهاتو ؛ واتە «**عیشقی حەقیقی**» بکە ، جا لەم حاڵەدایە کە پەروانەی پەرستاوی «**عیشقی حەقیقی**» ڕابیغەی عەدەوییە ، ئەفەرمێ خوایا ، من تۆنەبۆ بەدەس هێنانی

باغی بەهەشت ئەپەرستم وە نە لەترسی ئاگری جەهەننەم ، بەڵکو لەخۆشەویستی تۆدایە کە تۆ ئەپەرستم» ، جا کە ئێمە تەسەووفمان ئابەم جۆرە ناسی ، وەبۆمان دەرکەوت کە تەسەووفی ئیسلامی بریتی یە لەئەوپەڕی ئامادەیی ، بۆ بەڕێوەبردنی فەرمانی خودا ، بۆمان روون ئەبێتەوە کە هەر لەرۆژێکەوە نوری ئیسلام درەوشاوەتەوە وە خودا ئیسلامی بەخەڵات نارد بۆپەیامبەری گەورە «درودی خوای لەسەر» ، وە دەرونی پیرۆزی ئەوذاتە گەورەیە بەنوری خوا روناك بو ، وەسینەی لەهەمو ناخاوێنیێکی «ئینسانی» پاك کرایەوە ، هەروا کە خوای گەورە ئەفەرمون «أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ وَوَضَعْنَا عَنْكَ وِزْرَكَ الَّذِي أَنْقَضَ ظَهْرَكَ وَرَفَعْنَا لَكَ ذِكْرَكَ» ؟ .... هتد» ، هەرلەوکاتەوە ئیتر تەصەووف ، دەس پێ ئەکات ، واتە حەقیقەتی شەریعەت ، بەڵێ ئەگەر ئیسلام بۆئێمە بریتی بێت لە پەیرەوی کردن لە «ظاهیر» ی شەرع ، بۆ پەیامبەری گەورە پەیرەوی بوە لەحەقیقەتی شەرع ، جا پاش ئەوە ئەونوری حەقیقەتە بەهۆی ئەوکانگەی نورەوە رژاوەتە دەرونی یارانو نزیکانی ئەوذاتە ، وەکو چوار یاری پەیامبەر ، بەڵکو هەموی ئەویارانەی کەبەڕاستی ودروستی باوەڕیان پێی بوەو فەرمانیان بردوە ، هەروەها بەڵگەی مێژوویی بەدەستەوەیە کەبرێ لەم یارانە زیاتر لەوانی تر لەم ڕێڕەوەدا پێش کەوتون وەکو «حوذەیفەی بن الیمان العبسی». حوذەیفە ، کەلەپێغەمبەرەوە درودی خوای لەسەر ، بەم پایە بەرزە گەیشتبو ، ئەڵێت پێغەمبەری گەورە هەرچی روئەدات و روی داوە تارۆژی قیامەت هەموی بۆگێراومەتەوە یانوەکو «حارثة بن مالك» کەپێغەمبەر ئەفەرمێ «مَنْ سَرَّهُ أَنْ يَنْظُرَ إِلَىٰ مَنْ نَوَّرَ اللهُ قَلْبَهُ فَلْيَنْظُرْ إِلَىٰ حارِثَةَ بن مالِكْ» واتە هەرکەس پێی خۆشە ئەوکەسەی چاوپێ بکەوێت کەخوا دەرونی روناك کردوە باسەیری حاریثەی کوڕی مالیك بکات» .

جاهەروەکو قوشەیری «٩٨٦ – ١٠٧٤م» لەڕسالەکەیا ئەڵێ ، لەزەمانی پەیامبەری گەورەدا بەهۆی نزیکی ، وەهاوەڵی کردنی پەیامبەری گەورەوە ، کە سەرچاوەو کانگەی نوری خوداوەندی یە ، تەنها بەوەی ، کەئەبونە یارو هاوکاری ئەوان ، بەونزیکی یە هەمودەرونێکی ژەنگاوی پاك ئەبویەوە وە «شەرەفی سوحبەت» ، واتە سەربەرزی هاوڕێیەتی ، ئەیبردنە پلەوپایەیێکی «مەعنەوی» ، وەها ، کەئەمرۆ بەهیچ تێکۆشانو دەس مایەیێك ، دەستی ئێمە ناکەوێ ، وە «حاڵەتی عین الیقین» دەستی ئەدا بۆیان ، ئەگەر ئەوباوەڕە بەرزە نەبوایێ «بیلالی حەبەشی» چۆن بەرانبەر بەوهەموە ستەمە خۆی ئەگرتو ئەیوت ، «أحد أحد» ، وە چۆن ئەمخەڵکە ئامادە ئەبو گیانی بخاتە

سەرلەپێی دەستی وەبڕوات بەرەوپێشی مەرگ. ئەورۆژە بەرێرەوانی ڕیگەی حەقیقەتی ئیسلامی ، وتراوە ، «ئەصحاب» ، پاش ئەوانیش ، بە شوێن کەوتوانی ئەوانیان وتوە ، «تابعین» ، وە ئەکرێ بڵێین ، هەموی ئەوانە ، یان زوربەێکی نزیك لەوەی کە بکرێ بڵێین هەمویان ، هەموی هەربەوجۆرە خاوێن وپاك بون وە مویێك لەکردارو گوفتاری پەیامبەر ، لایان نەئەدا ، جا لەسەردەمانی «تابعین» دا وردەوردە موسوڵمانەکان کەوتنە سەر ڕێگەی ماڵ وسامان بەیەکەوەنان و بەدەس هێنانی پلەوپایەی دنیایی و خۆش گوزەرانی ، جالێرەدایەو لەم بواری ئازمون و تاقی کردنەوەدایە ، ئیتر برێ لەوانەی کەئەیانەوێ بەخاوێنی بمێننەوە ، وە خۆیان لەم بازارەگەرم و هەڵخەڵەتێنەرە ڕزگار کەن ، دەس ئەکەنە سەرزەنشی لارێ ڕەوان ، تەنانەت لەدژی خەلیفەکانی ئەمەوی ، وەکو (لەبوذەری غەففاری) ، وە خۆیان گرتە کەنارەوە ، کاتێ کەزانی یان ئەم هەموە خواروخیچی یە بەوان ڕاست نابێتەوە ، وەئەم هەموە کەلەبەرە بەوان پڕنا کرێتەوە ، وەئەم هەموە کۆسپە بەوان تەخت ناکرێ ، ناچار کەوتنە ئەوەی کەتێکۆشن هیچ نەبێ «ئیمانی» خۆیان بە سەلامەت دەرکەن ، وە ئەگەر بۆیان کرا لەرێگەی ئامۆژگاری یەوە خەڵك لەم داوە ڕزگارکەن ، جا ئالەو سەردەمەوە کەموسوڵمانی ڕاستەقینە خۆیان ئەگرتەکەنارەوە لەفریوخواردنی سامان وپلەوپایە وە ناوی «ئەصحاب» کەم کەم ئەبڕایەوەو دوایی ئەهات ، ناوی تازە بڕا بەسەری ئەم دەستەی خواپەرستە ڕاستەقینەدا ، وەیەکێ لەوناوانە کەنرا «صوفی» بو ، هەروەها وشەی «زاهید» ، هەرچەن بەرلەئیسلامیش وشەی زاهید لەناوی عەرەبا بیستراوە ، وەهەروەکو زوتریش وتمان ، زاهید بەکەسێ ئەوترێ کەپشت هەڵ کات لەماڵ وسامان و پلەوپایەی دنیایی ، زەرقوبەرقی جیهان نەتوانێ فریوی دات ، جا ئەم وشەیە بەر لە ئیسلامیش لەناوعەرەبا بوە ، بەڵام وشەی صوفی ، لەسەردەمی «تابعین» ە وە ، واتە چینی پاش «ئەصحاب» ئەکەوێتە بەرچاومان .

هەرچەن ئێمە لەدوایی دا زۆربەکورتی باس ئەکەین سەبارەت بەوەی کە سەرچاوەی وشەی (صوفی) لەچی یەوەیە ، بەڵام ئیستە چونکە ئەمانەوێ روونی کەینەوە کەلەکەیەوە وشەی صوفی بەکاربراوە ئەڵێین لەسەردەمی (تابعینەوە) ئەم وشەیە وتراوە ، بەکەسانێك کەخۆیان لاداوە لەزەرقوبەرقی کۆکردنەدەی سامان و دروس کردنی کۆشك وتەلارو هەڵ خڵەتان بەپایەوپلەی دنیایی ، وە هەموی کاتی

خۆیان‌یان تەرخان‌کردوە بۆخوا پەرستی‌و «ذیکروفیکر» ، جا لەمانە دەست‌بۆدوبەڵگەی گرنگ ڕائەکێشین ، یەکێکیان ئەوەتە کە «حسن البصری» (٢١ / ١١٠) کوچی (٦٤٢ – ٧٢٨) زاین کەیەکێکە لەگەورەپیاوانی ڕێرەوی تەصەووف لەباسی سەرگوزەشتی خۆیا ئەڵێت «رأیتُ صوفیاً في الطواف ، فأعطیتُه شیئاً فلَمْ یأخذهُ وقالَ معي اربعة دوانیقَ فیکفیني مامعي» واتە لەکاتی تەواف کەعبەدا چاوم کەوت بە «سوف» یێك شتێکم دایێ لێی وەرنەگرتم ، وەگوتی خۆم پێنج «دراوم» پێیە وەئەوەی کەپێمە بەشم ئەکات .

هەروەها «سفیان الثوری» کەلە تابیعینە (٩٧ – ١٦١) کۆچی ئەڵێت «لولا أبو هاشم الصّوفي ماعرفتُ دقیق الریاء» .

هەر لە سەدەی یەکەمی کۆچی‌یەوە شایەد هەر لەنیوەی سەدەی یەکەمیشەوە ، ناوی (سوفی) هاتەناوەوە ، وەئەم‌ناوەش هی کەسانێك‌بو کەبەوپەڕی توانایی‌یەوە تێئەکۆشان بۆ خواپەرستی‌و پارێزکاری ، وە دورەپەرێزی لە کۆکردنەوەی ماڵ‌وسامان وخۆهیلاك‌کردن بۆ بەدەس‌هێنانی پلەوپایەی دنیایی ، گومانیشی تیانیە کە پۆشاکی «خوری» واتە «صوف» هەرلەمێژەوە سیمای هەژاران‌و بێ‌نەوایان‌بوە ، وە ئەوکەسەی کە ئەوپۆشاکەی لەبەرکردبێت ، یان هی‌نەبون‌بوە یان هی «تەواضوع» ، واتە خۆبەزل‌نەزانین ، لێرەدا باشتروایە دەس ڕاکێشین بۆ وتارێکی حەزرەتی عومەر خوای لێ‌ڕازی‌بێت ، کەلە ستایشی پیغەمبەری گەورەدا درودی‌خوای‌لەسەر بێت فەرمویەتی «بأبي انتَ وأمّي یارسول الله ..... ولبستَ الصّوفَ ورَکبْتَ الحِمارَ ...هتد» واتە باوکودایکم بکەمە قوربانت ئەی پەیامبەری‌خودا ... جا زۆرێك لەڕەوشە بەرزەکانی‌پەیامبەر باس‌ئەکات پاشان‌ئەڵێ «تۆبەرگی‌خوریت ئەپۆشی وەسواری گوێ‌درێژ ئەبویت .... هتد» ئەمە بۆئەوەتە پیشان‌بدات کەپەیامبەر تاچ‌ڕادە ، دژی خۆبەزل‌زانین بوە .

وە تاچ‌ڕادەش پۆشاکی «صوف» هی بێ‌نەوایانە لەکتێبی «التصوف الاسلامی» دوکتور موبارەك‌دا وە هەوەها لەکتێبی «المدخل الی التصوف الاسلامی» «محمود ابو الفیض منوفی» ئەم‌باسانە بەدورودرێژ باس‌کراون هەرلەم‌کتێبە دوایەدا وتارێکی «ئیمام مالیکی کوری‌ئەنەس» ٩٠ – ١٧٩ کۆچی خوای‌لێ‌خۆش‌بێت ئەگێڕێتەوە کە ئەڵێ «مَنْ تَشَرَّعَ ولَمْ یَتَصَوَّفَ فَقَدْ تَفَسَّقَ ومن تصوّف ولم یَتَشَرَّعَ فقد تَزَنْدَقَ ومن تَشَرَّعَ ثُمَّ تَصَوَّفَ فقد تَحَقَّقَ» واتە ئەوەی پەیڕەوی‌کرد لەشەرعو پەیڕەوی نەکرد لەتەصەووف ئەوە فاسقە ، ئەوەش

پەیرەوی‌کرد لەتەصەووف وەپەیرەوی نەکرد لەشەرع ئەوەزەندیقە «بێ‌دینە» بەلاَم ئەوەی پەیرەوی‌کرد لەشەرع وەپاشان پەیرەویشی‌کرد لەتەصەووف ، ئەوەگەیشتوە بەحەقیقەت ، واتە «راستەقینە ، یان لەوپەڕی‌باوەڕ» .

جا ئەوەتە سەیرئەکەین ، وردە وردە وشەی تەسەووف هەر لەنیوەی یەکەمی سەدەی یەکەمی کۆچی‌یەوە ، دێتە ناوەوە وە وردە وردە پەرە ئەسێنێت وتەسەووفیش شێوەیێکی تازە وەرئەگرێت وئەبێتە «مەدرەسەیێکی» ناسراوو ، قارەمانی خۆی دەخاتە گورەپانی خودا دۆستی‌یەوەو هەتادێت ، باشتر «سەیقەل» ئەدرێت و باشتر روون ئەبێت وە ئەدرەوشێتەوە .

جائەکرێت بلێین کەتەسەووف ، واتە بەشی نهێنی‌ودەروونیی شەریعەت ، هەر لەپەیامبەری‌گەورەوە دەست‌پی‌ئەکات ، وەزۆرێك لەهەلَبژرراوانی «ئەصحاب» ، بگرەلەهەزاران کەس‌زیاتر لەوان ، کەزۆرێکیان لەکتێبی «المدخل الی التصوف الاسلامی‌دا ناویان‌براوە» لەوذاتە گەورەوە دلَیان روناك‌بوەتەوە ، وەبونەتە خاوەن «بەصیرەت» واتە «دیدەی‌دەرون» پاشان وردەوردە تائەگاتە «حەسەن‌ئەلبەصری» ، وە «داوود الطائي» ، وە (معروف الكرخي) وە «سری السقطي» وە «جونەیدی بە غدادی» کەلە (٢٩٧) کۆچی‌دالەدنیا دەرچوە دێتە خوارەوەو لەشوێنەکانی‌تری جیهانی ئیسلامیشا چوزەئەکات وسەرهەلَئەدات وەگەشە ئەکات : هەروەکو وتمان سەرچاوەی ئەم‌ناوەش هەر لە کردەوەی هەزارانەی ئەوگەورەپیاوانەوە هاتوە ، هەر لەپەیامبەری‌گەورەوە کەستایش‌کراوە بە پۆشینی بەرگی‌خوری ، هەتادێتەخوارەوە : وەلەسەرەتادا گەورەیی ، ناوی «ئەصحاب» ، یارانی‌پەیامبەر ، نەی‌هێشتوە هیچ‌ناوێك بدرەوشێتەوە ، نمونەی‌تریشیان لەو ناوانە زۆرە کە لەناوی‌ئیسلاما هەربوەو کەچی ناویشی لی‌نەنراوە ، وەکو وشەی «حاجی» کە لەسەرەتادا هەرنەبوە ، یان وشەی «مەلا» .

وە نمونەی‌کۆنتریش وەکو «حەواری»یەکانی حەزرەتی عیسی کەحەواری ئەبێتە «کراسی‌سپی‌پۆش» : کەچی وردە وردە بوەتە ناوێکی هەمیشەیی بۆدەستەیێك ، لەمرۆڤ ، جاوشەی «صوفی» برا بەسەر ئەو کەنارەگیرە خواپەرستانەدا ، کەبەداخەوە لەپاشان زۆری وەهابون کەلەسوفیەتی ، تەنها پۆشاكو سیپالەکەیان بو ، وە لەواتاو راستە قینە : بێ بەش‌و بەتال‌ و پوچ‌بون ، وە زورجار ئەوبەرگەئەبویە چەکێکی خەلَك‌روتاندنەوەو خەلَك‌فریودان ، بەلاَم قارەمانانی ئەم‌رێرەوە بەرزە ، مێژو جیایان ئەکاتەوەو ، بەخەلَکیان

ئەناسێنێت ، وە گزی‌کەرانیش لە هەر پۆشاکێکا بن ، ئەوانیش هەر مێژو بۆمانی باس‌کردوە ، وەشوێنەواری خاوەن شوێنەواری بەرز ئەوەندە زۆرن کەصەدان کتێب ناتوانێ تۆماریان‌کات ، وە هەتا هەتایە هەر ڕوناکین ، بۆخاوەن دڵان.

پرسیار: (چۆن‌بزانین کەتەسەووف دەق‌بەدەق لەگەڵ ئاینی ئیسلامایەو جیاوازنیە، وەلەئیسلامەوە سەرچاوەئەگرێت ؟)

وەڵام: لەگەڵ هەموئاسانیێکی وەڵامی ئەم‌پرسیارەدا، گیروگرفتێکی زۆریش دێتەسەری ڕێگەی وەڵامی ئەم‌پرسیارە وەئەمەش لەبەر چەن هۆیێکە.

یەکێ لەوشتانەی کەبڕێکی دودڵ کردوە سەبارەت بەوەی کەتەصەووف گۆیا «بیدعەت»ی تێدایە، «بیدعەت» «واتە: شتی تازە، یان شتی بێگانە و نەناسراو بەگوێرەی ئاین»، ئەوگوفتارانەیە کەلەدەمی بڕێ لەسۆفی مەسلەکەکان بیسراوە، وەکو فەرمودەکانی بایەزیدی بەسطامی‌و محي الدين عربي، وەذاالنون‌مصری وە حەللاج، وە شیخی‌ئیشراق، سەهرەوەردی، «ئەم سەهرەوەردی یە لەحەڵەب‌دا دراوەلەدار، وەئامۆزای لەوسەهرەوەردی‌یەیە کە ئارامگە کەی لەبەغدا دایە، وەسەرۆکی تەریقەتی سەهرەوەردی‌یە وە خاوەنی کتێبی «عوارف المعارفە»، «کە کتێبێکی سەرچاوەیە بۆ ناسینی تەسەووف». وە صەدان کەس لەگەورەترین مەردانی ئەم‌ڕێگایە، مەبەستی دوهەمیش بڕێ کردارو گوفتاری پەیرەوان، یان موریدەکانی ئەم گەورە پیاوانەیە، بەتایبەت پاش مەرگی خۆیان، کە وایان‌کردوە لەوپیاوە گەورانە، وەکوئەوەی شەریك بۆخوا دابنرێت، سێهەم، کردەوەو گوفتاری بڕێ «مُتَصَوِّف یان مُتَشَیِّخە»، واتە خۆ بەسوفی‌کردو، یان خۆ بەشێخ‌کردویە، کەکردەوەی ئەمانە براوە بەسەری تەسەووف‌دا، وەئەگەر ئەو دەس‌بڕانە بەسوفی دانێین، دیارە، شکاف‌و دڕێکی گەورە ئەکەوێتە نێوانی ئیسلام‌و تەسەووفەوە.

سەبارەت بەباسی‌یەکەم، واتە «**شطحات**»، ئەبێ بڵێین، شەطەحات بەوگوفتارانە ئەڵێن کەلەدەمی بڕێ لەوسوفی مەسلەکانە دەرئەچێت، کە ناوەرۆکو، واتا ڕەواڵەتیەکەیان، پێچەوانەی دەستوراتی قورئان‌و ئیسلامە، بەڵام وتنی ئەوجۆرە شتانە چەن هۆیێکی هەیە، لەوانە، ئەوەتە، ئەوکەسانە وان لە (**حالی‌غەیرەطەبیعی**) دا، واتە وان لە (**دەمی دوور لەراستەقینە**) دا، کەئەتوانین وەکو «**سەرخۆشی و مەستی**» لێکی دەینەوە، بۆئەوانەی کە خۆیان کەوتنە ئەوبازارەوە، ئەزانن ئەودەمە چۆنە.

جامەروەکو کەمەست لێی ناگیرێت، چونکە هۆشی بەخۆیەوە نیە، بۆئەوانیش ئەبێ وای بزانین، بۆچی ؟، چونکە پاش لاچونی ئەوحاڵە، هەرهەمان خواپەرست و زاهیدو خۆبەهیچ‌زانەکەن، یان، ئەوەتە، وتەکانیان لەئاگاداریەوەیە، بەڵام ئەو ئاگاداری‌یە هەربۆخۆیانە، وە ئەوگوفتارانەیان دەس‌نیشانێکە بۆحاڵی دەرونیان، یان، بۆ ئەوشتانەی کەلەپێش چاویان «**کەشف**» ئەبێت واتە خوای گەورە پیشانیان ئەدات، کاتێکیش پرسیاریان لێ‌کراوە توانیویانە ئەو وتانەی خۆیان بەراوردبکەن لەگەڵی ئایەتی قورئان، یان فەرمودەی پەیامبەرا «**دروودی‌خوای‌لەسەر**» وە دەق‌بەدەق کێشانەی‌بکەن بەکێشانەی‌ئاین، وە لەکێشانەدا سەری‌نەکردوەو لای‌نەداوە، جگەئەمەش برێ‌شتی تازەشیان خستوەتە بازاری باس‌کردنەوە ئەوشتانەش هەربونەتە هۆی‌کێشە، وەکو «**وەحدەتی وجود**» یان «**حولول**» یان «**اتحاد**»، کە ئەمانیش هەریەکەی پێویستی بەباسێکی جیاوازە، بۆنمونە ئەڵێن، وەحدەتی‌وجود لەباوەڕەکانی «**محي الدين عەرەبی**» یە، بۆ باشترتێگەیشتن لەم‌باسە ئەتوانی سەیری پێشەکی کتێبی «**اللمع**» هی «**ابي‌نصرالسراج**» بکەیت کەلە (٣٧٨) کۆچی‌دا لەدنیا دەرچوە، یان کتێبی «**شطحات الصوفية**» هی «**عبد الرحمن بدوی**» هەروەها کتێبی «**التصوف الاسلامي**» «**د. زکی‌مبارك**» وەزۆر کتێبی‌تریش، مەبەست ئەوەبو بڵێم «**شطحات**»، واتە، وتاری گومان لێ‌کراوی برێ لەگەورەپیاوانی شاریگەی صوفیەتی، زۆرجار بوەتەهۆی گومان وەدودڵی برێ لەماموستایانی شەرع، بەڵام لەپاشان سەرلەنوێ دەرکەوتوە کە ئەوگومانە بێ‌جێگەبوە وەکو ئەوەی کەشیخی ئەشعەری کەیەکێکە لەگەورە پیاوانی شەرع، هەموی فەرمودەکانی «**محي الدين عربي**» ڕوون‌کردوەتەوەو ساغیش‌کردوەتەوەکە هەڵەنیە وە لەگەڵ شەرعایەك ئەگرێت.

بەداخەوە زۆرێك لەگەورەپیاوانی ئەم‌ڕێگەیە، بەهۆی ئەو گوفتارانەیانەوە، توشی دەردی‌سەری‌و دەرکران ودەربەدەری بوون، تەنانەت توشی کوژرانیش، وەکو «**حەللاج**» وە «**يحيى بن حبش السهروردی**» بەناوبانگ «**بەشیخی ئیشراق**»، بۆنمونە، یەکێ لەو وتارانە واتە شەطەح ئەوەتە، بایەزیدی بەسطامی ئەڵێ ئەم «**جوببەیە**»م یان عەباکەم، هیچی لەژێرانیە «**الله**» نەبێت، ئەمەیان بۆداناوە بەکوفر، لەکاتێکا لای‌صوفیەکان، مەقامی «**سلطان الاذكار**» یان مەقامی «**فنائ الله**» شتێکی ڕاستەو گومان لێ‌نەکراو، «سلطان الاذكار» ئەوەتە کە دڵ‌و دەروونی مرۆڤ وە هەموو ذەڕەیی لە لەشی «**ذیکری الله**» ئەکات، کەواتە ئەگەربڵێت ژێری‌عەباکەم

جگەاللەنەبێ هیچی نیانیە درۆ ناکات، بەڵام لەگەڵ «ظاهیری‌شەرعا» ناگونجێ ئەگەر کەسێ جانتایێکی بەدەستەوەبێت هەموی‌پربێت لەوگوڵە زێڕانەی کە لەناوی «الله» دروس‌کراون وە ئەکرێنەمل، وەبڵێ ئەم جانتایە پڕیەتی لە «الله»بۆچی کوفرە؟.

بەبارێکی‌ترا، ئەوچی‌بکا، کە هەم والەحاڵەتی مەستی‌ڕۆحی‌دا، وەهەم، ڕاستیش ئەڵێت: فەنا في الله یش ئەوەتە کە خۆی لەیاد ئەچێتەوە وەلەپێش‌چاوی «بەصیرەت» واتە دەرونی ئەودا، هەرچی ذەررەو تۆزە گەردێکە هەموی ذیکری «الله» ئەکات. لەهەموی کەونا.

هەروەکوتمان باسی «شەطەح» خۆی هەرگیز بەکتێبێك تەواو نابێت، لێرەدا مەبەست ئەوەبو بڵێین یەکێ لەوشتانە، کە برێکی والی‌کردبو، وا بزانن کە تەصەووف لەئیسلام جیاوازێکی هەیە بیستنی ئەوجۆرە فەرمودانەبوە لەپیاوچاکان،کە نەیان توانیوە لێی تێ بگەن تا لەپاشان ڕوون کراوەتەوە.

جائیستە ئەڵێین، یەکەم بەڵگەمان بۆئەوەی کەتەسەووف لەئاینی ئیسلام جیانیە، کردارو گوفتاری گەورەپیاوانی ڕێگەی تەسەووفە، کەمویێك لەشەرع لای‌نەداوە وەسەربەرای شەرع، وەرع، وە پارێزکاری دەرونیشیان کردوەتە پیشەی خۆیان، دێنەوە سەری ئەوەی بڵێین، تەسەووف چی لەمرۆڤ ئەوێت، ئایائەوشتانە تەسەووف لێیانی داوائەکات، پێچەوانەو دژێ ئاینی ئیسلامە یان نا، وە ئایا ئەو وشانەی کە لەتەسەووف‌دا هەن، وەکو تەوبە، ذیکر، «مجاهدە، یان، جیهاد لەگەڵی نەفسا» وە زۆرشتی‌تریش ئایا لەقورئانا هەن، وئاینی ئیسلام دەستورئەدات بە پەیڕەوی لێ کردنیان، یان نا ؛ ؟.

وەڵامی ئەم‌پرسیارە زۆر رونا کە ؛ وەهەرچی ئەوشتانەی کەوان لەبازاڕی تەسەووف‌دا ؛ وەدڵی خاوەن‌دڵانی شەیدای خۆی‌کردوە، یەکە یەکەی لەقورئانا هەیە ؛ یەکەم‌هەنگاوێك کە موریدێك «واتە خوازگاریك»ی ڕێگەی تەسەووف هەڵی ئەگرێت، پەشیمان‌بونەوەیە لەکردەوەی ناشیرینی لەوەپێشی‌خۆی» ئەودەس هەڵ‌گرتنەش «تەوبە»کردنە، تەوبە، کەی ئەکرێت ؟ بێ‌گومان، دەرونێك کەتەوبەی نەکردوە دیارە دەرونێکە هێشتا لەگوم‌ڕاهی‌و سەرلی‌شێوانا، لەم‌کاتەدا قورئان خاوەنی ئەوجۆرە دڵانە بەم چەشنە ئەناسێنی، کەئەفەرمێ ؟

«صُمٌّ بكمٌ عُميٌ فَهُمْ لايعْقِلوُنْ» ، «فهم لايبْصُرون» ئەفەرمیٚ «أفلم يَسيروا في الأرضِ فَتكون لهُمْ قلوبٌ يَعقِلونَ بها أو آذانٌ يَسْمَعونَ بها فإنّها لاتَعمىٰ الأبصار ولٰكنْ تَعمى القلوبَ الّتي في الصّدور» ، بەڵێ دڵ هەیە ، چاو هەیە ، گوێ هەیە ، بەڵام هەموی کوێرایی داهاتوەو ڕێگەی ڕاست بەدی ناکات ، وەچاکەوخراپە لەیەك جوێ ناکاتەوە ، هەروەها ئەفەرمیٚ «أفلا يَتَدبّرون القرآنَ أمْ على قلوبٍ أقفالُها» ؟ یان ئەفەرمیٚ «كَلّا بَلْ رانَ عَلى قلوبِهِمْ» واتە دڵیان داپۆشراوە بەژەنگ ، ئەگەر ئایەتی قورئانیان بۆ بخوێنیتەوە ئەڵێن ، ئەفسانەیە ، «إذا تُتْلىٰ عَليهِ آياتُنا قالَ أساطيرُ الأوّلين» ، «كذٰلِكَ يطبعُ اللهُ على كلِّ قلبِ متكبّرٍ جبّار» جا هەربەمچەشنە کەلیەی «في قلوبهم مرض» لەزۆرشوێنی قورئانا هاتوە ، لەقورئانی پیرۆزدا باسی «قلب» ئەکات ، هەم بەستایش و ڕەزامەندی ، وەهەم بەرەخنەلیٚ گرتن وسەرزەنش ، دیارە مەبەستیش لەقەلب ، دەرون و ئەندیشەی مرۆڤە ، نەك ئەوپارچەگۆشتەی کە لەناوسنگدایە . بۆستایشی لەدەرونی پیاوچاکانیش ئەفەرمیٚ ، «يومَ لايَنفعُ مالٌ ولابنونَ إلّا مَن أتى اللهَ بِقَلْبٍ سَليم» یان «وَجاءَ بقلبٍ منيب» یان ئەفەرمیٚ «إنّما المؤمنون الّذين إذاذُكِرَ اللهُ وَجِلَتْ قلوبهم ....» وجلت ، واتە ئەترسیٚ ، بەکورتی لەکتێبی «المرشد الى ايات القران الكريم دا» دەست نیشان ئەکات بۆ زیاتر لەصەدوپەنجاجار ، کەخوای گەورە باسی قەلبی کردوە لەقورئاندا ، وەزۆرباش دەرئەکەویٚ کە دەرونی مرۆڤ ئەکریٚ جێگەی بیروهەستی چاك وپاك بێت ، وەئەشکریٚ جێگەی کینەو هەستی ناپاك بێت ، کەوابو «تەوبە» ئەکەوێتە پاش هەستی پەشیمانی لەدەرونا کەپێی ئەڵێن لۆمەکردنی دەرون وەسەرزەنشی دەرون لەمرۆڤ خۆی ، جا ئایا ئەوپەشیمانی یە هەر خۆ بەخۆ لە «هیدایەتێکی» خوایەوە ڕوبدات یان ، بەهۆی عەقڵ گرتنو بیرکردنەوەو موطالەعەو سەرگوزەشت و ڕوداوەوە بێت ، یان بەهۆی تێکەڵی و دۆستایەتی ی لەگەڵی پیاوچاکێکا بێت ، کە ئەم پەشیمانی یە دەستی دا ، ئیتر نەفسی مرۆڤ ، واتە هەستی دەرونی ، کەلەپێشا لەقۆناغی سەرکێشی و لاڕێیدابوە ئەبێتە لۆمەکەر ، بەو قۆناغی سەرکێشیە ئەوتریٚ «نەفسی أمّارە بالسّوء» کەخوا لەزوانی حەزرەتی یوسفەوە لەقورئانا ئەفەرمیٚ «وما أُبرِّئُ نفسي إنّ النَّفْسَ لَأمّارةٌ بالسّوء» جا کەترسی خوا کەوتەدەرونەوە ، وە نەفس ترسا ، ئەکەوێتە لۆمەی خاوەنەکەی ، واتە بیرئەکاتەوە لەکرداری ناپەسەندی خۆی ، خوای گەورە سەبارەت بەوانە ئەفەرمیٚ «وأمّا مَنْ خافَ مقامَ ربّهِ ونَهىٰ النَّفْسَ عَنِ الهوىٰ فإنّ الجنّةَ هيَ المأوى» ، کەواتە ، ئەم ڕەوشانە وەئەم پێشەکیانەی تەوبەکردن هەموی لەقورئانا بەڕوناکی هاتوە ، وە «ولا

أقسِمُ بالنّفسِ اللوامه» ئەوەش ئەوجۆرە نەفسەتە کەئەکەوێتە سەرزەنشی مرۆڤ خۆی ؛ جائیستە ئەبێ دەرون بڕیاری دەس هەڵگرتن لە کەچ ڕەوی بگرێت وەتەوبە بکات ؛ وە یەکەم قۆناغی ڕێ ڕەوی تەسەووف تەوبەیە ؛ خوا لەم دوئایەتەدا فەرمانی تەوبە ئەدات ، «**وَتوبوا إلی اللهِ جَمیعاً أیُّها المؤمنونَ لعلّکُم تُفلِحون**» «**یاأیّها الّذینَ آمنوا توبوا الی اللهِ تَوبةً نَصُوحاً**» خوای گەورە بەڵێنی داوە کەتەوبە قوبوڵ کات وەئەفەرمێ «**ألَم یَعلَموا انّ اللهَ هُوَ یَقبَلُ التَّوبةَ عَنْ عِبادِه وَیأخُذ الصدَقات**» ؟ هەروەها ئەفەرمێ «**وهو الّذی یَقبَلُ التوبةَ عَنْ عِبادِهِ ویَعفو عَنِ السَیئّات**» لەپاشان بەڵێن ئەدات بۆلێ بوردن و بەخشین وەئەفەرمێ «**وَانّی لَغفارٌ لِمَنْ تابَ وَآمنَ وَعَمِلَ صالحاً ثُمّ اهتدَی**» دیسان ئەفەرمێ ، «**غافِرُ الذّنبِ قابِلُ التَوبِ شَدیدُ العِقاب**» جالەپاشان ئەگاتە قۆناغی خۆش ویستن وەئەفەرمێ «**انّ اللهَ یُحبُ التوّابینَ وَیُحبُ المتَطهِّرین**» کەواتە ئەومرۆڤە کەچ ڕەوە ئەگەڕێتو تەوبەبکات وەپاشان کەچ ڕەوی نەکات ، هەم خوا تەوبەکەی لێ وەرئەگرێت وەهەم ئەیبەخشێت وەهەمیش ئەبێتە خۆشەویستی خودا ؛ کەوابو یەکەم قۆناغی سوفیەتی کەتەوبەکردنە ؛ دەق بەدەقەلەگەڵ فەرمودەو دەستوری خوای گەورەدا ، وەلەڕێگەی شەریعەت لانادات ، جاپاش تەوبە ؛ مەبەستی ، تەزکیەی نەفس وە «**مجاهلە**» وەپاککردنەوەی دەرون ؛ وەذیکرو خواپەرستی بەشێوەیێکی سوفیانە دێتەپێشەوە تائەگاتە دواپلەی خواناسی ویەقین .

مەبەستم لەباس کردنی تەوبە باس لەچۆنیەتی تەوبە لەڕێ ڕەوی تەسەووفدا نەبو ، چونکە سەبارەت بەوناسینە لەئایندەدا باس ئەکەین ، بەڵام لەم قۆناغەدا ، بۆ سەلماندنی ئەوەبو کەبلێین هەموی ئەو مەبەستانەی کەتەسەووف ئەیانگرێتەوە لەکانگەی ئیسلامی ڕاستەقینەوە سەرچاوە ئەگرن کەیەکەم مەبەستیان «**تەوبە**»یە ، وە بە ئایەتو بە لێکۆڵینەوەش سەلماندمان کەتەوبە فەرمانێکی خوداوەندە وەموسوڵمانانی کەچ ڕەو وەگوناەبار پێویستیان بە پەشیمانی و پاش گەز هەیە ، بۆئەوەی بتوانن سەرلەنوێ بگەڕێنەوە بۆسەری شارێگەی ئاینی ئیسلام ، کەواتە ئیستە سەبارەت بەمەبەست ، یان قۆناغێکی تر باس ئەکەین ، ئەویش جلەوشل نەکردنە بۆنەفس ، وەبەرگری کردنە لەئارەزو و ئاواتی چەوت و نالەباری نەفس ، کەئەکرێ پاککردنەوەی دەرون وەجلەوشل نەکردن بۆنەفس لەچوارچێوەی «**موجاهەدە**»دا باس کەین ؛ بۆئەوەی بۆمان دەرکەوێ کەئەم کارەش هەر لەدەستوری خوداوەندەوە سەرچاوە ئەگرێت ، لێرەدا ئەڵێم .

بەداخەوە بڕێ کەس ، تەنانەت خوێنەوارەکان ، لێوردبونەوە لەئامانجی جڵەوگیری نەفس ، یان «موجاهەدە» ، خێرا ئەڵێن خوای گەورە ئەم جیهانەی بۆیە دروست کردوە بۆئەوەی کەئێمە لێی بەرخورداربین وەکەڵکی لێوەرگرین ، ئیتر بۆچی نەفسی خۆمان بکوژین ، وەخێرا دەس ئەکێشن بۆ ئەو چەن ئایەتەی کە لەقورئاندا سەبارەت بە بەهرەوەرگرتن لەنیعمەتەکانی خوای گەورە هاتوە ، وەکو ئەو ئایەتەی کە ئەفەرمێ ، «یابَنِي آدَمَ خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلَاتُسْرِفُوا إِنَّهُ لَايُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ ، قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ ، وَالطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ ؟ قُلْ هِيَ لِلَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا خَالِصَةً .....» یان کەئەفەرمێ «يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا ، لَاتُحَرِّمُوا طَيِّبَاتِ مَاأَحَلَّ اللَّهُ لَكُمْ ، وَلَاتَعْتَدُوا إِنَّ اللَّهَ لَايُحِبُّ الْمُعْتَدِينَ» ، وەچەن ئایەتێکی تری لەم چەشنە ، بێ گومان لەواتای ئایەتەکانا دەرئەکەوێ ، مەبەست لێرەدا سەرزەنش کردنی کەسانێکە کە شتی حەلاڵ لە خۆیان حەرام ئەکەن ، «قُلْ مَنْ حَرَّمَ ، لَاتُحَرِّمُوا» هەم لە«هۆی هاتنی ئایەتەکانا» «أَسْبَابُ نُزُولِ الْآيَةِ» وەهەم لە «تەفسیری» ئایەتەکانا ، دەرئەکەوێ بڕێ لەیارانی پەیامبەری گەورە ویستویانە حەلاڵ لەخۆیان حەرام کەن ، خوای گەورەش سەرزەنشی کردون و ماوەی نەداون بۆئەوکارە ، «خُذُوا زِينَتَكُمْ عِنْدَ كُلِّ مَسْجِدٍ» ، هەروەها «قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ» ، ئەمەش بەرانبەر بەرەفتاری ئەوژنانە هاتوە ، کەویستویانە ، بەرووتی تەواف بکەن بەدەوری «کەعبەدا» ، وەخوای گەورە فەرمویانە ئەبێ خۆتان داپۆشن ، زینة لێرەدا پۆشاك وەئیحترام لەبەرکردنە جائەگەر ئەم دەستورە بکەینە دەستورێکی گشتی ، هەروەکو کەشێوەی ئایەتەکانی تری قورئانە وەبڵێین پۆشاکی جوان بکەنەبەر ، تەسەووف قەت حەلاڵی حەرام کردوە ؟ یان قەت ئەڵێ تەرکی پۆشاك بکەن ؟

بەڵام ئەگەر بەوزینەتەش بڵێین جوانی وە پۆشاکی ڕێکوپێك ، ئایا خوا فەرمویەتی ، بۆناوی «ڕەش بەڵەك» خۆت بگۆڕە ، یان ، بۆ ناوی مزگەوت ، ئایافەرمویەتی فیزو دەماری پێ بکە بەسەر خەڵکا ، یان ، شوکری خوای لەسەربکە ؟ بەڵام بابێینەسەری ئەودەستورانەی کەشێوەی جڵەوگیری لە «نەفس» وە داخوازە ناپەسەندەکانی ئەکەن ، وەچۆنیەتی بەهرەوەرگرتن لەنیعمەتی خوامان پیشان ئەدەن ، وەموسوڵمانی ڕاستەقینە لە موسوڵمانی لاڕێگر جوێ ئەکەنەوە .

لەپێشا بابزانین «تەزکیەی نەفس» چی یە ، «زکات ، تزکیە» بەعەرەبی واتە «پاك کردنەوە» تەزکیەی نەفس ، واتە پاك کردنەوەی دەرون لەهەرچی ڕەوشی

ناپەسەندە ، جا کاری واگرنگ پێویستی بە بەربەرکانێ وەخەبات وەتێکۆشانە ، خۆهەروا بەگاڵتە دەرون پاك نابێتەوە ، وەکو هەستی خۆبەزل‌زانین ، هەستی سامان‌بەیەکەوەنان ، هەستی ژێردەس‌خستنی خەڵکی‌تر ، درۆکردن ، حەسەد ، رق‌وکینە هەڵگرتن ، هەستی تۆڵەسەندنەوە ، هەستی گوناەکردن لەهەموجۆرێ ، وەکو داوێن‌پیسی ، هەستی ناوونۆتکەنان بەخەڵکەوە ، هەستی خۆ بە چاك لەقەڵەم‌دان وەخەڵك خراب‌کردن ، تۆمەت لەخەڵك‌دان جنێودان بێ‌وەفایی سپڵەیی، وەلەهەمو گرنگ‌تر ، پێکەوەنانی سامانی‌زۆر وە بەشی‌کەس لێ‌نەدانی ، وەصەدان رەوشی ناپەسەندی تر ، جا چۆن بەبێ خەبات وتێکۆشانێکی گرنگ ، مرۆڤ ئەتوانێ ئەم‌رەوشە ناپەسەندانە لابات ، وەبەرانبەر بەهەرکام لەوانە رەوشی پەسەند لەدەرونیا دامەزرێنێ . بۆنمونە ، بەرانبەر بەدرۆزنی ، راست‌وێژی ، بەرانبەر بەدزی ماڵی‌خەڵك ، تێکۆشان بۆ یارمەتی خەڵك ، بەرانبەر خۆ بەزل‌زانین ، میهرەبانی وە «تەواضوع» ، بەرانبەر بەکینە ، گوزەشت ، بەرانبەر بەهەستی داوێن‌پیسی ، هەستی بە دایکوخوشك زانینی هەرچی مێینە هەیە ، جگەلەژنی خۆت ، بەرانبەر بە ناوی خەڵك بردن و غەیبەت کردن ، ناوی خەڵك بەچاکەبردن ، بەرانبەر بەکۆکردنەوەی سامان و خوکوشتن بۆ سەرمایە پێکەوەنان وەمشت‌قوچاوی ، هەستی قەناعەت و بەخشش وجوامێری ولاوچاکی ویارمەتی‌دانی دەست‌کورتان هتد ، سەیرئەکەین ئەگەر خاوەن پایەیێکی میری ، یان کۆمەلایەتی ، یان خاوەن سەرمایە ، وەیاخاوەن‌زانیاریێك یان خاوەن عەشرەتو طائفە ئەگەر بڕواتە ناو «مەجلیسێکەوە» وەلەبەری هەڵ‌نەسن ، پێی ناخۆشە ، یان ، ئەگەر لای‌ژورەوە دای‌نەنێن پێی ئەتکە ، رێزی لێنەگرن لای‌سەیرە ، کەچی ئەمەش بەنەخۆشی دەرون دانانێت ، وەگوێشی‌ناداتێ ، لەکاتێکا لای مرۆڤێك کەدەرونی پاك بوبێتەوە وەنوری خوا لەدەرونیا درەوشابێتەوە ، ئەمانەی لا گاڵتەی منالانە ، وە لەهەمو هەنگاوێکا خوای لەپێش‌چاوە وەهەر ئەوی مەبەستە ، ژورو خواری مەجلیس ، وە ئاغاو میرم وتنو ، ئەم‌جۆرە شتانەی لاهیچە ، چونکە هەم دەرونی پڕلەنورە ، وەهەم ئەزانێ کە لای‌خوا بەرێزتر ، پارێزکارترە «إنَّ أكرَمَكُمْ عِندَ اللهِ أتقاكُم» وە بەرانبەر بەو ئایەتەش کە لەپێشاوتمان ، خوا ئەفەرمێ حەڵالی‌خوا حەرام مەکەن ، پاك‌کردنەوەی دەرون بە دورەپەرێزی گرتن لەوکارە ناپەسەندانە دێتە دەس ، وەقەت تەسەووف دەستی کەسی نەگرتوە لەنانی حەڵاڵ ، وەئەوشتەش کەپێی ئەوترێ ریازەت ، هەروەکو پارێز

دانانی دوکتورە بۆنەخۆشێك ، تا ئەوماوەیەی کەچاك ئەبێتەوە ، هەروەکو لە قەسیدەی بوردە دا ، ئیمامی بوصیری کە ٦٩٦ کۆچی فەوتی کردوە ئەڵێ (والنفسُ کالطفلِ انْ تُهملْهُ شَبَّ علی ، حُبِّ الرَّضاع وانْ تَفطِمْهُ ینْفَطِم) واتە «نەفس» وەکو منالی شیرەخۆرە وایە ، ئەگەر نەیبڕیتەوە لەشیر ، هەر لەسەر شیرخواردن ئەمێنێتە وە ، بەڵام ئەگەر ویستت بی بڕیتەوە ، وا ، ئەبڕێتەوە .

یان مرۆڤ لە کاتی خوێندنا کەئەوەندە تێ ئەکۆشێت بەلاّم پاش تەواوکردن ئیتر پێی ویستی بەسەعی کردن نیە ، جا خوای گەورە ، سەبارەت بە جڵەوشل نەکردن بۆنەفس چی ئەفەرمێ ،؟ هەروەکو زوتر وتمان ، «انَّ النَّفسَ لأمّارةٌ بالسُّوء» کەواتە «نەفْس» لەسروشتی خۆیا لاینگری خرابەیە واتە «سوء» ، کەواتە ئەبێ دەسی بۆشل نەکەیت ، وەجڵەوی بگری ، خوای گەورە ئەفەرمێ «فأمّا مَنْ طَغیٰ وآثَرَ الحیاةَ الدُّنیا ، فإنَّ الجَحیمَ هي المأْویٰ ، وأمّا مَنْ خافَ مقامَ رَبِّهِ وَنَهی النَّفسَ عَنِ الهَویٰ فإنَّ الجَنَّةَ هيَ المأْویٰ» دەستورو فەرمانی لەمە ڕوناکتر کوا؟ هەرکەس سەرکێشی کرد ، وە ئەم ژیانەی ئەمرۆی هەڵبژاردو «فەضل» دا بەسەری ژیانی جاویدانا ، ئەوە جەهەننەمی کردوەتە جێگەی خۆی ، بەڵام ئەوەش کە لەخوا ترسا وە «جڵەوی نەفسی گرت ، لەئارەزوەکانی» ئەوە جێگەی ئەبێتە بەهەشت ، یان هەر سەبارەت بە نەفس و بە پاككردنەوەی ، ئەفەرمێ «قَدْ أفْلَحَ مَنْ زكّیٰها وَقَدْ خابَ مَنْ دَسّیٰها» واتە ئەوکەسەی کە بتوانێ «نەفسی» پاك کاتەوە لەهەستی گوناەکردن ئەوە بۆخۆی ڕزگاری بوە ، بەلاّم ئەو کەسەی جڵەوی شل کردبێ بۆ نەفسی ، وەدەرونی پڕبێت لەهەستی گوناەکردن و لاری گرتن ئەوە دۆڕاندویەتی و نائومێدبوە ، کەوابو ، ئەم تەزکیەی نەفسە ، کە لقێکی هەرەگرنگە لەڕێ ڕەوی تەسەووف ، دەق بەدەق لەگەڵ فەرمانی خودادا یەکێکە ، وە تێ کۆشان لەم ڕێگایەش دا «موجاهەدە وە جیهادە» ئەویش ، هەر هەمان تێکۆشانە ، کەلەو ئایەتانەدا . وە لەدەها ئایەتی تریشا ، بەئاشکرا دیارە ، وەگومانیشی تیانیە ، نەفس ئەگەر بەرگری لی نەکەی ، لەهەزاران هەڵدێرا ملی پیاو ئەشکێنێ ، وەجێگەی هەستی لاری گری یە ، «ونَعلَمُ ماتُوَسْوِسُ بِهِ أنفُسُکُمْ» «قُلْ أعوذُ بِرَبِّ النّاسِ مَلِكِ النّاسِ الٰهِ النّاسِ مِنْ شَرِّ الوسواسِ الخَنّاسِ الّذي یوسوِسُ في صدورِ النّاس ...» صەدر ، بێگومان دەرونی مرۆڤە ، کە ئەکرێ ببێتە جێگای گومان وەدودڵی ، «وەسوەسە» ، یان ئەفەرمێ «ولاتُطِعْ مَنْ أغْفَلْنا قَلْبَهُ عَنْ ذِکْرِنا وَاتَّبَعَ هَواه» یان ئەفەرمێ «زُیِّنَ لِلنّاسِ حُبُّ الشَّهَوات» .

بەکورتی ئەڵێم زۆر ئاشکرایە کەدەرون ئەگەر ڕێگەی لێ نەگرێت، وە ئاگاداری نەبێت، لەرێ لات ئەدا، وە هەڵت ئەدێرێ؛ وە قورئانی پیرۆز بەرووڤی دەستوری بەئێمە داوە بۆ بەرگری کردن لەئارەزوی ناپەسەندی دەرون، جا دێتەوە سەری ئەوەی ئایا بەهرەوەرگرتن لە ماڵ و سامان وخۆشی یەکانی جیهان، ئەبێ چۆن، وە تاچ رادەیێ بێت؛ ئەوەشیان هەر خوای گەورە رونی کردوەتەوە، وەتەصەووف هەرگیز لەوەزیاتر پێی دانەکێشاوەو لەوەزیاتری ناوێت، وا بەشوێنی یەکا چەن ئایەتێك لەم بارەوە ئەنوسین؛ خوائەفەرمێ «وَلَاتَعْدُ عَيْنَاكَ عَنْهُمْ، تُرِيدُ زِينَةَ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا، وَلَاتُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُ عَنْ ذِكْرِنَا، وَاتَّبَعَ هَوَاهُ، وَكَانَ أَمْرُهُ فُرُطًا» واتە چاوت لامەدە لە هەژارەکان، وە بیبریتە زەرقوبەرقی ماڵ و سامانی جیهان، وەهەرگیز مل مەدە بەوانەی پەیڕەوی ناکەن لەقورئان، وە کەوتونەتە شوێنی ئارەزوی خۆیان یان ئەفەرمێ «زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنْطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالْأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ، ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا، وَاللَّهُ عِنْدَهُ حُسْنُ الْمَآبِ» واتە خەڵك ئەوەیان پێ خۆشە کەببنە خاوەنی ژنان و کوران وزێروزیوی زۆرو ئەسپ و مەڕومالاَت و زەوی وزار، جا ئەمانە هەموی سەرمایەو تۆشەی دنیان؛ بەلاّم ئەوەی لای خوایە، لەهەموی ئەمانە چاترە؛ واتە ئاگات لەخۆبێت نەفست وات لێ نەکات؛ بۆ بەدەس هێنانی ئەم شتە ئێرەیی و «موقت» انە، پاداشی ئەوجیهان لەدەس بدەیت، ئایەتی پاش ئەوەش ئەفەرمێ «قُلْ أَؤُنَبِّئُكُمْ بِخَيْرٍ مِنْ ذَلِكُمْ» ئایا شتی لەمە چاترتان پیشان بدەم؟ «لِلَّذِينَ اتَّقَوْا عِنْدَ رَبِّهِمْ جَنَّاتٌ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا، وَأَزْوَاجٌ مُطَهَّرَةٌ وَرِضْوَانٌ مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ» ئەوانەی کە پارێزکاری یان کردوەتە پیشە، لای خوداوەبەهەشتێکیان بۆدانراوە جۆگەی ئاوی بەبنا تێپەرێ وە ژنی پاك «وەرەزامەندی خودا»، خوا ئاگای لەهەمو شتێکە، یان ئەفەرمێ «يَوْمَ لَايَنْفَعُ مَالٌ وَلَابَنُونَ إِلَّا مَنْ أَتَى اللَّهَ بِقَلْبٍ سَلِيمٍ» واتە رۆژی قیامەت رۆژێکە ئیتر سەرمایەو منالّ «کەئێوەئەمرۆبەلاتانەوە شتی چاکە» بەدەردی هیچ ناخۆن، وە تەنها دەرونی پاك و ساغ و بێ ئالایش؛ بەدەردتەخوات، جاهەروەکو وتمان، دەرون ئەبێ خۆت پاکی کەیتەوە بۆیە پاداشی هەیە، ئەگینا پاداشی بۆچی بو ئەگەر خەبات ورەنج و تێکۆشانی پێویست نەبوایە،؟ خوا ئەفەرمێ «الْمَالُ وَالْبَنُونَ زِينَةُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا» سەرمایەوسامان و منالّ، هەربۆ خۆشی دنیایە، ئەوەی کە بوت ئەمێنێتەوە کردوەی چاکە و ذیکری خودایە، «وَالْبَاقِيَاتُ الصَّالِحَاتُ خَيْرٌ عِنْدَ رَبِّكَ ثَوَابًا وَخَيْرٌ أَمَلًا»، یان ئەفەرمێ «وَمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا مَتَاعُ الْغُرُورِ» لە سێ شوێنی قورئانا ئەم ئایەتە هاتوە،

واتە ژیانی ئەم جیهانە شتێکی «زوگوزەرو هەڵخەڵەتێنەرە» هەروەها ئەفەرمێ «**وَمَا هَٰذِهِ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا إِلَّا لَهْوٌ وَلَعِبٌ وَإِنَّ الدَّارَ الْآخِرَةَ لَهِيَ الْحَيَوَانُ لَوْ كَانُوا يَعْلَمُونَ**» بەکورتی سەبارەت بەبێ‌مایەیی و کورتی و کەم‌دەوامی؛ خۆشی ئەم جیهانە، ئایات ئەوەندە زۆرە؛ هەر لەحیساب نایێت؛ کەواتە ئەوەی کە لە تەصەووفدا سەبارەت بە سەرزەنشتی ئەوکەسانەی. کە خۆیان ئەکوژن بۆ بەدەست هێنانی سەرمایەوسامان وە دروست کردنی کۆشکو تەلاری هەزار رەنگ، شتێك نیە کە خۆیان دروست یان کردبێ؛ یان ئەوەی کەئەڵێن، ئەبێ جڵەو شل نەکری بۆنەفس، تابگاتە رادەیێك بت کاتە بەردەو کۆیلەی خۆی؛ هەموی لە قورئانەوە سەرچاوە ئەگرێت؛ بەڵام ئەبێ ئەوەش بزانین تەصەووف نالێ کاسبی مەکەو ژن مەهێنەو ژیانت دروس مەکە، بەڵکو ئەڵێ دین و ژینی جاویدان، مەفرۆشەو دای‌مەنێ لەرێگەی دنیادا، ئەوەندە مەخۆ کە ورگت ببێتە بار بەسەر لەشتەوە؛ ئەوەندە هەڵپە مەکە بۆدنیا کە ئابروی بۆبفرۆشی، شەووروژ و یردی سەرزوانت نەبێتە پارەو، پارە وپارە. بەڵکو «**وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا**» تۆش بەشی خۆت بەرە، نەك بەشی خەڵك بکەیتە هی خۆت؛ !!! بە ئەندازەی ژیانت تێکۆشە نەك بەئەندازەی هەزارپشتت؛ حەڵاڵ و حەرام تێکەڵ مەکە، (**دین مەفرۆشە بۆژین**)

«**تەقوی**»، خۆپاراستن، سێ قوناغی هەیە،

١ — خۆپاراستن لەکوفر.
٢ — خۆپاراستن لەگوناه.
٣ — خۆپاراستن لە «**إِنْهِمَاك**»خۆهیلاك کردن بۆ بەدەس هێنانی ماڵ و سامانی زۆر.
مەولەوی لەم بابەتەوە، سەبارەت بە تەعریفی وەلی وەشیخی راستەقینە ئەڵێ.
وەلی کەسێکە ئاواوئاوا تائەگاتە... ئەوەی ئەڵێ.

بیکێشن بە سەنگ هەرسێ تەقوادا،بە ترازوی شەرع موێ لانادا.

جا خوایش سەرزەنشتی ئەوکەسانە ئەکاو ئەفەرمێ «**وَتَأْكُلُونَ التُّرَاثَ أَكْلًا لَمًّا، وَتُحِبُّونَ الْمَالَ حُبًّا جَمًّا**» «**واتە میرات ئەخۆن بێ‌ئەوەی گوێ بدەنە ئەوەی بزانن بەشی هەتیو یان کەسی تری پێوەیە، وەسامانی دنیایشیان یەك‌جار خۆش‌ئەوێ**» جا خوای‌گەورە ئەوەشی لا پەسەند نیە. هەروەها ئەفەرمێ.[٢]

«**وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ**»[١] واتە ئەوانەی

که زێرو زیو ئەنێن بەیەکەوە و لەرێگەی خوادا خەرجی ناکەن، موژدەی ئازارێکی سەختی‌یان بدەرێ، لەپاشان لەئایەتی پاش ئەودا ئەفەرمێ ئەو دراوانە بەئاگری جەهەنەم سورئەکەینەوە، وە ئەیبڕین بەناوچاوان وبەلەشیانا، وە ئەلێین «هذا ماکَنَزْتُم لِأنْفُسِکُم فذوقوا ماکُنتُم تَکْنِزون» بچێژن ئەوە گۆڕی گیانتان بێت، ئەوە ئەو دراوانەیە کە کۆتان ئەکردەوە.

خۆ ئەو دراوانە حەرامیش نەبوە بەلاّم زیندانکردنی سەرمایە و بەشی خەلّك لی‌نەدانو، کۆکردنەوەی، لای‌خوا ئاوایە کەفەرمویان، هەرئەوەتە‌دورەپەرێزگرتنی تەسەووف لەمالی‌دنیاوە بۆئەم بابەتەیە.

جا هەروەکو وتمان بۆ زاڵبون بەسەر خواستی دەروندا، خەبات‌و رەنج‌و تێکۆشان پێویستە، پێغەمبەری گەورە درودی خوای لەسەر، «لەغەزوەیێك» گەرایەوە، فەرموی والەجیهادی بچوك گەراینەوە، بادەس‌کەین بەجیهادی گەورە، لی‌یان پرسی ئەی پەیامبەری خودا جیهادی گەورە کامەتا؟ فەرمویان جیهاد لەگەڵ نەفسا، واتە بەربەرەکانی لەگەڵ داخوازیی ناپەسەندی دەرونا: «وَاَنْ لَیْسَ لِلانسانِ اِلاَّ ماسَعیٰ» ئیستە بەباشی روون بویەوە کە بەربەرەکانی لەگەڵ نەفساواتە «موجاهەدە» بۆ پاك‌کردنەوەی دەرون، «تەزکیەی‌نەفس»، وە هەڵپە نەکردن‌و خۆ نەکۆشتن بۆبەدەس هێنانی سامان‌و پلە وپایەی دنیایی، وەدەرکردنی خۆش‌ویستنی دنیا لەدەرونا، وە تێکۆشان بۆ جی‌گیرکردنی هەستی چاکە لەدەرونا لەجیگەی هەستی کەچرەویدا، کە لەرێرەوی تەسەووف‌دا، گرنگو بناغەیین، وەکراونەتە یەکێ لەلقە گرنگەکانی ئەم رێرەوە، لەسەرچاوەی قورئانەوە هەڵ ئەقوڵێ، وەلەقورئانەوە وەرگیراون، ئەوەش بزانن لەم باسەدا تەنها ویستمان پیشانبدەین، کە موجاهەدە وە تەزکیەی‌نەفس، وە خۆنەکوشتن بۆ دنیا، لادان نیە لەقورئان، وە باس‌کردنی چۆنیەتی تەزکیەی نەفس، لەئایندەدا لەکاتی باسی نەفس وەتەزکیەدا باس‌ئەکەین.

لەبارەی تەوبەوە تەزکی‌یەی نەفسەوە، باسمان‌کرد، وائیستەش لەبارەی «ذیکر» وە «قەلب» وە «تەقوا»وە ئەکۆڵینەوە، تاروونی‌کەینەوە بزانن چۆن ئەمانەش هەر لەقورئانەوە سەرچاوە ئەگرن، وە تەسەووف‌خۆی شتێکی تازەی نەهاوردوەتە ناوی ئاینی ئیسلامەوە.

لەپێشا ئەبێ‌بڵێین کە ووشەی «ذیکر» لەعەرەبیدا زیاتر لەواتایێکی‌هەیە، وە

لەقورئانی پیرۆزدا ووشەی «ذیکر» بەواتای جۆراوجۆر، پتر لەصەدویەنجا جارهاتوە، یەکێ لەواتاکانی «ذیکر»، بەمەعنای قورئان، وەهەروەها کتێبەئاسمانیەکانی تریش هاتوە. بۆنمونە سەبارەت بەقورئان ئەفەرمێ، «إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ» واتە «قورئان ئێمە ناردومانە وەخۆمان ئەیپارێزین» یان ئەفەرمێ «وَمَا هُوَ إِلَّا ذِكْرٌ لِلْعَالَمِينَ»، واتە، قورئان ئامۆژگارێکە بۆهەموی جیهانیان «وَأَنْزَلْنَا إِلَيْكَ الذِّكْرَ لِتُبَيِّنَ لِلنَّاسِ مَا نُزِّلَ إِلَيْهِمْ وَلَعَلَّهُمْ يَتَفَكَّرُونَ»،

لێرەشا دیارە مەبەست لەوشەی ذیکر هەر قورئانە وەئەفەرمێ، ئەی پەیامبەر ئێمە قورئانمان رەوانەکردوە بۆتۆ، کەتۆش بەهۆی ئەو دەستورو راهنماییانەوە کەوان لەقورئانا ری پێشاندەری موسوڵمانان بیت بەڵکوئەوانیش بیری لەودەستورانە بکەنەوەو ریگەی ئیسلام بەرنەدەن.

هەروەها چەن ئایەتی تریش، وە ذیکر بەواتای نوێژیش هاتوە، کە ئەفەرمێ «يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَاةِ مِنْ يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَىٰ ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ»، واتە ئەی موسوڵمانانی خاوەن باوەر ئەگەر لەرۆژی جومعەدا بانگ کران بۆنوێژی جومعە، دەس لەمامەڵەوکار هەڵگرن وەبڕۆن بەلای جومعەکەتانەوە ئەوە چاکترەبۆتان ئەگەربتانزانیایێ، ئێترەمە لێرەدا زۆرباش دیارە کەمەبەست لە ذیکر، نوێژە، جالەزۆر شوێنی تری قورئانیشا، ذیکر بەواتای ناوبردن و یادکردن هاتوە کە ئەوەیان مەبەستەکەی ئێمەیە، لەتەسەووفدا، هەروەکو وتمان لەپێشان وتوویرەی پەشیمان بونەوە لەلاری گرتن ئەکەوێتەدەرونەوە، وەدەرون لۆمەو سەرزەنشتی پیاوئەکات، وەپاش ئەوە کەڵکەڵەی «تەوبە»، واتە دەس هەڵگرتن دێتەپێشەوە، پاشان بەربەرەکانێ وەدژایەتیە لەگەڵ خواستی ناپەسەندی دەرونا، جا ئەم دەرونە بەبارمەتی چ هێزێکە کەئەتوانێ ئارەزوی ناپەسەند لەناو خۆیادەرکات؟ وەدەرمانی ئەو سەدەها دەردەی کەباسمان کردن، وەکو «حەسەد» وە خۆبەزل زانین» وە «خۆکوشتن وخەڵک ئازاردان بۆ کۆکردنەوەی ماڵ وسامانی زۆر، وەسەدان هەستی ناپەسەندی دەرون...،.. وەبەچی ئەکرێ کەدڵ دامرکێت...؟»

وەڵام...، بەیادی خودا...، بەناوی خودا..، وەکو کەخوا خۆی ئەفەرمێت «الَّذِينَ آمَنُوا وَتَطْمَئِنُّ قُلُوبُهُمْ بِذِكْرِ اللَّهِ، أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوبُ» ئەوانەی کە ئیمانیان هاوردوە، وەدڵیان بەیادی خوا دائەمرکێت وەئارام ئەگرێت، بەڵی، بەناوبردنی خودا وەبەیادکردنی ئەو دڵی خاوەن باوەران دائەمرکێت وەئۆقرەئەگرێت،

کەواتە ئەم بەردەوام بونە لەسەری یادی خودا وەلەسەری ناوبردنی خودا وەلەسەر بەردەوامبون لەسەری ئەویادکردنو ناوبردنە، وەهەروەها بەردەوامبون لەسەری زۆری‌ی ئەوناوبردنەش، هەموی هەردەستوری قورئانەو، ئەنجامدانی دەستوری خودایە، وە بەپێچەوانەوە،ئەوانەش کە لەیادی‌خودا کردن دورەپەرێزی ئەکەن، وەلایان‌وایە کەڵکێکی‌نیە، پەنابەخوا لەوانە، وەخوای‌گەورە سەرزەنشتی‌کردون وەبێزاری خۆی سەبارەت بەوانە دەربریوە.

هەروەکو ئەفەرمێ «وَاذْكُرْ رَبَّكَ كَثِيراً» زۆر ناوی‌خوابەرە، «وَاذْكُرْ رَبَّكَ فِي نَفْسِكَ تَضَرُّعاً وَخِيفَةً وَدُونَ الْجَهْرِ مِنَ الْقَوْلِ بِالْغُدُوِّ وَالْآصَالِ وَلَا تَكُنْ مِنَ الْغَافِلِينَ»، بەدڵ ذیکری خوابکە لەدەرونا، وە بەشێوەی ترسوپارانەوە وەهەروەهاش بەبێ‌دەنگیش هەرناوی‌خوابەرە بەیانی‌و ئێواران وەهەرگیز لەیادی‌خوا غافڵ‌مەبە، جا سوفیەتی جگەئەمە چی‌وتوە وەچی‌ئەوێت؟...

یان‌ئەفەرمێت «الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللَّهَ قِيَاماً وَقُعُوداً وَعَلَى جُنُوبِهِمْ...» تا پایانی ئایەتەکە، خودا ڕەزامەندی خۆی پیشان‌ئەدات سەبارەت بەوکەسانەی کەهەمیشە بەهەستان‌و دانیشتن‌و پاڵ‌کەوتنەوە خوایان لەیاد ناچێت و یادی خوا ئەکەن، تەنانەت لەپاڵ‌کەوتنیشا، جا ئەوە ئەوپایەتە کە بەهۆی گرتنەبەری ڕێ‌ڕەوی تەسەووفەوە، کەرێگەی ئەنجامدانی فەرمانەکانی خودایە، بەئاشکراو بەنهێنی بەزوان وبەدەرون، بەگوفتارو بەکردار، مرۆڤ ئەگاتە ئەوپایەیە، جا کەمرۆڤ یادی‌خوای‌کرد، خوایش موژدەئەدات کەئەویش یادی مرۆڤ ئەکات، وەئەفەرمێ «فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ»، ئەوەش پایەیێکی گەورەیە بۆمرۆڤ، هەروەها ئەفەرمێ نەکەن ماڵومناڵ، واتان سەرگەم کەن، کەیادی خوانەکەن، «يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا، لَا تُلْهِكُمْ أَمْوَالُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ» بەڵێ خودا ئەوەندە ناوبردن‌و یادکردنی خۆی لاگرنگە،! لەئاکاما خوای‌گەورە هەرەشە ئەکات لەوانەی کە لەذیکری خودا غافڵن وئەفەرمێت «فَوَيْلٌ لِلْقَاسِيَةِ قُلُوبُهُمْ مِنْ ذِكْرِ اللَّهِ أُولَئِكَ فِي ضَلَالٍ مُبِينٍ» ئەم‌ذیکرە لێرەدا، هەم نوێژ هەم قورئانیش ئەگرێتەوەو هەم یادی خوایش، پاشان‌ئەڵێ ئازاری سەخت بۆئەوانە ئەبێت کە دڵ‌ڕەق‌و بێزاری پیشان‌ئەدەن، بەرانبەر بەیادی خوا، بەناوی‌خوا، بەقورئان، یان ئەفەرمێ بەپەیامبەر درودی‌خوای‌لەسەر «وَلَا تُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنَا قَلْبَهُ عَنْ ذِكْرِنَا وَاتَّبَعَ هَوَاهُ..» واتە بەگوێی ئەوانەمەکە کەدڵیان لەیادی‌ئێمە غافڵەو کەوتونەتە شوێنی ئارەزوی دەرونیان...، لێرەشا ذیکر بۆقورئانیشە.

مەبەست ئەوەتە خوا پێی خۆشە بەندەکانی هەمیشە یادی بکەن و ناوی بهێنن و لێی غافڵ نەبن، وە هەرچی زۆرتر ناوی بەرن وە یادی بکەن خودا زۆرتر پێی خۆشە، وە پاداشیان ئەداتەوە، وە یادیان چاکتر ئەکات، لەبەرئەوەتە کە تەسەووفیش ئەم رێگایەمان پیشان ئەدات بۆ پاککردنەوەی دەرون وە بۆرەزامەندی خوا، بۆگەیشتن بەپایەی درەوشانەوەی نوری خودا لەدەرونا وە لەئاکاما گەیشتن بەپایەی «یەقین» واتە باوەری بێ چەنوچۆن.

لەپاشان سەبارەت بەچۆنیەتی ئەم ذیکرە بەپێی رێرەوی تەسەووف باس ئەکەین، وە ئێستە دەستێك ئەکێشین بۆ باسی «قەلب» وە «تەقوی» تابزانین ئەم دووشتەیش کە لە گۆرەپانی تەسەووف دا ئەکەونە بەرچاو، تاچ رادە لەگەڵ دەستوری قورئاندا یەك ئەگرنەوە.

ووشەی تەقوا بەکوردی ئەبێتە خۆپاراستن، یان پارێزکاری، بەڵام لەئاینی ئیسلام دا ئەم ووشەیە جێگایێکی بەرزی هەیە وە زۆر بەربڵاوە، بەچەشنێك کە بەبێ تەقوا هەموی ئاینو باوەر دانەمەرزاوە، مرۆڤ بێ تەقوا ناتوانێ بێتە ریزی موسڵمانی راستەقینەوە

ئێمە باسی سێ تەقوامان زوتر کردوە وە وتنەوەی پێ ناوێ، بەڵام ئەبێ بزانین کە تەقوا زۆربەی تەسەووف ئەگرێتەوە، وەکو وەرع، زوهد، دەرکردنی ئارەزوی هەمو رەوشێکی ناپەسەند لە دەرونا، «نەهی لەمونکەر» وە هەڵنەسان بەهەرکارێ کە خوا پێی ناخۆش بێت، کەواتە ئەم وشەی تەقوایە کە سوفیەکان کردویانەتە بەردی بناغەی رێرەوەکەیان، لەکانگەی قورئانەوە هەڵقوڵاوە.

خوای گەورە ئەفەرمێ «وَاتَّقُوا اللّٰهَ وَيُعَلِّمُكُمُ اللّٰهُ»، واتە، بەوچەشنەی خواپێی چاکە خۆتان بپارێزن خواخۆی زانیاری ئەخاتە دەرونتانەوە، یان دەرونتان بەنوری زانیاری روون ئەکاتەوە. بێگومان، هەموزانیارییێکی چاکو بەکەڵك، کە زانیاری خواناسی وا لەپێشی هەمویانەوە. هەروەها ئەفەرمون «يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللّٰهَ وَكُونُوا مَعَ الصَّادِقِينَ» خوای گەورە ئەفەرمێ «إِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَى» واتە چاکترین توشە پارێزکارییە، جا، تەقوا تەنها بەئاشکرا، واتە، بەکردەوەی «ظاهیر»، ناکرێت بەڵکو مرۆڤ ئەبێ لەدەرونیشا پارێزکاربێت وەکارێکی لێ بێت کە بەدڵیش ویستی نارەوای نەبێت: خوا سەبارەت بەوکەسانە ئەفەرمێ «أُولَٰئِكَ الَّذِينَ امْتَحَنَ اللّٰهُ قُلُوبَهُمْ لِلتَّقْوَىٰ لَهُمْ مَغْفِرَةٌ وَأَجْرٌ

عَظِيم». لێرەدا باس باسی تاقی‌کردنەوەی دڵە، هەروەها ئەفەرموێ «**وَمَنْ يُعَظِّمْ شَعَائِرَ اللّهِ فَإِنَّهَا مِنْ تَقْوَى الْقُلُوبِ**» دوبارە باس‌هەرباسی تەقوای دڵە.

بەکورتی ئەوەندە خوای‌گەورە بەدەستور وەفەرمان، فەرمانیان داوە بۆ پارێزکاری کەنوسینەوەی ئەوئایەتانە لەوزەی ئەم‌کورتە باسەدا نیە بەڵکو خۆی پێویستی بە کتێبێکە، بۆنمونە، «**واتقوا اللّه اِنَّ اللّهَ شديدُ العِقاب**» «**واتقوا اللّهَ اِنَّ اللّهَ سَريعُ الحِساب**» «**فاتقوا اللّهَ ياأُولِى الأَلْبابْ**» «**وَاتقوا اللّه لَعَلَكُمْ تُفلِحون**» «**اِتقوا اللّهَ وكُونوا مَعَ الصّادِقِين**» ئەمانە هەموی فەرمان‌ودەستورە وەموسوڵمان لەسەریەتی ئەنجامی بدات‌و جێ‌بەجێی بکات، هەروەکووتمان خوای‌گەورە چاکترین تۆشەی دواڕۆژی بەتەقوا داناوە، وەئەیش‌فەرمێ «**وَلِباسُ التَّقوىٰ ذٰلِكَ خَيْر**»، واتە چاکترین بەرگ، یان‌چاکترین عەیب پۆش، وەشتێك کەمرۆڤ پێ‌ برازێتەوە، تەقوایە، یان ئەفەرموێ «**اِعْدِلوا هُوَ اَقْرَبُ لِلتَّقوى**» یان ئەفەرمێ «**والعاقِبَةُ لِلتَّقوى**» یان «**واَنْ تَعْفُوا اَقرَبُ لِلتَّقوى**» کەواتە ئەو تەقوایەی کە ڕێڕەوی تەصەووف ئەیکاتە ئامانجێکی سەرەو، هەڵبژاردەی خۆی، ئەویش هەر لەقورئانەوە سەرچاوە ئەگرێت، وە قورئانی‌پیرۆز، هەم فەرمان ئەدات بۆئەوەی کەموسوڵمانان پارێزکاربن وەهەم‌ستایشی پارێزکاری‌و پارێزکاران ئەکات، وەهەم دادگەری‌و بەخشینوچاوپۆشی، وەهەموچاکەیێك بەبەشێ لە تەقوا ئەداتە قەڵەم، وەهەم بۆمان دەرئەخات کەتەقوا نابێ تەنها ڕەواڵەتی بێت، بەڵکو ئەبێ مرۆڤ لەدڵیشەوە پارێزکار بێت، وەتێکۆشێت بۆئەوەی تەنانەت نیازی بڕیاری چەوتیش، لەدەرونی خۆیا جێ‌نەکاتەوە. وەخوا خۆیشی ئەو مژدەیەئەدا بەپارێزکاران، کەخودا لاینگری ئەوانە وە والەتەکیانا، کەئەفەرمێ «**واِنَّ اللّهَ مَعَ الَّذِينَ اتَّقَوا**»، بەکورتی، باسی پارێزکاری‌و پارێزکاران وە فەرمان بە، پارێزکاری‌کردن وستایشی پارێزکاران، لەنزیکەی دوصەد شوێن لەقورئانا هاتوە.

ئیستە دێینە سەرباسی دینەمۆی دەرون وە سەرچاوەی هەستی چاکەوخراپە وە ئازمونگەی گۆڕەپانی تەسەووف، وەبەردی «**مەحەکی**» ناسینی مرۆڤ وپلەوپایەی ئەو، لە دەوڵەتی جیهانی، مەعنەوی‌دا، ئەوشوێنەی کەئەکرێ ببێتە! مەنزڵی نوری‌خودا، وەهەوارگەی ڕەحمەتی‌ئەو، یاخۆ ببێتە گاڵتەی دەستی نەفسوشەیتان، کە ئەویش «**قەلب**»ە واتە «**دڵ**»ە وە ئەمانەوێ بزانین، ئایا «**قەلب**»، کە یەکەم هەنگاوی تەسەووف تێکۆشانە بۆ گسك‌دان وپاك‌کردنەوەی، خوای‌گەورە لەقورئانا چۆن وەبەچی ناوی

ئەبات، وەئایا ئەودەستورانە لەگەڵ ڕێڕەوی تەسەووفدا یەكئەگرنەوە یامنا؟ هەروەكو سەبارەت بەباسەكانی‌تر، وەكو تەوبەو نەفس وە تەزكیەی‌نەفس وەتەقوا وئیمان، كە پتر لە دەها شوێنا لەقورئانا هاتون، سەبارەت بە «**قەلب**» یش هەربەوجۆرەیە وەلەنوسین نایێت، بێگومان قەلب وشەیێكی عەرەبی‌یە وەپتر لەیەك واتای هەیە، كە یەكێكیان ئەوپارچەگۆشتەیە وا لەسینەی مرۆڤا وە وەكو دینەمۆی لەشی‌گیان‌دارانە، هەروەها بە ناوەڕاستی‌شتیش‌ئەوترێ، وەهەروەها بەناوەندی هەستی «**عاطفی**» وە «**ئینسانی**»، وەبەناوەندی هەمو بڕیارێكی چاكوخراپی دەرونیش ئەوێژرێ، جادیارە لەقورئانا كە باسی قەلبی، واتە دڵی، مرۆڤ ئەكات، بەو واتای هەستی دەرونی‌و فەرماندەرایەتیی چاكەوخراپەیە ئەوترێ؛ بێگومان كاتێ كە تەسەووفیش باس لە «**دڵ**» ئەكات هەرمەبەست ئەو دڵەیە، كەلەقورئانا هاتوە، وەهەر بەو واتایەش كەلەقورئانا مەبەستە.

لەقورئان‌دا دڵی نەخوش هەیەو دڵی ساغوسەلیمیش. لە تەسەووفیش‌دا هەروایە خوائەفەرمێ «**فَيَطْمَعَ الَّذِي فِي قَلْبِهِ مَرَضٌ**» یان‌ئەفەرمێ «**لِيَجْعَلَ مَا يُلْقِي الشَّيْطَانُ فِتْنَةً لِلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ وَالْقَاسِيَةِ قُلُوبُهُمْ**..» وەلەحەوت شوێنی‌تری قورئانا وشەی «**فِي قُلُوبِهِمْ مَرَضٌ**» هاتوە، وەهەموی ئەونەخۆشیانەش كە باسیان هاتوە، نەخۆشی مەعنەوین، وە بە «**مەجازی ئەتوانین بڵێین نەخۆش، نەك بەڕاستی نەخۆشی‌ی تەبیعی** «**سورشتی**» بن، خوائەفەرمێ «**كَلَّا بَلْ رَانَ عَلَى قُلُوبِهِمْ**» واتە دڵیان ژەنگ دای‌پۆشیوە، دیارە كەدڵی گۆشتین ژەنگ نای‌گرێت، وەهەر ئەودڵە مەعنەوی‌یەتە ژەنگی گوناەو كەچڕەوی ئەیگرێت، ئەفەرمێ «**فَإِنَّهُ آثِمٌ قَلْبُهُ**» واتە؛ دڵی‌گوناەكارە، بەكورتی‌بەشی چەوتی‌و نەخۆشی وەسەرزەنش‌كراوی دڵ زۆرە، وەكو ئەوەی كەئەفەرمێ «... **يُطْبَعُ اللهُ عَلَى كُلِّ قَلْبِ مُتَكَبِّرٍ جَبَّارٍ**» یان «**لَهُمْ قُلُوبٌ لَا يَفْقَهُونَ بِهَا**» یان «**أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَتَكُونَ لَهُمْ قُلُوبٌ يَعْقِلُونَ بِهَا أَوْ آذَانٌ يَسْمَعُونَ بِهَا، فَإِنَّهَا لَا تَعْمَى الْأَبْصَارُ وَلَكِنْ تَعْمَى الْقُلُوبُ الَّتِي فِي الصُّدُورِ**» ئایا ئایەت لەمەڕوناكتر هەیە بۆئەوەی، كەدڵ ئەكرێ، بەهۆی لەڕێی‌خوالادانەوە،كوێرایی دابێت، بەڵام، بەهۆی گرتنەبەری‌ڕێگەی ڕاستی خواناسی‌یەوە ئەكرێ ببێتە خاوەن بەصیرەت، واتە، چاوی دڵی‌بكرێتەوە؟؟ ئەگینا ئەگەر چاوی «**مەعنەوی**» **نەبێ دڵ چاوی لەكوێ‌بو تا كوێربێت**؟ **یان لەفەرمێ** «**أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَى قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا**»؟ ئایا نابێ لەقورئان وردبنەوە و لێی تێبگەن؟، یان دەرگای ئاوەزو هەستی چاكو خراپەلێك‌دانەوەی دەرونیان داخراوە؟ یان، كەئەفەرمێ

«قلوبُهمْ مُنكِرَةٌ» «لاهِيَةً قلوبُهمْ/خَتَمَ اللهُ عَلى قُلوبِهِمْ»، وەزۆر ئایەتی تریش، هەر سەبارەت بەلۆمەو سەرزەنشی دڵی لاروچەوت، وەسەرکەش ولاڕیگرهەیە کە بە پێناسی «صیفەتی» جۆراوجۆر خوای گەورە باسی کردون، پێناسی نەشیاو، ئەوەش بزانین کە خوای گەورە دەرون وچاکەوخراپەکانی تری دەرونیشی لەژێر ناوی ترا باس کردوە، وکو «صەدر» کە ئەویش بەشێوەیێکی «مەجاز» **هاتوە: وەمەبەست لەوصەدرە**، «سنگ»، هەردەرونی مرۆڤە، وەکو «اَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ»، یان «وَيَشْفِ صُدورَ قَومٍ مُؤْمِنينَ» یان، «رَبِّ اشْرَحْ لي صَدْري»، یان «وَنَزَعْنا ما في صُدورِهِمْ مِنْ غِلٍّ» یان «عَليمٌ بِذاتِ الصُّدُوْرِ» کە لە زۆرشوێنی قورئانا هاتوە، یان، بەپێچەوانەی ئەمواتانەوە، وەکو «يَجْعَلْ صَدْرَهُ ضَيِّقاً حَرَجاً»، وەهی تریش، جامەبەست لە تێهەڵکێشی وشەی صەدر، ئەوەتە لەگوفتاری، گەورەپیاوانی تەصەووفدا وشەی «**صەدر**» واتە «**سنگ**»، یان دەرون، وەنەخۆشیو چاکیو کرانەوەو داخرانی سنگ باس کراوە هەروەکو کەباسی دڵ کراوە، مەبەست ئەوەتە کەئەویش هەر لەقورئانەوە سەرچاوەی گرتوە.

جادێینەوە سەر ئەوئایەتانەی کە ستایشیان لەدڵودەرونی باش کردوە، وەئەویش هەر بۆمان دەرئەخات کەرێڕەوی تەسەووفیش هەرشوێنی ئەو ڕیچکەیە کەوتوەو لای نەداوەو، بەڵکو دەقبەدەق لەگەڵ ئەودەستورانەدا دەردێتو سەرناکات. «يَوْمَ لا يَنْفَعُ مالٌ وَلا بَنونَ إلاّ مَنْ أتَى اللهَ بِقَلْبٍ سَليمٍ» «إذْ جاءَ رَبَّهُ بِقَلْبٍ سَليمٍ» ئەمسەلیمە رێك پێچەوانەی دڵە نەخۆشەکەیە «مَنْ خَشِيَ الرَّحْمنَ بِالغَيْبِ وَجاءَ بِقَلْبٍ مُنيبٍ» منیب، بە پارێزکار وە بەخواپەرست ئەوترێ، یان «الّذينَ آمَنوا وَتَطْمَئِنُّ قُلوبُهُمْ بِذِكْرِ اللهِ ألا بِذِكْرِ اللهِ تَطْمَئِنُّ القُلوبُ» لێرەدا هەم باسی دڵی دڵنیا ئەکات و هەم دەرئەخات کەذیکرو یادی خودا ئەبێتە هۆی دڵنیایی دەرون، لەولاوە ئەیفەرمو «أغْفَلْنا قَلْبَهُ عَنْ ذِكْرِنا» وە سەرزەنشی ئەو غافڵبون لەذیکرە ئەکات.

یان «كَتَبَ في قلوبِهِمُ الايمانَ»، یان ئەفەرمێ «إنَّما المؤمنونَ الّذينَ إذا ذُكِرَ اللهُ وَجِلَتْ قُلوبُهم» موسوڵمانی خاوەن باوەڕ بەوانەئەڵێن کە ناوی خوایان لادا ببرێت، لەدڵەوە ئەترسن لەخودا، بەمچەشنە، ڕوون بوەوە، تاچرادە «دڵ» پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەچۆنیەتی پەروەردەی مرۆڤەوە هەیە، وەچۆن دڵ بریتیە لەوشتەی کە ئەکرێت بەهۆی پاککردنیەوە مرۆڤ لە خوا نزیك بێتەوە، وە بەهۆی خاوێن نەکردنیەوە، خاوەنەکەی لەڕەحمەتی خوا دورکەوێتەوە.

جا ئێمە لەباسەکانماندا تەنها دەستمان بۆئایەتەکان ڕاکێشا ئەگینا فەرمودەی پەیامبەری گەورە وەگەورەپیاوانی ئاینی ئیسلام، سەبارەت بەهەموی باسەکان ئەوەندە زۆرە هەرخۆیان چەندین کتێبی گەورەیان ئەوێ، وەبۆ پایان هێنان بەباس دەس بۆئەو فەرمودەی پەیامبەرە ڕائەکێشین کەئەفەرمێ **«قَلْبُ المؤمنِ عَرْشُ الرَّحْمن»** واتە دڵی موسوڵمانی خاوەن باوەڕ مەڵبەندی خوای گەورەیە.

ئەمە شتە سەرەك و بناغەییەکانی تەسەووف بون، وەسەبارەت بەهەموی مەبەستە وردەکانی تریش، واتە ئەو وشەو مەبەستانەی کەوان بەسەری زوانی سۆفیەکانەوە هەموی پشتی بە قورئانو دەستوری خوداوە بەستوە، وەکو وشەی **«الصّادقين والصّادقات القانتين والقانتات، والتائبين والتائبات، والخاشعين والخاشعات، والسائحين والسائحات»**.

وەهەروەها **«الموقنين، المُخلصين، المُحسنين، المُخبتين، العابدين، المُتوكّلين، المتّقين، الأَبرار، المُقرّبين، والمصطَفَينَ الأَخيار»** ئەموشانە هەمویان بەپێی جێ وشوێنی خۆیان، لەتەصەوف وەمەقاماتی تەصەووف، وە وێژەی تەصەووفدا هاتون، هەمویان لەقورئانی پیرۆزەوە سەرچاوە ئەگرن و هیچکامی دەس هەڵبەس نیەو، تەسەووف لەخۆیەوە نەی هاوردونەتە کایەوە.

ئەو پرسیارەی کەنۆرەی وەلامدانەوەی گەیشتوە ئەوەتە کەئەڵێ، ڕێڕەوی تەسەووف چی یە، وەچۆن پەیڕەوی لێ بکەین؟.

بەرلەهەموشتێك دوبارەی ئەکەمەوە، لەمەولای ئەم کتێبە، ئیتر بۆکەسانێکە، کە هەم باوەڕیان بە ئاینی ئیسلام هەیە، وەهەم ڕێڕەوی تەسەووفیان لاپەسەندو بەکەڵکە.

ئەمەش بەوبۆنەوەیە، ئەوەی لەتوانامدا بوبێت بۆسەلماندنی ئەو دومەبەستە کردومەتەکار، لەبەرئەوە، ئەوەی باوەڕی بوە، یان باوەڕی پەیداکردوە وا ئەتوانێ شوێنی باسەکە هەڵگات ولەسەری بڕوات، وەئەوەش وانیە، ئیترلەمەولا بابەتی ئەوی تیانیە، جگەئەوەش باسی ئێمە سەبارەت بە **«تەسەووفی ئیسلامی»** یە، جونکە لەبارەی تەسەووفەکانی تریشەوە باسمان کردو، تەسەووفی ئیسلامی مان لەوان جوێ کردەوە، کەواتە، ئەو تەسەووفەی کە لەمەولا لەبارەی چەنو چۆنیەوە، ئەدوێم، **«تەسەووفی ئیسلامی یە»** ڕێڕەوی تەسەووفی ئیسلامی چی یە؟ وەچۆن پەیڕەوی لێ بکەین؟

وەڵام: لەسەرەتای ئەم باسەدا لەبارەی ئەوەوە کە تەسەووفچی یە زۆرمان باس کرد، وەدەس نیشانمان بۆ گوفتاری زۆرێك لەگەورەپیاوانی ڕێ ڕەوی تەسەووف کرد، وەبۆمان دەرکەوت کەپێناس بۆتەسەووف لەرادە بەدەرە، بۆمان دەرکەوت هەریەکەی لەگەورەپیاوانی تەسەووف لەڕوانگەی تایبەتی خۆیانەوە تەسەووفیان بەئێمە ناساندوە، بەڵام هەموی سەرچاوەکانی تەسەووف ناسیی، لەبڕێ شتا یەك ئەگرنەوە کە لە ڕاستیەکەیا تەسەووفیش جگەئەوە هیچی تر نیە، وەئەوە کرۆك و کاکڵەو گیانی تەسەووفە.

وەئەکرێ بڵێین پێناسەکانی گەورەپیاوانی ڕێگەی تەسەووف بۆیە جۆراوجۆرن، چونکە لەڕاستیەکەیا، دەس نیشان کردنە بۆ **«حاڵ»** یان **«مەقام»** یێ کە لەوکاتەدا ئەوانی تیابوە، یان هی دەس کەوتێکی تایبەتی **«مەعنەوی»** **هەریەکێ لەو گەورەپیاوانەیە، بەجۆرێکی دیکەش ئەکرێ بڵێین، چونکە باخی زانیاری تەسەووف باخێکی زۆر گەورەو بێ پایانە، وە ڕازراوەتەوە بەهەزاران جۆر میوەی «مەعنەوی»**؛ فەرمودەی هەریەکێ لەوگەورەپیاوانە، باسی میوەیێکە کەخۆی خواردویەتی، وەباسی گوڵێکە کەخۆی بۆنی کردوە، یان دیمەنێکە کە لەجیهانی **«موشاهەدە»** و **«موراقەبەدا»** خۆی دیویەتی، جاوتمان، ئاکامی هەموی ئەوپێناسانە، وە ئامانجی هەمویان، لەئاکاما یەك ئەگرنەوەو هەموی وەکو بارانێکن، لەهەڵمی دەریای بێ بن و کەناری **«مەعریفەت وحیکمەتی»** خواناسی هەڵساون، وەباغی پڕبەری تەسەووفیان پێ تێرئاو ئەبێت، هەموی گەورەپیاوانی شارێگەی تەسەووف لەم باوەڕەدا یەك ئەگرنەوە، کە، تەسەووف، هەوڵ و تێکوشانێکی مەردانەی، مرۆڤی موسوڵمانە، بەپێی ڕەوش وڕێگەی تایبەتی تەسەووف، لەڕێی بەجێ هێنانی فەرمانێ خودای گەورەدا، بە پەیڕەوی کردنێکی مویەمو لەشەرع، واتە لەدەستورەکانی قورئانی پیرۆز، وەسونەتی پێغەمبەری گەورە **«درودی خوای لەسەر»**، بەئاشکراو نهێنی، واتە بە لەشو بەگیان، بە دەرو بەدەرون، وەئەم جۆرە پەیڕەوی یە کە لەقورئانا بە **«تەقوا»** ناوبراوە ئەوەندە گرنگو سەختە، تەنها کاری کەڵەمەردان و گەورەپیاوانە، واتە **«خەواص»**، وەئەم تێکۆشانەش هەروەکو زوترو تم، بۆگەیشتنە بە دوو ئاواتی گرنگ، یەکەم بەدەست هێنانی ڕەزامەندی خوا، دووهەم: گەیشتن بەپلەی **«عین الیقین»** یان **«حق الیقین»**، واتە باوەڕی تەواو، بەدیتن، یان بە چەشتن، وەهەست پێ کردنی دەروونی ی، ئەویش لەڕێگەی پاك کردنەوەی دەروونەوە لە ویستو نیازی هەمو ڕەوشێکی ناپەسەند، وەڕازاندنەوەی دەروون بە

هەموورەوشێکی پەسەند. تاوەکوو دڵ ئەبێتە ماواو نشینگەی نووری خودا. وە دڵی مرۆڤی سۆفی بەنووری خودا ڕووناک ئەبێتەوە.

لەناکاما کە دڵ وای لێ هات، ئەگاتە یەقین، وەکەسێ کەدڵی بەنووری خودا ڕازاوەتەوە، دیارە کەخوا لەو ڕازییە، وەکەسێکیش کەخوا لێی ڕازی بوو، دەرگای خۆشبەختی و کامەرانی جاویدانەی لێ کراوەتەوە. کەسێک کەنووری خودا دڵی ڕووناک کردەوە ئیتر جگەلەخوا کەس ناپەرستێت و ئەگاتە پایەی «**ئیحسان**» کە یەکێکە لەوپایانەی کە سۆفییەکان، ئەیگەنێ، پەیامبەری گەورە «**درودی خوای لەسەربێ**» ئەفەرمێ «**اَلإِحسانُ اَنْ تَعْبُدَ اللهَ كَاَنَّكَ تَرَاهُ، فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَرَاهُ فَإِنَّهُ يَرَاكَ**»، گومانی تیانیە سۆفی ڕاستەقینە، تەنها بەڕادەی چرکەیێک، وەیان چاوتروکانێک، خوای لەیادناچێتەوە خوا گوم ناکات، کەواتە بێگومان پلەی «**ئیحسان**» یەکێکە لەپلەی سۆفییەکان، ئەبێ لێرەدا مەبەستێک ڕوون کەینەوە، ئەویش ئەوەتە، کاتێ کەئێمە ئەڵێین سۆفی، مەبەستمان دەستەیێکی تایبەت، لە پەیڕەوانی تەریقەتەکان نیە، بەڵکو مەبەستمان ئەو وشە بەربڵاوەیە کەهەموی ئەو خواپەرستانە ئەگرێتەوە، کە خواپەرستیەکەیان لە شێوەی پەیڕەوی کردن لە «**ظاهیری شەرع**» تێپەڕێ وەئەگاتە پلەی پەیڕەوی کردن لەشەریعەتی ئیسلامی بەنهێنی و ئاشکرا، بەدەرو دەروون، وەرێگەی «**تەقوا**» واتە پارێزکاری وەتەزکیەی نەفس ئەگرنەبەر، ئیتر ئەوکەسە، قادرییە یان نەقشبەندی، یان پەیڕەوی هەر ڕێڕەوێکی تری تەسەووف. هەریەکێکن، تەنانەت ئەگەر هەر لەبەینی خۆیو خوای خۆیشیا ڕێگەی خواناسی و خوادۆزی گرتبێتەبەر. جا لەپێشا وتمان، تەسەووف بریتییە لەپەیڕەوی کردنی ئاشکراونهێنی لە «**شەرع**». بەڵام بەپێی ڕێگەی تایبەتی تەسووف، جائێستە لێرەدا باسی ئەورێگە تایبەتەتان بۆئەکەین، بێگومان بۆهەر «**فەنو**» زانیارییێک، وەستاو مامۆستای خۆی هەیە، وەبۆ هەر ڕێگاییێک ڕێبەرو ڕێنومای شارەزای خۆی هەیە. بۆنمونە، ئەوەتا بۆخوێندنی ئەم ڕۆژگارەمان قوتابخانەو مامۆستا هەیە، وەتا ئەگەیتە سەرلوتکەی زانیاری، داب و ڕەوش و شێوەی تایبەتی خوێندن و دەرس وتنەوە هەیە. تەنانەت، چەندین ڕەوشی جیاوازی فێرکردن و خوێندن، لەوڵاتانی جیهاندا بووەتە باو، کەواتە زانیاری تەسەووفیش کەزانیارییێکی زۆرگرنگ و سەختە، خۆناکرێ، خوازیارانی، هەروا لەخۆوە دەستی پێ بکەن، تەنانەت بۆ پەیڕەوی کردن لە «**ظاهیری شەرع**»، بۆ مرۆڤی خوێنەواریش، لەگەڵ بوونی قورئان و ئەو هەموو کتێب و سەرچاوەیەدا کەهەیە، هێمان

مرۆڤ هەرپێویستی بەماموستاو بەخوێندن وبەپرسینە، وە باورمەکە کەسێك بتوانێ بە بێ مامۆستا شارەزایی لە «**قەواعیدی عەرەبی**». **یان** «**فیقهی**» ئیسلامی پەیدا کات، جا ئەگەر ئەم زانیاری‌یە، زانیاری دەروونی وەئازمونی بێت، چۆن بەبێ ماموستا، یان بەبێ پەیرەوی‌کردن لەرەوش وڕێبازێکی دیاری‌کراو ئەکرێ ببینە شارەزاو بسپۆڕ وەچۆن سەری لێ‌دەرکەین وەچۆنی لێ‌تێ‌بگەین، ؟

جا ئەبێ بزانین کە ڕێ‌ڕەوی تەسەوفیش لەم «**قاعیدە**»، جوێ ناکرێتەوە، وە چونکە زانیاریێکی تایبەتە ڕێڕەوێکی تایبەتیشی ئەبێ بێ، وە ئەم ڕێڕەوە خۆی زانینێکە «**عیلمێکە**» بەناوی «**زانیاری تەسەووف**» چ لەلای ماموستا وەری گریت، وە چ خۆت لەرێگەی خوێندنەوەو «**موطالەعەوە**» پی‌بشکنی، بەڵام کەگەیشتە قۆناغی ئەنجام‌دان واتە «**عەمەل**» هەرچەند کە لەرێگەی خوێندنەوەشەوە هەمویت خوێندبێتەوە بەبێ‌شارەزاو ماموستا، باورمەکە بگەیتە مراز، هەروەکو سەبارەت، بەهەمو زانیاریێکی‌تر هەروایە، ئایا دوکتورێك لەرێگەی کتێب خوێندنەوە ئەبێتە دوکتور؟ هەرچەن ئەگەر لەسەر کاغەز تاقی‌کریتەوە «**امتحانی**» کەیت، وەزۆر باش وەڵام بداتەوە، بەڵام، نە بەبێ‌ماموستا لەوهەموە دەرسەئەگات‌و شارەزا ئەبێت وە نە بەبێ تاقی‌کردنەوەش ئەتوانێ لەهەمو رەوشێکی پزشکی سەردەرکات‌و شارەزابێت. کەواتە زانیاریی تەسەووفیش چونکە زانیاریێکی تایبەتە، بەتایبەت کەزانینو کردەوەیە، واتە «**عیلموعەمەل**»، ئەگەر بتەوێ لێی تێ‌بگەیت، ئەبێ قۆڵی بۆهەڵ‌کەیت‌و چاکی بۆبکەی بەلاداو کەلوپەل‌و پی‌ویستیەکانی بڕینی ئەوڕێگایە ئامادەکەیت، وە شارەزاو ڕێ‌نومای باش وەدەس‌خەیت، وەماموستای پسپۆر پەیداکەیت، تابتوانی بگەیتە، مەلبەندی پێویست، وە هەوارگەی دڵانی ڕێگەی خواناسیی، وە بەئاوات بگەیت، کەواتە تەسەووفی ئیسلامیی «**پەیرەوی‌کردنە لەرێگەو ڕەوشی تایبەتی تەسەووف**».

بەڵام ئایا ئەگەر ماموستاو ڕێبەرت دەس‌نەکەوت ئەبێ دەس‌هەڵ‌گریت لەئاواتی گەیشتن بەمەڵبەندی ڕەزای خوا، وە خەڵاتی یەقین؟؟

ئایا ئەکرێ ئەو قەلو داڵانە بکەیتە ماموستاو ڕێبەری ڕێگەی خۆشبەختی؟ ئەو قەلوداڵانەی کە لەم ڕۆژگارەدا لەقەلوداڵ زۆرترن.

ئایا ئەکرێ کوێر بکەیتە شارەزای خۆت، لەم ڕێگە سەخت وپڕ لەمەترسیەدا؟

ئایا نەخوێندوار کراوەتە مامۆستای دەرس‌وتنەوە ؟ بێ‌گومان نەکراوەو ناش‌کرێ، **«هەرچەند بڕیاروایە لە بەشەکانی داهاتودا سەبارەت بەناسینی، وەلی، وە مورشیدی تەواو باس‌بکەم، بەڵام لێرەدا چونکە مەبەستەکە پێویستی هەیە، بەڕوون‌کردنەوە ئەڵێم»** باش‌ترین هۆی تاقی‌کردنەوەی «**مورشید**»واتە مامۆستای تەسەووف، بریتی‌یە لەوەی سەرنج بدەی بزانیت ئایا ئەو مورشیدە خۆی موبەمو پەیڕەوی ئەکات لە شەریعەتی ئیسلام ؟ ئایا ئەو مورشیدە شارەزایی تەواوی لە شەریعەت‌هەیە ؟ ئەمە دوو ئازمونی سەرەتایی‌یە، چونکە کەسێ کە خۆی «**گومرا**» وە «**ویل**» بێت، چۆن من بکەومە شوێنی کە ڕێگام‌پیشان‌بدات ؟ وە کەسێ کەخۆی لە بنجوبناوانی ئایین ناشارەزابێت، چۆن من شارەزا بکات لەئایین ؟

خوای‌گەورە سەبارەت بەم‌جۆرە کەسانە ئەفەرمێ **«أَتَأْمُرُونَ النَّاسَ بِالْبِرِّ وَتَنسَوْنَ أَنفُسَكُمْ»** ؟ ئایا ئێوە فەرمانی چاکە کردن ئەدەن بەخەڵك وە خۆتان لەبیر ئەچێتەوە ؟ یان ئەفەرمێ، **«يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَالَا تَفْعَلُونَ ؟ كَبُرَ مَقْتًا عِندَ اللَّهِ أَن تَقُولُوا مَالَا تَفْعَلُونَ»** .

واتە، ئەی کەسانێك کە باوەڕتان بەخوا هەیە بۆچی دەستوری شتێك ئەدەن بەمەردوم کەخۆتان ئەنجامی نادەن ، «**شتێ ئەڵێن کەنایکەن**» نازانن ئەوە گوناهێکی زۆر گەورەیە شتێك بڵێن بەخەڵك کە خۆتان ئەنجامی نادەن .

جا بێگومان شتی‌وا هەیە، بۆیە خوای گەورە فەرمویەتی ، کەواتە ئەبێ مرۆڤ سەیری کردەوەی ئەوکەسانە بکات، کەناوێکیان لەخۆیان ناوەو خۆیان بەپیاوی خوا ئەدەنە قەڵەم وە بەرگ وپۆشاك وشوێن‌و جێگایێکیان بۆخۆیان تەرخان‌کردوە، ئەگەر گوفتارو کرداریان یەك‌بو وە لەڕێ‌ڕەوی شەرع وەتەقوا لایان نەدا، وەموبەمو پەیڕەوی سونەتی پەیامبەربون، وە بەتەواوی لەڕێگەی شەرع شارەزابون، ئەوە ئەتوانن بڵێن مورشیدن وەپێشەوان، ئەگینا خۆتان لەوان چاکترن **«مَا اتَّخَذَ اللَّهُ وَلِيًّا جَاهِلًا»** .

واتە خوای‌گەورە مرۆڤی نەزان‌و نەخوێنەوار، ناکاتە وەلی خۆی، ئەمەش وەنەبێ بۆئەوەبێ، کە نەخوێنەوار، نابێتە وەلی «**نا**»، بەڵکو بۆئەوەیە، ئەگەر ڕاست گەیشتبێتە پایەی «**ویلایەت**»، **خواخۆی شارەزای ئەکات** .

«وَاتَّقُوا اللَّهَ وَيُعَلِّمُكُمُ اللَّهُ» ئێوە ڕێگەی پارێزکاری بگرنەبەر، خوا خۆی فێرتان ئەکات، یان خوا خۆی مامۆستایی‌تان ئەکات .

کەواتە هەرئەمئایەتە، وەڵامدەرەوەی بەشەکەی تری باسەکەمانە، جا کەواتە، وا داماننا، کەسێك، خوازیاری ڕێگەی تەسەووف بو، وە هەرچی گەڕا، وە کۆلکە شێخو کۆلکەوەلی تاقیکردەوە، هیچی لەو تاقیکردنەوەدا پەسەند نەبو، ئەوساکە چی بکات، ؟ لێرەدایە هەمدیسان پەنا ئەبەینەوە بەر قورئانی پیرۆز «واتقوا الله وَيُعَلِّمُكُمُ الله» ئەوساکە بەپێی ئەوەی کەلەشەرعا هاتوە، خواپەرستی بکات، وەڕێگەی تەقوا بگرێتەبەر، وە بەوچەشنەی کە لەڕێڕەوی تەسەووفدا هاتوە دەس بکاتە «ذکر» واتە ناوی خوابردنو یادی خواکردن، بێگومان خواخۆی ئەوبەندەیە وێڵ ناکات، وەخوا لەهەمو دڵسوزێ دڵسوزترە وە «اَرْحَمُ الراحِمين»، خاوەنی بەزەیی‌یەو میهرەبان، وە ڕێپیشاندەر هەر خۆیەتی، واتە «هادی»، وە بێگومان ئەیخاتە سەری ڕێگای ڕاست،

ئەو بەندەیەی کە بەدڵ بڵێ «اِيّاكَ نَعْبُدُ واِيّاكَ نَسْتَعين، اِهْدِنا الصِّراطَ المُسْتَقيم» واتە ئێمە تۆئەپەرستین وە پەناو پشتیوانمان هەرتۆی دە تۆیش بمانخەرە سەر ڕێگەی ڕاست، لات وانەبێ خوایگەورە ئەوبەندەیە ناخاتە سەری ڕێگای ڕاست، وە ڕێبەرو شارەزاییکی بۆ نانێرێت، بەڵام ئەمە بەبێ تێکۆشانی زۆر، وەبەبێ لەخۆبوردن ناکرێت، وە ئەو لەخۆبوردنو تێکۆشانەش، هەمان پەیڕەوی کردنە لە ڕێڕەوی تەسەووف، کە بە تێکۆشانو خەبات «جیهاد» لەگەڵ نەفسا بەدەس دێت، وە خوای گەورە لێرەشا جارێکی کەش دڵخوشی ئەو بەندەیە ئەداتەوە، کە ڕێگەی ڕاستەقینەی خواپەرستی، وە تەقوا، وە جیهاد، واتە خەبات لەگەڵ هەستی نارەوای دەرونیا ئەکات وە ئەفەرمێ، «وَالَّذينَ جاهَدوا فينا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنا» واتە ئەوەی بۆگەیشتن بەئێمە خەبات بکات ئێمە خۆمان ئەبینە ڕەهنماو ڕێپیشاندەری بۆسەری ڕێگای ڕاست، ئەوڕێگایەی کەخواخۆی لای چاکە.

موژدەیێکی گرنگی‌تر بۆ تێکۆشەرانی ڕێگەی خوا دۆستی و خوا دۆزی، ئەوەتە کە خوایگەورە بەپەیامبەری خۆشەویست ئەفەرمێ، کەئەفەرمێ «قُلْ اِنْ كُنْتُمْ تُحِبّونَ اللهَ فَاتَّبِعوني يُحْبِبْكُمُ اللهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنوبَكُمْ وَاللهُ غَفورٌ رَحيم».

خوا ئەفەرمێ «ئەی محمد، بڵێ بەو خەڵکە. ئەگەر ڕاست ئێوە خواتان خۆش ئەوێت، وەرن پەیڕەوی لە من بکەن، ئەگەر وا بکەن وا خوایش ئێوەی خۆش ئەوێت، ولەگوناهیشتان خۆش ئەبێت، چونکە خوا بەخشندەیەو میهرەبان».

هەروەها خوایگەورە ئەوموژدەیە داوە بەو بەندانەی کە یادی ئەوئەکەنو ناوی خوا ئەبەن، کە ئەفەرمێ «**فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ**»، **واتە ئێوە یادی من بکەنو ناوی من بەرن، منیش ناوی ئێوە ئەبەمو ئەکەونەوە یادم، بێگومان خوایگەورە** کەسی لەیاد ناچێت، بەڵام مەبەست لەوەیە مرۆڤ کە لەخۆشەویستیدا ناوی خوا دێرێت وە بۆ نزیك بونەوە لەخوایە کە ناوی خوا ئەبات، خوایش بەوجۆرە یادی ئەو بەندەیە ئەکات ناوی ئەبات، واتە «**بەخۆشویستن**» .

لە حەدیثی قودسیدا خوا ئەفەرمێ «**أَنَا جَلِيسُ مَنْ ذَكَرَنِي**»، واتە من ئەبمە هاونشینی ئەوکەسەی کە یادم ئەکات ، بێگومان بەردەوامبون لەسەر خواپەرەستی، بەرادەیێکی زۆرتر لە ئەنجامدانی فەرزەکان، ئەویش هەر ئەبێتە هۆی نزیكبونەوە لەخوای گەورە .

ئەویش هەر لە حەدیثێکی قودسیدا پەیامبەری خۆشەویست «**درودی خوای لەسەرە** لە زوانی خوای گەورەوە ئەفەرمێ «**لايَزالُ عبدي يَتَقَرَّبُ إِلَيَّ بالنَّوافِلِ، حتّى احبَّهُ فاذا أَحْبَبْتُهُ كُنْتُ سَمْعَهُ الّذي يَسْمَعُ بِه وبَصَرَهُ الّذي يُبْصِرُ بِه، وَيَده الّتي يَبْطِشُ بها..**»

واتە بەندەی من ئەتوانێ بە بەردەوام بون لەسەر نوێژی «**نەوافل**» ، واتە شەونوێژ وە نوێژی زیادە لەفەرز ، ئەوەندە نزیك بێتەوە لێم ، تا وایلێدێت کە خۆشمبوێت ، جا کە خۆشمویست منئەبمە هۆی بیستنێ کە پێی ئەبیستێت ، وەهۆی دبتنێ کە پێی ئەبینێت ، وە ئەو دەستەی کە کاری پێئەکات....

مەبەست ئەوەتە ڕێگای خۆنزیككردنەوە لە خوای گەورە ، خوا خۆی پیشانی داوین ، هەروەکو ئەو ڕێگایانەی کە باسیان کردن وەهەروەها وەکو ئەوەی کە ئەفەرمێ بە پەیامبەریگەورە ، «**واسْجُدْ وَاقْتَرِبْ**» واتە کورنوشبەرە بۆ خوا ، وە لەوڕێگەوە لەخوا نزیك بەرەوە ، بێگومان ئەمفەرمانە هەموی موسوڵمانان ئەگرێتەوە ، وە مەبەست لەو کورنوشبردنەش ، تەنها کورنوش ، واتە «**سَجْدە**» نیە ، بەڵکو مەبەست ، پەرەستشە بە هەموجۆرێك . بەتایبەت بە «**نەوافیل**» زیادەنوێژ ، جا لێرەدا زۆرباشی دەرکەوت کە پەرەستش ، وە تەقوا ، وە (**جیهاد**) واتە خەبات لە دژی هەمو پێناسێکی ناپەسەندی دەرون ، هەمویان ئەبنە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ لەخوا نزیك بێتەوە وە خوای خۆش بوێتو خوایش ئەوی خۆش بوێت و لە گوناهی خۆشبێت وببێتە ڕێگاپیشاندەری لەو خەباتەیا کەئەیکات بۆ

گەیشتن بەخوا ، هەروەها ئەبێ بەندەی خوازیاری خواناسی‌ی ، داوابکات لە خوای‌گەورە ، بۆ ئەوەی کە بیخاتە سەر ڕێگەو ، سەری لێ نەشێوێت‌و وێل‌نەبێ ، بێ‌گومان خوای‌گەورە داواکردنی «دوعای» بەندەی پاکو خاوێنی خۆی وەرئەگرێ ، چونکە خۆی ئەفەرمێ «ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ» ، واتە لێم بپاڕێنەوە من لێ‌تان وەرئەگرم ، جا ئەوبەندەیەی کە لەو نوێژو پەرستش وشەونوێژانەدا ، کە هەموجارێ لە خوا ئەپاڕێتەوەو ئەڵێ «اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ» ، بێ‌گومان خوا هەر ئەیخاتە سەر ڕێگای‌ڕاست ، چ لەم‌دنیا وچ لەودنیا ، سا هەرچۆن خۆی بەچاکی بزانێت . «رَبَّنَا عَلَيْكَ تَوَكَّلْنَا وَإِلَيْكَ أَنَبْنَا» جا ئەوکەسەی کە پشتی‌بەخوابەست وەداوای ڕێ‌پیشان‌دانی لەخواکرد ، خوایش ، هەروەکو کە خۆی بەڵێنی داوە ئەوکەسە ئەخاتەسەر ڕێگە .

وە هەر سەبارەت بەو جۆرە ڕێ پیشان‌دراوانەیە کە لەزوانی ئەوانەوە خوا ئەفەرمێ لەرۆژی قیامەتا لەسوپاسی ئەو نیعمەتەدا ئەڵێن . «الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي هَدَانَا لِهَذَا ، وَمَا كُنَّا لِنَهْتَدِيَ لَوْلَا أَنْ هَدَانَا اللَّهُ ...» ، واتە سوپاس بۆئەوخوایەی کە ئێمەی خستەسەری ئەم‌ڕێگاچاکەی کە ئەم‌هەمویاداشەمان پێ‌گەیشتوە ، وە ئەگەر خواخۆی ئەوڕێگایەی پیشان نەدایێن ، خۆمان نەمان ئەتوانی بکەوینە سەری ئەو ڕێگایە .

جابۆیە ئەبێ مرۆڤ هەمیشە ئاگای لە خۆی‌بێت ، چونکە هەرچەندە کەوتبێتیشە سەر ڕێگای‌ڕاست ، بەڵام ئەگەر هۆشیار نەبێت وەچاوی لەبەرپێی خۆی‌نەبێت ، هەرساتێك بۆی هەیە ، پێی هەڵ‌خلیسکێ وە هەڵ‌دێرێت وە ملی‌بشکێت ، جا هەر ئەوەتە کە لەقورئانا لەزوانی ئەوبەندە ڕاست ڕەوانەوە ، کەچاوی «بەصیرەت» یان ڕون بوەتەوە ، وە دڵیان بەنوری خوا ڕوناکە ، وە لەخوا ئەپاڕێنەوە«ئەفەرمێ «رَبَّنَا لَا تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا ، وَهَبْ لَنَا مِنْ لَدُنْكَ رَحْمَةً إِنَّكَ أَنْتَ الْوَهَّابُ» خوایا ، دڵمان لەڕێ‌لامەدە ، پاش‌ئەوەی کە خۆت ڕێگات پیشان‌داوین ، وە لەلایەنی خۆتەوە چاکەمان پێ‌ببەخشە چونکە هەرتۆ بەخشەندەیت .

بەم‌جۆرە بۆمان دەرئەکەوێت کە سەرەتای ڕێ‌ڕەوی تەسەووف ، ئەکرێ بەهۆی ڕێبەرایەتی‌و ماموستایەتی شارەزایان‌و ڕێڕەوانی ئەو ڕێگایەوە دەست‌پێ‌بکەیت ، وەئەگەر شارەزای باشت دەس‌نەکەوت ، ئەکرێت بەپێی دەستورو فەرمانی خوای گەورە وە پەیڕەوی کردن لە ڕێ‌نموی قورئان وسونەت ، کە بریتی‌یە لە «تەقوا» لە «مجاهدە» لە «ذیکر» لە نوێژی سونەتو زیاد لە فەرض واتە «نوافل»

وە پاڕانەوەو داواکردنی «هیدایەت» لە خوای گەورە ، دەست پێ بکەیت بەڵکو خوا خۆی بیبێتە ڕێ نمون و ڕێ پیشاندەرمان بۆ ناوی جیهانی خواناسی و خوادۆسی .

لێرەدا بەپێویستم زانی دەستی بکێشم بۆلای مەبەستی شەونوێژ ، خوای گەورە بۆ ڕەزامەندی دەربڕین سەبارەت بەو بەندانەی خۆی کە شەونوێژ «تهجد» ئەکەن ئەفەرمێ :

«تَتَجَافَى جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضَاجِعِ يَدْعُونَ رَبَّهُمْ خَوْفًا وَطَمَعًا وَمِمَّا رَزَقْنَاهُمْ يُنفِقُونَ» خوای گەورە پاش ڕەزامەندی دەربڕین لە کڕنوش بەران ونوێژکەران ، پاشان ئەفەرمێ ، ئەو بەندانەی من تەنشتیان بێزارەو بەرزئەبێتەوە لە پاڵ کەوتن ودرێژرا کشان لەناوی جێگەی نوستنا، واتە لەناوی نوێنو لێفەودۆشەکا ، بەڵکو هەڵئەستنەوە سەرپێ وە دەس ئەکەنە نوێژکردن وە پەرستش ، هەم لەترسا وەهەم بۆئومید ، واتە «هەم لەترسی خوادا وەهەم بەئومید وە چاوەڕوانی پاداش لە بەخشندەیی و میهرەبانی خوا »، وە لەو سامانەیش کە بەشیان داون ئەوانیش بەشی خەڵکی لێ ئەدەن و ئەیبەخشن» .

بەڵێ ئەمانە برێ لەو ڕێگایانەن ، ئەگەر بەندەی موسوڵمان بیانگرێتە بەر ، ئەو بەندەیە ئەگەیێنە خوای گەورە ، لەپاشان خوایش خۆی ، سا ، یان ڕاستەوخۆ بەنوری «هیدایەت» سەربەرزیان ئەکات ، یان ، ئەیان داتە دەستی بەندەیێکی شارەزاو پاکوچاکی خۆی ، کە مامۆستایی یان بکات .

ڕێگەی دوهەمی بەخواگەیشتن لەڕێ ڕەوی تەسەوفەوە ، بریتی یە لەوەی کەڕێبواری ئەم ڕێگایە ، دەستەو داوێنی شارەزایێکو مامۆستایێك بێت ، لەشێوازی تەسەوفدا ، بەم مامۆستایە ئەوترێ ، «مورشید» یان «پیر» یان «شیخ» یان «ئوستاد» یان «ڕێبەر» یان «دەلیل» کە هەمویشی هەر یەك شتە ، وە هەر بۆیەك واتایە ، ئەویش بە مامۆستایێکی شارەزا ئەوترێ کە ببێتە ڕێ نمون وەڕێ پیشاندەری ڕێبواری تازەکار ، کە ئەویش پێی ئەوترێ «سالیك» یان «مورید» وە (صوفی) و (دەرویش) ئەوانیش ، بۆ ئەم واتایە هەر بەکار ئەبرێن ، هەرچەن بە واتای تریش هاتون ، هەروەکو کە پیر وە شیخ وە ئوستادیش واتای تریان هەیە .

لێرەدا مەبەستمان لێکۆڵینەوەیە لەوەی بزانین لەڕێگەی ڕێبەرو مورشیدەوە چۆن ئەتوانین بگەین بەخوا ، واتە بە «عین الیقین» یان «حق الیقین» ، لەپێشا باتۆزێ سەبارەت بە چۆنیەتی ئەم مورشیدە باس بکەین ، تابزانین بەکێ ئەوترێ مورشید ،

وەسپاردەی ئەم مورشیدە چی‌یە ، وە مورشیدو نامورشید چۆن لەیەك جیا کەینەوە ، بۆئەوەی تەمەنی خۆمان بە خۆڕایی لەدەس نەدەین ، یان خوانەخواسە تەنانەت ئیمان و باوەڕیشمان لەدەس دەرچێت .

هەروەکو لەپێشا هەروا لەبڕی پێشامەدا باسمان کرد :

یەکەم : سەنگی «مەحەك» وەدەزگای تاقی‌کردنەوەی «**مورشیدی کـــــامیل**» وە (**ڕێبەری شارەزا**) ئەوەتە ، ئەبێ هەڵسونیشتی ئەو مورشیدە مویەمـــــو لەگەڵ کردارو سونتەتی پێغەمبەری گەورەدا ڕێك‌بێت ، وەمـــــــــوویێك لانەدات ، وە بەهەمو مانا موسوڵمانێکی تەواو بێت .

دووهەم : ئەوەتە تارادەی پێویست لە ڕێڕەوی ئاین شارەزابێت ، واتە عەوام نەبێت ، بەڵکو شارەزای ڕێگەی شەرع بێت ، چونکە هەروەکو وتمان «**تەریقەت ڕۆحو جەوهەرو کاکڵەی شەریعەتە**» جا کەسێك کە شارەزای شەریعەت نەبو ، لە کاکڵەکەی چۆن تێ‌بگات ؟

سێهەم : شارەزای ڕێگەی تەریقەت بێت ، واتە هیچ‌نەبێ لە شتە ئاشکراو ڕەواڵەتیەکانی تەریقەت ئاگاداربێت .

چوارەم : مورشید بەکەسێ ئەوترێ کە ئەویش لەلایەن مورشیدێکی شارەزاو پێ‌گەیشتوەوە روخسەتی پێ‌درابێت ، هەروەکو هەڵقەی زەنجیر ، یەك بەسرابێت بەیەکەوە ، تائەگاتە ، سەرەوەری جیهان ، حەزرەتی «**محمد**» علیه الصلاة والسلام .

پێنجەم : مورشید ئەبێ خۆی دەرونی ڕووناك بوبێتەوە ، واتە «منور» بێت بەنوری «**حق الیقین**» ، وە بە پایەی «**بەقای‌پاش‌فەنا**» واتە «**هەستی‌ی پاش نیستی‌ی**» گەیشتبێت ؛ «**لەپاشان کاتێ کەباسی پایەکانمان‌کرد باسی ئەم پایەیە ئەکەین**» .

شەشەم : مورشید ئەبێ دوکتۆرو ماموستای دڵ‌بێت ، واتە مورید وە ڕێبواری ڕێگەی تەسەووف ، خۆی هەست بەو دوکتوری‌یە بکات ، وە بۆی دەرکەوێت کەوا ئەوشێخەی دەسکاری‌ی دەرونی ئەکات ، وە لەپرتەوی نورو بەرەکەتی ئەوشیخەی بەرخوردارو بەهرەمەند بێت . وە بەخۆی بزانێت ، کەوا لە پایەیێکەوە بۆ

پایەیێك وە گەردەنەو شاخێکەوە بۆ شاخو هەوارێکی تازە ئەیبات‌و ڕێبەری‌و شارەزایی ئەکات، هەروەها لە نەخۆشی‌و دەردی سەری دەروونی ڕزگاری ئەکات‌و داودەرمانی هەمو دەردەکانی ئەزانێت واتە «**دەردی دەرون**».

ڕێبەرێك خۆی شارەزای ڕێگا نەبێت چۆن من بیکەمە ڕێبەر؟ ئایا کوێر ئەکرێتە چاوساغ؟ نەخوێنەوار ئەکرێتە ماموستا؟ ناشارەزا ئەکرێتە ڕێبەرو بەڵەد؟.

لەکتێبی «**نَعْتُ البِدایات وَتَوصیفُ النّهایات**» دا سەبارەت بە دیاری‌کردنی مورشید، زۆری باس کردوە، والێرەدا بۆنمونە توزێکی ئەنوسین.

«**الشّیخُ مَنْ علّمَكَ بِقالِه، وَانهَضَكَ بِحالِهِ، الشّیخُ مَن افَاد الطالبَ وفَتَحَ المَطالِبَ، الشّیخُ مَن كَمَلَ فی ذاته وكَمّل بصفاته، الشّیخ مَن اذا حَلَلْتَ حِماهُ وجَدْتَ به الغِنَىَ عمّا سواهُ مِنَ النّاس، الشّیخُ مَن یُفیدُكَ فی الشّهادةِ والغَیبْ ویُطهّرُ سِرّكَ بِسِرّهِ مِنَ العَیبْ**..» هتد، کەواتە زیرەو، ئەبێ هەروا خۆی نەدا بەدەستەوە وەنەکەوێتە شوێنی هەر «**مُتَشَیّخ وە مُتَصَوّفیك**» واتە «**خۆ بە شیخ زانو خۆبەصوفی زانێك**». خوا پایەیێکی بەرزی بەمرۆڤ داوە، جوانی دروس‌کردوە، ئاوەزی پی‌داوە ئاینی بۆناردوە، بەتەمای پاداشی‌کردوە، خوا خۆیو مەلائکە کان درودیان ناردوە بۆسەری پێغەمبەر وەپیاوچا کان، «**خوا ئەفەرمێ**»

لَقَدْ خَلَقْنا الانسانَ فی أَحْسَنِ تَقویم «**سورەی والتین**» ولَقد كَرّمْنا بَنِی آدَمَ وحَمَلْناهم فی البَرّ والبَحرِ وَرَزَقْناهُمْ مِنَ الطیّباتِ وَفضّلْناهُم عَلی كَثیرٍ مِمّا خَلَقْنا تَفْضیلا.
«**اسراء، ئایەتی ٧٠**»

وَسخّرَ لكمُ الشّمسَ والقمَرَ دائبین، «**سورەی ئیبراهیم**»
وسخّرَ لكمُ اللیلَ والنّهار والشّمسَ والقَمر «**سورەی النحل**»

وَسَخّرَ لكمُ مافی السّماواتِ ومافی الارضِ جمیعاً «**سورەی الجاثیه**» ئەمانە هەموی پیشان‌دەری ڕێزی ئادەمی‌زادە. بەلای خواوەجابۆمرۆڤ ڕێز لەخۆی نەگرێت وە بۆچی مرۆڤ لەخۆڕایی بێتە نوکەرو دوا کەوتوی مرۆڤێکی‌تری وەك خۆی، شایەد خۆی هەزار ئەوەندی ئەو بەلای‌خواوە چاکترو پاکتر بێت، کەواتە ئەبێ لە هەڵبژاردنی مورشید، وەپێشەوای تەریقەتا، زۆر وردبین، وەسەرنج‌دەر وەلێکۆڵەر بین، ئەگینا تەمەن وەرەنجمان بەفیرۆ ئەڕوات.

کەوابو مورشیدی تەریقەت، ئەبێ هەم ماموستا بێت وە هەم دوکتۆری دڵ هەم ڕێنما بێت هەم دڵسۆز، هەم دەرون ڕوناك بێت وەهەم دورون ناس، هەم خواناس بێت، وەهەم شارەزای ڕێگەی خواناسی ی، وە پەیڕەوی **«سونەتی محمدی»**.

موریدیش، ئەبێ کەسێ بێت وێڵی گەیشتن بە هەوارگەی یەقین، مەجنونی لەیلێی حەقیقەت بێت، وەگەردەن کەچی ڕێگەی شەریعەت، ئەبێ بەشوێنی کەسێکا بگەڕێ دەردی دەرونی دەرمان کات، وە ژەنگی دەرونی پاك کاتەوە، بەشوێنی شارەزایێکا بگەڕێت کە لەڕێگەی، پڕدرکو داڵو پڕ بەرزو نزمی، وە پڕ قەمچو پێچو پڕ مەترسی، جەردەو چەتەی ئیمانو باوەڕ، بیپارێزێت، تا ئەبگەیێنێتە هەوارگەی ئاوات، ئاواتی خواناسیو دورون پاکی، هەوارگەی **«تەزکیەی‌نەفس»**، هەوارگەی **«یاایَّتُهَا النَّفْسُ المطْمَئِنَّةُ ارْجِعِي إلى رَبِّكِ راضِيَةً مَرْضِيَّةً، فَادْخُلي في عِبادي وَادْخُلي جَنَّتي»**.

مورید بە ویستیاری ڕێگەی تەسەووف ئەوترێ، کەواتە، مورید ئەگەر بەڕاستی موریدی ئەوڕێگایە بێت، ئەبێ چاو بگێڕێ، ئەبێ لەنزیکەوە تادوور بگەڕێت تا دەستی ئەگاتە داوێنی مورشیدێکی شارەزا، بەو جۆرەی کە باسمان کرد، وە ناساندمان، جا کەدەستی گەیشتە داوێنی کەسێك کە دڵی بەلایەوە ئارامی گرت، وە مەیلو ئارەزوی خواپەرستیو خواناسی ئەوەڕۆژبەڕۆژ زیادبو، وە لەدڵو دەرونەوە هەستی بەگەرمی و بەخۆشی کرد، وە دی کەوا ئەو مورشیدە دەستکاری ی دڵی ئەکاتو دوکتوری دەرونە، جا ئەوساکەیە کە ئەبێ بەدڵو گیان، جڵەوی ویستو ئیرادەی دەرونی بداتە دەستی، وە خۆی ئامادەکات بۆپەیڕەوی‌کردن لەڕێ نومایی و ئامۆژگاری‌یەکانی، لێرەدا هوشداریێکی زۆر گرنگ هەیە ئەبێ بزانرێت **«ئەویش ئەوەتە، مورید فریوی کەشفو کەرامات نەخوات»** بەڵکو ئەبێ ڕەفتارو کرداری مورشید سەیرکات، ئەگەر ئەو ڕەفتارو کردارە سەری موویێك لەشەریعەت لای‌دا، ئەو مورشیدە **«دەس‌بڕە»**، وە بۆمورشید، تەنها نوێژو ڕۆژو بەس نیە، بەڵکو پەیڕەوی کردن لە **«سونەتی»** پەیامبەری گەورەش پێویستە، ئەگینا ئەگەر مورشید پەیڕەوی سونەت نەبو، مورشیدنیە، وە کەراماتیشی **«إستِدْراجە»** کە بە یارمەتی شەیتان دەست‌ئەدات، یان وەکو کاری **«مورتازە»** کانی هیندە، یان بڕێ جار، لەژیریو زیرەکی ئەو مورشیدە دەس‌بڕەوە ڕوئەدات، یان هی ڕێ‌کەوتە، لەهەموی کتێبەکانی تەصەووفدا، ئەوە هەیە کە بایەزیدی بەستامی خوای لێ ڕازی بێت، ئەڕوات بۆ

دیدەنی کەسێك کە ناوبانگ وابوە پیاوی خوایەو، وەلی کامیلە، وە ئیرشاد ئەکات، کە بایەزید چوە دیدەنی، جارێکیان دی ئەو مورشیدە ڕو بەقیبلە تفی دەمی فڕێدا، بایەزید گەڕایەوە، وتی، چونکە ئەمکارە پێچەوانەی سونەتبو، ئیتر من بەناوی مورشید وە وەلی نایناسم، جائەمە بۆ ئامۆژگاری یە، واتە تەنانەت تائەورادیە مورشید ئەبێ پارێزکاربێت، چونکی ئەوشتەی بۆ ئێمە مانان، بەهەڵە دائەنرێ، بۆ مورشید وە «وەلی کامیل»، بەگوناه دائەنرێ، ئەگەر وانەبو، فەرق منوئەو چییە،؟ کەواتە قسەی ناشیرین کردنو، لە قلەی پێکەنینداو لە پشتملە باسی خەڵك‌کردنو، خۆکوشتن بۆ کۆکردنەوەی ماڵوسامان، وەکردەوەی سوك وەکو خەڵکی تر، بەتایبەت خۆبەزل‌زانین وە لای ژوروی «مەجلیس» تەرخانکردن بۆ فیسارکەس، وە حەیوان سەربرین لەبەرپێی فیسار شیخ‌دا، ئەوانە هەموي، کردەوەی مورشید نین، کەواتە، ئەبێ ئەو موسوڵمانەی ئەیەوێ بڕواتە خزمەتی مورشید بۆ ئەوەی کە وەك ماموستاو دوکتورو ڕانمایێك دڵودەرونو ویستو ئیرادەی خۆیی پی‌بسپێرێت، ئەبێ هۆشی بەخۆیەوە بێت، کەرەنجی بەخۆرایی نەڕوات، وە گومڕا نەبێت، وەسەری لێ نەشێوێت. چونکە ئەم شتانە کاری «موریدە» نەك مورشید .....

بۆچی؟ چونکە مورشید، یەکێکە لەمسێ دەستەیە.

۱ — مورشیدی ڕاستەقینە :

مورشیدی واەیێ خۆشە کە ئومەتی «محمد» هەموی تەوبە بکەنو، کەم تازۆر ڕێگەی خواناسی بگرنە بەر، کەواتە قەت نالێ بەکەسێ تۆ تەوبە مەکە.

۲ — مورشیدی دەس‌بڕ :

ئەمیش لەمورشیدە ڕاستەقینەکە زیاتر پێی خۆشە خەڵکی لێ کۆبێتەوە، گۆرانی بلێ بەبالآیاو، کاورو گیسکی بۆبێرێت، وە کۆشکوتەلاری بۆ دروست کات، خەڵك، هاتو خۆی ئەوەندە بێ ئاوەزبو، ئامادەبو ئەم کابرایە بکاتە ئاغاو سەروەر بۆ خۆی، ئەم مورشیدە لە خوانەترسەش، بۆچی ئاغایەتی خۆی نەکات؟ کەواتە مورید، خۆی ئەبێ چاوی بێت، وەخۆی نەکاتە کۆیلە و بەندەی کەس. جا ئەم جۆرە مورشیدە دەس‌بڕەش، دوو دەستەن،

ا : خۆینەوارو شارەزا، هی‌وایشیان هەیە مەلاچاکیشە، ئەمانە زۆر پڕمەترسین، چونکە زۆر درەنگ ئەناسرێن، کتێبی تەسەووف ئەخوێننەوە، وەکردەوەی وایش

ناکەن بەئاسانی بناسرێن، بەڵام باشترین «مەحەك» وەترازو بۆناسینی ئەمانە، ئەوەتە بڵێیت، فەرمو ئەمە دڵی‌منو ئەوەش دوکتوری‌ی تۆ، بزانێت چۆن ئەتوانێ دەست‌کاری‌ی دەرون‌بکات.

ب : نەخوێنەوارو ناشارەزاکان. بەتایبەت ئەوانەی/کە «شیخیەتەکەیان لە باوباپیرانەوە بۆ بەجێ‌ماوە، وەکەلەپورە، ئەوانە زوو ئەناسرێن، وە مرۆڤی خواناس و خواویست وە مرۆڤی خوێنەوار، هەرگیز خۆی ناخاتە داوی ئەو جۆرە مورشیدانەوە، مەگەر ئەمیش وەکو ئەومورشیدە، بۆ بازاڕی دەس‌بڕین بگەڕێت.

دەستەی سێ‌هەم :

ئەو کەسانەن کە ناتوانن کەس بگەیێننە هەوارگەی یەقین، بەڵام خاوەن ویجدانن، وە ئەیانەوێ تەنها «ئەمر بەمعروف وە نەهی لەمنکر» بکەن. گوێگرتن بۆ ئامۆژگاری ئەوجۆرە کەسانە زۆر بەکەڵکە، بەتایبەت ئەگەر مەلا وەخوێنەوار بون، بەڵام لێرە ئەوانە پێ‌یان ناوترێ مورشیدی طەریقەت بەڵکو هەر مورشیدی «ظاهیری شەرعن» قانجازیان هەیەو زیانیان نیە، بەڵام ناتوانن دەردی ئەوکەسانە بخۆن کە وێڵن بەشوێنی تەسەووف، وە گەیشتن بەهەوارگەی «عین الیقین»، وە سەردەرهاوردن لەحەقیقەت وە کاکڵەی خواناسین، لەڕێگەی «مەعنەوی» یاتەوە.

ئەبێ ئەوەش بزانین کە هەر سێ‌چوار جۆرەکەی ئەم بابەتانە، لە وڵاتی ئێمەدا کەمترن، بەڵکو لە وڵاتە ئیسلامی‌یەکانی‌ترا، هەم مورشیدی ڕاستەقینە، وە هەم هی‌دەس‌بڕ زۆرە، وەهەم بابەتی تەسەووف وەبازاڕی خوا دۆزی و خواناسی زۆر زۆرە.

لێرەدا ترازووکێشانەیێکی‌تر هەیە بۆ هەڵسەنگاندنو ناسینی هەر سێ‌چوار جۆرە مورشیدەکان، کە قورئانی پیرۆزو سوننەتی پەیامبەری گەورە بۆئێمەی موسوڵمان‌یان داناوە، کە لەڕێگەی ئەو بەراوردانەوە، ڕاستو درۆمان بۆ دەر ئەکەوێت.

ئەوەی بۆهەموومان ڕونو ئاشکرایە، ئینسان خۆی لەهەموکەسێ خۆشتر ئەوێت، لەپاشان نەتەوەو ڕۆڵەی خۆی، باوکو دایك، براو برازا، مامو‌خاڵو پورو ئامۆزاو خاڵۆزاو پورزا، هۆزو عەشیرەت..... هتد. هەر لەسەر ئەم چۆنیەتەش، مرۆڤ ئەکۆشێت کە شتی‌باش، لەپێشا بۆخۆی، وە هەروەکو باس‌کرا، ماڵ‌و‌منداڵ...

هتد... بەدەس بێرێت، وە خۆیو ماڵو خێزانیشی هەر لەسەر ئەم ڕەوشە بپارێزێت، لە خراپەو دەردو کۆسپ.

کەوابو بۆناسینی هەرکام لەو جۆرە مورشیدانە، ئەبێ مرۆڤی ویستیاری ڕێڕەوی تەسەووف، لەم هەڵسەنگاندنە کەڵك وەرگرێت، چۆن...؟.

واتە سەیر بکات بزانێت ئەو مورشیدە، یان ئەو ئامۆژگاری کەرە، خۆی تاچ ڕادەیێك پەیڕەوی لەو ئامۆژگاری‌یانەی خۆی ئەکات، لەپاشان تا چ ڕادەیێك بەسەری ماڵو خێزانو منداڵو خزمی خۆیا، بەکاری دێرێت؛ !!

دیارە فەرمان دان بەچاکە کردن وەخرابە نەکردن، شتێکی باشە، بەلاّم وێژەری ئەو فەرمانەواتە ئەو فەرمان دەرە ئەگەر خۆی باوەڕی بە وتەکەی خۆی هەبێت، بێ‌گومان لەپێشا خۆی هەوڵو تەقەلای بۆئەدات، لەپاشان بۆماڵو خێزانی هەتا دورترو دورتر، وە ئەگەر خۆی ئەو دەستورەی ئەنجام نەداهوا دەرئەکەوێ کە باوەڕی پێ نیە، وە تۆیش نابێ بەو بخەڵەتێی، سەبارەت بەم کردەوەیە، خوای‌گەورە ئەفەرمێت «**یا ایها الذین آمنوا لِمَ تقولونَ مالا تفعلون،؟ کَبُرَ مقتاً عِندَ اللهِ أنْ تقولوا مالا تفعلون**:» سورەی «**صف**» ئایەتی (دو).

واتە ئەی موسوڵمانانی خاوەن باوەڕ، بۆچی بەدەم، شتێك ئەڵێن کە بەکردەوە پەیڕەوی لێوە ناکەن، مەگەر نازانن بەلای خواوە زۆر شتێکی ناپەسەندو ناشیرینە، بەدەم شتێك بڵێن؛ بەکردەوە پەیڕەوی لێ‌نەکەن؟.

دوبارە هەر سەبارەت بە فەرمان‌دان بەکردەوەی چاکە بەخەڵك، وە پەیڕەوی لێ‌نەکردنی، خوای‌گەورە ئەفەرمێ «**أتأمرون الناس بالبر وتنسون انفسکم**؟».

خوا لۆمەو سەرزەنشی ئەوجۆرە کەسانە ئەکات وە ئەفەرمێ: «**جا ئەوە کارە!! ئێوە دەستوری چاکە ئەدەن بەخەڵك، کەچی خۆتان‌تان لەبیر ئەچێتەوە؟**» کەواتە هەرچەن فەرمان‌دان بەچاکە کردنو بەخرابە نەکردن شتێکی‌باشە، بەلاّم بۆ ئەوکەسانە باشتروایە لەپێشا لۆمەی خۆیان بکەن، وە خۆیان دروس کەن، ئەگینە کەڵکی‌چی‌یە، من خانوی وێرانی خۆم دەس لێ‌هەڵگرم، وە خانوی خەڵك چاك کەمەوە.

لەپاشان هەر لەڕوانگەی قورئانەوە، سەیرێکی خزمو کەسوکاریش بکەین خوای گەورە ئەفەرمێ «**یا أیها الذینَ آمنوا، قوا أنفسَکُمْ وَأهلیکُمْ ناراً وَقودُها النا والحِجارَةُ**...» واتە ئەی موسوڵمانانی خاوەن باوەڕ، خۆتانو ماڵو منالّتان وەنزیکانی

خۆتان، بپارێزن لە ئاگری جەهەننەم، ئەو ئاگرەی کە سوتەمەنیەکەی خەڵکەو بەردە..

هتد» لێرەدا دەرکەوت، کە سپاردەی هەمو موسوڵمانێکی خاوەن ئاوەزە، لەپێشا خۆی بپارێزێت، لەپاشان خێزانو کەسوکاری، ئەمپارێزەش بەچی ئەکرێت؟. بە خواپەرستی راستەقینە، هەروەها خوایگەورە لەسورەی «شعراء» ئایەی (٢١٤) دا بە پێغەمبەری گەورە درودی خوای لەسەر، ئەفەرمیٚ، «وَأَنذِرْ عَشِيرَتَكَ الأَقْرَبِينَ» واتە خزمە نزیکەکانت بترسێنەو ئاگاداریان کەرەوە.

وە باسی کوڕی «نوح» وە ژنی «لوط» درودی خوا لەسەری هەردوکیان، نمونەیێکی گەورەن کە خوا لەکەس خۆش نابێ بەهۆی خزمایەتیەوە، ئەگەر ئەوکەسە چەوتە، دایە لانی بیعاریو چەوتیو خواریی.

جا هەرچەند مەبەستی ڕەحم وە عاطیفە هەیە، وەکو باسی کوڕی نوح، کە لەخوا پارایەوە بۆی، وە خۆی نەگرت، بەلاّم خوا لۆمەی کرد، خوا فەرموی «إِنَّهُ عَمَلٌ غَيْرُ صَالِحٍ» واتە: نا، ئەوە کردەوەیێکی باش نیە، (مفسر)ەکان، ئەڵێن خوا فەرمویەتی بەنوح، ئەم کارەت کارێکی باش نیە، برێکیشیان ئەڵێن فەرمویەتی کردەوەی کوڕەکەت چاك نیە، هەروەها سەبارەت بەباوکی حەزرەتی ئیبراهیم.

بەکورتی مەبەست ئەوەیە، بۆ ناسینی مورشید، یان ئامۆژگاریکەر، ئەبێ سەیرکەیت بزانیت ئەوەی دەستوری ئەدات بەتۆ بەسەری خۆیو ماڵو خێزانو خزمانو نزیکانیشیا دەستوری ئەدات، یان نا، ئەگەر وای نەکرد، ئەوە متمانەی پێ ناکرێت.

بێگومان هەموتان سەرگوزەشتی حەزرەتی عومەر، خوای لیٚ ڕازی بێت ئەزانن، کەدەستوری دا داری حەدیان دا لەکوڕەکەی، وە لەژێری ئەو لێدانەدا مرد، یەك دوجار عەرزیان کرد حاڵی کوڕەکەت پەرێشانە، بەسیەتی باتەواوی نەکەین، فەرموی ئەمە دەستوری خودایە و عومەر ناتوانێ خۆی دەستورێك بدات، بەپێچەوانەی فەرمانی خودا، لەئاکاما کوڕەکەی لەژێری داری «حەدد» مرد، وە حەزرەتی عومەر چویە لایسەری وە فەرموی، ڕۆڵە، کە ئەڕۆیتە حوزوری خوا، بڵێ وا عومەر فەرمانی ئێوەی ئەنجامدا. جائەوەتە باوەری تەواو وە «حق اليقين».

«لێرەدا بە پێویستم زانی مەبەستێك روون کەمەوە، ئەویش ئەوەتە، من لێرەدا بەناوی ئامۆژگاری کارێك، ئەمباسە نانوسم، بەڵکو بەناوی نوسەر، ئەینوسم، چونکە من لەڕوانگەی

تەسەووف وخواپەرستیەوە، بیزم لەخۆم دێتەوە، وەهەرگیز خۆم بەشایستەی ئامۆژگاری کردن نازانم، وە خۆم زۆرپێویستم بەئامۆژگاری هەیە، بەڵام بەناوی نوسەرێك، ئەڵێم ڕێ‌ڕەوانی ئەمڕێگایە وایانفەرمووە، ساخوا منیش بخاتە سەر ڕێگەی ڕاست».

جا ئیستە ئەڕۆینەوە سەرباسەکەو ئەڵێین، پاش ئەم ئازمونو تاقی‌کردنەوانە، وە پاش بەدەس هێنانی مورشیدو ڕێبەری ڕاستەقینە ئەبێ چی‌بکەین؟

ئەوەی کەویستیاری پی‌گەیشتن بێت، ئەڕواتە خذمەتی ئەو خاوەن نوورە، وە هەروەکو شاگردێکی هەرپیشەوکارێك، یان هەروەکو قوتابی پۆلی یەکی سەرەتایی، یان، وەکو فەقێیەکی وێڵی زانیاری ئایین، لە ئەلفی ئەلفوبێی تەسەووفەوە دەس پی‌ئەکات، وەچاو ئەبڕێتە هەوار گەی یەقین، یەقینی خواناسیی، هەوارگەی ئاواتی دەرون وە هەنگاو بەهەنگاوویلە بەپلە، وەمەنزڵ بەمەنزڵ، ئەو ڕێگا پڕمەترسی‌یە بەیارمەتی‌و بەلوتفو ڕانمایی ئەو پیاوی خوایە ئەبڕێت، تا ئەگاتە **«منزلی‌مەقصود»**، جا ئەبێ بزانین کە ئەلفوبێی تەسەووف، لە پلەی **«تەوبەوە»** واتە پاشگەز وە پەشیمانی، وە بڕیاری دەس‌هەڵگرتن لەخرابەو، بەردەوام‌بون لەسەر چاکەوە، دەس پی‌ئەکات، تا ئەگاتە پایەی، **«بەقای پاش فەنا»** واتە **«هەستی‌ی پاش‌نیستی‌ی» «مانی پاش نەمان»**.

پاش‌ئەوەی بۆمان دەرکەوت بەکێ ئەوترێ مورشید، واتە ماموستاو ڕێ‌پیشان‌دەری ڕێ‌ڕەوی تەسەووف، ئێستە ئەڕۆینەوە سەری سەرەتای باسەکە، کەوتمان

«چۆن لەڕێگەی مورشیدەوە ئەتوانین ڕێ‌ڕەوی تەسەووف ببڕین وە بگەین بەخودا. هەروەها ئەپرسین ئایا ئەم خۆخستنە بەردەستی دوکتوری دەرونە. لەڕوانگەی ئاینەوە کارێکی شیاوو پەسەندە یام نا؟ وە ئایا ئەم مورشیدە واسیطەیە؟ سەبەبە؟ وەسیلەیە؟ چی‌یەو چی‌پی‌ئەکرێت»؟.

وەکو لەپێشاوتمان: دیارە مورشید بەموسوڵمانێکی زاناو نورانی‌و ڕوناك‌دەرون‌و شارەزاو دڵسۆزی ئاین وەدڵسۆزی موسوڵمانان ئەوترێ: بەکەسێ ئەوترێ کەخۆی بست‌بەبست ئەوڕێگایەی بڕیوەو لێی‌شارەزایە، وە لەلایێ ڕێبەرێکی شارەزای ترەوە بەمورشیدێ ناسراوە: جا ئاوا کەسێك هەرگیز خەیانەت لەموسوڵمانان ناکات: وەدیارە بەدڵودەرونێکی کراوەو ئاوەڵاوە پێشوازی ئەکات لەویستیارانی ڕێگەی

خواناسی. وه ماموستایێکه لەهەموی ماموستایان دڵسۆزتر، کەواتە ویستیاری ڕێگەی تەسەووف هەروەکو. شاگردێکی پاکو چالاکی وێڵی زانیاری، ئەڕواتە خزمەتی ئەو ڕێبەرە وە ئامادەئەبێت بۆ ئەنجامدان وبەکارهێنانی ئامۆژگاری‌یەکانی، وە لە ڕێبازی تەسەووف‌دا ووشەیێکی تایبەت بۆ ئەم خۆدانەدەستی مورشیدە هەیە، کە ئەڵێن ئەبێ وەکو «**مردوی بەردەستی مردوشۆر**»، کەهیچ چەنوچۆنێ لەدەمی دەرنایێ، ئاوا بەوجۆرە خۆی بخاتە بەردەستی مورشید «**کالمیت بین یدي الغاسل**». ئەمەش کەی ڕووئەدات؟ پاش تەوبەکردن لەسەردەستی ئەومورشیدە. وە خوێندنی یەککەم «وانە»ی تەسەووف، لەشێوازی تەسەووف‌دا بەم‌کارە ئەوترێ «**تەمەسسوك**»، واتە دەس‌گرتن بە «**سیلسیەی**»ی تەریقەتەوە، واتە دەس‌گرتن بە زەنجیرێکەوە کە هەر هەڵقەیێکی، لەپیرێك، واتە مورشیدێك پێك‌هاتوە، تائەگاتە سەری سەروەری جیهان حەزرەتی «**محمد**» درودی خودای لەسەر وە بەوەش ئەڵێن «**سیلسیلەی تەریقەت**»، واتە زەنجیرەی ڕێگای تەسەووف. ئەم تەمەسسوکە، کاری شاگردە، واتە، سوفی تازەکار، وەبەو یەکەم دەرسە ئەوترێ، «**تەلقینی تەریقەت**» کە شێخ‌خۆی، یان نوێنەرێکی‌شیخ کە پێی‌ئەوترێ «**خەلیفە**»، ئەنجامی ئەدەن، بەکورتی ئەم دەرسە، «**وانە**» سەرەتایی‌یە بریتی‌یە لە تەوبە دادان لای‌مورشیدەوە وە «**تەوبە**» کردن لای موریدەوە هەروەها تەعلیمی تەریقەت دادان وەتەعلیم وەرگرتنیشی پێ‌ئەوترێ وە تەوبەش لەکاتی باسی وشەی تەوبەدا باسی لێ‌وە ئەکەین. بەڵام تەوبە بەکورتی بریتی‌یە، لە بڕیارێکی گرنگی دەس‌هەڵگرتن لەهەمو ڕوشتێکی ناپەسەند وەدژی ئاینی ئیسلام، وبڕیاردان لەسەرئەوەی هەرگیز ئەوکەسە نەڕواتەوە سەری کردەوەی ناشیرین، وە بڕیاردان لەسەری دووری‌ی‌گرتن لە پێ‌ناسی. «**صیفاتی**». ناپەسەند، وە هەوڵ‌و تێکۆشانە بۆ وەرگرتنی پێ‌ناسی «**صیفاتی**» پەسەند. بەوانەش ئەوترێ «**صیفاتی**» رذیله، وە ئەوصاف «**حمیدە**» کەلەپاشان ئەوانیشتان پێ‌ئەناسێنین، وە پێ‌ناسی ناپەسەند، وەکو کینە خۆبەزل‌زانین بەخیلی هتد...

پەسەندیش بە پیچەوانەی ئەوان، ئارەزوی خۆشی‌وسەرکەوتن بۆهەموکەس، خۆبەزل‌نەزانین، بەڵکو خۆبەهیچ‌زانین، وە بەخشینی ئەوانەی ئازاریان داویت (عفو) هتد... خرابەکان حسد، حقد، غرور تکبر حُبّ إنتقام، چاکەکان وەکو عفو، تواضع، نکران‌الذات کرم، الخ.. کەلەئایندەدا تابۆمان‌بکرێت ئەیاپ‌خەینە ڕوو..

جا، شاگردی تازە تەوبەکردو، جگە تەوبەش فێری دەرسی سەرەتایی چۆنیەتی «**ذیکر**» واتە یادی خوا کردن و ناوی خوابردن، ئەکرێت، وە لەبری تەریقەتدا، وەکو نەقشبەندی‌یەکان، چۆنیەتی (**رابطە**) «**رابیتە**» واتە پەیوەندی ڕۆحی لەگەڵ ڕێبەردا، بەمورید ئەوترێت کە ئەمجۆرە زانینانە، ئەگەرهاتو باسم کرد لەبەشێکی تایبەتدا، لەژێر ناونیشانی «**چۆنیەتی بەڕێوەبردنی یاسای تەسەووف دا باسی لێوەئەکەین**. **چونکە بەوجۆرە باسەکەمان ئەبێتە دووباس**: **ئەمەی ئێستە، کە تەسەووف**» ناسینە، ئەویان ئەبێتە (**بەسوفی‌بون**»، کە هەریەکەی شتێکی جیاوازە،

بەڵێ پاش ئەوەی کە تازەشاگردی ڕێڕەوی تەسەووف. (**وانەی**) سەرەتای دەست‌پێ‌کردنی تەسەووف فێربو، ئەوساکە ئەبێتە (**مورید**)، واتە خوازیاری ڕێڕەو، بەڵام لێرەدا زۆرپێویستە وریاتان کەمەوە کە مورشیدی ڕاستودروست ئەم دەرسی سەرەتای تەریقەتە، تەنها بەوکەسانە ئەڵێت، کە لە پێشا زۆر باش لەئیمان و ئیسلام، وە لەچۆنیەتی فەرزەکان، شارەزابێت، وەبەباشی بزانێت ئەو ئیسلامەی کە ئەو شەیدای گەیشتن بەکرۆکو کاکڵەو جەوهەرەکەیەتی، چی‌یەو چی‌نیە، نەك ئەوەی، هەروەکو داگیرکاری‌ی وە خەڵك‌دابڕکردنی ئەمزەمانە، نیوەی بەزۆرو نیوەی بەڕەزا، وە بەشێکی بە ڕووڵی‌تان، تەوبەیان دادەن وەیان کەنە مورید، بێ‌ئەوەی ئەوکەسە تەپ لەئاینو مەذهەبەکەی بپێکێ، چونکە هەروەکو وتمان تەصەووف «**جیهاد**» **واتە خەبات و تێکۆشانێکی زۆرسەخت ئاینی‌یە بۆگەیشتن بەپلەی خواناسی‌ی تەواو وە دامرکانی‌دڵ بە ڕووناك‌بونەوەی بەنوری خواناسی‌ی**. **نەك بۆ دەستەوبەستە زۆربون و کاوروگیسك هێنەر**. **بەڵکو بۆ پەروەردەکردنی شاگردی دڵگەرم‌وباشە بۆگەیاندنیان** بەپایەکانی خواناسی‌ی، بەکورتی، هەر چۆن فەقێیێك، یان شاگردی خوێندنگەیێك، لەپۆلی یەکەمی دەرس خوێندنەوە، دەس پێ‌ئەکات، وە ئەو دەس‌پێ‌کردنەی بەئومێدو ئارەزوو ئاواتی گەیشتنە بەدواپلەی خوێنەواری‌ی، وەپێی‌خۆشەو تێ‌ئەکۆشێ ببێتە پزشك، یان ئەندازیار، یان دوکتورا، وە ئەگەر لەوە کەمتربو دڵی دانامرکێ، وە لەبەر ناچاری‌و دەس‌نەدانە، شاگردانی ڕێگەی تەسەووفیش، واتە، صوفی، دەرویش، مورید، ئەوانیش ئەبێ بۆئەوە تەوبە بکەن، وە بڕۆنە ئەو گۆرەپانەوە، بۆ ئەوەی بگەن بە ئاوات. وە ئاواتیش خواناسینە، ئەویش، لەیەکێ لەومەقام واتە «**پلانە**» دا بەدەست دێت کە باسمان کردن، وە لەپاشان، لەکاتی باسی مەقام‌و حاڵدا، باسیان ئەکەین، وەکو مەقامی «**صبر، توکل**»

وە هی تر. هەروەها مورشیدیش هەر ئەبێ بۆیە مورید وەرگرێت، بەوئاواتەوە، وە بەونیازەوە، کە یارمەتی بدات تا ئەیگەیێنێتە پایەیێك لەوپایانە.

جا بەش بەحاڵی مورید، هەرکەسەو، لێ هاتویی و توانایی و خەباتی خۆی، کە خوا، تاچ پلەو پایەیێکی کردیێتە بەشی، وەخۆی تاچ رادەیێك «لیاقەت» و لێ هاتویی هەبێت، وە سەبارەت بەمورشید وە رێبەریش ئەوەتە، ئایا ئەو مورشیدە تا چ پلەیێك لە وزەیابێت مورید ببات وە پێی بگەیێنێت، وە خۆی تاکوێ خوێندوەو تاکوێ ئەتوانێ بەشاگردەکانی دەرس بڵێت، چونکە هەروەکو، کە ماموستاکان لە خوێندنی دنیایی و شەرعی دا رادەو پلەیان هەیە، مورشیدەکانیش هەروەهان، تەنانەت لە نێوانی مورشیدی «کامیل وە موکەممیلیش» دا، هی پایەبەرزترو هەڵکەوتوتر هەیە، وە ئەوەتا، لە ناوی دەها هەزار مورشیدی کامیل دا، کەڵەپیاوانێکی، وەکو «**بەدەوی. وە رفاعی. وەگیلانی، وەنەقشبەند. وەعەرەبی**» وەهی تر هەڵکەوتوە، کە واتە، هەم مورید، بەپێی ئامادەیی و لێ هاتویی خۆیی دەس ئەکەوێت، وەهەم، مورشیدیش تامورشید. فەرقیان هەیە، وە زۆر جار مورشیدێك موریدێکی زۆر لێ هاتوی خۆی، تاپایەکەی خۆی ئەبیات و رێنمایی ئەکات، پاشان ئەڵێ برام من ئیتر لەمەولا لەوزەمانیە، بەڵکو خۆت بتوانی، یان مورشیدێکی شارەزاتر پەیداکەیت، یان بەخەبات وتێکۆشانی خۆت بەرەوژورتر برۆیت. وە ئەمەش لەجیهانی تەسەووف دا زۆر رووی داوە وە نمونەی زۆرە. وەسەرگوزەشتی شاهی نەقشبەند یەکێکە لەو نمونانە، ئەگەر عومرباقی بو لەکاتی باسی ئەم رێرەوەدا ئەیگێرینەوە بۆتان.

هەروەکو لەجیهانی خوێندنی «ظاهیر» یشدا رووئەدات کە زۆر شاگرد لە ماموستا پێشوەکانیان زیاتر ئەخوێنن، بەلام برێ ماموستا هەن، کەم وێنەن وە بە دەگمەن شاگرد بگاتە قولەپێیان.

کەوابو دەرکەوت، «تەمەسسوك» وە تەوبەکردن وە بەدەروێش و صۆفی بون، هەر بۆ ئەوەنیە خەڵکێکی زۆر بینە پەیرەو، وە نۆکەرو بچوکی گەورەپیاوێکی ئاینی، بەڵکو هەروەکو خوێندنی دنیایی، ئەویش بۆ چونە مەکتەبی خواناسی یە، بۆئەوەی بگەیێتە ئاوات و مراز، وە مورشیدیش بۆ ئاغەیی کردن نابێت، بەڵکو بۆئەوەتە ببێتە ماموستا، بۆگەیاندنی مورید بە پایەکانی خواناسی بەپێی رێبازی تەسەووف، جا ئەم

«تەوبە» وپاش‌گەزە، هەروەکو کە سەرەتاییکە بۆ جیهانێکی نوێ، کە بریتی‌یە لەجیهانی تەسەووف، هەروەها، بەڵێن وە پەیمان‌دانیشە بەو ڕێبەرە واتە بەمورشیدەکە؛ چونکە ئەومورید هەروا کە لەگوناهانی لەوەوپێش پەشیمان ئەبێتەوە، بەڵێن‌ئەدات بۆئەوەی کە ئیتر نەگەڕێتەوە سەر ڕێگای چەوتی لەوەوپێش، کە ئەمە لەئیسلامدا بەناوی «بەیعەت» وە «عهد» هاتوە؛ هەم لە سەردەمی پەیامبەردا درودی خوای لەسەر، وە هەم لەرۆژگاری جێ‌نشینەکانیا، دەست بەدەست هاتوە تائەمڕۆ، بەتایبەت لەرۆژگاری ئیرشادی حەزرەتی شیخ عبد القادری گەیلانی‌دا) کە دەستە دەستە خەڵك شێوەی «پەشیمانی‌و بەڵێن»، واتە (تەوبەو عەهدیان) ئەنجام‌داوە. هەروەکو لەقورئان سەبارەت بەو دە کەسە ئایەت هاتوەتە خوارەوە کە بەڵێنو پەیمانیان‌دا، بە پەیامبەری‌گەورە، وە بەناوی «عَشَرَه» ی «مُبَشَّرَه» ناویان دەرکرد، واتە ئەو دەکەسەی کە خوا موژدەی چونەبەهەشتی پی‌دان، ئایەتەکەش ئەفەرمێ «لَقَدْ رَضِيَ اللهُ عَنِ الْمُؤْمِنِينَ الَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ تَحْتَ الشَّجَرَةِ...» الفتح ئایەتی «١٠» یان کە ئەفەرمێ:

«اِنَّ الَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ اِنَّمَا يُبَايِعُونَ اللهَ، يَدُ اللهِ فَوقَ أَيْدِيهِمْ....» تالەپاشان ئەفەرمێ «فَمَنْ نَكَثَ فَاِنَّمَا يَنْكُثُ عَلَى نَفْسِهِ وَمَنْ أَوفَى بِمَا عَاهَدَ عَلَيْهِ اللهَ فَسَيُؤْتِيهِ اَجراً عَظِيماً» الفتح «١٩»، بەکورتی ئەم تەوبەکردن وتەریقەت وەرگرتنە، هەروا کە دەس‌هەڵگرتنە لەخراپە، بەڵێن‌دانێکی مەردانەیشە بۆخەبات‌و تێکوشان لەسەری‌دەستی ئەومورشیدەدا بۆگەیشتن بەپلەی ڕەزامەندی خوای‌گەورە، وەخواویستی، بەپێی ڕێڕەوی تەسەووف.

ئیستە ئەڕۆینەوە سەری ئەوپرسیارەی کەبزانین مورشید چی‌یەو چی پی‌ئەکرێت؟... لەوەڵاما ئەڵێین، مورشید هەم ڕێ‌نماو ڕێ‌بەرە، هەم ماموستایە، وەهەم پزیشك....، چۆن؟.

ئیمە لەپێشا لەپێناسی مورشیدا وتمان، ئەبێ ئەومورشیدە خۆی لەسەردەستی مورشیدێکی پی‌گەیشتوی‌ترا تەواوی کردبێت، وە گەیشتبێتە پلەی «بەقای‌پاشی‌فەنا» واتە «مانی پاش نەمان»، بێ‌گومان مورشیدێك کەوابو، وا خۆی شارەزای ڕێگاکانی گەیشتنە بەو پلەوپایەیە، وە ئەبێتە ڕێبەرو ڕەهنمای شاگردەکەیشی، مەولەوی خوای لی‌ڕازی‌بێت لەنامەیێکیا بۆ مورشیدی خۆی حەزرەتی شیخ عوسمان سیراج الدین کە

بەشیعر نوسیویەتی دەس راتەکێشی بۆ ئەومەقامەی مورشیدەکەی واتە «بەقای پاش فەنا» کە ئەڵێت.

شێخی دەوڵەمەند بەهرەی سەرمەدی
باگەی حەقیقەت جیلوەی ئەحمەدی
جە شەوهەوارگەی «فەنا» ویەردە
پای هەردەی «بەقا» یاتاغگە کەردە

واتە ئەی شێخە دەوڵەمەندەکە لە بەهرەی هەمیشەیی و بێ پایانەکەبوگیتە کانگەی حەقیقەتی ئەحمەدی واتە (دینی موحەممەدی). ئەی ئەوکەسەی کەلە هەوارگەی «فەنا» تێپەرت کردوەو لەکێوی (بەقادا) مەنزڵت گرتوەو بارت لێخستوە. دوهەم ئەوەتە مامۆستایشە، چونکە خۆی هەموی دەرسەکانی خوێندوەو تەواوی کردون و بوەتە پسپۆرو کارناس تیایاندا، وەئەتوانێ هەمان دەرسیش بڵێتەوە بە موریدەکەی خۆی، وە نەیەڵێت ڕێگا گوم کاتو گورگی نەفس و شەیتان لە ناوی بەرن، لە هەموی گرنگتر لە پێویستبونی مورشیدا، بەشی پزیشکی یەکەیەتی، چونکە هەروەکو کە زۆر لە نەخۆشیەکانی ئاشکرایی پێویستیان بە «عملیات» هەیە، هەروا، زۆرێك لە نەخۆشی ی دەروون، بە «عملیات» نەبێ، چارەیان نایێت، یان وەکو منداڵێك یان پیرەمیردێك زۆرجار لەبری ڕێگای سەختا لەپێ ئەکەون، یان سام وەترس دایان ئەگرێت، وە ئەکەونە پێ لەرزەو ورە لەدەس بەرئەدەن، هەرواش برێجار، نەخۆشی دەرون، بەدەرمان چارە ناکرێت، بۆنمونە بڵێین هەستی «حەسادەت» لەکەسێکا، یان هەستی خۆبەزل زانین، یان ناوو نوتکەنان بەخەلکەوە، کە لە فەرمانی «نەفسی أمارە» وە سەرچاوە ئەگرن، واتەبێت کە بۆ ئەو موریدە خۆی چار ناکرێن، بەلام مورشیدی بەدەسەلات ئەتوانێ، بەیەك «تَوجه»، واتە روی دڵ تێکردن، یان دەستکاری ی دەرون کردن، ئەو هەستە پیسە لە کۆڵی مورید بکاتەوە، وە توری دات، وە بۆ هەمیشە ڕزگاری کات، جا هەر ئەوەتە کەزۆرجار گەورەپیاوانی رێرەوی تەسەووف، وەکو (مەولەوی) بەمورشیدەکەی خۆیان ئەڵێن «حەکیمی حاڵزان»، یان ئەوکەسانەی کەلەورێگایەدا پەکیان ئەکەوێت وە هەست بەوە ئەکەن ئەو ڕێگایە بەخۆیان نابڕێت وەئەبێ کەسێ دەسیان بگرێت، لەوێدا بەمورشید ئەڵێن «پیری دەس گیرە»، جاەکارکردو شوێنەواری ئەم جۆرە یارمەتی دانەکە بەهۆی «تَوجه»، ڕوونی کردنی مورشیدەوە، دەس ئەدات، مورید خۆی

هەستی پێ ئەکات، ئەگینا شتێك نیە بۆ کەسی تر بزانرێت، مەگەر بۆ کەسانێك کە ئەوانیش بابەتی ئەوکارەبن کەزۆرجار ئەبێت لە حالێ بەلك تر ئەگەن و جاری وایش هەیە جگە پیرومورید کەسی تر هەستی پێ ناکات، ئەبێ ئەوەش بزانین کە «تَوَجُّه» پێویست نیە کە مورید لە خذمەتی شیخ دابێت جا رووی دڵی تێ بکرێت، بەلکو ئەکرێت زۆر لەیەکیش دووربن. وە ئەکرێت بەیەکەوەبن.

زۆرجاری وایش ئەبێت کە ئەومورشیدە لەکاتی ئەنجامی «ذیکر» دا، لە حەلقەی «خەتم»، یان ذیکردا، بەرانبەری ئەو موریدە دانیشێت وە رووی دڵی بکاتە، دڵی ئەوموریدە، واتە لای چەپی هەردولایان بەرانبەر بەیەکتر بێت، وە هەردولا چاویان بەیەکا نابێت، وە ئەوموریدە چاوەڕەوانی ی بەرەکەت بکات لەوشێخە، یان لەو «تەوەججوه» کـەرە، کە بگرە نوێنەری شێخ بێت، وە هەست بەو چۆنیەتی دەس کاری دەرونە، یان بەو نوروبەرەکەت پێ گەیاندنە بکات، تەنانەت جاری وا هەیە ئەودەستکاری یە مەعنەوی یە، هەروەکو عەمەلیاتی ئاشکرایی، یان برین هەڵدرین، یان شکستەگرتنەوە، ئاوا ئێشی هەبێت، وە تەوەججوە لی کراو هاواری لێ هەستێ، وە لەپاشان بێهۆش کەوێت، یان ئەگەر تەوەججوهەکە، بۆ گەیاندنی بەرەکەتو، گەیاندنی مورید بە مەقام بێت، ئەو تەوەججوە لێکراوە، وەکومەست لێی بکەوێت: وەپاش ماوەیێکی زۆر، کەبرێ جار شەووڕۆژێ، برێ جار زۆرزیاتر، یان، بۆچەن سەعاتێك، هەر مەستی ئەو خۆشی و کامیابی یە بێت، وەبرێ جار ئەو موریدە لەخۆشیدا دەس ئەکاتە پێکەنین، وەیان هەڵپەڕکێ، بەڵێ ئەمانە هەموی ڕاستەکەی هەیەو بوە، بەداخەوە زۆرجاریش هەروەکو «تەمثیل» ولاسایی کردنەوە، بەدرۆو تەڵەکە، لاسایی ئەم «حەقائقە مەعنەوی» بە ئەکرێنەوە، ئەوانەی کە ئاوا دەستی خەڵکی ساویلکە ئەبڕن، ڕۆژێ ئەبێت بە سزای ئەوکردەوەیەوە بتلێنەوە، وەخوا تۆڵەیان لێ بسێنێتەوە.

لێرەدا ئەبێ بپرسین: ئایا لەڕوانگەی ئاینەوە، ئەکرێت بەکەسێ بوترێ «سەبەب» یان «وەسیلە»؟

بێ گومان هیچ کارێ بەبێ سەبەب ئەنجام نادرێت ئایا ئەوسەبەبە، مرۆڤێك بێت یان دروس کراوێکی دەستی مرۆڤ، وەئامێرێکی ماددی بێت، هەروەهایش مرۆڤ بۆگەیشتن بە هەرئامانجێ پێویستی بە وەسیلە هەیە، هەروەکو کە بۆخوێندن

پێویستمان بەماموستایە، بەڵام باماموستایشمان هەبێت، وە بریاریشمان لەسەری خوێندن دابێت، مرۆڤی موسوڵمان باوەری لەسەرئەوەتە، ئەبێ خوای گەورە یارمەتی دەری مرۆڤ بێت وە ویستی خوای لەسەربێت، تا لە خوێندنەکەدا سەرکەوێت، یان ئەگەر نەخۆش بوین ئایا ئەکرێ نەرۆینە لای دوکتور وەبڵێین وەسیلەمان ناوێت، وە دەرمان نەخۆین وبڵێین پەنا نابەینە بەر ئەسباب؟ ئایا خوا شتی وای فەرمووە؟...

نا... بەڵکو ئەبێ هەم برۆینە لای دوکتۆر وەهەم دەرمانیش بخۆین، بەلاّم بەوشەرتەی باوەرمان لەسەرئەوەبێت کە «شیفادەر» وە خۆش کەرەوە هەر خوا خۆیەتی، ئێمە ئەوەی لە وزەماندایە ئەیکەین، وەئەوەشی کە تەنها بەدەستی خوایە پەنائەبەینە بەر دەرگای خودا، وە لێرەدایە کە بەخوا خۆی ئەوترێ «مُسَبِّبُ الأَسْبَاب»، هەرخوایە کە دوابریار بەخۆیەتی، جا بۆروون کردنەوەی ئەم باوەرە، سەیرئەکەین

خواخۆی لەسورەی مائدە ئایەی «٣٥» دا ئەفەرمێ «یاأیّها الذین آمنوا اتقوا الله وابتغوا الیه الْوَسِيلَةَ، وَجَاهِدُوا فِي سَبِيلِهِ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُون» لێرەدا خوای گەورە زۆربەروناکی بەموسوڵمانانی خاوەن باوەر دەستور ئەدات کە بۆگەیشتن بە رەزامەندی ی خودائەبێ هۆیێك بخەنەدەست، بێگومان ئەم هۆیە، خواپەرستی یە، وەچاکەکاری یە، چونکە ئەفەرمێ راتقوا الله، واتە بترسن لەخوا واتە پارێزکاربن، وەئەفەرمێ جاهدوا فی سبیلە، واتە تێ کۆشن وەخەبات بکەن، وەزوتر وتمان «جیهاد» وە خەبات، دوو جۆری هەیە، خەبات لەدژی دەرخواستە نارەواکانی دەرون، وە خەبات لەدژی خراپ کاران وەکافران، کەواتە ئایا تۆ ئەگەر ماموستات نەبێ ئەتوانی لە ئایین بگەیت تاپەیرەوی لێوەبکەیت؟ ئەگەر ماموستات نەبێ ئەتوانی فیری خوێندن ونوسین بیت؟ ئایا بۆ زانینی رێگەی خواناسی ی وە ئایین ناسی ی بۆچی پەنا ئەبەیت بە وەسیلە، واتە «ماموستا». ئەکرێ بڵێین خواپەرستی وەسیلەی بۆچی یە؟ ئەی بەبێ ماموستا، واتە وەسیلە، چۆن بخوێنم چۆن خوابناسم، چۆن باوەرم دامەزرێ؟ چۆن لەشەرع بگەم؟

جا من، کە بۆ زانیاری ی ئاشکراو ظاهیری شەرع، ماموستام پێویست بو، بۆ زانیاری ی قوڵتر وە جیهادی گرنگ تر، وەبۆ بەدەس هێنانی ئاکامی بەکەڵك تر، واتە پلەی «عَیْنُ الیقین»، چۆن پێویستم بەماموستا، واتە، وەسیلە نیە، ئەم وەسیلە خۆی مەقصودنیە، واتە هدف نیە، مەقصود خودایە، نەك شیخ، کاتێ کەمن روو ئەکەمە «کەعبە» بۆ نوێژ، لەبەرخاتری نزیك بونەوە لەخودایە روئەکەمە «کەعبە» و

بەرەوکەعبە کورنوش ئەبەم ، «مقصود توئی کعبەوبتخانە بەهانە» ئەگینا خۆ کەعبە ناپەرستم وەکورنوش بۆکەعبەخۆی نابەم .

خوای گەورە سەبارەت بە «ذو القرنین» لەسورەی الکهف‌دا ئەفەرمێ «إنّا مكّنّا له في الأرضِ وآتيناهُ من كلِّ شيءٍ سَبَباً، فأتبعَ سَبَباً» ، کەواتە سەبەبو وەسیلە بەدەس‌هێنان ، دژی قورئان نیە ، بەومەرجەی ئەو وەسیلەو سەبەبە ، خۆی بە مؤثر واتە «کارکەر» وە هەدەف وە مەقصود «داواکراوە نەزانرێ» ، بەڵکو بە هۆیێك دانرێ بۆگەیشتن بەیەقینی تەواو ، وە بەپلەی خواناسی ، وە بەدەس هێنانی رەزامەندی خوای گەورە ،.. وەبێ‌گومان خوای گەورە پیاوچاکانی خۆش ئەوێت ، «ألا إنّ أولياءَ اللهِ لاخوفٌ عليهم ولاهُمْ يحزنونَ» «یونس» وە خوا پێی‌خۆشە کە مرۆڤی موسوڵمان نزیکی بکات لەپیاوچاکان بەڵکو دەستورئەدات وەئەفەرمێ «يا أيّها الذينَ آمنوا اتّقوا اللهَ وكونوا مَعَ الصّادقينَ» سورەی تەوبە ، وەمورشیدی‌کامیل ، بێ‌گومان بۆلای‌خوا نەبێ موسوڵمانان بۆهیچ کوێیێکی‌تر رێ‌نمایی ناکات ، کەواتە بۆچی نەکەوینە پشتی‌سەری ،؟ هەمیشە نەریت‌وابوە منداڵ لەدایکوباب بێت ، لەکاتێکا کە خواخۆی خالیقە ، ئایا ئەکرێ بێ‌ژن‌هێنان وشوکردن چاوەروانی منداڵ‌بین وەبڵێین خوا خالیقە ؟... بەلاّم دروستیش‌نیە وابزانین تەنها بونی ژنومێرد ، بەسە بۆ منداڵ‌بون ، بەڵکو ئەبێ باوەرمان لەسەر ئەوەبێت ئەگەر خواستی خوای لەسەر نەبو ئەو منداڵەش دروس نابێت ، وەخوا ئەفەرمێ «إنّهُ هو خلقَ الزوجينِ الذّكرَ والأنثى» خوا هەم ئەفەرمێ «اللهُ يتوفّى الأنفسَ» سورەی زمر (٤٢) ، هەم ئەفەرمێ «قُلْ يتوفّاكم مَلَكُ الموتِ الّذي وُكِّلَ بِكُم» سجدە (١١) ئایا ئەکرێ بڵێین مەرگ بەدەستی مَلَكُ الموتە ؟ خوا ئەفەرمێ «إنّ اللهَ هوَ الرزّاقُ ذو القوّةِ المتينِ» ذاریات «٥٨» ئایا ئەکرێت ئێمە پاڵی لێ‌بدەینەوە وە بڵێین وەسیلەو سەبەبی پێ‌ناوێ چونکە خوا رۆزی‌دەرە ، جا هەروا بۆ مورشید وە ماموستایانی ئاین وە رێبەرانی رێگەی خواناسیش ئەفەرمێ «وجعلنا منهم أئمّةً يهدونَ بأمرِنا لمّا صَبَروا وكانوا بآياتِنا يُوقنونَ» سورەی سجدە «٢٤» .

بەڵێ بەم‌چەشنە روون ئەبێتەوە کە پەنابردنە بەر ئەسباب‌و وەسیلەی ظاهیری ، بۆ هەڵ‌سوراندنی کاروباری رۆژانە ، چۆن پێویستە ، وەپەنابردنە بەردەستی ماموستایانی خوێندن ، بۆفێربونی خوێنەواری‌ی دینی‌و دنیایی چۆن‌پێ‌ویستە ، هەروەهایش پەنابردنە بەردەستی مورشید وپیری‌کامیل وەموکەمیلی تەریقەتیش بۆگەیشتن بەمراز لەرێگەی دەرونەوە ئەویش هەر بەوچەشنە پێویستە ، وە چۆن بۆ ئەوانی‌تر هیچ لەگەورەیی خوا کەم نابێتەوە وە رازق وە «مُسَبّبُ الأسْباب» وە «شافی» وە «خالق» راستەقینە خوا خۆیەتی ، بۆگەیشتن بەپلەی بەرزی یەقین وەخواناسیش ، پیرە

«**حُجرات**» یەعنی چی ؟ واتەهیشتائیمان نەچوەتە دڵتانەوە، ؟ ئەودڵەگۆشتینە چی یە تائیمانی تێ چێت ؟ بێگومان ئەچێتە وجودو دەرون و مرۆڤایەتیی مرۆڤەوە.

یان کەئەفەرمێ، «**فَإِنَّهَا مِنْ تَقْوَى القلوب**»، ئایا ئەودڵە گۆشتینە چۆن پارێزکاریی بکات، بێ گومان مەبەست دەرونی مرۆڤە، کەخۆی بپارێزێت لەکینە لەحەسەد لەخۆبەزل زانین، لەخوانەترسان لەصەدان نیازو پێناسی ناپەسەند، کەدێنە دەرونەوە «**تەقوا**» بکات واتە، پارێزبکات، برێکیش ئەڵێن دڵ فەرمان ڕەوای لەش نیە، بەڵکومێشکە، لێرەدا دوبارە هەمان شتی ماددی دێتەپێشەوە، چونکە مەبەست نە ئەو دڵە گۆشتینەیەو نەئەومێشکەی وا لەناوی سەرا، بەڵکو دەرونی مرۆڤە، وەلەطیفەیێکە کەوا لەسینەی مرۆڤ دا، چونکە مەبەست لە «**قەلب**» ناوەڕاست وقوڵایی شتە واتە ناوەند، یان کاکڵەی شت، وەئەوهەستانەش، ناوەندی هەستی ئینسانی و ویجدانی و عاطیفی مرۆڤن، نەکەمتر ونەزیاتر، بەڵام بۆڕێبوارانی ڕێگەی تەصەووف زۆرباش ڕوونە کەشوێنی ئەولەطیفەیە سینەی مرۆڤە، هەروا کە شوێنی لەطیفەی «**نەفس**» ناوچاوانی مرۆڤە، شوێنی نەفس لەمێشکەوە نزیکە وەشوێنی قەلب لەدڵی گۆشتینەوە، هەروا کەلەطیفەی رۆح، وە سیرر، وەخەفی، وەئەخفایش، هەروان لەسینەدا، وەکارناسانی سلوکی تەریقەت، وەڕیازەت کێشانی تەصەووفی ئیسلامی زۆرباش هەست بەشوێنی یەکەیەکەی ئەولەطائفە ئەکەن، وەنوری هەرکامەی رەنگی خۆی هەیە وەبەونورەدا لێکیان جوێ ئەکەنەوە، بەیارمەتی خوا لەبەشی تەریقەتی نەقشبەندی دا باسیان ئەکەم. شیرەی باسەکەمان دێتەوەسەری ئەوەی، ئەوقەلبەی کەلەڕێبازی تەصەووف دا باسی ئەکرێت ، ئەوشوێنەیە لەدەرونا کەخاوەنی ئەوهەموە پێناسانەیە کەلەقورئانا باسی کراوەو برێکمان نوسی، وەڕێبوار ئەکۆشێت بەهۆی ذیکرەوە وەبەیارمەتی مورشیدی پێ گەیشتوو پێ گەیێنەر، ئەودڵەی خاوێن کاتەوە لەهەموخەوشێك لەوخەوشە ناپەسەندانەی کەباس کران وبیرازێنێتەوە بەپێناس و نیازی پاك، بۆئەوەی شایستەیی ئەوە پەیدابکات، نوری خوا لەودڵەدا بێتە مێوان و سەقام گیربێت، وەذیکری خوابێتە خوردوخۆراکی مەعنەویی ئەم دڵە، ئەوەی خوا بۆی کرد تەوبەی کردو لەسەری بەردەوام ما، ذیکری کردو لەسەری بەردەوام ما، وا نوری خوا لەدڵیا ئەدرەوشێتەوە. ئەوەش کە لەم نیعمەت و دەس کەوتە گەورەیە بێ بەش بو، وا

لەونورەیش بێبەشەو، دوّراندویەتی. هەروەکو خوائەفەرمێ: «وَمَنْ لَمْ یَجْعَلِ اللهُ لَهُ نوراً فَمَا لَهُ مِنْ نور» «سورەی» «نور» «٤٠».

ولەکۆتایی دا دەستیشان ئەکەم بۆئەم ئایەتە کەئەفەرمێ: «یاأیُّهَا الَّذِینَ آمَنوا اتَّقُوا اللهَ وآمِنوا بِرَسولِهِ یُؤْتِکُمْ کِفْلَیْنِ مِنْ رَحْمَتِه. وَیَجْعَلْ لَکُمْ نوراً تَمْشُونَ بِهِ وَیَغْفِرْ لَکُمْ واللهُ غفورٌ رحیم» «حدید» «٢٨».

ووشەی نوریش واتای زۆری خۆی هەیە لەکاتی باسی ووشەی نوردا باسی کراوە.

نَفْس:

«**نەفس**» ووشەیێکی عەرەبی زۆرواتایە، بۆ مرۆڤ خۆی هاتوە، وەبەواتای دەرونی ئادەمی زاد وە ویستی دەرون، وەڕۆح، وەخوێن، وەبۆ «**عەینی شت**» هاتوە هەروەها ئەڵێن نەفس، ئەوشتەیە بانگ ئەکەی فلان کەس ئەڵێ: بەڵێ: ئەوەی ئەڵێ: بەلی ئەوە نەفسە یان ئەوەی، ئەڵێ من، ئەو منە نەفسە وە زۆر واتای تر، لەقورئانی پیرۆزدا پتر لەدوصەدویەنجاجار ووشەی نەفس وەجۆرەکانی هاتوە، لەقورئانیشدا بەواتای مرۆڤ خۆی وەبە واتای دەرون وەڕۆح وەویستی دەرونیش هاتوە.

ئەم ووشەیە لەگۆڕەپانی تەصەووف دا زۆر بەکاربراوە، بەڵکو ئەوجەغزەی کە ڕێڕەوی تەصەووفی بەسەرەوە ڕاوەستاوە، وەپاژنە، یان گێجەنەی دەرگای تەصەوف، وە کاکڵەیێك کەصوفی ئەگەڕێ خاوێنی کاتەوەو بەخاوێنی ڕای گرێت هەر ئەونەفسەیە.

بەکورتی گەورەترین خەباتی ڕێبواری تەصەووف بریتی یە لەوخەباتەی کەبۆ پاككردنەوەو درەوشاندنەوەو ڕاهێنانی نەفس ئەکرێتەکار بێگومان ئەم کارەی تەصەووف، هەروەکو کارەکانی تری، ئەمیش لەڕوانگەی قورئانەوە پێش چاوگیراوە، وە لەدەستوری قورئان سەرچاوەئەگرێت.

دەس کاریی نەفس، وەپاككردنەوەی نەفس پێی ئەوترێت «**تەزکی یەی نەفس**»، زەکات لەعەرەبی دا، بەپاككردنەوە ئەڵێن زەکات دانی سەرمایەوسامان. واتە بەشی هەژاران لەو سامانە دەرکردن بۆ ئەوەی چونکە لەڕوانگەی ئایینەوە ئەو سەرمایە،

ئەگەرزەکاتی لێ نەدرێت پاکنیە» بەسەربڕینی-حەیوانیش ئەڵێن زەکاتی حەیوان ئەویش هەربەمەعنای پاکییە، واتە مردارنەبوەتەوە. کەواتە تەزکییە ئەبێتە پاککردنەوەی نەفس، لەهەمو پێناسێکی ناپەسەندو ناشیرین، خوای گەورە لەسورەی والشمس دا، پاش سوێندخواردن بە شەمس، واتە هەتاو، وەمانگ وەرۆژ وەزەوی، پاشان سوێند بە «**نەفس**» ئەخوات، وەئەفەرمێ «**وَنَفْسٍ وَما سَوّاها فَأَلْهَمَها فُجورَها وَتَقْواها**»، واتە سوێند بەنەفسی مرۆڤ وەبەوکەسەی کەنەفسی ڕێکخستوە وەکردویەتە خاوەنی ئەوپێناسانەی ئامادەبێت بۆوەرگرتنی هەموجۆرە فێرکردن و ڕاهینان و پەروەردە کردنێک پاش ئەم سوێندە ئەفەرمێ ڕێگەی چاکەوخراپەی بەو نەفسە پیشان داوە، واتەلەقورئاندا هەموشتێکی بۆڕوون کردوەتەوە «**وَهَدَيْناهُ النَّجْدَيْن**» «**بَلَد**» «١٠» نیشانەیە بۆئەو ڕێگەی چاکەوخراپە جائەفەرمێ «**قَدْ أَفْلَحَ مَنْ زَكّاها وَقَدْ خابَ مَنْ دَسّاها**» واتە ئەوەی ئەو نەفسەی پاککردەوە وارزگاربوەو خۆش بەختە وەئەوەی کە کردویە بەژێری «**فجور**» واتەخراپەو کردەوەی ناشیرینەوە «**قد خاب**» نائومێدو بەدبەخت و تێشکاوە.

ئەم ئایەتە، بەڕوونیی پیشان ئەدات، کەچۆن صوفی یەکان بە پەیڕەوی ئەم ڕێ نمایيەی خوای گەورە ئەکۆشن لەبەشی ڕزگاربوەکان بن واتە لەوانەبن کەنەفسی یان پاککردوەتەوە هەروەها هەر بە وشەی ڕزگار بون وەسەرکەوتن، وەسەبارەت بەنەفس لەئایەتی «١٦» «**تغابن**» دا ئەڵێ. «**وَمَنْ يوقَ شُحَّ نَفْسِهِ فَأولئِكَ هُمُ الْمُفْلِحون**» ئەوانەی خۆیان ئەپارێزن لەڕژدی نەفس ئەوانە لەڕزگار بوانن.

کەواتە «**تەزکیەی نەفس**» واتە خاوێن کردنەوەی نەفس گەورەترین کاری ڕێبواری ڕێگەی تەصەووفە وەتاوەکو نەفس پاکنەبێتەوە ئەوڕێبوارە هەروا لەمەترسیی سەرنەکەوتن و تێشکانایە، وەتا نەفس خاوێن نەبوەتەوە، پایەی «**ویلایەت**»، دەستی ڕێبوار ناکەوێت، بەڵام پاش زاڵ بون بەسەری نەفساوە خاوین کردنەوەی لە پێناس و نیازی ناپەسەند، ئیتر ئەو کاتە نۆرەی ڕازاندنەوەی دەرونە بە پێناس و نیازی پەسەند وە خرانە سەرپشتی دەرگای خوش بەختی و پێش کەوتن لە ڕێبازی تەصەووف دا، بەڵام ئایا ئەم پاککردنەوە هەروا ئاسانە؟ وە ئایا چۆن مرۆڤ ئەتوانێ زاڵ بێت بەسەری نەفسا؟ وەئایادەسکەوتی چی یە؟

یەکەم قۆناغی دەس پێ کردنی کار، بە تەوبە دەست پێ ئەکات، پاش تەوبەکردن لەئەنجام دانی هەرچی شتێ کە خواپێی ناخوشە «**نەهی لەمونکەر**»

ئەوساکە بڕیاردان‌و بەردەوام بون لەسەرهەرچی خواپێی‌خۆشە **«ئەمربەمەعروف»**، پاشان لەسەری خواپەرستی بەپێی دەستووری قورئان‌و شەریعەتی موحەممەدی، بەتایبەتی بەردەوام‌بوون لەسەری **«ذیکر»** بەهەموجۆرێکی، وەبەرگری‌کردن لەداخوازەکانی نەفس، وەکوحەزکردن بەدەسەڵات، بەسەرمایەو ساماتی‌زۆر بەرابوردن بەشێوەیێکی زیادەڕەوی باوەکو ئەوشتەش حەڵاڵ بێ. بەکورتی‌ی ڕاهێنان‌و وەرزاندنی نەفس، تائەوکاتەی کەمورشید بەپێ‌ویستی ئەزانێت، یان‌مرۆڤ خۆی‌بزانێت، ئیتربوەتە خاوەنی ئیمانی **«عین الیقین»** وەتازە هیچ‌شتی‌کاری تێ‌ناکات، پاش‌ئەوەش **«افراط»** یان **«تەفریط»** هەرخراپە، واتە زۆرلەستورتێپەربون یان زۆرکشانەدواوەو کۆتاهاتن.

ڕێبوارانی ڕێگەی تەصەووف چەن‌قۆناغێکیان بۆ ئەم‌خاوێن‌کردنەوەی نەفسە داناوە، وە لەهەر قۆناغێکا ئەم‌نەفسە ناوێکی هەیە کەئەویش هەرلەقورئانەوە وەرگیراوە.

لەکتێبی **«معجم مصطلحات الصوفیة»** دا ئەڵێت نەفس پێنج جۆری هەیە **«حەیوانی، ئەممارە، موڵهەمە، لەووامە، موطمەئیننە»**، پاشان‌ئەڵێ ئەڵێن نەفس **«ناطیقەیەوصالیحە وە حەکیمە»**، پاشان ئەڵێ **«نەبەوی‌یەیشی»** هەیە.

لەکتێبی **(الفاظ الصوفیة ومعانیها)** دا باسی **«ئەممارە، لەووامە، موطمەئیننە، راضی‌یە، مەرضی‌یە، کاملە»**، ئەکات.

بەڵام **«شیخ محمد امین الکردي»** لەکتێبی **«تَنْوِیرُ القُلُوب»** دا حەوت‌پلە دائەنێ بۆنەفس **«الأَمّارَه، اللّوّامه، المُطْمَئِنّة، المُلْهَمَة، الرّاضِیة، المرضِیّة، الکامِلة»**.

بەکورتی‌ی، ئەم‌ناوانە ناوی‌خۆیان وابەخۆیانەوە، الاماره: بەونەفسەی مرۆڤ‌ئەڵێن کە هەستی‌حەیوانی‌و شەهوانی ئەو زاڵە بەسەری هەستی‌ئینسانیی ئەودا، وەبۆیەپێی ئەوترێ ئەممارە، چونکەفەرمان بەخراپەکردن ئەدا بەسەری خاوەنیا، واتە هەڵی ئەنێت‌و پاڵی‌پێوەئەنێت بۆخراپەکردن، مەقامی ئەم‌نەفسە لەوئایەتەدا دەرئەکەوێت، کەحەزرەتی‌یوسف ئەفەرمێ: **«وما اُبَرِّئُ نَفْسی، اِنَّ النَّفْسَ لَاَمّارَةٌ بِالسُّوءِ»** **(یوسف) (٥٣)** جا بڕێکیان ئەڵێن هێشتائەم‌قۆناغە باشترە لەقۆناغی نەفسی حەیوانیی، ئەویش هی‌ئەوکەسانەیە کەلەژیان، هەرخواردن‌و نوستن‌و ڕابواردن زیاتر، هیچی‌ترنازانن، وەهیچ‌بەلایانەوە گرنگ‌نیە ڕابواردن‌و سەرمایە چۆن دەست‌بدات، حەرامە حەڵاڵە، کوشتنەبڕینە، فەرقی‌نیە، ئەو لەوەڕو ڕابواردنی

بەلاوە گرنگە، ئیتر هەرجۆرێ بۆی رێك کەوێت. جائەگەر هەرلەبناغەدا ئەوکەسە خاوەنی ئەمجۆرە نەفسە نەبو، یان، دەستی لەوجۆرە ژیانەهەڵگرتبو نەفسەکەی «ئەمماره بالسوئه» هێشتا هەرحەز لەشتی ناشیرین ئەکات، جائەگەر گەیشتە ئەوەی لەمحاڵە، روەو چاك بون رۆیشت، وەتەوبەی کرد، وەرێگەی خواپەرستی و ئینسانییەتی گرتەبەر، ئەوکاتە نەفسەکەی ئەبێتە «لەووامه» واتە لومەکەر، لۆمەی خاوەنەکەی ئەکات، ئەگەرکارێکی ناشیرینی کرد، یان ویستی بیکات، «**لا أُقْسِمُ بِيَوْمِ الْقِيامَةِ وَلا أُقْسِمُ بِالنَّفْسِ اللَّوامه**»، واتە قەسەم بەرۆژی قیامەت، وەقەسەم بەونەفسەی کەلۆمەی خاوەنەکەی ئەکات، لەسەری کاری ناپەسەند، کەواتە ئەمەقۆناغێکی گەورەو پەسەندە بۆنەفسی مرۆڤ.

ملهمەیش، هەر نیشانەیێکە لەوئایەتەی کەزوتر باسمان کرد «**وَنَفْسٍ وَما سَوّاها فَأَلْهَمَها فجورَها وَتَقْواها**» لێرەدا، نەفس، والەحاڵێکا، چاکەوخراپە لێك ئەداتەوە، ئەزانێ «**فجور**» واتەکاری ناپەسەند کامە، وە «**تقوا**» واتە پارێزکاریی کامەتە.

پاشان نەفسی، «**مطمئنه، راضیه، وە مرضیه**» دێنەپێشەوە کەلەسورەی «**الفجر**» دا، ئەفەرمێ «**يا أَيَّتُها النَّفْسُ الْمُطْمَئِنَّةُ ارْجِعي إِلى رَبِّكِ راضِيةً مَرْضِيةً**»، ئەمەش لەحاڵێکایە هەم ئەو لەخوا راضی‌یەو هەمخوایش لەوراضی‌یە، واتە ئەونەفسەی خوای لی رازی‌یەو ئەویش دڵ خۆش و رازی‌یە لەوپاداشەی خوا ئەیداتێ «**رضی الله عنهم ورضوا عنه**». پاشان باسی نەفسی کامیلە دێتەپێشەوە. کە بەلای ئەمسەرچاوانەوە ئەمپایە پایەی نەفسی پێغەمبەرانەو، وەلی‌یە کامیلەکان، نەفس لەروانگەی رێبوارانی ری‌رەوی تەصەووفەوە بریتی‌یە، لە لەطیفەیێك لە لەطیفەکانی عالەمی خەلق، کەلەگەڵی (**چوارعونصور**) دا ئەبێتەپێنجەمین واتە، رطوبەت یان ئاو، وەخاك، وە هەوا وەگەرما، واتە (**حەرارە**) یان ئاگر، بەرانبەر بەقەلب، وەروح، وەسیرر وە خەفی، وەئەخفا، کە هی عالەمی ئەمرن، جارێکی تریش باسی ئەم لەتیفانەمان کرد، بەڵام بەیارمەتی خوا لەکاتی باسی «**طەریقەی نەقشبەندی**» دا باشتر باسی ئەکەم.

جائەبێ ئەو لەطیفەی نەفسەیش بەهۆی ذیکرەوە خاوێن بکرێتەوە، جا لە «**اصطلاحی**» نەقشبەندی‌یەکان بەمنەفسە ئەوترێ «**نەفسی ناطیقه**».

«**ئیمام شرف الدین محمد بن سعید البوصیری**» کە لە ٦٩٦ ك، لەدنیا دەرچوە، لەقەصیدەی (**بوردەدا**) شیعرێکی جوانی هەیە سەبارەت بەراهێنانی نەفس، کەئەڵێ:

«والنفسُ كالطفلِ إن تُهمِله شَبَّ على حُبِّ الرِّضاعِ وَإنْ تفطِمْهُ ينفَطِمِ» ئەڵێ، نەفسیش هەروەکو منداڵ وایە، منداڵ ئەگەر بێت و لەشیری نەبڕیتەوە، گەورەئەبێت کەچی هەر دەس لەشیرخواردن هەڵناگرێ، بەڵام ئەگەر خۆت بیبڕیتەوە، هەرماوەیێکی زەحمەتە، ئیتر ڕادێت و دەست لەشیرخواردن هەڵئەگرێت.

حەزرەتی «شیخ عبد القادری گەیلانی» لەکتێبی غونیەدا ئەفەرمێ، ئافەتی نەفس ئەوەتە حەزئەکات لەوەی خەڵك پیاباهەڵدەن و تەعریفی بکەن، وەناوی بەچاکە بەرن، وەستایشی بکەن، ئەفەرمێ ئەوکەسە ئەبێتە «حەماڵ» بارکێش، باربەری عیبادەت، بۆچی؟ چونکە وای لێدێت بۆ ئەوستایش کردن و لێڕازی بونەی خەڵق خوا ئەپەرستێ، خۆیشی بەخۆی نازانێت، بەخۆی نازانێت، تا ڕیا بەجارێکا ئەیکاتە ژێرەوە.

مرۆڤ کاتێ ئەم نەخۆشی یەی خۆی بۆ دەرئەکەوێت، چاوپۆشی بکات لەو ڕەزامەندی خەڵقەو لەوستایش کاری یە، ئەگەر وای کرد سەیرئەکات، وردەوردە نەفسی ڕووئەکاتە، تەمەڵی، وەمەیلی خواپەرستییەکەی کەم ئەبێتەوە. پاش ئەم تاقی کردنەوەیە، مرۆڤ نەفسی خۆی ئەناسێ، وەئەزانێ چ بەڵایێکە، وە چ درۆزن و فیڵبازو دەس بڕێکە.

بەڵێ هەروەکو خوای گەورەئەفەرمێ «وان ليس للانسان الا ماسعي وان سعيه سوف يرى».

بەبێ تێکۆشان هیچ بەرهەمێك دەستی مرۆڤ ناکەوێت ئەگەریش تێکۆشا بەرهەمی وەرئەگرێت.

هەروەها ئەفەرمێ «والذين جاهَدوا فينا لَنَهدِيَنَّهُمْ سُبُلَنا» «عنکبوت» یان «وجَاهِدوا بِأمْوالِكُمْ وَأنْفُسِكُمْ في سَبيلِ اللهِ»، شیخ زکریا أنصاری لەحاشیەی ریسالەی قوشەیری یەدا ئەفەرمێ ڕزگاربی نەفس والەوەدا جڵەوی بگرێت لەئارەزوەکانی، وجڵەوی ببەی بۆلای ئەوشتانەی کەخوا لەوی داواکردوە، بێگومان خوا ئیحتیاجی بەم تێکۆشانی ئێمە نیە بەڵکو ئێمە بۆقازانجی هەردوجیهانی خومانە ئەبێ تێکۆشین، هەروا کەئەفەرمێ «وَمَنْ جاهَدَ فَإنَّما يُجاهِدُ لِنَفْسِه». شیخ عبد القادری گەیلانی لەکتێبی (فتوح الغيب) دا ئەفەرمێ «نەفسی ئەمارە» دووحاڵەتی هەیە، یان وا لەخۆشی دا یان والەناخۆشیدا، ئەگەر کەوتە گرفتاری و دەردی سەر، وادنیای بەلاوە ئەبێتە چەرمەچۆلەکەو سەری دنیای لێدێتەوە یەکو دەس ئەکاتە ناشوکری و کوفرکردن.

ئەگەریش دنیابەئارەزوی‌ئەوبو، دەس‌ئەکاتە رابواردن‌و لەوەڕو داوێن‌پیسی، وەئەگەر هەزاری‌بوو داوای‌دوهەزار ئەکات دوی‌بو چواری‌ئەوێ، بەکورتی بەهیچ‌تێرناخوات. هەروەکو خوای‌گەورەئەفەرمێ «كَلاَّ إِنَّ الإِنْسَانَ لَيَطْغَى أَنْ رَآهُ اسْتَغْنَى» (علق) (٦) (٧)، واتە مرۆڤ کە لەنیازو هەژاری‌کەوت، وەدەسەلاتی‌پەیداکرد ئیترلەخۆی دەرئەچێت، وەخوای‌خۆی بەهەق‌نەناسێ، وەهەتادێت پێ‌دائەکێشێت.

ئەوەی‌خۆی‌ناسی خوای‌خۆیشی ئەناسێت «مَنْ عَرَفَ نَفْسَهُ فَقَدْ عَرَفَ رَبَّهُ» ئەوەی خۆی‌ناسی خوایش ئەناسێت، هەروا کەحەزرەتی یوسف نەفسی‌خۆی ناسی وەفەرموی «وَمَا أُبَرِّئُ نَفْسِي إِنَّ النَّفْسَ لَأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ»، کەنەفسیشی‌ناسی ئیترجلەوی بۆشل‌ناکات. بەکورتی خەبات‌و تێکۆشان بۆپاك‌کردنەوەی نەفس یەکێکە لەپایە بناغەییەکانی ڕێڕەوی تەصەووف وە بەبێ ئەوخەباتەو بێ ئەوپاك‌کردنەوە، هیچی بۆناکرێت. منیش مەبەستم ناساندنی نەفس، وەپێویست‌بونی خاوێن‌کردنەوەی نەفسە، نەك‌بەوێ، بی‌سەلمێنم کەئەم‌کارە چاکەو، ئێوە ئەبێ‌بیکەن، بێگومان ئەوەی ئەم ڕێبازەی دایەبەر، ئامادەیش ئەبێت بۆئەم‌خەباتە، گەورەپیاوانی ڕێ‌ڕەوی تەصەووف، وەکو جونەید، شیخ‌معروف، وە سری‌سقطی، وەسهل‌بن عبد الله، وغەززالی، وصەدان لەگەورەپیاوانی ئەم‌ڕێبازە، هەزاران فەرمودەی بەرزیان هەیە، بۆپال‌پێوەنان‌و دل‌گەرم‌کردنی موریدی ئەم‌ڕێبازە سەبارەت بەخاوێن کردنەوەی نەفس، کەباس‌کردنیان لەچوارچێوەی ئامانجەکەمان بەدەرە.

ذکر:

ذیکر، ووشەیێکی‌عەرەبی‌یە، بۆ ناوبردن‌ویادکردن بەکارئەبرێت، وە واتای تریش‌هەیە کەپێوەندی بەباسەکەوە نیە، بەلام لەڕوانگەی ئیسلامەوە بۆستایش‌کردنی‌خوا وە یادکردن‌و ناوبردنی بەکارئەبرێت، وەکو ئەوەی، بڵێین «سُبْحَانَ الله، الحمد لله لا اله الا الله»، یان‌صەلەوات خوێندن‌و دوعاخوێندنیش هەرئەکرێ بخرێنە چوارچێوەی ذیکرەوە چونکە ئەویش هەر ڕێزگرتن‌و

ستایش‌کردن‌و پێ‌هاتنە، بەگەورەیی خوا، هەروەها هەر ئەوەدونۆ ناوەکانی‌خودا، لەقورئانی پیرۆزدا، ووشەی ذیکر، جگەلەمانەش بۆنوێژکردنیش واتەبۆناوی نوێژ وە هەروەها بۆناوی قورئان بەکاربراوە، لەوشوێنەدا کەباسی ئەوەم‌کردوە، ذیکر کەنەریتی صوفی‌یەکانە، ڕێك ئەکەوێت لەگەڵی فەرمانی قورئاندا، پەنجەم راکێشاوە بۆ زۆرێك لەوئایەتانە.

بۆنمونە، «إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُون» سورەی الحجر «٩»، ڕوونە کەمەبەست لەووشەی ذیکر لێرەدا قورئانی پیرۆزە.

لێرەشا کەئەڵێت، «يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا، إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَاةِ مِنْ يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ» الجمعة (٩) دیارە لێرەدا مەبەست لەووشەی ذیکر نوێژی جومعەیە. مەبەستم ئەوەیە لەقورئانا ووشەی ذیکر جگە لەواتای ناوبردن‌و یادکردن، بەواتای‌تریش هاتوە، بەڵام بەواتای ناوبردن‌و یادکردن، دەیان ئایەت هاتوە، وەکو، «وَاذْكُرِ اسْمَ رَبِّكَ وَتَبَتَّلْ» «فَاذْكُرُوا اللَّهَ» یان «فَاذْكُرُوا اللَّهَ قِيَاماً وَقُعُودا» «وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيراً»، «اذْكُرُوا اللَّهَ ذِكْراً كَثِيرا»، وَلَذِكْرُ اللَّهِ أَكْبَرُ «أَلَا بِذِكْرِ اللَّهِ تَطْمَئِنُّ الْقُلُوب»، وە دەیان ئایەتی‌تر.

لێرەدا مەبەستم هەرئەوەتە بڵێم، لەقورئان‌دا، ذیکر، بەواتای ناوبردن‌و‌یادکردن هاتوە، ئەمە لەڕوانگەی واتای ووشەوە.

لەڕوانگەی ئەوەیشەوە، ئەم‌یادکردن‌و ناوبردنە دەستورێکی خوداوەندی‌یە، وەفەرمانێکەو ئەبێ ئەنجام‌درێت، چ لە چوارچێوەی نوێژا، چ لەچوارچێوەی ناوبردن‌و یادکردنا، خۆ هەموی ئەوئایەتانە خۆیان فەرمانن وەکو «وَاذْكُرْ رَبَّكَ كَثِيراً»، وَاذْكُرْ رَبَّكَ فِي نَفْسِكَ، فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ، يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيراً، يَاأَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَاتُلْهِكُمْ أَمْوَالُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُم عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ، وَاذْكُرُوهُ كَمَا هَدَاكُمْ» وەدەیان دەستوری‌تر، بۆمانی دەرئەخەن کە ئەم‌یادکردن‌و ناوبردنە واجبێکە لەسەری هەمو موسوڵمانێ، وە موسوڵمانی‌تەواو بەکەسێ‌ئەڵێن، هیچ کارو کاسبی‌و سەرجەنجاڵییێکی ماڵ‌و خێزان، نەتوانێ ڕێگەی ناوی‌خوابردن‌و یادی‌خواکردنی لێ‌بگرێت، «رِجَالٌ لَاتُلْهِيهِمْ تِجَارَةٌ وَلَابَيْعٌ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ».

یان‌وەکو لەپێشاوتم «لَاتُلْهِكُمْ أَمْوَالُكُمْ وَلَا أَوْلَادُكُمْ عَنْ ذِكْرِ اللَّهِ» ئەمانە خۆی ئەوە ئەگەیێنێ نابێ هیچ‌شتێ بکەینەبیانو، یان نابێ ئەوە بکەین بەبیانو کە دەس‌نوێژمان

نیه ، یان ئه‌بێ له مزگه‌وتابین ، یان ده‌ورمان چۆڵ بێت جائه‌توانین ذیکربکه‌ین به‌هه‌رحاڵێ ، ئه‌وه‌ی بیه‌وێ ناوی خوابیات ، له‌هه‌موحاڵێکا ئه‌توانێ ناوی‌بیات ، «فَاذْكُرُوا اللهَ قِياماً وَقُعُوداً وَعلى جُنوبِكُمْ» النّساء (١٠٣) ئه‌مه‌خۆی فه‌رمانه ، یان «الّذِينَ يَذْكُرونَ اللهَ قِياماً وَقُعُوداً وَعلى جُنُوبِهِمْ» آل عمران (١٩١) ئه‌م‌فه‌رمانه‌ش ئه‌وه‌نیه بڵێین رۆژی جارێ یادی‌بکه‌ین ، یان هه‌رنوێژکردنه‌که ، ئیتربه‌سه ، چونکه ئه‌وه له‌کوێ ، ئه‌وه‌له‌کوێ فه‌رمان‌بدات به‌هه‌ڵسان‌ودانیشتن‌و پاڵ که‌وتن ، به‌دڵ‌وبه‌زمان ، به‌شه‌ووبه‌رۆژ ، ناوی‌به‌رین ویادی‌بکه‌ین ، وه ووشه‌ی «كثيراً» ، زۆرجار دوباره کراوه‌ته‌وه ، «اذْكُرُوا اللهَ ذِكْراً كثيراً» (٣٣) (٤١) ، «واذْكُرْ رَبَّكَ كثيراً» (٣) (٤١) ئه‌مانه هه‌موی ئه‌وه ئه‌گه‌یێنن ئه‌م‌ذیکره ئه‌بێ‌زۆربێت ، هه‌روه‌ها ئه‌فه‌رمێ ، «وَاذْكُرْ رَبَّكَ فِي نَفْسِكَ تَضَرُّعاً وَخِيفَةً وَدونَ الجَهْرِ مِنَ القَوْلِ ، بالغُدُوِّ والآصالِ وَلاتَكُنْ مِنَ الغافِلين» اعراف (٢٠٥) لێره‌شا ئه‌گه‌یێنێ هه‌روه‌ها که‌ذیکر به‌زمان پێویسته به‌دڵیش پێویسته «فِي نَفْسِكَ» وه‌ئه‌ویش هه‌رحسیبه ، وه‌ئاخری ئایه‌ته‌که‌یش «وَلاتَكُنْ مِنَ الغافِلين» فه‌رمان‌به‌وه‌ئه‌دا ، نابێ ده‌س له‌ذیکر هه‌ڵگرین ، هه‌روه‌ها ئه‌فه‌رمێ ، «وَمَنْ يَعْشُ عَنْ ذِكْرِ الرَّحْمٰنِ نُقَيِّضْ لَهُ شَيْطاناً فَهُوَ لَهُ قَرِينٌ» (زخرف) (٣٦) . ئه‌وه‌ی ده‌س هه‌ڵگرێ له‌ذیکری‌ره‌حمان ، شه‌یتانێکی بۆتایین‌ئه‌که‌ین ، یان ئه‌یکه‌ینه هاوملی شه‌یتانێك ، که‌واته ذیکرکردن ، له‌روانگه‌ی‌دینه‌وه ، سپارده‌یێکی هه‌مو موسوڵمانێکه وه‌له‌سه‌ری هه‌مومانه به‌ئاشکراو نهێنی شه‌وو رۆژ ، ناوی‌خوا ببه‌ین‌و یادی بکه‌ین ، وه‌ئه‌گه‌ریش نه‌یکه‌ین خواپێی‌ناخۆشه‌و هاوملی شه‌یتانمان‌ئه‌کات یان‌ئه‌فه‌رمێ «فَوَيْلٌ لِلْقاسِيَةِ قُلوبُهُمْ مِنْ ذِكْرِ الله» هاواربۆئه‌وانه‌ی دڵیان‌تاریکه ، چونکه ذیکری‌خوا ناکه‌ن «زمر» «٢٢» ، له‌م‌روانگه‌وه‌یه سوفی‌یه‌کان ، مادام هه‌ده‌فیان ئه‌وه‌ته بکۆشن بۆئه‌وه‌ی ، موبه‌مو ، فه‌رمانه‌کانی خوای‌گه‌وره ئه‌نجام‌ده‌ن ، رووده‌ڕن بوذیکر ، ئایا ئه‌م‌ذیکره نوێژکردن ، یان قورئان‌خویندن ، یان ناوی‌خوابردن‌و ، صه‌ڵه‌وات خوێندن‌و دوعاخوێندن بێت «اُدْعوا رَبَّكُمْ تَضَرُّعاً وَخُفْيَةً» (أعْراف) (٥٥) .

دێته‌وه‌سه‌ری چۆنیه‌تی ئه‌م‌ذیکره له‌روانگه‌ی ته‌صه‌ووفه‌وه .

هه‌روه‌کو بۆمان‌ده‌رکه‌وت ، ذیکر دوو جۆره ، به‌زمان ، یان به‌دڵ ، هه‌روه‌کووتمان «فِي نَفْسِكَ» ، بڕێ له‌ته‌ریقه‌ته‌کان لاین‌گیری ذیکری زمان ، وه‌بڕێکیان لاین‌گری ذیکری ده‌رون ، وه‌بڕێ‌ئه‌ڵێن هه‌ردوکی باشه واته به‌رله‌وا

بەزمان ، تاوردە وردە ئەوکەسە رادێت ، لەپاشان بەدڵ . لەکتێبی **«حقائق عن التصوف»**دا ، لەزمانی **«علامە المناوی»** یەوە ، ئەڵێت ، ذیکر سێ بەشە ذیکری **«عەوام»** ، واتە نەخوێنەوار یان خەڵك بەتێکڕا بەزمانە ، ذیکری هەڵبژێرراوان ، یان گەورەپیاوان بەدڵە ، ذیکری هەڵبژاردەی ناوی ئەوانیش ئەوەتە ، لەخۆشیی **«موشاهەدە»** واتە دیتنی ذیکربۆکراو ، واتە ، خوادا **«مذکور»** ئیترناوبردنیشیان لەبیرئەچێتەوە ، لەم کتێبەدا نزیکەی **«صەدلاپەڕە»** ، هەر لەسەری ذیکر چوە ، ئەوەی بیەوێ ئەتوانێ سەیری بکات هەروەها کتێبی ، **«الفتوحات الربانیه علی الاذکار النوویه»** ج (۱) ، یان ریسالەی قوشەیری ، وەهەموکتێبەکانی تری تەصەووف ، یان **«المرشد الی ایات القران الکریم وکلماته»** ، بەشی **«ذیکر»** یان کتێبی **«المواهب السرمدیة فی مناقب النقشبندیه»** **«محمد امین الکردی»** ، وەصەدان کتێبی تر .

«ئیمامی نەوەوی» باوەری لەسەرئەوەتە ذیکر هەمو جۆریکی هەرباشە ، چ بەزمان چ بەدڵ چ بەهەردوکیان ، بەڵام ئەڵێ ، ئەگەر هاتو هاتەسەری ئەوەی هەربەیەکێکیان ذیکربکات ذیکری دڵ باشترە . **«الفتوحات الربانیة علی الاذکار النوویه»** ج (۱) **«وَلاَتُطِعْ مَنْ أَغْفَلْنا قَلْبَهُ عَنْ ذِكْرِنا واتَّبَعَ هَواه»** (۲۸) **(الکهف)** زۆربەباشی پیشاندەری ذیکری قەلبە هەروەها گرنگیی ئەوذیکرە .

بەهەرحاڵ مەبەست ئەوەتە ، ناوی خوابردن وەخواپەرستیی ، وەلەخواپاڕانەوە ، هەرجۆرێ بێت باشە ، وەبەشوێن و بەجێگاو بەڕاهێنانی مورشید ، وە بەوەزعی ئەوکەسە کەوتوە ، بۆنمونە ، ئەگەر ئەودەنگی بەرزە ریایی تیابێت باش نیە ، ئەگەر هۆی نارەحەتیی خەڵکی نەخۆش و نوستو ونوێژکەری تیابێت چاك نیە ئەگەریش دەستەیێك ، بە ئەدەب ، وە بەبێ ئەوشتانەی وترا سەرگەرمی ذیکری خوابن چی هەیە لەوەچاتر ، دەنگی بەرزیش تادەنگی بەرز فەرق هەیە ، ئەکرێ دەنگیش بەرزبێت بەڵام وانەبێ هۆی نارەحەتی خۆی و خەڵك بێت ، بەکورتی مرۆڤی موسڵمانی خاوەن ئاوەز ، خۆی ئەتوانی ، بزانێت کوێ بۆئەوە ئەشێ بەدەنگی بەرز ناوی خوا بیات ، وەکوێ بۆئەوە ناشێت ، کامی لەسنوری شەرع دەرئەچێ ، وەکامی وا لەچوارچێوەی شەرعا ، جا برێ لەرێبوارانی تەسەووف لەرێی ذیکری نهێنی یەوە سلوك ئەکەن ، برێکیان لەرێی ذیکری ئاشکراوە برێکیش بەهەردوکی .

وئەمان هەمو ناوی خوابردنێك ذیکرە ، وەکو «سبحان الله ، الحمد لله لا اله الا الله ، الله اکبر» وەهەروەها ذیکری «منفرد» ، واتە تەنها ناوی‌خوابردن کەبریتی‌بێت لەذیکری «الله» یان‌ذیکری تەوحید «لا اله الا الله» ئێمەوتمان ڕێبواری تەسەووف تێ‌ئەکۆشێت کەدڵی لەخەوش پاك‌کاتەوە ، بۆئەوەی ئەودڵەشیاوی ئەوەبێت نوری‌خوای تیابدرەوشێتەوە ، وەهەروەکو لە حەدیثا هەیە ببێتە «عرش الرحمن» واتە مەنزڵی خوا جا ئەو دڵ‌پاك‌کردنەش ، خۆبەگاڵتە نابێت ، گاڵتەنیە مرۆڤ بتوانێ هەرچی‌پێناسی خراپە وەکو حەسەد ، وەکو خۆبەزل‌زانین ، وەکو مشت‌قوچاوی ، وەکو درۆزنی ، وەکو زۆربڵێی ، وەئەوشتانەی زوتر باسمان‌کردن ، لەدڵی خۆیا ، لایان‌بات ، وەدڵی پڕکات لەپێناسی پەسەند ، خۆهەروا ناکرێت ، ... ، خەبات‌و تێ‌کۆشانی‌ئەوێ ، زۆرانگرتنی ئەوێت لەگەڵ (نەفسی‌ئەممارە)دا ، جا بەوجۆرەی لەهەزارو چوارصەد ساڵەوە ، تاقی‌کراوەتەوە ، باشترین دەرمان وە بەکارترین ، ژەنگ‌لابەر ، وە ژەنگ‌سوتێنی‌دڵ ، ذیکری‌خوایە ، دڵ بەذیکری خوا ئارام ئەگرێت‌و دڵ‌نیائەبێت ، «أَلَا بِذِكْرِ اللهِ تَطْمَئِنُّ القُلُوب» (رعد) (٢٨) ، ذیکر ، ئەبێتە هۆی ئەوەی خوای‌گەورەیش یادی ئەوکەسە بکات «فاذکرونی اذکرکم» (البقرة) (١٥٢) دڵ ژەنگی هەیە ، بێ‌گومان ئەوژەنگە مەعنەوی‌یە ، هەروەکو لەقورئانا ئەفەرمێ «كَلاَّ بَلْ رانَ عَلَى قُلوبِهِمْ ماكانوا يَكْسِبونَ» (مطففين) (١٤) واتە کردەوە ناپەسەندەکانیان بوەتە ژەنگ بەسەری دڵیانەوە ، یان «وَنَزَعْنا مافي صُدورِهِمْ مِنْ غِلّ» بێگومان ئەم «غیللە» هەیە وە مەعنەویشەو ئێمەهەستی‌ناکەین ، غیل ، واتە کینەو خەیاڵی‌ناپەسەند ، کەواتە ڕێبواری ڕێگەی تەسەووف تێ‌ئەکۆشێت بەهۆی بەردەوام‌بونەوە لەسەری‌ذیکر دڵی‌خۆی لەهەموژەنگێ پاك‌کاتەوە ، ... وەهەروەکو خۆیان باس‌ئەکەن وە صەدان‌ساڵە هەزاران هەزار ، لەم‌نیعمەتی دڵ‌پاکی‌یە بەرخوردار بوون ، ئەڵێن ، دڵ وەکو ئاوێنەی دوکەڵ‌گرتو وایە ، بەهۆی ذیکرو ڕیازەتەوە صەیقەل ئەدرێ ، وەپاك ئەبێتەوە ، ئەوساکە نوری‌خوای تیا ئەدرەوشێتەوە ، وەئەسراری مەعنەوی تیادەرئەکەوێ وەهەرکەسەو بەگوێرەی ئیستیعدادو ئامادەیی خۆی ، دەس‌کەوتو ، بەرهەم‌و بەهرەی پێ‌ئەگات .

هەرچەن ئەم‌ذیکرە بۆئەوانەی مورشیدیان هەیە بەپێی دەستوری مورشید ئەنجام ئەدرێت ، بەڵام ذیکری هەمیشەیی‌و هەمولاگر ، بریتی‌یە لەذیکری (الله) وە ذیکری «لا اله الا الله» پێغەمبەر ئەفەرمێ «أَفْضَلُ ماقُلْتُ أَنا والنَّبِيِّين مِنْ قَبْلُ كَلِمة لا اله الا

الله» ، واتە باشترین ووشەیێك من وپێغەمبەرانی تر وتومانە ووشەی «لا الە الا الله» یە ، لەگەڵ ئەوەشا بگرە مورشیدێك لەكاتێكی تایبەتا ، ذیكری لاحول ولا قوة الا بالله بەمورید پیشان بدات ، یان خوێندنی سورەتێكی تایبەت لەقورئاندا. زوتر باسی قەبض وبەسطمان كرد ، زۆرجار لەوحاڵانەدا مورشید بەپێی «تەشخیصی» خۆی ذیكری ئەو ڕێبوارە ئەگۆڕێت .

هەرچەن وتمان ذیكربەهەموجۆرێ دروستە ، لەگەڵی ئەوەشا برێ مەرج هەیە بۆ ذیكر كردن ، كە كارناسانی تەصەووف دایان ناوە ، بۆئەوەی ڕێبوار زوتر بە بەهرە بگات ، بەرلەهەموشتێ پاكو تەمیزیو دەس نوێژ ، پاشان لەجێگەیێكی كەنار ، وە بەوجۆرەی هەستی ڕیایی لێ نەكرێت ، سێهەم «حوزووری قەلب» واتە لەدڵەوە خۆی ئامادەكات بۆ ئەوەی كەوا لەحوزوری خوادایە ، وەئەبێ پاسای ئەدەب بەكار بێرێت ، وە چاوەڕوانی كەرەمی خوابێت ، چونكە غافڵبون زۆر كارئەكاتە سەری كەم بەهرەیی .

وەلەدڵەوە بڵێت خوایا من مەبەستم ئەوەتە تۆم لێ ڕازی بیت ، وەلەتۆوە نزیك بم ، بەلاّم مەرجی پێویست بۆهەردولا ، وەبۆ مورشیددارو بێ مورشید ، تەوبەكردنە ، چونكە مرۆڤ تابەڵێن نەدا ئیترخراپەنەكات چاكەی بۆسەر ناگرێت بەلاّم بۆذیكری دەرونی شتی تری پێ زیادئەبێت ، بەرلەهەموشتێ ، هەتا ئەوشوێنە چۆڵ و چۆڵتربێت باشترە ، تەنانەت بیابانێك ، یان وەكو مەشهورە ، «خەلوە» یێك بێت ، دەنگی خەڵك نەگاتە گوێی ، وە ئەمەش بۆ «تەركیزە» ، لەكاتی باسی «تەریقەی نەقشبەندی» دا باشتر ئەم مەبەستە شی ئەكەمەوە ، جا لەسەرەتادا بە ذیكری «الله» ، واتەذیكری ذات ، دەست پێ ئەكرێت ئەویش هەر بەپێی باوەڕی مورشیدە ، ئەگەریش بێ مورشیدبو وا خۆیو ئارەزوی خۆی ، دەس ئەكاتە ذیكركردن ، واتە ذیكری «قەلب» .

مەبەستێك هەیە كاتی هاتوە ڕوونی كەمەوە ، ئەویش چەسپاندنی زمانە بەئاسمانەی دەمەوە ، لەكاتی ئەم ذیكرەدا ئەمە مەرجێكی زۆرگرنگە ، بگرە زۆركەس بڵێ ئەمە چی بەو بۆچی باشە؟ من خۆم بەسەرماهاتوە ، وە ئەوەڵجاربو تەمەنم چواردە ساڵ بو ، شیخی باوكم دەرەجەی عالی بێت ، تەریقەتی تەڵقین كردم ، فەرموی ذیكری (الله) بكە لەدڵەوە ، وە لەو كاتەدا زمانت بچەسپێنە بەئاسمانەی دەمتا ، خێراوتم بەڵێ ، بێ ئەوەی بپرسم بۆچی ، چونكە هەم ڕوم نەبو هەم عەقڵم پێی نەئەشكا ،

ئیستەئەزانم مەبەست لەم‌کارە بەستنەوەی زمانە، چونکە زمان عادەتی‌کردوە بەحەرەکەت لەکاتی قسەکردنا، جائەگەر نەیبەسیتەوە تەکان ئەخوات، تەکانی خوارد بێ‌ئەوەی بەخۆت‌بزانیت ذیکرەکە لەدڵەوە ئەگەڕێتەوە بۆزمان، وە ڕێسەکەت ئەبێتەوە بەخوری، واتە هەرچی دڵت ڕام‌کردوەو ڕات‌هانیوە بەوەی وردە ورده ڕابێت لەسەری ذیکر، خێرا ئەچێتەوە سەری خدەکەی لەوەوپێشی، وەهیچت بەهیچ نابێ.

کەواتە ئەم زمان بەئاسمانەی دەمەوە چەسپاندنەش هەربۆ «تەرکیزە»، هەرچەن باش شەتەکی دەیت، زوتر دڵت بۆڕادێت، وە خوایاربێت، وەئەگەر مورشیدی باش‌هەبێت، پاش ماوەیێکی‌کەم، دڵ دەس‌ئەکاتە ذیکرکردن، وە «**لەطیفە**»ی دڵ لەژەنگ پاك ئەبێتەوە، وتم لەپاشان باسی «**لەطائف**» ئەکەم، لێرەدا، «**إصطلاحێك**» هەیە، ئەویش صوفی‌یەکان بەکاری ئەبەن، کەبریتی‌یە، لە عالەمی خەلق، وەعالەمی ئەمر، «**ألا لَهُ الخَلْقُ وَالأَمْرُ تَبارَكَ اللهُ رَبُّ العالَمین**» (**٥٤**)(**أعراف**)، جا بەلای ڕێبوارانی تەصەووفەوە، عالەمی خەلق، ئەم‌جیهانی مادە، وەمەوجوداتەیە، عالەمی ئەمریش، (**ممکنات یان معنویاتە**) کە بە ئەمری خوا دروس‌بوە، بەئەمری «**کن**». ئەولەطائفەی کەوتمان. هیچ‌کام مەحسوسات نین، وەکو قەلب، ڕۆح، سیرر، خەفی، ئەخفا، ئەمانە، یەك لەشوێنی‌یەك بەم ذیکری الله، پاك ئەکرێنەوە، جا پاشان نۆرەی پاك‌کردنەوەی عالەمی مەحسوساتی مرۆڤ دێت، کەبریتی‌یە لەنەفسی ئەوکەسە (**نەفسی ناطیقە**)، کە لەبەشی‌نەفس‌دا باسی‌ئەکەم، وە (**عەناصیری ئەربەعە**)، واتە چوارعونصور، یان چوارماددە، واتە «**ئاوو هەواو وشکی‌و حەرارەت**»، ئەویش بەجیا باس‌ئەکەم، جائەگەر ذیکر لەقەلبەوە دەستی پێ‌کرا ئەڵێن، لەعالەمی ئەمرەوە دەستی‌پێ‌کردوە ئەگەریش لەزمانەوە دەستی‌پێ‌کرا، ئەڵێن لەعالەمی خەلقەوە دەستی‌کردوە بەذیکر، جائەوەی لەعالەمی خەلقەوە، واتەلەذیکری‌زمانەوە، دەستی‌پێ‌کرد، ئاخرین قۆناغی ئەبێتە تەزکیەی «**دڵ**»، واتە پاك‌کردنەوەی دڵ، بەڵام ئەگەر لەدڵەوە دەستی‌پێ‌کرد، وا هەر بەپاك‌بونەوەی دڵ‌کە (**سولطانی**) لەشە، هەمو لەطائف‌و عەناصیرەکان مل‌کەچ ئەبن، وەزوو، یەك لەشوێنی‌یەك، خۆئەدەن بەدەستەوەو پاك ئەبنەوەو، ڕێبوار ئەگاتە مراز.

جائەڵێن شاهی‌نەقشبەند کەفەرمویەتی «**بەکەم‌قوناغی ئێمە دواقوناغی خەڵکە**»، یان ئەوکارەی ئێمە لەپێشا ئەی‌کەین خەڵك پاش ماوەیێکی زۆر، خەبات کردن، جا

ئەیگاتیٚ، ئەمەتە، واتە ئەوان پاش بڕینی نۆقۆناغ جائەگەنە دلّ، ئێمە بەرلەهەموشتیٚ دلّپاك ئەکەینەوە.

ذیکری دووهەم، بۆهەردولا، **«نەفی و إثباتە»**، کەبریتی بە، لەذیکری **«لا اله الا الله»**، لا اله، نەفی ئەکات، کە هیچ خوایێك نیە، پاشان **(إثبات)**، واتە **«جگەلە الله»**، بۆئەوانەی ذیکری ئاشکرایان هەیە، بەردەوام ئەبن لەسەری ئەم ذیکرە بەزمان، تا بەمرازئەگەن

وەئەوانەش کە بەدلّ ذیکرئەکەن هەروەکو ذیکری **«الله»** دەس ئەکەنە ذیکری لا اله الا الله، ئەگەرمورشیدبو وا بەدەستوری ئەو، ئەگینا خۆیوبەختی، بۆئەوکەسەی مورشیدی هەیە هەم بۆ گواستنەوەی ذیکر لەم لەطیفەوە بۆ ئەو لەطیفە وەهەم بۆگواستنەوە لە ذیکری ذاتەوە بۆ نەفی و ئیسبات، بەفەرمانی مورشید ئەگوێزێتەوە، جائەگەر ذیکری **«الله»** یان **«لا اله الا الله»** توانی لەنەفسا دامەزرێت، واتە ئەوکاتە هەموی لەشی ئینسان، وە موبەموی ذیکرئەکات، تەنانەت وای لیٚ دێت لەذەررە ذەررەی ئەم جیهانە، ئەوذیکرە ئەبیسیٚ، بەوذیکری لەشە ئەلّێن. **«سُلطانُ الأَذْکار»** یان **«سلطان الذکر»**، وە بەذیکری جیهان وەکەون ئەلّێن ذیکری **«ماسوی»**.

شێوەی ئەم لا إله إلا الله یە، کەنفی و ئیسباتە دابی تایبەتی هەیە، کەچۆن ئەکرێت، لەکاتی باسی تەریقەی نەقشبەندی دا، بەیارمەتی خوا باسی ئەکەم.

بەم چەشنە دەرئەکەویٚ کەپایەی بناغەیی و سەرەکی ی ڕێبازی تەصەووف، بەسەری ذیکرەوە دامەزراوە، وەسەردەفتەرو گەورەترین ذیکریٚ، کەبەکارئەبرێت، ذیکری ذات، واتە **«الله»** وە **«لا اله الا الله»**یە.

وەئیمامی غەززالی لەکتێبیٚ **«المنقذ من الضلال»**دا، لەبەشی ری نمایی ڕێبوارانەدا، لای وایە جگە لەڕاسەنوێژو سونەتەکان، ئیتر ڕێبوار، نابیٚ کاتی خۆی بەهیچی ترەوە بگرێت، بەذیکرەوە نەبێت، تەنانەت بۆقورئان خوێندنیش ئەفەرمیٚ ئەبیٚ زۆرکەم، بەویشەوە کاتی بباتەسەر، چونکە دلّ وەدەرون تەنها بەذیکر، **«لیی»** واتە، **(مالّی)** ئەکرێت، وە لە یاخی گەری و سەرکێشی و کێوی گەریی، ئەکەوێت، بێگومان ئەوەی کەخۆی شتی تاقی کردەوە لەئێمە باشترئەزانێت.

••

إشراق :

ئیشراق وتەیێکە کە لەنیوەی دوهەمی صەدەی شەشەمی کۆچی‌دا کەوتوەتە ناوی تەصەووفەوە. ئەکرێ ئیشراق بەناوی فەلسەفەیێکی تازەیش وەرگرین کەبناغەی بەسەری فەلسەفەی ئیفلاطونەوە دامەزرابێت، یان‌بڵێین بەرهەمێکی تازەیە لەپەیوەندی **«موتوربە»**ی تەصەووف لەفەلسەفەی ئیفلاطون هاتوەتە دی.

بەدی‌هێنەری ئەم ڕێڕەوە تازەیە **«شەهاب الدین بن‌یحیی بن حبش بن ئەمیرەك»**، ی سەهرەوەردی‌یە خەڵکی سەهرەوەردی لای **(زەنجان)** لەمیدیای‌قەدیم. لە **٥٤٩ك (١١٥٥)**م، لەسەهرەوەردهاتەدنیاوە وەلەساڵی **(٥٨٧)** ك **٢٩** تەموزی **«١١٩١»** لەشاری حەڵەب‌دا لە زەمانی**«ملك»**ظاهردا هەرلەسەری ئەم‌بیرو باوەڕە تازەیە، ئەویش وەك‌حەللاج فتوای کوشتنی‌درا وەکوژرا، وەلەپاشا پەشیمان‌بونەوە وەزۆربەی ئەوانەی بونەهۆی‌کوشتنی کوژرانەوە، **«ئەم‌سەهرەوردی‌یە لەگەڵی‌شیخ‌عومەری سەهرەوەردی (بەغدا)** لێك‌جیان، بەڵام‌لەخانەدانێکن.

لێرەدا مەبەست ئەوەتە مادام باسمان باسی‌تەصەووفە وەئیشراقیش مەبەستێکە خواهی‌نەخواهی لەمەوضوعی‌تەصەووفدا هەردێتەناوەوە تۆزێ باسەکە ڕوون کەینەوە، **«ئەبولقاسم ئەلکازرونی»** ١٠٥٠ ك ١٦١٠ م ئەڵی **«هەرواکە فارابی تازەکەرەوەی فەلسەفەی** «مشائی» یەکان‌بو **«واتە فەلسەفەی ئەرەسطۆ»**، وەناوی‌نرا **«موعەللیمی ثانی»**، واتە، ئەرەسطو، ماموستای‌یەکەم وەفارابی ماموستای دووهەم لەم‌فەلسەفەدا، هەروەها ئەبێ بەسەهرەوەردیش بوترێت زیندوکەرەوەی فەلسەفەی ئیشراق واتە فەلسەفەی ئیفلاطون. **(کوربان) «تاریخ الفلسفة الأسلامیة»**.

سەهرەوەردی خۆی سەبارەت بەم‌فەلسەفەیە ئەڵێت. **«ئیمە ئەگەر بیتو خۆمان لە لەززەت وەرگرتنی جیسم** «لاشە» داماڵین، **«واتە دەس لەتاسەشکاندنی‌حیسمی هەڵگرین»**، نوری‌خودا لەدەرونمانا هەڵ‌دێت **«دەرئەکەوێت» «ئەدرەوشێتەوە»**، نورێك کە هەتاهەتایە هەربەردەوام‌ئەبێت ئەم‌نورەش لەسەرچاوەیێکەوە هەڵ‌دێت کەبۆئێمە وەکو باوك وەیان سەروەرێکی گەورە لەبەنی‌ئادەم وایە، وەئەو بەخشندەی هەمو شێوەکانە وەسەرچاوەو کانگەی هەموگیان‌لەبەرێکە لەهەموجۆرێکی،

بەوسەرچاوەیە ئەڵێن «ڕەوانیپیرۆز»، «**الروح المقدسة**»، وە بەزمانی فەیلەسوفەکان پێی ئەڵێن «**العقل الفعال**» «**ئاوەزوهۆشیبەکار**».

مەبەستلێرەدا ئەوەتە (ئیشراق) ووشەیێکە، بەکار ئەبرێت بۆ ئەوباوەڕەی کەئەڵێ ئەگەربێتو مرۆڤ دەس لە «**مَلَذّات**» واتە «**کامگیری**» «**تاسەشکاندنی جیسمی**»، بەهەموجۆرێکی هەڵگرێت وە ڕوی‌دڵی بکاتەخودا خوداخۆی دڵی‌ئەوکەسە ڕوونالئەکاتەوە، وەنوری خودا لەودڵەدا «**ئیشراق**» ئەکات، واتە وەکوخۆر هەڵدێت.

جا سەبارەت بەمباوەڕە «**حاجی‌خەلیفە**» لەکتێبی «**کشفُ الظنون**» دا وە «**تەهانەوی**» لەکتێبی «**کشاف اصطلاحات الفنون**» دا، سەبارەت بەمئیشراقە باوەڕێکی جوانیان دەربڕیوە کەئەڵێن. «**ڕێگە بۆگەیشتن بەمەعریفەت «خوداناسی»**» دووجۆرە یەکێکیان ڕێگەی خاوەن‌بیرو ئیستیدلالە، واتە «**هەستوبەڵگە**»، وەئەویتریان ڕێگەی ڕیازەتکێشان‌و خەباتکارانە «**موجاهەدە**»، ئەوانەی کەپەیڕەوانی ڕێگەی یەکەمن ئەگەر پەیرەوی یەکێ لەپێغەمبەرەکان‌بون «**دروودی خودایان‌لەسەر، ئەوە پێیان ئەڵێن «متکلمون»**»، ئەگینا، «**حوکەمای مەششائین**» ئەوانەش کە ڕێگەی دووهەمیان‌گرتوەتەبەر ئەگەر لەو ڕیازەتکێشانەدا پەیرەوی‌یان‌کرد لەشەریعەتی ئیسلام، ئەوە پێیان ئەڵێن «**صوفی**»، ئەگینا پێیان ئەڵێن «**ئیشراقی**» یەکان.

بەمچەشنە بەپێی باوەڕی ئەمدوکارناسە ئیشراقیەکان ڕیازەتکێشێکن کەپەیڕەوی‌کردن لەشەریعەت بەلایانەوە گرنگ‌نیە.

بێگومان باوەڕەکانی سەهرەوەردی لەکتێبەکانی‌خۆیا کەزۆرن دەرئەکەوێت، بەتایبەت «**هیاکل النور، وەحکمة الاشراق**» وەئەوانی‌تریش.

لێرەدا مەبەست هەرئەوەبو ئێوەبزانن، ئیشراق درەوشانەوەی نوری خودایە لەدەرون‌دا ئیترچەنو چۆنەکەی خۆیپێویستی بەکتێبێکە. لەمدواییەدا دوکتور عرفان عبد الحمید فتاح لەکتێبی «**نشأة الفلسفة الصوفية وتطورها**» چەن‌پەرەیێکی لەبارەی فەلسەفەی ئیشراقەوە نوسیوە، ئەکرێ لەویش‌کەڵک‌وەرگیرێت بەتایبەت چونکەناوی‌سەرچاوەکانی تیایە، وەمن خۆم لەکتێبەفارسیەکەما ژیانی سەهرەوەردیەکان هەمویانم بەدرێژی‌نوسیوە.

وەلەکۆتاییدا ئەڵێم هەرچی بەڵگە هەیە هەموی پێشاندەری ئەوەتە کەئەم سەهرەوەردی یە «بەناوبانگ» بە «مەقتول» باوەڕی بەخوداو بەدینی ئیسلام زۆر بتەوە وەصوفیێکی بەتەواو مەعنابوە، بەڵام زیرەکی ی لەڕادەبەدەر، وە خوێندەواری ی لەرادەبەر، وەتوانایی باسو موناقەشەی لەڕادەبەر، بونەهۆی ئەوەی بەجوانی ی بکوژرێت وە دەرفەتی ئەوەی نەبێت بگاتە تەمەنی دامەزراوی و دامرکاوی تائەم باوەڕەی خۆی بکاتە ڕێڕەوێ لەرێ ڕەوەکانی تەسەووف وەهەروا جوانەمەرگ بو وەلەسی وشەش ساڵیدا کوژرا .

موشاهەدە :

عەمر کوری عوسمان «ئەلمەککی»، لەکتێبی «قوت القلوب» دا ئەڵێت موشاهەدە بریتی یە لەوشتەی کەدڵ ئەیبینێ لەغەیب، واتەلەشتی پشتی پەردە وەنەزانراو، وە ئەوشتە قەت نەئاشکرائەبێت و نەئەبێتە «وەجد»، هەرلەم سەرچاوەدا ئەڵێ «موشاهەدە واتە موحاضەرە» موحاضەرەش واتە نزیك بونەوە، لەپاشان ئەڵێن موشاهەدە ئەو نزیکی یەتە کەئەبێتەهۆی «علم الیقین»، وە خاوەن موشاهەدەکان وان لە سێ حاڵدا ،
دەستەی یەکەمیان موریدە تازەکارەکانن وەئەوانە شت بەچاوی عیبرەت «پەند»، ئەبینن یان بەچاوی «بیروهۆش»، حاڵی دوهەمی موشاهەدە، هی مامناوەندی یەکانە ، حاڵی ئەمانەش وەکو «ئەبوسەعید الخراز» ئەڵێ، خەڵك وان لەناوی مشتی قودرەتی هەقدا وەوان لە موڵکی ئەودا، ئەگەر بێتو «موشاهەدە»، لەنێوانی خوداو بەندەدا رووبدات ئیتر نەلە «سیرر» وە نە لە «وەهم» ی ئەوکەسەدا جگە لەخودا هیچی تر نامێنێتەوە .
وە حاڵەتی سێهەم لەموشاهەدە هەروەکو «عمرو بن عثمان المکي» ئەڵێت ، دڵی عاریفان خودا موشاهەدە ئەکات، موشاهەدەیێکی دامەزراو، بەوکائنات ئەبینن وە لەکائناتەوە ئەو ئەبینن .
خاوەنی کتێبی «اللمع» لەپاشان خۆی ئەڵێت موشاهەدە حاڵێکی زۆربەرزە وە رووناکی ی حەقائقی یەقینە، واتە ڕاستەقینەکانی باوەڕی تەواوە .

شیخ عومەری سەهرەوەردی ئەڵێت، موحاضەرە وە موکاشەفە وە موشاهەدەمان هەیە، موحاضەرە هی ئەوانەتە وان لەپایەی تەلوین دا موشاهەدەیش هی ئەوانەتە کە خاوەنی مەقامی تەمکینن وە موکاشەفەیش هی قۆناغێکە کەوا لەنێوانی ئەم دوومەقامەدا، تائە وکاتەی کە موشاهەدەکەی دامەزرێت، ئەڵێ، موشاهەدەو موحاضەرە هی ئەوانەتە کەباوڕیان «علم الیقین»ە واتە لەڕێگەی زانیاری یەوە خوداناسن، بەڵام موکاشفە هی ئەوانەتە کەباوەڕیان گەیشتوەتە «عین الیقین»، واتە ئەوەتە شتی نهێنی لەئەسراری خودا ئەبینن وەباوەڕەکەیان بتەو بوەو بوەتە دیتن، بەڵام موشاهەدە هی ئەوانەتە کەئیمانیان ئەبێتە «حق الیقین»، واتە ئەوپەڕی باوەڕ، باوەڕێك کە لەگەڵی ڕەگوریشەو خوێنی مرۆڤدا تێکەڵ ئەبێت.

کەواتە موشاهەدە ئەبێتە چاوپێکەوتن بەچاوی دڵ واتەچاوی بەصیرەت بەنوری هەق، وەهەست کردن و تام کردن و چەشتنی ئەوخۆشی یە، بەدڵ ودەرون، موکاشەفەش شت بۆڕوون بونەوەیە، موحاضەرەش ئامادەبون لەگەڵی شتێکایە یان حاضربونی ئەوشتەیە. تەلوین و تەمکینیش زووتریش وتمان، دوو مەقامن تەلوین هی ڕێبوارانە «سالیك» کە لەپایەیێکەوە مەقامی ئەگۆڕرێت بۆمەقامێك بەڵام تەمکین هی ئەوانەتە کە پێ گەیشتون و دامەزراون.

«شیخ الاسلام هروی» ئەویش لە «مَنازِلُ السَّائرین» دا ئەڵێت، موشاهەدە بریتی یە لە هەڵگیران و لاچونی پەردە وەئیتر بێ پەردە ڕێبواری ڕێگەی تەصەووف بەچاوی دڵ خودای خۆی ئەبینێ، ئەویش هەرئەڵێ موشاهەدە باڵاترە لەموکاشەفە، جائەڵێ موشاهەدە سێ پلەی هەیە «موشاهەدەی مەعریفە» واتە دیتنی زانین کەوا لەژوری سنوری عیلمەوە لە لەوحەکانی «نوری وجوددا»واتە لەڕوناکی ی هەستی دا وە لە فەنای جەمع دا باری لێ خستوە.

پلەی دوهەمی «موشاهەدەی موعایەنەیە»، واتە دیتنی بشکنین وە لێوردبونەوە کە زمانی ئیشارەیشی تێدا کۆڵە، وە پلەی سێهەمی «موشاهەدەی جەمع» ە واتە دیتنی یەك گرتن، کەسواری دەریای هەستی ئەبێت.

لەکتێبی «مُعجَم مصطلحات الصوفیەدا» سەبارەت بەموشاهەدە ئەڵێت، بریتی یە لەئەوپەڕی نزیك بونەوە لەخودا، ئەڵێت وتراوە کەبریتی یە لەچاوپێ کەوتنی هەق بەچاوی دڵ.

زۆرجار وادێتەپێشەوە، لەخوێندنەوەی ئەوباسانەدا، کەپەیوەندی هەبێت بەتەصەووفەوە، ئەم ناوانە ئەکەونە پێش چاو، هەرچەن وەنەبێ ئەم ناوانە بەشێك بن لەزانیاریی تەصەووف، بەڵام وەکو وتم بەکارئەبرێن، کەواتە بەکورتی ی دەسنیشانییکیان بۆئەکەم .

عالەمی لاهوت :

ئەبێتە عالەمی **«ئەرواح»** هەروەها، ئەڵێن، زانیاریی لاهوت، ئەو زانیاری یەتە لەبارەی ئەومەبەستانەوە باس ئەکات کەپەیوەندی یان بەخوای گەورەوە هەیە، وە **«لاهوتی»** بەکەسێ ئەڵێن، زانابێت لەزانیاری ئەرواح دا یان لەوزانیاری یانەدا پەیوەندی یان بەخواوەهەیە .

جیهانی ناسوت :

یان زانیاریی ناسوت، یان وشەی ناسوت پێچەوانەی زانیاری لاهوتە چونکە جیهانی لاهوت جیهانی **«ئەرواحە»**، وەجیهانی ناسوت بریتی یە لەم جیهانە خاکی یەی ئێمە وەسەبارەت بەوشتانە باس ئەکات کەپەیوەندی یان بەمرۆڤەوە هەیە وەکو ئەوە وایە بڵێین جیهانی مرۆڤ، یان جیهانی ماددی، وەلەبناغەدا لەووشەی **«ناس»** دروس بوە، وە واوو تێی بۆزیادکراوە کە شێوەیێکی **«سورەیانی یە»** وە بوەتە **«ناس وت»**، کەوابو ئەبێتە جیهانی **«سوروشتی ئینسانی»**، وە ئەو زانیاری یانەی کەسەبارەت بەئینسان ئەدوێن. بەرانبەر بەلاهوت کەخواناسی یە، یان رۆح ناسی یە، ئەم جیهانی خاك ئەوجیهانی رۆح .

جەبەروت :

سەرچاوەی ئەمووشەیە لەناوی خوای گەورەوە **«جەبیار»**، هاتوە، پێناسی جەبیاریش ئەوەتە هەرچی بوێت ئەیکا، وەئەوەی بیەوی بەزۆر بەدروس کراوەکانی خۆیی ئەکات، وەکوئەوەی برێك وتویانە ئەگەر بەندە گەیشتە جیهانی مەلەکوت چارەنوسی خۆی بەدەستی خۆیەتی، واتە ئەوەی بیەوێ ئەیکات و ئەوەی نەیویست

نایکات، بەڵام کە لە جیهانی جەبەروت دابو ئیتر ئەبێ ئەوەی خوائەیەوێ ئەوەبکات وەهیچ چارەنوسێکی لەدەستی خۆیا نەهێڵێ.

«أبو طالب المكي» ئەڵێ جیهانی جەبەروت جیهانی عەظەمەتی خوایە، وەبریتی‌یە لە جیهانی ناوەکان‌و پێناسەکانی خوای گەورە کەواتە هەرزانیارێك لەم‌بارەوە باسی‌کرد پێی‌ئەوترێ زانیاری جەبەروت.

زۆرێك لەگەورەپیاوانی تەصەووف وتویانە جیهانی جەبەروت وا لەبەرزەخا، واتە وا لە ناوەراستی جیهانی ناسوت وە مەلەکوتا واتە جیهانی غەیب. محي الدينی عەرەبی لەزمانی حەزرەتی عەلی‌یەوە ئەیگێرێتەوە ئەڵێت، جیهانی جەبەروت، جیهانی «عەزەمەتە»، ئەم جیهانەش والەژێری فەرمان‌و چاودێری برێ رەوانی پاك‌و نورانی‌دا، وەناێڵن ئەوانەی ئەیانەوێ لەناسوتەوە، بڕۆن بوجیهانی مەلەکوت، بەبێ روخسەتی ئەوان تێ‌پەڕن، چا چونکە لێرەدا جەبر بەکارئەبرێت، ئەبێتە جیهانی جەبەروت.

جیهانی مەلەکوت :

ئەم جیهانەش بریتی‌یە لەجیهانی غەیب، یان ئەوجیهانەی کەنەفسی پاکی مەلائکەکانی تیا ئەژین، هەروەها وەکوتمان هەربەندەیێکی خوا مەقامی رۆحی‌ئەو گەیشتە ئەم مەقامە، لەدیاری‌کردنی سەرنوێشتی خۆیا ئازادە، وەکو جیهانی جەبەروت‌نیە، جابۆیە لەپلەی جەبەروتا بەرگری ئەکەن لەبەرزبونەوەی، بۆئەوەی جیهانیکی بەرزترە وەکەسێ بەتەواوی نەپاڵێورێت‌و نەبوبێتە نور، رێگای جیهانی مەلەکوتی نادەن.

کەواتە، ناسوت ئەبێتە جیهانی مادده، وەسوروشت وەلەشی ئینسانی، هەروەها ئەوشتانەی‌پەیوەندیان بەئینسانەوەیە.

جەبەروت مام‌ناوەندی‌یە وە بەرزەخە لەنێوانی ناسوت وەمەلەکوت‌دا مەلەکوتیش جیهانی رەوانی رەوان‌پاکان‌و رەوانی مەلائکەکانە.

وەجیهانی لاهوت، جیهانی غەیب، یان‌جیهانی ئەرواح یان جیهانی «ئولوهی‌یەت»، واتە خوایە،

العَناصِرُ الأرْبَعة :

برێجار، لەکاتی باسی تەزکی یەی لەطائف‌دا، ووشەی «**چوار عونصور**» ئەبینرێت، بەتایبەت، لەڕوانگەی سولوکی تەریقەتی نەقشبەندی‌دا، کەئەڵێن، لەطائفێك کە وجودی ظاهیروباطین، یان ماددی‌ومەعنەوی مرۆڤی لێ‌دروس‌بوە دە لەطیفەن، پێنج‌یان هی‌عالەمی خەلقە، کەبریتین لەم‌چوار عونصورە وەنەفس، ئەوانیشی لەطیفەی قەلب، ڕۆح، سیرر، خەفی، ئەخفا یە، «**نەك قەلبی گوشتین**»، بەلکو هەروەکو وتمان، دەرونی مرۆڤە، یان مەرکەزێکی تایبەت لەدەرونایە، کە شتێکی مەعنەوی‌یە، جا بەم لەطائفانە ئەڵێن لەطائفی عالەمی ئەمر، واتە بەئەمری خوا هەن، وەتەنها ڕێبوارانی ڕێگەی تەصەووف هەستی‌ئەکەن وەشتێکی هەست‌کراو بە هەست‌پێ‌کراوەکان نین با بزانین ئەوچوار عونصورەکە چین، هەر لەزەمانی لەمێژەوە کەفەلسەفە پایەڕێژی کراوە، وادانراوە کە ئەم جیهانە، هەموی لەچوار عونصور، چوار جۆرماددە دروس‌بوە، هەروەها پێیان وتوە «**الأُسْتُقِصّات**»، یان «**المواد والأرْكان**»، ئایا ئەم چوارعونصورەی کەهەموی جیهان لەوانەدروس بوبێت، وە لەشی مرۆڤیش هەر لەوچوار عونصورە دروس‌بوبێت چی‌یە؟ ئەمانەن.. ئاو، خاك، ئاگر، هەوا، هەرچەن ئیستە زانیاری باوەری هەبێت بەم بیرە، یان نەی‌بێت، ئەم‌مەبەستە لەڕوانگەیێکەوە زۆر لەئاوەزەوە نزیکە، ئیمە کەئەڵێین ئاگر خیرا هۆشمان ئەڕوات بۆلای ئاگری نان‌و چێشتی لای‌خۆمان، یان ئەوئاگرانەی کە لەدرێژایی ڕۆژا چاومان پی‌یان ئەکەوێ، یان، کەئەڵێین خاك، هۆشمان ئەڕوات بۆلای ئەم گڵەو، ئەم‌خاك‌و خۆڵەی لەبەردەستمانایە، .. بەلام ڕاستەکەی وانیە، بەڵکو ئەم چوار عونصورە، خاکەکەی بریتیە لە هەمو مادەیێکی وشك لەم کەونەدا، دیارەخاکیش لەو ماددە وشکانە دروس‌بوە، چ زێڕو گەوهەربێت یان هەر مادەیێك لەهەر کانگەیێك، وەهەر خاك‌و بەردو دارو شتێکی وشکی‌تر، بەچەشنێکی‌تیکڕا هەرچی مادەیێکی وشکە،سەبارەت بە ئاوەکەش، مەبەست رطوبەت، نم، وەتەڕی‌یە، ئاگرەکەیش مەبەست، تیشکی‌ڕۆژو حەرارەتە، هەمومان ئەزانین، لەشی‌هەمو گیان دارو‌بی‌گیانێك، حەرارەتی‌تیایە، وەکوئەوەی سەهوڵێك کەچلوپێنج پلەی ژێری خاڵ‌بێت، گەرم‌ترە لەسەهوڵێك، کەپەنجا پلەی ژێری‌خاڵە، یان زەوی کە

هەڵی کوڵین، هەرمیترێك کە ئەڕۆینە خوارەوە، گەرمای زیاتر ئەبێت، تائەگاتە هەزاران پلەی گەرما، بەجۆرێ هەرچیێکی تیایە، نەك هەر تواوەتەوە، بەلکو بوخاریشە، سەبارەت بە هەوایش، بریتی یە لەو عونصورانەی کە هەوایان لێ دروس ئەبێ، وە بەبێ ئەوان هەوا دروس نابێت، بێ هەوایش هیچ گیان داری ناژیت، کە ئۆکسجین سەرۆکیانە، بەبارێکی‌ترا، ئایا بێ تیشکی هەتاو، کە گەرمایەو وە بەبێ ئاوو هەواو خاك، هیچ شتێ ئەژیت؟.. خوایش ئەفەرمێ «**وَجَعَلْنَا مِنَ الْمَاءِ كُلَّ شَيْءٍ حَيٍّ**».
کەواتە بەڕاستی ئەوچوارعونصورە بناغەی ژیانن ئیتر مەبەست ئەوەنیە، ئەم جیهانە تەنها لەچوار عونصور دروس بوە، بەڵکو مەبەست ئەوەتە ئەکرێ هەمو عونصورەکان لەچوارچێوەی ئەم چوار عونصەرەدا کۆکەینەوە، وەبڵێین، ئەوەی ئەم جیهانەو ئێمەی گیاندارانیشی لێ دروس بوە، بریتی یە لە «**وشکی و تەڕی و گەرماو هەوا**» وەئەمانەن هوی بەردوام بونی ژیانن؛ بەتایبەت سەبارەت بە لەشی مرۆڤ، وەهەموی گیان لەبەران، ئەبینن لە زانیاری گیان دار ناسیدا دیاری ئەکەن، ئەگەر بێتو لاشەی مرۆڤێك، یان گیان لەبەرێ بسوتێنین، لەصەدا ئەوەندەی خاکە. واتە خۆڵەمێش، ئەوەندەشی هەڵم و نمە، ئەوەندەشی هەوایەو ئەوشتانەی هەوای لێ دروس ئەبێت، بێگومان، هەرجیسمێ بەڕادەی پێویست حەرارەتی هەیە، وەپێویستی بەتیشکی ڕۆژیش هەیە کە حەرارەتە کەوابو چ مرۆڤ، وەچ هەربەشێکی ئەم کەونە، لەیەکێ، یان زیاتر لەم چوارشتە دروس بوە. واتە، گەرما «**ئاگر**»ەم وەتەڕی «**ئاو**»ەوشکی ی، واتە (**خاك**)، وە «**هەوا**»، کەئەبێتە، هەمان چوارعونصورەکە.

بەکورتی، ئاکام هەرچی وەهەرچۆن بێت، هەرکاتێ ناوی (**چوار عونصور**)، برا، وا مەبەست ئەو چوارعونصورەتە.

وَلِيّ:

وەلی، ووشەیێکە چ لەڕوانگەی ئیسلامەوە بەشیوەیێکی گشتی، وە چ لەڕوانگەی تەصەووفەوە، زۆر بەکاربراوە، لەکوردی خۆمان‌دا، هەمیشە بەخواپەرستانی ڕاستەقینەو پیاوچاکان ئەلێن وەلی.

لەڕوانگەی قورئانەوە ووشەی وەلی، هەم بۆخوا، وەهەم بۆ بەندە لەئایەتی زۆرا بەکاربراوە، وەکوئەوەی خوائەفەرمی **«اللهُ وَلِيُّ الَّذِينَ آمَنوا»**، **«واللهُ وَلِيُّ المؤمِنِين»**، **«وَاللهُ وَلِيُّ المُتَّقِين»**، **«وَكَفى بِاللهِ وَلِيّاً»** **«قُلْ أغَيْرَ اللهِ أتَّخِذُ وَلِيّاً»**؟ **«وَهُوَ يَتَوَلَّى الصّالِحِين»**، وە دەیان ئایەتی تر، هەموی پیشان دەری ئەوەتە خوای گەورە وەلی بەندەکانیەتی، جالێرەدا ئەم ویلایەتە، بەواتەی ژێری سایەی خۆگرتن و، ژێری چاودیری لی کردن و ئاگالی بون و ئەوجۆرە واتانەیە، بەڵام لەم واتاکەیا کەبەندە وەلی یە، بەومەعنایە کە چاودێری لی کراوو خۆشەویستی خوایە، وەخوا موژدەیان ئەداتێ کەترسیان نەبێت بەهەشت جیگەیانەو خوایان لی ڕازی یە، هەروەکو، لەسورەی **«یونس»** ئایەتی، (٦٢) دا، ئەفەرمێ، **«ألا إنَّ أوْلِياءَ اللهِ لاخَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاهُمْ يَحْزَنُونَ»**، لەپاشان ئەفەرمێ **«الَّذِينَ آمَنوا وَكانوا يَتَّقُون»** خوا خۆی پێناسی وەلی پیشان ئەدات کە ئەفەرمی **«آمَنوا وَكانوا يَتَّقُون»**، واتە، هەم خاوەن باوەڕبون، وەهەم پارێزکاری، واتە هەم خواپەرستی یان کردوە، هەم خۆیان لاداوە لەگوناه، جا پاشان ئەفەرمێ **«لَهُمُ البُشْرى في الحياةِ الدُّنيا وَفي الآخِرَةِ»** واتە بۆ هەردو ژیانەکە موژدەیان ئەدەمێ، وە لەسەری ئەوموژدەیەش هەربەردەوامم، چونکە خوا لەبەخشین و لەموژدەی خۆی پەشیمان نابێتەوە، ئەفەرمێ، **«لاتَبْدِيلَ لِكَلِماتِ الله»** لەپاشان. ئەفەرمێ ئەمەگەورەترین سەرکەوتنە بۆ بەندەیێك. **«ذلِكَ هُوَ الفَوْزُ العَظِيم»**.

جا هەر لەقورئاندا پێناسەکانی تری وەلی، بەباشی ی دەرئەکەوێت، کەئەفەرمێ، **«وهو يَتَوَلَّى الصّالِحِين»**، **«واللهُ وَلِيُّ المؤمنين»** **«والله وَلِيُّ المتَّقِين»**، هەروەکوو تمان، کەواتە لەپێناسەکانی وەلی ئەوەتە، خاوەن باوەڕ، پارێزکار، وە صالح بێت، صالح چاکەویستانن، چاکەیش هەموجۆرە چاکیێك لەڕوانگەی ئیسلامەوە ئەگرێتەبەر، مەولەوی تاوگۆزی ئەفەرمێ،

١ – وەلی کەسێکە **(عارفٌ بِالله)**
(ما أمْكَنْ) لە ذات لە صیفات ئاگاه.
٢) بیکێشی بەسەنگ هەر سێ تەقوادا
بە ترازووی شەرع موێ لانادا.
٣) مُواظِبْ لەسەر ئەدای طاعاتە
صاحیب ئیجتیناب لەشەناعاتە.

واتە وەلی بەوخواناسە موسوڵمانە ئەڵێن، بەرادەی پێویست لەذات‌و صیفاتی خوا ئاگاداربێت، وەئەگەر بەترازوی شەرع کێشانەی بکەیت، هەرسێ جۆرە تەقواکەی ئەو، موێ‌لەشەرع لانەدەن، وە فەرمانەکانی‌خوا بەباشی‌ی ئەنجام‌ئەدات خۆیشی‌ئەپارێزێ لەکردەوەی‌خیلافی شەرع.

سێ‌تەقوایش، یان سێ‌جۆرە پارێزکردن‌و خۆلادان، بریتین لە پارێز کردن لەکوفر، پارێزکردن لەگوناە، پارێزکردن لەهەڵپەکردن‌و ئارام‌لێبڕان‌و خۆپڕوکاندن بۆ کۆکردنەوەو بەدەس‌هێنانی سەرمایەو سامانی دنیا، «**نەك‌کاسبی‌حەلاڵ**»، کاسبی‌حلاڵ دروستە، بەلام هەڵپەکردن پێناسێکی ناپەسەندە. لەروانگەی تەصەووفیشەوە، بەتایبەت بەلای ..نسبەندی‌یەکانەوە، وەلی ئەبێ، لە دە مەقامەکان، کەناومان‌بردن، وەکو، تەوبە، زوهدو صەبرو.. هتد، تێپەری کردبێت، وچەشن‌و جۆر دائەنێت بۆ ویلایەت، ویلایەتی (**صوغری**) واتە بچوك وە (**کوبری**)، واتە گەورە، بۆگەیشتن بە ویلایەتی کوبری، ئەڵێ ئەبێ هەمو لەطائفەکانی پاك‌بوبنەوەو «**ذاکر**» بن، جائەتوانێ پێ‌بنێتە یەکەم پایەی ویلایەتی کوبری، زۆربەی گەورەپیاوانی تەصەووف لایان‌وایە ئاخرین پایەی ویلایەت کەهات، ئیتر یەکەم پایەی «**نوبووەت**» دەست‌پێ‌ئەکات واتە وەلی تائەوشوێنە ئەڕوات، ئیترلەوەولا یەکەم پلەی نوبووەتە، کە مەقامی ئەوانیش جۆراو جۆری‌هەیە، وەکو خەلیل الله، کلیم‌الله، روح الله، وەگەورەترین پایەی پێغەمبەریی پایەی حەزرەتی موحەممەدە «**رۆحم‌بەقوربانی‌ناوی‌بێت**»، وە درودی خوای لەسەربێت.

برێك پرسیاریان‌کردوە، ئایا وەلی خۆی ئەزانێت وەلی‌یە، یام‌ناء؟ وەلام ئەوەتە زۆرجار رێك ئەکەوێت وەلی بەخۆی نازانێت، بەلام زۆرتریان بەخۆیان ئەزانن.

من‌خۆم جارێکیان شتێکی‌وام دیوە، ئەویش ئەوەبو، (**فەقێ‌موحەممەد**) ناو خەڵکی کوفری سالْهای سالْ لەبیارە سەرگەرمی‌سلوك‌و خواپەرستی‌بو، ئیتر خواپەرستی‌وا هەر زۆرکەمە، جارێکیان من‌لاو بوم، بگرە چواردەپانزەساڵێ تەمەنم بو، لیم پاڕایەوە وتی بڕۆرە خذمەتی باوکت بلێ ئاگای لێم‌بێت، هەرچی هەول‌ئەدەم هیچم دیارنیە، منیش رۆیشتم وەپەیامەکەیم گەیاند، شیخ‌پێکەنی فەرموی، رۆڵە، ئەو لەزووەوە بوەتەوەلی، بەلام خۆی بەخۆیی نەزانیوە، ئیستە مادام وایە برۆ تۆ ئەو موژدەیە بدەرێ، بادوعای خێریشت بۆبکات، منیش‌خێرا رۆیشتم وەپەیامەکەم

گەیاندیێ، لەپێشا لەخۆشیا وەخت‌بو شادی‌مەرگ بێت، پاشی‌تۆزی هەستم‌کرد وەکوشتێ تەریق‌بێتەوە، یان پەشیمان‌بێت بۆچی خۆی‌نەگرتوە، یان لەمەقامەکەی ئاگادارکرا، بەلام بەرلەوحال‌گۆرانەی دوعاێکی زۆری بۆکردم، ئیتر من بەجێم‌هێشت، ئیستە، کە لەوچۆنیەتانە سەردەردێرم، وەموتالایان ئەکەم، جاتێ‌ئەگەم ئەوحالەی فەقێ موحەممەدیش لەوانە بوە.

سەبارەت بەکەشف‌وکەراماتیش زۆرێك لەگەورەپیاوانی تەصەووف ئەڵێن مەرج‌نیە هەرکەس وەلی‌بێت ئەبێ کەشفوکەراماتیشی هەبێ، وە نەبونی کەرامات ئەوەناگەێنێ ئەوکەسە وەلی‌نیە، باوەری هەموان لەسەری بەردەوام‌بونە لەسەری خواپەرستی‌و تەوبەنەشکاندن وەپارێزکاری، ئەڵێن «**الْعِبْرَةُ بِالإِسْتِقامَه وَلَيْسَتْ بِالكَرامه**» یان ئەڵێن کەرامەت ئەوەتەپیاو بتوانێ خوو خدەێکی ناشیرینی خۆی بگورێ، ئەوەخۆی گەورەترین کەرامەتە.

شیخ‌محی‌الدین‌عەرەبی، لای‌وایە ویلایەت بەتێکۆشان وەخواپەرەستی‌و ریازەت دەس‌ناکەوێت، بەڵکو ئەویش وەکو «**حال**»، کەلەبەشی حال‌ومەقام‌دا باسم‌کرد، بەهرەیێکەو خوا ئەیدات، بەلام بێگومان دروست‌کاری‌و خواپەرستی هۆی زەمینەئامادەکردنن بۆ ئەوخەلاتە، چونکە کەسێ پارێزکارو خواپەرست نەبێ ئەوخەلاتە ناکرێت، مەبەستی ئەو ئەوەتە، وانیە بەدەستی خۆت‌بێت، کە ئەگەر ئەوەندە رۆژ یان‌سالێ بەوجۆرەو بەوجۆرە خواپەرستی‌بکەیت ئەبیتە وەلی، بەوجۆرەنیە، لەتۆ راستی‌و خواپەرستی، باقی‌تری ویستی خواخۆیەتی.

حەکیم «**محمدعلی‌ترمزی**» کەلە (**٢٩٦**) ك کۆچی‌کردوە لەهەموی گەورەپیاوانی تەصەووف زیاتر لەبارەی ویلایەتەوە باسی‌کردوە. وادەرئەکەوێ وردەوردە باسی ویلایەت پاش تێ‌پەربونی رۆژگاری ئەصحاب، شێوەی ئیستەی گرتوەتە خۆی، چونکە لەپێشا هەمو وەلی‌بون، چونکە مەقامی صەحابە لەهی‌وەلی‌گەورەترە، وەپێویستی بەوەنەکردوە بەکەسی‌بڵێن وەلی،لە «**فەضیل‌بن‌عیاض**» ەوە کە لە «**١٨٧**» ك لەدنیادەرچوە، وردە وردە باسەکەی رون بوەتەوە، پاشان لەزبانی شیخ‌معروفی کەرخی‌دا (**٢٠٠**) ك پاشان «**جونەید**»«**٢٩٧**» ك، پاشان «**محاسبی**»(**٢٤٣**) ك پاشان «**ذی‌النون‌میصری**» «**٢٤٥**» ك، وەلەزەمانی بایەزیدی بەسطامی‌دا بەتەواوی باسی وەلی وە ویلایەت بەم‌چەشنەی ئیستە روون‌بوەتەوە، کەلە (**٢٦١**) ك فەوتی‌کردوە. حەکیم

(ترمزی) چەن کتێبی سەبارەت بەپایەوپلەی وەلی یەکان داناوە، وەکو (عِلْمُ الأولياء) «سيرةُ الأولياء»، «خَتمُ الأولياء»، محی الدین عەرەبی دەسنیشان ئەکات بۆنوسینەکانی (ترمزی) وەزۆر لاین گری نوسینەکانیەتی، وەنزیکەی صەدوپەنجا ووشەو موصطەلەح لەموصطەلەحەکانی (ترمزی)، راڤە کردوەو لی یان کۆلیوەتەوە.

خوای گەورە هەروا کە لەقورئانا لوطفی خۆی سەبارەت بە وەلی یەکانی خۆی دەربریوە، لەحەدیثی قودسیشا هەر دوبارەی کردوەتەوە وەئەفەرمێ (مَنْ عادَى لي وَلياً فَقَدْ آذَنْتُهُ بِالحَرْب... هتد) «صەحیحی بوخاری»، جابویە ئەوانەی شارەزای ئەم رێبازە مەعنەوی یەن، ئەپارێنەوە لەخەڵك، کەدژایەتی لەگەڵی پیاوچاکان و خواناسانا نەکەن، چونکە راستەکەی ئەوەتە دژایەتی لەگەڵ خوادا ئەکەن، کەئەفەرمێ «عادی لی» نافەرمێ «عادی ولیا» ووشەی «لی» دەری ئەخات کەخوا بەهی خۆی دایان ئەنێ، چونکەلەبەندە چاكهەڵبژێرراوەکانن.

کەواتە وەلی، بەوبەندە موسوڵمانە خاوەن باوەڕە پارێزکارە لەخواترسە ئەڵێن، کەخوا بەخەلاتی «ویلایەت» سەربەرزی کردوە، وەخستویەتە ژێری چەتری کەرەم ولوطفی خۆی وە مژدەی بەهەشتی داوەتێ، وە دڵنیای کردوە کە لەهیچ نەترسێ، بگرە کەشف وکەراماتی هەبێت، بگرە نەبێت، بگرە بەخۆی بزانێ بگرە نەیزانێ، وە وەلی بەکەسێ ئەڵێن هەرگیز لەرێگەی شەریعەت لانادات، ئەبێتەپارچەیێ لەنور، وە خوا ئەیپارێزێت لە شەیتان، هەروا کە ئەنبیا مەعصومن، ئەولیاش مەحفوظ ئەبن، پایەومەقامیشان خوائەیان داتێ هەرکامەی بەپێی ئیستیعدادی خۆی، وەبەوجۆرەی کەخواخۆی مەیلی لی یەتی.

مُرید- مُراد:

مورید وە موراد دوو ووشەن لەتەصەووفدا بەکارئەبرێن، سەرچاوەی ئەم ووشانە لە «ئیرادە» وە دێت «إرادة» واتە ویستن، کەواتە مورید ئەبێتە ویستیار، مورادیش، ئەوکەسەیە کەئەیانەوێت، لەروانگەی تەصەووفەوە، ئەوەی کەڵکەڵەی خواپەرستی کەوتە سەری، لەخوا نزیك بێتەوە، واتە ئیرادەی کرد کە خوا لەخۆی

ڕازی‌کات، واتەبێتە مورید **«واتە خواویست»**، کەواتە ئەوکەسەی لەکانگەی دڵەوە دەستی لەچەوتی‌و لاڕێیی هەڵگرت، وە دەستی‌کردە خواپەرستیی **«ئەوە موریدی خوایە»**، واتە خوای ئەوێت، ئەمانەی کەدان بەخوایی خوادا ئەنێن وەلەوەوپاش لەسەر ڕێگەی خواپەرەستی بەردەوام ئەبن خوا لەبارەیانەوە ئەفەرمێ، **«إنَّ الَّذينَ قالوا رَبُّنا اللهُ ثُمَّ اسْتَقاموا تَتَنَزَّلُ عَلَيْهِمُ الملائِكَةُ ألاّ تَخافوا ولا تَحْزَنوا وَأبْشِروا بِالجَنَّةِ الَّتي كُنْتُمْ توعَدونَ»** **(فُصِّلَتْ)** (٣٠)، هەروەها ئەفەرمێ **«إنَّ الَّذينَ قالوا رَبُّنا اللهُ ثُمَّ اسْتَقاموا فَلا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاهُمْ يَحْزَنونَ، اولئِكَ أَصْحابُ الجَنَّةِ خالِدينَ فيها جَزاءً بِما كانوا يَعْمَلون»** **(أحقاف)** «**١٣**»وە «**١٤**».

کەواتە ئەوەی خوای‌ویست وەلەپاشان بەردەوام‌بو لەسەری ئەو خواویستی‌یە، ئەوەی خواپێی‌خۆش‌بوکردی، وەئەوەی خواپێی‌ناخۆش‌بو نەی‌کرد، لەهەردو ئایەتەکەدا ئەفەرمێ **«ترسیان لە هیچ نەبێ وە بەهەشت جێگەیانە»**، هەروەها ئایەتێکی‌تر سەبارەت بەخواویستان هەیە، کەجگە خوا هیچ داخوازیکی‌تریان نیە، خوابەپیغەمبەر دەستورئەدات وەئەفەرمێ **«وَلاتَطْرُدِ الَّذين يَدْعونَ رَبَّهُمْ بِالغَداةِ والعَشيِّ يُريدونَ وَجْهَهُ..»** **(انعام)** **(٥٢)** مەبەست ئەوەتە ووشەی مورید بۆئەوانەتە کە ویستیاری خوا، وەنزیك‌بونەوە لەخودا وە ڕەزامەندیی خودان.

لەتەصەووف‌دا ئەم موریدی‌یە، هەرچەن هەر هەمان‌شتە، بەڵام شێوەیێکی تایبەت ئەگرێتەخۆی، هەروەکو **(طالب)** بەداواکارو ویستیار ئەڵێن، بەڵام لەڕوانگەی نەریتی خوێنەواریی ئەمڕۆوە، خێرا ئەزانرێ بە «**تەلەبە**»ی مەکتەب‌و دانشگا ئەڵێن، لەنەریتی صوفیەتیشدا هەرکەوترا **(مورید)**، بەو «**تەوبەکار**»ە ئەڵێن خوا هیدایەتی داوەو توبەی‌کردوەو لەسەری‌نەریتی تەصەووف سەرگەرمی خواپەرستی‌یە،.

موراد، هەوەکوتمان بەداوا کراوو بەکەسێ ئەلێن خواستبێتیان، **«داخوازکراو»**، بەڵام لەڕوانگەی تەصەووفەوە ئەمیش واتایێکی تایبەتی بۆخۆی تەرخان‌کردوە، وەبریتی‌یە لەو تەوبەکارو سەرڕێی **«استقامەت»** کەوتوەی، کەخواخۆی خۆشی ئەوێت‌و خۆی ئەیکێشێ بۆلای‌خۆی. جائەمە هەموی‌پێغەمبەرەکان ئەگرێتەوە چونکە هەمویان خواخۆی هەڵی‌بژاردوون، وە هی‌وایان‌بوە هەرلەمناڵی‌یەوە بونەتەپێغەمبەر، سەبارەت بەگەورەپیاوانی تەصەووفیش، زۆریان هەیە **(موراد)** بون،

وەکوئیبراهیمی ئەدهەم، ئەوئەمیرێك بو بۆراوئەچو، چی دەنگێ هاتەگوێی دووجار لەسەری یەك پێی گوت ئیبراهیم تۆبۆئەمە دروس نەکراوی، ئەویش کەخۆی سەردارو فەرمانڕەوابو هەر لەودەشتەدا پۆشاکەکانی خۆی دەرهانی، دایە شوانێك وەسپیاڵەکانی ئەوی کردەبەرو سەری خۆی هەڵگرت، وەژیانی خۆی لەشامو لەمەدینەدا بەخواپەرەستی بردەسەر، وەبویە یەکێ لەگەورەپیاوانی تەصەووف.

(**صائب**)شاعیرێکی ئێرانی یە سەبارەت بەم مەقامەی ئیبراهیم ئەلی :—

زُ ابراهیم ادهم پُرس قدر مُلكِ درویشی
که طوفان دیده از آسایش ساحل خبر دارد

واتە عەزەمەتی پادشایی دەروێشی، لەئیبراهیمی ئەدهەم بپرسە واتە ئەو خۆی هەم لەملا خاوەن دەسەڵاتەو هەم لەولا فەرمانڕەوابوە، جائەڵی ئەوەی کەلافاو (**بردویەتی**) ئەو لەهەموکەس زیاتر قەدری وشکانیی ئەزانێت. کەواتە مورید ئەوەتە خوای ئەوێت مورادیش ئەوەتە خوا ئەوی ئەوێت، بەڵام ئەوەتە لەناوی کوردەواری خۆمان دا بەهەڵە ئەڵین موریدی فلان شێخە، ئەمە مەگەرجۆری بگونجێ، واتە، لەودەستە خواویستانەیە، کەبە مامۆستایی و ڕێبەرایەتی فلان شێخ، سەرگەرمی خواپەرستین، وەسەرگەرمی سلوکی تەریقەتن، «**واتە گرتنەبەری ڕێگەی تەسەوف**»، ئەوە شیاوەو دروستە ئەگینا دروست نیە، چونکەموریدئەبێ موریدی خوابێت نەك موریدی شێخ. جائیستە دێینەوە سەری باوەڕو شی کردنەوەی برێ لەکەڵەمەردانی ئەم ڕێگایە بزانین ووشەی موریدوموراد چۆن لێك ئەدەنەوە.

لەکتێبی (**الفاظ الصوفیة**) دا، ئەڵێت موریدی ڕێگەی تەصەووف، ئەبێ خۆی دورخاتەوە لەوکردەوە ناشیرینانەی کە لەوەوبەر لەسەریان بوەو پێ یان ڕاهاتوە، وەئەبێ دەس لەویستی «**نەفسی ئەمارە**»، هەڵگرێت، وەبەهەمو دڵ وگیانێکەوە ڕووبکاتە هەق، پاشان ئەڵێ کەواتە «**ئیرادە**» بناغەی خۆشەویستی یە، وەمورید کاتێ موریدە ئیرادەکەی پاك بێت وە ئەم ویستەپاکەش کاتێ ئەبێ، کە دڵ پاك کرابێتەوە لەهەمو خەوشێك، هەروەکو زوتر باسمان کرد دڵ پاك کاتەوە لەپێناسی ناپەسەند وەناشیرین، وە بیرازێنێتەوە بەپێناسی پەسەند.

ئەم ، لێرەدا شتێك ئەڵێ ، ئەویش هەرشیاوی لێك دانەوەو وردبونەوەیە ، ئەڵێ ئەوکەسەی توانی ئەم کارەبکات ئەوە خۆی مورادە ، مادام خوابۆی کردوە ئەم دەس کەوتەی دەس کەوێت مورادە ، وەپاش ئەوەی کەگەیشتە ئەم پایەی پاك کردنەوەو رازاندنەوەو دامەزراندنە ، ئیتر خوا نزیکی ئەکاتەوە لەخۆیو ئەیخاتە ژێری سێبەری رەحمەتی خۆی وەدەروی خەیری لێ ئەکاتەوە ، وەخەڵاتی ئەکات بەو خەڵاتانەی رێبوارانی رێ رەوی تەسەووفی پێ خەڵات ئەکرێ ، وە ئەیبێ وای لەجیهانی مەعنەوی بۆدەرئەکەوێ کەخوا بەشیاوی ئەوانەی بزانێت .

پاشان ئەڵێ ئەو لە خەبات کاری لەدژی خواستە ناپەسەندەکانی دەرونا موریدبوە ، ئیستەش کەخوا ئەیخاتە بەری کەرەمی خۆیەوە مورادە .

پاشان ، لەکتێبی «غونیە» کەهی حەزرەتی شیخ عبد القادری گەیلانیە ئەگێرێتەوە ئەڵێ .

مورید خەبات کارە بەڵام موراد خۆش بەختێکە کە خوا بەختەوەری ئەکات مورید بەپیادە ئەروات ، موراد باڵ ئەگرێتەوە ، **«مورید طالبە» «موراد مەطلوبە»** وە زۆرشتی تری لەم بابەتەی کە دەری ئەخا ، موراد ئەوکەسانەن کەجەذبەی هەق رایان ئەکێشێ وەمورید ئەوانەن خۆیان تێ ئەکۆشن وە بەو تێ کۆشانە ئەگەنە هەق. **«ئەوی شیاوی باسە پاش ماوەیێك لە (سلوك)**، واتە تێکۆشان، بەپێی دابی تەصەووف، هەردولا خۆیان بۆیان روونە کێ موریدەو کێ مورادە .وە ئەمە زۆر ئاشکرایە، لە باسی جەذبەیشدا وتم، جەذبە هی مورادە، واتە بگرە خۆی لەخەیاڵی هیچێکا نەبێت وەخواراى کێشى هەروەکو ئەوەی ئیبراهیمی ئەدهەم.

لەخوێندنەوەی ژیانی سەرۆکی تەریقەتەکان وەپیاوە هەرەگەورەکانی تەصەووف دا، دەرئەکەوێ، کەهەمویان یان زۆربەیێکی زۆریان، مورادبوون.

لەکتێبی **(معجم مصطلحات الصوفیە)** دا ئەڵێ.

موریدئەوکەسەتە بەتەواوی لێ برابێت بۆ خواپەرەستی وە ئەم لێ برانەشی لەسەری چاوکراوەیی و تێ گەیشتن دەستی دابێت ، بۆی دەرکەوتبێ ئەوەی لەم جیهانەدا روو ئەدات بەبێ ویستی خوا روونادات ، نەك بە ویستی کەسێ تر ، بەم جۆرە

ویستی خۆی «إرادە»ی خۆی ئەنێتەلاوە وەئیرادەی دێرێتەسەری ئیرادەی هەق، وەئەبێتە «**مورید**»، واتە موریدی ئیرادەی خوا.

هەرئەم سەرچاوە سەبارەت بەموراد ئەڵێت.

موراد: ئەوخواناسەتە ئیرادەی نەماوە وەگەیشتوەتە دواپلەی خواناسیی، وەلەهەمو حاڵ و مەقامێك تێپەریوە وەهیچ ویست و ئیرادەیێکی نەماوە.

ئەوەی ئەوێ، خوائەیەوێ، خوایش ئەوەی لەگەڵا ئەکات کە خۆی ئەیەوێ. لەکتێبی «**التّعَرُف لِمَذْهَبِ اَهْلِ التَّصوف**» دا ئەڵێت.

مورید هەر خۆی مورادە، مورادیش موریدە، چونکە ئەوەی خوای ویست ئەوەی ئەوێت کەخوائەیەوێت، پاش برێ لێك دانەوە ئەڵێت.

بەڵام ئەوەی هەیە، مورید بەوەئەڵێن کە، کەشفوکەراماتی ئەکەوێتە پاشی خەبات وتێکۆشانی، بەڵام موراد، کەشفوکەراماتی ئەکەوێتە پێشی خەبات و تێکۆشانی، «**کەواتە باوەری ئەمیش هەروەکو باوەرەکانی ترە**»، موراد ئەوکەسەیە خوا هەڵی ئەبژێرێت، پاشان ئەڵێ، موراد خوا خۆی بەجەذبەی قودرەت رای ئەکێشێت بۆلای خۆی، وەشتی نهێنی مەعنەوی و دەرونیی بۆئاشکرا ئەکات، وەهەرئەم «**شوهودە**»، واتە چاوپێکەوتن و بۆروون بونەوە، ئەبێتە هۆی دڵ خۆشی و تێکۆشانی بۆگەیشتن بەخوا، بەچەشنێ کەبتوانێ هەرچی رەنجی ئەو رێگەیە هەیە بە دڵوگیان قوبوڵی کات.

جا ئەڵبەتە مەرجەکانی مورید هەروەکو لەپێشاوتم زۆرە بەرلەهەموی پاکی دڵ دەرون و ئیرادەی تەواو بۆسەرکەوتن، وەتێکوشان وەبەردەوام بون لەسەری ئەوتێکۆشانە، واتەئەوخواپەرستی یە، وەیەکێ لەشتەبناغەییەکان، بەتایبەت بۆ ئەوماوەی سلوکە، کەم خواردن، کەم نوستن، وە کەم قسەکردنە، گۆشەگیری و خواپەرستیی بەردەوامە، بەتایبەت بەردەوام بون لەسەری ذیکر، وە خۆتی نەگەیاندن لەشتێکدا پەیوەندی راستەقینەی بەوەوەنیە، لەهەموی گرنگ تر بەدەس هێنانی رێبەرو مامۆستاو رێپێشاندەرێکە، بەوجۆرەی زوتروتم، کەبەراستیی رێبەربێت، نەك «**رێبڕ**»، جا یەکەم شتیش بۆئەومورید سەبارەت بەرێبەرەکەی، «**ئەدەب**»ە. برێك

باوەڕیان لەسەری ئەوەتە ، «**ئەصلەن تەصەووف هەرئەدەبە**» ، پاشان ڕاستگۆیی و وە ئیخلاص ، سەبارەت بەوموڕشیدە باشە ، پاشان «**إستقامەت**» واتە بەردەوامبون وەزۆرشتی تریش کەلەماوەی نوسینەکانا دەرخراون.

«**قوشەیری**» لە «**ریسالە**»دا بەدورودرێژی وتاری گەورەپیاوان سەبارەت بەوشەی موریدوموراد باس ئەکات ، لەشوێنێکا ئەڵێ لە ئەباعەلی دەققاقم بیست ، ئەلی (**ئیراد گڕێکە لەناوی دلا ، وە کزەوچزەیێکە لەدەرونا ، وەعیشقێکەلەوجدانا دڵەخورپەیێکە لەناوەوەی مرۆڤدا ، وەئاگرێکەولەدڵودەرون بەرئەبێت**) ، «**بەڵێ ئیرادەی موریدیڕاست ئەبێ ئاوابێ**» لەزمانی جونەیدەوە ئەڵێت ، ئەگەر خواویستی چاك بکات بو (**مورید**) ، ئەیخاتەسەری ڕێگەی تەصەووف ، وەئەیکاتە هاوەڵی هەژاران.

لەزمانی ، ئەبابەکری دەققاقەوە ، ئەڵێت ، مورید نابێتە مورید تاوەکو مەلائیکەی سەری شانی چەپی بیست ساڵ لەسەری یەك هیچی لەسەر نەنوسێت ، بەپێی ئایەت بۆهەرمرۆڤێ مەلائکەی تایبەت هەن چاکەوخرابەکانی ئەنوسن ، بێگومان باوەڕ بەمەلائکە لەمەرجی «**ئیمانە**» ئیتر چۆنیەتی مەلائکە هەرخواخۆی ئەزانێ چیەوچۆنە لەئایەتەکانی «**١٠و١١**» سورەی«**انفِطار**» دا ئەفەرمێ «**وإنَّ عَلَيكُمْ لَحافِظِينَ كراماً كاتبين**» مەلائکە وان لەگەڵتانا وەچاکەوخراپەتان یادداشت ئەکەن،جائەڵێ دەققاق وتویە ئەبێ موریدي ڕێگەی خواناسی ، واتە تەصەووف ئەوەندەپاك بێت بیست ساڵ مەلائکە گوناەنوسەکەی هیچی لەسەرنەنوسیبێت بەڵێ موریدی ڕێ ‌هەق ئەبێ وابێت ، خوهەروا بە «**دەمبڕ**» ناکرێت .

قوشەیری ، پاشان باوەڕی خۆیشی سبەبارەت بەفەرق لەنێوانی موریدو مورادا دەرئەبڕێ ، ئەویش هەر ئەڵێت هەرلەسەرەتاوە خواویستویەتی وابێت ، زۆربەی ڕێبواران پاش خەبات و تێکۆشانێکی زۆر جا پێ گەیشتون وە زۆریشیان هەیە هەرلەسەرەتاوە خوا پەردە لەسەری دڵیان لائەبات و بەرچاوی دڵیان کەشف ئەبێت وەزۆر شتی گرنگیان لەنهێنی یەکانی جیهانی مەعنەوی بۆدەرئەکەوێ ، وە ئەگەنە پایەو مەقامی وا ڕیازەت کیشان و خەبات کارانی ناگاتێ بەڵام هی وایشیان هەیە لەم «**مورادانە**» لەگەڵی ئەوهەموە پێش کەوتن وخەڵات و بەراتەشا ، هەرخۆیان ئەیانەوێ ڕیازەت بکێشن بۆئەوەی لەو بەرهەمانەی دەستی ڕیازەت کێشان ئەکەوێ ، لەوانەش بەرخورداربن.

پاشان سەرلەنوێ لەزمانی **«ئەباعەلی دەققاق»**ەوە، بەراوردێکی سەیرئەگێڕێتەوە، ئەویش، فەرقە لەنێوانی پێغەمبەرەکانا، وەئەڵێ لەناوی ئەوانیشا **(هەرچەن هەمو مورادن)** لەگەڵ ئەوشا، مورادو موریدهەیە، لێرەدا قامك ڕائەکێشێ بۆ **«شەرحی صەدری»** موساوموحەممەد درودیان لەسەر، ئەڵێ حەزرەتی موسی لەخوا پاڕایەوە وەفەرموی **«رَبِّ اشْرَحْ لِي صَدْرِي»**، کەچی سەبارەت بە حەزرەتی موحەممەد، خوافەرموی **«أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ»**؟.. ئەم بەبێ داوا کردن بەڵام ئەوپاش داوا کردن موحەممەد بەمناڵی موسی پاشی بەپێغەمبەربون، لەپاشان باوەڕیان لەسەری ئەوەتە موراد ئەیبەن موریدئەڕوات موراد دەعوەوت ئەکرێ مورید خۆی ئەڕوات، کەواتەپێش کەوتنی موراد زووترە لەمورید، بەڵام لەئاکاماهەردولا بەمرازئەگەن.

۲

تەصەووف چ‌یە

بەشی حەوتەم

« تەریقەی نەقشبەندیی »

تەریقەت لە دابو نەریتی تەصەووف دا بە ڕێبازێ ئەڵێن بەشێوەیێ لە شێوەکانی تەصەووف ڕێبوار بیگرێتە بەر بۆ گەیشتن بەئامانج، ئەو ئامانجەش بریتی‌یە لە ئیمانی تەواو واتە «عين اليقين، يان، حق اليقين» سەبارەت بەخواناسی‌ی، بەرهەمە دوایی‌یەکەیشی ئەوەتە ئیتر صۆفی بە باوەڕێکی یەقینی‌یەوە خوا ئەپەرستێ، ئیمانەکەی تەقلیدی یان عیلمی نیە کەشیاوی تەکان خواردن بێت، وە چونکە بەچاوی بەصیرەت بە نوری خودا سەرئەفراز بوە ئیتر هیچ هێزێ نیە بتوانێ کاربکاتە سەری باوەڕی،.. ئیمامی ڕەببانی لە «مەکتوبات» دا ئەفەرمێ، جیاوازیی لەنێوانی زانیاریی عولەما و زانیاریی مەشایخی تەریقەتدا ئەوەتە مەعریفەتی عولەمابەهۆی ئیستیدلال وە عیلمەوەیە وە مەعریفەتی مەشایخ لەڕێگەی کەشف وە ذەوقەوە وە هەردوکیشی بۆ پەیڕەوی‌یە لە شەریعەتی موحەممەدیی.

بڕێ لە هەڵکەوتوانی تەصەووف ئەوەندە لەو دانشەدا وە لەو بەرهەم وەرگرتن وە خاوەن مەقام بونەدا گەیشتونەتە پایەی هەرە هەرە بەرزءبونەتە کارناس و پسپۆڕ، واتە «موجتەهید» هەروا کە لەعیلمی شەریعەتدا گەورە پیاوانێکی وەکو، ئیمام مالیکی کوڕی ئەنەس «٧١٥ – ٧٩٥»م وە ئەبوحەنیفە «٦٩٩ – ٧٦٧»م وە **محمد بن ادريسى شافيعى** «٧٦٧ – ٨٢٠»م وە احمد بن حنبل «٧٨٠ – ٨٥٥»م وەبڕێکی‌تر لەو گەورە پیاوانە بونەتە موجتەهید لە زانیاریی شەریعەتدا، هەروایش لەزانیاریی تەصەووفدا هەڵکەوتوانێکی وەکو شێخ مەعروفی کەرخی، وە بایەزیدی بەسطامی، وە ذالنونی میصری وە عبد القادری گەیلانی، وە ئەحمەدی بەدەوی وە ئەحمەدی ریفاعی، وە بەهائوددینی نەقشبەند، وەعومەری سەهرەوەردی، وە ئەبولحەسەنی شاذلی، وە نجم الدين الكبرى وە جەلالەدینی ڕۆمی، وە موعینەدین حەسەنی چەشتی، وە ئەبولعەبباسی تیجانی، وە دەیان لەو هەرە پایە بەرزانە بونەتە خاوەنی تەریقەت، واتە خاوەنی ڕێڕەوی تایبەتی پەروەردەکردنی ڕێبوار بۆگەیاندنیان

بە لوتکەی مراز، واتە: هەرکامەی بۆ گەیاندن بۆ ئەو سەرلوتکەیە ڕێگاییکی تایبەتی دۆزیوەتەوە وە کەوتوەتە بەردەمی ڕێبوارەکان بۆئەوەی بیان گەیێنێتە مراز، ئامێرو تۆشەی هەموی ئەمانە هەر لەیەکشت دروست ئەکرێت، بۆ نمونە، ئێمە هەرلەگەنم، دەیان جۆر نان دروس ئەکەین، لە برنج وە دانەویلەو گوشت صەدان جۆر خۆراك وە خواردەمەنی دروس ئەکەین کە هەموی هەر بۆ خواردنە هەمویشی بۆ خوشیو تێربونو هێزی لەشە کەچی هەرکامەی تامو بۆنو ڕەنگێکیان هەیە، وەکوتریش هەمویان یەك شتن وە ئاکامو نەتیجەی هەمویشیان هەریەك شتە، واتە، تێربون، لەذەت لەخواردن بردن، بەهێزکردنی لەش.

هەروەها مەذهەبە شەرعی‌یەکانیش هەموی بۆ دامەزراندنی دین وە ڕێكو پێك کردنی خواپەرستی وە هەوڵ دانە بۆ پەیڕەوی کردن لە دەستورو فەرمانی خوداو سوننەتی پێغەمبەر.

تەریقەتەکانیش هەر هەوڵە بۆ کامل کردنی باوەر وە گەیاندنی ڕێبوار بەباوەری «عین الیقین» وەکوگوتمان بۆ ئەوەی خواپەرستی‌یەکەی لەتەك ئەوەدا کە خوا پەرستی‌یەو پەیڕەوی کردنە لە شەرع بە یەقینێکی تەواوەوە ئەنجام بدرێ وە دەرون باشتر سوکنایی بێت وە دڵی باشتر ئاو بخواتەوە وە بەهەمو هەستێکەوە هەوڵ بدات بۆ نزیك بونەوە لەخودا.

جا تەریقەتی نەقشبەندی،یان ڕێبازی نقشبەندی‌یەکان بۆ سەرکەوتن بەکێوی ئاواتدا بۆ گەیشتن بەو هەوارگەی مرازە، دابو نەریتێکی تایبەتی خۆی هەیە، وەکو ئەوەی بڵێین قادری‌یەکان ذیکری بەدەنگی بەرز ڕەوشیانە، مەولەوی‌یەکان شیعر خوێندنەوەو ذیکرو ڕەقصی تایبەتی خۆیان هەیە، کە هەرکامەی سەر زەنجیرەی تەریقەتەکە بۆی داناون، هەروەهایش نەقشبەندی‌یەکانیش ذیکری تایبەتی خۆیان هەیە، کەواتە هەمووی هەر ذیکرو خواپەرستیو تێکۆشانە بۆ نزیك بونەوە لەخودا، بەڵام هەرکامەی بەشێوەی تایبەتی خۆی، شێوەیێ کە موجتەهیدە پسپۆرەکەیان بۆی داناون، واتە ئەورێبازەی کە خوا خۆی هیدایەتی داون بۆ دۆزینەوەی «**واتقوا الله ویعلمکم الله**» «**البقرە**» «**٢٨٢**» «**والذین جاهدوا فینا لنهدینهم سبلنا**» (**عنکبوت**) «**٦٩**» جا خوا خۆی ئەو گەورە پیاوانەی خستوەتە سەری ڕێگاییێك وە بەهۆیەوە گەیشتونەتە مراز، ئەمانیش ئێستە ئەو ڕێگایە پیشانی موریدەکانیان ئەدەن، یان وەکو پزشکێك

دەرمانێك بۆدەردێك بدۆزێتەوە كە نەخۆشەكانی خۆیی پێ دەرمان كات، ئەمانیش پزیشكی دەرونن دەرمانێكی دۆزیوەتەوە یان تێكۆشەرێكە هەڵزنیوە بەشاخی ئاواتی خواپەرستیدا وە لەو ڕێبازەوە كە خۆی گەیشتوە بەئاوات خەڵك. لەوێوە ڕاهنایی ئەكات كە بیان گەیێنێتە مراز.

بێگومان هەموی ئەم ڕێبازانەش سەرچاوەیان ئەگەڕێتەوە بۆسەری گوفتارو كرداری خانەدان وەیارانی پێغەمبەر كەسەرچاوەی هەموی ئەوانیش قورئانەو پێغەمبەر، هەروا كە سەرچاوەی شەریعەتیش پێغەمبەرەو قورئان.

گوتمان شەریعەت وە تەریقەت فەرقیان‌نیە ئەوە هەیە صوفی بەهۆی ذیكرو فیكری زیاترەوە دەرونی ڕوناك ئەبێتەوە ئیمانەكەی ئەبێتە «عین الیقین» **جا بەو دەرونە ڕوناكەوەو بەوباوەڕە بتەوەوە موبەمو شەریعەتەكە ئەباتە ڕێگاوە، هەر صوفیێك موێی لەڕێگەی شەرعو سوننەت لای‌دا، تەریقەت لەوكەسە خۆی بەری كردوە.**

پاش ئەم پێشەكییە لیستە بابزانین

١ – نەقشبەندی‌یەكان لە چ ڕێبازێكەوە خەڵك ئەبەن بۆ لوتكەی ئاوات؟
٢ – سیلسیلەی‌واتە، زەنجیرەی ئەم ڕێبازە چۆن دەس پی‌ئەكات وە گەورە پیاوانی تا ئەگاتەوە سەری باوكم، واتە «شیخ عەلادینی‌بیارە» كێن؟
٣ – بۆچی وە لەكەیەوە ئەم ڕێبازە ناونراوە **(نەقشبەندی)؟**

بەر لە وەڵام دانەوەی پرسیارەكان هەر بۆ ڕوون كردنەوەی بیری خوێنەرانی ئەم‌كتێبە یەك‌دو فەرمودەی گەورەپیاوان هەیە ئەمەویٚ پەنجەیان بۆڕاكێشم، جا دەست بكەمە وەڵامی پرسیارەكان.

شاه عبد اللّٰہ دهلوی كە لە «١٢٤٠» كۆچی‌دا فەوتی كردوە ئەڵیٚ، بەرهەمو دەست‌كەوتی ئەم تەریقەتە بریتی‌یە لە بەدەست هێنانی ئاگاداریی‌و حوزوری هەمیشەیی لەحوزوری هەق تەعالادا لەگەڵی دامەزرانی ئیمانی كامیل بەپێی باوەڕی ئەهلی سوننەت‌و جەماعەت وە پەیڕەوی كردن لە سوننەتی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر.

محمد بن سەلمانی بەغدادی لەکتێبی «الحديقة النَّديَّة» دا لەزمانی «محمد مراد ئوزبەکی» یەوە ئەڵێ «ان الطريقة النقشبندية طريقة الصحابة الكرام (رض) باقية على اصلها لم يزيدوا ولم ينقصوا، وهي عبارة عن دوام العبودية ظاهرا وباطنا بكمال الالتزام بالسنة والعزيمة وتمام اجتناب البدعة والرخصة في جميع الحركات والسكنات من عادات ومعاملات، مع دوام الحضور مع الله تعالى على طريق الذهول والاستهلاك».

هەروەها لەم کتێبەدا لەزمانی «ابن الحجر الهيتمي» «٩٠٩ - ٩٧٤» ك یەوە ئەڵێ «الطريقه العلية السالمة من كدورات جهلة الصوفية هي الطريقة النقشبندية».

نوسەری کتێبی قودسیە لەپێشەکی چاپی کتێبەکەدا ئەڵێ تەصەووفی نەقشبەندی پەیڕەوی کردنە لەسوننەت وە «موعتەدیلەو ناوەڕاست ڕەو» پەیڕەوی کردن لەسوننەت وە پاراستنی ڕەوشی شەریعەت وەدووری گرتن لە بیدعەت بناغەی ئەم تەریقەتەیە، لەپاشان ئەڵێ ئەم ناوەندی ڕەوی وە پەیڕەوی کردن لە شەریعەتە، وە ئاسانی و سادەیی سلوکە بویە هۆی ڕەواجی لەرادە بەدەری ئەم تەریقەتە وەبویە هۆی ئەوەی زۆرێکی یەجگار زۆر لەعولەمای دین ببنە پەیڕەوی ئەم تەریقەتە وە بێنە کۆڕی نەقشبەندی‌یەکانەوە، صۆفی نەقشبەندی دڵی هی‌خودایەو لەشی هی مەردومە.

بەڕاستی‌ی هەموی گەورە پیاوانی ئەم ڕێگایە هەر کامەی کەسەبارەت بە ناساندنی ئەم تەریقەتە باسیان کردوە، هەموی ناساندنەکانیان دێتەوە سەری پەیڕەویی کردن لە سوننەت وە بەردەوام بون لەسەری ذیکر وە فەقرو هەژاریی و بەندەیی لەدەرگای خوادا وە دڵ‌گەرم کردنی پەیڕەوانیان لەسەری «ایثار» وە «نوکرانی‌ذات» واتە خۆ بەخت کردن لەڕێگەی خۆش‌بەخت کردنی موسوڵمانانندا، وەبۆ ناسینی خودای گەورە.

ئیستە لەوەلامی پرسیاری یەکەمدا ئەڵێین. لەکتێبی «ایضاحُ الطريق» دا ئەڵێ نەقشبەندی‌یەکان لە سێ ڕێبازەوە ئەتوانن بگەنە سەری لوتەی مراز.

١ - بەردەوام‌بون لەسەری ذیکر.
٢ - لە ڕێگەی موراقەبەوە.
٣ - لەڕێگەی دەستەو داوێنبونی مورشیدەوە.

لێرەدا پێویستە بڵێم یەکەم هەنگاوی تەصەووف بەر لە هەموشتێ تەوبەکردنە،

بەو مەرجانەی کە زووتر باسمان کرد ، واتە ، دەست لەهەمو خراپەیێك هەڵگرتن وە نەگەڕانەوە بۆسەری خراپەکردن ، لەپاشان پەیڕەوبی کردن لە دەستوری قورئان‌و سونەتی موحەممەدی

١ = ذیکر :

ذیکر خۆی دووجۆرە .

أ : ذیکری «**الله**» واتە ذیکری «**ذات**» یان ذیکری جەلالە .

ب : ذیکری «**لا اله إلاالله**» ، واتە «**نەفیو ئیسبات**» ، «**لااله**» نەفیە «**إلاالله**»ئیسباتە کەیەتی .

ئەبێ ئەوەش بزانین ذیکری نەقشبەندییە کان ، ذیکری «**خەفی**»واتە ، بێدەنگە ، کە بەخەیاڵ لە دەرونا ئەنجام ئەدرێت .

أ : ذیکری «**الله**» .

باشتروایە دەست بەدەست نوێژەوە بێ لە شوێنێکی خاوێنو بێدەنگا ڕوەو قیبلە دانیشێ ، پاش پاڕانەوە لەخودا بۆ سەرکەوتن وە پاراستن لەدەستی نەفس‌و شەیتان وە وەسواس ، وە پاش «**أستغفرالله**» کردن ، وە ئەگەر مورشیدی هەبو ، یادێ لە مورشید کردن ،..بە دەرون دەست بکاتە ذیکر کردن ، ئەگەریش هەموی ئەم مەرجانە ، یان یەکێکی دەستی نەدا مانع نیە هەرجۆرێ بۆی ڕێك کەوێ ذیکری خۆی بکات ، چونکە ذیکر لەهەمو کاتێکا ئەکرێ ، لەدەرە،یان لەماڵ ، بەتەنهایی یان لەناوی خەڵکا ، هەروەکو کە خوا ئەفەرمێ :

«**الَّذِينَ يَذْكُرُونَ اللهَ قِياماً وقعوداً وعلى جنوبِهِم وَيَتَفَكَّرونَ في خلقِ السمواتِ والارضِ**»«**ال عمران**» بەڵام ئەگەر بەو مەرجانەی بێت کە گوتمان ، بەتایبەت بۆ تازەکار ، ئەوە باشترە.

ئەو موریدەی دانیشت بۆ ذیکر، کاتێ ویستی دەست پێ بکات، زوانی

ئەچەسپێنێ بە عاسمانەی دەمیەوە بەجۆرێ کەهیچ تەکان نەخوات، زوتریش لەم بارەوە باسم‌کردوە، ئەمە بۆئەوەتە زوان سەر تەشێوێنێ لە دەرون، وە دەرون ناچاربکرێت خوو بگرێت بە ذیکر کردنەوە.

جا بەدڵ دەست بکاتە «الله» گوتن، دڵ بریتی‌یە لە لەطیفەیێك لە لەطائیفی دەرون ئەو دڵە گۆشتینە نیە بەڵکو وا لەو شوێنەدا، والەژێری مەمکی چەپەوە روەو تەنشتی چەپی مرۆڤ بەئەندازەی دوو پەنجە، جا بەزمانی ئەو دڵە ئەڵێ «الله» بەلاّم ئەبێ مەفهومی الله لەپێش‌چاو بگرێ نەك شێوەی نوسینی الله، یان خوانەخواستە هیچ جۆرە شێوەو شکڵێ، چونکە خوای گەورە هەروەکو خۆی ئەفەرمێ (لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ)، ئەبێ هەر لەو کاتەدا باوەڕی لەسەری ئەوەبێت کە خودا مەوصوفە بەهەمو وەصفێکی کەمال وە (**مونەززەهە**)، واتە دورە لە هەمو «**نەقصێ**» واتە، ناتەواوی‌یێك،..بەفارسی بەم حاڵە ئەڵێن «**پەرداختنێ وجودێ ذیهنی**» واتە ورد بونەوە لە وجودێك کە لەزیهنی خۆتا بۆخودای دائەنێیت، وە نابێ لەم کاتی ذیکرەدا، نە زمان وە نە لەش جوڵە بکەن ئەبێ شەووڕۆژ ئەوەندە لەسەری ئەم‌ذیکرە بەردەوام بێ تا ئەودڵەی دەست ئەکاتە ذیکر وە ئەوکەسە خۆی هەستی پێ‌ئەکات، جا کە دڵ دەستی‌کردە ذیکر ئیتر ئەڕۆی بەسەردەمی لەطیفەی ڕۆحەوە کە وا بەوبەری دڵەوە واتە لەژێری مەمکی ڕاستا بە دوو پەنجە ڕووەو تەنشتی ڕاست، ئەویش هەر بەوجۆرە ئەوەندە ذیکری پێ‌ئەکا تا ذاکیر ئەبێت، پاشان لەطیفەی سیڕ کە وا لەم‌دیوی مەمکی چەپەوە تۆزێ لای ژوری مەمکەوە بەڕوی ناوەڕاستی سینەدا بە دوو پەنجە، پاشان نۆرەی لەطیفەی خەفی‌یە کەوا لە لای ژوروی مەمکی ڕاستەوە ڕوەو ناوەڕاستی سینە بە دوو پەنجە پاشان بە لەطیفەی ئەخفا «اخفی» دەست ئەکاتە ذیکر کە ئەکەوێتە ناوەڕاستی سینەی مرۆڤەوە واتە ناوەڕاستی هەرچوار لەطیفەکەوە.

کاتێ کە سەیری کرد هەرپێنج لەطیفەکانی دەسیان کردە ذیکرو هەرکامەی بەجیا بۆخۆی چراێکی تیا هەڵکرا وە هەرکامەی بەنوری تایبەتی خۆی ڕووناك بونەوە ئەوکاتە بە لەطیفەی نەفس دەست ئەکاتە ذیکر، لەطیفەی نەفس ئەکەوێتە ناو چاوانی مرۆڤ وە لەجنس و ڕەگەزی ئەمان نیە، چونکە لەطیفەی نەفس هی عالەمی خەلقەو سەر بەتەبیعەت‌و ماددەیە وەئەوان هی عالەمی ئەمرن وە شتێکی مەعنەوی‌یە، مەگەر ئەو ڕێبوارانە خۆیان هەستی پێ بکەن، من زوتر باسی لەطائفم

کردوە ئێستە دوبارەکردنەوەی پێ ناوێ پاشان نۆرەی لەطیفەی «**قالبیە**» یە واتە، هەموی لەش،کە لە مادده،واتە لە (**عەناصیر**) دروست بوە، بە هەموی لەش بەتێکڕایی ئەوەندە ذیکر ئەکات تا ذەڕرە ذەڕرەی لەشی بەجارێکا دەست ئەکاتە ذیکر وە ئەوکەسەش خۆی زورباش هەستی پێ ئەکات.

برێ لەنوسەرانی کتێبی تەصەووف لە نەقشبەندی یە کان وەکو مەلا حامیدی بێسارانی ی ئەڵێن هی وا هەیە لەشەوو ڕۆژێکا بیست وپێنج هەزار جار ذیکر ئەکات لای کەمیشی پێنج هەزار جار، بەم چەشنە دیمان پێنج قۆناغ دانراوە بۆ ذیکری لەطائفی عالەمی ئەمر، وە دوو قوناغ بۆ لەطائفی عالەمی خەلق، کە ئەبێتە حەوت قوناغ، یان حەوت هەنگاو. سەبارەت بەم حاڵەتە ئیمامی ڕەببانی ی ئەفەرمێ «ئەم ڕێبازەی ئێمە حەوت هەنگاوە».

ئەوەش کەبڕێکیان بەکینایە فەرمویانە، تەریقەت دوو هەنگاوە، ئەو دوو هەنگاوەی عالەمی ئەمرو عالەمی خەلقە، گوتمان بەهۆی بەردەوام بونەوە لەسەری ذیکری ئەم حەوت لەطیفەیە موبەمو وە ذەڕرە ذەڕرەی جیسم «**الله**» ئەکات، وەمورید لەم کاتەدا هەست بەئاسایش وەلەطافەتێك لەدەرونی خۆیا ئەکات، بەم حاڵەتە ئەڵێن (**سُلطانُ الأَذْکار**» یان«سلطانُ الذِّکر، جا ئەگەر مورید هەر لەسەری ئەم ذیکرە بەردەوام بو، وردە وردە ئەو ذیکرە لە خۆیەوە تەشەنە ئەکات ئەیتەنێتەوەو پەرە ئەسێنێ تاوای لێ دێت ئەوکەسە بەگوێی خۆی ئەبیسێ کە تەواوی دنیا ذیکر ئەکات وە دەنگی «**الله**» لە ذەڕرە ذەڕرەی کەون ئەبیسێ، بەم ذیکرە ئەڵێن ذیکری «**ماسیوا**»، واتە ماسوی‌الله هەرچی مەخلوقی خودایە ذیکرئەکات.

ئەم مەبەستانە لە شتە نهێنی و زۆر گرنگەکانی تەریقەتە، شیعرێکی حەزرەتی ضیاء الدین مان دی کە ئەفەرمێ، «**لەطائف سەربەسەر موستەغریق ذیکری هو الله یە**»ئەوە پەنجە ڕاکێشانە بۆ ئەم حاڵەتە، لێرەدا مەبەستێکی زۆر گرنگ هەیە پێویستە بزانرێ ئەمیش ئەوەتە، ئەم حاڵەتانە وە ئەم دەس کەوتە گرنگانە هی سەرەتای کارە،وەهی ئەلف وبێ ی تەصەووفە.

ئەم حاڵەتانە هی تەزکیە، واتە پاك بونەوەی لەطائفە، نەك (**فەنای**) لەطائف، ئەم

لەطائفە هەرکامەی فەنای خۆی هەیە جا کەهەموی فەنای بەسەرا هات پاشان بەقای بەسەرادێت وە لەم ماوەیەدایە رێبوار هەزاران نهێنی بۆ دەرئەکەوێ وە هەزاران دەس کەوتی مەعنەوی ئەکرێتە خەلاتی.

فەناو بەقای ئەم لەطائفە پاش «**عوروج**» واتە بەرزبونەوەو سەرکەوتن لەجیهانی ئافاق وەئەنفوس ، دەس ئەکەوێ، وەکاتێ دەست ئەدات بگەنەوە بە «**ئەصلی ئەصلی**» خۆیان؛ کە لە مەرتەبەی وجوب دا بویانە.

بابگەرێینەوە سەری ئەو مەبەستەی کە گوتمان هەر لەطیفەیێك پاش پاك بوونەوەی، وە کە ئیتر دەستی کردە ذیکر رووناك ئەبێتەوەو چرایێکی تیا هەلێ ئەکرێ، ئەوە شتێ نیە هەروا لەخۆمەوە بیلێم بەلکو بەراستیی هەروایە، وە لەهەرکام لەو لەطائفەدا نورێکی تایبەتی خۆی هەلێ ئەکرێ کە ئەو رێبوارە خۆی هە، بەروونا کی یە ئەکات وە چاوی بەصیرەت ئەیبینی کە ئەوا لەطیفەی (**دلی**) یان (**سیرری**)، نوری تایبەتی ی خۆی تیا هەل کرا هەروا کە نوری هەرکامەی جوێ یە هەروایش جۆری بەرەکەت. وەبەواتەی(صوفی یەکان (**نیسبەت**) ی هەرکامەی دیارەو هەستی پی ئەکرێ وە تامو مەزەو خۆشی و فەرەحی خۆی هەیە.
وە ئەوکەسە بەبوونەی ئەم دەس کەوت و بەرەکەتەوە باوەری زیاد ئەبێ وە هەتادێت دلگەرمتر ئەبێ لەسەری خواپەرستی یەکەی.

جگە ئەم نورو روناکی یەش هەرکام لەم لەطائفانە وان لە ژێری قەدەم «پێ ی» یەکێ لە ئەنبیای ئولول عەزم دا، وە هەرکامەش لەرێبواران «**فەتح**» واتە سەرکەوتن و پێش کەوتنی لەرێگەی یەکێ لەو لەطائفەوە دەست ئەکەوێ. وە مەشرەبی مەعنەویی ئەو کەسەش وا لەسەری مەشرەبی ئەو پێغەمبەرە وە ئەو مامەلە دەرونیەش هەمدیسان هەم لەمورشید وەهەم لە موریدوە هەم لەوانەی کە ئەهلی دلن شاراوەنیە بەلکو تەنانەت پاش مردنیش ئەگەر برۆنە سەری گۆری یەکتر ئەزانن ئەو گەورەپیاوە خاوەنی چ مەشرەبێ بوە بۆ نمونە ئەزانن (**موحەممەدی مەشرەب**) یان (**عیسای مەشرەبە**)، جا ئەم شتانەیە کەئەلێن باوەری صوفی یەکان (**عین الیقین**)**ە** چونکە کەسێ ئەم شتانە بەچاوی بەصیرەت سەیرکات ئیتر چۆن ئیمانی کامل نیە وە ئاوا باوەرێ بەچی ئەکان

ئەخوات؟ ئێمە لەپێشا شوێنی لەطائفەکانمان دیاری کرد،بۆباسی ڕەنگی نورەکانیان وە هەرکامەی وان لەژێری قەدەمی کام «**نەبی**» دا ئەڵێین.

لەطیفەی دڵ والەژێری قەدەمی حەزرەتی ئادەمدا وە ڕەنگی نورەکەی (**زەردە**)، لەطیفەی ڕۆح وا لەژێری پێی دوو پێغەمبەردا، واتە لەژێری پێی نوح وە ئیبراهیم دا وەڕەنگی نورەکەی «**سورە**»، لەطیفە سیڕ وا لەژێری پێی حەزرەتی موسی دا وە نورەکەی سپی‌یە، لەطیفەی «**خەفی**» وا لەژێری پێی حەزرەتی عیسی‌دا وە نورەکەی ڕەشە، لێرەدا ئەبێ بڵێم ڕەنگە بپرسن چۆن نور ئەبێ ڕەش‌بێت بەڵام ئەم نورە هەیە وەزۆریش جوانە وەدڵی خاوەن دڵ ئەفرێنێ زورجار ڕەنگی موی‌سەر، یان چاووبرۆ کەڕەش‌بێت لەهەمو جوانیێ جوانترە منیش هەر ئەوەندە ئەتوانم تەشبیهی بکەم.

لەطیفەی «**اَخْفی**» ئەخفا،ڕەنگی صەوزەو والەژێری قەدەمی حەزرەتی «**محمد**»دا درودی خوا لەسەری هەمویان. ئەگەر مورشیدبو وا ئەومورشیدە هەر کە لەطیفەیێك لەو لەطیفانە کاری تەواوبو دەستور ئەدات بەرێبوار کە بگوێزێتەوە بۆ لەطیفەیێکی تر، ئەوەی شیاوی باسە«لەطیفە»کە تەواو نورانی‌بو، ڕەنگی ئەونورە لەسەری شانی ئەو موریدە بەرزئەبێتەوە هەم خۆی هەستی ئەکات هەم مورشیدەکەی.

سەبارەت بە لەطائف هەرچەن زوتریش گوتومە، ئەتوانین لێك‌یان بدەینەوە بە «**حەواس**» واتە هەست پێکەرەکان، چۆن ئەمانە لە جیهانی ماددەو سروشتدا هەرکامەی دەورێ ئەبینێ ئەوانیش لەجیهانی دەرونی‌و مەعنەویدا هەرکامە سپاردەیێکی هەیەو دەورێ ئەبینێ وە هەستی تایبەت ئەکات.

جا لەپاشی تەزکی‌یەی لەطائق عالەمی ئەمر نۆرەی تەزکیەی نەفسەکەلەعالەمی خەلقە وە ڕەنگی نەفس، بێ‌ڕەنگی‌یە بڵێین وەکو ئاو وایە کە کرایە هەرشتێ ڕەنگی ئەو ئەدات، بۆیە تەزکی‌یەو فێری ذیکر کردنی نەفس، ئەخرێتە پاشی هەمویانەوە چونکە تەزکیەی نەفس سەختە، هەم هی جیهانی سورشتە هەم لەبناغەشا (**امارة بالسوء**)ە– وە هەرچی هەستی چەوتی‌و لاڕێ‌یی‌و ڕێ‌گرییە لەنەفسەوە هەڵ ئەقوڵێ بەڵام ذیکری خودا هەموی ئەمانە دائەمرکێنێ وە پاکیان ئەکاتەوەو ئەیان‌وەرزێنێ. بێگومان هەموی گەورەپیاوانی ڕەی‌ڕەوی تەصەووف دوبارەی ئەکەنەوە کە ئەم‌کارانە بەبێ‌مورشید زۆر سەختە وە بوونی مورشید وە ماموستاو ڕێ‌نوما هەموی ئاسان ئەکات، بالێرەشا دووبارەی کەمەوە، کاتێ کە ئەڵێین مورشید مەبەست

کەسێکە شکی تیانەبێ کە وەلی بێت، خوداناس و لەخوداترس بێت، خۆی بەهەموی ئەم مەقامانەدا تێپەڕیبێ کەسێکی وا بەناو ئینسانە ئەگینا یەکپارچە نوورەو مەلائیکە صیفەت و ڕەببانی مەسلەکەو وا لەمەقامە بەرزەکانی بەقای پاش فەنادا، ئایا کەسێ ئاوابێت ئەکرێ خەیانەت بکات لە ئوممەتی موحەممەد وە مەبەستی لە ئیرشاد پلەو پایەی دنیایی وە دەس کەوت و سەرمایەو سامان بێت.؟

بێگومان ئەگەر کەسێکی ئاوا پایە بەرزو لەخوداترس دەس کەوت هیچ عەیبی تیانیە ئەگەر ئینسان بیکاتە چاوساغو ڕەبەرو ڕێپیشاندەرو ئوستادی خۆی وە خۆی بسپێرێتە دەستی ئەو.

وتمان ذیکر دوجۆرە یەکێکی ذیکری «**الله**» یو، کە باسمان کرد.

ب : ذیکری «**لااله‌الاالله**» یە، کە مەشهورە بە، «**نەفی و ئیسبات**»، زۆربەی ڕێبواران لەپێشا بەذیکری «**الله**» دەست پێ ئەکەن پاشان نەفی و ئیسبات، جاری وا هەیە مورشید بەپێی تەشخیصی خۆی کە حال زانی ڕێبوارە، پاش و پێشیان پێئەکات بەو جۆرەی کە خۆی بە پێویستی بزانێت.

بە هەرحال ڕەوشی دووهەمی ڕێگرتنەبەر ذیکری «**لا اله‌الا الله**» یە.

بزانین ئەم ذیکرە چۆن ئەکرێت. هەر بەو جۆرەی بۆ ذیکری (**ذات**)واتە (**الله**) گوتمان بەوجۆرە ئەوکەسە خۆی ئامادە ئەکات، وە ڕووەو قیبلە دائەنیشێ چاوئەنێ بەیەکاو زمانی ئەچەسپێنێ بە عاسمانەی دەمیا، وە هەناسەی هەل ئەکێشێ بۆ لای خواروی سینەی وە ئەیگرێ، پاشان بە زمانی خەیال لە ناوکی یەوە وشەی «**لا**» هەل ئەکێشێ بۆ ناوچاوانی، بە واتایێکی تر ووشەی «**لا**» لای خواروی لەطیفەی ئەخفاوە بەسەری لەطیفەی ئەخفا دا هەل ئەکێشێ بۆ لەطیفەی نەفس، بۆ ناوچاوان، پاشان لە ناوچاوانەوە ووشەی «**اله**» دێرێت بۆلای مەمکی ڕاستی بۆلای لەطیفەی ڕۆح وە لەطیفەی خەفی. لەوێوە ووشەی «**الا**» ئەباتەوە بۆپشتی مەمکی چەپی کە جێگەی لەطیفەی (**سیر**) ە پاشان ووشەی (**الله**) زۆر بەتوندیی ئەدات لە «**قەلب**» وەکو ئەوەی بە چەکوشێك بیدات بەدڵیا بەجۆرێك کە گەرماو سۆزی بگاتە هەموی لەش، پاش تەواوکردنی «**لا اله الا الله**» بە زمانی خەیال وە بەوجۆرەی کە گوترا ئەوەستێ،



وێنەی ذیکری لا إله الاالله بەشێوەی نهێنی لەدەروونا

جائەگەر ذیکرەکەی، جارێ یان سێ یان زیاتر، ئەنجام داو پشوی داو هەناسەی دا لەوکاتی هەناسەدانو ڕاوەستانەدا، ئەڵێ «**محمد رسول الله**».

لەم کاتی ذیکرەدا مەرج ئەوەتە واتاو مەفهومی مەبەست لە بەرچاو بگرێت نەك شێوەی نوسینی لا اله الا الله، واتە، لە دڵی خۆیا هەر لەو کاتی ذیکرەدا مەبەستی ئەوەبێت کە هیچ مەوجودێ شیاوی پەرستن نیە جگە «الله»، وە نیازی ئەوەبێت، کە من هیچ مەبەستو داخوازێکم نیە جگە بەندەیی ذاتی الله، بەکورتی ی‌واتا پێویستە

نەك لەفظەكە، هەروەها لەكاتی لا اله دا مەبەستی ئەوەبێت کەمن خۆم وە هەرچی مەوجوداتە هەموم لاهیچە وەهەموی هی تیاچونەو رۆژێ تیائەچێت،وە لەکاتی إلاّ الله دا مەبەستی ئەوەبێ بڵێ ئەوەی ئەمێنێتەوە تەنها هەرخودایە.

جا لە هەردوو جۆرە ذیکرەکەدا چ ذیکری الله، وە چ لا اله الا الله پاش چەن جارێك ذیکر کردن پشوییێك بدات وە لەو پشودانەدا بڵێ خودایا من لەم ذیکرو پەرستشەدا مەبەستم هەرتۆو رەزامەندیی تۆیە وامن دەستم لە هەردوجیهان هەڵگرت بۆتۆ، ئومیدم ئەوەتە تۆیش مەحەبەت وە ناسینی خۆت **«مەعریفەت»** بکەیتە خەڵاتم، وە ئەبێ لەم کاتی ذیکرەدا سەرنجی دڵی خۆی بدات بێ ئەوەی شێوەو شکڵێ بۆ ئەودڵە لەپێش‌چاو بگرێت، واتە ئەبێ شێوەو شکڵی دڵی گوشتین لەپێش‌چاو نەگرێت، ئابەم چاودێری کردن لە دڵە ئەڵێن **(الوقوف القلبی)**، لێرەدا بەبۆنەی ئەم هاتنە پێشەوەی باسی وقوفی قەلبی‌یە وە ئەڵێم بۆ گرتنە بەری رێ‌بازی نەقشبەندی‌یەکان یانزە ماددە، یان یانزە ووشە، یان یانزە پایەو ستون دانراوە ، هەروا کە زووتر گوتمان ئەوەی لە دەمەقامەکان تێ نەپەرێ ناگاتە پلەی فەناو بەقا، کە بریتی‌بون لە مەقامی، تەوبە، ئینابە، زوهد قەناعەت، وەرع، صەبر، شوکر تەوەککول تەسلیم، رەضا.

هەروایش لەکاتی برینی رێگای سلوكدا یانزە فەرمان، یان یانزە رەوش هەیە ئەبێ رێبوار پەیرەوی‌یان لێبکات ئەگینا هیچی بەهیچ نابێت، ئەم وشانە لە بناغەدا فارسین، هەشت ووشە لەم ووشانە **«حەزرەتی شێخ عبد الخالقی غەجدەوانی‌ی»** **(٥٧٥)**ك، دایناوە لەپاشان شاهی نەقشبەند سێ ووشەی تری خستونەتە سەر کە بەتێکرا بونەتە یانزە ووشە. ووشەکان ئەمانەن **(هۆش‌دەردەم، نەظەر بەرقەدەم، سەفەر دەر وەتەن. خەلوەت دەر ئەنجومەن، یادکرد، بازگەشت، یادداشت. ئەمانەیان هی حەزرەتی غەجدەوانین)**.

وقوفی قەلبی‌ی، وقوفی عەدەدیی، وقوفی زەمانیی؛ئەمانەش شاهی نەقشبەند خستویەتە سەری. بێگومان لەپاشان بەجیا باسێ ئەکەین کە مەبەست لەم ووشانە چی‌یەو چ کارێ ئەکەنە سەری سلوکی مورید، بەلاّم ئیستە ئەبوایێ پەنجەیێکم بۆڕاکێشایی.

هەروەها پێویستە لەوکاتی ئەنجامدانی ذیکرەدا لە دڵەوە داوای فەیض‌و رەحمەتی خودا بکات کە برژێ بەسەری دەرونیا وە چاوەڕوانیی ئەو فەیضە لای ژوروی خۆیەوە بکات، هەرچەن خوا لە هەمو شوێنێکا هەیە وەلای ژوورو خوارێك بۆئەو نیە، بەلاّم هەربۆ

لەپێش چاوگرتنی ڕەوشی ئەدەب، ئەبێ ئەدڵەوە بۆلای ژوورو بڕوانێ بەوتیازەی خوا والای ژووری هەموشتێکەوە.

ئەم وقوفی قەلبی یە وە ئەو چاودێری کردنی سەرچاوەی **فەیضە دوو** مەرجی‌شی هەیە.

یەکەم، هەوڵبدات هیچ جۆرە خەیاڵ‌و خەتەرەیێ روو نەکاتە دەرونی.

دووهەم ئەوەتە هەرلەگەڵ خەتەرەو خەیاڵێ، چ خەیاڵی چاك چ خەیاڵی خراپ ڕووی کردە دەروونی یەوە ئەبێ ذیکرەکە ڕاگرێت وەکو لەغاوی شتێ یان ستوپی ئوتومبیلێ بگرێت ئاوا ذیکرەکە ڕاگرێت وە بکۆشێ کە خەتەرە وخەیاڵەکە لەدڵ دەرکات. ئەوجا سەرلەنوێ دەست کاتەوە بەذیکر، بەم کردەوەیەش ئەڵێن «**بازداشت**»، بازداشت بەفارسی ئەبێتە ڕاگرتن، لێرەدایە سەیرئەکەین ئەم یانزە ڕەوشە چی‌یەو بۆچی دانراون، هەرکامەی لەسەری سەرگوزەشت‌و ئازموونێکی قوڵ هاتوونەتەدی.

جگە ئەم مەرجانەی باس‌کران مەرجێکی بەکەڵکی تر بۆ ئەنجامدانی ذیکر، ڕاگرتنی هەناسەیە لەکاتی ئەنجامدانی ذیکرەکەدا، هەرچەن ڕاگرتنی هەناسە مەرجێك نیە کە بەبێ‌ئەو نەکرێ ذیکر بکرێت، بەڵام ئەگەر پەیڕەوی لێوە بکرێت باشترە، بەپێی ئازموونی ڕێبوارانی ئەم ڕێگایە گەرمی‌ی دڵ، شەوق‌و ذەوقی دەرون دڵ‌ناسکی‌و دورکەوتنەوەی وەس‌وەسە وە سەرهەڵدان‌و پەیدابونی مەحەبەت هەموی لەم ڕاگرتنی هەناسەیەوە دەست ئەدات وە دەست‌کەوتی ئەون، هەروەها ئەبێتە هۆی کەشف بۆڕێبوار وەشتی پشتی پەردەی لەغەیب، بۆدەرئەخەن.

ئەم جۆرە شتانەیە دەری‌ئەخات کە تەصەووف کردەوەیە وەئەوەی بەکردەوە نەبێتە مەیدان نازانێ چی‌یە،..هەروەها ئازمونە«کە شتێ بۆدەرئەخات»ئازمون‌و تاقی‌کردنەوەیە دەری‌ئەخات هەناسەنەدان لەکاتی ذیکرا چ دەرامەدێکی هەیە، کەچی عەقڵ تیاڵەنگە.

مەرجێکی‌تر لەذیکری نەفی‌وئیسبات‌دا ئەوەتە هەوڵبدەی لەهەر هەناسەیێکا ژمارەیێکی «تاك» ذیکر بکەیت، واتە، جارێ، یان سێ یان پێنج یان حەوت.... هتد، ئا بەم چاودێری کردنی ژمارەی تاکە ئەڵێن **(وقوفی عەدەدی)** هەروەکو گوتمان ئەمیش پایەیێکە لەسلوکی نەقشبەندی‌یەکان.

شوێنەواری پەیڕەوی کردن لەژمارەی تاکیش ئەوەتە زانیاری ڕێبوار لەزانستی مەعنەوی‌یات‌دا زیادئەکات وە نهێنی‌یەکانی تەریقەتی بۆدەرئەکەوێ وە لەپێش چاوی ڕوون ئەبنەوە.

لای زۆروی ژمارەیێك كەپێویستە ڕێبوار لەذیكری لا اله الا الله دا، لە یەك هەناسەدا بیگاتێ، بیست و یەك جارە، ئەوەی توانی لەگەڵی چاودێری كردن و ئەنجامدانی ئەو مەرجانەدا كە باسیان كردن لەیەك هەناسەدا بیست و یەك جار ذیكری لا اله الا اللهی ئەنجامدا كەڵكی مەعنەویی و پاكیی دەروونی دەست ئەكەوێ وە زۆرێك لەو نهێنییانەی كە گوتمان بۆی ڕوون ئەبنەوە، وە خۆی زۆرباش هەستیان پێ ئەكات ئەگەر ئەم دەستكەوتانەی نەبو بێگومان كارەكەی بە ڕێك و پێكیی و بەباشیی ئەنجام نەداوە ئەبێ بیری لێ بكاتەوە تا كەم و كوڕی ئیشەكەی ئەدۆزێتەوە، بەلأم ئەگەر مورشیدی باش هەبێت، ئەو خێرا یادئاوەریی ئەكات وە بۆی دیاریی ئەكات كە نوكولی كارەكەی لە كوێدایە.

ئەوەش بزانین تەواوی ئەم مەرجانە، وەكو وقوفی قەلبیی عەددەدیی یان بازداشت یان هەناسە نەدان یان بیر بەلای كارەوە بون وە تێپەڕاندنی ذیكر بەسەری لەطائفدا، ئەمانە هەمویان پاش ماوەیێ بەردەوامبون و كاركردن زۆر ئاسانن بۆ ڕێبوار.

بۆنمونە كەسێ دەست ئەكاتە «وەرزش» لەپێشا بەرزكردنەوەی دە كیلو شتی لاسەختە پاش ماوەیێ صەد كیلویش بەئاسانیی بەرز ئەكاتەوە، هەروەها صەدان وەرزشی تری لەش، وەرزشی ڕۆحیش هەروایە، دەستكەوتی وەرزشی لەش ڕەزامەندی خەڵك وەدەستكەوتی ماددیی یە، بەلأم دەستكەوتی خواپەرستیی و عیبادەت ڕەزامەندیی خالیقە، وەرزش پاش چەن ساڵێ پەكی ئەكەوێ ئەم هەتادێت سەرئەكەوێت و بەهێزترو پایەبەرزتر ئەبێ، وە هەتاهەتایە چرایێكە بۆخذمەت بەخەڵك.

لێرەدا ئەبێ بڵێم دەستكەوتی بناغەیی ئەم ڕەوشە هەروەكو ذیكری الله، ئەمیش بۆ تەزكیی یە، واتە پاك كردنەوەی لەطائفە، لەذیكری اللەدا لەطائف یەكەیەكە وە یەك لەدوای یەك پاك ئەبونەوەو ذیكریان ئەكردو نوری تایبەتیان ئەدرەوشایەوە، بەلأم لێرەدا چونكە ذیكرەكە بەسەری هەموی لەطائفدا تێئەپەڕێ، كە هەڵكرا، هەموی بەجارێكا هەڵ ئەكرێ. یان لەپێشا لەدڵەوە دەستپێئەكات پاشان یەك لەشوێنی یەك هەموزیان دەست ئەكەنە ذیكر، وە نوری تایبەتیان ئەدرەوشێتەوە، وە ئەوكەسە خۆی هەستی پێئەكات.

ڕەوشی دووهەم:

ڕەوشی دووهەم بۆگەیشتن بە سەری لوتکەی ئاوات لەڕێبازی نەقشبەندی‌دا بریتی‌یە لە «**موراقەبە**» بێگومان بۆ ئەنجامدانی موراقەبەیش هەر پێشەکی‌یێك بۆ ئەنجامدانی ذیکر پێویستە، بۆ ئەمیش پێویستە، وەکو لەپێشی هەموشتێکا تەوبەکردن، پاشان دەست بەدەست‌نوێژەوە بون وە «**استغفار**» کردن، وە لەشوێنێکی کەنارو بێ‌دەنگا دانیشتن.

موراقەبە بریتی‌یە لەوەی ئەگەر دەستی‌دا بەوجۆرەی کەگوتمان خۆت ئامادەکەی وە لە گوشەیێکی چۆڵا دانیشی هەمو خەتەرەو خەیاڵی لەدڵ دەرکەیت وە ڕوی دڵت بکەیتە قاپی‌ی هەق، بەبێ واسیطەی مورشید وە بەبێ ئەنجامدانی ذیکر، بەوپەڕی نیازمەندیو کزی‌یەوە بەهەمو توانایی‌و خواستێکی دەرونەوە لە خوای‌گەورە بپاڕێیتەوە کە ڕەحمت پی‌بکات وە فەیضو بەرەکەت بڕێژێ بەسەری دڵو دەرونتا وە دەرونت بەنوری خۆی ڕوناك کاتەوە.

جا بەردەوام‌بونی شەوو ڕۆژ لەسەری ئەم حاڵەتە ئەبێ ئەوەندە درێژەی بدرێتێ تا ڕووکردنە قاپی‌هەق ئەبێتە (**مەلەکە**) واتە: خدە بۆمرۆڤ، ئەم حاڵەتە لە تەصەووف‌دا پێی‌ئەڵێن ڕووکردنە (**مەذکور**) نەك ذیکر، واتە دڵ‌بدەیتە خاوەن ناو کە خودایە، نەك (**ناو**) کە ذیکرە.

بەم جۆرە خاوەن ناو لە دەرونا ئەدرەوشێتەوە وە (حوزور) وە (**موشاهەدە**) یان «**شوهود**» دەست‌ئەدات.

گەورەپیاوانی ئەم ڕێگایە فەرمویانە (**جەذبە**) واتە ڕاکێشران بۆلای‌هەق، لەڕێگای موراقەبەوە زووتر دەست ئەکەوێت تا لەڕێگای ذیکرەوە، هەروەها ئەڵێن بەردەوام‌بون لەسەری موراقەبە مەرد ئەگەیێنێتە پلەی «وەزارەت» واتە، وەزارەتی مەعنەویی، واتە دواپلەی پێش‌کەوتن. لەبەرهەمەکانی موراقەبەش ئەوەتە ئەوکەسە ئەبێتە فەرمان‌ڕەوا بەسەری «مولك‌و مەلەکوت» دا، هەروەها ئەبێتە دەرون‌ناس وە فەرمان‌ڕەوا بەسەری دەروونەکاندا.

پێویستە بزانین ئەوانە کە خدەئەدەنە موراقەبە ئەبێ لە ذیکرو خواپەرستی‌و شەونوێژو ئەو جۆرەشتانەش غافڵ نەبن، وە بەڕادەیێکی مەعقول ئەو پەرستشانەش

ئەنجام بدات هەروەها فەرمویانە نزیکی ی کردن لە پیاوچاکان یەکێکە لەوشتانەی ئەبنە هۆی پێش ڕەوت وە سەرکەوتنی پیاو ، هەر بەوجۆرەی کە خوا ئەفەرمێ «یاأیُّها الَّذین آمَنوا اتّقوا اللهَ وکونوا مَعَ الصّادِقین» سورەی تەوبە «١١٩» .

واتە ، هەم پارێزکارو خوداپەرست بن ، وە هەم هاوڕێو هاو خدەی ڕاستکاران و ڕاست وێژان بن . گەورەپیاوان زۆرشت لەئەسراری غەیبیان لەکاتی موراقەبەدا پێ نیشان ئەدرێ ، تەنانەت سەبارەت بە وەزعی سلوکی خۆیان ڕاهنمایی ئەکرێن .

زوتر لەبارەی موراقەبەوە باسم کردوە چونکە موراقەبە لەبازاڕی تەصەووفدا واتای تریشی هەیە وەکو ئەوەی مرۆڤ ڕەقیب وە چاودێری کەری کردەوەو ڕەفتاری خۆی بێت وە جڵەو بۆ نەفسی شل نەکات .

بەڵام لەڕەوشی ڕێگرتنەبەری ڕێبازی نەقشبەندی دا مەبەست لەموراقەبە ئەمەتە کەباسمان کرد .

ڕەوشی سێهەم :

ڕەوشی سێهەم لە ڕێبازی نەقشبەندی دا بۆگەیشتن بەخودا ، بەهرەوەرگرتنە لە دەستەو داوێن بونی خاوەن کەماڵێك ، واتە ، بونە شاگردی مورشیدێکی کامیل ، ئەوانەی ئەبنە شاگردی پیرێکی دەس گیر وە خاوەن کەمال ، وە ئیخلاص و ئەدەب و پەیرەوی کردن لە دەستوری ئەو خواناسە ئەکەنە پیشەی هەمیشەیی یان ، وەهەروەکو شاگردێکی ویستیاری فێربونی زانیاری لای ماموستای دەرس ئەخوێنێ ، وە ئەبێ ڕێ نومایی و دەستورەکانی ئەنجام دات ، ئەم چەن بەرابەری شاگردێکی دەرس خوێن ڕێ نمایی ڕێبەرەکەی ئەنجام دا ، ئەویش هەروەکو ڕێڕەوانی ڕێبازەکانی تر ئەگاتە مراز وە دڵی بەنوری هەق ڕوناك ئەبێتەوە .

گەورەپیاوانی تەریقەت فەرمویانە ئەم ڕێگایە لە هەموی ئاسانترە وە لەهەمویشی زوتر مرۆڤ ئەگەیێنێتە مراز ، بەم ڕێڕەوە ئەڵێن ذیکری رابیطە ، واتە یادی مورشید وە تێکۆشان بە یارمەتی ی ڕاستەوخۆی مورشید .

زوتر لەبارەی رابیطەوە باسمان کردوە گوتمان رابیطە بریتی‌یە لە بەردەوام کردنی پەیوەندی دەرون لەگەڵی خوای‌گەورەدا ، جا ئەوانەی کە مورشیدیان هەیە ئەو پەیوەندە لەرێگەی دەرونی مورشیدەوە بەرقەرار ئەکەن ، واتە دڵیان پەیوەند ئەدەن بەدڵی مورشیدەوە کە بێگومان دڵی مورشیدی کامیل هەم خۆی نورانی‌یەو نوری خودای تیا درەوشاوەتەوە وە هەم دڵی پەیوەندە بەدڵی حەزرەتی موحەممەدەوە «درودی خوای لەسەر» دەرونی ئەویش دیارە جێگەو کانگەی نوری خودایە وە پەیوەندە بە سەرچاوەی ئەنوارەوە کە ئەنواری خودای گەورەیە ، وە هەمیشەو بەردەوام وەکو تافگەیێکی بێ‌پایان نوری هەق ئەرژێ بەسەری دەرونی پێغەمبەرداەوە هەروەکو کارەبا ، کە چۆن دابەش ئەکرێ بەهەر چوارلادا«یان وەکو سەرچاوەی ئاوێکی بێ‌پایان چۆن بە هەمولایێکا جۆگای لێ هەڵ‌ئەگرن وە هەرجۆگەی هەزاران مەزراو هەر جۆگەلەی هەزاران داروەدرخت‌و گیاو صەوزەی پێ ئاو ئەدێرن ئەمیش بەوجۆرە ئەو رووناکی‌و فەیضە وەئەو ئاوە زەلاڵ‌و پڕ خێروبێرە دابەش ئەکرێ بەسەری ویستیاران‌و خوازیارانێکا قۆڵیان لێ هەڵ‌کردوەو چاکی مەردایەتی‌یان لێ‌کردوە بەلادا بۆئەوەی مەزرای دەرونیان بەو فەیض‌و بەرەکەتە پەروەردەو بەرهەم دار بکەن .

بێگومان مورشیدی کامیل سەرپشکەو بەوجۆرەی پێویستی‌بێت بەشی خۆی دێرێت وە دابەشی ئەکات بەسەری خوازیاراندا .

زوتر لەبارەی شیعرێکی مەولەوی‌یەوە کۆڵیانەوە کە بۆمورشیدی خۆی شێخ‌عوسمانی نەقشبەندی نوسیوە ،کە ئەڵێ :

حەیفە تۆ میراو سەرجۆی بادە بی
بە هەرکەس بەقەد کەفاف دادە بی
من کشتم روزەرد هام‌فەردانم بێ
دانەم روسیای هام‌دەردانم بێ
سا هەڵ‌کە با بێ جۆ جۆ جۆگەی مەی
وەسەر کشتم‌دا پەی‌پەی پەیاپەی .

هتد ... مەبەستی ئەم شیعرانەی مەولەوی ئەم کەڵك وەرگرتنە مەعنەوی‌یەو ئەو ئاودێرانەی کشتگەی رۆحی‌یەتە .

بەسەری ئەو صوفی یەدا وە صەحو ئەوەتە، ئەوبەندەیە ئەگەڕێتەوە بۆسەری هۆشی جاران وەڕیکوپێکی کردارو گوفتارە کانی، هەرئەو بەزمانی «**محمّدبن خفیف**»ە وە ئەفەرمی. (**سوکر**) بریتی یە لە هاتنەکوڵی دەرون لەکاتی ناوبردنی خۆشەویست، (خودادا)، وەهەروەها ئەڵێ: «**مەقاماتی وەجد**» چوارن، ذُهول، حیرەت، سوکر، صەحو، کەواتە سوکروصەحو بەشێکن لەچوارمەقامەکەی وەجد، کە لەبەشی (**وەجد**) دا باسمان کردوەو، واتاکانمان لێك داوەتەوە.

هەروەها شیخ عومەر سەبارەت بە «**غەیبەت وە شوهود**»، ئەفەرمێ، شوهود، بریتی یە لەحوزور، شوهود، کوردی یەکەی ئەبێتە چاوپێ کەوتن، بێگومان لێرەدا مەبەست لەچاوپێ کەوتن«دەرونی وەمەعنەوی یە»واتەبە بەصەر نیە»بە بەصیرەتە، وە حوزور ئامادەبونە بەلای کەسێکەوە، ئەویش هەر بەحاڵەتی مەعنەوی وە دەرونیە، جائەڵێت ئەم دیتنە بە ئامادەبونە یان ڕوبەڕوبونە، تاوێك لەشێوەی «یان لەحاڵی (**موراقەبە**) دا (**وتمان موراقەبە چاودێری کردنی رەحمەتی خودا، وە خودا بە حازر زانینە**)، دەمێك بەحاڵی (**موشاهەدە**)، واتە دیتنە، تاوەکو پێناسی ئەوبەندەیە لەسەری دیتن وە چاودێری بێت، ئەوە، حازرە، واتە حاڵەتی حوزوری هەیە، وەئەگەریش لەحاڵی موشاهەدەو موراقەبە دەرچو ئەوە لەدائرەی حوزور دەرئەچێ، کەواتە غائبە واتەلەحاڵی غەیبەت دایە.

بریجاریش مەبەست لە (**غەیبەت**)، غائب بون، وە گوم بون لە ئەشیا، واتە لەهەمو گیان دارو بێ گیانێك، جائەگەر غەیبەتەکە لەم چەشنەیان بو ئەوە مەقامی «**فەنا**» یە، وە غەیبەت نیە، کەواتە غەیبەت ئەوەتە لەحوزوری حەق غائب بێت، ئەگینا لەئەشیا غائب نیە، ئەگەر لەئەشیابو فەنایە، ئەگەر موشاهەدەو حوزوری لەدەس دا ئەوەتەغەیبەت، واتەغەیبەت لەحوزورە، ئەگەریش سەرلەنوێ خودابۆی کردەوە وە نوری حوزوروموشاهدە»واتەئامادەبون و دیتنی ئەنوار وئەسرار بۆی دەست دا ئەوە (**شوهودە**).

قوشەیری سەبارەت بە (**مەحو**) وەئیسبات، ئەڵێ، (**مەحو**) لاچونی پێناسی «**عادەت**»، واتە خووخدەیە «**ئیسبات**»، ئەنجامدانی فەرمانی خودایە واتە بەجێ هێنانی ڕەوشی بەندەگی، وە ئەوکەسەی پێناس و ڕەوشە ناپەسەندەکانی خۆی لابردبێت وە پێناسی لەبارو باشی کردبێتە جێ نشینی ئەوان ئەوکەسە خاوەنی مەحوئیسباتە، واتە خراپەی لەناوبردوەو چاکەی کردوەتە جێ نشینی.

لەپاشان پاش برێ لێکۆڵینەوە ، ئەڵێت ، کاکڵەی مەحووئیسبات لەلای خوداوە دێت ، ئەوەی خودا لەناوی ئەبات ئەوە مەحوە وەئەوەش خودا دای ئەمەرزێنی ئەوە ئیسباتە ، کەوابو مەحوو ئیسبات راستەوخۆ بەسراون بەخواستی خوداوە ، هەروەکو خودا خۆی ئەفەرمێ «**يَمْحو اللهُ مايَشاءُ وَيُثْبِتُ**» .

سەبارەت بە «**صەحو وەسوکر**» ، ئەڵێت (**صەحو**) هاتنە سەرهۆشی خۆیە ، لەپاش بێهۆشی وە سوکر ، مەستی‌یێکە بەهۆی نوروبەرەکەتێك (**وارید**) ێکی بەهێزەوە ، دەست‌ئەدات .

وتمان «**غەیبە**» هەیە ، وە سوکریش هەیە ، لێرەدا ئەڵێت غەیبە بەهۆی «**وارید**» ێك واتە بەرەکەتێکەوە پەیدائەبێ بەڵام سوکر ، قوڵتروبەهێزترە لە ، «**غەیبە**» واتە بێهۆشی‌ی ، وەئەمیش هەر بەهۆی بەرەکەتێکەوە دەس‌ئەدات ، کەخوا بەکەرەمی‌خۆی ئەیبارێنێ بەسەری دەرونی ڕێبوارانی ڕێگەی تەصەووفدا .

وە سەبارەت ، بە «**غەیبەوحوزور**» ئەڵێت ، غەیبە بریتی‌یە لەبێ‌هەواڵی قەلب لەوەی کە بەدەوروبەریا لەخەڵکی‌تر ڕووئەدات ، ئەویش هی‌ئەوەتە چونکە هەست‌پێ‌کەرەکانی ئەوکەسە هۆشیان وابەلای ئەو بەرەکەتەوە کەخودا خەڵاتی‌کردون ، وە ئەوکەسە وای‌لێ‌دێت تەنانەت خۆیشی لەیاد ئەچێتەوە ، وە سزادان‌و پاداشی پاشەڕۆژیشی هەر لەیادا نامێنێ ، زۆرجار پێش‌هاتوە بۆئەوانەی کە وان لەم‌حاڵەتی «غەیبەت»دا،واتە لەهۆش‌چونەدا،دەسیان چوە بەناوی ئاگرا وە بەخۆیان نەزانیوە ، هەرچەن وکوتر قسەیش‌ئەکەن وەهاتوچوو ئەکەن ، بەڵام خۆشی ئەوحاڵەیان بێهۆشی کردون ، جارێکیان «**شیبلی**» ، کەیەکێکە لەگەورە پیاوانی تەصەووف دێت‌بۆلای جونەید ، گەورەپیاوی شارێی تەصەووف ، ژنەکەی جونەید ، ئەیەوێ سەری داپۆشێت ، جونەید ئەڵێ پێویست ناکات چونکە شیبلی حاڵی لەسەری خۆنیە ، پاشان جونەید دەست ئەکاتە قسەکردن لەگەڵیا تا ئەیکاتە گریان ، جاکەشیبلی دەست‌ئەکاتە گریان ، جونەید ئەڵێ بەژنەکەی ئیستە سەرت داپۆشە چونکە شیبلی هاتەوە سەری خۆی .

یەکێ لەموریدەکانی «**ابوعلی‌دَقّاق**» لەنەیسابور بەناوی «**ابونصرالمؤذّن**» ئەڵێ هەمیشە لەکۆڕەکانی ئەبوعلی‌دەقاق دا قورئانم بۆئەخوێندن ، ساڵێکیان ئەبوعەلی ئەچو بۆحەج ئەوەندە لەبارەی چاکی حەجەوە باسی‌کرد منیش‌بڕیارم‌دا لەگەڵی بڕۆم بۆحەج ،

وەلەگەڵی جەماعەتێکا لەتەکیا چوین بوحەج ، ڕۆژێکیان دەس‌نوێژی ئەگرت ڕویشتو مەسینەکەی لەیادچو منیش زانیم مەسینەی‌ئەوە هەڵم‌گرت تاگەیشتینە مەنزڵێکی‌تر دیم ئەیەوێ دەس‌نوێژبگرێت وەدەستەپاچەیە بۆمەسینە منیش مەسینەکەم بردەخزمەتی وە لەبەردەمیا دام‌نا لەپاشان وتی خودا پاداشی‌چاکەت بداتەوە وە بەوردیی سەیرێکی‌کردم وەگوتی باوڕەکەی وەکو ئەوەی من‌جارێکیان تۆم دی‌بێت تۆ کی‌یت ؟ گوتم قوربان نام‌ناسیتەوە ؟ من شوێنی تۆکەوتوم وەلەبەری تۆماڵ‌ومنداڵم بەجێ هێشتوە ئیستە ئەلێیت جارێکیان تۆم‌دیوە ؟ .

مەبەست ئەوەتە ئەوە حاڵەتی **(غەیبە)** ، واتە لەهۆش‌چون یان هۆش‌لەدەس‌دانە ، بەڵام حوزورەکەی ئەوەتە لەوکاتەدا چونکە هۆشی‌بەلای خەڵکەوە نەماوە ئەوە لەحوزوری هەق‌دایە ، ئەمەش بەهۆی ذیکری خوداکردن‌و ناوی‌خوابردنەوە دەست‌ئەدات لەڕاستەکەیا ئەو بەدڵ والەحوزوری خودادا وە تا هەرڕادەیێك زۆرتر لە **(خەڵق)** دووربێت ، لە **(خالیق)** ، نزیکترئەبێتەوە ، تائەگاتە ڕادەی بەتەواوی لەیادبردنەوەی خەڵك وجهان وە نوقوم‌بون‌و داپۆشران لەحوزوری خوادا ، جا کە لەم‌حاڵەتە دەرچو ئەوکاتە وەکوئیستەی ئیمە کارەکەی پێچەوانە ئەبێتەوە واتە حوزورەکەی ئەبێتە حوزوری ناوی خەڵك ، جا ئەم حاڵی **«غەیبەتە»** واتە لەهۆش‌چونە ، یان خەڵك‌لەیادچونەوەیە ، برێ‌جار کەم‌دەوامە وە جاری‌وایش هەیە ، زۆر دەوام ئەکات ، سا تا هەر ئەندازەیێك خودا ویستی .

بەناوبانگە ، جارێکیان **«ذا النون المصری»** یەکێك‌ئەنێرێ بۆلای بایەزید کەحاڵ‌وئەحواڵی بایەزیدی بۆبزانێت ئەوکەسە کەئەگاتە ئەوێ وەهەواڵی بایەزید ئەپرسێت وشوێنی بایەزیدی پیشان‌ئەدەن ئەروات بۆماڵیان سەیرئەکات بایەزید دانیشتوە ، بایەزید ئەڵێ ، کێت ئەوێ ؟ ئەڵێ بایەزیدم ئەوێ ، بایەزید ئەڵێ بایەزید کی‌یە ؟ بایەزید لەکوێ‌یە منیش بەشوێنیا ئەگەڕێم ، پیاوەکە گەڕایەوە وتی بابە ئەمەشێتە ، کاتێ گەڕایەوە بۆلای ذا النون وەسەرگوزەشتەکەی بۆگیڕایەوە ، ذا النون دەستی‌کردە گریان گوتی بایزیدی‌برام لەگەڵی هەموی ئەوانەی‌ترا کە هۆشوبیریان لای خۆیان نیەو تەنها هۆشیان لای‌خودایە ، لەگەڵی‌ئەواندا ئەمیش‌چوە .

لەکتێبی **مُعْجَم** مصطلحات الصوّفیەدا ، سەبارەت بە **«سُکْر»** وە **«صَحْو»**

ئەڵێت ، سوکور مەقامێکە لە مەقامی خۆشەویستان فەنای بەسەرانایێت وە دەستێ (**عیلم**)،زانیاریی ناگاتە داوێنی، ئەڵێ صەحو والای ژوروی سوکرەوە ، وەلەگەڵ مەقامی «بەسط» دا ڕێك ئەکەوێت ، صەحو مەقامێکە چاوەڕوانی کردنی ناوێ وەپێویستێ بەوەنیە بڕۆیت بەشوێنیا وە لەهەمو کەموکوڕییێك پاك کراوەتەوە .

سەبارەت بە(**غەیبە**) ، ئەڵێت ، سێ پلەیە ؛ «**غەیبە**» واتە لەهۆش چونی (**مورید**) بەجۆرێك یادی نە لای ماڵ ومناڵ وسەروسامانەوە ئەمێنی وەنە ترسی لەهیچ کوسپ کەندێکە وەنە بۆئاوات گەیشتن دەستەوداوێنی هیچ شتێ ئەبێت . پلەی دووهەم لەهۆش چونی (**سالیك**)ە ، ئەویش دابی زانیاریو هۆی کۆشش و روخسەتی پشوێ لەیاد ئەچێتەوە .

پلەی سێ هەم ، لەهۆش چونی «عاریفە» ، واتە گەورەپیاوانی پێ گەیشتوی تەصەووف ، ئەوانیش لەچاوی ئەحواڵ و دیتن و پایەوپلە گوم ئەبن وە ئەکەونە ناوێ بارومی (**جەمع**)ە وە ، واتە کۆبونەوەو نزیکی ی لەلوطفی خوداوە .

لەکتێبی «معجم مصطلحات الصوفیه» دا ، ئەڵێت ، (**مەحو**) بریتی یە لەلاچونی پێناسەکانی دابو ڕەوش ، بەجۆرێك ئەوکەسە لەوکاتەدا هۆشی لانامێنێ ، وە ڕەوش و ڕەفتارێکی وای لێ سەرئەدات کەلەدەستی ئاوەزی ئەودا نیە ، هەروەکو ئەوانەی کەمەستی بادەن ، «**مَحْوُ الجَمْع**» واتە بەجارێکا تیاچوون ، یان تیاچونی هەموشتێ ، هەروەها ، «**المَحْوُ الحقیق**» ، واتە تیاچونی ڕاستەقینە،ئەوەخۆی تیاچون وە(**فەنای زۆری یە ، لەتاکی دا**) (**فناء الکثرة فی الوحده**) .

وە «**اثبات**» ، دژی (**مەحو**)ە ، ئەویش بریتی یە لە ئەنجامدانی (**عبادەت**) ، واتە خواپەرستی ی . هەروەها سەبارەت بە (**صَحو وەسوکر**) ئەڵێ ، صەحو گەڕانەوەی ، عاریفە بۆسەری هۆشیاری ، واتە هۆشیاربونەوەی عاریفە پاش غەیبەت وەپاش ئەوەی کە هەستی لەدەستدابو،ئەڵێ پێچەوانەی صەحو ئەبێتە سوکر ، واتە مەستیی ، ئەڵێ واتای صەحو وەسوکر ، «**هۆشیاری ومەستی**» ، نزیکە لەواتای «**حوزوروغەیبە**» ، واتە ئامادەبون و لەسەرخۆچون ، یان ئامادەبون و ونبون ، فەرق لەنێوانی حوزورو صەحودا ئەوەتە صەحو ڕوداوێکە دێت وئەچێت بەڵام حوزور هەمیشەیی یەو بەردەوام ، وە صەحوو سوکر بەهێزترو تەواوترن لەحوزوروغەیبە ، سەبارەت بەغەیبەش هەرئەم سەرچاوەیە ئەڵێت ، «**غەیبە**» بریتی یە لە وونبونی دڵ

لەهەموی ئەوەی لەخەڵق ڕوو‌ئەدات ئەویش بەهۆی ئەوەوەیە کە هەستی ئەوکەسە سەرگەرمی ئەوحاڵەیە کەبۆی دەستی‌داوە ، ئەڵێ گوتراوە بریتی‌یە لەوەی کەهەستی بەلای نەفسەوە نامێنێ وەنابینێ ، چونکە بەهۆی ئەو ئەسرارەوە کەخودا بۆی‌دەرخستوە نەفسی لەبیر ئەچێتەوە .

سەبارەت بە (**شوهود**) ئەڵێت بەپێچەوانەی (**غەیبە**) وە ، واتە وون‌بون‌و لەهۆش‌چونەوە ، لێرەدا ئاگای لە نەفس وە نیازەکانی نەفسە لەغەیبەدا وتمان هۆشی لای نیازەکانی نەفس ئامێنێ بەڵام لەشهوداائاگای لێ‌یان ئەبێت. شیخ‌محی‌الدین عەرەبی ئەڵێ ، «**مەحو وەإثبات**» یەکێکن لەشتە دوانەکانی تەصەووف ، وەکو (**فەناوبەقا**) کاتێ کە مەحو وائەکات لەبەندە ئاگای لەنەفسی خۆی‌نەبێت لەوکاتەدا وا لەگەرمەی حوزوری خودادا ، واتە لێرە وون ئەبێت‌و لەوێ دائەمەزرێت .

لەپاشان باسی دوو ووشەی‌تر ئەکات «**السَّحق واَلمحق**» ، ئەڵێ ، لەسەحق‌دا بەندە هەستی ئەوەئەکات کە لاشەی‌خۆی تیاچوەو وردبوەو بوەتە تۆزو شوێنەمای نەماوە ، ئەمەش بەهۆی زاڵ‌بونی دەسەڵاتی «**تەجەللی**» نوری خوداوەیە ، واتە دەرکەوتن‌و زاڵ‌بون‌و زۆرسەندنی نوری خودا بەسەری وجودی بەندەدا .

ئەڵێ ، «**مەحق**» ، لە سەحقیش باڵاترە ئەویش بریتی‌یە لەفەنا ، واتە تیاچونی یەکجارەکی بەندە بەچەشنێ هەستی بونی خۆی ناکات ، وەتەنها هەست بەوجودی خالیق ئەکات ، وە هەروەها لەهەموی کەونیشا جگە لە قودرەتی‌خودا هەستی‌هیچ‌ناکات وەهەرچی شتێکیش ئەکرێت بۆی‌ڕونە کەبەهۆی هێزوتوانایی خوداوەیە وە بە نوێنەرایەتی لەلایێی ئەوەوەیە کەئەکرێت .

«**شەوق**»

بەلای برێ لەگەورەپیاوانی ئەمڕێگەوە، وایە، کە حاڵی‌شەوق حاڵێکە بەشوێنی مەحەبەت‌دا دەست‌ئەدات.

معجم‌مصطلحات‌الصوفیة ئەڵێت، شەوق بریتی‌یە لەبڵێسە سەندنی دڵ لەکاتی‌ناوبردنی خۆشەویست‌دا..

وه ماوه لەنێوانی شەوق وەئیشتیاق‌دا ئەوەتە، شەوق پاش دیدار وەچاوپی‌کەوتن دائەمرکێت وه نامێنێ، بەلأم‌ئیشتیاق پاش‌ئەوەش هەربەردەوامە.

مەبەست لەم‌شەوقە، واتە «**تاسەکردن**»، وەئارەزوی دیدار، بریتی‌یە لەشەوقی رێبوارانی رێگەی تەصەووف، کەئەویش‌حاڵێکی تایبەتەو جیهانێکی‌هەیە بۆخۆی،... بێگومان لەباسی هەموی ئەم‌حاڵ‌و مەقامانەدا ئەوچۆنیەتەی کەبەسەری رێبواراد‌ێت هەرگیز بەتەواوی وه بەبێ کەموکوری باس‌ناکرێت، چونکە هەم وشەیێك‌نیە بۆباسی، هەم مەجبورنین باسی‌بکەن، لەگەڵ‌ئەوەشا هەرکامەو شتێکی‌وتوە، وەرازێکی درکاندوە جائەوەتا شیخ‌عومەری سەهرەوەردی باوەری خۆی‌و هی گەورەپیاوانی‌تر پیشان‌ئەدات، برێ لەوگەورەپیاوانە ئەڵێن، شەوق هی‌غائبە خودا مادام هەمیشەحازرە، بەتایبەت بۆئەوان کەحازری‌یەکە بەچاوی دەرون هەست‌ئەکەن، ئیتر شەوق کوا ئەمێنێ، بەڵکو شەوق هی بەر لەحاڵی موشاهەدەیە، جالەم‌روانگەوە سەهرەوەردی ئەڵێت شەوق یەکێکە لەحاڵەکانی مەحەبەت، وه (**موحیب**) واتە، کەسێ کە کەسێکی‌خۆش‌بوێت، هەمیشە هەر (**موشتاقە**) واتە ئارەزومەندەو تاسەی‌ناشکێت، ئەوکەسەی کەخوای خۆش‌بوێت لەهەمو موشتاقێك موشتاق‌ترە چونکە «**ئەمر**»ی خودا، واتە حالأتی نهێنی (**غەیبی**) لەجیهانی غەیرەماددیدا بێ‌پایانە «**اَلاَ لَهُ الخَلقُ وَالأَمرُ**» ئایە (**٥٤**) (**أعراف**)، بەم‌جۆرە رێبوار هەرکە گەیشتە حاڵێکی‌تازە، واتە، حاڵێکی‌تازە دەمەتی‌دابۆی، ئەوساکە ئەزانێ کەحاڵێ لەوحاڵی‌خۆیە باشترو بەرزتر هەیە، جا ئیشتیاق سەرلەنوێ دەست‌ئەداتەوە بۆ ئەومەڵبەندە تازەیە وه بەم‌چەشنە حاڵی‌شەوق لەناوی جەغزی مەحەببەت‌دا هەر دەوامی‌ئەبێت،

دوبارە ئەڵێت، ئەمەحاڵی دەستەیێکە لە خۆش‌ویستان، کە لەمەقامی شەوق‌دا جێگایان پی‌دراوە، شەوقیش بۆ مەحەببەت وەکو زوهد وایە بۆ تەوبە، واتە ئەگەر تەوبە دامەزرا زوهد دەرئەکەوێ ئەگەریش مەحەببەت دامەزرا شەوق پەیدائەبێت.

لە «**إبن العطا**» یان پرسی‌وە شەوق‌چی‌یە؟

ئەڵێ سوتانی ناوسکەو کڵپەگرتنی‌دڵ وەپارچەپارچەبونی‌جەرگ لەترسی دوری، ئەویش لەپاش نزیکی‌و دیدار.

هەروەها پرسیویانە ئایا (شەوق) بەرزترە یان (مەحەبیەت) ئەڵێن شەوق، چونکە شەوق لەمەحەبیەت پەیدائەبێت وەئەوەی مەحەبیەتی نەبێت شەوقی نابێت، کەواتە مەحەبیەت لاسکی دارەو شەوق لقەکانیەتی.

لەکتێبی «مَنازِلُ السّائِرین» دا سێ پلە دائەنێت بۆشەوق، یەکێکی شەوقی خوداپەرستانە بۆبەهەشت، بۆئەوەی لەدەستی ترسی ئاگر رزگاربن، وە ئەوەی خەم دای گرتوە لەخەم دەرچێ، وەئەوەی ئاواتی بەهەشت بوە بەئاواتی بگات.

پلەی دووهەم، شەوقی گەیشتنە بەخودا.

وە پلەی سێهەم، ئاگرێکە، مەحەبیەت خستویەتە دەرونەوە، ژیانی لەمرۆڤ شێواندوە وخۆشی ی لەدەست سەندوە وە هیچ دەرمانێ چارەی ناکات جگە دیداری خودا. «بێگومان بەچاوی بەصیرەت» خاوەنی «اللُمَع» پاش باس کردنی شەوق هەربەشێوەیێك وەکو ئەوانی تر، لەپاشان ئەڵێ «وَالشّوقُ یَقتَضی الأُنس» واتە شەوق پێویستی بەئونس ئەبێت، واتە حاڵی ئونس بەشوێنی شەوقدا دێت.

قوشەیری لەسەرەتای باسی شەوقدا دەسنیشان بۆ ئەم ئایەتەئەکات کەئەفەرمێ «مَنْ كانَ يَرْجو لِقاءَ اللهِ فإنَّ أجَلَ اللهِ لآتٍ»، مەبەست لێرەدا ئەوەتە ئەوانەی موشتاقی ئەوەن بگەن بەخودا، رۆژێك ئەبێ ئەجەلیان بگات، واتە ئەبێ پێیان ناخۆش نەبێ کەئەمرن، بەڵکو چونکە بۆعالەمی ئەرواح ئەرۆن، وە لەخوا نزیکتر ئەبنەوە ئەبێ هەراسیان لەمردن نەبێت.

«یحیی بن معاذ» (٢٥٨ ك ٨٧٢م) ئەڵێت نیشانەی شەوق بریتی یە لەبڕینەوەی ئەندامی لەش لە (شەهەوات)، واتە قەدەغەکردنی ئارەزوی حەیوانیی لە لەش، چونکە شەوقی گەیشتن بەخودا لەکوێ وە ئارەزوی حەیوانیی لەکوێ، هەروەها قوشەیری ئەڵێت لە «سري»م بیست، ئەیوت شەوق پایەیێکی بەرزی خوداناسانە...

••

أنس :

ئونس، یەکێکی ترە لەحاڵەکانی تەصەووف، ئونس ئەبێتە هۆگریی بەشتێکەوە‌و‌ە دڵکرانەوە بەوشتە، بێگومان لێرەدا مەبەست ئەوەتە کەدڵی ڕێبواری ڕێگەی تەصەووف هۆگرئەبێ بەخۆشەویستی‌ی خوداوە، وە جگە خوای‌گەورە دڵی بەهیچ‌شتێ ناکرێتەوە، مرۆڤ لەم‌حاڵەدا لەخەڵك بێزارە وە هەتا بۆی دەست‌بدات دووریی ئەگرێت لەخەڵك، وە خواخوایەتی کەس نزیکی‌ی لێوەنەکات، تەنانەت ئەگەریش واهاتە پێشەوە چوەناوی خەڵك، یان خەڵك هاتن‌بۆلای‌ئەو، بەلاشە لای ئەوانەو بەدڵ لای‌خودایە، ئەم ڕێبوارە لەم‌حاڵەتی ئونسەدا، ئەوەندە دڵ‌خۆشە بەونزیکی‌و هۆگریی خۆیە، ئەگەر بدرێتە بەری بەردیش، زویر نابێت، وەهەر دڵ‌خۆش‌و خۆشحاڵە، وەنایەوێ کەس ئەم خۆشی‌یەی لی‌تێك‌بدات وەئەو بازارەی لێ‌بشلەژێنێ.

لەم‌حاڵەدا، ڕێبوار ناوبردنی خوای لەهەموشتێ پێ‌خۆشترە، واتە، «**ذیکر**» وە ئەم ئونسە لای‌بڕێ لە خواپێ‌داوان، ئەگاتە ڕادەی کەشف وەشوهود، واتە دەرکەوتنی نوری‌خودا بۆ دیدەی دڵ، واتە «**بەصیرەت**»، **وە ئەم پایەی دوایی‌یە بەهیچ زمانێك باس ناکرێت، وە لەهیچ گوفتارێکا ناگونجێت، وە هەرئەم نەبونی ووشەو گوفتارو واژەیە بۆ باسی حالاّتی تەصەووفەتە، ئەبێتە هۆی ئەوەی زۆر مەبەستی تەصەووف، هەروا لەدڵی خاوەنیا ماوەتەوەو، ئەمێنێتەوە، چونکە هەم وشەیێك نیە بۆباس‌کردنی، وە لەناو وتارا ناگونجێ، وەهەم، هەرکامەی بۆخۆی جیهانێکی بۆدەرئەکەوێ لەهی‌ئەوی‌تر ناچێت، وەکوئەوەی هەزاران‌کەس لەلای‌یەك‌کەسەوە دەعوەت‌کرێن، بەلاّم بۆهەرکامەی خانوو بەرەیێك تەرخان‌کرابێ، وەبۆهەرکامەی خۆراکێکی تایبەت برابێت، بەڵێ هەمو دەعوەت‌کراون وەخاوەن‌ماڵی هەمویان یەك‌کەسە، بەلاّم جێ‌وشوێن‌و خواردن‌و مێوانداریی هەرکامەی هی‌تەنهاخۆیەتی، جا بێ‌گومان هەرکامەی باسی ئەوەی خۆی ئەکات، وەئاگای لەوی‌ترنیە، جا بەداخەوە، زمان‌و ووشەو واژەیێك نیە بۆ باس‌کردن‌و گێڕانەوەی ئەوسەرگوزەشتانە، وەهەموی مەعنەوی‌یە، وە بەچاوی دەرون هەست‌ئەکرێت، وە هەرئەوەندەمان بۆدەرئەکەوێت کەباسیان کردوە.**

لەکتێبی «معجم مصطلحات الصوفیە»دا بەرانبەر بەووشەی «أُنس» زۆر بەکورتی ی ئەمچەند ووشەیە نوسراون.

الأنس «إلتذاذُ الرّوح بِكمالِ الجمال، وهو أثَرُ مُشاهَدة الحضرةِ الإلهيّة في القَلْب، وَهُوَ جَمالُ الجَلال، وقيل الأُنسُ ضدّ الهيْبَةِ، وقيل مَعَ الهَيْبَةِ».

لەکتێبی «الفاظ الصوفیة»دا، ئەڵێت: خاوەن ئونسەکان ئەبنە سێ بەشەوە.

بڕێکیان، دڵیان بەذیکر ئەکرێتەوەو بێزارن لە «غەفڵەت»، واتە بێزارن لەوەی لەخوداغافڵ بن، وە هۆگری خوداپەرستین وەبێزارن لەگوناەبارلی.

بڕێکیان، تەنها هۆگری خودان، وە بەخوانەبێ دڵیان بەهیچ ناکرێتەوە وەلەهەموشتێکی کە بێزارن.

دەستەی سێ هەمیان، ئەوانەن، کە سامو هەیبەتی ئونسو نزیکی خودا، هەموشتێکی لەبیر بردونەتەوە، تەنانەت ئونسەکەیشیان لەبیرچوەتەوە.

لە داوود الطائی کە لە «١٦٥»ك، کۆچی کردوە، ئەگێڕنەوە: جارێك صوفییێك تووشی ئەبیت، لەداود ئەپرسێ، ئەی ئەباسولەیمان، ئەوەچیتە، وائەوەندە خۆشحاڵو دەم بەبزەی، داوود وتی، ئەمبەیانی یە، شەرابێکیان دامێ، کە پێی ئەڵێن شەرابی «ئونس»، بەویۆنەوە ئەمرۆ رۆژی جەژنی منە، وە ئەوەتە ئەمبینی چەندە خوشحاڵم. کەواتە ئونس ئەو حاڵەخۆشەیە کە بەهۆی هەستی نزیکی ی لەخوداوە وەهەستی نوری خودا لەدەرونا دەستئەدات، وەئەوپەری خۆشی ئەخاتە دەرونی صوفی یەوە، بەجۆرێ کە حەزناکات کەسی لێ نزیك کەوێت، وە ئەمشادی یەی لێ تێك دات.

«وَجــد»

وەجد یەکێکە لەحاڵەکان، (تاج الأسلام کُلاباذی) لەکتێبی (التعرف لمذهب أهل التصوف) دائەڵێ، وەجد بریتی یە لەحاڵەتێکی خۆشی، یان ناخۆشی، یان ترس وڕاچڵەکان، یان دەرکەوتنی برێ شتی نهێنی لەجیهانی پاش مەرگ، یان

دەرکەوتنی هەرنهێنییێك لەئەسراری مەعنەوی، کەخوا بیەوێ بۆ ئەوبەندەی خۆیە ئاشکرای کات.

لەناوی صوفیو دەروێشی کوردا، بەمچۆنیەتە ئەڵێن حالّلیّهاتن، یان جەذبە لیّهاتن.

هەرچەن لە واتا عەرەبیەکەدا جەذبەوحالّ واتای ئەگۆڕێت.

شیخ‌عومەری سەهرەوەردنی لە «**عوارف المعارف**»دا سەبارەت بە «**وەجد**» «**تەواجود**» وە «**وجود**» باس‌ئەکات.

سەبارەت بەوەجد هەروە کو «**تاج الأسلام**» باس ئەکات ئەڵیّ حاڵەتێکە ئەبێتە هۆی خۆشیی یان ناخۆشیی کەحاڵی ئەوصوفی یە لەحاڵەتی سوروشتیی دەرئەکات وەئەیگۆڕیّ.

بەڵام «**تەواجود**» ئەوەتە ئەوکەسە خۆی بیەوێت، لەرێگەی بیرکردنەوە، یان ذیکرکردن حاڵی وەجد بۆخۆی بێرێتەدەست، بەڵام وجود بریتی‌یەلە تەشەنەکردنو پەرەسەندنی ئەوخۆشی وەجدەیە، بەچەشنێك ئەوەندە دەوام کاتو پەرەبسێنیّ تائەگاتە بۆشایی «**فەضا**»ی، ویجدان، وەجد لەوانەیەبڕوات بەڵام وجود وەکوکێو هەرپایەدارە. لێرەدا باس لە «**غەلەبە**» ئەکات وەئەڵێت «**وەجد**» حاڵەتێکە زوو گوزەر، بەڵام «**غەلەبە**» بریتی‌یە لەوەجدێك یان لەحاڵێك، کەهەروەکو تەوژمی کارەبا بەشوێنی یەکا دێت وە هەر بەردەوام ئەبێ، پاشان ئەڵێت «**وەجد**» چوار پلەی هەیە، ذهول، حیرەت، سوکر، صەحو، ئەڵیّ ئەم حاڵەتانە وەکو ئەوەتە کەسیّ ناوی دەریای بیستبێت لەپاشان بڕوات لێی نزیك بێتەوە پاشان بڕواتە ناوی پاشان شەپۆلی‌ئاو بیبات‌و شوێنەمای نەمێنێ. لەپاشان ئەڵیّ ئەوەی شوێنەمای ئەوحاڵەی بەسەرەوە مابێت، شوێنەمای ئەومەستی‌یەی بەسەرەوە ماوە ئەوەش بەتەواوی هاتبێتەوە سەری‌خۆی ئەوە لەومەستی‌یەش دەرچوە، وە هۆشیار بوەتەوە، مەستی هی خاوەن دڵانەو هۆشیاری هی‌ئەوانەتە شتیان بەچاودیوەو خودا ویستویە لەئەسراری «**غەیب**» برێ شتیان بۆدەرخات.

هەروەکووتمان وەجد بریتی‌یە لەحاڵێك کەدێت بەسەری ڕێبوارانی ڕێڕەوی تەصەووف‌دا، تەنانەت برێ‌جار بەسەری هەرکەسێکی تریشا کەبەهۆی خوێندنی قورئانەوە یان دەنگێکی کاری‌گەرو بە «**تأثیر**»، ئەوکەسە هاوارئەکات یان‌ئەگریت یان

جاری‌واش هەیە قاقا پێ‌ئەکەنێ، ئەمە «وەجدە»، واتە دڵ‌هاتنەجۆش، وەهەڵ سەبارەت بەم چۆنیەتەیە خوای‌گەورە ئەفەرمێ «إنّما المؤمنونَ الّذینَ إذا ذُکرَ الله وَجلت قُلوبُهُم» «انفال» ئایەتی «٢» پەنجەرا کێشانە بۆلای ئەم‌مەبەستە کەبرێ کەس بەخوێندنی قورئان دڵی گەرم‌ئەبێت یان‌ئەگریت، یان‌هاواری لێ بەرزئەبێتەوە، ئەوە خۆی وەجدە، جا برێ‌کەس لەگەورەپیاوانی تەصەووف لایان‌وایە رێبوار هەتا خۆی بگرێت وەهاوارو گریان نەکات بەهرەی زیاتری دەست‌ئەکەوێت، برێکیان لایان واتە ئەم‌باوەرە دروستە، بەڵام برێ بەرەکەت هەیە بەحاڵی جوڵان موناسیب‌ترە، وە هەرکامەی دەلیلێکی بۆهانیوە.

بەهەرحاڵ زۆربەیان لەسەرئەوەن ئەگەر کەسێ خۆی‌بۆبگیرێت خۆگرتن‌باشترە.

لەپێشا باسی «ذُهول» مان‌کرد، ذوهول، واتە شت‌لەبیربردنەوە یان لەهۆشی‌خۆچون، «حیرت» سەرسام‌مان «سوکر» سەرخۆش‌بون «صحو» هاتنەوەسەرخۆ.

لەپاشان ئەبێ ئەوەش بزانین حاڵەتی «وەجد»، یان بەکوردی خۆمان، حاڵ‌لێ‌هاتن، وەهاوارکردن‌و ئەوجۆرەشتانە هی تازەکارو پێ‌نەگەیشتوانە‌واتە هی ئەوانەیە وان لە «تەلوین» دا، وە ئەوەی چوە مەقامی «تەمکین» ئیتر ئەمجۆرە شتانەی نابێت وە مەقامی باڵاترە لەوانە.

بەڵام بەشێوەیێکی تیکرایی ئەم حاڵ‌گۆرانە لەزەمانی پێغەمبەرا درودی‌خوای‌لەسەر، هەربوە وە خوا ستایشی لێ‌کردوە وە بەپێچەوانەوە نارەزایی پیشان داوە سەبارەت بەدڵ‌رەقان وەبەوکەسانەی کە بەهیچ‌دڵیان گەرم‌نابێت، حاڵ‌گۆران یان وەجد، وەحاڵ‌لێ‌هاتن وەگریانی ئەصحاب زۆرتری بەهۆی خوێندنی قورئانەوە روی‌داوە هەروەکو لەم‌ئایەتانەدا دەرئەکەوێ.

« إنّما المؤمنونَ الّذینَ إذا ذُکِرَ الله وَجلَتْ قُلوبُهم» «انفال» «٢» هەروەهالەسورەی «زُمر» ئایەتی «٢٣» دائەفەرمێ، «اللهُ نَزّلَ اَحْسَنَ الحَدیثِ کِتاباً مُتشابِهاً مَثانِیَ تَقْشَعِرُّ مِنْهُ جُلودُ الّذینَ یَخْشَونَ رَبَّهم ثُمّ تلینُ جُلودُهُمْ وَقُلوبُهُمْ اِلیٰ ذِکْرِ الله» یان «اذا تُتْلیٰ عَلَیْهِمْ آیاتُ الرّحمنِ خَرّوا سُجّداً وَبُکیّاً» «مرم» «٥٨» «وَاذا سَمِعوا ماأُنْزِلَ اِلی الرّسولِ تَریٰ اَعْیُنَهُمْ تَفیضُ مِنَ الدّمعِ مِمّا عَرفوا مِنَ الحقّ». مائده «٨٣».

«وَیَخِرّونَ لِلأَذْقانِ یَبْکونَ وَیَزیدُهُمْ خُشوعاً» «اسراء» «١٠٩».

لەم چەن ئایەتەدا زۆرباش دەرئەکەوێ خوا باسی ئەوانە ئەکات «وَجِلَتْ قُلُوبُهُم»، دڵیان ترسی لێ نیشت یان، «تَقْشَعِرُّ منه جلودُ الذين يخشونَ ربّهم ثم تَلينُ جلودهم» لەپاشان ئەفەرمێ «خَرّوا سُجّدا وبُكيّا». پێستی بەدەنیان دێتەوەیەك و ئەترسن و پاشان پێستیان خاو ئەبێتەوە، لەپاشان کورنوش ئەبەن و ئەگرین. یان ئەفەرمێ، «ترى أعْيُنَهم تفيضُ من الدّمع» چاویان پڕئەبێ لەفرمێسك.

یان «ويخرّون للأذقانِ يَبْكونَ وَيَزيدهُمْ خُشوعا»، کورنوش ئەبەن و ئەگرین وەهەتادێت زیاترلەخوائەترسن ئەمانە هەموی پیشان دەری ئەوحاڵەن کە بەندەی خوادۆست وەلەخواترس چ بەرلەئیسلام وە چ لەزەمانی پێغەمبەردا ترسی خوا لەدڵیانابوە، وە بەبۆنەی ناوی خوا بردن یان قورئان خوێندنەوە دڵیان هاتوەتە جۆش و گریاون، وە رەواڵەتیان تێك چوە، لەئایەتی تری قورئان دا باسی ئەوانەش کراوە کەدڵ ڕەقن وە بەپێچەوانەی ئەمانی ترەوە، چونکەدڵیان ژەنگ گرتویەتی نە بەخوێندنی قورئان وە نە بەهیچ شتێکی لەوجۆرە دڵیان گەرم نابێت وەخوای گەورە بێزاری خۆی دەربارەیان پیشان ئەدات.

خوای گەورە لەسورەی «البقرة» ئایەتی «٧٤» دا، سەبارەت بە بەنی ئیسرائیلیەکان بۆئەو هەموە بیانوەی کە ئەیان گرت لەحەزرەتی موسی، ئەفەرمێ. «ثُمَّ قَسَتْ قلوبُكُمْ مِنْ بَعْدِ ذلِكَ فَهِيَ كالحِجارَةِ اَوْ اَشَدُّ قَسْوةً، وَاِنَّ مِنَ الحِجارَةِ لَما يَتَفَجَّرُ مِنْهُ الانهارُ وَاِنَّ مِنْها لَما يَشَّقَّقُ فَيَخْرُجُ مِنْه الماءُ واِنَّ مِنْها لَما يَهْبِطُ مِنْ خَشْيَةِ الله، وماالله بِغافِلٍ عَمّا تَعْمَلون».

ئەفەرمێ تەنانەت موعجزەی زیندوبونەوەی مانگاکەتان دی ئەویش پاش پارچەپارچەکردن و شەقوپەق کردنی، کەچی پاش ئەوەیش هەردڵ ڕەقن وەدڵی ئێوە لەبەردیش ڕەق ترە چونکە بەردی واهەیە شەق ئەبات و کانی ئاوی لێ دەردێت وەشاخی وایش هەیە لەترسی خوادا پراش پراش ئەبێت، واتە دڵی ئێوە لەهەموی ئەوانە ڕەق ترە، کەواتە دڵ ڕەقی بەلای خواوە کارێکی ناپەسەندە.

یان کەئەفەرمێ «اَلَمْ يَأنِ للذينَ آمنوا اَنْ تَخْشَعَ قلوبُهُمْ لِذِكرِ الله؟......» لەپاشان هەرئەم ئایەتە ئەفەرمێ «ولايكونوا كالذينَ اوتوا الكتابَ مِنْ قَبْلُ فَطالَ عَلَيْهِمُ الأَمَدُ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ وكثيرٌ مِنْهُمْ فاسِقونَ» «حديد» «١٦» خوای گەورە سەبارەت بەئەصحابی پێغەمبەر کەلەسەرەتاوە هەروەکو جارانیان گاڵتەو پێکەنینیان ئەکردو بەتەواوی گرەویدەی ڕەوشی ئیسلام نەبوبون ئەفەرمێ ئایا ئیترکاتی ئەوەنەهاتوە دڵیان بەرانبەر بەقورئان

خوێندن‌و ناوی‌خوابردن سام‌و ترسی‌لی‌ نیشێت وەمل‌کەچ‌کات ؟ وەوەکو، پەیڕەوانی پێغەمبەرەکانی لەوەپێشیان لی‌نەیێت، کە بەبۆنەی دورکەوتنەوەی زەمانی پێغەمبەرەکەیان دڵیان تاریك‌و ڕەش‌بوەتەوە وەزۆریان لە ڕێ دەرچون‌و کردەوە ناشیرین ؟ ......

یان لەسورەی «زمر» ئایەی «٢٢» دا، ئەفەرمێ، «**فَوَيْلٌ لِلْقاسِيَةِ قُلُوبُهُمْ مِنْ ذِكْرِ اللهِ**»، عەذابی جەهەننەم هی‌ئەوانەتە کەدڵیان ڕەش‌بوەتەوە لە وەرگرتن‌و پەسەندکردنی‌قورئان. یان لە ناوی‌خوابردن وە خواپەرەستی، لێرەدا مەبەست‌ئەوەتە ئەوحاڵی وەجدو گریان‌و موچرکە بەلەشاهاتنە، لەکاتی‌قورئان خوێندن‌و یادی خواکردنا، لەخواپەرستان ڕووی‌داوەو ڕووئەدات کەڕێبوارانی ڕێی‌تەسەوفیش لەو خواپەرستە ڕاستەقینانەن وەتێك نەچون‌و کارتی‌نەکردنی قورئان یان‌ناوی‌خوابردن، وەنەبێ شتێکی‌باش‌بێت وەزۆرجار لە«**قەسوەت**» واتە تاریکی‌و ژەنگداریی دڵەوە سەرچاوە ئەگرێت .

جَلال وجَمال :

جەلال وجەمال دوووشەن زۆرجار پێکەوەدێن وە لە کتێبی صوفیەکاندا ئەکەونەبەرچاو .

لەڕوانگەی زمانی‌عەرەبیەوە جەلال، بۆ دەسەڵات‌و عەظمەمەت وڕێزگرتنە«**رَجُلٌ جَليل**»، پیاوێکی‌ماقوڵ وەخاوەن‌ڕێزە .

جەمال، واتە جوانیی، «**جەمیل**» جوان .

بەڵام جەمال‌و جەلالێك کەلێرەدا مەبەستێمەن دووصیفەت لەصیفەتەکانی خوای‌گەورەن هەروەها دوو ڕووداوو بەسەرهاتن کەبەسەری ڕێبوارانی ڕێ‌ڕەوی تەصەووف‌دا دێت ، خوای‌گەورە ئەفەرمێ «**كُلُّ مَنْ عَلَيْها فانٍ وَيَبْقى وَجْهُ رَبِّكَ ذو الْجَلالِ والإِكْرام**» «**الرحمن**» «٢٦» و«٢٧» یان ئەفەرمێ «**تبارَكَ اسْمُ رَبِّكَ ذي الْجَلالِ والإِكْرام**»

«الرحمن ۷۸» ڕێبوارانی ڕێڕەوی تەصەووف لەکاتی «سلوك»دا واتە بەجێ‌هێنانی نەریتی تەصەووف‌دا، برێجار بەرخوردار ئەبن لەصیفەتی جەلالی خوای‌گەورە، وەبرێ‌جار لەجەمالی‌ئەو، ئەگەر خوای گەورە پێناسی جەلالی خۆی لەدڵی ئەوبەندەیەدا دەرخست، حاڵی‌ئەوبەندەیە ئەبێتە حاڵێکی دیهشەت واتە سەرسام‌مان‌و ترس لێ‌نیشتن، وەئەگەر پێناسی جەمالی لەدەرونی ئەو کەسەدا دەرخست حاڵی ئەبێتە حاڵێکی ئارەزوو تینویەتی، ڕێبواری ڕێگەی هەق ئەگەر خودا لەجەلالی خۆی بەهرەمەندی‌کرد ئەوە فەنا ئەبێت، واتە ئەتوێتەوە وەخۆی لەیادئەچێت وەئەگەر لەجەمالی خۆی بەهرەمەندی‌کرد وا زیندوی ئەکاتەوە.
بێ‌گومان ئەم‌مردن‌و زیندوبونەوەیە حاڵەتێکی مەعنەوی‌یە، وە بەترازوی ماددە کێشانە ناکرێت وە ئەحواڵێکن ئەوکەسانە چۆنیەتەکەی ئەزانن کەبەسەریانا دێت.
کەواتە کەشفی‌جەلال ئەبێتە هۆی «مەحو» کەجۆرە لەهۆشی‌خو چون‌وبێ‌حاڵێکی مەعنەوی‌یە وەهەروەها ئەبێتە هۆی «غەیبە» کەئەویش هەر لەوبابەتەیە کەلەبەشی مەحو، وە غەیبەدا باسمان‌کردوە، بەڵام کەشفی جەمال، ئەبێتەهۆی بەهۆشا هاتنەوەو نزیکی لەخوای‌گەورە، واتە قورب، ئەڵێ «**العارفونَ باللهِ إذا كاشَفَهُم بجَلالهِ غابوا وأمّا المحبّونَ اذا كاشَفهم بجمالهِ طابوا**،» لەپاشان‌ئەڵێ فمن غاب فهو مُهيم، ومن طاب فهو مُتيم، واتە غائب ئەوەتە لەخۆشەویستیدا دڵی‌لەدەست‌ئەدا وەشەیدای دەستی‌عیشق‌ئەبێت، متیم زەلیلی‌دەستی عیشقە.
شیخ محي الدين بن العربي ئەڵێ، جەلال پێناسی «**جەبەروت**»ی خودایە کەپێناسی «**قەهر**» واتە زاڵی‌و سەرکەوتنی خودایە، بەڵام جەمال لەپێناسەکانی بەزەیی‌و لوطفی خودایە «**الفاظ الصوفية**».
لەکتێبی «**معجم مصطلحات الصوفيه**» دائەڵێ: جەلال پێناسی «**قەهر**»ە، لەپاشان ئەڵێ جەلال بریتی‌یە لەپێناسی، «**عەزەمەت، کیبریاء، مەجد، سەنا**» ی خودا، عەزەمەت پێچەوانەی بچوکی‌یە، وەکیبریاء گەورەتربون لەهەموگەورەیێکە، کە بێ بەپێناس بۆ کەسێك وە لە کەبیر وە ئەکبەرەوە هاتوە، وە کیبریاء پێناسێکە کەهەرشایستەی خودایە وەشایستەی بەندە نیە، چونکە خودا هەتاهەتایە هەرخاوەنی عەزەمەت‌وکیبریایە، مەجدوسەنایش هەر واتایان نزیکە لەعەزەمەت‌و کیبریاوە مەجید ناوی خودایە واتە خاوەن مەجد، کەسێکە شیاوی ستایش لێ‌کردنەو بەگەورەناسراوەو هۆی‌شانازی‌یە.

سەنایش بۆ بەرزیی هەورو بەخشەندەیی هەور ئەوتری کەئەبارێنێ بەسەری زەویدا، هەم‌بەرزەو هەم‌بەخشەندە، وە ئەم‌سەنایە لەگەڵی سەنای سیّ **«نوقطە»**، سیّ‌خاڵدا لێك‌جوێن.

لەپاشان ئەڵێ هەموجەمالێکی خودا کەئەوژمی دەرکەوتنەکەی لەدەرونی ئەورێبوارەدا رووئەکاتە کەمی‌ونەمان ئەبێتە جەلال، هەروەها، هەمو جەلالێکی لەسەرەتای دەرکەوتنیا جەمالە، جاهەر بەم‌بۆنەوەیە ئەڵێن، هەموجەمالیّ جەلالێکی‌هەیەو هەمو جەلالیّ جەمالێکی هەیە.

بەلاّم **«جەمالی موطلەق وەجەلالی موطلەق»** جگە لەخودادا نەبێت لەبەندەدا نابینرێت، وەپێناسی تایبەتی خودان، وە تەنهالە ناوەکان وپێناسەکانی خوادا ئەدرەوشێنەوە. بۆنمونە، ناوی **«الله»**، هەم‌پێناسی جەمالی تیایەو هەم‌پێناسی جەلال.

سەرچاوەی ناوبراو، سەبارەت بەووشەی جەمال ئەڵێت، جەمال دوو واتای هەیە، یەکێکیان ئەوەتە کەهەمومان ئەیزانین وەبریتی‌یە لەجوانیی ئەوی‌تریشیان، ئەوجوانیەتە کەپێناسێکی **«ئەزەلی»** وەهەرگیزاوهەرگیزی خودایە، ئەڵیّ بەلای جورجانی‌یەوە، جەمال پێناسی **«رەضا ولوطف»** ی خودایە، وە بەلای کاشانی‌یەوە جەمال پێناسی **«لوطف و رەحمەت»** ی خودایە، لەپاشان لەزمانی **«ابن الدبّاغ»** ەوە، باسێکی دوورو درێژی جەمال ئەکات کەپەیوەندی بەم باسی‌ئێمەوە نیە.

لەدوایی‌باسەکەدا ئەڵیّ، بەلای مرۆڤی **«کامیلەوە»**، جەمالی‌خودا بریتی‌یە لەپێناسە بەرزەکانی، وەناوەجوانەکانی بەچەشنێکی گشتی‌ی، ئەگەر بەچەشنێکی تایبەت‌تر بلێین، ئەڵێین، پێناسی‌رەحمەت، عیلم، لوطف، وەئەوانەی لەم‌جۆرەن، هەمویان پێناسی جەمالن، بەلاّم بریّ پێناس هەن کە هەردوحاڵەکەی تیایە واتە هەم پێناسی جەمالی‌تیایە و هەم‌پێناسی‌جەلال، وەکو ناوی (رَبّ)، کە لەروانگەی پەروەردە کردنی بەندەکانەوە جەمالی‌تیایە، وەلەروانگەی خاوەن بون‌و هێزوتوانایی ئەو خاوەنیەتەوە جەلالی‌تیایە، یان ناوی الله.

هەروەها شیخ‌محی‌الدین‌عەرەبی سەبارەت بەم دوپێناسەی خوای‌گەورە ئەڵێت **«هەیبەت‌و ئونس»** کەدوحاڵی رێبواری ریّرەوی تەصەووفن لەپێناسەکانی جەلال‌و جەمالەوە سەرچاوە ئەگرن،ئەڵیّ هەیبەت بەهۆی موشاهەدەی جەلالەوەیە لەدلاّ وەئەکریّ بەهۆی جەمالێکیشەوەبێت کە لەناوەرۆکا جەمالێکە کە لەجەلالەوە هاتوە

بەڵام ئونس، بەهۆی «**موشاهەدەی**»، واتە چاوپێکەوتنی جەمالی خوداوە، دەست ئەدات، سەبارەت بەحاڵی جەمال‌وجەلال، لەکتێبی «**قودسیە**» کەبریتی یە لەفەرمودەکانی شاهی نەقشبەند، وە خواجەمحمدپارسا (**٧٤٩- ٨٢٢**) ك نوسیویەتی باسی ئەم‌دوپێناسە کراوە، بابزانین، شاهی نەقشبەند چی ئەفەرمێ.

ئەڵێ، ئەگەر ڕێبواری «**تەریقەت**» بەهەردوپێناسی جەمال‌وجەلال پەروەردەکرێت جەلالی‌ئەو جەمال ئەبێت‌و جەمالیشی‌جەلال‌ئەبێت، کاتێ کە «**خەوف**» دای‌ئەگرێت والەرجادا کاتێکیش کە ڕەجا زۆرئەسێنێت، ئەکەوێتە «**خەوف**»، وەهەرلەوکاتەدا کەئەوبەندەیە ئەبێتە «**مەظهەری صیفاتی جەلال**»، واتە پیشان‌دەرو دەرخەری پێناسی جەلال، ئەوکاتە ئەکرێ «**تەوەججوە**» بکرێت لەپێناسی جەمالی ئەو، «**باسی تەوەججوە وەخەوف وە رەجا، لەکاتی خۆیا کراوە**».

ئەڵێ کارناسانی ئەم‌ڕشتە فەرمویانە، هەردوپێناسەکانی جەلال‌و جەمالی ڕێبوار کاتێ پەروەردەئەکرێن کە ئەورێبوارە گەیشتبێتە «**حەقیقەتی مەحەببەتی ذاتی**» وەیەکێ لە نیشانەکانی گەیشتن بە پایەی حەقیقەتی مەحەبیەتی ذاتی‌ی ڕێبوار، ئەوەتە، کە هەرچی پێناسەکانی‌تری خۆشەویستە، وەکویەك‌بن بەلایەوە، واتە پێناسی «**مُعِزّ، ومُذِلّ**» «**ضارّ ونافِعْ**»، هەموی بەلاوە یەکێ‌بێت، واتە خوای‌گەورە هەرچی‌لێ‌بکات بەلایەوە یەك‌سان‌بێت، جائەوەتە، حەقیقەتی مەحەببەتی‌ذاتی، واتە، مەحەببەتی ذاتی‌خودا وای‌لێ‌کردوە هەرچی لای‌ئەوەوەبێت، ئەوسالیکە «**ڕێبوارە**»، پێی‌خۆشە.

ئەفەرمێ شوێنەواری ئەم‌مەقامەش ئەوەتە مرۆڤ وای‌لێ‌دێت هەرچی‌بوێت خودا بۆی‌ئەکات، چونکە ئەم بوەتە (**رەببانی**)، واتەپێناسەکانی بونەتە شەبیهی پێناسی هەق، هەقیش ئەفەرمێ «**كُنْ رَبّـانِياً تَقُلْ لِلْشّئِ كُنْ فَيَكُون**»، ئەگەر لەپێناسەحەیوانی‌یەکانی ئینسان خۆت‌داماڵی وەتەنها پێناسە خودایی‌یەکانت مایەوە تۆش هەرچیت بوێ خوابوت‌ئەکا، بەڵام‌گرنگ ئەوەتە بەندەکان کەگەیشتنە ئەومەقامە ئیتر جگە ویستی‌خوداو ڕەزای‌خودا هیچیان ناوێت، چونکە بەناوئینسانن ئەگینا مەلائکەن، وەجگەپەرستشی‌خودا نەهیچیان ئەوێت‌و نەهیچ ئەتوانێ لەدڵی‌ئەواندا جێ‌ی‌خۆی بکاتەوە، دڵی‌ئەوان جگە نووری خودا هچی تیا نیە، ئەم شیعرە قامك‌کیشانە بۆئەومەقامە، «**ئەولیارا هەست‌قودرەت ئەزئیلاە، تیرێ جوستە بازگەردانەد زوراە**» واتە ئەولیا لەلای‌خوداوە ئەوهێزەیان دراوەتێ تیری تەقیو، وە لەکەوان‌دەرچو لەڕێگەدا بگێڕنەوە.

لەجێگایێکی تری کتێبی «**قودسیە**» دا بەهائوددین نەقشبەند، لەباسی **(ویلات)** دا ئەفەرمێ: ئەڵێن پێگەیشتووان وە «**کامیلان**»: دووبەشن، بەشێکیان پێناسی جەلالی‌خودا دای‌پۆشیون، واتە لەپێناسی جەلال بەهرەمەندن، ئەمانەیان پەروەردەکردنی ڕێبوارانیان پێ‌نەسپێرراوە، بەڵکو پاشی‌ئەوەی خۆیان ئەگەنە پلەی کەمال ئیتر سەرگەرم‌نابن‌بەپێ‌گەیاندنی کەسەوە نوقمی دەریای «**جەمع**» واتە کۆبونەوەی لای‌خودا ئەبن: وەئەڕۆنە دەرونی فەناوە، وەئەوانە نیشتەجێ‌و مەنزڵ‌گرتوانی دەریای حیرەت‌و خێوەتی غیرەت ئەبن، ئەوانە «**هۆشێکیان**» بەلای خۆیانەوەنیە، جاکەسێ لەحیرەت‌دابێت وەهۆشی بەلای‌خۆیەوە نەبێت‌و نەپەرژێتەوە سەری‌خۆی، کەی ئەتوانێ بڕوات بەلای پێ‌گەیاندن‌و پەروەردەکردنی خەڵکەوە، ئەمانە لە مەشرەبی «**نبوەت**» دا بەشیان‌نیە: واتە مەشرەبی خەڵك پێ‌گەیاندن.

وە بەشی‌دووهەم: لەپێ‌گەیشتوان وە «**کامیلان**»: ئەوانەن: تەنانەت ئەگەر بێت‌و دڵیشیان‌ببرێت سەرلەنوێ توانایی «**جەمالی‌ئەزەلی**»، دڵیان‌ئەگێڕێتەوە بۆیان، وەلەدەریای فەنا ڕزگاریان ئەکات، وخەلاتی فەرمان‌ڕەوایی‌و کاربەدەستی‌یان بۆئەگێڕێتەوە، وەکارێك‌ئەکات کەدەستوریان لەولاتدا پەیڕەویی لێوەبکرێت.

وە فەضل‌و چاودێری ئەزەلی، پاش‌ئەوەی لەسەرچاوەی کۆبونەوەو دەریای تەوحیدا نوقوم‌بوبون ئەیان‌گێڕێتەوە بۆ کەناری ئەو دەریایە وەبۆ سەری وشکی‌ی بەقا، بۆئەوەی ببنە مورشید وەڕێبەر وەخەڵك‌بانگ‌کەن بۆسەری ڕێبازی ڕزگاریی وەبۆ شاڕێگەی‌پێش‌کەوتن‌و سەرکەوتنی مەعنەوی.

بەم‌دەستەیە ئەڵێن «**کامیلی موکەممیل**»، واتە: هەم خۆی پێ‌گەیشتوەو هەم ئەتوانێ خەڵکیش پێ‌بگەیێنێ، ئەم‌گەورەپیاوانە بە پەیڕەوی‌کردن لە ڕێ‌ڕەوی پێغەمبەری‌گەورە درودی خودای‌لەسەر، گەیشتونە پلەی پێ‌گەیشتویی، وەلەپاشان پێیان ئەسپێررێت کەئەوانیش بە پەیڕەوی لە پەیامبەری گەورە بانگی‌خەڵك‌بکەن بۆ ئەم‌ڕێگەی خۆش بەختی‌یە، «**قُلْ هذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنْ اتَّبَعَنِي**» **(یوسف)** **(١٠٨)**.

«**وَمَنْ أَحْسَنُ قَوْلاً مِمَّنْ دَعَا إِلَى اللهِ وَعَمِلَ صالِحاً وقالَ إِنَّنِي مِنَ المُسْلِمِين**» فصلت **(٣٣)**.

وهەروەها «**وَجَعَلْنا مِنْهُم أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنا لَمّا صَبَرُوا وَكانُوا بِآياتِنا يُوقِنُون**» **(سجدە)** **(٢٤)**.

ئەم ئایەتانە پیشاندەری ڕەوش و پێ سپێراوێی ئەم کەڵەمەردانەیە. لەپاشان ئەڵێم، ئەو گەورەپیاوانەی کە وان لەژێری تیشکی جەمال دا، تاوان لەوحاڵەدا هەمیشە دڵ فراوان و بەخشندەو میهرەبانن، تەنانەت ئەگەر ئازاریشیان بدەن ناوچاوناییێرنەوە یەك، وە بەهیچ توندوتیژییێك زویرنابن.

بەڵام ئەوانەی کەتیشکی جەلال ئەیانگرێتەوە باڵدار بەبێ ئارەزویان بڕوابەلایاندا باڵی ئەشکێنن، وەئەوانەی کە ئەتوانن ئەوهەستەبکەن هەمیشە خۆیان لائەدەن لەوانەی لەوحاڵەدان، بەڵام بەداخەوە بۆئێمە ناناسرێن، وەخۆزگە بەوەی خودا لەوبەهرە بەرزانە بەخورداری کردوە.

کمال - کامِلْ - مُکَمِّلْ -

کەمال، ناوێکە سەرچاوەو کانگەیە واتە «**مەصدەر**» واتە ئەوپەڕی تەواوی و بێ کەموکوڕی لەشتێکا، پێچەوانەکەی ئەبێتە «**نەقص**» واتە، ناتەواو، کامیل. بەکەسێك ئەوترێ لەشتێکا بەتەواوێی پێ گەیشتبێت، وە کەموکوڕێی تیانەبێت، وە (**موکەممیل**) بەکەسێ ئەوترێ بتوانێ، کەسێك یان شتێك تەواوکات وەبەپلەی تەواوێی بگەیێنێ، بەنایێك خانوییێکمان بۆتەواو ئەکات، کەواتە (**موکەممیل**) ە جا ئەم ووشەیە لەڕێبازی تەصەووف دا زۆر بەکاربراوە، وەزۆرترین سەبارەت بەووشەی «**مورشیدی کامیل**» واتە ڕێبەری تەواو پێ گەیشتو کەئەبێ «**کامیل وە موکەممیل**» بێت، هەروا لەکاتی باسی جەماڵ وجەلال دا باسمان کرد، بەرلەهەموشتێ ئەبێ بڵێین، کەمال پێناسێکە هەرشایستەی خودای گەورەیە، چونکە مرۆڤ هەرگیز ناتوانێ لەهەموشتێکا خاوەن کەمال بێت. کەمالی «**موطلەق**»، هەر هی خودایە، ئینسانێك هەرچەن کەجوانیش بێت، لەهەموشتێکا ناگاتەئەوپەڕی، یان لە عەقڵ و ئاوەزو هێزی لەش و هەزاران پێناسی تردا مرۆڤ پیرئەبێت، وەلەهەموی ڕوونا کتر مرۆڤ ئەمرێت، «**کُلُّ نَفْسٍ ذائقةُ المَوْتِ**» کەوابو ئەم کەمالە «**نیسبی یە**»، واتە «**کەمالی ئینسانی یە**»، ئەوپەڕی کەمال بۆئینسانێك چەندەو چۆنە، بێ گومان حەزرەتی موحەممەد خاوەنی ئەوکەمالەتە، وەکو خوائەفەرمێ «**اِنَّكَ لَعَلَى خُلُقٍ عَظِيمٍ**»، بەڵام لەگەڵی ئەو کەمال و خۆشەویستی و

گەورەیی پێدا، خوا ئەفەرمێ «**إِنَّكَ لا تَهْدِي مَنْ أَحْبَبْتَ وَلكِنَّ اللهَ يَهْدِي مَنْ يَشاءُ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِين**» (٥٦) (**قصص**) ئەمە لەکاتێکابو کەپێغەمبەر تێ ئەکوشا، ئەبوطالیبی مامۆی موسوڵمان کات ئەویش نەئەهاتە سەرێ ڕێ، بێگومان ئەمە بۆ گەوهەرو چۆنیەتی هیدایەتە، واتە بناغەوسەرچاوەی هیدایەت بەدەستی خودایە، هەرچەن ئەورێگەی تۆ خەڵکی بۆبانگ ئەکەیت، ڕێگایێکی ڕاستودروستە، ئەویش بەوجۆرەیە کە لە

ئایەتی «**٥٢ شوری**» دا ئەفەرمێ «**وَكَذلِكَ أَوْحَيْنا إِلَيْكَ روحاً مِنْ أَمْرِنا، ما كُنْتَ تَدْرِي ما الْكِتابُ وَلا الإيمانُ، وَلكِنْ جَعَلْناهُ نوراً نَهْدِي بِهِ، مَنْ نَشاءُ مِنْ عِبادِنا، وَإِنَّكَ لَتَهْدِي إِلى صِراطٍ مُسْتَقيم**» کەوابو قورئان نورو ڕوناکیێکە بۆ ڕێپیشاندانی خەڵك، وەئەورێگایەش ڕێگایێکی ڕاستی سەرفەرازی یە، وەڕێگایێکە کەپێغەمبەر درودی لەسەر خەڵکی بۆبانگ ئەکات، مەبەست ئەوەتە «**ئینسانی کامیل**» کەپێغەمبەرە، وەلەپاش ئەو پێغەمبەرەکان وەلەپاش ئەوان مرۆڤەکامیلەکانی تر، ئەو مافەیان هەیەو ئەوسپاردەیان پێ سپێرراوە کە خەڵك بانگ کەن بۆسەری ڕێگەی ڕاست، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشا کە ڕێگا کە ڕێگایێکی ڕاستە، وەلەگەڵ ئەوەشا ئەمان پێیان سپێرراوە، لەگەڵ ئەمانەشا هیدایەت بەدەستی خودایەو بەدەستی بەندەنیە، بەندە لەسەریەتی بانگ هێشتن، وەسەرکەوتنەکە بەدەستی خودایە، وە پێسپێرراوی ئیرشاد وەتەعلیم بەئینسانە کامیلەکان هەرلەحەزرەتی ئادەمەوە دەست پێ ئەکات کەناوی مەلائیکەکانی بەوان فێرکرد ئەمەخۆی گەورەترین پایەیە بۆمرۆڤ، وەکارگەیشتە جێگایێك کەخوافەرموی (**سوجدەبەرن**) بۆئادەم، ئەڵبەتە مەبەست لەم سوجدە ڕێزگرتنە «**وەکوسوجدەی براکانی یوسف بۆیوسف**» نەك سوجدەی پەرستش کەسوجدەبێت بۆخودا، وەیەکێ لەهۆی ئەورێزگرتنەش هەقی ماموستایێك بو کەئادەم پەیدای کرد بەسەری مەلائیکەکاندا، بەم جۆرەی لەم ئایەتانەی خوارەوەدا دەرئەکەوێ، جگەئەمەش دەرئەکەوێ کەخودا چۆن مرۆڤی هەڵبژاردەو دڵپاك ئەکاتە نوێنەرو جێنشینی خۆی لەسەرزەویدا، کەهەر ئەو مرۆڤە «**کامیلە**» تە، خوای گەورە لەسوری (**البقره**) دا لەئایەتی (**٣٠/تا ٣٤**) دا ئەفەرمێ بەپێغەمبەری ئیسلام لەئایەتی «**وَإِذْ قالَ رَبُّكَ لِلْمَلائِكَةِ إِنِّي جاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَليفَةً**» وادیاربو چونکەئاگایان لەهەموشتێ نەبو سەریان سورما، وتیان، «**قالوا أَتَجْعَلُ فيها مَنْ يُفْسِدُ فيها وَيَسْفِكُ الدِّماءَ، وَنَحْنُ نُسَبِّحُ بِحَمْدِكَ وَنُقَدِّسُ لَكَ؟**» خوا لەوەلاّمیانا ویستی بەنرخی و خۆشەویستی ی ئادەم و ڕۆڵەکانی ئادەم، بەتایبەت حەزرەتی موحەممەد دەربخات، فەرموی، «**قالَ إِنِّي أَعْلَمُ ما لا تَعْلَمونَ**»

من هەموشتێ ئەزانم نەك ئێوە، «**وَعَلَّمَ آدَمَ الأسماءَ كلَّها**» لێرەدا، ئەسماء، تەنها ناوی مەلائکەکان نیە، بەڵکو زۆرشت لەنهێنیەکانی ئایندەبو وەلەوشتانەی کەمەلائکەکان لێی بێ هەواڵ بون، پاش ئەوەی ئادەمی فێرکرد، واتە بە «**كُنْ فَيَكُون**» خستیە دەرونیەوە، ئەوعیلمو زانیاری یانەی لەمەلائکەکان پرسی «**ثُمَّ عَرَضَهُمْ عَلَى الملائِكَةِ، فَقالَ اَنْبِؤُنِي بِاَسماءِ هؤلاءِ اِنْ كُنْتُمْ صادِقِينَ**» فەرموی دادەی ئێوە پێم بڵێن ئەمانەچین «**قالوا سُبْحانَكَ لا عِلْمَ لَنا اِلاّ ما عَلَّمْتَنا اِنَّكَ اَنْتَ العليمُ الحكيم**». وتیان ئەوەی پێمانی نەفەرموی ئێمەنایزانین. جافەرموی، «**قال يآدَمُ أَنْبِئْهُمْ بِأَسْمائِهِم**» واتە ناوی ئەوشتانەیان پێ بڵێ و، باسی ئەوزانیاری یانەی بۆبکەو دەرسی ئەو زانستانەیان پێ بڵێ، کەخۆت فێرکراوی.

«**فَلَمّا أَنْبَأَهُمْ بِأَسْمائِهِمْ قالَ اَلَمْ اَقُلْ لَكُمْ اِنِّي اَعْلَمُ غَيْبَ السَّماواتِ وَالأَرْضِ وَاَعْلَمُ ما تُبْدُونَ وَما كُنْتُمْ تَكْتُمُونَ**» پێم نەوتن من چاك ئەزانم وەهەرچی نهێنی یە هەموی ئەزانم.؟. جا کەئەم دەستوراتە دران وەوەزعی ئادەم روون بویەوە، دەرکەوت خەلیفەی خودایە لەسەری زەویدا وەزانیاری ئەو لەهی مەلائکەکان زیاترە، وە دەرسی زانیاری وت بەمەلائکەکان، وەدەرکەوت کەخاوەنی ئەم هەموە فەضلو کەمالاتەیە جافەرموی «**وَاِذْ قُلْنا لِلْمَلائِكَةِ اِسْجُدوا لِآدَمَ**» کەواتە ئەبێ رێزبگرن لەئادە م وە (**اعتراف**) ی پێ بکەن، **فَسَجَدوا اِلاّ اِبْليس**، هەمو سەریان لەبەرابەریا دانەواند جگەلەئیبلیس، ئەوسەری هەڵ وەشاندو خۆی بەزل زانی، «**وَكانَ مِنَ الكافِرِين**» وەبەم جۆرە چوە رێزی کافرانەوە، واتە داپۆشەرانی نیعمەت وەسەرکێشان، هەرسەبارەت بەم «**خەلافەتە**»، واتە نوێنەرێی و هەڵسورێنەری کاری مەردوم، وەئەنجام دەری دەستوری خودا سەبارەت بەحەزرەتی داوودیش لە ئایەی (٢٦) (ص) دائەفەرمێ «**ياداوودُ اِنّا جَعلناكَ خَليفةً في الأَرْضِ فَاحْكُمْ بَيْنَ النّاسِ بِالحَقِّ وَلا تَتَّبِعِ الهَوى**» کەواتە ئینسانی کامیل ئەکرێ بەنوێنەرایەتی خوای گەورە رێبەرو رێ پێشاندەر بێت، وەبێگومان ئەمە کاتێ ئەبێت لەلای خوداوەپێی سپێررابێت.

جا ئەم کەمالی مەعنەوی یەش هەر بەردەوامە چونکە پلەیێ ئەبرێ پلەیێکی تر دێتەپێشەوە، کەمالێ ئەبرێ کەمالیکی تر والەرێتا، بەڵام، لەروانگەی تەصەووفەوە سەرەتای هەیە، ئەویش «**ویلایەتە**» **ویلایەتی صوغری پاشان کوبری وە گەیشتن بەمەقامی بەقای پاش فەنا بەڵام ئەوبەقای پاش فەنایەش پاش برینی ئەومەقامانەدەس ئەکەوێت کەباسمان کردن وەکوتەوبەو زوهدو ئەوانی تر مرۆڤ کە ئەوخەلاتەی کرا وەگەیشتەپلەی کەمال، ئەوکەمالەی کەپاش کەمالی ئینسانی** «**موحەممەد**» بۆیەپرەوانی ئەو دەست ئەدات، ئیتر ئەوە

کامیلە جا، هەروەکو لەباسی جەلال‌وجەمال‌دا وتمان، کامیل ئەوەتە خۆی دەستی گەیشتوەتە سەرەتای هەوارگەی کەمال، واتە ئیتر بێ‌مورشید ئەتوانێ خۆی کاروباری دەرونیی‌ومەعنەوی خۆی هەڵ سوڕێنێ، بەڵام کامیلی موکەممیل بەوکەسە ئەڵێن، هەم خۆی لەو سەرەتای کەمالە تێ‌پەڕیوە، وەهەم ئەتوانێ بەڕوخسەتی پێغەمبەر، وەبەئیجازەی مەعنەویی لەلای ئەوذاتەوە، ڕێبواری ئارەزومەندو تێ‌کوشەر بگەیێنێتە ئەو پایەو مەقامە وەسەری‌خات هەتا ئەیگەیێنێتە شوێنەکەی خۆی، هەروەکو خوێنەوارێك ئەتوانێ هەرچی خوێندبێ بەکەسێکی تری فێرکات، یان شارەزای شارێك هەرکوێ خۆی‌چوبێت تۆیش‌ببات، ئیترلەوە بەولاوە زانستی ئەو ئەوەستێ، ئەومورشیدەش‌وایە، وەزۆرجار ڕ‌ێیلك‌هاتوە، کەڵەمەردانی ڕێگای تەصەووف وەکو سەرۆکی تەریقەتەکان، مەقامیان لەمەقامی ماموستاکانیان تێپەڕیوە، وەگەیشتونەتە پلەوپایەیێك کەمەگەر هەرخۆیو خوای‌خۆی چەنوچۆنی بزانن، وەئیترئەمانەن ئەبنە ڕێ‌پیشاندەر بۆ شارێی خوداپەرستیی وەئایەتەکانی «**قُلْ هَذِه سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَا وَمَنِ اتَّبَعَنِي**» «**وَمَنْ أَحْسَنُ قَولاً مِمَّنْ دَعَا إِلَى اللهِ وَعَمِلَ صَالِحاً وَقَالَ إِنَّنِي مِنَ المسلمين**» بەسەری ئەوبەندە خۆشەویستانەدا تەطبیق‌ئەبێت، هەروەها،هەرئەوانن کەخوالەبارەیانەوە ئەفەرمێ «**وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ**».

«**مَحَبَّة**»

مەحەببەت، بریتی‌یە لەخوشەویستی، خۆشەویستی لەروانگەی تەصەووفەوە، هەرچەن هەر لەخۆش‌ویستنەوە سەرچاوە ئەگرێت، بەڵام فەرقی‌زۆرە لەگەڵی ئەم خۆش‌ویستنی ئێمەدا، خۆش‌ویستنی ئێمە، یان خۆش ویستنی «**جِنْسَه**»، واتە نێر بۆ مێ یان مێ‌بۆنێر،کەئەمە خۆش‌ویستنێکی مەجازی‌یە، واتە ڕواڵەتیی وەزووتێپەڕ، بەلام خۆش‌ویستنی تەصەووف حەقیقی‌یە، واتە، ڕاستەقینە، چونکە بەردەوامو بێ‌پایانە، واتەخۆش‌ویستنی خودایە کەماوەونامرێ، هەروەها خۆش‌ویستنی تری ئێمە

عاطفی‌یه، وەکو خۆش‌ویستنی مندالّ باوکودایك، یان خۆش‌ویستنی نەفسە وەکو خواردن یان پۆشاك یان خۆش‌ویستنی پارەوسامان‌و پایەوپلەی دنیایی‌یە، هەموی‌ئەمانە شتێکی بێ‌دەوام وەتیاچوون، بەڵام خۆش‌ویستنی صۆفی‌یەکان خۆش‌ویستنی خوای‌گەورەیە، جا ئەکرێت بەهرەیێك‌بێت وەخودا بیدات، وەکوشیخ‌عومەری سەهرەوەردی ئەفەرمێ، وەئەوە حالّە، یان‌ئەکرێ بەهەولّ‌و کۆششی بەندە بێتەدی کە ئەبێتە مەقامی **«مەحەبەت»**.

ئەوکتێبانەی کەئێستە لەبەری‌دەستمایە نزیکەی بیست‌سەرچاوەم خوێندەوە هەرکامەی لەروانگەی خۆیانەوە باس لەمەحەبەت ئەکەن، هی‌وایان‌هەیە وەکوکتێبی **«قوتُ القلوب»** **«٣٠»** لاپەرەی لەسەری مەحەبەت، نوسیوە، بەلام لەئاکاما، کاتێ شیرەی وتارەکان ئەگرین، سەیرئەکەین ئاخرەکەی هەردێتەوە سەری جەن خالێك.

١ – بەلای صوفی‌یەکانەوە مەحەبەت ئەوەتە کە خوای گەورەت لەخۆتو مالّ‌ومندالّ وەجیهان‌و هەرچی لەجیهان‌دایە خۆشتربوێت، وە فەرمان‌بەرداریی بکەیت و هەمیشە یادی‌بکەیت‌و ناوی بێریت.

٢ – مادام کەوابو ئەبێ بەپێی فەرمانی ئەوخۆشەویستەت هەڵسیت‌و دانیشیت، وە زۆربەیان سەبارەت بەم‌بەشە پەنجەرائەکێشن بۆ دو هۆنراوەی **(رابیعەی عەدەوی‌یە)**، کەگەورەترین پالّەوانی رێگەی مەحەبەت، وە پەروبالّ سوتاوترین پەروانەی عیشق‌خودایە، کە ئەفەرمێ.

تَعْصِي الالَه وَانْتَ تُظْهِر حُبَّهُ
هذا لَعَمْرِي في القياسِ بَدیعُ
لوكانَ حُبُّكَ صادقا لأطَعْتَهُ
انَّ المُحِبَّ لِمَنْ يُحِبُّ مُطيعُ

٣ – سەرهەلّنەوەشاندنە لەفەرمانی خودا، وەهەمویان ئەم‌بەشەیان بەلاوە گرنگ‌ترە، چونکە ئەڵێن، ئەکرێت عاصی‌وسەرکێش خواپەرستیش‌بکات، بەڵام هەرگیز کەسێ کەسێکی خۆش‌ویست سەرپێچی ناکات لەفەرمانی، وەهەرچی پێ بڵێت ئەیکات.

محمدبن علي الكتانى، لەبارەی رادەی خۆش‌ویستنی خوداوە ئەلی خواخۆش‌ویستن، ئەبیٚ بەرادەیێك بیٚت ئەوکەسە غیرەت‌بیگریٚ وەهەوڵی ئەوەبدات کەس لەو زیاتر خوای خۆش نەویٚت، هەروەکو چۆن **(موسابەقە)** ئەکریٚت، لەهەموکاریٚکی چاکدا، مرۆڤ ئەیەویٚ خۆی یەکەم‌بیٚت، لیرەشا هەوڵی صووفی‌ئەوەتە خۆی پیٚشی هەموان بکەویٚت، ئەم خۆش‌ویستنی بەندەیە، بەهرە وە قانجازیٚکی گەورەی هەیە ئەویش ئەوەتە ئەوەی خودای خۆش‌ویست خودایش ئەوی خۆش‌ئەویٚت، بیٚگومان ئەوەی خوای خۆش‌ویست پەیرەویی لەفەرمانی ئەکات، واتە پەیرەوی لەفەرمانی پیٚغەمبەری گەورە، کەفرستادەی خودایەو خوا لەسورەی آلِ عِمْران‌دا ئەفەرمیٚ. **«قُلْ اِنْ کُنْتُمْ تُحِبّوُنَ اللهَ ، فاتّبِعونی یُحْبِبْکُمُ اللهُ»** ،

کەواتە یەکیٚ لەدەلیلی خودا خۆش‌ویستن پەیرەوی‌کردنە لەپیٚغەمبەر، وەبەرهەمی ئەوکارەش ئەوەتە خودایش تۆی خۆش‌ئەویٚت.

هەروەها یەکیٚ لەپیٚناسی خاوەن‌ئیمانەکان **«باوەرداران»** ئەوەتە کە خودایان زۆرخۆش‌ئەویٚت، هەروەکو خوداخۆی لە **(سورەی البقرە)** دا ئەفەرمیٚ، **«یُحِبّونَهُمْ کَحُبِّ اللهِ ، والّذینَ آمَنوا أشَدُّ حُبّاً لِلهِ»**.

بەم‌دوئایەتەدا هەم‌مەحەببەتی خودا بۆموسوڵمانی راستەقینە وەهەم مەحەببەتی‌موسوڵمانی راستەقینە بۆخودا دەرئەکەویٚ، وە ئاکام وەئامانجی تەصەووفیش هەر بۆگەیشتن بەم‌ئاواتەو بەم‌پلەوپایەتە.

موژدەییٚکی گەورەی‌تر بۆئەوانەی خودایان خۆش‌ئەویٚت ئەوەتە پیٚغەمبەر ئەفەرمیٚ **«المرءُ مَعَ مَنْ اَحَبّ»** واتە مرۆڤ لەگەڵی ئەوکەسەدا ئەبیٚ کە خۆشی ئەویٚت، دیارە ئەوەی خوداوپیٚغەمبەری خۆش‌ویست لەگەڵی ئەواندایە، وەئەوەش لەگەڵی ئەواندابو خۆش بەختە، هەرچەن **(هەدەف)** وەئامانجی دوادوایی خۆش‌ویستنی خودایەوبەس بەڵام خۆش‌ویستنی ئەنبیاو ئەولیایش پیٚویستە چونکە خۆش‌ویستنی انبیاو پیاوچاکانیش لەبەرخاتری خودایە وەلەبەرئەوەتە لەخۆشەویستانی خودان.

لە کتیٚبی **«معجم مصطلحات الصوفیەدا»**، ئەڵیٚ، مەحەبیەت ئەکریٚ بە دە بەشەوە کەپیٚنجیان لەمەقامەکانی خۆش ویستانی ریٚبواری ریٚگەی تەصەووفن،

کە بەم چەشنە دەست پی ئەکەن «الأُلْفَة، الهوَى، الخِلّة، الشَغَف، الوَجد»، بەلام ئەو پێنجەکەیان هی مەقامی عاشقانن بەم جۆرە «الغَرام، الإفْتِتَان، الوَلَه، الدَهَش، الفَناء»، وەناوی مەحەبەت هەموی ئەمانە ئەگرێتەوە

بەلام د. زکی موبارەك لە کتێبی «التصوف الاسلامی» دا لەزمانی «محمد بن داوود» ەوە سەبارەت بە «مەقاماتی عیشق وەئەحوالی، حوب»، ئەلّێ: بە «ئیستیحسان» دەست پی ئەکات، لەپاشان بەهێزئەبێت و ئەبێتە «مَوَدَّە» لەپاشان بەهێزترئەبیت وەئەبێتە «مَحَبَّة» پاشان ئەبێتە «خِلّە»، لەپاشان ئەبیتە، «هَوی» ئەویش ئەبێتە (عِشْق) ئەویش ئەبێتە «تَتَيُّم»، ئەویش ئەبێتە «وَلَه»، وەشەوق، جائەلّێت شەوق والەگەلّی هەموی ئەم حالّانەدا، وە هەرچەن ئەوحالّە بەتین تر بێت شەوقەکەش بەتین تر ئەبێت لەگەلّیاندا.

وە ئەم گەورە پیاوانە لەسەری ئەوباوەرەن کەحالّی شەوق حالّێکە بەشوێنی حالّی مەحەبەت دا پەیدائەبێت. لەکتێبی «حقائق عن التصوف» دا نوسینی عبد القادر عیسی، ئەلّێ زانایان دەپلەیان داناوەبۆمەحەبەت.

العَلاقَة. الإرادَه. الصَّبابَة. الغَرام. الوِداد. الشَّغَف. العِشْق. التَتَيُّم. التَعَبُّد. الخِلّة.

بەهەرحال بالّاترین پلەی مەحەبەت بۆصوّفی ئەوەتە ئەو خودای خۆش بوێت، وەخودایش ئەوی خۆش بوێت هەروەکو کە ئەفەرمێ «يُحِبُّهُمْ وَيُحِبُّونَهُ» (مائدە) (٥٤). هەروەکو لەمەقامی رەضادا ئاوات ئەوەتە بگەنە ئەوەی خوا لەوان ڕازی بێت وە ئەمانیش لەخوا راضی بن هەروەکو کەئەفەرمێ «رَضِيَ اللهُ عَنْهُمْ وَرَضُوا عَنْهُ»، البيّنە (٨). یان وەکو ناوبردنی یەکتر کەئاوات ئەوەتە هەروا کەتۆ ناوی خودا ئەبەیت ویادی خوائەکەیت بەخۆشی و بەچاکە هەروایش خودا بەوجۆرە کە بەلّێنی داوەو فەرمویەتی، یادی بەندەی بکات و ناوی ببات، هەروەکو کەئەفەرمێ، «فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ» (البقرە) (١٥٢). ئایەت و حەدیث وفەرمودەی گەورەپیاوان سەبارەت بەمەحەبەت زۆرە وەهەموی ئەوەپیشان ئەدات، مەحەبەت، بەسەر زمانی نابێت، وەئەبێ بەکردەوە دەری بری، ونیشانەکانیشی ئاشکران ئەویش فەرمان بردنە لەدەستوری خودا، وەخۆشەویستی خوا خستنەبەری هەمو خۆشەویستێك، تامرۆڤ وای لی دێت قانجازوزیانی بەلاوە یەکسانە کوربون و کورمردنی بەلاوە ئەبێتەیەك، چونکە

هەموی بەهی خودای ئەزانیٚ، وەهەمویشی هەربیٚدەوامن، ئەوەی کەبوە ئەمڕۆنەبی سبەی، ئەڕوات، ئەوەش کەئەمریٚ ئەمڕۆ نەمردایە سبەی ئەمرد، هەر ئەوەی ئەمێنیٚتەوە، بەدەردئەخوا، وەجگە لەخوا هیچشتێك مانەوەی نابیٚت. هەر لەمسەرچاوەدا ئەڵیٚت صوفیێك دای بەلای کەسێکا، دی بەسەری قەبریٚکەوە ئەگریت، وتی ئەوە بوچی ئەگریت؟ وتی خۆشەویستیٚکمە مردوەو بۆی ئەگریم، صۆفیەکە گوتی ستەمت کردوە لە خۆت، کەسیٚکت خۆش ویستوە کەئەمریٚ، ئەگەر کەسیٚکت خۆش ویستایی کەهەرگیز نامریٚت، ئاوا توشی گریان نەئەبوی بەشوینیا.

ئەبیٚ ئەوەش بڵیٚم مەبەست [illegible]یە ئەبیٚ مرۆڤ عاطیفەی نەبیٚت، وەکورمردنی بەلاوە باش بیٚت. بەلام مەبەست حاڵی مەحەببەتە کەئەوکەسە، لەوحاڵەدا ئەوەندە غەرقی مەحەببەتە، هەم ئەوەندە نای پەرژیٚتەوە سەری بیرکردنەوە، وەهەم خۆشیو ناخۆشی ی بەخەڵاتی خودا ئەزانیٚ کەواتە ئەگەرراست خۆشەویستە ئەبیٚ جەوروئازاری خۆشەویستی بەدڵیٚکی فراوانەوە قوبوڵ کات نەك بەجەوروئازاری نەزانیٚ. بۆنمونە، ئایا ئیمە ئەوەی لەماڵیٚ خۆمانی قوبول ئەکەین لەماڵی خەڵکی قوبوڵ ئەکەین؟ یان ئایا لەرێگەی خۆشویستنیٚکی مەجازی وەعیشق دنیایی دا ئامادەنین هەزاران دەردی سەرو ماندوبون قوبول کەین هەزاران سەرمایە بکەینە کار، یان بۆپایەو پلەیێکی دنیایی ئایائامادەنین هەزارجەور بکیٚشین؟ بۆ وەرگرتنی شەها دەیێك ئامادە نین دەیان ساڵ بخوێنین وەچاومان کوێر کەین؟ لەکاتیٚکا تاچاوئەکەیتەوە پیری و ناتەوانی و خانەنشینی و مردن، دیتەپیش وەهەزار شەهادە بەومردوەچی؟ جاأیا چۆن بۆژیانی ئەبەدیی وەشەهادەی ئەبەدیی وە خۆشەویستی ئەبەدیی وەخۆش بەختی و کامەرانی هەرگیزاوهرگیز ئامادەنەبین بۆخەبات و زیان لیٚ کەوتن؟ ئەو خۆشەویست و خۆشەویستی و خۆش ویستنە جاویدانە لەکویٚ ئەم خۆش ویستن و وخۆشەویستی یە بیٚدەوامە لەکویٚ؟ لەقورئانی پیروزدا ئایەتی زۆرهەیە پیشان دەری ئەوەن کەخوا چ جۆرە بەندەییٚکی خۆش ئەویٚت، وەکو چاکە کاران «مُحسنین»، تەوبەکاران، (توّابین)، دڵ وەدەرون پاکان و پاك ئەندامان (مُتَطَهِّرین)، هەروەها زۆر پاکان و پاك ئەندامان، (مطَّهِّرین)، پاریزکاران، «متّقین»، ئەوانەی بەرانبەر بە موصیبەت وەلیٚ قەومان خۆیان ئەگرن صابرەکان،

(**الصّابِرين**)، ئەوانەی پشت بەخوا ئەبەستن، (**مُتَوَكِّلين**)، دادگەران، (**مُقسِطين**)، ئەوانەی لەرێی خوادا شەرئەکەن و گیانبازی ئەکەن، «**يُقاتِلونَ في سبيلهِ صَفّاً**»، ئەوانەی شوێنی فەرمانی پێغەمبەر ئەکەون، «**قُلْ إنْ كُنتُمْ تُحِبّونَ اللهَ فاتَّبِعوني يُحْبِبْكُمُ اللهُ**»، دیارە ئەوەی خوای خۆش بوێت، ئەبێ خۆی بکاتە خاوەنی ئەم پێناسانە تاخوایش ئەوی خۆش بوێت، هەروەها دووری بگرێت لەو پێناسانەش کەخودا پێی ناخۆشن وەخۆی ئەفەرمێ، ئەوجۆرەکەسانەم خۆش ناوێت، خوا دەس درێژکارانی خۆش ناوێ «**المُعْتَدين**»، هەروەها «**فەساد**»، واتە کاریزشت و ناپەسەندو خەڵك خراپ کەر، وە «**المُفْسِدين**» بەدڕەوشتان وەزشت کاران، هەروەها «**کەففار**»، واتە کوفری نیعمەت کەر وە خودانەناس، (**أَثيم**) گوناهکار، (**کافر**) خوا نەپەرس (**ظالم**) ستەمکار، «**مُختال**» دەمارزل و لوت بەرز «**فَخُور**» خۆهەلکێش، «**خَوّان**» خەیانەت پیشە، «**المُسْرِفين**» ئیسراف کەران واتە دەس بەماڵی خۆنەگیران و دەس هەڵەکان، «**خائِنين**» خائنەکان، وەمتمانەپێ نەکراوان، «**مُسْتَكْبِرين**»، خۆبەزل زانان،

ئەوەتا لیرەدا دەقی ئایەتەکانیش ئەنوسین، هەم ئەوئایەتانەی کەسەبارەت بەوکەسانەهاتوە کە ئەگەر خاوەنی ئەوخووخدەیە بن خوا ئەوانی خۆش ئەوێ، وەهەم ئەوئایەتانەش، سەبارەت بەوکەسانە هاتون کە ئەگەر خاوەنی ئەو خووخدەیە بن خوا ئەوانی خۆش نەوێ، جاصوفیەکان بۆیەئەکۆشن خۆیان بکەنە خاوەنی خووخدەی بەرز وەخوداپەسەند، بۆئەوەی چونکە خوایان خۆش ئەوێت وەبۆئەوەش کە خوا لەخۆیان رازی کەن، هەروەکو لەبەشی (**صیفاتی حەمیدەو صیفاتی رذیلە، یان صیفاتی مەذمومە**)دا وتمان، واتەپێناسە پەسەندەکان وپێناسەناپەسەندەکانی مرۆڤ، ئەمەش دەقی ئەو ئایەتانە.

«**وأحْسِنوا إنّ اللهَ يُحِبُّ المُحْسِنين**» (**١٩٥/٢**)
«**يُحِبُّ التّوّابينَ ويُحِبُّ المُتَطَهِّرين**» (**٢٢٢/٢**)

«**يحب المُطَّهِّرين**» (**١٠٨/٩**) «**يُحِبُّ المتّقين**» (**٧٦/٣**) «**يُحِبُّ الصّابرين**» (**١٤٦/٣**)، «**يُحِبُّ المُتَوَكِّلين**» (**١٥٩/٣**). «**يُحِبُّ المُقْسِطين**» (**٤٢/٥، ٩/٤٩**)، «**يُحِبُّ الّذين يُقاتِلونَ في سَبيله صفّاً**» (**٤/٦١**)، «**قُلْ إنْ كُنتُمْ تُحِبّونَ اللهَ فاتَّبِعوني يُحْبِبْكُمُ اللهُ**» (**٣١/٣**)، ئەمەش دەقی ئەوئایەتانەی، کەسەبارەت بەخاوەنی ڕەوشتانێك هاتوە هەرکەس خوانەخواسە

خاوەنیان بێت خوا ئەوی خۆش ناوێت ، وە ئەورەوش وپێناسانە لەرەوشە ناپەسەندەکانن کەصوفیەکان دووری یان لیٚ ئەگرن .

«ان الله لایحب المُعْتَدین» (٥/٨٧) «والله لایُحِبُّ الفَساد» (٢/٢٠٥) ،
«والله لایُحِبُّ کُلَّ کفارٍ أثیم» (٢/٢٧٦) ،
«فان الله لایُحِبُّ الکافرین» (٣/٣٢) ،
«والله لایُحِبُّ الظالمین» (٣/٥٧ و ١٤٠) ،
«لایُحِبُّ مَنْ کانَ مُختالاً فخوراً» (٤/٣٦) ،
«لایُحِبُّ مَنْ کانَ خَوّاناً أثیماً» (٤/١٠٧) ،
«لایُحِبُّ المُفْسِدین» (٥/٦٤) ،
«إنه لایُحِبُّ المُسْرِفین» (٧/٣١) ،
«انه لایُحِبُّ المُعْتَدِین» (٧/٥٥) ،
«ان الله لایُحِبُّ الخائنین» (٨/٥٨) ،
«انه لایُحِبُّ المُسْتَکْبِرین» (١٦/٢٣) ،
«إنه لایُحِبُّ الظّالمین» (٤٢/٤٠) ،

بەم چەشنە دەرکەوت مەحەببەتی راستەقینە کەیەکێکە لەحاڵەکانی تەصەووف ، بریتی یە لەدواپلەی خۆش ویستن تائەگاتە رادەیێك ، ڕێبوارانی ڕێگەی تەصەووف خودایان لەخۆیان وەلەماڵ و منداڵ و هەموی جیهان و هەموخۆشی و هەمو سامان و مەقام و دەس کەوت و دەست هاتێك خۆشترئەوی . بەم چەشنە ئەبنە «موحیب» وەهەروەها ئەیشبنە خۆشەویستی خودا ، چونکە خودایش ئاوابەندەییکی خۆش ئەوێت وە ئەو مەقامە پێی ئەڵێن **«مەحەببەت»** .

اللّوائح ، الطّوالع ، اللّوامع : لەکتێبی **«معجم الصوفی»** دا ئەڵێ ، ئەمانە سی ناوی نزیك لەیەکترن ، بەرادەیێك کە لەیەك جوی ناکرێنەوە ، وە هەمویان لەپێناسەکانی ، تازەکارانی ڕێ ڕەوی تەصەووفن . لەوائح ، وەکو پرشنگێك یان پزوسکێکی ئاگرو کارەبا وایە ، هەرکە درەوشایەوە خێرا ئەکوژێتەوە ، **«لەوامیع»** تۆزێ لەوە روناکترەو تۆزێکیش بەردەوام تر ، وە **(طەوالیع)** لەویش زیاترو بەردەوام ترو بەهێزترە بۆلابردنی تاریکیی دەرون ، وەئەم حاڵەتانە هەمویان هی سەرەتان وە بەرلەوەن کە هەتاوی **«مەعریفەت»** ، واتە خواناسیی لەدەرونی ڕێبواردا هەڵبێت .

ئیمامی غەززالیش لەکتێبی «المنقذ» دا هەر لەمبارەوە ئەفەرمێ لەدڵی ڕێبواری تازەکاردا جارجارە نورێك ئەدرەوشێتەوەو لەپاشان ونئەبێت تاوردەوردە ئەونورە سەقامگیرئەبێت و ئوقرەئەگرێت وەدەرونی ڕێبوار وەکورۆژیڕووناك ڕوون ئەکاتەوە .

جَذْب

جەذب ، بریتی‌یە لەوەی کەخودا بەندەیێکی خۆی ڕاکێشێ بۆلای‌خۆی ، جەذبەیش بریتی‌یە لەنزیکی‌ی‌بەندە لەخودای‌گەورەوە بەپێی ویستو «**عینایەت**»ی خودا خۆی ، بەبێ خۆماندو کردن‌و تێکۆشانێکی ئەوبەندەیە ؛ جا بەوکەسانەی کەلەڕێگەی جەذبەوە پێ‌ئەگەن ، ئەڵێن مەجذوب واتە وەنەبێ خۆی‌ڕویشتبێت ، بەڵکو ڕاکێشراوە . ئەم‌جۆرە خواپێ‌داوانە تەنانەت بەبێ‌مورشیدیش پێ‌ئەگەن ، یان‌خۆ ئەکرێ بڕۆنەلای‌مورشیدیش ، من لەباسی (**وەجد**)دا وتم حاڵ‌وشەوقێکە کە لای خۆمان بەوحاڵی وەجدە ئەڵێن (**جەذبە**) ، وەبەوکەسە ئەڵێن مەجذوب ، بەڵێ ئەکرێ مەجذوب واتە ئەو مەجذوبەی لەسەرەوە باسمان‌کرد حاڵی‌وەجدیش بۆی دەست‌بدات بەڵکو زۆربەیان ئەوحاڵی وەجدەیان هەیە ، بەکورتی‌ی بەشێوەیێکی‌گشتی‌ی لەبازاری تەصەووف‌دا مەجذوب بەو کەسانە ئەڵێن بەبێ داخوازو هەوڵی خۆیان خواراپان‌کێشی بۆلای‌خۆی .

وارِد :

وارید بریتی‌یە لەو نورو بەرەکەت‌وئیشارە غەیبی‌یانەی بێ‌ئەوەی ئەوکەسە بەدەستی‌خۆی‌بێت بێتە ناوی دڵودەرونەوە .

لەگەڵی ناوی واریددا ناوی «**بادی**» ش دێت بادی لە وارید کارکردی کەمترە ، لەپێشا «**بادی**» دێت ، وەکوپێشەنگێ ؛ بەڵام (**وارید**) کەهات ، دڵودەرون دائەپۆشێ ئەتوانین‌بڵێین وارید خەڵاتێکی خوداوەندی‌یە وەبەرەکەتێکە کەخودا ئەیڕێژێ بەسەری دڵی ڕێبوارانی ڕێگەی تەصەووف‌دا .

ئەوەی‌سەرەوە باوەری کتێبی «**اللمع**» بو. قوشەیریش لە الرِّسالەدا هەر باوەری بەم‌جۆرەیە ، وەئەڵێت : «**الوارد، مایرِدُ علی القلوب من الخواطر المحمودة مما لایکون بتَعَمُّدِ العبد ، قد یکون وارداً من الحق ، ووارداً من العلم ، والواراداتُ تکون واردَ سُرورٍ او واردَ حُزْنٍ او واردَ قَبْضٍ او واردَ بَسْطٍ الی غیر ذلك من معانٍ**» .

تەصەووف چی یە
«بەشی شەشەم»

موصطەلەحات

١ – ریاضەت.

٢ – موجاهەدە.

٣ – کەشف.

٤ – کەرامات.

٥ – نوور.

٦ – ەەدەب.

٧ – نەفس.

٨ – ذیکر.

٩ – ئیشراق.

١٠ – موشاهەدە.

١١ – لاهوت.

١٢ – ناسوت.

١٣ – جەبەرووت.

١٤ – مەلەکوت.

١٥ – عەناصیری ئەربەعە «چوار عونصور».

١٦ – وەلی.

١٧ – مُرید.

١٨ – موراد.

ریاضه ، مجاهده :

ئەم دوو وشە دەس‌نیشانە بۆدوو کار ، یان دوو ڕەفتار ، کە لەڕێبازی تەصەووف‌دا ئەبێ ئەنجام‌بدرێن ، وە سەرمەشق‌و پێشەنگی ، هەموکردەوەکانن ، وە لەچوارچێوەی ئەم‌دووڕەفتارایە ، کەتۆوی ڕەوشەکانی تری تەصەووف ئەچێنرێن ، وە دێنە بەرهەم ، ئایەتی‌قورئان سەبارەت بەچەوتی نەفس ، وەتێکۆشان بۆپاك‌کردنەوەی ، زۆرن وەلەکاتی‌خۆیشیا باسمان‌کردوە ، وەئەکرێ لەوێشا موتاڵەی بکەن ، بەڵام لێرەدا پەنجە ڕائەکێشین بۆدووئایەت کەپیشان‌دەری ئەو دووشەیەن ، سەبارەت بەجڵەوگرتنی نەفس لەکردەوەی ناشیرین ، وەڕاهێنانی بەکردەوەی چاك ، خوائەفەرمێ **«فَأَمَّا مَنْ طَغَى وَآثَرَ الحياةَ الدُّنيا فَإِنَّ الجَحِيمَ هِيَ المَأْوى وأَمَّا مَنْ خافَ مَقامَ رَبِّهِ وَنَهَى النَّفْسَ عَنِ الهَوى فَإِنَّ الجَنَّةَ هِيَ المَأْوى»** (نازعات) ئەم ئایەتە زۆربەباشی‌ی ڕوونی‌ئەکاتەوە ، کەئەبێ ژیانی ئەم‌جیهانە فەضلی‌نەدرێ بەسەری جیهانی ئەبەدی دا وەئەگەر کەسێ وابکات ئەوە سەرکەشی‌ویاخی‌بونە ، بەڵام ئەگەر ئەوکەسە لەخواترساو ، جڵەوی نەفسی‌گرت لەکردەوەی ناشیرین ، ئەوە بەهەشت جێگەیەتی .

جا ئەوجڵەوگیریی نەفسەو ئەو فەضلی ئەوجیهانە بەسەری ئەم‌جیهانەدا دانە ، وە ئەو ترسی‌خوا لەدڵا جێ‌دانە ، ئەوەخۆی کرۆکو کاکڵەی ڕیازەکەیە .

سەبارەت بەموجاهەدەیش دەیان ئایەت هەیە ، کەزۆریانم زوتر نوسیوە ، بۆنمونە ، خوای‌گەورە ئەفەرمێ **«وَالَّذِينَ جاهدوا فينا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنا»** (٦٩/عنکبوت) ، ئەوەی لەڕێی‌ئێمەدا موجاهەدە ، واتە خەباتی‌کردو ڕەنجی‌دا ، ئێمە ، ئەیخەینە سەری‌ڕێگاکانی خۆمان ، واتە ئەوڕێگایانەی کەپێمان خۆشە ، یان‌ئەفەرمێ **«وَأَنْ لَيْسَ لِلْإِنْسانِ إِلَّا ماسَعَى وَأَنَّ سَعْيَهُ سَوْفَ يُرى»** (النجم) واتە بەبێ‌ڕەنج‌و تێ‌کۆشان هیچ دەستی‌کەس ناکەوێ ئەگەریش تێ‌کۆشێ ، هەم‌خۆی ئاکامی ئەبینێت لەهەردوجیهان‌دا هەم خوایش لەبەرچاویەتی وەگوم‌نابێ .

ئەمە تەنها دەس‌ڕاکێشانێ‌بو بۆ ئەم دووڕەفتارە ، واتە تێ‌کۆشان بۆبەرگری لەنەفس ، وەجڵەوگرتنی لەتێکۆشانەکانی ، بۆگەیشتن بەئاواتە دنیایی‌یە ڕووتەکان ،

کە لەفەرهەنگی تەسەووف‌دا بەم تێکۆشانەو بەم‌جڵەوگیری‌یە ئەوترێ ، ڕیازەت هەروەها موجاهەدەیش هەم ئەم‌کردەوەیە ئەگریتەوە وەهەم بەردەوام‌بونی بێ‌وچانی شەووروژ لەسەری خواپەرستی‌و ذیکرو شەونوێژو ، ئەمر‌بەمەعروف‌و نەهی لەمونکەر .

هەرچەند ئەم‌دووناوە تارادەیێك لەیەك جیان ، بەڵام ئەکرێ‌پێکەوە لێ‌یان بکۆڵینەوە ، هەروەکو وتم لەمەوبەریش باسم‌کردوە، ڕیازەت لەڕوانگەی تەسەووفەوە بریتی‌یە ، لەوەرزاندنی نەفس ، وەراهێنان‌و پەروەردەکردنی ، وەتێ‌کۆشان بۆگرتنەوە وەبڕینەوەی ، لەو مەمکەیە کە لەسەری ڕاهاتوە ، ئێمە خۆمان ئەزانین ، نەفس یان هەستی داخوازی‌دەرون ، ئەگەر بدرێت بەدەمیەوە ، وەجڵەوی نەگیرێت وا مل‌ئەنێ بەلەغاوەوە ، وەخاوەنەکەی هەڵ‌ئەگرێت ، کەبگرە خاوەنی لەهەڵدێرێکی سەخت هەڵ‌دێرێت ، بۆقوڵایی دەربەندێکی پڕلەتاشوبەرد ، وە پراش‌پراشی بکات ، لەقورئاندا ئەفەرمێ ، «**اِنَّ النَّفْسَ لَأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ**» ، کەواتە هەم تاقی کردنەوەی خۆمان بۆمان دەرئەخات وەهەم بەپێی ئایەتی قورئانیش ، ئەڵێت نەفس فەرمان بەخراپە ئەدات ، جا چی‌بکەین ئەم خووخدە ناپەسەندەی نەفس بگۆڕین وەبی‌گەیینینە پایە پێش‌کەوتوەکانی‌نەفس کەباسمان کردون ، تابیێتە نەفسی موڵهەمە ، یان موطمەئینە ، یان مەرضییە ...؟ بێ‌گومان ئەبێ بی‌وەرزێنین ، ئەبێ دای‌بڕین بە خووخدەی‌جوان ئەبێ هەروەکو منالێك کەلەشیر ئەبڕێتەوە ، وردەوردە بیبڕینەوە بەڵام لەچی بیبڕینەوەو ، دوری‌خەینەوە ؛ خۆ لەشتی‌حەڵاڵ ... نا .. ، بەڵکو لەهەرچی شتێ کەخوا پێی‌ناخۆشە ، واتەلەهەمو پێناسێکی ناشیرین وەناپەسەند ، وەبیڕازێنینەوە بە هەمو پێناسێکی جوان‌و پەسەند، خۆ ئەمەش هەروا بەقسەنابێت، وەهەروا ئاسانیش نیە، چۆن ئاسانە، ئەونەفسەی کەحەزئەکات بەوەی خەڵك هەڵ‌دەن بەبالای خاوەنیا، بڵێن دین‌دارە، بڵێن ڕەوش‌جوانە، بڵێن پیاوچاکە، حۆئەمانە هیچکامی کارێکی ناشیرین وەخراب نین، بەلام ئەگەر ئیشی‌چاکت بۆئەوەکرد، بڵێن پیاوچاکە، ئەوە ڕیایە، هەروا خواپەرستی‌و دین‌داری، زۆرکەس هەیە کەڵك‌گیرە، بەلام بۆئەوە کەڵك ئەگرێ، خەڵك بەوجۆرە ناوی‌بەرن، نەك بۆڕەزامەندی‌خوا وەخدمەت بەمەخلوق، ئەمەش لەڕوانگەی شەرعەوە پەسەند نیە، لەهەموی‌گرنگ‌تر ئەوەتە، ئەوکەسەی کەبیەوێ ڕێبازی تەسەووف بگرێتەبەر، ئەگەر ئەوکارەچاکانە بۆئەورەزامەندی خەڵکە

ئەنجامبدات هەم هیچی بەهیچ نابیّ، وەهەم دوایش ئەکەویّت، ئەمە سەبارەت بەکاری چاکە ئەنجامدانبو، جاوەرە سەیری کاری ناشیرین ئەنجامدانو دەس بڕینو، پروپاگاندەکردن، بۆ بەدەس هێنانی سەرمایەو سامانو مەقام، یان دەوڵەمەندبون لەسەری حیسابی خەڵك خەڵەتاندن، خۆئەوانە هەر زۆر لەویجدانی زۆرێك لەخەڵکی ساکاریشەوە دورە، ئەی بۆ کەسێك بیەویّ خوا لە خۆی ڕازی کات وە لەخوا نزیك بێتەوە، ئەبیّ چۆن بیّ؟ کەواتە، ئەم وەرزاندنی نەفسە، ئەبێتە ڕیازەتی نەفس، وەئەنجامدان وەبەدی هێنانی کارەکەش ئەبێتە خەبات یان جیهاد لەگەڵی نەفسا کەپێشی ئەڵێن «**موجاهەدە**» هەروەکو وتم ئەم جیهادە بۆئەوەتە بکۆشیت موبەمو خوا چی لەتۆ ویستوە ئەوە بکەیت، «**ئەمربەمەعروف**» فەرمان بەچاکە، «**نەهی لە مونکەر**» ئەنجامنەدانی کاری ناشیرین، یان بەرگری کردن لەکاری ناپەسەند، ئەو مەعروفە، ئەنجامدانی دەستورەکانی خوایە، بەوپەڕی تەواوی‌و جوانی، ئەمیشیان بەرگری کردن لەهەرچی گوناەو شتی خراپە بەوپەڕی توانایی‌یەوە.

لەڕوانگەی تەسەووفەوە شتەکە ئەگاتە ڕادەیێك مرۆڤ ئەبێتە مەلائکە، واتە وەکوئەوەی جگە خواپەرستیی، کردەوەیێکی لەسەر نەبیّ بیکات وە خووخدەو ڕەوشتی ئەبێتە خودایی، واتە بەوجۆرەی خوا ئەیەویّ.

مەبەستێك هەیە زۆرپێویستە بەڕوون کردنەوە کە بریتی‌یە لەوحاڵەتی چلەکێشانە، ئەمکارە شتێکە تاقی کراوەتەوە، وەکەڵکی لەڕادەبەدەرە بۆئەوانەی ئەیانەویّ لەمڕێبازەوە بگەنەمراز بەلاّم ئەمکارانە هەموی هەولّ‌و تێکۆشانێکە بۆئەوەی، نەفس لەکۆڵی مرۆڤ بێتەخوار، وەمرۆڤ سواری نەفس بێت، وە لەغاوی بگرێتەدەست، کارەکە وای لی‌دێت، نەفس لەو خووخدە ئەکەویّ، لەو خدەیە کەوت، ئیتر هەروەکو ئەسپێکی سەرکێش، بەهۆی وەرزاندن‌و تەعلیم دانەوە، وای لی‌بێت خاوەنەکەی چی ئەوێت وابکات، ئیتر پاشان تەعلیمی پی‌ناوێت، یان، نەخوێنەواریّ لەمناڵی‌یەوە بەزۆر ئەینینە خوێندن، بۆئەوەی بێتە خوێنەوار پاش ئەوەی بوبەخوێنەوار، ئیتر ئەو زۆربۆهێنانە نامێنی، یان وەکو سەعی کردن‌و دەرس خوێندنی بەر لەتاقی کردنەوەو شەهادە وەرگرتن، کەهاتو شەهادەکەی وەرگرت ئیتر شەونەنوستن‌و دەرس خوێندن تەواوئەبێت، وە ئیتر ئەوکەسە بوەتە خاوەنی ئەودانشەی کە ئەیەویست.

یان‌وەکو هەوڵ‌وتێکۆشانو هەناسەسواربون بۆگەیشتنە سەرلوتەی شاخێك، کەگەیشت ئیتر گەیشتوەتەمراز وە هەناسەبڕکێ‌و ماندوبونی پێ‌ناوێت.

کەواتە وەرزاندنی نەفس دەرکەوتوەو تاقی‌کراوەتەوە، کەپێویستە، وە هەروەها بۆقوناغێکە نەك بۆهەمووی‌تەمەن، چونکە پاش ئەو قۆناغە ئیتر نەفس خۆی بەتەبیعەت وای‌لێ‌دێت، حەزئەکات بەعیبادەت وخواپەرستی‌ی، وەخۆی بەتەبیعەت دژی گوناهکاریی‌و کردەوەی ناشیرینە، وە لەهەموناپاکی‌یێك پاك‌بوەتەوە. ئەوەی پێویستە بۆئەوماوەیە، کەم خواردن، کەم گوتن، کەم‌نوستن، وە خواپەرستی‌ی بەردەوامو ذیکرو فیکرە، بەوجۆرانەی کەباس‌کران، ئەگەریش بڵێن پێغەمبەری گەورە کەی ریازەتی کێشاوە یان ئەصحاب؟... وەڵام ئەوەتە،

یەکەم

ژیانی‌ئەوان هەرلەسەرەتادا سادەبوە، چ‌بەر لەپێغەمبەریی وەچ لەپاش ئەوەش.

دوهەم:

هەموساڵێ مانگێ یان‌زیاتر چوەتە غاری حیرا، وەبیری لەژیانو لەچۆنیەتی دروس‌بونی کەون‌کردوە.

سێهەم:

ئەو **(موراد)** وە دەس‌چن‌کراوو پاڵێوراو بوە، وەخوا بۆپێغەمبەرییەتی‌دروستی‌کردوە، وەپێغەمبەران **«مەعصومن لە گوناه»** واتە خواخۆی ئەیان پارێزێ.

چوارەم:

خوا خۆی سینەی پیرۆزی ئەوی پاك‌کردوەتەوە، لەهەمو خدەیێکی نەفسی ئەمارە، بەوجۆرەی، قورەیش نازناوی **(ئەمین)** یان دایێ، بەرلەوەی ببێتەپێغەمبەر، وە ئەوپاك کردنەوەی سینەیە. لەم‌سورەتەدا، دیارە. **«أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ؟ وَوَضَعْنا عَنْكَ وِزْرَكَ الَّذِي أَنْقَضَ ظَهْرَكَ؟ وَرَفَعْنا لَكَ ذِكْرَكَ؟»** ئیترپاك‌کردنەوە لەمەپاك‌تر؟..

ئەصحابیش بەهۆی هاوڕێی ئەوەوە پێویستیان بەهیچ نەبو بەڵکو هەموی ژیانیان بەجیهاد وەخەبات، وە خواپەرستی ی وە شەونەنوستن وە قنیاتکردن بەکەم، وە بێعینوانی و بێدەماریی بردەسەر، چونکە ئەوەندە ئایەت زۆرە بۆفەرماندان بە خواپەرستی ی لەڕادەبەدەر، هەر بەدیهێنانی ئەو ئایەتانە، بەسە، بۆئەوەی مرۆڤ بێتەمەلائکە.

سەیری ئەمئایەتە چۆن شەو نەنوستنو خواپەرستی ی بەشەوا روون ئەکاتەوەو، خەڵك دڵگەرم ئەکا بۆ ئەنجامدانی، کەئەفەرمێ، «**أَمَّنْ هُوَ قانِتٌ آناءَ اللَّيْلِ ساجِداً وَقائِماً يَحْذَرُ الآخِرَةَ وَيَرْجو رَحْمَةَ رَبِّهِ**...؟»، ئەفەرمێ، ئایا کەسێك بەندەیی خوابکات، بە شەوا خەریکی خواپەرستی بێت، تا نە، بەپێوەبێتو تانە لەکورنوش بردنا بێت لە دوا ڕۆژ بترسێت، وە سزای قیامەتی لەبەرچاوبێت، وە ئومیدی بەرەحمەتی خوابێت، ئایائاواکەسێ وەکو ئەوانە وایە، کەخاوەنی ئەمپێناسە باشانە نەبێت، جا ئەفەرمێ بە پێغەمبەر «**قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لا يَعْلَمُونَ**؟» ئایا زاناو نەزان ئەبنە یەك؟ ئەمە خۆی ئەوەئەگەیێنێ هەرکەسێ خاوەنی ئەم جۆرە پێناسانە بو خوا زانای ئەکات، بەو مەعریفەتو زانیارییانەی کەخۆی ئەیەوێ هەروەکو ئەفەرمێ «**وَاتَّقُوا اللهَ وَيُعَلِّمُكُمُ اللهُ**».

یان هەروەکو کەئەفەرمێ «**وَالَّذِينَ جاهَدوا فِينا لَنَهْدِيَنَّهُمْ سُبُلَنا**» ئەوانەی خەباتیانکرد لەرێگەی ئێمەدا، ڕێگەی خۆمانیان پیشان ئەدەین، پاشان ئەفەرمێ ئەوانەی کەخاوەنی عەقڵو ئاوەزو دڵی رووناکو پڕلەزانیارین، ئەوانەن کەعەقڵیان،بەمجۆرە چاکوخراپییانە ئەشکێت. ئەویش ئەمەتە کە لەدوادوایی ئایەتەکەدا ئەفەرمێ «**إِنَّما يَتَذَكَّرُ اُولوا الأَلْبابِ**» (زمر) (٩) یان، کە ئەفەرمێ «**تَتَجافى جُنُوبُهُمْ عَنِ الْمَضاجِعِ يَدْعونَ رَبَّهُمْ خَوْفاً وَطَمَعاً وَمِمّا رَزَقْناهُمْ يُنْفِقونَ**» (سجدە) (١٦) واتە، تەنشتیان بێزارە لەناوجێگە، یان خۆیان دورئەگرن لە «پێخەو»، یان هەرچی شتێ بۆنوستن بێت، جێگەنوستن، واتە لەشیان بێزارە لەڕاکشان، هەرخەریکی شەونوێژکردنو خواپەرستیو لەخوا پاڕانەوەن، کەهەم لەسزای خوائەترسن، وە هەم ئومیدی پاداشیان هەیە، وەتەنها بەوەیشەوە ناوەستن، واتە بەشەونوێژ، بەڵکو لەوەی کەخوا دابێتی، یارمەتی هەژاران ئەدەن. یان کەئەفەرمێ «**الَّذِينَ يَذْكُرونَ اللهَ قِياماً وَقُعوداً وَعَلى جُنوبِهِمْ وَيَتَفَكَّرونَ في خَلْقِ السَّماواتِ وَالأَرْضِ رَبَّنا ما خَلَقْتَ هذا باطِلاً سُبْحانَكَ فَقِنا عَذابَ النّارِ**» (ال عمران) «١٩١»، لێرەشا خوایگەورە ستایش ئەکا لەوکەسانە کەهەمیشە وە لەهەموحاڵێکا ناوی

خوائەبەن، وەیادی خوائەکەن، جگەئەوەش بیر لەدروس بون وە لەدروس کاری ئەم کەونو کائناتە ئەکەن، «**کەواتە بیرکردنەوەیش هەر پەرستنی خوایە**» لەپاشان ئەڵێن گەورەیی هەربۆتۆیە، داوات لیٔ ئەکەین لەعەزابی جەهەنەم لامان دەیت. وەدەیان ئایەتی تر، بەلاَم ئێمە ئەگەر هەر مەفهومی ئەم چەن ئایەتە سەیر کەین، ڕیازەتەکەمان بۆدەرئەکەویٔ؛ وەکو شەونویژ، کەم نوستن لەخواپاڕانەوە بۆ بەخشین، ئومیدەواربون بۆپاداش، بیرکردنەوە لە خەلقی ئەرزو ئاسمان، بەخشینی ئەوەی دەست بروات، بە هەژاران و، ناوی خوا بردن و یادی خوا کردن بەشەووبەڕۆژ، وەبەچەشنێکی تیکڕا پارێزکاریی، «**واتَّقُوا الله**»، وەدەرکەوت، ئاکامی ئەم خواپەرستی و شەونوێژو بەخشندەیی و پارێزکاری یە، هەروەها ترسی سزای خواو ئاگری جەهەنەم، وئومێدەواربون بەپاداشی پاشەڕۆژ، وە شوێن نەکەوتنی ئارەزووی نەفس، چونکە ئەمارە بالسوئە، ئەمانە هەموی ئەبنە هۆی، ئەوەی ئەو مرۆڤەی خاوەنی ئەم پێناسانە بێت، لەگەڵی خەڵکی ترا فەرقی هەیە، کەخوا ئەفەرمیٔ «**اَمَّنْ هُوَ قانِتٌ**...» تائاخری ئایەتەکە، وەهەم ئەبێتە هۆی زانیاریی، هَلْ یَسْتَوِی الَّذِینَ یَعْلَمونَ والَّذِینَ لا یَعْلَمون؟ هەم خوا ئەیخاتە سەری ڕێگا «**سَنَهْدِیَنَّهُمْ سُبُلَنا**» وەهەم خوا زانستی خۆی ... ەرونیانەوە، وَیُعَلِّمُکُمُ الله، وەهەم خوا تەواوی ئەم کردەوانەی پیٔ خۆشەو سەندیان ئەکات چونکە لەهەمویانا ستایشی خاوەنی ئەوپێناسانەی کردوە.

ئەمە هەموی لەم چەن ئایەتەدا، جائەگەر بەچاوی خیرەد سەیری هەموی قورئان بکەین بۆمان دەرئەکەویٔ خوای گەورە، لەگەڵی هەموی ئەوەشدا ئەفەرمیٔ کەڵك وەرگرن، لەم جیهانە «**بیٔگومان کەڵکی حەلاَل**» بەلاَم لەصەدان شوێنا ئەفەرمیٔ، ئەم جیهانە شتێکی بڕاوەو بیٔ دەوامە، ئەوەی بەدەرد ئەخوات شتێکە کەتۆشە بێت بۆژیانی، جاویدان و نەبڕاوە، وەهەروەکووتم لەوێدا کەقانجازەکانی هەردوجیهان لەڕوانگەی قورئانەوە ئەخەمەپێش چاو دەسم بۆئەوئایەتانە ڕاکێشاوە وەدوبارەکردنەوەی ناویٔ،

ئەوەش کە ڕیازەت، چل ڕۆژە وەپیی ئەڵێن چلەکێشان، ئەوەش کارناسانی ئەم ڕێبازە تاقی یان کردوەتەوە هەرکەسێکی موسوڵمان چل ڕۆژ لیٔ بڕاو کەناری گرت و سەرگەرمی عیبادەت بو، شتێکی وای بۆڕوون ئەبێتەوە، دڵ گەرمی کات لەسەری بەردەوام بون لەسەری ئەوڕێبازە وەئیمامی غەززالی لەکتێبی «**اَلْمُنْقِذْ**دا»، زۆر سوورە لەسەری ئەوە، ئەوەی کەڕیازەت نەکێشیٔ وە شەونەنوستن و کەم خواردن و،

لەخەڵك کەنارگرتن بۆماوەیێکی زۆر نەکاتە پیشەی هیچی لێ حاڵی نابێت، وەسەرگوزەشتی خۆی ئەگێڕێتەوە چۆن دەرگای منارەکەی مزگەوتی ئەمەوی شام،وە مزگەوتی «صەخرە» ی «بیت المقدس» ی لەسەری خۆی دائەخست و لەوێ سەرگەرمی ذیکرو فیکرئەبو.

نمونەیێکی ئەم قسەنەکردن و کەنارەگیری لەخەڵك و بەردەوام بون لەسەری خواپەرستی یە لەقورئانایە لە سورەی ئالی عمران دا لەوکاتەدا حەزرەتی زەکەریا، داوای لەخوا کرد خوا کوری بداتێ خوایش دوعای قوبوڵ کرد وە موژدەی کوری دا بە زەکەریا لەخۆشی یا وتی، خوایا لەپاداشی ئەم لوطفەدا شتێك بفەرمو بامن ئەنجامی بدەم واتە، بەرانبەر بەم لوطفە گەورەیە بامنیش خواپەرستیی وەیان کردارێکی جوان، لەسوپاسا ئەنجام بدەم، جائەڵێ.

«قال رَبِّ اجْعَلْ لي آيَةً. قال آيَتُكَ الاّ تُكَلِّمَ النّاسَ ثَلاثَةَ ايامٍ اِلاّ رَمْزا وَاذْكُرْ رَبَّكَ كَثيراً وَسَبِّحْ بالعَشِيِّ والاِبْكار».

واتە، کەوابو لەسەرتە سێ ڕۆژ لەسەری یەك هیچ قسەنەکەی لەگەڵی کەسا، مەگەر بەئیشارە وەبەردەوام بیت لەسەری ذیکر،وەبەیانیان وەئێوارانیش سوپاسی خوابکە.

جائەمە نمونەیێکی ریازەت، ئەم کارە ئەگەر کەڵکی رەوانی و دەرونیی نەبێت چۆن خوا دەستور ئەدات بەپێغەمبەرێکی خۆی ئەنجامی بداتێ، لەسورەی مەریەمیش دا هەر لەم بارەوە ئەم فەرمانە دوبارە کراوەتەوە بەڵام لەم یانا خوای گەورە بەزکریا ئەفەرمێ «**آيَتُكَ أَلاّ تُكَلِّمَ النّاسَ ثَلاثَ لَيالٍ سَوِيّاً**» زۆرباش دەرئەکەوێ مەبەستی سێ شەووڕۆژ لەسەری یەك بوە، چونکە لەولا ئەفەرمێ سێ ڕۆژ لەملایش سێ شەو کەواتە سێ شەوو ڕۆژە

هەروەها کاتێ کەخوا فەرمانی دا بەحەزرەتی موسی بڕوات بۆکێوی «**طور**» کە رازونیازی خۆی بکات لەگەڵی خوادا و فەرمان و دەستوری ئاینەکەی لێ وەرگرێت ئەفەرمێ «**وَاِذْ واعَدْنا موسى اَرْبَعينَ لَيْلَةً**» واتە چل ڕۆژ وەعدەمان دانا بۆ ئەم کەنارەگیری و «**خەلوەت**» کردنە، واتە بەتەنها لای خوابون، ئەمەش قامك راکێشانێکە، بۆ ئەو چل ڕۆژە هەروەها لەسورەی «**اَعْراف**» دا ئەفەرمێ. «**وَواعَدْنا موسى ثَلاثينَ ليلة وأتممناها بِعَشْرٍ فَتَمَّ ميقاتُ رَبِّهِ اَرْبَعينَ لَيْلَةً**» کەوابو جگە تاق کردنەوەی ڕێبوارانی ڕێگەی

تەسەووف کەخۆیان ئەزانن ئەمچلەکێشان‌و جلەوگیری لەئارەزوی نەفس‌و خواپەرستی‌و کەنارەگیری‌یە چەند بەکەڵکەو چەندە ڕاست‌و پێ‌ویستە، سەرچاوەکانیشی لەقورئاندا، دێتەدەست وەتەصەووفی ئیسلامیش خەباتێکە بۆ ئەنجامدانی فەرمانی خوا لەڕوانگەی ئیسلامەوە موبەمو.

کەشف‌وکەرامات :

یەکێ لەو بەرهەمانەی دانراوە هی ڕێبوارانی ڕێگەی تەصەووف بێت کەشف‌و کەراماتە، لەپێشا بابزانین کەشفوکەرامات چی‌یە، لەوەدوا لەمەبەستەکانی ئەکۆڵینەوە .

«**موعجیزە**، **کەشف**، **کەرامەت**، **موخادەعات**، **ئیستیدراج**» ئەمانە هەموی لەیەك چوارچێوەدا کۆئەبنەوە، کەپێی ئەوترێ «**خَرْقُ العادە**»، خەرق العادە، بەکارێك ئەوترێ ئەنجامدان‌و بەدیهێنانی ئەوکارە، بەرەواڵەت لەوزەی کەسا نەبێت، وەکو زیندو کردنەوەی مردو، بۆحەزرەتی‌عیسی، یان هاوردنی تەختی مەلەکەی سەبا «**بەلقیس**» لەوڵاتێکەوە بۆوڵاتێکی تر، لەچاوتروکاندنێکا «**قَالَ الَّذِي عِنْدَهُ عِلْمٌ مِنَ الْكِتَابِ أَنَا آتِيكَ بِهِ قَبْلَ أَنْ يَرْتَدَّ إِلَيْكَ طَرْفُكَ**» «**٤٠**» «**النمل**»، وەزۆر نمونەی‌تر لەوکارانەی، کە بەپێی عورف‌وعادەت وە سەرگوزەشت‌و تاقی‌کردنەوەی هێزی ساکاری مرۆڤ، لەوزەی مرۆڤ بەدەرن جاهەرکەس هاتوکارێ لەم‌کارانەی ئەنجامدا، ئەوە خەرقی عادەتە، واتە عادەتی ساکاری ژیانی، شکاندوە، کەواتە موعجیزەو کەشف‌وکەرامەتو ئیستیدراج هەمویان هەر «**خەرقی‌عادە**»تن، ئەم، خەرقی‌عادەتە وەئەم شکاندنی «**سونەتی‌ژیانە**»، ئەگەر پێغەمبەرێك کردی، پێی‌ئەڵێن موعجیزە ئەگەرپیاوچاك‌و خوا پەرستێك‌کردی پێی‌ئەڵین کەشف وکەرامەت، ئەگەر غەیرە موسوڵمانێ وەکو «**یوگا**» کان یان فاسقێك کردی، ئەوە ئەبێتە ئیستیدراج یان موخادەعە. هەموی خەرق عادەتی کردوە، لێك جوی‌کردنەوەیشیان ئاسانە ئەوەی خەرقی عادەتەکەی بۆئەوەبو بلێ پێغەمبەرە، وەخاوەنی ڕیسالەو شەریعەتێکی تایبەتە ئەوا خەرق‌العادەکەی ئەبێتە موعجیزە، بەڵام فەرقێکی زۆرگەورە لەنێوانی مۆعجیزەو

کەشف‌وکەرامەتدا ئەوەتە خاوەنی موعجیزە لەسەریەتی ئەبێ هەمیشە ئەوموعجیزەیە دەرخات بۆئەوەی تەرویجی ریسالەکەی پێ‌بدات وەخەڵك بێنە سەری ئایینەکەی بۆئەوەیش ئەوکەسەی نەهات لێ‌پرسراوبێت، تاخوا تۆڵەی لێ‌بکاتەوە . وەئەوەش شوێنی نەکەوتنی زۆربەیان، خوا هەرلەم دنیایەدا غەزەبی لێ‌گرتون، وەدوچاری هەزاران بەڵای کردون. بەڵام خاوەنی کەرامەت، ئەکۆشێ کەرامەتەکەی بشارێتەوە، وەتابۆی‌بکرێت ئاشکرای نەکات مەگەر زەرورەتی هیدایەتی گومراو سەرلێ‌شێواوێ ناچاری‌کات لەزۆربەی کتێبەکانی تەصەووف‌دا ئەگێرنەوە زۆرێك لەپیاوچاکانە ئاواتیان خواستوە کاشکی خوا لەکەشفوکەرامەت بێ‌بەشی کردایێن، زۆرتریشی لەترسی مەغروری یان لەبەری خۆلادان لەزانینی «ئەسراری» خەڵکە وەزۆریان لەسەرەمەرگا وتویانە خۆزگە لەوبارەوە هیچمان نەئەزانی،یان لەترسی کەم‌بونەوەی ترسی خوا، لەوەدا مادام خاوەنی‌کەراماتن دیارە پیاوچاکن، وەلەخواوەنزیکن وەئەمەترسیان‌کەم‌کاتەوە، وەدڵنیایان‌ئەکات لە سزای‌جەهەننەم.

هەروەها هەموی کارناسانی ئەم‌رێگایە باوەریان لەسەری ئەوەتە. کەشف، ئەوە ناگەیێنێ خاوەنەکەی پایەو مەقامیان بەرزترە لەوخواناسانەی‌تر کە کەشف‌وکەرامەتیان نیە چونکە زۆرجار وا ئەبێت، وەلی وە پیاوچاکی واهەیە گومانێك لەگەورەیی‌و پیرۆزی ئەودانیە، کەچی هیچ کەشفی بۆ دەست نادات، کەچی جاری‌وایش‌هەیە «شێت» کەشفی‌بۆئەبێت .

بەکورتی‌ی، وەکو ئەوەی کەسێ چاوی لەکەسی‌تر بەهێزتر بێت، یان بەهۆی وەرزشەوە لەشی بەهێزتر بێت، ئەوە ناگەیێنێ لەخەڵکی‌ترگەورەترو پایەبەرزتر بێت، بەڵکو ئەکرێ پایەیشی بەرزبێت، وەهێزی‌لەشی کەم‌بێت، لەو گۆرەپانەشا، هەربەوچەشنەیە، ئەکرێ خواناسیش‌بێت، وەکەرامەتی نەبێت، بەڵام ئەوەی **(خەرق‌العادە)**ی‌بو، وەخواناس‌نەبو، باڵیش‌بگرێتەوە، لەروانگەی ئیسلامەوە هیچی‌بەسەری هیچەوە نیە، نەوەلی‌یەو، نەپیاوچاك، بەڵکو لەپێشا ئەبێ خواپەرستو پارێزکاربێت، جائەگەر وابو، وەکاری خەرق‌العادەی لێ‌رودا ئەوە کەرامەتە، واتەپیاوچاك‌وخواپەرست‌بو.

برێ‌جاریش رواوێکی **(خەرق‌العادە)** ئەکەوێتە پێشی لەدایك‌بون، یان هاتنی خاوەنی بەرەکەتێك، وەخۆشەویستیکی‌خوا، وەکو شەق‌بونی **(تاق‌کیسری)**، بەهۆی

لەدایك بونی پێغەمبەری گەورەوە، ئەوجۆرە کارانە، خوا بۆپیشاندانی خۆشەویستی ئەو خۆشەویستە پیشانی ئەدا، بێ ئەوەی خۆشەویستەکە دەستی تیابێت، بەوە ئەڵێن «إرْهاص»، واتای ئیرهاص ئەبێتە دامەزراندن، وە پایە دارژاندن، جاری وایش ئەبێت پیاوچاکێ، بگرە وەلی بێت، یان وەلی نەبێت، خوایارمەتی ئەدات، وەکو تۆڵەسەندنەوە لەکەسێك ئازاری ئەوی دابێت، یان پاداش دانەوەی چاك، بەکەسێ کە چاکەی لەگەڵی ئەوکردبێت، یان قوبول کردنی دوعایێکی ئەوکەسە، ئەمانەش هەرخەرقی عادەتە، بەوەش ئەڵێن «مەعونە»، واتە، یارمەتی دان، وەخوا یارمەتی خۆشەویستان و پیاوچاکان ئەدات.

بەرلەوە باسی کەشفوکەرامات بکەم مەبەستێکی تر هەیە، ماوەیێکی زۆربو بۆ هەلێکی وا ئەگەرام کەهاوزمانە ئازیزەکانم، لەومەبەستە ئاگادار کەم، ئەویش، ووشەی «غەیب»، وە «غەیب زانینە»، لای خۆمان بڕێجار بەهەڵە، بەم کەشف وکەرامەتە ئەڵێن «غەیب زانین»، یان ئەڵێن فلانکەس غەیبی پێیە، یان غەیبی زانی، غەیب زانە.

ئەبێ بزانین کەشفوکەرامەت غەیب زانین نیە، وەغەیب کەس نەی زانیوەو نایشی زانی، نەوەلی و نە نەبی، هەرچەن بڕێجار ئەوکەشفە حاڵەتی غەیب زانینی هەیە، غەیب زانین ئەوەتە، تۆ بەئارەزوو، بەویستی خۆت، شتێکی نهێنی و پشتی پەردەو داپۆشراو بزانیت، لەداهاتو، یان لەڕابوردو، یان لەهەمان کاتا، ئەمەیان هیچ کەس نایزانێ واتەکەس بەمەیل و ئاروزوی خۆی ناتوانێ شتێ بزانێت، جابۆیە بەوەیان گوتوە کەشف، واتە هەرکاتێ خواخۆی ویستی پەردەی سەرچاوی بەصیرەتی ئەوکەسە لائەدات، وەئەوشتەی پیشان ئەدات، جابگرە جاری واهەبێت ئەو وەلی یە خۆی لەخوای داوا کردبێت ئەوشتەی بۆدەرخات، جا خوا ئارەزوی خۆیەتی پیشانی دا ئەیدات، پیشانی نەدا پیشانی نادات، نمونەی زۆر ئاشکرای ئەم کارە لەژیانی پێغەمبەری گەورەدا دەرئەکەوێ.

خوای گەورە، بەپێغەمبەری خۆشەویست ئەفەرمێ.

«قُلْ لا أقولُ لكمْ عِنْدي خزائنُ الله، وَلا أعْلمُ الغيْبَ، وَلا أقولُ لَكُمْ إنّي مَلكٌ إنْ أتّبعُ إلاّ ما يُوحَى إليَّ» «انعام» «٥٠»، بڵێ، من ناڵێم ڕزقی سەرزەوی بەدەستی منە، وەبڵێ خۆمن غەیب زان نیم، وەمەلائکەیش نیم، واتە بەشەرێکم وەکوئێوە، وەبڵێ من ئەوەی

ئەیلێم، وەحیم بۆدێ، واتە بەبێ وەحی هیچ ناڵێم، هەرعەینی شێوەی ئەم ئایەتە لەسورەی (**هود**) ئایەتی «٣١»دا دوبارەکراوەتەوە.

لەهەموی ڕوون تر، ئەم ئایەتەیە. کەخوا پەیغەمبەر فەرمان ئەدات، کە بەخەڵك بفەرمێ، «**قُلْ لا أَمْلِكُ لِنَفْسِي نَفْعاً وَلا ضَراً إلاّ ما شاءَ الله، وَلَوْ كُنْتُ أعْلَمُ الغَيْبَ لاَسْتَكْثَرْتُ مِنَ الخَيْرِ وَما مَسَّنِيَ السُّوء ، إنْ أنا إلاّ نَذيرٌ وَبَشيرٌ لِقَوْمٍ يؤْمِنون**» «**أعراف**» (١٨٨).

ئەفەرمێ بڵێ بەخەڵقی مەککە، من هیچ قازانجێ یان هیچ زیانێکی نەفسی خۆم بەدەستی خۆم نیە، مەگەر ئەوەی خوا خۆی ئارەزوی لەسەری بێت، وەئەگەر من غەیبم بزانیایێ قازانجو دەسکەوتی خۆمم زۆرئەکرد، وەنەم ئەهێشت هیچ زیانێکم لێبکەوێت، من جگەئەوەنەبێ لەسەرمە ئێوەبترسێنم لەئاکامی کاری خراب، وەموژدەی پاداشی کاری چاکە بدەم بەموسوڵمانان، هیچی ترم بەدەست نیە.

ئایا بەڵگە لەمەڕووناکتر ئەبێت بۆئەوەی خوا خۆی نەبێت، کەس غەیب نازانێ؟!.

کەواتە هەرگیز وەلی وەخۆشەویستانی خوا، ناڵێن ئێمە غەیب ئەزانین، بەڵکو ئەوەی ئەوان بۆیان دەس ئەدات، کەشف وکەراماتە، «**قُلْ لا يَعْلَمُ مَنْ فِي السَّماواتِ وَالأرْضِ الغَيْبَ إلاّ الله**» «٦٥» **النمل**.

جا با بزانین کەشف کامەو کەرامات کامە، کەشف بریتی یە لەلاچونی پەردە بەسەری بەصیرەتی دەرونەوە، بۆ چاوپێ کەوتنی برێ لەونهێنیانەی کە خواخۆی ئەیەوێ، هەروەکو، غەززالی لەکتێبی «**المنقذ**» دا ئەڵێ، «**وَانكَشَفَ لي فى اثْناءِ هذهِ الخَلْواتِ أمورٌ لايُمْكِنُ إحصاءها واسْتِقْصائها**»، لەپاشان ئەڵێ، «**وَمِنْ أوَّلِ الطَّريق تَبْتَدِىء المُكاشَفاتِ والمُشاهَداتِ، حَتّى إنَّهم في يَقْظَتِهِمْ يُشاهِدونَ الملائِكَة ، وَأرْواحَ الأنْبِياءِ، وَيَسْمَعونَ مِنْهُمْ أصْواتاً وَيَقْتَبِسونَ مِنْهُمْ فَوائِد**».

ئەڵێ لەسەرەتای کاری گرتنەبەری ڕێڕەوی تەصەووف دا «**کەشف**» وە «**موشاهەدە**»، دەس ئەدات بۆڕێبواران، برێ جاری واهەیە هەر بەچاوی سەر، مەلائکەکان وەرۆحی پێغەمبەرەکان ئەبینن، دەنگیان ئەبیسن پرسیاریان لێ ئەکەن و کەڵکیان لێ وەرئەگرن، ئەمە کەشفە، کەواتە کەشف بریتی یە لەچاوپێ کەوتنی ئەسراری کەون وەشتی نهێنی، لەڕابوردوو ئاییندەی ژیانی خۆیو خەڵك، بەڵام کەرامەت بریتی یە لەئەنجامدانی کاری «**خارق العادە**»، وەکو هاوردنی تەختەکەی

مەلیکەی سەبا، بۆلای سولەیمان، یان دوعاکردن بۆ شیفای نەخۆشێك، تەنانەت شێت، یان نەخۆشێکی بێ‌دەرمان، یان‌داواکردن لەخوا ئەولاد بدات بەکەسێ، کەئەولادی‌نیە، یان بەرەکەت کەوتنە زەراعەت یان‌کاسپی کەسێك، یان‌شتی‌زۆر گرنگتر لەمانە، جائەگەر هی‌ئەنبیابو، وائەبێتە موعجیزە، وەئەگەر هی‌ئەولیابو ئەبێتە کەرامەت.

گرنگترئەوەتە بەلای گەورە پیاوانی تەصەووفەوە، هەر کەرامەتێ کەلەوەلی رووبدات، درێژەدان وەبەردەوام بونە بۆ موعجیزەی پێغەمبەرەکەی خۆی، کەواتە کەرامەتی ئەولیای ئیسلام، هەر موعجیزەیە بۆپێغەمبەر، چونکە یەکێ لەئوممەتی ئەوە، خوا ئەوکەرەمەی لەگەلا کردوە، چونکە ناوی کەرامەت هەر لەوەوە هاتوە، کەخوا کەرەم‌ئەکات لەگەلی‌بەندەیێکا وەپاداشی ئەداتەوە.

ئەگەریش ئەوکارە، لەغەیرە موسولمان روی‌دا، وایێ‌ئەلێن ئیستیدراج، وە ئەبێتەئەوەی بەهۆی ریازەت، وە موخالەفەی نەفسەوە، دەسیان ئەکەوێت، جا هەربۆ ئەوەتە بایەزید، ئەفەرمێ ئەگەر کەسێکت‌دی بالی‌گرتەوە یان بەرمالی بەسەری‌ئاوەوە راخستو نەچوە ئاوەکە، سەیری کردارو رەفتاری بکەن، ئەگەر کردوەی موبەمو، لەگەلی شرعو سوننەتدا رێك‌نەکەوت، هەرگیز باوەری پێ‌مەکەن، وەئەوە شەیتان یارمەتی‌دەریەتی، چونکە لەروانگەی ئیسلامەوە، ئەوکەسە موسولمانە، کە پەیرەوی شەرع بێت، نەك ئەوەی خاوەنی **(خەرق العادە)** بێت، جا ئەوحالەتانەیە کە لەمورتازی هیندی‌و خاوەنی یۆگاکاندا بەرچاو ئەکەوێت.

بەلام ئەبێ‌ئەوەش بزانین، ئەم‌جۆرە دور لەئیسلامانە، هەرگیز ئەسراری هەقیان بۆکەشف نابێت، واتە لەگەلی ئەرواحی ئەنبیاو مەلائکەدا کۆنابنەوە، وەحالی مردووەکان نازانن، لەکاتێکا ئەوە، بۆ پیاوچاکانی ئیسلام دەست ئەدات، پێناسێکی ئاشکرای‌تر هەیە بۆجویێ‌کردنەوەی خاوەن کەرامەت، لەخاوەن ئیستیدراج، ئەویش ئەوەتە خاوەنی ئیستیدراج ئەکۆشێت بۆئەوەی لەم کارەی‌خۆی بەهرە وەرگرێت، وەکو بەدست‌هێنانی پارەو سەرمایە، یان بۆ خۆهەلکێشانو خۆپیشان‌دان، وەهەول‌ئەدات لای‌خەلك بلێت من فلان‌کارو فلان‌کاری خەرق‌العادەم لەدەست‌دێت، وائەکەمو وائەکەم، تەنانەت لەشوێنێکا ئەوکارانەی پیشان ئەداتو پسولەی بۆئەبرن وە پروپاگاندەی بۆئەکەن، بەلام خاوەنی کەرامەت هیچ‌مەبەستی کەلك‌وەرگرتنی دنیایی نیەو بۆ پولو پارەی ناکات مەبەستی هەر

دڵنەوایی موسوڵمانانەو هیدایەتی ئەوان، وە تازۆری بۆنەبێت وە ناچاریی نەبێ کەشفوکەرامەت دەرناخات وەپێیەوە شانازی ناکات، وەدوبارەو سێبارەی ناکاتەوە بۆخەڵك.

جاری واهەیە کەشف وکەرامەت پێکەوە بۆپیاوچاکێ دەست ئەدات، بۆنمونە، بۆی دەرئەکەوێ فلانکەسێ لەخۆشەویستان یان مەنسوب وشاگردێکی گرفتاری نەخۆشیی یان دەردی سەرێ بوە، ئەم بۆدەرکەوتنە کەشفە جا ئەو وەلیە هەرلەوێوە فریای ئەکەوێ وەرزگاری ئەکات یان دوعای شیفای بۆئەکات، ئەمەشیان ئەبێتە کەرامەت.

یان کارکردنەسەری دڵی مورید بۆسەرخستنی لەرێبازی تەریقەت دا وەچارەکردنی نەخۆشی نەفس وقەلبی ئەوکەسە، وە هەزاران شتی لەم جۆرە ئەمانەش هەم کەشفەو هەم کەرامەتە.

من بەڵگەیێکی نوسراوم لەم کەشفوکەرامەتە لایە کە هی شێخی باوکمە بەیارمەتی خوا لەشوێنی پێویستدا لەم کتیبەدا باسی ئەکەم سایان لەپێشەکی دا یان لەباسی تەریقەتی نەقشبەندی دا.،

لامواتە بەرادەی پێویست باسم کردبێت.

ئەوەی زیاتری بوێت لەکتێبەکانی تەصەووف دا وەهەروەها لەکتیبێ برێ لەفوقەهادا بەدرێژیی باسی کراوە کەچۆن کەشف وکەرامەت لەروانگەی شەرعەوە دروستە.

ناوی ئەوکتێبانە لە پێرستی ئاخری کتێبەکەدا نوسراوە.

نور :

نورر، ووشەیێکی، زۆرواتایە، ووشە رەواڵەتی و ساکارەکەی، بەرونا کی ئەوترێ، بەرانبەر بەتاریکی، «ظُلُمات، نور»، لەروانگەی تەسەووفەوە ئەورونا کی یەتە کەدەرونی مرۆڤ دائەپۆشێ کە هەمرەنگی جوانو هەم بۆنی خۆش وهەم تام ومەزەی لێ هەست ئەکرێ، بەلام هەموی ئەوکارانە کاروبارێکی

دەرونی و مەعنەوی یە، وە قەت بەوجۆرەی کەهەیە نانوسرێت وباس ناکرێت، لەقورئانا بەواتای جۆراو جۆر هاتوە، یەکەم، یەکێکە لەناوەکانی خوا، وەلەپێناسەکانی خوا، «اللهُ نورُ السَّموات والأرضِ» سورەی نور «٣٥» ناوە بۆقورئان وەبۆ کتێبەئاسمانی یەکان کەهۆی رێ پیشاندانی خەلکن، «فآمِنوا بالله وَرَسُولِهِ والنّورِ الّذي أنزَلْنا، وَاللهُ بما تعْمَلونَ خَبیر» تغابن (٨) «یاأیُّها الناسُ قَدْ جائَکُمْ بُرهانٌ مِنْ رَبِّکُمْ، وأنْزَلْنا إلیْکُمْ نوراً مُبیناً» (١٧٤) «نساء»، وەچەن ئایەتی تر کەهەموو ئەوە ئەگەیێنن مەبەست لەوەشەی نور، قورئانی پیرۆزە، هەروەها ئەفەرمێ «قُلْ مَنْ أنْزَلَ الکِتابَ الّذی جاءَ بِهِ مُوسَیَ نوراً وَهُدیً لِلنّاسِ» «٩١» «أنعام».

هەروەها بەواتای ئیمان بەرانبەر بەکوفر هاتوە، هەروەکو لەیەکەم ئایەتی سورەتی ئیبراهیم دائەفەرمێ بە (مُحَمّد) «کتابٌ أنْزَلْناهُ إلَیْکَ لِتُخْرِجَ النّاسَ مِنَ الظُّلُماتِ إلی النّورِ بإذْنِ رَبِّهِمْ إلی صِراطِ العَزیزِ الْحَمیدِ».

یان کەئەفەرمێ «یَهْدی بِهِ اللهُ مَنِ اتّبَعَ رِضْوانَهُ سُبُلَ السَّلام ویُخْرِجُهُمْ مِنَ الظُّلُماتِ إلی النّورِ بإذْنِهِ، وَیَهْدیهِمْ إلی صِراطٍ مُسْتَقیمٍ» (١٦) (مائدە) لەم دوئایەتە، وەدەیان ئایەتی ترا، بەئاشکرا دیارە مەبەست لەنور، نوری ئیمان وە لە «ظلمات» تاریکی ی کوفرە، هەروەها لەم قیاسەدا دەرئەکەوێ کەنور، بۆنوری چاویش هاتوە چونکە رووناکی کاتێ هەست ئەکرێت چاویچ رووناکی هەبێت ئەگینا کەچاو کوێر، واتەتاریك بو، با دنیا هەر ڕۆشن بێت سوودی چی یە.

جائەفەرمێ، «هَلْ یَسْتَوِی الأعْمیَ والبَصیر؟ أمْ هَلْ تَسْتَوِی الظُّلُماتُ والنّور» (رعد) (١٦) بێگومان نور بەڕووناکیش وتراوە بەرانبەر بەتاریکی، وەبەخوێنەواری بەرانبەر بەنەخوێنەواری، چونکە بەنوری عیلم چاکەوخرابە لەیەك جیائەکرێنەوە. هەروەکو کەوتراوە «العلمُ نورٌ والجهلُ ظلام»، هەروەها، بەعەقلیش وتراوە نور، چونکە هیچ شتێ بەبێ عەقل بەدەردناخوات نەعیلمو نە چاوو نەسەرمایەوسامان، عەقل کەنەبو مرۆڤ ناتوانێ بەوجۆرەی شیاوی مرۆڤە بژیت، وەخۆی لە حەیوان جیا کاتەوە. پەندێکی فارسی هەیە ئەلێ «عالِمْ شُدَنْ چه آسان عاقِلْ شُدَنْ چه مُشْکِلْ»، واتە بەخوێنەواربون چەن ئاسانەو بەعاقل بون چەن سەختەو نارەحەتە، بەرانبەر بە عەقل شێتی دێت، کەواتە هەم عیلم هەم عەقل پێیان وتراوە نور، چونکە چاکەوخراپەیان لەیەك پێ جیائەکرێتەوە. لە فەلسەفەی ئیشراق دا، سەهرەوەردی (حەلەب)، جیهانی تاریکی و جیهانی ڕوناکی ی باس ئەکات، وە خوای گەورە بە «نور

الانوار» دائەنێ، کە سەرچاوەی هەمونورەکانە. وەدوعایێکی بەناوبانگی هەیە، سەرەتاکەی ئەڵێت «**یاقیوم أیّدنا بالنّور. وثَبِّتنا علی النّور واحْشُرنا الی النّور**... هتد» «**کتێبی هیاکِلُ النوّر**»، شیخ محی الدین عەرەبی، ئەڵێ نور ئەو خەڵاتە خوایی یەتە، کەدێتە دڵەوەو تاریکیی دنیای «**فانی**» لەدڵ دەرئەکات، وەئیتر جگەئەو نورە، هیچی تر لەدڵا نامێنێتەوە.

ئیمامی غەززالی لەکتێبی المنقذدا ئەڵێ: زانیاریی «**تەصەووف**»، یان زانیاریی مەعنەوی؛ نورێکە خوائەیخاتە دەرونەوە. بەکورتی ی ئەونورەی لە بواری تەصەووف دا باسی لێوەئەکرێت هەروەکو غەززالیو محی الدین ئەڵێن، ڕووناکیو بەرەکەتو زانیارییێکی بێ پایان وە «**موکاشەفەو موشاهەدە**»، واتە بۆدەرکەوتنو چاوپێ کەوتنیکی مەعنەوی یە، کەبۆڕێبوارانی ڕێگەی تەسەووف دەس ئەدات، وە کەشف وکەرامات، وە مەقامات هەموی لەو نوروبەرەکەتەوە دەس ئەکەوێت، ئەو نورەتە، وا ئەکات لەوگەورەپیاوانە، بەبێ خوێندن سەر لەزۆرێك لەزانیاری یەکان دەرئەکەن، وەخوا چاوی بەصیرەتیان وا ڕوون ئەکاتەوە، کە ئەبنە پیاوێکی تر، هەروا کەبۆ پێغەمبەرەکان ڕوی داوە، بێگومان ئەوە نورەوڕووناکی.

هەروەکو ئەزانین پێغەمبەری گەورە درودی خوای لەسەر نەخوێنەواربو، بەڵام خوای گەورە وادڵی ڕوون کردەوە کەهیچ زاناو دانشمەندێکی جیهانی نەگەیشتێ، وەسینەی موبارەکی پڕکردلەنور، هەروەکو ئەفەرمێ «**أَلَمْ نَشْرَحْ لَكَ صَدْرَكَ. وَوَضَعْنا عَنْكَ وِزْرَكَ الَّذي أَنْقَضَ ظَهْرَكَ. وَرَفَعْنا لَكَ ذِكْرَكَ؟**»

مەبەست ئەوەتە ئەوەش نورە کەخراوەتە دڵی پەیامبەرانەوە، وە بەپەیڕەوەیی لەوانیش دڵی پەیڕەوە ڕاستو پاکەکانیان؛ بەشێوەیێکی تر کەخواییەوێ ڕوون ئەکاتەوە، خوای گەورە لەباسی حەزرتی موسا وەحەزرەتی یوشەع دا لەسورەی «**الکهف**» دا سەبارەت بەوپیاوەگەورەیە کەدیویانەو زۆرشتی لەزانستی نهێنی زانیوە کەموسی نەیزانیوە، سەبارەت بەوبەندەیە ئەفەرمێ. «**فَوَجَدَا عَبْداً مِنْ عِبادِنا آتَيْناهُ رَحْمَةً مِنْ عِنْدِنا وَعَلَّمْناهُ مِنْ لَدُنّا عِلْماً**»، بەڵێ ئەوە ئەوعیلمەیە کە خوا ئەیخاتە دەرونەوە؛ جا بەوزانیاری یەش ئەوترێ نور، سەبارەت بەحەزرەتی یوسف وەحەزرەتی لوط وحەزرەتی موسی لەسێ ئایەتی جیاوازدا سەبارەت بەهەرسێکیان، ئەم (**جوملە**) یە، دوبارەکراوەتەوە کەئەفەرمێ «**آتَيْناهُ حُكْماً وَعِلْماً**» هەموی قورئان پڕیەتی لەم جۆرە کەرەمی

خودایی‌یە، لەگەڵی بەندەکاندا، وەئەمانە هەموی ئەکرێ لەچوارچێوەی ئەونورەدا کۆیان‌کەینەوە، کە بریتی بێت لە کەرەم‌و بەخشینی خوای گەورە بە بەندە خۆشەویستەکانی. ئیترباعیلمە یاحیکمەتە یاخۆشی‌و خۆش حاڵی و پایەو مەقامە. وە نور لەڕوانگەی تەصەووفەوە بەوانەئەڵێن.

قَلْب:

قەلب ووشەیێکە، ئەگەر لەبازاڕی تەصەووف، وە لە وێژەی تەصەووف‌دا ئەم‌ووشەیە لابەرین، هیچی نامێنێتەوە.

قەلب، دوو واتای‌هەیە، واتاییکیان ئەو پارچەگۆشتەیە کەوا لەسینەی هەموئینسان‌و گیانداریکی‌ترا، وەپاڵێوگەخانەو دینەموی لەشی مرۆڤە، وەبەکورتیی، یەکێ لەئەندامەکانی ناوەوەی لەشی مرۆڤە، ئەندامێکە بە پەلکەوتن‌و ڕاوەستانی، گیان‌دار بی‌گیان ئەکەوێ، وە بەکوردیی پێی ئەڵێن «**دڵ**».

واتای‌دوهەمی ئەم دڵە، واتاییکی مەعنەویی، وە مەجازی‌یە، کە هەم لەڕوانگەی تەصەووفەوە، زۆرگرنگەو جەغزی ئەوزانستەیە، وەکاکڵەی کارە، وەهەم لەڕوانگەی کاروباری عاطیفی‌و ویجدانی‌و وێژەوانی‌یەوە، داری‌دەستی وێژەوانان‌و هەست‌یارانە کەواتە ئەوشتەی لەتەصەووف‌دا بەناوی «**قَلْب**»، واتە «**دڵ**»، باسی‌لێوەئەکرێت، ئەو دڵە گۆشتینەنیە، بەڵکو بەشێوەییکی مەجازیی پێی‌ئەوترێ دڵ، لەڕاستیدا بە مەرکەزی هەستی عاطیفی‌و ویجدانی‌و ئینسانیی مرۆڤ ئەوترێ.

خۆیشمان زۆرجار ئەڵێن، بۆفلان‌شت دڵم‌ساردە یان دڵم‌گەرمە، یان دڵم‌تەنگە یان دڵ‌ڕەقە، لەکاتێکا ئەودڵەگۆشتینە هیچ‌کام لەم‌حالانەی بەسەرا نایێت، بەڵکو هەرکام لەم وتانە دەسنیشانە بۆ حاڵەتێکی تایبەتی دەروونیی. لەتەصەووف‌دا مەبەست لەدڵ لەطیفەییکە جێگەی ویست‌وحەزلی‌کردنی‌چاکەو خراپە، وەسوفی تی‌ئەکۆشێت ئەو ناوەندی هەستە خاوێن‌کاتەوە، بەجۆرێ ببێتەجێگەی تەنها هەست‌و ویستی‌چاك، وەئەم خاوێن‌کاری‌یەی دڵ پێی‌ئەڵێن تەزکی‌یەی دڵ.

کەباسی ذیکری دڵیان ئەکرد هەرچیم ئەکرد نەئەچوە مێشکمەوە ، دڵ پارچەگۆشتێکە چۆن ذیکرئەکات ، ئەیوت حەزرەتی شیخ نجم‌الدینی برام ، ئەمەی‌بیستبو ڕۆژێکیان بانگی‌کردم لێی‌پرسیم ڕاست کامیل باوەڕت بەذیکری دەرون نیە ؟ عەرزم‌کرد ، قوربان ناچێتەدڵمەوە بەبێ‌زمان ذیکربکرێت ، نەك باوەڕم‌نیە ، ئەیوت ڕۆژێکیان شیخ وەستابو فەرموی کامیل وەرە پێشەوە ، چومە پێشەوە فەرموی پێشتر ، تابەتەواوی نزیکی‌بومەوە ، سەری‌گرتم وەگوێمی‌نا بەسەری سنگی‌یەوە ، سوێندی‌ئەخوارد ئەیوت ، بەزمانێکی زۆر پاراو ، ئەم‌بیست ئەیوت «اللہ‌اللہ» ، گوێی سەرم هانی‌یە دواوە ، ئەمجارەکەیان خۆم سەرم‌نا بەسنگی‌یەوە ، سەیرئەکەم بەهەمان شێوە دەرونی ، (اللہ)ئەکات ، منیش‌دەستم‌کردە گریان وە خۆم‌خست‌بەسەری پێ‌یا ، ئەویش ئەم پەندە فارسی‌یەی فەرمو .

«نەبدین‌شوری‌شور ، نەبدان بی‌نمکی» واتە نەئەوەندەسوێر وەکوئیستە ، نەئەوەندەش بێ‌خوێ وەکوئەوسا .

جاسوێندی‌ئەخوارد ئەیگوت هەردوجارەکەی ، گوێم دووسێ پەنجەی‌ئەما بۆسەری سینگی وەك (مەغناطیسێ) سەرم ڕاکێشێ ئاوا گوێم ئەنوسا بەسنگی‌یەوە ، هەر وەکو وتم هەمیشە ئەوسوێندەی ئەخوارد ، وەلەتەمەنی هەشتاونەوەد ساڵیدا چەندین‌جار ئەم‌سەرگوزەشتەم لێ‌بیستوە .

بەلای ڕێبوارانی ئەم‌ڕێگەوە شتەکە شتێکی زۆرئاشکرایە ، تەنانەت هی‌وای هەیە پاش حەفتەییك ، یان پاش‌چل‌ڕۆژ دڵی دەس‌ئەکاتە ذیکرکردن ، شتەکە پێویستی بەلێ‌بڕان‌وباوەڕی تەواوو خەریك‌بونەوەیە .

زوتروتمان لە دەرونا چەن لەطیفەیێك هەن کە بەلای نەقشبەندی‌یەکانەوە پێنج لەطیفەن ، قەلب ، ڕۆح ، سیرر ، خەفی ، ئەخفاء نەفسیش‌هەیە ، بەڵام نەفس بەلطیفەی عالەمی خەلق واتە ماددە ، یان بەشەماددەیی‌یەکەی مرۆڤ دائەنرێت .

جا نەقش‌بەندی یەکان لەدڵەوە دەس‌ئەکەنە ڕاهێنانی ، وە بە بەردەوام بون لەسەری ذیکر ، بەشێوەی تایبەتی خۆی ، ئەودڵە دەس‌ئەکاتە ذیکر ، پاشان هەموی (لەطائفەکانی‌تر) پاشان لەطیفەی نەفس ، کەناوەندی هەستی حەیوانیی واتە شەهوانیی مرۆڤە ، وە «أمّارَةٌ بالسّوء» ، لێرەداپەنجەئەکێشم بۆچوارشیعر لەقەصیدەیێکی حەزرەتی شیخ‌عومەر ضیائوددینی نەقشبەندی ، کەخۆی پیری‌تەریقەت‌و مورشیدێکی کامیل‌بوە ، لە کاتی سلوکی‌تەریقەت‌دا ئەم‌شیعرانەی

فەرموە ، وادیارە لەوکاتەدا مەقامێکی گەورەی خەڵات کراوە کەئەم شیعرانەی بەوبۆنەوە فەرمووە ، وە دەس نیشانە بۆخاوێن کردنی لەطائف ، وەذیکری ئەو لەطائفانە کەئەفەرمێ .

(لەنەشئەی فەیضی عیشق فەخری عالەم دڵ موصەففایە
لەژەنگی مەعصی یەت شۆراوەسینەم پڕتەجەللایە)
(لەدەس تەزویری نەفس و مەکری شەیتانی لەعین دەرچوم
عەجەب بالایە ڕوتبەی عیشقم و نەفسم تەوللایە)
(مەقامی عاریفان بێ زەحمەت و ڕەنج و مەشەققەت دیم)
لەزومرەی عاشقانم بۆیە عالەم لێم تەبەڕرایە
لەهەرچی ڕوودەکەم وەک ڕۆژعەیانە چی ڕموزاتە
«لەطائف» سەربەسەر موستەغریق ذیکری «هو الله»یە

سەرەڕای باسی لەطائف وەذیکر ئەوەش دەرئەخات کە(موراد)بوە . واکەئەڵێ ، مەقامی عاریفان بێ زەحمەت و ڕەنج و مەشەققەت دیم ، چونکەوتمان موراد بەبێ ڕیازەت وەدەردی سەر ، خواخۆی سەری ئەخات ، مورادەکان ، خۆیان ناڕۆن بەڵکو ئەیان بەن .

لەم بەینەدا کتێبێکم دی هی (عبدالرحمن الدمشقي)ناو کەلەحیجازدا نوسراوە وەرەخنەی گرتبو لەتەصەووف ، یەکێ لەوشتانەی کەوتبوی ، ئەوەتە ، دڵ چۆن ذیکرئەکات ، ئەوکەسە لای وابوە دڵ بریتی یە لەوپارچەگۆشتە ، لەکاتێکا ، ئەمرۆ بەهۆی شریتی تەسجیل «دەنگۆدەرە» وە ، دەرئەکەوێ قسەکردن پێویست نیە هەر بەزمان بێت ، تەنانەت بێ گیانیش قسەئەکات ، یان ڕادیۆو تەلەفزیۆن بۆچی زمانیان هەیە ؟ ئەمەلەڕوانگەی شتەماددی یەکانەوە ، بەڵام لەڕوانگەی مەعنەوی و مەجازی یەوە ، ئایا ئەوهەموە ئایەتانەی قورئان چی لێ ئەکات کەسەبارەت بەژەنگی دڵ ، بە کلۆم لێدرانی دڵ ، بەرەشی و تاریکی دڵ ، لەمۆرکردنی دڵ ، وەدەیان پێناسی تری دڵ هاتون ، (سبحان الله) ، خوا کەدەرگای هیدایەتی داخست ، تەنانەت لەخوێنەواریشی دائەخات ، بەجۆرێ ئەم هەموە ئایەتەی لەبەرچاو ون بێت .

جارێ بەرلەهەموشتێ خوا سەبارەت بەناردنی‌خەڵاتی‌قورئان بۆ پێغەمبەر درودی‌خوای‌لەسەر ، ئەفەرمێ **«فَاِنَّهُ نَزَّلَهُ عَلى قَلْبِكَ»** هەم قورئان‌خۆی ماددەنیە ، تایبێتەخوارەوە بەڵکو مەفهومەو فەرمودەیە ، وەهەم دڵ ، ئەگەر ئەودڵەی بێ ئەوشەخصە ئەڵێ ، چۆن قورئانی‌دێتەسەر ، بەڵکو لەوێدا ئەو قەلبە ، حەقیقەتی موحەممەد وەحەقیقەتی «نوبووەتی» موحەممەدە ، یان ئەفەرمێ ، **«اِنَّ في ذلِكَ لَذِكْرى لِمَنْ كانَ لَهُ قَلْبٌ»** ئەگەرلێرەدا مەبەست دڵی‌گوشتین‌بوایێ خۆهەموگیان‌دارێ دڵی‌هەیە ، ئەم‌قەلبەلێرەدا ئەودەرونەیە کەئەتوانێ پەندوئامۆژگاری وەرگرێت ، یان وەری‌نەگرێت .

یان کەئەفەرمێ ، **«اِلاّ مَنْ اَتى اللهَ بِقَلْبٍ سَليمٍ»** یان دەیان پێناسی‌تر وەکو **«قَلْبٍ مُتَكَبِّرٍ»** **فَظاً غَليظَ القَلْبِ** ، **«وَلكِنْ تَعْمَى القُلوبُ الّتي في الصُّدورِ»** ، **«اَمْ عَلى قُلوبٍ اَقْفالُها»** ، **«وَبَلَغَتِ القُلوبُ الحَناجِرَ»** **«فَاِنَّها مِنْ تَقْوى القُلوبِ»** **«وَيُشْهِدُ اللهَ عَلى مافي قَلْبِهِ»** **«وَخَتَمَ عَلى سَمْعِهِ وَقَلْبِهِ»** **«رَبَطْنا عَلى قَلْبِهِ»** **«وقالوا قُلوبُنا غُلْفٌ»** **«وَلا تَجْعَلْ في قُلوبِنا غِلاًّ»** ، **«رَبَّنا لا تُزِغْ قُلوبَنا»** **«بِما كَسَبَتْ قُلوبُكُمْ»** **«ثُمَّ قَسَتْ قُلوبُكُمْ»** **«خَتَمَ اللهُ عَلى قُلوبِهِمْ»** **«فَوَيْلٌ لِلْقاسِيَةِ قُلوبُهُمْ»** **«لِلَّذينَ في قُلوبِهِمْ مَرَضٌ»** **«وَطَبَعَ اللهُ عَلى قُلوبِهِمْ»** وەدەیان پێناسی‌ترکەهەموی سەبارەت بە **«قلب»** لەقورئاناهاتوە ، وەهەموی ئەوە ئەگەیێنێ ئەودڵەی کەخاوەنی ئەم‌هەموە پێناسانەیە ، ئەوپارچەگوشتەنیە ، وەبەپێی ئەوئایەتانە ئەودڵە هەم‌خاوەنی کردەوەی‌چاکەو هەم‌خراپ ، هەم پاداشی‌ئەبێت‌و هەم‌سزائەدرێت .

ئایا ئەوکەسە ئەم‌هەموە ئایەتەی نەدیوە ؟ .

بەڕاستی‌ی وەڵامی ئەوجۆرەکەسانە هەروالێرەدا کەخوائەفەرمێ ، **«وَخَتَمَ عَلى سَمْعِهِ وَقَلْبِهِ»** .

بەتایبەت ، ئایا ئەوجۆرە کەسانە کەوا ئەزانن مەبەست لەدڵ ئەم دڵەگوشتینەیە ، وە ئایادڵ چۆن ذیکرئەکات ، ئایا بەڕاستی ئەم ئایەتانەیان نەدیوە بەتایبەت ، لەوێدا کەئەفەرمێ بەپێغەمبەر درودی‌خوای لەسەر **«ولاتُطِعْ مَنْ اَغْفَلْنا قَلْبَهُ عَنْ ذِكْرِنا واتَّبَعَ هَواهُ»** «٢٨) **الكَهْفْ**» ئایاسەبارەت بەم‌ئایەتە ئەڵێ‌چی ؟ اَغْفَلْنا قَلْبَهُ عَنْ ذِكْرِنا واتای‌چی‌یە ؟ ئایائەمە ذیکری دەرون‌نیە ؟ .

یان‌کەئەفەرمێ **«وَمَنْ يُؤْمِنْ بِاللهِ يَهْدِ قَلْبَهُ»** «١١» **تغابن»** ، ئەمەچی‌ئەگەیێنێ هیدایەتی قەلبی‌گوشتین‌ئەگەیێنێ ، یان حەقیقەتی ئەومرۆڤە ؟ **«وَلَمّا يَدْخُلِ الايمانُ في قُلوبِكُمْ»** «١٤»

ئەبێ ئەوەش بزانین تەواوی ئەم پەیوەندانەو ئەم مامەڵانە هەموی مەعنەوی و ڕۆحی یە وە تەنها بەچاوی دەرون «بەصیرەت» هەست ئەکرێن ئەگینا نە جۆگە ئاوەو نە پەیوەندی ماددی .

جا کەئەو پەیوەندە «رابیطە» بەرقەرار کرا وەئەو موریدە توانی ئەوپەیوەندە بەدەست بێنێ ئەمجارەیان نورو بەرەکەتێ کە لەرابیطەی مورشیدەوە دەستی ئەکەوێ ئەونورە هەمان کارئەکاتەوە سەری لەطائف وە لەطائفەکان یەك لەدوای یەك تەزکی یە ئەبن وە دەردەکان یەك لەشوێنی یەك چار ئەکرێن وەکو دەردی حەسەد،یان خۆ بەزل‌زانین وغرورو بیرلەمردن نەکردنەوە «طولی‌ئەمەل» وە خۆ پروکاندن بەشوێنی سەرمایەو سامان پێکەوەنان‌و هەموی ئەوپێناسە ناپەسەندو خراپانەی کە باسمان کردن . جا پاش پاك بونەوەی دەرون لە خەوش وە هەڵکرانی نوری هەق لە لەطائف‌دا وە دەست‌کردنە ذیکری لەطائف،ئیتر ئەوموریدە ئەگات بە ئاواتی حوزورو موشاهەدە وە دڵ‌ودەرون بەو بەئاوات گەیشتنە دائەمرکێ وە دەست ئەکاتە (سەیری ئەنفوس) روەو هەوارگەی فەنا وە بۆگەیشتن بەمەنزڵی بەقا .

مەبەستێکی‌تر لە روون کردنەوەی ئەم بەرهەم‌وەرگرتن لەمورشیدی کامیلە ئەوەتە ، لەکاتی ذیکرا گومان ڕێبوار بەدڵ دەست‌ئەکاتە ذیکر تادڵی ذاکیرئەبێ پاشان‌بەو لەطیفەکەو بەو طیفەکەی‌تر ، بەلام لێرەدا ئەومورشیدە یارمەتی ئەدات ، ئەویش بەوجۆرەیە هەرجارەی «تَوَجُّه» تەوەججوە ئەکات،واتە رووی‌دڵ‌تی‌کردن ، روی دڵی ئەکاتە یەکێ لەو لەطائیفە وە پەیوەندی ئەدا بە لەطیفەی خۆی‌یەوە بێگومان لەطیفەی مورشید هەم ذاکیرەو هەم نورانی‌ی هەرکە پەیوەندی‌دا بە لەطیفەکەی خۆیەوە لەطیفەی موریدەکەش دەس‌ئەکاتە ذیکرو نورانی‌ی ئەبێت ماوەیێك وازی‌لێ دێرێت تاباش بەوحاڵەوە دامرکێ‌و دامەزرێ جا روی‌دڵ ئەکاتە لەطیفەیێکی تری بەم‌جۆرە ماوەیێك نابات ، بەتایبەت ئەگەر مورید ئیستیعدادی‌بێت(هەروەکوزیرەکی‌وئیستیعدادی‌خوێندن)ئەگەر ئیستیعدادی بو ، زۆر زوتر لەو رەوشەکانی‌تر ئەو.موریدە پێ ئەگات‌و لەطائفەکانی تەزکیە ئەبن ، هەروا بۆ مەقامەکانی لەوەو لاش تائەگاتە فەناو بەقا .

لەوەولا ئیتر ئەوکەسە خۆیو هیممەت‌و ئیستیعدادی وەئیتر پی‌ویستی بەمورشید نامێنێ وەخۆی کامیلە ، بەلام هەروەکو گومان ئەم کەمالە نیسبی‌یە وەهەر دوایی نایێ هەتا هەر شوێنێ خوا مەیلی لی‌بێت ئەو بەندەیە پێش ئەکەوێت‌و سەر ئەکەوێ هەروا

که زانیاریی ظاهیریو ماددی بێپایانەو هەردوایی نایێ وە مرۆڤ هەرئەتوانێ زاناترو زاناتربێ یان دەوڵەمەندترو دەوڵەمەندتربێ ئەمیش هەروایەو لوطفو کەرەمی خوداو فەیضو مەقام هەر دوایی نایێ بۆیەئەڵێم کەمال نیسبی‌یە کەمالی تەواو هەرهی خوایە وە ئینسانی کامیل کە گەیشتبێتە دواپلەیێك ئینسانێك بتوانێ بگات، حەزرەتی موحەممەددە،پاش مەقامی ئەو ئەنبیاکانن پاش مەقامی ئەوان جا مەقامی ئەولیایە .

بەڵام لە عورفی تەصەووف‌دا ئەو خوداپێداوەی گەیشتە بەقای پاشی فەنا بەکامیل دائەنرێت وەکو شەهادەی بەرزی دنیایی بڵێین **(دوکتۆرا)** ئیتر ئەوکەسە ئەتوانێ لەو ڕشتەیەی خۆیا کارناسو ماموستابێت .

یادئاوەریی‌و هۆشداریێك هەیە لێرەدا کاتی گوتن‌یەتی ، ئەویش ئەوەتە پرمەترسی‌ی‌ترین شت لەتەریقەی نەقشبەندی‌دا ئەوەتە کەسێك نەگەیشتبێتە ئەم بەقای پاش فەنایە وە روخصەت‌بدات موریدەکانی رابیطەی بکەن ، یەکەم گوناهێکی زۆر گەورەیە شایەد وەکو شیرك وایە وە گوناهەکەی وا لەگەردنی ئەو مورشیدەدا،بێگومان خوا سزای ئەدات ، دووهەم،نەخۆشی‌ی ڕۆحی‌و دوچاربونی وەسوەسەو دەیان گرفتاریی‌یە کە ئەو موریدە توشی ئەبێت .

ئیرشاد جیایەو ئیجازەی رابیطەدان جیایە،ئیرشاد ئەگەر **«ئەمر بەمەعروفو نەهی لەمونکەرە»** هەمومان لەسەرمانە بیکەین ئەگەر ئیرشادە بۆ شەریعەت هەمو مەلاچاکێ لەسەریەتی بیکات . بەلاَم بۆ تەریقەت ئەبێ ئەوکەسە ڕێكو ڕاست بەموریدەکانی بڵێ،بڵێت من نەصیحەتتان ئەکەم ئەبمە هۆی تەوبە دادان وە ڕاهنمایی‌تان ، بەلاَم من مورشیدی کامیل‌نیم وە رابیطەم دروس نیە .

یان وەکو ئەمیرکولالی مورشیدی شاهی نەقشبەندەبڵێ من تائیرە شارەزام لەمەولا برۆ کەسێکی‌تر پەیداکە دەرست پی‌بڵی .

مەبەستێکی‌تر سەبارەت بە تەوجەجوە لەموریدە ، پێویست‌نیە ئەومورشیدە هەر ڕوبەڕوو تەوەجەجوە بکات ، مورشید کەمورشیدبو دورو نزیکی بۆنیە وە لە دوریشەوە ئەتوانێ رووی دڵی بکاتە مورید وە بەهرەی پی‌بگەیێنێ لەگەڵ ئەوەشا نزیکی‌یەکە کەڵكو دەست‌کەوتی زۆرترە ، هەروەکو وتمان نزیکی‌ی لەپیاوچاکان کەڵکی‌زۆرە وەمایەی خۆشی‌و خۆش‌بەختی‌و پێش‌کەوتنە پیاوچاكو وەلی خۆشەویستی خودان وە نزیکی‌کردن لە خۆشەویستانی خودا مایەی خۆشبەختیی هەردو دنیایە وە سەرگوزەشت‌و ئازمونیش ئەمەی بۆ ڕێبواران ڕوون کردوەتەوە .

مەبەستێکی تر لەپێشا پەنجەمان بۆراکێشاوە ئەوەتە پێشکەوتن بۆ هەموکەسێ یەکسان نیە بەڵکو بەپێی ئامادەگیی وەئیخلاص وەئەدەبی ئەوکەسەتە هەروەکو بۆهەموکارێکی گرنگی تر ئەو مەرجانە هەیە.

بۆ ئەوکەسانەی مورشیدیان هەیە، باوەکو خەریکی ذیکرەیان موراقەبەش بن، بەر لە دەستپێ کردنی ئەوکارەیان، ئەبێ یادێ لەمورشیدەکەیان بکەن وەداوای یارمەتی لێ بکەن بەتایبەت بۆ پاراستنیان لە وەسوەسەی شەیتان وە نەفس وە ئەویادکردنە ئەوەنیە شێوەو قیافەی بێرێتە پێشچاو بەڵکو وابزانێ کە رۆحی مورشیدەکەی حازرە، ئیتر پاشان بەبێ خەیاڵ لەهیچ شتێ دەستکاتە ذیکر یان موراقەبە.

شاه عبد الله دهلوی ئەفەرمێ هەرچەن لەرێبازی نەقشبەندی دا ذیکری زمانیی تائەوکاتەی کە ذیکر لەدەرونا ئەبێتە مەلەکەو خدەی هەمیشەیی رێبوار ئەنجام نادرێ لەگەڵ ئەوەشا ذیکری زمانییش ئەگەر بەومەرجانە کرا کە باسمان کردن ئەویش هەر بەکەڵکەو بەهرەی مەعنەویی خۆی ئەدات.

پاشان ئەڵێ موریدی تەریقەی نەقشبەندی نابێ هیچ کاتێکی خۆی بێ ذیکرو فیکرو نیازو گەردەن کەچیی دەرگای هەق بباتەسەر، تەنانەت لەکاتێکیشا وا لەناوی خەڵکا وە سەرگەرمی کاروکاسبییە ئەبێ یادی خوا بکاتو هۆشی بەلای خوداوە بێت، وە ذیکری خوا بکات، پاشان ئەم جوملەیە ئەفەرمێ.

«فَیْضِ حق بِناگاهْ رَسَدْ وَلی بَرْدِلِ ئاگاه رَسَدْ».

نوروبەرەکەتی خودا لەکوتوپڕا ئەبارێ
بەڵام بەسەری دڵی ئاگادارا ئەبارێ

ئەفەرمێ بەم حاڵە ئەڵێن خەلوەت دەر ئەنجومەن واتە لەتەکی خوا بوندا لەوکاتەی کەوا لەناوی خەڵکیشا.

هەرئەمەتە کە گوتراوە (الصُّوفِی کائِنٌ بائِنْ) واتە«بالجسم کائنٌ مَعَ النّاسِ وبِالرُّوحِ بائِنٌ عَنْهُمْ». بەلەش والەناوی خەڵکاو بەدڵ وا لای خودا جیا گوتمان، خەلوەت دەرئەنجومەن، یەکێکە لە رەوشەکان وەلە پایەکانی گرتنەبەری رێبازی نەقشبەندی یەکان.

ئیمه تائێره باسی هەرسێ ڕەوشەکەی ڕێگرتنەبەری ڕێبازی نەقشبەندی‌مان‌کرد ، واته‌«ذیکر»‌«موراقەبە»‌وە موورشید»یان ذیکری رابیطە .

لەیادتانە باسی نەخۆشی‌ی دەروغمان کرد وە وتمان پێیان ئەوترێ پێناسی ناپەسەند ، وەکو حەسەد وە کینە ... هتد وەگوتمان موسوڵمانی ڕاستەقینە ئەوەتە بتوانێ دەروونی خۆی لەم دەردانە پاككاتەوە دیارە ئەم کارەش زۆر ستەمە وە ئەگەر ستەم نەبوایێ ئیتر هەرچی گیروگرفتی ژیانی ئینسانە هەموی چارە ئەکرا ، جا لەوبەشەدا کە مورید ڕێبازی رابیطە ئەگرێتە بەرەوا لەسەری موورشیدە ئەو نەخۆشی‌یە دەروونی‌یانە لەدڵی مورید دەربکات .

بەڵام دەربارەی گرتنەبەری ڕەوشی ذیکری لا اله الا الله واتە نەفی‌وئیسبات هەربەم ذیکرە ڕێبوار ئەتوانێ دەردەکانی دەروونی‌خۆی چارەکات وە ئەم ڕەوشە تاقی کراوەتەوە وپەیرەوی لێ‌کراوە وەبەم جۆرەیە . ئەو ڕێبوارە کاتێ ئەیەوێ بەوشێوەیەی کەباسمان‌کرد دەست‌بکاتە ذیکر لەهەمان کاتا ئەتوانێ تێ‌کۆشێ بۆ دەرمانی دەردەکان ، ئەوکەسە لەوکاتەدا کە ئەڵێ لا إلهَ‌«لەعەینی ئەوکاتەشا بەخەیاڵ ئەڵێ لەدڵی‌منا حەسەد وجودی‌نیە وە ئەوەی هەیە هەر الله یە ، هیچ‌نیە لەدەروونی منا إلا الله‌«جگەخوا ، بەم جۆرە ئەوکەسە خۆی هەست‌ئەکات بەوەی وادەروونی لەو ڕەذیلەیە پاك بویەوە هەروا سەبارەت بەیەکە یەکەی ئەوپێناسە ناپەسەندانەی کە هەست ئەکات لەدەرونیا جی‌گیرن ، چونکە زۆرکەس هەیە خۆبەخۆ برێ پێناسی نیە ، بۆنمونە قەت درۆزن نەبوە یان خۆ بەزل‌زان نەبوە ، بەکورتی‌ی خۆی ئەبشکێنێ هەرچی صیفەتێکی خراپی دی ئەتوانێ بەوجۆرە وە بەکارکردی بەرەکەتی ئەوذیکرە لەناوی‌بەرێت مەرجی ئەوەتە جارجارەش لەدڵەوە لەخوا بپارێتەوە بڵێ خودایا من ئەم سوورشتە نارەوایەم هەیە وەلەتۆ داوا ئەکەم چارەم بکەی وە لەکۆڵمی بکەیتەوە ، بەم‌جۆرە خۆی هەست ئەکات وردە وردە یەك لەدوای یەك پێناسە ناپەسەندەکانی لەڕەگو ڕیشە دەردێن .

ئەم دەروون پاك کردنەوەو ئەم تەزکی‌یەو پاك کردنەوەو ڕوون کردنەوەی لەطائفانە وە لەم مەڵبەند گواستنەوە بۆ ئەو مەڵبەند وە هەروەکو لەپێشا گوتمان برینی حەوت قۆناغ یان پاك کردنەوەی حەوت قۆناغە‌«پێی ئەڵێن **(سەفەر لەندەر وەتەن)** واتە گەشت‌وگوزار لە وەتەنا وە لەدەروونی مرۆڤ خۆیا لەم مەڵبەندەوە بۆئەومەڵبەند تاهەمویان پاك ئەکاتەوە هەروەها ئەمەتا وردبونەوە لەدەروون تابزانی دەرونت دەردی

چی‌یەو کەم‌وکوڕیی کامەتا تاوەکو چارەی کەیت هەروەکو کەخوا ئەفەرمێ (وَفِي أَنفُسِكُمْ أَفَلَا تُبْصِرُونَ .؟) صوفی لەم قۆناغەدا وای لێ‌دێت وە بەجۆرێ خدە ئەداتە ذیکر ، لەهەموشتێ بێزارە جگە لەناوی خوابردن‌و یادی خواکردن ، ئەوەتە کەفەرمویانە .

ئانچە جُزْ ذِکرِ خُدای أَحْسَن است
گَرْ شَکَرْ خوردَنْ بوَدْ جانکَنْدَنْ است

واتە ، ئەوەی جگە ذیکری خودا بێت شەکر خواردنیش بێت وەکو گیان کەنشت وایە .

هەروەکو سەبارەت بە ذیکرکردنی زۆر،خوا ئەفەرمێ. (**وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيرًا لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ**) (**جومعە**) «١٠». ئەوکەسەی لەکاتی ذیکرا بەرەکەت، یان هەرجۆرە دەست‌کەوتێکی مەعنەویی بۆدەست‌ئەدات کەخۆی هەستی پێ ئەکات، ئەبێ تێکۆشێ ئەوحاڵەتەی لەدەست دەرنەچێ، واتە لەگەڵی دەست‌دانی حاڵەتەکەدا ئیتر خۆی بداتە دەستی ئەوحاڵەتە تاهەرکاتێ ئەو چۆنیەتە هەیەو بەردەوامە، هەرکە حاڵەتەکە نەما سەرلەنوێ دەست‌بکاتەوە بەذیکر تاجارێکی‌تر ئەوحالەتە دەست‌ئەداتەوە؛ ئەم‌کارە ئەوەندە دوبارە ئەکاتەوە تا ئەو حاڵەتە وە ئەو دەس کەوتە هەرچی هەیە ئایا نورە یان بەرەکەتە، ئەبێتە «**مەلەکە**» و ئەبێتە خدەو دەس‌کەوتێکی هەمیشەیی.

ئەر لەیادتانابێت لەباسی لەوامیع‌دا وتمان موریدی تازەکار لەپێشا ئەبینێ نورێ دێتە دڵیەوەو بەڵام سەقام‌گیر نابێت‌و ئەڕوات وەئەم حاڵە دوبارەو چەن‌بارە ئەبێتەوە تا ئەودەمەی ئولفەت وەخدە ئەگرێ بەو دەرونەوەو سەقام‌گیر ئەبێت.

وە لەزمانی ئیمامی غەززالیشەوە هەر عەینی‌شت ئەم مەبەستە باس‌کرا، وە ئەمە پێشەنگو سەرەتای دەست‌کەوتی ڕێبوارانی تازەکارە.

پاش‌ئەمە کاتی «**جەذبەی قوبول**» ە، ئەمەش ناوێکە کە ڕێبواران دایان ناوە بۆ حاڵێکی تایبەت کە رویان تێ‌ئەکات واتاکەی ئەبێتە ڕاکێشران بۆلای‌خودا، وە پەسەندبونی ئەو ڕێبوارە بەلای‌خوداوە. جا ئەگەر ئەو جەذبەیە گەیشت وەسەری هەڵ‌دا، شنەی شەماڵی بەرەکەتی خوایی بەجۆرێ لەدەرونا هەڵ‌ئەکات ئەوکەسە زۆرباش ئاگای لێ‌ئەبێت وە هەستی پێئەکات رۆحی پێی‌شاد ئەبێتەوەو گەشەی

پێ ئەکات، برێجار ئەم شنەو بەرەکەتە ئەوەندە خۆش و دڵکێشە مرۆڤ لەسەری خۆی ئەچێ وە ئاگایێکی بەلای ئەم جیهانەوە نامێنێ.

ئەگەر ئەم حاڵە زۆربوو وەبەردەوام هەرهات ئومێدی حوزوورو فەنایش ئەکرێت، کاتێ حوزووریش دەستی داو بەردەوام بوو بەوە ئەڵێن «حەقیقەتی ذیکر»، چونکە ئەوشنەیەی کە لەپێشا هەڵی کردبو صورەتی ذیکربوە، واتە وێنەبوە نەك حەقیقەت، بەلام کەحوزوور دەستی داو دامەزرا ئەوە حەقیقەتی ذیکرە، وەبەم حاڵەتەئەڵێن «دَرْجُ النِّهَايَةِ فِي البِدَايَة» یان «اِنْدِرَاجُ النِّهَايَةِ فِي البداية» ئەمەش خۆ وەنەبێ هەموی لەرۆژێکا یان بەجارێکا دەست بدات، هەرشتەو کات و ساتی خۆی هەیەو ماوەو ئەندازەی خۆی.

سەبارەت بەجۆری دەست کەوتە مەعنەوی یەکان وەدەس کەوتی هەر لەطیفەیێ یان دەس کەوتی هەرجۆرە عیبادەتێ وەکو شەونوێژ قورئان خوێندن صەلەوات دان ئەوەندە زۆرن هەرلەباس نایێن، یان سەبارەت بەجۆری بەرەکەتی تەریقەتەکان کە هەرکامەی جۆرە حاڵێکی تایبەتی هەیە، ئیمامی رەببانی لە مەکتوبات دا باسیان ئەکات، چونکە ئەو وای بۆ رێك کەوتوە جگە لەوەی خۆی گەورەپیاوی تەریقەی نەقشبەندی یە، ئیجازەی ئیرشادی تەریقەتەکانی قادری و سەهرەوەردی و چەشتی پێ دراوە، شاه عبداللەی دهلی ئەفەرمێ بەرەکەتی پیاوچاکان، هی وای هەیە وەکو تیشکی رۆژێکە لە کوناوجێك «کلاورۆچنێك» ەوە بدات لەدەرون، هی وای هەیە وەکو هەورێ وایە کەچواردەوری دەرون دائەپۆشێ هی وای هەیە وەکو شەماڵێکی فێنك وایە کە هەڵ ئەکات «بەوجۆرەی لەپێشا باسم کرد» یان وەکو باران یان جۆگە ئاوێکی پاکی رەوان وایە یان وەکو چادرێکی ئاوریشم هەموی لەش دائەپۆشی یان وەکو شەونمێك بەوجۆرە ئەبارێتە سەری دەرون.

یان ئەفەرمێ، زۆرتر لەگەورەپیاوانی رێبازی چەشتی یەکان گەرماو شەوق وە لەگەورەپیاوانی قادری یەکان صەفاو لەمەعان واتە رووناکی و درەوشانەوە دەس ئەدات وە لەگەورەپیاوانی نەقشبەندی بێ حاڵی و لەسەرخۆچون رووئەدات بۆمرۆڤ، ئەفەرمێ شوێنەواری سەهرەوەردی یەکانیش هەروەکو هی نەقشی یەکانە.

ئەمانە دسکە گوڵێ بون لە گوڵشەنێ وە قەترەیێ لە دەریایێ، کە بۆ روون کردنەوەی ئێوە نوسیم، ئەگینا بەراستی ی، جیهانی تەصەووف وە خوداناسی ی

بێ‌پایانەو ئەم پەڕو ئەوپەڕی نادیارە. بەرلەم ڕوون کردنەوەیە باسی ووشەی «**اندراج النهایة في البدایة**» هاتەپێشەوە، چونکە ئەم ووشەیە لە بازاری ڕێ‌گرتنەبەری ڕێبازی نەقشبەندی دا زۆرجار ئەبیێرێ بەپێویستم زانی تۆزێ باسی لێوە بکەم.

گومان پەیدابونی شوێنەواری حەقیقەتێ ذیکر لەدەرون‌دا پێی ئەوترێ «**اندراج النهایة في البدایة**» شێوەی تری ئەم ئیندیراجە ئەوەتە، برێ‌جار مورشید لەوکاتەدا کە تەوەججوە ئەکات لەمورید برێ مەقامی گەورەی پیشان ئەدات، یان بۆماوەیێك لەومەقامەدا ئەیهێلێتەوە، بەجۆرێ وای لێ‌دێت خۆی بەخاوەنی ئەومەقامە ئەزانێ، جا سەرلەنوێ ئەیگێڕێتەوە بۆحاڵەکەی لەوەوپێشی خۆی، ئەمەیان بۆ تەشویق وە دڵ گەرم کردنە. بۆئەوەتە ئەومورریدە پاش ناسینی ئەو مەقامە هەوڵ‌بدات بۆ بەدەست‌هێنانی.

هەروەکو لەکاروباری دنیایی دا مرۆڤ ببەن کۆشك‌و تەلارێکی پیشان‌دەن بڵێن ئەوکەسەی بویە خاوەنی فلان پایەی دنیایی ئەم‌کۆشك‌و تەلارە ئەبێتە هی‌ئەو، بێ‌گومان ئەوەی خوازیاری پایەو پلە بێت، هەوڵی زیاتر ئەدات بۆگەیشتن بەو پایەو پلەیە.

شێوەیێکی تری ئیندیراج ئەوەتە کەشف دەست‌ئەدات بۆ ئەو ڕێبوارە وەبرێ‌شت لە نهێنی‌یەکانی پیشان ئەدەن، وەکو ئەوەی حاڵی مردوو، چاك چ‌خراپی پیشان ئەدەن، کە خۆی لە ڕاستەکەیا کاتێ ئەوەی نەهاتوە بەهێزی مەعنەویی خۆی ئەوشتانە دەرك کات، بەڵام ئەم‌کارەی بۆیە لەتەکا ئەکەن هەم بترسێ وەهەم ئومیدەواربێت «**خەوف‌وەرەجا**» وە باوەڕی ببێتە «**عَيْنُ اليَقِين**».

شێوەیێکی تری کاتێکە ئەومورریدە لەهەموی ئەم قۆناغانە تێ‌پەڕیوە وەڕووەو پێی‌گەیشتن ئەڕوات بەشێوەیێك کە کراوەتە خەلیفە، بەڵام خۆی خاوەنی بەرەکەت وە دەسەڵات نیە، ئەوەی هەیە، هێزی دەرونی‌ی ئەو وا لەسێبەری هێزی دەرونی‌ی مورشیدەکەیا بە «**ئیصطیلاحی**» خۆیان ئەڵێن والەظیللی مورشیدا، یان‌وا لەظیللی قوطب‌دا. ئیصطیلاحێ‌تر هەیە بۆ ئەم لەسێبەر بونەدا کە ئەڵێن وا لە «**ضیمنی‌یەتی**» مورشیدا، جا ئەم خەلیفەیە خۆی بەخۆی نازانێ کە ئەم دەسەڵاتە هی خۆی‌نیە وەهی مورشیدەکەیەتی، زۆرجار پیرانی تەریقەت خەلیفەکانیان ئالەم حاڵەدا ئەنێرن بۆ ئیرشاد، دەرکەوت ئەم دەرجی نیهایەتە لەوانی‌تر گرنگ‌ترە، کاتێ وائەبێ خەڵك سەری لەو هەموە نورو بەرەکەت‌و تەصەررروفاتی مەعنەوی‌و کەشف‌و کەرامات‌و

جەذبەی ئەوخەلیفەیە سوڕ ئەمێنێ تەوەججوهی ئەوخەلیفەیە هەروەکو هی مورشیدەکەی، هەزاران دەردی دەرون دەرمان ئەکات وە ڕێبوار پێ ئەگەیێنێ، ئەم دەسەلاٚت پێدانە لە هەمان کاتیشا ئازمونو تاقی کردنەوەیە تابزانن ظەرفیەتی ئەوکەسە چەندە، جا زۆرجار خەلیفەو مورید لەم تاقی کردنەوەیە دەرناچن وە غورور روویان تێ ئەکات وە وائەزانن ئەمە توانایی خۆیانە، جائەگەر لەم تاقی کردنەوەیە دەرنەچون نەك هەر ئەبرێنەوە شوێنەکەی لەوەو پێشی خۆیان بەڵکو لەوانەیشە ماوەیێك سەرگەردان بن، ئەگەریش لەو ئازمونە دەرچون دیارە ئەبێ بیان گێرنەوە شوێنەکەی خۆیان، بەلاٚم ئەو دەورە چاوپێکەوتنە زۆر کەڵکی ئەبێت بۆی، وەئەگەر خۆی زانی چی بکات وە لە سنوری ئەدەب دەرنەچو وا ئیحسانی ئەوهەموە ئیرشادو خذمەت بەخەڵکەیشی دەست ئەکەوێ وە پایەی بەرزئەبێت وە لەو ماوەیەدا لەمەقامە بالاٚکانیش شتێ تێ ئەگات.

پاشان کە ئەهێنرێتەوە بۆشوێنەکەی لەوەوپێشی خۆی، ئەوساکە ئەزانێ ئەو دەسەلاٚتە هی خۆی نەبوە وەهی مورشیدەکەی بوە، ئەولەکوێ و ئەومەقامە بالاٚیە لەکوێ!!!! ئەبێ ڕەنجی زۆر بکێشێ تابەهرەی وای دەس کەوێت.

ئەم چەن جۆرانە «**درج النهایة في البدایه**» بەسراون بەویستی مورشیدەوە چونکە ئەو ماموستاو شارەزایەو پزیشکی دەرون، خۆی ئەزانێ هەرکەسێ چەن وە چۆن وەکەی، ئەو کارە پێویست ئەکات، شایەد هەر پێویستیشی نەکرد.

ئیستە سەربارەت بەلەطائف وەتەزکیەی لەطائف کە باسمان کردن برێ شت کە زانینیان پێویستە باسیان ئەکەین، ئەم ڕەوشی بەجیاوازیی سەیروسلوکی لەطائف کردنە ڕەوشی ئیمامی ڕەببانیە، ڕەوشی پاشی ئەو، واتە جێ نشینەکانی وەکو «**شیخ محمّد معصوم**» ی کوری، ئەوان ئەمکارەیان لاسەخت بوە، وە تەنها لەطیفەی قەلب لەعالەمی ئەمر، وەلەطیفەی نەفس لەعالەمی خەلق یان پەروەردە کردوەو پێ گەیاندوە وەئیتر لەطیفەکانی تر بە پەیرەویی لەوان تەزکیە بوون تا گەیاندونیانەتە فەناو بەقا؛ جا «**شاە عبدالله دهلوی**» ئەڵێ، ئیستە ئێمەیش وائەکەین، کە واتە مورشیدی نەقشبەندیی خۆی ئەزانێ هەرکامی لاچاك بو، یان بۆموریدێك بە پێویستی زانی وائەکات، بەتایبەت ئەوانەی لەڕێگەی ذیکری رابیطەوە پەروەردە ئەکرێن، ئەوساکە کە لەطائف کەوتنە ذیکر، حوزوری هەق بۆی دەست ئەدات بەلاٚم

ئەوحوزورە جۆری هەیە وە کەڵەمەردانی ئەم ڕێگایە بۆهەرکام لەم حوزورانە ناوێکیان داناوە؛ ئەوەش بۆناسین وە تێگەیاندنی موریدەکانە.

ئەگەر ئەوحوزورەی هەق بەرابەربو لەگەڵی حوزوری خەلق‌دا واتە لەرادەیێکابو نە حوزورەکە وا مەستت کات خەڵکەکەت لەیاد بەرێت وە نەخەڵکەکە بتوانێ حوزەرەکەت لابات ئەوە پێی ئەڵێن «**ذیکری قەلب**».

ئەگەریش حوزوری هەق غاڵب‌بو بەسەری حوزوری خەلق‌دا وە خەڵکەکەی لەیادی ڕێبوار بردەوە ئەوە پێی‌ئەڵێن «**ذیکری رۆح**».

ئەگەر ئەو حوزورەش جۆرێ‌بو خۆت لەیادچو بەلاّم خەڵکت لەیادنەچو ئەوە پێی‌ئەڵێن «**ذیکری‌سیرر**».

ئەگەر ئەو حوزورەی خودا وای لێ‌هات کە نەخۆتت لەیادماو نەخەڵك ئەوە «**ذیکری‌خەفی**» یە. جا حوزور خۆی چی‌یەو چۆن هەست‌ئەکرێ؟

ئەفەرمێ ئەگەر ڕێبوار توانیی سەیری دەرونی خۆی‌بکات وەبۆی دەرکەوێ کە ئەوەتا ئیتر لەخواوە نزیکە، بەوحاڵەتە ئەڵێن حوزور، ئەو حوزورەی کە باسمان‌کرد، جا بگرە ئەوحوزورە هەمیشەیی نەبێت بەلاّم ئیتر حوزورەو ڕێبوار خۆی بۆی‌ڕونە.

زۆرجار بەبونەی سەرگەرم بونی مرۆڤەوە بەکاروکاسبی دنیایی‌یەوە ئەم حوزورە کەم ئەکات، واتە عیلم هەیە بەلاّم عیلمی‌عیلم نیە، بەلاّم ئەگەر ئەو حوزورە وای لێ‌هات بەجۆرێ بو «**کَأنَّكَ تَراهُ**»، لە خەوو بێداریدا لەکاتی قسەکردن‌و لە خۆشی‌و ناخۆشیدا تەنانەت لە تووڕەیی‌و عاجزیدا ئەو حوزورەت کەمی نەکرد وە دڵی جێ‌نەهێشت، ئیتر حوزوری هەمیشەیی‌و بێ‌بچڕان ئەبێتە «**مەلەکە**» واتە خدە، وە بەم حاڵە ئەڵێن «**ئاگاداریی بەردەوام**» وە ئەمەتە «**یادداشت**» کە یەکێکی ترە لەبناغەو ماددەکانی تەریقەی نەقشبەندی کە باسمان‌کرد، وە حاڵەتە پێشوەکەی بەر لەم حاڵە کە گوتمان کەم‌وزیاد وە هاتوچۆ ئەکات‌و باش دانەمەزراوە، بەوەش ئەڵێن «**پێداشت**» جا ناوێکی‌تری ئەم یادداشتە «**عینُ الیقین**» ە.

ئەو ئاواتەی کە ئەم هەموە رەنجەی بۆدراوە بۆچی؟ چونکە بەچاوی بەصیرەت شادبوە بە چاوپێ‌کەوتن وە موشاهەدە، وە هەر لەم حاڵەتایە ئەورێبوارە لەکاتی مەستیی ئەم خۆشی‌یەدا وا ئەزانێ ئەم دیتنە بەچاوی سەرە نەك چاوی بەصیرەت، یان کاتی وا هەیە ئەوەندە ئەو حوزورە غەلەبە ئەکات ئەوکەسە برێ‌شت ئەلێ، بۆنی

وەحدەت، یان، حولول، یان ئیتیحادی لێوەدێت، لەکاتێکا ئەمە حوزورە وە ئەوکەسە، ئەوەی ئەیڵێ شەطەحە، وە لەدەمی دەرئەچێ، وەکاتێ کە هاتەوە هۆشی خۆی ئەگەر بڵێن واتگوتوە شێت ئەبێو باوڕناکات، وەکو مەستێك بێتەوە هۆش.

ئەو چاوپێکەوتنە ئەتوانین تەشبیه بکەین بە خەو بینین، ئایا ئەوەی مرۆڤ لەخەویا ئەیبینێ بە چ چاوێکە، ئەمیش جۆرە شتێکی ئاوایە. بەڵێ نوری هەق هەست ئەکات بەڵام بەچاوی بەصیرەت، وەهەرگیز بەچاوی سەر لەم جیهانەدا خودا نابینرێت، وەئەگەر لەوجۆرە مەجذوبانە شتێکی خیلافمان بیست ئەبێ بزانین مەبەستی شتێکە کەخۆی هەستی ئەکات نەك لەواقیعدا وابێت.

شیخ عبدالله دهلوی، لەپاشان ئەفەرمێ، پاش ئەم حاڵەتی یادداشتە کە عین الیقینە «**موراقەبەی مەعیەت**»دەست ئەدات هەروەکو خودای گەورە لەسورەی «**حەدید**» ئایەتی «٤» دا، ئەفەرمێ. «**وَهوَ مَعَكُمْ اَيْنَما كُنتُمْ**».

جا ئیتر لێرەدا دەستور ئەدەن بۆذیکرو تەهلیله بەزمان، وە ئەم جۆرە موراقەبەیە لەپایەی «**ویلایەتی صوغرا**» دا ئەنجام ئەدرێت کە یەکەم قۆناغی ویلایەتی وەلیەکانە، ئەم ویلایەتە بریتییە لە ڕێگابڕین لەسێبەری «**أَسماءُ الله**»، واتە لەسێبەری ناوەکانی خودادا، وە مەقامەکەی مەقامی پەیدابونی جەذبەی پێئەڵێن. لێرەدایە کە جەذبە وە هەستی بەرەکەت وە دڵەتەپێو شەوقو هاوارکردنو گریانو ذەوق، هەروەها تەوحیدی فیعلیی وە درەوشانەوەی نوری تەجەللای هەق وە چاوپێکەوتنی «**وەحدەت وە کەثرەت**» وە حاڵەتی «**ئونس، هەیبەت، وەحشەت، وەحیرەت**» ئەمانە بۆ ئەوکەسە دەس ئەدەن. «**كما لايَخفىٰ على أَربابِ هٰذهِ الولاية**».

لەپاشان ئەڵێ، هەروەها «**إستغراق**» واتە ونبون لە دەریای «**مەعریفەت**» دا، وە مەستیی وە بچڕانی پەیوەندی زانست وە خۆشویستنی خەڵك، وە لە یادبردنەوەی «**ماسیوا**» واتە، لەیادچونی هەموشتێ جگەخوا، وە سەلامەتیی دڵ لە خەتەرەو هەموجۆرە دودڵیو نیگەرانییێك، ئەمانە هەموی لەو قۆناغەدا، واتە لەقۆناغی ویلایەتدا دەست ئەدات وە لێرەدایە کە «**فەنای قەلب**» واتە بەردەوامبونی ئەم حاڵەتی لەسەرخۆچونو لەیادچونەوەی هەموشتێ جگەخودا، پەیدائەبێ.

شاعیرێك كە ئاوات بۆ ئەم‌حاڵە ئەخوازێ ئەڵێ:

کَیْ بُوَدْ خُودْ زْخودْ جُدامانْدَه
مَن وتوْ رُفته و خُدا مانْدَه

داخۆ کەی‌بێت خۆم خۆم جێ‌بێڵم، من‌وتۆ نەمێنێ ئەوەی ئەمێنێ تەنها هەرخوا خۆی بێت. جا ئەوەتە حاڵەتی «**مەعی‌یەت**» یان «**موراقەبەی مەعی‌یەت**».

زوتر گوتمان خوا لەئێمە نزیکە لەقورئانا ئەفەرمێ من لەڕەگی لای‌مل نزیکترم بە بەندەکانم، بەڵام لەم حاڵەدا بەندەکەیش بەهۆی پاکیی دەرونیەوە ئەویش هەست بەونزیکی‌یە ئەکات، ئەگینا لە واقیعدا نزیکی‌یەکە هەیە، ئەوەی پاك‌بو هەستی پی‌ئەکا پاکیش‌نەبو نەهەست بەو نیعمەتەو نەهەست بەهەزاران نیعمەتی تریش ئەکات. لەکاتی باسی ئەم فەنای قەلبەدا، شاەعبداللە باسی چوار جۆر فەنا ئەکات.

١ – فەنای‌خەلق، واتە، ئەوکەسە هیچ‌جۆرە ترس‌و ئومێدیکی بەکەس‌و لەکەس نیە جگەخودا.

٢ – فەنای ئارەزو، ئەویش ئەوەتە ڕێبوار ئەکەوێتە حاڵێك جگە ئاوات‌و ئارەزوی نزیکی‌ی لە خودا هیچ ئاوات‌و ئارەزوییکی نامێنێ.

٣ – فەنای ئیرادە، واتە، ویست‌و خواست‌و ئیرادەی تیائەچێت هیچ داواکردن‌و ویستێکی نامێنێ هەروەکو مردوویێکی لێ‌دێت.

٤ – فەنای ئەفعال، ویستی ئەنجامی هیچ کردەوەییکی نامێنێ، هەرچی هەیە لە خوای ئەوێ، یان کــەویستی کردەوەی نەما خوا خۆیەتی کردەوەکانی هەڵ ئەسوڕێنێ. ئەمە پەنجەراکێشانە بۆلای ئەو حەدیثە قودسی‌یەی کە ئەفەرمێ ومایزال عبدی یتقرب الی بالنوافل، حتی احبه، فاذا احببته کنت سمعه الذي یسمع به، وبصره الذي یبصر به، ویده التي یبطش بها ..... واتە خودا ئەبێتە سەرچاوەی کردوەکانی.

هەروەکو چەن جاری‌تر باسم کردوە،نەقشبەندیەکان ئەڵێن مەقامی ویلایەت پاش

بریتی (١٠) مەقامی تەوبە ، ئینابە ، زوهد ، قەناعەت ، وەرع ، صەبر ، شوکر ، تەوەککول تەسلیم ، وەرەزا ، جا دەستی مرۆڤ ئەکەوێت .

بەپێی دابی نەقشبەندی یەکان تەنها بەدەست هێنانی مەقامی **(ویلایەتی صوغری)** وە **(فەنای قەلب)** کافی نیە بۆئەوەی کەسێك بێتە مورشید ، بەڵکو پاشی گەیشتن بە **(فەنای نەفس)** وە بەدەست هێنانی کەمالاتی ویلایەتی **«کوبری»** جا ئەوکەسە ئەکرێ ، **(ئیجازەی ئیرشادی موطلەق)** بدرێتێ ، ئەفەرمێ ، لەکاتی **«فەنای قەلب»**دا ، خەتەرە لەدڵ دەرئەکرێ بەڵام ئەرژێتە ناوی نەفس ، بەڵام پاش **«فەنای نەفس»** ، کە شوێنی وا لە ناوچاواندا ، ئیتر شوێن بۆ خەتەرە وە دڵە ڕاوکێ نەماوەو نامێنێ .

ئەو پلەو پایانەی کە ڕێبوارێکی ڕێبازی نەقشبەندی ئەیان بڕێت وە هەر لە سەرەتای دەست پێ کردنەوە دەست پێ ئەکات تا ئەگاتە ئەوشوێنەی کەلەوەولا مەگەر هەر ئەورێبوارەو خوا خۆی سەری لێ دەرکەن ، دانراون بە **(دەوائر)** واتە جەغزەکان ، ئەم دائرانە **«بازنانە»** هەم هەموی ئەم قۆناغانەی تەزکییەی لەطائف ئەگرێتە بەر وەهەم هەرچی دەس کەوت و سەرکەوتی لەوەو دوایشە ، سەرەتاو پێشەنگی ئەم دائرانە پێی ئەڵێن **«دائرەی ئیمکان)** دوا دواییەکەیشیان پێی ئەڵێن **«لاتەعین»** . ئەمانە نزیکەی بیست دائرەن کە باسیان ئەکەین . سەبارەت بە بڕینی ئەم مەقامانە شاعیر ئەڵێ .

هَرْ نِقابی رویِ جانانْرا نِقابی دیگَراُسْت
هَرْحِجابی را کە طَیْ کَرْدی حِجابی دیگَراست

واتە هەر **«ڕووپۆشێك»** کە بەسەری ڕومەتی خۆشەویستانەوە لائەدەیت ڕوپۆشێکی تر دەرئەکەوێ وە هەر حیجابێك کە ئەبڕیت حیجابێکی تر دەرئەکەوێ جا ، هەم ئیمامی رەببانی لە بەرگی یەکەم لاپەرەی **(٢٤٠ — ٢٦٠)** دا ، وەهەم ، شا عبداللە دهلوی لەکتێبی **«ایضاح الطریق»**دا ، باسی ئەم دائرانە ئەکەن ئەم ناوە بێ گومان ناوێکی مەعنەویی یە ، لەگەڵ ئەوەشا هەر بەراستیی برێ جار لەباسەکاندا دەرئەکەوێ کە لەگەڵ مەعنەویی بونیشیاندا حاڵەتی دائرەیان هەیە ، وامن لێرەدا بەپێی توانایی پەنجەیان بۆ ڕائەکێشم وە باسیان ئەکەم ، بەڵام زۆر بەکورتیی .

پێشەنگی ئەم دائرانە کە ئەبێ ڕێبوار بیبڕێت دائرەی ئیمکانە ، ئەم دائرەی ئیمکانە تەواوی عالەمی خەلق و ئەمر وەسەرکەوتن بەتەزکییەی ئەو عالەمەدا

ئەگرێتەبەر ، کە بریتی‌یە لەتەزکی‌یەی پێنج لەطائف وە تەزکی‌یەی نەفس وەهەر چوارعونصری تەبیعەتەکەی لەشی مرۆڤ ، واتە بەشی عالەمی‌خەلق مرۆڤ .
ئەورێبوارە کە ئەم تەزکی‌یانەی تەواوکرد ، وە لی‌بویەوە ، لەم دائرەی‌ئیمکانە رزگاری ئەبێت وە پێ ئەنێتە دووهەم دائرە واتە ، دائرەی ویلایەتی صوغری .
دائرەی ویلایەتی صوغرا کە سەرەتای ویلایەتی وەلی‌یەکانە ، لەم ویلایەتەدا **(سەیر)** واتە ، رێگابرین و پێش‌کەوتن ڕووەو لوتکەی مراز لەسێبەری ناوەکانی خودادا پێك دێت ، مەقامی جەذبە لە دەست‌کەوتەکانی ئەم دائرەتە .

دائرەی ویلایەتی کوبری .

پاش برینی دائرەی پێشو ئیتر رێبوار پێ ئەنێتە دائرەی ویلایەتی کوبرا ، کە ویلاتی پێغەمبەرەکانە درودی خوایان لەسەر وە بە نوێنەرایەتی‌ی ئەکرێتە خەلاتی پیاوچاکانی موسوڵمان ، ئەوەی بویە خاوەنی ئەم مەقامە وە پێی‌نایە ئەم دائرەوە بی‌گومان لەمەقامی **(فەنای نەفس)** تێپەڕیوە .

ئەبێ بلێم فەنای نەفس یان فەنای‌قەلب ، جیایە لە تەزکی‌یەی قەلب‌و نەفس ، تەزکی‌یە هی سەرەتای کارە وە تەنها پاك‌کردنەوەو ذاکیر بونە بەلاّم فەنای لە طائف دواپلەی کارەو مەقامێکی بالاّیە .

ئەم دائرەی ویلایەتی کوبرایە خۆی لەخۆیا سێ دائرەو یەك کەوانە ، واتە سێ دائرەو نیوە دائرەیێکە ، رێبوار خۆی هەستیان ئەکات‌و ئەبێ مەردانە یەك لەدوای‌یەك بیان بڕێت هەروەکو چۆن رێبوارێك لەشاخ‌وداخ ، یان دەشت‌و دەرێکا رێگار ئەبرێ ، هەروا ئەوکەسەش خۆی‌بەخۆی ئەزانێت گەیشتوەتە کوێ ، وەکو گوتمان ئەم رێگایە لەسایەی **(ئەسماو صیفاتی)** خوادا ئەبڕرێن ، دەست‌کەوتەکانی رێبوار ، لەبڕینی ئەم دائرەدا بریتی‌یە لە فەنای ڕاستەقینە ، حەقیقەتی ئیسلام وە **(شَرحْ الصَّدر)** وە مەقامی دەوامی شوکرو ڕەزا ، لاچونی ڕەوشی ناپەسەند **«الأخْلاق المذمومة»** ، ئەمانە هەموی دەست‌کەوتی ئەو دائرەن .



دائیرەی ویلایەتی کوبرا

چوارەم : دائرەی ویلایەتی عولیا.

ئەم دائیرەیە بەئەصالەت هی (**ملاءاعلی**)واتە هی مەلائیکەو ئەرواحە ، وە پیاوچاکان بەنوێنەرایەتی ئەبنە خاوەنی .

ئیمامی ڕەببانی لە مەکتوباتدا ، بەوردیی و دورودرێژیی باسی ئەکات ، وە ئەفەرمێ ؛ ئەگەر خوا یارمەتی بدات ئەکرێ ڕێبوار ئەم ڕێگایانە ببڕێت ئەگینا تەمەنی مرۆڤ هەرگیز بەشی هەنگاوێکیان ناکات ، سەبارەت بەم مەقامی ویلایەتی عولیایە ئیشارەئەکات بۆ ئەو ئایەتەی کە ئەفەرمێ«**تَعْرُجُ** الملائِكَةُ والرّوحُ إِلَيْهِ في يَوْمٍ كانَ مِقْدارُهُ خَمسينَ اَلْفَ سَنَةٍ»**المعارج**» «٤» .

ئەڵێ ئەوە پەنجە ڕاکێشانە بۆ ئەم مەقامە ، کە بڕانەوەی هەرنیە مەگەر خوداخۆی مرۆڤ ببات .

لە بەرهەمەکانی ئەممەقامە ، ڕووناکی و پاکی یێکە کە بۆرێبوار دەست ئەدات ، لێرەدا مورید یادی ئەوکاتە ئەکاتەوە کە لەسەرەتای کارا «**سلطانُ الأذکار**» دا بۆی دەست دابوو، بەڵام ئەم ڕووناکی و پاکی یە لەکوێ ئەو لەکوێ ، ئیرە ئەگەر خودا بیدات مەقامێکی زۆربالآیە .

هەروەها چونکە ویلایەتەکەی لە ئەصلا هی «**مەلەئی ئەعلا**»یە پەیوەند لەگەڵی ئەرواح وە مەلائکەدا بۆ ئەورێبوارە دەست ئەدات ، وە ئەو نهێنی یانەی کە دەستکەوتی لەطیفەی «**سیر**» وە لەطیفەی «**ئەخفا**» یە ، لێرەدا هەستیان پێ ئەکرێت ، (**هنيئاً لِأَرْبابِ النَّعيمِ نَعيمهُمْ**) . **پاش ئەم حاڵەتانە ، سەیر لە «دائرەی کەمالاتی نوبووەت**» دا دەست پێ ئەکات .

لە دائرەی کەمالاتی نوبووەتدا «**تەجەللای ذاتی**» **بەبێ پەردەی ئەسماء وەصیفات دەستی ڕێبوار ئەکەوێ** .

ئەفەرمێ لێرەدا تەنها یەک‌خاڵێ پێش‌کەوتن باشترە لەهەرچی مەقامی ویلایەتە ، لیرەدا حوزور دەست‌ئەدات وە هیچ‌جۆرە دڵەتەپەو نیگەرانیێك بۆرێبوار نامێنێ ، وە «بَرْدُ الیقین» ئەکرێتە خەڵاتی ڕێبوار ، وەئیتر دەستی حاڵ و مەقام ناگاتە ئەم شوێنە .

لێرەدا هەرچی زانیاری ڕێبوارە هەموی دێتە سەری زانیاری شەریعەت وەزۆر بەپاکی ی و بەڕوناکی ی شەریعەت بۆ ئەو خاوەن کەماڵە خواپێداوە ، دەرئەکەوێ .

ئەبێ ئەوەش بزانین ئەم مەقامە لەبناغەدا هی پێغەمبەرانە وە ئەولیا بە «**وراثەت**» وە پەیڕەوی لەوانەوە دەسیان ئەکەوێ .

ئەفەرمون (**تەوحیدی وجودی و شوهودی**) کە یەکێکە لەو زانیاری یانەی دەستی ئەولیا ئەکەوێ ، لێرەدا پەکیەتی ، مەبەستی ئەوەتە لێرەدا مەعریفەت وە زانیاری ئەو خاوەن کەماڵە ئەوەندە بالآیە تەنانەت زانیاری ئەولیایش ناتوێنێ .

شاه عبد اللهی دهلوی لەکتێبی ئیضاح الطریق دا لەمبارەوە سێ چوار لاپەڕەی نووسیوە ، ئەگەر من بمەوێ هەرچی لەم بارانەوە نوسراوە هەموی بنوسم ئەم باسی نەقشبەندی یە خۆی پێویستی بەکتێبێکە ، لەگەڵ ئەوەشا هیچ مەبەستێکی سەرەتایی و پێویستم جێ نەهێشتوە تەنها وردەکاری و لەسەرچونەکانم نەنوسیوە .

ئەو دائراتەی لەمەولا دێن هەموی سەیرە لە کەمالات دا ، کە کەمال بەشوێنی کەمال دا دەستی ئەو گەورە پیاوانە ئەکەوێ ، وەکو ،

دائیرەی کەمالاتی ریسالەت .
دائیرەی کەمالاتی ئولول عەزم .
دائیرەی حەقیقەتی کەعبە .
دائیرەی حەقیقەتی قورئان .
دائیرەی حەقیقەتی صەلات .
دائیرەی مەعبودییەتی صیرفە .

ئیتر لێرەولا **(سەیری‌قەدەمی‌ی)** ، **واتە پیادەڕەوی مەعنەوی** ، **ڕائەوەستێ** ، **وە پەکیەتی** ، **وە ئیتر (سەیر)** ، واتە ڕۆیشتن ، ئەبێتە ڕۆیشتنی **(نەظەری)** ، واتە ، تەنها بەچاوی بەصیرەت ئەو مەقامانە ئەبینێتو سەریان لێ‌دەرئەکات ، لێرەدا کە بەچاوی بەصیرەت ئەو گەورە پیاوانە ، دائرەی «**خیللەت**» ئەبینن کە مەقامی حەزرەتی ئیبراهیم «**خلیل الله**» یە ، درودی خوای‌لەسەر ، لەم مەقامەدا کەهی حەزرەتی ئیبراهیمە ، پێغەمبەرەکانی‌تر تابیعن ، «**اِتَّبِعْ مِلَّةَ اِبْراهیمَ حَنیفاً**» «**نەحل ١٢٣**» .

هەروەکو لە نوێژا ئەڵێن ، «**اللهم صلی علی محمد وعلی ال محمد کما صَلَّیْتَ علی ابراهیم وعلی آل ابراهیم**» ئەم **(کما صلّیت)** واتە ، وەکویەك‌بونە ، **(تەبەعی‌یەتە)** ، بەمەرکەزی ئەم دائرە ئەوترێ حەقیقەتی ئیبراهیمی‌ی . پاشان دائیرەی «**المحبة الصرفة الذاتیة**» پیشانی ئەو گەورە پیاوە ڕێبوارە ئەدرێ ، کە مەرکەزی ئەم دائیرە حەقیقەتی موسەوی‌یە لەم‌دائیرەدا کە هی حەقیقەتی حەزرەتی موسایە زۆرێك لەپێغەمبەران ئەم نزیکی‌و هاوەڵ‌بونەیان بەپەیڕەوی لەحەزرەتی موساوە خەڵات ئەکرێ .

پاشان دائرەی «**المُحِبِّیَّةُ و المَحْبُوبِیَّةُ المُتَزِجَیْنِ**» بەوڕێبوارە پیشان ئەدرێ ، کەهی حەقیقەتی موحەممەدی‌یە ، وە دائیرەیێکی زۆرگەورەو خاوەن شکۆیە .

پاشان دائیرەی «**المحبوبیة الصرفة الذاتیة**» دێتەپێشەوە کەهی حەقیقەتی ئەحمەدی‌یە . پاش‌ئەوە دائیرەی «**حوبی صیرفە**» واتە ، خۆشەویستی‌ی رووت .

پاش هەموی ئەم‌دائیرانە دائیرەی «**لاتعیینیە**» یە کە هەرگیز سەیری قەدەمی‌ی ، نایگاتێ سەیری نەظەری‌ی نەبێت .

واتە هیچ‌کەس بەڕۆیشتنی مەعنەوی ناگاتە ئەو دائیرەیە ، بەڵام ئەوەی خوا بی‌ی دابێ بەسەیری نەظەری‌ی ئەیگاتێ وەپیشانی ئەدرێت ، هەرکامەی لەم

دائیرانە دەس‌کەوت‌و بەرهەمی ڕۆحی‌و مەعنەویی وەناوونیشان‌و دەسەڵاتی خۆی هەیە وە هەمویشی نوسراوە ، هەروەکو گوتم ئیتر هەموی لەنوسین نەئەهات ، ئەوەی بیەوێ ، وا ناوی سەرچاوەکانم بردوەو لەپاشانیش ئەینوسم ، ئەتوانێ خۆی دوای کەوێت ، برێ لەو ناوانەشم هەروەکو خۆی نوسی‌یەوە چونکە بەگۆڕینیان بۆسەری کوردی سەر لە خوێنەوار ئەشێوێ .

هەروەکو ئەزانن لێرەدا برێ‌جار گوتمان **(بە تەبەعی‌یەت)** فلان مەقامیان ئەدرێتێ ، بۆ ئەم ئیصطیلاحە وە بۆ وێنەو شەبیهی ئەو ، لەبازاری تەصەووف‌دا ووشەی «**ضیمنی‌یەت**» کە لە «**ضمن**» ەوە هاتوە ، یان «**ظلیلیەت**» کە لەظل واتە سێبەرەوە هاتوە ، زۆر بەکار ئەبرێ ئەویش ئەوەتە خاوەن بەرەکەتێ ئەتوانێ خۆشەویستێکی لایق خۆی بە «**تەبەعی‌یەت**» ببات لەتەکی خۆیا بۆ مەقامێك ، دیارە ئەو تابیعە ، نەبوەتە خاوەنی ئەو مەقامە ، بەڵام چونکە خاوەنی مەقامەکە بردویەتی ، وا ئەویش شارەزابوە وە چونکە لەو مەڵبەندەدا ناسراوە کە خۆشەویستی خاوەن مەقامەکەیە ، ڕێزی لێ‌ئەگرن .

هەروەکو لە کاروباری دینایی‌دا کەسێك خۆشەویستێکی خۆی شارەزا کات لە شوێنی کارو شوێنی ژیانی خۆی وە بەوخەڵکەی بناسێنێ .

ئەم مامەڵەیە لەجیهانی تەصەووف‌دا، سەرەتاکەی لە خۆشەویستی‌و نزیکی‌ی حەزرەتی ئەبوبەکر لە حەزرەتی موحەممەدەوە سەرچاوەی گرتوە ، پێغەمبەر درودی‌خوای‌لە سەر لە حەدیثێکا ئەفەرمێ ، «**ماصَبَّ اللهُ شیئاً في صدري إلاّ وَصَبَبْتُهُ في صَدْرِ أَبي بَكْرٍ**» ، لەبەرئەوە وتراوە ئەبوبەکر خاوەنی ضیمنی‌یەتە ، واتە وا لەضیمنی‌یەتی پێغەمبەردا .

شاە عبد اللەی دهلوی لە پایانی ئەم باسەدا ئەفەرمێ .

بزانن ئەم سێ پایەی ویلایەتەی کە باسمان کردن واتە «**صوغرا کوبرا عولیا**» ، وەسێ کەمالاتەکان واتە ، کەمالاتی «**نوبووەت** ، **ڕیسالەت** ، **ئولول‌عزم**» وە حەوت حەقائقەکان «**حەقیقەتی کەعبە** ، **قورئان** ، **صەلات** ، **ئیبراهیمی‌ی** ، **موسەوی** ، **موحەممەدیی ئەحمەدیی**» ، وە پاش ئەوانیش دائرەکانی «**خۆشەویستی صیرف وە لاتەعیین**» . بۆ هەموکەسێ لەپەیرەوان‌و ڕێبوارانی ئەم تەریقەتە دەست نادەن ، برێکیان ئەگەنە ویلایەتی قەلبیی بەڵکو هەر لەدائرەی ئیمکانیش تێ‌ناپەڕن ، برێکیشیان ئەگەنە

ویلایەتی کوبرا وەکەمێکیان ئەگەنە ویلایەتی عولیا ، وە زۆرکەمیان ئەگەنە هەرسێ کەمالاتەکان وە بە «نودرەت» وە دەگمەن هی وایان‌هەیە بگاتە (**حەقائقی‌سەبعە**) یان لەوەولاتر.



دائیرەکان لەرێبازی نەقشبەندی‌دا

«باسی یانزە ووشە،

یان یانزە ڕەوشی»

«تەریقەی نەقشبەندیی»

زوتر گوتم تەریقەی نەقشبەندی یانزە ماددەی بۆ ڕێبواری تەریقەت داناوە کە ەبێ پەیڕەوی کردن لەم یانزە ماددەیە ڕێبوار ، واتە ، «**سالیك**» هەرگیز ناتوانێ بگاتە مراز .

بێگومان ئەم ڕەوشانە لە ئازمونو سەرگوزەشتی پیرانی تەریقەتەوە بەدەست هاتوە ، نۆ ماددە لەم ماددانە هی «**خواجە عبد الخالقی غەجدەوانی**ی» «**٥٧٥**»ك لە دنیادەرچوە ، وە سێ ماددەیشیان «**محمد بهاء الدینی نەقشبەند**» «**٧١٧ - ٧٩١**» ك ، دای ناوە ، ئەم کردەوەو ڕەوشانە وەنەبێ لەسەرەتادا هەر نەبوبێت بەڵام ناونانو ڕاستکردنەوەو دیاریکردنیان بۆ ڕێبواران زۆر پێویست بوە ، لەبەرئەوە خراونەتە قاڵبێکی زانیارییەوە کەسەر لەڕێبوار نەشێوێ وە بزانی چی بکات ، بگرە هی وایشی هەبێت خۆیان دایان نابێ .

وتمان پایەی تەریقەی نەقشبەندی بەسەری ذیکری دەروونییەوە دامەزراوە ، ذیکریش هەروەکو کە ئەزانن ناوی خوا بردنەو یادی خوا کردن تارادەیێ کە هەموی دەرون وەهەمویلەش دەستئەکاتە ذیکر ، وە بەرهەمی ئەمذیکرە ، هەم پاك کردنەوەی دەروونە لە پێناسە ناپەسەندەکان وە هەم دەوامی حوزورە ، ئەگینا لەراستەکەیا مەبەست مەذکورە ، کە خودایە» نەك ذیکر ، کە ناوی خودایە ، مەبەست نزیك بونەوەیە لە هەق ، وە ئەم ذیکرە وەسیلەیە بۆ نزیكبونەوە . ئەوکاتەی نوری خودا لەدەرونا درەوشایەوە وە حوزور دەستیدا ئیتر ذیکر نامێنێ چونکە مەذکور حاضرە ، یا هەم دیسانیش دووبارەی کەمەوە ئەم نزیکی یە نزیکی ذات لەذات، واتە لەشی مرۆڤ لەذاتی خودا نیە، بەڵکو نزیکیی دەرونی مرۆڤە لەحەقیقەتی خودا لە نوری خودا ، وە ئەم نزیکی یە بە چاوی دەرون هەست ئەکرێ نەك بەچاوی سەر، بە «**بەصیرەت**» نەك بە «**بەصەر**» .

بۆ نمونه ، وەکو خەوبینین ، ئایا دیتنی خەو بە کام جیسم وە کام چاوە ؟ بەم جۆرە ئەتوانین شتەکە لەمێشکی خۆمان نزیك کەینەوە .
بابڕۆینەوە سەری باسی یانزە ووشەکە ، ئەم ووشانە کاتی خۆی بە زمانی فارسی گوتراون کەسانێکی وەکو شیخ محمد أمین الکردی ، یان هەرنوسەرێکی تر کە باسیان کردوە ناچار فارسی یەکەیان نوسیوە پاشان گۆڕیویانەتە سەری عەرەبی .
ووشەکان ئەمانەن .

١ – هوش دەر دەم .
٢ – نەظەر بەر قەدەم .
٣ – سەفەر دەر وەتەن .
٤ – خەلوەت دەر ئەنجومەن .
٥ – یادکرد .
٦ – بازگەشت .
٧ – نیگاەداشت .
٨ – یادداشت .
٩ – وقوفی زەمانی ی .
١٠ – وقوفی عەدەدیی .
١١ – وقوفی قەلبی ی .

هەروەکو وتمان ، تا ووشەی هەشتەم ، هی خواجە عبد الخالقی غەجدەوانی ، وەسێ ووشەی دوایی شاهی نەقشبەند خستویەتە سەری .

١ – هوش دەر دەم :

هۆش ، هەر ئەو هۆش وبیری کوردی یەتە ، یان عەقڵ وەژیری ، دەم واتە هەناسە ، کەوابو ئەبێتە هۆش لەکاتی هەناسەدا ، مەبەست ئەوەتەئەو ڕێبوارە لەکاتی ذیکرا لەهەمو هەناسە هەڵکێشان و هەناسە دانێکدا هۆشی لای خۆی وەلای خوای خۆی بێت ، وە خەیاڵی بەملاو بەولادا نەڕوات .

شاهی نەقشبەند ئەڵێ : کاری ڕێبواری ئەم ڕێگایە بەستراوە بە هەناسەوە ، واتە ئەبێ ڕێبوار بۆی دەرکەوێ ئایا ئەوهەناسە بە ئاگاداری‌و بەحوزور تێ‌ی پەڕاندوە یان بەغەفڵەت وە «**نائاگایی**» ، هەروەها بۆئەوەتە مرۆڤ سەرگەرمی ئەو کات‌و سات‌و چرکەیەبێ کە واتیایا ، واتە هۆشی بۆلای ڕابوردوو یان ئاینده نەڕوات ، کە نائاگایی بەسەرا بێت .

شیخ عوبەیدالله ئەحرار «٨٠٦ – **٨٩٥**» ك ، کە یەکێکە لە گەورەپیاوانی تەریقەی نەقشبەندیی لەم‌بارەوە ئەڵێ : گرنگ‌ترین کاری ئەم‌ڕێگای نەقشبەندی‌یانە ئاگاداریی کردن لە هەناسەیە ، کە بە نائاگایی نەڕوات وە ئەوکەسەی هۆشی بەلای هەناسەوە نەبێت ، واتە سپاردەی «**هۆش‌دەردەم**» ئەنجام نەدات، ئەڵێن فڵان‌کەس هەناسەکەی وون‌کرد .

سەعدەدینی کاشغەریی کە هاوەڵ‌و هاوچەرخی شێخ‌عوبەیدالله یە ، ئەڵێ هۆش‌دەردەم ئەوەتە لە هەناسەیێکەوە بۆ هەناسەیێکی‌تر غەفڵەتی تیانەبێت وە بە حوزورەوە ئەنجام بدرێت ، وە نابێ ئەو هەناسە خاڵی‌بێت لە حەق .

بەکورتیی لای‌هەمو گەورەپیاوانی تەریقەی نەقشبەندی هۆش‌دەردەم : واتە هۆش بەلای هەناسەدانەوە بون ، پایەیێکی گەورەیە لە پایەکانی تەریقەت ، وە ئەگەر ڕێبوار هەناسەیێکی بەخۆڕایی بڕوات وەکو ئەوەتە گوناهێکی کردبێت وایە ، وە هەر وایشە چونکە خۆی هەستی پێ‌ئەکات کە ئەو هەناسە بەخۆڕایی‌دانە زیانی لێ‌داوە .

٢ – نەظەر بەرقەدەم :

بڕێك لایان وایە مەبەست لەم‌ووشەیە ئەوەتە صۆفی ئەبێ لەکاتی ڕێوەڕۆشتنا چاوی لەبەری پێی خۆی بێت ، واتە سەری‌خۆی داخات‌و بڕوات : بۆئەوەی هۆشی پرژوبڵاو نەبێتەوە بەم‌لاو بەولادا ، وە هەستەکانی جەم‌بن ، وەهۆشی لای خوای بێ ، نەکا زەرق‌و بەرقی دنیایش فریوی بدات ، دیارە ئەمە کارێکی شیاوو پەسەندە ، بەڵام ئیمامی ڕەببانی ئەڵێ نەظەربەرقەدەم هی حاڵی سەفەر دەروەتەنە کەهەردوکی دوو مەبەستی مەعنەوین ، ئەڵی مەبەست لەم ووشەیە ئەوەتە ڕێبوار

بەرلەوەی لە مەقامێکەوە بڕوات بۆ مەقامێك ، بەرلەوەی بە «قەدەم» ، دیارە قەدەمی مەعنەویی هەنگاو بنێتە مەقامەکەی بە نەظەری مەعنەوی سەیری ئەو مەقامەی خۆی ئەکات ، لەکاتی باسی دائرەکاندا کەبریتین لەم مەقامانە گوتمان سەیری قەدەمی ی تاپایانی مەقاماتی حەقیقەتەکان ئەڕوات کە ئاخرەکەیان حەقیقەتی صەلات بو ، گوتمان لەوەلا «سەیر» واتە ، ڕۆیشتن هەموی ئەبێتە نەظەریی ، واتە بینین ، جا ئیمامی ڕەببانی ئەفەرمێ لە سەیری قەدەمی دا بۆ بڕینی مەقامەکان سەیری نەظەریی ئەبێتە پێشەنگ وە ئەوکەسە بەرلەوەی بە قەدەم هەنگاو بنێتە مەقامە تازەکەیەوە ئەبێ سرنجێکی ئەو مەقامە بدات وە بەچاوی کەوتن لێی شارەزا بێت ئەوساکە هەنگاو هەڵ بێنێت وەبڕواتە مەقامەکە،جائەڵێ بەم سرنجدانو وردبونەوە لەومەقامە تازەیە کەوا لەبەری پێی ڕێبواردا بەوە ئەڵێن نەظەر بەرقەدەم جابۆیە هی حاڵی سەفەر دەروەتەنە چونکە ئەو ڕۆیشتن وە پێش‌کەوتنە لەمەقامێکەوە بۆ مەقامێکی‌تر ئەوە خۆی سەفەر دەر وەتەنە وەبەسرنج دانی بەرپێی خۆ لەکاتی ئەم سەفەرەدا ئەڵێن نەظەر بەرقەدەم کە ئاگادار کردنی ڕێبوارە لە پلەو پایەو لە مەنزڵی ئایندەی خۆی ، تائەوشوێنە کەڕۆیشتن بەقەدەم هەیە لەوەو پاش ئیتر هەر چاوپی‌کەوتنەو ڕێبوار تەنها بەچاو مەقامە هەرە باڵاکان ئەبینێ .

«فخر الدین کاشفی» لە «ڕەشەحات» دا ، ئەڵێ ، نەظەربەرقەدەم پەنجە ڕاکێشانە بۆ ڕادەی پێش‌کەوتنی ڕێبوار لە ڕێبازی تەریقەت‌دا وە بۆ بڕینی مەقاماتی هەستی وەبڕینی کۆسپی خۆپەرەستی‌یە .

کاشیفی کتێبێکی هەیە بەناوی «ئوصولی نەقشبەندی‌یە» دەست‌خەتە وە نوسخەیێکی بەم ناوونیشانە، (SuppL. PERS. 698) وا لەکتێبخانەی نەتەوەیی فەرەنسەدا .

هەروەها بڕێ لەشارەزایانی ئەم‌ڕێبازە ئەڵێن یەکێ لەواتاکانی نەظەربەرقەدەم ئەوەتە ڕێبوار ئاگاداربێ کەوا لەژێری قەدەمی کام پێغەمبەری ئولول عەزم‌دا وە خاوەنی چ مەشرەبێکە ، زوتر گوتمان هەر ڕێبوارێ مەشرەبێکی ئەبێت کەبریتی‌یە لەمەشرەبی ئەو پێغەمبەرەی ئەو وا لەژێری قەدەمیا .

ئەمە ئەگەر هەبێت هەر بۆ یەك جارە ، بەڵام چونکە ئەم ووشانە بۆئەوە دانراون ڕێبوار لەکاتی سلوك‌دا پەیڕەویی لێ‌بکات وە دەستورێکە بۆ ئەوەی ڕێبوار ئەنجامی

دڵێ زیندووە بەعیشق‌و بژیتۆ لەمەرگ ئەمین
بەم دەردە بمرە تا ببیە حی‌لایموت
گەر سەنگی کۆهسارە بوە لەعلی تابدار
هەرکەس بە جەبری صەبروحەیا خوێنی‌بو بەقوت

ئەڵێ تۆ ئەگەر رووبکەیتە خوا لەهەمو دێوو گیان لەبەرێ ، خوا ئەت‌پارێزێ ، تەنانەت ، تاڵی جاڵ‌جاڵۆکەت بۆئەکاتە زەنجیرو قەڵغان ، هەروەکو بۆ پێغەمبەر درودی خودای لەسەر،بویە قەڵغان،ئەڵێ ئەگەر دڵت بەعیشقی خودایی زیندو بویەوە ئیتر لەمەرگ ناترسی چونکە مەرگێ وجودی‌نیە ، تەصەووف سەلماندویەتی ئەوەی گەیشتە پایەی بەقای پاش فەنا ئیتر هەتا هەتایە زیندویە زیندو بونێك وەکو هی شەهیدان،جا ئەڵێ ئەوەی بەدەردی عیشق مرد دەبێتە **(حَيٌّ لایموت)** ، زووتریش گوتمان ، هی‌واهەیە لەو حاڵەتی فەنادا ئەوەندە نوقم ئەبێت وەئەوەندە وا لەخۆشی‌ی رۆحی دا،کە یان شایی مەرگ ئەبێ،یان ئەوەندە خۆیی لەیاد ئەچێتەوەو خوردو خاوی نامێنێ ئەبێتە هۆی مەرگی ، یان خەڵك تاوانی کوفری لێ ئەدەن‌و ئەیکوژن جا هەرکام لەمانەبو وا ئەبێتە ، شەهیدی عیشق ، وەشەهیدیش مردنی بۆنیە جا بەوانەی کە رزگار ئەبن وە ئەرۆنە جیهانی بەقاو جاویدان ئەبن ، ئەڵێ ئەگەر بەردی ئەو شاخ‌و داخەیش بێت ئەبێتە لەعل **(یاقوت)** واتە ئەگەر عەوام‌و نەخوێنەوار بوبێت ، یان بێ‌کەس‌و بێ‌دەس بوبێت وای لێ‌دێت لە هەمو زانایێ زاناترو لە هەمو خاوەن هیممەتێ بەهێزترو بەپێزترو بە پرشت‌تر ئەبێت .

هەروەکو مەولەوی باسی بەردەکەی‌کرد کەپاش لە کورەدا سوتان بویە گەوهەر ، ئەمیش هەر ئەوە ئەڵێت .

جا ئەڵێ بۆگەیشتن بەو عیشقە پیروزە ئەبێ صەبرو ئەدەب‌و حەیا بکەیتە پیشە وە خوێنی‌خۆت بخۆیتەوە .

زوتر گوتمان صەبرو ئەدەب دوو رەوشی بناغەیی رێبازی تەصەووفن ، وە موجاهەدەش هەروا کە لێرەدا بە خوێنی خۆ خواردنەوە ناوی بردوە .

لە لاپەرەی «٨٨» ئەڵێ «**خودایێ‌داوە هەرکەس بەرنەظەر کەوت**». زوتریش باسمان‌کرد نەظەری پیری تەریقەت بۆی هەیە هەر بە نەظەر کەخۆی جۆرە دەست کاری‌یێکی دەرونی موریدە ئەو موریدە پێ ئەگەیێنێ،وە زۆرکەس خودا بۆی کردون بەر نەظەری مورشید کەوتون وە بونەتە پیاو ، مەحوێی لێرەدا ئەم نەظەرەی مەبەستە .

موسڵمانان که بگەڕێن وه چاو قوچاو نەبن وه لەمجیهانه ورد بنەوه تاباشتر خوا بناسن ، کەوابو ئەو دەستورەی تەصەووفیش وه دڵگەرمکردنی ڕێبوارانی ئەم ڕێبازه بۆ گەشتو گەڕان لێرەشەوه سەرچاوه ئەگرێت .

دووهەمی بۆ گەڕانه بەشوێنی مامۆستاو مورشیدی باشا ، بەم بۆنەوه گەوره پیاوانی تەصەووف خوازیارانی ئەم ڕێبازه ئاموژگاریی ئەکەن که بڕۆن بگەڕێن بەشوێنی مورشیدی باشدا ؛ بەڵام ئەڵێن ئەگەر هاتو مورشیدی باشت دەست کەوت ئیتر ئەبێ هەرچی ئەو ئەڵێ وابکەیت وه بۆخۆت دامرکێیت ، وه سەفەری مەولانا خالیدی نەقشبەندیی لێرەوه بۆشامو بوحیجازو سەرلەنوێ لەحیجازەوه گەڕانەوه بۆ کوردوستانو لێرەوه بەسەری ئێرانو ئەفغانو کابولو غەزنەینو قەندەهاردا تاگەیشتنه خزمەتی شاه عبداللەی دهلوی وه بەهرەمەندبون وه بەمراز گەیشتن لەخزمەتی ئەو خاوەن کەمالەدا گەشتێکه لەگەشته گرنکه کانی صوفییەکان بەشوێنی مورشیدی باشدا. هەروەها گەڕانی غەزالی له طوسەوه بۆ بەغداوه له بەغداوه بۆ شامو بۆ حیجاز وەسەر گەردانی به شوێنی مورشیدا ئەویش نمونەیێکی ئەم گەشتانەیه .

سێهەم واتا مەعنەوییەکەیەتی ، بەتایبەت لەڕوانگەی نەقشبەندییەکانەوه . نەقشبەندییەکان ئەڵێن واتا مەعنەوییه کەی ئەم ووشەیه بریتییه لەتێکۆشانی ڕێبوار بۆ سەفەرکردن وه مەنزڵ گۆڕین لەپێناسی بەشەرییەوه بۆ پێناسی مەلەکوتی ، وه له پێناسی ناپەسەندەوه بۆ پێناسی پەسەند، هەروەها سەفەرکردنه لەجیهانی خەلقەوه بۆلای حەق ، واته دورکەوتنەوه له هەڵفریوێنەکانی جیهان وه نزیك کەوتنەوه له خاوەنی هەردو جیهان .

هەروەها سەفەرکردنه له حاڵو مەقامێکەوه بۆ حاڵو مەقامێکی باشترو باڵاتر.

ئیمامی ڕەببانی ئەفەرمێ ئەم سەفەر دەر وەتەنه لەسلوکی تەریقەتدا بریتییه له «**سەیری ئەنفوس**» وه سەرچاوەو سەرەتای «**اندراج النهاية في البداية**» یه ، ئەفەرمێ ئەم ڕێگا برینه ، له تەریقەتەکانی تریشا هەیه بەڵام لەواندا له دواپلەی سلوكدا ئەنجام ئەدرێت ، وه لەپاش سەیری «**ئافاق**» ، بەڵام نەقشبەندییەکان هەر لەسەرەتای کارا دەس ئەکەنه ئەم سەیره واته ئەم «**سەفەرە**» ، که سەیری ئافاقیش خۆبەخۆ لەتەکی ئەم سەیرەدا ڕووئەدات وه ئەنجام ئەدرێت .

ئەوەی شیاوی گوتنە سەیری ئافاقی ی ڕێگایێکی دوورو درێژە لەبەری ئەوە ، نەقشبەندی یەکان خۆیانی پێوە ماندو ناکەنْ بەڵکو هەر لەتەکی سەیری ئەنفوسی دا بەحاڵەتی «طوفیلی» ئەنجام ئەگرێ ، هەر ئەمەتە پیرانی نەقشبەندی ئەفەرمون ، سەرەتای کاری ئێمە دواپلەی ڕێگاکانی ترە . «بدایتِ ما نهایتِ دیگرانْ است» ، ئەمەش پەنجە کێشانە بۆ ئەوەی نەقشبەندی یەکان لەپێشا سەیری ئەنفوس تەواو ئەکەن کە تەریقەکانی تر پاش سەیری ئافاقی ی جا ئەتوانن ئەم ڕێگایە ببڕن ، دووهەم ئەوەتە ، ڕێبازەکانی تر لەپێشا تەزکی یەی عالەمی خەلق بەذیکری «جەهر» واتە ئاشکرا دەست پێ ئەکەن ، پاش ڕەنج و ڕیازەتێکی زۆر جائەگەنە عالەمی ئەمر ، کە تەزکییەی قەلب وە لەطائفەکانی ترە .

سیٚهەم ، ئەم حاڵەتی «اندراج النهاية في البداية» تەیە کە هەر زۆر زوو تەصفیەو تەزکی یە بۆمورید دەست ئەدا ، وە کەشف و موشاهەدەی دەس ئەکەوێ .

پێش تریش وتم بەگۆڕان لەحاڵێکە وە بو حاڵێ وە لەمەقامێکەوە بۆ مەقامێکیش هەر ئەڵێن سەفەر ئەندەر وەتەن ، جا ئەو گۆڕانانە تەزکی یەی لەطائف وەبڕینی دائرەکان وەهەموی ئەوکارانەش ئەگرێتەوە .

٤ – خەلوەت دەر ئەنجومەن :

بەعەرەبی ئەبێتە (الخلوة فی الجلوة) . واتە بەلەش لەناوی خەڵکاو بەدڵ بەلای خوداوە بون . ئەم کەنارەگیری یە کە پێی ئەڵێن (خەلوەت) دوو جۆرە یەکێکی خەلوەتی ڕەواڵەتی یە ، بریتی یە لەوەی ڕێبواری تەریقەت ئەڕوات ، لە گۆشەیێکەوە لەشوێنێکی کەنارا دەست ئەکاتە خوا پەرستی و ذیکرو فیکر ، بێگومان ئەم کەنارەگیری یە بۆ کاری سلوك کەڵکی زۆرە چونکە (حەواسی) ئەوکەسە پرژو بلاو نابێت وە تەرکیز ئەکاتە سەری دەرون وەسەرگەرمی کاری دەرونی ی خۆی ئەبێت ئاشکرایە هەرچی زیاتر پێناسەکانی دەرەوە لەکار بوەستن پێناسەکانی دەرون باشتر ئەکەونە کار ، وە بەوجۆرە مرۆڤ زووتر وەباشتر لەجیهانی مەلەکوتی ی نزیك ئەبێتەوە .

جۆری دووهەمی خەلوەت ، خەلوەتی دەرونە ئەمەش بەوجۆرەتە ، هەرچەن ڕێبوار خۆی لەناوی خەڵکابێت وە بەرەواڵەت سەرگەرمی کارو کاسبی و هاتوچونە

بەڵام لە دەرونەوە لەخودا غافڵ نیە ، هەم دەرونی ذیکر ئەکات هەم خوای لەیاد ناچێت .

«رِجالٌ لاتُلهِيهِمْ تِجارةٌ وَلابَيعٌ عَنْ ذِكْرِ الله» (٣٧) (نور) جا ، مەبەست لەووشەی خەلوەت دەر ئەنجومەن ، یان الخلوة فی الجلوة ئەم دووهەمیانەتە .

شیخ محمد امین الکردی لەکتێبی «تنویر القلوب» دا بەعەرەبی ئەڵێ «فعناه أن يكون قلب السالك حاضرا مع الحق فی الاحوال كلها غائبا عن الخلق مع كونه بين الناس .»

هەموی رێبەرانی تەریقەت وایان لاباشە ، پاش ئەوەی رێبوار تۆزێ باوەری دامەرزا وە لەکاروباری سلوکدا پێش کەوت ، ئیتر لەخەڵك دوور نەکەوێتەوە بەڵکو سەرگەرمی کاروکاسبی حەلاڵی خۆی بێت وە خوایش غافڵ نەکات .

شیخ ئەبوسەعیدی خەرراز (٢٧٩)ك ، لەدنیادەرچوە . ئەڵێ ، (لَيْسَ الكامِلُ مَنْ صَدَرَ عَنْهُ أَنْوَاع الكرامات ، وَإِنَّمَا الكامِل الّذي يَقْعُدُ بَيْنَ الخَلْقِ يبيع ويشترى معهم ويتزوّج ويختلط بالنّاس ولايَغفُلْ عَنِ الله لحظةً واحدةً) .

هەرئەمەتە ئەڵێن (الصّوفی كائنٌ بائن) أىْ بالظّاهر والجسم كائن مع الخلق وبالباطن والقلب بائن عنهم .

ئیمامی رەببانی ئەفەرمێ خەلوەت دەر ئەنجومەن لقێکە لە سەفەر دەر وەتەن جیا بوەتەوە ، چونکە ئەگەر سەفەر دەر وەتەن دەستیدا خەلوەت دەر ئەنجومەنیش دێ بەشوێنیا وە رێبوار لەکاتی پرژو بلاوی ناوی خەڵکا لەوەتەنی خەلوەتدائەکەوێتە گەشتو گوزار .

ئەڵێ تەفرەقەی ئافاق لەناوی حوجرەی ئەنفوسدا رێگا نادەن ، ئەفەرمێ ئەم کارە لە سەرەتادا سەختە بەڵام لەپاشان وردە وردە ئاسان ئەبێت ، هەروەها ئەفەرمێ ئەم خەلاتە لە تەریقەی ئێمەدا دەس کەوتی تازەکارانە بەڵام لە تەریقەتەکانی ترا کۆنەکاران جا خەلاتی وایان دەس ئەکەوی ، ئەمەش بۆ ئەوەتە ئەم خەلاتە لەکاتی سەیری ، واتە (رێبرینی) **ئەنفوسیدا ، دەس ئەکەوێ . کە سەرەتای تەریقەی نەقشبەندی لەسەیری ئەنفوسەوە دەست پی ئەکات ، وە سەیری ئافاقی خۆبەخۆ لەگەڵی سەیری ئەنفوسیدا دەستئەکەوێ . بەڵام رێبازەکانی تر لەپێشا ئەبێ سەیری ئافاقی تەواوکەن جا دەست بکەنە سەیری ئەنفوس ، کتێبی (مناهِجُ السَّیر) .**

بۆ روون کردنەوە ئەڵێم سەیری ئافاق سەیری جیهانی سورووشتە کە هی دەرەوەی مرۆڤ وە بەشی عالەمی خەلقە ، سەیری ئەنفوس برینی مەقامەکانی دەرونە کەگوتمان ، پی یان ئەڵێن لەطائف ، وەهی عالەمی ئەمرە ، ئەو شتانەی ، وە ئەو

ئەنوارو ئەسرارەی ، لەدەرەوەی دەرونەوە ئەبینرێن ، هی عالەمی خەلقە ، واتە هی ئافاقە ، ئەوەش لەدەرونا هەستی پێ‌ئەکرێت‌و ئەبینرێت ، هی ئەنفوسە ، وە هی عالەمی ئەمرە .

لێرەدا خۆم ئەلێم زۆر جار لەباوکم ئەم‌بیست ئەیفەرمو ، پیاوچاکان ، بەتایبەت ئەوانەی کە خەڵك نایان ناسن ئەڕۆنە ناوی بازارو قەرەبالغ ، ئەمەش بۆ ئەوەتە خوای گەورە هەمیشە (تەجەللا) ی هەیە ، واتە نوری رەحمەتی ئەڕێژی بەسەری خەڵکا ، بەڵام ئەوەی لەخوا غافل بێت لەو بەهرەیە بێ‌بەش ئەبێت بەڵکو ئەروات بۆ ئەوانەی کە غافل نین ، جا چونکە لەوجۆرە شوێنانەدا خەڵك زۆربەی سەرگەرمی کاری دنیایی‌یە ئاگای لە هیچی‌تر نیە ، ئەوەی ئاگاداربێ هەموی ئەرژێ بەسەری دەرونی ئەوکەسەدا جا ئەمەش هەر (**خەلوەت دەر ئەنجومەن**)ە .

توانایی بۆ ئەنجامی ئەم‌کارانە وە بەجێ‌هێنانی ئەم رەوشانە ، ئەویش ، خۆی دەس‌کەوتێکن دەستی ئەو رێبوارانە ئەکەون ، کە بەهۆی خواپەرستی‌و راست رەوی‌و ذیکرو فیکرەوە گەیشتونەتە ئەوپایانە .

٥ - یادکرد :

واتە ، یادکردنەوە کە بەعەرەبی ئەبێتە «**ذیکر**» ذیکری خودا بناغەی کاری هەموی رێبازەکانی تەصەووفە ، مەبەستم لێرەدا ، هەموی واتاکانی ذیکرە ، واتە ، قورئان خوێندن ، نوێژکردن ، ناوی‌خوابردن وە یادی خواکردن ، لەناوی ئەم ذیکرانەدا ، بەشی ناوی خوابردن وە یادی خواکردن لەهەموی زیاترە ، برێ لەرێبازەکان بەدەنگی بەرز وەبرێکی لە دەرونەوە ذیکرئەکەن ، گوتمان نەقشبەندی‌یەکان پەیرەوی ذیکری دەرونن هەروەها گوتمان ئەم ذیکری خودایە دووجۆرە ذیکری (الله) واتە ذیکری «ذات» وە ذیکری «**لا اله الا الله**» واتە نەفی‌و ئیسبات ، پێغەمبەر فەرمویەتی ، باشترین وە بەرزترین شتێك من وە پێغەمبەرانی پێش‌لەمن وتومانە ، ووشەی «لااله الا الله» یە .

بەر لەرۆژگاری شاهی‌نەقشبەند بەم‌رێبازە گوتراوە تەریقەی «خواجەگان» گەورەترینی ئەو مورشیدانەی بە خواجە بەناوبانگ بون خواجە عبد الخالق‌ی غەجدەوانی‌یە جا ، بەرلەو ذیکری زمانییش ئەنجام دراوە ، بەڵام شێخ‌عبد الخالق ذیکری دەرونی‌ی رەواج‌دا ، ئەمە ئەوکەسەتە کە بناغەدانەری ئەم ووشانەیە کە

باسیان ئەکەین ، پاش‌ئەویش سەرلەنوێ بڕێ لە ناوی نەقشبەندی‌یەکانا ذیکری زمانیش ئەنجام ئەدرا تا زەمانی شاهی نەقشبەند ، محمد بهاء الدین ، کە سەرۆك‌و گەورە پیاوی ئەم ڕێبازەتە ، ئەو جارێکی‌تر دەستوری‌دا ئەبێ ڕێبواری ئەم‌ڕێبازە هەر لەڕێگای ذیکری دەروونی‌یەوە تێ‌کۆشێت ، وە ئەوسێ ووشەیەشی خستە سەری ذابی ڕێبازەکە ، واتەوقوفی قەلبی‌ی، وقوفی عەددەدیی ، وقوفی زەمانی‌ی . کە تێکڕا بونە یازدە ووشە .

مەبەست لەم ووشەی یادکردە بەردەوام بونە لەسەری «یاد» واتە ذیکر ، قانجازێکی گەورەی ئەم ذیکرە دەرونی‌یە ئەوەتە ، پێویستی بەدەنگ وە پیت ، واتە بە گوتنی زمان نیە ، کەوابو مرۆڤ ئەتوانێ بەئاسانی‌ی هەمیشە ذیکربکات تەنانەت لەکاتی ئیش‌و کاریشا ، بەلاّم ذیکری زمان لەکاتی ئیش‌وکارا بەتایبەت لەکاتی قسەکردنا ئەنجام نادرێ، بۆیەلێرەدا ئەم باسی ذیکرە واتە: یادکرد هاتوە کە ڕۆشن بێت یەکێ لەبناغەکانی تەریقەی نەقشبەندی‌یە ، جا ، ئەبێ ئەم ذیکرە دەروونی‌یە ئەوەندە درێژەی بدرێتێ تا وای لێ‌دێت ذاکیر واتە ئەوڕێبوارە حوزوری هەمیشەیی «مەذکور» کەخودایە بۆی دەست ئەدات ، وە هەدەفیش هەر ئەو حوزورەتە ، وەئیتر ڕێبوار هەمیشە بەهەستی دەرونی‌ی خۆی وا لەحوزوری خوادا وە بەچاوی بەصیرەت ئەونورو بەرەکەتە ئەبینێ کە ئەیبێتە ، موشاهەدە .

لام وایە زووتریش وتومە هی واهەیە لەشەوو ڕۆژا بیست‌و پێنج هەزار جار ذیکری «الله» ئەکات ، وە لای کەمی بۆئەوانەی تازەکارن وە دەستیان کردوەتە بڕینی ئەم ڕێگایە ، پێنج هەزار جار ، یاد ئەکەن . وەکووتمان ، پاش گەیشتن بەمراز وەحوزور ، وەکاتێ کەمەذکور لەدەرونا هەست‌کرا ، ئیتر باسی ژمارەو ئەو جۆرەشتانە ، تەنانەت ذیکر کردنیش نامێنێ . چونکە مەذکور کەخودایە دل‌ودەرونی داپۆشیوە ، وەڕێبوار وا لەبڕینی مەقامات‌دا. مورشید ئەزانێت ، یان ئەوکەسە خۆیو خوای خۆی کەئەبێ چی‌بکاو چی‌نەکات شایەد پی‌ویستیش بێت ذیکربکات .

٦ – بازگەشت :

واتاکەی ئەبێتە گەڕانەوە ، لێرەدا مەبەست ئەوەتە ڕێبوار لەکاتی نەفی‌و ئیسبات‌دا پاش‌ئەوەی کە هەناسەی خۆیی گرتبو وە بە ژمارەی تاك تا ئەورادەیەی بۆی‌کرابو جارێ ، یان سێ‌جار ، یان پازە .. هتد ، ذیکری کردبو جا کە هەناسەی

دا ، ئەگەڕێتەوە بۆلای پارانەوەو داواکردن لە خودای خۆی ، جا ئەگەر ذیکرەکەی بەزمان بو ئەم جوملەیە بەزمان ئەڵێ ئەگەر ذیکرەکەیشی بەدڵ بوو ، بەدڵ و خەیاڵ ئەڵێ **«الهی أنت مقصودی ورضاك مطلوبی»** ، واتە خودایا مەبەستی من هەرتۆیەو ڕەزامەندیی تۆم پێویستە ، ئەمە بۆچی یە ؟ بۆ ئەوەتە هەر بیرو خەیاڵێکی چاك یان خراپ لەو چەن چرکەیەدا ڕوی کردبێتە دەرونی دوری خاتەوەو هۆش و بیری بگەڕێتەوە بۆلای خوای خۆی ، وە جگە خوا لە هیچی تر بیرنەکاتەوە .

٧ – نیگاە داشت :

واتە ڕاگرتن ، خۆیشیان ئەڵێن نیگای بدێرە . نیگاەداشت ئەوەتە لەکاتی ذیکرکردنا ئەوکەسە بکۆشێ هەرگیز خەتەرە ڕونەکاتە دەرونی ، ئەگەر هاتو خەتەرە ڕوی کردە دەرونی چ خەتەرەی باش چ هی خراپ ، ئەبێ ذیکرەکە ڕاگرێ ، تا خەتەرەکە لەدڵ دەرئەکات ، جا سەرلەنوێ دەست ئەکاتەوە بەذیکر ، هەروەکو لە کتێبی «مَناهِجُ السَّیر» دا ئەڵێ ، نیگاهداشت ، ئەوەتە ، ئەو بەرەکەت و دەستکەوتەی کە لەسایەی بەردەوامیی ذیکرەوە دەست ئەکەوێ یان ئەو چۆنیەتی ئاگاداریی و حوزورەی بەهۆی ذیکرەوە دەست ئەدات بۆڕێبوار ، ڕای گرێ وەنەیێڵێ هیچ خەتەرەیی ڕوو بکاتە دڵی .

مەناهیج ئەل سەیر نوسینی (ابو الحسن زید مجددی فاروقی) یە ، ساڵی ١٩٥٧ لەدهلی چاپ کراوە .

لە کتێبی ڕەشەحات عین الحیاة دا کەلەساڵی (١٩١٢) لەکانپوردا لەچاپ دراوە فخر الدین علی کاشفی لەزمانی سعد الدین کاشغەری یە وە ئەڵێ ، ڕێبوار هەرچەندە بۆی بکرێت ، سەعاتێ دوان سیان ، هەرچی بۆی کرا هۆش و بیری دەرونی خۆی بەجۆرێ ڕاگرێت جگە لەخودا هیچ بە دەرونیا تێ نەپەڕێ .

برێ لە گەورەپیاوانی تەریقەت ئەڵێن نیگاهداشت تەنها بۆکاتی ذیکری نەفی وئیسباتە ئەویش ئەوەتە مەعنای ذیکرەکە لەدڵا ڕاگرێت بۆئەوەی ئەو مەعنایە هەر بەردەوام لەدڵابێت کە بریتی یە لەوەی هیچ خودایێك نیە جگە الله ، وە ئەگەر نەتوانێ ئەم کارە بکات حوزوری دڵ بۆی دەست نادات .

بەکورتیی هەموی ئەم کۆششە بۆ ئەو بەردەوام بونی حوزورەتە ، چونکە حوزوری دڵ وە پاراستنی دەرون لەهەمو خەتەرەو خەیاڵێك ئەوە خۆی گرنگ ترین

مەبەستێکە هەمیشە صۆفی یەکان گرتویانەتە پێش چاو وە پایەیێکە لە پایەکانی تەصەووف ، وە مەشایخان لەم بارەوە زۆر باسیان کردوەو زۆر ڕایان سپاردوە بۆ چاودێری لێ کردنی .

ئەبێ ئەوەش بزانین ئەوە دەست نادات کە هەرگیز هیچ خەتەرەیێک بەدڵا تێ پەڕ نەکات بەڵام ئەم نیگاهداشتە ئەوەتە مرۆڤ هەوڵ بدات خەتەرەو خەیاڵ لەدڵا سەقامگیر نەبێ و نەمێنێتەوە وەکو پوش و پەڵاشی سەری ئاوی تیژپەڕ وابێت نەوێسێتەوەو بڕوات ، لە کتێبی (الحدائق الوردیه) نوسینی عبد المجید الخانی لەزمانی علاء الدین العطارەوە ئەڵێ ، ئەوەی نەیێڵن هیچ خەتەرەو خەیاڵێک ڕوو بکاتە دەرون زۆر سەختە وە نا کرێت ، بەڵام ئەبێ بکۆشن دەوامی نەبێت ، ئەفەرمێ من بیست ساڵ دڵی خۆمم پاراست لە خەتەرەو خەیاڵ کەچی پاش بیست ساڵ هەر خۆی گەیاندە دڵم ، بەڵام نەمهێشت سەقامگیر بێت .

٨ – یاد داشت :

یادداشت شوهود یان موشاهەدە وە (عین الیقین) یشی پێ ئەڵێن ، شیخ محمد امین الکردي ئەڵێ «الکنایة عَنْ حُضور القلبِ مع الله تعالی علی الدّوام فی کل حال من غیر تکلّفٍ ولا مجاهدةٍ وهذا الحضور فی الحقیقة لایتیسّرُ الا بَعْدَ طيّ مقامات الجذبةِ وقَطْعِ منازلِ السّلوك .

لە شوێنیکی ترا لە کتێبی (تنویر القلوب) دا ئەڵێ ، یادداشت لەپاشی فەناو لەپاشی بەقای حەوتەمدا جا دەستی ڕێبوار ئەکەوێ .

کەوابو یادداشت بەرهەمی ڕەنجی ڕێبوارە وەبریتی یە لەو حاڵەتی گەیشتن بە ئاواتی پاش ڕەنج و تێکۆشانە ، یادداشت ئەتوانێ بەرهەمی ذیکر ، یان موراقەبە ، یان یارمەتی ی مورشید بێت ، وە ڕێبوار پاش بڕینی هەمو کۆسپێ جا ئەیگاتێ .

عبیداللە ئەحرار ئەفەرمێ :

یادداشت بریتی یە لەوەی کەشوهودی حەق بەهۆی (حوببی ذاتی) ، واتە خۆشەویستی یەوە ، ئەو ڕێبوارە داپۆشێ ، ئەتوانین بڵێین بریتی یە لە (حوزووری بێ غەیب) واتە ئامادەبونێ کە ئیتر وون بون وە لاچونی نەبێت . هەروەها ، بۆ ڕوون کردنەوەیێکی زۆرتر گوتراوە یادکرد بریتی یە لە بەردەوام بون لەسەری ذیکر ، وە بازگەشت ، ئەوەتە پاش هەر پشودانێ لەذیکر ئەوکەسە ئەگەڕێتەوە بۆلای ئەوەی

کە لەدڵەوە بڵێت ، خودایا مەقصودی‌من هەرتۆی وەرەزامەندیی تۆ و نزیکی‌ی تۆیە مەبەستم ، وەنیگاهداشت بریتی‌یە لە پاراستنی ئەو گەڕانەوە بێ‌ئەوەی بەزمان هیچ بڵێت .

جا یادداشت بریتی‌یە لە بەردەوام کردنی ئەو نیگاهداشتە وە تێ‌کۆشان بۆ لەدەست‌نەدانی ئەو حوزورە .

ئێستە دێینە سەری باسی ئەو سێ ووشەیەی کە شاهی نەقشبەند خستونیەتە سەری ئەم نۆ ووشانەی کە باسمان کردن ، کە بریتین ، لە وقوفی زەمانی‌ی ، وقوفی عەدەدیی ، وقوفی قەلبیی ، ئەم یانزە وشەیە (لازم‌ومەلزوم)ی یەکن ، وەرێبوار بەچاودێری لێ‌کردنی هەمویان ئەر خوا بۆی بکات ئەگاتە سەری لوتکەی شاخی ئاوات .

٩ — وقوفی زەمانیی :

ئەم وقوفی زەمانی‌یە ئەتوانین بڵێین وەکو (موحاسەبە) ی دەرون وایە ، واتە رێبوار هەر ماوەی چەن‌ساتێ یان چەن کاتێ جارێ لە ذیکر رائەوەستێ وە لە دەرونا خۆی ورد ئەبێتەوە بزانێ ئەو ماوەیە بەچی تێ‌پەڕاندوەئەگەر بەئامادەبون حوروری هەقدا بوە وا سوپاسی خوا بکات وە ئەگەر بەغەفڵەت وە بێ‌هەواڵی تێپەڕیوە پەشیمانی‌ی پیشان بدات واتە (**ئیستیغفار**) وە داوای لێ‌بوردن وە بەخشین بکات لە خودا .

لە کتێبی رەشەحات‌دا لەزمانی بەهائوددین نەقشبەندەوە ئەڵێ وقوفی زەمانیی وەکو کاروبار بەڕێوەبەری رێبواری ئەم رێبازەتە ، بریتی‌یە لەوەی رێبوار هۆشی بەخۆیەوەبێت وە ئاگای لەحاڵی خۆی‌بێت بزانێ لە هەردەمێکا حاڵی‌خۆی چیەو چۆنە ئایا هی‌ئەوەتە شوکری خودا بکات یان هی‌ئەوەتە عوذر بێرێتەوە هی هەرکام‌بو ئەوەیان بکات .

مەولانا یەعقوبی چەرخی‌ی کە یەکێکە لە موریدە پایە بەرزەکانی شاهی نەقشبەند ئەڵێ ، حەزرەتی خواجە واتە ، شاهی نەقشبەند خوای لێ‌رازی‌بێ ، هەرکاتێ رێبوار دوچاری دڵ‌گیران «**قەبض**» بوایە ئەی‌فەرمو ئەبێ (**ئیستیغفار**) بکات ئەگەریش دڵ‌کرانەوە «**بەسط**» ڕووی تێ‌کردایێ ئەی‌فەرمو سوپاسی‌خوا بکە ، کە

چاودێری ئەم دووحاڵە «**وقوف زەمانی**» یە ، بەم فەرمودەیەدا وادەرئەکەوێ حاڵەتی (**قەبض**) لە غەفڵەتەوە ، وە حاڵەتی (**بەسط**) لە ئاگاداری‌یەوە سەرچاوە بگرن .

٭ باسی قەبض‌و بەسط لەبەشی موصطەلەحات‌دا کراوە .

١٠ – وقوفی عەدەدیی :

بریتی‌یە لەوەی لەکاتی ذیکری نەفی‌و ئیسبات دا کە ئەبێ هەناسە پەنگ بدرێتەوە لەم کاتەدا ذیکرەکان بەتاك ئەنجام بدرێن واتە جارێ یان سێ ، یان پێنج ... هتد ، هی واهەیە ئەتوانێ تا بیست‌ویەك جار بە یەك هەناسە ذیکر ئەکات ، جا ، بەم چاودێری کردنی ژمارەی تاکە ئەڵێن وقوفی عەدەدیی ، واتە رێبوار (**واقیف**) بێت ، ئاگاداربێت ژمارەی ذیکرەکانی تاك بێت .

بێگومان ئەم ذیکرە بە زمان نیە بەڵکو بە دڵە ، واتە بە دەروونە ، ژمارە کردنەکەیش هەروا ، نابێ بە زمان بێت ئەبێ بەدەروون بێت .

ئەبێ ئەوەش بزانین بە ئەنجامدانی ئەم رەوشە بەرهەمی مەعنەویی زۆر دەستی رێبوار ئەکەوێ ، وە ئەم رەوش‌و دەرامەدی رەوشانە ؛ لە ماوەی صەدان ساڵ‌دا ئەوەندە تاقی کراونەتەوە بونەتە بەدیهی‌یاتی تەریقەت ، وەلای رێبواران ئاشکراو رووناکە .

«**عبد الرحمن ، جامی‌ی**» (٨١٧ – ٨٩٨) ك ، خاوەنی «**نَفَحاتُ الانُس**» ، لەریسالەی نوری‌یەدا کە دەست‌خەتەو نوسخەیێکی وا لە «**دار الکتب المصریة**» دا ، ئەڵێ وقوفی عەدەدیی ، بۆئەوەتە ئەو رێبوارە بزانێت کەی،واتە لە چ ژمارەیێکا ئەو ذیکرە بەرهەم ئەدات ، زووتر گوتمان ئەگەر گەیشتەبیست‌ویەك جار وە بەرهەمی مەعنەویی نەبو دیارە مەرجەکانی بەباشیی ئەنجام نەداوە ، جابۆئەوە چاودێری لە ژمارەکان ئەکات تا بزانێ ئایا بەرهەمی هەیە یام نا ئەگەر گەیشتە بیست‌ویەك‌و بەرهەمی نەبو بگەرێت وە کەموکوری کارەکەی بدۆزێتەوە ، شاهی نەقشبەند خۆی ئەفەرمێ ، ئەم لەپێش‌چاوگرتنی ژمارەیە بۆئەوەتە هۆش‌وبیری ئەوکەسە نەروات بەم‌لاو بەولادا .

بدات ڕەوشەکەی ئیمامی ڕەبانی لەهەموی تەواوترە بەڵام ئەمانی‌تریش هەرکامەی لەکات‌و ساتی خۆیا کەڵکی هەیە .

٣ – سەفەر دەر وەتەن :

واتە سەفەرکردن لە وەتەندا ، ئەم گوتنەش هەرچەوکو ئەو ووشەکانی‌تر ، هەم واتای ڕەواڵەتیی هەیە هەم واتای دەروونی‌و مەعنەویی .

واتا ڕەواڵەتیەکەی ئەوەتە سەفەرکردن هەمیشە بەکەڵکەو چاوو مێشکی ئینسان ئەکاتەوەو ئازمون وەر ئەگرێ وە ڕەنجی شەفەرو غەریبی‌ی خۆی لای‌خودا بێ‌پاداش نابێت ، هەروەها هەرچی مرۆڤ شتی زۆر ببینێت وە مەخلوقاتی جۆراو جۆر سەیربکات هەم پەندو عیبرەت ئەگرێ وە هەم لەعەزەمەتی خوا زۆرتر سەری سور ئەمێنێ ، جا هەر لەبەرئەوە خواستایشی کردوە لەوانەی وردئەبنەوەو تێ‌ئەفکرێن لە دروس بونی ئەرزو ئاسمان وە شان‌بەشانی ذیکرکردن ناوی ئەم بیرکردنەوە ئەبات کە لە ئایاتی «١٩١» ال عمران‌دا ، ئەفەرمێ **الذين يذكرون الله قياما وقعودا وعلى جنوبهم ويتفكرون في خلق السماوات والارض»** ، لەپاشان مەدحی ئەوکەسانە ئەکات کە بەدنیادا ئەگەڕێن بۆ پەند وەرگرتن ، هەرچەن ووشەی **(سائح)** بەواتای نوێژیش لێك دراوەتەوە بەڵام بەواتای گەشت کردنیش هاتوە . وە کراوەتە هاوشان‌و هاوترازوی تەوبەو خواپەرستی‌ی وەکو لەئایەتی **(١١٢)** تەوبەدا ، ئەفەرمێ .

«التائبون العابدون الحامدون السائحون الراكعون الساجدون الآمِرونَ بالمعروفِ والنّاهونَ عَنِ المُنكَرِ والحافظونَ لحدودِ الله وَبَشِّرِ المُؤمنين» .

یان کە لەسورەی تەحریم ئایەتی **«٥»** دا ، ئەفەرمێ . **«تائباتٍ عابداتٍ سائحاتٍ»** .

بەڵام سەبارەت بەگەڕان بەسەری زەویدا وەپەند وەرگرتن لە بەسەرهاتی خراپ کاران‌و هەمو جۆرە ئاڵوگۆڕێکی جیهان‌دا لەچوار شوێنی قورئان‌دا **«أفَلَمْ يَسيروا في الأرْضِ»** لە چوارشوێنا **«قُلْ سيروا في الأرض»** لە سێ شوێنا **«أوَ لَمْ يَسيروا في الأرْضِ»** لە دووشوێنا **«فَسيروا في الأرْضِ»** . هاتوە . ئەمانە هەمو دڵ گەرم کەرو پاڵ‌پێوەنەرن ، بۆ

موسڵمانان کە بگەڕێن وە چاو قوچاو نەبن وە لەمجیهانە ورد بنەوە تاباشتر خوا بناسن ، کەوابو ئەو دەستورەی تەصەووفیش وە دڵگەرمکردنی ڕێبوارانی ئەم ڕێبازە بۆ گەشتو گەڕان لێرەشەوە سەرچاوە ئەگرێت .

دووهەمی بۆ گەڕانە بەشوێنی مامۆستاو مورشیدی باشا ، بەم بۆنەوە گەورە پیاوانی تەصەووف خوازیارانی ئەم ڕێبازە ئاموژگاریی ئەکەن کە بڕۆن بگەڕێن بەشوێنی مورشیدی باشدا ، بەڵام ئەڵێن ئەگەر هاتو مورشیدی باشت دەست کەوت ئیتر ئەبێ هەرچی ئەو ئەڵێ وابکەیت وە بۆخۆت دامرکێیت ، وە سەفەری مەولانا خالیدی نەقشبەندیی لێرەوە بۆشامو بوحیجازو سەرلەنوێ لەحیجازەوە گەڕانەوە بۆ کوردوستانو لێرەوە بەسەری ئێرانو ئەفغانو کابولو غەزنەینو قەندەهاردا تاگەیشتنە خزمەتی شاه عبداللهی دهلوی وە بەهرەمەندبون وە بەمراز گەیشتن لەخزمەتی ئەو خاوەن کەماڵەدا گەشتێکە لەگەشتە گرنکە کانی صوفی یەکان بەشوێنی مورشیدی باشدا . هەروەها گەڕانی غەزالی لە طوسەوە بۆ بەغداوە لە بەغداوە بۆ شامو بۆ حیجاز وەسەر گەردانی بە شوێنی مورشیدا ئەویش نمونەیێکی ئەم گەشتانەیە .

سێهەم واتا مەعنەویی یەکەیەتی ، بەتایبەت لەڕوانگەی نەقشبەندی یەکانەوە . نەقشبەندی یەکان ئەڵێن واتا مەعنەویی یە کەی ئەم ووشەیە بریتی یە لەتێکۆشانی ڕێبوار بۆ سەفەرکردن وە مەنزڵ گۆڕین لەپێناسی بەشەریی یەوە بۆ پێناسی مەلەکوتی ، وە لە پێناسی ناپەسەندەوە بۆ پێناسی پەسەند ، هەروەها سەفەرکردنە لەجیهانی خەلقەوە بۆلای حەق ، واتە دورکەوتنەوە لە هەڵفریوێنەکانی جیهان وە نزیك کەوتنەوە لە خاوەنی هەردو جیهان .

هەروەها سەفەرکردنە لە حاڵو مەقامێکەوە بۆ حاڵو مەقامێکی باشترو باڵاتر .

ئیمامی ڕەببانی ئەفەرمێ ئەم سەفەر دەر وەتەنە لەسلوکی تەریقەتدا بریتی یە لە «**سەیری ئەنفوس**» وە سەرچاوەو سەرەتای «**اندراج النهاية في البداية**» یە ، ئەفەرمێ ئەم ڕێگا برینە ، لە تەریقەتەکانی تریشا هەیە بەڵام لەواندا لە دوایلەی سلوکدا ئەنجام ئەدرێت ، وە لەپاش سەیری «**ئافاق**» ، بەڵام نەقشبەندی یەکان هەر لەسەرەتای کارا دەس ئەکەنە ئەم سەیرە واتە ئەم «**سەفەرە**» ، کە سەیری ئافاقیش خۆبەخۆ لەتەکی ئەم سەیرەدا ڕووئەدات وە ئەنجام ئەدرێت .

ئەوەی شیاوی گوتنە سەیری ئافاقی ڕێگاییکی دوورو درێژە لەبەری ئەوە ، نەقشبەندی یەکان خۆیانی پێوە ماندو ناکەن بەڵکو هەر لەتەکی سەیری ئەنفوسی دا بەحاڵەتی «**طوفەیلی**» ئەنجام ئەگرێ ، هەر ئەمەتە پیرانی نەقشبەندی ئەفەرمون ، سەرەتای کاری ئێمە دواپلەی ڕێگاکانی ترە . «**بدایتِ ما نهایتِ دیگران است**» ، ئەمەش پەنجە کێشانە بۆ ئەوەی نەقشبەندی یەکان لەپێشا سەیری ئەنفوس تەواو ئەکەن کە تەریقەکانی تر پاش سەیری ئافاقی جا ئەتوانن ئەم ڕێگایە ببڕن ، دووهەم ئەوەتە ، ڕێبازەکانی تر لەپێشا تەزکی یەی عالەمی خەلق بەذیکری «**جەهر**» واتە ئاشکرا دەستپێ ئەکەن ، پاش ڕەنجو ڕیازەتێکی زۆر جائەگەنە عالەمی ئەمر ، کە تەزکییەی قەلب وە لەطائفەکانی ترە .

سێهەم ، ئەم حاڵەتی «**اندراج النهاية في البداية**» تەیە کە هەر زۆر زوو تەصفیەو تەزکی یە بۆمورید دەست ئەدا ، وە کەشفو موشاهەدەی دەس ئەکەوێ .

پێش تریش وتم بەگۆڕان لەحاڵێکە وە بو حاڵێ وە لەمەقامێکەوە بۆ مەقامێکیش هەر ئەڵێن سەفەر ئەندەر وەتەن ، جا ئەو گۆڕانانە تەزکی یەی لەطائف وەبڕینی دائرەکان وەهەموی ئەوکارانەش ئەگرێتەوە .

٤ – خەلوەت دەر ئەنجومەن :

بەعەرەبی ئەبێتە (**الخلوة في الجلوة**) . واتە بەلەش لەناوی خەڵکاو بەدڵ بەلای خوداوە بون . ئەم کەنارەگیری یە کە پێی ئەڵێن (خەلوەت) دوو جۆرە یەکێکی خەلوەتی ڕەواڵەتی یە ، بریتی یە لەوەی ڕێبواری تەریقەت ئەڕوات ، لە گۆشەیێکەوە لەشوێنێکی کەنارا دەست ئەکاتە خوا پەرستی و ذیکرو فیکر ، بێگومان ئەم کەنارەگیری یە بۆ کاری سلوك کەڵکی زۆرە چونکە (حەواسی) ئەوکەسە پرژو بلاو نابێت وە تەرکیز ئەکاتە سەری دەرون وەسەرگەرمی کاری دەرونی ی خۆی ئەبێت ئاشکرایە هەرچی زیاتر پێناسەکانی دەرەوە لەکار بوەستن پێناسەکانی دەرون باشتر ئەکەونە کار ، وە بەوجۆرە مرۆڤ زووتر وەباشتر لەجیهانی مەلەکوتی ی نزیك ئەبێتەوە .

جۆری دووهەمی خەلوەت ، خەلوەتی دەرونە ئەمەش بەوجۆرەتە ، هەرچەن ڕێبوار خۆی لەناوی خەڵکابێت وە بەرەواڵەت سەرگەرمی کارو کاسبی و هاتوچونە

بەلاّم لە دەرونەوە لەخودا غافڵ نیە ، هەم دەرونی ذیکر ئەکات هەم خوای لەیاد ناچێت .

«رِجالٌ لاتُلهِيهِمْ تِجارَةٌ وَلابَيْعٌ عَنْ ذِكْرِ اللهِ» (٣٧) (نور) جا ، مەبەست لەووشەی خەلوەت دەر ئەنجومەن ، یان الخلوة فی الجلوة ئەم دووهەمیانەتە .

شیخ محمد امین الکردی لەکتێبی **«تنویر القلوب»** دا بەعەرەبی ئەڵێ «فمعناه أن یکون قلب السالك حاضرا مع الحق فی الاحوال کلها غائبا عن الخلق مع کونه بین الناس .»

هەموی رێبەرانی تەریقەت وایان لاباشە ، پاش ئەوەی رێبوار تۆزێ باوەڕی دامەرزا وە لەکاروباری سلوکدا پێش کەوت ، ئیتر لەخەڵك دوور نەکەوێتەوە بەڵکو سەرگەرمی کاروکاسبی حەلاڵی خۆی بێت وە خوایش غافڵ نەکات .

شیخ ئەبوسەعیدی خەرراز (٢٧٩)ك ، لەدنیادەرچوە . ئەڵێ ، **(لَيْسَ الكامِلُ مَنْ صَدَرَ عَنْهُ أَنْواعِ الكرامات ، وَإنّما الكامِلِ الّذی یَقْعُدُ بَیْنَ الخَلْقِ يبيع ويشترى معهم ويتزوّج ويختلط بالنّاس ولايَغْفَلُ عَنِ اللهِ لَحظَةً واحدةً)** .

هەرئەمەتە ئەڵێن (الصّوفی کائنٌ بائن) ایْ بالظّاهر والجسم کائن مع الخلق وبالباطن والقلب بائن عنهم .

ئیامی رەببانیی ئەفەرمێ خەلوەت دەر ئەنجومەن لقێکە لە سەفەر دەر وەتەن جیا بوەتەوە ، چونکە ئەگەر سەفەر دەر وەتەن دەستی دا خەلوەت دەر ئەنجومەنیش دێ بەشوێنیا وە رێبوار لەکاتی پرژو بلاّوبی ناوی خەڵکا لەوەتەنی خەلوەتدائەکەوێتە گەشتو گوزاز .

ئەڵێ تەفرەقەی ئافاق لەناوی حوجرەی ئەنفوس دا رێگا نادەن ، ئەفەرمێ ئەم کارە لە سەرەتادا سەختە بەلاّم لەپاشان وردە وردە ئاسان ئەبێت ، هەروەها ئەفەرمێ ئەم خەلاّتە لە تەریقەی ئێمەدا دەسکەوتی تازەکارانە بەلاّم لە تەریقەتەکانی تراکۆنەکاران جا خەلاّتی وایان دەس ئەکەوی ، ئەمەش بۆ ئەوەتە ئەم خەلاّتە لەکاتی سەیری ، واتە **(رێبڕینی» ئەنفوسیدا ، دەس ئەکەوێ ، کە سەرەتای تەریقەی نەقشبەندی لەسەیری ئەنفوسەوە دەست پی ئەکات ، وە سەیری ئافاقی خۆبەخۆ لەگەڵی سەیری ئەنفوسیدا دەستئەکەوێ ، بەلاّم رێبازەکانی تر لەپێشا ئەبێ سەیری ئافاقی تەواوکەن جا دەست بکەنە سەیری ئەنفوس . کتێبی (مناهِجُ السَّیْر)** .

بۆ روون کردنەوە ئەڵێم سەیری ئافاق سەیری جیهانی سوروشتە کە هی دەرەوەی مرۆڤ وە بەشی عالەمی خەلقە ، سەیری ئەنفوس بڕینی مەقامەکانی دەرونە کەگوتمان ، پی یان ئەڵێن لەطائف ، وەهی عالەمی ئەمرە ، ئەو شتانەی ، وە ئەو

ئەنوارو ئەسرارەی ، لەدەرەوەی دەرونەوە ئەبینرێن ، هی عالەمی خەلقە ، واتە هی ئافاقە ، ئەوەش لەدەرونا هەستی پێ ئەکرێت و ئەبینرێت ، هی ئەنفوسە ، وە هی عالەمی ئەمرە .

لێرەدا خۆم ئەلێم زۆر جار لەباوکم ئەم بیست ئەیفەرمو ، پیاوچاکان ، بەتایبەت ئەوانەی کە خەڵك نایان ناسن ئەڕۆنە ناوی بازارو قەرەبالغ ، ئەمەش بۆ ئەوەتە خوای گەورە هەمیشە (تەجەللا) ی هەیە ، واتە نوری رەحمەتی ئەڕێژێ بەسەری خەڵکا ، بەڵام ئەوەی لەخوا غافل بێت لەو بەهرەیە بێبەش ئەبێت بەڵکو ئەڕوات بۆ ئەوانەی کە غافل نین ، جا چونکە لەوجۆرە شوێنانەدا خەڵك زۆربەی سەرگەرمی کاری دنیایی یە ئاگای لە هیچی تر نیە ، ئەوەی ئاگادارێ هەموی ئەڕژێ بەسەری دەرونی ئەوکەسەدا جا ئەمەش هەر (**خەلوەت دەر ئەنجومەن**)ە .

توانایی بۆ ئەنجامی ئەمکارانە وە بەجێهێنانی ئەم رەوشانە ، ئەویش ، خۆی دەس کەوتێکن دەستی ئەو رێبوارانە ئەکەون ، کە بەهۆی خواپەرستی و ڕاست ڕەوی و ذیکرو فیکرەوە گەیشتونەتە ئەوپایانە .

٥ – یادکرد :

واتە ، یادکردنەوە کە بەعەرەبی ئەبێتە «**ذیکر**» ذیکری خودا بناغەی کاری هەموی رێبازەکانی تەصەووفە ، مەبەستم لێرەدا ، هەموی واتاکانی ذیکرە ، واتە ، قورئان خوێندن ، نوێژکردن ، ناوی خوابردن وە یادی خواکردن ، لەناوی ئەم ذیکرانەدا ، بەشی ناوی خوابردن وە یادی خواکردن لەهەموی زیاترە ، برێ لەرێبازەکان بەدەنگی بەرز وەبرێکی لە دەرونەوە ذیکرئەکەن ، گوتمان نەقشبەندی یەکان پەیرەوی ذیکری دەرونن هەروەها گوتمان ئەم ذیکری خودایە دووجۆرە ذیکری (الله) واتە ذیکری «ذات» وە ذیکری «**لا اله الا الله**» واتە نەفی و ئیسبات ، پێغەمبەر فەرمویەتی ، باشترین وە بەرێزترین شتێك من وە پێغەمبەرانی پێش لەمن وتومانە ، ووشەی «لااله الا الله» یە .

بەر لەرۆژگاری شاهی نەقشبەند بەم رێبازە گوتراوە تەریقەی «خواجەگان» گەورەترینی ئەو مورشیدانەی بە خواجە بەناوبانگ بون خواجە عبد الخالقی غەجدەوانی یە جا ، بەرلەوە ذیکری زمانییش ئەنجام دراوە ، بەڵام شێخ عبد الخالق ذیکری دەرونی ی ڕەواجدا ، ئەمە ئەوکەسەتە کە بناغەدانەری ئەم ووشانەیە کە

باسیان ئەکەین ، پاش ئەویش سەرلەنوێ برێ لە ناوی نەقشبەندی یەکانا ذیکری زمانیش ئەنجام ئەدرا تا زەمانی شاهی نەقشبەند ، محمد بهاء الدین ؛ کە سەرۆکو گەورە پیاوی ئەم ڕێبازەتە ، ئەو جارێکی تر دەستوری دا ئەبێ ڕێبواری ئەم ڕێبازە هەر لەڕێگای ذیکری دەروونی یەوە تێ بکۆشێت ؛ وە ئەوسێ ووشەیەشی خستە سەری ذابی ڕێبازەکە ، واتەوقوفی قەلبی ی ، وقوفی عەدەدیی ، وقوفی زەمانی ی . کە تێکرا بونە یازدە ووشە .

مەبەست لەم ووشەی یادکردە بەردەوام بونە لەسەری «یاد» واتە ذیکر ؛ قانجازێکی گەورەی ئەم ذیکرە دەرونی ی یە ئەوەتە ، پێویستی بەدەنگ وە پیت ، واتە بە گوتنی زمان نیە ، کەوابو مرۆڤ ئەتوانێ بەئاسانی ی هەمیشە ذیکربکات تەنانەت لەکاتی ئیش و کاریشا ، بەلاّم ذیکری زمان لەکاتی ئیش وکارا بەتایبەت لەکاتی قسەکردنا ئەنجام نادرێ ، بۆیەلێرەدا ئەم باسی ذیکرە واتە : یادکرد هاتوە کە ڕۆشن بێت یەکێ لەبناغەکانی تەریقەی نەقشبەندی یە ، جا ، ئەبێ ئەم ذیکرە دەروونی یە ئەوەندە درێژەی بدرێتێ تا وای لێ دێت ذاکیر واتە ئەوڕێبوارە حوزوری هەمیشەیی «مەذکور» کەخودایە بۆی دەست ئەدات ؛ وە هەدەفیش هەر ئەو حوزورەتە ؛ وەئیتر ڕێبوار هەمیشە بەهەستی دەرونی ی خۆی وا لەحوزوری خوادا وە بەچاوی بەصیرەت ئەونورو بەرەکەتە ئەبینێ کە ئەبێتە ، موشاهەدە .

لام وایە زووتریش وتومە هی واهەیە لەشەوو ڕۆژا بیست و پێنج هەزار جار ذیکری «الله» ئەکات ؛ وە لای کەمی بۆئەوانەی تازەکارن وە دەستیان کردوەتە بڕینی ئەم ڕێگایە ؛ پێنج هەزار جار ، یاد ئەکەن . وەکووتمان ، پاش گەیشتن بەمراز وەحوزور ، وەکاتێ کەمەذکور لەدەرونا هەست کرا ، ئیتر باسی ژمارەو ئەو جۆرەشتانە ؛ تەنانەت ذیکر کردنیش نامێنێ . چونکە مەذکور کەخودایە دڵودەرونی داپۆشیوە ، وەڕێبوار وا لەبڕینی مەقامات دا . مورشید ئەزانێت ، یان ئەوکەسە خۆیو خوای خۆی کەئەبێ چی بکاو چی نەکات شایەد پێویستیش بێت ذیکربکات .

٦ – بازگەشت :

واتاکەی ئەبێتە گەرانەوە ، لێرەدا مەبەست ئەوەتە ڕێبوار لەکاتی نەفی و ئیسبات دا پاش ئەوەی کە هەناسەی خۆیی گرتبو وە بە ژمارەی تاك تا ئەورادەیەی بۆی کرابو جارێ ، یان سێ جار ، یان پانزە .. هتد ، ذیکری کردبو جا کە هەناسەی

دا ، ئەگەڕێتەوە بۆلای پارانەوەو داواکردن لە خودای خۆی ، جا ئەگەر ذیکرەکەی بەزمان بو ئەم جوملەیە بەزمان ئەڵێ ئەگەر ذیکرەکەیشی بەدڵ بوو ، بەدڵ و خەیاڵ ئەڵێ «**الهي أنت مقصودي ورضاك مطلوبي**» ، واتە خودایا مەبەستی من هەرتۆیەو ڕەزامەندیی تۆم پێویستە ، ئەمە بۆچی‌یە ؟ بۆ ئەوەتە هەر بیرو خەیاڵێکی چاك یان خراپ لەو چەن چرکەیەدا ڕوی کردبێتە دەرونی دوری خاتەوەو هۆش و بیری بگەڕێتەوە بۆلای خوای خۆی ، وە جگە خوا لە هیچی‌تر بیرنەکاتەوە .

٧ – نیگاه داشت :

واتە ڕاگرتن ، خۆیشیان ئەڵێن نیگای بدێرە . نیگاەداشت ئەوەتە لەکاتی ذیکرکردنا ئەوکەسە بکۆشێ هەرگیز خەتەرە ڕونەکاتە دەرونی ، ئەگەر هاتو خەتەرە ڕوی‌کردە دەرونی چ خەتەرەی باش چ هی خراپ ، ئەبێ ذیکرەکە ڕاگرێ ، تا خەتەرەکە لەدڵ دەرئەکات ، جا سەرلەنوێ دەست‌کاتەوە بەذیکر ، هەروەکو لە کتێبی «مَناهِجُ السَّير» دا ئەڵێ ، نیگاهداشت ، ئەوەتە ، ئەو بەرەکەت‌و دەست‌کەوتەی کە لەسایەی بەردەوامی‌ی ذیکرەوە دەست ئەکەوێ یان ئەو چۆنیەتی ئاگاداریی‌و حوزورەی بەهۆی ذیکرەوە دەست‌ئەدات بۆڕێبوار ، ڕای‌گرێ وەنەیێڵێ هیچ خەتەرەیی ڕوو بکاتە دڵی .

مەناهیج ئەل‌سەیر نوسینی (ابو الحسن زيد مجددی فاروقي) یە ، ساڵی ١٩٥٧ لەدهلی چاپ‌کراوە .

لە کتێبی ڕەشەحات عين الحياة داکەلەساڵی (١٩١٢) لەکانپوردا لەچاپ‌دراوە فخر الدين علی کاشفي لەزمانی سعد الدين کاشغەری‌یە وە ئەڵێ ، ڕێبوار هەرچەندە بۆی بکرێت ، سەعاتێ دوان سیان ، هەرچی بۆی‌کرا هۆش‌وبیری دەرونی خۆی بەجۆرێ ڕاگرێت جگە لەخودا هیچ بە دەرونیا تێ نەپەڕێ .

برێ لە گەورەپیاوانی تەریقەت ئەڵێن نیگاهداشت تەنها بۆکاتی ذیکری نەفی‌وئیسباتە ئەویش ئەوەتە مەعنای ذیکرەکە لەدڵا ڕاگرێت بۆئەوەی ئەو مەعنایە هەر بەردەوام لەدڵابێت کە بریتی‌یە لەوەی هیچ خودایێك نیە جگە الله ، وە ئەگەر نەتوانێ ئەم‌کارە بکات حوزوری دڵ بۆی دەست نادات .

بەکورتی‌ی هەموی ئەم کۆششە بۆ ئەو بەردەوام بونی حوزورەتە ، چونکە حوزوری دڵ وە پاراستنی دەرون لەهەمو خەتەرەو خەیاڵێك ئەوە خۆی گرنگ ترین

مەبەستێکە هەمیشە صۆفی‌یەکان گرتویانەتە پێش‌چاو وە پایەیێکە لە پایەکانی تەصەووف ، وە مەشایخان لەم بارەوە زۆر باسیان کردوەو زۆر رایان سپاردوە بۆ چاودێری لی‌کردنی .

ئەبێ ئەوەش بزانین ئەوە دەست نادات کە هەرگیز هیچ خەتەرەیێك بەدلا تێ‌پەر نەکات بەلام ئەم نیگاهداشتە ئەوەتە مرۆڤ هەولێ بدات خەتەرەو خەیالێ لەدلا سەقامگیر نەبی‌و نەمێنێتەوە وەکو پوش‌و پەلاشی سەری ئاوی تیژپەر وابێت نەوێسێتەوەو بروات ، لە کتێبی (الحدائق الوردیە) نوسینی عبد المجید الخانی لەزمانی علاء الدین العطارەوە ئەلێ ، ئەوەی نەیێلن هیچ خەتەرەو خەیالێك روو بکاتە دەرون زۆر سەختە وە ناکرێت ، بەلام ئەبێ بکۆشن دەوامی نەبێت ، ئەفەرمێ من بیست سالێ دلی خۆم پاراست لە خەتەرەو خەیالێ کەچی پاش بیست‌سالێ هەر خۆی گەیاندە دلم ، بەلام نەم‌هێشت سەقامگیر بێت .

٨ – یاد داشت :

یادداشت شوهود یان موشاهەدە وە (عین الیقین) یشی پێ ئەلێن ، شیخ محمد امین الکردي ئەلێ «الکنایةُ عَنْ حُضور القلبِ مع الله تعالی علی الدّوام فی کل حال من غیر تکلّفٍ ولا مجاهدةٍ وهذا الحضور فی الحقیقة لایتیسّرُ الاّ بَعْدَ طيّ مقامات الجذبةِ وقطْعِ منازلِ السّلوك .

لە شوێنێکی‌ترا لە کتێبی (تنویر القلوب) دا ئەلێ ، یادداشت لەپاشی فەناو لەپاشی بەقای حەوتەم‌دا جا دەستی رێبوار ئەکەوێ .

کەوابو یادداشت بەرهەمی رەنجی رێبوارە وەبریتی‌یە لەو حالەتی گەیشتن بە ئاواتی پاش رەنج‌و تێکۆشانە ، یادداشت ئەتوانێ بەرهەمی ذیکر ، یان موراقەبە ، یان یارمەتی‌ی مورشید بێت ، وە رێبوار پاش برینی هەمو کۆسپێ جا ئەیگاتێ .

عبیدالله ئەحرار ئەفەرمێ :

یادداشت بریتی‌یە لەوەی کەشوهودی حەق بەهۆی (حوببی ذاتی)،واتە خۆشەویستی‌یەوە،ئەو رێبوارە داپۆشێ، ئەتوانین بلێین بریتی‌یە لە (حوزوری بێ‌غەیب) واتە ئامادەبونێ کە ئیتر وون‌بون وە لاچونی نەبێت . هەروەها ، بۆ روون کردنەوەیێکی زۆرتر گوتراوە یادکرد بریتی‌یە لە بەردەوام بون لەسەری ذیکر ، وە بازگەشت ، ئەوەتە پاش هەر پشودانێ لەذیکر ئەوکەسە ئەگەرێتەوە بۆلای ئەوەی

کە لەدڵەوە بڵێت ، خودایا مەقصودی‌من هەرتۆی وەرەزامەندیی تۆ و نزیکی‌ی تۆیە مەبەستم ، وەنیگاهداشت بریتی‌یە لە پاراستنی ئەو گەڕانەوە بێ‌ئەوەی بەزمان هیچ بڵێت .

جا یادداشت بریتی‌یە لە بەردەوام کردنی ئەو نیگاهداشتە وە تێ‌کۆشان بۆ لەدەست‌نەدانی ئەو حوزورە .

ئیستە دێینە سەری باسی ئەو سێ ووشەیەی کە شاهی نەقشبەند خستونیەتە سەری ئەم نۆ ووشانەی کە باسمان کردن ، کە بریتین ، لە وقوفی زەمانی‌ی ، وقوفی عەدەدیی ، وقوفی قەلبیی ، ئەم یانزە وشەیە (لازم‌ومەلزوم)ی یەکن ، وەرێبوار بەچاودێری لێ‌کردنی هەمویان ئەر خوا بۆی بکات ئەگاتە سەری لوتکەی شاخی ئاوات .

٩ — وقوفی زەمانیی :

ئەم وقوفی زەمانی‌یە ئەتوانین بڵێین وەکو (موحاسەبە) ی دەرون وایە ، واتە رێبوار هەر ماوەی چەن‌ساتێ یان چەن کاتێ جارێ لە ذیکر رائەوەستێ وە لە دەرونی خۆی ورد ئەبێتەوە بزانێ ئەو ماوەیە بەچی تێ‌پەڕاندوە‌ئەگەر بە ئامادەبون حوروری هەقدا بوە وا سوپاسی خوا بکات وە ئەگەر بەغەفڵەت وە بێ‌هەواڵی تێپەڕیوە پەشیمانی‌ی پیشان بدات واتە (**ئیستیغفار**) وە داوای لێ‌بوردن وە بەخشین بکات لە خودا .

لە کتێبی ڕەشەحات‌دا لەزمانی بەهائوددین نەقشبەندەوە ئەڵێ وقوفی زەمانیی وەکو کاروبار بەڕێوەبەری رێبواری ئەم رێبازەتە ، بریتی‌یە لەوەی رێبوار هۆشی بەخۆیەوەبێت وە ئاگای لەحاڵی خۆی‌بێت بزانێ لە هەردەمێکا حاڵی‌خۆی چیەو چۆنە ئایا هی‌ئەوەتە شوکری خودا بکات یان هی‌ئەوەتە عوذر بێڕێتەوە هی هەرکام‌بو ئەوەیان بکات .

مەولانا یەعقوبی چەرخی‌ی کە یەکێکە لە موریدە پایە بەرزەکانی شاهی نەقشبەند ئەڵێ ، حەزرەتی خواجە واتە ، شاهی نەقشبەند خوای لێ‌ڕازی‌بێ ، هەرکاتێ رێبوار دوچاری دڵ‌گیران «**قەبض**» بوایە ئەی‌فەرمو ئەبێ (**ئیستیغفار**) بکات ئەگەریش دڵ‌کرانەوە «**بەسط**» رووی تێ‌کردایە ئەی‌فەرمو سوپاسی‌خوا بکە ، کە

چاودێری ئەم دووحاڵە «وقوف زەمانی» یە ، بەم فەرمودەیەدا وادەرئەکەوێ حاڵەتی **(قەبض)** لە غەفڵەتەوە ، وە حاڵەتی **(بەسط)** لە ئاگاداری‌یەوە سەرچاوە بگرن .

باسی قەبض‌و بەسط لەبەشی موصطەلەحات‌دا کراوە .

١٠ – وقوفی عەدەدیی :

بریتی‌یە لەوەی لەکاتی ذیکری نەفی‌و ئیسبات دا کە ئەبێ هەناسە پەنگ بدرێتەوە لەم کاتەدا ذیکرەکان بەتاك ئەنجام بدرێن واتە جارێ یان سێ ، یان پێنج ... هتد ، هی واهەیە ئەتوانێ تا بیست‌ویەك جار بە یەك هەناسە ذیکر ئەکات ، جا ، بەم چاودێری کردنی ژمارەی تاکە ئەڵێن وقوفی عەدەدیی ، واتە رێبوار **(واقیف)** بێت ، ئاگاداربێت ژمارەی ذیکرەکانی تاك بێت .

بێگومان ئەم ذیکرە بە زمان نیە بەڵکو بە دڵە ، واتە بە دەروونە ، ژمارە کردنە کەیش هەروا ، نابێ بە زمان بێت ئەبێ بەدەروون بێت .

ئەبێ ئەوەش بزانین بە ئەنجامدانی ئەم رەوشە بەرهەمی مەعنەویی زۆر دەستی رێبوار ئەکەوێ ، وە ئەم رەوش‌و دەرامەدی رەوشانە ؛ لە ماوەی صەدان ساڵ‌دا ئەوەندە تاقی کراونەتەوە بونەتە بەدیهی‌یاتی تەریقەت ، وەلای رێبواران ئاشکراو روونا کە .

«عبد الرحمن ، جامی‌ی» (٨١٧–٨٩٨) ك ، خاوەنی **«نَفَحاتُ الانُس»** ، لەریسالەی نوری‌یەدا کە دەست‌خەتەو نوسخەیێکی وا لە **«دار الکتب المصریة»** دا ، ئەڵێ وقوفی عەدەدیی ، بۆئەوەتە ئەو رێبوارە بزانێت کەی،واتە لە چ ژمارەیێکا ئەو ذیکرە بەرهەم ئەدات ، زووتر گوتمان ئەگەر گەیشتەبیست‌ویەك جار وە بەرهەمی مەعنەویی نەبو دیارە مەرجەکانی بەباشیی ئەنجام نەداوە ، جابۆئەوە چاودێری لە ژمارەکان ئەکات تا بزانێ ئایا بەرهەمی هەیە یام نا ئەگەر گەیشتە بیست‌ویەك‌و بەرهەمی نەبو بگەرێت وە کەموکوری کارەکەی بدۆزێتەوە ، شاهی نەقشبەند خۆی ئەفەرمێ ، ئەم لەپێش‌چاوگرتنی ژمارەیە بۆئەوەتە هۆش‌وبیری ئەوکەسە نەروات بەم‌لاو بەولادا .

عەلائوددینی عەتتار ئەڵێ کەڵك وەرگرتن لەذیکر بەوەنیە کە زۆربێت بەڵکو بەوەتە بەئاگاداریی وە چاودێری ئەنجام بدرێت ، ئەو ئاگاداریو چاودێری‌یەش ئەبێتە وقوفی زەمانیو عەدەدیی .

١١ - وقوفی قەلبیی :

شاه عبد اللەی دهلوی ، ئەڵێ وقوفی قەلبیی بریتی‌یە لە ئاگاداربونی ڕێبوار لەحاڵی دڵی خۆی واتە دڵی بخاتە ژێری چاودێری‌یەوە وە هەوڵ بدات بۆئەوەی بزانێت ئایا دڵی ذیکر ئەکات یامنا . لە هەمان کاتا ئەبێ تێکۆشێ شێوەیێك بۆدڵ دانەنێ ، واتە شکڵی دڵی گۆشتین لەپێش چاو لابەرێ ، هەروەها بۆ ناوی خودایش کە (الله) یە ، ئەو شێوەی نوسینە نەگرێتە پێش چاو بەڵکو مەبەستی ذاتی (الله) بێت ، کە خودای هەردو جیهانە .

کەواتە وقوفی قەلبیی ڕاوەستانە بەسەری دڵەوە وەکو (مەمور) وە پێ‌سپێرراو کە هەم ذیکر بکات وە هەم لەخودا غافڵ نەبێ ، وە هەم مەبەست لەشوێنی دڵ بێت نەك شێوەی ؛ وە مەبەست لە ذیکر مەذکور بێت نەك پیت وە ووشە ، لەگەڵی ئەوەشا ئاگاداریی دڵ بکات کەدڵ چاوەڕوانی نورو بەرەکەت بێت لای ژورەوە ، بێگومان خودای گەورە شوێنێکی دیاری‌کراوی بۆ نیە وە لە هەمو شوێنێکا هەیە ، بەڵام چونکە ، بە ئیعتیباراتی ئینسانی‌ی ، لای‌ژورو هی ڕێزگرتنە ، لەبەری ئەوە ، دڵی ڕوەو ئاسمان ، ڕوەو لای ژورو ، چاوەڕوانی نورو بەرەکەت بێت .

بەلای بهاء الدین محمد واتە شاهی نەقشبەندەوە ئەم وقوفی قەلبی‌یە لە وقوفی زەمانیو عەدەدیی گرنگ‌ترە ، چونکە ئەفەرمێ وقوفی عەدەدیی وەزەمانیی هەرچەندە پێ‌ویست وە بەکەڵکن وە بەهرە ئەدەن بەڵام ئەگەریش نەکران ، کار پەکی ناکەوێ بەڵام وقوفی قەلبیی زۆر پێویستە بەجۆرێك ئەگەر مرۆڤ لەکاتی ذیکرا ئاگای لەدڵی نەبو وە هەروا ذیکر هات بە دەمیا یان بەدەرونیا ئەوە ڕەنجی بەهەدەر ئەڕوات .

ڤ

«زەنجیرەی نەقشبەندی یەکان»

لەوەلاّمی پرسیاری دوهەمدا ئەڵێم هەروەکو شێخ محمد امین الکردی لەکتێبی **(المواهب)** دا ئەڵێ ، وەهەروەکو لە کتێبی **(قدسیە)**ی فەرمایشەکانی بەهائوددینی نەقشبەندا هاتوە .

تەریقەی نەقشبەندی دەست بەدەست ئەڕوا تا ئەگاتە سەری پێغەمبەر **(درودی خوای لەسەر)**. بۆ ئەم گەیشتنە سێ زەنجیرە هەیە ، زەنجیرەی یەکەمی هی **(ئالی‌بەیتە)** واتە نەتەوەکانی حەزرەتی عەلی ، بەوبۆنەوە بەناوبانگە بە **(سلسلة الذهب)** ؛ واتە زەنجیرەی زێڕین ، کە بەم جۆرەیە .

١ - حەزرەتی موحەممەد **(درودی خوای لەسەر)**
٢ - حەزرەتی عەلی
٣ - ئیمام حوسەین
٤ - ئیمام زەینول عابیدین
٥ - ئیمام باقر
٦ - ئیمام جەعفەری صادیق
٧ - ئیمام موسی کاظم
٨ - ئیمام رەضا

٩ – شێخ مەعروفی کەرخی
١٠ – سیرری سەقطی
١١ – جونەیدی بەغدادی
١٢ – شێخ ئەبوعەلی رودباری
١٣ – ئەبو عەلی کاتب
١٤ – ئەبو عوسمانی مەغریبی
١٥ – ئەبولقاسیمی گورگانی
١٦ – شێخ ئەبوعەلی فارمەدی .

لە شێخ ئەبوعەلی دا هەرسێ زەنجیرەکە یەك ئەگرنەوە چونکە لە هەردولاوە ئیجازەی ئیرشادی موطلەق وەرگرتوە ، وەزوتر لە شێخ مەعروف دا دوو زەنجیرە لە زەنجیرەکان بونەتەوە بەیەك .

زەنجیرەی دووهەم بریتی یە ، لە .

١ – حەزرەتی موحەممەد درودی خودای لەسەر .
٢ – حەزرەتی عەلی .
٣ – حسن البصري
٤ – داوود الطائي
٥ – معروف الكرخي

ئەوەتا سەیر ئەکەین شێخ مەعروفی کەرخی لەدوولاوە ئیجازەی دراوەتێ .

هەروەکو لەپاشان دەرئەکەوێ ئیمام جەعفەری صادیقیش لەدوولاوە ئیجازەی دراوە هەم لەلایێ باوای باوکی یەوە حەزرەتی عەلی ، وە هەم لەلایێ باوای دایکی یەوە حەزرەتی ئەبوبەکر .

ئەوەی شیاوی باسە کاتێ خۆی دۆستێ بەرێز زاناو شاعیرو خەت خۆش وە ئەدیب ، سەیید طاهیری هاشیمی بەو خەتە جوانەی خۆی هەمو زەنجیرەکانی

بەزیادیشەوە بەجوانیی بۆنوسیوم بەئومێدی خوا لەم کتێبەدا چاپی ئەکەم ، هەروەها ئەو زەنجیرەیەش کە لە کتێبەکەی قودسی‌یەدا چاپ‌کراوە ئەویش چاپ‌ئەکەین ؛ وەمن خۆیشم بەوجۆرەی،خەتم،لەزەمانی باوکما خوێنراوەتەوە ئەینوسم، خەتم بریتی‌یە لەو ذیکرەی ئێواران‌و بەیانیان پەیڕەوانی نەقشبەندي ئەنجامی ئەدەن ، لەپێشا یادێك لەمردن ئەکەن ، یادێك لە پیری ئەو سەردەمە ئەکەن ، صەلەوات ولاحول‌ولاقوةالاباللە ، وە یاباقی انت‌الباقی ، هەرکامەی بەرادەی دیاری‌کراو ئەخوێنن ، وە قورئانیش ئەخوێنن ، وە وێنەی ئەوانی ئەم قورئان‌و خەتمە ئەنێرن بۆ رۆحی مورشیدی خۆیان ، هەروەها بومورشیدی ئەو وەمورشیدی ئەو ، تا ئەگاتە سەری حەزرەتی موحەممەد ، (د) ئەمە لەکاتێکایە ، چرا کوژاوەتەوە خەڵکەکەش چاو ئەنوقێنن ، ئەوەش هەر بۆ تەرکیزە ؛ وەبۆ ئەوەی بیروهۆش بەملاو لادا نەڕوات ، ئەم خوێندنانە هەریەکەی ئەندازەی خۆی هەیە ، ئەمە زۆر بەکورتی‌ی ، تەنها بۆ ئەوەبو تێبگەن خەتم بەچی ئەڵێن .

زۆرجار مورشید خۆی لەوکۆڕەدا بەشداریی ئەکات ، وەزۆر وایش ئەبێ لەو کۆڕەدا ڕووی دڵی ئەکاتە یەك یان چەن کەسێ لەو خەڵکە وە بەهرەمەندیان ئەکات ، بەو ڕوی‌دڵ تێکردنە ئەڵێن ، تەوەججوە ، جاری وایش ئەبێ ، جگە خۆیشی چەن کەسێ لە خەلیفەکان هەڵ ئەسێنێ بۆ تەوەججوە ، بێگومان ئەوەی شێخ هەڵی ئەسێنێ نیشانەی ئەوەتە گەییوەتە پایەیێکی وا ئەم سپاردەیە پێ‌بسپێرن ، بەڵام ئەم کارە هێشتا سەرەتایێکی کەمی تەریقەتە .

مورشید ئەگەر مورشیدبو حازریش نەبێ هەرکەسە بەپێی ئامادەیی خۆی ، بەهرەی لێ وەرئەگرێت ، کاتی وا هەیە ئەوەی ئەو مورشیدە لە ساتێکا بۆ ڕێبوارێکی ئەکات ، خۆی بەدەساڵ تێکۆشان بۆی ناکرێت .

من تائیستە چەن جارێکی تریش عەرزم کردن من خۆم بەهیچ نازانم ئەمانەی کە نوسیومە هی برێ وردە شارەزایی یەو هی ئەو سەرچاوانەیە کەوان بەدەستمەوە .

لەگەڵی ئەوەشا سەرفرازم بەوەی باوکم حەزرەتی شێخ علاء الدین (**تەریقەتی تەلقین کردوم**) ، کەواتە هەرچەند نەمتوانی لەو سەرچاوەی فەیزە بەهرەمەندبم وە خوا نەیکردە نەصیب ، بەڵام ئەو دڵخۆشیەم هەیە هەروا کە ڕۆڵەیم هەروایش ڕۆڵەی

مەعنەویم وە خۆم بە یەکێ لە پەیڕەوانی ئەو ذاتە دائەنێم ؛ سا خوایش بە پەیڕەوی ئەوان کە پەیڕەوی‌یە لە ڕێگای ڕاستی موحەممەدی وەرم گرێت .

ئەمەش زەنجیرەی تەریقەتی نەقشبەندی لە مورشیدی خۆمەوە ، واتە لەباوکمەوە . وە ناوەکان لەسەری شێوەی خەتی عەرەبی ئەنوسم چونکە هەمویان عەرەبین .

١ – شێخ محمد علاء الدین ،
٢ – شێخ عمر ضیاء الدین
٣ – شێخ محمد بهاء الدین
٤ – شێخ عثمان سراج الدین
٥ – شێخ مولانا خالد نقشبندی
٦ – شاه عبد الله الدهلوی
٧ – شمس الدین حبیب الله جان جانان مظهر
٨ – سید نور محمد البدوانی
٩ – سید محمد سیف الدین
١٠ – شێخ محمد معصوم .
١١ – الامام الربانی شێخ احمد الفاروقی .
١٢ – شێخ محمد باقی .
١٣ – محمد خواجَگی اَمْکَنَی .
١٤ – درویش محمد
١٥ – شێخ محمد القاضی الزاهد .
١٦ – شێخ عُبَیْدُ الله الأحرار .
١٧ – شێخ یعقوب الچَرْخی
١٨ – شێخ علاء الدین العطار
١٩ – شێخ محمد بهاء الدین (نقشبند) .
٢٠ – شێخ سید کلال
٢١ – شێخ محمد بابا سماسی
٢٢ – شێخ علی الرامتینی

٢٣ – شيخ محمود انجير فغنوى
٢٤ – شيخ عارف ريوگرى
٢٥ – شيخ عبد الخالق غجدوانى
٢٦ – يوسف الهمدانى
٢٧ – ابو على الفارمدى
٢٨ – ابو الحسن الخرقانى
٢٩ – ابو يزيد البسطامى .
٣٠ – سيدنا جعفر الصادق .
٣١ – قاسم بن محمد بن ابى بكر الصديق
٣٢ – سلمان الفارسى
٣٣ – سيدنا ابو بكر الصديق
٣٤ – سيدنا وحبيبنا وشفيعنا محمد . (صلى الله عليه وسلم)

«درەختی زنجیرەی ڕێبازی نەقشبەندی»



بۆچی، وه لەکەیەوه،

ئەم ڕێبازه ناونراوه نەقشبەندی . ؟

هەروەهەکو لە چۆنیەتی زەنجیرەی گەورە پیاوەکاندا بۆمان دەرکەوت وەهەروەکو لەکاتی لێکۆڵینەوەی سەرچاوەی تەصەووفدا باسمانکرد ،... تەصەووف پەیڕەوی‌یێکی موبەمویە لە ئاینی ئیسلام وە لە گوفتارو کردارو دەستوری پێغەمبەری ئیسلام .

لەزەمانی پەیامبەر خۆیشیا کەسانێکی وا هەبون زیاتر لە هاوەڵە کانیان سەرگەرمی خواپەرستی بون بەڵام هەمویان بەهۆی هاورێ‌یی ئەو سەروەرەوە بەناوی ئەصحاب ، واتە ، هاوەڵ ناونران ، پاش ئەویش هەرچی وەزعی رێبەرانی ئیسلام رووی ئەکردە دنیاو تێکەڵبونی لەرادەبەدەری دنیاو هەوڵدان بۆ دەستکەوتی دنیایی ، برێ لە خواناسان و خواپەرستان زیاتر دورئەکەوتنەوە لەدنیا وە سەرزەنشی ئەوانەیان ئەکرد کە خدەیان داوەتە دەستکەوتە دنیایی‌یەکان .

ئەم چۆنیەتە لەزەمانی «**تابعین**» دا بو ، تابیعین چینی پاش ئەصحاب بون ، ناوی ئەصحاب وە تابیعین ئەوەندە پیرۆزبو ئەو خوا پەرست‌و کەنارە گیرانە هەر لەژێری ئەو ناوانەدا مانەوە ، بەڵام لە ناوەراستی صەدەی دوهەم بەملاوە وردە وردە کە ناوی تابیعین تیائەچو ناوی زاهید،یان عابید،وە ئەوجۆرە ناوانە بونە هی خواپەرستانی کەنارەگیر ، لەئاکامدا لەدوایی صەدەی دوهەمدا بو ، کە ناوی صوفی برا بەباڵای ئەو خوا پەرستانەدا کە ئەو زەرق‌و بەرقە نەی خەڵەتاندبون وە هەر لەسەری ئەوجۆرە خواپەرستی‌یە مانەوە کە گەورەپیاوانی ئەصحاب وە تابیعین لەسەری بون .

لەپاشی ئەم هەموە خوێندنەوەو لێکۆڵینەوە ئیستە هیچ گومانم نەماوە ، پۆشینی پۆشاکی بێ زەرق‌وبەرقی خوری گرنگ‌ترین هۆیە بۆ ئەوەی ئەم ناوەی بڕیبێ بەسەری ئەو خواپەرستە کەنارە گیرانەدا ، لەم ماوەیەدا باسێکم سەبارەت بە پەپولەی باڵسوتاوی مەحەبەت رابیعەی عەدەوی‌یە ئەخوێندەوە ئەڵێ لەکاتی سەرەمەرگا بە ژنێکی هاوەڵی خۆیی گوت ، کە مردم بەم‌شۆ وە بەم عەبا خوری‌یەی خۆم کە لەبەرمایە کەفنم‌بکە ، هەروەها لەکتێبی «**تذكرة الأوليا**» ی فەریدوددینی عەتتار دا (**٥١٣ - ٥٨٦**) ، لەباسی حەسەنی بەصری‌دا ئەڵێ لەکاتی وەعظ دا تا رابیعە نەهاتایێ دەستی نەئەکردە مەوعیظە وە ئەیگوت ئەم هەموە گەرمی‌و بەرەکەتی وەعظەم هی ئەو پیرەژنە خوری پۆشەیە .

مەبەستم ئەوەتە بڵێم تەنانەت ئەوژنەش کە صۆفی مەسلەك بوە لە گەرمای بەصرەدا پۆشاکی خوری لەبەر کردوە .

مەبەست لەم پێشەکی یەتاڕادەیێ دوبارەیە ، ئەوەتە بڵێم تائەوکاتە ناوی تەریقەت بەم جۆرەی ئیستە نەبوە وە هەر ناوی ئەصحاب وە تابعین بوە ، هەروەکو ناوی مەزهەبیش کە نەبوە لەپاشان هەم مەذهەب هەم تەریقەت بەناوی قارەمانە کانیانەوە ناونراون ، ئەگەر ئیمامی ئەبوحەنیفە وە ئیمامی شافیعی یێك نەبوایێ ناوی مەذهەبی حەنەفیو شافیعی نەئەبو وەئەگەر عبد القادری گەیلانیو بەهاءالدینی نەقشبەندێك نەبوایێ قادریو نەقشبەندییێك نەئەبو ..

نەقشبەندی یەکان ئەڵێن لە سەرەتادا ئەم ڕێبازی ئێمە پێ گوتراوە **«صیددیقی یە»** واتە تەریقەی حەزرەتی ئەبوبەکری صیددیق ، پاشان بوەتە طەیفورییە ، تەریقەی بایەزیدي بەسطامی ، کە ناوی ، طەیفور بوە .

لێرەدا ئەڵێم ئەمە،وا ناگەیێنێ کە ئەبوبەکرەیان عەلی خۆیان ناوێکیان دانابێت بۆ ڕێ ڕەوێکی تایبەت ، مەبەستێکی ئەوەتە مامۆستا بە ماموستا ، یان بڵێین مورشید بەمورشید دەست بەدەست ئەگاتەوە لای ئەبوبەکر ، یان عەلی،خوایان لێ ڕازی ، یان ئەوەتە ئەڵێن ئێمە پەیڕەوی ڕاهێنانیو کردارێکین کە ئەبوبەکر پاش فەوتی حەزرەتی موحەممەد ڕاهێنانی ئەوانی کردوە ، لەپێشا گوتمان پێغەمبەر فەرمویەتی ، خوای گەورە شتێکی نەڕشتوەتە سنگیمن کەمن نەی ڕێژمە سنگی ئەبوبەکر **«ماصَبَّ اللهُ في صدری شَيْئاً إلا وَصَبَّبْتُهُ في صَدْرِ أبي بكر»** ، دیارە ئەم ڕژاندنە ماددی نەبوە ، بەڵکو مەعنەویيات وە مەعریفەتو حیکمەتە ، ئەسرارێکە ببێتە هۆی خۆش بەختيی ، **«ئەمە لە بازاڕی تەصەووفدا پێی ئەڵێن ، ضیمنیيەت»** واتە مەقامەکە ، بە ڕیشەو بناغە هی یەکێکە ، بەڵام ئەوکەسە ئەتوانێ کەسێکی تر بخاتە سایەی خۆی ، وە لەونیعمەتە بەرخورداری کات ، وەکو لەباسی **(اندراج النهایه في البدایة)** وەباسی خەلیفەدا پەنجەمان بۆ ڕاکێشا .

یان کە ئەفەرمێ **«أنا مَدينةُ العلم وعليٌّ بابُها»** .

کەوابو چ تەریقەت وە چ مەذهەب هەرچەن بەناوی برێ گەورە پیاوەوە ناو ئەنرێن بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیێنێ ئەوانە خۆیان شتێکی تازەیان هاوردبێتە ناوی ئیسلامەوە ، بەڵام بریتی یە لەوەی ئەو دانشمەندە لەشەرعا یان ئەو خاوەن کەماڵە

لەوەرعا ڕەوشەکانیان نوسیوەتەوەو دایان ڕشتوەتە قاڵبێ کە خوازیار بتوانێ بەئاسانی ی کەڵکیان لێ وەرگرێت وە بەهەڵەدا نەچێت.

ئەڕۆینەوە سەری باسەکە، ئەڵێین مادام حەزرەتی ئەبوبەکر ئاوا لە فەیضی پەیامبەر بەرخوردار بوبێت، ئایا نابێ ئەویش پەیڕەویی لەوذاتە بکاتو ئەم خەیرو بەرەکەتو حیکمەتو مەعریفەتە بداتەوە دەستی ئەمینێك لە ئومەتی موحەممەد بۆئەوەی ببێتە هۆی خۆش بەختیو کامەرانی ی ئەوکەسانەی ئامادەن بۆ بەجی هێنانی مەرجەکانی لایق بون بۆ ئەو خەڵاتە ؟.

بەم جۆرە ئەبینین بڕێك لە ڕێگەی ئالی بەیتەوە، بڕێك لەڕیگەی حەزرەتی ئەبوبەکرەوە، بڕێکی وەکو ئیمام جەعفەری صادیق لەهەردوو ڕێگاکەوە لەو خەڵاتە پیرۆزە بەهرەمەند ئەبن وە ئەبنە هۆی هیدایەتی ملیۆنها کەس لەئومەتی موحەممەد، بەناوی پەیڕەوانی ڕێبازەکانی تەصەووف، ئیتر هەر تەریقەتێك بێت، مەبەست پەیڕەوی کردنە لە دەستوری قورئان وەگوفتارو کردارو دەستوری حەزرەتی موحەممەد، چ شافیعی چ حەنەفی چ نەقشبەندی چقادریی چ ریفاعی ی، مادام ئەوکەسە شوێن کەوتەی فەرمودەی پێغەمبەرو دەستوری قورئان بو، هەم خۆی خۆش بەختەو هەم ئەبێتە هۆی خێرو بەرەکەت بۆ موسوڵمانان، ئەگەریش ئەوکەسە خۆی چەوت ڕەوو لاڕیگر بو ئیتر نەگوناهی ئەبو حەنیفەیەو نەهی شافیعی، نەتاوانی بەهائەددینی نەقشبەندەو نە غەوثی گەیلانی ی.

کەواتە ئەوانەی لە کردارو گوفتاردا وە لە بەدەست هێنانی ئەنوارو ئەسراری مەعریفەت دا شوێنی حەزرەتی ئەبوبەکر کەوتبون، خۆیان ناونابو صیددیقی ی، یان ئەوانەی پاش خۆیان کە لە پەیڕەوانی ئەوان بون بەوانەی پێشی خۆیان گوتوە صیددیقی ی ئەمە تا بایەزیدی بەسطامی، لە بایەزیدبەمڵاوە بەم ڕێبازە گوتراوە تەریقەی طەیفوریی تائەگاتە سەری خواجە یوسفی هەمەدانی ی بەتایبەت خواجە عەبدولخالیق غەجدەوانی ی لەویش بەمڵاوە تا موحەممەد بەهائەددینی نەقشبەند پێی گوتراوە ڕێبازی خواجەگان، وە لەم ذاتە بەمڵاوە بەم ڕێبازە گوتراوە نەقشبەندیی، وە تائەمرۆ بەم ناوەوە ماوەتەوە.

سەبارەت بەوشەی خواجە، لەو سەردەمەدا لەمەڵبەندی بوخارادا چ لەفەرمان ڕەوایی تەیموری یەکان وەچ بەرلەوانیش، بە گەورەپیاوانی دین وتراوە خواجە، خواجە بەواتای سەروەر، سەیید، وە گەورە پیاوی دین هاتوە.

لەپاشی شاهی نەقشبەند برێ‌جار بەهۆی هەڵکەوتنی گەورە پیاوانێکی وەکو عوبیدالله ئەحرار یان ئیمامی ڕەببانی **«موجەددید»** ەوە ، یان مەولانا خالیدی نەقشبەندی ، تەریقەت بەناوی ئەوانیشەوە ناونراوە وە کو ئەحراری‌یە ، یان موجەددیدی ، یان خالیدی ، بەڵام سەیر ئەکەین گەورەیی‌و پایەبەرزیی شاهی نەقشبەند بەڕادەیێکە ناوی هیچ کەڵەمەردێ تەنانەت گەورەیێکی وەکو ئیمامی ڕەببانیش نەیتوانیوە ناوی ئەو بشارێتەوە ، تائیستەش ناوی ئەم ڕێبازە هەر بە نەقشبەندیی ماوەتەوە .

لەهەموی گرنگ‌تر ئەوەتە پاش شاهی نەقشبەند هیچ‌کام لەو گەورە پیاوانەش خۆیان ئەوەیان پیشان نەداوە کە مەقامیان لەمەقامی ئەو باڵاتر بێت ، هەروەکو لەڕێبازی قادری دا کەس خۆی بەهاو پایەو هاو مەقامی ئەوذاتە واتە شێخ عەبدولقادر دانەناوە . کەواتە ئیستە بەکورتە باسێکی ژیانی ئەم گەورە پیاوە دوایی بەباسی نەقشبەندی دێرین .



وێنەی شوێنی لەطائفەکان لەسینەی مرۆڤ‌دا



وێنه ی ئارامگه و مزگه وتی شاهی نه قشبه ند



وێنه ی ئارامگه و هه یوانی مزگه وتی به هائوددینی نه قشبه ند

«ژیانی

بەهائوددینی نەقشبەند»

خواجه بەهائوددین ، موحەممەدی کوڕی موحەممەدی کوڕی موحەممەد ، بەناوبانگ بە نەقشبەند ، یان ، شاهی نەقشبەند یان موحەممەدی بوخاری ، لەمانگی موحەڕرەمی ساڵی «٧١٧» ی کۆچی دا ، لەگوندی «**قەصری هیندوان**» دا کە لەپاشان ناونراوە بە «**قەصری عاریفان**» وە کەوتوەتە یەك تا دوو فرسەخی شاری بوخاراوە ، لەدایك بوە ، برێ لە سەرچاوەکان ئەڵێن سەییدەو حوسەینی یە ، باوا گەورەی ناوی «**محمد جلال الدین**» ە .

ئەم موحەممەد جەلالەدینە خۆی موریدی «**خواجه محمد بابا السماسی یە ، کە پیری تەریقەتی خواجەگانە . وەکو گوتمان بەرلە نەقشبەند بەم ڕێبازە گوتراوە ڕێبازی خواجەگان .**

خواجە موحەممەد بابا سەمماسی لە «٧٥٥» ك دا لە دنیا دەرچوە .

«**محمد بهاء الدین**» تەنها سێ ڕۆژ لە تەمەنی تێ پەڕیبو خواجەی سەمماسی کە مورشیدی باوای بەهائوددین بو ، بەخۆیو موریدو مەنسوبێکی زۆرەوە ڕێی کەوتە قەصری هیندوان واتە گوندەکەی موحەممەد بەهائوددین ، باوای بەهائوددین نەوەکەی گرتە باوەش وە بردی بۆ خزمەتی خواجەی سەمماسی ئەویش زۆری پێ خۆش ئەبێت وەئەڵێ من ئەم کۆرپەیەم بە ڕۆڵەی خۆم قوبوڵ کرد ، وە موژدە ئەدات بەموریدە کانی کەئەم منداڵە ئەبێتە پێشەوای ڕۆژگاری خۆی .

باوای بەهائوددین زۆر هەوڵی دا بۆ پەروەردە کردنو پێ گەیاندنی ، لەتەمەنی هەژدە ساڵیدابو ژنی بۆهێنا وەهەر لەم کاتەدابو کە هێشتا خواجەی سەمماسی مابو ڕۆیشتە خزمەتی وە بویە موریدی وە ماوەیێك سەرگەرمی سلوکی تەریقەت بو ، پاش ئەوەی سەمماسی لەساڵی «٧٥٥» ك ، دا فەوتی کرد ، باوای موحەممەد بەهائوددین موحەممەدی بردو پێکەوە ڕۆیشتن بۆ «**سەمەرقەند**» ، بەشوێنی مورشیدێکی باشا ئەگەڕان کە بتوانێ بەهائوددین پەروەردە بکات ، لەوێ ڕۆیشتنە خزمەتی «**ئەمیرکولال**» کە جێ نشینی سەمماسی بو ، بەهائوددین دەستی ئیرادەتی دایە خزمەتی ئەمیرکولال وەبویە موریدی وەدەستی کردە سلوك وە تێکۆشان ، ئەمیرکولال فەرموی کاتی خۆی خواجە سەمماسی ی ئەمانەتی تۆی داوەتە دەستی من وە فەرمویەتی موحەممەد کوڕی منە هیچ دریغ مەکە لە پەروەردە کردنیا . بەهائوددین دەستی کردە ذیکرو فیکرو بڕینی ڕێبازی تەصەووف وەپەروەردەکردنی دەروون وە تەزکی یەی

نەفس. «**ئیستیعداد**» ی لەرادە بەدەربو ڕێگای مانگێ بەڕۆژی وەساڵی بەچەن ڕۆژ ئەبڕی، تا وای لێهات ڕۆژ ێ لەڕۆژان «**سیدأمیرکلال**» ، هەموی موریدەکانی کۆکردەوە وە لەپێشی چاوی هەمواندا بە بەهائوددینی فەرمو، وامن وەسیەتی مورشیدی خۆم خواجەی سەمماسی سەبارەت بە پەروەردە کردنی تۆ ئەنجامدا وە لە پەروەردە کردنی تۆدا دریغم نەکرد، پاشان دەستی ڕاکێشا بۆسەری سینەی خۆی فەرموی ئەوەی لەسنگمابو هەموم دادۆشی بۆت، وە ئیتر مەمکم وشکی کردوە، من توانیم باڵندەی ڕەوانی تۆ لەناوی توێکڵی (**بەشەریەت**)بێرمە دەر وە لەچنگی نەفس و شەیتان رزگارت کەم وە ببیتە گەورە پیاوێ بۆخۆت وە تۆم کردە جێنشینی خۆم، بەلآم باڵندەی هیمەتی تۆ، بولەند پەروازە، وەمنیش ئەمە ئەوپەری توانایم بو لە پەروەردە کردنتا، لەمەولا ئیجازەت ئەدەم خۆیشت بڕۆ بەڵکو پیاوی خودای بە دەسەلآتتر پەیداکەیت وەئەوان بتوانن لەمەیش زیاتر سەرتخەن.

لێرەدا ئەیخەمەوە یاد، من لەشوێنێکی ئەم کتێبەدا گوتم، ئەگرێ برێکەس لە مورشیدی خۆیشیان زیاتر سەرکەون وەکو شاهی نەقشبەندو مورشیدەکەی، واتە سەیید ئەمیرکولال جا ئەمەبو کەئیستە باسمکرد. بەهائوددین پاش ئەوەی لەخذمەتی ئەمیرکولال ڕۆیشت حەوت ساڵی تریش لای مەولانا عاریفی دیگ گەرانیش دا کە ئەویش هەر ئەمیرکولال ئیجازەی ئیرشادی دابو، واتە هاو موریدی شاهی نەقشبەند بو مایەوە وەسەرگەرمی خودا پەرستی بو، پاشان، ماوەی دوانزە ساڵیش لای شێخێکی تورك کە ناوی «**خەلیل ئاتا**» بوە سەرگەرمی خوا پەرستیو سولوك بوە.

خواجە بەهائوددین هەر بەدەمی بەڕێوە بردنی یاسای تەریقەتەوە زۆر جار ئەڕۆیشتە خذمەتی عولەمای شەرع ئەیخوێند بەتایبەت حەدیث وە ڕەوشی ئەصحاب.

بەهائوددینی نەقشبەند دوو جاریش چوە بۆ حەج، لەیەکێ لەم سەفەرانەدا کە لای داوەتە (**هەرات**) (**مەلیك** (**معز الدین**) ئەمیری ئالی کەرت، زۆر ڕێزی لێگرتوە، هەروەها زۆرجار سەفەری کردوەو تێکۆشاوە دنیای دەوروبەری خۆی ببینیو بناسێ، چوەتە سەمەرقەند، ریوەرتون، سەمنان، مەرو، طوس، مەشهەد، تایباد، وە قزلرباطی کیش.

حەزرەتی خواجە بەهائوددینی نەقشبەند سەرەنجام لەتەمەنی حەفتاوسێ ساڵیدا شەوی دووشەممەی سێی رەبیع ئەل ئەووەل ساڵی (**٧٩١**) کۆچی‌ی ئەم جیهانەی بەجێ هێشت وە لە گوندەکەی خۆیا واتە (**قەصری عاریفان**) ئەسپەردەی خاك کرا، مەرقەدو ئارامگەکەی ئیستەش هەر زیارەت ئەکرێت.

بەهائوددینی نەقشبەند کاتێ لەدنیا دەرچو دەیان هەزار موریدی پەروەردە کردبو کە لەناوی ئەواندا زۆریانی گەیاندبوە پایەی ئیرشادی موطلەق، وە لە چەندین پایەی بەقای پاش فەنا تێی پەڕاندبون، وە جێ نشینانو خەلیفەکانی ئەوانیش هەر لە بەرەکەتی ئەو ذاتەوە صەدان وە هەزاران کەسیان بە بەهرە گەیاندوە یەکێ لە جێ‌نشینە زۆر بەناوبانگەکانی خواجە موحەممەدی پارسایە کە لەساڵی (**٧٤٩**)ك دا لە بوخارادا هاتوەتە دنیاوە ولەساڵی (**٨٦٥**) ك دا لە شاری بەڵخ دا لەدنیا دەرچوە بیست تەئلیفی لێ بەجێ‌ماوە، یەکێکیان کتێبی قودسیەیە کە فەرمودەکانی بەهائوددینی مورشیدیەتی وە نوسیونیەتەوە کورێکی لەشوێن جێ‌ما بەناوی ئەبونەصر پارسا کە ئەویش لەگەورە پیاوانی تەریقەی نەقشبەندی‌یە، یەکێکی تر لە جێ‌نشینە هەرە بەناو بانگەکانی بەهائوددینی نەقشبەند کە زنجیرەی ئێمە ئەڕواتەوە سەری ئەو، (**شێخ محمد کوڕی محمد، بەناوبانگ بە عەلائوددینی عەتتار**) ە کە ئەویش صەدان گەورەپیاوی گەیاندوەتە لوتکەی مراز وەناوی دەیان خەلیفەی پێ‌گەیشتوی لەکتێبەکانی نەقشبەندی دا هەیە لە «**حەدائق الوردیە**» دا جگە ئەوەی سەر گوزەشتی دەیان لە جێ‌نشینانی عەلائوددینی نوسیوە ئەڵی (**ولەخلفاء کنجوم السماء**)، ئەڕۆینەوە سەری باسەکەمان.

سەبارەت بە ئارامگەی شاهی نەقشبەند لەکتێبی قودسی‌یەدا، گوتمان نوسینی خواجە موحەممەدی پارسا یەکێ لە جێ نشینەکانی بەهائوددینی نەقشبەندە وەدەساڵێك لەمەوبەر بە شێوەیێکی زۆر زانایانەو ڕیکوپێك «**ئەحمەد طاهیر عیراق**» ناویك لە چاپی داوە، پاش توێژینەوەو پێشەکی نوسینو دەست نیشان‌کردنی صەدان سەرچاوەی دەست‌خەتو بەکەڵك لە کتێب خانە کانی جیهان‌دا، وە ڕازاندنەوەی کتێبەکە بە چەند وێنەیێکی مێژویی وە کو وێنەی ئارامگەی شاهی نەقشبەند، ئەڵێ ئەلوفسین ناوێك، (O. Olufsen.) کە ڕۆژ هەلاٚت ناسێکی دانیمارکی‌یە وە لە ساڵەکانی «**١٨٩٦ - ١٨٩٩**» دا لە بوخارادا بوە، نوسیویەتی